تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز

بەرگی سێزدەیەم

تەفسیری سوورەتی النّحل

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵتانین
Stay in touch on social media
نحن معكم عبر مواقع التواصل الاجتماعي
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
AliBapir/عەلی باپیر
archive.org/details/@alibapir
AliBapir/عەلی باپیر
AliBapir
Google Play
App Store
www.alibapir.net
عربي - کوردی - English
کەناڵی
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر

عەلی باپیر

www.alibapir.net

تەفسیری سوورەتی

النَّحلِ

www.alibapir.net

تەفسیری سوورەتی

النَّحل

نووسینی: عەلی باپیر

دیزاینی ناوەوە : زەردەشت کاوانی

چاپی یەکەم ١٤٤١ز - ٢٠٢٠ك

٥٦٧ لاپەڕە

١٧* ٢٤ سم

بابەت : ئایینی (تەفسیر)

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی (٧) ی ساڵی ٢٠١٢ پێدراوە

www.alibapir.net

تەفسیری سوورەتی

النحل

نووسینی: عەلی باپیر

www.alibapir.net

بسم الله الرحمن الرحيم

www.alibapir.net

پێشەکی ئەم تەفسیرە بەگشتی

إنَّ الحَمْدَ للَّـهِ نَحْمَـدُهُ وَنَسْـتَعِينُهُ، وَنَسْـتَغْفِرُهُ، وَنَعُـوذُ باللَّـهِ مِـنْ شرُورِ أَنْفُسِـنَا، وَمِـنْ سَـيئَاتِ أَعْمَالِنَـا، مَـنْ يَهْده اللَّـهُ فَلاَ مُضِـلَّ لَـهُ، وَمَـنْ يُضلِلْ فَلاَ هَـادِيَ لَـهُ، وَأَشْـهَدُ أَن لاَ إِلَـهَ إلاّ اللَّـهُ وَحْـدَهُ لاَ شَرِيـكَ لَـهُ، وَأَشْـهَدُ أَنَّ مُحَمَّـداً عَبْـدُهُ وَرَسُـولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢ ﴾ آل عمران.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١ ﴾ النساء.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١ ﴾ الأحزاب .

أَمَّـا بَعْـدُ: فـإنَّ أَصْـدَقَ الحَديـث كَلامُ اللَّـه، وَخَـيْرَ الْهَـدِي هـدْيُ مُحَمَّـد ﷺ وَشرَّ الأُمُـورِ مُحْدَثاتُهـا، وَكُلَّ مُحْدَثَـةٍ بِدْعَـة، وَكُـلَّ بِدْعَةٍ ضَـلاَلَةٌ، وَكُلَّ ضَـلاَلَةٍ فِي النَّـار[1].

خوێنـەرە بەڕێـزو خۆشـەویستەکان!

هیـچ گومـانی تێدانیــە - بـۆ مرۆڤـی بـڕوادار - کـە ئـەو تەمەنـەی لە خزمـەت دواییـن کتێبی خـوا (قورئـان)دا بەسـەردەبرێ، جـا بـە هــەر شـێوەیەك لـە شـێوەکانی لـە خزمەتدابوونـدا بـێ؛ خوێندنـەوە، تێفکریـن و ڕامـان، فێرکـردن، کارپێکـردن ... هتـد، بـە باشتـریـن جێگرتـن جێـگا دەگـرێ و، خاوەنەکـەی لـە دنیـاو دواڕۆژدا لێـی بەهرەمەنـدە.

منیـش کـە - وەك باسـکردنی چاکـەی خـوا (**التحدّث بنعمـة اللّـه**) دەیخـەمەڕوو- لـەوەتی فامـم کردۆتـەوە، خـوای بەبەزەیـی و بەخشـەر چاکـەی لەگـەڵ کـردووم و، بـە فەرمایشـتی بـەرزو بـێ وێنـەی خۆیـەوە سـەرگەرمی کـردووم و، بـەر لـە تەمـەنی بیسـت ساڵیی یـەوە

((١) ئەوە پێی دەگـوترێ: (خطبة الحاجة) کە پێغـەمبـەر ﷺ هـاوەڵانی بەڕێزی فێـردەکرد، پێـش هــەر قسـەیەکی گرنـگ، بیڵـێن، وەك وتـاری جومعــەو داخـوازییکردن (خِطْبة)و... هتـدو، ئـەم وتـارە، هەرکام لـە: التـرمذي: (١١٠٥)، النسـائي: (١١٠٤)، ابـن ماجـه: (١٨٩٢) أحمد: (٣٧٢٠)، طبـراني: (٢٤١٤) هێنـاویانەو (مسلم)یش بەشـێکی هێنـاوە.

www.alibapir.net

هیدایەتی داوم، کە قورئانی بەرێزو پیرۆز لەبەر بکەم و، سەرقاڵی خوێندنەوەی تەفسیرەکانی قورئان و تێوەڕامانی ئایەتە پڕ بەرەکەتەکانی و، لێوردبوونەوەیان بم.

هەر بۆیەش تێکڕای کتێب و نامیلکەو وتارو دەرسەکانم، کەم و زۆر لەبەر ڕۆشنایی قورئان دابوون، کە دیارە هەر ئەمەش شتێکی سروشتییە؛ ئاخر ئایا ئیسلام بێجگە لە قورئان پاشان سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، کە ئەویش هەر ڕوونکردنەوەی قورئان و چۆنیەتی جێبەجێکردن و کارپێکردنیەتی، شتێکی دیکەیە؟! بێگومان نەخێر.

ئنجا لەمێژ ساڵیش بوو، کە براو خوشکانێکی دڵسۆزی نزیك و ئاشنام، داوایان لێدەکردم کە دەست بکەم بە دانانی تەفسیرو لێکدانەوەیەکی قورئان، هەتا لە ڕەمەزانی ساڵی (١٤٢٨)دا هاتە دڵمەوە، کە ناوی خوای لێبهێنم و دەست بەو کارە گەورەو گرنگە بکەم، بەڵکو وردە وردە بەپێی بوارو دەرفەت، هەرساڵە هەندێکی لێ ئەنجام بدەم، لەگەڵ سەرقاڵیی زۆرو جۆراو جۆریشدا، هەتا دەرفەتێکی وام بۆ دەڕەخسێ کە بتوانم خێرایی تێدا بکەم و خۆمی بۆ یەکلایی **(متفرّغ)** بکەمەوەو، خوا پشتیوان بێ تەواوی بکەم، ئەگەر تەمەن بەبەریەوە مابێ.

سەرچاوەی دانانی ئەم تەفسیرو لێکدانەوەیەشم، وێڕای سەرنجدانی زۆربەی ئەو تەفسیرانەی کە باون و، دەستم پێیان گەیشتوە، بریتیە لە وردبوونەوەو تێوەڕامانی خۆم لە خودی قورئان، چونکە بێگومان قورئان: هەندێکی هەندێکی ڕوون دەکاتەوە: **(القرآن يُفَسِّر بَعضُهُ بَعْضاً)**، پاشان سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، چونکە پێغەمبەری خواش ڕوونکەرەوە **(مُبَيِّن)**ی قورئانە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی:

﴿...وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ٤٤﴾ النحل.

واتە: زیکرمان بۆ لای تۆ ناردۆتە خوار، تاکو ئەوەی بۆ خەڵکی نێرراوەتە خوار، بۆیان ڕوون بکەیەوەو بەڵکو خۆشیان بیربکەنەوە.

ئومێدیشم وایە - بە یارمەتی خوای بەخشەر ﷻ - شایستەیی ئەوەم هەبێ تەفسیرو لێکدانەوەیەکی وا بۆ قورئان پێشکەش بە مسوڵمانانی کوردستان بکەم، کە لە قورئان بوەشێتەوەو، مایەی بەهرەو سوودی خوێنەران بێ، بەتایبەتیش کە زیاتر لە سی[1] (٣٠) ساڵە لەگەڵ قورئانی بەرزو مەزن و تەفسیرەکانی و کتێبەکانی سوننەتدا خەریکم و، دەیان کتێب و بەرهەمی جۆراوجۆرم لە زۆربەی بوارەکانی زانستەکانی شەریعەتدا پێشکەش کردوون.

---

(١) ئەوە لەکاتی دەستپێکردنی ئەم تەفسیرەدا، لە ساڵی (٢٠١٠ز) دا.

www.alibapir.net

شایانی باسیشە کە ئەو بیست و دوو مانگ زیندانیی کرانەم لەلایەن ئەمریکاوە - لە (٢٠٠٣/٧/١٠ تاکو: ٢٠٠٥/٤/٢٨) - دەرفەتێکی گەورەو گرنگ بوو، بۆ زیاتر پێدا قووڵبوونەوەی کتێبی خوا (تبارك و تعالى)، وە بۆ پەیدابوونی تێگەیشتنی تایبەت لەبارەی زۆرێك لە ئایەتەکانی یەوە، ئەم ڕاستییەش لە مەوسووعەی : (**الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله تعالى**)دا زۆر چاك دەرەوشاوەتەوە[١]، بەڵام هەڵبەتە ناڵێم و هیچکەسیش بۆی نیە بڵێ: کە ئەم تەفسیرەی من تێروتەواوە، چونکە وێڕای سنووردار بوونی توانا و بڕستم، لە بەرانبەر کتێبی لە هەموو ڕوویێکەوە ڕەها (مطلق)و بێسنوور (لا محدود)ی خوادا، نەشمویستوە کە زۆر بەملاولادا بچم و بچمە نێو هەندێك وردەکارییەوە، کە یان من تێیدا پسپۆڕو شارەزا نیم، یان خوێنەر پێویستی پێی نیە، لە کاتێکدا دەیەوێ لە قورئان تێبگات و، بزانێ خوا (تبارك وتعالى) ڕاستەوخۆ چی پێ فەرمووە؟!

ئنجا هەر لێرەشەوە بە پێویستی دەزانم پڕ بە دڵ سوپاسی ئەو برا گەنجە ڕووح سووك و گورج و گۆڵ و دڵسۆزە بکەم (حەزی نەکرد ناوی بهێنم)، کە هەڵسا بە نووسینەوەو هێنانە سەر کاغەزو، پاشان تایپکردن و دوایی پێداچوونەوەو هەڵەگیریی، سەرجەم ئەم زنجیرە دەرسە، کە لە ئەسڵدا لە شێوەی وتار (محاضرة)دا پێشکەش کراون، هەروەها هەڵسا بە (تخريج)ی سەرجەم دەقەکانی سوننەت، لە سەرچاوە متمانە پێکراوەکانەوەو، زەحمەت و ماندووبوونێکی زۆری بە سەرجەم بەرگەکانی ئەم تەفسیرە کێشاوە، خوا بە باشترین شێوە پاداشتی بداتەوەو، هەر صاڵح و ساغ و سەلامەت و سەربەرزبێ[٢] لە خوای بەرزو بێهاوتاش داواکارم ئەو جۆرە گەنج و لاوانە لە کوڕان و کچان، لەنێو گەلەکەماندا، زۆر بکات.

---

[١] ئەو مەوسووعەیە کە ئێستا چاپ کراوەو، کەوتۆتە بەردەستی خوێنەران و، سەرجەم هەشت بەرگ و دەوری سێ هەزارو پێنج سەد (٣٥٠٠) لاپەڕەیەو، هەوڵمداوە بەگشتی تێیدا باسی سەرجەم لایەنەکانی ئیسلام بکەم و، تاکە سەرچاوەشم قورئان بووە، وێڕای دەقەکانی سوننەت، کە لە هۆش (ذاكرة)دا بوون.

شایانی باسە ئەو مەوسووعەیە لە چاپی دووەمی دا، کراوە بە دوازدە (١٢) کتێبی سەربەخۆ، بە مەبەستی ئاسانتر سوود لێ بینرانی .

[٢] ئەو برا دڵسۆزە ئێستاش شێلگیرانە لەسەر کارەکەی خۆی بەردەوامە و، عەزمیشی جەزم کردوە، کە ئەگەر تەمەنمان بەردەوام بێ، هەتا کۆتایی ئەم تەفسیرە سەرگەرمی کارەکەی بێ .

www.alibapir.net

شایانی باسیشە کە ئێمە لەم تەفسیرەماندا باسی بەش (جزء)ەکانی قورئان و دابەشکردنەکانی دیکەی وەك: - (حزب) - ناکەین، چونکە هەر سوورەتێك بۆخۆی شتێکی سەربەخۆیەو، سەرجەم ئایەتەکانی وەك ئاڵقەکانی زنجیرێك پێکەوە پەیوەستن و، ئاشکراشە کە دابەشکرانی سەرجەم قورئان بۆ سی (٣٠) بەش (جزء) و شەست (٦٠) (حزب)، شتێکە لەلایەن زانایانەوە کراوە، بۆ ئاسانکاریی خوێندنی قورئان، دیارە ئێمە لە دابەشکردنی بەرگەکانی ئەم تەفسیرەشدا، دیسان حیساب بۆ بەشەکان (أجزاء)ی ناکەین و، بە گوێرەی سوورەتەکان، بەرگەکانی دیاریی دەکەین.

دوا قسەشم ئەوەیە کە:

ئەم تەفسیرە - وەك پێشتر گوتمان - لە ئەسڵدا بەشێوەی دەرس و وتار پێشکەش کراوە، بەڵام دواتر خۆم دووجار بە وردیی پێیدا چوومەوەو، بەپێی پێویست دەستکاریم کردوە، دیارە هەموو دەرسێکیش بەناوی خواو ستایشی خوا ﷻ دەستی پێکردوە، بەڵام ئێمە لە سەرەتای دەرسەکانەوە، ئەوانەمان لابردوە، بۆ زۆر دووبارە نەبوونەوەو، ئەو (خطبة الحاجة)یەی لە سەرەتای ئەم پێشەکییەوە هاتوە، لەجیاتی سەرەتای سەرجەم دەرسەکانە.

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ،

وَسَلامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ .

دووشەممە ٢٥ رجب ١٤٣٢

٢٠١١/٦/٢٧

هەولێر

www.alibapir.net

بەرچاو ڕوونییەكی گرنگ لەبارەی ئەم تەفسیرەوە

خوێنەری بەڕێز !

هەرچەندە لە (پێشەكی گشتیی) ئەم تەفسیرەدا باسمان كردوە كە بۆ نووسینی ئەم تەفسیرە لە هەموو ئەو تەفسیرە باوانەی دەستم پێیان گەیشتوە، بەهرەمەندبووم، هەروەها لە كۆتایی هەر بەرگێكی ئەم تەفسیرەدا، سەرجەم ئەو تەفسیرانەی كەم و زۆر لێیان سوودمەند بووم، ناوەكانیانمان بە ڕیز نووسیوە، بەڵام لێرەش وەك جەختكردنەوەی زیاترو بەرچاوڕوونیی باشتر بۆ ئێوەی بەڕێز دەڵێم :

مادام ناوی تەفسیرەكانمان نووسیوە، نە پێویست دەكات و نەدەشگونجێ، بۆ هەر تێگەیشتن و بیرۆكەیەك، كە زۆربەی تەفسیرەكان لەبارەی ئایەتێكەوە، یان ڕستەو بڕگەیەكی ئایەتێكەوە، دەیهێنین، ئێمە هەموو جارێ ناوی ئەو تەفسیرانە بێنین، بەڵام بێگومان هەر كات بیرۆكەو تێگەیشتنێكی تایبەتی یەكێك لە تەفسیرەكان هەبێ و بكەوێتە بەرچاوم، ئنجا چ پەسندی بكەم، چ ڕەفزی بكەم، هەر كات بە پێویستی بزانم، بە تایبەت ئاماژەی پێدەكەم، ئەگەرنا بە ئاماژەی گشتیی و بە نووسینی ناوی تەفسیرەكان لە كۆتایی هەر بەرگێك دا، ئیكتیفا دەكەم و، زۆریش لە ئەمانەتی زانستیی (الأمانة العلمیة) دەخەفتێم و مەبەستمە ڕەچاوی بكەم، چونكە ئەمینیی و ئەمانەت پارێزیی، ڕەوشتێكی گەورەو بەرزی مسوڵمانەتییە .

شایانی باسیشە جاری وا هەیە بیرۆكەو تێگەیشتنێكی تایبەتیی خۆمم دەربارەی كۆمەڵە ئایەتێك یان ئایەتێك یان ڕستەو بڕگەیەكی ئایەتێك، بۆ دروست دەبێ، وەك تێگەیشتن و بۆچوونی خۆم دەینووسم، كەچی ڕەنگە لە تەفسیرەكانی دیكەش - یەكێكیان یان زیاتر - دا هەبێ، ئەویش بەهۆی ئەوەوەیە كە من ئەو تەفسیرەم نەكەوتۆتە بەر دیدە، یان دیتوومەو لەیادم نەماوە.

پێویستە ئەوەش بگوترێ كە بۆ شیكردنەوەی وشەكان، بە پلەی یەكەم پشتم بە كتێبە ناودارەكەی (راغب الأصفهاني) (مفردات ألفاظ القرآن) بەستوە، بەڵام هەندێك

www.alibapir.net

جاریش دەگەڕێمەوە بۆ هەندێك سەرچاوەی دیكە بەتایبەت: (مختار الصِّحاح)ی (الرازي) و (المعجم الوسيط) و (صفوة البيان لمعاني القرآن)ی (حسنين محمد مخلوف).

پێشەكی ئەم بەرگە

الحمدلله الكبير المتعال، والصلاة والسلام و البركات على محمَّد الّذي أنعم اللّه عليه بعد النبوّة والرِّسالة، ببلوغ الكمال في كل الأخلاق والخصال، وآله الكرام من الصحب والأزواج والقرابة والتابعين لهم بصدق إلى يوم المآل.

خوێنەری بەڕێز و خۆشەویستم !

ستایشی شایستە و سوپاسگوزاریی تێرو تەواو بۆ خوای بەرزی مەزن كە بە لوتف و بەزەیی بێسنووری خۆی یارمەتیی داین، ئەم بەرگی سێزدەیەم (١٣)ەش بە چاپ بگەیەنین، هەڵبەتە لە ئەنجامی هاوكاریی و دەستبارگرتنێكی خۆبەخشانە و دڵسۆزانەی برایانێكی لێبڕاوو ماندوونەناسدا، خوای بەخشەر بە باشترین شێوە پاداشتیان بداتەوەو پێزی زیاتر بخاتە كارو تەمەنیانەوە.

ئەم بەرگی سێزدەیەمەش تەرخان كراوە بۆ سوورەتی (**النحل**) و لێكۆڵینەوەیەكی وردو پشوو درێژانەمان لەبارەی ئەم سوورەتە موبارەكەوە كردوە، كە خوای بە بەزەیی بەخشندە ژمارەیەكی زۆری چاكەو نیعمەتەكانی خۆی - زۆرتر لە هەر سوورەتێكی دیكەی قورئان - تێدا خستوونەڕوو، شایانی باسیشە ئەم بەرگە وێڕای تەفسیرو ڕونكردنەوەی چەمك و واتای ئایەتەكان، شازدە (١٦) كورتە باسی جۆراو جۆریشی گرتوونە خۆی، بەم ناوونیشانانەی خوارێ:

یەكەم: كورتە باسێك لەبارەی حوكمی خواردنی گۆشتی وڵاخە بهەرزە و ئێستر و كەر.

دووەم: كورتە باسێك: مەبەست لە (خوا شتی وا دروست دەكات كە نایزانن) چییە؟

سێیەم: كورتە باسێك لەبارەی زەیتونەوە.

چوارەم: كورتە باسێك حوكمی گۆشتی دەریاوە.

پێنجەم: كورتە باسێك: لەبارەی شیرو ماستەوە.

www.alibapir.net

شەشەم: كورتە باسێك لەبارەی خورماوە.

حەفتەم: كورتە باسێك لەبارەی درەختی مێوو ترێ وە.

هەشتەم: كورتە باسێك لەبارەی هەنگ و هەنگوینەوە.

نۆیەم: كورتە باسێك لەبارەی چۆنیەتی پەیدابوونی زانستەوە.

دەیەم: كورتە باسێك لەبارەی باڵندان (طیر)ەوە.

یازدەم: كورتە باسێك: چوار سەرنج لەبارەی ئەم ئایەتەوە: (النحل:٩٠).

دوازدەم: كورتە باسێك لەبارەی گرنگیی وەفاداریی.

سێزدەم: كورتە باسێك لەبارەی (إستعاذة)ەوە.

چواردەم: كورتە باسێك: پێنج سەرنج بۆ ڕوونكردنەوەی ئەوە، كە ئایەتی (١٠١) مەبەست پێی نەسخ نیە.

پازدەم: كورتە باسێك لەبارەی حوكمی زۆر لێكرانەوە لەسەر كوفر و تاوان.

شازدەم: كورتە باسێك لەبارەی بنەما گرنگەكانی بانگەواز (الأصول المهمة للدعوة)ەوە.

هیواداریشم ئەم بەرگی سێزدەیەمەش، وەك بەرگەكانی دیكەی ئەم تەفسیرە: لەلایەن عەودالانی، قووڵ تێگەیشتنی قورئان و، پاشان چاك كارێك لەگەڵدا كردنی و كارپێكردنی، باش بخوێنێدرێتەوەو فام بكرێ و هەزم بكرێ و... هتد.

لە خوای بەخششی بێسنووریش داواكارین هەردەم هاوكارو هیدایەتدەرو پشتیوانمان بێ و، چاكەو نیعمەتی: تەواوكردنی ئەم تەفسیرەشمان پێ ببەخشێ.

١٣ ی شعبان ١٤٤١ ك

٦ / ٤ / ٢٠٢٠ ز

هەولێر

www.alibapir.net

www.alibapir.net

تەفسیری سوورەتی

النَّحلِ

www.alibapir.net

www.alibapir.net

دەستپێك

پێناسەی سووڕەتی (النحل) و بابەتەكانی

بەڕێـــزان !

ئەمڕۆ كە ڕۆژی: (٢٠١٧/٦/١٦ز) بەرانبەر: (٢١/رمضان/١٤٣٨ك) لە شاری هەولێر خوا پشتیوان بێ، دەست دەكەین بە تەفسیركردنی سووڕەتی (النَّحل)، سەرەتا پێناسەی ئەم سووڕەتە موبارەكە دەكەین و، نێوەڕۆكەكەی دەخەینە ڕوو، ئنجا نەخشەی خۆمان بۆ دابەشكردنی بابەتەكانی لە چەند دەرسێكدا دەخەینە ڕوو.

١) نـــاوی ئەم سووڕەتە:

ئەم سووڕەتە، لەلای زانایانی پێشین بە گشتی، هەر بە (**سُورَة النَّحل**) ناسراوە، چونكە وشەی (**النحل**) واتە: هەنگ، كە هەم بە كۆ دەگوترێ، هەم بە تاكیش دەگوترێ، تەنیا لەم سووڕەتەدا هاتوە.

بەڵام لە (**قَتَادَة**)وە هاتوە، كە ئەم سووڕەتە (**سُورَة النِّعَم**) واتە: سووڕەتی نیعمەتەكانیشی پێدەگوترێ، سووڕەتی چاكەكان، چونكە خوا ﷻ ژمارەیەكی زۆر لە چاكەكانی خۆی لەم سووڕەتە موبارەكەدا خستوونە ڕوو، كە وەك سەرژمێرم كردوون، زیاتر لە پەنجا (٥٠) نیعمەتی سەرەكیی لەم سووڕەتەدا خراونە ڕوو.

٢) شـوێنی دابـەزینی ئەم سووڕەتە:

ئەم سووڕەتە، سووڕەتێكی مەككەییە، لەلای زۆربەی زانایان و، ئەوە لە (**إِبْنُ عَبَاس**) و (**إِبْنُ الزُّبَیر**)یشەوە هاتوە، خوا لە خۆیان و بابیشیان ڕازی بێ.

بەڵام گوتراوە: سێ (٣) ئایەتی كۆتایی لە سووڕەتی (**النحل**) لە كاتی گەڕانەوەی پێغەمبەر ﷺ لە جەنگی (ئوحود)دا، هاتوونەتە خوار، كە ئەم سێ ئایەتەن: ﴿وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُوا۟ بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُم بِهِۦ ۖ وَلَئِن صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَیْرٌ لِّلصَّـٰبِرِینَ ﴿١٢٦﴾ وَٱصْبِرْ وَمَا

www.alibapir.net

صَبْرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِ ۚ وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلَا تَكُ فِى ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ ﴿١٢٧﴾ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوا۟ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ ﴿١٢٨﴾ ﴾.

لەو كتێبانەدا كە باسی هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەكانی قورئان دەكەن، ئەوە باس كراوە، كە كاتێك پێغەمبەر ﷺ لە جەنگی ئوحوددا، دیمەنی حەمزەی مامی دەبینێ، كە كافرەكان ڕق و بوغزێكی تایبەتییان لە حەمزە هەبووە خوا لێی ڕازی بێ و، جەستەیان شێواندوە! پێغەمبەر ﷺ سوێند دەخوات، كە ئەگەر خوا دەستی بدات و لە جەنگێكی دیكەدا، بەسەر ئەو كافرانەدا زاڵ با، جەستەی ژمارەیەكی زۆریان بشێوێنێ، ئنجا هەندێك دەڵێن: فەرموویەتی: بیست (٢٠) و، هەندێك دەڵێن: فەرموویەتی: سی (٣٠)، خوای دادگەریش بەم بۆنەوە ئەم ئایەتانەی ناردنە خوارێ، كە ڕاستە ماناو كورتەی ماناكەیان بەم شێوەیە:

واتە: ئەگەر خەڵكتان سزادا، هەر بارتەقای ئەو سزایە، سزایان بدەنەوە، كە سزای ئێوەی پێدراوە، (واتە: ئەوان چییان لە ئێوە كردوە، ئێوەش هەر ئەوە بكەنەوە)، ئەگەر خۆڕاگریش بن، ئەوە باشترە بۆ خۆڕاگران و، خۆڕابگرەو خۆڕاگرتنیشت تەنیا بە خوایە و، دڵتەنگ مەبە بە هۆی ئەو پیلانەوە كە دەیگێڕن و سەغڵەت مەبە، بێگومان خوا لەگەڵ ئەو كەسانەدایە كە پارێز دەكەن و، لەگەڵ ئەو كەسانەدایە كە چاكەكارن.

ڕایەكی دیكەش هەیە، كە پاڵدراوەتە لای (**قَتَادَة**) و (**جَابِر بْن زَيْد**) دەڵێ: سەرەتای سوورەتی (**النحل**) هەتا ئایەتی ژمارە چل (٤٠) مەككەییە و، لە مەككە دابەزیوە، ئەوی دیكەی تا كۆتایی مەدینەییە و لە مەدینە دابەزیوە.

خاوەنی تەفسیری (**الميزان**)یش (**محمد حسين الطباطبائي**)[1]، ئەو ڕایەی هەڵبژاردوە و، ژمارەیەكی دیكەش لە ڕوونكەرەوانی ماناو مەبەستەكانی ئایەتەكانی قورئان، ئەو ڕایەیان هەڵبژاردوە.

خاوەنی تەفسیری (**التحرير والتنوير**)، (**محمد الطاهر بن عاشور**)، گوتوویەتی: ئەم سوورەتە هەندێكی مەككەییەو هەندێكیشی مەدینەییە، بەڵام دیاریی نەكردوە و، گوتوویەتی: هەندێكی پاش كۆچی ژمارەیەك لە هاوەڵان بۆ (حەبەشە) هاتۆتە خوار، بەپێی ئایەتی: ﴿ ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ هَاجَرُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا فُتِنُوا۟ ثُمَّ جَٰهَدُوا۟ وَصَبَرُوٓا۟ إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعْدِهَا لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١١٠﴾ ﴾.

---

(١) ج ١٢، ص ٢٢٢.

www.alibapir.net

واتە: دوایی پەروەردگارت، ئەوانەی کە کۆچیان کردوە، دوای ئەوەی ئەشکەنجەدراون و، پاشان تێکۆشاون و خۆڕاگربوون، بێگومان پەروەردگارت، دوای ئەوە (دوای ئەو هەموو شتانەی بەسەریان هاتوون)، لێبوردەی بە بەزەییە.

هەروەها (**محمد الطاهر بن عاشور**) دەڵێ: ئەم سوورەتە هەندێکی پاش سوورەتی (**الأنعام**) هاتۆتە خوارێ، چونکە ئایەتی: ﴿ وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمْنَا مَا قَصَصْنَا عَلَيْكَ مِن قَبْلُ ﴿١١٨﴾ ﴾الأنعام، واتە: لەسەر جوولەکەکان ئەوەمان قەدەغە کردبوو، کە پێشتر بۆمان خوێندبوویەوە، مەبەست پێی ئەو ئایەتەی سوورەتی (**الأنعام**)ە، کە دەفەرموێ: ﴿ وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمْنَا كُلَّ ذِى ظُفُرٍۖ وَمِنَ ٱلْبَقَرِ وَٱلْغَنَمِ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ شُحُومَهُمَآ إِلَّا مَا حَمَلَتْ ظُهُورُهُمَآ أَوِ ٱلْحَوَايَآ أَوْ مَا ٱخْتَلَطَ بِعَظْمٍۚ ذَٰلِكَ جَزَيْنَٰهُم بِبَغْيِهِمْۖ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ﴿١٤٦﴾ ﴾، کە لە تەفسیری سوورەتی (**الأنعام**)دا، بە تەفصیل قسەمان لەبارەی ئەو ئایەتەو، سەرجەم ئایەتەکانی سوورەتەکەوە، کردوە.

(**محمد الطاهر بن عاشور**) لە (**التحرير والتنوير**)دا[١]، ئەوەی هێناوە.

٣) ڕیزبەندیی ئەم سوورەتە لە موصحەف و دابەزین دا:

بە ڕای زۆرێك لە زانایان، ئەم سوورەتە پاش سوورەتی (**الأنبياء**) و پێش سوورەتی (**الٓمٓ السجدة**) دابەزیوە و، ڕیزبەندیی لە هاتنە خوارەوەدا حەفتا و دوو (٧٢)یە، واتە: پێش ئەم سوورەتە (٧١) سوورەتی دیکە دابەزیون.

بەڵام ڕیزبەندیی لە (**مصحف**)دا، شازدە (١٦)یە، چونکە ئاشکرایە کە ڕیزکردنی سوورەتەکان لە (**مصحف**)دا، بە پێی ڕیزبەندیی دابەزینیان نەبووە، ئەگەرنا دەبوایە هەموو سوورەتە مەککەییەکان لە پێشەوە بن و، سوورەتە مەدینەییەکان لە دواوە بن، کە ئێستا بەم شێوەیە نیە، سوورەتی (**الفاتحة**) لە پێشەوەیە، کە هەرچەند سوورەتێکی مەککەییە، هەندێکیش دەڵێن: مەدینەییە، بەڵام بێگومان پێش وی سوورەتی دیکە دابەزیون، ئنجا دوایی وی یەکسەر سوورەتی (**البقرة**)یە، ئنجا (**آل عمران و النساء و المائدة**)ن، کە هەموویان سوورەتی مەدینەیین، بەڵکو سوورەتی (**المائدة**) بە تایبەت، لە کۆتایی تەمەنی پێغەمبەر ﷺدا هاتۆتە خوار، چونکە ژمارەیەك لە سزا شەرعییەکانی تێدان، ئنجا دوایی

---

(١) ج١٤، ص٩١ و ٩٢.

www.alibapir.net

دێتەوە سەر سووڕەتی (**الأنعام**) و (**الأعراف**) و، دوایی دێتەوە سەر (**الأنفال والتوبة**)، کەواتە: ڕیزبەندیی سووڕەتەکان لە (**مصحف**)دا، جیایە لە ڕیزبەندییان بە پێی دابەزینیان.

ڕای بەندەش لەوبارەیەوە، ئەوەیە پێم وایە: ئەم سووڕەتە هەمووی مەککەییە، بە سێ ئایەتەکەی کۆتاییشەوە، چونکە: بەڵێ، دەگونجێ ئەو سێ ئایەتەی کۆتایی سووڕەتی (**النحل**) لەگەڵ ئەو ڕووداوەی جەنگی (ئوحود)دا بگونجێن، بەڵام مەرج نیە، بەو بۆنەیەوە هاتبنە خوار، چونکە ئاشکرایە هەندێ لە زانایان بە هاوەڵانیشەوە خوا لێیان ڕازی بێ، ئایەتێك یان کۆمەڵە ئایەتێك کە گوتوویانە: پەیوەستە بە فڵان ڕووداوەوە، واتە: ئەو ڕووداوەش دەگرێتەوە، ئەگەرنا مەرج نیە لە کاتی ئەو ڕووداوەدا هاتبێتە خوار.

٤) نێوەڕۆکی ئەم سووڕەتە:

ئەم سووڕەتە لە سوڕگەی بابەتەکانی قورئانی مەککەیی دا دەخولێتەوە، واتە: ئەو باس و بابەتانەی سووڕەتە مەککەییەکان لەبارەیانەوە دەدوێن و، ئەم سووڕەتەش سروشتی سووڕەتە مەککەییەکانی هەیە بە گشتی، دیارە هەر کام لە سووڕەتەکانیش، چ سووڕەتە مەککەییەکان و، چ سووڕەتە مەدینەییەکان، کەسایەتیی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەم سووڕەتەش بە هەمان شێوە و کۆمەڵێك بابەتی تێدان، کە لە سووڕەتە مەککەییەکانی دیکەدا بەم شێوەیە نەهاتوون، هەروەها هەندێك بابەتی تێدان، کە تەنیا لێرەدا هاتوون، هەموو سووڕەتە مەککەییەکانیش ئەو تایبەتمەندییانەیان هەن، بەڵام چوارچێوەیەکی فراوان هەیە هەموویان کۆدەکاتەوە، کە بریتیە لە باسی: (بووناسیی، ئیمان و عەقیدە، تەنیا بەندایەتیی بۆ خوا کردن، ڕەوشت و بەها بەرزو جوانەکان کە مرۆڤ دەبێ خۆییان پێ برازێنێتەوە، خووخدە خراپەکان کە مرۆڤ دەبێ خۆیانی لێ دوور بخاتەوە، بەسەرهاتی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) لەگەڵ گەلەکانیاندا، پشتیوانیی کردنی خوا ﷻ لە پێغەمبەران و لە شوێنکەوتووانی بڕوادارییان، دابەزینی سزاو تۆڵەی خوان بۆ گەلە سەرپێچیی کارەکان، دوای ئەوەی کە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) بەڵگەیان لەسەر تەواو کردوون و بیانوو بڕاویان کردوون، پاشان باسی سزاو پاداشتی خوا لە دواڕۆژدا، باسی بەهەشت، باسی دۆزەخ). سووڕەتە مەککەییەکان لەو چوارچێوەیەدا دەسووڕێنەوە.

www.alibapir.net

دابەشكردنی ئەم سوورەتە بۆ بیست و دوو (٢٢) بابەت

بابـەتی یەكـەم: پێشـەكییەك، كـە لـە ئایـەتی (١ تـا ٩) دەگرێتـەوە: كـە تێیـدا بـاسی چەنـد بابەتێكی بنەڕەتیـی كـراوە، كـە دواتـر دەبـن بـە پێڕسـت و پێشـەكیی بـۆ كـۆی بابەتـەكانی دیكـە، وەك: هاتنـی بڕیـاری خـوا بـۆ سـزادانی كافـرەكان، دابەزانـدنی فریشـتان بـۆ سـەر پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلاَةُ وَالسَّـلاَم)، دروسـتكرانی ئاسـمانەكان و زەوی بـە هـەق و حیكمـەت، دروسـتكردنی مـرۆڤ، هێنانـە دی ئـاژەڵ و وڵاخ، كـە بەهـرەی جـۆراو جۆریـان لـێ وەردەگیـرێ، كـە سـەرجەم ئامـاژە كـراوە بـە دە (١٠) لـە نیعمـەت و چاكـەكانی خـوا ﷻ لـەم نـۆ (٩) ئایەتـە موبارەكـەدا.

بابـەتی دووەم: خسـتنەڕووی ژمارەیـەك لـە چاكـەو نیعمەتـە سـەرەكییەكانی خـوا ﷻ، لـە ئایەتی (١٠ تـا ١٨)، ئەمیـش نـۆ (٩) ئایەتی گرتۆتـەوە، وەك: دابەزانـدنی ئـاو لـە ئاسـمانەوە، ڕوواندنی ڕووەك و درەخـت و لـەوەڕگا، ڕامكـردنی شـەوو ڕۆژو، خـۆرو مانـگ و ئەسـتێرەكان، هێنانـەدی سـەرجەم ئـەو دروسـتكراوانەی لـە زەویـدا دروسـت دەبـن، وەك: گیـاو گـوڵ و ڕووەك و دارودرەخـت و میـوەو، دانەوێڵـە و... هتـد، ئنجا ڕامكـردنی دەریـا، واتـە: مـل پێكەچكـردنی دەریـا، تاكـو مرۆڤەكان بەهـرەی لـێ وەربگـرن، چ وەك لـێ دەرهێنـانی خشـڵ، چ وەك لـێ دەرهێنـانی خواردنێـكی تـەڕو تـازە، كـە مەبەسـت پێـی گۆشـتی ماسـیی و باقـی ژیانـدارەكانی دیكـەی دەریایـە، كـە بـە ڕای زۆربـەی زانایـان هەموویـان حەڵاڵـن.

پاشـان خـوا بـاسی چەسپاندنی چیـاكان دەكات لـە زەوی دا، كـە وەك لەنگـەر وان بـۆ زەوی، ئنجـا بـاسی ئەسـتێرەكان دەكات، هەروەهـا بـاسی نیشـانەكان دەكات، بـۆ ئـەوەی خەڵـك بـە ڕێـگاو بانانـدا بـڕوات بەهـۆی ئـەو نیشـانانەوەو، بـە ڕێـگا بزانـن.

بابـەتی سـێیەم: پێشـاندانی چەنـد هەڵوێسـت و ڕەفتارێـكی چـەوتی كافـرەكان و، سـەرەنجامی شـوومیان لەسـەر ئـەو هەڵوێسـتانە، چونكـە سـەرەنجامە شـوومەكانیان باجـی هەڵوێسـتە خراپەكانیانـە، ئەمیـش لـە ئایـەتی: (١٩ تاكـو ٢٩) واتـە: یـازدە (١١) ئایـەتی گرتوونـەوە.

بابـەتی چـوارەم: خسـتنە ڕووی هەڵوێسـتی ئەرێنییانـەی بـڕوادارانی پارێـزكارو سـەرەنجامی باشـیان، ئەمیـش (٣) ئایـەتی گرتوونـەوە: (٣٠ - ٣٢).

بابـەتی پێنجـەم: خسـتنە ڕووی سـەرەنجامی ترسـناكی كافـران لـە ڕۆژی دوایـی دا، ئەمیـش ئایەتـەكانی: (٣٣ و ٣٤)ی بـۆ تەرخـان كـراون.

www.alibapir.net

بابەتی شەشەم: گێڕانەوەی قسەی هاوبەش دانەران: کە ئەگەر خوا ویستبای خراپە نەکەن و هاوبەش بۆ خوا دانەنێن و جگە لە خوا نەپەرستن و، ئەو خواردنانەی کە قەدەغەیان کردوون، قەدەغەیان نەکەن، ئەگەر خوا ویستبای، ئەوەیان نەدەکرد، واتە: تۆباڵەکە دەخەنە ئەستۆی قەدەری خواوە، خواش ﷻ بەرپەرچیان دەداتەوە.

هەروەها نکووڵیی کردنیان لەوەی قیامەت بێ و، سزاو پاداشت هەبێ و لێپرسینەوە هەبێ، بەڵام خوای بەرز بەرپەرچی ئەوەشیان دەداتەوە، ئەمەش لە ئایەتەکانی: (٣٥ - ٤٠)دا، واتە: شەش (٦) ئایەتی بۆ تەرخان کراون.

بابەتی حەوتەم: باسی کۆچکردن لە پێناو خوادا، ماڵ و حاڵ و نیشتیمان بەجێهێشتن، ئەمیش دوو ئایەتی بۆ تەرخان کراون، ئایەتەکانی: (٤١ و ٤٢).

بابەتی هەشتەم: باسی یاسای خوایە لە ڕەوانەکردنی پێغەمبەراندا (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) هەروەها باسی دابەزاندنی قورئان و، ئەرکی پێغەمبەری خوا ﷺ بەرانبەر قورئان و، ئەرکی خەڵکیش لەبەرانبەر دوا کتێبی خوادا، ئەمەش ئایەتەکانی: (٤٣ و ٤٤)ی بۆ تەرخان کراون.

بابەتی نۆیەم: باسی هەڕەشەکردن لە کافرەکان و، خستنەڕووی ملکەچیی سەرجەم دروستکراوەکان بۆ خوا، کە هیچ شتێك نیە لە گەردووندا، لەو دروستکراوانەدا کە خوا خوڵقاندوونی، بە سەرو خوارەوە، بە ئاسمان و زەوییەوە، هیچ شتێك نیە لامل بێ لە یاساکانی خوا، هەمووی بۆ خوا ملکەچە، کڕنووش دەبات، ئەمیش شەش (٦) ئایەتی بۆ تەرخان کراون، ئایەتەکانی: (٤٥ - ٥٠).

بابەتی دەیەم: باسی چەند سیفەتێکی بنەڕەتیی خوا ﷻ، ئەمەش پێنج (٥) ئایەتی بۆ تەرخان کراون، ئایەتەکانی: (٥١ - ٥٥).

بابەتی یازدەیەم: باسی چەند بیروبۆچوونێکی چەوتی کافرەکان و سەرەنجامی شوومیان، ئەمیش ئایەتەکانی: (٥٦ - ٦٤)ی بۆ تەرخان کراون، واتە: نۆ (٩) ئایەت.

بابەتی دوازدەیەم: باسی ژمارەیەکی دیکە لە چاکەو نیعمەتەکانی خوا، کە دەوری بیست (٢٠) چاکەو نیعمەتن، ئەمەش لە ئایەتەکانی: (٦٥ - ٨٣)دا، واتە: نۆزدە (١٩) ئایەتی بۆ تەرخان کراون.

بابەتی سێزدەیەم: باسی چەند دیمەنێکی ڕاچڵەکێنی کافرەکان لە قیامەت دەکات، ئەمیش شەش (٦) ئایەتی بۆ تەرخان کراون: (٨٤ - ٨٩).

www.alibapir.net

بابەتی چواردەیەم: باسی فەرمانکردنی خوا بە دادگەریی و، چاکەکاریی و، بەخشین بە کەسە نزیکەکان، ئەمیش تەنیا ئایەتی ژمارە (٩٠)ی بۆ تەرخان کراوە.

بابەتی پازدەیەم: باسی پابەندیی بە بەڵێن و پەیمانەوەو، خۆپاراستن لە پەیمانشکێنیی و، بێ بەڵێنیی، کە حەوت (٧) ئایەتی بۆ تەرخان کراون، ئایەتەکانی: (٩١ - ٩٧).

بابەتی شازدەیەم: باسی قورئان خوێندن و، چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەست بە قورئانەوە، کە هەشت (٨) ئایەتەکانی: (٩٨ - ١٠٥)ی بۆ تەرخان کراون.

بابەتی حەڤدەیەم: باسی حاڵەتی هەڵگەڕانەوەو، حاڵەتی ناچارکران لەسەر کوفرکردن و، هاوبەش دانان، ئەمیش شەش ئایەتەکانی: (١٠٦ - ١١١)ی بۆ تەرخان کراون.

بابەتی هەژدەیەم: ئاماژەیەك بە خەڵکی مەککەو، سپڵەییان بەرانبەر بە خواو، چاکەو نیعمەتەکانی خوا، کە ئایەتەکانی: (١١٢ و ١١٣)ی بۆ تەرخان کراون.

بابەتی نۆزدەیەم: باسی ئەوە کە ئایا چی لە خواردن و خواردنەوەکان حەڵاڵە و، چیش قەدەغەیە؟ هەروەها سزای ئەوانەی کە بژیوە پاك و چاکەکانی خوا، لە بەندەکانی، بە ناهەق قەدەغە دەکەن، کە چوار ئایەتەکانی: (١١٤ - ١١٧)ی بۆ تەرخان کراون.

بابەتی بیستەم: باسی ئەوە کە کاتی خۆی لەسەر جوولەکەکان قەدەغە کرابوو، ئەمەش بیرهێنانەوەی مسوڵمانانە، بۆ ئەوە کە خوا لە سووڕەتی (الأنعام)دا، فەرموویەتی، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا و، لە ئایەتەکانی: (١١٨ و ١١٩)دا، باسی ئەوە کراوە.

بابەتی بیست و یەکەم: باسی پێغەمبەر ئیبراهیم عليه السلام خەلیلی خوا و، سیفەتە سەرەکییەکانی و، باسی مەسەلەی شەممە، کە دیارە ئەمە نەریتێکی جوولەکەکان بووە و، ئەو کاتەش هەبووەو، ئێستاش هەیە، ئنجا پاڵیان داوەتە لای ئیبراهیم عليه السلام بۆیە خوا تعالى ڕوونی دەکاتەوە - بە بۆنەی باسی ئیبراهیمەوە - باسی شەممەش دەکات، کە تایبەتە بە جوولەکەکانەوە و، هیچ پەیوەست نیە بە ئیبراهیم عليه السلام ەوە، ئەمیش لە ئایەتەکانی: (١٢٠ - ١٢٤)دا باسکراوە.

بابەتی بیست و دووەم و کۆتایی: باسی چۆنیەتیی و شێوازی بانگەواز بۆ لای خوا و، خۆڕاگریی لەسەر ئازارو ئەزیەتی کافرەکان، واتە: خراپ مامەڵەکردنی کافرەکان لەگەڵ کەسێکدا کە بۆ لای خوا بانگیان دەکات، ئەمەش لە ئایەتەکانی: (١٢٥ - ١٢٨)دا، خراوەتە ڕوو.

www.alibapir.net

٥) دابەشکردنی دەرسەکانی ئەم سووڕەتە:

بـە پێـی نەخشـەی ئێمـە بـۆ تەفسـیر کـردنی ئـەم سـووڕەتە، کـە ئێمـە وەك عـادەتی خۆمـان، - لـەم تەفسـیرەدا - لـە سـەرەتاوە نەخشـەی تەفسـیرکردنی ئایەتـەکان و، دابەشـکردنی بابەتـەکان بـۆ چەنـد دەرسـێك، دادەڕێژیـن، بـۆ ئـەوەی بەرچـاوی خوێنـەران ڕوونـتر بـێ: هـەر لـە سـەرەتاوە ئـەم سـووڕەتە بـاسی چـی دەکات ؟

هەڵبەتـە مەرجیـش نیـە ئـەو بیسـت و دوو بابەتـەی ئێمـە ئاماژەمـان پێـدان، کـە بابـەتی وا هەیـە لـە یـەك ئایـەت، یـان لـە دوو ئایەتـدا هاتـوە، یـەك دەرسی بـۆ تەرخـان بکەیـن، بەڵکـو نەخشـەی دەرسـەکان جیایـە و، ئێمـە ئـەم (١٢٨) ئایەتەمـان دابـەش کـردوون بـۆ دوازدە (١٢) دەرس، بـەم شـێوەیەی خـوارێ:

دەرسی یەکـەم: ئایەتـەکانی: (١ - ٩)، کـە وەك پێشـتر باسـمان کـرد: وەك پێشـەکیی وان بـۆ کـۆی بابەتـەکانی ئـەم سـووڕەتە موبارەکـە، کـە لـەو (١٢٨)دا ئایەتـەدا هاتـوون و، دە (١٠) چاکـەی خـوای بەخشەریشـییان تێـدا خراونـە ڕوو.

دەرسی دووەم: لـە ئایەتـەکانی: (١٠ - ٢١)، واتـە: (١٢) ئایـەت دەگرێتـەوە، کـە بریتیـە لـە خسـتنە ڕووی ژمارەیـەك لـە چاکـەو نیعمەتـەکانی خـوا، کـە سـەرجەمیان بیسـت (٢٠) چاکـەو نیعمەتـن.

دەرسی سـێیەم: ئایەتـەکانی: (٢٢ - ٣٤)، واتـە: (١٣) ئایـەت، کـە خسـتنە ڕووی هەڵوێسـتی کافرەکانـە لـە بەرانبـەر خـواو، قوڕئانـدا، هەروەهـا هەڵوێسـتی پارێـزکاران، کـە پێچەوانـەی هەڵوێسـتی هاوبـەش بـۆ خوادانـەرو کافرەکانـە.

دەرسی چـوارەم: ئایەتـەکانی: (٣٥ - ٥٠)، واتـە: (١٦) ئایـەت، کـە کۆمەڵێـك بـاس و بابـەتی جـۆراو جـۆری پەیوەسـت بـە ڕاوبۆچـوونی هاوبـەش بـۆ خوادانـەران و کافـرەکان و، بەرپەرچدرانەوەیانـن.

دەرسـی پێنجـەم: ئایەتـەکانی: (٥١ - ٦٤)، واتـە: (١٤) ئایـەت، ئەمانیـش زیاتـر بـاسی تەنیـا بەندایەتیـی بـۆ خـوا کـردن و، بەرپەرچدرانـەوەی ژمارەیـەك لـە بیروبۆچوونـە هەڵەوپەڵـەکانی هاوبـەش بـۆ خـوا دانەرانـن، لـە ڕۆژگاری دابەزینـی قوڕئانـدا، کـە تـا ئێسـتاش ئەوانـە هـەر بەردەوامـن، لـە مـلاولای دنیـادا.

www.alibapir.net

دەرسی شەشەم: ئایەتەکانی: (٦٥ - ٨٣)، واتە: (١٩) ئایەت، کە لەو ئایەتانەدا خوا ﷻ ژمارەیەکی دیکەی زۆر لە چاکەو نیعمەتەکانی خۆی دەخاتە ڕوو، کە سەرجەمیان بیست (٢٠) چاکەو نیعمەتن، واتە: بەو نۆ (٩) ئایەتەوە کە لە پێشەکیی ئەم سووڕەتەدا هاتوە، کە دە (١٠) چاکەو نیعمەتەکانیان تێدا خراونە ڕوو و، بەو دوازدە (١٢) ئایەتەوە، کە لە دەرسی دووەمدا دەیانخەینە ڕوو، کە باسی بیست (٢٠) لە چاکەو نیعمەتەکانی خوا کراوە و، بە پێی ئەم نۆزدە (١٩) ئایەتەش، زیاتر لە پەنجا (٥٠) چاکەو نیعمەتی خوا خراونە ڕوو.

بۆیە زانایان، بە تایبەت قەتادە کە گوتوویەتی: ئەم سووڕەتە پێی دەگوترێ: (**سورة النعم**) سووڕەتی چاکەکان، نیعمەتەکان، ناهەقی نەبووە.

دەرسی حەوتەم: ئایەتەکانی: (٨٤ - ٨٩)، واتە: (٦) ئایەت، لەم ئایەتانەدا خوا ﷻ باسی سەرەنجامی کافرەکان دەکات لە ڕۆژی دوایی دا، کە چییان لێدێ و چی دەچێژن و، چۆن پەشێمانیی دەردەبڕن و دادیشیان نادات !

دەرسی هەشتەم: ئایەتەکانی: (٩٠ - ٩٧)، واتە: (٨) ئایەت، باسی فەرمانکردن بە دادگەریی و، فەرمانکردن بە بردنە سەری بەڵێن و پەیمان و، خۆ پاراستن لە پەیمان شکێنیی و بێ بەڵێنیی.

دەرسی نۆیەم: ئایەتەکانی: (٩٨ - ١٠٥)، واتە: (٨) ئایەت، کە باسی چۆنیەتی قورئان خوێندن و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ قورئانداو، مامەڵەکردنی کافرەکان لەگەڵ قورئاندا و هەڵوێستیان بەرانبەر بە قورئان و بەرپەرچدرانەوەیان، کراوە.

دەرسی دەیەم: ئایەتەکانی: (١٠٦ - ١١١)، واتە: (٦) ئایەت، کە باسی هەڵگەڕانەوەیە لە ئیسلام و، باسی ئەوانەشە کە ناچار دەکرێن هەڵگەڕێنەوەو، وشەی کوفرو شیرکیان بە دەمدا دێ، بەڵام ناچارن، کە ئەوانە خوا ﷻ لێیان دەبوورێ، ئنجا پەیوەست بەم باسەوە: باسی کۆچکردن و بەجێهێشتنی نیشتیمانە، کە چۆن خوا لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا لێبوردەو میهرەبانە.

دەرسی یازدەیەم: ئایەتەکانی: (١١٢ - ١١٩)، واتە: (٨) ئایەت، چەند بابەتێکی جۆراو جۆرن، هەم باسی سپڵەیی و بێ نمەکیی کافرەکانی مەککە بەرانبەر بە پێغەمبەر ﷺ و، هەم باسی ئەوە کە خوا چی حەڵاڵ کردوە، لە خواردنەکان و چی حەرام کردوە؟ هەروەها پێشتریش بە نسبەت جوولەکەکانەوە، خوا چی لێ قەدەغە کردوون ؟

www.alibapir.net

دەرسی دوازدەیەم و کۆتایی: ئایەتەکانی: (١٢٠ - ١٢٨)، واتە: (٩) ئایەت، باسی ئیبراهیم عليه السلام، کە سەرمەشقی ئەهلی ئیمانە، بە پێغەمبەری خاتەمیشەوە ﷺ کە خوا هەر لەو ئایەتانەشدا فەرمانی پێدەکات، دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ أَنِ ٱتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٢٣﴾﴾، ئنجا پێغەمبەر ئیبراهیم عليه السلام کۆمەڵێک خەسڵەت و سیفەتی بەرزی هەبوون، کە خوای پەروەردگار لەم چەند ئایەتەدا هەندێکیان لێ دەخاتە ڕوو، هەڵبەتە هەر بەهۆی ئەو سیفەتانەشەوە بۆتە سەرمەشقی ئەهلی ئیمان لە دوای خۆیەوە.

پاشان باسی شێوازی بانگەوازو، باسی هەڵوێستی بانگەوازکاران بە پێغەمبەری خاتەمیشەوە ﷺ، کە سەرمەشق و پێشڕەویان بووە، لەگەڵ نەیارەکانیاندا، بەتایبەت ئەوانەی بە شێوەی بێ نەزاکەت و ناڕێک مامەڵە دەکەن.

ئەمە پێناسەو نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە بوو و، نەخشەی ئێمە بوو بۆ دابەشکردنی بابەت و دەرسەکانی.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

www.alibapir.net

دەرسی یەکەم

www.alibapir.net

www.alibapir.net

پێناسەی ئەم دەرسە

بەرێـــــزان !

لـەم دەرسـەدا، دێینـە سـەر خسـتنەڕووی نـۆ (٩) ئایـەتی سـەرەتای سـووڕەتی (**النحـل**) و، شـیکردنەوەی مانـا و مەبەسـتەکانیان، ئەویـش وەك شـێوازی خۆمـان لـەم تەفسـیرەدا: بـە حـەوت هەنـگاو، کـە هەنـگاوی یەکەمیان پێناسـەی ئـەو کۆمەڵـە ئایەتەیە کـە دەمانەوێ تەفسـیریان بکەین:

ئـەم دەرسـە کـە نـۆ ئایەتـە و، وەك پێشـەکیی وان بـۆ کـۆی بابەتـەکانی سـووڕەتی (**النحـل**)، سـەرەتا خـوای کاربەجـێ ڕوو بـە کافـرە هاوبەشـدانەرەکان دەفەرمـوێ: ئـەوە بڕیـاری خـوا هـات، پەلـەی لـێ مەکـەن، کـە دوایـی ڕوونی دەکەینـەوە، مەبەسـت پێـی چییـە ؟

پاشـان خـوا بـاسی پاکیـی و بەرزیـی خـۆی دەکات، لـە بەرانبـەر شـیرکی هاوبـەش بـۆ خـوا دانەرەکانـدا.

دوایـی بـاسی نـاردنی وەحیـی دەکات بـە فریشـتەکان دا بـۆ پێغەمبـەران (صەڵات و سـەلامی خوایـان لەسـەر بێـت) و، ئامانجـی نـاردنی ئـەو وەحییـە دەخاتەڕوو.

ئنجا باسی دروستکردنی گەردوون دەکات، کە بە هەق و حیکمەت دروستی کردوە.

دوایـی بـاسی دروسـتکردنی مـرۆڤ دەکات، کـە لـە تۆویلکەیەکـەوە هێناویەتـە دی و، پاشـان بـووە بـە کەسـێك بتوانـێ قسـە بـکات و، مشـتومڕ بـکات.

دوایـی بـاسی دروسـتکردنی ئـاژەڵان دەکات، هەروەهـا وڵاخـە بـەرزەو ئێسـترو گوێدرێـژ، پاشـان ئامـاژە دەکات بـە سـەرجەم هـۆکارەکانی دیکـەی بـارو سـوارو گواسـتنەوە، کـە خـوا ﷻ پەیدایـان دەکات و لـەو کاتـەدا کـە قورئـان دابەزیـوە، نەیانزانیـون: ﴿وَيَخْلُقُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ۝٨﴾ النحـل.

لە کۆتایی دا باسی ئەوە دەکات، کە خوا بۆ ڕێی ڕاست، ڕێنمایی دەکات.

شـایانی باسـە ئـەو نیعمەتانـە کە لێـرەدا ئاماژەیـان پێکـراوە، سـەرجەمیان دە (١٠) نیعمەتن، بەڵکو زیاتریشـن.

www.alibapir.net

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿أَتَىٰٓ أَمۡرُ ٱللَّهِ فَلَا تَسۡتَعۡجِلُوهُۚ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ١ يُنَزِّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ بِٱلرُّوحِ مِنۡ
أَمۡرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦٓ أَنۡ أَنذِرُوٓاْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱتَّقُونِ ٢ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّۚ تَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ٣ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِن نُّطۡفَةٖ فَإِذَا هُوَ
خَصِيمٞ مُّبِينٞ ٤ وَٱلۡأَنۡعَٰمَ خَلَقَهَاۖ لَكُمۡ فِيهَا دِفۡءٞ وَمَنَٰفِعُ وَمِنۡهَا تَأۡكُلُونَ
٥ وَلَكُمۡ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسۡرَحُونَ ٦ وَتَحۡمِلُ أَثۡقَالَكُمۡ إِلَىٰ بَلَدٖ لَّمۡ
تَكُونُواْ بَٰلِغِيهِ إِلَّا بِشِقِّ ٱلۡأَنفُسِۚ إِنَّ رَبَّكُمۡ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٞ ٧ وَٱلۡخَيۡلَ وَٱلۡبِغَالَ وَٱلۡحَمِيرَ
لِتَرۡكَبُوهَا وَزِينَةٗۚ وَيَخۡلُقُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٨ وَعَلَى ٱللَّهِ قَصۡدُ ٱلسَّبِيلِ وَمِنۡهَا جَآئِرٞۚ وَلَوۡ
شَآءَ لَهَدَىٰكُمۡ أَجۡمَعِينَ ٩﴾

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە. کارو بڕیاری خوا هات (ئەی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان) پەلەی لێ مەکەن، پاکیی و بەرزیی بۆ وی لەوەی دەیکەنە هاوبەش (بۆ خوا) (١) فریشتان بە فەرمانی خۆی، بە ڕووح (وەحیی)یەوە دادەبەزێنێتە سەر هەر کام لە بەندەکانی (پێغەمبەران) کە بیەوێ، کە ئەی (پێغەمبەران!) (بەهۆی ئەو ڕووحەوە) خەڵك هۆشیار بکەنەوە و بترسێنن، کە جگە لە من (خوا) هیچ پەرستراوێکی دیکە نیە، دەجا پارێزم لێبکەن (٢) ئاسمانەکان و زەوی بە هەق (و حیکمەت) دروستکردوون، بەرزیی بۆ وی لەوەی دەیکەنە هاوبەش (بۆ خوا) (٣) مرۆڤی لە تۆویلکەیەك وەدیهێناوە، کەچی بۆتە بە مشتومڕکەرێکی ئاشکرا (٤) ئاژەڵەکانیشی بۆ هێناونە دی، (پۆشاك و کەلوپەلێك و لە خوریی و تووك و موویان دروست دەکرێ) مایەی گەرم بوونەوەتانە و، سوود و کەڵکی جۆراوجۆریان لێ وەردەگرن و، لێشیان دەخۆن (٥) کاتێ - ئێواران - لە لەوەڕگا دەیانهێننەوە و - بەیانیان - بەریان هەڵدەدەنە لەوەڕگا، دیمەنێکی جوانی بۆتان هەیە (٦) کەلوپەل و بارە قورسەکانیشتان بۆ شوێنێك هەڵدەگرن، کە بە خۆ ئەزیەتدانی

www.alibapir.net

زۆر نەبا، نەیدەگەیشتنێ، بە دڵنیایی پەروەردگارتان بە پەرۆش و بە بەزەییە ﴿٧﴾ وڵاخە بەرزە و ئێستر و کەرەکانیش بۆ سواربوون و بۆ جوانییتانن و، (خوا لە داهاتوودا) شتی واش دروست دەکات کە ئێستا نایزانن (بۆ هاتووچۆ و سەفەرتان) ﴿٨﴾ خواش ڕێی ڕاست (پێشاندان)ی لەسەرە و هەشیانە (لە ڕێیەکان) چەوت و لادەرە و، ئەگەر (خوا) ویستبای - زۆرتان لێبکات - هەمووتانی دەخستە سەر ڕێی ڕاست ﴿٩﴾}

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(بِٱلرُّوحِ): {الـرُّوحُ: مَـا بِـهِ حَيـاةُ النَّفْـسِ (يُذَكَّـر وَيُؤَنَّـث)، وَالنَّفْـسُ والنَّفَـسُ وَالقُـرْآنُ وَالوَحِـيُ وَجبرِيـل، وَالـرَّوْحُ: الرَّاحَـةُ، وَالرَّحْمَـةُ، وَنَسـيمُ الرِّيـحِ}، وشـەی (رُوح) شـتێکە کـە مایـەی ژیـانی مرۆڤـە، کـە لـە زمـانی عەرەبییـدا، هـەم بـە (مُذَکَّـر) دێ، هـەم بـە (مُؤَنَّث)یـش، {(مُذَکـر) و (مُؤَنَّـث)ی مەجازیـی}، هەروەهـا وشـەی (رُوح) بـە مانـای (نَفْس)یـش دێ، بە مانـای هەناسـە (نَفَس)یش دێ، هەروەهـا بـە مانـای (قوڕئان)یـش دێ و، بـۆ سروش (وحي)یـش بەکارهێـنراوە و، بـۆ (جبريل)یـش بەکارهێـنراوە {وەك نـاو}، ئـەوە بەنسـبەت (رُوح)ەوە، بـەڵام (رَوْح) واتـە: ئاسـوودەیی و (رَاحَـة)، بەزەیـی و، شـنەبای فێنـك، بـەو مانایانـە دێ.

(نُّطۡفَـةٍ): (النُّطْفَـةُ: المَـاءُ الصَّـافِي، الجَمْـعُ نِطَـافٌ، والقَطْـرَةُ، وَالمَنِـيُّ وَالجَمْـعُ نُطَـف)، (نُطْفَـة): بـە ئاوێـکی صـاف دەگوتـرێ، کـە بـە (نِطَـاف) کۆدەکرێتـەوە، هەروەهـا بـە تنۆکـە ئاوێکیـش دەگوتـرێ و، بـە تـۆو (مَنِـي)ش دەگوتـرێ، کـە کۆیەکـەی (نُطَـفَ)ە.

(خَصِـيمٌ): (الخَصِيـمُ: الكَثِيرُ المُخَاصَمَـة خَصَمْتُـهُ: نازَعْتُـهُ، خِصَامَـاً ومُخَاصَمَـةً)، (خَصِيـم) واتـە: زۆر ناکۆکییکـەر، زۆر مشـتومڕکەر، (خَصَمْتُـهُ) واتـە: (نازَعْتُـهُ خِصَامَـاً ومُخَاصَمَـةً)، یـانی: لەگەڵـی ناکـۆك بـووم، مشـتومڕم بـوو، (خصـام ومخاصمـة)ش، یـانی: مشـتومڕو ناکۆکیـی.

(وَٱلۡأَنۡعَٰمَ): (النَّعَـمُ: الإِبِـل، وَالأَنْعَـامُ: الإِبِـلُ وَالبَقَـرُ وَالغَنَـمُ)، واتـە: وشـەی (نَعَـم) تەنیـا حوشـتر دەگرێتـەوە، بـەڵام (أنعـام) حوشـتر و ڕەشـەوڵاغ و مـەڕو بزنیـش دەگرێتـەوە.

(دِفۡءٌ): (الـدِّفءُ: خِـلَافُ البَرْدِ، وَالـدِّفءُ: إِسْـمٌ لِـمَا يُتَدَفَّـأُ بِـهِ)، وشـەی (دِفء) واتـە: گەرمایی، گەرمبوونـەوە، پێچەوانـەی سـەرمابوونە و، وشـەی (دِفء) نـاوە بـۆ هـەر شـتێ کـە خـۆی پـێ گـەرم بکرێتـەوە، بەتایبـەتی لـە بـەرگ و پۆشـاك.

www.alibapir.net

(تُرِيحُونَ): (المُرَاحُ: حَيْثُ تُراحُ الإِبِلُ، الإِرَاحَةُ: فِعْلُ الرَّوَاحِ، وَهُوَ الرُّجُوع إِلى المَعَاطِنِ)، (مُرَاح) واتـە: لـەوەڕگا، (إِرَاحَـة) کـردەوەی (رَوَاح)ە، (رَوَاح) بریتیـە لـە گەڕانـەوە لـە دوای لـەوەڕ، گەڕانـەوە بـۆ تەویلـە و بـۆ ئـەو شـوێنەی کـە وڵاخـەکان تێیـدا پشـوو دەدەن، لـە کوردیـی دا (پشـتیر، تەویلـە، ئاغـەڵ)ی پێدەڵێـن.

(تَسْرَحُونَ): (السُّروحُ: الإِسـامَةُ، أي: الغُـدُوُّ بِهَـا إِلى المَرَاعِـي)، وشـەی (سَرَحَ، يَـسْرَحُ، سروحَـاً)، واتـە: وڵاخـەکانی بـەردا بـۆ لـەوەڕ، ناردنی بـۆ لـەوەڕ، (الإِسـامَةُ) واتـە: لەوەڕانـدن، ئەوەیـە کـە بەیانیـان زوو دەیانبـەن بـۆ لـەوەڕگا.

(أَثْقَالَكُمْ): (أَثْقَـال: جَمْـعُ ثَقَـل: المَتَـاعُ، الـشيءِ النَّفِيـس، الخَطِـير، ثِقْـل: هُـوَ وَزْن)، وشـەی (أَثْقَـال) کـۆی (ثَقَـل)ە، (ثَقَـل) واتـە: کەلوپەلێـك، یـان شـتێکی بەنـرخ و، شـتێك کـە جێـی بایـەخ بـێ، بـەڵام (ثِقْـل) واتـە: کێـش.

(بِشِقِّ ٱلْأَنفُسِ): (الشِّـقُّ: المَشَـقَّةُ وَالإِنْكِسـارُ الَّـذِي يَلْحَـقُ النَّفْـسَ وَالبَـدَن): (شِـقّ) بریتیـە لـەو زەحمـەت و قورسـییە و، ئـەو تێشـکانەی کـە بەهـۆی ماندووبوونـەوە تـووشی جەسـتە و ڕووحـی ئینسـان دێ، ئینسـان کـە زۆر شـەکەت و مانـدوو دەبێـت، پێـی دەگوتـرێ: (مَشَـقَّة)، (شِـق)یش بـە مانـای زەحمـەت و قورسـیی دێ.

(وَٱلْخَيْلَ): (جَمَاعَـةُ الأَفْـرَاسِ لاَ وَاحِـدَ لَـهُ مِـنْ لَفْظِـهِ، الفَـرَسَ، وَقِيـلَ الجَمْـعُ أَخْيـال وَخِيـول)، (خيـل) واتـە: کۆمەڵـی ئەسـپان، تـاکی نیـە لـە بێـژەی خـۆی، بـەڵام دەگوتـرێ: (فَـرَس)، واتـە: یـەك ئەسـپ، بـەڵام (خَيْـل) واتـە: کۆمەڵـە ئەسـپێك، گوتراویشـە: وشـەی (خَيْـل) بـە (أَخْيـال، خِيول)یـش کـۆ دەکرێتـەوە، هەرچەنـدە بۆخـۆشی هـەر کۆیـە، کەواتـە: (أَخْيـال وخِيـول) دەبنـە کـۆی کـۆ (جَمْـعُ الجَمْـع).

(وَٱلْبِغَالَ): (جَمْـعُ بَغْـل: المُتَوَلِّـدِ مِـنْ بَـيْنِ الحِـمَارِ وَالفَـرَس)، (بَغْـل) بریتیـە لـەوەی کـە لـە نێـوان کـەر و ئەسـپدا پەیـدا دەبـێ، واتـە: ئەسـپ و کـەر کـە پێکـەوە جـووت دەکرێـن، ئـەوەی کـە لێیـان پەیـدا دەبـێ، پێـی دەگوتـرێ: (بَغْـل)، مێیەکـەی (بَغْلَة)یـە، کـە نەزۆکـە و نێرەکـەشی: بارگیـن (بـرذون)ە.

(قَصْدُ ٱلسَّبِيلِ): (القَصْـدُ: إِسـتِقَامَةُ الطَّرِيـق)، (قَصْـد) واتـە: ڕێـی ڕاسـت، ﴿ وَعَلَى ٱللَّهِ قَصْدُ ٱلسَّبِيلِ ﴾، واتـە: لەسـەر خوایـە ڕێـی ڕاسـت و، بـە ئامانـج گەیەنـەر، ڕوون بکاتـەوە.

www.alibapir.net

(جَآئِرٌ): (الجَـوْرُ وَالجَائِـرُ)، واتـە: لادەر، سـتەمكار، (جَائِـر: عَـادِلٌ عَـنِ الْمَحَجَّـةِ) لادەر لـە ڕێـی ڕاسـت، (وَالجَائِـر: هُـوَ الَّـذِي يَمْتَنِـعُ مِـنْ الْتِـزَام مَـا يأمـرُ بـهِ الـشَّرْعُ)، (جائـر) ئـەو كەسـەیە كـە لامليـی دەكات لـە پابەندبـوون بـەوەی كـە شـەرع فەرمـانی پێكـردوە، كـە دەفەرمـوێ: ﴿وَمِنْهَا جَآئِرٌ﴾، واتـە: لـە ڕێیـەكان هەیـە ڕێـی لادەرە، یاخـود ڕێیـەكی لارە، هـەر كەسـێ پێیـدا بـڕوا، تـووشی لادان دەبـێ و بـە ئامانـج نـاگات.

مانای گشتی ئایەتەكان

ئـەم نـۆ (٩) ئایەتـە موبارەكـە، وەك گوتمـان: وەك پێشـەكی وان بـۆ كـۆی بـاس و بابەتـەكانی سـوورەتی (النحـل)، خـوا ﷻ سـەرەتا دەفەرمـوێ:

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾

بەناوی خوای بە بەزەیی بە بەخشندە، واتە:

دەستپێكردنم بە هێنانی ناوی خوایە، كە ئەوەش مەبەست پێی ئەوەیە:

١ - ئەم كارە تەنها بۆ خوا دەكەم.

٢ - بە پێی شەرعی خوا دەیكەم.

٣ - بە توانا و یارمەتیی خوای پەروەردگار دەیكەم.

٤ - بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجامی دەدەم.

﴿أَتَىٰٓ أَمْرُ ٱللَّهِ فَلَا تَسْتَعْجِلُوهُ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾، لێـرەدا گومـانی تێدانیـە كـە ڕووی دوانـدن لـە كافرەكانـە و، لـە هاوبەـش بـۆ خـوا دانەرەكانـە، لەوانـەی كـە نەیـاری پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ بـوون، كـە لـە زۆر شـوێنی قورئانـدا هاتـوە، پەلەیـان كـردوە، وەك هەمـوو ئـەو گـەل و كۆمەڵگایانـەی كـە لـە ڕابـردوودا، پێـش پێغەمبـەری خاتـەم فەوتـاون، هەمیشـە پێغەمبـەرانی خۆیانیـان هەڵپێچـاوە و، پەلەیـان لێكـردوون، كـە سـزای خۆیـان بـۆ بێنـن! ئنجـا خـوا ﷻ لـە وەڵامـی ئـەم هەمـوو پەلەكـردن و تاڵووكـە كردنەیانـدا، لـەوە سـزایان بـۆ بێـت، لـە دنیـادا، یاخـود قیامـەت بـێ، دەفەرمـوێ: ﴿أَتَىٰٓ أَمْرُ ٱللَّهِ﴾، فەرمـانی خـوا، كارو

www.alibapir.net

بڕیاری خوا هات، ﴿ فَلَا تَسْتَعْجِلُوهُ ﴾، پەلەی لێ مەکەن، واتە: پەلە لە خوا مەکەن کە سزایەکە بێنێت، یاخود پەلە لە هاتنی بڕیاری خوا مەکەن، بڕیاری خوا بە سزادانتان، ﴿ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴾، خوا پاکە و بەرزە لەوەی کە ئەوان دەیکەنە هاوبەش بۆ خوا، واتە: خوا زۆر لەوە پاك و بەرزترە، بهێنرێتە ئاست دروستکراوەکانی خۆی و، دروستکراوەکان وەك خوا ﷻ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ، کە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان وا دەکەن.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر باسی ڕاگەیاندنی چەند ڕاستییەکی بنەڕەتیی، کە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە چەند ڕاستییەکی بنەڕەتیین، کە ئایین و بەرنامەی خوا بە بناغەی گرتوون، لە هەمان کاتدا: نیعمەت و چاکەی بەرز و ناوازەی خوای پەروەردگاریشن، دەفەرموێ: ﴿ يُنَزِّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ بِٱلرُّوحِ مِنْ أَمْرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦٓ ﴾، فریشتان بە ڕووحەوە بە فەرمانی خۆی دادەبەزێنێ، بۆ سەر هەر کام لە بەندەکانی کە بیەوێ.

گومانی تێدانیە کە وشەی (**روح**) لێرەدا مەبەست پێی وەحییە، وەك خوا ﷻ لە کۆتایی سوورەتی (**الشورى**)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ... ﴿٥٢﴾ ﴾، واتە: ئاوا بەم شێوەیە ڕووحێکمان لە ئایینی خۆمان بۆ تۆ دابەزاند، کە مەبەست لە ڕووح: قورئان و وەحیی و پەیامی خوایە، چونکە وەك چۆن ڕووح جەستە دەپارێزێ و، جەستە بەبێ ڕووح ناتوانێ بەردەوامبێ، ژیانی مرۆڤیش بەبێ پەیام و، وەحیی خوا، ناتوانێ بەردەوام بێ، ئەو بەردەوام بوون و ژیانەی کە شایستەی مرۆڤ بێ، بەڵێ، ژیانی ئاژەڵانە، ژیانی دڕندانە، بەردەوام دەبێ، بەڵام ژیانێك کە شایستەی مرۆڤ بێ، ژیانێك کە ڕازاوە بێ بە ئاکارە بەرزەکان، بە بەها بەرزەکان، لە پێش هەموویانەوە، تەنیا خوا بە پەرستراو گرتن و، لەگەڵ خەڵکدا بە چاکە مامەڵەکردن، ئەوە بەردەوام نابێت، مەگەر لە سایەی وەحیی دا.

کە دەفەرموێ: ﴿ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦٓ ﴾، لەسەر هەر کام لە بەندەکانی کە بیەوێ، بە دڵنیاییی مەبەستی پێ پێغەمبەرانە (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**)، چونکە جگە لە پێغەمبەران، وەحیی بە مانا زاراوەییەکەیان بۆ نەهاتوە، ئیدی کە خوا ﷻ لە سوورەتی (**القصص**) دەفەرموێ: ﴿ وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ أَنْ أَرْضِعِيهِ .... ﴿٧﴾ ﴾، زانایان دەڵێن: مەبەست لە وەحیی لێرەدا، ئیلهام و خورپە خستنە نێو دڵە، هەروەها کاتێ کە خوا ﷻ لە سوورەتی (**النحل**)دا دەفەرموێ: ﴿ وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحْلِ ... ﴿٦٨﴾ ﴾، پەروەردگارت وەحیی کرد بۆ

www.alibapir.net

هەنـگ، واتـە: فێریکـرد و، بـەو شـێوەیە خوڵقانـدی کـە ئـەو کارانـە ئەنجـام بـدات، وەك ئـەوەی بـە پەنهانیـی فێـری کردبـێ و، پەیامێـکی تایبەتیـی خـۆی بـۆ ناردبـێ.

﴿أَنْ أَنذِرُوٓاْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱتَّقُونِ﴾، خـوا فریشـتەکان بـە ڕووحـەوە، بـە فەرمانی خـۆی دادەبەزێنـێ بـۆ سـەر هـەر کام لـە بەنـدەکانی، کـە ئـەو پێغەمبەرانـە (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَام)، ﴿أَنْ أَنذِرُوٓاْ﴾ بترسـێنن! کێ بترسـێنن و هۆشـیار بکەنەوە؟ خەڵك هۆشـیاربکەنەوە، ﴿أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠﴾، کـە جگـە لـە مـن هیـچ پەرسـتراوێك نیـە، ﴿فَٱتَّقُونِ﴾ کەواتـە: پارێـز لـە مـن بکـەن و، خۆتـان بپارێـزن لـەوەی کـە مـن پێـم ناخۆشـە، خـواش ﷻ پێـی ناخۆشـە: ئەرکـەکان بچوێنرێـن و قەدەغەکراوەکانیـش بشـکێنرێن.

ئنجـا خـوا بـاسی نیعمەتێـکی دیکـەی خـۆی دەکات، کـە بریتیـە لـە دروسـتکردنی ئاسـمانەکان و زەوی، دەفەرمـوێ: ﴿خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ﴾، خـوا ئاسـمانەکان و زەوی بـە هـەق هێناونـە دی، وەك خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (ص)دا دەفەرمـوێ: ﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَٰطِلًا ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿٢٧﴾﴾، واتـە: ئاسـمان و زەوی و ئـەوەی نێوانیانیـمان بـە باطیـڵ نەخوڵقانـدووە، کەواتـە: (حـق) پێچەوانـەی (باطـل)ە، (هـەق) واتـە: شـتی چەسـپاو و لەگـەڵ واقیـع دا گونجـاو، بـەڵام (باطیـڵ) واتـە: شـتی پـووچ و بـۆش و بـێ بنەمـا.

هەروەهـا خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (الأنبيـاء)دا، دەفەرمـوێ: ﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴿١٦﴾﴾، واتـە: ئاسـمانەکان و زەوی و ئەوانـەی نێوانیانیـمان بـە گاڵتـە نـە خوڵقانـدووە.

دیسـان لـە سـوورەتی (**الدخان**)یـش دا هەمـان شـت دووبـارە دەبێتـەوە، کە خـوا دەفەرموێ: ﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴿٣٨﴾ مَا خَلَقْنَٰهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٩﴾﴾، کەواتـە: (حَـق) پێچەوانـەی (**باطـل**) و پێچەوانـەی یاریـی و گەمەیـە، یاریـی و گەمـە شـتێکە هیـچ ئامانجێـکی لـە پشـتەوەنیە و، (باطیڵ)یـش شـتێکی بـێ بنەمایـە، کەواتـە: دروسـتکردنی ئاسـمانەکان و زەوی بنەمایـەکی هەیـە، حیکمـەت و ئامانجێـك لـە پشـتییەوەیە، ئەویـش بریتیـە لـە چـی ؟!

لـە سـوورەتی (**الجاثيـة**)دا خـوا ﷻ - وەك دواییـش بـاسی دەکەیـن لـە مەسـەلە گرنگەکاندا - زۆر بـە ڕوونیـی دەفەرمـوێ: ﴿وَخَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ وَلِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٢﴾﴾، واتـە: خـوا ئاسـمانەکان و زەوی بە هەق دروسـتکردووە،

www.alibapir.net

بۆ ئـەوەی هـەر کەسـە بـە پێـی ئـەوەی ئەنجامـی داوە (بـە پێـی کـردەوەکانی) سـزا، یـان پاداشـت بدرێتـەوە.

کەواتـە: ئـەوە ئـەو هەقەیـە کـە خـوا ئاسـمانەکان و زەوی بـۆ هێناونـە دی، بەنسـبەت ئێمـەی مرۆڤـەوە، بـەڵام ئایا خـوا هـەر ئەو حیکمەتـەی هەیـە و، تەنیا ئـەو هەقـە ڕەچاوکراوە لـە دروسـتکردنی گەردوونـدا ؟! وەك لـە باسـێکی سـەربەخۆدا لـە تەفسـیری سـوورەتی (**یونـس**) دا گوتوومانـە: ناتوانیـن بڵێیـن، بەڵـێ، بـەڵام بـە دڵنیاییـەوە هەقێـك کـە خـوا ﷻ بـۆ هێنانـە دی، گـەردوونی بـە سـەروو خواریـەوە، بـە ئاسـمان و زەوییـەوە، بـۆ دروسـت کـردوە، ئەوەیـە کـە مـرۆڤ تاقـی بکاتـەوە و، پاشـان بـە پێـی کـردەوەکانی خـۆی سـزاو پاداشـت وەربگرێتـەوە.

﴿ تَعَـٰلَىٰ عَمَّا يُشْـرِكُونَ ﴾، خوا بەرزە لەوەی ئەوان دەیکەنە هاوبەشی.

ئنجـا دێتـە سـەر خستنەڕووی ڕاسـتییەکی دی، کە لـە هەمان کاتـدا نیعمەتێـکی زۆر گەورەی خوایـە: ﴿ خَلَقَ ٱلْإِنسَـٰنَ مِن نُّطْفَـةٍ ﴾، (خـوا) ئینسـانی لـە نوتفەیـەك دروسـتکردوە، (**نُطْفَـة**) وەك دوایـی بـاسی دەکەیـن، واتـە: ئاوێـکی کـەم، یـان تنۆکـە ئـاو، ﴿ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ ﴾، دواتـر بـووە بـە مشـتومڕکەرێکی ئاشـکرا، یـان مشـتومڕکەرێکی ڕوونکـەرەوە بـۆ مەبەسـتەکانی خـۆی.

ئنجـا دێتـە سـەر بـاسی نیعمەتێـکی دیکـە، کـە چەنـدان نیعمـەتی تێـدان: ﴿ وَٱلْأَنْعَـٰمَ خَلَقَهَا ﴾، هەروەهـا (خـوا) ئاژەڵەکانیـشی خوڵقانـدوون و هێناونیـە دی، (**أنعـام**) بـە چـوار جـۆرە ئـاژەڵ دەگوتـرێ: {حوشـتر، ڕەشـەوڵاخ (گا و مانـگا و گامێـش)، مـەڕو بـزن}، هەموویـان بـە نیـرو مێیانـەوە، کـە دیـارە خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (**الأنعـام**) لـە دوو ئایـەتی: (١٤٣ و ١٤٤)دا، باسـیان دەکات، دەفەرمـوێ: ﴿ ثَمَـٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍ مِّنَ ٱلضَّأْنِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ ٱلْمَعْزِ ٱثْنَيْنِ ﴾، دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ وَمِنَ ٱلْإِبِلِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ ٱلْبَقَرِ ٱثْنَيْنِ ﴾، هـەر چـوار جـۆری ئاژەڵـەکان بـە نیـرو مێیانـەوە دەخاتـەڕوو، کـە لـەوێ بـە ڕوونیـی باسـمانکردوە و، نێـرو مێـی هەرکامێکیشـیان چـی پـێ دەگوتـرێ، لـەوێ خسـتوومانەتە ڕوو.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلْأَنْعَـٰمَ خَلَقَهَا لَكُمْ فِيهَا دِفْءٌ وَمَنَـٰفِعُ ﴾:

أ- دەگونجێ ﴿ لكم ﴾ پەیوەست بێتەوە بە ﴿ دِفْءٌ وَمَنَـٰفِعُ ﴾، ﴿ لَكُمْ فِيهَا دِفْءٌ وَمَنَـٰفِعُ ﴾ واتە: بۆ ئێوە لەو ئاژەڵانەدا هەیە، گەرمکردنەوەو، سوود گەلێکی زۆر، ﴿ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴾ هەروەها لە بەروبووم و گۆشتەکەیان دەخۆن.

www.alibapir.net

ب- دەشگونجێ پەیوەست بێ بە (خَلَقَهَا)وە: ﴿ وَٱلۡأَنۡعَٰمَ خَلَقَهَا لَكُمۡ ﴾، خوا ئاژەڵەكانی بۆ ئێوە دروست كردوون، ﴿ فِيهَا دِفۡءٞ وَمَنَٰفِعُ وَمِنۡهَا تَأۡكُلُونَ ﴾، هەردوو واتاكە لێك نزیكن.

(دِفۡءٞ) ئەو شتانەن كە ئینسان پێیان گەرم دەبێتەوە، لە بەرگ و پۆشاك و كەلوپەل و چادرو ڕەشماڵ، كە لە تووك و موو و خوریی ئەو ئاژەڵانە دروست دەكرێن، كە هی حوشتر پێی دەگوترێ: تووك (**وَبَرْ**) و، هی مەڕ پێی دەگوترێ: خوریی (**صُوف**) و، هی بزن پێی دەگوترێ: موو (**شَعْر**)، بەڵام ڕەشەوڵاخ، بایی ئەوەندە تووك و موویان پێوە نیە، كە لێیان بكرێتەوە.

﴿ وَلَكُمۡ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسۡرَحُونَ ﴾، هەروەها بۆ ئێوە جوانیی هەیە لەو ئاژەڵانەدا، كاتێ دەیانهێننەوە لە لەوەڕگا و، كاتێ كە بەڕێیان دەكەن لە ئاغەڵ و تەویلەكانی خۆیان دەریاندەكەن، بۆ لەوەڕ، ئنجا زانایان گوتوویانە: بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿ حِينَ تُرِيحُونَ ﴾ كاتێ دەیانهێننەوە لە لەوەڕ، هێنانەوە لە لەوەڕی پێش خستوە، چونكە ئەو ئاژەڵانە كاتێك دێنەوە بە تێر و پڕی، چالاكی و زەوقێكی دیكەیان هەیە! بەڵام كاتێ كە بەیانیان بە برسیەتیی بەڕێ دەكرێن بۆ لەوەڕگا، سیس و بێ هێزن! ئنجا خواش ﷻ باسی جوانیی دەكات و، جوانییەكەش بە زۆریی لە كاتێ دایە كە ئاژەڵەكان دێنەوە لە لەوەڕگا، ئەوە بارەی مەڕ و بزنە! ئەوە هۆڕەی مانگا و گایە، ئەوە ڕوغائی حوشترە! ئەوە حیلكەی ئەسپ و ماییەنە! واتە: هەم دیمەنەكەیان و هەم دەنگ و سەدایان جوانتر و خۆشترە لە كاتی گەڕانەوەی ئێوارانـدا، كەسێكیش لە لادێ بووبێ، یان دەوارنشین بووبێ، دەزانێ كە ئاژەڵەكان لەو كاتەدا دیمەنێكی زۆر جوان و دڵ بزوێن و سەرنج ڕاكێشیان هەیە!

هەڵبەتە خواش ﷻ جوانیی ڕەچاوكردوە، لە دروستكراوەكانی خۆیدا و، پێشی خۆشە مرۆڤەكانیش جوانییەكانی كە خوا لە دروستكراوەكانی دا دروستیكردوون، بیانبینن، بۆیە سەرنجیان بۆیان ڕادەكێشێ.

ئنجا خوا سوودێكی دیكەی ئەو ئاژەڵانە دەخاتە ڕوو، دەفەرموێ: ﴿ وَتَحۡمِلُ أَثۡقَالَكُمۡ إِلَىٰ بَلَدٖ لَّمۡ تَكُونُواْ بَٰلِغِيهِ إِلَّا بِشِقِّ ٱلۡأَنفُسِ ﴾، هەروەها ئاژەڵەكان كەلوپەلە قورسەكانتان هەڵدەگرن، بۆ وڵاتێك و شوێنێك كە ئەگەر هەر خۆتان بوونایە زۆر بە زەحمەت بەو شوێنانە دەگەیشتن و دەتانتوانی: بار و كۆڵەكانتان بگەیەننە ئەوێ، ﴿ إِنَّ

www.alibapir.net

﴿رَبَّكُمْ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾، بێگومان پەروەردگاری ئێوە، بە پەرۆشە و زۆریش میهرەبانە و بە بەزەییە، (رؤوف) واتە: پەرۆشی ئێوەیەتی، پێی ناخۆشە تووشی ناڕەحەتیی بن و، بە بەزەیی و میهرەبانیشە و پێی خۆشە خێر و چاکەتان تووش بکات.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿وَٱلْخَيْلَ وَٱلْبِغَالَ وَٱلْحَمِيرَ لِتَرْكَبُوهَا وَزِينَةً﴾، هەروەها (خوا) وڵاخە بەرزەو ئێسترەکان و کەرەکانی دروست کردوون، تاکو سواریان بن و، جوانییشیان تێدایە، ﴿وَيَخْلُقُ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾، شتی واشتان بۆ دروست دەکات کە نایزانن.

هەڵبەتە زۆر لە توێژەرەوانی قورئان، کاتی خۆی گوتوویانە: ﴿وَيَخْلُقُ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾، مەبەست ئەوەیە کە خوا لە بەهەشتدا دەیخوڵقێنێ، کە ئێستا نایزانین چۆنە! کە بە دڵنیاییەوە ئەوە دەگرێتەوە، بەڵام لێرەدا مادام باسی دنیایە، نەخێر، چەمك و واتایەکی دیکەشی هەیە، کە زانایانی پێشوو ناهەقیان نەبووە نەیزانن، ئەویش ئەوەیە کە خوا ئاماژە دەکات بە هۆیەکانی هاتووچۆی ئاسمانیی و، زەمینیی و، دەریایی و، ژێر دەریایی، کە لەو دوو سێ سەدەیەی دواییدا خوا ﷻ توانای داوە بە مرۆڤ دروستیان بکات، کە دەبینین جۆرەکانی ئۆتۆمۆبێل، کەشتیی، فڕۆکە، پاپۆڕی ژێر دەریایی و، شەمەندەفەر، هەموو ئەو شتانەی کە خوا یارمەتی مرۆڤی داوە، دروستیان بکات، بۆ ئەوەی سەفەر و هاتوچۆی خۆیانی پێ ئەنجام بدات.

لە کۆتایی دا خوا دەفەرموێ: ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ قَصْدُ ٱلسَّبِيلِ وَمِنْهَا جَآئِرٌ﴾، ڕوونکردنەوەو پێشاندانی ڕێی ڕاست لەسەر خوایە، زانایان دەڵێن: لێرەدا شتێك قرتێنراوە و بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ، یانی: (**وَعَلَى اللَّهِ بَيَانُ قَصْدِ السَّبِيلِ**)، لەسەر خوایە کە ڕوونی بکاتەوە ڕێی ڕاست و بە ئامانج گەیەنەر بۆ بەندەکانی، کامەیە؟ ﴿وَمِنْهَا جَآئِرٌ﴾ هەندێ لە ڕێیەکانیش هەن کە لادەرن، ئنجا ﴿جَآئِرٌ﴾ بە مانای لادەرە، واتە: (**وَمِنْهَا جَآئِرٌ سَائِرُهَا**) ئەوەی کە پێی دا دەڕوا لار و لادەرە (**جَائِر**)ە، بەڵام خوا سیفەتەکەی پاڵ داوەتە لای ڕێیەکان، یانی: هەر کەسێك پێی دا بڕوات، تووشی لادان و دوورکەوتنەوە دەبێت لە هەق، ﴿وَلَوْ شَآءَ لَهَدَىٰكُمْ أَجْمَعِينَ﴾، ئەگەر (خوا) ویستباشی هەمووتانی دەخستە سەر ڕێی ڕاست، لێرەدا نابێ (**هَدَاكُم**) بەوە لێکبدرێتەوە، کە مەبەست لە (**هَدَاكُم**) ڕێنمایی کردن و ڕێ پێشاندانە، کە بە داخەوە زۆرێك لە تەفسیرەکان، هەم تەفسیرە عەرەبییەکان، هەم کوردییەکان، ئەوەیان ڕەچاو نەکردوە و، هەر گوتوویانە: ئەگەر خوا ویستبای هەمووتانی ڕێنمایی دەکرد، بەڵام ئەو لێکدانەوەیە هەڵەیە، چونکە خوا ویستوویەتی هەمووان

www.alibapir.net

ڕێنمایی بکات، ویستن بە مانای (المَشِيْئَةُ التشريعية)، خوا هیدایەتی ناردوە بۆ هەمووان، ئەوەی ویستوە و بڕاوەتەوە، ئەدی ئەو هیدایەتەی خوا دەیبەستێتەوە بە ویستی خۆیەوە چییە؟!

واتە: ئەگەر ویستبای هەمووتانی دەخستە سەر ڕێی ڕاست، ئەمما ڕێی ڕاست بۆ ڕوونکردنەوە، ئەوە خوا ویستوویەتی و کردوویەتی، چونکە پێشێ فەرموویەتی: ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ قَصْدُ ٱلسَّبِيلِ﴾ لەسەر خوایە ڕێی ڕاست بۆ خەڵك ڕوون بکاتەوە ؟!

کەواتە: ئەوی ویستوە و بڕاوەتەوە، بەڵام ئەوەی کە بەستوویەتەوە بە ویستی خۆیەوە (وَلَوْ شَآءَ) ئەگەر ویستبای، بریتیە لە خستنە ڕێی ڕاست، کە بێگومان نەیویستوە هەمووان بخاتە سەر ڕێی ڕاست، ئنجا پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: بۆچی خوا نەیویستوە، هەمووان بخاتە سەر ڕێی ڕاست ؟!

وەڵامەکەی ئەوەیە کە:

لەبەرئەوەی نەیویستوە زۆریان لێبکات، بەڵکو ویستوویەتی ئازادیان بکات، ئەگەرنا ئەگەر ویستبای زۆریان لێبکات، وەك فریشتەکان، کە هیچ کامیان لە فەرمانی خوا دەرناچن، وەك ماددەی بێ ژیان، وەك گەردیلەکان و کەهکەشانەکان و، وەك ڕووەك و ئاژەڵ و زیندەوەرەکان، هیچیان لە فەرمانی خوا دەرناچن، دەیتوانی، بەڵام نەیویستوە مرۆڤ ناچار بکات و، بیبەستێتەوە بەو یاسایانەوە کە دایناون، بەڵکو ویستوویەتی دەستی ئاوەڵابێت و کراوە بێ، چونکە ئەگەر وانەبێ، بە کەڵکی تاقیکردنەوە نایەت و، بە کەڵکی جێنشینایەتی خوا نایەت لەسەر زەوی، کەواتە: (وَلَوْ شَآءَ: يَعْنِي: وَلَوْ شَاءَ مَشيئَة إجْبارٍ)، واتە: ئەگەر خوا ویستبای زۆرتان لێ بکات، ﴿لَهَدَىٰكُمْ أَجْمَعِينَ﴾، یانی: (لأرشَدَكُمْ أَجمَعِين)، چونکە (أَرْشَدَكُم) واتە: دەیخستنە سەر ڕێی ڕاست، یانی: (لَجَعَلَكُم أجمَعِين عَلَى الصِّرَاط المُستقِيم) هەمووتانی دەخستە سەر ڕێی ڕاست، بەڵام خوا ویستوویەتی بۆتانی ڕوون بکاتەوە، بەڵام دوایی خۆتان بە ویستی ئازادانەی خۆتان ڕێی ڕاست بگرنەبەر، یان نەیگرنەبەر، ئنجا کە ئازادیشی کردوون، هەندێکتان ڕێی ڕاستتان گرتوە، بە ویستی ئازادانەی خۆتان و، هەندێکیشتان ڕێی چەوت و لارتان گرتۆتەبەر.

www.alibapir.net

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

هاتنی فەرمان و بڕیاری خوا، بۆ سزادانی بێبڕوایان، شتێکی مسۆگەرە:

ئـەو مەسـەلەیەمان لـە ئایـەتی یەکـەم هەڵێنجـاوە، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿أَتَىٰٓ أَمْرُ ٱللَّهِ فَلَا تَسْتَعْجِلُوهُ ۚ سُبْحَـٰنَهُۥ وَتَعَـٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ①﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿أَتَىٰٓ أَمْرُ ٱللَّهِ﴾، فەرمانی خوا هات، یان بڕیاری خوا هات، (**راغب الأصفهاني**) گوتوویەتی: (**الأَمْرُ: مَصْدَرٌ بِمَعْنَى المَفْعُولِ كالْوَعْدِ بِمَعْنَى الموعُودِ، أَي: مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ وَالمُرَادُ بِهِ: تَقْدِيرُهُ وَإِرَادَةُ حصُولِهِ فِي الوَقْتِ المُقَرَّر**)، یانی: وشەی (أَمر) چاوگە، بە مانای (**مفعول**)ە، وەك چۆن (**وَعْد**) بە مانای (**مَوعُود**)ە، واتە: بەڵێن پێدراو، یان بەڵێن دراو، ﴿أَتَىٰٓ أَمْرُ ٱللَّهِ﴾ واتە: (**مَأمُورُ اللَّهِ**)، واتە: ئەوەی کە خوا فەرمانی پێکردوە، کە مەبەست پێی ئەندازەگیریی خوا و ویستی خوایە، بۆ پەیدابوونی شتەکان لە کاتی دیاریيکراودا.

بێگومـان ڕووی دوانـدن لـە هاوبـەش دانەرەکانـە، چونکـە ئـەوان پەلەیـان دەکـرد، کـە سـزای خـوا بـێ و ئـەوان پێغەمبەرانیـان (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) هەڵدەپێچـا، ئـەوە سـیفەتی ئەوانـە.

کەواتـە: بێگومـان ڕووی دوانـدن لەوانـە، دەشـگونجێ بڵێیـن: ڕووی دوانـدن لـە بڕوادارانـە، چونکـە زۆرجـار ئەوانیـش کـە کافـرەکان هەڵیـان پێچـاون، بـە دڵیانـدا هاتـوە: دەبـێ کـەی خـوا سـزایان بـدات؟! یـان دەبـێ کـەی ئێمـە سـەربخات ؟! ئـەوەش دەگونجـێ، واتـە: ئـەوە بڕیـاری خـوا هـات بـە سـەرکەوتنتان و بـە لەبەینـبردنی دوژمنانتـان و، زەبـوون کردنیـان، پەلەی لێمەکـەن.

بـەڵام مانـای یەکـەم زیاتـر دەچێتـە دڵـەوە، کـە ڕووی دوانـدن لـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان بـێ، چونکـە ئـەوان خـوا زۆری لـێ گێڕاونـەوە لـە قوڕئانـدا، کـە لـە هاتنـی

www.alibapir.net

سـزادا پەلەیانکـردوە، هـەم لـە پێغەمبـەری خاتـەم (**محمـد**) ﷺ و هـەم کافـرەکانی دیکـەش بـۆ پێغەمبـەرانی دیکـە، زۆر هەڵیـان پێچـاون، پەلەیـان کـردوە و تاڵووکەیـان کـردوە کـە زوو سـزامان بـۆ بێنـن، ئەگـەر ڕاسـت دەکـەن !

٢)- ﴿ فَلَا تَسۡتَعۡجِلُوهُ ﴾ (**الإِسْتِعْجَالُ: طَلَبُ تَعْجِيلِ حصُولِ شَيءٍ**)، (**إِسْتِعْجَال**) بریتیە لە داواکردنی بە پەلە هاتنی شتێك، شتێك بە پەلە پەیدابێ، ئەوەش دوو واتای هەن:

یەکەم: (**لاَ تَستعْجلوا اللَّهَ بامْرِهِ**)، واتە: پەلە لە خوا مەکەن فەرمانەکەی بێنێ.

دووەم: (**لاَ تَتَعَجَّلوا أَمْرَ اللَّه، أَي: لاَ تَستعْجِلُوا بِهِ**)، واتە: پەلە مەکەن بڕیاری خوا بێت و، فەرمان پێکراوی خوا بێت.

٣)- ﴿ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ﴾ خوا پاکە و، بەرزە، لەوەی کە دەیکەنە هاوبەشی، پیتی (ما) لە وشەی (عَمَّا)دا، چاوگە (**مَا: مَصْدَرِية**)، کەواتە: (عَمَّا يُشۡرِكُونَ) (**يَعْنِي: عَن إِشْرَاكِهِمْ غَيْرَهُ مَعَهُ**)، خوا پاکە و بەرزە لەو هاوبەش بۆ دانانەی کە کافرەکان ئەنجامی دەدەن و جگە لە خۆی دەکەنە هاوبەشی.

ئنجـا زۆربـەی قورئـان خوێنـان (**قـرّاء**) خوێندوویانەتـەوە: ﴿ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ﴾، بـەڵام (**حَمْـزَة وكِسـائِي**) خوێندوویانەتـەوە: (**عَـمَّا تُشْرِكُـون**) کـە لـە هەردووکیانـدا ڕووی دوانـدن لـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانەرەکانـە، هـەردوو جـۆرە خوێندنـەوەکان واتایـان یەکـە، بـەڵام یەکیـان بـە شـێوازی نادیار(**غائِـب**) و ئـەوی دیکەیـان بـە شـێوازی ئامـادە (**حـاضر**).

www.alibapir.net

مەسەلەی دووەم:

خـوا فریشـتان بـە وەحییـەوە بـە فەرمـانی خـۆی دادەبەزێنێتـە سـەر هـەر کام لـە بەنـدەکانی، واتـە: پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَام) کـە خەڵـك بترسـێنن لـە شـیرك و، ئاگاداریـان بکەنـەوە، کـە تەنیـا خـۆی پەرسـتراوی ڕاسـتەو، پێویسـتە پارێـزی لـێ بکـەن:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ يُنَزِّلُ الْمَلَائِكَةَ بِالرُّوحِ مِنْ أَمْرِهِ عَلَى مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ أَنْ أَنذِرُوا أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاتَّقُونِ ﴿٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ يُنَزِّلُ الْمَلَائِكَةَ بِالرُّوحِ ﴾، (خوا) فریشتان دادەبەزێنێ بە ڕووحەوە، (ينزل) بە سێ جۆر خوێنراوەتەوە:

یەك: يُنَزِّلُ المَلَائِكة.

دوو: يُنْزِلُ المَلَائِكة.

سـێ: تَنَـزَّلُ المَلَائِكـة، ئـەو کاتـە (المَلَائِكـةُ) بـە (رَفْـع) دەبـێ و دەبێتـە (فاعـل)ی (تَنَـزَّلُ)، واتـە: فریشـتە دادەبـەزن (بالـرُّوحِ) بـە ڕووحـەوە، (رُوح) واتـە: وەحیـی، وەك لـە ئایـەتی پێـش ئایـەتی کۆتایـی سـوورەتی (الشـورى)دا، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ۚ مَا كُنتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلَا الْإِيمَانُ وَلَٰكِن جَعَلْنَاهُ نُورًا نَّهْدِي بِهِ مَن نَّشَاءُ مِنْ عِبَادِنَا ۚ وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٢﴾ ﴾، واتـە: ئـاوا بـەو شـێوەیە کـە سروشـمان بـۆ پێغەمبـەران نـاردوون، ڕووحێکیشـمان بـۆ لای تـۆ سروش کـردوە لـە فەرمـانی خۆمـان (یـان لـە ئایینـی خۆمـان)، کـە پێشـتر نەتـدەزانی نـە کتێـب چییـە! نـە ئیـمان چییـە !.

٢)- ﴿ مِنْ أَمْرِهِ ﴾، واتە: لە کاروبارەکانی خواو، لە ئەندازەگیرییەکانی خوا، کە هەر بۆ خۆی دەزانێ و پێیان ئاگادارە.

٣)- ﴿ عَلَىٰ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ ﴾، لەسەر هەر کام لە بەندەکانی کە بیەوێ.

www.alibapir.net

ئەمە بەرپەرچدانەوەی قسەیەكی هاوبەش بۆ خوادانەرانە، كە هەمیشە ڕەخنەیان دەگرت بۆچی ئەم قورئان و پێغەمبەرایەتییە بۆ موحەممەد ﷺ هاتوە ؟! بۆ نموونە: خوا لە سووڕەتی (الزخرف)دا دەفەرموێ، دەیانگوت: ﴿لَوْلَا نُزِّلَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنَ ٱلْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ ۝٣١﴾، واتە: دەبووایە ئەم قورئانە بۆ سەر یەكێك لە پیاوە گەورەكانی دوو ئاوەدانییەكە دابەزیبووایە، كە مەبەستیان پێیان: (مەككە) و (طائیف) بووە، دیارە لە مەككە یەكێكیان ڕەچاوكردوە كە بە پیاوێكی مەزنیان داناوەو، لە تائیفیش بە هەمان شێوە، كە زانایان ڕای جیاوازیان هەیە كە كامەیان بووە، ئایا ئەوەی مەككە ئەبو جەهلە؟ یان ئەوەی تائیف كامەیانە؟ گرنگ ئەوەیە موحەممەد ﷺ یان پێ شایستەی ئەوە نەبووە، كە خوا لەنێویان دا هەڵیبژێرێ، بۆ پلەی پێغەمبەرایەتیی، هەر بۆیە لە سووڕەتی (الأنعام)دا خوا دەفەرموێ: ﴿... ٱللَّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُۥ ... ۝١٢٤﴾، خوا زاناترە پەیامی خۆی لە كوێ دادەنێ، ئایا لە لای خوا ﷻ كێ دەوڵەمەندتر و قەبەتر و بە دەسەڵاتتر بێ، ئەوە زیاتر شایستەیە، كە بیكاتە نوێنەری خۆی ؟! یان كێ پاكترو چاكترو دڵسۆزترو ڕازاوەتر بێ بە سیفەتە بەرزەكان ؟! بێگومان ئەوەی دووەمیان، چونكە پێوەر لە لای خوا شتێكی دیكەیە !

٤)- ﴿أَنْ أَنذِرُوٓا۟ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠﴾، ڕووح لە ڕێی فریشتەكانیەوە دادەبەزێنێتە سەر هەر كام لە بەندەكانی، كە چی بكەن؟! ﴿أَنْ أَنذِرُوٓا۟﴾ كە ئێوە بترسێنن، وریا بكەنەوە، هۆشیار بكەنەوە، یانی: خەڵك بە گشتی هۆشیار بكەنەوە، ﴿أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠﴾، كە جگە لە من هیچ پەرستراوێك نیە، هیچ شتێكی دیكە شایستەی ئەوە نیە، وەك پەرستراو مامەڵەی لەگەڵدا بكرێ.

٥)- ﴿فَٱتَّقُونِ﴾، بۆیە پارێز لە من بكەن، (التَّقْوَى) چییە؟ (التَّقْوَى: فِعْلُ المَأْمُورِ وَتَرْكُ المَحْظُورِ)، ئەنجامدانی ئەركە و، خۆ پاراستنە لە حەڕام و قەدەغە.

www.alibapir.net

مەسەلەی سێیەم:

خـوا ئاسـمانەکان و زەوی بـە هـەق دروسـتکردوون و، بەرزتـرە لـەوە هاوبـەشی هەبـن، چونکـە جگـە لـە خـۆی، بـەس دروسـتکراوەکاننی:

خوا دەفەرموێ: ﴿ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ تَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ﴾، خوا ئاسمانەکان و زەوی بە هەق دروستکردوون، وەك پێشتریش گوتمان: (لە مانای گشتی دا)، وشەی (**الحَق**) لێرەدا پێچەوانەی وشەکانی: (**العَبَث**، **واللَّعِب**، **والباطِل**)ە، کەواتە: (**حَق**) واتە: چەسپاو، حیکمەت، جیددیی، ئامانجێك کە بەجێ بێ.

واتـە: خـوا ئاسـمانەکان و زەوی هێناونـە دی بـۆ چەسـپاندنی هـەق و بـۆ هێنانـەدی حیکمـەت و ئامانجێـك، کـە ئامانجەکـە پەیوەندیـی بـە دروسـتکراوەکان و مـرۆڤ و جنـدەوە هەیـە، ئەگەرنـا خـوا ﷻ لـەوە بەرزتـرە کـە ئامانجێـك بەهـۆی غەیـری خۆیـەوە بێنێتـە دی، هـەر بۆیـە لەوبارەیـەوە: (ئەشـعەرییەکان و ماتوریدییـەکان و موعتەزیلـەکان) مشـتومڕێکی زۆریـان بـووە، کـە بـە بۆچـوونی مـن، بەشـێکی هۆیەکـەی لێـك تێنەگەیشـتن، بـووە، بـۆ وێنـە:

ئەشـعەرییەکان گوتوویانـە: نابـێ بگوتـرێ: خـوا ئامانجێـکی هەیـە لـە دروسـتکراوەکانیدا، چونکـە خـوا پێویسـتیی بـە غەیـری خـۆی نیـە، ئنجـا ئـەوە ڕاسـتە، خـوا پێویسـتیی بـە غەیـری خـۆی نیـە، بـەڵام ئـەوەش بـەو مانایـە نیـە کـە خـوا ئامانجێـکی نیـە! ئامانجێـکی هەیـە، کـە بریتیـە لـە بەزەیـی نوانـدن سـەبارەت بـە بەنـدەکانی، کـە پێویسـتیی پێیـان نیـە، بـەڵام خـوا دەیـەوێ چاکەیـان لەگـەڵ بـکات، بەزەییـان لەگـەڵ بنوێنـێ، پێیـان ببەخشـێ، ئـەوە ئامانجـە بەنسـبەت مرۆڤەکانـەوە، بەنسـبەت دروسـتکراوەکانی خـواوە، بـەڵام ئامانجێـك نیـە کـە سـوودێکی تێـدا هەبـێ بـۆ خـوای پـەروەردگار، بەڵکـو خـوا ﷻ دەیـەوێ چاکـە لەگـەڵ غەیـری خـۆی بـکات.

وەك لـە سـوورەتی (**الدخـان**)دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴿٣٨﴾ مَا خَلَقْنَٰهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ... ﴿٣٩﴾ ﴾، واتـە: ئاسـمانەکان و زەوییـمان بـە یارییکارانـە و گاڵتـە دروسـت نەکـردوون، بەڵکـو بـەس بـە هـەق دروسـتمان کـردوون.

www.alibapir.net

لە مانا گشتییەکەش دا، ئاماژەمان بە چەند ئایەتێکی دیکەدا و، ئێمە لە زۆر شوێنی دیکەش گوتوومانە: ئەو بابەتەمان لە سوورەتی (**یونس**)دا بە تەفصیل باسکردوە، لە ژێر سەر باسێکدا کە خوا گەردوونی بە هەق دروست کردوە.

٢)- ﴿تَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ﴾، واتە: خوا بەرزە لەوەی کە دەیکەنە هاوبەشی، یاخود بەرزە لەو شیرکەی کە ئەوان ئەنجامی دەدەن، (عَمَّا) ئەگەر (مَا: اَلْمَصْدَرِية)بێ، یانی: (عَن شِرْكِهِم) خوا بەرزە لە شیرك و هاوبەش بۆ خوا دانانی ئەوان، بەرزترە لەوە کە شایستەی ئەوە بێ، یاخود بەرزترە لەو شتانەی کە ئەوان دەیانکەنە هاوبەش بۆ خوا، ئەویش بە دوو جۆر خوێندراوەتەوە:

أ - **عَمَّا يُشْرِكُون.**

ب - **عَمَّا تُشْرِكُون.**

ئەگەر تەماشا بکەین لەم نۆ (٩) ئایەتەدا و، دوایی لەو دوازدە (١٢) ئایەتی دیکەشدا، کە بەدوایان دادێن، دەبینین خوا ﷻ بە شێوەیەکی پلەپلەیی باسی چەند ڕاستییەك دەکات، هاوکات وەك پێشتریش گوتمان: چەند چاك و نیعمەتێکی خواشن.

١) سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە ڕووحێکی بە فریشتەکاندا ناردوە بۆ پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**)، بۆ ئەوەی خەڵك بترسێنن و هۆشیار و بێداریان بکەنەوە، کە تەنیا بەندایەتیی بۆ خوا بکەن و، پارێز لەو بکەن و، هەر ئەو پەرستراوە.

٢) دوایی باسی دروستکردنی گەردوون و، ئاسمانەکان و زەوی دەکات.

٣) دوایی باسی دروستبوونی مرۆڤ.

٤) دوایی باسی دروستکردنی ئاژەڵ.

٥) ئنجا باسی وڵاخی بارەبەر دەکات.

٦) دوایی لە ئایەتەکانی دواتردا کە لە دەرسی ئایندەدا پێیان دەگەین، واتە: لە ئایەتەکانی (١٠ - ٢١)، باسی دابەزاندنی ئاو لە ئاسمانەوە، واتە: باران و بەفر و تەرزە دەکات.

٧) دوایی باسی دروستکردنی لەوەڕگا و ڕووەك و دار و درەخت، بەهۆی ئەو ئاوەوە و هێنانەدییان.

٨) دوایی باسی شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگ و ئەستێرەکان دەکات.

٩) ئنجا دوایی باسی هەر چییەك کە خوا لە زەوی دا دەیخوڵقێنێ، لە ڕووەك و زیندەوەران و دار و درەخت و... هتد.

www.alibapir.net

١٠) ئنجا باسی دەریا و سوودەکانی دەریا.

١١) دوایی باسی چیایەکان و ڕووبارەکان و ڕێگا و بانەکان و نیشانەکان و ئەستێرەکان، دەکات.

واتە: خوا ﷻ بە شێوەیەکی ڕیزبەندیی لە گرنگترەوە بۆ گرنگ پێدا چۆتە خوار لە باسکردنی چاکە و نیعمەتەکانی دا.

مەسەلەی چوارەم:

خوا مرۆڤی لە تۆویلکە (تنۆکە)یەك دروست کردوە، کەچی دوایی بۆتە مشتومڕکەرێکی ئاشکرا:

خوا دەفەرموێ: ﴿ خَلَقَ ٱلْإِنسَـٰنَ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ ﴾ (٤).

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿ خَلَقَ ٱلْإِنسَـٰنَ مِن نُّطْفَةٍ ﴾، (خوا) ئینسانی دروستکردوە لە (**نُطْفَة**)، کە لە زمانی عەرەبی دا، کە بە ئاوێکی کەم و صاف دەگوترێ، بە کوردیی پێی دەگوترێ: (تنۆکە)، (تنۆکە ئاو)، بەڵام ئەوەی مرۆڤی لێ دروست دەبێ، کە ئێستا زانستی کۆرپەلەناسیی دەریخستوە، دوو زیندەوەرن:

أ - یەکێکیان ژیانداری تۆویی (**حَيْوَان منوي**)، کورتەکەی: (حیمن)ە، ئەو زیندەوەرە بچووکەی کە لە نێو ئاوی پیاودا هەیە، کە لە هەر دڵۆپێك لە تۆو (**مني**) پیاودا، ملیۆنان لەو زیندەوەرە بچووکانە هەن.

ب - هێلکۆڵە (**بويضة**) کە ئەویش زیندەوەرێکی بچووکە لە ئاوی ئافرەتدا هەیە، دیارە بە زۆریی وایە تەنیا یەك هێلکۆڵە لە ئاوی ئافرەتدا هەیە، لە کاتێکدا کە ئافرەت ئەو ئاوەی دێت، کە ئەویش هەر تۆو (**مني**)ە، ئنجا لەو دووانە ئەو (**نطفة**)یە پێکدێ، ئەو دووانەش هیچیان بە چاو نابینرێن و، بگرە ئەوەشی لێیان پێکدێ، کە (**نطفة**)یە، ئەویش هەر بە چاو نابینرێ، کە ئەویش لە پێشێدا (**نطفة**)یە، دواتر دەبێتە (**علقة**) و دواتر دەبێ بە (**مضغة**)و قۆناغەکانی دیکە دەبڕێ[1].

---

(١) لە تەفسیری سوورەتی (المؤمنون): ١٢--١٤، باسێکی سەربەخۆیان لەبارەی دروستبوونی مرۆڤەوە

www.alibapir.net

٢)- ﴿ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ ﴾، دوایی یەکسەر ئەو مرۆڤە، کە لەو تۆویلکەیە (تنۆکە) دروستبووە، بۆتە مشتومڕکەرێکی ئاشکرا، (**خَصِيم**): پێشتر گوتمان، یانی: (**كَثِيرُ الخِصَام**)، (**خِصام**) واتە: ناکۆکیی و مشتومڕ و قسەکردن و بگرەو بەردە.

دەگونجێ لێرەدا مەبەست ئەوە بێت کە لە (**نطفة**)یەکەوە کە بە چاو نابینرێ، بۆتە مرۆڤێك کە توانای مشتومڕ و قسەکردن و شەڕە قسەی هەیە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَكُن لِّلْخَآئِنِينَ خَصِيمًا ﴿١٠٥﴾ ﴾ النساء، تۆ مشت ومڕ مەکە، لەسەر خائینان و ناپاکان و، بەرگرییان لێ مەکە، دەشگونجێ (**خَصيم**) بە واتای مشتومڕکەرێك کە ناکۆکیی دەکات لە دژی خوا.

(مُّبِينٌ)یش دەگونجێ بە مانای (ڕوون)بێ، یانی: مشتومڕکەرێکی ڕوون، یاخود (مُّبِينٌ) واتە: ڕوونکەرەوە، واتە: مەبەستەکانی خۆی چاك ڕوون دەکاتەوەو دەگەیەنێ، کە مانای یەکەمیان (مُبين) لە (أَبانَ)ی (لازم)ەو، هی دووەمیان (مُبين) لە (أَبانَ)ی (مُتَعَدِّي)یەوەیە.

کردوە، هەم ئادەم و حەووا، هەم وەچەکەشیان، هەروەها لە مەوسووعەی: (درەوشاوەیی ئیمان و پووچەڵیی ئیلحاد...)یشدا، باسێکی تێرو تەسەلمان لەوبارەوە کردوە.

www.alibapir.net

مەسەلەی پێنجەم:

خوا ﷻ ئاژەڵەکانی بۆ مرۆڤان هێناونەدی، کە پۆشاکی گەرمکەرەوە، لە پێست و تووك و خوری و موویان دروست دەکەن و، وێڕای لێخواردنیان، لە گۆشت و بەرهەمەکانیان، سوودگەلی زۆریان لێوەردەگرن و، بار و سواریان پێدەکەن:

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ وَٱلۡأَنۡعَٰمَ خَلَقَهَاۖ لَكُمۡ فِيهَا دِفۡءٞ وَمَنَٰفِعُ وَمِنۡهَا تَأۡكُلُونَ ٥ وَلَكُمۡ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسۡرَحُونَ ٦ وَتَحۡمِلُ أَثۡقَالَكُمۡ إِلَىٰ بَلَدٖ لَّمۡ تَكُونُواْ بَٰلِغِيهِ إِلَّا بِشِقِّ ٱلۡأَنفُسِۚ إِنَّ رَبَّكُمۡ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٞ ٧ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١- خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلۡأَنۡعَٰمَ خَلَقَهَاۖ لَكُمۡ ﴾، واتە: (خوا) ئاژەڵەکانی بۆ ئێوە هێناونە دی، خوا ﷻ لێرەدا باسی ئاژەڵان دەکات، بەڵام لە ڕاستییدا هەرچی کە لەسەر زەوییە، خوا بۆ مرۆڤانی هێناوەتە دی، وەك لە سوورەتی (**البقرة**)دا، دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا ... ٢٩ ﴾، واتە: هەرچی لەسەر زەوییە، هەمووی بۆ ئێوە هێناوەتە دی، یاخود هەرچی لەسەر زەوییە بۆ هەمووانتانی هێناوەتە دی، وشەی: ﴿ جَمِيعٗا ﴾، ئەگەر پەیوەست بێتەوە بە ﴿ خَلَقَ ﴾، واتە: تێکڕای ئەوەی کە لەسەر زەوییە، بۆ ئێوەی دروستکردوە، بەڵام ئەگەر پەیوەست بێتەوە بە ﴿ جَمِيعٗا ﴾، واتە: بۆ تێکڕاتانی هێناوەتە دی، هەردوو واتایەکەش لە یەك کاتدا ڕاستن، بەڵکو خوا ﷻ لە چەند ئایەتێکدا ئەوەی فەرمووە، کە هەرچی لە گەردووندایە، بە سەر و خواریەوە، بۆ بەهرە لێوەرگرتنی مرۆڤەکان، ڕام و دەستەمۆ و ملکەچی کردوە، وەك لە سوورەتی (**لقمان**)دا دەفەرموێ: ﴿ أَلَمۡ تَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةٗ وَبَاطِنَةٗ ... ٢٠ ﴾، واتە: ئایا سەرنج نادەن! چۆن کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، خوا بۆ ئێوەی ڕام و دەستەمۆ و ملکەچ کردوە و، چاکەکانی خۆی بە ئاشکراو پەنهان بەسەردا ڕشتوون !

هەروەها لە سوورەتی (**الجاثية**)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا مِّنۡهُ ... ١٣ ﴾، واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، هەمووی لەلایەن خواوە بۆ ئێوە ملکەچ و دەستەمۆ کردوە (وایلێکردوە کە بتوانن لێی بەهرەمەندبن).

www.alibapir.net

وشـەی (الأنعـام)، زۆرجـاری دیکـەش باسـمان کـردوە: کـە چـوار جـۆر ئـاژەڵان دەگرێتـەوە: حوشـتر، ڕەشـەوڵاخ، مـەڕ، بـزن.

٢- ئنجا دێتە سەر باسی ئەو سوودانەی کە ئێمە لەو چوار جۆرە ئاژەڵە وەریدەگرین، دەفەرمویْ: ﴿لَكُمْ فِيهَا دِفْءٌ﴾، لەو ئاژەڵانەدا، گەرمیی هەیە بۆ ئێوە، گەرمکردنەوە هەیە بۆ ئێوە، (الدِّفءُ: إِسْمٌ لِمَا يُتَدَفَّأُ بِهِ)، (دِفء): ناوە بۆ هەر شتێك کە مرۆڤ پێی گەرم بێتەوە، واتە: لە سەرما بیپارێزێ و گەرمی بکاتەوە، کە بەدڵنیاییەوە مەبەست پێست و کەوڵ و خوریی و تووك و مووی ئەو ئاژەڵانەیە، کە بەرگ و پۆشاك و، بەڵکو جاری وا هەیە جێگاو ڕێگاشی لێ دروست دەکرێ و، کەلوپەلی دیکەش لەوانە دروست دەکرێ، زۆر جۆرە کەلوپەلی ماڵ، بە تایبەتی بۆ خەڵکی ڕەوەند و کۆچەریی: ڕەشماڵ، چادر، لباد، تێر، خورجین، جەواڵ، بەڕە، مافور، کەژوو، گوریس و...هتد، ئەو کەلوپەلانەی بەکاردەهێنرێن، وێڕای جۆرەکانی بەرگ و پۆشاك بە هەموو شێوەکانیانەوە، کە لە چەرم و پێستیان، لە کەوڵیان، یان لە تووك و، خورییان و، لە موویان دروست دەکرێن.

٣- ﴿وَمَنَافِعُ﴾، یانی: (فِيهَا مَنَافِع)، سوود گەل، (مَنَافِع)، کۆی (مَنْفَعَة)یە، یانی: ئەو ئاژەڵانە، زۆر سوود و کەڵکی دیکەیان لێوەردەگیرێن.

٤- ﴿وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ﴾، هەروەها لێشیان دەخۆن، واتە: لە گۆشتەکەیان دەخۆن و، لە بەرهەمەکەشیان دەخۆن، هەم خودی خۆیان دەخۆن و سەریان دەبڕن، هەم لە بەرهەمەکەشیان دەخۆن.

٥- ﴿وَلَكُمْ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسْرَحُونَ﴾، هەروەها بۆ ئێوە جوانیی هەیە لەو ئاژەڵانەدا، کاتێك کە دەیانهێننەوە لە لەوەڕ، لە لەوەڕگا دەیانهێننەوە بەرە و ماڵ، ﴿وَحِينَ تَسْرَحُونَ﴾، هەروەها کاتێك کە دەریان دەکەن بۆ لەوەڕ، واتە: چ کاتێك کە ئێواران دەیانهێننەوە بەرەو ماڵ و، چ کاتێك کە بەیانیان دەریان دەکەن بەرەو لەوەڕگا، دیمەنێکی جوان هەیە، بۆ ئێوە لەواندا کە سەرنجی بدەن و دڵتان پێی خۆش بێ.

کـە خـوا دەفەرمـویْ: ﴿حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسْرَحُونَ﴾، پێشـتریش باسـمانکرد: بەپێـی ڕیزبەندیـی مەنتیقیـی، ئـاژەڵ بەیانیـان دەردەکرێـن بـۆ لـەوەڕگا و، ئێـواران دەهێنرێنـەوە بـۆ ئاغـەڵ و پشـتیر و تەویلـەو ئـەو شـوێنانەی کـە تێیانـدا پشـوو دەدەن، بـەڵام خـوا ﷻ هێنانـەوەی ئاژەڵـەکانی لـە ئێوارانـدا، پێشخسـتوە لـە دەرکردنیـان لـە بەیانیانـدا بـۆ لـەوەڕگا، لەبەرچـی؟ لەبەرئـەوەی کاتێـك بـە تێـر و پڕیـی دێنـەوە لـە لـەوەڕگا، ئـەو ئاژەڵانـە زەوق و

www.alibapir.net

نیشاط و جموجۆڵ و هەڵبەزو دابەزێکی دیکەیان هەیە، لە چاو ئەوەی کە بەیانیان بە برسیەتیی، بە پەژموردەیی بەرەو لەوەڕگا بەڕێ دەکرێن، بۆیە خوا ئەوی پێشخستوە.

ئنجا وشەی (**تُرِيحُونَ**)، (**الإِرَاحَةُ: فِعْلُ الرَّوَاحِ**)، (**إِرَاحَة**)، کە لە: (**أَرَاحَ، يُرِيحُ**) هاتوە، واتە: ئەنجامدانی هێنانەوەی وڵاخان، هێنانەوەی ئاژەڵان لە لەوەڕگا، (**الذَّهَابُ إِلى الْمُرَاحِ**)، واتە: ڕۆیشتن بەرەو ئەو شوێنەی کە پشووی لێدەدەن، واتە: بۆ ئاغەڵ و پشتیر و ئەو شوێنانەی ئاژەڵیان تێدەکرێ، ئنجا (**أَرَاحَ نَعَمَهُ: أَعَادَهَا**)، حوشترەکانی (**إِرَاحَة**) کردن، واتە: هێنانیەوە لە لەوەڕگا.

بەڵام کە دەفەرموێ: ﴿ **وَحِينَ تَسْرَحُونَ** ﴾، (**السُّرُوحُ: الإِسَامَةُ**)، (**سروح**)، واتە: لەوەڕاندن (**إِسَامَة**)، لەوەڕاندن، (**الغُدُوُّ بِهَا إِلى الْمَرَاعِي**)، ئەوەیە کە بەیانیان زوو بیبرێ بەرەو لەوەڕگاکان، (**مَرَاعِي**) کۆی (**مَرْعَى**)یە، ئەو شوێنەی کە ئاژەڵی لێ دەلەوەڕێنرێ، دەگوترێ: (**سَرَحَهَا، سَرْحاً، وَسُرُوحاً**) واتە: بردی بۆ لەوەڕ، (**وَسَرَّحَهَا: تَسْرِيحاً**)، ئەویش بە هەمان شێوە، بەڵام دیارە کە ئەگەر بڵێ: (**سَرَّحَهَا: تَسْرِيحاً**)، ماناکەی بەهێزترە.

ئنجا وەك گوتمان: دیمەنی ئاژەڵان بە تێر و پڕیی کە لە لەوەڕگا دێنەوە، جوانترە، بۆیە پێش خراوە و، خوای پەروەردگاریش باسی جوانیی دەکات، دەفەرموێ: ﴿ **وَلَكُمْ فِيهَا جَمَالٌ** ﴾، ئنجا ئایا ئەو جوانییە، کەی باشتر و چاکتر بەرجەستە دەبێ؟ بێگومان کاتێك کە ئاژەڵەکان بە تێر و پڕیی، ئێواران لە لەوەڕگا دەگەڕێنەوە، ئنجا بارەی بزن و مەڕ، هۆڕەی ڕەشەوڵاخ، حیلکەی ماین و ئەسپ، زەڕەی گوێدرێژ، هەروەها ڕوغائی حوشتر و، جۆرەکانی دیکەی ئاژەڵان کە هەر کامێکیان دەنگ و سەدایەکی هەیە، کەسێك ژیانی لادێی بینیبێ، یاخود ژیانی خەڵکی ڕەوەندی بینیبێ، کە ئێواران ئەو ئاژەڵانە هەموویان دێنەوە لە لەوەڕگا و، دەنگیان تێکەڵ دەبێ، ئاواز و نەغمەیەکی زۆرخۆشیان هەیە و، دیمەنێکی زۆر جوانیشیان هەیە.

ئنجا کە بە کرداری (**المضارع**) دەیفەرموێ: ﴿ **حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسْرَحُونَ** ﴾، دیمەنەکە بە زیندوویی دەخاتە بەرچاو، کاتێك کە دەیانهێننەوە لە لەوەڕگا و، کاتێك بەڕێیان دەکەن بۆ لەوەڕگا.

٦- ﴿ **وَتَحْمِلُ أَثْقَالَكُمْ** ﴾، هەروەها کەل و پەلەکانتان هەڵدەگرن، (**أَثْقَال**)، کۆی (**ثَقَل**)، (**وَهُوَ مَا يَثْقُلُ عَلَى الناسِ حَمْلُهُ بِأنْفُسِهِم**)، (**أَثْقَال**)، ئەو کەلوپەلانەن، کە قورسن خەڵك بە تەنیا هەڵیان بگرن، بە شان و کۆڵی خۆیان هەڵیان بگرن، واتە: بەهۆی ئەو ئاژەڵانەوە، ئەو بار و سوارەشتان هەیە،

www.alibapir.net

دیاره زیاتر حوشتر بۆ ئەوە بەکارهاتوە، بەڵام لە هەندێ شوێن ڕەشەوڵاخیشیان بەکارهێناوە، گامێش و گا و مانگاشیان بەکارهێناون، بۆ هەندێك بار و كۆڵ.

٧- ﴿إِلَىٰ بَلَدٍ لَّمۡ تَكُونُواْ بَٰلِغِيهِ إِلَّا بِشِقِّ ٱلۡأَنفُسِ﴾، بەرەو وڵاتێك بەرەو شوێنێك كە نەتاندەتوانی بیگەنێ، واتە: بۆخۆتان بەبێ بەکارهێنانی ئاژەڵەکان، بەبێئەوەی کە بارەکان بخەنە سەر پشتی ئەوان، نەتاندەتوانی بگەنە ئەو شوێنانەو کەلوپەلەکانتانیان بگەیەنێ.

٨- ﴿إِلَّا بِشِقِّ ٱلۡأَنفُسِ﴾، مەگەر بە خۆ ئەزیەتدانێکی زۆر، بە ماندوبوونێکی زۆر، (**الشِّقُّ: الْمَشَقَّةُ**)، ئەمە خوێنراویشەتەوە: (**شَقُّ الأَنْفُس**)، کە هەردووکیان بە مانای ناڕەحەتیی و قورسیی و زەحمەتیی دێن، واتە: ئێوە بە زەحمەت بەبێ بارەبەر دەگەیشتنە ئەو شوێنانە، وەك گوتمان: مەبەستیش لە بارەبەر، لە ڕیزی چوار جۆرە ئاژەڵەکان دا، حوشترە بە پلەی یەکەم.

٩- لە کۆتایی دا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ رَبَّكُمۡ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٞ﴾، بێگومان پەروەردگاری ئێوە زۆر بە پەرۆش و بە بەزەییە، لە فەرهەنگەکانی زماندا، هاتوە: (**الرَّأْفَةُ: أَشَدُّ الرَّحْمَة**)، وشەی (**رَأْفَة**) واتە: زۆر بە بەزەیی، (**الرَّحْمَة**)ش، واتە: بەزەیی.

بەڵام لە هەندێك لە فەرهەنگەکاندا هاتوە کە (**رَؤُوف**)، ئەو سیفەتەیە کە وا لەو کەسە دەکات، کە خاوەنی ئەو سیفەتەیە، بەرانبەرەکەی لە ئازار و لە زیان و لە خراپە دووربخاتەوە.

بەڵام (**رَحیم**) بریتیە لەوەی کە وا لە خاوەنەکەی دەکات، (ئەو کەسەی ئەو سیفەتەی هەیە)، چاکە و خێر بۆ بەرانبەرەکەی بێنێ.

کەواتە: (**رؤوف**)، بۆیە من بە (پەرۆش) تەفسیرم کردوە، خوا بە پەرۆشە لەگەڵتان و بە بەزەییشە، بە پەرۆشە بۆ ئێوە، زیانتان لێ دووربخاتەوە و، بە بەزەییشە لەگەڵ ئێوەدا، کە سوود و قازانجەکانتان بۆ بێنێ.

www.alibapir.net

مەسەلەی شەشەم:

خوا ﷻ وڵاخە بەرزەو ئێستر و کەری بۆ سواریی و، هەروەها بۆ جوانیی بۆ ڕەخساندوون:

خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَٱلۡخَيۡلَ وَٱلۡبِغَالَ وَٱلۡحَمِيرَ لِتَرۡكَبُوهَا وَزِينَةٗۚ وَيَخۡلُقُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٨ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١- (وَٱلۡخَيۡلَ)، واتە: وڵاخە بەرزە، کە بە کوردیی (یەکسم)یشی پێدەڵێن، لەبەرئەوەی ڕەشەوڵاخ (دووسم)ە، هەروەها مەڕ و بزنیش، بەڵام کە گوترا: (یەکسم)، واتە: وڵاخە بەرزە، ئەمیش ناوی کۆیە، بەڵام لە بێژەی خۆی، تاکی نیە و هەر دەگوترێ (**خَيْل**)، بۆ تاکەکەی (**فَرَس**) دەگوترێ کە بە (**أفراس**) کۆ دەکرێتەوە، بەڵام (**خَيْل**) بە (**خيُول**)یش جارێکی دیکە کۆدەکرێتەوە.

٢- ﴿ وَٱلۡبِغَالَ ﴾، کۆی (**بَغل**)ە، (**بَغل**)یش تاکەکەی (**بَغْلَة**)یە، کە دیارە ئێستر، لە ماین و کەر پەیدا دەبێ، ئنجا مێیەکەی (**بَغْلَة**) یان (**بَغل**)ی پێدەڵێن و، نێرەکەی بارگینی پێ دەڵێن، بە عەرەبی (**بَرذُون**)، کاتێك کە نێرەکەرێك چاك دەکەن لە ماینێك، واتە: سواری دەبێ، لەگەڵی جووت دەبێ، ئەوەی کە لێیان پەیدادەبێ، ئەگەر مێ بێ، ئێستری پێدەڵێن، کە ئێستر نەزۆکە، هەرچەندە مێییە، بەڵام وەچەی نیە، بێ وەجاخە، بە زاراوەی کوردەواریی خۆمان، نێرەکەیشی بارگینی پێدەڵێن، بە عەرەبی (**بَرذُون**).

٣- ﴿ وَٱلۡحَمِيرَ ﴾، (**حَمِير**)، کۆی (**حِمَار**)ە، (**حِمَار**)، بە (**أَحْمِرة**) و، بە (**حُمُر**)یش کۆدەبێتەوە، ئنجا (**حِمَار**)، بۆ نیر و بۆ مێ بەکاردێ، بەڵام زیاتر بۆ مێ (**أتان**)یان بەکارهێناوە، دەگوترێ: نێرەکەر و ماکەر.

٤- ﴿ لِتَرۡكَبُوهَا وَزِينَةٗ ﴾، بۆ ئەوەی سواریان بن، ئەم سێ جۆرە وڵاخە، هەم وڵاخە بەرزە، هەم ئێستر، هەم کەر، هەم سواریان بن، کە ئەمە ئاماژەیەکە بەوەی کە بەکەڵکی خواردن نایەن.

٥- ﴿ وَزِينَةٗ ﴾، هەروەها بۆ جوانییشە، واتە: حیکمەتێك کە خوا ڕەچاوی کردوە لەو وڵاخانەدا، هەم ئەوەیە کە بۆ بار و سوار بەکاریان بێنن، هەم بۆ جوانییش ڕایان بگرن، دیمەنێکی جوانیان

www.alibapir.net

هەیە، بە تایبەتی وڵاخە بەرزە، کە ئەوەش بە پێی زەوق و سەلیقەیە، هەیە ڕەنگە جوانیی زیاتر لە کەردا ببینێ، هەروەك و یەكێك لە دوو حیزبە گەورەكەی ئەمریكا، یەكێكیان هێمایەكەی كەرە و یەكێكیان هێمایەكەی فیلە.

٦- ﴿وَيَخۡلُقُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ﴾، هەروەها (خوا) شتی واش دروست دەكات بۆ بار و سوارتان، كە نایزانن.

ئنجا ئێمە ئەم ڕستەیە لە كورتە باسێكدا ڕوون دەكەینەوە، بەڵام پێش ئەوە كورتە باسێك لەبارەی: (حوكمی خواردنی گۆشتی وڵاخەبەرزە و ئێستر و كەر)ەوە دەخەینە ڕوو:

www.alibapir.net

دوو کورتە باس:

کورتە باسی یەکەم:

حوکمی خواردنی کوشتی ولاخە بەرزە و ئێستر و کەر

لەوبارەوە زانایان مشتومڕی زۆریان بووە، بە تایبەت ئەم وشەیە کە دەفەرموێ: ﴿ لِتَرۡكَبُوهَا ﴾، دوای ئەوەی خوا **عزوجل** باسی ولاخە بەرزە و ئێستر و کەر دەکات، دەفەرموێ: ﴿ لِتَرۡكَبُوهَا وَزِينَةٗ ﴾، بۆ ئەوەی سواریان بن، هەروەها بۆ جوانییشن.

دەڵێن: کەواتە: خوا ئامانج و حیکمەتێك کە بەهۆی ئەو ولاخانەوە دێتە دی، دیارییکردوە، کە دووانن:

١- یان بۆ سواربوون و بار و سوارن.

٢- یان بۆ جوانیی و ڕاگرتنن، کە دیمەنێکی جوانیان هەیە، بەڵام باسی خواردنی نەکردوە، بۆیە لەوبارەوە مشت ومڕیان بووە، با ئاماژە بەم پێنج (٥) دەقە بکەین:

یەکەم: {**عَنْ جَابِرٍ** ﷺ، **قَالَ: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَوْمَ خَيْبَرَ عَنْ لُحُومِ الْحُمُرِ الأَهْلِيَة، وَأَذِنَ فِي لُحُومِ الْخَيْلِ**} (**مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: الْبُخَارِيُّ**: ٤٢١٩، **وَمُسْلِمٌ**: ١٩٤١).

واتە: جابر ﷺ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕۆژی خەیبەردا، (واتە: لە جەنگی خەیبەردا)، گۆشتی کەری ماڵیی قەدەغە کرد، بەڵام مۆڵەتی دا بۆ گۆشتی ولاخە بەرزە، واتە: خواردنی گۆشتی کەری ماڵیی قەدەغە کرد و، مۆڵەتی دا کە گۆشتی ولاخە بەرزە بخورێ.

بۆچی دەفەرموێ: (**الْحُمُرِ الأَهْلِيَة**) ؟، چونکە کەرە کێوییەکان (**الْحُمُر الوَحْشِية**)ش هەن، کەری کێویی کە بەڵەکن، ئەوانە بەس گیا خۆرن و، گۆشتیان دەخورێ، هیچ کام لە زانایان لەوبارەوە مشتومڕیان نەبووە، کە کەری کێویی گۆشتی دەخورێ، بە پێچەوانەی کەری ماڵییەوە، کە بە دەقی فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغە کراوە.

دووەم: {**عَنْ أَسْمَاءَ قَالَتْ نَحَرْنا فَرَساً عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَأَكَلْنَاهُ**}، (**أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ**: ٥٥١٢، **وَمُسْلِمٌ**: ١٩٤٢).

واتە: ئەسماء کچی (ئەبوو بەکری صیددیق، خێزانی زوبێری کوڕی عەووام خوا لێیان ڕازیبێ)، دەڵێ: لە ڕۆژگاری پێغەمبەری خوادا ﷺ ئەسپێکمان سەربڕی، گۆشتەکەیمان خوارد.

www.alibapir.net

ئەوە بە نسبەت وڵاخە بەرزەوە، کە زۆربەی زانایان ڕایان وایە گۆشتەکەی دەخورێ، بە بەڵگەی ئەو دەقانەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ کە هێنامانن و، هی دیکەش هەن.

ئەوانەش کە پێیان وایە گۆشتی وڵاخە بەرزە ناخورێ، لەبەرئەوە نیە کە گۆشتەکەی ناخورێ، چونکە لەوبارەوە ئەو فەرمایشتانەی پێغەمبەر ﷺ هەن و، مەسەلەکە یەکلایی دەکەنەوە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە دەڵێن: وڵاخەبەرزە - بە تایبەتی ئەسپ و ماین، کە ئەوەی گۆشتی دەخورێ، مەبەست ئەوەیانە - بۆ بار و سوار، پێویستترن، کاتی خۆشی ئەسپ بە تایبەتی بۆ جەنگ، لە شوێنی سەیارە و دەبابەی ئێستا بووە، بۆیە بە پەسەند نەزانراوە کە بخورێن و، لە هەندێك شوێنەواراندا هاتووە کە قەدەغەکراوە گۆشتی ئەسپ و ماین و ئەوانە بخورێ، بەڵام وەك گوترا:

حیکمەتی ئەو ڕێلێگرتنە، ئەوە بووە کە پێویستییان پێبوون، بۆ بار و سوار، هەروەها هۆکارێکی گرنگی جەنگ بووە، ئەو سوپایەی کە ئەسپی زیاتر بووبن، زیاتر ئەگەری ئەوەی هەبووە کە بەسەر بەرانبەرەکەیدا زاڵ بێ، چونکە سوار چاکێ کە سواری ئەسپ دەبێ، زۆر بە خێرایی دێت و دەچێ و، کوێی بوێ بە ئاسانیی دەیگاتێ و، چۆنی بوێ، زەبر دەوەشێنێ و، دەڕوا و تێدەپەڕێ.

(**القُرْطُبِي**) لە تەفسیرەکەی خۆی (**الجامع لأَحْكام القُرْآن**)[1]دا، دەڵێ:

{وَأَمَّا البغَال فَإِنَّهَا تُلْحَقُ بالحَمِير، إنْ قُلْنا إِنَّ الخَيْلَ لاَ تُؤْكَلُ، فَإِنَّهَا تَكُونُ مُتَوَلِّدَة مِنْ عَيْنَيْنِ لاَ يؤكلان، وَإِنْ قُلْنا إِنَّ الخَيْل تُؤْكَلُ، فَإِنَّهَا عَيْنٌ مُتَوَلِّدَة مِنْ مأكُول وَغَيْرِ مَأْكُول فَغُلِّبَ التَّحْرِيم عَلَى مَا يَلْزَمُ فِي الأُصُول}.

واتە: لەبارەی ئێسترانەوە، پەیوەست دەکرێن بە کەرانەوە، (واتە: لە ڕووی ئەوەوە کە گۆشتیان ناخورێ، یەك حوکمیان هەیە)، چونکە ئەگەر گوتمان: وڵاخە بەرزە گۆشتی ناخورێ، (ئەسپ و ماین گۆشتیان ناخورێ)، ئەوە ئێستر لە دوو ڕەگەزانەوە هاتووە، کە هەردووکیان گۆشتیان ناخورێ، (کە یەکێکیان گوێدرێژە، ئەویدیکەشیان وڵاخە بەرزەیە، چونکە وەك گوتمان: ئێستر وەچەی نێرەکەر و ماینە کە ماین لە نێرەکەر چاك دەکرێ، واتە: پێکەوە جووت دەبن، ئەوەی کە لێیان پەیدا دەبێ، ئەگەر مێ بێ ئێسترە و، ئەگەر نێر بێ بارگینە)، بەڵام ئەگەر گوتمان: وڵاخە بەرزە گۆشتی دەخورێ، ئەوە ئێستر لە ڕەگەزێکەوە هاتووە کە گۆشتی دەخورێ و، لە ڕەگەزێکیشەوە کە گۆشتی ناخورێ، ئنجا بەپێی بنچینەکانی شەریعەت، ئەگەر شتێك حەڵاڵ و حەرامی تێدا هەبوو، لایەنە

---

(١) ج ١٠، ص ٦٤.

www.alibapir.net

حەرامەکەی زاڵ دەکرێ بەسەر لایەنە حەڵاڵەکەیدا، (کەواتە: بەو پێیەش بێ دیسان هەر گۆشتی ئێستر ناخورێ).

ئەوەش کە (القُرطُبي) گوتوویەتی: ڕای زۆربەی هەرە زۆری زانایانە، ئەگەر نەڵێم هەر هەموو یان.

سێیەم: هەر لەو بارەوە کە ئایا وڵاخە بەرزە - کە دەڵێین: وڵاخە بەرزە، واتە: چ نێرەکە کە ئەسپە، چ مێیەکە کە ماینە، هەروەها ئەوەش کە لە ماین و کەر پەیدا دەبێ کە ئێسترە و، بارگینە، هەر چوار جۆرەکە دەگرێتەوە - ئایا زەکاتی لێدەدرێ ؟

پێغەمبەر ﷺ لەوبارەوە فەرموویەتی: {لَيْسَ عَلَى الْمُسْلِمِ فِي عَبْدِهِ وَلاَ فَرَسِهِ صَدَقَةٌ} (**أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ: ١٤٦٣، وَمُسْلِمٌ: ٩٨٢**)، واتە: مسوڵمان لە کۆیلەکەیدا و لە ئەسپەکەیدا زەکاتی لەسەر نیە.

چوارەم: لەبارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو وڵاخە بارەبەرانەوە، واتە: گوێدرێژ و ئەسپ و ماین و، ئێستر و، بارگین و، هەموویان، فەرموودەیەك هەیە کە دەبێ بۆ بار و سوار و کاروباری پێویست بەکاربهێنرێن:

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {لاَ تَتَّخِذُوا ظُهُورَ الدَّوَابِّ كَرَاسِيَ} (**أَخْرَجَهُ ابْنُ أَبِي شَيْبَة: ٢٦٤٨٦**)، واتە: پشتی ئەو وڵاخانە مەکەنە کورسیی. (واتە: کە هەر بۆ خۆشیی لەسەریاندا دابنیشن)، بەڵکو مەگەر بۆ بە ڕێدا ڕۆیشتن، لە کاتی پێویستدا، بۆ بارلێنان، مەگەر بۆ ئەوانە بەکاریان بێنن، ئەگەرنا نەچن هەر بۆ خۆشیی لەسەر پشتیان دابنیشن و، ڕاشیان بگرن وەك کورسیی.

پێنجەم: هەروەها لەبارەی گرنگی حوشتر و، مەڕ و بزن و، وڵاخەبەرزەوە، کە گرنگن لە ژیانی دنیادا، ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ هەیە:

{**عَنْ حُذَيْفَةَ** رضي الله عنه، **قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ** ﷺ: **الْغَنَمُ بَرَكَةٌ، وَالإِبِلُ عِزٌّ لأَهْلِهَا، وَالْخَيْلُ فِي نَوَاصِيهَا الْخَيْرُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ**} {**أَخْرَجَهُ إِبْنُ مَاجَه: ٢٣٠٥، وَصَحَّحَهُ الأَلْبانِي فِي (صحيح الجامع): ٢٧٦٠**}.

واتە: حوزەیفە رضي الله عنه، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: مەڕو بزن بەرەکەتن (بۆ خەڵکەکەیان)، حوشتریش مایەی عیززەت و باڵا دەستییە بۆ خەڵکەکەی، وڵاخە بەرزەش خێری بە نێوچاوانەوە هەیە و سوود و بەرژەوەندیی تێدایە، هەتا ڕۆژی قیامەت.

(هەڵبەتە دەبێ بزانین کە وڵاخە بەرزە و حوشتری ئەو کاتە، لە جێی سەیارەی ئێستا بووە، کەسێك کە ئێستا سەیارەی پێبێ، جیایە لەوەی کە پێڕۆ بێ، ئەو کاتەش

www.alibapir.net

ئەوەی کە وڵاخە بەرزە یان حوشتری هەبووە، یان بارەبەری دیکەی هەبووە، وەك ئەوە بووە، ئێستا کەسێك سەیارەی پێبێ، ئەوەش کە نەیبووبا، وەك کەسێك بووە کە ئێستا بە پێیان بڕوات و پێڕۆبێ و کار وبارەکانی خۆی لەسەر پێی خۆی بکات.

کورتە باسی دووەم:

مەبەست لە (خوا شتی وا دروست دەکات، کە نایزانن) چییە؟

کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَيَخْلُقُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴾، هەروەها خوا شتێك دروست دەکات، کە نایزانن، لە سیاقی باسی وڵاخی بارەبەردا: ﴿ وَالْخَيْلَ وَالْبِغَالَ وَالْحَمِيرَ لِتَرْكَبُوهَا وَزِينَةً وَيَخْلُقُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴾، وڵاخە بەرزەو، ئێسترو، کەر، بۆ ئەوەی سواریان بن و بۆ جوانییش و، شتێك دروست دەکات کە نایزانن، شتانێك دروست دەکات کە نایانزانن.

توێژەرەوانی قورئان لەبارەی ئەم ئایەتەوە، کەوتوونە مشتومڕێکی زۆرەوە، ناهەقیشیان نەبووە، بۆ وێنە:

١/ لە هەندێك لە تەفسیرەکاندا دەڵێ: (**يَخْلُقُ لَكُم فِي الجَنَّة وَسَائِلَ أُخْرَى**)، یانی: لە بەهەشتێ دا خوا هۆکاری دیکەی هاتووچۆتان بۆ دەڕەخسێنێ.

یانی هۆکار و ئامڕازی دیکەتان بۆ دەڕەخسێنێ لە بەهەشتدا، کە نازانن چۆنن !

٢/ هەندێکیان گوتوویانە: ﴿ وَيَخْلُقُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴾، واتە: (**يَخلُقُ مِنْ أَنْوَاعِ الحَشَرَاتِ وَالهَوَامِ**)، لە جۆرەکانی زیندەوەر و، مێش و مەگەز، خوا دروستیان دەکات کە ئێوە نایانزانن.

٣/ هەندێکیان گوتوویانە: لە بنی دەریا، لە نێو دەریادا، لە هەوادا، لە بنی زەویدا، شتانێکی دیکە دروست دەکات.

هەڵبەتە ناڵێم: ئایەتەکە ئەو واتایانەش ناگەیەنێ.

بەڵام ئەگەر ئەو ڕستەیە بە پێی سیاقی ئایەتەکە، تەماشای بکەین و، ئەو ڕستەیە لە سیاقەکەی خۆی دەرنەهێنین، کە زۆرجار دەرهێنانی ڕستەیەك لە سیاقەکەی خۆی، لەو سیاقەی کە تێیدا هاتوە، لەو زنجیرە ئایەتە کە لەگەڵیاندا هاتوە، ڕستەکە مانایەکی هەڵە بە دەستەوە دەدات.

www.alibapir.net

ئنجا لێرە کە دەفەرموێ: ﴿ وَيَخۡلُقُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ﴾، ئەگەر لە سیاقی خۆیدا تەماشای بکەین، خوا باسی هۆکارەکانی بار و سوار و ئامرازەکانی هاتووچۆ و سەفەرکردنمان بۆ دەکات، کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿ وَيَخۡلُقُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ﴾، واتە: لەو هۆکارانەی کە بار و سواریان پێدەکەن و، هاتووچۆ و، سەفەریان پێ دەکەن، شتی دیکەتان بۆ دروست دەکات کە نایزانن.

چونکە بە نسبەت ئەو کاتەوە کە قورئان دابەزیوە، هەر لە خەونیشدا نەیانبینیوە کە سەیارە دروست ببێ و، فڕۆکە دروست ببێ و، غەوواصە، دروست ببێ و، شەمەندەفەر دروست ببێ و... هتد، هەموو ئەو جۆرە هۆیانەی هاتووچۆ بە هەموو جۆرەکانیانەوە دروست ببن، کە هەر خوا دەزانێ مرۆڤ چی دیکەش دروست دەکات.

ئنجا بە نسبەت ئەو کاتەوە کە خوا فەرموویەتی: ﴿ وَيَخۡلُقُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ﴾، واتە: شتانێکتان بۆ دەخوڵقێنێ لە هۆیەکانی هاتووچۆ، کە ئێوە ئێستا نایانزانن، بە دڵنیاییەوە ئەوان نەیانزانیوە، سەیارەو، شەمەندەفەر و، فڕۆکە و... هتد، پەیدا دەبن و چۆن دەبن! بەڵام ئێستاش کە ئێمە ئەو ئایەتە دەخوێنین، دووبارە خوا پێمان دەفەرموێ: ﴿ وَيَخۡلُقُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ﴾، شتانێکی دیکەتان بۆ دروست دەکات کە ئێوە نایانزانن، ئێمە ئێستا دەزانین کە سەیارە هەیە و، شەمەندەفەر هەیە و، فڕۆکە و، کەشتیی و، غەواسەو پاپۆڕ و چی و چی، هەن، بەڵام بە دڵنیاییەوە خوا ﷻ توانای ئەوەی داوەتە مرۆڤەکان کە شتی دیکەش دروست بکەن و بێننە دی، بۆ سەفەر و بار و سوار و هاتووچۆی خۆیان کە خەڵکی ئێستا نازانن و لە داهاتوودا ئەو شتانە وەدیدێن.

یەکێک بۆی هەیە بڵێ: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَيَخۡلُقُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ﴾، شتانێکی وا دێنێتە دی کە ئێوە نایانزانن، بێگومان خوا ڕاستەوخۆ دروستی نەکردوون، بەڵکو مرۆڤەکان ئەو شتانە وەدیدێنن و دروستیان دەکەن و بەرهەمیان دێنن ؟

دەڵێین:

ڕاستە، بەڵام ئەو عەقڵ و هۆشەی کە مرۆڤەکان شتەکانی پێ دادەهێنن و دروست دەکەن، خوا پێی داون، هەروەها خوا کەرەستەکانی پێداون، یانی: هەموو ئەو ئیمکانیەتەی کە خوا بۆی ڕام و دەستەمۆ کردوون، لەگەڵ توانا زاتییەکەی خۆیان، هەمووی دروستکراوی خوایە، کەواتە: پەیداکردن و هێنانەدییەکە، هەرهی خوایە ﷻ، بەڵێ مرۆڤ ڕۆڵی تێدا هەیە، بەڵام مرۆڤەکەش خۆی هەر وەدیهێنراوی خوایە و، کەرەستەکانیش کە ئەو ئامێرو کەلوپەلانەیان لێ دروست دەکات، هەر وەدیهێنراوی خوان.

www.alibapir.net

مەسەلەی حەوتەم:

خوا ڕوونكردنەوەی ڕێی ڕاست و بەئامانج گەیەنەری لەسەر خۆی پێویست كردوە و، نەشیویستوە بە زۆر مرۆڤەكان بخاتە سەر ڕاستە ڕێ، ئەگەرنا دەیكرد:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ قَصۡدُ ٱلسَّبِيلِ وَمِنۡهَا جَآئِرٞۚ وَلَوۡ شَآءَ لَهَدَىٰكُمۡ أَجۡمَعِينَ ٩﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١- ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ قَصۡدُ ٱلسَّبِيلِ﴾، هەروەها لەسەر خوایە، ڕێی ڕاست، ڕێی بە ئامانج گەیەنەر، لێرەدا وەك شارەزایانی زمانی عەرەبی دەڵێن: وشەیەك قرتێنراوە، كە بە سیاق و سەلیقە دیارە، چونكە لە قورئاندا هەر وشەیەك بە عەقڵ و سەلیقە دیاربێ و، سیاقەكە بیگەیەنێ، واتە: زنجیرەی ئایەتەكان بیگەیەنێ، خوا ﷻ قرتاندوویەتی، بۆچی؟

چونكە خوا ﷻ نەك وشەیەك و ڕستەیەك، بەڵكو پیتێكی زیادیشی نەخستۆتە نێو فەرمایشتەكەی خۆیەوە، تاكو هەرچی زیاتر كورتتر بێ، چونكە یەكێك لە ڕووەكانی ڕەوانبێژیی (**بلاغة**) بریتیە لەوە، كە قسە بە كورتیی بكرێ، وشەكانی كەم بن، بەڵام مانای زۆربن، ئنجا لێرەدا كە دەفەرموێ: ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ قَصۡدُ ٱلسَّبِيلِ﴾، یانی: (**وَعَلَى اللَّهِ بَيانُ قَصْد السَّبيل**)، وشەی (**بَيان**)، یان (**تَبيينُ قَصْد السَّبِل**)، لەسەر خوایە ڕوونكردنەوەی ڕێی بە ئامانج گەیەنەر، ڕێی ڕاست كە مەبەست لە (**السَّبيل**)، ڕێی ڕاستی خوایە، كە لە ئیسلامدا بەرجەستەیە، ئیسلامیش قورئان و سوننەتە.

وشەی (**قَصْد**)، دەڵێ: (**القَصْدُ: إستِقَامَةُ الطَّرِيق**)، بریتیە لە ڕاست بوونی ڕێ، دەگوترێ: (**طَرِيقٌ قَاصِد، أي: مُستَقِيم**)، ڕێیەكی ڕاست.

هەندێكیشیان گوتوویانە: ﴿قَصۡدُ ٱلسَّبِيلِ﴾، ئەمە چاوگە، بە مانای (**إسْم فَاعِل**) هاتوە، ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ قَصۡدُ ٱلسَّبِيلِ﴾، یانی: (**وَعَلَى اللَّهِ قَاصِدُ السَّبيل**)، واتە: ئەو ڕێیەی كە بە ئامانج گەیەنەرە، كەسێك كە بەو ڕێیەدا بڕوا بە ئامانج دەگات و، دەگاتە ئەو هەوار و مەنزڵەی كە دەیەوێ، ئەو ڕێیە ڕاستەش بێگومان ئیسلامە، ئنجا خوا لەسەر

www.alibapir.net

خۆی پێویست کردوە لە ڕووی میهرەبانیی و لوتف و کەرەمی خۆیەوە، کە ڕێی ڕاست بۆ بەندەکانی ڕوون بکاتەوە.

٢- ﴿ وَمِنْهَا جَآئِرٌ ﴾، (**مِنْهَا**)، دیارە دەچێتەوە بۆ (**السبيل**)، وشەی (**السبيل**)یش، لە زمانی عەرەبیدا: هەم بە نێرینە (**مذكر**)، هەم بە مێینە (**مؤنث**)ی مەجازیی هاتوە.

﴿ وَمِنْهَا جَآئِرٌ ﴾، واتە: لە ڕێیەکان هەیە کە ڕێی لادەرە، واتە: وەك چۆن ڕێی بە ئامانج گەیەنەر هەیە، کە ئیسلامە، ڕێی لادەر و لار و خواریش هەیە، (**أَي مِنَ السَّبيلِ عَادِلٌ عَنِ الحَقِّ فَلاَ يُهْتَدَى بِهِ**)، ڕێی واش هەیە کە لە هەق لایداوە و، بە هۆیەوە مرۆڤ ناگاتە ئامانج.

زانایان گوتوویانە، ﴿ وَمِنْهَا جَآئِرٌ ﴾، (**أَي: فَهُوَ جَائِرٌ بِسالِكِه، وَوَصْفُهُ بالجَائِرِ عَلَى طَرِيقَةِ المَجَازِ العَقْلِي**)، یانی: ڕێی وا هەیە کە پێڕۆیەکەی، ئەو کەسەی کە پێی دا دەڕوا، لای دەدا، واتە: کەسێك کە ئەو ڕێیە بگرێتەبەر، تووشی لادان و خلیسکانی دەکات، ئەمە بەشێوەی مەجازی عەقڵیی بەکار هاتوە، ئەگەرنا ڕێیەکە خۆی لادەر نیە، بەڵام یانی: کەسێك کە پێی دا بڕوات، لای دەدات.

٣- ﴿ وَلَوْ شَآءَ لَهَدَىٰكُمْ أَجْمَعِينَ ﴾، ئەگەر خوا ویستبای تێکڕاتانی دەخستە سەر ڕێ، ئەگەر خوا ویستبای یانی چی ؟، (**أَي: لَوْ شَاءَ مَشِيْئَة إِجْبارٍ، وَإِكراهٍ**)، ئەگەر خوا ویستبای بە ویستنی زۆر لێکردن و ناچار کردن، بەڵام بۆچی نەیویستوە ؟

چونکە ئەوە پێچەوانەی حیکمەتی خوایە، لە دروستکردنی مرۆڤدا، کە بۆ تاقیکردنەوە دروست کراوە، مرۆڤیش کاتێك تاقی دەکرێتەوە کە بتوانێ ڕاست بڕوا و چەوت بڕوا، لابدا و، ڕێی ڕاست بگرێ، کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ شَآءَ لَهَدَىٰكُمْ أَجْمَعِينَ ﴾، ئەو هیدایەتە مەبەست پێی ڕێنمایی کردن نیە، وەك پێشتریش گوتمان لە مانا گشتییەکەیدا، چونکە خوا بە مەشیئەتی تەکوینیی و تەشریعیی خۆی بە هەردووکیان ویستوویەتی ڕێنماییمان بکات، ئەوەتا پێغەمبەرانی (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**)، ناردوون و کتێبەکانی ناردوونە خوار بۆ ڕێنمایی مرۆڤ.

کەواتە: خوا هەم بە مەشیئەتی قەدەریی و تەکوینیی خۆی و، هەم بە ویستی بەرنامە دانانی خۆی، ویستوویەتی ڕێنماییمان بکات و، هەردوو ویستەکەی بەرجەستە بوون لەوەدا کە خوا هیدایەت و ڕێنوێنیی خۆی ناردوە، کەواتە نابێ ئەوە وا تەفسیر بکرێ: ﴿ وَلَوْ

www.alibapir.net

﴿ شَآءَ لَهَدَىٰكُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴾، ئەگەر خوا ویستبای هەمووتانی ڕێنمایی دەکرد، چونکە خوا هەمووسانی ڕێنمایی کردوە، نا، بەڵکو یانی: ئەگەر ویستبای بتانخاتە سەر ڕێگای ڕاست، ئەگەر ویستبای بە ئامانجتان بگەیەنێ، هەمووتانی بە ئامانج دەگەیاند و، دەیخستنە سەر ڕێگای ڕاست، ئا ئەوەیان خوا ﷻ نەیویستوە بۆ هەمووان، ئەگەرنا ویستوویەتی ڕێنماییمان بکات، ڕێنماییەکەی ناردوە و، ویستوویەتی و بڕاوەتەوە، بەڵام ئەوەی کە خوا ﷻ بۆ هەمووانمانی نەویستوە، ئەوەیە کە هەمووان بە ئامانج بگەیەنێ و، بیانخاتە سەر ڕێی ڕاست، ئەو ڕێیە ڕاستەی کە بە پێغەمبەراندا (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) بۆی ڕوون کردوونەوە، ئێمە پێشتر لە دەرسەکانی پێشوودا، لە تەفسیری سووڕەتەکانی پێشووتردا هێنامان کە خوا ﷻ هەم لە سووڕەتی (**الكهف**) و هەم لە سووڕەتی (**الملك**) و، هەم لە سووڕەتی (**هود**)دا، باسی ئەوەی کردوە، کە مرۆڤەکان بۆ تاقیکردنەوە دروستکراون، بۆیە دەبێ دەرفەتیان هەبێ و، دەستیان ئاوەڵابێ، داخۆ بە ڕێی ڕاستدا دەڕۆن، یان بە ڕێی چەوتدا، دوای ئەوەی کە خوا ڕێی ڕاستی بۆ ڕوون کردوونەوە، وەك لە سووڕەتی (**الإنسان**)دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّا هَدَيۡنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرٗا وَإِمَّا كَفُورًا ۝٣ ﴾، واتە: ئێمە بەرە و ڕاستە ڕێ ڕێنماییمان کردوە، یان سوپاسگوزار دەبێ و ڕێی ڕاستەکەی کە خوا بۆی ڕوون کردۆتەوە، دەیگرێتەبەر، یان سپڵە دەبێ و بێ نمەك و بێ وەفا دەبێ و، ئەو ڕێیە ڕاستەی خوا خستوویەتە بەردەستی، نایگرێتەبەر و پشتی تێ دەکات.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

www.alibapir.net

www.alibapir.net

دەرسی دووەم

www.alibapir.net

www.alibapir.net

پێناسەی ئەم دەرسە

بەڕێـــــزان !

ئـەم دەرسـەمان دوازدە (١٢) ئایـەت دەگرێتـە خـۆی، ئایەتـەكانی: (١٠ - ٢١)، لـەم دوازدە ئایەتـەدا، خـوای میهرەبـان بـاسی ژمارەیـەكی زۆر لـە چاكـەو نیعمەتـەكانی خـۆی كـردوە، كـە سـەرجەم بیسـت، نیعمـەتی بنەڕەتییـن، بگـرە زیاتریشـن.

پاشـان خـوا بـاسی بەدیهێنەرایەتیـی خـۆی كـردوە و، ڕایگەیانـدوە، كـە چاكـەكانی خـوا دەژمێررێـن، بـەڵام سـەرژمێرناكرێن، دەتوانیـن بڵێیـن: یـەك، دوو، سـێ، چـوار، پێنـج، بـەڵام بۆمـان سـەرژمێر ناكرێـن، تاكـو بزانیـن ژمـارە و ئەندازەیـان چەنـدە!

دوایـی خـوا بـاسی زانیاریـی خـۆی بـە پەنهـان و ئاشـكرای مرۆڤـەكان كـردوە، كـە هەمـوو شـتێكیان لەبـارەوە دەزانێ.

لـە كۆتاییشـدا خـوا بـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەكانی ڕاگەیانـدوە، كـە ئـەو شـتانەی جگـە لـە خـوا لێیـان دەپاڕێنـەوە و دەیانپەرسـتن، هیـچ شـتێك بەدیناهێنـن و خۆشـیان وەدیهێـنراون و، مـردوون و ناشـزانن كـەی زینـدوو دەكرێنـەوە !

﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗۖ لَّكُم مِّنۡهُ شَرَابٞ وَمِنۡهُ شَجَرٞ فِيهِ تُسِيمُونَ
١٠ يُنۢبِتُ لَكُم بِهِ ٱلزَّرۡعَ وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلنَّخِيلَ وَٱلۡأَعۡنَٰبَ وَمِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِۚ إِنَّ فِي
ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ١١ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ
وَٱلنُّجُومُ مُسَخَّرَٰتُۢ بِأَمۡرِهِۦٓۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ١٢ وَمَا ذَرَأَ لَكُمۡ
فِي ٱلۡأَرۡضِ مُخۡتَلِفًا أَلۡوَٰنُهُۥٓۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَذَّكَّرُونَ ١٣ وَهُوَ ٱلَّذِي
سَخَّرَ ٱلۡبَحۡرَ لِتَأۡكُلُواْ مِنۡهُ لَحۡمٗا طَرِيّٗا وَتَسۡتَخۡرِجُواْ مِنۡهُ حِلۡيَةٗ تَلۡبَسُونَهَاۖ وَتَرَى
ٱلۡفُلۡكَ مَوَاخِرَ فِيهِ وَلِتَبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِهِۦ وَلَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ١٤ وَأَلۡقَىٰ

www.alibapir.net

فِي ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَأَنْهَٰرًا وَسُبُلًا لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٥﴾ وَعَلَٰمَٰتٍ
وَبِٱلنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ ﴿١٦﴾ أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لَّا يَخْلُقُ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿١٧﴾ وَإِن تَعُدُّوا۟
نِعْمَةَ ٱللَّهِ لَا تُحْصُوهَآ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٨﴾ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعْلِنُونَ
﴿١٩﴾ وَٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَخْلُقُونَ شَيْـًٔا وَهُمْ يُخْلَقُونَ ﴿٢٠﴾ أَمْوَٰتٌ غَيْرُ أَحْيَآءٍ وَمَا
يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ ﴿٢١﴾ ﴾.

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{خوا ئەو کەسەیە کە لە ئاسمانەوە ئاوی دابەزاندوە، لێی دەخۆنەوە و، ڕووەکیشی لێ پەیدا دەبێ، ئاژەڵی تێدا دەلەوەڕێنن (١٠) هەروەها بەو ئاوە کشتوکاڵ و درەختی زەیتوون و، خورماو، ترێ و، لە درەختی هەموو میوەکان بۆتان دەڕوێنێ، بێگومان لەوەدا نیشانەیەك (ی مەزن لەسەر پەروەردگاریێتیی و تەنیا پەرستراوێتیی خوا) هەیە بۆ کۆمەڵێك بیر بکەنەوە (١١) هەروەها شەو و ڕۆژ و خۆر و، مانگی بۆ ملکەچ کردوون و، ئەستێرەکانیش بە فەرمانی وی ڕام کراون، بە دڵنیایی لەوەدا نیشانە (ی بەرچاو) هەن، بۆ کۆمەڵێك بفامن و، ئەوەش کە لە زەمین دا بە ڕەنگی جۆراو جۆرەوە (لە ڕووەك و ژیانداران) هێناویەتە دی، بە دڵنیایی لەوەشدا نیشانەیەك(ی مەزن) هەیە، بۆ کۆمەڵێك ڕاستییەکانیان وە بیر بێنەوە (١٢) هەروەها خوا ئەو کەسەیە کە دەریای دەستەمۆ کردوە، تاکو گۆشتی تەڕو تازەی (ماسی و ژیاندارانی دیکەی) لێ بخۆن و، خشڵێکی لێ دەربێنن کە بە خۆتانیەوە دەکەن و، کەشتییانیشی تێدا دەبینی قڵیشێنەر(ی ئاوی دەریا)ن، هەروەها تاکو بەهۆی ئەو کەشتییانەوە سەفەر و بازرگانیی بکەن و، لە بەخششی وی داوا بکەن، بەڵکو سوپاسگوزارییش بۆ خوا بکەن (١٤) هەروەها (خوا) چیایە چەسپاوەکانی هاویشتوونە نێو زەوی، تاکو نەتان لەرزێنێ، هەروەها ڕووبار گەلی تێدا داناون و، ڕێیەکانی تێدا پەیدا کردوون بەڵکو پێیاندا بگەنە ئامانج (١٥) هەروەها نیشانە گەلی (لە زەمین)دا داناون، کە بەهۆیانەوە و، بە هۆی ئەستێرانەوە ڕێ دەردەکەن (١٦) ئنجا ئایا کەسێك کە (شتان) وە دی دێنێ، وەك کەسێکە کە (هیچ شتێك) دروست ناکات؟ ئایا بیرتان ناکەوێتەوە! (١٧) ئنجا هەرچەندە چاکەکانی خوا بژمێرن، بۆتان سەرژمێر ناکرێن، (ژمارە و ئەندازەیان نازانن)، بە دڵنیایی خوا لێبوردەی بە بەزەییە (١٨) هەروەها خوا

www.alibapir.net

ئەوەی کە پەنهانی دەکەن و، ئەوەش کە ئاشکرای دەکەن، دەیزانێ ﴿١٩﴾ ئەوانەش کە لە جیاتی خوا داوایان لێ دەکەن و دەیانپەرستن، هیچ دروست ناکەن و، خۆشیان دروست دەکرێن ﴿٢٠﴾ مردوون و زیندوو نین و، هەستیش ناکەن کەی زیندوو دەکرێنەوە ﴿٢١﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(شَرَابٌ): (الشُّرْبُ: تَنَاوُلُ كُلِّ مَائِعٍ مَاءً كَانَ، أَو غَيْرَه، والشَّرَاب جَمْعُهُ أَشْرِبَة)، (شُرْبُ): بریتیە لە خواردنەوەی هەر شلەمەنییەك، ئاو بێت، یان جگە لە ئاو، (شراب)یش بە (أَشْرِبَة)، واتە: خواردنەوەکان کۆ دەکرێتەوە.

(شَجَرٌ): (الشَّجَرُ: مِنَ النَّبَاتِ مَا لَهُ سَاقٌ: شَجَرَة، وَشَجَر)، (شَجَر): لە ڕووەکان ئەوەیە کە لاسکی هەبێ، بنك و قەدی هەبێ، لەسەری بوەستێ، کە هەم وشەی (شجر)، هەم وشەی (شَجَرَة)ش بەکاردێ.

(تُسِيمُونَ): (السَّوم: أَصْلُهُ الذَّهَابُ فِي ابْتِغَاءِ الشَّيءِ، سُمْتُ الإِبِلَ فِي المَرْعَى وَأَسَمْتُهَا وَسَوَّمْتُهَا)، (سَوْم): ڕیشەکەی بریتیە لەوەی کە تۆ بە دوای شتێکدا بچیت، دەگوترێ: (سُمْتُ الإِبِلَ فِي المَرْعَى)، حوشترەکەم لە لەوەڕگادا لەوەڕاند، (وَأَسَمْتُهَا وَسَوَّمْتُهَا)، هەردووکیان هەر بە مانای لەوەڕاندنن.

(ٱلزَّرْعَ): (الزَّرْعُ: الإِنْبَاتُ وَالزَّرْعُ مَصْدَرٌ عُبِّرَ بِهِ عَنِ المَزْرُوعِ)، وشەی (زَرْع)، بە مانای ڕواندن دێ، شینکردن، سەوز کردن، کە چاوگە و مەبەست پێی شتێکە کە چێنراوە و سەوز کراوە.

(وَسَخَّرَ لَكُمُ): (التَّسْخِير: سِيَاقَةٌ إِلَى الغَرَضِ المُخْتَصِّ بِهِ قَهْرًا، المُسَخَّرُ: المُقَيَّضُ لِلْفِعْلِ)، (تَسْخِير): بریتیە لەوە کە شتێك پاڵ بنێی بەرەو ئەو ئامانجەی کە تایبەتە پێیەوە، ناچاری بکەی بەرەو ئەوێ بچێ، (مُسَخَّر) واتە: مل پێ کەچکەر و ڕامکەر و دەستەمۆکەر.

(وَمَا ذَرَأَ لَكُمْ): (ذَرَأَ اللّهُ الخَلْقَ)، خوا خەڵکی هێنایە دی، (أَي: أَوْجَدَ أَشْخَاصَهُمْ)، هێنانیە دی، (ذَرَأَ الشيءَ: كَثَّرَه)، (ذَرَأَ) بە مانای زۆرکردنیش دێت.

(يَذَّكَّرُونَ): (ذَكَر الشيءَ: حَفِظَهُ، وَاستحْضَرَهُ، وَجَرَى عَلَى لِسَانِهِ بَعْدَ نِسْيانٍ)، (ذَكَر الشيءَ)، واتە: شتەکەی لەبەرکرد، یان لە مێشکی دا ئامادەی کرد، یان بەسەر زمانی خۆیدا

www.alibapir.net

هێنا دوای ئەوەی کە لە بیری چووبۆوە، (يَذَّكَّرُونَ)، واتە: (يَتَذَكَّرون)، هەڵبەتە (ت)ەکە لە (ذال)ەکە دغم کراوە، واتە: وە بیریان دێتەوە، دەهێننەوە بیرخۆیان.

(طَرِيًّا): (غَضًّاً جَدِيداً)، واتە: تەڕو تازە، گۆشتێکی تەڕو تازە کە کۆن نەبوو بێ، (الإِطراء: مَدْحٌ يُجَدَّدُ ذِكرهُ)، (إطراء) مەدحێکە کە بە جۆرێك کەسێك کەسێکی مەدح کردبێ کە هەموو جارێ ئەو مەدحە باس بکرێتەوە.

(حِلْيَةً): (الحَلْيُ وَالحِلية مَا يُتَزَيَّنُ بِهِ، مِنْ مصوغِ المعْدَنِيّاتِ أَوِ الحِجَارَةِ، وَالجَمْعُ حُلِيٌّ)، (حَلْيُ وحِلْية): هەردووکیان یانی: شتێك کە خۆی پێ دەڕازێنرێتەوە، لەوەی کە لە کانزایەکان و لە بەرد دروست دەکرێ، واتە: لە زێڕ و زیو، لەو بەردانەی وەك گەوهەر و مرواریی و لە بەردی بە نرخ و ئەڵماس و لەو شتانە، کۆیەکەی (حُلِيٌّ)یە.

(مَوَاخِرَ فِيهِ): (مَخَرَتِ السَّفِيْنة المَاءَ: شَقَّتهُ، بجؤجُئِهَا)، کەشتییەکە ئاوەکەی شەق کرد، واتە: بە لمبۆزەکەی، (جؤجؤ)، پێشەوەی کەشتییە کە بە شێوەیەکی سێگۆشەیی تیژ دروستکراوە، بۆ ئەوەی ئاو ببڕێ، (مَوَاخِرَ) کۆی (ماخِرَة)یە، (أَي: شَاَقّة)، شەقکەر بووە بۆ ئاو، قڵیشێنەر.

(وَأَلْقَىٰ): یانی: تێی فڕێدا، فڕێییدا، هاویشتیە نێوی، ئایا بۆچی خوا بۆ چیاکان بە زۆریی هەر ئەو وشەیەی بەکارهێناوە؟ ﴿وَأَلْقَىٰ فِي ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِيَ﴾؟

زانایانی زەویناسیی ئێستا، وایان لێکداوەتەوە، دەڵێن:

١) یان ئەوەیە کە ئەو چیایانە لەو بەرد و پارچانە بوون کە لە ئەستێرەو خڕۆکەکانی دیکەوە هاتوون، بەرەو مەودای کێشکردنی زەوی و هاتوونە سەر زەوی، هەر بۆیەش وا بە زەویشدا قووڵ چوونە خوار، هەر چیایەك چەندی بە دەرەوەیە، دە پازدە (١٠ - ١٥) هێندەی لە نێو زەوی دایە.

٢) یان لەبەر ئەوە بووە کە لە ئەنجامی ئاگرپرژێنەکاندا کە پەیدا بوون، ئاگرپرژێن (**برکان**)یش بریتیە لەو کانزاو مادده تواوە و زۆر گەرمانەی کە لە ناخی زەویدا هەن، ئنجا زەوی کە دەریان دەقوڵێنێ، بەرزدەبنەوە و، دوایی دێنەوە سەر زەوی، بۆیە وەك لە دەرەوەی خۆی تێی فڕێدرابن.

(رَوَاسِيَ): (جَمْعُ راسِية مِنَ الرسوِّ: وَهُوَ الثَّباتُ وَالرُّسُوخ)، دیارە (رَواسِي)، کۆی (رَاسية) یە، (رَاسية) یانی: چەسپاو، لە (رسو)ەوە هاتوە، (رسو)، یانی: (الثَّبات وَالرُسوخ)، ئنجا (رَواسي)، یانی (الجبالُ الرَّوَاسِي)، چیایە چەسپاوەکان، چیایە مەحکەمەکان، داکوتراوەکان بە زەویدا.

www.alibapir.net

(تَمِيدَ بِكُمْ)، (المَيْدُ: الإِضْطِرَاب)، یانی: لەرزینەوە و هەژان، جووڵان.

(تَعُدُّواْ): (عَدَّ الدَّرَاهِمَ: حَسَبَهَا وَأَحْصَاهَا)، واتە: درهەمەکانی ژماردن.

(لَا تُحْصُوهَآ): (أَحْصَى الشيءَ: عَرَفَ قَدْرَهُ)، (أَحْصَى)، بریتیە لەوەی کە تۆ ژمارە و ئەندازەی ئەو شتە بزانی، ئنجا خوا دەفەرمویّ: ئەگەر چاکەکانی خوا بژمێرن، بۆتان سەرژمێر ناکرێن، واتە: ناتوانن ژمارە و ئەندازەکەیان بزانن.

مانای گشتی ئایەتەکان

خوا ﷻ دوای ئەوەی کە لە نۆ (٩) ئایەتی سەرەتای ئەم سوورەتە موبارەکەدا، چەند ڕاستییەکی زۆر بنەڕەتیی و مەزنی خستنەڕوو و، ئاماژەی کرد بە کۆمەڵێك - دە (١٠) دانە - لە چاکەو نیعمەتە بنەڕەتییەکانی خۆی، لە ژیانی مرۆڤدا و، لە کۆتایی دا، واتە: کۆتایی نۆ (٩) ئایەتی سەرەتای سوورەتی (النحل)دا، فەرمووی: خوا لەسەر خۆی پێویست کردوە کە ڕێی ڕاستتان بۆ ڕوون بکاتەوە، بیخاتە بەر چاوتان، هۆشداریشی پێدان کە لە نێو ڕێیەکاندا ڕێی هەڵە و لادەر، یاخود ڕێیەك کە دەبێتە هۆی لادانی کەسێك کە بیگرێتەبەر، ئەو ڕێیانەش هەن و دەبێ لێیان وریابن، هەروەها باسی ئەوەشی کرد کە خوا ئەگەر ویستبای، هەمووتانی دەخستە سەر ڕاستە ڕێ، هەمووتانی ڕاستە ڕێ دەکرد، بەڵێ ویستوویەتی هەمووتان ڕێنمایی بکات و ڕێنمایی کردوون، بەڵام کە بتانخاتە سەر ڕاستە ڕێ، ئەوەی نەویستوە، بۆچی؟ چونکە ئەوە پێچەوانەی ئەو حیکمەتەیە کە خوا مرۆڤی بۆ دروستکردوە، کە بریتیە لە تاقیکردنەوە.

دوای ئەوە ئنجا لەم ئایەتانەدا، خوا ﷻ ژمارەیەکی زۆر لە چاکەو نیعمەتە گەورەو بەرجەستەکانی خۆی دەخاتە بەرچاو، کە سەرجەم بیست و چوار (٢٤)ن، سەرەتا دەفەرمویّ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗۖ لَّكُم مِّنۡهُ شَرَابٞ وَمِنۡهُ شَجَرٞ فِيهِ تُسِيمُونَ ﴾، خوا ئەو کەسەیە کە لەسەرێوە ئاوی بۆ دابەزاندوون، ئنجا بۆ ئێوە لەو ئاوەدا، خواردنەوە هەیە و، ڕووەك و لەوەڕگاش هەیە، کە وڵاخەکان و ئاژەڵەکانی خۆتانی تێدا دەلەوەڕێنن، ئەمە سێ لە نیعمەتەکانی خوا:

یەکەم: دابەزاندنی ئاو لەسەرێوە، کە بەپێی ڕواڵەت، زەوی هێزی ڕاکێشانی هەیە، بەڵام تۆ تەماشا بکە، خوا ﷻ یاسایەکی وای داناوە، کە ئەو ئاوە بچێتە سەرێ، دوایی بێتەوە خوار، چۆن؟ تیشکی

www.alibapir.net

خۆر لە ئاوی دەریاکان دەدات، دەیکاتە هەڵم، ماددەی خوێ و تاڵ و تفیتییەکەی بەجێ دەمێنێ و، ئاوە شیرین و زوڵاڵەکەشی بە شێوەی هەڵم بەرز دەبێتەوە بۆ سەرێ، دوایی بایەکان دەیهێنن بۆ ئەو شوێنانەی کە ساردن و، لەوێ دەبێتە هەور و، پاشان موتوربە دەبێ و، وەك ئاوێك دادەبەزێتە خوارێ، ئەویش بە سێ شێوە:

أ - بەشێوەی باران (المطر).

ب - بە شێوەی بەفر (الثلج).

ج - بە شێوەی تەرزە، (**البرَد**).

دووەم: نیعمەتێکی دیکە ئەوەیە: ﴿لَّكُم مِّنۡهُ شَرَابٞ﴾، لەو ئاوە شیرین و زوڵاڵە کە لە ئاسمان دێتە خوار، خواردنەوە هەیە بۆ ئێوە، چ خواردنەوەی ڕاستەوخۆ کە ئاوەکە دەخۆنەوە، چ شەربەت و ماستا و و چەندان جۆرە خواردنەوەی دیکەی لێ دروست دەکەن.

سێیەم: نیعمەتێکی دیکە:

﴿وَمِنۡهُ شَجَرٞ فِيهِ تُسِيمُونَ﴾، هەر لەو ئاوە ڕووەکێك دەڕوێ، شیناوردێك، سەوزاییەك دەڕوێ، لەوەڕگایەك دەڕوێ، کە ئێوە ئاژەڵەکانی خۆتانی تێدا دەلەوەڕێنن.

ئنجا ئاماژە دەکات بە پێنج (٥) نیعمەتی دیکە:

﴿يُنۢبِتُ لَكُم بِهِ ٱلزَّرۡعَ وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلنَّخِيلَ وَٱلۡأَعۡنَٰبَ وَمِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ﴾، ئنجا بەو ئاوە خوا چەند شتێکتان بۆ دەڕوێنێ:

یەکەم: کشتوکاڵ: گەنم و جۆ و جۆرەکانی دیکەی دانەوێڵە و، تەڕەکار، وەك شووتیی و کاڵەك و ترۆزیی و خەیار و تەماتە و باینجان و بامیە، هەروەها سەوزە دەگرێتەوە وەك: کەوەر و تەڕەتیزە و پیاز و سیر و توور و هتد دەگرێتەوە.

دووەم: ﴿وَٱلزَّيۡتُونَ﴾، هەروەها درەختی زەیتوونیشتان هەر بەو ئاوە بۆ دەڕوێنێ.

سێیەم: ﴿وَٱلنَّخِيلَ﴾، دیسان درەختی دارخورماتان بۆ دەڕوێنێ.

چوارەم: ﴿وَٱلۡأَعۡنَٰبَ﴾، هەروەها دارمێوەکانتان بۆ دەڕوێنێ، کە ترێتان بۆ دەگرن.

پێنجەم: ﴿وَمِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ﴾، جگە لەم چوار جۆرەش، واتە: جگە لە کشتوکاڵ و زەیتوون و خورما و ترێ، لە هەموو جۆرە میوەیەکی دیکەشتان هەر بەو ئاوە بۆ دەڕوێنێ.

www.alibapir.net

﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً ﴾، بێگومـان لـەوەدا نیشـانەیەکی گـەورە هەیـە، نیشـانەی گـەورە لەسـەر چـی؟ لەسـەر تەنیـا بەدیهێنەرایەتیـی خـوا، تەنیـا پەروەردگارێتیـی خـوا، تەنیـا خاوەندارێتیـی خـوا، تەنیـا پەرسـتراوێتیی خـوا بـۆ گـەردوون، بـۆ مـرۆڤ و بـۆ جنـد، بـەڵام نیشـانەیە بـۆ کـێ؟ ﴿ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴾، بـۆ کۆمەڵێـك بیـر بکەنـەوە، ئـەوەی بیـر نەکاتـەوە، بێگومـان لـە هیـچ کام لـەو نیشـانانەی کـە خـوا دایـناون، بەهرەمەنـد نابـێ، ئـەو نیعمەتانـە کـە هـەر کامێکیـان نیشـانەیەکە بـۆ ناسـاندنی خاوەنەکـەی خـۆی، بەدیهێنـەر و پەروەردگارەکـەی خـۆی کـە خوایـە ﷻ.

لـە ئایـەتی پێشـێ دا ئامـاژەی بـە سـێ لـە نیعمەتـەکانی کـرد، لـەم ئایەتەشـدا ئامـاژەی کـرد بـە پێنـج جـۆرە نیعمـەتی دیکـە.

دوایـی ئامـاژە دەکات بـە پێنـج جـۆرە نیعمـەتی دیکـەی خـۆی، دەفەرمـوێ: ﴿ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومُ مُسَخَّرَٰتُۢ ﴾، هەروەهـا خـوا بـۆی ملکـەچ کـردوون، بـۆی ڕام و دەسـتەمۆ کـردوون:

یەکەم: شـەوگار.

دووەم: ڕۆژگـار.

سێیەم: خــۆر.

چوارەم: مـانگ.

پێنجەم: هەروەها ئەستێرەکانیش بە فەرمانی ئەو، بە فەرمانی تەکوینیی و قەدەریی وی ملکەچن، ڕامن، دەستەمۆن، بەو شێوەیە دێن و دەچن، کە خوا بۆی دیاریی کردوون، کە هەمووشی بۆ ئێوەیە: ئێوە هەم لە شەوگار بەهرەمەندن و پشووی تێدا دەدەن، وەك لە شوێنێکی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا ﴿٩﴾ وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ لِبَاسًا ﴿١٠﴾ ﴾النبأ، واتە: شەوگار خەوتان هۆکاری پشوودانێکە، شەوگارییش پۆشاکێکە داتاندەپۆشێ، هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلْنَا ٱلنَّهَارَ مَعَاشًا ﴿١١﴾ ﴾النبأ، ڕۆژگاریشی بۆ ڕەخساندووون، کە ژیان و گوزەرانتانی تێدا دابین بکەن.

ئنجـا خـۆر کـە لـە ڕۆژگاردا دەبـێ و دنیاتـان بـۆ ڕوونـاك دەکاتـەوە، مانـگ کـە (لە شـەوگاردا) دەبـێ و، وێـڕای زانینـی کاتـەکان، سـەری مانـگ و، بنـی مانـگ و ئەمانـە بەهـۆی ئـەوە کـە مانـگ یـەك شـەو و، دوو شـەو و، سـێ شـەو و، تاکـو پـازدە، لـە دوای پانـزدە، دووبـارە بچـووك دەبێتـەوە تاکـو دەبێتـەوە بـە سـێ شـەو و، دوو شـەو و، یـەك شـەو و دوایـی ون دەبـێ، وێـڕای

www.alibapir.net

ئەوەش بۆ ئەوەیە کە شەوگار تاریکەو خۆر بەدەرەوە نیە، دنیا یەکجاریی تاریك نەبێ، ببێتە تاریکە شەوێکی ئەنگوستە چاو، ئەو مانگە ئەندازەیەك ڕووناکیتان پێدەدات، بەڵام ڕێگا لە پشوودان و خەوتان ناگرێ، چونکە کاتی خەو، مرۆڤ پێی خۆشە لە شوێنێك بێ تاریك بێ، خەفە بێ و تیشكی خۆر بەدەرەوە نەبێ و ڕووناکیی لێ نەبێ.

﴿ وَٱلنُّجُومُ مُسَخَّرَٰتُۢ بِأَمْرِهِۦٓ ﴾، ئەستێرەکانیش بە فەرمانی خوا، بە فەرمانی تەکوینیی خوا، بە ئیرادەی خوا ملکەچن، دەستەمۆن، ﴿ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴾، بێگومان لەوەدا نیشانە هەن بۆ کۆمەڵێك کە بفامن.

ئەوەی پێشێ فەرمووی: ﴿ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴾، دەبێ بیربکەنەوە، بەڵام بۆ ئەمەیان فەرمووی: ﴿ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴾، واتە: هەر عەقڵتان پێ بشکێ، ئەگەر زۆریش قووڵ دا نەچن، هەر عەقڵتان هەبێ و بفامن، نیشانەی زۆر لە شەو و ڕۆژ و، مانگ و خۆر و، ئەستێرەکاندا دەبینن و، ئەو نیشانە زۆرانە هەن لەسەر بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگارێتیی و خاوەندارێتیی و تەنیا پەرستراوێتیی خوا ﷻ.

ئنجا دێتە سەر باسی نیعمەتێکی دیکەی، چواردەیەم: دەفەرموێ: ﴿ وَمَا ذَرَأَ لَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مُخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهُۥٓ ﴾، هەروەها ئەوەی کە لە زەویدا بۆی هێناونە دی، ڕەنگی جیا جیایە، ئەوەی خوا لە زەوی دا بۆی هێناوینە دی هەموو شتێك دەگرێتەوە: زیندەوەران دەگرێتەوە، ڕووەك و شیناورد دەگرێتەوە، دار و درەخت دەگرێتەوە، میوەکان دەگرێتەوە، دانەوێڵە، هەمووی دەگرێتەوە، ئەوەی ڕەنگی جیا جیایە، ﴿ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ ﴾، بەڕاستیی لەوەدا نیشانە هەیە بۆ کۆمەڵێك بیریان بکەوێتەوە، هەر بیریان بکەوێتەوە، ئەو ڕاستییانە کە خوا لەگەڵ فیترەت و سروشتیاندا تێکی هەڵشێلاون، بە بیرخۆیانیان بێننەوە، ئەوەی خوا لەسەر زەوی بە ڕەنگی جیا جیا، شێوازی جیا جیا، دروستی کردوون، دەیکەنە نیشانەو بەڵگە لەسەر پەروەردگارێتیی و تەنیا پەرستراوێتیی خوا ﷻ.

ئنجا پێنج چاکە و نیعمەتی دیکەی خۆی دەخاتە ڕوو، واتە: پازدە و شازدە و حەڤدە و هەژدە و نۆزدەیەم:

دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى سَخَّرَ ٱلْبَحْرَ ﴾.

پازدەیەم: خوا ئەو کەسەیە کە دەریای ڕامکردوە، ملکەچکردوە، دەستەمۆکردوە، کەواتە: هەر ملکەچبوونی دەریا ئەوە هەر بۆخۆی نیعمەتێکە.

www.alibapir.net

شازدەیەم: ﴿لِتَأۡكُلُواْ مِنۡهُ لَحۡمٗا طَرِيّٗا﴾، بۆ ئەوەی گۆشتێكی تەڕ و تازەی لێ بخۆن، ئنجا گۆشتی ماسییە، یان ژیاندارانی دیكەیە، هەندێ لە ژیانداران لە گۆشتی ماسی زۆر بە نرخترن، وەك: ڕۆبیان و، زۆر جۆرە گۆشتی دیكە كە لە زۆر وڵاتاندا بەكاردەهێنرێن و زانایانی ئیسلام دەڵێن: هەموو ئەو ژیاندارانەی كە لە دەریادان، بەبێ هەڵاواردن هەموویان گۆشتیان دەخورێ، مەگەر لە ڕووی پزیشكییەوە دەربكەوێ كە یەكێكیان گۆشتەكەی زیانی هەیە، ئەو كاتە لە ڕووی پزیشكییەوە ناخورێ، بەڵام دەریا هەرچی ژیانداری تێدایە، هەمووی گۆشتەكەی ڕەوایە.

حەڤدەیەم: ﴿وَتَسۡتَخۡرِجُواْ مِنۡهُ حِلۡيَةٗ تَلۡبَسُونَهَا﴾، هەروەها خشڵێكی لێ دەردەهێنن كە بە خۆتانیەوە دەكەن، كە بە پلەی یەكەم مەبەست پێی گەوهەر و مرواریین: ﴿ٱللُّؤۡلُؤُ وَٱلۡمَرۡجَانُ ﴿٢٢﴾﴾ الرحمن، كە دوایی باس دەكەین چۆن دروست دەبن! ﴿تَلۡبَسُونَهَا﴾، لەبەری دەكەن، بە خۆتانی وەدەكەن، لێرەدا خوا ﷻ پیاوان و ئافرەتان پێكەوە دەدوێنێ، ئنجا وەك دوایی باسی دەكەین، هەندێك لە زانایانی ئیسلام وایانزانیوە كە خوا ﷻ لێرەدا بە تایبەت مسوڵمانان دەدوێنێ، بۆیە مشتومڕی ئەوەیان كردوە كە ئایا دروستە پیاوان گەوهەر بەخۆیان وەبكەن !! بەڵام خوا ﷻ مرۆڤی بەگشتی دواندوە و ئەو مرۆڤانەش پادشا و حوكمڕان و كەسانی وایان هەبووە، كە گەوهەر بەخۆوە بكەن، لە تاجەكانیان داوە، خوا مرۆڤی دواندوون لەم ئایەتانەدا و بە تەنیا مسوڵمانانی نەدواندوون!

هەژدەیەم: ﴿وَتَرَى ٱلۡفُلۡكَ مَوَاخِرَ فِيهِ﴾، هەروەها لە دەریادا كەشتییەكانی تێدا دەبینی، قڵیشێنەرن، واتە: بە نووكی خۆیان كە بە عەرەبی (جۆجۆ)ی پێ دەڵێن، بەدەمەكەیان، ئەو ئاوە شەق دەكەن و دەیقڵیشێنن.

بابیهێنینە بەرچاومان: ئەگەر ئاوی دەریا و ڕووبارەكان وەك بەرد و خاك سەخت و پتە و بووایە، كەشتیی و پاپۆڕ و بەلەمەكان، چۆن پێیدا دەڕۆیشتن ؟!

نۆزدەیەم: ﴿وَلِتَبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِهِۦ﴾، هەروەها بۆ ئەوەی بە سواری ئەو كەشتییانە، ئێوە لە چاكە و بەخششی خوا داوا بكەن، واتە: بازرگانیی بكەن، سەفەر و بار و سوار بكەن، ﴿وَلَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ﴾، بۆ ئەوەش كە سوپاسگوزاریی بۆ خوا بكەن.

ئنجا پێنج نیعمەتی دیكەش دەخاتە ڕوو، یانی: لە: بیست تاكو بیست و چوارەم:

بیستەم: ﴿وَأَلۡقَىٰ فِي ٱلۡأَرۡضِ رَوَٰسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمۡ﴾، چیایە چەسپاوەكانی هاویشتوونە نێو زەوی، ﴿أَن تَمِيدَ بِكُمۡ﴾، تاكو ئەو زەوییە ئێوە نەلەرزێنێ. زانایان گوتوویانە: ﴿أَن تَمِيدَ بِكُمۡ﴾، ئەو تەعبیرە لە عەرەبییدا واتە: بۆ ئەوەی نەتان لەرزێنێ، ئنجا هەندێكیان

www.alibapir.net

گوتوویانە: ﴿أَن تَمِيدَ بِكُمْ﴾، یانی: (**كراهة أن تميد بِكم**)، هەندێکیش گوتوویانە، یانی: (**أن لا تميدَ بِكم**)، بۆ نموونە: دەگونجێ: (**أن تأكل**)، بە: (بۆ ئەوەی تۆ بخۆی)، یان بە: (بۆ ئەوەی تۆ نەخۆی)، مانا بکرێ، واتە: ئەو پیت و وشانە کە دەکەونە پەنای یەك، بەپێی سیاقەکان، بەپێی عورفی زمانی عەرەبی کە عەرەب عادەتیان بووە، مانا بەدەستەوە دەدەن.

مانـای ئـەو دوو ڕستەیەش ئاوایـە: (**كراهـة أَنْ تَمِيـدَ بكُـم**)، پێـمان ناخۆشـە کـە بتـان لەرزێنێتـەوە، (**لألاَّتميـد بكُـم**)، بـۆ ئـەوەی نەتـان لەرزێنێتـەوە.

بیست و یەكەم: ﴿وَأَنْهَٰرًا﴾، خوا ڕووبارەکانیشی لە زەویدا داناون، کە ڕووبارەکان پەیوەندییان بە چیاکانەوە هەیە، چونکە سەرچاوەی ڕووبارەکان هەموویان چیاکانن، بەفری چیاکانە، کانی و سەرچاوەکان لە چیاکانەوە هەڵدەقوڵن و دێنەخوار، ئنجا جۆگەلە و ڕووباریان لێ پێکدێن.

بیست و دووەم: ﴿وَسُبُلًا﴾، هەروەها خوا ڕێیەکانیشی بۆ داناون، یانی: زەمینی وا هەڵخستوە بتوانن ڕێیانی تێدا دابنێن، ﴿لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾، بۆ ئەوەی بەڕێیە بزانن، بۆ ئەوەی بە ڕێیەکاندا بگەنە ئەو ئامانج و مەنزڵ و هەوارگانەی کە دەتانەوێن، یاخود ﴿لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾، یانی: خوا ئەوانەتان بۆ ڕوون دەکاتەوە، بۆ ئەوەی کە ڕێی ڕاست بگرن و، خاوەنی خۆتان کە خوای پەروەردگارە، بناسن و بپەرستن.

بیست و سێیەم و بیست و چوارەم: ﴿وَعَلَٰمَٰتٍ وَبِٱلنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ﴾، هەروەها خوا نیشانەکانیشی بۆ داناون، (**علامات**)، کۆی (**علامة**)یە، مەبەست ئەو نیشانانەن کە لەسەر زەوی هەن، ئەوە گردێکە، ئەوە ڕووبارێکە، ئەوە دەشتێکە، ئەوە چیایەکە، ئەوە درەختێکە، ئەوە باخێکە، بەهۆی ئەو نیشانانەوە، بەڕێ و بانان دەزانن، ﴿وَبِٱلنَّجْمِ﴾، هەروەها بەهۆی ئەستێرەکانیشەوە، لە دەریا و وشکانیی دا ڕێ دەردەکەن: ﴿هُمْ يَهْتَدُونَ﴾، لێرەدا بە دڵنیاییەوە مەبەست پێی بەڕێ زانینە، واتە: بەهۆی نیشانەکانەوە، بە هەموو جۆرەکانیانەوە و بەهۆی ئەستێرەکانەوە، ئێوە دەتوانن ڕێ و بانان بدۆزنەوە و بە شوێنەکان بزانن و ڕێتان لێ ون نەبێ.

دوایـی خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لَّا يَخْلُقُ﴾، ئایـا ئـەوەی کـە شـتان وەدیدێنـێ و لـە نەبـوو پەیدایـان دەکات (کـە مەبەسـت پێـی خوایـە ﷻ)، وەك کەسـێك وایـە کـە پەیـدا نـاکات؟ جـا ئـەو کەسـە، چ مـرۆڤ بێـت، چ دار و بـەرد بێـت، چ بـت و صەنـەم بێـت، کـە وەك دواییـش بـاسی دەکەیـن: وشـەی (**مَـن**)ی بەکارهێنـاوە، (**مَن**)یـش بـۆ خـاوەن هۆشـان (**ذَوي الشعور**)ە، ئەوانـەی کـە هەسـت و عەقڵیـان هەیـە، بـەڵام بـۆ غەیـری

www.alibapir.net

ئەوانیش بەکاردێ، بەپێی بنەمای: (**تغليب ذوي الشعور على غير ذوي الشعور**)، زاڵکردنی خاوەن هۆشان لەسەر غەیری خاوەن هۆشان.

چونکە بە دڵنیاییەوە بتپەرستەکان و ئەوانەی کە غەیری خوایان پەرستوە، جار جار مرۆڤەکانیشیان پەرستوون، ئنجا چ مرۆڤی زیندوو، چ مرۆڤی مردوو، هەر بەلای کەمەوە ئەو سادین و بتەوانانە (**سدنة**)ی کە خزمەتی بتەکانیان کردوون، زۆرجار هەر بە ناوی بتەکانەوە قسەیان کردوە، کە ملکەچییان بۆ ئەو سادین و بتەوانانە، جۆرێك بووە لە پەرستنیان بۆیان.

﴿ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴾، ئایا بیر ناکەنەوە، ئایا وەبیرتان نایەتەوە کە نابێ زاتێك کە بەدی دەهێنێ، یەکسان بکرێ لەگەڵ دروستکراوێکدا، کە هیچ شتێکی لەدەست نایەت و ناتوانێ شت وەدی بێنێ ؟!

﴿ وَإِن تَعُدُّواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ لَا تُحۡصُوهَآ ﴾، ئەگەر چاکەکانی خواش بژمێرن، بۆتان سەرژمێر ناکرێن، لێرەدا کە وشەی نیعمەتی بە تاك هێناوە، یانی: جینسی نیعمەتەکانی خوا، یاخود: یەك دانە نیعمەتی خواش ئەگەر ورد سەرنجی بدەن، دەبینن: هەر یەك نیعمەتی خواش چەندان نیعمەتی دیکەی تێدا هەن، بۆ وێنە: نانێك کە دەیخۆی، ئەگەر بیری لێبکەیەوە چەندان شت پێکەوە هاوکار بوون، چەندان دروستکراوی خوا، دەست بەکاربوون تاکو ئەو نیعمەتەیان لێ پەیدا بووە، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴾، بێگومان خوا لێبوردەی بە بەزەییە.

﴿ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعۡلِنُونَ ﴾، هەروەها خوا دەزانێ ئەوەی کە پەنهانی دەکەن و، ئەوەی کە ئاشکرای دەکەن، هەمووی ئاگالێیە، ﴿ وَٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَخۡلُقُونَ شَيۡـٔٗا وَهُمۡ يُخۡلَقُونَ ﴾، ئەوانەش کە لە جیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوە، هیچ دروست ناکەن، هیچ شتێك، تەنانەت خۆشیان دروست دەکرێن، ﴿ أَمۡوَٰتٌ غَيۡرُ أَحۡيَآءٖ ﴾، مردوون زیندوو نین، مردوون و خاوەنی ژیان نین، وشەی: ﴿ غَيۡرُ أَحۡيَآءٖ ﴾، جەختکردنەوەی مردوویێتیی ئەو بت و صەنەمانەیە، یان ئەو پەرستراوانەیە بە گشتی، ﴿ وَمَا يَشۡعُرُونَ أَيَّانَ يُبۡعَثُونَ ﴾، هەروەها هەست ناکەن کەی زیندوو دەکرێنەوە.

کەواتە: شایستەی ئەوەنین بپەرسترێن و، ئەو مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ، کە دەبێ لەگەڵ خوادا بکرێ و، پەرستشەکانیان بۆ ئەنجام بدرێن، ئەوە شتێکی بێجێیە، شتێکی پێچەوانەی عەقڵ و مەنتیقە، پێش ئەوەی پێچەوانەی شەریعەتی خوای پەروەردگار بێ.

www.alibapir.net

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

خوا ئاوی لە ئاسمانەوە دابەزاندوە بۆ خواردنەوە و، لەوەڕی ئاژەڵ و، کشتوکاڵ و، میوەجات:

خوا دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗۖ لَّكُم مِّنۡهُ شَرَابٞ وَمِنۡهُ شَجَرٞ فِيهِ تُسِيمُونَ ١٠ يُنۢبِتُ لَكُم بِهِ ٱلزَّرۡعَ وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلنَّخِيلَ وَٱلۡأَعۡنَٰبَ وَمِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ١١ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١- ﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ ﴾، خوا ئەو کەسەیە کە لە سەرێوە ئاوی دابەزاندوە، وەك زۆرجار گوتوومە: وشەی (مَاء)، بەکارهاتوە، بۆ ئەوەی باران و بەفر و تەرزە بگرێتەوە، ئەگەر هەرکامێکیانی فەرمووبایە، هەر یەکێکیانی دەگرتەوە، کە دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ ﴾، واتە: تەنیا خوا ئەوەی کردوە، نەك جگە لەو، کەواتە: هەر ئەویش بپەرستن، نەك جگە لەو بپەرستن.

وشەی (السَّمَآءِ)یش، واتە: سەرێ (**فوق**).

٢- ﴿ لَّكُم مِّنۡهُ شَرَابٞ ﴾، لەو ئاوە کە دایبەزاندوە لە سەرێوە، ئەو ئاوە شیرین و زوڵاڵە، کە لە بنەڕەتدا ئاوی سوێر و تاڵی زەریا و ئۆقیانووسەکان بووە، بەڵام لە ڕێی هەڵماندن (**تَبْخير**)ەوە، کە تیشکی خۆر لێی داوەو کردوویەتی بە هەڵم، دوایی بایەکان هێناویانە (وەك لە چەندان ئایەتی قوڕئاندا زۆر بە ڕوونیی خوای پەروەردگار ئەوە دەفەرموێ:) بایەکان هێناویانە دوایی بردوویەتی بۆ هەندێ ناوچەی سارد و لەوێ بووە بە هەور و، پاشان ئەو ئاوە کە لە شێوەی باران و بەفر و تەرزە دایە، لێی هاتۆتەخوار، ئنجا لەو ئاوە، خواردنەوە هەیە بۆ ئێوە.

(**الشَّرَابُ: إسْم للمَشْرُوبِ، وَهُوَ المَائِعُ الَّذِي تَشْتَفُّهُ الشَّفَتَان**)، (**شَرَاب**)، ناوە بۆ خواردنەوە، ئەویش بریتیە لەو شلەمەنییەی کە بە دوو لێوەکان دەخورێتەوە، جا چ ڕاستەوخۆ

www.alibapir.net

بخورێتـەوە کـە ئـاوە، چ شـتی دیکـەی پـێ بگیرێتـەوە، وەك: دۆ، ماسـتا و، شـەربەت، جۆرەکانی خواردنـەوە، کـە زۆر زۆرن.

٣- ﴿ وَمِنۡهُ شَجَرٞ ﴾، هەروەها هەر لەو ئاوەشە ڕووەکێك، (الشَّجَرُ: النَّباتُ ذِي الساقِ الصَّلْبة)، ڕووەکێك کە قەد و لاسکێکی پتەوی هەبێ، بەڵکو وەك هەندێك لە شارەزایانی زمان دەڵێن: (الشَّجَرُ مُطْلَقُ العُشْبِ، وَالكَلأ تَغْلِيباً)، هەموو جۆرە گژ وگیاو لەوەڕێك دەگرێتەوە، بە زاڵکردنی گژوگیا بەسەر شیناوردی دیکەدا.

٤- ﴿ فِيهِ تُسِيمُونَ ﴾، ئێوە ئاژەڵەکانی خۆتانی تێدا دەلەوەڕێنن، (إسامَة)، یانی: لەوەڕاندن، (الإسامَةُ: سامَتِ الماشِية فَهيَ سائِمَة)، ئاژەڵەکە، چوار پێیەکان لەوەڕان، (سائِمَة)، یانی: لەوەڕاو.

٥- ﴿ يُنۢبِتُ لَكُم بِهِ ٱلزَّرۡعَ ﴾، هەر بەو ئاوە کشتوکاڵتان بۆی پێ دەڕوێنێ، (الزَّرعُ : المَزْرُوع)، (زَرْع) چاوگە، بە مانای (إسم المفعول)ە، (مزروع) بە مانای شتێك کە دەڕوێنرێ، سەوز دەبێ، شین دەبێ کە وەك گوتم: وشەی (زرع)، زۆر شت دەگرێتەوە، بە گشتی دەگوترێ: کشتوکاڵ، ئنجا ئەو کشتوکاڵە دانەوێڵە دەگرێتەوە، بە هەموو جۆرەکانی، گەنم و جۆ و نیسك و نۆك و برنج و هەرزن و زوڕات و گەنمەشامیی و،... هتد.

پاشـان تـەڕەکار دەگرێتـەوە، وەك: کاڵـەك و شـووتیی و ترۆزیـی و خەیـار و مـۆز و ئـەو شـتانەی دیکـە، کـە وشـەی تـەڕەکار دەیانگرێتـەوە.

دیسـان سـەوزە دەگرێتـەوە بـە هەمـوو جۆرەکانیـەوە، وەك: کـەوەر و تەڕەتیـزەو پیـاز و تـوور و سـیر و تەماتـەو بامیـەو باینجـان و، ئەوانـەش هەندێکیـان هەر دەیانخەنـە ڕیزی میـوە و، هەندێکیان دەیانخەنـە ڕیـزی سـەوزەوە، بـە هەرحـاڵ خـوا هەمـوو جـۆرە سـەوزەیەك، هەمـوو جۆرە شـینایيەك، سـەوزاییەك، ڕووەکێـك، بـۆ ئێـوە بـەو ئـاوە دەڕوێنێ.

٦- ﴿ وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلنَّخِيلَ وَٱلۡأَعۡنَٰبَ ﴾، دیسان درەختی زەیتوون دەڕوێنێ بەو ئاوە، هەروەها دارخورمایەکانی پێ دەڕوێنێ، هەروەها دار ترێیەکان کە مێویان پێ دەگوترێ.

٧- ﴿ وَمِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ ﴾، هەروەها لە هەموو جۆرە میوەکانیش، خوا ﷻ بەو ئاوە دەڕوێنێ، ئەویش چۆن؟ ئێستا زانستی ڕووەك ناسیی دەریخستوە کە ڕیشەو بنەمای هەر ڕووەکێك، جا چ سەوزە بێ، چ دار و درەخت بێ، چ دانەوێڵە بێ، تەڕەکار بێ، شتێکە کە بە عەرەبی پێی دەگوترێ: (اليَخْضُور) و بە ئینگلیزیی پێی دەگوترێ: (کلروفیل): (Chlorophele)، پێشی دەگوترێ:

www.alibapir.net

ماددەی سەوز (المَادَّة الخَضْرَاء)، کە خوا ﷻ لە سوورەتی (الأنعام)، ئایەتی (٥٩)دا ئاماژەی پێکردوە: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ نَبَاتَ كُلِّ شَىْءٍ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا وَمِنَ ٱلنَّخْلِ مِن طَلْعِهَا قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ ... ﴾، واتە: خوا ئەو کەسەیە کە لە سەرێوە ئاوی ناردۆتە خوار، بەو ئاوە هەموو ڕووەکێکمان پێ ڕوواندوە، لەو پنجە ڕووەکە سەوزاییمان دەرهێناوە {(خَضِرًا)، یانی: (یَخْضُور)، کلۆرۆفیل}، کە لەوە دانەوێڵەی ڕیز بووی پێ دەردێنین، هەروەها لە دارخورماش لە کیف (طَلع)ەکەی هێشووە شۆڕبووەوە و نیزیکەکان....

(د. محمد راتب النابلسي)، لە تەفسیرەکەی خۆی دا[١]، دەڵێ:

{المَادَّة الخَضْرَاء (کلروفیل) مَعْمَلٌ صَامِت، تَأْخُذُ مِنَ الشَّمْسِ أَشِعَّتَهَا، تَستعِينُ بامْلَاحِ الحَدِيد، وَبالمَاءِ الَّذِي يَدخُلُ إلى التُّرْبة، وَبثَانِي أَوكْسِيد الكربُون، الَّذِي فِي المَسام، فَهذِهِ الوَرَقَةُ: تَصْنَعُ مَوَاد الجَذْرِ وَمَوَادَّ الساقِ، وَمَوَادَّ الأَغْصَانِ، وَمَوَادَّ الثِّمَارِ، وَكُلُّ الشَّجَرَةِ تُصْنَعُ بسَبَبِ هَذِهِ الوَرَقَةِ الخَضْرَاءِ الَّتِي هِيَ مَعْمَل لَهَا}.

واتە: ئەو ماددە سەوزە (کلۆرۆفیل)، کارگەیەکی بێ دەنگە، لە خۆر تیشکەکەی وەردەگرێ و، هاوکاریی وەردەگرێ لە خوێیەکانی ئاسن و، ئەو ئاوەی کە دەچێتە نێو گڵ، لەوەش هاوکاریی وەردەگرێ، هەروەها لە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن کە دەچێتە نێو کونەکانەوە، (هی ڕووەك) هاوکاریی وەردەگرێ، ئنجا ئەو گەڵایە کە سەوزییەکەیە، هەر ئەوە کە ماددەی ڕەگ و ڕیشەکە دروست دەکات و، ئەو کەرەسەی قەد و لاسکەکە دروست دەکات و، کەرەسەی لقەکان دروست دەکات و، کەرەسەی میوە دروست دەکات، هەروەها تێکڕای درەختەکە لە ئەنجامی ئەو گەڵایەوە کە مادەی کلۆرۆفیلی تێدایە، (کە کرداری تیشکە پێکهاتن لەوێدا ئەنجام دەدرێ)، لەو گەڵایەوە خۆراك و بژیو بۆ هەموویان دەچێ، کە کارگەیەکە بۆ کۆی درەختەکە.

٨- ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴾، بێگومان لەوەدا نیشانەیەکی مەزن هەیە بۆ کۆمەڵێك کە بیر بکەنەوە، کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴾، لەبەر ئەوەی ئاوەکە و کۆی ئەو شتانەی پێی دەڕوێن، یەك بابەتە، بۆیە خوا دەفەرموێ: (لَءَايَةً)، نیشانەیەکی مەزن هەیە، بەڵام بۆ کێ؟ بۆ یەکێك کە بیربکاتەوە، مرۆڤ کە بیر نەکاتەوە، بێگومان سەری لێ دەرناچێ و، تێی ناگات کە چۆن بەو ئاوە، کە یەك ئاوە، بەڵام ئەو هەموو جۆرە

(١) ج٥ ص٧٨.

www.alibapir.net

میوەیە، ئەو هەموو جۆرە دانەوێڵەیە، ئەو هەموو جۆرە سەوزەیە، ئەو هەموو جۆرە شتانە پەیدادەبن، کە هەریەکەی ڕەنگێك، هەریەکەی تامێك، هەریەکەی بۆنێك، هەریەکەی چەندان سوودی لێوەردەگیرێن.

ئنجا ئێمە بە باشی دەزانین کە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بکەین دەربارەی: زەیتوون و، خورما و، ترێ، بەڵام هی خورما و، ترێ، هەڵدەگرین بۆ ئایەتەکانی دواتر، بە تایبەت ئایەتی ژمارە (٦٦) کە دوایی دەیگەینێ.

کورتە باسێک لەبارەی زەیتوونەوە(١)

أ/ چەند زانیارییەکی گشتی:

١) زەیتوون درەختێکی تەمەندارە و بەردەوامیش سەوزە و، زەیتوون پێگەیەکی گرنگی هەیە لە نێو درەختە بەردارەکاندا، بەهۆی ئەوەوە کە هەم میوە دەردەکات، هەم دوای گوشرانی میوەکەی، زەیتیشی لێ پەیدا دەبێ.

٢) زەیتوون بەکاردەهێنرێ بۆ خۆراکی مرۆڤ، بە چەندان شێوە.

٣) چەندان ماددەی پزیشکیی لە زەیتوون دروست دەکرێن.

٤) لە ئەنجامی گوشینی میوەکەیدا و، گوشینی نێوکەکانیدا، تلْت و پاشماوەکەی دەکرێ بە ئالْف بۆ ئاژەڵان.

٥) ئەو تەختەیەی کە لە درەختی زەیتوون پەیدا دەبێ، بە باشترین جۆری تەختە بۆ سووتەمەنیی و، بۆ خەڵووز، دادەنرێ.

٦) درەختی زەیتوون دەگونجێ هەزاران ساڵ بژی، تەمەنی زۆر زۆرە، بەڵام تەنیا هەتا دوو سەد (٢٠٠) ساڵیی و، بە پشتەوەش بە باشیی میوە دەردەکات، بەڵام دوایی مەرج نیە بەرەکەی چاك بێ.

٧) درەختی زەیتوون جۆری زۆرن، تەنیا لە سووریا حەفتا جۆر زەیتوون هەیە.

ئەمە بە گشتی دەربارەی زەیتوون.

ب / سوودە پزیشکیی و خۆراکییەکانی زەیتوون (الفوائد الطِبِّية والغِذَائِية لِلزَّيْتون):

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی کردوە بە بیست و یەك (٢١)، جۆرە سوود:

١) دوای ئەوەی کە گەڵای زەیتوون دەکوڵێنرێ، ئاوەکەی بەکاردەهێنرێ بۆ دابەزاندنی فشاری خوێن.

---

(١) شایانی باسە: ئەو زانیارییانەم لە {(الموسوعة العربية) ج ١٠، ص ٤٣٧ - ٤٨٦، ط ١} وەرگرتوون، کە لەوێدا بە تەفصیلْ باسی زەیتوون دەکات لە بەرگی دەیەمدا، دیارە زانیارییەکان ڕاستەوخۆ بە کوردیی دەهێنم و دەقە عەرەبییەکەی ناهێنم:

www.alibapir.net

٢) هەروەها ئاوە گوشراوەکەی گەڵایەکانی، بەکاردەهێنرێ بۆ دابەزاندنی ئاستی شەکرە لە خوێندا.

٣) هەروەها هەر ئاوە گوشراوەکەی گەڵایەکانی، بەکاردەهێنرێ بۆ کەمکردنەوەی ترشەڵۆکی نێو گەدە، ترشانی گەدە.

٤) گوڵی زەیتوون ئەگەر بکوڵێنرێ، ئاوەکەی بەکاردەهێنرێ بۆ چارەسەری سەرئێشە، کە دەبێ لە شتێك بدرێ و دوایی لەسەر شوێنی ئازارەکە دابنرێ.

٥) هەروەها گوشراوی زەیتوون بۆ کەمکردنەوەی ئازاری ڕۆماتیزم، بەکاردێ.

٦) زەیتوون هەم خۆراکە، هەم دەرمانە، بە تایبەت بۆ گەشەکردنی منداڵان، چونکە زەیتی زەیتوون ڕێژەیەکی هاوسەنگ و گرنگی لە ترشی لینۆلینیك (**اللّینولینیك**)ی تێدایە، هەروەها ترشی ئەلفا لینۆلینیك (**ألفا لینولینیك**)، کە کەمیی ئەو دوو جۆرە ترشە، دەبێتە هۆی دواکەوتنی گەشە، گەشەی منداڵ و، دابەزینی ئاستی بەپێزیی و دابەزینی کارەکانی جگەر، کە جگەر بتوانێ کارەکانی خۆی ئەنجام بدات، پاشان دابەزینی ئاستی عەقڵیی و، هاتنە پاشی پڕۆسەکانی هەرسکردنی خواردن، هەروەها کەمیی ئەو دوو ترشە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرگریی لێکردنی نەخۆشییان لە جەستەدا، بە تایبەتی ئەو نەخۆشییانەی لە هەوکردن (إلتهاب)ەکانەوە پەیدادەبن.

٧ و ٨) زەیتی زەیتوون ئەندازەیەکی هاوسەنگ لەو ڤیتامینانەی تێدان، کە دژی ئەکسەدەن، (**الأَكْسَدة**)[١]، ئنجا ئەو ڤیتامینانەی کە دژی ئەو ژەنگەن، کە لەسەر دەمارەکانی خوێن پەیدادەبێ، لە زەیتی زەیتووندا هەن، هەروەها (بیتا کارۆتین)ی تێدا هەیە، کە ئەویش جۆرە ڤیتامینێکە سوود دەگەیەنێ بە گەشەکردنی ئێسقان و بەهێزکردنی ئێسقان، پاشان هێنانە خواری ئازارەکانی ڕۆماتیزم و، ئازارەکانی جومگەکان بەهۆی شێلانەوە، واتە: بەو زەیتە بشێلدرێ، بهەنووێ، (بە کوردیی هەنوونی پێ دەڵێن)، کە زەیتەکەی لەسەر دادەنێی بە دەست بیشێلیی، دەیهەنووێ، چونکە زەیتی زەیتوون ئەندازەیەکی زۆر لەو مادە سەرەتاییانەی کە پێویستن بۆ دروستکردنی ئێسقان، تێیدا هەن، وەك کالیسیۆم و ڤیتامین (D).

٩ و ١٠) زەیتی زەیتوون و، زەیتوون بە گشتی، بەکاردێ بۆ چارەسەری برینی گەدە و، چارەسەری قەبزیی، ئەوە کە مرۆڤ بە زەحمەت دابنیشێ و، پاشەڕۆکی لێ جیابێتەوە.

---

(١) (لە ئەنجامی جۆرێك لە کارلێك لەگەڵ ئۆکسجیندا، جۆرێك لە ژەنگ لەسەر دەمارەکانی خوێن پەیدا دەبێ)

www.alibapir.net

١١) زەیتوون دەبێتە هۆی دەرکردنی ئەو ماددانەی کە لە زراودا هەن، واتە: بە ئاسانیی زراو ڕژێنەکانی خۆی بڕێژێ.

١٢) زەیتی زەیتوون و، زەیتوون دەبێتە هۆی ڕێگرتن لە پێکهاتنی بەردەکانی گورچیلە.

١٣) هەرسکردنی ڕۆنەکان، چەورییەکان لە لەشدا بەهۆی زەیتی زەیتوونەوە خێرادەبن، هاندەدرێن.

١٤) زەیتی زەیتوون، ژەهرە کۆبووەوەکان لە جگەردا دەردەکات، یان وایان لێدەکات کە بێلایەن بن، واتە: زیانیان نەبێ.

١٥) هەروەها زەیتی زەیتوون و، زەیتوون، یارمەتی دەدات بۆ دابەزاندنی کۆلسترۆڵی خوێن، چونکە ئەندازەیەکی زۆر لە ترشەڵۆکی (ئۆلیك)ی تێدایە.

١٦) زەیتوون ڕێگا دەگرێ لە کەڵەکەبوونی خەپلە خوێنییەکانی (**الصفيحات الدموية**) و، کۆبوونەوەیان و پارێزگاریی دەکات لەسەر شلێتیی خوێن، کە خوێن خەست نەبێتەوە و، سەرەنجام ڕێگە بگرێ لە ڕوودانی جەڵتەی خوێن، چونکە خەستبوونەوەی خوێن، لە ئەنجامی دا خوێن چاك هاموشۆ ناکات بۆ مێشك و، جەڵتەی دەماغ، یان جەڵتەی دڵ پەیدا دەبێ.

١٧) هەروەها زەیتوون پارێزگاریی دەکات لەسەر سپێتیی ددانەکان، هەروەها نەخۆشییەکانی پووك چاك دەکات.

١٨) زەیتوون پارێزگاریی دەکات لەسەر نەرم و ناسکیی و جوانیی پێست.

١٩) زەیتوون پارێزگاریی دەکات لەسەر نەرمیی مووەکان.

٢٠) زەیتی زەیتوون دەبێتە یارمەتیدەر بۆ کەمکردنەوەی دەرکەوتنی نیشانەکانی پیریی، یان خەڵەفان (**الخَرَفْ**)، لەبەرئەوەی چەند ترشێکی چەوریی هاوسەنگی تێدا هەن.

٢١) لە کۆتایی دا بڕوا وایە، کە ترشەکانی زەیتوون بە بەرپرسیار دادەنرێن، لە پارێزگاریی لێکردن لە ماددەی بۆ ماوەیی (**المادة الوِراثية**) (DNA)، کە مادده پەیداکەرەکانی شێرپەنجە، ڕێگایان لێدەگرێ کە کاربکەنە سەر ئەو مادده میراتییە، دیارە لە ئەنجامی (DNA)یەوە جینە، بۆماوەییەکان (**الجينات الوِراثية**)**کان** دەپارێزرێن و پەیدادەبن و لە ڕێی وانیشەوە سیفەتەکان لە باب و دایکەوە بۆ منداڵان دەگوازرێنەوە.

www.alibapir.net

ج/ تایبەتمەندییەکی گرنگی زەیتوون:

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی زەیتی زەیتوون ئەوەیە کە ئەگەر هەتا دوو سەد (٢٠٠) پلەی گەرمییش بکوڵێنرێ، گەرمبکرێ بۆ ماوەی سێ (٣) سەعاتانیش، تایبەتمەندیی و کاریگەرییە بایۆلۆجییەکانی لە دەست نادات، بەهۆی ئەوەوە کە دەوڵەمەندە بە ترشی (ئولیك) و ئەو ماددانەی کە دژی (ئەکسەدەن)، واتە: دژی ژەنگهێنانی دەمارەکانی خوێنن.

د/ ئەو ماددە سوود بەخشانەی لە زەیتووندا هەن:

ئەم جۆرە ماددانە هەموویان لە زەیتووندا هەن، لە هەر سەد (١٠٠) گرام ڕۆنی زەیتوون، ئەم ئەندازانە هەن لەو ماددانە:

١) لە هەر (١٠٠) گرام زەیتی زەیتوون (٢٧) میللی گرام کیبریت هەیە.

٢) (١٤) میللی گرام فۆسفۆر هەیە.

٣) (٤) میللی گرام کلۆر هەیە.

٤) (١٣٨) میللی گرام سۆدیۆم هەیە.

٥) (٢) میللی گرام مەغنزیۆم هەیە.

٦) (١٢٢) میللی گرام کالیسیۆم هەیە.

٧) (٢/٩) میللی گرام ئاسن هەیە.

٨) (٢٨٪) میللی گرام مس هەیە.

٩) (٢٪) میللی گرام مەنغەنیز هەیە.

١٠) (٠،٠٠١١) یازدە میللی گرام یۆد هەیە.

١١) (٥٠ - ٦٠٪) میللی گرام چەورییەکان هەن.

١٢) (٥ - ١٠٪) میللی گرام ماددە شیرینییەکان (سکریات) کاربۆهیدرات، هەیە.

١٣) (٨،٧٪) ماددە ئازووتییەکان هەن.

١٤) (٢٣٪) ئاو هەیە.

١٥) ڤیتامین(A) هەزار (١٠٠٠) یەکەی دەولیی هەیە، لە هەر سەد (١٠٠) گرام دا.

١٦) ڤیتامینەکانی: (Bو Cو Dو E)، (٣ تاکو ٣٠) میللی گرام لە هەرکامێکیان هەیە.

هەڵبەتە وردەکاریی زیاتریش هەیە لەبارەی سوودو کەڵکەکانی زەیتی زەیتوون، بەڵام ئێمە بەوەندە وازی لێ دێنین.

www.alibapir.net

مەسەلەی دووەم:

خوا شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگ و ئەستێرەکانی ڕام و ملکەچ کردوون و، عاقڵمەندان لەوەدا نیشانان دەبینن، لەسەر تەنیا پەروەردگاریتیی و تەنیا پەرستراویتیی خوا:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ وَٱلنُّجُومُ مُسَخَّرَٰتُۢ بِأَمۡرِهِۦٓۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ﴿١٢﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١- ﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ﴾، خوا شەوگار و ڕۆژگاری بۆ ئێوە ملکەچ کردوون، بۆی دەستەمۆ کردوون، دەڵێ: (**التَّسْخِيرُ سِيَاقَةُ إِلَى الغَرَضِ المُخْتَصّ بِهِ قَهْرًا**)، (**تَسْخِير**): بریتیە لە لێخوڕینی شتێك و زۆر لێکردنی بەرەو ئەو ئامانجەی کە پێیەوە پەیوەستە، واتە: خوا ﷻ شەوگاری ئاوا لێکردوە و ڕۆژگاریشی ئاوا لێکردوە، دیارە شەوگار تاریکە و، ڕۆژگار ڕووناکە، شەوگار بەهۆی ئەوەوە کە خۆر بەدەرەوە نیە، ڕۆژگار بەهۆی ئەوەوە کە خۆر بە دەرەوەیە، یەکێکیان تاریکەو، ئەوی دیکە ڕووناکە، بەدەست خۆیان نیە، شەوگار دەبێ لە کاتی خۆیدا بێ و ڕۆژگار دەبێ لە کاتی خۆیدا بێ، هەڵبەتە شەو و ڕۆژ لە ئەنجامی سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا لە بەرانبەر خۆردا پەیدادەبن، بە خێرایی سی (٣٠)کم لە خولەکێکدا، یانی: زەوی (٣٠) کم دەبڕێ لە خولەکێکدا بە دەوری خۆیدا لە ئەنجامی ئەوەدا شەو و ڕۆژ پەیدادەبن، ئەو لایەی کە ڕووی لە خۆرە دەبێتە ڕۆژ، ئەو لایەی کە پشتی لە خۆرە، دەبێتە شەو.

٢- ﴿وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ﴾، هەروەها خوا خۆر و مانگیشی بۆ ئێوە دەستەمۆ کردوون، جا جێی سەرسووڕمان ئەوەیە، کە خۆر و مانگ قەبارەکەیان بۆ ئێمە هێندەی یەك دیارە، بە ئەندازەی بێژینگێك دیارە، بەڵام لە ڕاستییدا خۆر ملیۆنێك و سێ سەد هەزار (١٣٠٠٠٠٠) جار هێندەی زەوییە و زەویش چەند بەرانبەری مانگە، بەڵام خوا ﷻ ماوەی دووریی خۆر لە زەوی و ماوەی دووریی مانگ لە زەوی وا داناون بە ئەندازەی یەکدی دیار بن، لە حاڵێکدا کە قەبارەیان زۆر زۆر لە یەك جیایە[1]،

---

(١) لە تەفسیری سوورەتی (الرحمن)یش باسێکی گرنگمان لەبارەی فراوانیی ئاسمان و ئەندازە پێکەوە گونجاوەکانی: خۆرو زەوی و مانگ کردوە.
شایانی باسیشە:
تیرەی خۆر چوار سەد (٤٠٠) هێندەی تیرەی مانگە، بەڵام دووریی خۆریش لە زەوییەوە چوار سەد (٤٠٠) هێندەی دووریی مانگە لە زەوییەوە بۆیەش خۆرو مانگ لە چاوی ئێمەدا، هێندەی یەك دیارن!

www.alibapir.net

هەڵبەتە ئێمە لە باسێکی تایبەتدا کە لە سووڕەتی (**یونس**)دا کردوومانە، باسی خۆر و مانگ و زەوی و شەو و ڕۆژ و، ئەستێرەکان و، کاهکەشانەکانمان بە تەفصیڵ کردوە.

٣- ﴿ وَٱلنُّجُومُ مُسَخَّرَٰتُۢ بِأَمۡرِهِۦٓ ﴾، هەروەها ئەستێرەکانیش ملکەچن بە فەرمانی خوا، واتە: بە فەرمانی تەکوینی خوا، بە ویستی خوا ﷻ، بە پێی ئەو یاسایانەی کە خوا ﷻ بۆی داناون، ملکەچن، ئەستێرەکانیش کە هەر کۆمەڵەیەکی زۆریان کەهکەشانێك پێك دێنن و، کەهکەشانەکانیش لە نێو خۆیاندا، دووبارە یەکەی گەورەتر پێکدێنن، وەك لە تەفسیری سووڕەتی (**یونس**)[1]دا بە تەفصیڵ باسمان کردوە.

٤- لە کۆتایی دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ﴾، بێگومان لەوەدا کە باسکرا، نیشانە هەن بۆ کۆمەڵێك بفامن، هەر بفامن و تۆزێك عەقڵیان هەبێ و، هۆشیان هەبێ، نیشانەی زۆر دەبینن لە: شەوگار و، ڕۆژگار و، خۆر و، مانگ و، ئەستێرەکان و، کەهکەشانەکاندا، کە بە هەموویان هەلومەرجێکیان بۆ مرۆڤ ڕەخساندوە، لەم سەر زەوییە کە بتوانێ ژیانی تێدا بەسەر بەرێ و، بگوزەرێنێ، کە خوای پەروەردگار بە شێوەی کاتیی پێیداوە، تاکو لەو ژیانە کاتییەدا تاقی بکاتەوە، ئنجا کەسانێك هەر عەقڵ و هۆشیان هەبێ، زۆر بەڵگە و نیشانان لەوانەدا دەبینن، لەسەر ئەوە کە هەر خوا بەدیهێنەر و پەروەردگار و خاوەنە و، هەر ئەویش شایستەی بەندایەتیی بۆ کران و پەرسترانە.

ئەوەی کە جێی سەرنجە، ئەو نیعمەتانەی کە لە ئایەتەکانی: (١٠) و (١١) و (١٣)دا باسکراون، خوا فەرمووی: ﴿ لَأٓيَةٗ ﴾، چونکە هەموویان یەك جۆرن و لە یەك چوارچێوەدان.

بەڵام ئەم نیعمەتانەی کە لە ئایەتی: (١٢)دا هاتوون، لەبەر ئەوەی زۆر جۆرن: شەوگارە، ڕۆژگارە، خۆرە، مانگە، ئەستێرەکانن، بۆیە وشەی کۆی بۆ بەکارهێناون: ﴿ لَأٓيَٰتٖ ﴾.

بەڵام ئەوانی دیکە: ئاو لەسەرێ دێتە خوار، بۆ خواردنەوە، بۆ لەوەڕ و، کشتوکاڵ و، میوەجات، هەمووی یەك بابەتە و لە یەك چوارچێوە دایە.

هەروەها لە ئایەتی دواتردا کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا ذَرَأَ لَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُخۡتَلِفًا أَلۡوَٰنُهُۥٓ ﴾، چونکە ئەوەی خوا لەسەر زەوی پەیدای دەکات، ئەویش هەمووی یەك بابەتە، هەمووی لە یەك بازنەدایە.

---

(١) هەروەها لە تەفسیری سووڕەتی (فصلت)یش دا باسێکی باشمان لەبارەی گەردوونەوە کردوە.

www.alibapir.net

مەسەلەی سێیەم:

خوا ﷻ ئەوەی کە لە زەویدا دروستی کردوە، لە ڕووەك و ژیانداران، ڕەنگی جۆراو جۆریان هەن:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَمَا ذَرَأَ لَكُمْ فِي ٱلْأَرْضِ مُخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهُۥٓ ۗ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١- ﴿ وَمَا ذَرَأَ لَكُمْ فِي ٱلْأَرْضِ ﴾، ئەوەی کە لە زەویدا بۆی هێناونەدی، وشەی ﴿ ذَرَأَ ﴾، بە مانای بەدیهێنا (**خَلَقَ**) دێ، (**ذُرية**)، بۆیە پێی دەگوترێ: (**ذُرية**)، چونکە دروستکراوە، بەڵام وێڕای دروستکردن، مانای بڵاوکردنەوەش دەگەیەنێ، ﴿ وَمَا ذَرَأَ لَكُمْ فِي ٱلْأَرْضِ ﴾، واتە: ئەوەی کە لە زەویدا بۆی دروستکردوون و، بڵاویشی کردۆتەوە، وشەی (ما) لێرەدا (**موصولة**)یە، یانی: (الذي خَلَقَهُ لكُم فِي الأَرض)، هەرچی کە خوا لەسەر زەوی دروستیکردوە، دەیگرێتەوە، لە ژیاندار، لە ڕووەك، لە دار و درەخت، لە میوە، لە سەوزە، لە باڵندە، لە ژیانداری نێو دەریا، لە چیایەکان، لە کانزایەکان، هەرچی خوا ﷻ لەسەر زەوی دروستی کردوە، هەمووی دەگرێتەوە.

٢- ﴿ مُخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهُۥٓ ﴾، یانی: لە حاڵێکدا کە ڕەنگەکانیشی جیاجیان، دیارە هەم میوەکان ڕەنگیان جۆرا و جۆرە و هەم چیاییەکان، هەم خەڵك و ژیانداران و ئاژەڵ، وەك خوا ﷻ لە سوورەتی (**فاطر**)دا ئاماژە دەکات، دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ ثَمَرَٰتٍ مُّخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهَا ۚ وَمِنَ ٱلْجِبَالِ جُدَدٌۢ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ ﴿٢٧﴾ وَمِنَ ٱلنَّاسِ وَٱلدَّوَآبِّ وَٱلْأَنْعَٰمِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ كَذَٰلِكَ ۗ إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ﴿٢٨﴾ ﴾ فاطر.

لێرەدا خوا ﷻ ئاماژە دەکات: بە دار و درەختەکان، میوەکان، بە ژیانداران، بە مرۆڤەکان، بە چیایەکان، ئاماژە بە هەمووی دەکات، دوایی دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟ ﴾، بێگومان بەندە زاناکان، باش سام و هەیبەت و ترسی خوایان هەیە، واتە: ئەوانەی کە شارەزان بەوە کە خوا چی دروستکردوە و چۆنی دروستکردوە،

www.alibapir.net

چونکە لەوێدا باسی جیاوازیی ڕەنگەکانی ئەو شتانە دەکات، کە خوا دروستی کردوون، چ ئەوەی بە ئاوی ئاسمان دەڕوێ، لە سەوزەو شیناورد و دانەوێڵەو، دار و درەخت و میوە، چ چیایەکان و، چ ئاژەڵەکان و، چ مرۆڤەکان.

جیاوازیی ڕەنگی شتەکانیش، چەندان حیکمەتی تێدان، بۆ نموونە:

١/ ڕەنگی جۆرا وجۆر بۆخۆی دیمەنێکی جوانی هەیە: چیایەك خەتێکی ڕەشە، خەتێکی سوورە، خەتێکی سپییە، ڕەنگێکی دیکەیە، دیسان ئاژەڵەکان کە ڕەنگیان جیا جیایە، ئنجا دار و درەختەکان و میوەکان کە ڕەنگیان جیا جیایە، درەخت هەمووشی هەر سەوزە، بەڵام سەوزی کاڵ هەیە، سەوزی تۆخ هەیە، هەر لە ڕەنگی سەوزدا، چەندان پلەی سەوز هەیە، هەروەها لە ڕەنگی سووردا، چەندان پلەی سوور هەیە، دیسان لە ڕەنگی سپییدا، چەندان پلەی سپیی هەیە و، لە ڕەنگی ڕەشدا چەندان پلە هەیە، کەواتە: یەکێك لە حیکمەتەکانی ڕەنگەکان بریتیە لە جوانیی لەو ڕەنگاو ڕەنگییەدا.

یەکێکی دیکە بریتیە لە ناسینەوەی شوێنەکان، چیای زەردکی، کێوە ڕەش، ئاسۆس، قەندیل، بەڵێ ناسینەوەی شوێنەکان، یەکێکی دیکە لە حیکمەتی جۆراوجۆریی ڕەنگەکان.

٢/ حیکمەتێکی دیکە بە تایبەت بۆ میوە، بریتیە لەوەی هەر میوەیەك لە کاتی نەگەیشتنی دا ڕەنگێکی هەیە و، لە کاتی گەیشتنی دا ڕەنگێکی دیکەی هەیە، بۆ نموونە: ڕەنگی توو، لە کاتی نەگەیشتنی دا ڕەنگەکەی سپییە، بەڵام کە دەگات ڕەنگەکەی دەگۆڕێ، زەرد هەیە، ڕەش هەیە، سوور هەیە، هەروەها سێو پێشێ ڕەنگەکەی سەوزە، بەڵام دوایی زەرد دەبێ، سوور دەبێ، هەروەها میوەکانی دی، واتە: بەهۆی جیاوازیی ڕەنگەکەیەوە، دەزانی ئەو جۆرە میوەیە گەیشتوە یان نا ؟! ئنجا ئەمە تایبەتیش نیە بە میوەجاتەوە بەڵکو بەرهەمەکانی دیکەش هەروان، بۆ وێنە: دانەوێڵە بەگشتی بەهۆی ڕەنگییەوە بۆت بەدەردەکەوێ، ئایا پێگەیشتوە و حاڵەتی درەوی هاتوە یان نا ؟!.

٣/ حیکمەتێکی دیکەشی جیاکردنەوەی جۆری شتەکانە، کە دەتوانی بەهۆی ڕەنگیانەوە جۆرەکانیان لە یەك جیابکەیەوە، بۆ وێنە: ترێ، ترێی سوور هەیە، ترێی سپی هەیە، ترێی ڕەش هەیە، ترێی بۆڵو و ورد هەیە، هەروەها جۆرەکانی هەرمێ و جۆرەکانی سێو و جۆرەکانی خۆخ و جۆرەکانی هەڵوژە و جۆرەکانی توو، هەروەها لە چیا و گردۆلکەکان و، کانیی و ڕووبارەکان و، ئاژەڵ و پەلەورەکان و... هتدیشدا بەهەمان شێوە.

www.alibapir.net

هەڵبەتە خوا سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى بە گشتی باسیکردوە و، گرنگ ئەوەیە ڕەنگاو ڕەنگیی دروستکراوەکانی خوا، حیکمەتی زۆری تێدان.

٣- بۆیە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ﴾، بێگومان لەوەدا نیشانە هەیە، نیشانەیەکی مەزن هەیە، جێی سەرنج هەیە، بۆ کۆمەڵێك کە بیریان بکەوێتەوە.

(**تَذَكُّر**)، چەند جارێکی دیکەش باسمان کردوە، واتە: هاتنەوە بیر، ئەوەیە شتێك مرۆڤ بیهێنێتەوە بیری خۆی، (**التَذَكُّر دَرَجَةٌ عَالِيَة مِنَ التَّفْكِير، فَهُوَ اسْتِحْضَار المَعْلُومَاتِ السَابِقَةِ، ثُمَّ الإِسْتِنْتَاجُ مِنْهَا**)، واتە: (**تَذَكُّر**): پلەیەکی بەرزی بیرکردنەوەیە، چونکە بریتیە لەوە کە ئەو زانیارییانەی پێشێ هەتبوون، لە مێشکی خۆتدا ئامادەیان بکەی، ئنجا ئەنجامگیرییان لێ بکەی.

www.alibapir.net

مەسەلەی چوارەم:

هەروەها خوا ﷻ دەریای ڕام کردوە تاکو گۆشتی تەڕ و تازەی لێ بخۆین و، خشڵی لێ دەربێنین و، بە خۆمانی وەبکەین و، بە کەشتییان بۆ بازرگانیی و هەڵش و وێڵش، سەفەری پێدا بکەین:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى سَخَّرَ ٱلْبَحْرَ لِتَأْكُلُوا۟ مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُوا۟ مِنْهُ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى ٱلْفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە حەوت بڕگەدا:

١- ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى سَخَّرَ ٱلْبَحْرَ ﴾، هەروەها خوا ئەو کەسەیە، (ئەو خوایەی کە پێغەمبەری خاتەم ﷺ و، هەموو پێغەمبەرانی خوا، بانگی خەڵکیان کردوە، کە تەنیا بەندایەتیی بۆ ئەو بکەن و تەنیا ئەو بە پەرستراوی خۆیان بزانن، تەنیا دروشمەکانی خواپەرستیی پێشکەشی وی بکەن و، بەرنامەکانی ژیان تەنیا لەو وەربگرن و، هەر ئەو سەرچاوەی (**شرائع و شعائر**) بێ، ئەو خوایە ئەو کەسەیە) کە دەریای بۆ ملکەچ کردوون، پێشتر گوتمان (**تسخیر**)، ئەوەیە کە شتێك بەرەو ئامانجێك کە تایبەتە پێیەوە پاڵ بدرێت و، پاڵی پێوە بنرێ و، بە ناچاریی بەرەو وێ ببردرێ، واتە: خوا دەریای ملکەچ کردوە، ڕامی کردوە، دەستەمۆی کردوە، ئەو دەریا بێڕەزایە! کە کەسێك سواری کەشتییە گەورەکان بوو بێت و، بە نێو دەریا گەورەکاندا هاتووچۆی کرد بێ، ئنجا تێدەگات دەریا چەند بێ ڕەزایە! چەند گەورەیە! چەند سامناکە، بە تایبەتی کە با هەڵدەکات و، دەبێتە گەردەلوول و شەپۆلی گەورە گەورە دێن.

جاری دیکەش باسم کردوە: ئێمە ساڵی (١٩٩٨ز) بەسواری کەشتی سەفەرێکمان کرد لە ماڵتاوە بۆ (**بنغازی**) لە لیبیا، کۆبوونەوەیەکی فراوان هەبوو لەوێ، کە ڕێیەکە نزیکەی (١٩-٢٠) سەعاتی پێدەچوو، لەسەری گەڕانەوەدا باو گەردەلوولێك لێی داین، خەڵکەکە زۆر ترسا، هەڵبەتە کەشتییەکەمان حەوت قات بوو، دەوری دوو هەزار (٢٠٠٠) نەفەری هەڵدەگرت، کەشتییەکی زەبەلاح بوو، بەڵام لە نێو شەپۆلە گەورەکانی ئەو دەریایەدا، دەریای سپی نێوەڕاست، وەك: کۆلکە دارێکی زۆر بچووك دەهاتە پێش چاو، کە بەلای

www.alibapir.net

پێشەوەدا دەچوو، دەمانگوت: تازە ئەوە نغرۆ دەبێ و هەتا بنی دەریا گیر نابێ، کە هەڵدەستایەوە پاشان شەپۆل دەهات، دەمانگوت: ئەوجا بە پشتەوەیدا غەرق دەبێ، کە دەکەوتە سەر لای ڕاست و لای چەپ، بە هەمان شێوە.

کەواتە: ڕامکردن و مل پێکەچکردنی دەریا، نیعمەتێکی زۆر گەورەیە، بەڵام ئایا بۆچی خوا دەریای مل پێکەچکردوە و ڕامکردوە ؟!

٢- بۆ چەند ئامانجێك كە دوایی باس دەکرێن: ﴿ لِتَأْكُلُواْ مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا ﴾، بۆ ئەوەی گۆشتێکی تەڕ و تازەی لێ بخۆن.

﴿ لَحْمًا طَرِيًّا ﴾، واتە: گۆشتی تەڕ، گۆشتی تازە، ئنجا ئەوە ئاماژەیە بەوە کە پێویستە ئەو ژیاندارانەی کە لە دەریادان، گۆشتەکەیان بە تازەیی بخورێ و، وا باشترە هەڵنەگیرێ، هەڵبەتە وەك: دوایی باسی دەکەین، ئەگەر هەڵیشبگیرێ، هەر ڕەوایە، مادام لە ڕووی تەندروستییەوە زیانی نەبێ و، لە ڕووی پزیشکییەوە تێکنەچوو بێ، بەڵام باشتر وایە و ئەو ئایەتە ئاماژە بەوە دەکات کە بە تەڕی و تازەیی بخورێ، لەزەتی زیاترەو سوودی زیاترە.

جێی سەرنج ئەوەیە کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ لِتَأْكُلُواْ مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا ﴾، هەروەها لە سوورەتی (**فاطر**)یش، لە ئایەتی (١٢) دا دووبارە لەوێش هەر دەفەرموێ: ﴿ وَمِن كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا ...﴿١٢﴾ ﴾، کە دوایی ئایەتەکە دێنین.

لە هەر کامێکیان، واتە: هەم لە ئاوی شیرین و هەم لە ئاوی سوێردا، گۆشتی تەڕ و تازە دەخۆن، وشەی (**لحم**)ی باسکردوە، نەك بۆ وێنە بفەرموێ: (**سَمَكا طَرِيا**)، یان (**حُوتاً طَرِيا**)، بۆچی ؟

چونکە هەرچی لە دەریا دایە، ژیاندارانی دەریا، هەموویان گۆشتەکەیان دەخورێ، بەڵکو جاری وایە هەندێ لە نەتەوان، لە هەندێ لە وڵاتان، هێندێ لە ژیاندارانی دیکەی دەریا، لە ماسی زۆر مەرغووبترن و، خەڵك زۆر زیاتر بەدوایاندا وێڵ و عەوداڵە، بۆیە خوا ﷻ وشەیەکی بەکارهێناوە هەم ماسی بگرێتەوە، هەم جگە لە ماسی بگرێتەوە.

یەکێك لەو شتانەی کە لە دەریادا هەیە، کە گەورەترین دروستکراوی خوایە لە وشکانیی و لە دەریاشدا، بۆیە ئاماژەیەکی پێ بکەین باشە، بریتیە لە نەهەنگ (حوت):

www.alibapir.net

١/ جۆری گەورەی حوت (١٣٠) تەنە، یانی سەد و سی هەزار (١٣٠٠٠٠) کیلۆ.

٢/ (٥٠) تەن بەس ڕۆن و چەوریی تێدایە.

٣/ (٥٠) تەنیش گۆشتی تێدایە.

٤/ هەناوەکەشی (٣٠) تەنە، کە لە چەورییەکەی (٩٠) بەرمیل زەیتی لێ دەردەهێنرێ، ئنجا ئەوە یەکێکە لەو دروستکراوانەی کە خوا لە دەریادا دروستی کردوون و، لە گۆشتەکەیان بەهرەمەند دەبین.

٣- ﴿وَتَسۡتَخۡرِجُواْ مِنۡهُ حِلۡيَةٗ﴾، خشڵێکی لێ دەردێنن، ئەو خشڵە زۆربەی زانایان دەڵێن: مەبەست پێی (**لؤلؤ**)ە، بە کوردیی ئێمە گەوهەری پێ دەڵێین، بەڵام وێڕای ئەوەش مرواریی (مرجان)یش، ئەویش جۆرە بەردێکی بە نرخە، لە دەریا دەردەهێنرێ، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿يَخۡرُجُ مِنۡهُمَا ٱللُّؤۡلُؤُ وَٱلۡمَرۡجَانُ ٢٢﴾الرحمن.

(**لؤلؤ**) لە نێو گوێچکە ماسییدا، لە نێو قۆزاخەیەکدایە، کە سەرەتا ژیانداریێکی تێدا هەیە، ئەو ژیاندارە کاتێك هەست بە مەترسییەك بکات، پێی وابێ کە دوژمنێك بۆی دێ، ماددەیەکی کلسیی فۆسفۆریی دەردەدا، وەك بەرگریی کردن لە خۆی و، سەرەنجام ئەو ماددەیە کە وەك بەرگریی لەخۆ کردن دەریداوە، دەبێتە ئەو گەوهەرە، کە زۆر زۆریش لە زێڕ و ئەڵماس و لە هەرچی شتی بەنرخە، ئێستا لەم ڕۆژگارەدا، کە لە مێژووشدا هەروا بووە، بە نرختره.

٤- ﴿تَلۡبَسُونَهَا﴾، بە خۆتانی وەدەکەن، (**اللُّبْسُ: جَعْلُ الثَّوْبِ، وَالعِمَامَةِ، وَالمَصُوغِ عَلَى البَدَنِ**)، (**لَبْس**): بریتیە لەوە کە مرۆڤ پۆشاك، یان مێزەر، یان شتێك کە قاڵ کراوەتەوە، ئنجا زێڕە، زیوە، هەر شتێکی هەیە بخرێتە سەر جەستە، کەواتە: بەخۆوەکردنی گەوهەر و مرواریش، هەر پێی دەگوترێ: پۆشین (**لبس**).

ئنجا توێژەرەوانی قورئان مشتومڕی زۆریان بووە، لەوەدا کە مادام دروست نیە پیاوان گەوهەر بەخۆوە بکەن، چۆن خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿تَلۡبَسُونَهَا﴾؟! بۆیە کەوتوونە تەئویل و تەئویل کاریی:

١/ هەندێکیان گوتوویانە: تەنیا ژنەکان بەخۆی وەدەکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی ژنەکان بۆ پیاوەکان خۆیان دەڕازێننەوە، بۆیە خوا ﷻ ڕاناوی نێرینەی بەکارهێناوە و دەفەرموێ: ﴿تَلۡبَسُونَهَا﴾!!

www.alibapir.net

٢/ هەندێکیان گوتوویانە: لەبەرئەوەی ژن و پیاو تێکەڵن، بۆیە خوا ﷻ پێکەوەی باسکردوون !

بەڵام من پێموایە: ئێمە نابێ بە گوێرەی فیقهی ئیسلامیی، چەمك و واتا بۆ ئایەتەکان دیاریی بکەین، چونکە خوا ﷻ لێرەدا تەنیا مسوڵمانان نادوێنێ، ئنجا بەپێی فلان و فیسار مەزهەبیش! بەڵکو خوا بەگشتی مرۆڤەکان دەدوێنێ و هەرچەندە لە نێو مسوڵمانان دا عادەت نەبێ، گەوهەر بەخۆوە بکەن، بەڵام تەنیا زێڕ و ئاوریشم (**ذهب وحرير**) دەقیان لەسەرە کە نابێ پیاوان بەکاریان بێنین، ئەویش دیارە بەبێ پاساو، بەڵام لەسەر گەوهەر و، مرواریی و، ئەڵماس و، ئەو شتانەی دیکە، دەقێکمان نیە، قەدەغەکرابن.

بەڵێ لێرەدا خوا ﷻ بە گشتی مرۆڤەکان دەدوێنێ، نەك بە تەنیا مسوڵمانان و مسوڵمانانیش بەپێی فلان مەزهەب! بە گشتی مرۆڤەکان دەدوێنی و چاکەکانی خۆی دەخاتە بەرچاویان، ئنجا ئەگەر لەنێو مسوڵماناندا عادەت نەبێ پیاوان گەوهەر بەخۆوە بکەن، لە شوێنێکی دیکەدا عادەتە، کاتی خۆی تاجی پادشایەکان بە گەوهەر و مرواریی ڕازاوەتەوە و، ئێستاش گەوهەر بەکاردەهێنرێ.

مەبەستم ئەوەیە کە هەندێك جار چەمك و تێگەیشتنی بچووك هەن، کە بەپێی تێگەیشتنی زانایەك، شارەزایەك، لە ژینگەیەکی دیارییکراو، لە کات و شوێنێکی دیارییکراودا سەریان هەڵداوە، نابێ ئەوە مانا و واتای فراوانی ئایەتەکانی پێ بەرتەسك بکرێتەوە.

٥- ﴿ وَتَرَى ٱلْفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ ﴾، تۆ کەشتییەکان دەبینی کە شەقکەرن، قڵیشێنەرن لە دەریادا، ﴿ مَوَاخِرَ ﴾، کۆی (**ماخِرة**)یە، وەك پێشتر گوتمان: (**مَاخِرَة**)، (**أَي: شَاقَّة**)، شەقکەر، قڵیشێنەر، واتە: لەت دەکات، دەبڕێ، کە بێگومان مەبەست پێی ئەوەیە کە ئەو کەشتییانە بە نووکەکەیان، بە پێشەکەیان ئاوی دەریا بڕ پێ دەدەن و، دەیدڕن و شەقی دەکەن، واتە: تۆ ئەگەر تەماشای کەشتییەکان بکەی، هەمیشە وایان دەبینی کە لە کاتی ڕۆیشتندا، ئاوەکە شەق دەکەن و دەقڵیشێنن.

٦- ﴿ وَلِتَبْتَغُواْ مِن فَضْلِهِۦ ﴾، بۆیەش خوا ﷻ ئاوی دەریای والێکردوە کە کەشتیی لەسەری بڕوات و، ئەو کەشتییانەشی والێکردوە کە بتوانن ئەو ئاوە دڕ پێ بدەن، تاکو ئێوەی مرۆڤ بە سواریی ئەو کەشتییانە لە بەخششی خوا داوا بکەن، ﴿ وَلِتَبْتَغُواْ مِن فَضْلِهِۦ ﴾، (**أَي: للتِجَارَةِ وَالكَسْبِ**)، بۆ بازرگانیی و کەسابەت و بۆ هاتوچوون بە سواریی کەشتییەکان لە

www.alibapir.net

دەریادا بێن و بچن، وەك خوا سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى لە سوورەتی (**البقرة**) دەفەرمووێ: ﴿ لَيۡسَ عَلَيۡكُمۡ جُنَاحٌ أَن تَبۡتَغُواْ فَضۡلٗا مِّن رَّبِّكُمۡ .... ﴿١٩٨﴾ ﴾.

کەواتە: (**فَضْل**)، واتە: بەخششی خوا کە مەبەست پێی بازرگانیی کردنە، چونکە لەوێش دەفەرمووێ: گوناهتان ناگاتێ کە لە کاتی حەجدا، لە بەخششی پەروەردگارتان داوا بکەن، واتە: کار و کەسابەت و بازرگانیی بکەن.

٧- ﴿ وَلَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ﴾، بەڵکو سوپاسگوزاریی بکەن، واتە: دانبێنن بە چاکەی خوا و نیعمەتەکانی خوادا بەسەر خۆتانەوە و، سوپاسگوزاریی بۆ خوا ئەنجام بدەن.

حوكمی گۆشتی دەریا

لەبارەی گۆشتی دەریاوە، لە ئایەتی ژمارە (٩٦)ی سوورەتی (المائدة)دا، خوا ﷻ حوكمە شەرعییەكەیمان جوان بۆ ڕوون دەكاتەوە، دەفەرموێ: ﴿أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ الْبَحْرِ وَطَعَامُهُ مَتَاعًا لَّكُمْ وَلِلسَّيَّارَةِ...﴿٩٦﴾﴾، واتە: نێچیری دەریا و، خواردنی دەریاتان بۆ ڕەوا كراوە، مایەی بەهرە لێوەرگرتنە، هەم بۆ خۆتان و، هەم بۆ كاروان و، خەڵكێك كە سەفەر دەكات.

هەروەها لەبارەی دەریاوە، پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ كراوە، ئەویش هەر هەمان شتی لەوبارەوە فەرمووە، وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە: {**عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، سَأَلَ رَجُلٌ النَّبِيَّ ﷺ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَا نَرْكَبُ الْبَحْرَ، وَنَحْمِلُ مَعَنَا الْقَلِيلَ مِنَ الْمَاءِ، فَإِنْ تَوَضَّأْنَا بِهِ عَطِشْنَا، أَفَنَتَوَضَّأُ بِمَاءِ الْبَحْرِ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: (هُوَ الطَّهُورُ مَاؤُهُ الْحِلُّ مَيْتَتُهُ)**} (**أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد: ٨٣، وَصَحَّحَهُ الألباني**).

واتە: ئەبو هورەیرە رضي الله عنه، دەڵێ: پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەری خوا كرد ﷺ، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ئێمە سواری دەریا دەبین، (واتە: سواری بەلەم و كەشتیی دەبین لە دەریادا)، ئاوێكی كەم لەگەڵ خۆمان هەڵدەگرین، (واتە: ئاوی شیرین)، ئەگەر دەستنوێژی پێ بگرین تینوومان دەبێ، (واتە: ئاومان لێ دەبڕێ)، ئایا بە ئاوی دەریا دەستنوێژ بگرین؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دەریا ئاوەكەشی پاكەو پاككەرەوەیە و، مردارەبووەكەشی حەڵاڵە.

مردارەوەبوو، واتە: ئەو ژیاندارانەی كە لە دەریادان، هەڵبەتە سەر نابڕدرێن، ئنجا ماسییە، هەرچی هەیە، بەڵام بە مەرجێك بۆگەن نەبوو بێ و نەگۆڕا بێ، چونكە ئەو كات لە ڕووی تەندروستیی و پزیشكییەوە خراپە، دیارە هەر شتێكیش زیانی هەبێ، ئەوە چەمكی وشەی (**خَبائِث**) دەیگرێتەوە و، هەموو ئەو شتانەی پیس و زیان بەخشن، قەدەغەن.

لێرەدا پێویستە ئەو ئایەتەش بهێنینە پێش چاوی خۆمان ئایەتی (١٢) لە سوورەتی (**فاطر**)، كە هەروەك ئەم ئایەتە خوای پەروەردگار باسی دەریا و گۆشتی دەریا و خشڵی

www.alibapir.net

دەریـا و کەشـتییەکانی دەریـا دەکات، بـەڵام بـە هەندێـك جیاوازییـەوە، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَا يَسْتَوِى ٱلْبَحْرَانِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ سَآئِغٌ شَرَابُهُۥ وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَمِن كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُونَ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى ٱلْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ لِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٢﴾ ﴾، واتـە: دوو دەریـاکان یەکسـان نیـن، ئەمەیـان ئاوەکـەی زوڵاڵ و شـیرینە و، خواردنەوەکـەی بـە ئاسـانیی بـە گـەرووودا دەچێتـە خـوار، نـۆش دەکـرێ، ئەوەشـیان سـوێر و تاڵـە (ناخورێتـەوە)، (ئـەوی پێشـێ مەبەسـت پێـی ئـاوی شـیرینە، ئنجـا دەریاچـەن، گۆمـن، چـۆم و ڕووبـارن، کانیـی و سـەرچاوەن، هەموویـان دەگرێتەوە)، لە هەر کامێکیشـیان گۆشـتێکی تـەڕ و تـازە دەخـۆن و، خشـڵێکیش دەردێنـن، کـە بـە خۆتـانی وەدەکـەن، کەشـتییەکانیش دەبینـی لەوێـدا ئاویـان شـەقکردوە، تاکـو لـە بەخششـی خـوا داوا بکـەن، (واتـە: بـە سـواریی کەشـتییەکان بازرگانیـی بکـەن)، بـۆ ئـەوەش کـە سوپاسـگوزاریی بکـەن.

جیاوازییەکانی ئەو دوو ئایەتە و حیکمەتەکەیان:

جگـە لـەوەی کـە خـوا ﷻ لـە ئایـەتی (١٢)ی سـوورەتی (**فاطـر**)دا، بـاسی دوو دەریایـان دەکات کـە ئـاوی شـیرین و ئـاوی سـوێرن و، دوایـی پێناسـەی هـەردووك جـۆرە ئـاوەکان دەکات، دوو جیاوازیـی دیکەشـیان هـەن:

یەکەم: لە ئایەتی (١٤)ی سووڕەتی (**النحل**)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَتَرَى ٱلْفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ ﴾، واتە: تۆ کەشتییەکان لەوێدا دەبینی قڵیشێنەرن (یانی: ئاوی دەریا دەقڵیشێنن).

بـەڵام لـە سـووڕەتی (**فاطـر**)، لـە ئایـەتی (١٢) دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَتَرَى ٱلْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ ﴾، (**الإسكافي**)، دەڵـێ: حیکمەتەکـەی ئەوەیـە: کـە ئایەتەکـەی سـووڕەتی (**النحـل**) ئـاوا دەسـت پێـدەکات: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى سَخَّرَ ٱلْبَحْرَ ﴾، بۆیـە سـیفەتی کەشـتییەکان کـە ئاوەکـە شـەق دەکـەن، کـە وشـەی (**تسـخیر**) ڕامکـردن و ملپێکەچکـردن دەیگرێتـەوە، ئـەوە پێشـخراوە، بـەڵام لـە سـووڕەتی (**فاطـر**)دا بـاسی دەریـا کـراوە: ﴿ وَمَا يَسْتَوِى ٱلْبَحْرَانِ ﴾، بۆیـە ئـەوەی کـە لـە سـەرەتای ئایەتەکـەدا هاتـوە، دەبـێ ئـەوە پێشـبخرێ: ﴿ وَتَرَى ٱلْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ ﴾، بـەڵام لـە سـووڕەتی (**النحـل**)دا، ئـەوەی کـە باسـکراوە مـل پێکەچکـردنی دەریایـە، بۆیـە ئـەوە کـە کەشـتییەکان ئاوەکـە شـەق دەکـەن، ئـەوە زیاتـر جێـی مەبەسـتە و دەبـێ پێشـبخرێ.

www.alibapir.net

دووەم: هەروەها جیاوازییەكی دیكەش ئەوەیە كە لە سوورەتی (**النحل**)دا دەفەرموێ: ﴿ وَلِتَبْتَغُواْ مِن فَضْلِهِۦ ﴾، هەروەها بۆ ئەوەی لە بەخششی خوا داوا بكەن، واتە: بە سواری كەشتییەكان.

بەڵام لە سوورەتی (**فاطر**)دا هەر دەفەرموێ: ﴿لِتَبْتَغُواْ مِن فَضْلِهِۦ ﴾، ئەویش حیكمەتەكەی ئەوەیە كە لە ئایەتەكەی سوورەتی (**النحل**)دا، چەند شتێك هاتوون وەك ئامانج باسكراون:

ئامانجی یەكەم: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى سَخَّرَ ٱلْبَحْرَ لِتَأْكُلُواْ مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا ﴾.

ئامانجی دووەم: ﴿ وَتَسْتَخْرِجُواْ مِنْهُ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا ﴾.

ئامانجی سێیەم: ﴿ وَتَرَى ٱلْفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ ﴾، كەشتییەكان دەبینی كە ئاوەكەیان شەقكردوە.

ئنجا بۆیە وا گونجاو بووە كە ﴿ وَلِتَبْتَغُواْ مِن فَضْلِهِۦ ﴾، وەك ئامانجێكی دیكەی چوارەم دیسان (**عطف**) بكرێتەوە، با بدرێتەوە سەر ئەو ئامانجانەی پێشێ.

یانی: ئامانجێكی دیكەو حیكمەتێكی دیكەیە كە خوا لە دەریادا ڕەچاوی كردوە، كاتێك كە دەستەمۆ و مل كەچیكردوە، كە بە سواری كەشتییەكان لە بەخششی خوادا داوا بكەن و، بازرگانیی بكەن.

بەڵام ئەوەی سوورەتی (**فاطر**) دارشتنەكەی بە شێوەیەكی دیكە هاتوە، بۆیە داواكردنی بەخششی خوا كراوە بە ئامانجی كەشتییەكان كە ئاوی دەریا شەق دەكەن، ئاوا دەفەرموێ: ﴿ وَتَرَى ٱلْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ لِتَبْتَغُواْ مِن فَضْلِهِۦ ﴾، كەشتییەكان دەبینی ئاوەكەیان شەق كردوە، تاكو لە بەخششی خوا داوا بكەن، واتە: لە پێشەوەی ئامانجێكی دیكە بەو شێوەیە باس نەكراوە، تاكو ئەمەش با بدرێتەوە سەر ئەوان و بگێڕرێتەوە سەر ئەوانی پێشێ.

www.alibapir.net

قەبارەی توێکڵی زەوی و دەریاکان

ئەگەر بمانەوێ بزانین قەبارەی دەریا و قەبارەی توێکڵ و ڕووی زەوی بە چیا بەرزەکانیشەوە، چەندە، لە قەدەر قەبارەی زەوی هەمووی؟ بەمجۆرەیە: ئەگەر تۆپێك بێنین تیر(قُطْر)ەکەی (١٠٠ سم) بێ، نیو سانتیمی، تەنیا نیو (١/٢ سم) سانتیمی، هەموو چیایەکان و هەموو خاك و خۆڵی زەوی کە لەسەریەتی، دەگرێتەوە و، نیو (١/٢سم) سانتیمیش ئاوی دەریاکان دەگرێتەوە، یانی: بە هەردووکیان (١ سم)، لە قەبارەی زەوی (١/١٠٠) دەگرنەوە.

کەواتە: دەریاکان چەند قووڵبن و، چیایەکان چەند بەرز بن، قەبارەیان لەچاو قەبارەی زەوی، سەر و نیو سانتیمیان بەردەکەوێ لە (١٠٠ سم)، واتە: بە هەردووکیان یەك لەسەر سەدی قەبارەی زەوین[1].

(١) تفسير النابلسي، ج٥، ص٨٠.

www.alibapir.net

مەسەلەی پێنجەم:

خـوا چیایـەکانی وەك لەنگـەران هاویشـتوونە نێـو زەوی تاکـو نـە لـەرزێ و، ڕووبـار و ڕێـی زۆری تێـدا دانـاون، هەروەهـا بەهـۆی نیشـانەکانی سـەر زەوی و، ئەسـتێرەکانەوە ڕێ دەردەکـەن و، بـە شـوێنەکان دەزانـن:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿وَأَلْقَىٰ فِي ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَأَنْهَٰرًا وَسُبُلًا لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٥﴾ وَعَلَٰمَٰتٍ وَبِٱلنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ ﴿١٦﴾﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١- ﴿وَأَلْقَىٰ فِي ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِيَ﴾، (خوا) چیایە چەسپاوەکانی خستوونە نێو زەوی، هاویشتوونە نێو زەوی، فڕێی داونە نێو زەوی، لێرەدا (**رَوَاسِي**) سیفەتە بۆ مەوصووفێکی قرتێنراو (**مَحْذوف**)، بۆیەش وەسف کراوەکە قرتێنراوە، چونکە زانراوە، واتە: (**وَأَلْقَى فِي الأَرضِ الجِبالَ الرَّوَاسِي**)، چیایە چەسپاوەکانی خستوونە نێو زەوی و فڕێداونە نێو زەوی، ئایا بۆچی وشەی فڕێیدا (**أَلقى**)ی بەکارهێناوە؟ جارێکی دیکەش باسمان کردوە، لەبەرئەوەی یان: أ- چیاکان لەو پارچە خڕۆکەو ئەستێرانە پەیدا بوون کە هاتوونە نێو مەجالی زەوییەوە و، زەوی کێشی کردوون، ب- یان بەهۆی ئاگر پڕژێنەکان (براکین)ەوە پەیدا بوون، کە دەرقوڵیون و ئەو هەموو ئاگر و ئاسنی تواوە بەرز بۆتەوە و، دوایی هاتۆتەوە نێو زەوی، وەك لەسەرێ ڕا فڕێدرابێتەوە نێوی.

ئنجـا ئایـا بۆچـی خـوا ﷻ فەرموویـەتی: چیایـەکانی فڕێداونە نێـو زەوی، ﴿وَأَلْقَىٰ فِي ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِيَ﴾، خـوا چیایـەکانی هاویشـتوونە نێـو زەوی و نەیفەرمووە سـەر زەوی ؟!

چونکـە ئێسـتا زانیـاری جیۆلۆجیـا (زەویناسـیی)، دەریخسـتوە کـە هـەر چیایـەك چەنـدەی بەدەرەوەیـە، دە پـازدە (١٠ - ١٥) هێنـدەی بـە ناخـی زەویـدا چۆتـە خـوارێ، کەواتـە: ڕاسـتە چیایـەکان خراونـە نێـو زەوی، نـەك لەسـەر زەوی دانرابـن، ئـەو تەعبیـرەی قورئـان تـەواو لەگـەڵ واقیعـی چیایـەکان و واقیعـی زەویـدا پێکـەوە گونجـاون.

بەڵام حیکمەتی خوا چی بووە لەوەدا؟ لە بڕگەی داهاتوودا ڕوونی کردۆتەوە:

٢- ﴿أَن تَمِيدَ بِكُمْ﴾، یانی: (**أن تَضطرِبَ وتَهتزَّ تحتكم**)، بۆ ئەوەی زەوی کە لە ژێرتاندا نەلەرزێ، نەهەژێ، چونکە ئەگەر چیایەکان نەبوونایە، وەك چۆن کەشتی ئەگەر بێت و لەنگەری بۆ دانەنرێ و لەنگەر نەگرێ، کاتێك کە ڕادەوەستێ لە میناDا، شەپۆلەکانی دەریا دەیهێنن و

www.alibapir.net

دەیبەن، بەڵام بەهۆی لەنگەرەکانەوە دەوەستێ، زەویش بەهۆی چیایەکانەوە ئاوا مەحکەم ڕاگیراوە.

هەروەها زانایان دەڵێن: ئەگەر بێت و چیایەکان نەبوونایە، با لەسەر زەوی زۆر زۆر بەهێز دەبوو، بەڵام چیایەکان ئەو بایە دەگرنەوە، هەروەها چیایەکان وایان کردووە کە زەوی زۆر مەحکەم بێ، چونکە توێژاڵی سەرەوەی زەوی، ئەگەر بە ئەندازەی نیو (٠،٥) سانتیمش بێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە، زۆر مەحکەم و بەهێزە و وایکردوە، زەوی نەجووڵێ لە بن مرۆڤەکاندا.

٣- ﴿وَأَنْهَارًا﴾، هەروەها خوا ڕووبارەکانیشی خستوونە نێو زەوی، کە بە زۆری لە قوڕئاندا چیاییەکان و ڕووبارەکان پێکەوە هاتوون، چونکە چیاییەکان خەزێنەی ئاوی ڕووبارەکانن، دیارە کە لەوێوە سەرچاوەکان، هەڵدەقوڵن و بەفریش کە دەتوێتەوە، کانی و سەرچاوەکان دەبنە جۆگەلە و، جۆگەلەکان دەبنە ڕووبار و بەرەو خوار دێن.

بۆ وێنە: ڕووباری (ئەمازۆن) کە لە ئەمریکایە، لە هەر چرکەیەکدا، سێ سەد هەزار مەتر سێجا (**مكعّب**) (٣٠٠،٠٠٠م٣) ئاوی هەیە، هەروەها ڕووبارەکانی: نیل و سەیحوون و جەیحوون و دیجلەو فوڕات و ڕووبارەکانی دیکەی دنیاش، هەرکامیان بە قەبارەی خۆی، ئاوی هەیە.

٤- ﴿وَسُبُلًا لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾، هەروەها خوا ڕێیەکانیشی لەسەر زەوی داناون، بۆچی؟ ﴿لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾، بۆ ئەوەی پێیاندا بگەنە ئەو شوێنانەی مەبەستتانن، یاخود لێرەدا مەبەست پێی ڕێی مەعنەوییە، بۆ ئەوەی ڕێ بەرەو خوا بگرنەبەر، بەهۆی ئەو نیعمەتانەوە و، بزانن کە ئەو چاکەو نیعمەتانە، تەنیا بە پەروەردگار و بەدیهێنەرتان دەکرێن.

٥- ﴿وَعَلَامَاتٍ﴾، هەروەها خوا نیشانەکانیشی لەسەر زەوی داناون، نیشانەکان یانی: ئەو شتانە و ئەو شوێنانەی کە مرۆڤ بەهۆیانەوە بە ڕێیەکان دەزانێ، ئنجا: گردە، ڕووبارە، چیایە، دەریایە، ئەوانە هەموویان نیشانەن بۆ ئەوەی خەڵك بەڕێیان بزانێ.

٦- ﴿وَبِالنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ﴾، هەروەها بەهۆی ئەستێرەکانیشەوە، (یانی: بەهۆی نیشانەکانیشەوە و بەهۆی ئەستێرەکانیشەوە) ئەوان (مرۆڤەکان) ڕێ دەدۆزنەوە، کە بە دڵنیایی لێرەدا مەبەست پێی ڕێ دۆزینەوەی ماددییە، نەك ڕێ دۆزینەوەی مەعنەویی.

www.alibapir.net

سووڕانەوەکانی زەوی

پێویستە بزانین کە زەوی چەند سووڕانەوەیەکی هەن، کەچی لەگەڵ ئەو هەموو سووڕانەوانەشدا، ئنجا خوا ﷻ زەوی وا لێکردوە کە لە بنماندا نەیەت و نەچێ و، نەجووڵێ، نە هەژێ و نەلەرزێ، چونکە وەك پێشتر گوتمان: ﴿أَن تَمِيدَ بِكُمْ﴾، زانایان وایان لێکداوەتەوە:

أ / (**كراهة أَن تَمِيدَ بِكُم**)، پێمان ناخۆشە کە لە ژێرتاندا بجووڵێ.

ب /بەڵام هەندێکیان گوتوویانە: (**لِأَن لاَ تَمِيد بِكُم**)، بۆ ئەوەی نەتانجووڵێنێ، مەبەست ئەوەیە: بۆ ئەوەی زەوی نەجووڵێ، خوا ﷻ چیایە چەسپاوەکانی تێدا داناون و، خستوونیە نێو زەوییەوە.

١- زەوی بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە و لە هەر خولەکێکدا (٣٠ کم) دەبڕێ.

کەواتە: بۆ ئەوەی بزانین لە کاژێرێکدا چەند دەبڕێ! دەبێ (٣٠)ی جارانی (٦٠) بکرێ، (٣٠ × ٦٠ = ١٨٠٠کلم)، بەڵێ زەوی لە سەعاتێکدا هەزار و هەشتسەد کیلۆمەتر (١،٨٠٠ کم) دەبڕێ، لە خولانەوەی بە دەوری خۆیدا لە بەرانبەر خۆردا، کە دەبێتە هۆی بەدوای یەکدا هاتنی شەو و رۆژ.

٢ - زەوی لە سووڕانەوەی بە دەوری خۆردا، لە هەر چرکەیەکدا (٣٠ کم) دەبڕێ، کە ئەو کاتە دەبێ، (٣٠)ی جارانی (٦٠) بکرێ، دوایی جارێکی دیکەش جارانی (٦٠) بکرێ، (٣٠ × ٦٠ × ٦٠ = ١٢٨،٠٠٠) سەد و بیست و هەشت هەزار کیلۆمەتر لە یەك سەعاتدا.

٣ - هەروەها زەوی لەگەڵ خۆر و کۆمەڵەکەشی دا بە دەوری خڕۆکەی داڵی ڕاوەستا و (**الكوكب الجاثي**)دا دەسووڕێتەوە و، لە هەر چرکەیەکدا بیست (٢٠) کیلۆمەتر دەبڕێ.

٤ - هەروەها لەگەڵ کاکێشاندا لە هەر چرکەیەکدا بیست و شەش (٢٦ کم) دەبڕێ، مانای وایە بەلای کەمەوە زەوی ئەو چوار سووڕانەوە و جووڵەیەی هەن[1].

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا خوا ﷻ وای لێکردوە، ئێمە نەجووڵێنێ و لە بنماندا هێمن و ئارام بێ، وەك لە سوورەتی (**النبأ**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ نَجْعَلِ الْأَرْضَ مِهَادًا ۝٦﴾، ئایا زەوییمان بۆ نەکردوونە بێشکە، وەك لانکەیەك چۆن منداڵ تێیدا ڕادەژێ، بەڵام ناشیخاتە خوارێ، زەویش ئەو هەموو جووڵەو سووڕانەوانەشی هەن، بەڵام بێئەوەی ئێوە هەستی پێ بکەن.

(١) بڕوانە: مەوسووعەی: ئیمان و ئیلحاد، لاپەڕە: ٢٦٨ - ٢٧١.

www.alibapir.net

مەسەلەی شەشەم:

خـوا بـە پرسـیارکردنی نکووڵیلێکەرانـە دەفەرمـوێ: ئایـا کەسـێك کـە بەدیهێنـەرە، وەك کەسـێکە کـە هیـچ بـەدی ناهێنـێ، ئایـا بیرناکەنـەوە ؟، ئایـا بـە وەبیرخۆتـانی ناهێننـەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ أَفَمَن يَخۡلُقُ كَمَن لَّا يَخۡلُقُۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ١٧ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١- ﴿ أَفَمَن يَخۡلُقُ ﴾، ئایا ئەوەی کە وەدیدەهێنێ، وەك کەسێك وایە کە هیچ وەدی ناهێنێ، ئایا بیرتان ناکەوێتەوە، واتە: بیرناکەنەوە، شتەکان بخەنەوە بیر خۆتان، بۆ ئەوەی کە زۆر بە ئاسانی جیاوازی بکەن لە نێوان خوایەك ﷻ کە بەدیهێنەرە و پەرستراوانێکی دیکەدا، کە هەرچی بن، نەك هیچ بەدیناهێنن، بەڵکو خۆشیان بەدیهێنراون ؟

(**الخَلْـقُ: التَّقْدِيـرُ المُسـتقِيم وَيُسـتعْمَلُ فِي إبْـدَاعِ الـشيء مِـنْ غَـيْرِ أَصْـل وَلاَ احتـذَاء**)، (**خَلـق**): بریتیـە لـە ئەندازەگیرییـەکی ڕێـك و ڕاسـت، بـەڵام بەکاردەهێـنرێ لـە پەیداکـردنی شـتێکدا کـە هیـچ بناغەیـەکی نەبـوو بـێ و تێیـدا سـەیری شـتێکی پێـش خـۆی نەکـرا بـێ.

٢- کە دەفەرموێ: ﴿ كَمَن لَّا يَخۡلُقُ ﴾، دەڵێ: (**عِبارَةٌ عَنِ الناطِقِينَ وَلاَ يُعَبّرُ بِهِ عَنْ غَيْرِ الناطِقِين، إلاَّ إذَا جُمِعَ بَيْنَهُمْ، وَبَيْنَ غَيْرِهِم**)، وشەی (مَن)، بۆ گۆیایان (**ناطقین**)، بەکاردەهێنرێ، واتە: ئەوانەی خاوەنی ئیرادەو عەقڵ و شعوورن و، بۆ ناگۆیایەکان بەکارناهێنرێ، مەگەر پێکەوە کۆکرابنەوە، یانی: لەبەر ئەوەی ئەو شتانەی خەڵك دەیان پەرستێ، کە هەیە جینن دەپەرستێ، هەیە فریشتان دەپەرستێ، هەیە مرۆڤان دەپەرستێ، هەروەها دار و بەرد و، مانگ و خۆر و، ئەستێرەو، هەواو ئارەزوو، ئەوانەش هەموویان دەپەرسترێن.

کەواتـە: پەرسـتراوەکان هەندێکیـان خـاوەن شـعوور و هەسـتن، هەندێکیشـیان کـە دار و بـەرد و مانـگ و خـۆر و ئەسـتێرەن، ئـەوە دیـارە بـێ ژیـان و ئیـرادەن، ئنجـا مـادام تێکەڵـن، بۆیـە دەگونجـێ وشـەی (مَـن) کـێ یـان بـۆ بەکاربـێ.

٣- ﴿ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴾، ئایا بیرتان ناکەوێتەوە، بیرناکەنەوە کە شتەکان بخەنەوە بیرخۆتان، هەندێکیش لە زانایان گوتوویانە: ﴿ كَمَن لَّا يَخۡلُقُ ﴾، بۆ تەغلیبی گۆیاکان (**ناطقین**) نیە، بەسەر

www.alibapir.net

ناگۆیایان (**غیر الناطقین**)دا، بەڵکو بۆ موشاکەلەیە، کە خوا دەفەرمووێ: ﴿أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لَّا يَخْلُقُ﴾، ئایا ئەو کەسەی کە دروست دەکات، وەك ئەو کەسە وایە کە دروست نەکات ؟

منیش پێموایە لە زمانی عەرەبیدا جاری وا هەیە (**مَن**) بۆ ئەوانەش کە خاوەن شعوور و هەست نین بەکاردێ، هەروەك (**ما**)ش، کە زیاتر بۆ ئەوانەی کە خاوەن ئیرادەو هەست نین، بەکاردێ، جاری وا هەیە بۆ خاوەن ئیرادەو هەستیش بەکاردێ، وەك خوا سبحانه وتعالى لە سوورەتی (**الشمس**)دا دەفەرمووێ: ﴿وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا ﴿١﴾ وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَاهَا ﴿٢﴾ وَالنَّهَارِ إِذَا جَلَّاهَا ﴿٣﴾ وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا ﴿٤﴾ وَالسَّمَاءِ وَمَا بَنَاهَا ﴿٥﴾ وَالْأَرْضِ وَمَا طَحَاهَا ﴿٦﴾ وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا ﴿٧﴾﴾، کە دیارە ئەو (**ما**)یانە هەموویان مەبەست پێیان خوایە سبحانه وتعالى.

مەسەلەی حەوتەم:

هەر کەس بیەوێ چاکەکانی خوا بژمێرێ، بۆی سەرژمێر ناکرێن و، ئەندازەو ژمارەکانیانی بۆ نازانرێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِن تَعُدُّواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ لَا تُحۡصُوهَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ ١٨ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١- ﴿ وَإِن تَعُدُّواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ ﴾، ئەگەر چاکەکانی خوا بژمێرن.

٢- ﴿ لَا تُحۡصُوهَآ ﴾، بۆتان سەرژمێر ناکرێن.

٣- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴾، بێگومان خوا لێبوردەی بە بەزەییە.

جێی سەرنج ئەوەیە کە خوا فەرموویەتی: ﴿ وَإِن تَعُدُّواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ ﴾، نافەرموێ: (نِعَمَ اللَّهِ)، یانی: ئەگەر یەك چاکەو نیعمەتی خواش بتانەوێ بیژمێرن، پێکهاتەکانی بژمێرن، هەر بۆتان سەرژمێر ناکرێ، وەك پێشتریش باسمان کردوە، کەسێك کە خواردنێك دەخوات، ئەو خواردنە تاکو هاتۆتە بەردەستی، چەندان لە نیعمەتەکانی خوا هۆکار بوون و ڕۆڵیان تێداگێڕاوە و بوونەتە هۆی پەیدابوونی.

بۆ نموونە: تۆ نانێك دەخۆی، خواردنێکی دیکە دەخۆی، میوەیەك دەخۆی، هەتا ئەو میوەیە پێگەیشتوە، تیشکی خۆر و، ئاوی ئاسمان و، گڵی سەر زەوی و، توخمەکانی هەوا و چەندان بەکتریا و چی و چی و چی، هەموو دەوریان پێکەوە بینیوە، تاکو ئەو میوەیە بەرهەم هاتوە.

یاخود ﴿ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ ﴾، مەبەست پێی جینسی نیعمەتە، یانی: چاکەکانی خوا ﷻ بۆ ئێوە سەرژمێر ناکرێن، دەتوانی بڵێی: یەك و، دوو و سێ و... هتد، بەڵام ژمارە و ئەندازەکەیانت بۆ نازانرێ.

www.alibapir.net

مەسەلەی هەشتەم و کۆتایی:

خوا ﷻ پەنهان و ئاشکرای مرۆڤەکان دەزانێ و، ئەوانەی لە جیاتی خوا دەپەرسترێن، هیچ دروست ناکەن و خۆشیان دروستکراون و، مردوون و، زیندوونین و، ناشزانن کەی زیندوو دەکرێنەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعۡلِنُونَ ١٩ وَٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَخۡلُقُونَ شَيۡـٔٗا وَهُمۡ يُخۡلَقُونَ ٢٠ أَمۡوَٰتٌ غَيۡرُ أَحۡيَآءٖۖ وَمَا يَشۡعُرُونَ أَيَّانَ يُبۡعَثُونَ ٢١﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١- ﴿وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعۡلِنُونَ﴾، هەروەها خوا دەزانێ، چی پەنهان دەکەن و، چییش ئاشکرا دەکەن و، ئاگاداری هەموو شتێکتانە، وریا بن! خوا ﷻ وەك چۆن ڕواڵەت و دەرەوەتان دەبینێ، پەنهان و نێوەوەشتان دەبینێ.

٢- ﴿وَٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾، ئەوانەی کە لە جیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوە، ئنجا بت و صەنەمن، شەیتانن، بەشەرن، مانگ و خۆرن، هەرچی هەن، کە لەجیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوە، کە پاڕانەوەش تایبەتمەندترین حاڵەتی پەرستنە، وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: **(الدعاء هو العبادة) أخرجه أبو داود: ١٤٧٩، والترمذي: ٢٩٦٩، وابن ماجه: ٣٨٢٨، وصحّحَهُ الألباني**، واتە: پاڕانەوە بریتیە لە پەرستن، ئەوانەی کە لە جیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوە، لە خوار خواوە لێیان دەپاڕێنەوە، داوایان لێدەکەن و، شتانێکیان لێ داوا دەکەن، کە تەنیا بە خوا دەکرێن.

٣- ﴿لَا يَخۡلُقُونَ شَيۡـٔٗا وَهُمۡ يُخۡلَقُونَ﴾، هیچ شتێك بەدی ناهێنن و خۆشیان بەدیدەهێنرێن.

پێشێ دەفەرموێ: خوا هەرچی پەنهان دەکەن و ئاشکرای دەکەن، دەیزانێ، واتە: تەنیا خوا پەنهان و ئاشکراتان دەزانێ، بەڵام ئەو شتانەی کە جگە لە خوا دەیانپەرستن، ئەوە نازانن.

دوایی دەفەرموێ: ئەوانەی کە لەجیاتی خوا، لە خوار خواوە لێیان دەپاڕێنەوە و چاوەڕوانییتان لێیان هەیە، ﴿لَا يَخۡلُقُونَ شَيۡـٔٗا﴾، هیچ شتێك دروست ناکەن و، توانای بەدیهێنانیان نیە، کەواتە: شایستەی پەرستران نین، پەرستراو دەبێ بەدیهێنەربێ، بتوانێ شت بەدیبێنێ، بتوانێ شت پەیدا بکات لە نەبوونەوە، ئەوەش تەنیا بە خوا دەکرێ

www.alibapir.net

ﷻ، بۆیە هەر خوا شایستەی پەرستران و بەندایەتیی بۆ کرانە، ئنجا ئەو پەرستراوانە نەك هەر هیچ شتێك پەیدا ناكەن، ﴿ وَهُمۡ يُخۡلَقُونَ ﴾، خۆشیان دروست كراون، بەدیهێنراون، كاتێك بووە نەبوون و كاتێكیش دەبێ، نابن.

٤- دوایی خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ أَمۡوَٰتٌ غَيۡرُ أَحۡيَآءٖ ﴾، مردوون و، زیندوو نین، مردووی بێ ژیانن و، خاوەنی ژیان نین.

﴿ أَمۡوَٰتٌ ﴾، واتە: مردووان كە ژیانیان تێدانەبێ، ﴿ غَيۡرُ أَحۡيَآءٖ ﴾، ئەمیش هەر یانی: بێ ژیانن، یانی: نازیندوون، ئەمیش جەختكردنەوەی نیوەڕۆكی وشەی پێشێیە كە بریتیە لە ﴿ أَمۡوَٰتٌ ﴾، واتە: مردوون و هیچ شێوەیەك لە ژیانیشیان تێدانیە، هەڵبەتە لە هەموو زمانەكاندا ئەوە هەیە، جاری وایە وشەیەك دەگوترێ، دوایی وشەیەكی دیكەی كە مانای لێوەی نزیكە، دەگوترێ بۆ تەئكید كردنەوەی ئەو مانا و مەبەستە كە لە وشەی پێشێدا هاتوە.

٥- ﴿ وَمَا يَشۡعُرُونَ أَيَّانَ يُبۡعَثُونَ ﴾، هەستیش ناكەن، نازانن كەی زیندوو دەكرێنەوە.

(لا يَشعُرون: أي لايُدْرِكُونَهُ بالحَوَاسّ)، بە هەستەكانیان دەركی ناكەن، كەی زیندوو دەكرێنەوە، وشەی ﴿ أَيَّانَ ﴾، (إستفهامٌ عن الزّمان مُرَكَّبٌ مِنْ: أَيِّ وآن)، (أي)، یانی: چ شتێك، (آن)، یانی: كات، ﴿ أَيَّانَ ﴾، یانی: چ كاتێك، كەواتە: ﴿ وَمَا يَشۡعُرُونَ أَيَّانَ يُبۡعَثُونَ ﴾، هەستیش ناكەن كەی زیندوو دەكرێنەوە، ئەمە لەلاڕا خوا ﷻ پێیان دەفەرموێ كە ئێوە زیندوو دەكرێنەوە، زیندووبوونەوەتان هەیە، لێپرسینەوە و سزاو پاداشتتان هەیە.

ئنجا كە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا يَشۡعُرُونَ أَيَّانَ يُبۡعَثُونَ ﴾، واتە: ئەو شتانە كە دەپەرسترێن نازانن كەی زیندوو دەكرێنەوە، یاخود مەبەست پێی ئەوەیە ئەو شتانە كە دەیانپەرستن نازانن پەرستارەكانیان، ئەوانەی كە دەیانپەرستن، بەندایەتییان بۆ دەكەن، كەی زیندوو دەكرێنەوە، ئەگەر مەبەست پێی پەرستراوەكان بێ، نازانن كەی زیندوو دەكرێنەوە، لەبەر ئەوەی وەك گوتمان: ئەوانە وێڕای ئەوەی كە دار و بەردو ڕووەك و مانگ و خۆر و ئەستێرە و ماددەی بێ ژیانیان تێدا هەبووە، جاری واش بووە جینیشیان پەرستوە و، جاری واش بووە فریشتەشیان پەرستوە و، جاری واش بووە مرۆڤیشیان پەرستوە، بۆ وێنە: پێغەمبەرانیان پەرستوە، وەك نەصرانییەكان كە عیسا ﵇ دەپەرستن، یاخود مەبەست لە: ﴿ وَمَا يَشۡعُرُونَ أَيَّانَ يُبۡعَثُونَ ﴾، واتە: ئەوانەی كە ئەو پەرستراوانە دەپەرستن،

www.alibapir.net

نازانن خۆتان کەی زیندوو دەکرێنەوە، واتە: دەگونجێ ﴿وَمَا يَشْعُرُونَ﴾، بگەڕێتەوە بۆ ئەوانە کە پەرستشەکان ئەنجام دەدەن و، بۆ پەرستراوەکانیش کە شایستەی پەرستران نین.

بەڕێـــزان !

وەك دیتمان لە ئایەتەکانی: (١٠ و ١١ و ١٢ و ١٣ و ١٤ و ١٥ و ١٦)دا، خوای بەخشەر – وەك لە مانای گشتی دا سەرژمێرمان کردن – بیست و چوار (٢٤) چاکە و نیعمەتی گرنگ و بەرچاوی خۆی خستوونە ڕوو، پاشان زۆر بە ڕوونیی، نالۆژیکیی شیرك و بێبڕوایی و بێ بنەمایی، ڕاگەیاندوە، لە ئایەتەکانی: (١٧ – ٢١) دا.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لەگەڵتانین
Stay in touch on social media
نحن معكم عبر مواقع التواصل الاجتماعي
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
AliBapir/عەلی باپیر
archive.org/details/@alibapir
AliBapir/عەلی باپیر
کەناڵی
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
AliBapir
Google Play
App Store
www.alibapir.net
English - عربي - كوردی
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر

دەرسی سێیەم

www.alibapir.net

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە سێزدە (١٣) ئایەت پێكدێ، ئایەتەكانی: (٢٢ - ٣٤)، تەوەری سەرەكیی ئەم سێزدە ئایەتە، باسی هەڵوێستی نەرێنییانەی كافرەكانە لە بەرانبەر یەكتایی خوا ﷻدا و، لە بەرانبەر قورئان دا و، ئەو سەرەنجامە شوومەی كە لەو سۆنگەیەوە دووچاری دەبن، لە دنیاو لە دواڕۆژیش دا.

پاشان خوا ﷻ، ئاماژەیەكی كورتیش بە هەڵوێستی ئەرێنییانەی پارێزكاران دەكات لە بەرانبەر قورئاندا و، ئەو سەرەنجامە باشەی كە لە ئەنجامی ئەوەدا چاوەڕێیانە.

چونكە وەك گوتراوە: (چی بچێنی ئەوەش دەدوورییەوە)، پارێزكاران لە دنیادا هەڵوێستی باشیان لە خۆیاندا بەرجەستە كردوە، لە بەرانبەر خوا و قورئاندا، بۆیە سەرەنجام لە دواڕۆژدا سەربەرزو ڕووسوور دەبن، هاوبەش بۆ خوا دانەرو كافرەكانیش هەڵوێستی خراپیان لێ پشكوتۆتەوە لە بەرانبەر خواو پەیام و بەرنامەكەیدا كە قورئانە، بۆیە ئەوەی كە لە دنیادا چاندوویانە، بێگومان لە دواڕۆژیشدا هەر ئەوە دەدوورنەوە.

﴿ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۚ فَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ قُلُوبُهُم مُّنكِرَةٌ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ ﴿٢٢﴾ لَا جَرَمَ
أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْتَكْبِرِينَ ﴿٢٣﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُم مَّاذَآ
أَنزَلَ رَبُّكُمْ ۙ قَالُوٓا۟ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٢٤﴾ لِيَحْمِلُوٓا۟ أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۙ وَمِنْ أَوْزَارِ
ٱلَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ ﴿٢٥﴾ قَدْ مَكَرَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ
فَأَتَى ٱللَّهُ بُنْيَٰنَهُم مِّنَ ٱلْقَوَاعِدِ فَخَرَّ عَلَيْهِمُ ٱلسَّقْفُ مِن فَوْقِهِمْ وَأَتَىٰهُمُ ٱلْعَذَابُ
مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٢٦﴾ ثُمَّ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يُخْزِيهِمْ وَيَقُولُ أَيْنَ شُرَكَآءِىَ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ
تُشَٰٓقُّونَ فِيهِمْ ۚ قَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ إِنَّ ٱلْخِزْىَ ٱلْيَوْمَ وَٱلسُّوٓءَ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٧﴾ ٱلَّذِينَ
تَتَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِىٓ أَنفُسِهِمْ ۖ فَأَلْقَوُا۟ ٱلسَّلَمَ مَا كُنَّا نَعْمَلُ مِن سُوٓءٍۭ ۚ بَلَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِمَا
كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٢٨﴾ فَٱدْخُلُوٓا۟ أَبْوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۖ فَلَبِئْسَ مَثْوَى ٱلْمُتَكَبِّرِينَ ﴿٢٩﴾

www.alibapir.net

﴿وَقِيلَ لِلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ مَاذَآ أَنزَلَ رَبُّكُمۡۚ قَالُواْ خَيۡرٗاۗ لِّلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٞۚ
وَلَدَارُ ٱلۡأٓخِرَةِ خَيۡرٞۚ وَلَنِعۡمَ دَارُ ٱلۡمُتَّقِينَ ٣٠ جَنَّٰتُ عَدۡنٖ يَدۡخُلُونَهَا تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ لَهُمۡ
فِيهَا مَا يَشَآءُونَۚ كَذَٰلِكَ يَجۡزِي ٱللَّهُ ٱلۡمُتَّقِينَ ٣١ ٱلَّذِينَ تَتَوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ طَيِّبِينَ يَقُولُونَ
سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمُ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ٣٢ هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ
أَوۡ يَأۡتِيَ أَمۡرُ رَبِّكَۚ كَذَٰلِكَ فَعَلَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ وَمَا ظَلَمَهُمُ ٱللَّهُ وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ
يَظۡلِمُونَ ٣٣ فَأَصَٰبَهُمۡ سَيِّـَٔاتُ مَا عَمِلُواْ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ٣٤﴾

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{پەرستراوتان یەك پەرستراوە، ئنجا ئەوانەی بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نیە، دڵیان نکووڵییکەرە (لە خوا بەیەکگرتن) و ئەوان خۆبەزلگرن (٢٢) مسۆگەر خوا ئەوە دەزانێ کە پەنهانی دەکەن و، ئەوەش کە ئاشکرای دەکەن، بێگومان ئەو (خوا) خۆبەزلگرانی خۆشناوێن و، حەز بە چارەیان ناکات (٢٣) ئەگەر پێشیان بگوترێ: پەروەردگارتان چی دابەزاندوە؟ دەڵێن: ئەفسانەکانی پێشینان (٢٤) (وایان گوت و) سەرەنجام لە ڕۆژی قیامەتدا گوناهەکانی خۆیان بە تەواویی هەڵدەگرن و، لە گوناهەکانی ئەوانەش کە بەبێ زانیاریی گومڕایان دەکەن (هەڵدەگرن)، ئاگاداربن! ئەو کۆڵە قورسەی هەڵیانگرتوە، خراپترین شتە (٢٥) بەدڵنیاییی ئەوانەی پێش وانیش پیلانیان گێڕا، بەڵام خوا خانووەکانیانی لە بناغەوە ڕووخاندن و سەربانەکەیان لەسەرێ ڕا بەسەردا ڕما، بە جۆرێك کە بەبیریان دا نەدەهات، سزایان بۆ هات (٢٦) دوایی (خوا) ڕۆژی قیامەتیش ڕیسوایان دەکات و دەفەرموێ: کوان ئەو هاوبەشانەم کە مشتومڕتان لەسەر دەکردن؟ ئەوانەی زانیارییان پێدراوە، گوتیان: بێگومان ئەمڕۆ ڕیسوایی و حاڵ خراپیی بەسەر بێبڕوایان دا هاتوە (٢٧) ئەوانەی لە حاڵێك دا کە ستەمیان لە خۆیان کردوە، فریشتەکان گیانیان دەکێشن، ئیدی سەرەنجام خۆیان بەدەستەوەدا (گوتیان:) ئێمە هیچ خراپەیەکمان نەکردوە، (پێیان دەگوترێ:) با، بە دڵنیایی خوا ئەوەی دەتانکرد، پێی زانایە (٢٨) کەواتە: بچنە دەروازەکانی دۆزەخەوە، تێیدا بە هەمیشەیی دەمێننەوە، ئەو (دۆزەخ)یش خراپترین جێگای خۆبەزلگرانە (٢٩) بەوانەش گوترا کە پارێزیان دەکرد: پەروەردگارتان چی دابەزاندوە؟ گوتیان: (بەرنامەیەکی) هەرە

www.alibapir.net

باش، ئەوانەی لەم (ژیانی) دنیایەدا چاکەیان کردوە (پاداشتی) چاکیان هەیە و، مەنزڵگای دوارۆژیش چاکترە لە ژیانی دنیا و، باشترین شوێنیش مەنزڵگای پارێزکارانە ﴿٣٠﴾ دەچنە باغ و بێستانە بەردەوامەکانەوە، کە ڕووبار بە ژێر (کۆشکەکان)یاندا دەڕۆن، هەرچی بیانەوێ تێیدایە، بەو جۆرە خوا پاداشتی پارێزکاران دەداتەوە ﴿٣١﴾ ئەوانەی پاك و چاکن، فریشتەکان گیانیان دەکێشن، پێیان دەڵێن: سەلامتان لێ بێ، بەهۆی ئەو (کردەوەی چاك)ەوە، کە دەتانکرد بچنە بەهەشتەوە ﴿٣٢﴾ ئایا (بێبڕوایان) جگە لەوەی کە فریشتەیان بێنە لا (بۆ سزادان و گیان کێشان)، یان فەرمان و، بڕیاری پەروەردگارت بێ، (بە بنبڕکردنیان)، چاوەڕێی چی دیکە دەکەن! ئەوانەی پێش وانیش هەروایان کرد، خواش سزای دان و، خوا ستەمیشی لێنەکردن، بەڵکو خۆیان ستەمیان لە خۆیان کرد ﴿٣٣﴾ ئیدی سەرەنجام سزای ئەو خراپانەی کە دەیانکردن، تووشیان بوو و، ئەوەی گاڵتەیان پێ دەکرد، ئابڵووقەی دان ﴿٣٤﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(مُّنكِرَةٌ): واتە: نکووڵیی لێکەرن، (نَكرتُ وَأَنْكرتُ كَذَا: ضِدُّ العِرْفَانِ وَهُوَ ضَرْب مِنَ الجَهْلِ، وَرُبَّمَا يُنْكر الإِنْسَان بِلِسَانِهِ مَا صُورته حَاضِرَة فِي القَلْبِ: الجَحد)، واتە: (نَكرتُ وأنكرتُ كذا)، هەردووکیان بە یەك واتان، واتە: نکووڵییم لەو شتە کرد، یان ئەو شتەم نەناسی، (نُكران ضِدّ العِرْفَان)ە، ئەویش جۆرێکە لە نەزانین، بەڵام جاری وایە مرۆڤ بە زمان نکووڵیی لە شتێك دەکات، کە وێنەکەی لە دڵیدا هەیە، واتە: پێی زانایە، بەڵام دانی پێدا ناهێنێ، ئەوە پێی دەگوترێ: (جَحْد)، وەك چۆن ئینکاریی پێدەگوترێ، (جَحْد)یشی پێ دەگوترێ، وەك خوا دەفەرمووێ: ﴿وَجَحَدُوا۟ بِهَا وَٱسْتَيْقَنَتْهَآ أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا وَلَقَدْ ...﴿١٤﴾﴾النمل، واتە: نکووڵییان لێکرد، لە حاڵێکدا کە لە دەروونیاندا لێی دڵنیا بوون کە ڕاستە، کە مەبەست موعجیزەکانی مووسایە عليه السلام.

(أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ): (أَساطِير: جَمْعُ أُسْطورَة، نَحْو أُرْجُوحَة وأَراجيح، أُثْفِية وأَثَافِي)، (أَساطِير) کۆی (أُسطورَة)یە، واتە: ئەفسانە، وەك (أُرجُوحَة)، کە بە جۆلانە دەگوترێ، بە (أَرَاجيح) کۆدەکرێتەوە و، (أُثْفِية)، کە بە سێکوچکە دەگوترێ، کە مەنجەڵی لەسەر دادەنرێ، بە (أَثَافِي) کۆدەکرێتەوە، هەندێکیش گوتوویانە: (أَساطِير)، کۆی (أَسْطُر)ە و، (أَسْطُر)یش کۆی (سَطْر)ە، واتە: ئەو دێڕانەی کە نووسراون، بەڵام ئەوە کە کۆی (أُسطورَة) بێ زیاتر پێدەچێ.

www.alibapir.net

(أَوْزَارَهُمْ) واتـە: قورسـاییەکانیان، (جَمْـعُ الـوِزْر: وَهُـوَ الثِّقْـل، وَيُعَـبَّرُ بِـهِ عَـنِ الإِثْـمِ، كَـمَا يُعبَّرُ عَنْـهُ بالثِّقْلِ)، (وِزْر)، بـە مانـای (ثِقْـل) دێ، بـەڵام بـە (ثِقْـل) تەعبیـر دەکـرێ لـە گونـاح، هـەروەك جـاری وایـە بـە گوناهیـش دەگوتـرێ: (ثِقْـل)، وەك خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَيَحْمِلُنَّ أَثْقَالَهُمْ وَأَثْقَالًا مَّعَ أَثْقَالِهِمْ ۖ وَلَيُسْـَٔلُنَّ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ عَمَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿١٣﴾ ﴾، لەبـەر ئـەوەی گونـاح بـاری شـانی مـرۆڤ قـورس دەكات، بۆیـە نـاوی لێنراوە قورسـایی.

(فَخَرَّ عَلَيْهِمُ ٱلسَّقْفُ): واتـە: سـەربانەکە بەسـەریاندا ڕمـا، (خَـرَّ: سَـقَطَ سُـقُوطاً يُسْـمَعُ مِنْـهُ خَرِيـرٌ، وَهُـوَ صَـوْتُ المَـاءِ، وَالرِّيـحِ وَغَـيْرِ ذَلِـكَ، مِـمَّا يَسْـقُطُ مِـنْ عُلُـوٍّ، سَـقْفُ البَيْـتِ: الجَمْـعُ سُـقُف، وَالسَّـقِيْفَةُ كُلُّ مَـكانٍ لَـهُ سَـقْفٌ).

(خَـرَّ)، واتـە: كەوتنێـك كـە دەنگـی لێوەبـێ، دەنگـی (خريـر)، (خرير)یـش دەنگـی ئـاو و دەنگـی بایـە كـە دێ: خـوڕەی ئـاو، یـان هـاژەی بـا، واتـە: دەنگێـكی لێـوە بـێ، وژژەی بـێ و، جگـە لـەو دەنگانـەش دەنگـی هـەر شـتێكی دیكـە كـە لـە سـەرێ ڕا بكەوێتـە خـوارێ، كـە بـە كوردیـی دەگوتـرێ: وژژە(١)ی هـات.

(سَـقْفُ البَيْـت)، كـە بـە (سُـقُف)، كۆدەكرێتـەوە، واتـە: سـەربان، (سقيفَة)ش هـەر شـتێكە كـە سـەری گیرابـێ، كـە دەگوتـرێ: (سَـقِيفَةُ بَنِي ساعِدَة)، دیـارە شـوێنێك بـووە لێـی دانیشـتوون و سـەرەكەی گیـراوە.

(تُشَـٰٓقُّونَ فِيهِمْ): واتـە: ئێـوە لەبـارەی وانـەوە مشـتومڕتان دەكـرد، ناكۆكییتـان دەكـرد، شـەڕە قسـەتان دەكـرد، (الشِّـقَاقُ: المُخَالَفَـةُ)، واتـە: ناكۆكیـی و مشـتومڕ.

(فَأَلْقَوُا۟ ٱلسَّلَمَ): (السِّـلْمُ والسَّـلَمُ والسَّـلاَمُ: الصُّلْح)، وشـەی (سِـلْم، سَـلَم، سَـلاَم)، هەرسـێكیان بـە واتـای صوڵـح و ئاشـتەوایی و تەبایـی دێـن، ﴿ فَأَلْقَوُا۟ ٱلسَّلَمَ ﴾، واتـە: ئاشـتەواییان هەڵـدا، ئەمـە وەك چـۆن كەسـێك لـە شـەڕێدا تەسـلیم دەبـێ و، چەكەكـەی فـڕێ دەدات و، دادەنـێ، واتـە: ئەوانیـش ئـاوا ملكەچییـان بـۆ خـوا خسـتەڕوو و وازیـان لـە دژایەتیـی و ناكۆكیـی هێنـا، بـەڵام لـە كاتێكـدا كـە دادیـان نـادا، لـە قیامەتـێ هەردەبـێ تەسـلیم بـن، چـی دەكـەن !

(ٱلْخِزْىَ)، (خَـزِيَ الرَّجُـلُ: لَحِقَـهُ آنْكِسـارٌ)، پیاوەكـە تەریـق بـۆوە، بەخـۆی داشـكایەوە، یـان شـەرمەزاریی تـووش بـوو، (أَخْـزَاهُ: أَهَانَـهُ وَفَضَحَـهُ وَأَخْجَلَـهُ)، (أَخْـزَاهُ): واتـە: سـووكایەتیی پێكـرد، یـان ئابـڕووی بـرد، یـان تەریقـی كـردەوە، هەرسـێكیان مانـای (أَخْـزَاهُ)ن.

---

(١) (وشـشه)ش دەگوترێ و (ورشه)ش دەگوترێ.

www.alibapir.net

(مَثۡوَی)، (ثَـوَى بالْمَـكانِ: أَقَـامَ وَاسـتقَرَّ)، (ثَـوَى بالْمَـكانِ)، واتـە: لـە شـوێنەكە نیشـتەجێ بـوو و تیایـدا مایـەوە، (مَثۡوَی)ش، یـانی: (مـكان الثَّـواءِ)، شـوێنی تێـدا نیشـتەجێ بـوون.

(طَیِّبِینَ)، (الطَّیِّـبُ: كُلُّ مَـا تَسـتلِذُّهُ الحَـواسُّ، أَوِ النَّفْـسُ وكُلُّ مَـا خَـلاَ مِـنَ الأَذَی)، (طَیبین)، كـۆی (طَیِّـب)ە و (طَیب)یـش هـەر شـتێكە كـە هەسـتەوەرەكان و نەفـس تامـی لـێ بـكات، هـەر شـتێك كـە دوور بـێ لـە ئـازار و، لـە خراپـە، پێـی دەگوتـرێ: (طیِّـب)، كـە دەگوتـرێ: (طیبیـن) واتـە: ئـەو كەسـانە پـاك و چاكـن.

هەڵبەتـە وشـەی (طیـب) بەپێـی سـیاق ماناكـەی دەگـۆڕێ، واتـە: ئەگەر بـە خـواردن بگوترێ: (طیِّـب) واتـە: خواردنێـكی خـۆش، هەروەهـا بـۆنی خـۆش پێـی دەگوتـرێ: (طِیْـب)، ئەگـەر بـە زەوی بگوتـرێ: (طیِّـب) واتـە: زەوییـەكی بـە پیـز، ئەگـەر بـە مـرۆڤ بگوتـرێ، واتـە: مرۆڤێـكی پـاك و چـاك، هەروەهـا بەپێـی سـیاقەكە دەگـۆڕێ، بـە گشـتی هـەر مانـای پاكیـی و چاكیـی و خۆشـیی، دەگەیەنـێ، بـەڵام بەپێـی ئـەو مەبەسـتە كـە بـۆی بەكارهاتـوە، لـەو سـیاقەدا ماناكـەی دەگـۆڕێ.

(وَحَاقَ)، واتـە: دەوری دا، (حَـاقَ بالـشيءِ یَحِیـقُ حَیْقَـاً وَحُیُوقَـاً وَحَیَقَانـا: أَصَابَـهُ وَأَحَـاطَ بـهِ، وَحَـاقَ بالأَمْـرِ: لَزِمَـهُ وَوَجَـبَ عَلَیْـهِ)، (حَـاق)، دوو واتـای هـەن، واتایەكیـان واتـە: تـووشی بـوو، دەوریـدا، واتایـەكی دیكەشـیان واتـە: پێـوەی نووسـا، لەسـەری پێویسـت بـوو.

www.alibapir.net

مانای گشتی ئایەتەکان

خوا ﷻ، وەك لە پێناسەی ئەم دەرسەدا، گوتمان لەم سێزدە (١٣) ئایەتەدا چەند هەڵوێست و بیروبۆچوونێکی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان دەپووکێنێتەوە و، بەڵگەیان لەسەر تەواو دەکات و، باسی سەرەنجامی شوومیان دەکات، هەم لە دنیادا و هەم لە دوارۆژدا.

ئنجا وەك بەراوردێك لەگەڵ واندا، ئاماژەیەکیش دەکات بە پارێزکاران، کە ئەوانیش هەڵوێستیان چۆنە لە بەرانبەر خوا بەیەکگرتندا و، لە بەرانبەر پەیام و بەرنامەی خوادا و، سەرەنجامی پڕ خێر و بەرەکەتیشیان چۆنە؟ خوای پەروەردگار لەم ئایەتانەدا باسی ئەوە دەکات.

سەرەتا دەفەرموێ: ﴿ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ﴾، پەرستراوی ئێوە یەك پەرستراوە، بەڵێ زۆر پەرستراو هەن، بەڵام پەرستراوی ساختەو ناڕاستن، پەرستراوی ئێوە کە شایستەی پەرستران بێ، هەر یەکە، کە خوا ﷻیە، چونکە تەنیا ئەو بەدیهێنەرە، تەنیا ئەو پەروەردگارە، تەنیا ئەو خاوەنە، تەنیا ئەو مشوورخۆرە، تەنیا ئەو دەژیێنێ و، دەمرێنێ و، ڕۆزیی دەدات و، سەر دەخات و ژێر دەخات و، ساغ دەکات و نەخۆش دەکات و، ئەم گەردوونە بە ویستی ئەو دەسووڕێ و، بەپێی نەخشەیەك کە ئەو دایناوە و بەپێی یاسایانێك کە ئەو تێیدا داناون دەجووڵێ و دەسووڕێ و، ئەو هەمەکارەی دنیا و دوارۆژە، کەواتە: هەر ئەویش شایستەی پەرسترانە، ﴿ فَالَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ قُلُوبُهُم مُّنكِرَةٌ ﴾، ئنجا ئەوانەی بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نیە، دڵەکانیان نکوولیلێکەرن، ﴿ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ ﴾، هەروەها ئەوان خۆبەزلگرن، واتە: لەبەرئەوە کە بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نیە، حیسابی دیداری خوا ناکەن و، چاوەڕێی ئەوە ناکەن کە سزا و پاداشت بدرێنەوە، بۆیە دڵیان نکووڵیی دەکات، دڵیان نکوولیلێکەرە لە یەکتایی خوا، لە تەنیا پەرستراوێتیی خوا و خۆشیان بە زلدەگرن.

﴿ لَا جَرَمَ ﴾، واتە: (حَقًّا)، بەدڵنیایی، یان: هیچ گومانی تێدا نیە، ﴿ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ ﴾، هیچ گومان لەوە دانیە و شتێکی چەسپاوە: کە خوا دەزانێ چی پەنهان دەکەن و، چیش ئاشکرا دەکەن، ئەوانەی کە جگە لە خوا دەپەرستن، ﴿ إِنَّهُ

www.alibapir.net

﴿ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْتَكْبِرِينَ ﴾، بەدڵنیایی ئەو خۆبەزلگرانی خۆشناوێن، ئەوانیش خۆبەزل دەگرن لە بەرانبەر بەندایەتیی کردن بۆ خوادا ﷻ، خواش حەز بە چارەیان ناکات.

ئەمە لێی وەردەگیرێ کە خوا ﷻ پێی خۆشە بەندەکانی وابن کە خۆشی بوێن، لە بنەڕەتدا خوا بەندەکانی بۆیە دروستکردوە، کە چاکەیان لەگەڵدا بکات و پێی خۆشە خۆیان وا لێ بکەن کە خوا خۆشی بوێن، بەڵام ئەگەر خۆیان کارێکی وا بەسەر خۆیان بێنن کە لە جیاتی ئەوەی خۆشەویستی خوا بن، ببنە بوغزێنراوی خوا و خوا حەز بە چارەیان نەکات، ئەوە ئۆباڵی خۆیان بە ئەستۆی خۆیان و، خەتای خۆیانە کە وا لە خۆیان دەکەن.

﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُم مَّاذَآ أَنزَلَ رَبُّكُمْ ﴾، ئنجا باسی ئەو هەڵوێستەیان دەکات، کە ئەگەر پێیان بگوترێ: پەروەردگارتان چی دابەزاندوە، چ پەیامێك؟ چ بەرنامەیەك؟ ﴿ قَالُوٓاْ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴾، دەڵێن: ئەفسانەکانی پێشینان، دیارە ئەوانە سەفسەتەیان کردوە، زانیویانە ئەو بەسەرهاتانەی کە خوا لە قورئاندا دەیانگێڕێتەوە هی پێغەمبەرانن (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) و هی گەلە پێشووەکانن و، ئەفسانە نین، بەڵام بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکەکەیان و بۆ فێڵ لێکردنیان و هەڵخەڵەتاندنیان گوتوویانە: ئەدی ئەوە نیە قورئان بە زۆریی بەسەرهاتە، کە ڕاستە قورئان (٣/٢)ی بەسەرهاتە، بەڵام بەسەرهاتی پێشینانە و ئەفسانە نیە، بەڵێ بەسەرهاتی گەلە پێشووەکانە، بەڵام نەك بە شێوەی ئەفسانە، بەڵکو گێڕانەوەی ئەو ڕاستییانەیە کە لە مێژوودا بوون و، خوای پەروەردگار پێیان ئاگادارە و لە ژیانی مرۆڤیشدا هەمیشە ئەو ڕاستییانە دووبارە دەبنەوە.

﴿ لِيَحْمِلُوٓاْ أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾، مادام ئەوە هەڵوێستیانە بەرانبەر بە خوا ﷻ کە دڵیان نکوولیی دەکات لە خوا بەیەکگرتن، لە تەنیا بەندایەتیی کردن بۆ خوا و، ئاواش دوا پەیامی خوا کە دایبەزاندوە بۆ سەر دوا پێغەمبەری خۆی ﷺ، بەوە ناوزەند دەکەن، کە ئەفسانەی پێشینانە، کەواتە: ﴿ لِيَحْمِلُوٓاْ أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾، با لە سزای ئەوەدا قورساییەکانی خۆیان، گوناهەکانی خۆیان بە تەواویی لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا هەڵبگرن، ﴿ وَمِنْ أَوْزَارِ ٱلَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴾، هەروەها لە قورسایی ئەوانەش کە گومڕایان دەکەن بەبێ زانیاریی، واتە: زانیارییان نیەو پێشیان کەوتوون، یاخود ئەو خەڵکە هەڵدەخەڵەتێنن، کە نەزانین و بێئاگاییان بە فرسەت و هەل دەزانن، یانی: ﴿ بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴾، دەگەڕێتەوە بۆ گومڕاکراوەکان، دەشگونجێ بگەڕێتەوە بۆ

www.alibapir.net

گومڕاکەرەکان، وەك دوایی باسی دەکەین، واتە: دەبێ گوناهەکانی خۆیان کە باری قورس و کۆڵی قورسن، بە تەواویی لە ڕۆژی قیامەتدا هەڵبگرن و، بەشێکیش لە گوناهو تاوانی ئەوانەی کە نەزانانە گومڕایان دەکەن، هەڵبگرن، ﴿أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ﴾، ئاگاداربن، ئەها! خراپترین شتە ئەوەی کە هەڵیدەگرن.

مرۆڤ کۆڵێکی بە کۆڵەوەبێ، کۆڵەکەش بریتی بێ لە گوناهو تاوان، بێگومان ئەوە خراپترین کۆڵە پێی بچێتەوە خزمەت خوای پەروەردگار، کەسێك بە کۆڵێ گوناه و تاوانەوە بچێتەوە خزمەت خوا، لە حاڵێکدا کە خوا دروستی کردوە، بۆ ئەوەی بە دەستی پڕ و، سەری بەرز و، ڕووی سوور و، بە هەگبەو تێلەکەی تاعەت و چاکەوە بچێتەوە خزمەتی، بەڵام ئەو بە هەگبەو تێلەکەی گوناهو تاوانەوە، بچێتەوە خزمەتی و، بەڕوو زەردیی و شەرمەزاریی، ئەمە خراپترین کۆڵە لە کۆڵیان ناوە.

ئنجا خوا باسی سەرەنجامی ئەوانە دەکات لە دنیادا و لە دواڕۆژیشدا، تاکو بێبڕوایەکانی ڕۆژگاری پێغەمبەر و دوای ویش بزانن کە: پێشووەکان کە بێبڕوا بوون و هاوبەشیان بۆ خوا داناوە، سەرەنجامیان چۆن بووە! هی وانیش هەروا دەبێ، ﴿قَدْ مَكَرَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾، ئەوانەی پێش وانیش پیلانیان گێڕا، واتە: لە دژی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) و ئایینی خوا، ﴿فَأَتَى ٱللَّهُ بُنْيَـٰنَهُم مِّنَ ٱلْقَوَاعِدِ﴾، خوا خانووەکانی لە بناغەوە ڕووخاندن، لە بنج و بناغەوە دەریهێنان، ﴿فَخَرَّ عَلَيْهِمُ ٱلسَّقْفُ مِن فَوْقِهِمْ﴾، سەربانەکە لەسەرڕا بەسەریاندا ڕما، خانووێك بناغەکەی هەڵکەندرێ، بە دڵنیاییەوە سەرێشی دەڕووخێ، ﴿وَأَتَىٰهُمُ ٱلْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ﴾، سزایان بۆ هات لە شوێنێکەوە کە هەستی پێ ناکەن، کە چاوەڕوانییان نەدەکرد، لەوێوە سزایان بۆ هات، ﴿ثُمَّ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ يُخْزِيهِمْ﴾، پاشان لە ڕۆژی هەڵسانەوەشدا سەرشۆڕیان دەکات، شەرمەزار و ڕیسوایان دەکات، ﴿وَيَقُولُ أَيْنَ شُرَكَآءِىَ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تُشَـٰٓقُّونَ فِيهِمْ﴾، خوا ﷻ دەفەرموێ: کوان ئەو هاوبەشانەم کە ئێوە مشتومڕتان تێدا دەکردن، شەڕە قسەتان لەبارەیانەوە دەکرد، لەگەڵ بڕوادارانـدا، کوان ئەو هاوبەشانەی من؟ بێگومان خوا ﷻ هاوبەشی نین، واتە: ئەوەی کە لە خەیاڵ و گومان و وەهمی ئێوەدا، هاوبەشی من بوون، کوان لە کوێن؟ هەڵبەتە ئەوان هیچ وەڵامیان نیە، ﴿قَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ إِنَّ ٱلْخِزْىَ ٱلْيَوْمَ وَٱلسُّوٓءَ عَلَى ٱلْكَـٰفِرِينَ﴾، ئەوانەی زانیارییان پێدراوە دەڵێن: ئەمڕۆ سەرشۆڕیی و حاڵ خراپیی بەسەر بێبڕوایاندا هاتوە، واتە: سەرشۆڕیی و حاڵ خراپیی ئەمڕۆ، تاپۆ کراوە لەسەر بێ بڕوایان.

www.alibapir.net

ئنجا پێناسەی وانیش دەكات:

﴿ ٱلَّذِينَ تَتَوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِيٓ أَنفُسِهِمۡ ﴾، دەشـگونجێ ئەمـە ڕسـتەیەكی سـەربەخۆ بـێ و، ئـەم مانـای دووەمیـان ڕاسـترە، كـە: ﴿ ٱلَّذِينَ ﴾، پێناسـە نەبـێ بـۆ ئـەوان، چونكـە: ﴿ قَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ إِنَّ ٱلۡخِزۡيَ ٱلۡيَوۡمَ وَٱلسُّوٓءَ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴾، ئەوانـەی زانیارییـان پێدراوە، لـەوێ قسـەكەیان تـەواو دەبـێ، كـە گوتیـان: ئەمـڕۆ زەبوونیـی و سەرشـۆڕیی و حـاڵ خراپیـی و خراپـە دەكەوێتـە سـەر بێبڕوایـان.

ئنجـا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ ٱلَّذِينَ تَتَوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِيٓ أَنفُسِهِمۡ ﴾، ئەوانـەی كـە فریشـتەكان گیانیـان دەكێشـن، لـە حاڵێكـدا كـە سـتەمیان لـە خۆیـان كـردوە، ﴿ فَأَلۡقَوُاْ ٱلسَّلَمَ مَا كُنَّا نَعۡمَلُ مِن سُوٓءِۭ ﴾، گـەردن كەچییـان پێشـاندا، ملكەچییـان نوانـد و تەسـلیم بـوون، گوتیـان: ئێمـە هیـچ جـۆرە خراپەیەكـمان نەكـردوە !

ئنجا كە نكوولّیی دەكەن لە خراپەكانی خۆیان، دوو ئەگەری هەن:

یەكەم: وایێدەچێ كە خراپەكانی خۆیان پێ چاك بوو بێ لە دنیادا، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَعۡمَٰلَهُمۡ ﴿٢٤﴾ ﴾النمل، واتە: شەیتان كردەوەكانیانی بۆ ڕازاندنەوە، هەروەها دەفەرموێ: ﴿ أَفَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ فَرَءَاهُ حَسَنٗا ﴿٨﴾ ﴾فاطر، واتە: ئایا كەسێك كردەوە خراپەكەی خۆی بۆ جوانكراوە و ڕازێنراوەتەوە و بە جوانیی دەیبینێ! وا دیارە ئەو قەناعەت و فیكرە هەڵەیەی كە لە دنیا بوویانە، بەرانبەر بە كردەوە و ڕێبازو هەڵسوكەوتە خراپەكانی خۆیان، هەر لەگەڵ خۆیانی دەبەن بۆ ئەوێ، بۆیە دەڵێن: ﴿ مَا كُنَّا نَعۡمَلُ مِن سُوٓءِۭ ﴾، ئێمە هیچ خراپەیەكمان نەكردوە، ئەم (مِن)، كە چۆتە سەر (سُوٓءِۭ)، واتە: هەر هیچ، نە كەم، نە زۆر خراپەمان نەكردوە !

دووەم: دەزانن كە خراپەیان كردوە، بەڵام لەوێ نكوولّیی دەكەن و پێیان وایە كە نكوولّیی كردن و درۆكردن، دادیان دەدات! ﴿ بَلَىٰٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴾، پێیان دەگوترێ: با خراپەتان كردوە، بێگومان خوا زانایە بەوەی كە كاتێ خۆی دەتانكرد.

﴿ فَٱدۡخُلُوٓاْ أَبۡوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَا ﴾، ئنجـا ئێسـتا بچنە نێـو دەروازەكانی دۆزەخەوە، تێیانـدا بـە هەمیشـەیی دەمێننـەوە، ﴿ فَلَبِئۡسَ مَثۡوَى ٱلۡمُتَكَبِّرِينَ ﴾، بـە دڵنیاییـەوە خراپتریـن شـوێن بـۆ تێـدا حەوانـەوەی خۆبەزلگـران، دۆزەخـە، یـانی: ئەگـەر خۆبەزلگـران، شـوێنێكیان هەبـێ تێیـدا نیشـتەجێ بـن، تەنیـا دۆزەخـە، ئەوێـش خراپتریـن شـوێنی تێـدا نیشـتەجێ بوونـە.

www.alibapir.net

ئنجا دێتە سەر باسی پارێزكاران، وەك بەراوردێك لەگەڵ ئەو هاوبەش بۆ خوا دانەر و كافرانەدا، كە پارێزكاران هەڵوێستیان بەرانبەر پەیامی خوا و بەرانبەر كتێبی دابەزێنراوی خوادا ﷻ چۆنە؟ سەرەنجامیشیان چۆن دەبێ؟ دەفەرموێ: ﴿وَقِيلَ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا مَاذَا أَنزَلَ رَبُّكُمْ﴾، هەروەها بەوانەی كە پارێزیان كرد بوو گوترا: پەروەردگارتان چی دابەزاندوە.

پارێزیان كرد بوو، واتە: خۆیان پاراستبوو لە هەموو ئەو شتانەی كە خوا پێی ناخۆشن، كە خوا ﷻ بە گشتی دوو جۆر شتی پێ ناخۆشن:

أ / ئەركێك كە دایناوە بیچوێنی.

ب / قەدەغەیەك كە دایناوە بیشكێنی.

هەڵبەتە گەورەترین ئەرك كە خوا لەسەر بەندەكانی دایناوە، ئەوەیە كە بیپەرستن و بەندایەتیی بۆ بكەن و هاوبەشی بۆ دانەنێن، ﴿يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ (٥٩)﴾ الأعراف، واتە: ئەی گەلەكەم خوا بپەرستن جگە لەو پەرستراوێكی دیكەتان نیە، ئەوە گەورەترین و، بەرزترین و، پیرۆزترین ئەركە كە خوا لەسەر بەندەكانی دایناوە.

خراپترین شتیش كە خوا لێی قەدەغە كردوون، ئەوەیە كە بەندایەتیی بۆ خوا نەكەن، یان لەگەڵ بەندایەتیی كردن بۆ خوادا، هاوبەشانی بۆ پەیدا بكەن، واتە: بەشێك لە بەندایەتیی كە تەنیا دەبێ بۆ خوا بكرێ، بۆ غەیری خواشی ئەنجام بدەن، كە ئەوە شیركە، شیركیش خراپترین شتە، ئەوانەی خۆیان پاراستوە، واتە: خۆیان پاراستوە لە چواندنی ئەركی تەنیا خواپەرستیی و، شكاندنی قەدەغەی هاوبەش بۆ خوا دانان، پێیان دەگوترێ: پەروەردگارتان چی دابەزاندوە؟ ﴿قَالُوا خَيْرًا﴾، گوتیان: باشترین شت، باشترین بەرنامە، باشترین پەیامی دابەزاندوە.

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿لِّلَّذِينَ أَحْسَنُوا فِي هَٰذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةٌ﴾، ئەوانەی چاكەیان كردوە، لەم ژیانی دنیایەدا، چاكەیان بۆ هەیە، هەر لەم ژیانی دنیایەدا بەرهەمی چاكەكارییەكەی خۆیان وەردەگرنەوە، كە بریتیە لەوەی مرۆڤ بووناسییەكی ڕێك و ڕاستی هەبێ، لە خۆی حاڵیی بێ كێیە؟ لە كوێوە هاتوە؟ بۆچی هاتوە؟ دەبێ چۆن بژی؟ بۆ كوێ دەچێ؟ هەڵوێستی ڕاست و دروست دەبێ سەبارەت بە دەوروبەری، بە بوونەوەر، بە دروستكراوەكانی خوا، ئنجا بەهۆی ئیمانەوە لەبەر ڕۆشناییدا دەژی بە دڵێكی ئارامەوە و بە پاكیی دەژی و، خۆی لە قەدەغە كراوەكان دەپارێزێ و، هەوڵدەدات

www.alibapir.net

سوود بە خەڵك بگەیەنێت و، بە دڵ و دەروونێكی پاك دەژی و بە زمان و ئەندامانێكی پاكەوە و دەیانپارێزێ لە گوناهو تاوان، بە دڵنیاییەوە: ئا ئەوە بۆ خۆی گەورەترین چاكەیە لە ژیانی مرۆڤدا، كە خوا بیدات بە مرۆڤ، بۆیە دەفەرمووێ: ﴿ لِّلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ فِى هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا حَسَنَةٌ ﴾، ئەوانەی چاكەیان كردوە، هەر لەم ژیانە دنیاییەدا چاكەیان بۆ هەیە، ﴿ وَلَدَارُ ٱلْءَاخِرَةِ خَيْرٌ ﴾، مسۆگەر مەنزڵگای دواڕۆژ باشتریشە، بگرە هەر ئەصڵەن بەراورد ناكرێ لەگەڵ هی دنیادا، بەڵام چاكەكاریی و دینداریی و خواپەرستیی و بەندایەتیی بۆ خوا كردن، مرۆڤ هەر لە دنیادا لێی بەهرەمەندە پێش دواڕۆژ، ﴿ وَلَنِعْمَ دَارُ ٱلْمُتَّقِينَ ﴾، باشترین مەنزڵگاش مەنزڵگای پارێزكارانە، ئەمە لە ڕووی ڕێزمانەوە ئاوایە: (وَلَنِعْمَ الدَّارُ دَارُ المُتَّقِين)، باشترین مەنزڵگا مەنزڵگای پارێزكارانە، كە بەهەشتە.

ئنجا دێتە سەر وەسف كردنی مەنزڵگای پارێزكاران، ﴿ جَنَّٰتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا ﴾، چەند باغێكی هەمیشەیین، باغ و بێستان و گوڵ و گوڵزارێكی هەمیشەیین، ﴿ يَدْخُلُونَهَا ﴾، دەچنە نێویان، ﴿ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ﴾، ڕووباریان بەژێردا دەڕۆن، واتە: ڕووبار بەژێر كۆشك و تەلارەكانیاندا دەڕۆن، كە لە نێو ئەو باغ و گوڵ و گوڵزارەدا بنیاتنراون، ﴿ لَهُمْ فِيهَا مَا يَشَآءُونَ ﴾، بۆ ئەوان هەیە هەرچی حەزی لێ بكەن، هەرچی بیانەوێ، هەرچی بیانەوێ بە ڕەهایی و بەبێ سنوورداركردن، ﴿ كَذَٰلِكَ يَجْزِى ٱللَّهُ ٱلْمُتَّقِينَ ﴾، ئاوا بەو شێوەیە خوا پاداشتی پارێزكاران دەداتەوە.

ئنجا دەگونجێ ئەمە هەر تەواوكەری ئەوەی پێشێ بێ، كە وەصفی پارێزكارانە: ﴿ ٱلَّذِينَ تَتَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ طَيِّبِينَ ﴾، ئەوانەی كە فریشتەكان گیانیان دەكێشن لە حاڵێكدا كە پاك و چاكن.

دەشگونجێ ئەمە ڕستەیەكی سەربەخۆ بێ، خوا ﷻ باسی ئەوانەمان بۆ دەكات كە لە دنیادا خۆیان پاك و چاك ڕاگرتوە، فریشتەكان كە گیانیان دەكێشن چۆنیان گیان دەكێشن؟

﴿ ٱلَّذِينَ تَتَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ طَيِّبِينَ ﴾، ئەوانەی كە لە حاڵێكدا پاك و چاكن، فریشتەكان گیانیان دەكێشن، ﴿ يَقُولُونَ سَلَٰمٌ عَلَيْكُمُ ﴾، پێیان دەڵێن: ئاشتیی، سەلامەتییتان لەسەر بێ، ﴿ ٱدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾، بچنە بەهەشتەوە بەهۆی ئەوەوە كە ئەنجامتان دەدا و، دەتانكرد، بەهۆی كردەوە باشەكانتانەوە، كە بێگومان كردەوە باشەكانی مرۆڤەكان، هۆكارن بۆ چوونە بەهەشت، بەڵام نرخی بەهەشت نین، وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەكاندا باسی دەكەین، كردەوە باشەكانی مرۆڤەكان هۆكارن بۆ چوونە نێو بەهەشت، بەڵام بارتەقاو بەرانبەری بەهەشت نین، چونكە بەهەشت زۆر لەوە بەرزو باڵاترە، نرخەكەی ئەو كردەوانەبن، بەڵام كردەوەكان هۆكارن.

www.alibapir.net

خـوا ﷻ دوایـی دێتـەوە سـەر بـاسی بـێ بـڕواو هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان، دەفەرمـوێ: ﴿ هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَوۡ يَأۡتِيَ أَمۡرُ رَبِّكَ ﴾، ئایـا چاوەڕێـی چـی دەکـەن، جگـە لـەوەی کـە فریشتـەکان بێنـە لایـان، یـان فەرمـانی پـەروەردگارت بـێ.

یـانی: فریشـتـەکان بێـن بـۆ گیـان کێشـانیان، یـان فەرمـانی پـەروەردگارت بـێ بـۆ فەوتاندنیـان و بنبڕکردنیـان، یاخـود بـۆ کۆتایـی پێهاتنـی ئـەم ژیـانی دنیایـەو، پێچرانـەوەی ئـەو قۆناغـەی ژیـانی مـرۆڤ و هاتنـی قۆناغـی دیکـە.

﴿ كَذَٰلِكَ فَعَلَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ ﴾، ئەوانـەی پێـش وانیـش هەروایـان کـرد، واتـە: هـەروا لەسـەر خراپـە بـەردەوام بـوون، تاکـو یـان فریشـتـەکان گیانیـان کێشـان، لـە کاتی مـردنی ئاسـایی خۆیانـدا، یـان بـە بەڵایـەك، خـوا ﷻ لـە بەینـی بـردن و جـۆ ماڵـی کـردن و، ڕایماڵیـن، وەك خـوا ﷻ بۆمـان بـاسی گەلـی نـووح و، گەلـی عـاد و، گەلـی ثـموود و، گەلـی لـووط و، گەلـی شـوعەیب و، ئـەو گەلانـە دەکات کـە خـوا ﷻ بـە بـەڵا لـە بەینـی بـردوون، ﴿ وَمَا ظَلَمَهُمُ ٱللَّهُ ﴾، خـواش سـتەمی لێنەکـردن، لـەو گەلـە پێشـووانە، کـە ئـاوا لـە بەیـن چـوون، ﴿ وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ﴾، بەڵکـو خۆیـان سـتەمیان لـە خۆیـان دەکـرد، ئەگەرنـا خـوا ﷻ لێـی ناوەشـێتەوە و شایسـتەی نیـە سـتەم بـکات، پێویسـتیشی بـە سـتەم نیـە، کەسـێك سـتەم دەکات کـە ئامانجێکی هەبـێ لـە ڕێـی دادگەرییـەوە بـۆی نەیەتـە دی، بـە ناچاریـی ڕێی زوڵمـی بـۆ بگرێتەبـەر، بـەڵام خـوا هیـچ ئامانجێکی نیـە کـە لـە دەرەوەی خۆیـدا بیهێنێتـەدی:

یەکەم: خوا پێویستیی بە غەیری خۆی نیە.

دووەم: خوا ﷻ لێی ناوەشێتەوە و چاوەڕوانیی لێ ناکرێ ستەم بکات، چونکە زوڵم سیفەتێکی خراپە و ناتەواوییە و، خوای پەروەردگاریش هەرچی سیفەتی بەرزو جوانە هەیەتی، هەرچی ناوی چاك و پەسندە هەیەتی و، دوورە لە هەموو هەڵەو کەم و کوڕییەك.

ئنجـا ئەوانـە کـە سـتەمیان لـە خۆیـان کـرد بـوو، بـەڵای خوایـان بـۆ هـات، ﴿ فَأَصَابَهُمۡ سَيِّـَٔاتُ مَا عَمِلُواْ ﴾، خراپـەکانی کـە ئەنجامیـان دابـوون، تووشـیان بـوون، واتـە: سـزای خراپـەکانی کـە ئەنجامیـان دابـوون، دەرەنجامەکەیانیـان تـووش بـوو، ﴿ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴾، ئـەوەی کـە گاڵتەیـان پێدەکـرد، ئابڵووقـەی دان، دەوری دان، ئـەوەش کـە گاڵتەیـان پێدەکـرد بریتـی بـوو لـە هاتنـی سـزای خـوا، کـە پێغەمبـەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) هەڕەشـەیان پـێ لـە کافـرەکانی ڕۆژگاری خۆیـان دەکـرد، ئـەوە کـە گاڵتەیـان پـێ دەکـرد، هـەر ئەوەندەیـان زانی کـە گەمـارۆی داون.

www.alibapir.net

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

پەرستراوی هەق و ڕاست، تەنیا خوایە، بەڵام ئەوانەی بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نیە، دڵیان نکووڵیی لە یەکتایی خوا دەکات و خۆ بەزلگرن، خواش پەنهان و ئاشکرایان دەزانێ و چارەی خۆ بەزلگرانیشی ناوێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ۚ فَالَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ قُلُوبُهُم مُّنكِرَةٌ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ ﴿٢٢﴾ لَا جَرَمَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ ۚ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْتَكْبِرِينَ ﴿٢٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١- ﴿ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ﴾، پەرستراوی ئێوە یەك پەرستراوە، واتە: بەو بەڵگانەی کە ڕابردن، بەو هەموو شتانە کە باسکران، دەرکەوت کە پەرستراوی ئێوە یەك پەرستراوە، ئەویش خوایەﷻ، واتە: ئەو شتانەی کە ڕابردن لە ئایەتی یەك (١)ەوە، تاکو ئایەتی ژمارە بیست و یەك (٢١)، کە لە دوو دەرسی پێشوودا شیمان کردنەوە، هەموویان بەڵگەن لەسەر ئەوە کە یەك کەس شایستەی پەرستنە، ئەویش خوایە ﷻ، چونکە هەر ئەو بەدیهێنەر و پەروەردگار و خاوەنی هەموو چاکەو نیعمەتەکانە لە ژیانی ئێوەدا، بۆیە هەر ئەویش شایستەیە بەندایەتیی بۆ بکرێ و بپەرسترێ.

(**پەرستن**): واتە: ئەوپەڕی خۆشویستن، ئەوپەڕی بە گەورەگرتن، ئەوپەڕی پشت پێ بەستن، ئەوپەڕی مل بۆ کەچکردن، ئەوپەڕی بە بەرز گرتن، ئەوانە تەنیا شایستەی خوای پەروەردگارن، لە سوورەتی (**الصافات**)یش لە ئایەتی (٤)دا، دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ إِلَٰهَكُمْ لَوَاحِدٌ ﴾، واتە: بێگومان پەرستراوی ئێوە یەکە.

لێرەش دەفەرموێ: ﴿ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ﴾، پەرستراوی ئێوە یەك پەرستراوە.

ئایا حیکمەتی ئەو جیاوازییە چییە ؟!

www.alibapir.net

چونکە ئەوەی سووڕەتی (**الصافات**)، لە سەرەتای سووڕەتەکەوەیە لە ئایەتی (٤)دا، بۆیە بە جەختکردنەوەوە فەرموویەتی: (بێگومان پەرستراوی ئێوە یەکێکە)، بەڵام لێرە - لە (**النحل** - ٢٢)دا - خوا لە بیست (٢٠) ئایەتی ڕابردوودا، زۆر باسی سیفەت و کردەوەکانی خۆی کردوە و، باسی نیعمەت و چاکەکانی خۆی کردوە لە ژیانی مرۆڤدا، بۆیە فەرموویەتی: (پەرستراوی ئێوە یەك پەرستراوە)، یانی: ئەو پەرستراوەی ئەو شتانەی بۆ کردوون کە باسکران.

٢- ﴿فَالَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ قُلُوبُهُم مُّنكِرَةٌ﴾، ئەوانەی بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نیە، کە دڵیان نکووڵیلێکەرە، واتە: هاوبەش بۆ خوا دانەر و کافرەکان لە ئەنجامی بێبڕواییاندا بە ڕۆژی دوایی، نکووڵیی دەکەن، نکووڵیی لەچی دەکەن؟ لە تەنیا پەرستراوێتیی خوا، لە خوا بە یەکگرتن (**توحيد اللّه**)، (**الإِنْكارُ: الجُحُودُ وَعَدَمُ الإِقْرَار**)، (**إِنْكار**): بریتیە لە پێ لێنەنان و دان پێدانەهێنان و نکووڵیلێکردن.

٣- ﴿وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ﴾، هەروەها ئەوان خۆ بەزلگرن، ﴿وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ﴾، (**أَي: أَنَّ الإِسْتِكْبارَ مُتَمَكِّنٌ فِيهِم**)، خۆ بەزلگریی زۆر لەواندا سیفەتێکی ڕۆچوویە، ئەوان خۆ بەزلگرن، واتە: خۆ بەزلگرتن لە بەرانبەر خوا و بەندایەتیی کردن بۆ خوادا و، لە بەرانبەر وەڵامدانەوەی پێغەمبەرانی خوادا (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) لەوان دا بۆتە سیفەتێکی ڕۆچووی ڕیشەدار.

٤- ﴿لَا جَرَمَ﴾، واتە: (**حَقًّا**)، (**الجُرْمُ: القَطْعُ، قَطْعُ الثَّمَرَةِ عَنِ الشَّجَرِ، لاَ جَرَمَ: أَي حَقًّا، أو لاَ - لَيْسَ كَمَا تَقُولُونَ - قَطْعاً**)، وشەی (**جَرْم**) بەوە دەگوترێ: کە میوە لە درەخت بکرێتەوە، واتە: چنینی میوە.

ئنجا ﴿لَا جَرَمَ﴾، واتە: (**حَقًّا**)، یانی: ئەو شتە ڕاستە، چەسپاوە.

هەندێکیش گوتوویانە: ﴿لَا جَرَمَ﴾، یانی: (لا)یەکە بۆ نەفی هەڵوێستێکی ئەوانە هی پێشێ، یانی: (**لاَ لَيْسَ كَمَا تَقُولُونَ**)، نا وانیە وەك ئێوە دەڵێن، (**جرم**)، یانی: بەدڵنیایی (**قَطْعاً**).

یان: ﴿لَا جَرَمَ﴾، یانی: بە دڵنیایی ئەو شتە ئاوایە.

٥- ﴿أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ﴾، خوا دەزانێ چی پەنهان دەکەن و چی ئاشکرا دەکەن، ئەمە بەپێی سیاق دەزانرێ مەبەست پێی چییە! بۆ بێبڕوایان و هاوبەش بۆ خوا دانەران، واتە: ئەوەی کە پەنهانی دەکەن لە گوناهو تاوان و شیرك، کە لە هەموو گوناهەکان گەورەترە، خوا

www.alibapir.net

ئەوەش دەزانێ و، ئەوەی ئاشكراشی دەكەن، دیارە گوناهو تاوانەكان، لە پێش هەمووشیانەوە كوفر و شیرك و ئیلحاد و نیفاق، كە هەم جۆری پەنهانیان هەیە، كە تەنیا خاوەنەكەیان بۆخۆی دەزانێ و خەڵك هەستیان پێ ناكات و، جۆری ئاشكراشیان هەیە، خوا هەموویان دەزانێ.

٦- ﴿إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْتَكْبِرِينَ﴾، بێگومان ئەو خۆ بەزلگرانی خۆش ناوێن، مانای ئەمە ئاوای لێ دێتەوە: (**إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الكُفَّارَ المُستكْبِرِين، أَو المُشْرِكِينَ المُستكْبِرِين**)، خوا بێبڕوایانی، یان هاوبەش دانەرانی خۆ بەزلگری خۆش ناوێن.

ئنجا ئەمە: بریتیە لە چەسپاندنی شتێك، چەسپاندنی حوكمێك بە بەڵگەكەیەوە، چونكە: خوا حەز بە چارەی خۆ بەزلگران نەكات و، بشتوانێ سزایان بدات، كەواتە: سزادرانیان مسۆگەرە.

هەروەها ئەمە ئەوەشی لێ وەردەگیرێ، كە خوا ﷻ مرۆڤەكانی بۆیە خوڵقاندوون: وابكەن خۆشی بوێن و ڕێزیان لێ بگرێ و، سۆزو بەزەیی خۆی و، كەرەم و بەخشندەیی خۆی لەگەڵیاندا بەكاربێنێ.

كە دەفەرموێ: ﴿إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْتَكْبِرِينَ﴾، واتە: خوا ﷻ حەز بە چارەی خۆ بەزلگران ناكات، ئەگەرنا ئەگەر لەبەر خۆ بەزلگرییان نەبوایە، ئەگەر لەبەر كوفر و شیرك و، گوناهو تاوانیان نەبوایە، خوا دەیویست وابن كە خۆشی بوێن، چونكە خوا لە ئەصڵدا بۆیە خوڵقاندوونی، كە بەوجۆرەبن چاكەیان لەگەڵدا بكات، خوا حەزی دەكرد كە وابكەن خۆشویستراو بن، نەك بوغزێنراو، بەڵام خۆیان بەو شێوەیان لەخۆیان كردوە.

www.alibapir.net

مەسەلەی دووەم:

بێبڕوایەکان ئەگەر لەبارەی قورئانەوە بدوێنرێن، دەڵێن: ئەفسانەی پێشینانە! بەڵام سەرەنجام گوناهی خۆیان، بە تەواویی و، هی ئەوانەش کە گومڕایان کردوون، بەشێکیان لە کۆڵ دەنێن و، هەڵدەگرن لە ڕۆژی دواییدا:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُم مَّاذَآ أَنزَلَ رَبُّكُمۡ قَالُوٓاْ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿٢٤﴾ لِيَحۡمِلُوٓاْ أَوۡزَارَهُمۡ كَامِلَةٗ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَمِنۡ أَوۡزَارِ ٱلَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيۡرِ عِلۡمٍۗ أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ ﴿٢٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١- ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُم ﴾، هەروەها ئەگەر پێیان گوترا، یانی: بەو بێبڕوا و هاوبەش بۆ خوا دانەرانەی کە باسکران.

٢- ئەگەر پێیان گوترا و پرسیاریان لێکرا: ﴿ مَّاذَآ أَنزَلَ رَبُّكُمۡ ﴾، پەروەردگارتان چی دابەزاندوە؟ دەڵێ: {(ما) **الإِستِفْهَامِية**، و (ذا) **إِسْمُ الإِشَارَة**)، (ما) بۆ پرسیارەو (ذا) بۆ ئاماژەیە، (مَاذَا)، یانی: (**مَا هو الَّذِي أَنْزَلَهُ رَبُّكُمْ**)، پەروەردگارتان، خاوەنتان چی دابەزاندوە؟ ئەوەی کە پەروەردگارتان دایبەزاندوە، چییە ؟

٣- دەڵێن چی؟ ﴿ قَالُوٓاْ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴾، دەڵێن: ئەفسانەی پێشینانە، کە پێشتر باسمان کرد، (**أساطير**)، کۆی (**أُسطورة**)یە، ئەوەیان بەهێزترە، ئەفسانە بەسەرهاتێکە گێڕدراوەتەوە، بەڵام وەهم و خەیاڵ دروستی کردوە، حەقیقەتی نەبووە لەسەر ئەرزی واقیع، ئەوە پێی دەگوترێ ئەفسانە، واتە: ئەفسانەی پێشینانە.

هەندێکیش گوتوویانە: (**أَساطِير جَمْعُ أَسْطَار، وأَسطر، وَهُوَ جَمْعُ سَطْر**)، (**سَطْر**)، یانی: دێڕ، (**أَسْطَار**) و (**أسطر**)، یانی: دێڕەکان، واتە: ئەو شتانەی کە نووسراونەوە کاتی خۆی لە بەسەرهاتی پێشووان.

٤- ﴿ لِيَحۡمِلُوٓاْ أَوۡزَارَهُمۡ كَامِلَةٗ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ ﴾، با لە ڕۆژی دوایی دا، لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا، گوناهەکانی خۆیان بە تەواویی هەڵبگرن، لە ئەنجامی ئەو قسە و ڕەفتار و، ئەو بیر وبۆچوونانەیاندا، شایستەی ئەوەن کە گوناهەکانیان، قورساییەکانیان، بە تەواویی هەڵبگرن.

www.alibapir.net

(أَوْزَار: جَمْعُ وِزْر، أَي ثِقْل: الذَّنْبُ وَالجُرْمُ الَّذِي يُثْقِلُ فَاعِلَهُ)، ئەو گوناهو تاوانەی کە باری شانی بکەرەکەی قورس دەکات.

٥- ﴿ وَمِنْ أَوْزَارِ ٱلَّذِينَ يُضِلُّونَهُم ﴾، هەروەها بەشێك لە گوناهی ئەوانەش کە گومڕایان دەکەن، واتە: هەمووی نا، بەشێکیان لێ هەڵدەگرن، ئنجا ئایا چۆنیان گومڕا دەکەن ؟

٦- ﴿ بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴾، بەبێ زانیاریی، ئەمە (تَفْظِيعُ التَّضْلِيلِ لاَ تَقْيِيدُهُ)، ئەمە بۆ ئەوەیە کە گومڕاکردنەکە زۆر ناشیرین و ناقۆڵا بخرێتە بەرچاو، بۆ ئەوە نیە کە ئەگەر کەسێك بە زانیارییەوە خەڵك گومڕا بکات، قەیدێ نەکات، بەڵام لەبەرئەوەی بەبێ زانیاریی خەڵك گومڕا دەکەن، شتێکی خراپە! نا، بەڵکو ئەمە زیاتر بۆ ناقۆڵا و، ناشیرین دەرخستنی گومڕاکردنەکەیانە.

﴿ بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴾: ئەمە دوو واتای هەن:

١/ (حَالٌ مِنْ ضَمِيرِ النَّصْبِ) فَالضالُّون يحسبُونَ إِضْلاَلَ المُضِلِّين لهم: نُصْحَاً!)، یانی: گومڕایەکان گومڕا کردنی گومڕاکەرەکان بۆیان، بە دڵسۆزیی و پەرۆشییان بۆیان دەزانن !

٢/ یاخود: ﴿ بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴾، بۆ بکەر (فاعل)ەکە دەچێتەوە، واتە: گومڕاکەرەکان ئەو خەڵکەی کە گومڕایان دەکەن، بەبێ زانیاریی گومڕایان دەکەن، واتە: بێئەوەی کە خۆیان بە ڕێی ڕاست بزانن، پێش خەڵك دەکەون بە ڕێی چەوت و لار و هەڵەدا و، بەبێ زانیاری پێش خەڵك دەکەون، یان گومڕاکراوەکان بێ زانیاریین و گومڕاکەرەکان نەزانیی و سادەیی و نەفامییان دەقۆزنەوە، وەك خوا ﷻ لە سوورەتی (الزخرف) ئایەتی (٥٤)دا دەربارەی فیرعەون دەفەرموێ: ﴿ فَٱسْتَخَفَّ قَوْمَهُۥ فَأَطَاعُوهُ ﴾، (فَٱسْتَخَفَّ)، دوو واتای هەیە:

یەکەم: سووکی کردن، عەقڵی سوککردن، هەڵیخەڵەتاندن، ئەوانیش بەقسەیان کرد.

دووەم: تەماشای کرد سووکەڵەن، عەقڵ سووکن، ئەویش عەقڵ سووکیی ئەوانی ئیستیغلال کرد و گومڕای کردن.

٧- ﴿ أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ ﴾، ئاگادار بن! خراپترین شت کە هەڵیانگرتوە، ئەوەیە کە ئەوان هەڵیانگرتوە، کە گوناهەکانی خۆیانە بە تەواویی و، بەشێکیش لە گوناهی ئەوانەی کە نەزانانە گومڕایان دەکەن، نەزانانە بە نسبەت گومڕاکراوەکانەوە، نەزانیی و نەفامیی و بێ ئاگاییان بە هەل و دەرفەت زانیون، یاخود نەزانانە یانی: گومڕاکەرەکان نەزانانە پێش خەڵك دەکەون و خەڵك گومڕا دەکەن.

www.alibapir.net

لە سوورەتی (**العنكبوت**)یشدا هەمان مەبەست هاتوە: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِلَّذِينَ
ءَامَنُواْ ٱتَّبِعُواْ سَبِيلَنَا وَلۡنَحۡمِلۡ خَطَٰيَٰكُمۡ وَمَا هُم بِحَٰمِلِينَ مِنۡ خَطَٰيَٰهُم مِّن شَيۡءٍۖ إِنَّهُمۡ
لَكَٰذِبُونَ ﴿١٢﴾ وَلَيَحۡمِلُنَّ أَثۡقَالَهُمۡ وَأَثۡقَالٗا مَّعَ أَثۡقَالِهِمۡۖ وَلَيُسۡـَٔلُنَّ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ عَمَّا كَانُواْ
يَفۡتَرُونَ ﴿١٣﴾﴾.

واتە: ئەوانەی بێبڕوان بەوانەیان گوت کە بڕوادارن: شوێن ڕێبازی ئێمە بکەون با هەڵەکانتان، گوناهەکانتان بۆ هەڵبگرین، گوناهەکانیشیان لێ هەڵناگرن، هیچ لە گوناهی ئەوان هەڵناگرن و ئەوان درۆ دەکەن، بەڵکو قورساییەکانی خۆیان هەڵدەگرن و وێڕای قورساییەکانی خۆیان، قورسایی ئەوانەش کە گومڕایان کردوون، هەڵدەگرن، لە ڕۆژی هەڵسانەوەشدا لێیان دەپرسرێتەوە لەوەی کە بە درۆ دەیڵێن.

وەڵامدانەوەی پرسیارێك :

لێرەدا كە خوا دەفەرموێ: ﴿ هُم بِحَـٰمِلِينَ مِنْ خَطَـٰيَـٰهُم مِّن شَىْءٍ وَمَا ﴾، دواییش دەفەرموێ: ﴿ وَلَيَحْمِلُنَّ أَثْقَالَهُمْ وَأَثْقَالًا مَّعَ أَثْقَالِهِمْ ﴾، ئایا لە نێوانیاندا تێكگیران نیە؟ دەڵێین: نەخێر چونكە ئەوان دەیانگوت: گوناهەكانتان لێ هەڵدەگرین، یانی: گوناهەكانتان لە كۆڵ دەكەینەوە، هەموویان لە كۆڵێ دەنێین، خواش دەفەرموێ: ڕاست ناكەن، گوناهەكانیان لە كۆڵ ناكەنەوە و نایخەنە سەر كۆڵی خۆیان، ئایەتەكەی دوای ئەویش دەفەرموێ: گومڕاكەرەكان، گوناهەكانی خۆیان، قورساییەكانی خۆیان هەڵدەگرن و لەگەڵ قورسایی خۆیان و گوناهی خۆیان، گوناهی دیكەش هەڵدەگرن، واتە: هی ئەوانەی كە گومڕایان دەكەن، بەڵام بەبێ ئەوەی كە لە گوناهی ئەوان كەم بێتەوە، وەك لەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺدا هاتوە، دەفەرموێ: {**مَنْ سَنَّ فِي الإِسْلَامِ سُنة حَسَنة، فَلَهُ أَجْرُهَا وَأَجْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا مِنْ بَعْدَه مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنقُصَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْءٌ، وَمَنْ سَنَّ فِي الإِسْلَامِ سُنة سَيِّئَةً، كانَ عَلَيْهِ وِزْرُهَا وَوِزْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنقُصَ مِنْ أَوْزَارِهِمْ شَيْءٌ**}، (**أَخْرَجَهُ مُسْلِم: ١٠١٧**).

ئەم فەرمایشتە چەمك و واتای ئایەتە بە پێزەكان زیاتر دەردەخات، دەفەرموێ:

هەر كەسێك لە ئیسلامدا ڕێیەكی باش دابڕێژێ، كردەوەیەكی باش ئەنجام بدات، ئەوە پاداشتی ئەو كردەوە چاكەی هەیە و، پاداشتی هەر كەسێكیش كە لە دوای وی ئیش بەو كردەوە چاكە بكات و بەو ڕێیەدا بڕوات، پاداشتی ئەویشی هەیە، واتە: لە پاداشتی ئەویشدا بەشدارە، بێ ئەوەی كە لە پاداشتی خۆیان كەمبێتەوە، (یانی: ئەوانەی كە دوایی چاكەكە ئەنجام دەدەن، با چاویشیان لەو بێ و بەهۆی ئەوەوە ئەو چاكەیە بكەن، بەڵام ئەوانیش پاداشتی خۆیان بەتەواویی هەیە، بەڵام ئەو كەسەش كە ڕەنگەكەی ڕشتوە و ڕێیە چاكەكەی داناوە، لە پاداشتی ئەواندا بەشدارە و بە قەدەر ئەوان پاداشتی هەیە، بەڵام ئەوانیش پاداشتی خۆیان هەر لە جێی خۆیەتی)، هەروەها هەر كەسێك لە ئیسلامدا ڕێیەكی خراپ دابنێ، كردەوەیەكی خراپ ئەنجام بدات، گوناهی ئەو كردەوە خراپە لەسەر خۆیەتی و، گوناهی هەركەسێكیش كە كار بەو كردەوە خراپە بكات و، بەو ڕێیە خراپەدا بڕوات، بەبێ ئەوەی كە لە گوناهی ئەنجامدەرانی خراپەكە كەم بێتەوە.

ئەم ڕستەیە: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُم مَّاذَآ أَنزَلَ رَبُّكُمْ ﴾، ئەگەر پێیان گوترا: پەروەردگارتان چی دابەزاندوە؟ ئەمەی لێوەردەگیرێ كە كاتێ خۆی كافرەكان لەبارەی قورئانەوە لە

www.alibapir.net

پێغەمبەر ﷺیان پرسیوە و لێیان کۆڵیوەتەوە، ئنجا لەوبارەوە، فەرموودەیەك دێنین کە بوخاریی دەیهێنێ لە (أبو ذر)ەوە، دەفەرمووێ:

{عَنْ أَبِي ذَرٍّ، قَالَ: كُنْتُ رَجُلاً مِنْ غِفَارٍ فَبَلَغَنا أَنَّ رَجُلاً قَدْ خَرَجَ بِمَكة يَزْعُمُ أَنَّهُ نَبِيٌّ، فَقُلْتُ لأَخِي (أُنَيس) انْطَلِقْ إِلَى هَذَا الرَّجُلِ كَلِّمْهُ وَأْتِنِي بِخَبَرِهِ، فَانْطَلَقَ فَلَقِيَهُ، ثُمَّ رَجَعَ، فَقُلْتُ: مَا عِنْدَكَ؟ فَقَالَ: وَاللَّهِ لَقَدْ رَأَيْتُ رَجُلاً يأمُرُ بالْخَيْرِ وَيَنْهَى عَنْ الشَّرِّ، فَقُلْتُ لَهُ: لَمْ تَشْفِنِي مِنَ الْخَبَرِ، فَأَخَذْتُ جِرَابا وَعَصاً، ثُمَّ أَقْبَلْتُ إِلَى مَكة فَجَعَلْتُ لاَ أَعْرِفُهُ وَأَكرهُ أَنْ أَسالَ عَنْهُ، وَأَشْرَبُ مِنْ مَاءِ زَمْزَمَ، وَأَكُونُ فِي الْمَسْجِدِ...} (أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ: ٣٣٢٨).

واتە: ئەبو زەڕ خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: من پیاوێك بووم لە هۆزی غیفار، پێمان گەیشت کە پیاوێك لە مەککە پەیدا بووە، پێی وایە کە پێغەمبەرە، بە (ئونەیس)ی برام گوت: بچۆ ئەم پیاوەم بۆ ببینەوە و قسەی لەگەڵدا بکەو هەواڵەکەم بۆ بێنەوە، چو و پێی گەیشت و گەڕایەوە، گوتم: هەواڵی چیت لە لایە؟ گوتی: سوێند بە خوا پیاوێکم بینی فەرمانی بە چاکە دەکرد و بە خەڵکی دەگوت: چاکە بڵێن و، ڕێشیی لێدەگرتن لە خراپە (هەر ئەوەندە)، منیش گوتم: هەواڵەکەت بە تەواویی بۆ نەهێنامەوە، منیش جەواڵێکم هەڵگرت، (دیارە خورجێنێك، توورەگەیەك، شتێك بووە، خۆراکی تێدابووە) و گۆچانێکیشم پێ بوو، دوایی بەرەو مەککە چووم، بەڵام من ئەوم نەدەناسی، (موحەممەدم ﷺ نەدەناسی)، پێشم خۆشنەبوو لە خەڵك بپرسم، بۆیە لە مزگەوت مامەوە و لە ئاوی زەمزەمم دەخواردەوە و، لە مزگەوت دابووم، دوایی درێژەی بەسەرهاتەکەی باس دەکات کە چۆن پێغەمبەری خوای ﷺ ناسیوە و مسوڵمان بووە.

کەواتە: عەرەبەکان لێیان کۆڵیوەتەوە کە پێغەمبەر ﷺ کێیە؟ چی دەڵێ؟ چۆن دەڵێ؟ قوڕەیشییەکان ناسیویانە، بەڵام خەڵکی دیکە غەیری قوڕەیش، هاتوون پەیسەریان کردوە و سۆراغیان کردوە.

www.alibapir.net

مەسەلەی سێیەم:

کافرانی پێشووش پیلانیان گێڕا لە دژی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ) و پەیامەکانی خوا، بەڵام خوا پیلانەکەیان لە بیخەوە هێناو بەسەریاندا ڕما، لە ڕۆژی قیامەتیشدا، خوا ڕیسوایان دەکات و، کاتێك لەبارەی پەرستراوەکانیان لێیان دەپرسێ: کوان؟ لە کوێن؟ زانایان وەڵام دەدەنەوە: کە ئەمڕۆ بێبڕوایان بەس ڕیسوایی و شەرمەزارییان پێبڕاوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ قَدْ مَكَرَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَأَتَى ٱللَّهُ بُنْيَـٰنَهُم مِّنَ ٱلْقَوَاعِدِ فَخَرَّ عَلَيْهِمُ ٱلسَّقْفُ مِن فَوْقِهِمْ وَأَتَىٰهُمُ ٱلْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٢٦﴾ ثُمَّ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ يُخْزِيهِمْ وَيَقُولُ أَيْنَ شُرَكَآءِىَ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تُشَـٰٓقُّونَ فِيهِمْ ۚ قَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ إِنَّ ٱلْخِزْىَ ٱلْيَوْمَ وَٱلسُّوٓءَ عَلَى ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿٢٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١- خوا ﷻ بۆ بێبڕوایانی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ و سەرجەم ڕۆژگارەکانی دیکە، تاکو دنیا کۆتایی دێ، باسی ئەزموونی بێ ئاکامی کافرانی پێش خۆیانیان بۆ دەکات، کە وا مەزانن هەر ئێوە دژایەتیی پێغەمبەری خاتەمتان ﷺ کردوە و، بەرەنگاری پەیامە نوورانییەکەی بوونەتەوە، بەڵکو کافرانی پێش ئێوەش هەر ئەوە عادەتیان بووە، بەڵام تەماشا بکەن سەرەنجامیان چۆن بووە ؟!

﴿ قَدْ مَكَرَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ﴾، بەدڵنیاییی ئەوانەی پێش وانیش پیلانیان گێڕا، (**مَكْر**) بە مانای: (فێڵ، پیلان، هەڵخەڵەتاندن، فریودان) دێ، ئنجا ئایا چییان کردوە تاکو خوا ناوی لێبنێ پیلان ؟! زانایان دەڵێن: (**عُدَّ إِضْلاَلُهُمْ لأَتْبَاعِهِمْ مَكراً، إذ سَمّوا القُرْآنَ أَسَاطِيرَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ أَنَّهُ لَيْسَ كَذَلِكَ !**).

بۆیە کردەوەکەیان ناونراوە (**مَكر**)، چونکە هەوڵیانداوە شوێنکەوتوەکانیان گومڕا بکەن، ئەویش بەوە کە وایان بۆ وێنا کردوون: قورئان ئەفسانەی پێشینانە، کە زانیویشیانە وانیە! ئنجا ئەو کردەوەیان بە مەکر و پیلان و فێڵ ناوزەند کراوە و هەرواشە.

www.alibapir.net

٢- ﴿ فَأَتَى ٱللَّهُ بُنْيَـٰنَهُم مِّنَ ٱلْقَوَاعِدِ ﴾، خوا خانووەکانیانی لە ڕیشەوە هێنان، (القَوَاعِدُ: الأُسُسُ والأَسَاطِين الَّتِي تُجْعَلُ عُمُدَاً للبناءِ يُقَامُ عَلَيْهَا السَّقْفُ)، (قَوَاعِد) ئەو بناغە و، کۆڵەکانەن کە دەکرێن بە بناغە و دیوار و سەقفەکە لەسەریان دەوەستێ، ﴿ فَأَتَى ٱللَّهُ بُنْيَـٰنَهُم مِّنَ ٱلْقَوَاعِدِ ﴾ واتە: خوا خانووەکانیانی لە بناغەوە ڕووخاندن، کە ئەوە لە شوێنی دیکەشدا هاتوە، خوا لە ئایەتی ژمارە (٢)ی سووڕەتی (الحشر)دا دەفەرموێ: ﴿ فَأَتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُوا۟ ﴾، واتە: خوا لە شوێنێکەوە، لەلایەکەوە بۆیان هات، کە بە خەیاڵیاندا نەدەهات و حیسابیان بۆ نەکرد بوو !

ئنجا بێگومان بینایەك بناغەکەی و پایەکانی کە لەسەریان وەستاوە، بڕووخێن، دیارە ئەو بینایەش هەرەس دێنێ، بۆیە دەفەرموێ:

٣- ﴿ فَخَرَّ عَلَيْهِمُ ٱلسَّقْفُ مِن فَوْقِهِمْ ﴾، یەکسەر لە سەروویانەوە سەربانەکە بەسەریاندا ڕما، (خَرَّ: سَقَطَ مَعَ صَوْتِ الخرُورِ)، (خرور) بە خوڕەی ئاو دەگوترێ، بە کوردیی پێی دەڵێن: خوڕەی ئاو، هەروەها وشەی (با)، ئنجا شتێك لە سەرەوە بەربدرێتەوە بۆ خوارێ، چۆن وشەی دێ، کاتێ بینایەکەیان بەسەریان دا ڕما، دەنگێکی ئاواشی لێهات.

کە بە دڵنیاییەوە لێرەدا مەبەست کۆڵەکە و پایە و سەربان و دیوار ڕووخان و... هتد، نیە، بەڵکو ئەوە هەمووی وێناکردن (تصویر)ە، واتە: وەك چۆن کەسێك خانوویەکی هەبێت، ئنجا تۆ بێنیی بناغەکەی بڕووخێنی، بێگومان دیوار و سەربانەکەی بەسەریدا دەڕمێ! خواش ئاوای بەسەر پیلان و فێڵەکانیان هێنا، کە لە بیخەوە هەڵیکەند !

٤- ﴿ وَأَتَىٰهُمُ ٱلْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ ﴾، سزاو ئازاریان بۆ هات لەلایەکەوە، کە هەستیان پێ نەدەکرد، واتە: کتوپڕ بەسەریاندا هات! یان لە شوێنێکەوە ئەو بەڵایەیان بەسەرهات، کە ئەسڵەن ئەگەریان بۆ دانەنابوو لەو شوێنەوە سزایان بۆ بێ !

ئەوە بەنسبەت ژیانی دنیایانەوە.

٥- ﴿ ثُمَّ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ يُخْزِيهِمْ ﴾، ئنجا ڕۆژی هەڵسانەوەش خوا ﷻ ڕیسوا و زەبوونیان دەکات، (الخِزْيُ: الإِهَانة وَالتَحْقِير)، (خزي) بە کەم تەماشاکردن و ڕیسوا کردنە.

www.alibapir.net

٦- ﴿ وَيَقُولُ أَيْنَ شُرَكَآءِىَ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تُشَـٰٓقُّونَ فِيهِمْ ﴾، (خوا) پێیان دەفەرموێ: (بێگومان لە ڕێگای فریشتەکانەوە، ئەگەرنا وەك خوا لە قورئاندا دەفەرموێ: ﴿ ... وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ وَلَا يَنظُرُ إِلَيْهِمْ.. ﴿٧٧﴾ ﴾ آل عمران، خوا نە قسەیان لەگەڵدا دەکات و نە سەرنجیان دەدات، چونکە لەوە کەمترن خوا بیاندوێنێ! بەڵام لە ڕێگای فریشتەکانەوە فریشتەکان ڕادەسپێرێ پێیان دەفەرموێ:) ﴿ أَيْنَ شُرَكَآءِىَ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تُشَـٰٓقُّونَ فِيهِمْ ﴾، کوان ئەو هاوبەشانەم، کە ئێوە لەواندا مشتومڕتان دەکرد، ناکۆکییتان هەبوو.

(شُرَكَآءِىَ) هاوبەشەکانم، دیارە بەپێی گومانی ئەوان (حَسْبَ ظَنِّهِم)، چونکە خوا هاوبەشی نین، واتە: کوان ئەو هاوبەشانەم کە ئێوە پێتان وابوو هاوبەشی منن ؟! ﴿ تُشَـٰٓقُّونَ فِيهِمْ ﴾، ئەوە بە دوو جۆر خوێنراوەتەوە:

١/ (تُشَـٰٓقُّونَ فِيهِمْ: أَي تُخَالِفُون وَتُعَانِدُون)، واتە: لەواندا سەرپێچییتان لە پێغەمبەران دەکرد و، کەللە ڕەقییتان دەنواند، دەستتان پێوە دەگرتن و ئەوانتان دەپەرست !.

٢/ هەروەها بەم شێوەیەش خوێنراوەتەوە: (تُشَاقُّونِ[1] فِيْهِم) واتە: دژایەتیی و ناکۆکییتان لەگەڵ من دا دەکرد لەسەر ئەوان! واتە: دژایەتیی و سەرپێچیی خواتان دەکرد، بە قازانجی ئەو پەرستراوانەی بە هاوبەشی خواتان دادەنان !

لێرەدا باسی وەڵامی ئەوان ناکات، بەڵام دەفەرموێ:

٧- ﴿ قَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ ﴾، ئەوانەی زانیارییان پێدراوە گوتیان، واتە: ئەوانەی کە شارەزان لە ئایین و بەرنامەی خوا، چونکە لەو مەقامەدا، مەگەر ئەوان وەڵام بدەنەوە، ئەگەر نا ئەوانەی سەراسیمە و سەرگەردانن، وەك گوتراوە: (زاریان دەبێتە تەڵەی تەقیو!) هیچیان بۆ ناگوترێ، بەڵام ئەوانەی زانیارییان پێدراوە گوتیان:

٨- ﴿ إِنَّ ٱلْخِزْىَ ٱلْيَوْمَ وَٱلسُّوٓءَ عَلَى ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴾، بێگومان ئەمڕۆ هەرچی زەبوونیی و سەرشۆڕیی و، هەرچی خراپیی هەیە، لەسەر کافرانە، (أَي: كُلُّ مَا يُوجَدُ مِنَ الخِزْيِ، وَالسُّوءِ فَهُوَ عَلَى هَؤُلاءِ الكُفَّار)، واتە: هەرچی زەبوونیی و سەرشۆڕیی هەیە لە ڕووی مەعنەوییەوە و، هەرچی خراپیی هەیە لە ڕووی جەستەییەوە، واتە: هەم سزا مەعنەوییەکە کە بریتیە لە زەبوونیی و سەرشۆڕیی، هەم سزا جەستەییەکە کە بریتیە لە حاڵ خراپیی و جەزرەبە و ئەشکەنجە، هەمووی لەسەر بێبڕوایانە.

---

(١) (تُشاقُّونِ) لە ئەسڵ دا (تُشاقُّونِي)یەو (ي) کە قرتێنراوە.

www.alibapir.net

٩- ﴿عَلَى ٱلْكَـٰفِرِينَ﴾، کە لێرەدا (ال)ی سەر (**الكافرين**) کە بۆ ناساندن (**تعريف**)ە، (ال)ی (**عَهْدَ**)ە، بۆ تەعریفی عەهدییە، واتە: ئەو کافرانەی کە لەوەو پێش قسەیان لەسەرکرا، کە لە زمانی کوردیی دا بەرانبەر بەم (**ال**)ە، وشەی (کە)ی ناسراوی دەکەوێتە بەرانبەر، بۆ نموونە: کاتێ دەڵێم: کتێبم بۆ بێنە، نازانرێ کام کتێب دەڵێم، بەڵام کە گوتم: کتێبەکەم بۆ بێنە، واتە: ئەو کتێبەی خۆمان دەزانین، ئەگەر بڵێی (**جِئنِي بالكِتَابَ**) واتە: کتێبەکەم بۆ بێنە، ئەو کتێبەی کە خۆمان دەزانین، بەڵام کە گوتم: (**جِئنِي بكِتَابٍ**)، واتە: کتێبێکم بۆ بێنە، لێرەدا نازانرێ کامەیە، ئەگەر (**ال**)ی چووە سەر دەناسرێ، کە لە کوردییدا دەچێتە بەرانبەر: (کە).

www.alibapir.net

مەسەلەی چوارەم:

ئەوانەی ستەمیان لە خۆیان کردوە و فریشتەکان گیانیان دەکێشن، لەو کاتەدا تەسلیم دەبن و، نکوولیی لە خراپەکانیان دەکەن، بەڵام خوا پێیان زانایە و پێیان دەگوترێ: بچنە دەروازەکانی دۆزەخەوە، ئەوێ جێی خۆ بەزلگرانە، یانی: شوێنی تێدا حەوانەوەیان ئەگەر هەبێ ئەوێیە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ تَتَوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِيٓ أَنفُسِهِمۡۖ فَأَلۡقَوُاْ ٱلسَّلَمَ مَا كُنَّا نَعۡمَلُ مِن سُوٓءِۭۚ بَلَىٰٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٢٨﴾ فَٱدۡخُلُوٓاْ أَبۡوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ فَلَبِئۡسَ مَثۡوَى ٱلۡمُتَكَبِّرِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١- خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ تَتَوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِيٓ أَنفُسِهِمۡ ﴾، ئەوانەی كە فریشتەكان گیانیان دەكێشن، لە حاڵێكدا ستەمیان لە خۆیان كردوە، (تَتَوَفَّىٰهُمُ) بە دوو جۆر خوێندراوەتەوە:

١/ (**تَتَوفَّاهُم**) ئەمە زۆربەیان وایان خوێندۆتەوە.

٢/ بەڵام (**حَمْزَة وَخَلَف**) بە (**يَتَوفَّاهُم**) خوێندوویانەتەوە.

ئەوانەی فریشتەكان گیانیان دەكێشن، (**وَفَاة**)یش ئەوەیە شتێك بە تەواویی وەربگیرێ، واتە: گیانەكانیان لە جەستەیان وەردەگرن، (ظَالِمِيٓ أَنفُسِهِمۡ) لە حاڵێكدا كە ستەمیان لە خۆیان كردوە، هەندێ لە مانا لێكدەرەوانی قورئان گوتوویانە: ئەم (ٱلَّذِينَ)ە، (**بَدَل**) بۆ (**الكافرين**) كە لە ئایەتی پێشوودا هات، بەڵام هەرچەندە ئەوە لە ڕووی زمانی عەرەبییەوە گونجاوە، بەڵام وا ڕاستتر دێتە بەرچاو، كە ڕستەیەكی سەربەخۆ بێ، واتە: ئەمە قسەی (ئەوانەی زانیارییان دراوەتێ)، ﴿ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ ﴾نیە، پێشتر قسەكەیان تەواو بوو، كە گوتیان: ﴿ إِنَّ ٱلۡخِزۡيَ ٱلۡيَوۡمَ وَٱلسُّوٓءَ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴾، بەڵام: ﴿ ٱلَّذِينَ تَتَوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِيٓ أَنفُسِهِمۡ ﴾، ئەوە وەك لە زمانی عەرەبی دا دەڵێ: (**جُمْلَةٌ إِستئنافية**)یە، ڕستەیەكە كە دەست پێ دەكات، نەك تەواوكەری ڕستەی پێشوو بێت.

www.alibapir.net

٢- ﴿ فَأَلْقَوُا۟ ٱلسَّلَمَ ﴾، ئەوانەی کە فریشتەکان گیانیان دەکێشن لە حاڵێکدا کە ستەمیان لە خۆیان کردوە: ملکەچییان پێشاندا (ملکەچییان فڕێدا)، (الإلقاء) واتە: فڕێدان و هەڵدانی شتێك، بەڵام ئەو وشەیە بۆیە بەکارهاتوە، وەك چۆن کەسێك کە لە بەرانبەر دوژمنێکدا پێی ناوێرێ و، تەسلیم دەبێ، چەکەکەی بۆ فڕێ دەدا، کاتێك بەرانبەرەکەی دەڵێ: چەکەکەت دانێ! ئەوانیش ئاوا تەسلیم و گەردن کەچ دەبن، (**الإِلْقَاءُ: مُستعَارٌ لِإِظْهَارِ الذُّلِّ وَشُبِّهَ بِإِلْقَاءِ السَّلَاحِ**)، وشەی: (**الإِلْقَاء**) خوازراوەتەوە بۆ پێشاندانی ملکەچیی و چوێنراوە بە فڕێدانی چەکەوە، لە بەرانبەر کەسێکدا کە ناتوانێ بەرهەڵستیی و بەرەنگاریی بکات، ئنجا کە ملکەچیی پێشان دەدەن دەڵێن:

٣- ﴿ مَا كُنَّا نَعْمَلُ مِن سُوٓءٍ ﴾، هیچ خراپەیەکمان نەدەکرد، واتە: ئێمە لە دنیادا هیچ خراپەیەکمان نەکردوە، کە بێگومان قسەکەیان درۆیە.

ئنجا ئایا کە ئەو درۆیە دەکەن، لە ترسان و لە حەژمەتان ئەو درۆیە دەکەن و، پێیان وایە درۆ لە فریایان دێت؟ یاخود ئەو قەناعەتە هەڵانەی کە پێیان بوون، کە لە دنیادا کردەوەکانی خۆیان و ڕێبازو ڕێچکە پووچەکانی خۆیان و، هەڵوێست و ڕەفتارە ناشەرعیی و پووچەکانی خۆیانیان بە باش زانیون، ئەو قەناعەتەیان هەر پێ دەمێنێت تاکو قیامەتیش و، پێیان وایە کە لەسەر ڕێیەکی ڕاست بوون و، پێیان وایە کە کاری باشیان کردوە ؟!

هەردوو ئەگەرەکە هەن، چونکە خوا ﷻ کە باسی بێ بڕوایان دەکات، دەفەرموێ: ﴿ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَـٰنُ أَعْمَـٰلَهُمْ ... ﴿٢٤﴾ ﴾ النمل، واتە: شەیتان کردەوەکانی بۆ جوان کرد بوون، هەروەها دەفەرموێ: ﴿ أَفَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ فَرَءَاهُ حَسَنًا ﴿٨﴾ ﴾ فاطر، واتە: ئایا کەسێ کە کردەوە خراپەکەی بۆ ڕازێنراوەتەوە و، بە چاکیی بینیوە (کە بێبڕوایانن)، واتە: هەم دەگونجێ بزانن کردەوەکان خراپ بوون، بەڵام درۆ بکەن، هەم دەشگونجێ ئەو قەناعەت و بیروبۆچوونە هەڵانەی کە لە دنیادا بوویانن و، ئامادە نەبوون بێن بیانخەنە پێوەر و تەرازووی شەریعەتەوە، بەڵکو سواری سەری خۆیان بوون و عەقڵ و بۆچوونی خۆیان زۆر پێ ڕاستبووە، بەبێ ئەوەی کە بێنن لە مەحەکی شەریعەت و هەڵسەنگاندنی بدەن، هەندێ کەس هەیە هێندێ قەناعەتی هەڵە و پەڵەی بۆ دروست دەبێ، ئیدی ئاوا لەسەری دەڕوا و لەسەری بەردەوام دەبێ، پێیەوە دەژی و پێشییەوە دەمرێت و، دەشگونجێ پێشیانەوە زیندوو و ببێتەوە !

www.alibapir.net

ئنجا کە دەڵێن: ﴿مَا كُنَّا نَعۡمَلُ مِن سُوٓءِۭ﴾، ئەو (مِن)ە، کە چۆتە سەر (سُوٓءِۭ) واتە: هیچ جۆرە خراپەیەکمان نەکردوە، نەك خراپەمان نەکردوە! واتە: هەر کەم و زۆر خراپەمان نەکردوە، ئەوەیە دەڵێ: (ئەگەر مرۆڤ هەر درۆ بکات، درۆیەکی وا بکات کە شایستەی ئەوە بێ پێی بگوترێ: درۆ).

٤- ئنجا وەڵامیان دەدرێتەوە: ﴿بَلَىٰٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ٢٨﴾، با، بێگومان خوا زانایە بەوەی دەتانکرد، واتە: بەڵێ خراپەتان کردوە، بێگومان ئەوە وەڵامی فریشتەکانە بۆ ئەوان.

با، ئێوە ڕاست ناکەن کە دەڵێن: هیچ خراپەیەکمان نەکردوە، چونکە بێگومان خوا زانایە و، خوا پەنهان و ئاشکرا دەزانێ و دەزانێ ئێوە چیتان دەکرد.

٥- ﴿فَٱدۡخُلُوٓاْ أَبۡوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ﴾، ئێستاش بچنە نێو دەروازەکانی دۆزەخەوە، کە بۆ هەمیشە تێیدا دەمێننەوە، یانی: بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا دەمێننەوە.

٦- ﴿فَلَبِئۡسَ مَثۡوَى ٱلۡمُتَكَبِّرِينَ ٢٩﴾، بە دڵنیاییەوە خراپترین شوێن، شوێنی خۆبەزلگرانە، (المَثْوَى: المَرْجِع، ثَوَى بالمَكانِ: استقرَّ وَأَقَامَ)، (مَثْوَى) شوێنی بۆ لاگەڕانەوەیە و ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ تێیدا دەمێنێتەوە.

خوا لە سوورەتی (الزمر)دا، دەفەرموێ: ﴿قِيلَ ٱدۡخُلُوٓاْ أَبۡوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ فَبِئۡسَ مَثۡوَى ٱلۡمُتَكَبِّرِينَ ٧٢﴾، واتە: پێیان گوترا: بچنە نێو دەروازەکانی دۆزەخەوە و، بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، خراپترین شوێنی تێدا مانەوە، شوێنی تێیدا مانەوەی خۆ بە زلگرانە.

هەروەها لە سوورەتی (غافر)یشدا، خوا دەفەرموێ: ﴿ٱدۡخُلُوٓاْ أَبۡوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ فَبِئۡسَ مَثۡوَى ٱلۡمُتَكَبِّرِينَ ٧٦﴾.

www.alibapir.net

وەلامدانەوەی پرسیارێك :

بۆچی لەو دوو شوێنەی دیکەدا هەر گوتراوە: ﴿فَبِئۡسَ مَثۡوَى ٱلۡمُتَكَبِّرِينَ﴾، بەڵام لە سوورەتی (النحل)دا، دەفەرمووێ: ﴿فَلَبِئۡسَ مَثۡوَى ٱلۡمُتَكَبِّرِينَ﴾؟

ئەم (ل)ە هەندێ لە زانایان دەڵێن: (ل)ی سوێند خواردن (لامُ القَسَمِ)ەو، هەندێك دەڵێن: (مُمَهِّدَةٌ لِلْقَسَم) لامی زەمینە خۆشکەرە بۆ سوێند خواردن، گرنگ ئەوەیە جەختکردن و داکۆکیکردن و تۆخکردنەوەی ئەو مەبەستە دەگەیەنێ.

(الخَطِيبُ الإِسْكَافِي) لە كتێبەكەی خۆی (درة التنزيل، وغُرّة التأويل)دا[1]، باسی ئەو مەسەلەیە دەكات دەڵێ:

{حیکمەتەکەی ئەوەیە کە لە دوو ئایەتەکەی سوورەتی (الزمر) و (غافر)دا، تەنیا باسی کردەوەکەی خۆیان کراوە، هی ئەو بێبڕوا خۆ بە زلگرانە! بەڵام لێرە لە سوورەتی (النحل)دا، باسی کردەوەی خراپی خۆیان و باسی گومڕاکردنیشیان بۆ خەڵکیش کراوە، واتە: لێرە باسی: (ضَلاَل وَإِضْلاَل)یش کراوە، کە هەم خۆیان گومڕان، هەم خەڵکیشیان گومڕا کردوە، بۆیە ئەو (ل)ەی چۆتە سەر، بەڵام لە دوو شوێنەکانی دیکە، تەنیا باسی کردەوەکانی خۆیان کراوە، واتە: لەوێ شەڕ و خراپەکەیان کورت (قاصِرْ)ە و، تەنیا لە خۆیاندا کورت هەڵاتوە، بەڵام لێرە خراپەکانیان تێپەڕ (مُتَعَدِّي)ە، واتە: لە خۆیان بەولاوەتر چووە و، جگە لە خۆشیانی گرتۆتەوە، بۆیە خوا ﷻ لێرە ئەو (ل)ە خستۆتە سەر (بئْسَ)، (فَلَبِئۡسَ)، مسۆگەر لە قوڕئاندا یەك پیتیش بە بێ حیساب و کیتاب دانەنراوە و لانەبراوە و زیادنەکراوە !

سبحان اللّٰه! ئینسان تا زیاتر لە قوڕئان ورد بێتەوە، باشتر تێدەگات فەرمایشتی خوا چەند وردە! چەند پڕ نهێنییە! وەك لە سوورەتی (**شوری**)دا دەفەرمووێ: ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ وَٱلۡمِيزَانَ ١٧﴾، ئەو خوایەی کتێبی دابەزاند بە هەق و تەرازووش، وشەی (المِيزَان) دەگونجێ بە سەر(فتحة) بخوێنرێتەوە، واتە: (وأَنزَلَ المِيزان) تەرازووشی لەگەڵ دابەزاندوە، دەشگونجێ (والمِيزانِ) بە ژێر (كسرة) بخوێنرێتەوە[2]، واتە: بە هەق و بە تەرازوو دایبەزاندوە، کە بێگومان قوڕئان هەم تەرازووشی لە نێو خۆیدا هەیە، هەم بە تەرازووش دابەزێنراوەو، هەر وشەو پیتێکی لە جێی خۆی دایە.

---

(١) ص ١٨٥.

(٢) لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە هەردووك واتایەكان هەڵدەگرێ، بەڵام لە ڕووی خوێندنەوەكان (قراءات)ەوە، تەنیا هی یەكەمیان هاتوە.

www.alibapir.net

مەسەلەی پێنجەم:

کاتێك پرسیار لە پارێزکاران دەکرێ: پەروەردگارتان چی دابەزاندوە؟ دەڵێن: باشترین بەرنامە، خواش دەفەرمووێ: پاداشتی چاکەکاران چاکەیە و، مەنزڵگای دواڕۆژیش باشترە بۆ پارێزکارانێك کە فریشتەکان بە پاکیی و چاکیی، گیانیان دەکێشن و سڵاویان لێ دەکەن:

خوا دەفەرمووێ: ﴿وَقِيلَ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا مَاذَا أَنزَلَ رَبُّكُمْ ۚ قَالُوا خَيْرًا ۗ لِّلَّذِينَ أَحْسَنُوا فِي هَٰذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةٌ ۚ وَلَدَارُ الْآخِرَةِ خَيْرٌ ۚ وَلَنِعْمَ دَارُ الْمُتَّقِينَ ﴿٣٠﴾ جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ۖ لَهُمْ فِيهَا مَا يَشَاءُونَ ۚ كَذَٰلِكَ يَجْزِي اللَّهُ الْمُتَّقِينَ ﴿٣١﴾ الَّذِينَ تَتَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ طَيِّبِينَ ۙ يَقُولُونَ سَلَامٌ عَلَيْكُمُ ادْخُلُوا الْجَنَّةَ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٣٢﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١- ﴿وَقِيلَ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا مَاذَا أَنزَلَ رَبُّكُمْ﴾، بەوانەی پارێزییان کردوە (پارێزکار بوون و، خۆیان پاراستوە لە هەرچی خوا پێی ناخۆشە! کە چواندنی ئەرکەکان و شکاندنی قەدەغەکانە)، پێیان گوترا: پەروەردگارتان چی دابەزاندوە، چ پەیامێك و بەرنامەیەکی دابەزاندوە؟!

٢- ﴿قَالُوا خَيْرًا﴾، گوتیان: باشترین شتی دابەزاندوە، (**أَي: أَنْزَلَ خَيْراً مُطْلَقاً**)، (**خَيْراً**) کە (**مَنْصُوب**)ە (**أَي: أَنْزَلَ خَيْراً**)، (**خَيْر**)یش، (**صِيغَة التَّفْضِيل**)ە، بە مانای (**أَخْيَر**)، وەك چۆن (**شَرّ**)یش (**صِيغَةَ التفضيل**) واتە: خراپتر (**أَشَرّ**)، واتە: خوا چاکترین شتی دابەزاندوە، چاکترین بەرنامە و، کتێبی دابەزاندوە بۆ مرۆڤەکان.

جێی سەرنج ئەوەیە کە لێرەدا، پارێزکاران دەڵێن: (**خيراً**)، بەڵام وەڵامی کافر و بێبڕوایەکان بە جۆرێکی دیکەیە: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُم مَّاذَا أَنزَلَ رَبُّكُمْ ۙ قَالُوا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ ﴿٢٤﴾﴾النحل، کاتێك پێیان گوترا: پەروەردگارتان چی دابەزاندوە ؟! گوتیان: ئەوە ئەفسانەی پێشینانە! تەماشا بکەن نەیانگوت: (**أَساطيرَ الأَوَّلين**)، واتە: (**أَساطيرُ الأَوَّلينَ**)، بە حاڵەتی (**رفع**) هاتوە، نەك بە حاڵەتی (**نَصْب**)، تاکو ببێتە بەرکار (**مفعول بە**)ی (**أنزل**)، چونکە ئەگەر وایانگوتبایە مانای وابوو، ددان بەوە دادەنێن کە خوا شتی دابەزاندوە! ﴿قَالُوا أَسَاطِيرُ

www.alibapir.net

﴿ٱلۡأَوَّلِينَ﴾، یانی: (هو أساطِيرُ الأوَّلِين) واتە: خوا داینەبەزاندوە، بەڵکو ئەفسانەی پێشینانە، یانی: ئەگەر بیانگوتبایە: (أساطِيرَ الأوَّلِين)، یانی: (أنزلَ أساطِيرَ الأوَّلِين)، بەڵام بە (رفع) هاتوە، کە دەبێتە گوزارە (خبر) بۆ نیهادێکی قرتێنراو (مُبْتَدأٍ مَحْذُوف)، واتە: (هُوَ أساطِيرُ الأوَّلِين) ئەو ئەفسانەی پێشینانە، یانی: خوا داینەبەزاندوە، چونکە ئەگەر دان بەوە دابنێن خوا دایبەزێنێ و لە خواوە بێ، نابێت بە ئەفسانەی پێشینانی لە قەڵەم بدەن.

٣- ﴿لِّلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٞ﴾، ئەمە ڕستەیەکی دەستپێکەرە (**جملة إستئنافية**)یە، یانی: بۆ ئەوانەی لەم ژیانەدا چاکەیان کردوە، چاکە هەیە، واتە: لە ژیانی دنیادا چاکە هەیە، (**الحَياةُ الطَّيِّبة المَادِية وَالمَعْنَوية**)، واتە: ژیانی پاك و چاکی دنیایی هەیە، لە ڕووی مەعنەویی و جەستەییەوە، وەك دواتر زیاتر چەمکی ژیانی پاك و چاکی دنیا شی دەکەینەوە.

٤- ﴿وَلَدَارُ ٱلۡأٓخِرَةِ خَيۡرٞ﴾، مەنزڵگای دواڕۆژیش باشترە، (باشترە) بەرانبەرەکەی دیاریی نەکردوە، بۆ وێنە: نەیفەرموە: (**خَيرٌ مِنَ الدُّنيا**)، بۆچی ؟! چونکە باشترە بە ڕەهایی، تەنیا ئەوەندە نیە کە لە ژیانی دنیا باشترە، بەڵکو بە ڕەهایی باشترە، وەك لە بانگدا دەڵێین: (**اللهُ أكْبَر**) خوا گەورەترە، بەرانبەرەکەی باس ناکەین لە چیی گەورەترە، چونکە خوا لە هەرچی بە تەصەووڕ و مێشکت دا دێت گەورەترە، خوا بە ڕەهایی گەورەترە، نەك بەراوردی پێ بکەی لەگەڵ جگە لە خۆی دا، چونکە جگە لە خۆی تەنها دروستکراوەکانی.

٥- ﴿وَلَنِعۡمَ دَارُ ٱلۡمُتَّقِينَ﴾، باشترین مەنزڵگاش، مەنزڵگای پارێزکارانە، ئاوای لێدێتەوە: (**وَلَنِعْمَ الدَّارُ، دَارُ المُتَّقين، وَلَنِعْمَ دَارُ المُتَّقِين، دَارُ الأخِرَة**)، باشترین مەنزڵگا مەنزڵگای پارێزکارانە، مەنزڵگای دواڕۆژ.

شارەزایانی زمانی عەرەبی دەڵێن: (**نِعْمَ: فِعْلُ مَدْحٍ غَيْرُ مُنْصَرِفٍ، وَمَرْفُوعُهُ فَاعِلٌ، دَالٌّ عَلَى جِنْسِ المَمْدُوحِ، وَيُذْكَر بَعْدَهُ مَرْفُوعٌ آخَر، يُسَمَّى المَخْصُوص بالمَدْحِ، وَهُوَ مُبْتَدَأٌ مَحْذُوف الخَبَرِ أَو خَبَرُ مَحْذَوفُ المبْتَدَأ، فَإِذَا تَقَدَّمَ مَا يَدلُّ عَلَى المَخْصُوصِ بالمَدْحِ، لَمْ يُذْكَر بَعْدهُ، كَمَا هُنا، فَإِنَّ تَقَدُّمَ** ﴿وَلَدَارُ ٱلۡأٓخِرَةِ﴾، **دَلَّ عَلَى أَنَّ المَخْصُوصَ بالمَدْحِ هُوَ دَارُ الأخِرَةَ، وَالمَعْنَى: وَلَنِعمَ دَارُ المُتَّقِين: دَارُ الأخِرَة**)[1]. ئەمە شتێکی باو و زانراوە لە نێو شارەزایانی زمانی عەرەبی دا.

واتە: (**نِعمَ**) کرداری مەدحە، کە لەسەر یەك بار دەمێنێتەوە، واتە: (**غير منصرف**)ە، گۆڕانی بەسەردا نایەت، ئەوەش کە (**مرفوع**)ی دەکات، مادام (**فعل**) بێت، شتێك (**مرفوع**) دەکات، (**فاعِل**)ێکە کە دەلالەت دەکات لەسەر جینسی ستایشکراو و لە دوای و یەوە،

---

(١) التحرير والتنوير: ج١٤، ص١٤٣.

www.alibapir.net

شتێك باسدەكرێ كە (مرفوع) دەبێت، كە پێی دەگوترێ: (المَخْصُوص بالمَدْح)، واتە: ئەوەی تایبەت كراوە بۆ پێدا هەڵگوتن، ئنجا ئەوە بە نیهاد (مُبْتَدَأ) دادەنرێت كە گوزارەكەی (خبر)ەكەی قرتێنراوە، یاخود بە (خبر)ێك دادەنرێ، كە (مبتدأ)ەكەی دەقرتێنرێ، بەڵام ئەگەر شتێك پێشتر ڕابردبێ كە دەلالەت بكات لەسەر ئەوەی كە تایبەتكراوە بە مەدحەوە، ئەو كاتە تایبەتكراو بە مەدحەكە، باس ناكرێ.

وەك لێرە كە دەفەرموێ: ﴿وَلَدَارُ ٱلْأَخِرَةِ خَيْرٌ﴾، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، كە تایبەتكراو بە مەدح بریتیە لە: (دَارُ الأَخِرة)، ماناكەشی ئاوای لێدێ: (وَلَنِعْمَ دَارُ المُتَّقِين: دَارُ الأَخِـرَة)، باشترین مەنزڵگای پارێزكاران، مەنزڵگای دوا ڕۆژە.

قسەیەكی كورت و گوشراو لە بارەی بەهەشت و پاداشتی خواوە

بەڕێـــــزان!

هەم لە ئایەتەكانی قورئانداو، هەم لە فەرمایشتەكانی پێغەمبەردا ﷺ زۆر باسی ژیانی ڕۆژی دوایی كراوە، بۆ وێنە: ئەو ئایەتە موبارەكەی دەفەرموێ: ﴿ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿١٧﴾ ﴾ السجدة، واتە: هیچ نەفسێك نازانێ چییان بۆ پەنهان كراوە، لەوەی كە مایەی چاو ڕۆشنیی و خۆشحاڵیی و شادمان بوونیانە، لە پاداشتی كردەوەكانیان.

ئنجا با لەوبارەوە ئاماژە بەم دوو فەرموودەیە بكەین:

١/ {وَاللَّهِ مَا الدُّنْيا فِي الآخِرَةِ، إِلاَّ مِثْلُ مَا يَجْعَلُ أَحَدُكُمْ إِصْبَعَهُ هَذِهِ ،(وَأَشَارَ يَحْيَى بالسَّبابة) فِي الْيَمِّ، فَلْيَنْظُرْ بِمَ يَرْجِعُ} (أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ: ٢٨٥٨، عَنِ المُستَوْرِد بْنِ شَدَّاد ﷺ).

واتە: سوێند بە خوا دنیا لە چاو دواڕۆژ، تەنیا وەك ئەوەیە یەكێكتان ئەو پەنجەیەی (ڕاوی: ئاماژەی بۆ پەنجەی شایەتمانی كرد)، بخاتە نێو ئاوی دەریاوە، با تەماشا بكات بەچیەوە گەڕاوەتەوە؟!

یانی: قامكی چەندە ئاوی پێوە دێت، ئەوەندە تەڕاییە، لە چاو ئاوی دەریا چەندە، ژیانی دنیاش لە چاو دواڕۆژ ئەوەندەیە.

٢/ {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ، قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: أَعْدَدْتُ لِعِبادِي الصَّالِحِينَ مَا لا عَيْنٌ رَأَتْ، وَلا أُذُنٌ سَمِعَتْ، وَلا خَطَرَ عَلَى قَلْبِ بَشَرٍ، فَاقْرَءُوا إِنْ شِئْتُمْ: ﴿ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ

www.alibapir.net

أَعۡيُنٖ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿١٧﴾ السجدة} (**أَخْرَجَهُ أَحْمَد: ٨١٢٨، وَالبُخَارِيُّ: ٣٠٧٢، وَمُسْلِمٌ: ٢٨٢٤، وَالتِّرمِذِيُّ: ٣١٩٧**).

واتـە: ئەبـو هورەیـرە ﷺ دەگێڕێتـەوە، دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمـووی: خـوا ﷺ فەرمـووی: بـۆ بەنـدە چاكەكانـم شـتێكم ئامـادە كـردوە، كـە هیـچ چاوێـك نەیدیـوە و، هیـچ گوێیـەك نەیبیسـتوە و، بەسـەر دڵـی هیـچ مرۆڤێكیشـدا نەهاتـوە، ئنجـا پێغەمبـەر ﷺ فەرمـووی: ئەگـەر دەتانـەوێ زیاتـر لـە چەمـكی ئـەوەی كـە خـوا فەرمـووی، تێبگـەن، ئـەو ئایەتـە بخوێننـەوە: ﴿ فَلَا تَعۡلَمُ نَفۡسٞ مَّآ أُخۡفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعۡيُنٖ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿١٧﴾ ﴾ السـجدة، واتـە: هیـچ نەفسێك نازانـێ چییـان بـۆ پەنهـان كـراوە، لـەوەی كـە مایـەی شـادمانیی و دڵخۆشـییانە.

زانایـانی كۆرپەلـە ناسـیی و توێكاریـی دەڵێـن: منداڵـدان، هێنـدەی هێلكەیەكـە، واتـە: قەبارەكـەی (٧،٥سـم٣)یە، بـەڵام دوای نـۆ مانـگ ئـەو منداڵـدان (**رحـم**)ە، دەبێتـە (٧٥٠ سـم٣)، پێشـێ چەنـد بچووكـە ؟! دوایـی چەنـد فـراوان دەبـێ! واتـە: سـەد بەرانبـەری خـۆی! دوایـی مـرۆڤ دێتـە دنیـاوە، دوایـش كـە دنیـا بەجێدێڵـێ، دەچێتـە بەرزەخـەوە، دوایـی جیهـانی بەرزەخیـش بەجێدێڵـێ و دەچێتـە ڕۆژی دوایـی، كـە دیـارە پـێ بـە پـێ، مـرۆڤ لـە شـوێنی تەسـكەوە بـۆ شـوێنی فـراوان دەچێـت.

٦- ﴿ ٱلَّذِينَ تَتَوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ طَيِّبِينَ ﴾، ئەوانەی كە فریشتەكان گیانیان دەكێشن بە پاكیی و چاكیی، واتە: لە حاڵێكدا كە پاك و چاكن گیانیان دەكێشن، (**الطَّيِّبُ: كُلُّ حَسَنٍ وَجَيِّدٍ مِنْ نَوْعِهِ**)، پێشتریش گوتوومانە: (**طَيِّب**) هەر شتێك كە پاكبێ و چاكبێ و پەسند بێ، لە جۆری خۆی.

پێشـتر بـۆ بێبڕوایـەكان فەرمـووی: ﴿ ٱلَّذِينَ تَتَوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ طَيِّبِينَ ظَالِمِيٓ أَنفُسِهِمۡ ﴾، واتـە: ئەوانـەی كاتێـك فریشـتەكان گیانیـان كێشـان سـتەمیان لـە خۆیـان كـرد بـوو، سـتەمكار بـوون لـە خۆیـان، بـەڵام بـڕواداران پـاك و چاكـن.

٧- ﴿ يَقُولُونَ سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمُ ﴾، فریشتەكان پێیان دەڵێن: سەلامتان لێبێ، (**أَي: يَتَوَفَّوْنَهُمْ مُسَلِّمِين عَلَيْهِم**)، بە سڵاو لێكردنەوە گیانیان دەكێشن.

٨- ﴿ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴾، واتە: پێشیان دەڵێن: بچنە نێو بە هەشتەوە، بەهۆی ئەوەوە كە دەتانكرد، لە سۆنگەی كردەوە باشەكانتانەوە، كە باشترین كردەوەی باش، ئیمان و خوا بە یەكگرتنە، وەك چۆن خراپترین كردەوەی خراپ، كوفر و هاوبەش بۆ خوا دانانە.

www.alibapir.net

دوایـی هەمـوو چاکـەکانی دیکـە لـە ئیمانـەوە پەیـدا دەبـن و، هەمـوو خراپەکانیـش لـە کوفـرەوە پەیـدا دەبـن.

وەڵامدانەوەی پرسیارێك :

لێـرەدا پرسـیارێك دروسـت دەبـێ: فەرمایشـتێکی پێغەمبـەر ﷺ هەیـە، کـە ڕۆژێ بـە هـاوەڵانی فەرمـووە:

{(لَـنْ يُدْخِـلَ أَحَـدَاً مِنْكُـمْ عَمَلُـهُ الْجَنـةَ)، قَالُـوا: وَلاَ أَنْـتَ يـا رَسُـولَ اللَّـهِ! قَـالَ: (وَلاَ أَنـا إِلاَّ أَنْ يَتَغَمَّـدَنِيَ اللَّـهُ مِنْـهُ بِفَضْـلٍ وَرَحْمَـةٍ، فَسَـدِّدُوا وَقَارِبُـوا)} (أَخْرَجَـهُ مُسْـلِمٌ: ٧٢١٩، وغـيره، عَـنْ أَبِي هُرَيْـرَةَ ﷺ).

واتـە: هیـچ کام لـە ئێـوە کردەوەکـەی نایخاتـە بەهەشـتەوە! گوتیـان: تۆش ئـەی پێغەمبەری خـوا ؟! فەرمـووی: منیـش مەگـەر خـوا بـە بەخشـش و بە بەزەیـی خـۆی دامپۆشـێ! هەوڵبدەن ڕێـی ڕاسـت بگـرن و خۆتـان نزیـك بخەنـەوە لـە خـوا، یاخـود هەوڵبـدەن ڕێـی نێوەڕاسـت بگـرن و، ئەگـەر بـە تەواوییـش نەتوانـن هەمـوو ئەرکـەکان ئەنجـام بـدەن، بـەڵام خۆتـان نزیـك بخەنـەوە لـەوەی کـە ئەرکـەکان بەتەواویـی ئەنجـام بـدەن.

لێـرەدا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴾، بەهـۆی ئـەوەوە کـە دەتانکـرد بچنـە بەهەشـت، پێغەمبـەر ﷺیـش دەفەرمـوێ: هیـچ کام لـە ئێـوە کردەوەکـەی نایخاتـە بەهەشـت، تەنانـەت منیـش ؟

وەڵامەکـەی ئاوایـە: کـردەوە هـۆکارە بـۆ چوونـە بەهەشـت، بـەڵام نرخـی بەهەشـت نیـە، کـردەوەی بـاش بارتەقـای ئەوەنیـە پێـی بچینـە بەهەشـت، بەڵکـو خـوا کردوویەتـی بـە هۆکارێـك، بـۆ چوونـە بەهەشـت، بـەڵام بڵێیـن: کـردەوەکانی ئێمـە بەرانبـەری ئـەو نـاز و نیعمەتـە هەمیشـەیی و نەبـڕاوە و بێسـنوورەی خـوای پـەروەردگار بـن ؟! نەخێـر، بارتەقـا و بەرانبـەری نیـن، بـەڵام هۆکارێکـن، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: هـەر کەسـێ ئـەو کـردەوە باشـانە بـکات، بەهـۆی ئـەو کـردەوە باشـانەوە دەچێتـە بـە هەشـت.

www.alibapir.net

مەسەلەی شەشەم و کۆتایی:

خـوا دەفەرمـوێ: ئایـا بێبڕوایـان جگـە لـە هاتنـی فریشـتان بـۆ گیـان کێشـانیان، یـان هاتنـی بڕیـاری خـوا بـۆ سـزا دانیـان، چاوەڕێـی چـی دیکـە دەکـەن؟ پێشووانیشـیان هـەر وایانکـرد و سـەرەنجام سـەریان بـە فەتـارەت چـوو:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأْتِيَهُمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ أَوْ يَأْتِىَ أَمْرُ رَبِّكَ ۚ كَذَٰلِكَ فَعَلَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ وَمَا ظَلَمَهُمُ ٱللَّهُ وَلَـٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٣٣﴾ فَأَصَابَهُمْ سَيِّـَٔاتُ مَا عَمِلُوا۟ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٣٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١- ﴿ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأْتِيَهُمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ ﴾، ئایا چاوەڕێی چی دەکەن ؟! (يَنظُرُونَ) و (**يَنتَظِرون**) لە هەندێ سیاقدا، هەر بە یەك واتا دێن، ئەگەر نا (**يَنظُرُون**) بە مانای (تەماشادەکەن)یش دێ، ئایا چاوەڕێی چی دەکەن، جگە لەوەی فریشتەکان بێن ؟! بێگومان لێرەدا ئەو پرسیارکردنە، پرسیارکردنێکی نکوولێلێکەرانەیە و بە مانای لابردن (**نفي**)ە، (**الإِستِفهَامُ الإِنْكارِيّ فِي مَعْنَى النَّفِي**) واتە: چاوەڕێی هیچی دیکە ناکەن، جگە لەوەی فریشتەکان بێن! (بێنە لایان)، فریشتە بۆچی دێنە لایان ؟! بۆ ئەوە دێن کە گیانیان بکێشن، مەبەست پێی ئەوەیە، بە پێی سیاق دەزانرێت، ئەگەرنا ئەگەر هاتنی فریشتان بۆ لای چاکەکاران و ئیمانداران بووایە، ئەو کاتە ماناکەی دەگۆڕا، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَـٰمُوا۟ تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَبْشِرُوا۟ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ فصلت.

واتـە: ئەوانـەی گوتیـان: پەروەردگارمـان خوایـە و دواییـش بـەردەوام و خۆڕاگربوون لەسـەر ئـەوە، فریشـتەکان دادەبەزنـە سـەریان بـۆ ئیلهـام بـۆ کردنیـان و دڵخۆشـکردنیان و، تـرس و خـەم و پـەژارە ڕەواندنەوەیـان.

بـەڵام لێـرەدا، مـادام ئەوانـە ئەهـلی کوفـرن، فریشـتە کـە دێـن بـۆ لایـان، بـۆ شـتێك دێـن کـە بـۆ ئـەوان خراپـە !.

www.alibapir.net

٢- ﴿أَوۡ يَأۡتِيَ أَمۡرُ رَبِّكَ﴾، چاوەڕێی چیدیکە دەکەن ؟! یان فریشتە بێن بۆ گیان کێشانیان، یاخود فەرمانی پەروەردگارت بێت ؟!

أ/ (مَجِيءُ المَلاَئِكة لِقَبْضِ أَرْوَاحِهِم).

ب/ (أَوْ مَجِيء عَذَابِ اللّهِ الدُّنيَوِي أَو الأُخْرَوِيّ)، ﴿أَوۡ يَأۡتِيَ أَمۡرُ رَبِّكَ﴾، دەگونجێ فەرمانی پەروەردگاریان بێت، بۆ سزا دانیان لە دنیادا، یاخود فەرمانی پەروەردگار بێت بە کۆتایی پێهێنانی ئەم ژیانە دنیاییە و هەڵدانەوەی ئەم لاپەڕەیەو، کردنەوەی لاپەڕەیەکی تازە، کە لاپەڕەی ڕۆژی دواییە، جگە لەو دوو حاڵەتە چاوەڕێی چی دیکە دەکەن ؟!

٣- ﴿كَذَٰلِكَ فَعَلَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ﴾، ئەوانەی پێش ئەوانیش هەر وایانکرد، واتە: بەردەوام بوون لەسەر کوفر و، کەللە ڕەقیی و، لەسەر گاڵتەپێکردنی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) و لەسەر عەیش و نۆش و ڕابواردنی حەڕام و ناشەرعییانە و دوور لە خواییانە.

٤- ﴿وَمَا ظَلَمَهُمُ ٱللَّهُ﴾، خواش ستەمی لێ نەکردن.

٥- ﴿وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ﴾، بەڵکو خۆیان ستەمیان لە خۆیان دەکرد، واتە: کە لەسەر کوفر و بێبڕوایی بەردەوام بوون، خوا بە تۆبزیی ملی نەگرتبوون کە هەر دەبێ کوفر و بێبڕوایی بکەن ؟! بەڵکو بە پێچەوانەوە: پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)ی بۆ نارد بوون، کتێبی بۆ دابەزاند بوون، هەڕەشەی لێ کردبوون، دڵخۆشی کردبوون بە پاداشتی خۆی، ترساندبوونی لە سزای خۆی، کەچی ئەوان هەر لەسەر ئەوەی شەیتان بۆی جوان کردبوون و، نەفسیان ئارەزووی دەکرد، هەر لەسەر ئەوە بەردەوام بوون !

٦- ﴿فَأَصَابَهُمۡ سَيِّـَٔاتُ مَا عَمِلُواْ﴾، سەرەنجام: خراپەی ئەوە کە ئەنجامیان دابوو، تووشیان بوو، لێرەدا دەگونجێ بڵێین:

أ/ (فَأَصَابَهُمۡ سَيِّـَٔاتُ مَا عَمِلُواْ)، (أَي: جَزَاءُ سَيِّئاتِهِم) سزای کردەوە خراپەکانیان کە ئەنجامیان دابوون، تووشیان بوو.

ب/ (فَأَصَابَهُمۡ سَيِّـَٔاتُ مَا عَمِلُواْ)، (أَي: جُعِلَت أَعْمَالُهُم السَّيِّئَة كَأَنَّهَا هِيَ الَّتِي أَصَابتْهُم لأَنَّهَا سَبَب مَا أَصَابَهُم)، کردەوە خراپەکانیان وا دانراون، کە هەرخۆیان تووشیان بوون، چونکە ئەو سزایەی تووشیان بووە، کردەوە خراپەکانیان هۆکاری بوون.

www.alibapir.net

٧- ﴿وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ﴾، ئەوەی کە گاڵتەیان پێ دەکرد، دەوری دان و ئابڵووقەی دان، یانی: (وَأَحَاطَ بِهِم: عِقَابُ استِهْزَائِهِم) سزای ئەوەی گاڵتەیان پێدەکرد، ئەو پەیامەی کە خوا بۆ پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)ی نارد بوو، یانی: سزای ئەو گاڵتە پێکردنەیان گەمارۆی دان، یاخود ئەوەی کە گاڵتەیان پێدەکرد کە سزای خوایە، دەوری دان !.

ئاوا بەو شێوەیە خوا ﷻ باسی سەرەنجامی ئەوانە دەکات، کە لەگەڵ خوا ﷻ و پەیامەکەی دا ناکۆکن و، دانوویان لەگەڵیدا ناکوڵێ، ئەوانەی کە هەڵویستی نەرێنیی و خراپیان هەیە لە بەرانبەر خوا و پەیامەکەی دا، کە بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ و کۆتایی دا ناردوویەتی، کە ئاوا تووشی ئەو ڕۆژە ڕەشە دێن، تووشی ئەو چارەنووسە تاڵە دێن.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ، کە بە هۆی شوێنکەوتنی پێغەمبەری خاتەم ﷺ و، لە باوەشگرتنی پەیامە نوورانییەکەیەوە، سەربەرز و بەختەوەری دنیا و سەرفرازو، ڕوو سووری ڕۆژیی دوایی دەبن.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

www.alibapir.net

دەرسی چوارەم

www.alibapir.net

www.alibapir.net

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان شازدە (١٦) ئایەت دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (٣٥ - ٥٠) و، لەو شازدە ئایەتەدا، شەش بابەتی سەرەکیی خراونە ڕوو:

١) بەرپەرچدانەوەی قسەی هاوبەشدانەرەکان، کە ئۆباڵی شیرك و خراپەیان دەخەنە ئەستۆی قەدەر و قەزا و ویستی خواوە ﷻ.

٢) بەرپەرچدانەوەی ئەو قسانەیان، کە خوا مردووان زیندوو ناکاتەوە و، ڕۆژێك نیە بۆ سزا و پاداشت !

٣) باسی پاداشتی گەورەی کۆچکەرانی ڕێی خوا و، ڕاکردوو لە ستەمی کافران.

٤) باسی ئەوە کە خوا تەنیا پیاوانی بە پێغەمبەر ناردوون و، لە پێش موحەممەددا ﷺ پێغەمبەرانی دیکەش هاتوون لە پیاوان و، ئەو ڕیزپەڕ نیە لەو بوارەدا !

٥) هەڕەشەلێکردن و ترساندنی کافرەکان، کە دەگونجێ خوای دادگەر بە سزای جۆراو جۆر بیانگرێ و سزایان بدات.

٦) باسی ملکەچیی تێکڕای ئەوانەی لە گەردوون دان، بە سەر و خواریەوە، بۆ خوای تاکی بێ وێنە.

﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا عَبَدْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ نَّحْنُ وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا
حَرَّمْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ ۚ كَذَٰلِكَ فَعَلَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ فَهَلْ عَلَى ٱلرُّسُلِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ
(٣٥) وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِى كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُوا۟ ٱلطَّٰغُوتَ ۖ فَمِنْهُم مَّنْ
هَدَى ٱللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ ٱلضَّلَٰلَةُ ۚ فَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ
عَٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ (٣٦) إِن تَحْرِصْ عَلَىٰ هُدَىٰهُمْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَن يُضِلُّ ۖ وَمَا لَهُم مِّن
نَّٰصِرِينَ (٣٧) وَأَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ ۙ لَا يَبْعَثُ ٱللَّهُ مَن يَمُوتُ ۚ بَلَىٰ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا
وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ (٣٨) لِيُبَيِّنَ لَهُمُ ٱلَّذِى يَخْتَلِفُونَ فِيهِ وَلِيَعْلَمَ ٱلَّذِينَ

www.alibapir.net

كَفَرُوٓاْ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰذِبِينَ ﴿٣٩﴾ إِنَّمَا قَوۡلُنَا لِشَيۡءٍ إِذَآ أَرَدۡنَٰهُ أَن نَّقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٤٠﴾
وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا ظُلِمُواْ لَنُبَوِّئَنَّهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗۖ وَلَأَجۡرُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُۚ لَوۡ
كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ﴿٤١﴾ ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٤٢﴾ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ إِلَّا
رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِمۡۖ فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٤٣﴾ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلزُّبُرِۗ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ
ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾ أَفَأَمِنَ ٱلَّذِينَ مَكَرُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ
أَن يَخۡسِفَ ٱللَّهُ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضَ أَوۡ يَأۡتِيَهُمُ ٱلۡعَذَابُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿٤٥﴾ أَوۡ يَأۡخُذَهُمۡ فِي
تَقَلُّبِهِمۡ فَمَا هُم بِمُعۡجِزِينَ ﴿٤٦﴾ أَوۡ يَأۡخُذَهُمۡ عَلَىٰ تَخَوُّفٖ فَإِنَّ رَبَّكُمۡ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٌ ﴿٤٧﴾ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ
إِلَىٰ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَيۡءٖ يَتَفَيَّؤُاْ ظِلَٰلُهُۥ عَنِ ٱلۡيَمِينِ وَٱلشَّمَآئِلِ سُجَّدٗا لِّلَّهِ وَهُمۡ دَٰخِرُونَ ﴿٤٨﴾ وَلِلَّهِۤ
يَسۡجُدُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ مِن دَآبَّةٖ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَهُمۡ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ ﴿٤٩﴾ يَخَافُونَ
رَبَّهُم مِّن فَوۡقِهِمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ۩ ﴿٥٠﴾

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{هەروەها ئەوانەی هاوبەشیان (بۆ خوا) داناوە، گوتیان: ئەگەر خوا ویستبای خۆمان و باب و باپیرانمان، جگە لەوی هیچ شتێکمان نەدەپەرست و، هیچ شتێکیشمان بەبێ (فەرمانی) وی قەدەغە نەدەکرد، ئەوانەی پێش وانیش هەروایان کرد، ئایا پێغەمبەران جگە لە گەیاندنی ڕوون بۆ پەیامی خوا، چی دیکەیان لەسەرە ؟! ﴿٣٥﴾ بە دڵنیاییش لە نێو هەر کۆمەڵێکدا ڕەوانەکراوێکمان ناردوە کە (بە خەڵك ڕابگەیەنێ:) خوا بپەرستن و، خۆتان لە طاغووت دوور بگرن، ئنجا هەیانبووە خوا ڕاستەڕێیی کردوە و، هەشیان بووە گومڕایی بەسەردا چەسپاوە، دەجا بە زەوی دا بڕۆن سەرنج بدەن! سەرەنجامی بە درۆدانەران (ی پێغەمبەران) چۆن بووە! ﴿٣٦﴾ ئەگەر تۆ! (ئەی موحەممەد!) لەسەر ڕاستەڕێ کردنیان سوور بی، بێگومان کەسێك خوا گومڕای بکات (و شایستەی سەرگەردانیی بێ)، ڕاستەڕێی ناکات و، (لە ڕۆژی دواییش دا) هیچ وەسەرخەریان نین ﴿٣٧﴾ (هاوبەشدانەرەکان) سوێندی قورسیشیان بە خوا خوارد، کە ئەوەی دەمرێ خوا زیندووی ناکاتەوە!، با (خوا) بەڵێنی ڕاستی داوە، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن ﴿٣٨﴾ (زیندوویان دەکاتەوە) تاکو ئەوەی تێیدا دەکەونە ڕاجیایی و ناکۆکییەوە، بۆیان ڕوون بکاتەوە و، بۆ ئەوەی ئەوانەی بێبڕوان، بزانن

www.alibapir.net

کە درۆکار بوون (٣٩) قسەمان بۆ شتێك کە بمانەوێ (ببێ) هەر ئەوەیە کە پێی بڵێین:
ببە! یەکسەر دەبێ (٤٠) ئەوانەش کە دوای ئەوەی ستەمیان لێکراوە، لە پێناوی خوادا
کۆچیان کردوە، لە دنیادا جێگا و ڕێگایەکی باشیان بۆ دەڕەخسێنین و، پاداشتی دواڕۆژیش
ئەگەر زانیبایان (لە هی دنیا) گەورەترە، (٤١) (بۆ) ئەوانەی خۆڕگر بوون و پشتیان
بە خوا بەستوە (٤٢) لە پێش تۆش دا تەنیا پیاوانمان (بە پێغەمبەر) ڕەوانە کردوون،
سروشمان بۆیان دەکرد، ئەگەر نازانن لە شارەزایان (ی کتێبە ئاسمانییەکان بپرسن) (٤٣)
(پێغەمبەرانمان) بە بەڵگە ڕۆشنەکان و، بە کتێبانەوە ناردوون و، زیکر (قورئان)یشمان
بۆ لای تۆ دابەزاندوە، تاکو ئەوەی بۆ لای خەڵکی دابەزێنراوە، بۆیان ڕوون بکەیەوە
(چۆن جێبەجێی بکەن؟) و، بەڵکو خۆشیان بیر بکەنەوە (٤٤) ئایا ئەوانەی پیلانە
خراپەکان دەگێڕن، دڵنیان لەوەی خوا ڕۆیان بچوێنێتە زەوی (بە زەویدا بیانباتە خوار)،
یان لەلایەکەوە کە هەستی پێناکەن، سزا و ئازاریان بۆ بێ؟ (٤٥) یان (سزای خوا) لە کاتی
سەفەرو هاتن وچوونیاندا، بیانگرێ و، دەستە وسانکەریش نین بۆ خوا (دەرباز نابن)! یان
(ئایا دڵنیان کە) لە کاتی ترس و بیمیان دا بیانگرێ! (٤٦) بە دڵنیایی پەروەردگارتان بە
پەرۆشی بە بەزەییە (٤٧) ئایا سەرنجیان نەداوەتە هەر شتێك کە خوا دروستی کردوە!
کە ملکەچانە سێبەری بەلای ڕاست و چەپدا - کڕنووش بۆ خوا بردووانە - دێ و دەچێ!
(٤٨) هەروەها هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دایە، لە ژیاندار و فریشتان، کڕنووش
بۆ خوا دەبەن و، ئەوان خۆشیان بە زل ناگرن! (وەك کافران) (٤٩) لە سەروویانەوە لە
پەروەردگاریان دەترسن و، هەرچی فەرمانیان پێبکرێ دەیکەن (٥٠)}.

www.alibapir.net

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ): (البَلاَغُ: التَّبْلِيغ)، (بَلاَغ) واتە: گەیاندن، هەروەها (بَلاَغ) بە مانای کیفایەت و بۆ شتێك کە تەواو و بەس بێ، دێ.

(ٱلطَّٰغُوتَ): (الطُّغْيانِ: تَجَاوُزُ الحَدِّ فِي العِصْيانِ، وَالطَّاغُوتُ عِبارَةٌ عَنْ كُلِّ مُتَعَبِّدٍ وَكُلِّ مَعْبُودٍ مِنْ دُونِ اللّهِ، وَيُستعْمَلُ فِي الوَاحِدِ، وَالجَمْعِ، وسُمِّي الساحِرُ وَالكاهِنُ وَالْمَارِدُ مِنَ الجِنِّ، وَالصَّارِفُ عَنْ طَرِيقِ الخَيْرِ، طَاغُوتاً)، (طُغْيان) بریتیە لە سنوور بەزێنیی لە سەرپێچیی دا و، (طَاغُوت) بریتیە لە هەر بەندایەتیی بۆ کراوێك و هەر پەرستراوێك جگە لە خوا و، بۆ تاك و بۆ کۆش بەکاردێ و، بۆ جادووگەر و فاڵچیی و شەیتانی جیننیی و، هەر کەسێك خەڵك لە ڕێی چاکە لابدات، بەکاردێ.

(تَحْرِصْ): (الحِرْصُ: فَرْطُ الشَّرَهِ وَفَرْطُ الإِرَادَةِ)، (حِرْص) بریتیە لەوەی کە ئینسان زۆر ئارەزووی شتێکی بێت و، زۆر بیەوێ شتێك ئەنجام بدات.

(جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ): (أَي: حَلَفُوا وَاجْتَهَدُوا فِي الحَلِفِ، أَنْ يأتُوا بِهِ عَلَى أَبْلَغِ مَا فِي وسْعِهِم)، (جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ)، واتە: سوێندیان خوارد و، لە سوێندەکەشیاندا زۆر خۆیان ماندوو کرد، کە بەو شێوەیەی لە توانایاندا هەیە، سوێندەکە بە قورسیی بخۆن، بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەیان باوەڕیان پێ بکات.

(لَنُبَوِّئَنَّهُمْ): (أَصْلُ البَوَاءِ: مُساوَاةُ الأَجْزَاءِ فِي المَكانِ، بَوَّأْتُ لَهُ مَكاناً: سَوَّيْتُهُ)، وشەی (بَوَاء) بە مانای ئەوەیە کە شتێك هەموو بەشەکانی یەکسان بن، (بَوَّأْتُ لَهُ مَكاناً) واتە: شوێنم بۆ ئامادەکرد و مەنزڵگام بۆ دانا.

(وَٱلزُّبُرِ): (زَبَرْتُ الكِتَابَ: كَتَبْتُهُ كِتَابةً غَلِيْظَةً، وَكُلُّ كِتَابٍ غَلِيظِ الكِتَابَةِ: زَبُورٌ)، دەگوترێ: (زَبَرْتُ الكِتَابَ) واتە: نووسینێکی درشتم نووسی، (غَلِيْظَةً) واتە: درشت، پیتەکانی درشتبن و، هەر نووسینێك کە وشەکانی درشتبن و بە گەورەیی بنووسرێ، پێی دەگوترێ: (زَبُور)، کە کۆیەکەی (زُبُر)ە.

(مَكَرُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ): (المَكر: صَرْفُ الغَيْرِ عَمَّا يَقْصِدُهُ بِحِيْلَةٍ)، (مَكر) بریتیە لەوەی کەسێك لابدەی لەوەی مەبەستیەتی، بەڵام بە فێڵ لای بدەی.

www.alibapir.net

(يَخۡسِفَ ٱللَّهُ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضَ): (يُغَيِّبُهُم فِي الأَرْضِ) خوا بە زەوییاندا بەرێتە خوار، لە زەویدا ونیان بکات، (الخَسْفُ: جَعَلَ الأَرْضَ تَغُورُ)، (خَسْف): بریتیە لە زەوی ڕۆچوواندن.

(تَقَلُّبِهِمۡ)، یانی: (تَنَقُّلِهِم) لە کاتی هاتن و چوونیان دا.

(تَخَوُّفٖ)، (تَخوَّف مُطَاوِعُ خَوَّفَهُ، فهوَ مُتَخَوِّفٌ)، (خَوَّفَهُ) ترساندی، (مُتَخَوِّفٌ) یانی: هەستی بە ترس کرد، (تَخَوَّفَ عَلَيْهِ شَيْئاً: خَافَهُ) واتە: لە شتێك لێی ترسا، (تَخَوَّف الشيءَ: تَنَقَّصَهُ) لە شتەکەی کەم کردەوە.

(يَتَفَيَّؤُاْ)، (تفيأ الظِّلُ: تَقَلَّبَ) سێبەر کە دێت و دەچێ، بە لای ڕاست و چەپدا، بە هۆی خۆرەوە، کە دەکەوێتە ئەملا و دەکەوێتە ئەولا، ئەوە پێی دەگوترێ: (تَفيُّؤ) واتە: هاتن وچوونی سێبەر.

(دَٰخِرُونَ)، واتە: ملکەچ بوون (دَخَرَ: صَغُرَ، وَذَلَّ وهَانَ) بچووك بوو، زەبوون بوو، بێ دەسەڵات بوو.

www.alibapir.net

مانای گشتی ئایەتەکان

خـوا ﷻ لەسـەر خسـتنە ڕووی کۆمەڵێـکی دیکـە، لـە بیـر وڕا و بۆچوونـە پووچـەکانی هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان و کافـرەکان، پاشـان بەرپەرچدانـەوەی ئـەو بیـر وبۆچوونـە هەڵانەیـان، بـەردەوام دەبێـت، ئەمـە تـەوەری گشـتی ئـەم شـازدە ئایەتەیـە، بـەڵام خـوا ﷻ ڕوونکردنـەوەی چەنـد بابەتێـکی دیکـەش ئێواخنـی ئـەم بابەتـە دەکات، پاشـان کافـرەکان دەترسـێنێ و، هەڕەشـەیان لـێ دەکات: دەبـێ چاوەڕێ بـن، مـادام لەسـەر کوفـر و شـیرك بەردەوامـن، بـە شـێوەیەك کـە چـاوەڕێ ناکـەن و، ئەگـەری بـۆ دانانێـن لەلایەکـەوە کـە چاوەڕێـی ناکـەن لەنـاکاو خـوا سـزایان بـۆ بنێـرێ، دواییـش بـاسی ملکەچیـی تێکـڕای دروسـتکراوەکان دەکات بـۆ خـوا ﷻ لـە سـەرو و خـواری گەردوونـدا، سـەرەتا دەفەرمـوێ:

﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْ لَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَا عَبَدۡنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَيۡءٖ نَّحۡنُ وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمۡنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَيۡءٖ﴾، واتـە: ئەوانـەی هاوبەشـیان بـۆ خـوا دانـا، گوتیـان: ئەگـەر خـوا ویسـتبای، جگـە لـەو هیـچ شـتێکمان نەدەپەرسـت، نـە خۆمـان و نـە بـاب و باپیرانمـان، هیـچ شتێکیشـمان قەدەغـە نەدەکـرد، کـە پێچەوانـەی شـەریعەت و وەحیـی و پەیامـی ئـەو بێـت، واتـە: ئـەوە کـە ئێمـە جگـە لـە خـوا دەپەرسـتین و، ئـەوە کـە ئێمـە کۆمەڵێـك لـەو ڕزق و بژیوانـە کـە خـوا بـە حەڵاڵـی دانـاون، قەدەغەیـان دەکەیـن، ئـەوە بـە ویسـتی خوایـە، هـەر شـتێکیش بـە ویسـتی خـوا بـوو، دیـارە خـوا لێـی ڕازییـە، کەواتـە: خـوا لـەم کردەوانـەی ئێمـە ڕازییـە، هـەم لـە شـیرکەکەمان، هـەم لـە قەدەغـە کردنەکەمـان !!

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿كَذَٰلِكَ فَعَلَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ﴾، واتـە: ئەوانـەی پێـش وانیـش هـەر وایانکـرد، واتـە: هـەر بـەو شـێوەیە ئۆباڵـی شـیرك و کوفـر و کـردەوە خراپـەکانی خۆیـان دەخسـتە ئەسـتۆی ویسـت و قـەدەری خـوای پـەروەردگارەوە! ﴿فَهَلۡ عَلَى ٱلرُّسُلِ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ﴾، واتـە: ئایـا جگـە لـە گەیانـدنی ڕوون و ڕۆشـن، یـان ڕوونکـەرەوە، بـۆ پەیامـی خـوا، چ ئەرکێـکی دیکـە لەسـەر پێغەمبەرانـە (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ) ؟! واتـە: تەنیـا ئـەو ئەرکەیـان لەسـەرە، کـە پەیامـی خـوا بـە ڕوونیـی و بـە ڕۆشـنیی بە خەڵـك بگەیەنـن، کاتێ پەیامـی خوایـان پێدەگەیەنـن و، جەوهـەر و نێـوەڕۆکی پەیامـی خـوا، ئەوەیـە کـە تەنیـا خـوا بپەرسـترێ و حـەڵاڵ و حـەڕام دانـان، تەنیـا هـی خوایـە ﷻ، کـە پێغەمبـەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ

www.alibapir.net

وَالسَّلَامْ) ئەوەیان پێ گەیاندوون، ئەوان ئەرکی خۆیان جێبەجێ کردوە، بەڵام ئەوە ئێوەن کە ئەرکی خۆتان جێبەجێ ناکەن! ئەوەی پێغەمبەران پێیان گوتوون، لێیان وەرناگرن و پێوەی پابەند نابن و، بۆ خۆتان بەلاڕێیان دا دەڕۆن و ملی کوێرە ڕێیان دەگرن و، بەو ڕێچکانە سەری خۆتان بە فەتارەت دەدەن!

هەڵبەتە ئێمە ئەم بابەتەمان لە تەفسیری سوورەتی (الأنعام)دا بە تەفصیل باسکردوە، هەروەها بەرپەرچدانەوەی خوا ﷻ بۆ ئەو قسەیەی کافرەکان، لەوێش خوا دەفەرموێ: ﴿ سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُواْ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكْنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَيْءٍ ﴿١٤٨﴾ ﴾الأنعام، خوا ﷻ لەوێ درێژەی قسەکانیان باس دەکا و، دوایی بەرپەرچیان دەداتەوە.

﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِى كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ ﴾، واتە: بەدڵنیایی ئێمە لە هەر کۆمەڵگایەکدا ڕەوانەکراوێکمان ناردوە، کە پێیان بڵێ: بەندایەتیی بۆ خوا بکەن و، خوا بپەرستن و، خۆتان لە طاغووت دوور بگرن، هیچ کۆمەڵگایەك نەبووە، کە خوا ڕەوانەکراوێکی تێدا نەنێرێ، بەو شێوەیە بە خەڵك نەڵێ، ﴿ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى ٱللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ ٱلضَّلَٰلَةُ ﴾، واتە: ئنجا هەیانبووە خوا ڕاستە ڕێی کردوە و، هەشیانبووە کە گومڕایی لەسەر چەسپاوە.

لێرەدا وشەی: (هَدَى) بە مانای ڕێنمایی کردن نیە، چونکە خوا کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِى كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ ﴾، واتە: لە نێو هەر کۆمەڵگایەکدا ڕەوانەکراوێکمان ناردوە، کە پێیان بڵێ: بەندایەتیی بۆ خوا بکەن و خوا بپەرستن و خۆتان لە طاغووت دوور بگرن، کەواتە: ئەو هیدایەت و ڕێنماییە خوا بۆ هەمووانی خستۆتە ڕوو، بەڵام ئەوانەی کە ڕێنمایی خوایان بۆ خراوەتە ڕوو و، بەڵگەی خوایان لەسەر تەواوکراوە و، پەیامی خوایان پێ ڕاگەیەنراوە بە ڕوونیی، بوونە دوو بەش:

١- ﴿ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى ٱللَّهُ ﴾، هەیانە خوا ڕاستە ڕێی کردوە، ئەم (هَدَى) لێرەدا بە مانای ڕێنمایی کردن و ڕێ پێشاندان نیە، بەڵکو بە مانای خستنە سەر ڕێی ڕاستە، هەیانە خوا خستوویەتە سەر ڕێی ڕاست و ڕاستە ڕێی کردوە.

٢- ﴿ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ ٱلضَّلَٰلَةُ ﴾، هەشیانە کە گومڕایی لەسەر چەسپاوە، یانی: دوای ئەوەی کە خوا ﷻ لە هەر کۆمەڵگایەکدا پێغەمبەرێکی ناردوە، پێیان ڕاگەیاندوون کە بەندایەتیی بۆ خوا بکەن و، خۆتان لە طاغووت (واتە: لە پەرستنی غەیری خوا) دوور بگرن، چ وەك پێشکەشکردنی دروشمەکانی خواپەرستیی (**تقديم الشعائر**)، چ وەرگرتنی بەرنامەکانی ژیان

www.alibapir.net

(أَخْذُ الشرَائِع)، خۆتان لە طاغووت دوور بگرن، هەر کەسێك شتێك لەو شتانەی کە بۆ خوا ئەنجام دەدرێن لە پەرستشەکان، لە دروشمەکان، شتێك لەوانەی بۆ ئەنجام بدرێ، ئەوە طاغووتە، هەروەها هەرکەسێك ئەو بەرنامە و حەڵاڵ و حەڕامانەی کە دەبێت تەنیا لە خوا وەربگیرێن، خۆی بکات بە سەرچاوەی ئەو بەرنامانە و، دیارییکردنی حەڕام و حەڵاڵ، ئەویش هەر طاغووتە، هەر کەسێ هەردووکیانیشی تێدا بێ، ئەوە مانای تەواوی طاغووتی تێدا چەسپاوە، ئنجا دوای ئەوەی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) ئەوەیان بە خەڵکەکە گوتوە:

هەندێکیان کە هیدایەتی خوایان قبووڵ کردوە و، سینەیان پێی گوشاد بووە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿أَفَمَن شَرَحَ اللَّهُ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ فَهُوَ عَلَىٰ نُورٍ مِّن رَّبِّهِۦ ﴿٢٢﴾﴾ الزمر، واتە: ئایا کەسێك خوا سینەی گوشاد کردوە بۆ ئیسلام و، بۆ ملکەچیی خوا، کەوتۆتە سەر ڕۆشنایی لە خواوە (وەك کەسێکە کە سینەی لە ئاست هیدایەتی خوادا تەنگ بووە؟)، بەڵێ هەیانە بە ویستی ئازادانەی خۆی ئەو ڕێنماییەی خوا بە پێغەمبەران دا (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) ناردوویەتی، قبووڵی کردوە و لە ئەنجامی ئەوەشدا، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدًى ﴿١٧﴾﴾ محمد، واتە: ئەوانەی هیدایەتی خوایان وەرگرتوە، خوا هیدایەتی بۆ زیاد کردوون و خستوونیە سەر ڕاستە ڕێ، ئا ئەوە مانای ﴿فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى اللَّهُ﴾یە، هەیانە خوا خستوونیە سەر ڕاستە ڕێ، چونکە هیدایەتی خوایان وەرگرتوە، بۆی تەسلیم بوون و، قبووڵیان بووە و، خۆشیانویستوە، ﴿وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَٰلَةُ﴾، هەشیانە کە گومڕایی لەسەر چەسپاوە، بۆچی؟ چونکە هیدایەتی خوای پشتگوێ خستوە، بەڵکو دژایەتیی کردوە و قبووڵی نەکردوە و ڕەفزی کردوە، بۆیە گومڕایی بەسەردا چەسپاوە.

﴿فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ﴾، ئنجا بە زەویدا بڕۆن، سەرنج بدەن، سەرەنجامی بە درۆدانەران چۆن بووە !

واتە: ئەوانەی بە ویستی ئازادانەی خۆیان پێغەمبەرانیان بە درۆ داناوە، بزانە سەرەنجامیان چۆن بووە، ئەوانەش کە پێغەمبەرانیان بە ڕاست زانیوە، تەسلیمی پەیامەکەیان بوون و، شوێنیان کەوتوون و بەندایەتییان بۆ خوا کردوە، ئەوانەش دیارە سەرەنجام و ئاکامیان خێر بووە.

دوایی بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿إِن تَحْرِصْ عَلَىٰ هُدَىٰهُمْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَن يُضِلُّ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ﴾، ئەگەر تۆ سووربی لەسەر ئەوەی کە بیانخەیە سەر ڕاستە ڕێ، نەك سوور بی لەسەر ئەوەی پەیامی خوایان پێ بگەیەنی، چونکە پەیامی خوای پێگەیاندوون، (هُدَىٰهُمْ)، واتە: بیانخەیە سەر ڕاستە ڕێ، ﴿فَإِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَن يُضِلُّ﴾،

www.alibapir.net

بێگومـان خـوا کەسـێك ناخاتـە سـەر ڕاسـتە ڕێ، کـە گومـڕای کـردوە بەهـۆی ئـەوەوە کـە پشـتی لـە پەیـام و ڕێنمایـی خـوا کـردوە! کەسـێ کـە پشـتی لـە پەیـام و ڕێنمایـی خـوا کردبـێ و، خـوا گومـڕای کـرد بـێ، دوای ئـەوەی کـە بـە ویسـتی ئازادانـەی خـۆی هیدایـەتی خـوای ڕەفـز کـردوە، ئـەوە بێگومـان یاسـای گومڕابـوون (ضلال)ی بەسـەردا چەسـپاوە و، یاسـای ڕاسـتە ڕێکـردن (هدایـة) نایگرێتـەوە، ﴿ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴾، بێگومـان هیـچ پشـتیوان و سـەرخەر و هاوکاریـان نیـە، واتـە: کـە جگـە لـە خـوا ﷻ چ لـە دنیـادا، چ لـە دواڕۆژدا سـەریان بخـات و پشـتیوانیان بێـت لـە بەرانبـەر سـزای خـوادا.

ئنجـا بـاسی هەڵوێسـتێکی دیکـەی ئـەو بێبـڕوا و هاوبـەش بـۆ خـوا دانەرانـە دەکات، دەفەرمـوێ: ﴿ وَأَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ لَا يَبۡعَثُ ٱللَّهُ مَن يَمُوتُ ﴾، هەروەهـا زۆر بـە داکۆکیـی کـردن و، جەختکردنـەوە، زۆر بـە خـۆ ئـازاردان و تێکۆشـانەوە، سـوێندیان بـە خـوا خـوارد، کـە هـەر کـەس بمـرێ، خـوا هەڵیناسـتێنێتەوە و زینـدووی ناکاتـەوە، ﴿ بَلَىٰ ﴾ بـا (خوا) زینـدووی دەکاتـەوە، ﴿ وَعۡدًا عَلَيۡهِ حَقّٗا ﴾، بەڵێنـی داوە و بەڵێنەکـەش لەسـەر خوا چەسپاوە، خـوا کـە شـتێکی فەرمـوو، جێبەجێـی دەکات، ﴿ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴾، بـەڵام زۆربـەی خەڵکی نازانـن، واتـە: زۆربـەی خەڵکی نازانـن، کـە ناگونجـێ دنیـا شـاری بـێ خـاوەن بـێ! زۆربـەی خەڵکی کـە ئەوانـەن گـوێ لـە پێغەمبـەران ناگـرن، ئەوانـەی گـوێ بـۆ پەیـام و سروشی خـوا ناگـرن، ئەوانـەی بووناسـییەکی هەڵەیـان دەبێـت، ئەوانـە نـە خۆیـان دەناسـن، نەخـوا دەناسـن، نـە گـەردوون و بـوون دەناسـن! زۆربـەی خەڵکی ئەوانـەن کـە پشـت لـە پەیامـەکانی خـوا دەکـەن و پشـت لـە هیدایـەتی خـوا دەکـەن، زانیارییـان نیـە کـە ناگونجـێ خـوا ﷻ مرۆڤـەکان زینـدوو نەکاتـەوە و، لێیـان نەپێچێتـەوە و لێیـان نەپرسـێتەوە و، سـزا و پاداشـتیان بـۆ دانەنـێ.

پێشـێ خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ بَلَىٰ وَعۡدًا عَلَيۡهِ حَقّٗا وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴾، بـا، خـوا مـردووان زینـدوو دەکاتـەوە، بەڵێنـی داوە و بەڵێنەکـەش هەقـە و چەسـپاندوویەتی، بـەڵام زۆربـەی خەڵکی نازانـن، دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ لِيُبَيِّنَ لَهُمُ ٱلَّذِي يَخۡتَلِفُونَ فِيهِ ﴾، تاکـو ئـەوەی تێیـدا کەوتوونـە ڕاجیایـی و ناکۆکییـەوە، بۆیـان ڕوون بکاتـەوە، ئایـا نابـێ ئـەو کا و دانـە لێـك جیابێتـەوە ؟! هـی واهەیـە هـەر بـە کوفـرەوە و بـە شـیرکەوە دەمـرێ، بـە بیـرو بۆچوونـە پووچـەکانی خۆیـەوە سـەر دەنێتـەوە! نابـێ کاتێـك هەبـێ و ڕۆژێـك و قۆناغێـك هەبـێ لێـی حاڵیـی بکـرێ: کـە تـۆ بـە هەڵـە داچـووی! ﴿ وَلِيَعۡلَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰذِبِينَ ﴾، هەروەهـا بـۆ ئـەوەش کـە ئەوانـەی بێبـڕوا بـوون، بزانـن کـە درۆیـان کـردوە

www.alibapir.net

(درۆزن بوون)! کە دەیانگوت: زیندوو ناکرێینەوە و وەك بەرزەکیی بانان بۆی دەردەچین، چاك و خراپ و پارێزکاران و تاوانباران سەرەنجامیان هەر وەك یەك دەبێ !

ئنجا خوا ﷻ ئەوەمان بۆ وێنا دەکات کە چەند ئاسانە بۆ خوا، مردووان زیندوو بکاتەوە و، ئەم بازاڕەی ئێستا بپێچێتەوە (کە بازاڕی دنیایە) و بازاڕێکی دیکە (کە بازاڕی دواڕۆژە) بێنێتە پێش، دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا قَوۡلُنَا لِشَيۡءٍ إِذَآ أَرَدۡنَٰهُ أَن نَّقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴾، بێگومان قسەی ئێمە بۆ شتێك کە ویستمان پەیدای بکەین، هەر ئەوەندەیە کە پێی بڵێین: ببە، ئەویش یەکسەر دەبێ! کە بێگومان ئەوە وێناکردنی کاریگەریی ویستی بێسنوور و ڕەهای خوایە، لە پەیداکردنی شتەکاندا! ئەگەرنا نەشتێك هەیە پێی بگوترێ: ببە و، نە خوای پەروەردگاریش وا دەفەرموێ، مەبەست ئەوەیە کە وەك چۆن ئەگەر کەسێ بە شتێك بڵێ: ببە، یەکسەر ببێ، چەند خێرایە، کاریگەریی ویستی خواش لە دروستکراوەکاندا، بەو شێوەیە، ئیدی ئەوەی کە زانایان گوتوویانە: شتێك کە نەبێ، کە چۆن ویستی خوا پێوەی پەیوەست دەبێ و، چۆن خوا دەیدوێنێ ؟! ئەو ئیشکالانە هەموو لە کۆڵ دەبنەوە، قەزیەکە هەر ئەوەندەیە کە خوا وێنای خێرایی کاریگەریی ئیرادە و ویست و دەسەڵاتی خۆییمان بۆ دەکات، کە کاتێ کە بیەوێ شتێك پەیدا بکات، یەکسەر پەیدا دەبێ.

ئنجا دێتە سەر باسێکی دیکە، هەر لە ئەنجامی ئەوەدا کە ئەو هاوبەش بۆ خوا دانەر و کافرە ملهوڕانە، ئاوا بیریان کردۆتەوە و، ئاوا سەختگیرانە پەیوەست بوون بە بیرو بۆچوونە هەڵە و پووچەکانی خۆیانەوە و، بێگومان زۆریش ڕقیان لە ئیمان و خوا بەیەکگرتن و پەیامی پێغەمبەری خاتەم ﷺ بووە، زۆریش دژایەتیی ئەوانەیان کردوە کە پەیڕەوییان کردوە لە پەیامی پێغەمبەری خاتەم و شوێن ئایین و بەرنامەکەی کەوتوون و، سەرەنجام ئەزیەتیان داون و نارەحەتیان کردوون، کە لە ئەنجام دا بەشێکیان ناچار بوون: کۆچ بکەن و ماڵ و حاڵ و نیشتمانی خۆیان بەجێبهێڵن، بەو بۆنەیەوە دەفەرموێ:

﴿ وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا ظُلِمُواْ ﴾، ئەوانەش کە کۆچیان کردوە، دوای ئەوەی زوڵمیان لێکرا، لەلایەن ئەو ستەمکارە خۆ سەپێنانەوە، ﴿ لَنُبَوِّئَنَّهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗ ﴾، ئێمە لە ژیانی دنیادا جێ و ڕێیەکی باشیان بۆ دابین دەکەین، ﴿ وَلَأَجۡرُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ﴾، پاداشتی دواڕۆژیش گەورەترە، ئەگەر بزانن، یانی: ئەگەر بزانن چ پاداشتێك چاوەڕییان دەکات، دەزانن پاداشتی دواڕۆژ زۆر گەورەترە! بە ئەندازەیەك کە بەراورد ناکرێ لەگەڵ هی دنیادا.

www.alibapir.net

﴿ ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ ﴾، ئەوانەی کە خۆڕاگر بوون لەسەر کۆچکردن و بەجێهێشتنی نیشتیمان و، لەسەر دەستگرتن بە ئایین و بەرنامەی خواوە، ﴿ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ﴾، بۆ داهاتووش پشتیان بە پەروەردگاریان بەستوە، بۆ ئەو شتانەی لە مەولا دێنە ڕێیان، بۆیە وشەی (صبر)ی بە کرداری ڕابردوو هێناوە، یانی: ئارامیان گرتوە و، دەستیان لە ئاینەکەیان بەرنەداوە و نیشتمانی خۆیان بەجێ هێشتوە، بەڵام بۆ لەمەودوا پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن، ئەوەیانی کرداری ئێستا هێناوە، چونکە ئەوە شتێکی بەردەوامە، ئەوەی پێشێ صەبریان لەسەر گرتوە و بڕاوەتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی کە دادێ، دەبێ هەمیشە پشت بە خوا ببەستن، کە دیارە (فعل المضارع) تازەبوونەوە و نوێبوونەوە و ئێستا و داهاتوو دەگەیەنێ.

دواتر خوا ﷻ دێتە سەر خستنەڕووی باسێکی دیکە کە هەر پەیوەستە بەو بابەتەوە، چونکە کافرەکان ڕەخنەیان لە پێغەمبەر ﷺ دەگرت، کە لە زۆر شوێنی قورئان دا هاتوە، ڕەخنەیان دەگرت کە: بۆچی خوا فریشتان نانێرێ؟! لە سوورەتی (الأنعام) و سوورەتەکانی دیکەش دا باسمان کردوە، هەمیشە ڕەخنەیان گرتوە: بۆچی خوا ﷻ مرۆڤێك دەنێرێ ؟! بۆیە دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِمۡ ﴾، لە پێش تۆشدا تەنیا پیاوانێکمان ناردوون، وەك ڕەوانەکراوی خۆمان، کە سروشمان بۆ کردوون، بەس پیاوانمان ناردوون لە مرۆڤان، واتە: فریشتەمان نەناردوون، ﴿ فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴾، ئەگەر نازانن لە خاوەن کتێبە پێشووەکان بپرسن، ئەوانەی شارەزان لە کتێبە ئاسمانییەکان، پرسیار لەوان بکەن: خوا چەندان پێغەمبەری دیکەی ناردوون؟! هەمووشیان بەس مرۆڤ بوون، ڕۆژێ لە ڕۆژان خوا فریشتەیەکی بە پێغەمبەر و ڕەوانەکراو نەناردوە، هەروەك پلەی پێغەمبەرایەتییش کورتهەڵاتوە لەسەر پیاوان و، ئافرەتان لەو پێگە و پایەدا نین، لەبەر کۆمەڵێك تایبەتمەندیی کە ئەرکی پێغەمبەرایەتیی دەیانخوازێ، نەك لەبەر ئەوەی کە خوا ﷻ ئافرەت بە کەم دابنێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەرکی پێغەمبەرایەتیی، بەڵێ ڕێزلێنان (تشریف)ە، بەڵام زیاتر ئەرکدارکردن (تكليف)یشە، ئەرکێکی قورسە و ئەو ئەرکە قورسەشی بۆ هەندێ لە پیاوان داناوە بۆ هەمووشیان نیە !!

ئنجا ئەو پێغەمبەرانە (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) کە هاتوون، ﴿ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلزُّبُرِ ﴾، ئێمە کە سروشمان بۆ دەکردن، هەم بەڵگە ڕۆشن و ئاشکراکان (بينات)یان پێ بوون، هەم کتێب و نووسراوەکان، (زُبـر)، (زُبُر)یش کۆی (زَبُـور)ە و، هەر ڕستە و وشەیەك بەخەتی درشت بنووسرێ، پێی دەوترێ: (زَبُـور).

www.alibapir.net

واتە: پێغەمبەران هەم بەڵگەی ئاشكرا و ڕوونیان هێناوە، هەم كتێب و بەرنامەشیان هێناوە، ﴿ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴾، زیكریشمان بۆ تۆ ناردۆتە خوار، ئەم قورئانە بیرخەرەوە و شەرەف و ڕێز و حورمەتە، تاكو هەم ئەوەی كە بۆ خەڵكی نێردراوەتە خوار، بۆیان ڕوون بكەیەوە: چۆن كاری پێبكەن ؟! هەم بۆ ئەوەی خۆشیان بیر بكەنەوە، كە تێبگەن و، زیاتر قەدری بزانن و بۆیان دەربكەوێ: فەرمایشتی خوا چەند جیاوازە لە قسەی مرۆڤەكان !

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر بابەتێكی دیكە، كە ترساندن و ڕاچڵەكاندنی كافر و هاوبەش بۆ خوا دانەرەكانە، دەفەرموێ: ﴿ أَفَأَمِنَ ٱلَّذِينَ مَكَرُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن يَخْسِفَ ٱللَّهُ بِهِمُ ٱلْأَرْضَ أَوْ يَأْتِيَهُمُ ٱلْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ ﴾، واتە: ئایا ئەوانەی كە پیلان و فێڵی خراپیان گێڕا، (أي مَكروا، المكْرات السَّيئات)، ئایا ئەوانە دڵنیان لەوەی كە خوا بە زەوییان دا بباتە خوار، زەوی ڕۆبچێ و ئەوانیش پێیدا بچنە خوار! ﴿ أَوْ يَأْتِيَهُمُ ٱلْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ ﴾، یان ئازار و سزای خوایان بۆ بێ لە لایەكەوە كە هەستی پێناكەن، چ لە دنیادا (سزای دنیایی) كە مەبەست پێی ئەوەیە: بەڵا و گرفتێكیان بەسەر بێ، یاخود دنیایان بەسەردا تێكبچێ! ئەو سزایەی كە لە كاتی ئاخیر زەماندا دێت.

﴿ أَوْ يَأْخُذَهُمْ فِى تَقَلُّبِهِمْ فَمَا هُم بِمُعْجِزِينَ ﴾، یان ئایا دڵنیان كە خوا لەكاتی هاتن و چوون و سەفەر و هاموشۆیان دا، بیانگرێ و سزایان بدات، ئەو كاتە ئەوان دەسەوسانكەر نابن بۆ خوا و دەرباز نابن لە دەسەڵاتی خوا !

﴿ أَوْ يَأْخُذَهُمْ عَلَىٰ تَخَوُّفٍ فَإِنَّ رَبَّكُمْ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴾، یان ئایا دڵنیان كە خوا لە كاتێكدا ئەوان لە حاڵەتی ترس و لەرزدان و هەست بە مەترسیی دەكەن، بیانگرێ و سزایان بدات؟! (تَخَوُّفٍ) بە مانای (تَنَقُّصْ)ە، واتە: وردە وردە كەموكوڕیی ڕوویان تێ بكات، تاكو دوایی بە یەكجاریی لە بەینیان دەبات! ﴿ فَإِنَّ رَبَّكُمْ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴾ بێگومان پەروەردگارتان یەكجار بە پەرۆش و میهرەبان و بە بەزەییە! زانایان دەڵێن: (الرَّأفَةُ: أَشَدُّ الرَّحمة) واتە: بەزەییەكی زۆر.

بەڵام من وای تێدەگەم كە (رَؤُوف) واتە: بە پەرۆش، بۆ ئەوەی زیانەكانیان لێ دوور بخاتەوە و، (رحِيم) واتە: بە بەزەیی، بۆ ئەوەی سوودەكانیان بۆ بێنێ.

ئنجا لە كۆتایی دا خوا ﷻ بۆ ئەوەی پێشانی كافران و هاوبەش بۆ خوا دانەرەكانی بدا، كە ئەوە هەر ئەوانن ڕێزپەڕ و دەگمەنن و لایان داوە، ئەگەرنا ئەم گەردوونە

www.alibapir.net

بەسەر و خواریەوە، هەرچی تێیدایە، بۆ خوا ملکەچە! کەواتە: ئەوان ڕیزپەڕ بوون و، لایان داوە! دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ إِلَىٰ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَىْءٍ ﴾، ئایا سەرنجیان نەداوەتە هەرچییەك كەخوا دروستی کردوە، ﴿ يَتَفَيَّؤُا۟ ظِلَـٰلُهُۥ عَنِ ٱلْيَمِينِ وَٱلشَّمَآئِلِ سُجَّدًا لِّلَّهِ وَهُمْ دَٰخِرُونَ ﴾، سێبەرەکانیان لەلای ڕاست و چەپەوە، بە کڕنووش بردوویی بۆ خوا دێن و دەچن! ﴿ وَهُمْ دَٰخِرُونَ ﴾، لە حاڵێکدا بۆ خوا ملکەچ و زەبوون و فەرمانبەرن! ئایا تەماشا ناکەن خوا بە پێی ئەو یاسایەی داینـاوە، کاتێ کە خۆر لەلای ڕاستەوە هەڵدێ، لای چەپیان دەبێتە سێبەر و، کاتێ خۆر دەگاتە نێوەڕاست، سێبەر نامێنێ و، دواتر کە خۆر دەداتە لای چەپ، ئنجا لای ڕاستیان دەبێتە سێبەر، ئەو سێبەرە کە دێت و دەچێ، وەك کڕنووش بردن وایە بۆ خوا ﷻ، بەپێی یاسایەك کە خوا داینـاوە.

ئنجا ئەوە بە نسبەت هەموو ئەو شتانەوە کە دیاردەی ماددیی بەرجەستەن، دوایی باسی ژیانداران و فریشتان دەکات: ﴿ وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ مِن دَآبَّةٍ وَٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ﴾، هەروەها هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دا هەیە، لە ژیانداران لە فریشتەکان، کڕنووش بۆ خوا دەبەن و خۆشیان بە زل ناگرن! واتە: وەك ئێوەی بێبڕوا و هاوبەش بۆ خوا دانەرنین، کە خۆتان بەزل دەگرن و کڕنووش بۆ خوا نابەن، کەچی کڕنووش بۆ یەکدی و بۆ دارو بەرد و بۆ هەوا و ئارەزووی خۆتان و، بەزم و بازاڕێکی ئەفسانەیی دەبەن! بەڵام هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دا هەیە لە ژیانداران: (الدَّآبَة: **كُلُّ مَا يَدُبُّ عَلَى الأَرْض**) هەرچی لەسەر زەوی دەڕوات، کە سەرجەم (زیندەوەران و پەلەوەر و ژیاندارانی نێو ئاو، سەر زەوی و ئاژەڵ و، مرۆڤ و جند) دەگرێتەوە، ﴿ وَٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ ﴾، فریشتەکانیش، هەموویان تێکڕا کڕنووش بۆ خوا دەبەن.

﴿ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ﴾، لە حاڵێکدا کە خۆشیان بە زل ناگرن! ﴿ يَخَافُونَ رَبَّهُم مِّن فَوْقِهِمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴾، واتە: لە پەروەردگاریان دەترسن لە سەروویانەوە واتە: خوا کە باڵادەستە، یان خوا کە لە سەروویانەوەیە، چونکە خوا لە سەروویە بەو شێوەیەی بۆ خوا شایستەیە، ﴿ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴾، هەر فەرمانێکیان پێ دەکرێ، ئەنجامی دەدەن، واتە: سەرپێچیی لە فەرمانی خوا ناکەن و بە ترس و سام و بیمەوە لەگەڵ پەروەردگاریاندا مامەڵە دەکەن.

هەڵبەتە خوا ﷻ لە زاتی خۆیدا سامڵێکراو لێترسراو نیە، بەڵام بۆیە ئەوان دەترسێن، چونکە مەترسیی ئەوەیان هەیە کە بە شێوەیەك نەبن، لەگەڵ پایە و مەقامی پەروەردگاردا بگونجێ! بۆیە ترسیان هەیە لە کردەوەکانیان، ترس لەوەی شتێکیان کرد بێت، کە شایستە و مەقامی بەرز و بێ وێنەی خوای پەروەردگاریان نەبێ و تووشی سزا ببن.

www.alibapir.net

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، ویستی خوا بە هۆکاری شیرك و تاوانیان دادەنێن، خواش بەوە بەرپەرچیان دەداتەوە کە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) تەنیا ڕاگەیاندنی ڕوونی پەیامی خوایان لەسەر شانە و، هەموو کۆمەڵگایەکیش پێغەمبەری تێدا هاتوە:

خوا دەفەرمووێ: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُواْ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا عَبَدْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ نَّحْنُ وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ كَذَٰلِكَ فَعَلَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَهَلْ عَلَى ٱلرُّسُلِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿٣٥﴾ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِى كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى ٱللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ ٱلضَّلَٰلَةُ فَسِيرُواْ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ ﴿٣٦﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە یازدە بڕگەدا:

١- ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُواْ﴾، ئەوانەی کە هاوبەشیان بۆ خوا دانا بوو گوتیان.

لە سووڕەتی (الأنعام)، ئایەتی (١٤١)دا دەفەرمووێ: ﴿سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُواْ﴾، واتە: لەمەودوا ئەوانەی کە هاوبەشیان بۆ خوا داناوە دەڵێن، لە سووڕەتی (الأنعام)دا دەڵێ: لەمەودوا، لێرەشدا دەفەرمووێ: گوتیان، کەواتە: ئەمە لە دوای سووڕەتی (الأنعام)دا دابەزیوە، لەوێ خوا دەفەرمووێ: لەمەودوا وا دەڵێن، لە سووڕەتی (النحل)یشدا دەفەرمووێ: گوتیان، یانی: دوای ئەوەی لە سووڕەتی (الأنعام)دا هەواڵی پێدا بوو، کە کاتێك دێ هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان ئەوە دەڵێن، لە سووڕەتی (النحل)دا هەواڵی ئەوەی پێدا، کە ئەوەیان گوت.

(أَشْرَكُواْ) یانی: هاوبەشیان داناوە، بە تەئکید یانی: هاوبەشیان بۆ خوا داناوە، ئنجا خوا هاوبەشی نین، بەڵام لە خەیاڵ و وەهمی ئەوان دا، پێیان وابوو کە ئەو شتانە هاوبەشن بۆ خوا، واتە: دەبێ وەك چۆن بەندایەتیی بۆ خوا دەکرێ، بۆ ئەوانیش بکرێ! هاوبەشدانەرەکان چییان گوت ؟

www.alibapir.net

٢- ﴿لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكْنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا﴾، ئەمە لە سوورەتی (الأنعام)دا هەیە، بەڵام لێرەدا: ﴿لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا عَبَدْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ نَّحْنُ وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ﴾، ئەگەر خوا ویستبای، نە ئێمە، نە باب و باپیرانمان، جگە لە خوا هیچ شتێکمان نەدەپەرست و، هیچ شتێکمان قەدەغە نەدەکرد، (لەو شتانەی خوا بە حەڵاڵی داناون).

ئەمە مانایەکەی ئاوایە: (لَوْ شَاءَ اللَّه عَدَمَ عِبادَتِنا لِغَيْرِهِ، مَا عَبَدْنا غَيْرَهُ، وَلَوْ شَاءَ اللَّه عَدَمَ تَحْرِيمِنا لِلْحَلاَلِ، مَا حَرَّمْنا)، ئەگەر خوا ویستبای ئێمە جگە لە خوامان نەدەپەرست، (نە خۆمان و نە باب و باپیرانمان)، هەروەها ئەگەر خوا ویستبای، هیچ شتێکمان قەدەغە نەدەکرد (نە خۆمان و نە باب و باپیرانمان).

کەواتە: کە کردوومانە، دیارە خوا ویستوویەتی، کە خواش ویستوویەتی، دیارە خوا لەو کارەی ئێمە ڕازییە! ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (الأنعام) ئایەتەکانی: (١٤٨- ١٤٩)دا، بە درێژیی باسکردوە و، ئەوەمان خستووەتە ڕوو، کە جیاوازیی هەیە لە نێوان ویست و ڕەزامەندیی (الإِرَادَة، والرِّضَا)دا و، بە نسبەت خواوە ﷻ، جیاوازیی خستنە نێوان ویست و ڕەزامەندیی، کلیلی کردنەوەی ئەو گرێکوێرەیە.

هەروەها لە مەوسووعەی: (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامی)دا و[1]، لە کتێبی: (ڕوونکردنەوەی عەقیدەی طەحاویی)یشدا، باسی ئەو مەسەلەیەمان کردوە، کە ئەو هاوبەش بۆ خوا دانەرانە لەسەر ڕێچکەی ئیبلیسن، چونکە ئیبلیسیش گوتی: ﴿قَالَ رَبِّ بِمَآ أَغْوَيْتَنِى ... ﴿٣٩﴾﴾ الحجر، واتە: گوتی: پەروەردگارم! لە سۆنگەی ئەوەوە کە تۆ منت بێمراد و بێئاکام و سەرگەردان کرد !

لە کاتێکدا بۆخۆی کڕنووشی نەبردوە و، سەرپێچیی فەرمانی خوای کردوە! کەچی ویستوویەتی هەڵە و سەرپێچییەکەی خۆی لە ملی ویستی خوا بپێچێ !

هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان لێرەدا کە دەڵێن: ئەگەر خوا ویستبای، نە ئێمە نە باب و باپیرانمان جگە لە خوا هیچ شتێکمان نەدەپەرست و، هیچ شتێکمان قەدەغە نەدەکرد، بەم قسەیان ویست و ڕەزامەندیی خوایان تێکەڵکردوە، بەڵێ، بە ویستی خوا کردوویانە، بەڵام خوا ناڕازییە لەوە، ئەگەرنا هیچ شتێ بە بێ ویستی خوا نابێ، هەموو شتەکان کە دەبن بە ویستی خوان، بەڵام هەموویان بە ڕەزامەندیی خوا نین، وەك لە

---

(١) بەرگی پێنجەم (ئیمان بە ڕۆژی دوایی و بە قەزاو قەدەر).

www.alibapir.net

سووڕەتی (الزمر) ئایەتی (٧)دا خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ ۖ وَإِن تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُمْ ۗ﴾، واتە: خوا ڕازی نیە بۆ بەندەكانی، كوفر بكەن، (بەڵێ ئەگەر كافر بن، بە ویستی ئەو كافر دەبن، بەڵام خوا پێی ناخۆشە)، ﴿وَإِن تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُمْ﴾، بەڵام ئەگەر سوپاسگوزاریی بكەن، خوا ئەوەی بۆ ئێوە پێ پەسندە و پێی خۆشە، بەڵام مەرج نیە خوا هەر شتێكی ویست، لێی ڕازی بێ و خۆشی بوێ، ویستی خوا وەك ئاسمان وایە، تۆ هەرچی بیكەی لەبن گومبەزی ئاسمان دا دەیكەی و، ناتوانی لە بن سێبەری ئاسمان بچیە دەر، بەڵام مەرج نیە هەر شتێ كە تۆ بە ویستی خوا دەیكەی، ڕەزامەندیی خوای لەسەر بێ، ڕەزامەندیی خوا لەسەر ئەو شتانەیە كە شەریعەت دیارییكردوون: ئەو شتانەی پێ خۆشن، هەروەها شەریعەت ئەو شتانەشی دیارییكردوون كە خوا پێی ناخۆشن، كەواتە: تۆ بەهۆی ئاوێنەی شەریعەتەوە بۆت دەردەكەوێ ڕەزامەندیی خوا لە كوێیە! ئەگەرنا ویستی خوا بۆ تۆ شتێكی پەنهانە، بەڵام شەریعەتی خوا لەبەر دەستی تۆیە، ئیرادە تەشریعییەكەی خوا لەبەر دەستی تۆدایە، دەزانی خوای پەروەردگار چی بۆ تۆ ویستوە و چی لە تۆ داواكردوە، چی بۆ تۆ پێ چاكە و چی بۆ تۆ پێ خراپە !

٣- خوا دەفەرموێ: ﴿كَذَٰلِكَ فَعَلَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ﴾، ئەوانەی پێش ئەوانیش هەر وایانكرد، واتە: ئەوانەی پێش ئەوانیش كە خوا لە بەینی بردوون و سزای داون، هەر ئاوا بیریان كردۆتەوە، ئاوا بڕو بیانوویان هێناوەتە وە، ئاوا بیانوویان بە ویست و قەدەری خوا گرتوە، كە: ئەوەی ئێمە دەیكەین، مادام ویستی خوای لەسەرە، كەواتە: دیارە خوا لێی ڕازییە! بێ خەبەر لەوە كە ویستی خوا، فراوانە و گشتگیرە، بەڵام ڕەزامەندیی خوا تایبەتە و، ڕەزامەندیی خوا بەهۆی شەریعەت و وەحیی و پەیامی خواوە، كە بە پێغەمبەراندا دەینێرێ، بۆمان دەردەكەوێ، كە ڕەزامەندیی خوا لە كوێیە و تووڕەیی خوا لە كوێیە !

٤- بۆیە دەفەرموێ: ﴿فَهَلْ عَلَى الرُّسُلِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ﴾، واتە: ئایا جگە لە گەیاندنی ڕوون و ئاشكرا، هیچ ئەركێكی دیكە لەسەر پێغەمبەران هەیە ؟! (البَلاَغُ: اسْم مَصْدَرِ الإِبْلاَغُ، وَالمُبِين: الوَاضِحُ)، (بَلاَغ) ناوی چاوگی (گەیاندن)ە، (مُبِين)یش، واتە: ڕوون و ئاشكرا، یانی: پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) تەنیا گەیاندنی پەیامی خوایان بە ڕوون و ئاشكرایی لەسەرە، ئەوەشیان كردوە، دوایی دەكەوێتەوە سەر خۆتان، لە پەیامی ڕوون و ئاشكرای خوای پەروەردگاریشدا، هەیە كە تەنیا خوا بپەرستن و، دیارییكردنی حەڕام و حەڵاڵ، تەنیا مافی خوای پەروەردگارە، كەواتە: ئەوە لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) وەربگرن و، ئەگەر ئەو ئەركە كە پێغەمبەران جێبەجێیان كردوە لە نێو ئێوەدا، ئێوە ڕێزتان لەو ئەركە گرتبایە و پابەندبوونایە بە بەرنامەی خواوە، ئەو

www.alibapir.net

كاتە نە جگە لە خواتان دەپەرست، نە شتێکیشتان قەدەغە دەكرد كە شەریعەتی خوا بە حەڵاڵی داناوە، بە كەیفی خۆتان حەڵاڵ و حەرامتان دیاریی نەدەكرد و، ئەو مافەتان بە خۆتان نەدەدا كە تەنیا مافی خوای پەروەردگارە.

مانایەكەی ئاوای لێدێتەوە:

پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) تەنیا گەیاندنی پەیامی خوایان لەسەرە، دواتر بەرپرسیاریەتی لەسەر مرۆڤەكانە.

بۆیە دواییش دەفەرموێ:

٥- ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا ﴾، واتە: ئێمە لە هەر كۆمەڵگایەكدا ڕەوانەكراوێكمان ناردوە و پێغەمبەرێكمان ناردوە، وەك لە سوورەتی (فاطر)دا دەفەرموێ: ﴿ وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ ﴿٢٤﴾ ﴾، واتە: هیچ كۆمەڵگایەك نیە، مەگەر ترسێنەر و ورياكەرەوەيەكی تێدا ڕەوانە كراوە.

ئنجا ئایا خوا ئەو ڕەوانەكراوەی بۆچی ناردوە ؟

٦- ﴿ أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ﴾، كە بە خەڵكەكە بڵێ: تەنیا بەندایەتیی بۆ خوا بكەن و، خۆتان لە طاغووت دوور بگرن، دووره پەرێزیی لە **طاغووت** بكە، (**طاغوت**) واتە: هەر پەرستراوێك جگە لە خوا، چونكە: (**الطُّغيانُ: مُجَاوَزَةُ الحَدِّ في العِصْيانِ**)، (**الطُّغْيانُ**) بریتیە لە سنوور دەرچوون لە سەرپێچییكردنی خوادا.

هەڵبەتە خوا بە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)دا - كە لە هەموو كۆمەڵگایەكدا پێغەمبەرێكی ناردوە - ڕایگەیاندوە: ﴿ أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ ﴾، كە خوا بپەرستن، ﴿ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ﴾، دووره پەرێز بن لە **طاغووت** و خۆتانی لێ دوور بگرن، وەك لە سوورەتی (البقرة)دا دەفەرموێ: ﴿ فَمَن يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ لَا انفِصَامَ لَهَا ﴿٢٥٦﴾ ﴾، واتە: هەر كەسێ بێبڕوا بێ بە طاغووت و، بڕوا بە خوا بێنێ، ئەوە دەستی بە قوڵفەیەكی زۆر قایم گرتوە كە هەرگیز پسانی بۆ نیە.

(**نَفي**) لابردن، ئنجا (**إثبات**) چەسپاندن، (**تَخلية**) ئنجا (**تَحلية**)، وشەی (**توحيد**)یش هەروایە، (**لا إلهَ إلا اللّه**) هیچ پەرستراوێك نیە شایستەی پەرستن بێ، جگە لە خوا ﷻ، پێشێ دەبێ لابردنی (**نفي**) بێت، ئنجا چەسپاندن (**إثبات**)، جێی خۆی دەگرێ، پێشتر

www.alibapir.net

دەبێ خۆت بژار بکەی لە شیرك و کوفر و لەو شتانەی کە خوا پێی ناخۆشن، ئنجا خۆت برازێنیەوە بە ئیمان و تەوحید و بەو شتانەی کە خوا پێی چاکن.

٧- ﴿فَمِنۡهُم مَّنۡ هَدَى ٱللَّهُ﴾، ئەو پێغەمبەرانە (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) کە خوا ناردوونی، لە هەر کۆمەڵگایەدا، دوای ئەوەی کە پەیامی خوایان گەیاندوە، ﴿فَمِنۡهُم مَّنۡ هَدَى ٱللَّهُ﴾، لە خەڵکەکەدا کەسانێك بوون خوا ﷻ خستوونیە سەر ڕێی ڕاست، ڕاستە ڕێی کردوون، ﴿فَمِنۡهُم مَّنۡ هَدَى ٱللَّهُ﴾، بە مانای ڕێنمایی کردن نیە، ڕێنماییەکە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) بە هەمووانیان گەیاندوە بە یەکسانیی، کە پێیان فەرموون: ﴿أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ﴾، خوا بپەرستن و لە **طاغووت** دوور بن! ئەوە ڕێنمایی خوا و هیدایەتی خوا گەیشتوە بە هەمووان، بەڵام: ﴿فَمِنۡهُم مَّنۡ هَدَى ٱللَّهُ﴾، ئنجا لە نێو ئەوانەدا کە پەیامی خوایان پێگەیشتوە و هیدایەتی خوایان وەرگرتوە و بۆیان ڕوون بۆتەوە، کەسانێك هەبوون کە شایستەی ئەوە بوون، خوا ڕاستە ڕێیان بکات: ﴿فَمِنۡهُم مَّنۡ هَدَى ٱللَّهُ﴾، ئیدی خوا خستنیە سەر ڕێی ڕاست.

٨- ﴿وَمِنۡهُم مَّنۡ حَقَّتۡ عَلَيۡهِ ٱلضَّلَٰلَةُ﴾، هەشیان بوو کە گومڕایی لەسەر چەسپا، گومڕایی بەسەردا چەسپا، نەك خوا گومڕای کرد بێ، بەڵکو خۆی هیدایەتی خوای ڕەفز کردوە و، هەر کەسێکیش ڕێنمایی و هیدایەتی خوا ڕەفز بکات، بێگومان گومڕا دەبێ، ئەوانەی دیکەش ڕێنمایی خوایان قبووڵکرد، هەرکەسێکیش ڕێنمایی خوا قبووڵ بکات، ڕاستە ڕێ دەبێ، هەر کەسێك ئەو بەرچاوڕوونییەی خوا بە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)دا دەینیرێ، قبووڵی بکات، دەتوانێ کە ڕێی ڕاستی پێ بگرێ، بەڵام هەر کەسێك ئەو بەرچاو ڕوونییەی خوا بە پێغەمبەراندا دەینیرێ، ڕەفز بکات و پشتگوێی بخات، بێگومان بە دیلی بەرچاو ڕوونیی، بریتیە لە کوێریی و بەرچاو لێڵیی، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيۡنَٰهُمۡ فَٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡعَمَىٰ عَلَى ٱلۡهُدَىٰ ١٧﴾فصلت، واتە: گەلی (**ثمود**)مان ڕێنمایی کرد بوو، بەڵام کوێرییان بەسەر بەرچاو ڕوونیی و، ڕۆشنایی دا هەڵبژارد، ئنجا کە بۆ خۆیان کوێریی هەڵبژێرن، خوا ﷻ بە تۆبزیی ملیان ناگرێ ؟! چونکە ئەگەر ویستبای وایان بخوڵقێنێ کە سەرپێچیی نەکەن، وەك فریشتەکان، وای دەخوڵقاندن، بەڵام خوا مرۆڤەکانی وا دروستکردوە، کە بتوانن چاکە بکەن و، خراپە بکەن، کوفر بکەن و، ئیمان بێنن، بۆ ئەوەی کە بە کەڵکی جێنشینایەتیی خوا لەسەر زەوی و، بە کەڵکی تاقیکرانەوە، بێن.

٩- ﴿فَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱنظُرُواْ﴾، بە زەویدا بڕۆن و چاو بگێڕن، بە شوێنەوارەکانیاندا، واتە: شوێنەواری گەلە پێشووەکان ببینن، کە پێغەمبەرانیان بۆ چوون (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم).

www.alibapir.net

١٠- ﴿كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُكَذِّبِينَ﴾، (سەرنج بدەن) سەرەنجامی بەدرۆدانەران چۆن بووە ؟! ﴿فَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾، بە زەوی دا بڕۆن، دەگونجێ ڕۆیشتنی جەستەیی بێ، واتە: بە کردەوە و بە جەستە بە زەوی دا بڕۆی، دەشگونجێ مەبەست پێی گەشتی فیکریی تیۆریی و مەعنەویی بێ: **(السَّيْرُ النَّظَرِي أَو الفِكري والمَعْنَوِي)** واتە: سەرنج بدەی، بیر بکەیتەوە لەبەر خۆتەوە، بخوێنیتەوە، کە سەرەنجامی ئەوانەی پێغەمبەرانیان بە درۆ داناوە، چۆن بووە ؟!

واتە: ئەوانەی بە ئیرادە و ویستی خۆیان پێغەمبەرانیان بە درۆ داناوە، تەماشا بکەن سەرەنجامیان چۆن بووە ؟! ئێوەش کە بە ویستی خۆتان پەیامی پێغەمبەران وەرناگرن و، بە دوای شەریعەتی خوا ناکەون، کە بە پێغەمبەران دا ناردوویەتی، ئەوە خۆتانن وا بە خۆتان دەکەن، کەواتە: بۆچی ئۆباڵی گومڕایی و، سەرگەردانیی خۆتان، دەخەنە ویستی خوای پەروەردگارو، قەدەری خواوە ؟!

www.alibapir.net

مەسەلەی دووەم:

خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ئەگەر تۆ مکوڕی لەسەر خستنە سەر ڕێیان، واتە: لەسەر ڕاستە ڕێ کردنیان، بێگومان خوا کەسانێك کە بڕیاری گومڕایی لەسەر داون، ڕاستەڕێیان ناکات و، لە دواڕۆژییشدا هیچ پشتیوان و، سەرخەرێکیان نیە:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ إِن تَحْرِصْ عَلَىٰ هُدَىٰهُمْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَن يُضِلُّ ۖ وَمَا لَهُم مِّن نَّـٰصِرِينَ ﴿٣٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١- ﴿ إِن تَحْرِصْ عَلَىٰ هُدَىٰهُمْ ﴾، ئەگەری تۆ مکوڕی، سووری لەسەر ڕاستە ڕێ کردنیان، هەر دەتەوێ بیانخەیە سەر ڕێی ڕاست، (**الحِرْصُ: فَرْطُ الإِرَادَةِ المُلِحَّةِ فِي تَحْصِيل المُرَادِ بالسَّعي فِي أَسْبَابِهِ**)، (**حِرْص**): بریتیە لەوە کە ئینسان بە زۆر بیەوێ شتێ بکات، مکوڕ و سوور بێت لەسەری، بە شێوەیەك هۆکارەکان بێنێتە دی بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئامانجە.

لێرەدا وشەی (هُدَىٰهُمْ) واتە: خستنە سەر ڕێی ڕاست، نەك ڕێنمایی کردن، چونکە پێغەمبەر ﷺ ڕێنمایی کردوون، بەڵام ئایا دوای ئەوەی کە ڕێنمایی کردن و، پەیامی خوای پێگەیاندن و، بەرچاو ڕۆشنیی پێدان، بە دەست پێغەمبەرە ﷺ بیانخاتە سەر ڕێی ڕاست؟! بێگومان نەخێر.

٢- ﴿ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَن يُضِلُّ ﴾، بێگومان خوا کەسێك کە گومڕای کرد بێ، نایخاتە سەر ڕێی ڕاست، واتە: کەسێك کە شایستەی ئەوە بوو بێ، گومڕابێ و، یاسای خوای بەسەردا چەسپا بێ و گومڕا بێ، ئەوە تازە یاسای گومڕاکردنی خوا گرتوویەتەوە و، لە ئەنجامی ئەوەدا کە خۆی هۆکارەکانی دەستەبەر کردوون، کەسێکیش ئەو یاسای خوایەی بەسەردا چەسپا بێ، یاسای خستنەسەر ڕێی ڕاستی خوای پەروەرگاری بەسەردا ناچەسپێ !

٣- ﴿ وَمَا لَهُم مِّن نَّـٰصِرِينَ ﴾، هیچ یارمەتیدەرو هاوکارو سەرخەرێکیشیان نیە (لە ڕۆژی دوایی دا)، ئەمە خوا ﷻ لە شوێنی دیکەدا دەفەرمووێ: ﴿ مَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَلَا هَادِىَ لَهُۥ ۚ وَيَذَرُهُمْ فِى طُغْيَـٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿١٨٦﴾ ﴾الأعراف، واتە: هەر کەسێ خوا گومڕای بکات، هیچ هاوکارێکی نیە بیخاتە سەر ڕێی ڕاست و، لێیان دەگەڕێ، لە سەرکێشیی خۆیاندا سەراسیمە دەبن.

www.alibapir.net

هەروەها لە شوێنی دیكەدا دەفەرمووێ: ﴿وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنۡ هَادٖ ٣٦﴾ الزمر، واتە: هەر كەسێك خوا گومڕای بكات، هیچ كەسێك نابێ كە بیخاتە سەر ڕێی ڕاست، وشەی (هَاد، هُدَى، هَادِي) لێرە لە هەموویاندا، واتە: خستنە سەر ڕێی ڕاست، نەك ڕێی پیشاندان، چونكە بێگومان خوا ڕێی پیشانی هەموو كەس داوە، لەسەر زمانی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، بەڵام ئەوە خۆیانن دوایی ئەو ڕێیە ڕاستەی كە خراوەتە بەرچاویان، دەیگرنەبەر، یان نایگرنەبەر ؟!

لە سوورەتی (القصص)یشدا خوا ﷾ بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ﴿إِنَّكَ لَا تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ... ٥٦﴾، واتە: تۆ ئەو كەسەی خۆشتدەوێ، ناتوانی بیخەیە سەر ڕێی ڕاست، دەتوانی ڕێنمایی بكەی، بەڵام ناتوانی بیخەیە سەر ڕێی ڕاست، ﴿وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ﴾، بەڵام خوا هەر كەسێكی بوێ، دەتوانێ بیخاتە سەر ڕێی ڕاست، بەڵام خوا نەیویستوە بە زۆر خەڵك بخاتە سەر ڕێی ڕاست و ڕاستە ڕێیان بكات، بۆیە ئازادی كردوون و دەستی ئاوەڵا كردوون، ئنجا كە ئازادی كردوون: هەیانە كە ڕێیە ڕاستەكەی خوای پەروەردگاری گرتوە و، هەشیانە كە ئەو ڕێیە ڕاستەی نەگرتوە و خواش ﷾ دەرفەتی بە هەموویان داوە، چونكە ئەگەر وا نەبێ، تاقیكردنەوەی خوا بۆ مرۆڤ لە ژیانی دنیادا نایەتە دی.

مەسەلەی سێیەم:

هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان سوێندی قورسیان بە خوا خوارد، کە خوا ﷻ مردووان زیندوو ناکاتەوە، خواش بەرپەرچیان دەداتەوە کە: با، زیندوویان دەکاتەوە و بەڵێنی حەقی داوە و، دەبێ دادوەرییان لە نێواندا بکرێ و، کافران بزانن کە درۆیان کردوە و خواش هەرچی بوێ بە چاو ترووکانێك دەیکات:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَأَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَـٰنِهِمْ ۙ لَا يَبْعَثُ ٱللَّهُ مَن يَمُوتُ ۚ بَلَىٰ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٨﴾ لِيُبَيِّنَ لَهُمُ ٱلَّذِى يَخْتَلِفُونَ فِيهِ وَلِيَعْلَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَنَّهُمْ كَانُوا۟ كَـٰذِبِينَ ﴿٣٩﴾ إِنَّمَا قَوْلُنَا لِشَىْءٍ إِذَآ أَرَدْنَـٰهُ أَن نَّقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٤٠﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە حەوت بڕگەدا:

١- ﴿وَأَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَـٰنِهِمْ﴾، واتە: هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان و بێبڕوایەکان سوێندیان بە خوا خوارد بەوپەڕی جەختکردن و تێکۆشانەوە، (**اجْتَهدُوا فِي القَسَم**) واتە: خۆیان تێدا ماندوو کرد، زۆر هەوڵیان تێداداو، جەختیان کردەوە، کە سوێندەکەیان سوێندێکی قورس و دڵنیاکەر بێ، هەڵبەتە کەسێك سوێندی وا دەخوات، کە یان دڵنیا بێت لە شتێك، یاخود بیەوێت وا بکەوێتە بەرچاو کە دڵنیایە، کە بێگومان هی ئەو کافرو هاوبەش بۆ خوا دانەرانە، ئەوەی دووەمیانە.

واتە: ویستوویانە وا پێشان بدەن، کە زۆر دڵنیان لەوەی کە هەرگیز خوا ﷻ مردووان زیندوو ناکاتەوە، چونکە هاوبەش بۆ خوا دانەرو بێبڕوایەکان خوایان ناسیوە و بڕوایان بە خوا بووە، وەك ئیعتیقاد، نەك وەك ئیمانی شەرعیی، خوایان ناسیوە، بەڵام نکووڵییشیان لە زیندووکرانەوە کردوە، کافرەکان سوێندیان بە خوا خوارد و لە سوێندەکەیاندا زۆر جەختیان کردەوە و داکۆکییان کرد، لەسەر چی ؟!

٢- ﴿لَا يَبْعَثُ ٱللَّهُ مَن يَمُوتُ﴾، کە ئەوەی کە بمرێ خوا زیندووی ناکاتەوە، بۆیە هەردووکیانی بە (**الفعل المضارع**) هێناوە، تاکو ئەو حاڵەتی زیندووکردنەوە و، حاڵەتی مردنەکە، بخاتە بەرچاو، ﴿لَا يَبْعَثُ ٱللَّهُ﴾ خوا زیندوو ناکاتەوە، ﴿مَن يَمُوتُ﴾، کەسێك کە دەمرێ، یانی: ئەگەر

www.alibapir.net

فەرمووبای: (لاَ يَبْعَثُ اللَّهُ المَيِّتَ)، خوا مردوو زیندوو ناکاتەوە، هەر هەمان مانای دەگەیاند، بەڵام لێرەدا خوا ﷻ بە تەعبیرێك فەرموویەتی، کە ئەو حاڵەتی مردنە، وێنا بکرێت لەبەر چاو، کە لە زۆر لە ئایەتەکانی قورئاندا، ئەو بنچینەیە ڕەچاو کراوە.

٣- ﴿بَلَىٰ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا﴾، وشەی ﴿بَلَىٰ﴾ لە کوردییدا، واتە: با، هەمیشە لە ڕستەی پێشێدا، ئەگەر شتێك نەفی کرابێ و لابرابێ، لە بەرانبەریدا دەگوترێ: ﴿بَلَىٰ﴾، واتە: با، ئەگەر فەرمووبای (نعم) واتە: ڕاست دەکەن خوا ئەوەی دەمرێ، زیندووی ناکاتەوە، بەڵام ﴿بَلَىٰ﴾، واتە: با، خوا زیندووتان دەکاتەوە و کەسێك بمرێ، دەیژیەنێتەوە، بۆچی؟! ﴿وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا﴾، ﴿وَعْدًا﴾، چاوگە یانی: (وَعَدَاللَّهُ، وَعْدَاً)، واتە: خوا بە بەڵێندان بەڵێنی داوە و گفتی داوە، ﴿حَقًّا﴾، بەڵێنی خواش ڕاستە و چەسپاوە.

٤- ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن، چی نازانن ؟! خوای پەنهانزان مەفعوولەکەی قرتاندوە، تاکو زەین بۆ هەر شتێك کە بگونجێ لەگەڵ ئەو سیاق و ئەو مەبەستەدا، بۆی بچێ و، ئێستا چەمك و واتایەکەی زۆر فراوانتر بووە، وەك لەوەی کە دیاریی کردبایە، بۆ وێنە، فەرمووبای:

أ- (وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ قُدْرَةَ اللَّه)، ب- (وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ حِكْمَةَ اللَّـه في الخلق)، ج- (وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ أن الحياة ليست عَبَثاً)[1].

ئەو کاتە تەنیا ئەوەی دیارییکراوە دەیگەیاند، بەڵام ئێستا مانایەکەی زۆر فراوانە ئاشکراشە: زۆربەی خەڵکی ئەوانەن کە هاوبەش بۆ خوا دانەرن، ئەوانەن کە بێبڕوان، زۆربەی خەڵکی نازانن، ئەگەر زانیبایان، کەسێك خوا بناسێ دەزانێ: کە دەسەڵاتی خوا، ویستی خوا، زانیاریی خوا، حیکمەتی خوا، هەموو سیفەتەکانی خوا، ڕەها و بێ سنوورن، سنوورێك نیە کە لێی بوەستن، تاکو بڵێی: خوا ئەوەی بۆ دەکرێ و، ئەوەی بۆ ناکرێ، ئنجا ئەوە خوا بەڵێنی داوە و بەڵێنی خواش چەسپاوە، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن.

٥- ﴿لِيُبَيِّنَ لَهُمُ الَّذِي يَخْتَلِفُونَ فِيهِ﴾، هۆکارو پاڵنەرێکی دیکە، بۆ ئەوەی خوا مردووان زیندوو بکاتەوە، ئەوەیە کە ئەوەی تێیدا کەوتوونەتە ڕاجیایی و ناکۆکییەوە، بۆیان ڕوون بکاتەوە، ئەوەی کە

---

(١) واتە:
أ- بەڵام زۆربەی خەڵك توانای خوا نازانن.
ب- بەڵام زۆربەی خەڵك حیکمەتی خوا لە دروستکراوەکانی دا نازانن.
ج- بەڵام زۆربەی خەڵك نازانن کە ژیان پووچ و هەوەنتە نیە.

www.alibapir.net

تێیدا کەوتوونە ناکۆکیی و مشتومڕەوە، واتە: کافرەکان لەگەڵ بڕواداران و، هاوبەشدانەران لەگەڵ خوا بەیەکگران، دەبێ ئەوەیان بۆ ڕوون بکرێتەوە، ئەو کەسەی کە لەسەر هەق بووە، پێی بگوترێ: تۆ هەقی! ئەوەش کە لەسەر ناهەق بووە، پێی بگوترێ: تۆ ناهەقی، ئنجا ئەوەی کە لەسەر هەق بووە، پاداشتی بدرێتەوە و، ئەوەی دیکەش سزا بدرێ، ئەگەر وانەبێ ئەوە ژیانی دنیا و ژیانی مرۆڤ، بە شتێکی پووچ و بێ ئامانج دێتە بەرچاو، خواش ﷻ بەرزە و دوورە لەوە کە شتێکی پووچ و بێ ئامانج بکات، وەك لە کۆتایی سووڕەتی (**المؤمنون**)دا دەفەرموێ: ﴿ أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَٰكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴿١١٥﴾ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلْمَلِكُ ٱلْحَقُّ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْكَرِيمِ ﴿١١٦﴾ ﴾ واتە: ئایا ئێوە پێتان وایە بەهەوەنتە بە پووچ و، بە بێ ئامانج ئێوەمان دروستکردوە و بۆ لای ئێمە ناگێڕرێنەوە! ﴿ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلْمَلِكُ ٱلْحَقُّ ﴾، خوای حکومڕانی هەق، بەرزە واتە: بەرزترە لەوەی کە شتێك بکات پووچ بێ و، بێ حیکمەت و ئامانج بێ.

٦- ﴿ وَلِيَعْلَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَنَّهُمْ كَانُوا۟ كَٰذِبِينَ ﴾، هەروەها هۆکارێکی دیکە، بۆ ئەوەی خوا مردووان زیندوو بکاتەوە، ئەوەیە کە ئەوانەی بێبڕوا بوون، بزانن کە درۆزن بوون و درۆکار بوون، (**يَتَبَيَّنَ لَهُم كَذِبُهُم**)، بۆ ئەوەی درۆی خۆیانیان بۆ دەربکەوێ و بزانن کە درۆیان کردوە.

بەڵێ ئەگەر خوا ﷻ مردووان زیندوو نەکاتەوە و ژیان تەنیا لەو چوارچێوەی پێنج و دوو ڕۆژی دنیادا خوڵاصە بێتەوە و، مرۆڤ هەر ئەوەندە بژی کە لەم سەر زەوییەیە، ئیدی هیچ قۆناغی دیکەی ژیان نەبێ، کەواتە: ئینسان بە قەدەر فیل و کیسەڵێکیش، نەژیا، کە ئەوانە تەمەنیان زۆر لە مرۆڤ زیاترە !! نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو دروستکراوی دیکەی وا هەیە وەك چیایەکان، کە ملیۆنان ساڵە خوا دروستی کردوون، ئەگەر ملیۆنانیش زیاتر نەبن، وەك زانایانی گەردووناس و زانایانی زەویناس دەڵێن، بەڵام ئەمە شتێکی زۆر نامەنتیقییە، چونکە خوا ﷻ - وەك لە واقعیشدا دەیبینین - هەرچی لەسەر زەوییە، بۆ مرۆڤی دروستکردوە و، هەمووی بۆ مرۆڤ ملکەچ و دەستەمۆ کراوە و لێی بەهرەمەندە.

کەواتە: ناگونجێ مرۆڤ لە زۆرێك لەو شتانە، تەمەنی کەمتری پێ ڕەوا بینرابێ، لە حاڵێکدا کە حکومڕانی هەموو شتەکانە و هەموو شتەکان لەبەر دەستی وی دان و لە خزمەتی دان، کەچی بۆخۆی تەمەنی لە زۆریان کەمتر بێ ؟! ئەوە شتێکی نامەنتیقییە، کەواتە: ژیانی مرۆڤ نابێ تەنیا ئەو ژیانە زەوییەی بێ، بەڵکو ئەمە بەس قۆناغێکە و قۆناغی دیکەی بەدوادا دێن.

کەواتە: بەلایەنی کەمەوە سێ پاڵنەر هەن، بۆ ئەوەی خوا مردووان زیندوو بکاتەوە، بە پێی ئەم ئایەتانە:

www.alibapir.net

یەکەم: خوا بەڵێنی داوە، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە هۆکاریی بێبڕواییان لەبەر نەزانینیانە.

دووەم: بۆ ئەوەی کە خوا ناکۆکییەکانیان بۆ دەربخات، ئەوەی کە تێیدا کەوتوونە ڕاجیاییەوە، بۆیان دەربخات و دادوەرییان لە نێواندا بکات.

سێیەم: بۆ ئەوەی بێبڕوایەکان بزانن کە ئەوان درۆزن بوون و، بە هەڵەدا چووبوون.

کەواتە: زیندووکرانەوە و لێپرسینەوە، سێ پاڵنەری هەن، ئنجا هیچ ڕێگریشی نین، ئنجا هەر شتێك پاڵنەر هەبێ بۆ پەیدابوونی و، ڕێگر نەبێ لەبەردەم پەیدابوونی دا، بە تەئکید پەیدا دەبێ.

ئنجا ئایا بۆچی هیچ ڕێگرێك نیە ؟!

٧- ﴿إِنَّمَا قَوْلُنَا لِشَيْءٍ إِذَآ أَرَدْنَٰهُ أَن نَّقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ﴾، واتە: قسەی ئێمە بۆ شتێك، کە ئەو شتەمان ویست پەیدای بکەین، هەر ئەوەیە کە پێی بڵێین: ببە، یەکسەر دەبێ.

﴿أَن نَّقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ﴾، ئەمە بە: (**كُنْ فَيَكُونَ**)ەش خوێنراوەتەوە، ئەگەر بڵێین: ببە، دەبێ، یاخود پێی بڵێین: ببە، یەکسەر پەیدا بووە.

کەواتە: خوا ﷻ سێ پاڵنەری سەرەکیی دەخاتە ڕوو بۆ ئەوە، کە مردووان زیندوو بکاتەوە، ئنجا هیچ پەرچێکیش نیە لەبەردەم ئەوەدا کە خوا مردووان زیندوو بکاتەوە، چونکە تاکە پەرچێك کە هەبێ، ئەوەیە کە خوا نەتوانێ، خوای پەروەردگاریش هەر شتێکی بوێ بە چاوتروکانێك دروستی دەکات، کەواتە: پاڵنەر هەیە بۆ زیندووکردنەوەی مردووان و، پەرچیش نیە لەبەردەمیدا، کەواتە دێتە دی.

ئایا مەبەست لە وشەی: (**كُن**) چییە ؟

(**المراد ب (كن) تَوَجُّه القُدْرَة إِلَى إِيجَاد المَقْدُور**) کە خوا دەفەرموێ: قسەمان بۆ شتێك کە ویستمان، (ویستمان پەیدای بکەین) ئەوەیە پێی بڵێین: ببە، یەکسەر دەبێ، یان یەکسەر بووە، بێگومان مەبەست لە: (کە پێی بڵێین: ببە، دەبێ)، ڕووکردنە ویستی خوایە بۆ پەیداکردنی شتێك کە لە ژێر ڕکێفی دایە.

www.alibapir.net

لە سوورەتی (یس)دا بە تەعبیرێكی دیكە هێناویەتی دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَآ أَمۡرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيۡـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ٨٢﴾، واتە: فەرمانی خوا كاتێك كە شتێكی ویست، ئەوەیە كە پێی بفەرموێ: ببە، دەبێ، كە بێگومان فەرمووده و فەرمانی خوا، هەمووی مەبەست پێی تەعبیركردنە، لە ڕووكردنە ویستی خوا، ڕوو بكاتە ئەو شتە و بە ویست و دەسەڵاتی بێسنوری ڕەهای خۆی ئەو شتە پەیدا بكات.

(**محمد الطاهر بن عاشور**) جوان ئەو بابەتە تەعبیر دەكات و دەڵێ: (**وَهَذَا تَقْرِيب للناسِ بِمَا يَعْقِلُونَ، وَلَيْسَ هُوَ خِطَاباً للمَعْدُوم، وَلاَ أَنَّ للمَعْدُومِ سَمْعَاً يَعْقِلُ بِهِ الكَلاَمَ فَيَمْتَثِلُ للآمِرِ**).

واتە: ئەم تەعبیرە نزیك خستنەوەیە لە خەڵكی بە شێوەیەك كە تێبگەن، ئەگەرنا ئەوە دواندنی نەبوو (**معدوم**) نیە، شتێك كە نەبێ بدوێنرێ، هەروەها ئەوەش نیە شتێك كە نەبێ، بیستنی هەبێ و لەو قسەیە تێبگات كە ئاراستەی دەكرێ و سەرەنجام فەرمانبەر ببێ.

وەك زانایان لەوبارەوە زۆر مشتومڕیان كردوە، لە نێوان ئەشعەریی و ماتۆرێدییەكاندا لە لایەك، لە لایەكی دیكەوە: موعتەزیلەكان و ئەوانەی دیكە، كە لەگەڵیاندا ناكۆك بوون!

كە ڕاستییەكەی هەر ئەوەیە: خوا ﷻ ویستوویەتی ئەوە لە ئێمە حاڵیی بكات، كە زۆر ئاسانە بۆ خوا، مردووان زیندوو بكاتەوە، وەك چۆن كەسێك بە شتێك بڵێ: ببە، یەكسەر پەیدابێ، ئەوە چەند ئاسانە؟! بۆ خوای پەروەردگاریش ئەوەندە ئاسانە و، هەر كاتێك ویستی شتێك پەیدا بكات، یەكسەر پەیدای دەكات، چونكە هیچ شتێك لەوە خێراتر نیە تۆ بە شتێك بڵێی: ببە، یەكسەر پەیدا بێت، بەپێی عەقڵی ئێمە ئەوە بە خێراترین پرۆسەی پەیداكردنی شتەكان تێدەگەین، بۆیە خوا ﷻ ئەو ڕووتێكردنی ئیرادە و دەسەڵاتی خۆی بۆ شتەكان كە پەیدایان بكات، بۆمان دەخاتە ئەو قاڵبە تەعبیرییەوە، كە بۆ ئێمە ئەمە ئاسانترین و، بە سێناییترین حاڵەتی پەیداكردنی شتێكە، ئێمە لەوە تێدەگەین و خوای كارزانیش بەپێی عەقڵی ئێمە، دەماندوێنێ.

www.alibapir.net

مەسەلەی چوارەم:

خـوا عزوجـل ڕایدەگەیەنـێ کـە ئـەو کەسـانەی پـاش سـتەم لێکـران و چەوسـێنرانەوە لـە ڕێـی خـوادا کـۆچ دەکـەن، لـە دنیـادا دەرووی خێریـان لـێ دەکاتـەوە و، پاداشـتی دواڕۆژیشیان، ئەگـەر بزانـن گەورەتـرە، بـە مەرجێك خۆڕاگـر و پشـت بـە خـوا بەسـتووبن:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَالَّذِينَ هَاجَرُوا فِي اللَّهِ مِن بَعْدِ مَا ظُلِمُوا لَنُبَوِّئَنَّهُمْ فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً ۖ وَلَأَجْرُ الْآخِرَةِ أَكْبَرُ ۚ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ ﴿٤١﴾ الَّذِينَ صَبَرُوا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٤٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١- کە دەفەرموێ: ﴿ وَالَّذِينَ هَاجَرُوا فِي اللَّهِ ﴾، واتە: ئەوانەی لە پێناوی خوادا کۆچیان کردوە، (**المهَاجَرَة: مُتَارَكة الدِّيار لأجل مرضاه اللّٰه**)، (**مهاجرة**) وازلێهێنانی ماڵ و حاڵ و نیشتیمانە، لە پێناو ڕەزامەندیی خوادا، واتە: بۆ مەبەستێکی دیکە ماڵ و حاڵیان بەجێ نەهێشتوە، بۆ وێنە: شوێنەکەی خۆیان پێ خۆش نەبێ، بچنە شوێنێکی خۆشتر، یاخود ئامانج و مەبەستێکی تایبەتییان هەبێ لەو شوێنەی کە بۆی دەچن، بچن جێبەجێی بکەن، بۆ وێنە: ئافرەتێك هەبێ حەزی لێبکەن، یاخود کەسابەتێك هەبێ لەوێ ئەنجامی بدەن، یاخود خزمێکیان لەوێ هەبێ پێکەوە کۆببنەوە، ئەو ئامانجانەیان نیە، بەڵکو تەنها بۆ وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوایە.

ئنجا ئەو کۆچکردنەش:

٢- ﴿ مِن بَعْدِ مَا ظُلِمُوا ﴾، واتە: دوای ئەوەی ستەمیان لێکراوە، ئاشکرایە لەلایەن کێوە؟ (**مِنْ قِبَلِ الكُفّار**) بەڵام خوا بە (بکەر نادیار) (**مَجْهول الفاعل**) دەیهێنێ، تاکو ئاماژە بێ بەو ستەمەی کە لێیان کراوە، کە شتێکی زۆر زۆر ناقۆڵا و ناشیرینە.

وشـەی (**ظُلْم**)یـش هەمـوو جـۆرەکانی دەسـتدرێژیی و ئەزیەتـدان و، ئەشـکەنجەدان و، ناڕەحەتکـردن و، بێزارکـردنی ماددیـی و مەعنەویـی دەگرێتـەوە، واتـە: ئـەو کۆچکردنەیـان لەخـۆوە نەبـووە، بەڵکـو دوای سـتەم لێکراویـی و ئـازار و ئەشـکەنجەدان بـووە، لەلایـەن ئەوانـەوە کـە هـەر لـەوان دەوەشـێتەوە، ئیمانـداران ئەزیـەت و ئەشـکەنجە بـدەن، کـە بریتین لـە ئەهـلی کوفـر و ئەهـلی شـیرك.

www.alibapir.net

ئنجا ئایا ئەوانە خوا چییان بۆ دەكات ؟!

٣- ﴿ لَنُبَوِّئَنَّهُمْ فِي ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً ﴾، واتە: لە ژیانی دنیادا جێ و ڕێیەكی باشیان بۆ پەیدا دەكەین، (التبوئة: الإِسْكانُ، إِذْ يُضَادُّ الهِجْرَةَ: الإِسْكانُ)، (التبوِئَة)، (بَواء) یانی: یەكسانیی، ئنجا (بَوَّءَهُ) واتە: شوێنی بۆ خۆشكرد، (التَّبْوِئَة) لێرەدا بە مانای نیشتەجێ كردن دێ، چونكە پێچەوانەی كۆچكردن نیشتەجێ كردنە، كەسێ لەسەر ماڵ و حاڵ و نیشتیمانی هەڵدەقەنرێ، پێویستترین شت بۆی، ئەوەیە كە جێ و ڕێ و شوێنێكی هەبێ، تێیدا نیشتەجێ بێت، باری هەر لەسەر پشتی كەرێ نەبێ و، كۆڵی هەر لەسەر پشتی نەبێ، شوێنێك هەبێ تێیدا سوكنایی بۆ بێت و تێیدا ئارام بگرێ.

بەڵێ بۆیە خوا ﷻ ئەوەی باسكردوە، چونكە بۆ بابای كۆچكردوو، بۆ بابای ئاوارە و دەربەدەر، پێش هەموو شتێك جێی و ڕێ و ماڵ و حاڵە پێویستە، بۆیە باسی شتی دیكەی نەكردوە و بێگومان نیشتەجێكردن، شتەكانی دیكەشی بەدوا دێن، وەك خواردن و خۆراك و بەرگ و پۆشاك و دابینكرانی پێداویستییەكان.

٤- ﴿ وَلَأَجْرُ ٱلْآخِرَةِ أَكْبَرُ ﴾، واتە: پاداشتی دواڕۆژیش گەورەترە، بە دڵنیایی پاداشتی دواڕۆژ ڕەزامەندیی خوایە و بەهەشتی خوایە.

٥- ﴿ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴾، ئەگەر زانیبایان یانی: ئەگەر بڕواداران ئەوە بزانن، هەڵبەتە بڕواداران بە كورتیی دەزانن كە بەهەشت خۆشترە لە دنیا، بەڵام بێگومان جگە لەوەی كە خوا بە وەحیی پێیان ڕادەگەیەنێ، وردەكارییەكانی نازانن، بۆیە ئەگەر زانیبایان وەك خۆی بەهەشتیان ناسیبایە، وەڵامی ئەگەر (لَوْ) قرتێنراو (**محذوف**)ە، یانی: ئەگەر زانیبایان زۆر زۆر دڵخۆش دەبوون، یاخود ئەگەر زانیبایان هیچ ئاویان لە كۆچكردن و، ئاوارە بوون نەدەخواردەوە، لە پێناوی خوادا.

واتایەكی دیكەی ﴿ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴾، ئەگەر بێبڕوایەكانیش زانیبایان بەهەشت چەند خۆشە (**لَفَعَلُوا مَا فَعَلَهُ المُؤْمِنُون**) ئەوانیش ئەوەیان دەكرد كە بڕواداران كردوویانە، كە بریتیە لە ئیمان هێنان و بەندایەتیی ئەنجامدان بۆ خوا و پابەندیی بە شەریعەتی خواوە.

ئنجا دوایی پێناسەی ئەوانەمان بۆ دەكات كە كۆچ دەكەن لە پێناوی خوادا، دەفەرموێ:

٦- ﴿ ٱلَّذِينَ صَبَرُوا۟ ﴾، واتە: ئەوانەی كە خۆیان ڕاگرتوە، خۆڕاگر بوون، لەسەر چی خۆڕاگر بوون ؟! لەسەر سەختییەكان، لەسەر كۆسپ و تەگەرەكان كە دێنە ڕێیان لەبەردەم كۆچكردن و نیشتمان بەجێهێشتندا، كە پێش هەموو شتێك:

www.alibapir.net

١- خۆشەویستیی نیشتمان و ماڵ و حاڵە.

٢- ئنجا خۆشەویستیی کەسوکارە.

٣- هەروەها خۆشە ویستیی ئەو بەرژەوەندییانەیە کە لەوێن، توانیویانە خۆڕابگرن و چاوپۆشیی لەوانە هەموویان بکەن، دیسان ئەو مەترسییانەی کە دێنە ڕێیان، بەنسبەت ئەو شوێنەی کە بۆی دەچن: ئایا

١) دەبێ شوێنیان دەستبکەوێ و لەوێ جێی حەوانەوەیان هەبێ؟

٢) دەبێ کارو کەسابەتیان هەبێ ؟

٣) دەبێ بژیویان بۆ دابین بکرێ ؟

٤) دەبێ ماڵ و منداڵیان چی لێبێ ؟

لەسەر هەموو ئەوانە خۆیان ڕاگرتوە.

٧- ﴿ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴾، واتە: تەنها پشتیشیان بە پەروەردگاریان دەبەستن.

وشەی (**صبروا**) بە کرداری ڕابردوو هاتوە، چونکە کۆچکردنەکە تێپەڕیوە، کارێك بووە پێی هەڵساون و تێپەڕیوە، بەڵام پشت بە خوا بەستنەکە بە کرداری (**مضارع**) هاتوە کە ئێستا و داهاتوو دەگەیەنێ، چونکە بۆ لەمەودوا کە دێ، پێویستییان بە پشت بە خوا بەستن هەیە، بۆ تەحەممولکردنی ئەو ئازار و ناڕەحەتییانەی کە دێنە ڕێیان، وەك زۆرجار گوتوومانە: کاتێك (**جارّ و مجرور**) پێش (**فعل و فاعل**)دەکەون، ئەمە کورت هەڵهێنان دەگەیەنێ: ﴿ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴾، وەك: ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ۝ ﴾، واتە: هەر تۆ دەپەرستین و یارمەتیی بەس لە تۆ دەخوازین، لێرەشدا یانی: پشتیان بەس بە پەروەردگاریان دەبەستن.

هەڵبەتە ئەم ئایەتە ئاماژەیە بە کۆچی مسوڵمانان، بە پلەی یەکەم بۆ (حەبەشە)، چونکە دووجاران کۆچکردنی مسوڵمانان ئەنجامدرا بۆ حەبەشە، جارێك بە ژمارەیەکی کەم چوون، جارێکی دیکە بە ژمارەیەکی زیاتر چوون، وەك لە (**السيرة النبوية**)دا باسکراوە[1]، دەشگونجێت ئاماژەش بێت بە کۆچکردنی مسوڵمانان بۆ (**يثرب**)، کە دوایی ناوی لێنرا

---

(١) التحرير والتنوير ج١٤، ص١٥٦.

www.alibapir.net

مەدینە، هەرچەندە ئەوە لە دوا دوای قۆناغی مەککەدا بوو، بۆیە زیاتر وا پێدەچێت ئاماژەبێ بە کۆچکردنی مسوڵمانان بۆ حەبەشە کە دووجاران ئەنجامدراوە و، هەندێکیان وەك جەعفەری کوڕی ئەبوو طاڵیب و ژمارەیەك، تاکو گرتنی خەیبەر هەر لەوێ بوون، هەتا لەو ڕۆژەدا کە گەڕانەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (**لا أدري بأيِّما أُسَرّ بفَتحِ خَيْبَرَ أو بقُدُومِ جَعْفَر**) واتە: نازانم بە کامیان دڵخۆش بم، یان دڵخۆشتربم، بە گرتنی خەیبەر، یان بە هاتنی جەعفەر!

(خەیبەر) چەند قەڵایەکی جوولەکەکانی لێبووە، ئەو جوولەکانە خەنجەرێکی ژەهراوی بوون، هەمیشە لە پشتەوەڕا لە مسوڵمان دەدران و، هەر دوژمنێکی مسوڵمانان پەیدا بووبایە، ئەوانە کەین و بەینیان لەگەڵ دا دەکرد، ئیدی سەرەنجام سزای غەدر و پەیمان شکێنیی خۆیان وەرگرت و، شوێنەکەیان گیرا، ئنجا لەو ڕۆژەدا جەعفەری کوڕی ئەبی طاڵیبیش خوا لێی ڕازیبێ، لەگەڵ ژمارەیەك لەو مسوڵمانانەی کە لە حەبەشە بوون چەند ساڵ بوو لەوێ بوون، پێکەوە هاتنەوە بۆیە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: نازانم بە کامیان دڵخۆشبم: بە هاتنەوەی جەعفەر و هاوەڵەکانی، یاخود بە گرتنی خەیبەر و ئەو قەڵایانەی کە جوولەکەکان تێیاندا بوون[١].

(١) لە تەفسیری سوورەتی (الفتح)دا، بەدرێژیی باسی جەنگی خەیبەرمان کردوە لەبەر ڕۆشنایی (السيرة النبوية لابن هشام)دا، ئەو جەنگەش لە ساڵی حەوتەمی کۆچیی دا بووە، دوای پێکهاتنی حودەیبییە (صلح الحديبية) لە ساڵی شەشەمی کۆچیی دا.

www.alibapir.net

مەسەلەی پێنجەم:

خـوا ﷻ پێـش موحەممـەد ﷺ تەنیـا پیـاوانی بـە پێغەمبـەر نـاردوون و، ئەوانیـش بـە موعجیـزەو کتێبـەوە هاتـوون و، هـەر کـەس لـە زانایـانی کتێبـە پێشـووەکان بپرسـێ، لـەوە دڵنیا دەبـێ کـە خـوا ﷻ تەنیا پیاوانی وەك پێغەمبـەر ڕەوان کـردوون، ئەوانیـش بـە بەرنامـەوە و بـە موعجیـزەو بەڵگـەوە هاتـوون:

خـوا فەرموویـەتی: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِمۡۚ فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٤٣ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلزُّبُرِۗ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ٤٤﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١- کە دەفەرمویّ: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ إِلَّا رِجَالٗا﴾، واتە: لە پێش تۆدا بەس پیاوانمان ڕەوان کردوون، یانی: ڕەوانمان کردوون وەك پێغەمبەر ﷺ، کە پەیامی خوا بگەیەنن.

بێگومـان ئەمـە وەڵامـی کافـر و هاوبـەش بـۆ خـوا دانەرەکانـە، کـە هەمیشـە بیانووێـکی حـازر بەدەسـتیان ئـەوە بـووە: بۆچـی خـوا فریشـتان نانێـرێ ؟! وەك لە سـوورەتی (**الأنعـام**)دا، - کـە پێشـتر تەفسـیرمان کـردوە - و ژمارەیـەك لـە سـوورەتەکانی قورئاندا، ئـەوە دووبـارە بۆتەوە، بـۆ وێنـە: لـە سـوورەتی (**الإسراء**) و لـە سـوورەتی (**الکهـف**) دا، کافـرەکان یەکێـك لـە بیانـووە بەهێزەکانیـان ئـەوە بـووە، کـە: بۆچـی خـوا فریشـتەیەکی نەنـاردوە، وەك نوێنـەری خـۆی، وەك گەیەنـەری پەیـام و بەرنامـەی خـۆی، خـوای پەروەردگاریـش لـە هەمـوو شـوێنەکاندا وەڵامـی داوەتـەوە، بـۆ وێنـە:

لـە سـوورەتی (**الأنعـام**)دا دەفەرمـوێ: ﴿وَلَوۡ جَعَلۡنَٰهُ مَلَكٗا لَّجَعَلۡنَٰهُ رَجُلٗا وَلَلَبَسۡنَا عَلَيۡهِم مَّا يَلۡبِسُونَ ٩﴾، واتـە: ئەگـەر ئـەو پێغەمبەرەمـان کـە دەینێریـن، کردبامـان بـە فریشـتە، ئەگـەر فریشـتەمان ناردبووایـە، دەبـوو کردبامـان بـە پیاوێـك، واتـە: دەبـوو هێنابامانە سـەر شـکڵی پیاوێـك (مـرۆڤ)، ئەگەرنـا مـرۆڤ ناتوانێـت فریشـتەکان ببینـێ، فریشـتەکان و جنـدەکان لەگەڵمانـن، بـەڵام ئێمـە نایانبینیـن، ئـەو ماددەیـەی کـە ئـەوان لێـی دروسـتبوون،

www.alibapir.net

لە سەرووی هەستەکانی ئێمەوەیە و ئێمە ناتوانین بیانبینین، بۆ نموونە: دەربارەی (جینن) خوا لە سوورەتی (الأعراف) دا - ٢٧ - دا، دەفەرموێ: ﴿ إِنَّهُۥ يَرَىٰكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُۥ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ ﴾، واتە: (ئیبلیس) خۆی و، کۆمەڵەکەی دەتانبینن لە شوێنێکەوە، بە شێوەیەك کە ئێوە ناتوانن ئەوان ببینن.

بە نسبەت فریشتەکانیشەوە بە هەمان شێوە، خوا دەفەرموێ: ئەگەر بە نوێنەری خۆمانمان فریشتەیەکیشمان ناردبایە، هەردەبوو کردبامان بە پیاوێك و هێنابامانە سەر شکڵی مرۆڤێکی پیاو، ﴿ وَلَلَبَسْنَا عَلَيْهِم مَّا يَلْبِسُونَ ﴿٩﴾ ﴾، واتە: ئەو کاتەش لێمان تێکەڵ دەکردن ئەوەی لە خۆیانی تێکەڵ دەکەن.

(لَبَسَ، يَلبِسُ) واتە: (خَلَطَ، يَخلِطُ)، واتە: تێکەڵی کرد، تێکەڵی دەکات، کە ئەمە جیایە لە (لَبِسَ، يلْبَسُ)، واتە: پۆشی، دەیپۆشێ، (هەژار) لە تەفسیرە کوردییەکەی خۆیدا - وەك لە سوورەتی (الأنعام)دا ئاماژەمان پێداوە - لە تەفسیرکردنی ئەم ئایەتەدا بە هەڵەدا چووە، کە وایزانیوە (لَبِسَ - يلبَسُ) یە، گوتوویەتی: پێمان دەپۆشین کە ئەوەی بۆخۆیان دەیپۆشن! بەڵام نا، چونکە ئەمە (لَبَسَ، يَلبِسُ)یە یانی: (خَلَطَ، يَخْلِط) واتە: لێمان تێکەڵ دەکردن ئەوەی لەخۆیانیان تێکەڵ کردوە، واتە: ئەو کاتە ئەو فریشتەیەی کە چۆتە سەر شکڵی پیاوێك، گوتبای: من پێغەمبەری خوام و، فریشتەشم! دەیانگوت: نەخێر، تۆ فریشتە نی، تۆش پیاوێکی وەك ئێمە، چۆنیان زانیبایە فریشتەیە ؟! لێیان تێکەڵ دەبوو !

٢- ﴿ نُّوحِىٓ إِلَيْهِمْ ﴾، واتە: سروشیان بۆ دەکەین، نیگایان بۆ دەنێرین، پەیامی پەنهانیان بۆ دەنێرین، ئەمە خوێندنەوەی (حفص)ە، بەڵام هەموو قورئان خوێنەکانی دیکە، ئاوایان خوێندوەتەوە: (يُوحى إِلَيْهِم) واتە: سروشیان بۆ دەکرێ، پەیامیان بۆ دەنێردرێ، سەرچاوەکەشی دیارە لە خواوە ﷻ بۆیان دێ.

٣- ﴿ فَسْـَٔلُوٓا۟ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾، واتە: لە ئەهلی زیکر بپرسن، ئەگەر نازانن، ئەهلی زیکر، واتە: ئەوانەی کە زیکری خوایان لەبەردەستە، (ذِكر) بە کتێب و بەرنامەی خوا دەگوترێ، کە ڕاستییەکان دەخاتەوە بیر مرۆڤ، یاخود شەڕەف و ناو و ناوبانگە بۆ مرۆڤ، ئەگەر بڕوای پێ بێنێ، بۆیە: (فَسْـَٔلُوٓا۟ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ: أي أَهْل الكِتَابِ) واتە: لە خاوەن کتێبەکان بپرسن.

یاخود زیکر لێرەدا بە مانای قورئانە، واتە: لە ئەهلی قورئان بپرسن، ئەوانەی لە قورئان شارەزان، لە زانایان بپرسن، ﴿ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾، ئەگەر نازانن، لێیان بپرسن پێتان دەڵێن: کە ڕاستە خوا لە ڕابردووشدا تەنیا لە نێو مرۆڤاندا پێغەمبەرانی ڕەوانە کردوون،

www.alibapir.net

هەر لە ئادەمەوە تاكو خاتەم صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر هەموو پێغەمبەرانی خوا بێ، هەموویان مرۆڤ بوون و، لە نێو مرۆڤانیشدا پیاو بوون و ئافرەت نەبوون.

٤- ﴿ بِٱلۡبَیِّنَٰتِ وَٱلزُّبُرِۗ ﴾، واتە: بە بەڵگە ئاشكراكان و بە كتێبەكانیشەوە.

(بَیّنات) كۆی (بَیِّنة)یە، كە بەڵگەیەكی ڕوون و ئاشكرای وایە ئیقناعكەر و ئیلزامكەر بێ بۆ بەرانبەر.

(زُبُر) كۆی (زَبُور)ە، (زَبَرَ الكِتَاب) واتە: نووسیەوە، بەڵام بە خەتێكی درشت، یاخود بە وشەیەكی درشت و گەورە، هەر چۆن بێت (زُبُر) كۆی (زَبُور)ە، كە بە مانای (كِتَاب) دێ، واتە: شتێك كە نووسرابێتەوە.

كەواتە: هەموو پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) هەم بەڵگە و موعجیزەیان پێ بووە و بۆ چەسپاندن (إِثْبَاتِ)ی دەعوای پێغەمبەرایەتیی خۆیان، هەم كتێب و بەرنامەشیان پێ بووە.

ئەمە سێ ڕاستیی گرنگی لێ وەردەگیرێن:

ڕاستیی یەكەم: لە پێش تۆشدا هەر پیاوانی (مرۆڤ) پێغەمبەر بوون و، فریشتەكان پێغەمبەر نەبوون!

ڕاستیی دووەم: ئافرەتان بەشیان لە پێغەمبەرایەتیی دا نەبووە، لەبەر ئەوە نا كە خوا ﷻ لایەنگیریی بەلای پیاواندا كرد بێ! چونكە خوا ﷻ بۆخۆی نە نێرە و، نە مێیە: ﴿ قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ لَمۡ یَلِدۡ وَلَمۡ یُولَدۡ ۝٣ وَلَمۡ یَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ۝٤ ﴾الإخلاص، واتە: بڵێ ئەو خوایە، تاكە، خوایە، جێی نیاز و بێنیازە، كەسی لێ نەبووە و لە كەسیش نەبووە، هیچ كەسیش هاوتای نیە.

﴿ لَیۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَیۡءٌۖ... ۝١١ ﴾الشوری، واتە: هیچ شتێك وەك وێنەی وی نیە.

﴿ وَمِن كُلِّ شَیۡءٍ خَلَقۡنَا زَوۡجَیۡنِ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ۝٤٩ ﴾، واتە: هەرچی شتە هەمووی جووتی هەیە، لە ماددەی بێ ژیانەوە، لە گەردیلەوە كە بارگەی سارد و گەرمی هەیە، ئەلیكترۆن و پرۆتۆن، هەتا ڕووەك و هەموو دروستكراوەكانی خوا، هەمووی جووتە، ئاسمان و زەوی، دنیا و دواڕۆژ، بەهەشت و دۆزەخ، سەرما و گەرما، سەرو و خوار، گەورە و بچووك، هەمووی جووتە، تەنیا خوا ﷻ تاكە.

كەواتە: لەبەر ئەوە نەبووە كە خوا ﷻ ڕەگەزی پیاوان بە باشتر دابنێ و، بەرزی بكاتەوە بەسەر ڕەگەزی ئافرەتاندا، بەڵكو لەبەر ئەوەیە كە ئەركی پێغەمبەرایەتیی ئەركێكی قورس و

www.alibapir.net

گرانە و، خوا ﷻ ڕەچاوی باری پێکهاتەی جەستەیی و دەروونیی ئافرەتی کردوە و، ئەو ئەرکە سروشتییانەی کە دەبێ ئەنجامیان بدات و، بەخۆی نەبێت ئەنجام نادرێن، وەك ئەرکی دایکایەتیی و ئەرکی منداڵ هەبوون لە سك داو، منداڵ بەخێوکردن، لەگەڵ هەندێ تایبەتمەندیی دیکە، وەك: نەرم و ناسکیی جەستەی و دەنگی و، زاڵبوونی عاتیفە و سۆزی و... هتد، ئەوانە هەموو وایانکردوە کە ئەو ئەرکە قورسە بە ئافرەتان نەسپێردرێ، لەبەر ئەوە کە خوا ﷻ یەکێ لە سیفەتەکانی بریتیە لە کاربەجێی، خوا کاری بێجێ ناکات، ئەگەر کەسێ توانای هەڵگرتنی ئەرکێکی نەبێ و پێی بسپێردرێ، مانای وایە، ئەوە شتێکی بێجێیە، ئەوەش لە خوا ناوەشێتەوە، بەڵام جگە لە وەحیی بۆ هاتن و ئەرکی پێغەمبەرایەتیی، هەموو پلەکانی دیکە ئافرەتان بڕیویانن، کە بەرزترینیان پلەی (صِدیقیة)یە خوای پەروەردگار دەربارەی مەریەم دایکی عیسا لە سوورەتی (المائدة)دا دەفەرموێ: ﴿ وَأُمُّهُۥ صِدِّيقَةٌۖ كَانَا يَأۡكُلَانِ ٱلطَّعَامَۗ ﴾ ، واتە: دایکی عیسا ﷺ (صدیقة) بووە، واتە: زۆر بڕوایەکی پتەوی هەبووە، یاخود زۆر زۆر ڕاست و ساغ بووە لەگەڵ خۆی و خوا و خەڵکدا.

ڕاستیی سێیەم: کتێبە پێشووەکان دەگونجێ بەهرەیان لێوەربگیرێ، بەپێی ئەم ئایەتە موبارەکە کە دەفەرموێ: ﴿ فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴾، دەگونجێ بۆ هەندێ بەرچاو ڕوونیی بەهرە وەربگرین لە کتێبە پێشووەکان، وەك لە سوورەتی (یونس)یشدا دەفەرموێ: ﴿ فَإِن كُنتَ فِي شَكّٖ مِّمَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ فَسۡـَٔلِ ٱلَّذِينَ يَقۡرَءُونَ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكَۚ لَقَدۡ جَآءَكَ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡمُمۡتَرِينَ ﴿٩٤﴾ ﴾، واتە: ئەگەر تۆ لە دوو دڵییدای لەوەدا کە بۆ تۆمان ناردۆتە خوار، لەوانە بپرسە کە لە پێش تۆدا کتێبیان پێدراوە، بێگومان لەلایەن پەروەردگاتەوە هەقت بۆ هاتوە، ئنجا تۆ لە دوو دڵان مەبە.

بەڵام بێگومان دەبێ بە وریایی بەهرە لە کتێبی پێشووەکان وەربگیرێ، بۆیە لە فەرمایشتێکی پێغەمبەر ﷺ هاتوە دەفەرموێ: {**لاَ تُصَدِّقُوا أَهْلَ الْكِتَابِ وَلا تُكَذِّبُوهُمْ**}[1]، واتە: بە خاوەن کتێبەکان مەڵێن ڕاست دەکەن، بە درۆشیان دامەنێن.

چونکە ئەگەر بڵێن ڕاست دەکەن و شتێکیان گوتبێ: وانەبووبێ، ئەوە گوناهبار دەبن، بشڵێن: درۆ دەکەن، شتێکیان گوتبێ: وابێ، دیسان گوناهبار دەبن.

کەواتە: لێیانگەڕێن وەك فەرموویەتی: {**حَدِّثُوا عَنْ بَنِى إِسْرَائِيلَ وَلاَ حَرَجَ**} (**أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ: ٣٦٦٢**)، واتە: قسە لە وەچەی ئیسرائیلەوە بگێڕنەوە (وەك زانایان وایان کردوە) هیچ

---

(١) {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، قَالَ: كَانَ أَهْلُ الْكِتَابِ يَقْرَءُونَ التَّوْرَاةَ بِالْعِبْرَانِيَّةِ وَيُفَسِّرُونَهَا بِالْعَرَبِيَّةِ لأَهْلِ الإِسْلاَمِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: لاَ تُصَدِّقُوا أَهْلَ الْكِتَابِ وَلاَ تُكَذِّبُوهُمْ، وَقُولُوا: آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْنَا، الآيَةَ} أَخْرَجَهُ الْبُخَارِي: ٤٢١٥.

www.alibapir.net

سەغڵەتییتان لەسەر نیە، بەڵام تەسلیمی هەموو قسەكانیان مەبن، هەروەها هەموو قسەكانیشیان ڕەفز مەكەن، بەڵكو دەبێ قسەكانی ئەوان لە مەحەكی قورئان بدرێن، پاشان لە مەحەكی عەقڵ و عیلم و زانست و واقعییش بدرێن، ئەوجار وەربگیرێن.

مەسەلەی شەشەم:

خوا زیكری بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ ناردوە، تاكو ئەوەی بۆ خەڵكی دابەزێنراوە، بۆیان ڕوون بكاتەوە، چۆن جێبەجێ دەكرێ؟ هەروەها دەبێ خۆشیان بیر بكەنەوە، بۆیان ڕوون بكاتەوە، واتە: خودی قورئانەكەیان بۆ بخوێنێتەوە و، بە ڕوونیی پێیان بگەیەنێ، هەروەها چۆنیەتی جێبەجێ كردنەكەشیان بۆ باس بكات و، خۆشیان بیر بكەنەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾﴾

شیكردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١- ﴿وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ﴾، واتە: زیكریشمان بۆ لای تۆ دابەزاندوە.

(**الذِّكر: الكَلَام الَّذِي مِنْ شَأْنه أَن يُذْكر أَي: يُتْلَى وَيُكَرَّر، وَالقُرْآنُ كِتَاب وَبَيِّنَة مَعَاً!**)، (**ذِكر**) فەرموودەیەكە كە بگونجێ باس بكرێ، یانی: بخوێنرێتەوە و دووبارە بكرێتەوە، ﴿وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ﴾، هەڵبەتە (زیكر)یش، قورئانە و، هەم شوێنی (**زبور**) دەگرێتەوە، هەم شوێنی (**بَيِّنات**)یش، چونكە قورئان لە یەك كاتدا هەم كتێبە، هەم بەڵگە و موعجیزەشە، بۆیە هی پێغەمبەرانی پێشوو، فەرموویەتی: بە بەڵگە گەل و كتێبانەوە هاتوون، ﴿بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلزُّبُرِ﴾، بەڵام بۆ موحەممەد ﷺ تەنیا باسی زیكری كردوە: ﴿وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ﴾، واتە: بیرخەرەوە و (**ذكر**)مان بۆ تۆ دابەزاندوە، چونكە پێویستییت بە بەڵگەی دیكە نیە، لەسەر پێغەمبەرایەتییت، جگە لە قورئان، كە قورئان گەورەترین بەڵگە و موعجیزەی موحەممەدە ﷺ بۆ ئیسپاتی پێغەمبەرایەتییەكەی، ئەگەرنا پێغەمبەری خوا ﷺ موعجیزەی دیكەی بوون، بەڵام ئەو موعجیزانەی دیكەی بەكارنەهێناون بۆ سەلماندنی ئەوە كە پێغەمبەری خوایە، بەڵكو بۆ مەبەستی دیكە، لەسەر دەستی پێغەمبەر ﷺ هەندێ شتی یاسادڕ (**خارق العادة**) پەیدا بوون، وەك لە كتێبەكانی سوننەت و سیرەدا هاتوون.

www.alibapir.net

٢- ﴿لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ﴾، واته: ئەو زیكرو كتێبەمان بۆ تۆ ناردۆته خوار، تاكو ئەوەی بۆ خەڵك دابەزێنراوه، بۆیان ڕوون بكەیەوه.

ئەمە دوو واتای هەن:

یەكەم: تەنیا خوێندنەوەی پێغەمبەر ﷺ بۆ قورئان بەو شێوەیەی كە لە جبریلی وەرگرتوه، ئەوه هەر بۆخۆی ڕوونكردنەوەی پێغەمبەره ﷺ بۆ قورئان: ﴿لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ﴾، واته: بۆیان بخوێنیەوه، بە شێوەیەكی وا كە مانا و واتایەكەی ڕوون و ڕۆشن بێ، چونكە چۆنیەتی قسەكردن و چۆنیەتی خوێندنەوەی دەقێك، زۆر كاریگەریی هەیە لەسەر ئەوەی چاك بفامرێ، یاخود بە پێچەوانەوه نەفامرێ، جاری وا هەیە قسەیەك كە دەكرێ، ئەگەر خاوەنەكەی زۆر ڕەوانبێژ (**بليغ**) و زمان پاراو (**فصيح**) بێ، هەر بە قسەكردنەكە، دەقی قسەكە كە دەكرێ و دەخوێنرێتەوه، بەرانبەرەكە لێی تێدەگات، بەبێ ئەوەی كە شەرح و ڕوونكردنەوەی لەسەر بدات.

دووەم: واتایەكی دیكەی: ﴿لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ﴾، واته: بۆیان ڕوون بكەیەوه ئەوەی كە بۆیان دابەزێنراوه، كە چۆن كاری پێ بكرێ و، چۆن جێبەجێ بكرێ ؟

بەڵام بۆچی دەبێ بەو دوو واتایە لێكی بدەینەوه ؟!

چونكە پێغەمبەر ﷺ ئەگەر خوا ﷻ ئەو ئەركەی پێ سپاردبایە كە قورئان هەموو ڕوون بكاتەوه، ئێمە ئێستا تەفسیری پێغەمبەرمان ﷺ دەبوو بۆ قورئان (**التفسير النَّبَوِي للقرآن الكريم**) كە ئێمە ئەوەمان لەبەر دەستدا نیه، بەڵام چیمان هەیە ؟! (**التَّطبيق النَّبَوِي للقرآن الكريم**) جێبەجێكردنی پێغەمبەر ﷺ بۆ قورئانی بەڕێز، ئەوەمان لەبەردەستە، كە دیارە ئەو ئەركەی بە پێغەمبەر ﷺ سپێردراوه، ئەو ئەركەی كە خوا پێی سپاردوه، ئەوەیە كە قورئان جێبەجێ بكات لەسەر ئەرزی واقیع و، ئەوەشی كردوه، بەڵام ئەگەر ئەوەی پێ سپاردبایە كە قورئان هەمووی تەفسیر بكات، بۆی تەفسیر دەكردین، بەڵام جگە لە چەند ئایەتێكی كەم بۆ هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێ، كە ئیشكالێكیان بۆ پەیدا بووه لەسەر چەمك و واتایان، پێغەمبەر ﷺ هیچ سوورەتێكی بە تەواویی لە قورئان تەفسیر نەكردوه، دابنیشێ بفەرمووێ: ئەم سوورەته ئەوه ماناكەیەتی، بەڵكو قورئان بۆخۆی ڕۆشنە، خوا ﷻ لە چەند شوێنان ئەوەی فەرمووه، بۆ وێنه:

أ/ لە سەرەتای سوورەتی (**الحجر**)دا كە دەفەرمووێ: ﴿الٓرۚ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ وَقُرۡءَانٖ مُّبِينٖ ١﴾.

ب/ لە سەرەتای سوورەتی (**النمل**)دا دەفەرمووێ: ﴿طسٓۚ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡقُرۡءَانِ وَكِتَابٖ مُّبِينٍ ١﴾.

www.alibapir.net

هەروەها لە چەند شوێنی دیکەش دا هاتوە، کەواتە: ئەوەی کە بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ هاتوە، هەم وەك خوێنراوە (**قرآن**) ڕوون و ئاشکرایە، هەم وەك نووسراو (**كتاب**) ڕوون و ئاشکرایە، هەم قورئانی (**مبين**)ە، هەم کیتابی (**مبين**)ە، یانی: هەم بە حاڵەتی خوێنراوەیی ڕوون و ڕۆشنە، هەم بە حاڵەتی نووسراوەیی.

وەڵامی پرسیارێك :

ئەگەر یەکێك بڵێ: ئەدی باشە بۆچی ئێستا تۆ قورئان تەفسیر دەکەی، مادام ڕۆشنە؟!

دەڵێین: قورئان ڕۆشنە بۆ خەڵکی خۆی، بۆ کەسانێك کە شارەزای زمانی عەرەبی بن و، بۆ کەسانێك کە هاودەم و هاوڕازی قورئان بن، واتە: نەك بۆ خەڵك بە گشتی، تەنها بۆ ئەهلی خۆی ڕۆشنە، یانی: پێویستیی بە پێغەمبەری خوا نیە ﷺ، هەمووی ڕۆشن بکاتەوە، ئەو شوێنانەی کە پێویست بوو بن، ئەو ڕۆشنی کردوونەوە، بەڵێ بە تەئکید قورئان بە گشتی بۆخۆی ڕۆشنە، بەڵام چۆنیەتی جێبەجێکردنەکەی بۆ ئێمە، پێویستیی بە ڕوونکردنەوە هەیە و، پێغەمبەریش ﷺ ئەوەی کردوە.

لێرەدا خوا ﷻ بەنسبەت دابەزاندنی قورئان بۆ پێغەمبەرەوە ﷺ دەفەرموێ: ﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ﴾، بەڵام بە نسبەت خەڵکەوە، دەفەرموێ: ﴿لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ﴾.

(وَأَنزَلۡنَآ) یانی: ڕاستەوخۆ بۆ پێغەمبەر ﷺ دابەزیوە و یەکسەریش لێی تێگەیشتوە، بەڵام بۆ خەڵك (لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ) ئەوەی بۆ خەڵك هاتوە، لە ماوەی (٢٣) ساڵی تەمەنی تۆدا، لە میانی ژیان و سیرەی تۆدا، قورئان بۆ خەڵك دابەزێنراوە، تۆش دەبێ پلە پلە و وردە وردە بۆیان ڕوون بکەیەوە.

٣- ﴿وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ﴾، واتە: بۆ ئەوەی خۆشیان بیر بکەنەوە، واتە هەر بیرکردنەوەی خۆشیان پێویستە بۆ ئەوەی چاك لە قورئان بەهرەمەند بن، یانی: خوا ئەو کتێبە، ئەو قورئانە، ئەو فەرمایشتەی خۆی ناردوە بۆ خەڵك، تاکو بیخوێننەوە و لێی تێبگەن و، بیری لێبکەنەوە و تێبڕامێنن.

www.alibapir.net

مەسەلەی حەوتەم:

ئەوانەی خەریکی پیلانگێڕانن، نابێ دڵنیابن کە خوا بە جۆرێك لە جۆرەکان سزایان نادات، بۆ وێنە: بە زەویدا بچنە خوار، واتە: خوا بە زەویی دا بیانباتە خوار و زەوی ڕۆبچێ، بێئەوەی هەست پێ بکەن، یان بەبێئەوەی هەست پێبکەن ئازار و سزایان بۆ بێ، یان لە کاتی هاتن و چووندا، بەڵایەکیان بۆ بێ، یاخود لە کاتی ترس و بیمدا، بەڵای ناگەهانیان بۆ بێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿أَفَأَمِنَ ٱلَّذِينَ مَكَرُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن يَخۡسِفَ ٱللَّهُ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضَ أَوۡ يَأۡتِيَهُمُ ٱلۡعَذَابُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿٤٥﴾ أَوۡ يَأۡخُذَهُمۡ فِي تَقَلُّبِهِمۡ فَمَا هُم بِمُعۡجِزِينَ ﴿٤٦﴾ أَوۡ يَأۡخُذَهُمۡ عَلَىٰ تَخَوُّفٖ فَإِنَّ رَبَّكُمۡ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٌ ﴿٤٧﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١- ﴿أَفَأَمِنَ ٱلَّذِينَ مَكَرُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ﴾، واتە: ئایا ئەوانەی پیلانان دەگێڕن دڵنیان، (**مَكروا السَّيئات: أَي مَكروا المَكْراتِ السَّيِّئات**) واتە: پیلانە خراپەکانیان گێڕاون، چونکە (ٱلسَّيِّـَٔاتِ) وەصفە بۆ وەصفکراوێکی قرتێنراو، (**صِفَةٌ لِمَوصُوفٍ مَحْذُوف**) کە بە پێی سیاق و سەلیقە دەزانرێ.

بۆیەش (**المَكْرات**) ڕاناوی مێینەی بۆ بەکارهێنراوە: ﴿مَكَرُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ﴾، تاکو مانای خەسڵەت بگەیەنێ، وەك (**الغَدْرَة**) بۆ غەدر (**هَـذِهِ غَدْرَةُ فُلاَنٍ**) غەدر، واتە: پەیمان شکێنیی.

لە چی دڵنیابوون ؟

٢- ﴿أَن يَخۡسِفَ ٱللَّهُ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضَ﴾، واتە: ئایا دڵنیان لەوەی کە خوا بە زەوییاندا بەرێتە خوار، یان زەوییان لەبندا ڕۆبچوێنێ، (**الخَسْفُ التَّغِييبُ فِي الأَرْض**) (**خَسْف**) یانی: ونکردن لە زەویدا، دەگوترێ: (**إِنْخَسَفَ): غَارَ، يَغُورُ، غَوْراً**) ڕۆچوو (**خَسَفَ: اللَّهُ بِهِ الأَرضَ: غَيَّبَهُ فِيهَا**) خوا لە زەویدا ونی کرد، (**خَسَفَ هُوَ فِي الأَرضِ**) واتە: بە زەویدا چووە خوار، (**خُسِفَ بِهِ**) واتە: بە زەویدا ڕۆچوێنرا، یانی: لە زەویدا ونکرا و پەنهانکرا و و خرایە ناخی زەوییەوە، ئایا لەوە دڵنیان خوا بە ناخی زەوییاندا بباتە خوار!

www.alibapir.net

٣- ﴿أَوْ يَأْتِيَهُمُ ٱلْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ﴾، واته: یاخود ئایا دڵنیان لەوە کە سزا و ئازاریان بۆ بێ، بەبێئەوەی هەستی پێبکەن، چەندان جۆرە نەخۆشیی و، بەڵا و، گرفتاریی هەیە.

٤- ﴿أَوْ يَأْخُذَهُمْ فِي تَقَلُّبِهِمْ﴾، واته: یان ئایا دڵنیان لەوە کە لە کاتی هاتن و، چوون و، هەڵسوڕ و داسووڕیاندا، بیانگرێ! (**التَقَلُّبُ: السَّعِيُ فِي شؤُونِ الحَياة**)، (**تقلُّب**): هەوڵدانە لە کاروبارەکانی ژیاندا، ئایا دڵنیان کە لە کاتی هاتن و چوون و هەڵسوکەوتیاندا، خوا بیانگرێ، (**الأَخْذُ: مُستعَارٌ للإهْلاَك**)، وشەی: (**أَخْذ**) یانی: گرتن، لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ فەوتاندن.

٥- ﴿فَمَا هُم بِمُعْجِزِينَ﴾، واته: ئەگەر خوا لە کاتی هاتن و چوون و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیاندا بیانگرێ و سزایان بدا و بیانفەوتێنێ، ئەوان دەستەوستانکەر نین، دەگوترێ: (**أَعْجَزَهُ: أَي: جَعَلَهُ عَاجِزاً**)، واته: بەرانبەرەکەی دەستە پاچەکرد و بێ توانای کرد، هەروەها دەگوترێ: (**أَعْجَزَهُ، أَي: فَاتَهُ وَسَبَقَهُ**)، لە دەستی دەرباز بوو، ڕۆیشت و بۆی نەگیرا.

٦- ﴿أَوْ يَأْخُذَهُمْ عَلَىٰ تَخَوُّفٍ﴾، واته:

١/ ئایا دڵنیان کە لە کاتێکدا دەترسێن لە حاڵەتی ترسان و دڵەڕاوکەدا، خوا بیانگرێ و سزایان بدات.

یاخود وشەی (**تَخَوّفُ**) بە مانای (**تَنَقُّص**)ە، واته: کە خوا لە حاڵێکدا بیانگرێ کە بەهۆی نەخۆشیی و، هەژاریی و، نەداریی و، بەڵا و گرفتارییەوە، وردە وردە لە کەمیی دەدەن، پێش ئەوەی بە یەکجاریی لەبەینیان بەرێ.

٢/ یاخود لە حاڵێکدا لە کەمییان داوە، بڕە بڕە و، وردە وردە، ئنجا دوایە خوا یەکسەر بنەبڕیان بکات، دڵنیان لەوەی کە خوا لەو حاڵەتانەدا سزایان بدات !!

٧- ﴿فَإِنَّ رَبَّكُمْ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾، واته: بێگومان پەروەردگاری ئێوە زۆر بەپەرۆشە و، زۆریش بە بەزەییە، وەك زۆرجار گوتوومانە وشەی (**رَؤوف**) واته: (بە پەرۆش) کە زیان و خراپە لە بەندەکانی دوور بخاتەوە، (رَّحِيمٌ) واته: (بە بەزەیی) تاکو چاکە و سوودەکانیان بۆ بێنێ.

www.alibapir.net

مەسەلەی هەشتەم:

خـوا سـەرنجمان ڕادەكێشـێ كـە سـەرجەم دروسـتكراوەكانی خـوا، سـێبەرەكانیان بـەلای ڕاسـت و چەپـدا دەگۆڕێـن و، ملكەچانـە كڕنـووش بـۆ خـوا دەبـەن، هەروەهـا هەرچـی لـە ئاسـمانەكان و زەویدایـە لـە ژیانـدار و فریشـتان، كڕنـووش بـۆ خـوا دەبـەن و، خۆیـان لـە ئاسـتیدا بـە زل ناگـرن و لێـی دەترسـێن و فەرمانبەریـی بـۆ دەكـەن:

خـوا دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمْ يَرَوْا إِلَىٰ مَا خَلَقَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ يَتَفَيَّأُ ظِلَالُهُ عَنِ الْيَمِينِ وَالشَّمَائِلِ سُجَّدًا لِّلَّهِ وَهُمْ دَاخِرُونَ (٤٨) وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مِن دَابَّةٍ وَالْمَلَائِكَةُ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ (٤٩) يَخَافُونَ رَبَّهُم مِّن فَوْقِهِمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ۩ (٥٠) ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١- ﴿ أَوَلَمْ يَرَوْا إِلَىٰ مَا خَلَقَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ ﴾، واتە: ئایا سەرنجیان نەداوەتە هەر شتێك كە خوا دروستی كردوە، وشەی (يَرَى) بۆخۆی بۆ بەركار (**مفعول**) تێپەڕ (**تَعَدِّي**) دەكات، (**يَرَاهُ، رَأَى القَمَرَ، يَرَى القَمَرَ**) مانگەكەی بینی، مانگەكە دەبینێ، بۆیە وشەی (**رَأَى**) ئەگەر تەعەددای پێكرا بۆ بەركار (**مفعول**) بە (**إلى**) (**اقْتَضَى مَعْنَى النَّظَرِ المؤَدِّي إِلى الإِعْتِبَار**)، ئەوە مانایەك دەخوازێ كە بریتیە لە تەماشاكردنێك كە پەندی لێ وەربگیرێ، وەك لە سووڕەتی (**الفرقان**)دا دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَىٰ رَبِّكَ كَيْفَ مَدَّ الظِّلَّ... (٤٥) ﴾، واتە: ئایا سەرنجت نەداوەتە پەروەردگارت، چۆن سێبەری درێژكردۆتەوە، واتە: تاكو پەندی لێوەربگری، سەرنجێكی لێبدەی كە دەرس و پەندی لێوەربگری.

٢- ﴿ يَتَفَيَّأُ ظِلَالُهُ عَنِ الْيَمِينِ وَالشَّمَائِلِ ﴾، واتە: سێبەرەكەیان بە لای ڕاست و بە لای چەپەكانیاندا دەجووڵێ، (**التَفَيُّوء: تَفَعُّلُ مِنْ: فَاءَ الظِّلُّ فَيْئاً: عَادَ**)، (**فَاء: يَعْنِي: عَادَ**)، (**التفَيُّوء**)، (**تَفَعُّلَ**)ە، لە (**فَاءَ الظِلُّ، أَي: عَادَ الظِلُّ، رَجَعَ الظِلُّ**) سێبەرەكە گەڕایەوە.

(**أَبُـو عَمْـرو**) و (**يَعْقُـوب**) كـە دوو قوڕئـان خوێنـن، لـە حەوتـەكان، خوێندوویانەتـەوە: (**تَتَفَيَّأُ**) كـە هـەر یـەك واتایـان هەیـە، بـەڵام یەكیـان ڕانـاوی نێرینـەی خسـتۆتە سـەری و یەكێكیـان ڕانـاوی مێینـە، ئنجـا: (**التفيُؤ: التَنَقُّلُ مِنْ جِهَاتٍ**)، بریتیـە لـە گواسـتنەوە و جـێ گۆڕكـێ كـردن لـە لایەكانـەوە.

www.alibapir.net

هەڵبەتە لێرەدا، مەبەست تەنیا لای ڕاست و چەپ نیە، بەڵکو مەبەست هەموو لایەکانن، بەڵام ئەگەر ئینسان بەرەو قیبلە بوەستێ، کاتێك کە خۆرهەڵدێ، سێبەر دەکەوێتە لای ڕاستی و، ئەگەر ئاوابێ، دەکەوێتە لای چەپی، هەروەها ئەگەر بەرەو قیبلە ڕابوەستێ، لە کاتی خۆرئاوابووندا، خۆرەکە دەکەوێتە لای چەپی و، سێبەرەکە لەلای ڕاست دەدات.

زانایان ئەوەیان باسکردوە کە بۆچی لای ڕاستی بە تاك هێناوە و، لای چەپی بە کۆ هێناوە؟ کە ڕەنگە لە عادەتی زمانی عەرەبی وابێ و، بە زۆریی لەو حاڵەتانەدا بەو شێوەیە بەکاربێ، زانایان زۆر قسەیان لێکردوە لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە.

٣- ﴿سُجَّدًا لِّلَّهِ﴾، واتە: کڕنووش بردووانە بۆ خوا، واتە: سێبەرەکان کڕنووش بۆ خوا دەبەن، بۆچی بە کۆی هێناوە ؟! (**سُجَّداً**) کۆی (**ساجِد**)ە، چونکە (**ظِلاَل**)یش کۆی (**ظِلّ**)ە، (**ظِلاَل**) واتە: سێبەرەکان و (**ظِل**) سێبەرە، مادام سێبەرەکان کۆن، بە کۆش کڕنووش بۆ خوا دەبەن.

٤- ﴿وَهُمْ دَٰخِرُونَ﴾، واتە: ئەوان ملکەچن لەو کاتەدا، (**الدَّاخِر: الخَاضِع الذَّلِيل**) واتە: ملکەچێکی زەبوون، (**دَخَرَ، يَدخَرُ، دُخُوراً**) و (**دَخِرَ، يَدْخَرُ، دَخَراً: صَغُرَ وَذَلَّ**) بە هەردوو حاڵەتەکەی هەر بە مانای بچوك بوو، زەبوون بوو، ملکەچ بوو، دێ.

٥ و ٦- ﴿وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ مِن دَآبَّةٍ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ﴾، واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە لە ژیاندار و فریشتان، (دَآبَّةٍ) یانی: هەموو جۆرە ئاژەڵ و زیندەوەر و ژیاندارەکان و، (**الملائكة**)ش فریشتەکان هەموویان، واتە: هەرچی کە لە ئاسمان و زەویدایە، لە ژیانداران و لە فریشتان، کڕنووش بۆ خوا دەبەن.

٧- ﴿وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ﴾، واتە: خۆشیان بە زل ناگرن، واتە: بە پێچەوانەی هاوبەش بۆ خوادانەرەکان و خۆ بەزلگرەکانەوە، ئەوانە خۆ بەزل ناگرن، بەڵکو لە بەرانبەر خوادا ملکەچن و، داماون و خۆیان بە بچووك پیشان دەدەن، کە هەر بچووکیشن، بەدیهێنراو لە بەرانبەر بەدیهێنەردا هەر بچووکە، چونکە بوونەکەی ئەو پێیداوە و، ئەویش بەردەوامی دەکات و، هەر کاتێکی ویستی لە بەینی دەبات.

٨- ﴿يَخَافُونَ رَبَّهُم مِّن فَوْقِهِمْ﴾، واتە: لە پەروەردگاریانەوە دەترسێن لە سەروویانەوە.

لە سەرووویانەوە:

أ/ یانی: (**فَوْقِيَّةً تَلِيقُ بِهِ**) لە سەروو بوونێك، کە شایستەیە بۆ خوا.

www.alibapir.net

ب/ یاخود (**فَوْقِية تَصَرُّفٍ وتَسَلُّطٍ**) واتە: لە ڕووی مەعنەوییەوە، خوا لە سەروویانەوە باڵادەستە.

٩- ﴿وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ﴾، واتە: هەرچی فەرمانیان پێ بکرێ، ئەنجامی دەدەن، یانی: سەرپێچیی و لاملیی لەواندا نیە.

هەڵبەتە لە زۆر شوێنی قورئاندا، خوا ﷻ ئەو ڕاستییەی بەیان کردوە، بۆ وێنە:

١/ لە سوورەتی (**الرعد**)دا دەفەرموێ: ﴿وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَظِلَالُهُم بِالْغُدُوِّ وَالْآصَالِ ﴿١٥﴾﴾، واتە: هەر کەس لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، کڕنووش بۆ خوا دەبات، بە پێخۆشبوون و بە پێناخۆشبوون، چار و ناچار، هەروەها سێبەرەکانیشیان بە بەیانیان و ئێواران کڕنووش بۆ خوا دەبەن.

٢/ هەروەها لە سوورەتی (**الحج**)دا دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَسْجُدُ لَهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الْأَرْضِ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ وَالنُّجُومُ وَالْجِبَالُ وَالشَّجَرُ وَالدَّوَابُّ وَكَثِيرٌ مِّنَ النَّاسِ ۖ وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيْهِ الْعَذَابُ ۗ وَمَن يُهِنِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن مُّكْرِمٍ ۚ إِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ ۩ ﴿١٨﴾﴾، واتە: ئایا سەرنج نادەی کە هەر کەس لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، کڕنووش بۆ خوا دەبات، هەروەها خۆر و مانگ و ئەستێرەکان و، چیاییەکان و دار و درەخت و ژیانداران و، زۆرێك لە خەڵکیش و، زۆرێکیش سزای خوایان لەسەر پێویست بووە و، هەر کەسێکیش خوا سووکی بکات، هیچ ڕێز بۆ پەیداکەرێکی نابێ.

ئایا دروستکراوەکان بەچی سووك دەبن؟ بێگومان بە لادانیان لە فەرمانی خوا، کەواتە: هەر کەسێك دەیەوێ لەلای خوا ڕێز و حورمەتی هەبێ، با بەینی لەگەڵ خوادا چاك بێ و، بەندەی چاك بێ و بۆ خوا و ملکەچبێ، بۆ خاوەنی خۆی ملکەچ بێ، کە بەتەئکید ئەوە سەربەرزیەتی لە دنیا و دواڕۆژدا، کە مەبەست پێی جند و مرۆڤەکانە، ئەگەرنا دروستکراوەکانی دیکە، هیچیان ناتوانن سەرپێچیی خوا بکەن و، هیچیان ناتوانن لەو ڕێیەی کە خوا بۆی داناون، لابدەن.

www.alibapir.net

دەرسی پێنجەم

www.alibapir.net

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان چـوارده (١٤) ئايـەت دەگرێتـە خـۆی، ئايەتـەكانی: (٥١ - ٦٤)، تـەوەری سـەرەكیی ئـەم چـوارده ئايەتـەش، خـوا بەيەكگرتـن و يەكتايـی خوايـە، لـە پەرسـتران دا و، بەرپەرچدانـەوەی هەنـدێ بيـر و بۆچـوون و هەڵوێسـتی هەڵـە و پووچـی هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەران و بێبڕوايەكانـە، لـە مامەڵەيـان لەگـەڵ خـوای بـەرز و مـەزن و بـێ وێنـە و هاوەڵـدا.

لـە كۆتايـی دا خـوا ئـەو ڕاستييە مەزنـە ڕادەگەيەنـێ: كـە تەنيـا بـۆ ئـەوە كتێـب (قوڕئـان)ی بـۆ پێغەمبـەری خاتـەم موحەممـەد ﷺ دابەزانـدوە، تاكـو ئـەوەی خەڵـك تێيـدا كەوتوونە كێشـە و ڕاجياييـەوە، واتـە: بێبـڕوا و هاوبـەش بـۆ خوادانەرانـەكان، لەگـەڵ بڕوادارانـدا، ئەوەيـان بـۆ ڕوون بكاتـەوە و، تاكـو بشـبێتە ڕێپيشـاندەر و ڕێنمايـی و، مايـەی بەزەيـی خـوا بـۆ بـڕواداران.

﴿ وَقَالَ ٱللَّهُ لَا تَتَّخِذُوٓاْ إِلَٰهَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِۖ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ فَإِيَّٰيَ فَٱرۡهَبُونِ ﴿٥١﴾ وَلَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلۡأَرۡضِ وَلَهُ ٱلدِّينُ وَاصِبًاۚ أَفَغَيۡرَ ٱللَّهِ تَتَّقُونَ ﴿٥٢﴾ وَمَا بِكُم مِّن نِّعۡمَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِۖ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ
فَإِلَيۡهِ تَجۡـَٔرُونَ ﴿٥٣﴾ ثُمَّ إِذَا كَشَفَ ٱلضُّرَّ عَنكُمۡ إِذَا فَرِيقٞ مِّنكُم بِرَبِّهِمۡ يُشۡرِكُونَ ﴿٥٤﴾ لِيَكۡفُرُواْ
بِمَآ ءَاتَيۡنَٰهُمۡۚ فَتَمَتَّعُواْ فَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ﴿٥٥﴾ وَيَجۡعَلُونَ لِمَا لَا يَعۡلَمُونَ نَصِيبٗا مِّمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡۗ تَٱللَّهِ
لَتُسۡـَٔلُنَّ عَمَّا كُنتُمۡ تَفۡتَرُونَ ﴿٥٦﴾ وَيَجۡعَلُونَ لِلَّهِ ٱلۡبَنَٰتِ سُبۡحَٰنَهُۥ وَلَهُم مَّا يَشۡتَهُونَ ﴿٥٧﴾
وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِٱلۡأُنثَىٰ ظَلَّ وَجۡهُهُۥ مُسۡوَدّٗا وَهُوَ كَظِيمٞ ﴿٥٨﴾ يَتَوَٰرَىٰ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ مِن سُوٓءِ مَا
بُشِّرَ بِهِۦٓۚ أَيُمۡسِكُهُۥ عَلَىٰ هُونٍ أَمۡ يَدُسُّهُۥ فِي ٱلتُّرَابِۗ أَلَا سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ ﴿٥٩﴾ لِلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ
بِٱلۡأٓخِرَةِ مَثَلُ ٱلسَّوۡءِۖ وَلِلَّهِ ٱلۡمَثَلُ ٱلۡأَعۡلَىٰۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٦٠﴾ وَلَوۡ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِظُلۡمِهِم
مَّا تَرَكَ عَلَيۡهَا مِن دَآبَّةٖ وَلَٰكِن يُؤَخِّرُهُمۡ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗىۖ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمۡ لَا يَسۡتَـٔۡخِرُونَ سَاعَةٗ
وَلَا يَسۡتَقۡدِمُونَ ﴿٦١﴾ وَيَجۡعَلُونَ لِلَّهِ مَا يَكۡرَهُونَ وَتَصِفُ أَلۡسِنَتُهُمُ ٱلۡكَذِبَ أَنَّ
لَهُمُ ٱلۡحُسۡنَىٰۖ لَا جَرَمَ أَنَّ لَهُمُ ٱلنَّارَ وَأَنَّهُم مُّفۡرَطُونَ ﴿٦٢﴾ تَٱللَّهِ لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٖ مِّن قَبۡلِكَ

www.alibapir.net

فَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَعۡمَٰلَهُمۡ فَهُوَ وَلِيُّهُمُ ٱلۡيَوۡمَ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿٦٣﴾ وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ
ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّا لِتُبَيِّنَ لَهُمُ ٱلَّذِي ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴿٦٤﴾﴾.

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{هەروەها خوا فەرمووی: با دوو پەرستراوتان نەبن، تەنیا یەك پەرستراو (ی ڕاست) هەیە (کە خوایە)، دەجا با هەر ترس و لەرزتان بەرانبەر من هەبێ ﴿٥١﴾ هەروەها ئەو (خوا) خاوەنی هەرچییەکە کە لە ئاسمان و زەوی دایە و، ملکەچیی بەردەوام هەر بۆ وییە، ئایا پارێز لە جگە لە خوا دەکەن؟ ﴿٥٢﴾ هەر چاکە و خۆشییەکیشتان هەیە هەر لە خواوەیە، ئنجا هەر کات زیان و ناڕەحەتییەکیشتان تووش بوو، بەس پەنا بۆ وی دەبەن و، لەبەری دەکڕووزێنەوە ﴿٥٣﴾ ئنجا هەر کات گرفت و ناڕەحەتییەکەی لێ لابردن، یەکسەر کۆمەڵێکتان هاوبەش بۆ پەروەردگاریان دادەنێن ﴿٥٤﴾ با سپڵەیی بکەن بەرانبەر بەوەی پێمان داون و، ڕابوێرن لەمە ودوا دەزانن (چەند بەهەڵە داچوو بوون) ﴿٥٥﴾ بەشێکیش لەوەی پێمان داون، بۆ شتانێك دادەنێن کە (بە پەرستراویان گرتوون و)، زانیارییان پێیان نیە، بە خوا لەو درۆ هەڵبەستنەتان لێتان دەپرسێتەوە ﴿٥٦﴾ هەروەها (ئەو هاوبەشدانەرانە) کچان بۆ خوا دادەنێن - پاکیی بۆ وی - بۆ خۆشیان ئەوەی ئارەزوویانە (دایدەنێن کە کوڕانن) ﴿٥٧﴾ هەر کاتێکیش یەکێکیان موژدەی مێینەی پێدرا، بە پێش خواردنەوەوە ڕووی ڕەش هەڵدەگەڕێ ﴿٥٨﴾ بەهۆی ئەو موژدە خراپەوە کە پێدراوە، خۆی لە خەڵکەکەی دەشارێتەوە (سەراسیمەیە) ئایا بە ڕیسوایی بیهێڵێتەوە، یان ژێر خۆڵی بکات؟ ئاگاداربن! ئەوە خراپترین بڕیارە دەیدەن ﴿٥٩﴾ ئەوانەی بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نیە، حاڵ و سیفەتی خراپیان هەیە و، خواش سیفەت و حاڵی هەرە بەرزی هەیە و، ئەو زاڵی کارزانە ﴿٦٠﴾ ئەگەر خوا بەو ستەم و خراپەیەی هەیانە، خەڵکی سزادابایە، ژیانداری لەسەر (زەمین) نەدەهێشت، بەڵام بۆ کاتێکی دیارییکراو دوایان دەخات، ئنجا هەر کات کاتی لەبەینچوونیان هات، نە کاتێکی کەم دوادەکەوێ، نە پێش دەکەوێ ﴿٦١﴾ هەروەها (هاوبەش دانەرەکان) ئەوەی خۆیان حەزی پێ ناکەن، بۆ خوای دادەنێن و، بە زمانی بەدرۆشیانەوە دەڵێن: خۆیان باشترین سەرەنجام و پاداشتیان هەیە، بە دڵنیایی ئاگریان هەیە و ئەوان پێشیش دەخرێن (بۆ نێو دۆزەخ) ﴿٦٢﴾ بە خوا

www.alibapir.net

پێش تۆ پێغەمبەرانێکمان بۆ چەند کۆمەڵگایەك ناردن، بەڵام شەیتان کردەوەکانیانی بۆ ڕازاندنەوە، ئنجا ئێستا ئەو دۆست و مشوورخۆریانە و، ئازارێکی بە ئێشیشیان هەیە ﴿٦٣﴾ کتێبیشمان تەنیا بۆ ئەوە دابەزاندۆتە سەر تۆ، کە ئەوەی تێیدا کەوتوونەتە کێشەو مشتومڕەوە، بۆیان ڕوون بکەیەوە، بۆ ئەوەش کە ڕێنمایی و بەزەیی بێ بۆ کۆمەڵی بڕواداران ﴿٦٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(فَٱرۡهَبُونِ): (الرَّهْبَة وَالرُّهْبُ وَالرَّهَبُ: مَخَافَةٌ مَعَ تَحَرُّزٍ وَاضْطِرَابٍ) واتە: (رَهْبة، رُهْب، رَهَب)، هەر سێکیان بە مانای ترسانن لەگەڵ خۆ وریا بوون و، لەگەڵ هاوسەنگیی لێ تێکچووندا.

(وَاصِبًا): (الوَصَبُ: السُّقْمُ اللاَّزِم، الوَاصِبُ: اللاَّزِمُ، الدَّائِم) واتە: (وَصَب) بە نەخۆشییەکی بەردەوام دەگوترێ، (واصب) واتە: شتێك پەیوەست و بەردەوام دەبێ.

(تَجۡـَٔرُونَ): (جَأَرَ: رَفَعَ صَوْتَهُ، جَأَرَ إِلى اللَّـهِ: تَضَرَّعَ وَاستغَاثَ) (جَأَرَ) واتە: دەنگی بەرز کردەوە، بەڵام (جَأَرَ إِلى اللَّـهِ) واتە: کڕووزایەوە و، هاواری لە خوا بەست.

(تَفۡتَرُونَ): واتە: هەڵی دەبەستن، (إِفْتَرَى الكَذِبَ: إِخْتَلَقَهُ، إِفْتَرَى القَوْلَ: إِخْتَلَقَهُ) واتە: درۆیەکەی هەڵبەست، یاخود قسەکەی هەڵبەست، ئنجا دوایی (إِفْتَرَى) هەر بۆ خۆی لە جیاتی درۆ بەکار هاتوە، ئەگەرنا ئەصڵی وشەی (إِفْتَرَى)، یانی: هەڵیبەست.

(ظَلَّ): (فَعَلَهُ نَهاراً، وَظَلَّ يَفْعَلُ كَذَا: دَامَ عَلَى فِعلِهِ)، (ظَلَّ)، واتە: ئەو کارەی بە ڕۆژێ ئەنجامدا، هەروەها وشەی (ظَلَّ)، بۆ بەردەوامییش هاتوە: (ظَلَّ يَفْعَلُ كَذَا) واتە: بەردەوام بوو لەسەر فلان کارەی خۆی.

(كَظِيمٌ): واتە: خەفەتبارێکی پێش خۆرەوە، (الكاظِمُ: المُمْسِكُ عَلَى مَا فِي نَفْسِهِ عِنْدَ الغَضَبِ، كَظَمَ السِّقَاءَ: مَلأَهُ وَسدَّ فَاهُ)، (كاظِم) واتە: کەسێکە تووڕە بوو بێت و، بەڵام ڕق و تووڕەییەکەی خۆی بگرێت، دەگوترێ: (كَظَمَ السِّقَاءَ) واتە: مەشکەکەی پڕ کردوە و زارەکەشی بەستوە، (سِقَاءَ) واتە: مەشکە و کوندە و ئەوەی ئاوی تێدەکرێ، یانی: ﴿كَظِيمٌ﴾ کەسێکە وەك چۆن کوندە و مەشکە پڕدەکرێ لە ئاو یان دۆ، دوایی زارەکەی دەبەسترێ، ئەویش پڕ

www.alibapir.net

بووە لە ڕق و تووڕەیی، بەڵام خۆی گرتوە و ڕق و توڕەییەکەی دەرنابڕێ، لە کوردییدا دەڵێن: (پیشان دەخواتەوە).

(يَتَوَٰرَىٰ): (تَوَارَى: إِستَتَرَ، وَرَّى الشيءَ: أَخْفَاهُ)، (وَرَّى الشيءَ) واتە: شتەکەی پەنهان کرد، (تَوَارَى) واتە: خۆی پەنهانکرد، ﴿ يَتَوَٰرَىٰ ﴾، واتە: خۆی لە خەڵکەکە پەنهان دەکات و ڕووی نیە بچێتە نێو خەڵکەوە، لەبەر ئەوەی کچی بووە.

(هُونٍ): (هانَ فُلاَنٌ يَهُونُ هُوناً وَهَوَاناً وَمَهانَةً: ذَلَّ)، (هان) بە مانای ملکەچ بوو، زەبوون بوو، ڕیسوا بوو، (الهُونُ: الخِزْيُ) واتە: زەبوونیی و ڕیسوایی و سەرشۆڕیی.

(يَدُسُّهُۥ): (يُخْفِيهِ)، دەیشارێتەوە، (الدَّسِيْسَةُ: النَّمِيْمَةُ، مَا أُضْمِرَ مِنَ العَدَاوَةِ)، (دَسِيْسَة) واتە: قسە هێنان و بردن، یاخود دژایەتییەك کە لە دڵدا پەنهان کرابێ.

(مَثَلُ ٱلسَّوْءِ): (المَثَلُ والمِثْلُ: الشِّبْهُ وَالنَّظِيرُ، وَصْفُ الشيء)، (مَثَل، ومِثْل)، یانی: شتێك کە بە شتێك دەچێ، واتە: هاوتا و وێکچوو، ﴿ مَثَلُ ٱلسَّوْءِ ﴾، لێرەدا یانی: وەصف و حاڵی خراپ.

(لَا جَرَمَ): یانی: بێگومان بە چەسپاویی و، بە دڵنیایی.

(مُّفْرَطُونَ)، دەگوترێ: (فَرَطَ: إِذَا تَقَدَّمَ تَقَدُّماً بالمَقْصِدِ، وَمِنْهُ الفَارِطُ إِلى المَاءِ فَارِط وَفَرَطْ، (أَنا فَرَطُكُمْ عَلَى الحَوْضِ)[1]، وَالإِفْرَاطُ: الإِسْرَافُ فِي التقَدُّمِ وَالتَّفْرِيطُ: التَّقْصِيرُ فِيهِ، (مُّفْرَطُونَ): أَي مُقَدَّمُونَ إِلى النار).

(فَرَطَ) واتە: پێشکەوت، بەرە و ئامانج پێشکەوت، دەگوترێ: (الفَارِطُ إِلى الْمَاءِ)، (فَارِطِ، وَفَرَطْ) کەسێکە لە پێش کاروانێك و، کۆمەڵێکەوە دەچێتە سەر ئاوەکە، پێی دەگوترێ: (فَارِط، فَرَط) بۆیە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {أَنا فَرَطُكُمْ عَلَى الحَوْضِ} واتە: من لە پێش ئێوەدا دەچمە سەر حەوز، کە مەبەست پێی ڕۆژی دواییە.

(إِفْرَاط) بریتیە لە زێدەڕۆیی کردن لە پێشکەوتندا و، (تَفْرِيط) بریتیە لە کەمتەرخەمیی لە چوونە پێشدا. (مُّفْرَطُونَ) یانی: (مُقَدَّمُونَ إِلى النار) پێشدەخرێن، هەندێکیان (مُّفْرَطُونَ) یان بە (مَنْسِيُّون)، (مُتْرَكُون) واتە: لەبیرکراوان، یاخود: پشتگوێ خراوان، بەوە مانایان کردوە.

---

(١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد: ١٨٨٣٠، وَالبُخَارِيُّ: ٦٢١٧، وَمُسْلِمٌ: ٢٢٨٩، وَابْنُ حِبَّانَ: ٦٤٤٥، عَنْ جندب ﷺ.

www.alibapir.net

مانای گشتی ئایەتەکان

وەك گوتمان: ئەو چوارده (١٤) ئایەتە تەوەری سەرەکییان، بریتیە لە تەنیا خواپەرستیی و، تەنیا شایستەیی خوا ﷻ، بۆ بەندایەتیی بۆ کران و پەرستران، ئەوە تەوەرە سەرەکییەکەیەتی، هەروەها بەرپەرچدانەوەی بیرۆکەی شیرك بە هەموو جۆرەکانیەوە و، هەندێ بیر وبۆچوون و هەڵوێست و ڕەفتاری پووچی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانیشی نێواخن کراوە، چونکە وەك گوتراوە: (**وبأضْدَادِهـا تتَبَيَّنُ الأشْياءُ**) واتە: شتەکان بەهۆی دژ و پێچەوانەکانیانەوە زیاتر ئاشکرا دەبن، ئەگەر بتەوێ بیرۆکەی یەکتاپەرستیی و تەنیا بەندایەتیی بۆ خوا کردن و، تەنیا خواپەرستیی، چاك ئاشکرا بێ، باسی پێچەوانە و دژەکەشی بکە، کە بریتیە لە شیرك و هاوبەش بۆ خوا دانان (شِرك).

لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێم: کە ئێمە لە کۆتایی سوورەتی (**يوسف**)دا، باسێکی خەست و خۆڵ و، تێر و تەسەلمان لە قەدەر ئەم تەفسیرە، دەربارەی شیرك و هاوبەش بۆ خوا دانان، کردوە، ئنجا کە باسی هاوبەش بۆ خوا دانان دەکەین، ناڕاستەوخۆ باسی خوا بەیەکگرتن و تەنیا خوا پەرستییش دەکرێ، لەوێ بە تەفصیل لەوبارەوە قسەم کردوە، هەروەها کاتی خۆشی لە تەفسیری سوورەتی (**النساء**)یشدا، لە چەند شوێنێکدا باسمان کردوە، بەڵام باسی تێر و تەسەلمان لە کۆتایی سوورەتی (**يوسف**)دا لەوبارەوە کردوە.

ئێستاش با بێینە سەر تەفسیری ئەم ئایەتانە، کە ئێمە بە گشتی و بە خێرایی مانا گشتییەکەی دەکەین:

﴿ وَقَالَ ٱللَّهُ لَا تَتَّخِذُوٓاْ إِلَٰهَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِ ﴾، (و) لێرەدا گێڕەرەوە (**عاطفة**)یە و دوای ئەوەی ئایەتەکانی پێشێ ڕابردن، ئەم(و)ە ئەو قسەیە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوێ، عەطفی دەکاتەوە و بای دەداتەوە سەر ئەو مەبەستانەی پێشێ، واتە: خوا فەرمووی: با دوو پەرستراوتان نەبن، دوو پەرستراوان مەگرن، ﴿ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ ﴾، واتە: بە دڵنیایی پەرستراوی ڕاستەقینە، تەنیا یەك پەرستراوە، (ئەویش خوایە)، ﴿ فَإِيَّٰيَ فَٱرۡهَبُونِ ﴾، واتە: با تەنیا ترس و سامتان بەرانبەر من هەبا، ئەوە - وەك دوای باسی دەکەین - دەگونجێ مەبەست پێی بەرپەرچدانەوەی بیرۆکەی مەجووسییەکان بێ، کە بڕوایان بە دوو پەرستراوان هەیە: (یەزدان و ئەهریمەن)، دەشگونجێ هەر مەبەست پێی بەرپەرچدانەوەی بیرۆکەی شیرك

www.alibapir.net

بۆ بە گشتی، چونکە ئەگەر هەڵە بۆ دوو پەرستراو بپەرسترێن، زۆر پەرستراو، زیاتر هەڵەیە بپەرسترێن.

﴿ وَلَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾، واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هی ئەوە، ﴿ وَلَهُ ٱلدِّينُ وَاصِبًا ﴾، واتە: ملکەچیی بەردەوام و نەگۆڕیش تەنیا بۆ ئەوە.

لێرەدا وشەی: ﴿ ٱلدِّينُ ﴾، بە مانای ملکەچیی و، گەردنکەچیی و فەرمانبەریی دێ، ﴿ وَاصِبًا ﴾، واتە: بەردەوام و نەگۆڕ، کە لەسەر یەك حاڵ بێ و، شتێك لەسەر یەك حاڵ بمێنێتەوە، ﴿ أَفَغَيۡرَ ٱللَّهِ تَتَّقُونَ ﴾، واتە: ئایا پارێز لە جگە لە خوا دەکەن ؟! هەر خوا شایستەی ئەو پارێزەیە.

﴿ وَمَا بِكُم مِّن نِّعۡمَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِ ﴾، هەر چاکەیەك و خۆشییەك لە ئێوەدا هەیە لە خواوەیە، ﴿ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فَإِلَيۡهِ تَجۡـَٔرُونَ ﴾، واتە: دواییش ئەگەر زیانێکتان تووش بوو، هەر پەنا دەبەنە بەر وی، تەنیا لەبەر وی دەکڕووزێنەوە و، دەپاڕێنەوە، بۆ ئەوەی ئەو زیان و ناڕەحەتییەتان لێ دووربخاتەوە.

﴿ ثُمَّ إِذَا كَشَفَ ٱلضُّرَّ عَنكُمۡ إِذَا فَرِيقٞ مِّنكُم بِرَبِّهِمۡ يُشۡرِكُونَ ﴾، واتە: دواییش هەر کات ئەو زیانەی کە تووشتان بووە، لێی لابردن و، دووریخستەوە، کۆمەڵێك لە ئێوە هاوبەش بۆ پەروەردگاریان دادەنێن، واتە: دەگەڕێنەوە سەر حاڵی پێشییان، یاخود لاچوونی ئەو زیان و ناڕەحەتییە، بە هی غەیری خوا دەزانن و، بە چاکەی غەیری خوا ﷻ لە قەڵەمی دەدەن.

﴿ لِيَكۡفُرُواْ بِمَآ ءَاتَيۡنَٰهُمۡ ﴾، واتە: دەبا سپڵەیی بکەن بەرانبەر بەوەی کە پێمان داون، ﴿ فَتَمَتَّعُواْ ﴾، واتە: ڕابوێرن و بگوزەرێنن، ﴿ فَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ﴾، واتە: لەمە ودوا دەزانن، دەزانن چەندە بە هەڵەدا چوون، هەندێك ئاوایان لێکداوەتەوە: ﴿ لِيَكۡفُرُواْ بِمَآ ءَاتَيۡنَٰهُمۡ ﴾، واتە: با کوفر بکەن، بەوەی پێمان داون لە پێغەمبەرایەتیی و، لە بەرنامە و لە وەحیی و پێی بێبڕوا بن، بەڵام بەپێی سیاقی ئایەتەکان، کە باسی ناز و نیعمەتەکانی خوایە، واتە: با سپڵە بن و، بێوەفا و بێ ئەمەگ بن بەرانبەر بەو چاکانەی پێمان داون و، با ڕابوێرن و ماوەیەکی کەم، لەمەودوا دەزانن.

پێشێ بە شێوەی نادیار (غائب) هێناویەتی: ﴿ لِيَكۡفُرُواْ بِمَآ ءَاتَيۡنَٰهُمۡ ﴾، دوایی یەکسەر گۆڕیویەتی بە حاڵەتی دواندن (خطاب)ی ڕووبەڕوو: ﴿ فَتَمَتَّعُواْ ﴾، واتە: ڕابوێرن و، چێژ

www.alibapir.net

وەربگـرن، لـەو دەرفەتـە کەمـەی ژیانـەی دنیـا، ﴿ فَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ﴾، لەمـە ودوا دەزانـن و بۆتـان دەردەکەوێـت کـە چەنـدە بـە هەڵـەدا چـوون.

ئنجـا دێتـە سـەر بـاسی هەڵوێستێکی دیکـەی هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەران: ﴿ وَيَجۡعَلُونَ لِمَا لَا يَعۡلَمُونَ نَصِيبًا مِّمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ ﴾، واتـە: بـۆ شـتانێك كـە نایانزانـن، واتـە: نایانزانـن کـە پەرسـتراو بـن، زانیارییـان نیـە بـەوەی کـە پەرسـتراون، پشـکێك لـەوەی کـە پێمانـداون، بـۆ وانی دادەنێـن، واتـە: ئاژەڵیـان بـۆ سـەردەبڕن، یاخـود خێـر و خێراتیـان بـۆ دەکـەن، مەسرەفیـان لـێ دەکـەن، بەشـێك لـەوەی کـە پێمانـداون بـۆ وانـی تەرخـان دەکـەن، کـە زانیارییشـیان پێیـان نیـە، کـە پشـکیان لـە پەرسـتراوێتیی دا هەبـێ.

یاخـود ﴿ لِمَا لَا يَعۡلَمُونَ ﴾، واتـە: بـۆ شـتانێك کـە زانیارییـان نیـە، کـە بـت و صەنەمەکانـن و، هەمـوو ئـەو پەرسـتراوانەن کـە مرۆڤـەکان دەیانپەرسـتن، بێگومـان زانیارییـان نیـە، تاکـو ئەوانـەی شـوێنیان دەکـەون و دەیانپەرسـتن، بەهرەمەندیـان بکـەن.

﴿ تَاللَّهِ لَتُسۡـَٔلُنَّ عَمَّا كُنتُمۡ تَفۡتَرُونَ ﴾، واتـە: بـە خـوا لێتـان دەپرسرێتـەوە لـەوە کـە بـە درۆ هەڵیدەبەسـتن، ئـەو درۆیانـەی هەڵیاندەبەسـتن، کـە بریتیـە لـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـان، ئـەوە درۆیەکـە و هەڵدەبەسترێ، ئێـوە لەسـەر ئـەو درۆ هەڵبەسـتنە، لێتـان دەپرسرێتـەوە، کـە لێشـتان پرسرایـەوە، مانـای وایـە سـزا دەدرێـن.

ئنجـا بـاسی هەڵوێسـتێکی دیکـەی هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان دەکات، دەفەرمـوێ: ﴿ وَيَجۡعَلُونَ لِلَّهِ ٱلۡبَنَٰتِ ﴾، واتـە: هەروەهـا کچـان بـۆ خـوا دادەنێـن، ﴿ سُبۡحَٰنَهُۥ ﴾، واتـە: پاکیـی و بەرزیـی و دووریـی بـۆ خـوا، لـەوە کـە ڕۆڵـەی هەبـێ، ﴿ وَلَهُم مَّا يَشۡتَهُونَ ﴾، واتـە: خۆشـیان ئـەوەی کـە ئـارەزووی دەکـەن، - بـە خەیاڵـی خۆیـان - ئـەوەش هـی خۆیانـە، کـە بریتیـە لـە کـوڕان، واتـە: بـۆ خۆیـان هەڵوێستیان ئاوایـە، بـە کچـان ڕازی نیـن کەچـی دەڵێـن: فریشـتەکان کچـی خـوان!

﴿ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِٱلۡأُنثَىٰ ظَلَّ وَجۡهُهُۥ مُسۡوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٞ ﴾، واتـە: ئەگـەر یەکێکیـان مـوژدەی مێینـەی پـێ بـدرێ و بگوترێ: مێینەتـان بـووە، کچتـان بـووە، ڕووی ڕەش هەڵدەگـەڕێ و لەبـەر خۆیـەوە خەفەتبـار و پیشـخۆرەوەیە.

www.alibapir.net

﴿ يَتَوَارَىٰ مِنَ ٱلْقَوْمِ مِن سُوٓءِ مَا بُشِّرَ بِهِۦٓ ﴾، واتـە: خـۆی لـە خەڵکەکـەی دەشارێتەوە لەبـەر خراپیـی ئـەو موژدەیـە، یـان لەبـەر ئـەو مـوژدە خراپـەی کـە پێـی دراوە، ﴿ أَيُمْسِكُهُۥ عَلَىٰ هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُۥ فِى ٱلتُّرَابِ ﴾، واتـە: ئایا بـە ڕیسوایی و شـەرمەزاریی ئـەو کچە بگـرێ ؟

بۆیـە فەرموویـەتی: ﴿ أَيُمْسِكُهُۥ ﴾، هەرچەنـدە ڕاناوەکـەی بـۆ کچـان دەچێتـەوە، یـانی: ئـەو شـتەی کـە مـوژدەی بـەوی پێدراوە، ئایـا ئـەو کچـە بیهێڵێتـەوە بـە ڕیسـوایی و زەبوونیـی و شـەرمەزاریی، ﴿ أَمْ يَدُسُّهُۥ فِى ٱلتُّرَابِ ﴾، واتـە: یاخـود بیخاتـە بـن خـاك و لـە ژێـر گڵ دا بیشـارێتەوە و، زینـدە بـە چاڵـی بـکات، ﴿ أَلَا سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴾، واتـە: ئاگاداربـن! ئـەوە خراپتریـن جـۆرە بڕیـارە کـە دەیـدەن، خراپتریـن حوکمـە کـە بەسـەر ئـەو منداڵـەدا دەیـدەن، کـە خـوا ﷻ پێـی داون، لەجیاتی ئـەوەی کـە سـوپاسی خـوا بکـەن و، سوپاسـگوزاریی بـۆ خـوا ئەنجـام بـدەن، بـەو شـێوەیە مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکـەن.

﴿ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ مَثَلُ ٱلسَّوْءِ ﴾، واتـە: بـۆ ئەوانـەی کـە بڕوایـان بـە ڕۆژی دوایـی نیـە، سـیفەت و حاڵـی هـەرە خـراپ هەیـە، ﴿ وَلِلَّهِ ٱلْمَثَلُ ٱلْأَعْلَىٰ ﴾، بـۆ خـواش سـیفەت و حاڵـی هـەرە بـەرز هەیـە، ﴿ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾، ئـەو (خـوا)یـش زاڵـی کارزانـە.

﴿ وَلَوْ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِظُلْمِهِم مَّا تَرَكَ عَلَيْهَا مِن دَآبَّةٍ ﴾، واتـە: ئەگـەر خـوا بەهـۆی سـتەمەوە، خەڵـکی گرتبایـە و سـزای دابـان، یـەك زینـدەوەر و ژیانـداری لەسـەر زەوی نەدەهێشـت، ڕانـاوی (هـا)ی سـەر (علیهـا)، بـۆ زەوی دەچێتـەوە لەبـەر ئـەوەی دیـارە ژیانـدارەکان لەسـەر کـوێ دەژیـن، ژیانـدار و مرۆڤـەکان لەسـەر زەوی دەژیـن.

کەواتـە: قسـە لەبـارەی خەڵـکی سـەر زەوییەوەیـە، هەرچەنـدە بـاسی زەوی نەکـراوە، بـەڵام دیـارە ڕاناوەکـە بـۆ وی دەچێتـەوە، ﴿ وَلَٰكِن يُؤَخِّرُهُمْ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ﴾، بـەڵام (خـوا) دوایـان دەخـات بـۆ کاتێـکی دیارییکـراو، کـە ڕۆژی دوایيـە، یاخـود مەبەسـت پێـی ئاخیـر زەمانـە، واتـە پێچرانـەوەی ئـەم ژیانـە دنیایـە، ﴿ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ ﴾، واتـە: ئنجـا وەختێـك کاتی دیارییکراویـان هـات، کاتی بـۆ تەرخانکراویـان هـات، کـە تێیـدا بمـرن، یاخـود ئـەم ژیانـە دنیاییـە کۆتایـی بێـت و ئاخیـر زەمـان بێـت، ﴿ لَا يَسْتَـْٔخِرُونَ سَاعَةً ۖ وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴾، نـە کاتێـکی کـەم دوادەکـەون و، نـە کاتێـکی کـەم پێـش دەکـەون.

www.alibapir.net

وشـەی: ﴿ سَاعَةً ﴾، ئـەو چەمـك و واتایـەی نیـە كـە ئێسـتا ئێمـە دەیزانیـن، واتـە: بەشـێك لـە بیسـت و چـوار (٢٤) سـەعات، كـە شـەو و ڕۆژ لـە بیسـت و چـوار بـەش پێكدێ، بەڵكـو (سَاعَةً)، یـانی: كاتێـكی كـەم، یـانی: نـە كاتێـكی كـەم دوادەخرێـن و، نـە كاتێـكی كـەم پێـش دەخرێـن.

﴿ وَيَجْعَلُونَ لِلَّهِ مَا يَكْرَهُونَ ﴾، واتـە: هەروەهـا ئەوانـە شـتێك كـە حـەزی پـێ ناكـەن و، پێیـان ناخۆشـە، بـۆ خـوای دادەنێـن، ﴿ وَتَصِفُ أَلْسِنَتُهُمُ الْكَذِبَ أَنَّ لَهُمُ الْحُسْنَىٰ ﴾، واتـە: بـە زمـانی بـە درۆ دەڵێـن، یاخـود: زمانەكانیـان وەسـفی درۆ دەكـەن: ﴿ أَنَّ لَهُمُ الْحُسْنَىٰ ﴾ كـە پاداشـتی هـەرە چـاك، یـان سـیفەتی هـەرە بـەرز و چـاك و، بـەشی هـەرە بـاش هـی ئەوانـە! ﴿ لَا جَرَمَ أَنَّ لَهُمُ النَّارَ وَأَنَّهُم مُّفْرَطُونَ ﴾، بـە دڵنیایـی ئـەوان ئاگریـان بـۆ هەیـە و، بێگومـان ئـەوان پێـش دەخرێـن، واتـە: پێـش دەخرێـن بـەرەو دۆزەخ، یاخـود: ﴿ وَأَنَّهُم مُّفْرَطُونَ ﴾، یـانی: پشـتگوێ دەخرێـن لـە ئاگـردا و لەبیـر دەكرێـن، (لەبیـر دەكرێـن) یـانی: وا مامەڵەیـان لەگەڵـدا دەكـرێ، هێنـدە لـە دۆزەخـدا دەمێننـەوە وەك: لەبیرچووبنـەوە، ئەگەرنـا خـوا ﷻ هیـچ شـتێك فەرامـۆش نـاكات و، هەمـوو شـتێكی هەمیشـە لەبەرچـاوە.

﴿ تَاللَّهِ لَقَدْ أَرْسَلْنَا إِلَىٰ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ ﴾، واتـە: بـە خـوا لـە پێش تـۆدا پێغەمبەرانێكمان ڕەوان كـرد بـۆ چەنـد كۆمەڵگایـەك، ﴿ فَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ ﴾، شـەیتان كـردەوەكانی خۆیـانی بـۆ جـوان كـردن و بـۆی ڕازاندنـەوە، ﴿ فَهُوَ وَلِيُّهُمُ الْيَوْمَ ﴾، ئێسـتا ئەمـڕۆ ئـەو دۆسـت و مشـوورخۆری وانـە، ﴿ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، ئێسـتاش ئـەو كافرانـە سـزا و ئازارێـكی بەئێشـیان بـۆ هەیـە.

یاخـود ﴿ فَهُوَ وَلِيُّهُمُ الْيَوْمَ ﴾، واتـە: ئـەو شـەیتانەی كاتی خـۆی كـردەوە خراپـەكانی بـۆ گەلـە پێشـووەكان ڕازاندنـەوە، ئێسـتا لـە قیامەتـدا ئـەو سەرپەرشـتیار و مشـوورخۆریانە، ئنجـا كەسـێك شـەیتان مشـوورخۆر و سەرپەرشـتیاری بـێ، دەبـێ حاڵـی چـۆن بـێ !

لـە كۆتایـی دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ إِلَّا لِتُبَيِّنَ لَهُمُ الَّذِي اخْتَلَفُوا فِيهِ ﴾، واتـە: هەروەهـا كتێبـمان دانەبەزاندۆتـە سـەر تـۆ، مەگـەر تاكـو، ئـەوەی كـە تێیـدا كەوتوونـە ڕاجیایـی و كێشـە و مشـتومڕەوە، بۆیـان ڕوون بكەیـەوە، ﴿ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴾، هەروەهـا ڕێنماییـە و مایـەی بەزەیـی خوایـە بـۆ كۆمەڵێـك كـە بـڕوا بێنـن، واتـە: ئێمـە قوڕئانمـان بـۆ هێنانـە دی ئـەو ئامانجانـە بـۆ لای تـۆ دابەزانـدوە، بـۆ ئـەوەی

www.alibapir.net

کە هەموو ئەو شتانەی ڕاجیاییان تێیاندا دەبێ، لە بوارەکانی: بوونناسیی و، ئیمان و عەقیدە و، پەرستشەکان و، حەڵاڵ و حەڕام و، ڕەوشت و ئاکار و، ئابووریی و ژیان و گوزەران و، حوکم و سیاسەت و، جەنگ و ئاشتیی... هتددا، هەموو ئەوانەیان بۆ ڕوون بکەیەوە، بۆچی؟! چونکە بەبێ بەرچاوڕوونیی وەحیی، مرۆڤەکان ناتوانن ژیانێکی ڕاست و تەندروست و خوا پەسند لەسەر زەوی بگوزەرێنن، ئنجا ئێمە قورئانمان بۆ تۆ ناردوە، تاکو هەموو ئەو شتانەی تێیاندا دەکەونە ڕاجیاییەوە، پێویستە نوقتەیان تێدا بخرێتە سەر پیت، بۆیان ڕوونبکەیەوە، ﴿وَهُدًى وَرَحۡمَةً لِّقَوۡمٍ يُؤۡمِنُونَ﴾، هەروەها ڕێنمایی و ڕێ پێشاندەرە و مایەی دابەزاندنی بەزەیی خوای پەروەردگاریشە بۆ کۆمەڵێك کە بڕوا بێنن، ئەو شتانەی کە تێیاندا دەکەونە ڕاجیایی، بەگشتی بۆ خەڵکیان ڕوونبکەیەوە و، بەتایبەتییش بۆ بڕواداران ببێتە مایەی ڕێپێشاندان و، دەستەبەرکردن و دابینکردنی بەزەیی خوای پەروەردگار بۆیان.

www.alibapir.net

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

ڕاگەیاندنی خوا بۆ یەکتایی خۆی، لە پەرستراوێتیی دا، بینا لەسەر خاوەنداریێتیی تەنیای بۆ گەردوون و، بۆ سەرجەم نیعمەتەکان و، لابردنی بەڵا و گرفتارییەکان، کەچی هاوبەش بۆ دانراني لەلایەن هاوبەشدانەرەکانەوە، کە بێگومان لەسەر ئەوە سزا دەدرێن:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ ٱللَّهُ لَا تَتَّخِذُوٓاْ إِلَٰهَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِۖ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ فَإِيَّٰيَ فَٱرۡهَبُونِ ﴿٥١﴾ وَلَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلَهُ ٱلدِّينُ وَاصِبًاۚ أَفَغَيۡرَ ٱللَّهِ تَتَّقُونَ ﴿٥٢﴾ وَمَا بِكُم مِّن نِّعۡمَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِۖ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فَإِلَيۡهِ تَجۡـَٔرُونَ ﴿٥٣﴾ ثُمَّ إِذَا كَشَفَ ٱلضُّرَّ عَنكُمۡ إِذَا فَرِيقٞ مِّنكُم بِرَبِّهِمۡ يُشۡرِكُونَ ﴿٥٤﴾ لِيَكۡفُرُواْ بِمَآ ءَاتَيۡنَٰهُمۡۚ فَتَمَتَّعُواْ فَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ﴿٥٥﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە یازدە بڕگەدا:

١- ﴿وَقَالَ ٱللَّهُ لَا تَتَّخِذُوٓاْ إِلَٰهَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِ﴾، واتە: خوا فەرمووی: دوو پەرستراوان دامەنێن، ﴿إِلَٰهَيۡنِ﴾، یانی: دوو پەرستراو، ﴿ٱثۡنَيۡنِ﴾یش، یانی: دووان، ئنجا ئەمە سێ واتای هەن کە وشەی: ﴿إِلَٰهَيۡنِ﴾، بە (إثنين) داکۆکیی لێکراوە:

١/ خوا ﷻ لێرەدا وشەی: ﴿ٱثۡنَيۡنِ﴾ی، کردوە بە جەختکەرەوە (**مؤكّد**)ی واتای ﴿إِلَٰهَيۡنِ﴾، یانی: بە تایبەت مەبەست پێی دوو پەرستراو دانانە، نەك تەنیا مەبەست ئەوە بێ کە لە پەرستراوێك زیاتر دامەنێن، ئنجا ئەگەر دوو بن، ئەگەر سێ بن، ئەگەر زیاتر بن.

خوای پەروەردگار زۆری مەبەستە کە بەرپەرچی بیرۆکەی دوانەتیی (**ثنوية**) بداتەوە، زانایان دەڵێن: (**هذه إشَارَةٌ إلى المَجُوسِيَّة التي تَأَثَّرت بها بَعْضُ قَبائِلِ العَرَب**)، ئەمە ئاماژەیە بە ئایینی مەجووسییەت، کە هەندێك لە هۆزەکانی عەرەب (بەڵکو زۆر لە گەلان و نەتەوەکان) پێیان کارتێکراو بوون، ئەوان دەیانگوت: دوو پەرستراو هەن، (یەزدان) و (ئەهرومەن)، دیارە ئێمە هەر بە (ئەهریمەن)مان بیستوە لە زمانی فارسیی و کوردییدا، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا گوتراوە: (**أَهرمُن**) کە وەك ئەفسانەیەك دەڵێ: یەزدان (هەر

www.alibapir.net

خوا بەدیهێنەرە و پەروەردگارە)، ڕۆژێك بیری کردەوە لە خراپە، یەکسەر لەو بیرکردنەوە خراپەی وی (أهرُمُن) پەیدا بوو، واتە: (ئەهریمەن) کە دەگوترێ: پەرستراوی شەڕ و خراپە، ئیدی ئێستا پەرستراوی چاکە، ڕەمزەکەی ڕووناکییە و، پەرستراوی خراپە، کە ئەهریمەنە ڕەمزەکەی بریتییە لە تاریکیی.

٢/ وشەی (**إثنين**) بە دوای (**إلهين**)دا تەنیا بۆ جەختکردنەوەیە وەك خوا لە سوورەتی (**البقرة**)دا (١٩٦) فەرموویەتی: ﴿ تِلۡكَ عَشَرَةٞ كَامِلَةٞ ﴾، ئەوە دە (١٠)ی تەواون.

٣ / منیش وای تێدەگەم کە خوا ﷻ بەڵێ، بە تەئکید بەرپەرچی دووانەتیی (**ثنوية**) دەداتەوە و ڕەفزی دوو پەرستراوێتیی دەکات، بەڵام لێرەدا یانی: تەنانەت دوو پەرستراویش دامەنێن و با هەر یەك پەرستراو بێ، چونکە هەر ئەو شایستەی پەرستنە کە خوایە، چ جای دووان زیاتریش بن، وەك عەرەبەکان سێ سەد و شەست (٣٦٠) بتیان لە کەعبەدا هەبوو.

٢- ﴿ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ ﴾، بێگومان ئەو تەنیا یەك پەرستراوە، واتە: پەرستراوی ڕاستەقینە یەك پەرستراوە کە خوایە ﷻ.

وشەی ﴿ إِلَٰهٞ ﴾یش:

أ / یان لە (أَلَهَ)ەوە، هاتوە (أَلَهَ) یانی: (عَبَدَ) واتە: پەرستی، (**أَلَه فُلَانٌ يأْلُهُ إِلَهة، أَي: عَبَدَ يَعْبُدُ عِبادَةً**)، کەواتە: ﴿ إِلَٰهٞ ﴾، کەسێکە کە دەپەرسترێ.

ب/ یان لە (أَلِهَ)ەوە، هاتوە (**أَي: تَحَيَّرَ**) واتە: سەرسام بوو، یانی: ﴿ إِلَٰهٞ ﴾، کەسێکە کە مرۆڤەکان لە پەیبردن و چۆنیەتیی چیەتییدا، تووشی سەرسامیی و سەراسیمەیی دەبن.

ج/ یاخود لە (لاهَ)ەوە، هاتوە (**لاهَ، أَي: احْتَجَبَ، لاهَ يَلُوهُ لِياهاً، احْتَجَبَ يَحْتَجِبُ احْتِجَاباً**) لەبەر ئەوەی خوا پەنهانە و نابینرێ.

د/ یاخود لە (وَلِهَ)ەوە، هاتوە کە ئەویش ئەسڵەکەی (**وِلَاه**)ە، (**لِكَوْنِ المَخْلُوق وَالِهاً نَحْوَهُ**) لەبەر ئەوەی خوا ﷻ هەموو دروستکراوێك موشتاق و تامەزرۆیە بۆی[1].

٣- ﴿ فَإِيَّٰيَ فَٱرۡهَبُونِ ﴾، واتە: تەنیا ترس و سامتان بەرانبەر بە من هەبێ، (**الرَّهْبة والرُّهب: خَوْفٌ مَعَ اضْطِرَاب**)، وەك پێشتر باسمان کرد، (**رَهْبة و رُهْب**) بریتییە لە ترسێك لەگەڵ لەرزین و ڕاچڵەکین و هاوسەنگیی تێك چووندا.

---

(١) مفردات ألفاظ القرآن، للراغب، ص ٨٢، ٨٣.

www.alibapir.net

٤- ﴿ وَلَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾، واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، هی ئەوە، هیچ کەسێکی دیکە خاوەنی هیچ شتێك نیە، بەڵکو هەموویان خاوەندارن هیچ شتێك نیە، خاوەنی ڕاستەقینە بێ، بەڵکو هەمووی خاوەندارە و، خاوەنەکەشی خوایە.

٥- ﴿ وَلَهُ ٱلدِّينُ وَاصِبًا ﴾، واتە: خوا ملکەچیی بەردەوامی بۆ هەیە، لە لایەنی دروستکراوەکانیەوە، (الدِّينُ: الطَّاعَة) ملکەچیی و فەرمانبەریی بۆ کران، (وَاصِبا: أَي ثَابِتاً دَائِماً)، واتە: بەردەوام و چەسپاو.

٦- ﴿ أَفَغَيۡرَ ٱللَّهِ تَتَّقُونَ ﴾، واتە: ئایا پارێز لە جگە لە خوا دەکەن، تەنیا خوا شایستەی پارێز لێکرانە، پارێزکردنیش لە خوا ئەوەیە کە ئەو ئەرکانەی دیارییکردوون، جێبەجێ بکرێن و، ئەو قەدەغانەی دیارییکردوون، دووریيان لێبکرێ و نەشکێنرێن.

٧- ﴿ وَمَا بِكُم مِّن نِّعۡمَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِ ﴾، واتە: هەرچی چاکە و خێرو خۆشییەك لە ئێوەدا هەیە، لە ژیانتاندا، لە جەستەتاندا، لە دەوروبەرتاندا هەیە، هەمووی لە خواوەیە، هەڵبەتە چاکەکانی خواش ناژمێردرێن، چونکە شتی زۆر بچووك هەیە، بەڵام کاریگەریی زۆر گەورەی هەیە لە ژیانی مرۆڤدا، بۆ وێنە:

زانایانی شارەزای جەستەی مرۆڤ و پزیشکەکان دەڵێن: - مێشك (مُخّ)، کە (دماغ) یشی پێ دەڵێن - لە خوار مێشکەوە مێشکۆڵە (المُخَيْخ) هەیە، کێشەکەی (١٤٠) گرامە، کێشێکی زۆر کەمی هەیە، بەڵام ئەو مێشکۆڵەیە چەقی هاوسەنگیی و جمووجۆڵی هەموو ئەندامەکانە لە جەستەدا، بۆ وێنە:

کاتێك ئینسان چاو دەبڕێتە شتێك، یان دەست دەجووڵێنێ، یان دەڕوات، یان شتێك هەڵدەگرێ، ئەوانە هەموویان پەیوەندییان بە ئەو مێشکۆڵەوە هەیە و لەوێوە ڕێنمایی دەنێررێ و ئەگەر ئەوێ تێکبچێ، مرۆڤ تەنانەت ناتوانێ ڕابوەستێ یان بڕوات، هەندێك کەس کە ئەو مێشکۆڵەیان شتێکی بەهێزی بەردەکەوێ، جموجۆڵی ئاساییان بۆ ناکرێ، بۆ وێنە: ئەگەر بیانەوێ خۆیان بخورێنن، ناتوانن، ڕەنگە کەسێك بیەوێت دەست بۆ لووتی بەرێ، لەجیاتی لووتی، دەست بۆ شوێنێکی دیکەی بەرێ، مەبەستم ئەوەیە: شتی زۆر بچووك هەیە لە مرۆڤدا، بەڵام کاریگەریی زۆر گەورەی هەیە، بۆیە خوا دەفەرموێ: هەرچی نیعمەتە لە ئێوەدا بە بچووك و گەورەوە، هەمووی لە خواوەیە.

٨- ﴿ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فَإِلَيۡهِ تَجۡـَٔرُونَ ﴾، (ثم: للتَّرْتِيب الرتبي) (ثم) بۆ ڕیزبەندیی پلەپلەییە، واتە: هەرچی چاکەیە لەوەوەیە، ئنجا ئەگەر هەر زیانێکتان تووش بوو هەر پەنا بۆ لای وی

www.alibapir.net

دەبەن و، هەر لەو دەکڕووزێنەوە و بۆ لای وی دەلاڵێنە و دەپاڕێنەوە، (**الجُؤار: الصُّراخُ وَالتَضَرُّع**) (**جؤار**) بریتیە لە هاوار تێبەستن و کڕووزانەوە و لالانەوە.

٩- ﴿ثُمَّ إِذَا كَشَفَ الضُّرَّ عَنكُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِّنكُم بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ﴾، واتە: دواییش هەر کات خوا زیانەکەی لێ لابردن و، دووری خستەوە، کۆمەڵێك لە ئێوە هاوبەش بۆ پەروەردگاریان دادەنێن، دیسان (**ثُمَّ**)، (**للترتيب الرتبي**)، بۆ ڕیزبەندیی پلە پلەییە، واتە: دوای ئەوەی خوا ئازارتان لێ لادەبات، کەچی هێندێکتان هاوبەش بۆ پەروەردگاریان دادەنێن، یانی: لەسەر هاوبەش بۆ خوادانانی پێشێیان بەردەوام دەبن، یاخود لەو هەڵوێستەیاندا، لابردنی ئەو ئازار و ناڕەحەتییە دەگێڕنەوە بۆ جگە لە خوا ﷻ.

١٠- ﴿لِيَكْفُرُوا بِمَا آتَيْنَاهُمْ﴾، واتە: با بەو نیعمەتانەی پێمانداون، سپڵە و بێوەفا و بێ ئەمەگیی بکەن، (**الكُفْرُ هُنا كُفْرَانُ النِّعْمَة**) (**كفر**) لێرەدا بریتیە لە ناسوپاسیی و سپڵەیی لە بەرانبەر چاکەکانی خوادا.

١١- ﴿فَتَمَتَّعُوا فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ﴾، واتە: ئنجا بگوزەرێن و ڕابوێرن، (فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ) لەمەودوا بۆتان دەردەکەوێ، (**التَمَتُّعُ: الإِنْتِفَاعُ بِالْمَتَاع**) واتە: بریتیە لە بەهرە وەرگرتن لە شتێك کە جێی بەهرە لێوەرگرتنە.

﴿فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ﴾، واتە: لەمەودوا دەزانن کە سزای سپڵەییتان چۆنە؟ دەزانن چەند شتێکی خراپتان کردوە، کە ئاوا بەو شێوەیە سپڵە دەبن.

(**الخَطِيبُ الإِسْكافِي**)، خاوەنی (**دُرَّةُ التَّنْزِيل وَغُرَّةُ التَّأْوِيل**)[1] لە کتێبەکەیدا، دەڵێ: خوا ﷻ ئەم ڕستەیەی لە سێ شوێن لە قورئاندا هێناوە:

١) لێرە لە سوورەتی (**النحل**) - ٥٥ - دا.

٢) لە سوورەتی (**الروم**) - ٣٤ - دا، دەفەرموێ: ﴿لِيَكْفُرُوا بِمَا آتَيْنَاهُمْ ۚ فَتَمَتَّعُوا فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٣٤﴾﴾.

٣) لە سوورەتی (**العنكبوت**)دا، دیسان ئەم ڕستەیە لەوێشدا هاتوە.

بەڵام لە سوورەتی (**العنكبوت**)دا دەفەرموێ: ﴿لِيَكْفُرُوا بِمَا آتَيْنَاهُمْ وَلِيَتَمَتَّعُوا ۖ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴿٦٦﴾﴾.

---

(١) ص١٨٦.

www.alibapir.net

ئنجا با سەرنج بدەین حیکمەتی ئەو جیاوازییە چییە؟

أ/ حیکمەتی جیاوازییەکە ئەوەیە کە: لە سوورەتی (**النحل**)دا خوا سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى هەموو سیاقەکەی بە شێوەی دواندن (**خطاب**) هێناوە، هەر لە سەرەتاوە کە دەفەرموێ: ﴿وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ اللَّهِ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فَإِلَيْهِ تَجْأَرُونَ ﴿٥٣﴾ ثُمَّ إِذَا كَشَفَ الضُّرَّ عَنكُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِّنكُم بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ ﴿٥٤﴾﴾ هەمووی بە شێوەی دواندنی ڕووبەڕوو هاتوە، بۆیە کە دەفەرموێ: ﴿لِيَكْفُرُوا بِمَا آتَيْنَاهُمْ فَتَمَتَّعُوا فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٥٥﴾﴾، ئەوە هەر لەو سیاقی دواندنی ڕووبەڕوو دایە، واتە: ڕابوێرن لەمەودوا بۆتان دەردەکەوێ.

ب/ لە سوورەتی (**الروم**)یشدا کە دەفەرموێ: ﴿لِيَكْفُرُوا بِمَا آتَيْنَاهُمْ فَتَمَتَّعُوا فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٣٤﴾﴾ لەوێش بەهەمان شێوە، سیاقەکە وادەخوازێ کە ڕوو بکاتە دوێنراوەکان و ڕووبەڕوو بیاندوێنێ.

ج/ بەڵام لە سوورەتی (**العنكبوت**)دا بە شێوەی نادیار قسە کراوە، کە دەفەرموێ: ﴿لِيَكْفُرُوا بِمَا آتَيْنَاهُمْ وَلِيَتَمَتَّعُوا فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴿٦٦﴾﴾، واتە: با بەرانبەر بەوەی پێمان داون، سپڵە و ناسوپاس بن و بیگوزەرێنن، لەمەودوا بۆیان دەردەکەوێ.

یانی: لە هەر شوێنێکیاندا بەپێی ئەو کەش و هەوایەی کە ئایەتەکانی تێدا هاتوونە خوار، خوا سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى شێوازەکەی داناوە، هەڵبەتە دەگونجێ زۆر وردەکاریی دیکەش لەوبارەوە باس بکرێن، بەڵام ئێمە بەوەندە وازی لێدێنین.

www.alibapir.net

مەسەلەی دووەم:

هاوبەشدانەرەکان لەوەی خوا پێیداون بەشێکی بۆ پەرستراوەکانیان دادەنێن و، کچان بۆ خوا دادەنێن، کەچی خۆیان کوڕ نەبێ نایانەوێ! بێگومان ئەوان خراپترین وەسف و حاڵەتیان هەیە، خواش باشترین وەسف و حاڵی هەیە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَيَجْعَلُونَ لِمَا لَا يَعْلَمُونَ نَصِيبًا مِّمَّا رَزَقْنَٰهُمْ ۗ تَٱللَّهِ لَتُسْـَٔلُنَّ عَمَّا كُنتُمْ تَفْتَرُونَ ﴿٥٦﴾ وَيَجْعَلُونَ لِلَّهِ ٱلْبَنَٰتِ سُبْحَٰنَهُۥ ۙ وَلَهُم مَّا يَشْتَهُونَ ﴿٥٧﴾ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِٱلْأُنثَىٰ ظَلَّ وَجْهُهُۥ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ﴿٥٨﴾ يَتَوَٰرَىٰ مِنَ ٱلْقَوْمِ مِن سُوٓءِ مَا بُشِّرَ بِهِۦٓ ۚ أَيُمْسِكُهُۥ عَلَىٰ هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُۥ فِى ٱلتُّرَابِ ۗ أَلَا سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿٥٩﴾ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ مَثَلُ ٱلسَّوْءِ ۖ وَلِلَّهِ ٱلْمَثَلُ ٱلْأَعْلَىٰ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٦٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

١- ﴿ وَيَجْعَلُونَ لِمَا لَا يَعْلَمُونَ نَصِيبًا مِّمَّا رَزَقْنَٰهُمْ ﴾، واتە: بۆ شتانێك كە نایانزانن بەشێك لەوەی پێمانداون بۆیان دادەنێن، واتە: قوربانیی و خێرو خێرات و مەسرەفیان لێ دەكەن و شتیان بۆ دادەنێن، وەك عادەتی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان لە ڕابردووداو لە ئێستاشدا هەر وایە.

كە دەفەرموێ: ﴿ لِمَا لَا يَعْلَمُونَ ﴾.

أ) واتە: بۆ شتانێك كە نایانزانن كە پەرستراون و زانیارییان نیە بە پەرستراوییان.

ب) واتایەكی دیكەی: ﴿ لِمَا لَا يَعْلَمُونَ ﴾، واتە: ئەوانەی كە بەپەرستراویان داناون، ئەو پەرستراوانە، عیلم و شارەزاییان نیە و نازانن.

هەردووك واتاكەشی هەر ڕاستن: هەم ئەوانەی كە دەیانپەرستن، زانیارییان بەوە نیە كە پەرستراوبن، هەم ئەو شتانەی كە دەپەرسترێن، زانیارییان نیە، نە بە خۆیان و، نە بەوانەی كە دەیانپەرستن، نە بە پێداویستییەكانیان، تاكو مشوورِیان لێ بخۆن و بەكەڵكیان بێن.

www.alibapir.net

٢- ﴿ تَاللَّهِ لَتُسْـَٔلُنَّ عَمَّا كُنتُمْ تَفْتَرُونَ ﴾، واتە: بە خوا بێگومان لێتان دەپرسرێتەوە لەوەی کە هەڵتان دەبەست، (**الإفتراء: إخْتِلاَقُ الكَذِبِ**)، (**إفتراء**) بریتیە لە درۆ هەڵبەستن، خوا سوێند دەخوا کە لێتان دەپرسێتەوە، ئنجا کە لێیان پرسرایەوە، بێگومان لە ئەنجامی لێپرسرانەوەدا سزاش دەدرێن، واتە: سزاش دەدرێن لەسەر ئەوەو، وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرناچن.

٣- ﴿ وَيَجْعَلُونَ لِلَّهِ ٱلْبَنَـٰتِ ﴾، واتە: کچان بۆ خوا دادەنێن، وەك لە سوورەتی (**الأنعام**)دا لە ئایەتی (١٠٠)دا کە پێشتریش تەفسیرمان کردوە، لە بەرگی پێنجەمی ئەم تەفسیرەدا، دەفەرموێ: ﴿ وَخَرَقُواْ لَهُۥ بَنِينَ وَبَنَـٰتِۭ بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴾، واتە: کوڕان و کچانیان بۆ خوا هەڵبەستن بەبێ زانیاریی، دەیانگوت: جندەکان کوڕی خوان و، فریشتەکانیش کچانی خوان، کە خواش ﷻ بەرزە و بێ وێنە و بێ هاوەڵ و هاوتایە.

٤- بۆیە دەفەرموێ: ﴿ سُبْحَـٰنَهُۥ ﴾، واتە: پاکیی بۆ خوا، (**السَّبْحُ: الْمَرُّ السَّرِيعُ فِي الْمَاءِ أَو فِي الْهَوَاءِ، وَالتَّسْبِيحُ: تَنْزِيهُ اللَّهِ وَإِبْعَادُهُ عَنِ الشَّرِّ**)، (**سَبح**) بە ڕۆیشتنی خێرا دەگوترێ بەنێو ئاوێدا، یاخود بەنێو هەوادا، {وەك (**سِباحَة**) واتە ڕۆیشتن بەنێو ئاودا، مەلەوانیی، ﴿ وَكُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴿٤٠﴾ ﴾یس، واتە: هەموویان لە سوڕگەیەك دا، لە فەزادا مەلە دەكەن و، دێن و دەچن}، وشەی (**تسبيح**) بریتیە لە بە پاكگرتنی خوا و دوورخستنەوەی خوا لە هەر شتێك كە خراپ بێ، لە هەر كەم و كوڕییەك و لە هەر لەكە و پەڵەیەك، پاكیی بۆ خوا، ﴿ سُبْحَـٰنَهُۥ ﴾، واتە: (**أُسَبِّحُهُ تَسْبِيحاً**)، واتە: خوا بە پاك دەگرم، بە بە پاكگرتن، لەوە كە كچی هەبن، یان كوڕی هەبن.

٥- ﴿ وَلَهُم مَّا يَشْتَهُونَ ﴾، واتە: خۆشیان هەرچی ئارەزوویانە بە گومان و خەیاڵی خۆیان بۆ ئەوانە، (**الشهوَةُ: نُزُوعُ النَّفْسِ إلى مَا تُرِيدُهُ**) (**شهوة**) واتە: ئارەزوو چوونی نەفس بەرەو شتێك كە حەزی لێدەكات، بە كوردیی دەڵێین: ئارەزوو، هەر شتێك كە ئارەزوویانە و دڵیان لێیەتی بۆ خۆیانە، كە كوڕەكانن.

٦- ﴿ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِٱلْأُنثَىٰ ظَلَّ وَجْهُهُۥ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ﴾، واتە: بەڵام ئەگەر یەكێك لەوانە موژدەی پێبدرێ بە مێینە، ئەوە بەردەوام ڕووی ڕەش هەڵدەگەڕێ و، لەبەرخۆی پیش دەخواتەوە، واتە: سینەی پڕبووە لە خەفەت و مەراق، دەم و چاویشی ڕەش داگەڕاوە لە خەفەتان.

٧- ﴿ يَتَوَٰرَىٰ مِنَ ٱلْقَوْمِ مِن سُوٓءِ مَا بُشِّرَ بِهِۦٓ ﴾، واتە: خۆی لە خەڵكەكە پەنهان دەكا، لەبەر ئەو موژدە خراپەی كە پێی دراوە، ئەو موژدە خراپە چیە ؟! ئەوەیە كە كچتان پەیدا بووە، فلانكەس، ئیدی تازە ڕووی مەجلیسانی نیە و دەبێ خۆی بشارێتەوە !

www.alibapir.net

٨- ﴿أَيُمۡسِكُهُۥ عَلَىٰ هُونٍ أَمۡ يَدُسُّهُۥ فِي ٱلتُّرَابِۗ﴾، واتە: ئایا بە سەرشۆڕیی و زەبوونیی بیهێڵێتەوە، ئەو نەفەرەی کە موژدەی لەسەری پێدراوە؟ یانی: (أَيُمسِكُ هَذَا المُبَشَّرَ بِهِ) کە کچە، بەڵام ڕاناوەکەی دەچێتەوە بۆ ئەو موژدە، ئایا پێدراوە بیهێڵێتەوە: ﴿أَمۡ يَدُسُّهُۥ فِي ٱلتُّرَابِۗ﴾، یاخود لە گڵ دا پەنهانی بکات و ژێر گڵی بخات و، زیندە بە چاڵی بکات؟!

٩- ﴿أَلَا سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ﴾، واتە: ئاگاداربن! ئەوە خراپترین شتە کە ئەوان بڕیاری لەسەر دەدەن، یاخود ئەو بڕیارەی ئەوان خراپترین بڕیار و بیرکردنەوەیە.

١٠- ﴿لِلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ مَثَلُ ٱلسَّوۡءِۖ﴾، واتە: بۆ ئەوانەی بڕوایان بە ڕۆژی دوای نیە وێنە و سیفەت و حاڵی هەرە خراپ هەیە، (المَثَلُ: الحَالَةُ العَجيبة فِي الحُسْنِ وَالقُبْحِ) واتە: (مَثَل) بریتیە لە حاڵەتێکی سەیر لە چاکیی یان ناشیرینی و ناقۆڵاییدا، واتە: سیفەتی خراپ و حاڵی خراپ ئەگەر هەبێ، بۆ ئەوانەیە کە بڕوایان بە ڕۆژی دوای نیە، واتە: هاوبەش بۆ خوادانەرەکان، بەڵام لێرەدا خوا ﷻ لە جیاتی بفەرموێ: (للمشركين) دەیەوێ پێمان بفەرموێ: وێڕای هاوبەش بۆ خوا پەیدا کردن، ئەو سیفەتە خراپەشیان هەیە کە بریتیە لە بڕوا نەبوون بە ڕۆژی دوایی.

١١- ﴿وَلِلَّهِ ٱلۡمَثَلُ ٱلۡأَعۡلَىٰۚ﴾، واتە: خواش سیفەت و وێنەی هەرە بەرزی هەیە، زانایان گوتوویانە: (المُفَضَّل عَلَيْهِ مَحْذُوفٌ لِقَصْدِ العموم) لێرەدا خوا نەیفەرموە: سیفەتی هەرە بەرز بەسەر کێ دا؟ سیفەتی هەرە بەرز بەسەر هەموو شتێکدا، چونکە هەر شتێك هەیە جگە لە خۆی، هەمووی دروستکراویەتی، ئنجا بۆ ئەوەی مانا و چەمکەکەی گشتی بێ و بگشتێنرێ، بۆیە بەسەردا هەڵبژێرراو (مُفَضَّل عليه)ەکە قرتێنراوە.

١٢- ﴿وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾، واتە: هەر خواش زاڵی کاربەجێیە.

(السَّوءُ: مَصْدَرٌ، وهو ما إِذَا عُمِلَ مَعَهُ مَا يكره) واتە: (ٱلسَّوۡءِ) چاوگە بریتیە لەوەی کە کەسێك شتێکی لەگەڵدا بکرێ و پێی ناخۆش بێ، (سُوء)یش ناوە.

لە سوورەتی (النجم) لە ئایەتەکانی: (٤٥ و ٤٦)دا خوا باسی دروستکردنی مرۆڤ دەکات، کە ئیعجازێکی عیلمییان تێدایە، دەفەرموێ: ﴿وَأَنَّهُۥ خَلَقَ ٱلزَّوۡجَيۡنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰ ﴿٤٥﴾ مِن نُّطۡفَةٍ إِذَا تُمۡنَىٰ ﴿٤٦﴾﴾، واتە: هەروەها خوا جووتی دروستکرد نێر و مێ، لە نوتفەیەك کە دەڕژێنرێ، واتە: دەڕژێنرێتە نێو ڕەحم و منداڵدانی ئافرەتەوە.

خوا فەرموویەتی: ﴿مِن نُّطۡفَةٍ إِذَا تُمۡنَىٰ﴾، واتە: لە تۆویلکەیەك، لە نوتفەیەك، کە مەبەست پێی ئاوی پیاوە، ئەگەرنا ئاوی ئافرەت هەر لە نێو خۆیدایە، بەڵام ئاوی پیاوە

www.alibapir.net

کـە دەڕژێنرێتـە نێـو منداڵدانـەوە و، لـە خـۆی جیادەبێتـەوە، بـەس ئـاوی ئافـرەت هـەر لەنێـو خۆیدایـە، مەگـەر لـە کاتی نەپیتێـنران.

کەواتـە: ئـەوەی کـە دەبێتـە هـۆی نێربـوونی، یاخـود مـێ بـوونی، کۆرپەلـە، ئـاوی پیـاوە نـەك ئـاوی ئافـرەت، کـە ئنجـا پێکهێنـەری نوتفـە (**نطفة**) لـە نێـو ئـاوی پیـاودا، پێـی دەگوترێ: زینـدەوەری مەنەویـی (**الحَیْوَان المَنَوِي**)، بـە کورتیـی (حیمـن) هـی نێـو ئـاوی ئافرەتیـش کـە پێـی دەگوتـرێ: هێلکۆکـە (**بويضة**) ئنجـا تەنیـا ئـاوی پیـاو لـە نێوکەکانیـدا هـۆکارەکانی مێینـە بـوون و نێرینـە بـوون هەڵدەگـرێ.

هـی نێرینـە لەسـەر شـێوەی پیتـی (Y)ی و هـی مێینـە لەسـەر شـێوەی پیتـی (X)، بـەڵام هـی ئافـرەت هەمـووی هـەر (XX)ە، ئنجـا ئەگـەر هـی پیـاو ئەوەیـان بـێ کـە لەسـەر شـێوەی پیتـی (Y)یـە، لەگـەڵ ئـەوەی ئافرەتـدا دەبێتـە کـوڕ بـە فەرمانی خـوا، بـەڵام ئەگـەر ئاوەکـەی پیـاو، ئەوەیـان بـێ کـە لەسـەر شـێوەی پیتـی (X)ە، بێگومـان (X + X) دەبێتـە (XX) واتـە: کۆرپەلەکـە دەبێتـە مێینـە، کـە ئەمـە ئێسـتا وەك نوێتریـن ڕاسـتیی زانسـتیی دەرکەوتـوە.

(الطبري) لـە قەتـادەوە دەیهێنـێ دەڵـێ: (**هَـذَا صَنِيـع مُشْرِكِي العَـرَب أَخْبَرَهُـم اللَّـهُ تعـالى بِخُبْـث صَنِيعِهِـم، فَأَمَّـا المُؤْمِـنُ فَهُـوَ حَقِيـقٌ أَنْ يَـرْضَى بِمَـا قَسَّـمَ اللَّـهُ لَـهُ، وَقَضَـاءُ اللَّـهِ خَـيْرٌ مِـنْ قَضَـاءِ المَـرْءِ لِنَفْسِـهِ، وَلَعَمْـرِي مَـا يَـدْرِي أَنَّـهُ خَـيْر، لَـرُبَّ جَارِيَـة خَـيْرٌ لأَهْلِهَـا مِـنْ غُـلاَمٍ، وَإِنَّمَـا أَخْبَرَكُـم اللَّـه بِصَنِيعِهِـم لِتَجْتَنِبـوهُ وَتَنْتَهُـوا عَنْـهُ، فَـكَانَ أَحَدُهُـمْ يَغْـذو كَلْبَـهُ وَيَئِـدُ ابنتَـهُ**)[١].

واتـە: قەتـادە گوتوویـەتی: ئەمـە کـردەوەی هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکانی عەڕەبـە، خـوای بـەرز هەواڵیـان پێـدەدا، کـە کردەوەیـەکی خـراپ و، ڕەفتارێـکی خراپیـان دەکـرد، بـەڵام بـڕوادار شایسـتەیە کـە ئـەوەی خـوا بـۆی دانـاوە، پێـی ڕازی بـێ و، بڕیـاری خـوا بـۆ ئـەو باشـترە، لـە بڕیـاری مـرۆڤ بـۆ خـۆی، بـە خـوا جـاری وا هەیـە، کچێـك بـۆ کەسـوکارەکەی زۆر باشـترە لـە کوڕێـك، بـەڵام خـوا هەواڵـی پێـداون بـە کردەوەیـەکی هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان، تاکـو خۆتـانی لـێ دوور بگـرن و، واز لـەوە بێنـن کـە یەکێـك لـەوان دەچـوو خـواردنی دەدا بـە سـەگەکەی، بـەڵام کچەکـەی خـۆی زینـدە بـە چـاڵ دەکـرد !

پێغەمبەریـش ﷺ دەفەرمـوێ: {**مَـنْ عَـالَ جَارِيَتَيْنِ حَتَّـى تَبْلُغَـا، جَـاءَ يَـوْمَ الْقِيَامَـةِ أَنـا وَهُـوَ وَضَـمَّ أَصَابِعَـه**} (**أَخْرَجَهُ مُسْـلِم: ٢٦٣١، وَالتِّرمِـذِيُّ: ١٩٠٤**).

---

(١) ج١٤، ص١٢٨.

www.alibapir.net

واتە: هەر کەسێك دوو کچان بەخێو بکات تاکو باڵغ دەبن، ڕۆژی دوایی ئەو و من پێکەوە دێین و، پەنجەکانی پێکەوە جووت کردن.

بەسەرهاتێك :

گێڕدراوەتەوە، کە جارێك ئافرەتێك، کە هاوسەرەکەی ناوی (**أبو حمزة**) بووە، کچیان دەبێ (**أبو حمزة**)ش تەرکی ماڵێ دەکات و ناچێتەوە ماڵ لەبەرئەوەی کچیان بووە !

ئنجا کاتێك کچەکە وردە وردە گەورە دەبێ، لەسەر قۆنداغ لادەچێ، ژنەکە هەڵیدەپەڕێنێ و، یاریی لەگەڵ دەکات و، لەبەرخۆیەوە ئەم شیعرە دەڵێ:

مَا لأَبي حَمْزَةَ لا يأتِينــا يَظَلُّ فِي البَيْتِ الَّذِي يَلِينا

غَضْبانَ أَنْ لاَ نَلِدَ البَنِينــا وَاللَّـهِ مَـا ذَلِكَ بأيْدِينــا

وَإِنَّمَــا نُعْطِي مَـا أُعْطِينــا

واتە: ئەبو حەمزە چییەتی نایەتەوە بۆ لامان و لەو ماڵەی دیکە دەبێ کە لە نزیکمانە؟! {دەبێ دوو ماڵی بووبن، یان ماڵێك کە خزمی بووە}، لەسەر ئەوە لێمان تووڕەیە کە کوڕمان نابن، بەڵام سوێند بە خوا ئەوە بە دەستی ئێمە نیە، بەڵکو ئێمە هەر ئەوە دەبەخشین کە پێماندەدرێ، (واتە: خەتای خۆمان نیە).

پێشتر ڕوونمان کردەوە کە لە ڕووی زانستییشەوە هۆکاری نێر بوون، یاخود مێ بوونی کۆرپەلە، تۆوی پیاوە نەك هی ئافرەتە.

www.alibapir.net

مەسەلەی سێیەم:

ئەگەر خوا ﷻ بەهۆی ستەم و خراپەوە لە دنیادا سزای خەڵكی دابایە، ئەوە زیندەوەری لەسەر زەوی نەدەهێشت! بەڵام بۆ كاتێكی دیاریكراو كە پاش و پێش ناكات، دوایان دەخات:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِظُلْمِهِم مَّا تَرَكَ عَلَيْهَا مِن دَآبَّةٍ وَلَٰكِن يُؤَخِّرُهُمْ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ۖ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَـْٔخِرُونَ سَاعَةً ۖ وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴿٦١﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١- ﴿ وَلَوْ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِظُلْمِهِم مَّا تَرَكَ عَلَيْهَا مِن دَآبَّةٍ ﴾، واتە: ئەگەر خوا خەڵكی بەهۆی ستەمیانەوە بگرتایە، {واتە: ئەگەر سزای دابانایە}، ژیاندار، زیندەوەری لەسەر زەوی نەدەهێشت.

(ها)ی سەر (عَلَيْهَا) دیارە ڕاناوی مێینەیە و، بەتەئكید بۆ زەوی دەچێتەوە، هەرچەندە باسی زەویش نەكراوە، بەڵام وەك دوایی باسی دەكەین، ئەوە بەپێی سیاق و سەلیقە دیارە.

وشەی: (ظُلْم)، زۆرجار گوتوومانە: (الظُّلْمُ وَضْعُ الشيءِ فِي غَيْرِ مَوْضِعِهِ، الظُّلْمُ الإِعْتِدَاءُ عَلَى الحَقِّ، الظُّلْمُ الشِّرْكُ وَالكُفْر، الظُّلْمُ مُطْلَقِ الذَّنْبِ)، بە هەموو ئەو واتایانە: (ظُلم) بەكارهاتوە، بە مانای:

١/ دانانی شتێك لە شوێنێكی نەشیاودا.

٢/ دەستدرێژیی كردنە سەر مافی ئەوانی دیكە.

٣/ شیرك.

٤/ كوفر.

٥/ موتڵەقی گوناهكردن.

كەواتە: ﴿ وَلَوْ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِظُلْمِهِم مَّا تَرَكَ عَلَيْهَا مِن دَآبَّةٍ ﴾، واتە: ئەگەر خوا خەڵكی گرتبایە، واتە: سزای دابانایە، بەهۆی ستەمەكەیانەوە، كە وەك گوترا: دەگونجێ ئەو

www.alibapir.net

ستەمە مەبەست پێی کوفر، یان شیرك، یان دەستدرێژیی بۆ سەر مافی ئەوانی دیکە، یان شتی بێجێ، یان گوناهکردن بێ، ئەگەر خوا بەهۆی ستەمەکەیانەوە سزای دابانایە، هیچ زیندەوەرێکی لەسەر زەوی نەدەهێشت، لێرەدا (لَو: حَرْفُ امْتِناعٍ لامْتِناع)، بۆیە مانای: ﴿ وَلَوْ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِظُلْمِهِم مَّا تَرَكَ عَلَيْهَا مِن دَآبَّةٍ ﴾، ئاوای لێ دێتەوە: (لو يؤاخذ اللّه الناس بظلمهم، لأَفْنى جميع الدواب التي في الأرض، وبِما أنَّ الدواب لَمْ تُفْنَ، فالمُؤَاخَذَة لَمْ تَحْصُلْ)، خوا دەفەرموێ: ئەگەر خوا بەهۆی ستەمەوە خەڵکی سزا دابایە، زیندەوەری لەسەر زەوی نەدەهێشت، بەڵام زیندەوەر لەسەر زەوی هەر ماون، کەواتە: سزادانەکە نەهاتۆتەدی.

واتە: خوا خەڵکی بەهۆی ستەمەکەیانەوە، سزا نەداون، بەهۆی گوناهەکانیانەوە سزای نەداون، واتە: هی هەموویان، ئەگەرنا شایستەی ئەوە بوون، کە سەر زەوییان لێ پاك بکرێتەوە.

٢- ﴿ وَلَٰكِن يُؤَخِّرُهُمْ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ﴾، واتە: بەڵام دوایان دەخات بۆ کاتێکی ناوبرا و، (الأَجَل: المُدَّةُ المُعَيَّنة لِفعْلٍ مَا) (أجل) یانی: کاتێك کە دیارییکراوە بۆ کردارێك.

(مُّسَمًّى) واتە: ناوبراو، (المُسْمَّى: المُعَيَّنْ، لأَنَّ التسْمِية تَعيينُ الشيء وَتَمْييزُهُ، وَتَسْمِية الآجَالِ تَحْدِيدُها)، (مُسَمَّى) واتە: دیارییکراو، چونکە شتێکت کە ناونا، دیاریی دەکەی و، جیای دەکەیەوە لە غەیری خۆی و، ناوهێنانی ئەجەلەکان، واتە: دیارییکردنی ئەو کاتانەی کە دیارییکراون بۆ ئەو کارانە.

٣- ﴿ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ ﴾، واتە: هەر کاتێك کە کاتە دیارییکراوەکەیان هات.

٤- ﴿ لَا يَسْتَـْٔخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴾، واتە: نە کاتێکی کەم پێش دەکەون و نە کاتێکی کەم دوا دەکەون، ئنجا (يَسْتَقْدِمُونَ) و (يَسْتَـْٔخِرُونَ) هەردووکیان ئەو (س)ە، بۆ زیاتر تۆخکردنەوەی ماناکەیانە، ئەگەرنا لە ئەسڵ دا ئاوایە: (لاَ يَتَقَدَّمُون، وَلاَيَتَأَخَّرُون) واتە: نە پێش دەکەون.

شایانی باسە ئەم مەسەلەیە لە چەند شوێنێکی قورئان دا هاتوە، بۆ وێنە:

١) لە سوورەتی (الأعراف)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴿٣٤﴾ ﴾، واتە: بۆ هەر کۆمەڵگایەك کاتێکی دیارییکراو هەیە، واتە: بۆ سزادان و لەبەینچوونی هەر کۆمەڵگایەك کاتێکی دیارییکراو هەیە.

www.alibapir.net

٢) لە سوورەتی (**یونس**)دا، دەفەرموێ: ﴿ ....لِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ إِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ فَلَا يَسْتَـْٔخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴿٤٩﴾ ﴾. کە هەمان مانای ئایەتی پێشووی هەیە.

٣) لە سوورەتی (**النحل**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِظُلْمِهِم مَّا تَرَكَ عَلَيْهَا مِن دَآبَّةٍ وَلَٰكِن يُؤَخِّرُهُمْ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَـْٔخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴿٦١﴾ ﴾.

٤) لە سوورەتی (**فاطر**)یش دا، دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِمَا كَسَبُوا۟ مَا تَرَكَ عَلَىٰ ظَهْرِهَا مِن دَآبَّةٍ وَلَٰكِن يُؤَخِّرُهُمْ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِعِبَادِهِۦ بَصِيرًۢا ﴿٤٥﴾ ﴾.

هیچ گومانیشی تێدا نیە، کە ئەو هەموو دووبارەبوونەوەی ئەو مەسەلەیە بەڵگەی زۆر گرنگ بوونیەتی.

ئێستاش با چەند سەرنجێك لە هەردووك ئایەتەکەی (**النحل**) و (**فاطر**) بدەین:

www.alibapir.net

چوار وردە سەرنجی گرنگ لەو دوو ئایەتە بەپێزە

لە سوورەتی: (**النحل**)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِظُلْمِهِم مَّا تَرَكَ عَلَيْهَا مِن دَآبَّةٍ ﴾.

سەرنجی یەکەم:

بەڵام لە سوورەتی (**فاطر**)دا، لە جیاتی (بِظُلْمِهِم)، (بِمَا كَسَبُوا) بەکارهاتووە، لە جیاتی بفەرموێ: (مَّا تَرَكَ عَلَيْهَا)، دەفەرموێ: (مَا تَرَكَ عَلَىٰ ظَهْرِهَا)، واتە: لەسەر پشتی، کە بە تەئکید مەبەست پێی پشتی زەوییە، ئنجا ئایا هۆکاری ئەو جیاوازییە چییە ؟!

(**الخطيب الإسكافي**) خاوەنی: (**دُرَّةُ التَّنْزِيل وَغُرَّة التَّأْوِيل**) لەبارەی هۆکاری ئەو جیاوازییەوە[1]، دەڵێ:

لە سوورەتی: (**النحل**)دا لە دە (١٠) ئایەتی پێشەوەیدا، واتە: لە (١٠) دە ئایەتی پێش ئەم ڕستەیە: ﴿ وَلَوْ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِظُلْمِهِم مَّا تَرَكَ عَلَيْهَا مِن دَآبَّةٍ ﴾دا، چەند جۆرێك ستەم ڕابردوون، کە خوا باسی کردوون:

یەك: دوو پەرستراو پەیداکردن (**إتخاذ إلهين اثنين**).

دوو: هاوبەشکردنی بتەکان لە پەرستندا: (**إشراك الأصنام في العبادة**).

سێ: دانانی بەشێك لە ڕزق و ڕۆزییەکان کە خوا بۆی داناون بۆ پەرستراوەکانیان (**جَعْلُ نَصيب لهم مِمَّا رَزَقَهُم اللّه**).

چوار: زیندە بەچاڵکردنی کچان (**وَأْدُ البنات**).

ئەو زوڵمانە پێشتر باسکراون، بۆیە خوای دادگەر دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِظُلْمِهِم ﴾، یانی: لە شێوەی ئەو زوڵمانە کە ڕابردوون، ئەگەر خوا بەهۆی ئەوانەوە خەڵکی سزادابایە، زیندەوەری لەسەر زەوی نەدەهێشت.

---

(١) ص ١٨٧، ١٨٨.

www.alibapir.net

سەرنجی دووەم:

یەکێك بۆی هەیە بڵێ باسی زەوی نەکراوە، بۆچی خوا ﷻ ڕاناوەکەی بۆ وی بردۆتەوە ﴿ مَّا تَرَكَ عَلَيۡهَا ﴾؟

دەگوترێ: لە نێو عەرەب و میللەتانی دیکەشدا ئەو کلتوورە هەیە، کە لە کاتی قسەکردندا پێویست ناکات باسی زەوی بکرێ، بۆیە عەرەب دەڵێن: (**مَا فَوْقَها أَصْدَقُ مِنْ فُلاَنٍ، وَلاَ تَحْتَها أَكْذَبَ مِنْ فُلاَنٍ**) واتە: لەسەر پشتی لە فلان کەس ڕاستگۆتر نیەو لە ژێری دا لە فلان کەس درۆزنتر نیە، کە دەڵێ: (**مَا فَوْقَها وَلاَ تَحْتَها، أَي: فَوْقَ الأَرْضِ وَتَحْتَ السَّماء**).

سەرنجی سێیەم:

بۆچی لە سوورەتی (**فاطر**)دا، وشەی (بِمَا كَسَبُواْ) بەکارهاتووەو، لە سوورەتی: (**النحل**)دا، وشەی (**ظهرها**) نەهاتووە ؟!

وەڵام: لە سوورەتی: (**فاطر**)دا، تەنیا شتی گشتی لە چاکەو خراپە کە خەڵك تێکڕا تێیان دا بەشدارن، باسکراون و، ئەو زوڵم و ستەم و خراپەکارییانەی لە سوورەتی (**النحل**)دا کەوتوونە پێش ڕستەی: ﴿ وَلَوۡ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِظُلۡمِهِم ﴾، لە سوورەتی: (**فاطر**)دا نەکەوتوونە پێشی، یانی: خوا بە گشتی قسەی کردوە لە خەڵکی مسوڵمان و نامسوڵمان، ئیماندار و بێ ئیمان، بۆیەش خوا ﷻ وشەی: (بِمَا كَسَبُواْ)ی بەکارهێناوە، کە (كَسَبُواْ)، واتە: وە دەستیان هێناوە، هەم بۆ چاکە و، هەم بۆ خراپە دەبێ، بەڵام ئەوەی سوورەتی (**النحل**) ئەو کردەوانەی کە پێشتر باسکراون، هەموویان زوڵم و خراپە و، گوناهن و باسی هاوبەش بۆ خوا دانەران و کافرەکانە، بۆیە وشەی زوڵم بۆ ئەوێ گونجاوە، بەڵام وشەی (**کسب**) بۆ سوورەتی (**فاطر**) گونجاوە، کە بەگشتی خوا قسەی دەربارەی بەندەکانی کردوە، نەك بەتایبەتی دەربارەی کافرەکان.

سەرنجی چوارەم:

بۆیەش لە ئایەتەکەی سوورەتی: (**النحل**)دا، وشەی (**ظهر**) نەهاتوە، چونکە لە دوای وشەی (**الناس**) پیتی (**ظ**) هاتوە: ﴿ وَلَوۡ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِظُلۡمِهِم ﴾، کە لەوێدا لە وشەی

www.alibapir.net

(بِظُلْمِهِمِ)دا پیتی: (ظ) هاتوە، بۆیە وشەی (**ظهر**) نەهاتوە، بۆ ئەوە دوو جاران پیتی (**ظ**) دووبارە نەبێتەوە، بۆچی ؟!

چونکە: پیتی (**ظ**) لە زمانی عەرەبیدا کەم بەکاردێ، هەر بۆیەش لەم سوورەتی (**النحل**) دا، تەنیا لە حەوت وشەدا ئەو پیتە هاتوە، کە وشەکانی: (**ظُلْم، نَظَر، ظِلّ، ظَلَّ، ظَهْر، عَظِيم، وَعْظ**)، تەنیا لەو حەوت (٧) وشانەدا هاتوە، دیارە بە دووبارە کردنەوەوە، واتە: هەندێکیان زیاتر لە جارێك دووبارە بوونەتەوە، بەڵام لە غەیری ئەو حەوت وشەیەدا، پیتی: (**ظ**) نەهاتوە !

سبحان اللّه! حیسابی پیتێکیش کراوە لە فەرمایشتی بەرز و بێ وێنەی خوادا، کە پیتێکیش زیاد لە پێویستی خۆی لە وشەیەك یان لە ڕستەیەکدا نەیەت، هەروەها هیچ وشەیەك بەبێ پێویستیی و پاساوی بەجێ، بەکار نەیەت!

www.alibapir.net

مەسەلەی چوارەم:

خوا ﷻ ڕەخنە لە کافرەکان دەگرێ، کە شتی خراپ بۆ خوا و، بە درۆش شتی چاك بۆ خۆیان دادەنێن، لەسەر ئەوەش بۆ ئاگری دۆزەخ پێش دەخرێن، یاخود لە ئاگری دۆزەخدا پشتگوێ دەخرێن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَيَجْعَلُونَ لِلَّهِ مَا يَكْرَهُونَ وَتَصِفُ أَلْسِنَتُهُمُ الْكَذِبَ أَنَّ لَهُمُ الْحُسْنَىٰ لَا جَرَمَ أَنَّ لَهُمُ النَّارَ وَأَنَّهُم مُّفْرَطُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١- ﴿ وَيَجْعَلُونَ لِلَّهِ مَا يَكْرَهُونَ ﴾، واتە: شتێك كە خۆشیان ناوێ و ڕقیان لێی هەڵدەستێ و ئارەزوویان بۆی نیە، بۆ خوای دادەنێن.

هەڵبەتە لێرەدا، هەموو توێژەر و لێكۆڵەرەوانی ماناكانی قورئان، گوتوویانە: مەبەست لێرەدا ئەوەیە كە كچان بۆ خوا دادەنێن و، دواییش باس دەكەین كە كوڕان بۆخۆیان دادەنێن.

بەڵام من پێموایە: ئەمە چەمكەكەی گشتییە، واتە: ئەوانەی هاوبەش بۆ خوا دادەنێن، كە بێگومان هەر كەسێك هاوبەش بۆ خوا دابنێ، غەیری خوای هێناوەتە ئاستی خوا، بۆیەش بەو شێوەیەی كە شایستەیە مامەڵە لەگەڵ خوادا ناكات، واتە: شتێك كە پێیان چاك نیە بۆ خوای دادەنێن، ئنجا ئەمە مەرج نیە تەنیا لە مەسەلەی كچ و كوڕاندا بێ، بەڵكو ئەو كەسەی كە خێر دەكات، لە خێر و صەدەقەكەیدا تەماشا دەكات كامەی بەكەڵك نەهاتبێ، ئەوی دەبەخشێ و، دڵی لەبەرماڵە چاكەكەی نابێتەوە و دەیهێڵێتەوە، بەڵام ئەوەی كە بەكەڵك نایەت و نەخۆشییەكی هەیە، یان بە هەر حاڵ زۆر دڵی پێوەی نیە، ئەوە دەبەخشێ: لە جل و بەرگدا، لە دانەوێڵەدا، یان ئەوانەی زەكات دەدەن، لە ئاژەڵدا، یان لە ماڵی بازرگانییدا، یان كەسێك مەرج نیە تەنها بۆ زەكات بێ، هەر بەگشتیی كە هاوكاریی كەسێك، یان چاكەیەك دەكات و، شتێك دەبەخشێ، بەلای كەمەوە دەبێ لەهی چاك چاك ببەخشێ و، لە هی خراپیش خراپ، نەك تێبگەڕێ كامەی بەكەڵك نایەت، ئەوە ببەخشێ، ئەوە لە مەسەلەی بەخشین دا.

www.alibapir.net

لە بوارێکی دیکەشدا ئەمە دێتە پێش: هەیە کاتە زێڕینەکانی، ئەو کاتانەی کە بەکەڵك دێن، بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، یان بۆ لەززەت و خۆشییەکانی خۆی تەرخان دەکات، بەڵام ئەو کاتەی دەمێنێتەوە، لە دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی، واتە: لە کاتی نەویستراودا، ئەرکەکانی خوا جێبەجێ دەکات، بۆ وێنە: کار و کەسابەت و چی و چی دەکات، بەڵام دوایی لە کاتی زایەبوو (**فِي الوقت الضائع**)دا، دەچێ ئەرکە شەرعییەکانی جێبەجێ دەکات! هەروەها دەگونجێ ئەمە زۆر وێنەی لەسەر بهێنرێنەوە.

٢- ﴿وَتَصِفُ أَلْسِنَتُهُمُ ٱلْكَذِبَ أَنَّ لَهُمُ ٱلْحُسْنَىٰ﴾، واتە: زمانیان وەصفی درۆ دەکات، کە کامە شتی چاکە ئەوە بۆ ئەوانە، (**الحُسْنَى: أي الحَالَةُ الحُسْنَى، الخَصْلَةُ الحُسْنَى**)، ئێمە دواتر ئەم ڕستەیە زیاتر شیدەکەینەوە، چونکە جارێکی دیکە لە سوورەتی: (**النحل**)دا هاتوە و لەوێش قسەی لێدەکەینەوە، ﴿وَتَصِفُ أَلْسِنَتُهُمُ ٱلْكَذِبَ﴾، واتە: زمانیان وەصفی درۆ دەکات، لە کوردییدا ڕەنگە ڕستەیەك کە بەرانبەر ئەوە بێ، ئەوە بێ کە دەڵێ: بە زمانی بە درۆ، واتە: بە زمانێك کە هەمیشە بە درۆ ڕاهاتوە، ﴿وَتَصِفُ أَلْسِنَتُهُمُ ٱلْكَذِبَ﴾، واتە: درۆ ناناسرێ، هەتا زمانی ئەوان وەصفی نەکات، زمانی ئەوان ئەوەندە فێری درۆ بووە و ئەوەندە درۆی کردوە، کە درۆکردن هەر لەوان دەوەشێتەوە، ئەگەر بتەوێ لە درۆ تێبگەی، گوێ لەوان بگرە !

٣- ﴿لَا جَرَمَ أَنَّ لَهُمُ ٱلنَّارَ﴾، واتە: بێگومان ئەوان ئاگریان هەیە، یاخود مشتومڕ هەڵناگرێ کە ئەوان ئاگریان هەیە، یاخود شتێکی چەسپاوە کە ئەوان ئاگریان هەیە، چونکە وشەی: (**لاَ جَرَم**) بە مانای (**قَطْعَاً، أَوْ أَكِيْداً، أَوْ حَقّاً، أَوْ لاَ شَكَّ**)، بە هەموو ئەو واتایانە هاتوە، کە پێشتر ئەو وشەیەمان لە تەفسیری سوورەتی (**هود**)دا شیکردۆتەوە.

٤- ﴿وَأَنَّهُم مُّفْرَطُونَ﴾، ئەمە بە دوو جۆر مانا کراوە:

١/ واتە: بێگومانیش ئەوان پێش خراون، (**مُفْرَطون أي: مُعَجَّلون إلى النارِ كالفَرَطِ وَهُوَ المُقَدَّمُ إلى المَاء**)، (**فَرَطْ**): کەسێکە کە کاروانێك خەڵکێك لە پێش خۆیانەوە دەینیرن بۆ ئاو، بۆ سەر کانی و سەرچاوە، ئنجا (**فَرَطْ**)، واتە: پێشکەوتوو، خوا دەفەرموێ: ﴿وَأَنَّهُم مُّفْرَطُونَ﴾، واتە: ئەوانە پێش خراون و پێش دەخرێن بەرەو ئاگر، واتە: بەپەلە بەرێ دەکرێن، یان لەپێش گوناهبارانی دیکەوە دەچنە نێو دۆزەخەوە.

٢/ واتایەکی دیکەی: (**مُفْرَطون أي: مَتْرُوكُونَ وَمَنْسِيُّون**)، (**الطبري**) ئەم واتایەی هەڵبژاردوە، لە تەفسیرەکەی خۆیدا، یانی: بەجێدەهێڵدرێن لە ئاگردا، پشتگوێ دەخرێن، بۆچی؟! (**طبري**) دەڵێ: چونکە ئەگەر بگوترێ: (**مُقَدَّمُونَ إلى النار**)، پێشخران بۆ شتی چاکەیە، بۆ شتێکە کە ئەو

www.alibapir.net

کەسە بەرژەوەندیی تێیدا هەبێ، بەڵام بۆ شتێك كە بە زیانی بێ و، بۆی خراپ بێ، ئەو وشەیە بەکارناهێنرێ (**مُقَدَّمون**).

بەڵام من پێموایە وانیە، چونکە جاری وایە خوا ﷻ بە جۆرێك لە توانج و گاڵتە پێکردنەوە هێناویەتی، بۆ وێنە کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلنَّارُ مَثۡوٗى لَّهُمۡ ١٢ ﴾ محمد، یان ﴿ وَمَأۡوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ ١٥١ ﴾ آل عمران، شوێنی پشوودانیان ئاگرە، شوێنی حەوانەوەیان ئاگرە، کە بێگومان ئاگری دۆزەخ شوێنی حەوانە وەو شوێنی ئارامگرتن و ئیسراحەت تێداکردن نیە، بەڵام مەبەست ئەوەیە کە: ئەگەر شوێنێك هەبێ تێیدا ئارام بگرن و تێیدا بحەوێنەوە، ئەوە هەر ئاگرە.

یان کە دەفەرموێ: ﴿ فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ٢٤ ﴾ الإنشقاق، واتە: موژدەیان پێبدە، بەئازارێکی بەئێش، ئاشکرایە موژدە پێدان بۆ شتی چاکە، بەڵام یانی: ئەوان هیچ شتێکی چاکیان بۆ نیە، ئەگەر شتێکی چاك هەبێ بۆ ئەوان، ئاگرە! کەواتە: لێرەش ﴿ مُّفۡرَطُونَ ﴾، واتە: پێش دەخرێن، بەڵێ پێشخستن بۆ چاکەیە، بەڵام بۆ ئەوان، واتە: ئەگەر شتێکی چاك هەبێ و، ئەوان بەپەلە بۆی بەرێ بکرێن، هەر ئاگری دۆزەخە.

ئنجا ﴿ مُّفۡرَطُونَ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (**مُفَرِّطون**)، (**وأنهم مُفَرِّطون**) واتە: ئەوان کەمتەرخەم بوون، لە ئەنجامی کەمتەرخەمییەکەیاندا، ئەوە سەرەنجام و چارەنووسیانە.

(**الزمخشري**) لە تەفسیرەکەی خۆیدا: (**الكشاف**)، بەڵام لە تەفسیری ئایەتی ژمارە (١١٦)ی ئەم سوورەتە (**النحل**)دا، کە لەوێشدا ئەم تەعبیرە دووبارە بۆتەوە، کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَقُولُواْ لِمَا تَصِفُ أَلۡسِنَتُكُمُ ٱلۡكَذِبَ هَٰذَا حَلَٰلٞ وَهَٰذَا حَرَامٞ لِّتَفۡتَرُواْ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ لَا يُفۡلِحُونَ ١١٦ ﴾.

دەڵێ: (**هَذا مِنْ فَصِيحِ الكَلَامِ، وَبَلِيغِهِ، جَعَلَ القَوْلَ كأنَّهُ عَيْنُ الكَذِبِ، فَإِذَا نَطَقَتْ بِهِ أَلسِنَتُهُم، فَقَد صَوَّرَت الكَذِبَ بِصُورَتِهِ كَقَوْلِهِم: وَجهُها يَصِفُ الجَمَالَ، وَعَيْنُها تَصِف السِّحْر**).

واتە: ئەم ڕستەیە لە زمان پاراویی قسە و، ڕەوانبێژییەتی، چونکە کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَقُولُواْ لِمَا تَصِفُ أَلۡسِنَتُكُمُ ٱلۡكَذِبَ ﴾، قسەکەی وا وەسف کردوە، کە: خودی درۆیە، ئنجا کاتێك کە زمانەکانیان ئەو وشەیە دەبێژێ و لە زمانیان دێتە دەرێ، ئەوە: زمانیان ئەو وشەیە وێنا دەکات، بە وێنە ڕاستەقینەکەی خۆی، وەك ئەم تەعبیرانە هاتوون: عەرەب دەڵێن: (**وجهُها يصف الجمال**)، واتە: دەم و چاو و ڕووی ئەو ئافرەتە،

www.alibapir.net

وەصفی جوانیی دەكات، واتە: ئەگەر دەتەوێ جوانیی ببینی، تەماشای ئەو بكە، یان دەگوترێ: (عَيْنُها تصف السِّحر)، واتە: چاوی ئەو وەصفی جادوو دەكات، واتە: ئەگەر بتەوێ بزانی جادوو چۆنە؟ تەماشای چاوی ئەو بكە!

ئەمە ئەگەر ویستبیان شتێك زۆر وەصف و مەدح بكەن، ئەو تەعبیرەیان بەكارهێناوە.

كەواتە: ﴿تَصِفُ أَلۡسِنَتُكُمُ ٱلۡكَذِبَ﴾، واتە: ئەگەر تۆ بتەوێ و بزانی درۆ چییە؟ گوێ لەوان بگرە و، زمانی ئەوان بێنە قسە، ئنجا دەزانی درۆ چییە، زمانی ئەوان وەصفی درۆ دەكات.

www.alibapir.net

مەسەلەی پێنجەم:

خـوای بـەرزی مـەزن سـوێند بـە خـۆی دەخـوات: کـە پێشـتریش لـە کۆمەڵگایەکانـدا پێغەمبـەرانی نـاردوون، بـەڵام شـەیتان کردەوەکانیانی بـۆ ڕازاندوونـەوە و بۆتە دۆسـتیان و، ئامانجی گـەورەی دابەزانـدنی قورئانیـش ئەوەیـە: کـە پێغەمبـەر ﷺ مەسـەلە مشـتومڕ هەڵگـرەکان و، مەسـەلە ناکۆکیـی لەسـەرەکان، ڕوون بکاتـەوە و، ڕێنمایـی و بەزەییـش بـێ بـۆ کۆمەڵـی بـڕواداران، کۆمەڵێـك کـە بـڕوا بێنـن:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ تَٱللَّهِ لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٖ مِّن قَبۡلِكَ فَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَعۡمَٰلَهُمۡ فَهُوَ وَلِيُّهُمُ ٱلۡيَوۡمَ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿٦٣﴾ وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّا لِتُبَيِّنَ لَهُمُ ٱلَّذِي ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴿٦٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١- ﴿ تَٱللَّهِ لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٖ مِّن قَبۡلِكَ ﴾، واتە: بە خوا لە گەلان و کۆمەڵگاکانی پێش تۆشدا پێغەمبەرانمان ڕەوان کردوون.

هەندێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: (تاللَّـهِ، يَعْنِـي: تاللَّـهِ قَسَـمي)، واتـە: سـوێند بـە خـوا، سـوێندی منـە، کـە لـە کۆمەڵـگاکان و کۆمەڵـەکانی پێـش تۆشـدا ئـەی موحەممـەد ﷺ! ڕەوانمـان کـرد بـوو، کێـی ڕەوان کـرد بـوو؟! پێغەمبـەرانی ڕەوانـە کـرد بـوو، واتـە: تـۆ تاکـە پێغەمبـەر نیـت، بەڵـێ: کۆتـا پێغەمبـەری ﷺ بـەڵام لەپێـش تۆشـدا پێغەمبـەرانی دیکـە، بـۆ کۆمەڵـگاکان ڕەوان کـرا بـوون.

٢- ﴿ فَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَعۡمَٰلَهُمۡ ﴾، واتە: شـــەیتان کردەوەکانیانی بۆ ڕازاندنەوە، ئەو کردەوانەی شەیتان دەیانڕازێنێتەوە هەر دیـــارە چین !! پێویست ناکات خـوا ﷻ جۆر و چۆنیەتییەکەیان بەیان بکات، چونکە کردەوەیەك شـــەیتان بیڕازێنێتەوە، بێگومان کردەوەی خراپە، ئنجا مەبەست پێی: کوفرە شیرکە، نیفاقە، گوناهە، تاوانە، ستەمە، لادانە، هەمووی دەگرێتەوە.

www.alibapir.net

٣- ﴿ فَهُوَ وَلِيُّهُمُ ٱلۡيَوۡمَ ﴾، واتە: بەهۆی ئەوەوە کە لە دنیادا کردەوە خراپەکانی بۆ ڕازاندبوونەوە و ئەوانیش شەیدا و عەودالّیی کردەوەی خراپ بووبوون و ئەنجامیاندا بوو، ئێستا شەیتان دۆست و پشتیوانیانە و نزیکیانە.

کە دەفەرموێ: ﴿ فَهُوَ وَلِيُّهُمُ ٱلۡيَوۡمَ ﴾، (ٱلۡيَوۡمَ) واتە: لە ژیانی دنیادا، یان ئێستا لە ڕۆژی دواییدا؟ هەردووکیان دەگرێتەوە.

﴿ فَهُوَ وَلِيُّهُمُ ٱلۡيَوۡمَ ﴾، وشەی (وَلِي) چەند واتایەکی هەن، بەلاّم لێرەدا بە مانای مشوورخۆر و سەرپەرشتیار و نزیك و دۆست، دێ، واتە: ئەمڕۆ ئەگەر دۆست و نزیك و مشوورخۆر و پشتیوانێکیان هەبێ، بریتیە لە شەیتان، ئەو شەیتانەی کە بە قسەیان کردوە، ئەو کۆمەڵگا پێشووانە کە شەیتان کردەوە خراپەکانی بۆ ڕازاندبوونەوە، ئێستا کە ڕابردوون و، ڕووحەکانیان لە دۆزەخدان، ئێستا دۆست و پشتیوانیان، مەگەر شەیتان بێ، ئەگەرنا کەسی دیکە نیە.

یاخود: ﴿ فَهُوَ وَلِيُّهُمُ ٱلۡيَوۡمَ ﴾، واتە: ئەو کافرانەی ڕۆژگاری تۆ، کە هاوەڵ و ڕەفیقەکانیان لە پێش تۆدا پێغەمبەرانیان بۆ چوون و، شەیتان کردەوەکانی بۆ ڕازاندنەوە و شوێنی شەیتان کەوتن، ئەو کافرانەی ڕۆژگاری تۆش، هەر ئەو شەیتانەی کە کاتی خۆی کردەوەی خراپی بۆ گەلەکانی پێشوو، ڕازاندبوونەوە، هەر ئەو دۆستی ئەو کافرانەی ڕۆژگاری تۆشە، ئەگەر مەبەست گەلە پێشووەکان بێ، دەبێ بڵێی: شەیتان دۆست و پشتیوانیانەو، ئێستا تووشی دۆزەخ و سزای خوا بوون.

بەلاّم ئەگەر مەبەست کافرەکانی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ و، هی دوای پێغەمبەریش بێ ﷺ، تا دنیا بە کۆتا دێ، واتە: هەر کەسێك ئەهلی کوفر و تاوان و خراپە بێ، دۆست و پشتیوانەکەی بریتیە لە شەیتان، وشەی (یوم)یش بە مانای کات دێ، بە ڕەهایی (**مُطْلَق الزَّمَان**).

٤- ﴿ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، واتە: سزا و ئازارێکی بە ئێشیان هەیە، لە دنیادا شەیتان سەرپەرشتیار و دۆستیانەو، کە دەچنە مەنزڵگای دوارۆژیش، سزا و ئازارێکی بەئێشیان هەیە.

٥- ﴿ وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّا لِتُبَيِّنَ لَهُمُ ٱلَّذِي ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِ ﴾واتە: کتێبمان دانەبەزاندۆتە سەر تۆ، مەگەر بۆ ئەوە کە ئەوەی تێیدا کەوتوونە ڕاجیاییەوە، بۆیان ڕوون بکەیەوە.

www.alibapir.net

٦- ﴿وَهُدَى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾، واتە: هەروەها ڕێنمایی و بەزەییشە بۆ کۆمەڵێك بڕوا بێنن، کەواتە: دوا کتێبی خوا کە بۆ پێغەمبەری خاتەمی خۆی موحەممەد ﷺی ناردوە، لێرەدا دوو ئامانجی سەرەکیی تێدا ڕەچاو کراون:

یەکەم: ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستیيانەی کە خەڵك لەبارەیانەو دەکەونە ڕاجیایی و مشتومڕەوە، قورئان ئەو ڕاستیيانە ڕوون بکاتەوە، چ پەیوەندییان بە بووناسییەوە هەبێ، چ بە ئیمان عەقیدەوە، چ بە پەرستشەکانەوە، یان بە ڕەوشت و ئاکارەوە، یان بە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە، یان ئابووریی و ژیان و گوزەران و حوکم و سیاسەت و، جەنگ و ئاشتیی و...هتدەوە، هەبێ، قورئان هاتوە ڕاستییەکان بۆ خەڵك ڕوون بکاتەوە، ئەوانەی کە پەکیان لەسەر وەحیی کەوتوە، ڕوونیان بکاتەوە، ئەگەرنا قورئان ئەو ڕاستییانەی کە لەمەودای عەقڵی بەشەردان، پەیوەندییان بە هەر لایەنێکەوە هەبێ، خوا ﷻ لێیان گەڕاوە، چونکە لە مەودای عەقڵدان و عەقڵ دەتوانێ دەرکیان بکات و، دەتوانێ خۆی تێیان بگات، بەڵام ئەو ڕاستیيانەی کە پەکیان لەسەر وەحیی کەوتوە، دەبێ خوا ﷻ نوقتەیان تێدا بخاتە سەر پیت، ئەم کتێبەو، هەموو کتێبەکانی دیکە خوای پەروەردگاریش، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستیيانە هاتوون، ئەوە ئامانجی یەکەمی دابەزێنرانی کتێبی خوایە.

دووەم: بۆ ئەوە ببێتە ڕێنمایی و، ڕێ پێشاندەر و بەرچاو ڕوونکەرەوە بۆ خەڵك، پاشان بۆشیان ببێتە مایەی بەزەیی و میهرەبانیی خوا ﷻ کە بەتەئکید ئەوانەش ئەو کەسانەن کە بڕوادێنن.

کەواتە: ئەم قورئانە، وەك هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان دەڵێن و لاف لێدەدەن، ئەفسانەی پێشینان نیە، بەڵکو ڕوونکردنەوەی کێشە مشتومڕ لەسەرەکانە و، ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستیيانەیە کە خەڵك پێویستیی پێیان هەیە، بۆیان ڕوون بکرێنەوە، پاشان ڕێنمایی و ڕێ پێشاندەرەو، هۆکاری دابەزینی بەزەیی و لوتف و کەرەمی خوایە، بەڵام بۆ کێ ؟!

٧- ﴿لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾، بۆ کۆمەڵێك کە بڕوا بێنن، ئنجا خوا نەیفەرموە: (للمؤمنين)، یان نەیفەرموە: (للذين آمنوا) بەڵکو دەفەرموێ: ﴿لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾، وشەی (قوم)یشی بەکارهێناوە، واتە: ئەوانە کۆمەڵێکن ئەوانەی بڕوادێنن، (**أي: هُمْ جَمَاعَة أَصْبَحَ الإِيْمَان كالسجية الرَّاسِخَة المُقَوِّمَة لِوجُودِهم الجَمَاعِي**)، واتە: کۆمەڵێکن، کە ئیمان بۆتە ڕەوشت و ئاکارێکی ڕۆچوو و، ڕاگریی بوونی کۆمەڵایەتییان، (واتە: ئیمان بۆتە تار وپۆی بوونیان) و، کاتێك تۆ تەماشای ئەوان دەکەی، ئیمانیان تێدا بەرجەستە بووە.

www.alibapir.net

ئنجا بە کرداری (**مضارع**)یش هێناویەتی: دەفەرموێ: ﴿لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ﴾ بۆئەوەی ئێستا و داهاتووش بگرێتەوە، بۆ کەسانێك کە بڕوا دێنن، هەروەها تازەبوونەوەش دەگەیەنێ و، وێناکردن (**تصوير**)یش، کاتێك تەماشایان دەکەی، ئیمان دێنن، ئیمان هێنانەکەیان بە بەرجەستەکراویی دەبینی.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

www.alibapir.net

لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لەگەڵتانین
Stay in touch on social media
نحن معكم عبر مواقع التواصل الاجتماعي
ڕاگەیاندنی مەكتەبی مامۆستا عەلی باپیر
عەلی باپیر/AliBapir
archive.org/details/@alibapir
PDF
عەلی باپیر/AliBapir
AliBapir
Google Play
App Store
www.alibapir.net
English - عربي - كوردی
كەناڵی
ڕاگەیاندنی مەكتەبی مامۆستا عەلی باپیر
ڕاگەیاندنی مەكتەبی مامۆستا عەلی باپیر

دەرسی شەشەم

www.alibapir.net

پێناسەی ئەم دەرسە

بەڕێـــــزان !

ئـەم دەرسـەمان نـۆزدە (١٩) ئایـەت دەگرێتـە خـۆی، ئایەتـەكانی: (٦٥ - ٨٣)، تـەوەری سـەرەكیی ئـەم نـۆزدە ئایەتـەش، بریتیـە لـە: خسـتنە ڕووی ژمارەیـەكی دیكـە، لـە چاكـە و نیعمەتـەكانی خـوای بەخشـەر، كـە وەك سـەرژمێرم كـردوون، سـەرجەم لـە بیسـت (٢٠) چاكـە و نیعمـەت، زیاتـرن و، دەتوانیـن بـە خێرایـی ئاماژەیـەكی كورتیـان پـێ بكەیـن:

١/ دابەزاندنی ئاو لە ئاسمانەوە.

٢/ زیندووكردنەوەی زەوی پاش مردنی، بەهۆی ئاوی ئاسمانەوە.

٣/ شیری ئاژەڵان، كە لە نێوان خواردنی هەرسكراو و خوێندا، ئەو شیرە وەك خواردنەوەیەكی زوڵاڵ، كە بەبێ گرفت لە گەروو دەچێتە خوار، دروست دەبێ.

٤/ بەروبوومی دارخورما و مێو.

٥/ هەنگوینی هەنگ، كە شیفای تێدایە.

٦و٧/ دروستكرانی مرۆڤەكان و، مرێنرانیان.

٨/ زێدە كردنی بژێوی هەندێك لە خەڵك، بەسەر هەندێكی دیكەدا.

٩/ هێنانەدی هاوسەران بۆ مرۆڤەكان، واتە: ژن بۆ پیاو و، پیاو بۆ ژن، چونكە هەر كامێكیان بۆ یەكدی پەیداكراون.

١٠/ پێ بەخشینی كوڕان و نەوان.

١١/ پێدانی ڕۆزییە چاك و بەسوودەكان.

١٢/ پێدانی زانیاریی و شارەزایی بەهۆی بیستن و دیتن و عەقڵەوە.

١٣/ ڕامكردنی باڵندان و پەلەوەران، كە چۆن ڕادەوەستن لە هەوادا و، دەفڕن.

١٤/ خانووبەرەكان مایەی سوكنایی و ئیسڕاحەت و ئارام تێداگرتنن.

www.alibapir.net

١٥/ لە پێست و کەوڵی ئاژەڵان، خانوو و چادری سووك و زەنگەڵ، دروست دەکرێن.

١٦/ لە خوریی و تووك و مووی ئاژەڵان، جۆرەکانی کەلوپەل و شمەك دروست دەکرێن.

١٧/ ڕەخساندنی سێبەرەکان، لە دروستکراوەکانی خوا.

١٨/ ڕەخساندنی ئەشکەوت و، پەناگایان لە چیا و چۆڵان.

١٩/ ڕەخساندنی پۆشاکی پارێزەر لە گەرما و سەرما.

٢٠/ ڕەخساندنی زرێ و کەلوپەلی پارێزەر لە جەنگ و زەبری دوژمنان.

بەڵام وێڕای خستنە ڕووی ئەم هەموو نیعمەتانە، باسی چەند بابەتێکی دیکەش کراوە، بە تایبەت، بابەتی: ڕاستیی و بەڵگەداریی خوا بەیەکگرتن، یانی: (**صِدْق وَحَقّانِية التَّوْحِيد**) و، پووچیی شیرك و كوفر (**بُطلاَن الشِّرْكِ وَالكُفْر**)، هەروەها بابەتی: هاتنی ئاخیر زەمان، واتە: کاتی کۆتایی هاتنی ئەم ژیانە دنیاییە (**الساعة**).

لە کۆتاییش دا باسی ئەرکی سەرەکیی پێغەمبەری خاتەم ﷺ کراوەو، سپڵەیی هاوبەش دانەرەکان بەرانبەر بە چاکەکانی خوا، خراوەتەڕوو، کە لە هەموویان چاکتر، ئەو هیدایەت و ڕێنماییەیە، کە بە کۆتا پێغەمبەری خۆی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵادا ﷺ ناردوویەتی.

﴿وَٱللَّهُ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَآۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةً لِّقَوۡمٍ يَسۡمَعُونَ ﴿٦٥﴾ وَإِنَّ
لَكُمۡ فِي ٱلۡأَنۡعَٰمِ لَعِبۡرَةًۖ نُّسۡقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهِۦ مِنۢ بَيۡنِ فَرۡثٍ وَدَمٍ لَّبَنًا خَالِصًا سَآئِغًا لِّلشَّٰرِبِينَ ﴿٦٦﴾ وَمِن
ثَمَرَٰتِ ٱلنَّخِيلِ وَٱلۡأَعۡنَٰبِ تَتَّخِذُونَ مِنۡهُ سَكَرًا وَرِزۡقًا حَسَنًاۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةً لِّقَوۡمٍ يَعۡقِلُونَ
﴿٦٧﴾ وَأَوۡحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحۡلِ أَنِ ٱتَّخِذِي مِنَ ٱلۡجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ ٱلشَّجَرِ وَمِمَّا يَعۡرِشُونَ ﴿٦٨﴾ ثُمَّ كُلِي مِن
كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ فَٱسۡلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًاۚ يَخۡرُجُ مِنۢ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخۡتَلِفٌ أَلۡوَٰنُهُۥ فِيهِ شِفَآءٌ
لِّلنَّاسِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةً لِّقَوۡمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٦٩﴾ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمۡ ثُمَّ يَتَوَفَّىٰكُمۡۚ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرۡذَلِ ٱلۡعُمُرِ
لِكَيۡ لَا يَعۡلَمَ بَعۡدَ عِلۡمٖ شَيۡـًٔاۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ قَدِيرٌ ﴿٧٠﴾ وَٱللَّهُ فَضَّلَ بَعۡضَكُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٍ فِي ٱلرِّزۡقِۚ
فَمَا ٱلَّذِينَ فُضِّلُواْ بِرَآدِّي رِزۡقِهِمۡ عَلَىٰ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُمۡ فَهُمۡ فِيهِ سَوَآءٌۚ أَفَبِنِعۡمَةِ ٱللَّهِ
يَجۡحَدُونَ ﴿٧١﴾ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ أَزۡوَٰجًا وَجَعَلَ لَكُم مِّنۡ أَزۡوَٰجِكُم بَنِينَ
وَحَفَدَةً وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِۚ أَفَبِٱلۡبَٰطِلِ يُؤۡمِنُونَ وَبِنِعۡمَتِ ٱللَّهِ هُمۡ يَكۡفُرُونَ ﴿٧٢﴾ وَيَعۡبُدُونَ مِن

www.alibapir.net

دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَمۡلِكُ لَهُمۡ رِزۡقٗا مِّنَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ شَيۡـٔٗا وَلَا يَسۡتَطِيعُونَ ٧٣ فَلَا تَضۡرِبُواْ
لِلَّهِ ٱلۡأَمۡثَالَۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٧٤ ۞ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا عَبۡدٗا مَّمۡلُوكٗا لَّا يَقۡدِرُ عَلَىٰ
شَيۡءٖ وَمَن رَّزَقۡنَٰهُ مِنَّا رِزۡقًا حَسَنٗا فَهُوَ يُنفِقُ مِنۡهُ سِرّٗا وَجَهۡرًاۖ هَلۡ يَسۡتَوُۥنَۚ ٱلۡحَمۡدُ
لِلَّهِۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ٧٥ وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا رَّجُلَيۡنِ أَحَدُهُمَآ أَبۡكَمُ لَا يَقۡدِرُ
عَلَىٰ شَيۡءٖ وَهُوَ كَلٌّ عَلَىٰ مَوۡلَىٰهُ أَيۡنَمَا يُوَجِّههُّ لَا يَأۡتِ بِخَيۡرٍ هَلۡ يَسۡتَوِي هُوَ وَمَن يَأۡمُرُ
بِٱلۡعَدۡلِ وَهُوَ عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٧٦ وَلِلَّهِ غَيۡبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَمَآ أَمۡرُ ٱلسَّاعَةِ إِلَّا
كَلَمۡحِ ٱلۡبَصَرِ أَوۡ هُوَ أَقۡرَبُۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٧٧ وَٱللَّهُ أَخۡرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ
أُمَّهَٰتِكُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ
٧٨ أَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَى ٱلطَّيۡرِ مُسَخَّرَٰتٖ فِي جَوِّ ٱلسَّمَآءِ مَا يُمۡسِكُهُنَّ إِلَّا ٱللَّهُۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ
لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ٧٩ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنۢ بُيُوتِكُمۡ سَكَنٗا وَجَعَلَ لَكُم مِّن جُلُودِ ٱلۡأَنۡعَٰمِ بُيُوتٗا
تَسۡتَخِفُّونَهَا يَوۡمَ ظَعۡنِكُمۡ وَيَوۡمَ إِقَامَتِكُمۡ وَمِنۡ أَصۡوَافِهَا وَأَوۡبَارِهَا وَأَشۡعَارِهَآ أَثَٰثٗا وَمَتَٰعًا
إِلَىٰ حِينٖ ٨٠ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّمَّا خَلَقَ ظِلَٰلٗا وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلۡجِبَالِ أَكۡنَٰنٗا
وَجَعَلَ لَكُمۡ سَرَٰبِيلَ تَقِيكُمُ ٱلۡحَرَّ وَسَرَٰبِيلَ تَقِيكُم بَأۡسَكُمۡۚ كَذَٰلِكَ يُتِمُّ نِعۡمَتَهُۥ
عَلَيۡكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تُسۡلِمُونَ ٨١ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّمَا عَلَيۡكَ ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ٨٢ يَعۡرِفُونَ نِعۡمَتَ
ٱللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا وَأَكۡثَرُهُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ٨٣

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵتانین
Stay in touch on social media
نحن معكم عبر مواقع التواصل الاجتماعي
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
AliBapir/عەلی باپیر
archive.org/details/@alibapir
AliBapir/عەلی باپیر

www.alibapir.net
عربي - كوردى - English
AliBapir
کەناڵی
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
www.alibapir.net

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{هەروەها خوا لە ئاسمانەوە ئاوی ناردۆتە خوار، یەکسەر زەوی، دوای مردنی، پێ ژیاندۆتەوە، بێگومان لەوەدا نیشانەیەك (ی گەورە) هەیە (لەسەر پەروەردگاریێتیی و تەنیا پەرستراوێتیی خوا) بۆ کۆمەڵێك ببیستن ﴿٦٥﴾ هەروەها لە ئاژەڵاندا پەندێك (ی مەزن) تان بۆ هەیەو، شیرێکی پاڵفتەتان پێ دەنۆشین، کە لە نێوان ڕیخ و خوێندا پەیدا دەبێ، خۆشنۆش و زوڵاڵە بۆ خۆرەوانی ﴿٦٦﴾ مەی و بژیوێکی باشیش لە بەروبوومی دارخورما و مێو دروست دەکەن، بێگومان لەوەدا نیشانەیەك (ی مەزن) هەیە بۆ کۆمەڵێك بفامن ﴿٦٧﴾ هەروەها پەروەردگارت سروشی بۆ هەنگ کرد (و فێری کرد) کە لە چیایان و لە درەختان و لەو شوێنانەدا کە (خەڵك) دروستیان دەکەن، (جێگا و ڕێگای خۆت دابین بکە) ﴿٦٨﴾ پاشان (دوای دروستکردنی شوێن) لە (شیلەی) هەموو میوەکان بخۆ (بمژە)، ئنجا ڕێیە هەموارکراوەکانی پەروەردگارت بگرە، (سەرەنجام) خواردنەوەیەکی ڕەنگ جۆراو جۆر لە سکی دێتە دەرێ، چارەسەری (بۆ زۆرێك لە نەخۆشییەکانی) خەڵکی تێدایە، بێگومان لەوەدا نیشانەیەك (ی گەورە) هەیە بۆ کەسانێك بیربکەنەوە ﴿٦٩﴾ هەروەها خوا دروستی کردوون و، دوایی دەتانمرێنێ و، هی واتان هەیە دەگێڕدرێتەوە بۆ خراپترین تەمەن (پیرییەکی کەنەفت) تاکو دوای هەبوونی زانیاریی، هیچ نەزانێ و (هیچی لەبیر نەمێنێ)، بە دڵنیایی خوا زانای توانایە ﴿٧٠﴾ هەروەها خوا بژیوی هەندێکتانی لە هی هەندێکتان پتر کردوە، ئنجا ئەوانەی کە پتریان پێدراوە، گێڕەرەوەی بژیوەکەیان نین بۆ ئەوانەی لەبەر دەستیانن، کە سەرەنجام تێیدا یەکسان بن، ئایا ئەو هاوبەش دانەرانە نکووڵیی لە چاکەی خوا دەکەن؟ ﴿٧١﴾ هەروەها لە خۆتان هاوسەرانی بۆ ڕەخساندوون و، لە هاوسەرەکانیشتان کوڕ و نەوەی پێداون و، لە بژیوە چاك و خۆشەکانی پێداون، ئنجا ئایا ئەو هاوبەش دانەرانە بڕوا بە شتی پووچ دێنن و، بەرانبەر بە چاکەی خوا سپڵەیی دەکەن! ﴿٧٢﴾ هەروەها ئەو (هاوبەشدانەر)انە شتانێك دەپەرستن کە لە ئاسمانەکان و زەمیندا، هیچ شتێکیان لە بژیو بەدەست نیە و ناشتوانن، (وە دەستی بێنن) ﴿٧٣﴾ دەجا وێنان بۆ خوا مەهێننەوە، بێگومان خوا (هەموو شتێك) دەزانێ و ئێوە نازانن ﴿٧٤﴾ خوا وێنەیەکی هێناوەتەوە: کۆیلەیەکی خاوەندار، کە توانای هیچ شتێکی نیە و، کەسێك کە بژیوێکی باشمان پێداوە، ئنجا بە پەنهانیی و بە ئاشکرا لێی دەبەخشێ،

www.alibapir.net

ئایا یەکسانن ؟! ستایش بۆ خوا، بەڵکو زۆربەیان نازانن ﴿٧٥﴾ هەروەها خوا وێنەیەکی (دیکەی) هێناوەتەوە: دوو پیاو، یەکێکیان لاڵەو توانای بەسەر هیچ شتێکدا نیە و، بارە بەسەر سەرپەرشتیارەکەیەوە، بۆ هەر لایەکی بنێرێ، هیچ چاکەی لەدەست نایەت، ئایا ئەو کەسە لەگەڵ کەسێکدا یەکسانە، کە فەرمان بە دادگەریی دەکات و لەسەر ڕێگایەکی ڕاستیشە؟ ﴿٧٦﴾ هەروەها خوا پەنهانی ئاسمانەکان و زەوی لەلایە و، کاری ئاخیر زەمانیش (هێندە خێرایە) وەك چاوترووکانە، یان نزیکتر (و خێراتریشە)، بە دڵنیایی خوا بەسەر هەموو شتێکدا توانایە ﴿٧٧﴾ هەروەها خوا (کاتێك) ئێوەی لە سکی دایکتان دەرهێنا، هیچ شتێکتان نەدەزانی و، بیستن و چاوەکان و عەقڵەکانی پێدان، بەڵکو سوپاسگوزاریی (بۆ خوا) بکەن ﴿٧٨﴾ ئایا تەماشای باڵندانیان نەکردوە: ڕامکراوانە لە هەوای ئاسمانێ دا (دێن و دەچن)، بێجگە لە خوا کەس ڕایانناگرێ (بە هەواوە)، بێگومان لەوەدا نیشانە هەن، بۆ کۆمەڵێك بڕوا بێنن ﴿٧٩﴾ هەروەها خوا خانووەکانتانی بۆ کردوونە شوێنی نیشتەجێبوون و، تێدا سرەوتن و، لە پێستی ئاژەڵانیش جێگای تێدا سرەوتنی بۆ ڕەخساندوون (چادر و خێوەت)، کە بۆ کاتی گەشت و گەڕان و کاتی نیشتەجێبوونتان پێتان سووك و زەنگەڵ بێ، هەروەها لە خوریی و موو و تووکیان، کەلوپەل و پێداویستیی بۆ ڕەخساندوون تاکو کاتێك (ی کەم) ﴿٨٠﴾ هەروەها خوا لەو شتانەی دروستی کردوون، سێبەری بۆ ڕەخساندوون و، لە چیایەکان حەشارگە (و ئەشکەوتەکانی) بۆ ڕەخساندوون و، پۆشاکێکی بۆ ڕەخساندوون، کە لە گەرما (و سەرما) بتانپارێزێ و، پۆشاکێکیش کە لە (کاتی) زەبری جەنگ کردندا دەتانپارێزێ (بۆی ڕەخساندوون)، بەو شێوەیە (خوا) چاکەی خۆیتان بەسەرەوە تەواو دەکات، بەڵکو ملکەچ بن (بۆ خوا) ﴿٨١﴾ ئنجا ئەگەر پشتیان هەڵکرد، بێگومان تۆ تەنیا گەیاندنی ڕوونت لەسەرە ﴿٨٢﴾ (هاوبەشدانەرەکان) چاکەی خوا دەناسن، کەچی دوایی نکوولیی لێدەکەن و زۆربەیان سپڵەن ﴿٨٣﴾ }.

www.alibapir.net

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(لَعِبۡرَةً): واتە: پەند، دەرس، (أَصْلُ العَبْرِ: تَجَاوزٌ مِنْ حَالٍ إِلى حَالٍ، وَالإِعْتِبارُ وَالعِبْرَةُ: الحَالَةِ الَّتِي يُتَوَصَّلُ بِهَا مِنْ مَعْرِفَةِ المُشَاهَدِ إِلى مَا لَيْسَ بِمُشَاهَدٍ) واتە: وشەی (عِبرَة) لە (عَبْر)ەوە هاتوە، (عَبْر)یش بریتیە لە پەڕینەوە و چوون لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی دیکە، (إعْتِبار، عِبْرَة)ش حاڵەتێکە کە بەهۆیەوە لە شتێکی بینراو، دەگەی بە شتێکی نەبینراو، واتە: لە شتێکی زانراو، دەگەی بە شتێکی نەزانراو.

(فَرۡثٍ): (مَا فِي الكرشِ، الفَرْثُ وَالفُرَاثَة وَالجَمْعُ: فُرُوث: بَقَايا الطَّعَامِ فِي الكرشِ)، (فَرْث) ئەوەیە کە لە گەدەدا هەیە، بە نسبەت ئاژەڵەوە، ئەوەی کە لە گەدەیدا هەیە پێی دەگوترێ: (فَرْث، فُرَاثَة) کە بە (فُرُوث) کۆدەکرێتەوە، پاشەڕۆکی ئەو خواردنەی کە ئاژەڵ دەیخوات، گیا و گوڵ و خۆراکێك و ئاڵفێك کە دەیخوات، دوای ئەوەی سوودی لێ دەبینێ دەبێتە خوێن، کە هەندێکی دەبێتە شیر، ئەوی دیکە پێی دەگوترێ: (فَرْث)، دوای ئەوەی کە لێی جیادەبێتەوە، ئنجا هەر ئاژەڵە و بە پێی خۆی، پێی دەگوترێ: قشپل، ڕیخ، شیاکە، تەرس... هتد.

(خَالِصًا): واتە: ساغ، ساغبووەوە، (الخَالِصُ: كالصَّافِي، لَكِنَّهُ زَالَ عَنْهُ شَوْبُهُ، بَعْدَ أَنْ كانَ فِيهِ، وَالصَّافِي مَا لَمْ يَكُن فِيهِ شَوْبٌ) واتە: (خَالِص) و (صَافِي) وەك یەكن، بەڵام (خالص) ئەوەیە کە شتێکی تێکەڵ بوو بێ و لێی جیابووبێتەوە و ساغ بووبێتەوە، بەڵام (صَافِي) ئەوەیە کە هەر لە بنەڕەتدا هیچی لەگەڵ تێکەڵ نەبووە، بۆ خۆی ساغ و صاف بووە.

(سَآئِغًا): واتە: بە ئاسانیی چووە خوار لە گەروو، دەگوترێ: (سَاغَ الشَّرَاب فِي الحَلْقِ: سَهُلَ انْحِدَارُهُ)، (ساغ) واتە: بە ئاسانیی لە گەروو چووە خوار، بە ئاسانیی نۆشکراو.

(سَكَرًا): (السَّكر: إِسْمٌ لِمَا يَكُونُ مِنْهُ السُّكر، وَهُوَ حَالَةٌ تعْرِض بَيْنَ المَرْءِ وَعَقْلِهِ)، واتە: (سَكر) ناوە بۆ ئەوەی کە ماددەی سەرخۆشیی لێ دروست دەکرێ، سەرخۆش بوونیش حاڵەتێکە دەکەوێتە نێوان مرۆڤ و عەقڵەوە، واتە: حاڵەتێکە کە عەقڵی ناهێڵێ.

(وَأَوۡحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحۡلِ): واتە: پەروەردگارت سروشی کرد بۆ هەنگ، نیگای بۆ کرد، پەیامی تایبەتی بۆ نارد، (أَصْلُ الوَحِي: الإِشَارَة السَّرِيْعَة)، وەك زۆرجار باسمان کردوە: وشەی (وَحِي) لە ڕیشەدا بە ئاماژەی خێرا دەگوترێ، لێرەدا یانی: ئەو جۆرە فێرکردنە

www.alibapir.net

تایبەتییەی خوا ﷻ بۆ هەنگ، کە دوایی باسی دەکەین، خوا بە وشەی (وَحِي) تەعبیری لێکردوە، هەڵبەتە وشەی (وَحِي) لە قورئاندا هەم بە مانای ئاماژە هاتوە، هەم بە مانای ئەو وەحییەی کە خوای پەروەردگار بۆ پێغەمبەرانی دەنێرێ، هەم بە مانای ئیلهام هاتوە، هەم بە مانای وەسوەسەی شەیتانەکانیش هاتوە، وەك خوا لە سوورەتی (الأنعام) ئایەتی (١١٢)دا، دەفەرموێ: ﴿ شَيَٰطِينَ ٱلۡإِنسِ وَٱلۡجِنِّ يُوحِي بَعۡضُهُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٖ زُخۡرُفَ ٱلۡقَوۡلِ غُرُورٗاۚ ﴾، ئنجا خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو ئەوانە، بریتییە لە گەیاندنی پەیامێکی پەنهان بە شێوەیەکی خێرا، بە خێرایی پەیامێکی پەنهان بگەیەنرێ، پێی دەگوترێ: (وَحِي).

(وَمِمَّا يَعۡرِشُونَ): بریتییە لەوەی کە مرۆڤەکان دروستی دەکەن، (العَرْش فِي الأَصْل شَيءٌ مُسَقَّف) واتە: عەرش شتێکە کە سەربان و سەقفی هەبێ، واتە: ئەوەی کە بۆ هەنگ دروستی دەکەن، (پووره هەنگ)، لە هەندێ شوێن (خەڵێف)ی هەروەها (کەندو و)ی پێدەڵێن و، لە هەندێ شوێن (صندوق)ی پێدەڵێن، ئەوەی بۆی دروست دەکەن و، هەنگەکە دەچێ لەوێدا دەیکاتە ماڵ و شوێنی نیشتەجێبونی خۆی و، گەرای تێدا دادەنێ و هەنگوینشی تێدا دروست دەکات.

(ذُلُلٗاۚ): (ذَلَّتِ الدابة ذِلاًّ، وَهِيَ ذَلُولٌ أَي: لَيْست بِصَعْبَة) دیارە (ذُلُلاً) كۆی (ذَلُول)ە، دەگوترێ: (ذَلَّتِ الدابة ذِلاًّ، وَهِيَ ذَلُول)، واتە: وەڵاخەکە ڕام بوو، دەستەمۆ بوو، ملکەچ بوو، واتە: چەمووش نیە و، جەنە ناگرێ و مامەڵە لەگەڵیدا قورس نیە.

خوا ﷻ لێرەدا وەسفی ڕێیەکان بە (ذُلُلٗاۚ) دەکات، ﴿ فَٱسۡلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلٗاۚ ﴾، ڕێیەکانی پەروەردگار کە خوا فێریی کردووی بیانگرەبەر، ڕێیەکانت بۆ هەموار و تەخت و ئاچوغ کراون، وەك دوایی باس دەکەین، کە چۆن هەنگ بەو هەموو ڕێیانەدا دەڕوا و، ڕێی زۆر دەبڕێ و، زۆر دوور دەکەوێتەوە و، دەشگەڕێتەوە، بۆیە خوا دەفەرموێ: ڕێیەکانم بۆ هەموار و تەخت و ئاچووخ کردووی.

(أَرۡذَلِ ٱلۡعُمُرِ)، (الرَّذْلُ وَالرُّذَالُ: المَرْغُوبُ عَنْهُ لِرَدَاءَتِهِ)، وشەی (رَذْلُ) و (رُذَال) شتێکە کە لەبەر خراپییان نەویستریٰ، یان ئارەزووی بۆ نەچێ، ﴿ أَرۡذَلِ ٱلۡعُمُرِ ﴾، واتە: تەمەنێکی نەویسترا و، یان خراپترین تەمەن، ئەویش ئەو کاتەیە کە مرۆڤ تێیدا پیر و پەککەوتە دەبێ و، پێویستیی بە غەیری خۆی دەبێ و، ئەو شتانەی کە زانیونی لە بیری دەچنەوە.

(يَجۡحَدُونَ)، (الجُحُودُ: نَفِيُ مَا فِي القَلْبِ إِثْبَاتُهُ، وَإِثْبَات مَا فِي القَلْبِ نَفِيهُ)، (جُحُود) واتە: پێ لێنەنان و، دانپێدانەهێنان و نکوڵییلێکردن، (جُحُود) بریتییە لەوەی کە شتێك لە

www.alibapir.net

دڵدا هەبێت و، بیزانی، بەڵام نەفی بکەی و دانی پێدانەهێنی، یاخود شتێك لە دڵدا بڕوات پێی نەبێ، کەچی ئیسپاتی بکەی، واتە: نکووڵیی لێکردن بە هەبوون و نەبوون.

(**وَحَفَدَةً**)، (**حَفَدَةَ جَمْعُ حَافِد: المُتَحَرِّكُ المُتَبَرِّعُ بالخِدْمَة: أَو أَوْلَادُ الأَوْلَاد**) (**حَفَدَةَ**) کۆی (**حَافِد**)، (**حَافِد**) کەسێکە کە بە خێرایی دەجووڵێ و، خزمەتی یەکێکی دیکە دەکات بەبێ بەرانبەر، هەروەها بە نەوەش دەگوترێ واتە: کوڕی کوڕ، یان منداڵی منداڵ، جا چ منداڵی کچ بێ، چ منداڵی کوڕ بێ، بە کۆ پێیان دەگوترێ: (**حَفَدَة**).

(**ٱلْأَمْثَالَ**)، (**جَمْعُ مَثَل: المُمَاثِل، شِبْه: مشَابه**)، (**أمثال**) دەگونجێ کۆی (**مَثَل**) بێ، واتە: وێنە هێنانەوە، دەشگونجێ کە هەر کۆی (**مَثَل**)[1] بێ، بەڵام بە مانای (**مُمَاثِل**) با، واتە: وێنە، وێچوو، لێرەدا لەم سیاقەدا زیاتر مەبەست پێی ئەڤوەیە، واتە: هاوتایەکان، شتانێك کە پێتان وایە هاوتای خوان و، هاوکوفی خوان، بۆ خوایان بە وێنە مەهێننەوە، دەشگونجێ هەر مەبەست پێی وێنە هێنانەوە بێ.

(**أَبْكَمُ**)، (**المَوصُوفُ بالبُكْمِ، وَهُوَ الخَرَسُ فِي أَصْلِ الخِلْقَةِ**)، (**أَبْكَم**)، کەسێکە کە حاڵەتی (**بُكْم**)ی هەبێ، یانی: کە لە زگی دایکی هاتۆتە دەرێ، لاڵ بووە، نەك دوایی، پێشێ بیستبێ و نوتق و بیستنی بوو بێت و، دوایی لاچوو بێت، بە کوردیی دەڵێن: لاڵی زگماك.

(**كَلٌّ**): (**كَلَّ: ضَعُفَ ، كُلُولاً وَكَلَالَةً، كَلَّ السَّيْفُ: لَمْ يَقْطَع، الكَلُّ: مَنْ يَكُونُ عِبْئاً عَلَى غَيْرِهِ**)، وشەی (**كَلّ**)، واتە: (**ضَعُفَ**) یانی: بێهێز بوو، (**كَلَّ: كُلُولاً وَكَلَالَةً**)، (**كَلَّ السَّيْفُ**) شمشیرەکە نەیبڕێ، بە کوردیش هەر دەڵێین: کول، تیغی کول، وا پێدەچێ ئەوانە لە یەکدییەوە هاتبن، (**كَلّ**): (**مَنْ يَكُونُ عِبْئاً عَلَى غَيْرِهِ**)، بە کەسێك دەگوترێ: بار بێ بەسەر غەیری خۆیەوە، کۆڵ و بار بێ، هیچ شتێکی لە دەست نەیەت و، بۆ هەموو شتێك چاوەڕوانی خەڵکی بێ.

(**كَلَمْحِ ٱلْبَصَرِ**): واتە: چاو تروکان، (**اللَّمْحَةُ: النَّظْرَةُ العجْلَى، اللَّمْحُ: لَمَعَانُ البَرْقِ**)، (**لَمْحَة**) ڕوانینێکی خێرایە و، (**لَمْح**) بە تیشکدانەوەی برووسکەش دەگوترێ، ئەویش لەبەر ئەوەی زۆر خێرایە.

(**جَوِّ ٱلسَّمَآءِ**): (**الجَوُّ: الهَوَاء**)، واتە: ئەو هەوایەی کە لە ئاسمانییە، لەسەرێیە.

---

(١) هەروەها (مِثْل)یش هەر بە (أمثال) کۆ دەکرێتەوەو، هەمان مانای دوووەمی (مَثَل)یشی هەیە.

www.alibapir.net

(سَكَنًا): (السُّكُونُ: ثُبُوتُ الشيءِ، بَعْدَ تَحَرُّك، وَيُستعْمَلُ فِي الإِستِيْطَان)، (سُكون) بریتیە لە چەسپانی شتێك، دوای ئەوەی كە جووڵاوەو، بۆ نیشتەجێ بوونیش بەكاردێت.

(تَسْتَخِفُّونَهَا): (تَجِدُونَهَا خَفِيْفَةً)، واتە: سووك دێتە بەردەستان، وەك كوردەواریی دەڵێن: سووك و زەنگەڵە، ئەو چادر و ڕەشماڵ و شتانەی كە لە پێست و تووك و كەوڵ و مووی ئاژەڵان دروست دەكرێن، سووك و زەنگەڵەن، لەچاو خانووی دیكە كە ناگوازرێتەوە.

(ظَعْنِكُمْ): (ظَعَن: شَخَصَ، الظَّعِينة: الهَوْدَج إِذَا كَانَ فِيهِ المَرْأَة)، ﴿يَوْمَ ظَعْنِكُمْ﴾، یانی: ڕۆژی سەفەركردنتان، (ظَعَنَ: شَخَصَ)، واتە: بە سەفەر چوو، (الظَّعِينة)، بە عەرەبی بە ئافرەتێك دەڵێن: كە لە هەودەج دایە، (هَوْدَج)یش خانوویەك بووە، لە چەرم و پێست دروستیان كردوەو، لەسەر پشتی حوشتریان داناوە، ئافرەت چۆتە نێو ئەو خانووە بچووكەی سەر پشتی حوشتر، (ظَعِينة)ش ئافرەتێكە لە هەودەج دابێ و، جاریٚ واش هەیە كە بە بێ ئەوەی كە لە هەودەجیش دابێ، لەو خانووە بچووكەی سەر پشتی حوشتردا، هەر پێی دەگوترێ: (ظَعِينة).

(أَثَاثًا)، (الأَثَاثُ: مَتَاعُ البَيْتِ مِنْ أَثَّ، أَي: كَثُرَ وَتَكَاثَفَ)، (أَثَاث) كەلوپەل و شمەكی ماڵ، پێداویستییەكانی نێو ماڵ، وەك: هەموو ئەو شتانەی كە كاتی خۆی لە پێست و لە چەرمی ئاژەڵ و تووك و، موو و، خوری ئاژەڵان، دروستیان كردوون، وەك: بەڕە و فەڕش و لباد و تێر و خورجێن و جەواڵ، گوریس و كەژوو و قەیاسە...، هەروەها كەلوپەلی دیكە كە بەكاریان هێناون، وشەی (أَثَاث)یش لە (أَثَّ)ەوە هاتوە، (أَثَّ: كَثُرَ وَتَكَاثَفَ)، شتێك زۆر بێت و چڕ و پڕ بێ، پێی دەگوترێ: (أَثَّ).

(وَمَتَاعًا)، (مَا يُنْتَفَعُ بِهِ فِي البَيْتِ)، (مَتَاع) هەر شتێكە كە لە ماڵێ بەهرەی لێوەربگیرێ و، سوودی لێ وەربگیرێ، كەلوپەلی ماڵ.

(حِينٍ)، (الحِيْنُ: وَقْتُ بُلُوغِ الشيءِ، وَحُصُولِهِ، وَهُوَ مُبْهَمُ المَعْنَى)، وشەی (حِيْن) كاتی گەیشتنی شتێك و پەیدا بوونی شتێكە، بەڵام مانایەكەی نادیارە، بە مانای (أَجَل) دێ، یانی: كاتی پەیدابوونی ئەو شتە، یاخود كاتێكی كەم.

(أَكْنَانًا)، (جَمْعُ كِنّ: مَا يُحْفَظُ فِيهِ الشيءُ، كَنَنْتُ الشيء كَنّاً: جَعَلْتُهُ فِي كِنٍّ)، واتە: (أكنان) كۆی (كِن)ە، ئەویش هەر پەناگەیەك و كونێكە، كە شتی تێدا بشاردرێتەوە،

www.alibapir.net

دەگوترێ: (كَنَنْتُ الشيء كَناً: جَعَلْتُهُ فِي كِنٍّ)، شتەكەم خستە نێو كەلێنێكەوە و پەنایەكەوە حەشارگەیەكەوە.

(سَرَٰبِيلَ)، (جَمْع سِربال: القَمِيصُ مِنْ أَيِ جِنْسٍ كانَ)، (قمیص) (كراس) هەر شتێكە كە سەرتاپا جەستەی مرۆڤ داپۆشێ، یاخود بەشی سەرەوەی جەستە داپۆشێ، كە جاری وایە بە سەرتاپایان گوتوە و، جاری واش هەیە بە بەشێكیان گوتوە، هەروەك (سروال) ئەوەیە كە لە پشتێن بەرە و ژێر مرۆڤ داپۆشێ و، (قَمِیص)یش ئەوە بووە كە لە پشتێن بەرە و سەری داپۆشێ، جاری واش هەیە وەك گوتمان: هەمووی دەگرێتەوە، وا پێدەچێ لێرەدا (سَرَٰبِيلَ) هەمووی بگرێتەوە، كە كۆی (سِرْبال)ە، واتە: شتێك كە دادەپۆشێ، چونكە دوایی دەفەرموێ: ﴿سَرَٰبِيلَ تَقِيكُمُ ٱلۡحَرَّ﴾، ئنجا پۆشاكێك مرۆڤ لە گەرما و سەرما بیپارێزێ دەبێ سەرتاپا بێ، ﴿وَسَرَٰبِيلَ تَقِيكُم بَأۡسَكُمۡ﴾، هەروەها پۆشاكێكیش كە لە كاتی جەنگدا دەتانپارێزێ، لە زەبری دوژمن، ئەویش دیسان دەبێ سەرتاپا بێ.

(بَأۡسَكُمۡ)، (البأسُ: الشِدَّةُ وَالْمَكروه)، واتە: سەختیی و، ناخۆشیی، یانی: لە كاتی زەبر لێوەشاندا، دەتانپارێزێ.

مانای گشتی ئایەتەکان

وەك لـە پێناسـەی ئـەم دەرسـەدا، گوتمـان خـوا ﷻ بیسـت (٢٠)، یاخـود زیاتریـش لـە چاکـە و نیعمەتـەکانی خـۆی، لـەم نـۆزدە ئایەتـەدا دەخاتـە ڕوو، هـاوکات لەگـەڵ ئـەوەش، هەنـدێ بابـەتی دیکەشیان لەگـەڵ نێواخـن دەکات، وەك عـادەتی قورئـانی مـەزن، کاتێـك کـە شـتێك بـاس دەکات، شـتانی دیکـەشی لەگـەڵ بـاس دەکات، نـەك هـەر ئـەو شـتە بـێ، وەك ئێمـە کاتێـك شـتێکی پزیشـکی بـاس بکەیـن، هـەر ئـەوە بـێ، بەڵکـو خـوا ﷻ کاتێـك کـە بـاسی شـتێکی لایـەنی پزیشـکیی دەکات، سیاسـەت و کۆمەڵایەتیـی و لایـەنی خێزانیـی و لایـەنی ڕووحیـی و ئەوانـەی هەمـوو لەگـەڵ تێکـەڵ دەکات، لێـرەدا خـوا ﷻ بـاسی ژمارەیـەك لـە چاکـە و نیعمەتـەکانی خـۆی دەکات لـە ژیـانی بەشـەردا، کـە وەك گوتـم زیاتـر لـە بیسـت (٢٠) نیعمەتـن، بـەڵام کۆمەڵێـك شـتی دەیکەیـان لەگـەڵ نێواخـن دەکات، سـەرەتا دەفەرمـوێ:

﴿ وَٱللَّهُ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً ﴾، ئـەم (و)ە کـە بـۆ گێڕانـەوە و بادانەوەیـە (**واو العطـف**) دەگونجـێ بـۆ دەسـت پێکـردن بـێ، واتـە: هەروەها خـوا ﷻ وەك چۆن ئەو شـتانەی ڕابـردووی بۆ کـردوون، ئـا ئەوانەشـتان بـۆ دەکات، دەشـگونجێ ئەمـە بگێڕدرێتـەوە بـۆ سـەرەتای سـووڕەتەکە، کـە فەرمـووی: ﴿ يُنَزِّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ بِٱلرُّوحِ مِنْ أَمْرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦٓ ... ﴿٢﴾ ﴾، واتـە: ئـەو خوایـەی وەك چـۆن وەحیـی بـۆ دابەزانـدن بـە پێغەمبەرانـدا و، ئاسـمان و زەوی دروسـت کـردوون و، مرۆڤـی لـە نوتفـە دروسـتکردوە و، ئاژەڵـەکانی بـۆ دروسـتکردوون، هەروەهـا ئـەو شـتانەشی بـۆ کـردوون: ﴿ وَٱللَّهُ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً ﴾، واتـە: هەروەهـا خـوا لـە سـەرێوە ئـاوی بۆ دابەزانـدوون، زۆر جـار گوتوومانـە: وشـەی: ﴿ مَآءً ﴾، وشـەیەکی گشـتییە، بـاران، بەفـر، تەرزە، ئاونـگ، شـەونم، هەمـووی دەگرێتـەوە، خـوا ﷻ وشـەیەکی بەکارهێنـاوە کـە هەرچـی لـە سـەرێوە دێتـە خـوار لـە تەڕایـی، هەمـووی بگرێتـەوە، ﴿ فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَآ ﴾، واتـە: زەوی پـێ زیندووکردۆتـەوە، دوای مـردنی، ژیـان و مـردنی توێخـی زەوی، بەسـتراوەتەوە بـە ئـاوەوە، هـەر شـوێنێك ئـاوی هەبـێ (ئـاو و ئاوەدانیـی) لـە هـەر شـوێنێك ئـاوی لێبـێ، ژیانیـشی لێیـە، لـەو زەوییـە، هـەر شـوێنێکیش ئـاوی لـێ نەبـێ، ئاوەدانیـی لـێ نیـە و، ژیانیـشی لێنابـێ.

ئنجـا زەوییـەك کـە لـە ئەنجامـی بـێ ئاوییـدا ڕەق هەڵدەگـەڕێ و، ڕووەکەکـەی کـە لەسـەری بـووە، دەسـووتێ و دەبێتـە پـووش و پـەڵاش، دوای ئـەوەی ئـاوی بـۆ دێتـە خـوار،

www.alibapir.net

پێی زیندوو دەبێتەوە، ﴿ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَسْمَعُونَ ﴾، واتە: بێگومان لەمەدا نیشانە هەیە، نیشانەیەکی گەورە و مەزن، بۆ کۆمەڵێك ببیستن، هەر ببیستن، بۆیان دەبێتە نیشانە، ئەوەندە شتەکە ئاشکرا و دیارە، ئەو ئاوە ئەو ڕەحمەتە ئەو باران و بەفر و تەرزەیە کە دێتە خوار، چۆن سەر زەوی پێ زیندوو دەبێتەوە! ئەوە هەر کەسێ: کە ببیستێ، پەیامی خوا ببیستێ و گوێی بۆ هەڵبخات، بۆی دەبێتە نیشانەیەك و بەڵگەیەکی گەورە، لەسەر تەنیا پەروەردگارێتیی خوا و، تەنیا پەرستراوێتی خوا.

ئنجا دێتە سەر باسی نیعمەتێکی دی، دەفەرمووێ: ﴿ وَإِنَّ لَكُمْ فِى ٱلْأَنْعَٰمِ لَعِبْرَةً ﴾، واتە: هەروەها بۆ ئێوە لە ئاژەڵاندا پەندێکی گەورە هەیە، واتە: حاڵەتێك کە لێیەوە دەگوازنەوە بۆ حاڵەتێکی دی، کە بەس تەماشای ئاژەڵان بکەن، سەرنجدانی ئاژەڵان و، بەرهەمی ئاژەڵان، دەتانگوازێتەوە بۆ ئەوە کە بزانن ئەو ئاژەڵانە پەروەردگارێك و مشوورخۆرێك بۆ ئێوەی ڕەخساند وون، بە هەموو ئەو نیعمەتانەوە کە لە ئاژەڵاندا بۆ ئێوەی هێناونە دی، ئنجا لێرەدا خوا باسی یەك نیعمەتیان دەکات، دەفەرمووێ: ﴿ نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِى بُطُونِهِۦ مِنۢ بَيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ لَّبَنًا خَالِصًا سَآئِغًا لِّلشَّٰرِبِينَ ﴾، واتە: بە ئێوەی دەخۆینەوە، لەوەی کە لە نێو سکیان دایە {لە نێو سکی ئاژەڵەکان دایە} لە نێوان پاشەڕۆك و خوێن، لە نێوان ڕیخ و خوێن دا، ﴿ فَرْثٍ ﴾، وشەی: (رَوْث) واتە: ڕیخ، بەڵام وشەی: ﴿ فَرْثٍ ﴾، واتە: ئەو پاشەڕۆکەی ئاژەڵ پاش هەزمکردنی خواردن، بەشێکی دەبێتە خوێن و بەشێکی دەبێتە شیر، ئنجا ئەوی دیکە کە دەمێنێتەوە لە گەدە و ڕیخۆڵەیدا، پێی دەگوترێ: ﴿ فَرْثٍ ﴾، واتە: پاشەڕۆك، کە دوای ئەوەی دانرا و، لە جەستەی جیابۆوە، ئنجا پێی دەگوترێ ڕیخ و شیاکە و پشقل و تەرس و... هتد، ئنجا دەفەرمووێ: لەوەی کە لە سکیاندا هەیە، لە نێوان ئەو پاشەڕۆکەو خوێندا: ﴿ لَّبَنًا خَالِصًا سَآئِغًا لِّلشَّٰرِبِينَ ﴾، واتە: بە ئێوەی دەخۆینەوە، شیرێکی ساغی بە ئاسان چووە خوار لە گەرووتان بۆ خۆرەوانی، بۆ کەسانێك کە بیخۆنەوە بە ئاسانیی لە گەروویان دەچێتە خوار، ئەو شیرە پاڵفتە کراوە.

هەڵبەتە ئێمە دوایی باسێکی تایبەتیی شیر دەکەین، شیرو چۆنیەتی دروست بوونی و سوودەکانی.

﴿ وَمِن ثَمَرَٰتِ ٱلنَّخِيلِ وَٱلْأَعْنَٰبِ تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَرًا وَرِزْقًا حَسَنًا ﴾، واتە: هەروەها لە میوەکان و بەروبوومی دارخورما و دار ترێ، (دار مێو)، ﴿ تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَرًا وَرِزْقًا حَسَنًا ﴾، کە لە بەروبوومەکانیان لە میوەی خورما و ترێ، هەم ماددەیەکی سەرخۆشکەر

www.alibapir.net

دروست دەکەن، هەم بژیوێکی باشیش دروست دەکەن، ئنجا بژیوە باشەکە: دۆشاوە، مێوژە، باسووقە، مرەببایە، هەمووو ئەو شتانەن، کە دروست دەکرێن.

ئەوەش ئاماژەیەکە - وەك دوایی باسی دەکەین - ، بەوە کە شەڕاب و مەی، کە لە خورما و لە ترێ دروست دەکرێ، شتێکی باش نیە، چونکە خوا بەراوردی پێکردوە، لەگەڵ بژیوێکی باشدا، کەواتە: ئەوەش بژیوە، بەڵام بژیوێکی باش نیە.

﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴾، واتە: بێگومان لەوەدا، واتە: لە بەروبوومی دارخورما و مێودا کە خورما و ترێ دەگرن، کە ماددەی سەرخۆشکەر و بژیوی باشیان لێ دروست دەکەن، نیشانەیەکی مەزن هەیە بۆ کۆمەڵێك کە بفامن و عەقڵی خۆیان بەکاربێنن، دەزانن کە ئەو بەروبوومی دارخورما و دارمێو، نیشانەیەك و بەڵگەیەکی مەزنە لەسەر ئەوە کە هەر خوا ﷻ بەدیهێنەرو پەروەردگار و مشوورخۆر و هەمەکارەی مرۆڤەکانە، بۆیە پێویستە هەر ئەویش پەرستراویان بێ.

ئنجا دێتە سەر باسی نیعمەتێکی دیکە، دەفەرموێ: ﴿ وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى النَّحْلِ أَنِ اتَّخِذِي مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ الشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ ﴾، واتە: هەروەها پەروەردگارت سروشی کرد بۆ هەنگ، نیگای بۆ کرد، واتە: بە شێوەیەکی تایبەت فێری کرد و پەیامی بۆ نارد، ئنجا ئایا چی پێ فەرموون؟ فەرمووی: ماڵان دروست بکەن، واتە: شوێنی تێدا نیشتەجێ بوونتان دروست بکەن لە چیایەکان و، لە درەختەکان، ﴿ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ ﴾، هەروەها لەوەی کە مرۆڤەکان دروستی دەکەن بۆتان لەو جێ و ڕێیانەدا، لەو کەند و و، خەڵێف و شوێنانەدا، کە بۆ تێدا نیشتەجێ بوونی هەنگ و، هێلانە تێدا دروستکردنی هەنگ، دروستی دەکەن، لەو سێ شوێنانەدا ماڵی خۆتان سازبکەن.

﴿ بُيُوتًا ﴾، کۆی (بیت)ە، (بیت) هەر شوێنێکە کە ئینسان شەوی تێدا بکاتەوە، دوایی کراوە بە ناو بۆ هەر شوێنێك کە ئیسڕاحەت و پشووی تێدا بدرێ، ئنجا وەك چۆن مرۆڤ ماڵ (بیت)ی هەیە، خوای پەروەردگار ئەو شوێنەی کە هەنگەکانیش تێیدا نیشتەجێن و، ئیسڕاحەتی تێدا دەکەن و، کاری تێدا دەکەن و، ئەویشی ناو ناوە (بیوت).

﴿ ثُمَّ كُلِي مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ ﴾، واتە: دوای ئەوەی ماڵتان دروستکرد، لە چیا و دارو درەختەکان و، لەو شوێنانەی مرۆڤەکان بۆتان دروست دەکەن، ئنجا ئەی هەنگەکان! لە هەموو میوەکان بخۆن، ﴿ فَاسْلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا ﴾، واتە: ئنجا بە ڕێیەکانی پەروەردگارتان دا بڕۆن، ڕام و دەستەمۆ کراون و، ڕێیەکانتان بۆ تەخت و ئاچووخ کراون و، تواناشتان

www.alibapir.net

دراوەتێ کە بەو ڕێیانە دا بڕۆن و، تواناشتان دراوەتێ کە لە شیلەی ئەو میوە و گوڵانە بمژن، ﴿ يَخْرُجُ مِنْ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَآءٌ لِّلنَّاسِ ﴾، واتە: لە سکیان خواردنەوەیەك دێتە دەرێ، ڕەنگەكانی جۆراو جۆرن، ﴿ فِيهِ شِفَآءٌ لِّلنَّاسِ ﴾، چارەسەری تێدایە بۆ خەڵکی، واتە: بۆ بەشێك یان زۆرێك لە نەخۆشییەكانی خەڵکی، ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴾، واتە: بەڕاستیی لەوەدا نیشانەیەكی مەزن هەیە، نیشانەیەكی جێی بایەخ هەیە، بۆ كۆمەڵێك بیر بكەنەوە.

ئەمە چونكە وردەكاریی تێدایە، پێویستیی بە ڕامان و بیركردنەوە و سەرنجدان دەكات، هی پێشووتر بەس پێویستیی بە گوێگرتن بوو، هی دووەم پێویستی بە فامكردن هەبوو، بەڵام ئەمەیان پێویستیی بە ڕامان و سەرنجدان و بیركردنەوە هەیە.

شایانی باسە: ئێمە باسێكی تایبەت و تێرو تەسەل دەربارەی هەنگ و ژیانی هەنگ و، پاشان هەنگوین، دەكەین، هەروەك باسێكی تایبەتیش دەربارەی هەر كام لە دارخورما و دارمێو و، خورما و ترێش دەكەین، دوایی لە كۆی شوێنەكانی دیكەدا كە باسی ئەوانە دێتەوە پێشێ: دەگەڕێینەوە بۆ ئێرە، ئەو شوێنانەی ئەو باسە تایبەتانەیان تێدا دەكەین و، دواتر باسەكان دووبارە ناكەینەوە.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر باسی هەندێك نیعمەتی دیكەی خۆی: ﴿ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمْ ثُمَّ يَتَوَفَّىٰكُمْ ﴾، واتە: هەروەها خوا ئێوەی وەدی هێناوە و لە نەبوونەوە پەیدای كردوون، دواییش دەتانمرێنێ، كە هەم پەیداكرانەكەمان نیعمەتە، هەم مراندنەكەشمان نیعمەتە، ئێستا خەڵك نازانێ! وا دەزانێ، تەنیا پەیدا بوون نیعمەتە، بەڵام بێگومان مردنیش هەر نیعمەتە، با سەرنج بدەین: كەسێك كە نەخۆش دەبێ و پیر و كەنەفت دەبێ و دەكەوێتە سەرجێ، ئایا لە ژیان بێزار نابێ ؟! چەندان كەسم بینیوون مردنیان بە ئاوات خواستوە، چەندان كەسم بینیون ئیماندارو مسوڵمان، بە دڵ لە خوا پاڕاوەنەوە كە خوا تەمەنە ئەمانەتەكەی لێ وەربگرێتەوە! بۆ ئەوەی چی دیكە بار نەبن بەسەر خەڵك و خزم و كەسیانەوە.

هەروەها زۆر كەس نەخۆشێكیان هەیە بەڵێ: خۆشیان دەوێ و دڵیان پێوەیە، بەڵام زۆریش پێیان خۆشە كە خوا هەق و حیسابی خۆی لەگەڵدا بكات.

ئنجا ئەوە تەنیا شتی تایبەت، بەڵام ئەگەر وەك حاڵەتی گشتی تەماشا بكەین: ئایا ئەگەر مرۆڤەكان وەك چینی بێستان، هەر چینێك سەر زەوی بەجێ نەهێشتبایە بۆ

www.alibapir.net

چینێکی دوای خۆی، ئەگەر هەموویان کەڵەکە بووبان لەسەر زەوی، کوێ هەڵیدەگرت؟!
بێگومان خوا ﷻ دەیتوانی وایکردبایە هەموو مرۆڤەکان پێکەوە کۆبکاتەوە، ئەو کاتە مرۆڤەکانی لە شوێنێك دادەنا، کە جێی هەموویان ببێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی حیکمەت لە دروستکرانی مرۆڤاندا تاقیکردنەوەیانەو، تاقیکردنەوەکەش بەو ماوە کەمەی دانراوە، تەواو دەبێ و دێتە دی، بۆیە خوا ﷻ حاڵەتی مەرگیشی داناوە، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمۡ ثُمَّ يَتَوَفَّىٰكُمۡ ﴾، واتە: خوا ئێوەی وەدیهێناوە و دواییش دەتانمرێنێ، لە ڕاستییدا مردنیش لە کاتی خۆیدا، یەکێکە لە چاك و نیعمەتەکانی خوا، ﴿ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرۡذَلِ ٱلۡعُمُرِ ﴾، واتە: هەشتانە دەگێڕدرێتەوە بۆ خراپترین تەمەن، یانی: حاڵەتی پیریی و کەنەفتیی.

وشەی ﴿ أَرۡذَلِ ﴾، (**صيغة التفضيل**)ی (**رَذْل**)ە کە (**رَذِل**) بە (**رذائل**) کۆدەکرێتەوە، ﴿ أَرۡذَلِ ﴾، واتە: حاڵەتێکی خوارتر، کە ئینسان ئارەزووی بۆی نەبێ، وەك باسمکرد و پێشتریش ئاماژەم پێدا، زۆر کەس کە تەمەنەکەی زۆر هەڵدەکشێت و دەگاتە حاڵەت و تەمەنێکی نەویستراو و، نەخوازرا و، کە ئینسان تێیدا پیر و کەنەفت دەبێ و، دەبێتە بار بەسەر خەڵکەوە، هەر بۆیەش لە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺدا هاتوە، لە خوا پاڕاوەتەوە کە خوا نەیگێڕێتەوە بۆ تەمەنی خراپ، تەمەنێك تێیدا پیر و کەنەفت بێ.

﴿ لِكَيۡ لَا يَعۡلَمَ بَعۡدَ عِلۡمٖ شَيۡـًٔاۚ ﴾، واتە: دەگێڕێتەوە بۆ تەمەنێکی خراپ، تەمەنێکی زۆر پیر و کەنەفت، تاکو دوای ئەوەی شتی زانیوە، ئنجا هیچ نەزانێت، مێشکی فۆڕمات دەبێتەوە و، هیچ شتێك نازانێ، وەك منداڵی لێدێتەوە، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٞ قَدِيرٞ ﴾، واتە: بێگومان خوا زانای توانایە.

ئنجا دێتە سەر باسی نیعمەتێکی دیکەو دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ فَضَّلَ بَعۡضَكُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ فِي ٱلرِّزۡقِۚ ﴾، واتە: هەروەها خوا هەندێکتانی هەڵبژاردوە بەسەر هەندێکتان دا، لە بژیودا، هەندێکتانی بەرزکردۆتەوە لە بژیودا و زێدەیی بە هەندێکتان، لە بژیو و ڕۆزییدا، ﴿ فَمَا ٱلَّذِينَ فُضِّلُواْ بِرَآدِّي رِزۡقِهِمۡ عَلَىٰ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُمۡ فَهُمۡ فِيهِ سَوَآءٌۚ ﴾، واتە: ئنجا ئەوانەی کە هەڵبژێردراون و زێدەییان پێدراوە، گێڕەرەوەی بژیوە زیادەکە نین، بۆ ئەوانەی کە لەبەر دەستیانن، بۆ بەردەستەکانیان، ئەوانەی کە بە دەستیانەوەن، ئنجا ئەگەر کۆیلەن، ئەگەر خزمەتکارن، ئەگەر هەرکەسێکن و لەبەر دەستیانن، کە سەرەنجام تێیدا یەکسان ببنەوە.

www.alibapir.net

هیچ کامتان ئەو ڕزق و ڕۆزە زیادە و، ئەو ئیمتیازە ماددیی و مەعنەوییە زیادەی کە لەبەردەستی دایە، نایگێڕێتەوە بۆ ژێر دەستەکانی و بەردەستەکانی، تاکو هەموویان یەکسان ببنەوە، ﴿ أَفَبِنِعْمَةِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ ﴾، واتە: ئایا نکوولیی لە چاکەی خوا دەکەن، واتە: ئێوە ئامادە نین بەردەستەکانتان لەگەڵتان دا یەکسان ببنەوە، ئەدی خوا ﷻ چۆن دروستکراوەکان لەگەڵ خۆیدا یەکسان دەکاتەوە؟ ئەوە شتێکی زۆر بێجێیە، لێرەدا وەك عەرەب دەڵێن: (**أدينُك مِن فَمِك**) واتە: بە زاری خۆت دەتگرم، ئەگەرنا مەبەست ئەوە نیە، کە خوا ﷻ ئیقراری ئەوە بکات و، ئەوەیان لێ بسەلمێنێ کە جیاوازیی بە خۆیان و بە کۆیلەکانیان بکەن، چونکە پێغەمبەری خاتەم ﷺ {وەك کاتی خۆی لە تەفسیری سوورەتی (**النساء**)دا، باسێکمان دەربارەی کۆیلە کرد، کە پەیدابوونی کۆیلەکان حاڵەتێکی ناچاریی بووەو، واقعێکی فەرزکرا و بووەو، ئیسلام نەیتوانیوە بە نووکە قەڵەمێك لای بەرێ، بەڵام زۆر ڕێی داناون تاکو سەرچاوەکانی وشك بکات، ئنجا لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆیلەکاندا پێغەمبەر ﷺ } ئامۆژگاریی مسوڵمانانی کردوە: هەر کامێك لە ئێوە کە کۆیلەیەکی هەبوو، با بۆخۆی چ بەرگێك دەپۆشێ، لە هەمان پۆشاکیش لەبەر وی بکات و، بۆخۆی چی دەخوات، لەو جۆرە خواردنەش بدات بەو، واتە: جیاوازیی پێ نەکات، بەڵام لێرەدا خوا ﷻ ڕووی دواندنی لە کافرە ملهوڕ و خۆبەزلگرەکانە، کە ئەصڵەن کۆیلە و بەردەستەکانی خۆیان، بە مرۆڤیش دانە دەنا، ئنجا بە مەنتیقی خۆیان دەیانگرێ.

﴿ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا ﴾، واتە: هەروەها خوا لە خۆتان هاوسەرانی بۆ ڕەخساندوون، ئنجا ئەگەر دوێنراوەکان پیاوان بن، واتە: ژنانی بۆ ڕەخساندوون و، ئەگەر دوێنراوەکان ژنان بن، واتە: پیاوانی بۆ ڕەخساندوون، ﴿ وَجَعَلَ لَكُم مِّنْ أَزْوَٰجِكُم بَنِينَ وَحَفَدَةً ﴾، واتە: لە هاوسەرەکانیشتان کوڕان و نەوەکانی پێداون.

﴿ وَحَفَدَةً ﴾، کۆی (**حَفِيدْ**) یان (**حَافِد**)ە، بۆیەش پێی دەگوترێ (**حافد**) یان (**حفيد**) لەبەر ئەوەی بە خێرایی و، بەبێ بەرانبەر خزمەتی نەنك و باپیریان و دایك و باوکیان دەکەن.

﴿ وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ ﴾، واتە: هەروەها لە بژیوە خۆش و بەتام و سوود بەخشەکان پێی داون، ﴿ أَفَبِٱلْبَٰطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَتِ ٱللَّهِ هُمْ يَكْفُرُونَ ﴾، واتە: ئنجا ئایا بڕوا بە باطیل و پووچ دەکەن و، سپڵەیی و نا سوپاسیی دەکەن بەرانبەر بە چاکەکانی خوا ؟!

www.alibapir.net

﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَمْلِكُ لَهُمْ رِزْقًا مِّنَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ شَيْـًٔا ﴾، واتـە: هەروەهـا ئـەو هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەر و کافرانـە، جگـە لـە خـوا و، لـە خـوار خـواوە: شـتانێك دەپەرسـتن، کـە نـە لـە ئاسـمان و نـە لـە زەویـدا، هیـچ بژیویێکیـان بەدەسـت نیـە، هیـچ شـتێکیان بەدەسـت نیـە لـە ڕزق و ڕۆزیـی، ﴿ وَلَا يَسْتَطِيعُونَ ﴾، هیـچ شـتێکیان بـە دەسـت نیـە و ناشـتوانن، وە دەسـتی بخـەن.

﴿ فَلَا تَضْرِبُوا لِلَّهِ ٱلْأَمْثَالَ ﴾، واتـە: ئنجـا وێنـان بـۆ خـوا مەهێننـەوە، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾، واتـە: بێگومـان خـوا دەزانـێ و، ئێـوە نازانـن، دوایـی وردتـر بـاسی دەکەیـن کـە مەبەسـت لـە وشـەی: ﴿ ٱلْأَمْثَالَ ﴾، لێـرەدا چییـە؟

أ / دەگونجێ مەبەست ئەوە بێ کە: هیچ شتێك وەك خوا مامەڵەی لەگەڵدا مەکەن و، مەیکەنە هاوتای خوا و، مەیکەنە هاوکوفی خوا و، وێنە بۆ خوا مەهێننەوە، واتە: ﴿ ٱلْأَمْثَالَ ﴾، لێرەدا دەبێتە کۆی (**مَثَل**) واتە: (**شَبیه**) هاوتا و هاوکوف.

ب/ دەشگونجێ مەبەست ئەوەبێ کە (**ضَرب المَثَل**) بۆ خوا مەکەن و وێنان بۆ خوا مەهێننەوە.

ئنجا خوا ﷻ دوو وێنە (**ضرب المثل**)مان بۆ دێنێتەوە:

وێنەی یەکەم:

﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا عَبْدًا مَّمْلُوكًا ﴾، واتـە: خـوا وێنەیـەکی هێناوەتـەوە، وێنەکـەش بریتیـە لە کۆیلەیـەکی خاوەنـدار، ﴿ لَّا يَقْدِرُ عَلَىٰ شَيْءٍ ﴾، کـە توانـای بەسـەر هیـچ شـتێکدا نیـە، کـە لێـرەدا خـوا ﷻ بـاسی واقیعێـك دەکات کـە ئـەو کاتـە هەبـووە، کۆیلـە هیـچ شـتێکی بەدەسـت نەبـووە، ﴿ وَمَن رَّزَقْنَٰهُ مِنَّا رِزْقًا حَسَنًا ﴾، کەسـێکیش کـە بژیـوێـکی باشـمان پێـداوە، ﴿ فَهُوَ يُنفِقُ مِنْهُ سِرًّا وَجَهْرًا ﴾، ئنجـا بـە پەنهانیـی و بـە ئاشـکرا لێـی دەبەخشـێ، ﴿ هَلْ يَسْتَوُۥنَ ﴾، واتـە: ئایـا ئـەو دووانـە وەك یەکـن؟! کۆیلەیـەك کـە نـەك خـاوەنی هیـچ نیـە، خـاوەنی خۆیـشی نیـە و، خـۆشی خاوەنـدارە، لەگـەڵ کەسـێکدا کـە کۆیلـە نیـە و، ئـازادەو، ڕزق و ڕۆزییـەکی باشیشـمان پێـداوە و، بـە پەنهـان و ئاشـکرا لێـی دەبەخشـێ، ئایـا وەك یەکـن ؟! ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴾، واتـە: سـتایش بـۆ خـوا، بەڵکـو زۆربەیـان نازانـن، ئێمـە دواتـر بـاس دەکەیـن، کـە: ئایـا لێـرەدا خـوا ﷻ وێنـە دێنێتـەوە بـۆ ئینسـانی بـڕوادار و بێبـڕوا، یـان ئینسـانی خـوا بـە یەکگـر و ئینسـانی هاوبـەش بـۆ خـوا پەیداکـەر؟ یاخـود وێنـە دێنێتـەوە بـۆ ئـەو بـت و صەنـەم و پەرسـتراوانەی کـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان

www.alibapir.net

دەیانپەرستن لەگەڵ خوادا ﷻ؟ چونکە ڕوونکەرەوان و توێژەرەوانی قورئان، هەردووك ڕایەکەیان خستوونە ڕوو.

وێنەی دووەم:

ئنجا وێنەی دووەم دێنێتەوە: ﴿ وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا ﴾، واتە: هەروەها خوا وێنەیەکی دیکەی هێناوەتەوە ﴿ رَّجُلَيْنِ أَحَدُهُمَآ أَبْكَمُ لَا يَقْدِرُ عَلَىٰ شَىْءٍ وَهُوَ كَلٌّ عَلَىٰ مَوْلَىٰهُ أَيْنَمَا يُوَجِّههُّ لَا يَأْتِ بِخَيْرٍ ﴾، واتە: دوو پیاو یەکێکیان لاڵە و توانای بەسەر هیچ شتێکدا نیە، بارە بەسەر سەرپەرشتیارەکەیەوەو، بۆ هەر شوێنێك بینێرێ، هیچ چاکەی لە دەست نایەت و، هیچ شتێکی لێ هەڵناوەرێ، ﴿ هَلْ يَسْتَوِى هُوَ وَمَن يَأْمُرُ بِٱلْعَدْلِ وَهُوَ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾، ئنجا ئایا لاڵێکی بێ توانای دەستەپاچەی بار بەسەر خاوەنەکەیەوە، یەکسانە لەگەڵ کەسێك دا کە فەرمان بە دادگەریی دەکات و، لەسەر ڕێیەکی ڕاستیشە ؟! واتە: هەم ئاخاوتنەکەی باشترین ئاخاوتنە: کە فەرمان کردنە بە دادگەریی، هەم کردەوەکەشی باشترین کردەوەیە، کە ڕۆیشتنە لەسەر ڕێیەکی ڕاست، ئایا کەسێکی ئاوا، لەگەڵ بابایەکی دەستە پاچەی لاڵی هیچ لە دەست نەهاتوودا یەکسانن؟! بێگومان نەخێر، کەواتە: بڕوادارێك لەگەڵ بێبڕوایەك، خوا بە یەکگرێك، کەسێك کە تەنیا خوا دەپەرستێ، لەگەڵ کەسێك دا کە هاوبەش بۆ خوا پەیدا دەکات، وەك یەك نین، یاخود ئەو پەرستراوانەی کە ئێوە دەیانپەرستن، کە هیچ نین، لە بەرانبەر خوادا ﷻ، لەگەڵ خوادا، یەکسان ناکرێن.

ئنجا باسی بابەتێکی زۆر گەورە و گرنگ دەکات، کە بریتیە لەوە کە خوا بە تەنیا خۆی پەنهانی ئاسمانەکان و زەوی لەلایەو، هەر ئەویش بڕیاری هاتنی ئاخیرزەمان (**ساعة**)ی بەدەستە، دەفەرموێ: ﴿ وَلِلَّهِ غَيْبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، واتە: هەروەها تەنیا هی خوایە پەنهانی ئاسمانەکان و زەوی، هەر ئەو لە نهێنییەکانی ئاسمان و زەوی ئاگادارە، ﴿ وَمَآ أَمْرُ ٱلسَّاعَةِ إِلَّا كَلَمْحِ ٱلْبَصَرِ ﴾، واتە: یەکێك لە نهێنیی و پەنهانەکانی ئاسمان و زەوی بریتیە لە: (ٱلسَّاعَةِ) واتە: ئەو کاتەی کە دنیای تێدا کۆتا دێ، ئاخیر زەمان، دەفەرموێ: بڕیاری ئاخر زەمانیش هەروەك چاو ترووکانێکە، یاخود کاری ئاخیر زەمان وەك چاو ترووکانێکە، واتە: چاوترووکان چەند خێرایە، خوا ﷻ دەتوانێ ئاوا بە خێرایی ئەم دنیایە، ئەم گەردوونە، کۆتایی پێ بێنێ، ﴿ أَوْ هُوَ أَقْرَبُ ﴾، واتە: یاخود نزیکتریشە، یانی: لەوەش خێراترە، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴾، واتە: بێگومان خوا لەسەر هەموو شتێك بە توانایە.

www.alibapir.net

ئنجا دەگەڕێتەوە سەر باسی نیعمەتەکان، دوای ئەوەی ئەو بابەتانەی نێواخن کردن: ﴿ وَٱللَّهُ أَخۡرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ ﴾، واتە: هەروەها خوا ئێوەی لە سکی دایکتان دەرهێناوە، ﴿ لَا تَعۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا ﴾، ئەو کاتە کە خوا ئێوەی لە سکی دایکتان دەرهێنا هیچتان نەدەزانی، ﴿ وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ ﴾، واتە: بەڵام {بۆ ئەوەی کە شت فێربن، خوا} بیستن و چاوەکان و عەقڵەکانی پێداون، ﴿ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ﴾، بەڵکو سوپاسگوزاریی بۆ خوا بکەن، واتە: زانست و زانیاریی و شارەزایی بەو گوێ و چاو و عەقڵانەتان پەیدا بکەن و، سەرەنجام ببنە بەندەیەکی بە ئەمەگ و سوپاسگوزار بۆ خواو، ئەو زانیارییە لە ڕەزامەندیی خوادا بەکاربێنن.

ئنجا نیعمەتێکی دیکە باس دەکات: ﴿ أَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَى ٱلطَّيۡرِ مُسَخَّرَٰتٖ فِي جَوِّ ٱلسَّمَآءِ ﴾، واتە: ئایا سەرنجیان نەداوەتە باڵندان کە ڕام و دەستەمۆو ملکەچ کراون، لە هەوای ئاسماندا ﴿ مَا يُمۡسِكُهُنَّ إِلَّا ٱللَّهُۚ ﴾، جگە لە خوا هیچ کەس نایانگرێ، کێ ڕایگرتوون ؟! بێگومان خوا بەهۆی ئەو یاسایانەوە کە دایناون، کە ئێمە دوایی باسێکی تایبەت دەربارەی باڵندان دەکەین و، چۆنیەتی فڕینیان و، جۆرەکانی باڵندە و، چۆن دەتوانن بە هەواوە بمێننەوە؟ ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴾، واتە: بێگومان لەوەدا نیشانە هەن بۆ کۆمەڵێك بڕوا بێنن، نەك تەنیا نیشانە، بەڵکو چەندان نیشانە هەن، بۆ کۆمەڵێك بیانەوێ بڕوا بێنن بە خوا ﷻ لە ڕێی ناسین و، پەیپێبردنی دروستکراوەکانیەوە، یانی: لە ڕێی پەیپێبردنی نیشانە و بەڵگەکانیەوە، کە بڵاوی کردوونەوە.

ئنجا خوای بەخشەر باسی کۆمەڵێك چاکە و نیعمەتی دیکەی خۆی دەکات: ﴿ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنۢ بُيُوتِكُمۡ سَكَنٗا ﴾، واتە: هەروەها خوا ماڵەکانتانی بۆ گێڕاون بە مایەی تێدا پشوودان و، ئیسراحەت و نیشتەجێ بوون، ﴿ وَجَعَلَ لَكُم مِّن جُلُودِ ٱلۡأَنۡعَٰمِ بُيُوتٗا ﴾، هەروەها لە پێست و کەوڵی ئاژەڵانیش ماڵی بۆ ڕەخساندوون، کە کاتی خۆی - وەك دوایی باسی دەکەین - لە پێست و چەرم و کەوڵی ئاژەڵان، واتە: حوشترو ڕەشە وڵاخ و مەڕ و بزن، چادریان دروستکردوون، دیارە بە چەند شێوەیەك دروستیان کردوون، هەروەها لەو خوریی و موو و تووکی کە لەسەر پێستەکانیانە، لەوانیش ڕەشماڵ و چادر و خێوەتیان لێ دروستکردوون.

ئنجا خوا باسی ئەو جۆرە خانو و ماڵانە دەکات کە لە پێست و چەرمی ئاژەڵەکان دروست دەکرێن و دەفەرموێ: ﴿ تَسۡتَخِفُّونَهَا يَوۡمَ ظَعۡنِكُمۡ وَيَوۡمَ إِقَامَتِكُمۡ ﴾، واتە:

www.alibapir.net

سووکتان بـە دەسـتەوە دێـن، سـووك و زەنگەڵـن بەدەسـتتانەوە، ئـەو خانووانـە هـەم لـە کاتی سـەفەرکردنتان و، هـەم لـە کاتی ڕۆیشـتنتان و، هـەم لـە کاتی نیشـتەجێبونتان دا، واتـە: بـە ئاسـانیی دەتوانـن لەگـەڵ خۆتانیـان بـەرن، ئـەو ماڵانـە: ئنجا چـادرە، خێوەتـە، ڕەشـماڵە، تاوڵە، کـە لـە نێـو کـورددا زیاتـر چـادر و ڕەشـماڵ و ئەوانـە کـە لـە مـوو و خوریـی دروسـتکراون، بەکاردێـن، بـەڵام لـە نێـو عەڕەبانـدا، لـە چـەرم و پێستەکەشـیان خانوویـان دروسـتکردوون، چـادرو ڕەشـماڵیان دروسـت کـردوون، وەك دوایـی بـاسی دەکەیـن، ئنجـا ئەوانـە سـووك بەدەسـتەوە دێـن، وەك خانـووی دیکـە نیـن لـە قـوڕ و خشـت و بـەردو لـە کەرسـتەکانی دیکـە بـن و، نەتوانـن لەگـەڵ خۆیانیـان بـەرن، ﴿ وَمِنْ أَصْوَافِهَا وَأَوْبَارِهَا وَأَشْعَارِهَآ أَثَٰثًا وَمَتَٰعًا إِلَىٰ حِينٍ ﴿٨٠﴾ ﴾ هەروەهـا لـە خورییەکانیـان و، لـە تووکەکانیـان و، لـە مووەکانیـان، کـە (**أصواف**) کـۆی (**صوف**)ە، یـانی خوریـی و هـی مـەڕ و بەرانـە، (**أوبار**)یـش کـۆی (**وَبَر**)ە یـانی: تـووك و هـی حوشـترە.

بـە نێـرو مـێ وە کـە نێرەکـەی (**جَمَل**) و مێیەکـەی (**ناقة**) یـەو (**بَعير و إبل**)یـش بـۆ نێـرو مێـن، (**أشعار**)یش کـۆی (**شَعْر**)ە واتـە: مـوو، ئەمیـش هی بـزن و نێرییـە و، هەڵبەتە ڕەشـەوڵاخ (گاو مانـگا، کـەڵ و گامێـش) مـووی هەیـە، بـەڵام مـووی زیـادی نیـە کـە بـە کەڵـکی بڕیـن بـێ، بـەڵام چـەرم و پێسـتەکەیان بـە کەڵـك دێ.

ئنجـا ئایـا لـە خورییـەکان و تووکـەکان و مـووەکانی ئاژەڵەکانیـش خـوای پـەروەردگار چـی بـۆ ڕەخسـاندوون ؟! ﴿ أَثَٰثًا ﴾، واتـە: کەلوپـەل شـمەك، ئـەو شـتانەی کـە لـە خوریـی و تـووك و مووەکانیـان، دروسـت دەکرێـن، هەندێـك دەڵێـن: (**أثـاث**) بریتیـە لـەو کەلوپەلانـەی لەنێـو ماڵـدا بەکاردەهێندرێـن، بـەڵام (**مَتـاع**) بریتیـە لـەوەی کـە لـە دەرەوەی ماڵیـش بەکاربهێـنرێ، یاخـود (**متاعـاً**)، واتـە: بـۆ گوزەراندنتـان و ڕابواردنتـان و ژیـان بەسـەربردنتان ﴿ إِلَىٰ حِينٍ ﴾، واتـە: تاکـو کاتێـکی دیارییکـراو، ئەمـە ئاماژەیـە بـۆ ئـەوە کـە ئـەم ژیـانی دنیایـە، زۆر کاتییـە و گوریـسی لەبـن ڕامەخـەن و وامەزانـن مەنزڵـگای کۆتاییـە.

ئنجـا دێتـە سـەر بـاسی چەنـد نیعمەتێـکی دیکـە: ﴿ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّمَّا خَلَقَ ظِلَٰلًا ﴾، هەروەهـا خـوا لـەو شـتانەی بـۆی دروسـتکردوون، سـێبەرەکانی بـۆ ڕەخسـاندوون، ﴿ وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلْجِبَالِ أَكْنَٰنًا ﴾، هەروەهـا لـە چیایەکانیـش ئەشـکەوت و پەنـاگاکانی بـۆ ڕەخسـاندوون، ﴿ وَجَعَلَ لَكُمْ سَرَٰبِيلَ تَقِيكُمُ ٱلْحَرَّ ﴾، هەروەهـا پۆشـاکەکانی بـۆ ڕەخسـاندوون کـە لـە گەرمـا دەتانپارێـزێ.

www.alibapir.net

ئنجا دیارە لە بەرانبەر گەرمادا، سەرماش هەیە، واتە: لە گەرما و سەرما دەتانپارێزێ، ﴿وَسَرَٰبِيلَ تَقِيكُم بَأۡسَكُمۡ﴾، هەروەها چەندان پۆشاکی بۆ ڕەخساندوون، کە لە کاتی سەغڵەتیی و جەنگ و زەبر لێ وەشاندنتاندا، دەتانپارێزێ، ﴿كَذَٰلِكَ يُتِمُّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكُمۡ﴾، ئاوا خوا چاکەی خۆی لەسەر ئێوە تەواو دەکات، ﴿لَعَلَّكُمۡ تُسۡلِمُونَ﴾ بەڵکو (بۆ خوا) ملکەچ بن.

﴿فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّمَا عَلَيۡكَ ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ﴾، خوا پێغەمبەری ﷺ خاتەم دەدوێنێ و دەفەرموێ: ئنجا ئەگەر پشتیان تێکردی و لاملیان تێکردی، بێگومان تۆ تەنیا گەیاندنی ڕوون و ئاشکرات لەسەرە، ﴿يَعۡرِفُونَ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا﴾، (ئەوان) چاکەی خوا دەناسن دواییش نکووڵیی لێدەکەن و دانی پێداناهێنن، ﴿وَأَكۡثَرُهُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾، زۆربەشیان ناسوپاس و سپڵەن، نەك مەبەست ئەوەبێ: {زۆربەیان بێبڕوان} چونکە هەموویان بێبڕوا بوون، بەڵام زۆربەیان سپڵە بوون و، چونکە هەندێکیان سپڵە نەبوون بەو واتایە کە خوایان دەناسی و دەیانزانی ئەو چاکانە هی خوان و، چاکەکانیان بۆ لای خوا دەگێڕایەوە، دیارە کەم و زۆر چاکەشیان بە نیعمەتەکانی خوا کردوە، کەواتە: هەندێکیان جۆرێك لە سوپاسگوزاریی شوکرانە بژێرییان هەبووە، بەڵام زۆربەیان سپڵە و ناسوپاس بوو ون.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

خوا تەنیا خۆی ئاوێکی لە ئاسمانەوە ناردۆتە خوار، کە زەوی پاش مردنی، پێ ژیاندۆتەوە، کەسانێك کە هەر ببیستن، ئەوە بۆیان دەبێتە نیشانە لەسەر تەنیا پەروەردگارێتیی و پەرستراوێتی خوا:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَآ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَسْمَعُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١- ﴿ وَٱللَّهُ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً ﴾، واتە: خوا لە سەرێوە ئاوی ناردۆتە خوار، پێشتر باسمان کرد وشەی ﴿ مَآءً ﴾، هەموو حاڵەتەکانی ئاو دەگرێتەوە: بەفر و تەرزە و باران و، شەونم و ئاونگ و، هەرچی کە لە سەرێوە دێتە خوار لە تەڕایی، هەمووی دەگرێتەوە.

٢- ﴿ فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَآ ﴾، واتە: زەوی دوای ئەوەی کە مردووە، پێی ژیاندۆتەوە، وەك گوتراوە: ئاو و ئاوەدانیی، ئنجا لە ڕاستییدا دیمەنی زیندووبوونەوەی زەوی، بە تایبەت لە کەشی بەهاردا، زۆر جوان بەرجەستە دەبێ، کە دەبینی زەوییەکی قاقڕ و دێمەکاری وشك و برینگ، دوای ئەوەی کە باران لێی دەدا، وردە وردە گیا و گوڵ و ڕووەك و، پاشان دار و درەخت و، ئنجا دوایی زیندەوەران، هەموویان سەردەردێنن و پەیدا دەبن.

٣- ﴿ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَسْمَعُونَ ﴾، واتە: بێگومان لەوەدا نیشانەیەکی جێی سەرنج و مەزن هەیە بۆ کۆمەڵێك ببیستن، یانی: هەر پەیامی خوا ببیستن و گوێ ڕابگرن، بۆیان دەبێتە نیشانە و بەڵگە، ئەگەر زۆریش سەرنجی لێ نەدەن و لێی ورد نەبنەوە.

www.alibapir.net

(الخطیب الإسكافي) لە كتێبەكەی خۆی (دُرَّة التنزیل وَغُرَّة التأویل)دا، دەڵێ: (تَوْبیخٌ لِمَنْ أَنْكر البَعْثَ وَاستَبْعَدَ الحَیاةَ الثَّانِیة فكأنَّهُ قِیْلَ لَهُ: إنَّ ذَلِكَ قَبْلَ التَدَبُّرِ مُقَرَّرٌ فِي أَوَّلِ العَقْلِ، حَتَّى إنَّ مَنْ یَسْمَعهُ یَعْتَرِفُ بِهِ)(١).

واتە: ئەمە سەرزەنشتە بۆ كەسێ كە نكووڵیی كردوە، لە زیندووبوونەوەو، ژیانی دووەمی (واتە: ژیانی ڕۆژی دوایی) بە دوور داناوە، وەك ئەوەی پێی گوترا بێ: پێش بیر لێكردنەوە هەر لە سەرەتای عەقڵدا، ئەوە هەیە و هەر كەسێ هەر ببیستێ دانی پێدادێنێ.

خوا ﷻ لەم سوورەتەدا، ئەوە بۆ جاری دووەمە، باسی دابەزاندنی ئاو لە ئاسمانەوە دەكات، بەڵام ئەوەی كە لە ئایەتەكانی: ژمارە (١٠ و ١١)دا هات، كە لە دەرسەكانی پێشوودا باسمان كرد، بەڵگە هێنانەوە بوو، ئەمەشیان بۆ خستنەڕووی چاكەیە، یانی: ئەویان (إستدلال) بوو و، ئەمەیان (إمتنان)ە، واتە: مەقام و حاڵەتەكان دەگۆڕێن، هەڵبەتە خوا ﷻ جاری وایە دە (١٠) كەڕەتان مەبەستێك دووبارە دەكاتەوە، بەڵام هەر جارە نهێنییەكی دیكەی تێدایە و، حیكمەتێكی دیكەی تێدایەو، هەرگیز دووبارەبوونەوەی بە مانای: (دووبارەبوونەوە)، واتە: كە ئەو قسەیە تەنیا دووبارە بێتەوە وەك هی پێشێ و سوودێكی زیادەی تێدا نەبێ، لە قورئاندا، نیە، جگە لە چەند ڕستە و وشە و تەعبیرێك كە خوا ﷻ بە پێویستی زانیوە: ئەو ڕستە و وشە و تەعبیرانە، لە سوورەتێكدا، یان لە چەند سوورەتێكدا، زۆر دووبارە بكاتەوە، بۆ وێنە:

١/ ﴿يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓ ...﴿٦٥﴾﴾، واتە: ئەی گەلەكەم! خوا بپەرستن، جگە لەو پەرستراوێكی دیكەتان نیە، ئەمە زۆر دووبارەبۆتەوە لە سوورەتی (الأعراف)دا، چەند جارێك و، لە سوورەتی (هود)یش دا، چەند جارێك.

٢/ یان: ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿١٣﴾﴾، كە لە سوورەتی (الرحمن)دا سی و یەك (٣١) جار دووبارە بۆتەوە.

چونكە خوا ﷻ كۆمەڵێك لە نیعمەتەكانی خۆی لە دنیا و دواڕۆژدا دەخاتەڕوو، پاشان جند و ئینسان دەدوێنێ، بۆیە (٣١) جار ئەوە دووبارە دەكاتەوە.

٣/ یان لە سوورەتی (المرسلات)دا خوا دە (١٠) جاران ڕستەیەك دووبارە دەكاتەوە، ﴿وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴿١٥﴾﴾.

---

(١) ص ١٨٩.

www.alibapir.net

٤/ یان لە سوورەتی (القمر)دا ﴿ وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴿١٧﴾ ﴾، چوارجاران دووبارە دەكاتەوە، كەواتە: جگە لە هەندێ ڕستەی دیارییكراو، كە حیكمەتی خوا ﷻ وایخواستوە، وەك خۆیان كتومت، دووبارە ببنەوە، بەڵام ئەوەی دیكە هەرچی لە قورئاندا دووبارە بۆتەوە، بێگومان هەمووی بە شێوەیەكی دیكەیەو، وەك گوتم: هیچی ئەوە نیە كە حیكمەتێكی لە پشتەوە نەبێ، هەڵبەتە ئەو ڕستە قورئانییانەش كە لە سوورەتەكانی (الرحمن) و (القمر)و (المرسلات)دا دووبارە بوونەوە، لەبەرئەوەیە كە كەش و هەوای سوورەتەكەو، باس و بابەتەكانی وایانخواستوە.

www.alibapir.net

مەسەلەی دووەم:

لە ئاژەڵان و ئەو شیرە زوڵاڵ و جوانەی کە لە نێوان تڵت و خوێندا دێتە دەرێ، پەندێکی گەورەتان بۆ هەیە:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّ لَكُمْ فِي الْأَنْعَامِ لَعِبْرَةً نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهِ مِن بَيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ لَّبَنًا خَالِصًا سَائِغًا لِّلشَّارِبِينَ ﴿٦٦﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

دوایی باسێکی تایبەت دەربارەی شیرو، پێکهاتەکانی و، سوودەکانی دەکەین:

١- ﴿وَإِنَّ لَكُمْ فِي الْأَنْعَامِ لَعِبْرَةً﴾، هەروەها بۆ ئێوە لە ئاژەڵاندا پەندێك هەیە، واتە: دەرس و پەندێکی گەورە هەیە، کە بەدیهێنەر و پەروەردگاری خۆتان و ئاژەڵەکانی پێ بناسن و، پەندێکی گەورە هەیە کە بتانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە خوا ﷻ لەگەڵ ئێوەدا چەندە بە کەرەم و لوتفە و، چەندە بەخشندە و بەخشەرە!

وشەی (الْأَنْعَامِ): (**إسم جمعٍ للبقرة والإبل والغنم والمعزِ**)، وشەی (الْأَنْعَامِ) ناوی کۆیە بۆ ڕەشەوڵاخ و حوشتر و مەڕ و بزن.

٢- ﴿نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهِ﴾، لەوەی لە نێو سکیدایە بە ئێوەی دەخۆێنەوە، کە بێگومان مەبەستی پێ شیرەکەیە، چونکە خوا ﷻ دوایی بۆخۆی ڕوونی دەکاتەوە.

وشەی (**بُطون**): (**جمع بطن، إسم للجوف الحاوي للجهاز الهضمي وغيره**)، (**بُطون**) کۆی (**بطن**)ە، (**بطن**) واتە: سك، زگ، ورگ، کە هەر کام لە کۆئەندامی هەرس و، کۆئەندامەکانی دیکە دەگرێتەخۆ.

٣- ﴿مِن بَيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ﴾، (**فرث**): ئەو خواردنەیە کە هەزم کراوەو، لە ڕیخۆڵەکاندا ماوەتەوە، هەر کاتێك خرایەدەر، پێی دەگوترێ پاشەڕۆك، بە نسبەت ئاژەڵەوە، ئنجا بە پێی جۆری ئاژەڵەکان ناوەکەی دەگۆڕێ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی (**رَوث**)ی پێ دەڵێن، (روث) واتە: پاشەڕۆکی ئاژەڵ، بەڵام تاکو لە نێو ڕیخۆڵەکانی دایە (فرث)ی پێ دەڵێن، واتە: (تڵت) یان پاشەڕۆکی خواردنی هەرسکراو، ئنجا هی ڕەشەوڵاخ، بە کوردیی (ڕیخ)ی پێ دەڵێین و، هی مەڕ و بزن (قشپل) یان

www.alibapir.net

(پشقل)ی یان (شیاکە)ی پێ دەگوترێ، بە نسبەت حوشتریشەوە هەر (قشپل) و (شیاکە)ی پێ دەگوترێ، بەڵام وڵاخی یەکسم و گوێدرێژ و ئێستر و ئەوانە، (تەرس)ی پێ دەگوترێ.

٤- لە نێوان ئەو تڵت و پاشماوەی ئاڵفی هەرسکراوو، خوێندا، پێتان دەخۆینەوە: ﴿لَّبَنًا خَالِصًا﴾، شیرێكی ساغ بووەوە، شارەزایانی زمان گوتوویانە: (**خالص**) وەك (**صافي**) وایە، بەس (**صافي**) ئەوەیە کە هەر لە ئەسڵدا صاف بوو بێت و، هیچی لەگەڵدا نەبوو بێت، بەڵام (**خالص**) ئەوەیە کە شتی دیکەی لەگەڵدا بوو بێت و دوایی لێی جیاکرابێتەوە، واتە: (**شوائب**) و خڵتەی لەگەڵدا بوو بێت، بەڵام دوایی لێی جیاکرابنەوە و، ساغ کرابێتەوە، واتە: ساغکراوە.

٥- ﴿سَآئِغًا لِّلشَّـٰرِبِينَ﴾، (سائغ) واتە: بە ئاسانیی لە گەروو چووەوە خوار، بۆ خۆرەوانی، (**السائغ: السهل المرور في الحلق**)، ئەوەی کە بە ئاسانیی لە گەروو دەچێتە خوار.

پێش ئەوەی بێینە سەر باسێكی زانستی دەربارەی شیر، با سەرنجی ئەم دوو ئایەتە بدەین و پێكەوە بەراوردێكیان بكەین:

أ) لێرە لە سوورەتی (**النحل**)دا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِى بُطُونِهِۦ﴾، واتە: لەوەی لە سکیاندایە، بەڵام ڕاناوی نێرینەی بۆ بەكارهێناون: ﴿مِّمَّا فِى بُطُونِهِۦ﴾.

ب) بەڵام لە سوورەتی (**المؤمنون**)دا، دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّ لَكُمْ فِى ٱلْأَنْعَـٰمِ لَعِبْرَةً ۖ نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِى بُطُونِهَا وَلَكُمْ فِيهَا مَنَـٰفِعُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٢١﴾ وَعَلَيْهَا وَعَلَى ٱلْفُلْكِ تُحْمَلُونَ ﴿٢٢﴾﴾ ئنجا بۆچی لێرە لە سوورەتی (**النحل**)دا ڕاناوی نێرینە بەكارهاتوە و، لەوێ لە سوورەتی (**المؤمنون**)دا ڕاناوی مێینە ؟!

(**الخطيب الإسكافي**) خوا پاداشتی بداتەوە، لە كتێبەكەی خۆی (**درة التنزيل وغرة التأويل**)[1] دا، ڕوون كردنەوەیەكی جوان لەوبارەوە دەدات، كە من دەقە عەرەبییەكەشی دەخوێنمەوە، دەڵێ: (**إن الأنعام في سورة النحل، وإن أُطلق لَفْظُ الجمع ، فإن المراد به بعضها، ألا ترى أن الدرّ لا يكون لجميعها، وأن اللّبن لبعضِ إناثها، فكأنه قال: وإن لكم في بعض الأنعام لعبرة نسقيكم مما في بطونه، ولهذا ذهب من ذهب إلى أنه رَدٌّ إلى النَّعم ، لأنه يؤدي ما تؤديه الأنعام في المعنى، وليس كذلك ذكرها في السورة المؤمنين ، لأنه قال:** ﴿وَإِنَّ لَكُمْ فِى ٱلْأَنْعَـٰمِ لَعِبْرَةً ۖ نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِى بُطُونِهَا وَلَكُمْ فِيهَا مَنَـٰفِعُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٢١﴾ وَعَلَيْهَا وَعَلَى ٱلْفُلْكِ تُحْمَلُونَ ﴿٢٢﴾﴾**، فأخبر عن النَّعَمِ التي في أصناف النعم إناثها وذكورها، فلم يحتمل أن يراد بها فيه البَعْضُ كما كان في الأول**).

---

(١) ص (١٨٩- ١٩٠).

www.alibapir.net

منیش قسەکانی مانا دەکەم بەڵام بە تۆزێك ڕوونکردنەوەی خۆشمەوە:

واتە: وشەی (**الأنعام**) کە لە سوورەتی (**النحل**)دا بەکارهاتوە، هەرچەندە بە ڕەهایی بەکارهاتوە، بەڵام مەبەست پێی هەندێکیانە، چونکە بەڵێ باسی ئاژەڵانی کردوە، بەڵام دوایی باسی شیری ئاژەڵانی کردوە، شیری ئاژەڵەکانیش لە هەموویان دا نیە، واتە: لە نێرەکانیان دا نیەو تەنیا لە مێیەکانیان دایە، وەك ئەوەی خوا فەرموویێتی: لە هەندێك لە ئاژەڵاندا، پەند هەیە بۆ ئێوە، لەوەی کە لە سکیدایە شیر بە ئێوە دەنۆشین، هەر بۆیە هەندێکیان گوتوویانە: ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ (**نَعَمْ**) چونکە هەمان وشەی (**أنعام**) لە مانادا دەگەیەنێ، وشەی (**نَعَمْ**)یش (**مذکر**)ە، بۆیە لە سوورەتی (**النحل**)دا: بە نێرینە (**مذکر**) هێناویەتی: لەبەر ئەوەی مەبەست پێ (**نَعَمْ**)ە.

بەڵام لە سوورەتی (**المؤمنین**)دا، چونکە خوا ﷻ دەفەرموێ: لە ئاژەڵاندا پەندێك هەیە بۆ ئێوە، لەوەی کە لە سکیاندا هەیە، بە ئێوەی دەنۆشین، ئیدی باسی شیری نەکردوە، (سوود گەلێکی زۆریان تێدایە بۆ ئێوەو، لێیان دەخۆن و، لەسەر پشتی ئەوان و لەسەر پشتی کەشتیش ئێوە هەڵدەگیرێن)، لێرەدا باسی ئەو چاکانەی کردوە، کە لە جۆرەکانی ئاژەڵاندا هەیە، چ مێینەکانیان چ نێرینەکانیان، بۆیە ئەگەری ئەوە نیە کە تەنیا مەبەستی پێ هەندێکیان بوو بێت، کە مێینەکانن و شیرمان پێ دەدەن٪

{وەك لە سوورەتی (**النحل**)دا هاتوە، بەڵکو مەبەستی پێ کۆی ئاژەڵەکانە، بە نێر و مێیانەوە، چونکە ئەو سوود گەلەی کە باسی کردن، بە تایبەت بارهەڵگرتن لەسەر پشتیان، زیاتر بۆ حوشتری نێر، پاشان بۆ گا و کەڵ، کە لە هەندێك شوێنان شتیان لەسەر بار دەکەن، دەگونجێ}.

پوختەی قسان:

بۆیە خوا ﷻ لە (**النحل**)دا، ڕاناوی نێری بەکارهێناوە، چونکە ئەو شیرە لە هەندێك لە ئاژەڵاندایە، ئنجا ڕاناوەکە دەچێتەوە بۆ هەندێك (**بعض**)، کە ئەویش ڕاناوی نێرینەی بۆ بەکاردەهێنرێ، بەڵام لە سوورەتی (**المؤمنون**)دا - ڕاناوەکە (**ها**) لە (**بطونها**) دا - بۆ هەمووشیان دەچێتەوەو، هەمووشیان کۆ (**جمع**)یە و ڕاناوی مێینەی بۆ بەکاردێ.

www.alibapir.net

کورتە باسێک لەبارەی شیری ئاژەڵەوە

بەڕێـــزان:

بـە ڕاسـتیی خـوا ﷻ ئـەو نیعمەتانـەی کـە بـۆی خوڵقاندووین، جێـی خۆیـەتی هەموویـان هەڵوەسـتەی زۆریـان لـە بەرانبـەردا بکەیـن، بۆیـە هـەر کامێـك لەوانـە، بـە تایبـەتی لـەم سـووڕەتەی (النحـل)دا، کـە خـوا ﷻ بـاسی زۆر لـە نیعمەتـەکانی خـۆی تێـدا کـردوە - هەڵوەسـتەی لـە بەرانبـەردا دەکەیـن، وەك لـە ڕابـردوودا بـاسی زەیتوونمـان کـرد، ئێسـتاش باسـی شـیر دەکەیـن، دیـارە ماستیش هـەر لقێکـە لـە شـیر، هەروەهـا پەنیریـش، بـەڵام لێـرەدا بـە تایبـەتی باسـی شـیر و ماسـت دەکەیـن، دواتـر بـاسی خورمـاش دەکەیـن پێکهاتـەکانی و سـوودەکانی، دوایـی بـاسی تـرێ دەکەیـن، پاشـان بـاسی هەنـگ و هەنگویـن دەکەیـن، چونکـە ئـەو چاکـەو نیعمەتانـەی خـوا **عزّ وجـلّ** جێـی خۆیـەتی لێکۆڵینـەوەی وردیـان لەبـارەوە بکەیـن، تاکـو بزانیـن خـوا ﷻ چـی بـۆ خوڵقاندوویـن؟ چونکـە بێگومـان ئێمـە تاکـو لـەو چاکـە و نیعمەتانـەی خـوا، وردتـر بینـەوە و باشـتر سـەرنجیان بدەیـن، خاوەنەکەیـان باشـتر دەناسـین، چونکـە خـوا ﷻ، سـیفەتە بـەرزەکانی و نـاوە هـەرە چاکـەکانی، لـە لاپـەڕەی دروسـتکراوەکانیدا تەجەلـلا دەکـەن، وەك کاتی خـۆی لـە شـیعرێکدا گوتوومـە:

سروشت ئاوێنەی تەجەللایی خوایە
باش سەرنجی بدە بزانە چـی تیایە
لە ڕێـی کرەوە کردگار دەناسـرێت
سروشـــت کرێکە کردگاری خـوایە

خوا پشتیوان بێ لە سێ تەوەردا: ئەم کورتە باسە گرنگە پێشکەش دەکەین:

١/ تەوەری یەکەم: شیر.

٢/ تەوەری دووەم: ماست.

٣/ تەوەری سێیەم: چەند زانیارییەك لەبارەی ئاژەڵە شیردەرەکان و بەرهەمەکەیانەوە.

www.alibapir.net

تەوەری یەکەم: شـــیـر

یەك: پێنـاسە:

شـیر بـە عەڕەبـی (حَلِیـب، لَبَنْ)و، بـە ئینگلیزیـی (milk)ی پێدەڵێـن، ئـاوا پێناسـە کـراوە: **(الحليـب: سـائل أبيـض اللـون أو ضـاربٌ عـلى الإصفِـرارِ تُفْـرِزهُ الغُـدَّة الثديـة للإنـاث ذوات الثـدي لِتَغْذيـة صغَارهـا)**، ئەمـە پێناسـەیەکی سـادەی لەگـەڵ واقیعـدا پـڕ بـە پێسـتە.

واتە: **شیر:** شلەمەنییەکی ڕەنگ سپییە، بەرەو لای زەردیی دا دەچێ، ڕژێنە مەمکییەکانی (بۆ ئافرەت مەمك و بۆ ئاژەڵ دەگوترێت گوان) مێینەکان دەریدەدەن، ئەو مێینانەی کە خاوەن گوانن بۆ خۆراك پێدانی بەچکەکانی خۆیان.

ئنجـا شـیر ماددەیـەکی خۆراکیـی خـاوەن زۆر تایبەتمەندییـە، چونکـە هەمـوو ئـەو توخمانەی کـە بـە سـوودن بـۆ جەسـتە، دەیانگرێتـە خـۆی و، خواردنێـکی تێـر و تـەواوە، بـە تایبـەت بـۆ منـداڵانی شـیرە خـۆرە و، بـۆ بەچکـەی ئـاژەڵان، بـەڵام لـە حاڵێکـدا کـە ئـەو شـیرە بەرهەمـی دایکانێـك بـێ، (چ بـە نسـبەت مرۆڤـەوە و، چ بـە نسـبەت ئاژەڵانـەوە) مێینانێـك بـێ، کـە هـەم خۆیـان سـاغ بـن و، هـەم خواردنێکـی تەندروستیشـیان خواردبێـت.

دوو: پێکهاتەکانی شیر:

هـەر کام لـە: (وزە و پرۆتیـن و چەوریـی و توخمـە کانزاییـەکان و ڤیتامینـەکان) کـە ئەمانـە هەموویـان شـتی بنەڕەتییـن و پێکهاتـەی بنەڕەتییـن لـە خـۆراکی مرۆڤـداو، لـە بەچکـەی ئاژەڵانـدا، ئەوانـە هەموویـان بـە ئەندازەیـەکی بـاش و هاوسـەنگ، لـە شـیردا هەن، با تەماشـای ئـەم خشـتەیە بکەیـن:

کـە ئـەو سـەرچاوەیەی لێـم هێنـاوە، زیاتـری هێنـاون بـەڵام مـن ئـەو حـەوت جـۆرەم لـێ وەرگرتـوون:

١) شیری مرۆڤ.

٢) شیری ڕەشەوڵاخ (واتە: مانگا).

www.alibapir.net

٣) شیری بزن.

٤) شیری مەڕ.

٥) شیری گامێش.

٦) شیری حوشتری مێ.

٧) شیری ماین (واتە: وڵاخەبەرزە).

یەکەم: شیری مرۆڤ: (شیری ئافرەت) پێکهاتەکانی بەم شێوەیەن: (٨٧،٥٪) ئاوە، (٣،٧٪) چەورییە، (٦،٣٪) لاکتۆزە، (٢،٠١٪) پڕۆتینە، (٣٠٪) خوێیە کانزاییەکانە.

دووەم: شیری مانگا: یان ڕەشەوڵاخ: (٨٧،٦٪) ئاوە، (٣،٧٪) چەورییە، (٥٪) لاکتۆزە، (٣،٤٪) پڕۆتینە، (٧،٢٪) خوێیە کانزاییەکانە.

سێیەم: شیری بزن: (٨٦،٧٪) ئاوە، (٤،٧٪) چەورییە، (٤،٧٪) لاکتۆزە، (٣،٧٪) پڕۆتینە، (١٥٪) خوێیە کانزاییەکانە.

چوارەم: شیری مەڕ: (٨٠،٧٪) ئاوە، (٧،٨٪) چەورییە، (٤،١٧٪) لاکتۆزە، (١٠٪) پڕۆتینە، (٩٣٪) خوێیە کانزاییەکانە.

پێنجەم: شیری گامێش: (٨٢،١٦٪) ئاوە، (٧،٥١٪) چەورییە، (٤،٧٧٪) لاکتۆزە، (٤،٧٢٪) پڕۆتینە، (٨،٤٪) خوێیە کانزاییەکانە.

شەشەم: شیری حوشتر (**ناقة**) مێینەی حوشتر: (٨٧،١٣٪) ئاوە، (٥،٣٨٪) چەورییە، (٥،٣٩٪) لاکتۆزە، (٣،٨٧٪) پڕۆتینە، (٧،٤٪) خوێیە کانزاییەکانە.

حەوتەم: شیری ماین (وڵاخە بەرزە): (٩٠،٥٨٪) ئاوە، (١،١٤٪) چەورییە، (٥،٨٧٪) لاکتۆزە، (٢،٥٪) پڕۆتینە، (٣،٦٪) خوێیە کانزاییەکانە.

سێ: ئەندازەی بەرهەمی شیر:

سەرژمێرییەکانی ڕێکخراوی خواردن و کشتوکاڵ (**FAO**) بۆ ساڵی (٢٠٠١) زایینی، ئاماژەی بەوە داوە، کە بەرهەمی جیهانیی لە شیر گەیشتوەتە: (٥٨٣،٣٠٠،٠٠٠) تەن بۆ ئەو ساڵە، کە دیارە ئەویش:

www.alibapir.net

١/ (٤٩٣،٨ ٪) هی مانگا بووە.

٢/ (٦٩،٢ ٪) هی گامێش بووە.

٣/ (٧،٨ ٪) هی مەڕ بووە.

٤/ (١٢،٥ ٪) هی بزن بووە.

ئنجا كۆی بەرهەمی شیری تێكڕای وڵاتانی عەرەبی هەمووی: (١٨،١٠٠،٠٠٠) ملیۆن تەن بووە، كە دەكاتە (٣،١ ٪) لە تێكڕای بەرهەمی جیهانیی[1].

تەوەری دووەم: ماست

ئنجا با باسێكی ماستیش بكەین، هەڵبەتە خوا ﷻ بەس باسی شیری كردوە، بەڵام دوایی شیر، زۆر بەرهەمی دیكەی لێ دروست دەكرێن بەتایبەت ماست و پەنیر.

یەك: پێناسە:

ماست كە بە زمانی عەرەبیی (**لبن رائب**) و (**خاثر**)یشی پێدەگوترێ، ئاوا پێناسە كراوە: (**هو الحَلِيب المُتخَثِّر أو المُتجَبِّن، بفعل نوعين من بكتريا حمض اللبن**)، واتە: شیر كە مەیوە و هەوێن كراوە، یاخود كراوەتە پەنیر، بەهۆی دوو جۆرە بەكتریای ترشەڵۆكی ماستەوە.

ئنجا ماست بە كۆنترین ئەو شتانە دەگوترێ كە مرۆڤ هەزاران ساڵە پەی پێبردوە، بێگومان ماست لە شیری مانگا و، مەڕ و، بزن و، گامێش و، جارجاریش لە شیری حوشتر و، ماییندیش دروست دەكرێ.

دوو: پێكهاتەی ماست:

ماست: كۆمەڵێك لە ڤیتامینە هەرە باشەكانی گرتوونە خۆی، ڤیتامینەكانی: (**d،c،b،a**)، هەروەها ئەم پێكهاتانەشی هەن:

١) ڕێژەی (٨٢،٥٪) ئاوە.

---

(١) الموسوعة العربية، ج ٨، ص (٥٠٥ و ٥٠٧).

www.alibapir.net

٢) (٤،٤٪) پڕۆتینە.

٣) (٦،٧٪) لاکتۆزە (کە شەکری شیری پێ دەگوترێ).

٤) (٥،٧٪) چەورییە.

٥) (٠،٤٪) ترشەڵۆکی شیرە.

٦) (٠،٥٪) خوێیە ئەندامییە کانزاییەکانە.

سێ: تایبەتمەندییەکانی ماست چین ؟

ماست چوار تایبەتمەندیی هەن:

یەك: ماست ئاسانترە بۆ هەرسکران، لەو شیرەی کە لێی دروستکراوە، ئەویش لەبەرئەوەی پێکهاتە ئاڵۆزەکانی شیری شیکردۆتەوە، بۆ هەندێ پێکهاتەی سادەتر، ئەوەش وایکردوە کە لە بەها خۆراکییەکەی زیاد بکات.

دوو: شیرە هەوێن بووەکان، کە دەکرێنە ماست یان پەنیر، لە شیر دەوڵەمەندترن، لە کۆمەڵەی ڤیتامینەکانی (B)، چونکە بەکتریای ترشەڵۆکی شیر، دەبێتە هۆی دروستکردنی ئەویش لە ماستدا هەیە.

سێ: بەکارهێنانی ماست، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی ترشی (PH) لە کۆئەندامی هەرسدا، کە ئەویش هاوکاریی مژینی کالیسیۆم دەکات، هەروەها لە چالاکی بەکتریای بۆگەن بوون (تَعفّن) کەم دەکاتەوە، چونکە هەندێك ماددەی تێدایە کە لە شوێنەوارە زیان بەخشەکانی ئەو میکرۆبانەی کە لە نێو ڕیخۆڵەکاندا هەن، کەم دەکاتەوە.

چوار: بەکارهێنانی ماست:

١ - جەستە نەرم دەکاتەوە.

٢ - یارمەتیی دەدات بۆ هەرسکردن.

٣ - جۆرێك لە گورج و گۆڵیی پێدەبەخشێ، بەتایبەت لە کەشی هاویندا.

٤ - دەبێتە ڕێگر لەوە کە لە نێو گەدەدا ترشان دروست ببێ.

٥ - ڕێگرە کە گازەکان دروست بن، کە دەبنە هۆی ژەهراویی (تسمُّم) بوونی جەستە.

www.alibapir.net

٦ - هەروەها بەكارهێنانی ماست نیشانەكانی پیریی دوادەخات، كە لە بێهێزیی و لە ڕەق بوونی دەمارەكان و، لە وشكبوونەوەیاندا بەرجەستە دەبێت.

٧ - ماست هاوكاریی دەكات بۆ تواندنەوەی ئەو لمەی كە لە كۆئەندامی میزدا هەیە.

٨ - ڕێگاش دەگرێت لە دروست بوونی بەردی گورچیلە.

٩ - هۆكارە بۆ ئەوە كە ددانەكان سپی بن.

١٠- هەروەها یارمەتی ئەوەش دەدات كە گورچیلە و كۆئەندامی میز و میزەڕۆ، میزەكەیان فڕێ بدەنە دەرێ[١].

تەوەری سێیەم: چەند زانیارییەک لەبارەی ئاژەڵە شیردەرەكان و بەرهەمەكانیانەوە

١/ چ مانگا، چ مەڕ، چ بزن، چ وشتر، تاكو شیر دروست دەكات، دەبێ: (٣٠٠ - ٥٠٠) لیتر خوێن بەكاربێنێ، ئنجا (١) لیتر شیری دەستدەكەوێ، چونكە ئەو خواردنە كە هەرس دەكرێ، دەبێتە خوێن، دوایی خوێنەكە جارێكی دیكە دەبێتەوە بە شیر، واتە: بەگشتی لە (٤٠٠/١) لیتر (یەك لەسەر چوارسەدی خوێن) دەبێتە شیر.

٢/ بە نسبەت مانگاوە: (ئەوە لە بارەی باسی مانگاوە هاتوە، ئەگەرنا ئیحتیمالی هەیە ئاژەڵە مێینەكانی دیكەش هەر بەو شێوەیە بن)، هەفتەی یەكەمی كە گۆلك (بەچكە)ی دەبێ، گوانەكانی شیر بەرهەم ناهێنن، بەڵكو ماددەیەكی زەردی لینج بەرهەم دێنن، كە جۆرێك لە تاڵایی تێدایە، كە بە عەرەبی (اللّبأ)ی پێ دەگوترێ و بە كوردیی (فرۆ)ی پێ دەڵێن، ئنجا ئەو ماددەیە ئەندازەیەكی زۆر لەو شتانەی تێدا هەیە كە بەرهەڵستیی نەخۆشیی و میكرۆبەكان بەو گۆلكە دەدات، هەروەها كۆمەڵێك ماددەی چەوری تێدا هەیە زۆر چڕ، دیسان كۆمەڵێك ماددەی پرۆتینی تێدایە، تاكو ببێتە خۆراكێكی چڕ و، هەروەها لە هەمان كاتدا پارێزەریش بۆ ئەو گۆلكە لە یەكەمین قۆناغی تەمەنیدا، كە تازە وا گوانی دایكی دەمژێت، ئنجا دوای ئەو ماوەیە، {واتە: لە (٦ - ١٠) ڕۆژ}، ئنجا گوانی ئەو مانگایە دەگەڕێتەوە سەر حاڵەتی دروستكردنی شیری ئاسایی[٢].

---

(١) الموسوعة العربية، ج ١٦، ص (٨٨٥ - ٨٨٦).

(٢) تفسير النابلسي، ج ٥، ص (١٣٨ - ١٣٩).

www.alibapir.net

٣/ هەروەها شیر لە (٩١٪) ئاوە، {پێشتر باسمان کرد کە (**الموسوعة العربية**) بە ئەندازەیەکی کەمتری هێناوە، لەوانەیە ئەو هاوکۆ(**مُعَدَّل**)ی موعەددەلی هەمووی لێك دابێتەوە}.

٤/ لە شیردا کۆمەڵێك ماددەی چەور هەن و، کۆمەڵێك ماددەی شیرینیی و، پێنج جۆرە پرۆتین هەن و، چەند جۆرە کانزایەك هەن، لە پێش هەموویانەوە: کالیسیۆم و فۆسفۆرو، چەند جۆرە ڤیتامینێك هەن، بەتایبەتی (A ،B ،C ،D)، هەروەها چەند غازێکی تواوەش هەن، وەك کاربۆن و ئۆکسجین و ئازووت.

٥/ ئنجا زۆر جێی سەرنجە! کە: تاکە خۆراکێك ئینسان بتوانێت بەهۆیەوە بژی و تەنیا بەوی ئیکتیفا بکات، بریتیە لە شیر، کە مرۆڤ دەتوانێت هەموو ژیانی خۆی لەسەر شیر بەسەربەرێ، چونکە هەموو جۆرە کانزایە پێویستەکان و، هەموو جۆرە ماددە بنەڕەتییەکانی (پرۆتینیی و چەوریی و ڤیتامینەکان و کانزا و شێوە کانزاییەکانی گرتوونە خۆی)، مانگایەك بەگشتی دەتوانێ ڕۆژانە چل (٤٠) لیتر شیر بەرهەم بێنێت، لە حاڵێکدا کە بەچکەکەی تەنها پێویستیی بە دوو (٢) لیتر دەکات، واتە: سی و هەشت (٣٨) لیتری زیادە بەرهەم دێنێت بۆ ئێمە.

٦/ ئنجا جێی سەرسوڕمانە! کە ئەو ئاژەڵانە (مانگا و مەڕ و بزن و حوشتر و ماین) کاتێك ئاڵف و گیا و گۆڵ و لەوەڕ دەخۆن، دوایی دەبێتە شیر، زۆر جێی سەرنجە! چ کارگەیەکە خوا ﷻ لەوێدا دایناوە ؟

هەر بۆیەشە خوا ﷻ ئاماژەی پێداوە کە دەفەرموێ: ﴿ مِنۢ بَيۡنِ فَرۡثٖ وَدَمٖ ﴾ واتە: لە نێوان خواردنێکی هەرسکراو و، خوێندا، ئەو شیرەتان دەستدەکەوێ، دوایی خواردنە هەرس کراوەکە دەبێتە خوێن و، پاشان خوێنەکە - وەك گوتمان - لە هەر چوارسەد (٤٠٠) لیتر خوێن، لیترێکیان دەبێتە شیر، کەواتە: کارێکی زۆر دەکرێ لە نێو جەستەی ئەو ئاژەڵە مێینانەدا، تاکو شیر بۆ ئێمە بەرهەم دێت.

٧/ ئنجا ئەگەر تەماشا بکەین: ئەو شیرە نە ئەوەیە کە ڕەنگی پاشەڕۆکی ئاژەڵەکەی هەبێ، کە ڕەشە یاخود بۆرە، کە دوایی وەك ڕیخ و قشپل و شیاکە، لێی جیا دەبێتەوە، نە ڕەنگی خوێنەکەشی هەیە، کە سوورە، بەڵکو ڕەنگێکی سپی جوان، بەڵێ زەرد باوە، بەڵام زۆر جیایە هەم لە پاشەڕۆك (**فرث**) خواردنە هەرسکراوەکە و، هەم لە خوێن (**دَمْ**)ەکەش، با لەوبارەوەش ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ ببینین:

www.alibapir.net

{عَـنِ ابْـنِ عَبـاسٍ رَضِيَ اللَّـهُ عنهُـمُا، قَـالَ قَـالَ رَسُـول اللَّـه ﷺ: إِذَا أَكَلَ أَحَدُكُـمْ طَعَامًا فَلْيَقُـلِ: أَللَّهُـمَّ بـارِكْ لَنـا فِيـهِ، وَأَطْعِمْنـا خَـيْرًا مِنْـهُ، وَإِذَا سُـقِيَ لَبَنـاً، فَلْيَقُـلْ: أَللَّهُـمَّ بـارِكْ لَنـا فِيـهِ، وَزِدْنـا مِنْـهُ، فَإِنَّـهُ لَيْـسَ شَيْءٌ يُجْـزِئُ مِـنَ الطَّعَـامِ وَالـشَّرَابِ إِلاَّ اللَّبَنُ} (أَخْرَجَـهُ أَبُـو دَاوُدَ: ٣٧٣٠، وَحَسَّـنَهُ الألبـاني).

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس خـوا لـە خـۆی و بابـی ڕازی بـێ، دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمـووی: یەکێـك لـە ئێـوە ئەگـەر خواردنێـکی خـوارد، بـا بڵـێ: ئـەی خوایـە! پێزمـان بـۆی تێبخـەو، باشـتر لەوەمـان پێبـدە، بـەڵام ئەگـەر شـیری پێـدرا بیخواتـەوە، بـا بڵـێ: خوایـە! پێزمـان بـۆی تێبخـەو، بۆمـان زیـاد بکـە لێـی، (بـا نەڵـێ لـەوە باشـترمان پێبـدە)، چونکـە هیـچ شـتێك کەلێنـی خـواردن و خواردنـەوە هەمـووی ناگرێـت، جگـە لـە شـیر.

www.alibapir.net

مەسەلەی سێیەم:

هەروەها لە میوەی درەختی خورما و مێو، شەڕاب و بژیوێکی باش وەدەست دێنن، لەوەشدا نیشانەیەکی مەزن هەیە بۆ کەسانێك کە بفامن:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَمِن ثَمَرَٰتِ ٱلنَّخِيلِ وَٱلۡأَعۡنَٰبِ تَتَّخِذُونَ مِنۡهُ سَكَرٗا وَرِزۡقًا حَسَنًاۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ٦٧﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا[1]:

١- ﴿وَمِن ثَمَرَٰتِ ٱلنَّخِيلِ﴾، هەروەها لە میوەکانی دارخورمایەکان.

(**النخل: للواحد والجمع، والجمع: نخيل**)، (**نَخْل**) بۆ تاك و بۆ كۆش دێ، بەڵام ئەگەر بتەوێ هەر کۆ بکرێتەوە دەڵێی: (**نخيل**)، دیارە (**نخلة**)ش بۆ درەختی خورمایە، بەڵام لە جۆری مێ، چونکە درەختی خورما، وەك هەموو ڕووەکەکانی دیکە نێر و مێی هەیە، بەڵام هی درەختی خورما، دیارە ئاشکراترە، دەبێ تۆوی نێرەکە بەرنە سەر مێیەکە، ئنجا بەردەگرێ.

٢- ﴿وَٱلۡأَعۡنَٰبِ﴾، هەروەها (میوەو بەری) دار ترێیەکان، واتە: مێوەکان، (**العنب: ثمرة الكرْم، والكرْمُ نفسه**)، (**كَرْم**) واتە: مێو، کە (**عِنَبْ**) هەم بە میوەی مێو دەگوترێ و، هەم بە خودی مێوەکەش دەگوترێ، (**الواحدة: عِنبة وجمعه: أعناب**) تاکی مێو (**عِنَبة**)ە و کۆیەکەشی (**أعناب**)ە.

٣- خوا دەفەرموێ: لە میوەی دارخورما و لە میوەی مێوەکان: ﴿تَتَّخِذُونَ مِنۡهُ سَكَرٗا﴾، ئێوە ماددەیەکی سەرخۆشکەرو، بژیوێکی باش دروستدەکەن، چ لە میوەی خورما و، چ لە میوەی مێو، (**السَّكَر: إسم لما يكون منه السُّكْر**)، (**سَكَر**) ناوە بۆ ئەوەی ماددەی سەرخۆشکەری لێ دروست بکرێت، واتە: شەڕاب و مەی.

٤- ﴿وَرِزۡقًا حَسَنًا﴾، هەروەها بژیوێکی باش، (**الرزق: العطاء الجاري، النصيب، ما يصل إلى الجوف...**)، (رزق) بە بژیوێکی بەردەوام و، بە پشك و بەش دەگوترێ و، بەو خۆراکەش کە دەچێتە نێو گەدەوە.

---

(١) دواتریش (کورتە باسێك) دەکەین دەربارەی خورما و پێکهاتەکانی و سوودەکانی و، هەروەها کورتە باسێك دەربارەی مێو و ترێ و پێکهاتەکانی و سوودەکانی، دەکەین.

www.alibapir.net

بەڵام کە خوا دەفەرموێ: بژیوێکی باش، ئەوە دواتر ڕوونی دەکەینەوە، کە بۆچی دەفەرموێ: بژیوی باش، لە بەرانبەر ماددەی سەرخۆشکەردا؟ هەڵبەتە بژیوە باشەکە دەگونجێ زۆر شت بێ، بەڵام ئەوەی کە بۆ ئێمەی گەلی کورد دیارە: دۆشاوە، سرکەیە، مێوژە، باسووقە، سجووقە، مورەببایەو ... زۆر شتی دیکەش کە مرۆڤ، هەم لە خورما، هەم لە ترێ دروستی دەکات.

٥- ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾، بێگومان لەوەدا نیشانەیەکی مەزن و جێی سەرنج هەیە، بۆ کۆمەڵێك کە بفامن.

هەم لە میوە و بەرهەمی دارخورما و دارمێوداو، هەم لە شیری ئاژەڵانیشدا، چونکە ئەمە بۆ هەردووکیان دەچێتەوە، دیارە دەرککردنی حیکمەتی ئەو شتانەش، پێویستیی بە تێفکرین و بەکارهێنانی عەقڵ دەکات، ئەگەرنا لە سەرەتاوە دیار نیە و دەبێ تۆزێ سەرنج بدەی و وردبییەوە، بۆیە خوا ﷻ بۆ ئەمەیان (**يَعْقِلُونَ**)ی بەکارهێناوە، بەڵام بە نسبەت دابەزاندنی ئاو لە ئاسمانەوە: (**يَسْمَعُون**)ی بەکارهێناوە، چونکە هەر کەسێك هەر تەماشا بکات و، گوێ بگرێ و، گوێ هەڵخات بۆ وەحیی و پەیامی خوا، بە سەرەتا عەقڵییەکان دەزانێ: کە خوایەکی میهرەبانی بەخشندە و بەخشەر، ئەو کارەی بۆ کردوە.

بەڵام بە نسبەت شیری ئاژەڵان و، خورما و ترێ و، ئەو بەرهەمانەی کە لەوانەوە دروست دەکرێن، مرۆڤ پێویستیی بەوە هەیە عەقڵ و بیر و هۆشی خۆی تێدا بەکاربهێنێ، ئنجا دەرکی حیکمەت و فەلسەفەکەیان دەکات.

هەڵبەتە - وەك باسمان کرد - ، ئێمە دوایی (کورتە باسێك) دەربارەی خورما، هەروەها (کورتە باسێك) دەربارەی ترێ، دەکەین، بەڵام پێش ئەوە، پێویستە ئەوە بزانین کە دەفەرموێ: ﴿تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَرًا وَرِزْقًا حَسَنًا﴾: ماددەیەك کە سەرخۆشکەرە و، بژیوێکی باشیش دروست دەکەن لە بەرهەمی دارخورما و دارمێو، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەو ماددە سەرخۆشکەرە، بژیوێکی باش نیە، چونکە بەراوردی پێکردوە لەگەڵ ﴿وَرِزْقًا حَسَنًا﴾، کەواتە: دیارە ئەوەشیان هەر ڕزقە، بەڵام ڕزقێکی باش نیە.

ئنجا هەندێك لە زانایان ڕەحمەتی خوایان لێبێ، لەبەر هەستیارییان بەرانبەر بە شەڕاب و ماددە سەرخۆشکەرەکان، گوتوویانە: لێرەدا خوا ﷻ مەبەستی لە (سکر) ماددە سەرخۆشکەرەکان و مەی و شەڕاب نیە، چونکە خوا ئەو ماددە سەرخۆشکەرە کە

www.alibapir.net

قەدەغەی کردوە، وەك نیعمەت و چاكەیەك بۆ مرۆڤەكانی باس ناكات، بۆ مسوڵمانانی باس ناكات!

ئەوان وایانزانیوە، ئەم قورئانە تەنیا مسوڵمانانی دواندوون، بەڵام بێخەبەر لەوە كە قورئانێك كە لە مەككە دابەزیوە، ئەسڵەن ڕووی لە بەشەرەكان كردوە بە گشتی، (**یا أیها الإنسان، یا بني آدم، یا أیها الناس**) ڕووی لە مرۆڤەكان كردوە، ئەسڵەن ڕووی لەو مرۆڤانە كردوە، كە جارێ دەستی هیدایەتی خوایان نەگەیشتووەتێ بۆ ئەوەی ئیمان بێنن، بۆیە ئەو كاتەش بەكارهێنانی شەڕاب و مەی شتێكی گرنگ بووە لە ژیانیاندا و، بە نیعمەتێكی گەورەیان زانیوە، ئیدی خوا بۆیە دەفەرموێ: ئەو ماددە سەرخۆشكەرەش لەو دوو میوەیە دروست دەكەن، بەڵام بۆ ئەوەی هۆشدارییان بداتێ كە ئەوە شتێكی باش نیە، بەراوردی پێ دەكات لەگەڵ ﴿ وَرِزۡقًا حَسَنًا ﴾، بژیوێكی باش، كەواتە: ئەوەش هەر بژیوە بەڵام بژیوێكی باش نیە، ئەگەر نا بازرگانی لەسەر بووە و، بەكاریانهێناوە، تەنانەت ئەو كاتە لەسەر مسوڵمانانیش قەدەغە نەكراوە، هەموومان دەزانین كە شەڕاب بە چوار قۆناغ قەدەغە كراوە، دوا ئایەت كە بڕیاری كۆتایی دەربارەی قەدەغە بوونی شەڕاب تێدا هاتۆتەخوار سووڕەتی (**المائدة**)یە، كە كاتی خۆی ئێمە لە بەرگی (٤)ی ئەم تەفسیرەدا، (تەفسیری قورئانی بەرز و بە پێز) بە درێژیی باسمان كردوە.

بەڵام گرنگ ئەوەیە بزانین: مەرج نیە كە شەڕاب تەنیا لەو دوو میوەیە دروست بكرێ، بۆچی؟ چونكە عیللەت و هۆكار لە قەدەغە بوونی مەی و شەڕابدا، سەرخۆشكردنە، بێ هۆش بوون و سەرخۆش بوونە، بۆیە ئەو چەند فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ دێنین لەوبارەوە:

١) {**كُلُّ شَرَابٍ أَسْكر فَهْوَ حَرَام**} (**أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ: ٥٥٨٥، وَمُسْلِم: ٢٠٠١**).

واتە: هەر خواردنەوەیەك كە سەرخۆش بكات، ئەوە قەدەغەیە.

٢) {**كُلُّ مُسْكر خَمْرٌ، وكُلُّ مُسْكر حَرَام**} (**أَخْرَجَهُ مُسْلِم: ٢٠٠٣**).

واتە: هەموو سەرخۆشكەرێك بە (**خمر**) دادەنرێ و، هەموو سەرخۆشكەرێك بە قەدەغە دادەنرێ.

٣) {**مَا أَسْكر كَثِيرُهُ، فَقَلِيلُهُ حَرَامٌ**} (**أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد: ٣٦٨١، وَابْنُ مَاجَه: ٣٣٩٣، وَالتِّرمِذِيّ: ١٨٦٥، وَصَحَّحَهُ الألباني**).

www.alibapir.net

واتە: هەر شتێك بە زۆرەکەی سەرخۆش بیت، کەمەکەشی حەڕام و قەدەغەیە.

ئێمە لە تەفسیری سووڕەتی (المائدة)دا بە درێژیی باسی ئەوەمان کردوە، بۆیە لێرەدا بە ئەوەندە ئیکتیفا دەکەین، کە بزاندرێ هەرچی مرۆڤ سەرخۆش بکات، چ شلەمەنی بێ، بخورێتەوە و، چ خەست و پەیت، یان ڕەق بێت و، چ بۆن بێ و، چ دەرزی بێ و، چ دووکەڵ بێت، هەموو ئەوانەی کە مرۆڤ سەرخۆش دەکەن، بە قەدەغە دادەنرێن.

www.alibapir.net

کورتە باسێک لەبارەی (خورما)وە

یەکەم: پێناسە:

١/ دارخورما (**نخل**) بە کۆنترین درەختی بەردار و خاوەن میوە دادەنرێ لە دنیادا، هەمیشە سەوزەو، تەمەنی زۆرە، ئنجا ئەو سەرچاوەیەی کە من لێمەوە هێناوە، (الموسوعة العربية) هەر دەڵێ: تەمەنی زۆرە، بەڵام (**د. محمد راتب النابلسي**) لە تەفسیرەکەی خۆیدا دەڵێ: شەش هەزار (٦٠٠٠) ساڵ تەمەن دەکات.

٢/ خورما بە هەموو جۆرەکانیەوە بە ژەمێکی تەواو دادەنرێ، چونکە هەموو ئەوەی کە جەستەی مرۆڤ پێویستیەتی، لە توخمە جۆرا و جۆرەکان، لە نێو خورمادا هەیە.

٣/ وشەی (**النخيل**) لە قورئاندا (٢٦) جار هاتوە، لە (٢٦) ئایەتدا و، لە شازدە (١٦) سووڕەتدا، لە سێ هەزار (٣٠٠٠) ساڵ پێش زایینەوە، زانیویانە: خورما موتوربە بکەن، واتە: تۆوی نێرەکەی ببەنە سەر مێیەکەی، بە تایبەت لە وڵاتی میزۆپۆتامیادا، نێوان دوو ڕووبارەکان، کە ئەوە لەسەر ئەو پارچە قوڕانە و ئەو پارچە خەزەفانە (**الرقيمات الطينية الخزفية**) کە شتیان لەسەر نووسیون دۆزراوەتەوە.

٤/ ژمارەی دارخورما لە جیهاندا بە (١٠٥،٠٠٠،٠٠٠) درەخت مەزەندە کراوە، کە (٦٢،٠٠٠،٠٠٠) لە وڵاتانی عەرەبیی دان، شوێنی ئەسڵی دارخورما، وڵاتانی عەرەبیی بوون.

٥/ (٣٧٪) پانتایی زەوی خورمای هەموو جیهان، لە عێراقەو، لە (٢٦٪) بەرهەمهێنانی خورمای جیهان، لە عێراقە.

دووەم: بەهای خۆراکیی و تەندروستیی خورما (القيمة الغِذائية والصِحّية للتمر):

١) خورما زۆر سوود دەگەیەنێ بۆ چارەسەری نەخۆشی کەم خوێنیی (ئەنیمیا)، هەروەها هاوکارە بۆ پەیداکردنی حاڵەتی ئارامیی دەروونیی.

٢) خورما دەوڵەمەندترین میوەیە لە (**سكريات**)دا، بەتایبەتی: فرەکتۆز و گلوکۆز، کە (٨،٧٪)ی خورما پێکدەهێنن و، زۆر بە ئاسانییش هەزم دەکرێن، کە هەم بە شێوەی فەریکیی دەخورێ، کە پێی دەگوترێ (**رُطَبْ**)، هەم بە وشکییش دەخورێت.

www.alibapir.net

سێیەم: پێکهاتەی خورماو سوودەکانی:

١) (٢٦،١٣ ٪) ئاوە.

٢) (٨٦،٣ ٪) ماددەی وشکە.

٣) (٩،١ ٪) پڕۆتینە.

٤) (٢،٥ ٪) چەورییە.

٥) خورما بە خەزنە و کانگا (**المنجم**) دانراوە، چونکە کانزای زۆری تێدا هەن و، لە هەر سەد (١٠٠) گرام لە خورما، تێکڕای ئەو پێداویستییانەی کە جەستە پێویستینی لە ڕۆژدا، دابینیان دەکات، واتە: لە هەر سەد (١٠٠) گرام خورمادا، ئەم ماددانە هەن:

١/ مەگنیسیۆم (١٥٠) میللی گرام.

٢ / مس (٢١) میللی گرام.

٣ / کبریت (گۆگرد) (٦٥) میللی گرام.

٤ / هەروەها نیوەی پێداویستیی لە ئاسن (٢) میللی گرام.

٥ / یەك لەسەر چواری پێداویستیی لە کالیسیۆم، کە دەکاتە (٧٠) میللی گرام.

٦ / پۆتاسیۆم (٧٩٠) میللی گرام.

جگە لە توخمـــەکانـی:

٧ / سۆدیۆم (٩) میللی گرام.

٨ / فۆسفۆر (٧٢) میللی گرام.

٩ / کلۆرید (٢٩) میللی گرام.

١٠/ کلۆر (٣) میللی گرام.

١١/ سیلینیۆم (٣٠٠) میللی گرام و، جگە لەوانەش.

٦) هەروەها خورما بە هەموو جۆرەکانیەوە: ڤیتامینەکانی: (e،a،c،d) تێدان، جگە لە ڤیتامینەکانی دیکەی: (B1، B2، B3، B6)، هەروەها بیووتینی تێدایە، کە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی جەستە لە بەرانبەر نەخۆشییەکاندا.

٧) لە خورمادا ماددەیەك هەیە کە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی دڵ و، بەهێزکردنی دیواری لوولەکانی خوێن.

www.alibapir.net

هەروەها جگە لەو پێکهاتانەی کە باسمان کردن:

٨) ترشەڵۆکی ڤۆلیك و، ڕەنگی ئەنسۆسیانین، لە نێو پێکهاتەی خورمادا هەن، کە هەردووکیان دژی ئەکسەدەن، واتە: دژی ژەنگهێنانی لوولەکانی خوێنن و، دژی بەڵغ گرتنیانن.

٩) هەروەها لە خورمادا ماددەیەك هەیە، کە دژی بەکتریا و ڤایرۆس و کەڕووەکانە و، ڕێگرە لە تووش بوون بە شێرپەنجە، بەتایبەت پێکهاتەی: (13B) (بیتا دیگلۆن) کە کۆئەندامی بەرگریی لە جەستەدا بەهێز دەکات و، دەیپارێزێ لە تیشکە زیان بەخشەکان، بەتایبەتی ئەوەی لە تەلەفۆنی مۆبایلدا هەیە.

١٠) هەروەها خورما ڕێگریی دەکات لە کلۆربوونی ددان، چونکە ماددەی (فلۆر)ی تێدایە و، ڕێگا دەگرێ لە ڕەقبوونی دەمارەکان و، ڕێژەی (کۆلیستڕۆڵ) لە خوێندا کەم دەکاتەوە.

چوارەم: جۆرەکانی دارخورما لە دنیادا:

لە جیهان دا: (٢٥٠٠ - ٣٠٠٠) جۆرە دارخورما هەیە، ئنجا لەو (٢٥٠٠ - ٣٠٠٠)ە، (٢٠٠٠) جۆری لە نیشتمانی عەرەبییدا هەیە، تەنیا لە عێراق دا (٦٠٠) لەو جۆرانە هەیە و، (٤٠٠) جۆری لە عەرەبستانی سعوودیە هەیە و، (٤٥٠) جۆری لە باکووری ئەفریقیا و نزیکەی (١٠٠) جۆریشی لە میسر و سوودان‌دا هەیە[١].

(النابلسي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا دەڵێ: (٣٠٠٠) جۆری دارخورما هەیە[٢].

---

(١) الموسوعة العربية، ج ٢٠، ص (٥٣٥ - ٥٤٢).

(٢) تفسير النابلسي، ج ٥، ص (١٣٩).

www.alibapir.net

کورتە باسێک لە بارەی درەختی مێو و ترێ وە

وەك پێشتریش لە شیکردنەوەی وشەکاندا باسمان کرد، (الأعناب) کۆی (عِنَبْ)ە، کە بە درەختی ترێ دەگوترێ و، وێڕا ئەوەی پێشی دەگوترێ: (الكَرْم) یاخود (الكرم) و (الدّالية) شی پێدەگوترێ، واتە: شۆڕبووەوە، لەبەرئەوەی شۆڕ دەبێتەوە، ئێمە لە پێنج بڕگەدا باسی درەختی (ترێ) یان (دارمێو) کە ترێ دەگرێ، دەکەین:

یەکەم: پێناسە:

(سُمِّي العنب عالمياً: مَلِكة الفاكهة، وَيُعَدُّ تأريخياً من أقدم الأشجار المنتشرة في الحالة البَرِّية على سطح الكرة الأرضية، منذ العصر الطّباشيري، وقبل ظهور الإنسان)[١].

واتە: ترێ لەسەر ئاستی جیهانیی پێی دەگوترێ: پادشای میوە، لە ڕووی مێژووییەوە یەکێکە لە درەختە هەرە کۆنە بەردارەکان کە لە وشکانییدا بڵاوبۆتەوە، لەسەر گۆی زەوی، لە سەردەمی تەباشییریەوە پێش دەرکەوتنی مرۆڤ.

دیارە زانایانی زەویناسیی (جیۆلۆجیی) کە لە مێژووی جوگرافیی دەکۆڵنەوە، مێژووی زەوییان دابەش کردوە بۆ چەند قۆناغێك، یەکێك لە قۆناغەکان پێی دەگوترێ: چاخی تەباشیریی.

دووەم: جوگرافیای درەختی ترێ لە جیهان دا:

درەختی ترێ لە سووریا (شام) هەروەها لە میسڕ: (٥٠٠٠) ساڵ پێش زایین، کە ئێستا ساڵی (٢٠١٧ز)یە، واتە: (٧٠١٧) ساڵ لەمەو پێش چێنراوە و بەهەرەی لیوەرگیراوەو، بابلییەکان و ئاشوورییەکانیش لە (٣٠٠٠) ساڵ پێش زایینەوە، واتە: (٥٠١٧) ساڵ لەمەو پێش، خەڵکی ئەو شوێنانە سوودیان لەو ڕووەکە وەرگرتوەو، ڕەنگە زووتریش، بەڵام دیارە ئەو مێژووانە کاتی خۆی لەسەر هەندێك شت نووسراون، لەوەوە دیارییان کردوون.

---

(١) الموسوعة العربية: ج ١٣، ص ٥٦٩ - ٥٧٠.

www.alibapir.net

سێیەم: ژمارەی درەختی ترێ:

لـە سـاڵی (٢٠٠٣)ی زایینـی دا سـەرژمێری درەختـی مێـو کـراوەو، بەگشـتی بـە سی و شـەش (٣٦) ملیـۆن درەخـت مەزەنـدە کـراوە، لـە هەمـوو دنیـادا، بـە شـێوەیەکی نزیکەیـی بەوەندەیـان دانـاوە.

چوارەم: بەهای خۆراکیی ترێ:

کاتی خـۆی (**إبـن سینا**) لـە کتێبەکـەی خـۆی: (**القانـون في الطـب**) کـە کتێبێـکی زۆر نـاودارە، بـاسی سـوودەکانی ترێـی کـردوەو، ئامۆژگاریـی کـردوە، کـە بۆڵـوەکانی تـرێ لەگـەڵ نێوکەکەیـدا بەکاربهێـنرێ، ئـەوە هـەم خوێـن بەهێـز دەکات و، هـەم چالاککـەرە بـۆ لایـەنی جینسـیی مـرۆڤ.

هەروەهـا خـواردنی تـرێ دەبێتـە هۆکارێـکی ئەرێنیـی و بـاش، لـە مەسـەلەی هەرسـکردندا، هەروەهـا کاریگەریـی بـاشی هەیـە لەسـەر کۆئەندامـی دەمـارو، لەسـەر کۆئەندامـی خوێـن، هەروەهـا تـرێ وا لـە جگـەر دەکات، باشـتر ئەرکـەکانی خـۆی ڕاپەڕێنـێ، هەروەهـا تـرێ هـاوکارە بـۆ مێشـك و کۆئەندامـی هـەرس و، چارەسـەرە بـۆ قەبزیـی و، بـۆ دەردی (**نِقـرس**) کـە دەردە پادشـا (**داء الملوك**)یـشی پـێ دەڵێـن، باشـە، گوتـراوە: (**النِقـرس: مـرض مُؤْلِـمٌ يحـدث في مَفاصـل القـدمِ و في الإبهـام الأكـبر**)، واتـە: نەخۆشـییەکی بـە ئـازارە کـە لـە جوومگـەکانی پێـدا، بـە تایبـەت پەنجـە گـەورەدا پەیـدا دەبـێ، لەبەرئـەوەی کـە هەندێـك توخمـی کانزایـی و، شـێوە کانزایـی تێـدا هـەن، کـە زۆر گرنگـن بـۆ ئـەو چارەسـەرانە، لـەو کانزایانـەی تێیـدان: (پۆتاسـیۆم، کالیسـیۆم، سـیلیۆم، کلـۆر، کبریـت، مەنگەنیـس، ئەلەمنیـۆم، ئاسـن، مـس، یـۆد... هتـد)، هەروەهـا (تـرێ) بـۆ دروسـتکردنی ئـەو دەرمانانـەی کـە دژی کلۆربـوونی ددانـن، سـوودی لێوەردەگیـرێ.

پێنجەم: پێکهاتەی ترێ:

١) (٨٠ ٪)ی ئاوە.

٢) (٠،٩٢ ٪)ی ترشە ئەمینیەکانن.

٣) (١ ٪)ی چەورییەکانن.

www.alibapir.net

٤) (١،٠٣)ی ڕەمادە.

٥) (١٥ ٪ - ٦٠ ٪) شەکرەکانن وەك: گلوکۆز و فرەکتۆز و نیفۆلۆس.

٦) (٠،٥ ٪)ی سلیلۆزە.

٧) (١ ٪)ی بەکتینە.

٨) (١٢ ٪ میللیگرامێکی (١٠/٢) ی فیتامین c) یە.

٩) (١٢/ ١٠٠٠) میللیگرامێکی ڤیتامین A).

١٠) (١٠/٦)ی میللیگرامێکی کۆمەڵە ڤیتامینەکانی: B6 ،B3، B2، B1) تێدایە.

مەسەلەی چوارەم:

پەروەردگارت ئیلهامی بۆ هەنگ کرد: کە لە چیاو درەخت و کەپر، جێگا بۆخۆی دروست بکات، پاشان شیلەی گوڵان بمژێ و، هەنگوینێك بەرهەم بێنێ کە شیفای بۆ خەڵکی تێدایە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحْلِ أَنِ ٱتَّخِذِى مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ ٱلشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ ﴿٦٨﴾ ثُمَّ كُلِى مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ فَٱسْلُكِى سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا ۚ يَخْرُجُ مِنۢ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ فِيهِ شِفَآءٌ لِّلنَّاسِ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٦٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە نۆ بڕگەدا:

دواتر باسێکی تایبەت هەم دەربارەی هەنگ و، هەم دەربارەی هەنگوین دەکەین:

١- ﴿ وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحْلِ ﴾، پەروەردگارت وەحیی کرد بۆ لای هەنگ.

وەك پێشتر باسمان کرد: وشەی وەحیی لێرەدا، بە مانای فێرکردنی تایبەت دێ، بە مانای ئیلهام و، بە مانای ئەوە دێ کە خوا ﷻ وەك غەریزەیەك لە هەنگدا دایناوە، یەکێك لە زانایان گوتوویەتی: (**أُطلق الوحي هنا على التكوين الخفي الذي أودعه اللّه في طبيعة النحل**).

واتە: لێرەدا وشەی وەحیی بەکارهێنراوە بۆ ئەو پێکهاتە پەنهانەی کە خوا ﷻ لە سروشتی هەنگدا دایناوە، واتە: هەنگی وا دروستکردوە کە ئەو شتانە بزانێ، وەك پەیامی بۆ ناردبێ وایە، بەڵام بۆچی خوا ﷻ وشەی (**وحي**) بەکارهێناوە بۆ هەنگ ؟

لەبەرئەوەی - وەك لە دواییشدا باسی دەکەین - هەنگ زیندەوەرێکی زۆر سەرسووڕهێنەرەو، بەسوودترین زیندەوەریشە بۆ مرۆڤ، کە هەنگوین بەرهەم دەهێنێ، ئەو هەنگوینەی کە دوایی باسی دەکەین، چەندان سوودی تێدا هەن.

٢- پەروەردگارت سروشی کرد بۆ هەنگ، پێی ڕاگەیاند: ﴿ أَنِ ٱتَّخِذِى مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا ﴾، کە لە چیایەکان دا ماڵان دابنێن.

www.alibapir.net

٣- ﴿وَمِنَ ٱلشَّجَرِ﴾، هەروەها لە درەختەکان دا.

٤- ﴿وَمِمَّا يَعۡرِشُونَ﴾، هەروەها لەو کەپر و شوێنە تایبەتییانەدا کە مرۆڤەکان دروستیان دەکەن، (يَعۡرِشُونَ) خوێنراویشەتەوە (يَعْرُشُوْن) کە هەردووکیان یەك واتایان هەیە.

٥- ﴿ثُمَّ كُلِي مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ﴾، دوایی لە هەموو میوەکان بخۆ، واتە: لە شیلەکەیان بخۆ، هەڵبەتە هەنگ پێش ئەوەی میوەکان دروست بن، شیلەی گوڵەکانیان دەمژێ، بەڵام ئەو گوڵانەن کە دوایی دەبنە میوە، واتە: لەو گوڵانە بمژە کە دوایی دەبنە میوە، ئاوای لێدێتەوە.

٦- ﴿فَٱسۡلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلٗا﴾، ڕێیەکانی پەروەردگارت بگرەبەر، بۆت ڕام و دەستەمۆ کراون، دەڵێ: (**السلوك: المرور وسط الشيء من طريق ونحوه، ذُلُـلاً جمع ذلول، أي مُذَلَّـلَة مُسَخَّرة**).

واتـە: (**سـلوك**) بریتیـە لـەوەی کە ئینسـان بە نێوەڕاسـتی شـتێکدا بڕوات، بـۆ وێنە: بە نێوەڕاسـتی ڕێگایەکـدا، {واتـە: ڕێـك بـڕۆ}، بـڕۆ بـە ڕێیـەکانی پەروەردگارتـدا، ئـەو ڕێیانـەی کـە پـەروەردگارت بـە حوکمـی پێکهاتـە سروشـتییەکەی خـۆت و غەریـزەت فێـری کـردووی کـە چـۆن پێیـان دا بـڕۆی، {(**ذُلُـلا**) کـۆی (**ذلـول**)ە، (**ذلـول**) واتـە: ملکـەچ و دەسـتەمۆ}، واتـە: بـە ڕێـگاکانی پەروەردگارتـدا بـڕۆ، کـە بـۆ تـۆ ملکـەچ و دەسـتەمۆ کـراون و، ڕێیەکانـت بـۆ تەخـت و ئاچـووغ کـراون.

٧- ﴿يَخۡرُجُ مِنۢ بُطُونِهَا شَرَابٞ مُّخۡتَلِفٌ أَلۡوَٰنُهُۥ﴾، لە سکیان {لە سکی ئەو هەنگانە}، خواردنەوەیەك دێتە دەرێ، کە ڕەنگەکانی جۆراو جۆرن، بە پێی جیاوازیی ڕەنگی گوڵەکان کە دەیانمژێ، هەم تام و، هەم بۆن و، هەم ڕەنگی ئەو خواردنەوەیەش، کە مەبەستی پێ هەنگوینە، جۆراو جۆر دەبێت.

٨- ﴿فِيهِ شِفَآءٞ لِّلنَّاسِ﴾، بۆ خەڵك چارەسەری تێدایە، زانایان گوتوویانە: (**تنكير الشفاء يدلُّ على أنه ليس شفاءً لكل داء**)، ئەوە کە (**شفاء**) بە نەناسراوی (**مُنْكر**) هاتوە و نەیفەرموە (**فيه الشفاء للناس**)، بەڵکو فەرموویەتی: ﴿فِيهِ شِفَآءٞ لِّلنَّاسِ﴾، چارەسەرێکی تێدایە، نەیفەرمووە: چارەسەر، بەڵکو چارەسەرێکی بۆ خەڵکی تێدایە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە هەنگوین بەگشتی چارەسەر نیە بۆ هەموو دەردێك، بەڵکو بۆ هەندێك نەخۆشییان چارەسەرە.

٩- ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ﴾، بێگومان لەوەدا واتە: لەوەدا کە هەنگ ماڵ دروست دەکات و دەگەڕێ و شیلەی گوڵان دەمژێ و، هەنگوین دروست دەکات و، ڕەنگی جۆراو جۆرە و، شیفای بۆ هەندێ نەخۆشیی خەڵکی تێدایە، نیشانەیەکی مەزن هەیە بۆ کۆمەڵێك کە بیر بکەنەوە.

www.alibapir.net

ئەمەیان: سەرنجدان لە هەنگ و، چۆنیەتی ماڵ دروستكردنی و، چۆنیەتی هەنگوین دروستكردنی، نەك هەر بەوەندە ئیكتیفا ناكرێ كە: كەسانێك ببیستن، بەڵكو تەنیا بەوەندەش ئیكتیفا ناكرێ، كە كەسانێك: بفامن، بەڵكو وێڕای فامكردن، دەبێ بیریش بكەنەوە و ڕا بمێنن و ورد سەرنج بدەن، چونكە بەبێ ڕامان و سەرنجدان و لێوردبوونەوە و بیركردنەوە، ئینسان ئەو حیكمەتەی كە لە هەنگ و هەنگوینە چارەسەركەرەكەیدا هەیە، بۆی دەرك ناكرێ.

کورتە باسێک لەبارەی (هەنک و هەنگوین)ەوە

تەوەری یەکەم: لەبارەی هەنگەوە:

(مێش هەنگوین) و (هەنگ)یش پێ دەگوترێ، بە عەرەبی (نَحْل)، کە ناوی کۆیەو، بۆ (جینس)ی هەنگ و، تاکی (نحل)یش بریتیە لە (نحلة)، واتە: یەك دانە (مێش هەنگوین) یەك دانە هەنگ، بەڵام بە کۆیان دەگوترێ: (نَحْل) هەنگ بە گشتی.

ئێمە بە گشتی لە شازدە (١٦) خاڵدا باسی هەنگ دەکەین، کە لە کۆمەڵێك سەرچاوە دەیانهێنینین و ئاماژەیان پێ دەکەین:

١) هەنگ یەکەمین زیندەوەرە، کە دەتوانێ شیلەی گوڵان بمژێ و، خواردنیان لێ دروست بکات، لەو شیلانەی دەیانمژێ، زیندەوەرێکی دیکەمان نیە، وەك ئەو بێ، هەڵبەتە شەربەتووکە (زەردەواڵە) و زەرگەتەش هەنگوین دروست دەکەن، بەڵام ئەوانیش هەر لە جینس و ڕەگەزی هەنگن.

٢) خەڵێفی هەنگ کە بە عەرەبی (**خلية**)ی پێ دەگوترێ بە کوردیش (خەڵێف) و (پوورە)ی هەنگ و (صندووق)ی پێ دەڵێن، ئەو شوێنەی کە هەنگ ماڵی خۆی تێدا دادەنێت، بە وڵاتێکی سەربەخۆ دادەنرێت، چونکە سیستمێکی زۆر سەرسوڕهێنەری تێدایە، کە مرۆڤەکان ناتوانن بەو شێوەیە وڵاتی خۆیان بەڕێوەبەرن، نەك هەر ناتوانن، بەڵکو ناتوانن وەك هەنگیش بکەن، یانی: نەك خۆیان نەیانتوانیوە سیستمێکی وەك هی هەنگ دابێنن، بەڵکو نەیانتوانیوە لە هەنگیشەوە ئەو سیستمە فێربن، پێغەمبەریش ﷺ بڕوادارى بە هەنگ چواندوە، کە دەفەرموێ: {**مَثَلُ الْمُؤْمِنِ مَثَلُ النَّحْلَةِ لا تَأْكُلُ إلا طَيِّباً وَلا تَضَعُ إلا طَيِّباً**} (**أَخْرَجَهُ إِبْنُ حِبان: ٢٤٧، قَالَ شُعيب الأَرنؤوط: حَدِيثٌ حَسَنٌ**)، واتە: وێنەی بڕوادار وەك وێنەی هەنگ وایە، کە تەنیا شتی پاك و چاك دەخوات و، تەنیا بەرهەمی پاك و چاکیشی هەیە.

٣) جێی سەرنج ئەوەیە: هەنگ هەتا ماڵ دروست نەکات و جێ و ڕێ و شوێنێك بۆخۆی دانەنێت، هەنگوین دروست ناکات، ئایەتەکەش هەروا دەگەیەنێ: ﴿ وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحْلِ أَنِ ٱتَّخِذِى مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ ٱلشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ ﴿٦٨﴾ ثُمَّ كُلِى مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ فَٱسْلُكِى سُبُلَ رَبِّكِ

www.alibapir.net

﴿ذُلُلًا﴾، واتە: پەروەردگارت سروشی کرد بۆ هەنگ و فێری کرد: کە لە چیاییەکان و لە درەخت و لەوەی کە مرۆڤەکان دروستی دەکەن {لە کەپر و شوێنی تایبەت بۆ هەنگ}، ماڵ و شوێن بۆخۆت دابنێ، دواتر لە بەر و شیلەی هەموو میوەکان بخۆ (بمژە).

واتە: دەبێ پێشێ شوێنەکە هەبێ، ئنجا هەنگوینەکە دروست دەبێ، ئێستاش هەروایەو، ئەوەی کە خوا فەرموویەتی بەو شێوەیە.

٤) هەنگ بە گشتی دابەش دەبێ بۆ سێ بەش، بەڵام تاکو ئێستا چوار هەزارو پێنجسەد (٤٥٠٠) جۆر لە هەنگ دۆزراوەتەوە[١]، بەڵام هەنگ بەگشتی دەبن بە سێ بەش:

١ - نێر. ٢ - مێ. ٣ – بێ ڕەگەز، نێرە مووك (**الخنثى**).

هەڵبەتە ئەوە هەندێك لە زانایان ڕایان وایە، بۆ وێنە (**محمد الطاهر ابن عاشور**) لە (**التحرير والتنوير**)[٢]ەكەی خۆیدا دەڵێ:

١/ فالذكور هي التي تحرس بيوتها ولذلك تكون محوّمة بالطيران، والدّوي أمام البيت، وهي تُلقح الإناث لقاحاً به تلد الإناث إناثاً.

٢/ والإناثُ هي المسمّاة اليعاسيب، وهي أضخم جرماً من الذكور، ولا تكون التي تلد في البيوت إلا أنثى واحدة، وهي قد تَلِد بدون لقاح ذكر، ولكنّها في هذه الحالة لا تلد إلا ذكوراً، فليس في أفراخها فائدة لإنتاج الوالدات.

٣/ وأما الخنثى فهي التي تفرز العسل، وهي العواسل، وهي أصغر جرماً من الذكور، وهي معظم سكان بيت النّحل).

واتـــــە:

١/ نێرینەکان ئەوانەن کە ئیشیان بریتیە لە پاسەوانیی کردنی ماڵی خۆیان، ماڵی هەنگ، (واتە: پوورە هەنگەکە خەڵیفەکە)، بۆیە نێرینەکان هەمیشە خەریکی فڕین و گرمە گرمن لە بەردەم شوێنی خۆیان، ئیشی نێرینەکانیش ئەوەیە لەگەڵ مێینەکاندا جووت دەبن و، لە ئەنجامی ئەوەدا مێینەیان دەبێ.

---

(١) ئەمە لە کتێبی (أولين دانشگاه) لە بەرگی پێنج (٥) لاپەڕە (55)دا هاتووە کە کتێبێکی فارسییە، لە شتە زانستییەکان دەکۆڵێتەوە، کۆمەڵێك زانا و خەڵكی پسپۆڕ لە بواری خۆیاندا دایانناوە.

(٢) ج ١٢، ص ٢٠٥.

www.alibapir.net

{منیش دەڵێم: بەڵکو ئەوانی دیکەش هەر لەوان دەبن، کە پێیان دەگوترێ: بێ ڕەگەز}.

٢/ مێینەکان کە پێیان دەگوترێ: (**الیعاسیب**) {کۆی (**یعسوب**)ە، واتە: شا هەنگ}، جەستەیان گەورەترە لە نێرینەکان و، تەنیا یەك مێینەش دەبێ ببێتە شاهەنگ بۆ هەنگەکان، ئنجا جاری وا هەیە ، ئەو شاهەنگە بە بێ ئەوەی کە لەگەڵ نێرینەشدا جووت بێ گەرا دادەنێ، بەڵام لەو حاڵەتەدا، تەنیا گەرای نێر دادەنێ و، گەرایەکان سوودێکیان نابێ بۆ دروستکردنی دایکەکان (شاهەنگەکان).

٣/ نێرەمووکەکان: ئەوانەی کە هەنگوین دروست دەکەن، بێ ڕەگەزن، پێیان دەگوترێ: (**العواسل**) واتە: ئەوانە کە هەنگوین دروست دەکەن و، قەبارەیان لە هی نێرینەکان بچووکترەو، زۆربەی دانیشتووانی ماڵی هەنگ ئەوانە پێکی دەهێنن.

{دەڵێم: بەڵام زانایانی دیکە بەوانە دەڵێن: مێینە، دیارە شاهەنگیش هەر مێینەیە، بەڵام ئەو شای ئەو پوورە هەنگەیە کە ماڵێك بۆخۆیان دادەنێن}.

لە (**الموسوعة العربیة**)[1] دا، هەندێ زانیاری دەربارەی بەشەکانی هەنگ، بەمجۆرەی خوارێ، هاتوون:

{نەك جۆرەکان بەگشتی کە گوتمان (٤٥٠٠)ە، بەڵکو لە نێو خۆیاندا}:

١ - جۆری یەکەم: دەڵێ: (**ملكة النحل: هي أكبر الأفراد حَجْماً وطولاً، طولها نحو** (١٨ -٢٠) **مليمتراً، تدافع عن نفسها ضد منافساتها الملكات، بأداة لسْعٍ غير مُسَنَّنة تستخدمها أكثر من مرة**).

واتە: شاژنی هەنگ کە لە هەموویان قەبارەی گەورەترە و لە هەموویان درێژترە، درێژییەکەی لە (١٨ - ٢٠) میلليمەترەو، بەرگریی لە خۆی دەکات دژی شاژنە هەنگەکانی دیکە، کە بێنە نێو ماڵەکەیەوە، بە ئامڕازێکی پێوەدان کە تیژ نیەو، زیاتر لە جارێك بەکاری دێنێ، {وەك هەنگی هەنگوین دروستکەر نیە کە یەك جار پێوە بدات بۆ خۆی دەمرێ، درێشووکەکەی کە پێی پێوە دەدات ، بەجێ دەمێنێ و لە ئەنجامدا دەمرێ}.

٢ - جۆری دووەم: (**الشغالة: هي أصغر الأفراد يبلغ طولها نحو:** (١٤ - ١٥) **مليمتراً، يبرز من نهاية حلقات بطنها، أداة لسع** (**زبان**) **مسننة الحافة، تفقدها حين اللّسْع منغرسة في جسم الضحية**).

واتە: ئیشکەران (**شغالة**) ئەوانەن کە هەنگوین کۆدەکەنەوە، قەبارەیان لە هەموویان بچووکترە (١٤ - ١٥) میلليمەتر درێژە و، لە کۆتایی سکیاندا ئامڕازێکی پێوەدانی تیژ هەیە،

---

(١) ج ٢٠، ص ٥٠٨ - ٥١٠.

www.alibapir.net

بەڵام هەر بۆ یەکەمجار کە پێوە دەدات ئەو درێشووکەیەی بەجێدەمێنێ، لە جەستەی ئەوەدا کە پێی وەدەدات بۆ خۆشی دەمرێ.

٣ - جۆری سێیەم: (**الذكر: يبلغ طول جسمه نحو: (١٦ - ١٨) مليمترا، وقُطْرُ جسمه نحو: (٦) مليمترات، أَعدادها قليلة، تقوم بتلقيح الملكات العذارى، تتخلَّص منها طائفة النحل في الموسم السكوني، في فصلي الخريف والشتاء**).

واتە: نێرینەکە درێژیی جەستەی (١٦ - ١٨) میللیمەترە و، تیرەی جەستەی (٦) میللیمەترە، {واتە: ئەستوورییەکەی}، ژمارەیان کەمە و، ئیشیان ئەوەیە کە لەگەڵ شاژنەکاندا جووت دەبن، {ئەوانەی کە نەپیتێنراون و جووتبوونیان لەگەڵ نەکراوە، ئەگەرنا کە یەك جار لەگەڵی جووتبوو ئەو شاژنە پێویستی بە جووتبوونی دیکە نیە و، دەتوانێ چەند جارێك گەرا دابنێ}، ئنجا هەنگەکان ئەو نێرینانە لەبەین دەبەن، لە کاتی کەشی پایز و زستاندا، کە هەنگ ئیش ناکات و خەریکی پشوودانن، ئەو نێرینانە لەبەین دەبەن.

چونکە گەلۆر گەلۆر دەبێت هەر خەریکی خواردنی بن، بۆیە دەیانفەوتێنن و، لە نێو ماڵی هەنگدا هیچ کەس نابێ، بێ ئیش بێت و بێ ئیشوکار دابنیشێ، بۆیە ئەو نێرینانە کە ئیشیان تەواو دەبێ، دەبێ هەر بخۆن، بۆیە لە کۆڵ خۆیانیان دەکەنەوە.

٥) هەنگ لە سێ شوێناندا خانوو دروست دەکات:

١ - چیا. ٢ - درەخت. ٣ - خەڵێف کە بە عەرەبی (**خلية**)ی پێدەڵێن.

ئەو شوێنەی هەنگ ماڵی خۆی تێدا دادەنێت، یان لە چیایە یان لە شوێنێکی عاسێیە و لەنێو بەردێکی خاوێن دا، یان لە نێو درەختدایە، یاخود ئەو شوێنەی کە مرۆڤ بۆی دروست دەکات.

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجدان و ڕامانە ئەوەیە کە:

شێوەی دروستکردنی ئەو خانانەی هەنگ هەنگوینیان تێدەکات، دەبێ هەموویان شەشپاڵوو (**مُسَدَّس**)بن، واتە: لەسەر شێوەی شەشگۆشە و، شەشپاڵوو، چونکە بە پێی سیستمی ئەندازیاریی دەرکەوتوە کە ئەگەر هاتبا و خانەکان سێگۆشەیی، یان بازنەیی، یان لاکێشەیی، یان چوارگۆشەیی، بوونایە، چەند کەلێنێك پەیدادەبوون و شوێنیان لێ

www.alibapir.net

زایە دەبوو، بەڵام شێوەی شەشپاڵوویی، هەموو خانەکان پاڵ دەدەنە یەك، ئنجا هەر کەسێك تەماشای شانەی هەنگوین بکات، زۆر جوان دیارە، کە هیچ بۆشایی نابێ لە نێوان خانەکاندا، کە هەنگوینیان تێدەکرێ.

سبحان اللّه! خوا ﷻ هەنگی فێر کردوە، کە باشترین شێوەی هەندەسیی هەڵبژێرێ، بۆ ئەو خانانەی کە هەنگوینیان تێ دەکات، بە شێوەیەك کە هیچ بۆشاییەك زایە نەبێ و هیچ شوێنێکیان بە فیڕۆ نەچێت.

٦) هەر خەڵێفێك، هەر شارە هەنگێك، یەك شاژنی تێدایە و، ئەگەر بێت و شاژنە هەنگێکی دیکە بێت ،{واتە: هەنگێکی مێیەی دیکە بێت} ئەوەی دووەمیان دەبێ بکوژرێ، چونکە باسمان کرد کە شاژنەهەنگ درێشووکەیەکی هەیە، تەنیا بۆ بەرگریی لەخۆکردن بەکاری دێنێ لە بەرانبەری ئەو شاژنە هەنگانەدا کە دەیانەوێ بێنە نێو ماڵەکەیەوەو، زیاتر لە جارێکیش دەتوانێت بەکاری بێنێ.

٧) ئەرکی شاژنە هەنگ بریتیە لە گەرا دانان، ئنجا هێلکە و گەرایەکانیشی نەك بە سەدان، بەڵکو بە هەزارانن و، ئەو شاژنە هەنگە دەچێ:

١- لەو شوێنەی کە پێویستە گەرای نێر دابنێ، گەرای نێر دادەنێ.

٢- لەو شوێنەش کە پێویستە هی ئیشکەرەکان کە مێینەن، یاخود بێ ڕەگەزن، لەوێ ئەوە دادەنێ.

٣- لەو شوێنەش کە پێویستە گەرا بۆ شاژنە هەنگێکی دیکە دابنێ، ئەوە دادەنێ، واتە: لە هەر شوێنە و گەرای تایبەتی خۆی دادەنێ.

ئنجا ئەو شاژنە هەنگە، چەند هەنگێکی دیکە هەن کە خزمەتکار و، کارەکەرنی لەگەڵیدان و، خزمەتی دەکەن و خواردنی تایبەتی بۆ دێنن، خواردنە تایبەتییەکەشی پێی دەڵێن: (**غُبار الطَّلْع**) و پێشی دەگوترێ: خواردنی شاهانە (**الغداء الملكي**) کە زۆر دەوڵەمەندە، بە ماددە پڕۆتینییەکان، پاشان شیلەی گوڵانی بەسەردا دەکات و، خۆشیان جۆرێك لە ماددەی بەسەردا دەڕێژن و، لە ئەنجامدا دەبێتە ئەو خواردنی شاهانە (**الغداء الملكي**)ە کە مەشهوورە چۆنە.

٨) لە نێو خەڵێف و شاری هەنگدا، هەندێك هەنگ هەن تەنیا ئیشیان بریتیە لە پاسەوانیی کردن و، لە دەرگای شارە هەنگەکە ئێشکچێتی دەکەن بەردەوام دەفڕن و، هەر خەریکی گرمە گرمن، ئنجا هەر هەنگێکیش بێ، ئەگەر وشەی نهێنییەکە نەڵێ، وەك زانایانی لێکۆڵەرەوە بۆیان

www.alibapir.net

دەركەوتوە هەنگێك لە شوێنێكی دیكەوە بێ و، بیەوێ بچێتە نێو ئەو شارە هەنگەوە، ئەگەر ئاشنا بێ و خەڵكی ئەو شوێنە بێ، دەبێ نهێنییەكە بزانێ و بیڵێ، ئەگەرنا دەكوژرێ.

٩) كۆمەڵێك هەنگ هەن، كە پاككەرەوە (**مُنَظِّفات**)ن و، ئیشیان بەس ئەوەیە كە نێو ئەو شارە هەنگە لە هەر پیسییەك پاك بكەنەوەو، هەر هەنگێك لەسەر شوێنێكی پیس نیشتبێ و، پیسییەكی پێوە بێ، یەكسەر دەكوژرێ، لەلایەن ئەو هەنگانەوە كە كاریان پاككردنەوەیە.

قوڵە نەزیلەیەك:

برایەكی هەنگەوانی خۆمان كە هەنگی هەن، بۆی گێڕامەوە، گوتی: جارێك لە پوورە هەنگێك دا، هەنگوینەكەم دەردەهێنا تەماشام كرد، لە نێو شانەكەدا شتێكی هەڵتۆقیوو زەق هەیە، منیش بە چەقۆیەك كڕاندم، تەماشام كرد، مشكێكە ویستوویەتی بچێتە نێو خەڵێفەكە، بەڵام لەوێدا تۆپیوە، هەنگەكانیش دەورەكەیان هەموو بە مێو تەنیوە، بە شێوەیەك كە ئەسڵەن نەك هەر بۆن بۆ ئەو شوێنە نەچووە، مشكەكەش بۆخۆی ڕەق نەبووەو، وەك تەڕ و تازە بێت و مۆمیا (**تحنیط**)یان كرد بێ، خوای پەروەردگار ئەو توانایەی پێداون، لەبەرئەوەی مشكەكەیان پێ دەرنەكراوە، ئەوان چوون دەورەیان تەنیوە، بە مێو بە شێوەیەك كە بە هیچ جۆرێك بۆنی ئەو مشكە بڵاو نەبێتەوەو بۆخۆی لەوێدا بە بێدەنگیی خنكاوە !

١٠) هەندێك هەنگ هەن، ئیشیان تەنیا ئەوەیە كە هەوای نێو شارەكەیان ڕادەگرن: لە زستاندا گەرمی دادێنن و، لە هاویندا فێنكی دەكەنەوە.

١١) هەنگ زۆرباش بە ڕێی خۆی دەزانێتەوە، هەرچەندە بۆ ماوەی چەند كیلۆمەترێك دەڕوات بۆ مژینی شیلەی گوڵان و چرۆیەكانیان.

١٢) یەك دڵۆپە لە شیلەی گوڵان كە هەنگ دەیمژێ، پێویستی بەوە هەیە كە لەسەر (٥٠٠ - ١١٠٠) گوڵ بنیشێ و شیلەكەیان بمژێ و، بۆ دروستكردنی (١٠٠) گرام، هەنگوین، پێویستی بەوە هەیە كە لە یەك ملیۆن (١,٠٠٠,٠٠٠) گوڵ شیلە بمژێ و، بۆ (١٠٠٠) گرام، واتە: یەك كیلۆ هەنگوین، هەنگ پێویستیی بەوە هەیە كە چوارسەد هەزار (٤٠٠) هەزار كیلۆمەتر ببڕێت و بێ و بچێ، ئنجا ئەگەر بۆ سەد (١٠٠) گرام هەنگوین، پێویستیی بە مژینی شیلەی یەك ملیۆن گوڵ هەبێ، ئەوە بۆ یەك كیلۆ، پێویستیی بە مژینی شیلەی دە (١٠) ملیۆن گوڵ هەیە و، پێویستیی بە بڕینی ماوەی (٤٠٠) هەزار كیلۆمەتر هەیە، ئنجا هەموو بازنەی زەوی (٤٠) هەزار كیلۆمەترە،

www.alibapir.net

کەواتە: هەنگ بۆ ئەوەی کیلۆیەك هەنگوین دروست بکەن، دەبێ ماوەیەك ببڕن، دە (١٠) جاران هێندەی بازنەی زەوی بێت لە لای هێڵی یەکسانیی (**خط الإستواء**)یەوە !!

١٣) هەنگ، بەتایبەتی هەنگە مێینەکانیان، یان هەنگە بێ ڕەگەزەکان، ئەوانەی کە هەنگوین دروست دەکەن، بە جۆرێك دەفڕن، کە جۆرێك لە شایی دەکەن بۆ ئەوانی دیکە، کە پێیان دەڵێن: ئەو گوڵانە کە ئەو چووە بیانمژێ، چەند دوورن، بۆ وێنە: ئەگەر جارێك سووڕێك بداتەوە، دەزانن کە چەندەیە، ئەگەر دوو بێت زیاتر و، ئەگەر سێش بێت زیاتر.

ئنجا وێڕای ئەوەی کە لە کتێباندا هاتوە، ئەو کەسانەی کە شارەزاشن دەڵێن: هەتا هەنگ شوێنەکەی دوورتر بێ، زیاتر بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە و جۆرێك لە شایی دەکات.

١٤) خێرایی هەنگ کاتێك کە دەچێ بۆ مژینی شیلەی گوڵان دەوری شەست و پێنج (٦٥) کیلۆمەترە لە سەعاتێکدا، بەڵام لە گەڕانەوەدا دەوری سی (٣٠) کیلۆمەترە، چونکە باری پێیە، پاشان هەر بەڕێوەش لە ڕژێنێکی خۆی دەڕژێنێتە سەر ئەو شیلەی گوڵانە، تاکو وەك چۆن شیر هەوێنی تێدەکرێ و دەمەیێت، بەو شێوەیەش ئەو گوڵە جۆرێك ماددەی بەسەردا دەکات، ئنجا دەبێتە هەنگوین، تاکو کات (**وقت**)ی بۆ بگەڕێتەوە، هەر بەڕێوە ئەو پرۆسەیەی هەوێن کردن (**تخمير**)ی پێدەڵێن، ئەنجامی دەدات !!

١٥) (مۆریس میتر لینگ) کە کتێبێکی تایبەتیی هەیە لەسەر هەنگ و، زۆر لێکۆڵینەوەی وردی کردوە، دەڵێ: ئەگەر هەنگ نەبێ، سەد هەزار (١٠٠,٠٠٠) جۆرە گوڵ و ڕووەك، لەبەین دەچن، کە بەهۆی هەنگەوە کە شیلەکانیان دەمژێ و لەوێوە دەچێ بۆ ئەوێ، دەپیتێنرێن و موتوربە دەبن، ئەگەرنا ئەگەر هەنگ نەبووایە، ئەو سەد هەزار جۆرە ڕووەك و گوڵە لە نێو دەچوون[1]، بەهۆی نەپیتێنرانیانەوە.

١٦) ئەگەر هەنگ پێوە بدات دەمرێ، کە هەرگیز لەخۆڕا ئەوە ناکات مەگەر ناچار بکرێ و، ئەو ژەهرەی کە لە هەنگدا هەیە، بۆ نەخۆشییەکانی ڕۆماتیزم و مەلاریا و ئازاری دەمارەکان بەسوودە و، لە پێوەدانی هەنگ وەردەگیرێ، یاخود دەگونجێ ژەهرەکەی بە جۆرێك لە جۆرەکان لێ وەربگرن.

---

(١) ئەمە لە کتێبی (أولین دانشگاه) بەرگی (٥) لاپەڕە (٥٥) وەرگیراوە، ئەوەی دیکەش هەرچی گوتمان، لە تەفسیرەکەی (د. محمد راتب النابلسي) لە بەرگی (٥) لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا، وەرمانگرتوە.

www.alibapir.net

تەوەری دووەم: لەبارەی هەنگوینەوە:

لە چوار بڕگەدا باسی هەنگوین و سوودەکانی دەکەین:

یەك: پێناسە:

(**العسل مُنْتَجٌ زراعي حُلْو المذاقِ، لَزِجٌ لهُ رائحة مميِّزة عطرية، تجمعه شغّالات من غدد رحيق أزهار النباتات المختلفة**)[1]، واتە: هەنگوین بەرهەمێکی کشتوكاڵییە، تامی شیرینە و لینجە و، بۆنێکی خۆشی جیاکەرەوەی هەیە، ئەو هەنگانەی کە کار دەکەن، لە شیلەی گوڵە جۆراو جۆرەکان دەیمژن و دروستی دەکەن.

دوو: گرنگیی خۆراکیی و تەندروستیی، هەنگوین[2].

١/ هەنگوین بە خۆراکێك و دەرمانێکی زۆر باش بۆ مرۆڤ دادەنرێ و، گەلێك سوودی هەن، هەم سوودی پاراستن لە نەخۆشییان و، هەم سوودی چارەسەری نەخۆشییان، چونکە هەنگوین توانای بەرهەڵستییکردنی جەستە دیار دەکات بۆ دژی ژمارەیەك لە نەخۆشییەکانی، کە تووشی کۆئەندامی هەناسەدان دەبن و، تەنانەت بۆ نەخۆشیی شەکرە و، ئەو نەخۆشییانەش کە تووشی کۆئەندامی هەرس دەبن و، تووشی کۆئەندامەکانی دەمار دەبن، هەروەها بۆ نەخۆشییە پێستییەکان و بۆ نەخۆشییە هەستیارییەکان (**أمراض الحساسية**)، بۆ هەموو ئەوانە باشە[3].

٢/ هەنگوین سوودی هەیە بۆ پاراستنی ددانەکان لە کلۆر بوون.

٣) هەروەها هەنگوین بە خۆراکێکی زۆر باش دادەنرێ بۆ منداڵان، بە تایبەت لە حاڵەتی کەم خوێنییدا.

٤) هەروەها هەنگوین سوودی هەیە بۆ بیرمەندان و، وەرزشوانان، چونکە پلەی ترشی لە خوێنداو، لە خانەکانی جەستەدا ، لە ئەنجامی ماندووبووندا ، کەم دەکاتەوە.

---

(١) الموسوعة العربية: ج ١٣، ص١٨٤ - ١٨٥.

(٢) الموسوعة العربية: ج١٣، ص ١٨٤ - ١٨٥.

(٣) هەندێك لە سوودانەی دەیاننوسین، جۆرێك لە دووبارەبوونەوەیان تێدایە، بەڵام بە باشمان زانی هەموویان بێنین و، هۆکاری دووبارەبوونەوەکەش ئەوەیە کە لەچەند سەرچاوەیەکەوە هێناومانن.

www.alibapir.net

٥) هەروەها هەنگوین زۆر بە خێرایی لە جەستەدا هەرس دەبێت و وزەیەکی باش بە جەستە دەبەخشێ.

٦) هەنگوین بە ماددەیەکی خۆراکی پاککەرەوەو، دژی هەوکردن (**عفونة**)و ئیلتیهابە و، دژی ئەو زیندەوەرە بچووك و بەکتریا و کەڕووانەشە، کە زیان بە جەستە دەگەیەنن.

٧) هەروەها هەنگوین بۆ چارەسەری سووتان و، گەڵێك لەو برینانەی کە چارەسەریان بەزەحمەت دەکرێت، بەکاردێ.

٨) هەروەها هەنگوین بۆ دواخستنی پیربوونی خانەکان و، زیادبوونی توانایان بۆ پارێزگاریی کردن لە چالاکیی و گەنجایەتییان، بەسوودە.

٩) هەنگوین یارمەتیی جەستە دەدات بۆ پاراستن لە دژی نەخۆشییەکانی شیرپەنجە (**سرطان**).

١٠) هەنگوین پێش ئەوەی بگوترێ: خۆراکە، چارەسەر و دەرمانە، بەڵکو بە دەرمانگەیەکی تایبەت دادەنرێ.

١١) لە هەمووی گرنگتر: هەنگوین شوێنێکە کە میکرۆب و بەکتریا و کەڕووەکان تێیدا گەشە ناکەن، بەڵکو لەنێویشیان دەبات.

١٢) هەنگوین چارەسەرە بۆ هەموو ئەو نەخۆشییانەی تووشی کۆئەندامی هەرس دەبن، بەتایبەت: ئەو نەخۆشییانەی کە دەبنە هۆی پەیدابوونی میکرۆب و، پیسبوونی گەدە و ڕیخۆڵەکان، دیسان چارەسەرە بۆ ئەو ترشەڵۆکە (**حموضة**) زۆرەی کە لە ڕیخۆڵەکان و لە کۆئەندامی هەرسدا بەگشتی پەیدا دەبێ.

١٣) هەنگوین چارەسەرە بۆ نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسەدان و، نەخۆشییەکانی سییەکان و، ئەو نەخۆشییانەی کە تووشی قوڕگ و گەروو دێن، هەروەها بۆ تەنگە نەفەسیی و ڕەبوو و، بۆ نەخۆشیی دڵیش.

١٤) هەنگوین چارەسەرە بۆ نەخۆشیی کەم خوێنیی.

١٥) هەنگوین چارەسەرە بۆ نەخۆشییەکانی جگەر و، ڕێگرە لە مێوکردنی جگەر (**تَشَمُّع الكبد**) کە حاڵەتێکە، تووشی جگەر دەبێ، سست و خاوی دەکات و، هەنگوین بە چالاککەرێکی پلە یەك دادەنرێ، بۆ بەهێزکردنی جگەر لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆی دا.

www.alibapir.net

١٦) هەرچەندە هەنگوین شیرینە، بەڵام بۆ نەخۆشیی شەکرەش باشە، بەڵام دەبێ بە پێی خۆی بەکاربهێنرێ و، دەبێت پزیشکی تایبەت دیاریی بکات.

١٧) هەنگوین چارەسەرە بۆ ئەو نەخۆشییانەی کە تووشی کۆئەندامی میزکردن دێن و، ئەو تێکچوونانەی کە تووشی گورچیلەکان دێن.

١٨) هەنگوین چارەسەرە بۆ حاڵەتی بێخەویی و ئەو نەخۆشییانەی تووشی کۆئەندامی دەمار دێن، چونکە هەندێ ماددەی تێدان هێمنکەرەوەو ئارامیی بەخشن.

١٩) هەنگوین چارەسەرە بۆ نەخۆشییەکانی چاو، بە تایبەت ئیلتیهابی گلێنەی چاو.

٢٠) هەنگوین چارەسەرە بۆ نەخۆشییەکانی ئافرەتان[١].

٢١) هەنگوین چارەسەرە بۆ حاڵەتی قەبزیی (**إمساك**).

٢٢) هەنگوین دەبێتە هۆی لابردنی ماندوویەتیی و شەکەتیی جەستەیی و زەینیی.

٢٣) هەنگوین ڕێژەی کالیسیۆمی خوێن بەرز دەکاتەوە.

٢٤) هەنگوین باشە بۆ لابردنی باکردنی گەدە و ڕیخەڵۆکان.

٢٥) هەنگوین بۆ نەخۆشیی سکچوون (**إسهال**) باشە.

٢٦) هەنگوین بۆ چارەسەری نەخۆشیی هەڵامەت باشە.

٢٧) هەنگوین بۆ چارەسەری دومەڵ و برینی زار و زمان، باشە کە جارجار بلۆق و زیپکەی لێ پەیدادەبن.

٢٨) هەنگوین بۆ چارەسەری قلیشانی پێست باشە، کە دەبێ پێی چەور بکرێ.

٢٩) هەنگوین شەش ڤیتامینی گرنگی تێدان کە بریتین لە: (A، B، C، D، K، I)ن[٢].

---

(١) ئەوانە هەموویان لە تەفسیری: (النابلسي) بەرگی (٥) لاپەڕە (١٤٣ - ١٤٤) وەرگیراون.

(٢) تەفسیری نموونە، بەرگی (١١)، لاپەڕە (٣٠٢ - ٣٠٣).

www.alibapir.net

سێ: چەند تایبەتمەندییەکی هەنگوین:

هەنگوین چەند تایبەتمەندییەکی هەن:

یەکەم: هەنگوین هەرگیز تێکناچێ، هەتا هەندێك لە مێژووزانان دەڵێن: لە هەڕەمەکانی میسڕدا، هەنگوین دۆزراوەتەوە کە لەگەڵ فیرعەونەکاندا دایانناوە، ئێستاش ماوە، یانی: هی سێ چوار هەزار (٣٠٠٠ - ٤٠٠٠) ساڵ لەمەوپێش.

دووەم: هەنگوین نابێ گەرم بکرێ، چونکە ئەگەر گەرم کرا، هەندێك لە سوودەکانی لەدەست دەدات.

سێیەم: نابێ لە قاپی کانزاییدا هەڵبگیرێ.

چوار: دوو فەرموودەی پێغەمبەری کۆتایی ﷺ لەبارەی هەنگوینەوە:

کۆتایی باسی هەنگ و هەنگوین بەم دوو فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ دێنین:

١) پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {**الشِّفَاءُ فِي ثَلَاثَة: فِي شَرْطَة مِحْجَمٍ، أَوْ شَرْبَة عَسَلٍ، أَوْ كَيَّةٍ بِنارٍ، وَأَنا أَنْهَى أُمَّتِي عَنِ الْكَيِّ**} (**أَخْرَجَهُ الْبُخَارِي: ٥٦٨٠، وَمُسْلِم: ٢١٢٥، عَنِ ابْنِ عَباسٍ**).

واتە: چارەسەر لە سێ شتاندا هەیە: لە کەڵەشاخ گرتن دا و، لە هەنگوینێك دا کە بخورێتەوەو، لە سووتاندن دا، بەڵام من ڕێگریی لە ئۆممەتم دەکەم کە سووتاندن بەکاربێنن.

بێگومان لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ هەر ئەوانە هەبوون، بەڵام ئەمڕۆ عەمەلیات هەیە و، چەندان جۆرە چارەسەری دیکە هەن، بەڵام پێغەمبەر ﷺ بە پێی ئەوە کە لە ڕۆژگاری خۆیدا هەبووە، فەرموویەتی: چارەسەری پزیشکی لەو سێ شتانەدا هەیە، بەڵام سووتاندنی پێ باش نەبووە.

٢) {**عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ، قَالَ: أَنَّ رَجُلاً أَتَى رسول اللّه ﷺ فَقَالَ: يا رَسُول اللّه إِنَّ أَخِي استطْلَقَ بَطْنُهُ؟ فَقَالَ: (اسْقِهِ عَسَلاً)، فَسَقَاهُ عَسَلاً، ثُمَّ جَاءَهُ فَقَالَ: سَقَيْتُهُ عَسَلاً ، فَمَا زَادهُ إِلاَّ استطْلَاقًا، قَالَ: (اذهب فاسْقِهِ عَسَلاً). فَذهب فَسَقَاهُ، ثُمَّ جَاء فقال: فَمَا زَادهُ إِلاَّ استطْلَاقًا، فَقَالَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ: (صَدَقَ اللّهُ، وَكَذَبَ بَطْنُ أَخِيكَ اذهب فاسْقِهِ عَسَلاً)، فَسَقَاهُ فَبَرَأَ**} (**أَخْرَجَهُ الْبُخَارِي: ٥٦٨٤، وَمُسْلِم: ٢٢١٧**).

www.alibapir.net

واتـە: ئەبـو سـەعیدی خودریـی، دەڵـێ: پیاوێـك هاتـە لای پێغەمبـەری خـوا ﷺ گـوتی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا! برایەكـم سـكی دەچـێ، (واتـە: ڕەوانـە)، فەرمـووی: هەنگوینـی بدەیـە، هەنگوینـی دایـە و هاتـەوە، گـوتی: هەنگوینـم دایـە و، هـەر زیاتـر سـكی دەچـێ، فەرمـووی: دووبـارە بچـۆ هەنگوینـی بدەیـە، چـۆوە و دووبـارە هەنگوینـی دایـە و هاتـەوە و، گـوتی: هەنگوینـم دایـە و، دووبـارە زیاتـر سـكی دەچـێ، پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـۆ جـاری سـێیەم فەرمـووی: خـوا ڕاستی فەرمـووە و زگـی برایەكـەت درۆ دەكات، بچـۆ هەنگوینـی بدەیـە، بـۆ جـاری سـێیەم دووبـارە چـوو هەنگوینـی دایـە، ئنجـا چـاك بـوو).

پزیشـەكەكان دەڵێـن: هەندێـك حاڵـەتی سـكچوون هـەن، دیـواری گـەدە ماددەیـەكی لینجـی لـێ دەئاڵـێ، كـە بـاش خـواردن هـەرس نـاكات و، دەبێتـە هـۆی سـكچوون و ڕەوانیـی، ئنجـا دیـارە بـۆ جـاری یەكـەم بـە تەواویـی گـەدەی نەشـۆردۆتەوە و، بـۆ جـاری دووەمیـش تـەواو نەبـووە و، جـاری سـێیەم شـۆردوویەتەوە، ئێسـتا دكتۆرەكانیـش هـەروا دەكـەن، كـە قۆنـاغ بەندیـی دادەنێـن بـۆ چارەسـەرەكان، مـەرج نیـە ئـەو چارەسـەرە بـە یـەك جـار ببێتـە هـۆی چارەسـەركردن و لابـردنی ئـەو نەخۆشـییە.

لـە كۆتایـی دا ئـەم فەرمایشـتەی پێغەمبـەر ﷺ دێنیـن، كـە بەگشـتی دەربـارەی چارەسـەر فەرموویەتـی:

{لِـكُلِّ دَاءٍ دَوَاءٌ فَـإِذَا أُصِيـبَ دَوَاءُ الـدَّاءَ، بَـرَأَ بـإذْنِ اللَّـهِ عَـزَّ وَجَـلَّ} (أَخْرَجَـهُ مُسْـلِم: ٢٢٠٤، عَـنْ جَابِـرٍ).

واتـە: هەمـوو دەردێـك چارەسـەری هەیـە، هـەر كاتێـك ئـەو چارەسـەرە گەیشـتە ئـەو دەردە، دەردەكـە لادەچـێ، بـە مۆڵـەتی خـوا.

كـە بێگومـان ئـەوە هانـدانی مسـوڵمانانە و، هانـدانی مرۆڤـە كـە لـە بەرانبـەر هیـچ نەخۆشـییەك و دەردێكـدا، دەسـتە و ئەژنـۆ دانەنیشـن و، بزانـن كـە چارەسـەر و دەرمانێـكی هەیـە، ئنجـا هەرچەنـدە تاكـو ئێسـتاش نەیاندۆزیوەتـەوە، بزانـن كـە هەیـە.

www.alibapir.net

مەسەلەی پێنجەم:

خـوا مرۆڤـەکانی دروسـت کـردوون، پاشـان دەیانمرێنـێ و، هەشـیانە دەگەڕێتـەوە بـۆ حاڵـەتی زۆرخراپـی تەمـەن (پیریـی کەنەفـت) کـە سـەرەنجام ئـەوەی زانیویـەتی لەبیـری دەچێتـەوە:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمۡ ثُمَّ يَتَوَفَّىٰكُمۡۚ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرۡذَلِ ٱلۡعُمُرِ لِكَيۡ لَا يَعۡلَمَ بَعۡدَ عِلۡمٖ شَيۡـًٔاۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٞ قَدِيرٞ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١- ﴿ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمۡ ﴾، هەروەها خوا، وێڕای ئەو چاکە و نیعمەتانەی کە باسکران: ئێوەی وەدیهێناوە و، دروست کردوە.

بێگومـان ئەمـە بـۆ بیرهێنانەوەیـە، کـە ئێمـە لـە بیرمـان نەچێتـەوە کـە ئـەو نیعمەتانـە هەموویـان بـۆ ئێمـە دروسـت بـوون و، ئەگـەر ئێمـە بوونمـان نەبوایـە، ئـەو نیعمەتانـە بـە کەڵـك ئێمـە نەدەهاتـن و، لێیـان بەهرەمەنـد نەدەبوویـن، کەواتـە: لـە پێشدا نیعمـەتی بـوون پـێ بەخشرانمـان، ئـەوە بناغـەی هەمـوو نیعمەتەکانـە، کـە خـوا ﷻ ئێمـەی هێناوەتـە بـوون.

٢- ﴿ ثُمَّ يَتَوَفَّىٰكُمۡۚ ﴾، دواییش (خوا) دەتانمرێنێ: (**يَتَوَفَّاكُمْ: يَقْبِضُكُم**) ڕووحەکانتان وەردەگرێ و، بە تەواویی لە جەستەتانیان جیادەکاتەوە، کە دیارە نیعمەتی بوون پێدران، گەورەترین نیعمەتە، ئنجا بە هەمان شێوە نیعمەتی مرێنرانیش، - وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد لە مانا گشتیەکەیدا - ئەویش هەر نیعمەتە، چونکە با مرۆڤ تەماشا بکات:

جـاری وایـە کەسـێك زۆر نەخـۆش دەبـێ و، بـە تەمـەن دادەچـێ، هـەم خەڵـك لێـی بێـزار دەبـێ، هـەم لـە خۆیـشی بێـزار دەبـێ، مرێـنران بـۆ بابـای وا نیعمەتێـکی زۆر گەورەیـە، زۆر کـەس هەیـە، کـە بـە دڵ داوای لـە خـوای کارزان کـردوە: بیمرێنـێ و، ڕووحـە ئەمانەتەکـەی لـێ وەربگرێتـەوە، وە بێئـەوەی ناشـوکورییش بـکات.

www.alibapir.net

ئنجا ئەگەر بە گشتیش تەماشای مرۆڤ بکەین لەسەر زەوی: ئایا ئەگەر ئەو مرۆڤە وەك چینی بێستان، جیلێك نەڕۆیشتبن و، جیلێکی دیکە شوێنی نەگرتبایەوە و، هەموویان لەسەر یەك کەڵکە بوونایە، بێگومان حاڵەتێکی زۆر سەیر پەیدا دەبوو، کە تەحەممول ناکرێ! هەڵبەتە ئەگەر گریمان خوا ﷻ وای دانابایە، ئەو کاتە شوێنێکیشی هەڵدەبژارد کە جێی هەمووان ببێتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەم سەرزەوییەی ئێمە، هەر ئەوەندە بەشەرانە هەڵدەگرێ، کە پەیدا دەبن، لە جیلێکدا و، لە دوایی دا جیلێکی دیکە دێن و، ئەو جیلەی پێشێ وردە وردە دەڕۆن، جا ئەگەر مرۆڤ تەماشا بکات: زۆر بە ڕوونیی دەبینێ کە دەستی خوا ﷻ لە کارەکاندا هەیە، چ لە مراندنی جیلی پێشێ تاکو جیلی تازە جێیان بگرنەوە، چ لە مەسەلەی ئەو هاوسەنگییەی لە نێوان نێرو مێ دا هەیە، هاوسەنگییەك کە لە پەیدابوونی کوڕان و کچان (نێر و مێ)دا هەیە، ئەویش خوا هاوسەنگییەکی زۆر وردی تێداناوەو، وانیە هەر کوڕ، یان تەنیا کچ لە دایك ببن، بەڵکو کوڕان و کچان بە هاوسەنگیی دێنە دنیاوە.

٣- ﴿وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرْذَلِ ٱلْعُمُرِ﴾، هەشتانە دەگێڕدرێتەوە بۆ تەمەنێکی خراپ، پێشەوا (**طبري**) دەڵێ: واتە: (**وَمِنْكُم مَنْ يَهْرمُ فيَصيرُ إلى أَرْذَلِ العُمُرِ، وَهُوَ أردؤه وَمِنْهُ: رَذَلَ الرَّجُلُ وَفَسَلَ**)[١]، واتە: هەتانە پیر دەبێ، تاکو دەگەڕێتەوە بۆ خراپترین تەمەن، وەك دەگوترێ: (**رَذَلَ الرَّجُلُ وَفَسَلَ**) واتە: ڕەزیل و، زەبوون و، کەنەفت بوو.

٤- ﴿لِكَىْ لَا يَعْلَمَ بَعْدَ عِلْمٍ شَيْـًٔا﴾، ئەم (ل)ە، (**لام العاقبة**)یە، وەك زانایان دەڵێن، واتە: سەرەنجام وای لێدێتەوە: هیچ نەزانێ دوای ئەوەی شتی زانیوە، هیچ نەزانێ و، شتەکانی لەبیر دەچنەوە، پێشەوا (**طبري**) دەڵێ: (**لِئَلاَّ يَعْلَمَ شَيْئاً بَعْدَ عِلْمٍ كانَ يَعْلَمُ فِي شَبابِهِ**)[٢]، واتە: تاکو ئەوەی لە کاتی گەنجییەتیی و تین و تاقەتدا، دەیزانی، لە کاتی پیر و کەنەفتییدا، هیچ نازانێ و هەمووی لەبیر دەچێتەوە، بەڵکو هەیە مێشکی فۆڕمات دەبێتەوە و، ناوی خێزانی و منداڵەکانیشی و، ناوی خۆشی لەبیر دەچێتەوە.

٥- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ قَدِيرٌ﴾، بێگومان خوا زانای توانایە، واتە: خوا هیچی لە بیر ناچێ و، زانیارییەکەی ناگۆڕێ و، ئەوەی ڕابردوە و، ئەوەی دادێ هەمووی دەزانێ و، هەرگیز هیچ شتێکیش خوا دەستەوسان ناکات، (**الطبري**) ئاوای تەفسیر کردوە ڕەحمەت و ڕەزای خوای لێبێ.

---

(١) جامع البيان، ج ١٤، ص١٤٦.

(٢) ج ١٤، ص١٤٧.

www.alibapir.net

بەراوردێکی نێوان
ئایەتی (٧٠)ی (النحل) و (٥)ی الحج

لە سوورەتی (النحل)، لە ئایەتی (٧٠)دا دەفەرموێ: ﴿لِكَيْ لَا يَعْلَمَ بَعْدَ عِلْمٍ شَيْئًا﴾، بەلام لە سوورەتی (الحج)، لە ئایەتی (٥)دا دەفەرموێ: ﴿لِكَيْلَا يَعْلَمَ مِنْ بَعْدِ عِلْمٍ شَيْئًا﴾، ئنجا ئایا ئەم (مِنْ)ە بۆچی لێرەدا زیاد کراوە و، هۆکارەکەی چییە ؟

(الخَطيب الإِسْكافِي) لە: (دُرَّةُ التنزيل، وَغُرَّة التأويل)دا[1]، دەڵێ:

(الفرق: ما ذكر في (النحل) إجمالٌ لِتَفصيل ما ذُكر في (الحج)، واتە: بۆیە ئەو (من)ە لە (بعد علم) لە سوورەتی (الحج)دا، زیادکراوە، چونکە ئەوەی لە سوورەتی (النحل)دا هاتوە، کورتەی ئەو درێژەیە کە لە سوورەتی (الحج)دا هاتوە.

هەڵبەتە قسەکەشی زۆر بەجێیە، با تەماشای ئایەتەکەی سوورەتی (الحج) بکەین، خوا وردەکاریی زۆری لەوێدا باس کردوە، بەلام لێرە (النحل) بەس دەفەرموێ: ﴿وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ ثُمَّ يَتَوَفَّاكُمْ ۚ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰ أَرْذَلِ الْعُمُرِ لِكَيْ لَا يَعْلَمَ بَعْدَ عِلْمٍ شَيْئًا ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ قَدِيرٌ (٧٠)﴾.

بەلام با بزانین لە سوورەتی (الحج)دا، خوا چ وردەکارییەکی باسکردوە، دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّنَ الْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِن مُّضْغَةٍ مُّخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِّنُبَيِّنَ لَكُمْ ۚ وَنُقِرُّ فِي الْأَرْحَامِ مَا نَشَاءُ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ ۖ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰ أَرْذَلِ الْعُمُرِ لِكَيْلَا يَعْلَمَ مِن بَعْدِ عِلْمٍ شَيْئًا﴾.

ئنجا دوایی (الخطيب الإسكافي)، دەڵێ: (فذكر تفصيل الأحوال ومبادئها، فقال: مِن كذا ومِن كذا الإبتداء ، كل حالٍ ينتقلُ مِنهُ إلى غيرِه... فكَما حدَّدَ أوائلَها بِ (مِنْ) كَذَلِكَ حَدَّدَ الحَالَ الأَخِيرَةَ الْمُنْتَقِلَةَ عَمَّا قَبْلَهَا ب (مِنْ) فَقَالَ: (مِنْ بَعْدِ عِلْمٍ)، شیکردنەوەیەکی چەند جوانە !!

---

(١) ص ١٩٠.

www.alibapir.net

واتە: لە سوورەتی (الحج)دا خوا ﷻ وردەکارییەکانی دروستبوونی مرۆڤ باس دەکات، کە من ڕاستە مانای ئایەتەکە بە کورتیی و بە پوختیی دەکەم:

واتە: ئەی خەڵکینە! ئەگەر لە دوو دڵییدان لە زیندووبونەوەدا، ئەوە ئێوەمان لە گڵ دروست کردوە، (بە نسبەت ئادەمەوە کە ڕاستەوخۆ لە گڵ دروست بووە)، ﴿ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ﴾، {ئەمەش بەنسبەت وەچەکەیەوە}، دوایی لە تۆ و (ئاو)، دوایی لە خوێن پارە، پاشان لە پارچە گۆشتێك بە ئەندازەی زارجوویێك، ﴿مُّخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ﴾، کە شێوەی وەرگرتوە، یان شێوەی وەرنەگرتوە، تاکو بۆتان ڕوون بکەینەوە، {چۆن دروست دەبن !}، دوایی لە منداڵداندا ئەوەی بمانەوێ نیشتەجێی دەکەین و، جێگیری دەکەین، {هەشیانە دوایی لەبار دەچێ، دوای ئەوەی کە جێگیری دەکەین، ئەگەر خوا بیەوێ بیکاتە مرۆڤ} بە شێوەی منداڵ و کۆرپە دەتانهێنینە دەر، دوایی بۆ ئەوەی بگەنە قۆناغی تاقەت و تین و گەنجیەتیی و، هەشتانە دەمرێ و، هەشتانە دەگێڕدرێتەوە بۆ تەمەنێکی خراپ، {پیریی و کەنەفتیی}، تاکو لە دوای ئەوەی شتی زانیوە، هیچ نەزانێ.

(الإِسْكَافِي) دەڵێ: (لێرەدا خوا) باسی وردەکاریی حاڵەتەکان و سەرەتاییەکان دەکات و، دەفەرموێ: لە فلان شت دروست بوون و لە سەرەتاوە بەو حاڵە و پاشان بەو حاڵە، ئنجا وەك چۆن سەرەتای حاڵەکانی بە {لە} (من) دەست پێکردوە: ﴿مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِن مُّضْغَةٍ﴾، بە هەمان شێوە، کۆتا حاڵیشی کە لەوانی پێشێ ی دەگوازێتەوە ئەویشی هەر بە (من) باسکردوە.

کە مرۆڤ دەبێتە پیرێکی کەنەفت، کە هیچ شتێك لەوەی لە ڕابردوودا زانیویەتی، لە بیری نامێنێ و مێشکی بە زاراوەی کۆمپیوتەریی (فۆرمات) دەبێتەوە.

لە فەرمایشتی پێغەمبەریش دا ﷺ هاتوە، لە خوا پاڕاوەتەوە کە خوا نەیگێڕێتەوە بۆ تەمەنی خراپ، کە تەمەنی پیریی و کەنەفتییە، {**اَللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْكَسَلِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ الْجُبْنِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ الْهَرَمِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ الْبُخْلِ**} (**أَخْرَجَهُ الْبُخَارِي: ٦٦٦٧، وَمُسْلِم: ٢٧٠٦، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ** ﷺ).

واتە: ئەی خوایە! پەنا دێنمە بەر تۆ لە تەنبەڵیی و، پەنا دێنمە بەر تۆ لە ترسنۆکیی و، پەنا دێنمە بەر تۆ لە پیریی (پیرییەکی خراپ و بێدەسەڵات) و، پەنا دێنمە بەر تۆ لە ڕژدیی و چرووکیی.

www.alibapir.net

هەروەها لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: {أَللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْبُخْلِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ الْجُبْنِ، وَأَعُوذُ بِكَ أَنْ أُرَدَّ إِلَى أَرْذَلِ الْعُمُرِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الدُّنْيا، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ} (أَخْرَجَهُ أَحْمَد: ٢٨٢٢، عَنْ أَبِيهِ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ رضي الله عنه).

کە مەبەست لە (أَرْذَلِ الْعُمُرِ) حاڵەتی پیریی و کەنەفتییە، کە ئینسان ببێتە بار بەسەر خەڵکییەوە، لێی بێزار بن و، خۆشی لە خۆی بێزار بێ، هەرچەندە ژیان ئەوەندە خۆشەویستە، هی وا هەیە دەکەوێتە ئەو حاڵەتەش، دیسان هەر پێی خۆشە کە چوار ڕۆژ زیاتر بژی و، پەنا دەباتە بەر چەندان پزیشك و داودەرمان، لە حاڵێکدا کە تەواو بێتاقەتیش بووە! کە من پیری وام بینیوە: لە نەوەد (٩٠) ساڵ زیاتر بووە، کە چی زۆر گلەیی لە حاڵی خۆی کردوە، کاتێك پێم گوتوە هەر باشە تەمەنێکی باشت بەڕێ کردوە، گوتوویەتی: وەڵڵا تەمەنەکەم وانیە، بەڵام فلان نەخۆشییە وازم لێنایەنێ (ناڕەحەتی کردووم)، بەڵێ کە مرۆڤیش دەکەوێتە ئەو تەمەنەوە، تەمەنیش باجی خۆی هەیە و، مرۆڤ دەبێ باجی لەسەر بدات و، تاکو تەمەن زیاتر بێت، باجی زیاتری دەدەی.

www.alibapir.net

مەسەلەی شەشەم:

هەروەها خوای كارزان بژیوی زیاتری داوە بە هەندێك لە مرۆڤەكان، ئنجا ئەوانەی زیاتری پێداون، زێدەییەكە ناگێڕنەوە بۆ بەردەستەكانیان! تاكو تێیدا یەكسان بن، ئەدی چۆن ئەوەی بۆ خۆیانیان پێ شایستە نیە، بۆ خوایان پێ شایستەیە؟:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَٱللَّهُ فَضَّلَ بَعۡضَكُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ فِي ٱلرِّزۡقِۚ فَمَا ٱلَّذِينَ فُضِّلُواْ بِرَآدِّي رِزۡقِهِمۡ عَلَىٰ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُمۡ فَهُمۡ فِيهِ سَوَآءٌۚ أَفَبِنِعۡمَةِ ٱللَّهِ يَجۡحَدُونَ ٧١ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١- ﴿ وَٱللَّهُ فَضَّلَ بَعۡضَكُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ فِي ٱلرِّزۡقِ ﴾، خوا هەندێكتانی لە بژیودا بەسەر هەندێكتاندا بەرز كردۆتەوە، واتە: بژیوی زیاتری داوە بە هەندێكتان لە چاو هەندێكتان، هەندێكتانی دەوڵەمەنتر كردووەو، توانای زیاتری كارو كەسابەت و ماڵ پێكەوەنانی پێداون.

٢- ﴿ فَمَا ٱلَّذِينَ فُضِّلُواْ بِرَآدِّي رِزۡقِهِمۡ عَلَىٰ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُمۡ ﴾ ئنجا ئەوانەی زێدەییان پێدراوە، گێڕەرەوەی ئەو بژیوە نین كە پێیان دراوە، بۆ ئەوانەی كە لەبەر دەستیانن.

ئنجا ئەوە مەبەست پێی كۆیلەكانە، یان بەردەست و خزمەتكارەكانیان، كە لەبەردەستی ئەواندا ئیش دەكەن، هەمووی دەگرێتەوە، واتە: كەسە دەوڵەمەندەكان ئیمكانیەتە زیادەكان، ناگێڕنەوە بۆ ئەو ژێر دەستانەیان كە لەوانیان زیاتر پێدراوە.

٣- ﴿ فَهُمۡ فِيهِ سَوَآءٌ ﴾، تاكو سەرەنجام هەموویان تێیدا یەكسان بن.

٤- ﴿ أَفَبِنِعۡمَةِ ٱللَّهِ يَجۡحَدُونَ ﴾، ئایا نكوولیی دەكەن لە چاكەی خوا ؟

١) (القُرطُبي) دەڵێ: **(وهَذَا مَثَلٌ ضَرَبَ اللَّهُ لِعبَدَةِ الأَصْنامِ: أَي إِذَا لَمْ يَكُنْ عَبيدُكُمْ مَعَكُمْ سَوَاءً، فَكَيْفَ تَجْعَلُونَ عبَيدِي مَعِيَ سَوَاءً؟)**[1].

واتە: ئەمە وێنەیەكە خوا هێناویەتەوە بۆ بتپەرستەكان، واتە: ئەگەر ئێوە كۆیلە و بەردەستەكان لەگەڵتاندا یەكسان نەبن، چۆن بەندەكانم لەگەڵم دا یەكسان دەكەن و دەیانهێنە ڕیزی من ؟!

---

(١) الجامع لأحكام القرآن، ج ١٠، ص١١٦.

www.alibapir.net

٢) (**مُحَمَّد الطَّاهِر بن عَاشُور**)[١]، لە تەفسیرەکەی خۆیدا دەڵێ: (**الغَرَضُ مِنَ التَّمْثِيلِ: تَشْنِيعُ مَقَالَتِهِم، وَاستِحَالَةُ صِدْقِهَا بِحَسَبِ العُرْفِ، ثُمَّ زِيادَةُ التشْنِيعِ بأَنَّهُمْ رَضَوُا لِلَّهِ، مَا لاَ يَرْضَونَ لأَنْفُسِهِم**).

واتە: مەبەست لەم وێنەیە ناقۆڵا پیشاندانی قسەکەیانە و، دەرخستنی ئەوەیە، کە مەحاڵە ئەو قسەیە ڕاست بێ، بەپێی عورف و باوی خۆیان، دواییش زیاتر ناشیرین خستنە بەرچاوی ئەوەیە، کە ئەوەی بۆ خوایان پێ پەسندە، بۆ خۆیان نایانەوێ، {بۆ خوایان پێ پەسندە کە هەندێك لە دروستکراوەکان بچنە ڕیزی خوا، بەڵام بۆ خۆیانیان پێ پەسند نیە، کە ئەوانەی لەبەردەستیانن وەك خۆیانیان تەماشا بکەن}.

ئەم ئایەتە، وەك ئایەتی ژمارە (٢٨)ە، لە سوورەتی (**الروم**)، کە لەوێ خوا ﷻ بە تەعبیرێکی دیکە هێناویەتی، دەفەرموێ:

﴿ ضَرَبَ لَكُم مَّثَلًا مِّنْ أَنفُسِكُمْۖ هَل لَّكُم مِّن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُم مِّن شُرَكَآءَ فِي مَا رَزَقْنَٰكُمْ فَأَنتُمْ فِيهِ سَوَآءٌ تَخَافُونَهُمْ كَخِيفَتِكُمْ أَنفُسَكُمْۚ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْأٓيَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿٢٨﴾ ﴾.

واتە: خوا وێنەیەکی لە خۆتان بۆ هێناونەوە، {واتە: بۆ ئیسپاتی ئەوە کە ناگونجێ هاوبەش بۆ خوا دابنرێ و، دروستکراوەکانی خوا وەك خوا تەماشا بکرێن و، مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ}، ئایا لەوانەی کە لەبەر دەستتانن (واتە: کۆیلەکانتان، یان بەردەستەکانتان)، هیچ هاوبەشتان هەن لەوەی کە پێمانداون، ئێوە تێیدا یەکسان بن و، وەك چۆن مەترسییتان لە خۆتان هەیە مەترسییتان لەوانیش هەبێ؟ (واتە: وەك خۆتان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن)، ئاوا بەم شێوەیە ئایەتەکانمان بۆ کەسانێك کە بفامن، شی دەکەینەوە.

کە دەفەرموێ: ﴿ أَفَبِنِعْمَةِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ ﴾، خوێنراویشەتەوە: (**تَجْحَدون**) واتە: بە حاڵەتی (**خِطَاب**) و دواندنی ڕاستەوخۆ، نەك دواندنی نادیار، بۆیە وشەی: (**يَجْحَدُونَ: جَحَدَ نِعْمَةَ اللَّه**)، واتە: نکووڵیی لە نیعمەتی خوا کرد، پێویستی بە پیتێکی دیکە ناکات، کە پیتی (**ب**)یە بۆ ئەوەی بەرکار (**مفعول**) پێ بخوازێ! {**عُدِّيَ (يَجْحَدون) بالباءِ لِتَضَمُّنِهِ مَعنى يَكْفُرون، وتكُونُ الباءُ لِتوكِيد تَعَلُّقِ الفِعْلِ بالمَفْعُولِ مِثْل:** ﴿ وَٱمْسَحُواْ بِرُءُوسِكُمْ ﴾}[٢].

---

(١) التحرير والتنوير، ج ١٤، ص٢١٥.

(٢) التحرير والتنوير: لمحمد الطاهر بن عاشور، ج ١٤، ص (٢١٦-٢١٧).

www.alibapir.net

واتە: وشەی (**يَجْحَدُون**) بە (**ب**) بەرکاری پێخوازراوە، تاکو مانای (**يكفرون**) بگرێتە نێو خۆی، واتە: سپڵەیی و ناسوپاسگوزاریی دەکەن، هەروەها وێڕای ئەوە: (**ب**)یەکەش بۆ جەختکردنەوەی پەیوەستبوونی کردارەکەشە، بە بەرکارەکەوە، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ﴾، دەیتوانی بفەرموێ: (**وَامْسَحُوا رُءُوسَكُم**)، واتە: دەستی تەڕ بەسەری خۆتاندا بێنن، بەڵام بۆ تەئکیدکردنەوەو جەختکردنەوەی مانای: {دەستی تەڕ بە سەری خۆتاندا بێنن}، (**ب**) زیادکردوە.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿أَفَبِنِعۡمَةِ ٱللَّهِ يَجۡحَدُونَ﴾، ئەو (**ف**)ە کە چۆتە سەری:

أ) دەگونجێ پەیوەست بێ بە ڕستەی: ﴿وَٱللَّهُ فَضَّلَ بَعۡضَكُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ فِي ٱلرِّزۡقِ﴾، واتە: کە خوا زێدەیی ڕزق و بژیوی هەندێکتانی داوە بەسەر هەندێکتاندا، کەچی لە بەرانبەر ئەوەشدا نکوولیی دەکەن لە چاکەی خوا.

ب) دەشگونجێ پەیوەست بێتەوە بە ڕستەی: ﴿فَمَا ٱلَّذِينَ فُضِّلُواْ بِرَآدِّي رِزۡقِهِمۡ﴾، واتە: ئەوانەی کە زیادەیان پێدراوە، گێڕەرەوەی بژیوەکەیان نین بۆ لای ئەوانەی بەردەستیان، کەواتە: ئەگەر خۆتان ئەوە ناکەن، ئەدی چۆن دروستکراوەکانی خوا دێننە ئاستی خوا، کە خۆتان ڕازی نین بەشێك لە بژیوەکەتان بگێڕنەوە بۆ ئەوانی دیکە، ئەدی چۆن نیعمەتەکانی خوا دەگێڕنەوە بۆ دروستکراوەکانی خوا ؟!.

مەسەلەی حەوتەم:

هەروەها خوای بەخشەر، لە خۆتان هاوسەران و لە هاوسەرەکانتان کوڕان و نەوەکانی پێداون و، لە بژیوە خۆش و سوودبەخشەکانی پێداون، ئەدی چۆن بڕوا بە باطیڵ دێنن و سپڵەیی بەرانبەر بە چاکەکانی خوا دەکەن؟ :

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا وَجَعَلَ لَكُم مِّنْ أَزْوَٰجِكُم بَنِينَ وَحَفَدَةً وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ ۚ أَفَبِٱلْبَٰطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَتِ ٱللَّهِ هُمْ يَكْفُرُونَ ﴿٧٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١- ﴿ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا ﴾، هەروەها خوا لە خۆتان هاوسەرانی بۆ ڕەخساندوون، ئەم مەسەلەیە وەك خوا **عزّ و جلّ** لە سووڕەتی **(الروم)**دا، وردتر باسی دەكات، كە دەفەرموێ: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾.

واتە: هەروەها لە نیشانەكانی خوا ئەوەیە كە لە خۆتان هاوسەرانی بۆ گێڕاون و ڕەخساندوون، تاكو بەهۆی ئەو هاوسەرانەوە ئۆخژنتان بۆ بێ و، هۆگری یەكدی بن و، خۆشەویستیی و بەزەیی لە نێوانتاندا داناوە، بێگومان لەوەدا نیشانە هەن بۆ كەسانێك بیر بكەنەوە.

بەڵام لێرەدا خوا هەر بە كورتیی دەفەرموێ: خوا لە خۆتان هاوسەری بۆ گێڕاون، ئنجا لێرەدا ئەگەر دوێنراوەكە پیاوان بوون، واتە: ئەی پیاوەكان! خوا لە خۆتان ئافرەتانی بۆ ڕەخساندوون كە ببنە هاوسەرتان، بەڵام ئەگەر دوێنراوەكان ئافرەتان بن، واتە: ئەی ئافرەتەكان! خوا پیاوانی بۆ ڕەخساندوون كە ببنە هاوسەرتان.

لێرەدا هەندێ لە زانایان بە تایبەتی **(القرطبي)** كە زۆر وردبۆتەوە لە ئایەتەكان، كە ئایا چ حوكم و یاسایەكی شەرعییان لێ وەردەگیرێ ؟

منیش جارجار هەندێ شت كە بە پێویستی بزانم، لێی وەردەگرم، لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا كە دەفەرموێ: خوا لە خۆتان هاوسەری بۆ پەیدا كردوون، باسی ئەوەی

www.alibapir.net

کردوە کە ئایا: لە ماڵەوە، ژن و مێرد چۆن مامەڵە بکەن و، چۆن خزمەتی یەکدی بکەن؟ لەوبارەوە دەڵێ:

(**وَلِهَذَا قَالَ عُلَمَاؤُنَا: عَلَيْهَا أَنْ تَفْرِشَ الفِرَاشَ، وَتَطْبَخَ القِدْرَ، وَتَقُمَّ الدَّارَ، بِحَسَبِ حَالِهَا، وَعَادَةِ مِثْلِهَا**).

واتە: زانایانمان لە ڕوانگەی ئەم ئایەتە موبارەکەوە گوتوویانە:

ئافرەت (ژن) پێویستە لە ماڵەوە جێگاو ڕێگا ڕابخات، هەروەها نان و چێشت ساز بکات و، ماڵ خاوێن بکاتەوە و گەسکی لێبدات، بە پێی حاڵ و عادەت و داب و نەریتی وێنەی ئەو.

هەروەها دوایی دەڵێ: (**وَيَخدم الرَّجُلُ زَوْجَتَهُ فِيمَا خَفَّ مِنَ الخِدْمَةِ وَيُعِينُهَا**)، واتە: هەروەها پیاویش خزمەتی ژنەکەی خۆی دەکات، ئەو خزمەتەی کە بۆی گونجاو بێ و، لە توانایدا بێ و، هاوکاری دەبێ.

ئنجا لەوبارەوە ئەم سێ فەرموودەیە دێنین:

یەکەم: {**عَنْ عَائِشة، قَالَتْ: فَتَلْتُ قَلَائِدَ بُدْنِ النَّبِيِّ ﷺ، بِيَدَيَّ**} (**أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ**: ٣٦٩٦، **وَمُسْلِمٌ**: ١٣٢١).

واتە: دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، گوتوویەتی: ڕێشمە و گەردنبەندەکانی حوشترەکانی پێغەمبەر ﷺ کە لە ملیان دەکرێن، بە دەستی خۆم چنیومن و ڕستوومن.

چونکە (**فَتْل**) هەم بە مانای ڕستنی مو و خوریی دێ و، هەم بە مانای چنینیش دێ.

دووەم: {**عَنِ الأَسْوَدِ بْنِ يَزِيدَ، سأَلْتُ عَائِشة: مَا كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يَصْنَعُ فِي الْبَيْتِ؟ قَالَتْ: كَانَ يَكُونُ فِي مِهْنَة أَهْلِهِ، فَإِذَا سَمِعَ الْأَذَانَ خَرَجَ**} (**أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ**: ٦٧٦).

واتە: ئەسوەدی کوڕی یەزید، دەڵێ: پرسیارم لە عائیشە خوا لێی ڕازی بێ کرد: ئایا پێغەمبەر ﷺ لە نێو ماڵ و منداڵ دا چی دەکرد؟ گوتی: خزمەتی ماڵ و خێزانی خۆی دەکرد {ئەگەر کارێك هەبووایە ئەنجامی دەدا و بۆی دەکردن} و، کاتێ گوێی لە بانگ دەبوو، دەچووە دەرەوە{ و نوێژەکەی دەکرد}.

سێیەم: {**عَنْ هِشَامِ بْنِ عُرْوَةَ عَنْ أَبِيهِ قَالَ: سأَلَ رَجُلٌ عَائِشة، هَلْ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَعْمَلُ فِي بَيْتِهِ شَيْئاً؟ قَالَتْ: نَعَمْ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَخْصِفُ نَعْلَهُ، وَيَخِيطُ ثَوْبَهُ، وَيَعْمَلُ فِي بَيْتِهِ، كَمَا يَعْمَلُ أَحَدُكُمْ فِي بَيْتِهِ**}

www.alibapir.net

(أَخْرَجَهُ أَحْمَد: ٢٥٣٨٠، تعليق شعيب الأرنؤوط: حَدِيثٌ صَحِيحٌ، وَلَهُ إِسْنَادَانِ: الأَوَّل إِسْناد صَحِيح رجاله ثقات رجال الشيخين).

واتـە: هیشـامی کـوڕی عـوڕوە دەڵـێ: پیاوێـك پرسـیاری لـە عائیشـە خـوا لێـی ڕازی بـێ کـرد: ئایـا پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە نێومالّـی خـۆی دا هیـچ ئیشـێکی دەکـرد؟ گـوتی: بەڵـێ، پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە مالّـەوەدا: پێـڵاوی خـۆی دەدووریـەوە و پینـەی دەکـردو، بەرگـی خۆیشـی دەدووریـەوەو، ئیشـوکاری مالّـی ئەنجـام دەدا، وەك چـۆن یەکێـك لـە ئێوە ئیشـوکاری مالّـەوەی خـۆی ئەنجـام دەدات.

٢- ﴿ وَجَعَلَ لَكُم مِّنْ أَزْوَٰجِكُم بَنِينَ ﴾، واتە: هەروەها لە هاوسەرەکانیشتان کوڕان و نەوەکانی بۆ پەیدا کردوون.

٣- ﴿ وَحَفَدَةً ﴾، وشەی (**حَفَدَة: جمع حَافِد، وَالحَافِد أَصْلُهُ: الْمُسْرِعُ فِي الخِدْمَةِ، وَأُطْلِقَ عَلَى ابْنِ الإِبن لِهَذَا...**)، وشەی (**حَافِد**) کە کۆیەکەی (**حَفَدَة**)یە، کەسێکە خێرایی دەکات لە خزمەتداو، بۆیە بە (نەوە) {کچ یان بە کوڕی کوڕ} گوتراوە (**حَافِد**)، لەبەرئەوەی لەش سووکەو تازە دەگاتێ، خزمەتی نەنك و باپیر و دەوروبەری دەکات، واتە: خوا هەم کوڕانی پێداون، هەم نەوەکانیشی پێداون.

٤- ﴿ وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ ﴾، هەروەها لە بژیوە خوش و بە تام و بەسوودەکانیش ڕزقی ئێوەی داوە، (**الطَّيِّبات: صِفَة لِمَوصُوفٍ مَحْذُوفٍ: أَي رَزَقَكُمْ مِنَ الأَرْزَاقِ الطَّيِّبات**)، واتە: لە بژیوە خۆش و بەتام و چاکەکان، بەشی ئێوەی داوە.

٥- ﴿ أَفَبِٱلْبَٰطِلِ يُؤْمِنُونَ ﴾، ئایا بڕوا بە باطیڵ دەکەن؟ واتە: بێ ئەمەگ و ناسپاس دەبن بەرانبەر بە چاکەی خوا؟ (**الباطِلُ: ضِدُّ الحَقِّ، لأَنَّ مَا لا يَحِقُّ لاَ يُعَدُّ بحَقٍّ**)، (**باطِل**)، واتە: شتی پووچ و بێ بنەما، پێچەوانەی هەقە، هەق یانی: چەسپاو، ئەوەش کە نە چەسپێ، بە هەق لە قەڵەم نادرێ.

٦- ﴿ وَبِنِعْمَتِ ٱللَّهِ هُمْ يَكْفُرُونَ ﴾، بەرانبەر بە چاکەی خواش، ئەوان سپڵەو ناسپاس دەبن؟ لێرەدا مەبەست لە: (**كُفْر**) (**كُفْرَان**)ە، سپڵەیی و ناسپاسیی، نەك بێبڕوایی (**كفر**)، ئنجا ئەمە وەك ئایەتی ژمارە: (٦٧)ی سوورەتی (**العنكبوت**)ە، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمْ يَرَوْاْ أَنَّا جَعَلْنَا حَرَمًا ءَامِنًا وَيُتَخَطَّفُ ٱلنَّاسُ مِنْ حَوْلِهِمْ ۚ أَفَبِٱلْبَٰطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَةِ ٱللَّهِ يَكْفُرُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾ واتە: ئایا سەرنجیان نەداوە! ئێمە حەرەمێکی هێمن و پڕ ئاساییشمان بۆ ڕەخساندوون (کە مەبەست پێی مەککەیە) و، خەڵك لە دەوریان دەڕفێنرێن، ئنجا ئایا بڕوا بە باطیڵ دەکەن و، بەرانبەر بە چاکەی خوا نا سوپاسن ؟!

www.alibapir.net

(الخَطِيبُ الإِسْكافِي)، دەڵێ: ئایا بۆچی لە سوورەتی (النحل)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَبِنِعۡمَتِ ٱللَّهِ هُمۡ يَكۡفُرُونَ ٧٢ ﴾، بەڵام لە سوورەتی (العنكبوت)دا، تەنیا دەفەرموێ: ﴿ وَبِنِعۡمَةِ ٱللَّهِ يَكۡفُرُونَ ٦٧ ﴾، ئەو (هُمۡ)ە، کە پێی دەگوترێ: ڕاناوی جیاکردنەوە (ضمير الفصل)، بۆچی لە سوورەتی (النحل)دا زیاد کراوە؟

وەڵامەکەی جوان دێنێ و دەڵێ:

(إنَّ الكَلامَ فِي سُورَةِ النحْلِ قَدْ نُقِلَ عَنِ الخِطَابِ الَّذِي يصلُحُ لِغَيْرِ الكُفَّارِ إِلى الإِخْبارِ عَنْهُمْ، وَهُوَ قَوْلُهُ: ﴿ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ ﴾، ثُمَّ انْتَقَلَ الكَلام عَنِ الخِطَاب العَام إلى الإِخْبار الخَاص، فَقَالَ: ﴿ أَفَبِٱلۡبَٰطِلِ يُؤۡمِنُونَ ﴾:٧٢، فَأَكَّد الكَلام بقَوْله: (هُم) لِئَلاَّ يُتَوَهَّمَ أَنَّ هَذَا الإِخْبارَ خِطَابٌ، وَهُوَ بالتاء دُونَ الياء، إِذْ لاَ فَرْقَ فِي الخَطِّ بَيْنَهُمَا، وَلَمْ يَكُن كَذَلِكَ الأَمْرُ فِي سُورَةِ العَنْكَبُوت، لأنَّ الإِخْبارَ المُستمِرّ فِي الآيَة الَّتِي قَبْلَ هَذِهِ، أَغْنَى عَمَّا يَحْصِرُهُ للخَبَرَ دُون غَيْرِه، وَهُوَ قَوْلُهُ: ﴿ فَإِذَا رَكِبُواْ فِي ٱلۡفُلۡكِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمۡ إِلَى ٱلۡبَرِّ إِذَا هُمۡ يُشۡرِكُونَ ٦٥ لِيَكۡفُرُواْ بِمَآ ءَاتَيۡنَٰهُمۡ وَلِيَتَمَتَّعُواْۖ فَسَوۡفَ يَعۡلَمُونَ ٦٦ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّا جَعَلۡنَا حَرَمًا ءَامِنًا وَيُتَخَطَّفُ ٱلنَّاسُ مِنۡ حَوۡلِهِمۡۚ أَفَبِٱلۡبَٰطِلِ يُؤۡمِنُونَ وَبِنِعۡمَةِ ٱللَّهِ يَكۡفُرُونَ ٦٧ ﴾العنكبوت)[١].

واتە: لە سوورەتی (النحل)دا، خوا ﷻ قسەکەی گواستۆتەوە لە دواندنێك، کە بۆ غەیری کافرەکانیش دەگونجێ، گواستوویەتەوە بۆ هەواڵ لەبارەوە دانیان، کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ ﴾، ئەمە شێوەی دواندنە، دوایی لە دواندنی گشتییەوە گواستوویەتەوە بۆ هەواڵ پێدان، کە دەفەرموێ: ﴿ أَفَبِٱلۡبَٰطِلِ يُؤۡمِنُونَ ﴾، بۆیە پێویستی بە ڕاناوی (هُم) کردوە، بۆ ئەوەی وا نەزانرێ کە ئەم هەواڵ پێدانەش، بریتیە لە دواندن و، لە جیاتی ئەوەی ﴿ أَفَبِٱلۡبَٰطِلِ يُؤۡمِنُونَ ﴾، وابزانێ کە (تُؤمِنون)یە، چونکە لە خەتی (مصحف) دا، کە نووسراوە، وەك یەك دەنووسرێ و، دوایی سەرو بۆری بۆ کراوە: (يُؤْمِنُونَ و تُؤْمِنُونَ)، لێك جیاکراونەوە، بەڵام لە سوورەتی (العنكبوت)دا، چونکە هەواڵ پێدانەکە بەردەوامە لە پێش ئەم ئایەتەدا، کە بریتیە لە هەواڵدان لەبارەوەدان، دەربارەی کافرەکان، بۆیە پێویستی نەکردوە کە ڕاناوی (هُم) بەکاربهێنرێ، تاکو بزانرێ ئەوە هەواڵ پێدانە،

---

(١) درة التنزيل وغرة التأويل، ص ١٩١.

www.alibapir.net

نـەك دوانـدنی ڕاسـتەوخۆ، چونکـە ئایەتەکـەی سـووڕەتی (**العنکبـوت**) دەفەرمـوێ: کاتـێ کـە سـواری کەشـتیی دەبـن، بـە دڵسـۆزیی لـە خـوا دەپاڕێنـەوەو ملکەچیـی خۆیـان بـۆ خـوا سـاغ دەکەنـەوە، بـەڵام کاتێـك کـە دەربازیـان دەکات بـۆ وشـکانیی، هاوبـەش بـۆ خـوا دادەنێـن، بـا سـپڵەیی بکـەن بەرانبـەر بـەوەی کـە پێـمان داون و، بـا ڕابوێـرن، لەمـەودوا دەزانـن! ئایـا سـەرنجیان نـەداوە کـە ئێمـە حەرەمێـکی هێمـن و ئارامـمان بـۆ ڕەخسـاندووون و، خەڵـك لـە دەوری وان دەڕفێنرێ، ئایـا بـڕوا بـە **باطیـلَ** دەکـەن و، بەرانبـەر بـە چاکـەی خـوا سـپڵەن ؟!

واتـە: لێـرەدا ڕوونـە کـە هەمـووی: هەواڵدانـە دەربـارەی کافـرەکان، بـەڵام لـە سـووڕەتی (**النحـل**)دا بـۆ ئـەوەی دیـار بـێ: کـە ئـەوەش هـەر هـەواڵ پێدانـە، نـەك دوانـدن، بۆیـە بـەو ڕانـاوەی (**هُـم**)، ئـەو ئەگـەرەی کـە دواندنـە، لابـراوە.

www.alibapir.net

مەسەلەی هەشتەم:

ئەوانەی جگە لە خوا دەپەرستن، هیچ شتێکیان لە ڕۆزیی لە ئاسمانەکان و زەوی بە دەست نیە و، تواناشیان نیە، وەدەستی بێنن:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَمْلِكُ لَهُمْ رِزْقًا مِّنَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ شَيْـًٔا وَلَا يَسْتَطِيعُونَ ﴿٧٣﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١- ﴿وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾، هەروەها (کافرەکان) جگە لە خوا، لە جیاتی خوا، شتانێك دەپەرستن.

٢- ﴿مَا لَا يَمْلِكُ لَهُمْ رِزْقًا مِّنَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ شَيْـًٔا﴾، کە هیچ جۆرە بژیویێکیان بە دەست نیە، نە لە ئاسمانەکان و، نە لە زەوی دا.

ئەم وشەی (شَيْـًٔا)ە، بۆ جەختکردنەوەیە، کە هیچ جۆرە ئەندازەیەك، یان بەشێك لە بژیویان بەدەست نیە.

ئاشکرایە کە دەفەرموێ: بژیویان بە دەست نیە، یانی: ناتوانن بیدەن و، وشەی (**مِن**) لە: ﴿مِّنَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾، بۆ دەست پێکردنە (**مِن إبتدائية**) بۆ ڕۆزییەکە، کە لە ئاسمان و زەوییەوە دێ.

وشەی (شَيْـًٔا) بۆ زێدەڕۆییە لەوەدا کە لابراوە، واتە: تەنانەت شتێکی کەمیشیان لە بژیو بەدەست نیە.

٣- ﴿وَلَا يَسْتَطِيعُونَ﴾، واتە: سەرەڕای ئەوەش کە بەدەستیان نیە، ناتوانن وەدەستیشی بێنن، واتە: نە لە ڕابردوودا توانیوویانەو، نە ئێستاش لە ژێر دەستیان دایە و، نە لە داهاتووشدا دەتوانن وەدەستی بێنن، کەواتە: ئێوە چۆن شتانێك دەپەرستن، کە نە ئێستادا هیچیان بە دەستە و، نە لە داهاتووشدا، ئەگەری هەیە، هیچیان بکەوێتە دەست، بژیوتان بدەن؟ پەرستراو دەبێ ئەوانەی کە دەیپەرستن، بیانژیەنێ و، سەرپەرشتییان بکات و، بەهرەمەندیان بکات.

www.alibapir.net

مەسەلەی نۆیەم:

خـوا دەفەرمـوێ: وێنـان بـۆ خـوا مەهێننـەوە، چونکـە بێگومـان خـوا دەزانـێ و ئێـوە نازانـن:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿فَلَا تَضۡرِبُواْ لِلَّهِ ٱلۡأَمۡثَالَۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٧٤﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١- ﴿فَلَا تَضۡرِبُواْ لِلَّهِ ٱلۡأَمۡثَالَۚ﴾، وێنان بۆ خوا مەهێننەوە، (**الأَمْثَالُ: جَمْعُ مَثَل، أَي: المُمَاثِلُ، وَهُوَ الشَّبَه وَالمُشَابِه**)، (**أَمثال**) لێرەدا کۆی (**مَثَل**)ە، کە بە مانای: وێنە (**مُمَاثِل**) و (**شَبَه، مُشَابِه**) دێ، کە ئەوانیش هەمان واتایان هەیە، واتە: شتێك بە شتێك دەچێ و، لە ئاستی دایە.

ئنجا ئەمە دوو واتای هەن:

أ) خوا دەفەرموێ: وێنان بۆ خوا مەهێننەوە، واتە: ئەو شتانەی دیکە وەك خوا مامەڵەیان لەگەڵدا مەکەن و، تەماشایان مەکەن.

ب) دەشگونجێ کە دەفەرموێ: ﴿فَلَا تَضۡرِبُواْ لِلَّهِ ٱلۡأَمۡثَالَۚ﴾، مەبەست ئەوە بێ، کە: ئەو پەرستراوانەتان بە خوا مەچوێنن، (**ضَرْبُ المَثَلْ: إستعْمَالُهُ فِي تَشْبِيه حَالَةٍ بِحَالَةٍ: وهَيْئَةٍ بِهَيْئَةٍ، وَمَنْ يُشْرِكُ باللَّهِ شَيْئاً، يُثْبِتُ لَهُ مِنَ الأَوْصَافِ مَا لِلّه تَعَالَى: وَيُشَبِّهُهُ باللَّهِ تَعَالَى**).

واتـە: وشـەی: (**ضَرْبُ المَثَـل**) وێنـە هێنانـەوە و پەنـد هێنانـەوە، بەکارهێنـانی لـەوەدا بـاوە، کـە حاڵەتێـك وەك حاڵەتێـکی دیکـە، یـان شـێوەیەك وەك شـێوەیەکی دیکـە، تەماشـا بکـرێ، کەسـێکیش کـە شـتێك دەکاتـە هاوبەشـی خـوا، هەندێـك سـیفەتانی بـۆ دەچەسـپێنێ، کـە هـی خـوان و، ئـەو شـتە کـە دەیکاتـە هاوبـەشی خـوا، دەیشـوبهێنێتە خـوا و، بـە خـوای پـەروەردگاری دەچوێنـێ.

ئنجـا کـە دەفەرمـوێ: ﴿فَلَا تَضۡرِبُواْ لِلَّهِ ٱلۡأَمۡثَالَۚ﴾، (**القُرطُبـي**) دەڵـێ: (**أَي: لاَ تَشَـبِّهوا بـِهِ هَـذِهِ الجَـمَادَات لأَنَّـهُ وَاحِـدٌ، قَـادِرٌ، لاَ مِثـلَ لَـهُ**)[1]، واتـە: ئـەو بـێ ژیـان و پەرسـتراوانە، بـە خـوا مەچوێنـن، چونکـە خـوا تاکـەو توانایـە و وێنـەی نیـە.

---

(١) الجامع لأحكام القرآن، ج ١٠، ص ١١٩.

www.alibapir.net

٢- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ﴾، واتە: بە دڵنیایی خوا بە ڕەهایی هەموو شتێك دەزانێ، بەڵام ئێوە بە ڕەهایی هیچ شتێك نازانن، خوا هەموو شتێك دەزانێ، بەڵام ئێوە هیچ نازانن، لە چاو خوا سبحانه وتعالى، کەواتە: سواری سەری خۆتان مەبن و، بە نەزانیی قسە مەکەن و، بە نەزانیی شت مەڵێن، بەڵکو خوا کە بەدیهێنەر و پەروەردگاری هەموو شتێکە و، هەموو شتێك دەزانێ، گوێی لێبگرن و، لێی وەربگرن تاکو ئەو پێتان بڵێ: دەبێ چی بپەرستن و چی بکەن و چۆن بکەن ؟!

مەسەلەی دەیەم:

خوا وێنەی بە بابایەکی کۆیلەی خاوەندار، کە هیچی لە دەست نایەت و، بابایەکی ئازادی ساماندار، کە بە پەنهان و ئاشکرا، ماڵەکەی دەبەخشێ، هێناوەتەوە کە بێگومان یەکسان نین:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا عَبْدًا مَّمْلُوكًا لَّا يَقْدِرُ عَلَىٰ شَيْءٍ وَمَن رَّزَقْنَٰهُ مِنَّا رِزْقًا حَسَنًا فَهُوَ يُنفِقُ مِنْهُ سِرًّا وَجَهْرًا هَلْ يَسْتَوُۥنَ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٧٥﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە حەوت بڕگەدا:

١- ﴿ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا﴾، خوا وێنەیەکی هێناوەتەوە.

بێگومان وێنەکەی بۆ ئەوە هێناوەتەوە کە: هاوبەش دانان بۆ خوا، زۆر ناقۆڵا و دزێو و ناشیرین بخاتە بەرچاو و، نەفامیی و کەودەنیی، هاوبەش دانەرانیش زۆر جوان وێنا بکات، ئنجا ئایا ئەو وێنەیەی هێناویەتەوە چییە ؟

٢- ﴿عَبْدًا مَّمْلُوكًا لَّا يَقْدِرُ عَلَىٰ شَيْءٍ﴾، ئەمە جیدار (**بدل**)ە بۆ (مَثَل)، یاخود ﴿ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا﴾، (ضَرَبَ) مانای (**جَعَلِ**)ەی خراوەتە نێو، کە ئەو کاتەش: (عَبْدًا) (**مفعول**)ی یەکەمەو، دواخراوە و (مَثَلًا) (**مفعول**)ی دووەمە و پێشخراوە، بە هەر حاڵ خوا وێنەیەکی هێناوەتەوە بە کۆیلەیەك (عَبْدًا مَّمْلُوكًا) کۆیلەیەکی خاوەندار(لَّا يَقْدِرُ عَلَىٰ شَيْءٍ) هیچ توانایەکی نیە، (**شَبَّهَ حَالَ أَصْنامِهِم فِي العَجْزِ عَنْ رِزْقِهِم ، بِحَالِ مَمْلُوكٍ**)، خوا وێنەی بتەکان و پەرستراوەکانی ئەوان لە دەستە پاچەیی دا، کە ناتوانن بژێویان بدەن، چواندوویەتی و تەشبیهی کردوە بە حاڵی کۆیلەیەکی خاوەندار.

ئنجا کۆیلە هەر خاوەندارە، بەڵام خوای کاربەجێ بۆ زیاتر جەختکردنەوە دەفەرموێ: (عَبْدًا مَّمْلُوكًا) کۆیلەیەکی خاوەندار، چونکە جاری واش هەیە کۆیلەیەك ڕای کردوە لە خاوەنەکەی و، لەبەردەستی نیە.

www.alibapir.net

یـان ئەمـە وەك ئەوەیـە کـە لـە شـوێنێکی دیکـەدا دەفەرمـوێ: ﴿... تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ...﴾ ﴿١٩٦﴾ البقـرة، هەروەهـا دەفەرمـوێ: ﴿... لَا تَتَّخِذُوٓاْ إِلَـٰهَيْنِ ٱثْنَيْنِ... ﴿٥١﴾﴾ النحـل، (إِلَـٰهَيْنِ) هـەر دووانـە، بـەڵام (ٱثْنَيْنِ) بـۆ جەختکردنەوەیـە حاڵـەتی دووانەیەتیـی.

ئنجـا خـوا وێنـەی هێناوەتـەوە بـە کۆیلەیـەکی خاوەنـدار، کـە هیـچ توانایـەکی بەسـەر هیـچ شـتێك نیـە.

٣- ﴿وَمَن رَّزَقْنَـٰهُ مِنَّا رِزْقًا حَسَنًا﴾، هەروەها وێنەی هێناوەتەوە: بە کەسێکیش کە لەلای خۆمانەوە بژیوێکی باشمان پێداوە.

٤- ﴿فَهُوَ يُنفِقُ مِنْهُ سِرًّا وَجَهْرًا﴾، ئنجا ئەو کەسە ساماندارە: بە پەنهانیی و بە ئاشکرا، لێی دەبەخشێ، واتە: لە هەموو حاڵاندا تەصەڕڕوف لەو ماڵەی خۆی دا دەکات.

٥- ﴿هَلْ يَسْتَوُۥنَ﴾، ئایا یەکسانن ؟! کەسێك کۆیلەیەکی خاوەندارەو، هیچ توانایەکی نیەو، کەسێك کە بژیوێکی باشمان پێداوە و، بە هەموو حاڵن، بە پەنهان و بە ئاشکرا، لێی دەبەخشێ، وەك یەکن ؟!

٦- ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ﴾، ستایش بۆ خوا، واتە: خوا خاوەنی هەموو چاکیی و پاکیی و بەزرییەکە.

٧- ﴿بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾، بەڵکو زۆربەیان نازانن:

أ- بۆیە دەفەرموێ: زۆربەیان (أَكْثَرُهُمْ) چونکە هەیانبووە هەقی زانیوە، بەڵام دانی پێدا نەهێناوەو، نکووڵیی لێکردوە، مەبەست پێی ئەوەیە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿بَلْ أَكْثَرُهُمْ﴾، جێی ڕامانە کە: خوا ﷻ لە قورئانی خۆیدا کەم وایە حاڵەتی گشتاندنی بەکارهێنا بێ، مەگەر چۆن، دەنا هەڵاواردنی تێدا کردوە.

ب- یان لەبەر ئەوە بووە فەرموویەتی: ﴿بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾، چونکە هەندێکیان لە داهاتوودا مسوڵمان دەبن و، خوا ﷻ نەیویستوە بە نەزان باسیان بکات، چونکە ئەوانەیان کە لە دواییدا کە مسوڵمان دەبن، زانیارییان پەیدا دەبێ، بەهۆی ئیمانەوە، ئنجا خوا ﷻ ئەوانی هەڵاواردوە، چونکە ئەوان لەو کەمینەیەن کە مسوڵمان دەبن.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿وَمَن رَّزَقْنَـٰهُ مِنَّا رِزْقًا حَسَنًا﴾، حاڵـی خـوا ﷻ چوێـنراوە بـە حاڵـی دەوڵەمەندێـکی خۆشـگوزەران و بـە توانـا، کـە بـەو شـێوەیە بژیـو و یارمەتییـان دەدات، کـە دەوڵەمەندێـك بـە دڵـی خـۆی، بـە پەنهـان و بـە ئاشـکرا، ماڵەکەی خۆی دەبەخشـێ، مەبەسـت

www.alibapir.net

لەم وێنە هێنانەوەش: دەرخستنی پووچیی شیرك و حەقانیەتی خوا بە یەكگرتنە، كە هیچ كامیان گومانی تێدانیە.

بەڵام ئایا مەبەست لێرەدا بەراورد (**مقارنة**) كردنە لە نێوان مرۆڤی بڕوادار كە ئەهلی خوا بە یەكگرتنە، لەگەڵ مرۆڤی بێبڕوای هاوبەش بۆ خوا بڕیاردەردا، كە ئەهلی شیركە؟ یاخود مەبەست بەراوردە لە نێوان پەرستراوەكانی ئەوان و، خوای پەروەردگاردا؟ هەردوو ڕایەكان زانایان قسەیان لەسەر كردوون، كە دواتر تیشكی زیاتری دەخەینە سەر.

www.alibapir.net

مەسەلەی یازدەیەم:

خوا وێنەی دوو پیاوان دێنێتەوە: کە یەکێکیان: لات و دەستە پاچەیە و، بارە بەسەر خاوەنەکەیەوە و، هیچی لەدەست نایەت، ئەوی دیکەش: خۆشی لەسەر ڕێیەکی ڕاستە و فەرمانیش بە دادگەریی دەکات:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا رَّجُلَيۡنِ أَحَدُهُمَآ أَبۡكَمُ لَا يَقۡدِرُ عَلَىٰ شَيۡءٖ وَهُوَ كَلٌّ عَلَىٰ مَوۡلَىٰهُ أَيۡنَمَا يُوَجِّههُّ لَا يَأۡتِ بِخَيۡرٍ هَلۡ يَسۡتَوِي هُوَ وَمَن يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَهُوَ عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٧٦ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە حەوت بڕگەدا:

١- ﴿ وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا ﴾، هەروەها خوا وێنەیەکی دیکەشی هێناوەتەوە، هەر بۆ دەرخستنی حاڵی هاوبەش بۆ خوا دانەران، کە لە چ حاڵێکی خراپ و نزم و، پەست و، نامەنتیقیی دان، هەروەها حاڵی خوا بەیەکگران، کە لە چ حاڵەتێکی سەربەرزانەو مەنتیقیی و ئاسایی و، سروشتیی دان.

٢- ﴿ رَّجُلَيۡنِ أَحَدُهُمَآ أَبۡكَمُ لَا يَقۡدِرُ عَلَىٰ شَيۡءٖ ﴾، خوا عزوجل دوو پیاوی بە نموونە هێناونەوە، کە یەکێکیان لاڵەو توانای بەسەر هیچ شتێکدا نیە.

٣- ﴿ وَهُوَ كَلٌّ عَلَىٰ مَوۡلَىٰهُ ﴾، هەروەها باریشە بەسەر سەرپەرشتیارەکەیەوە.

٤- ﴿ أَيۡنَمَا يُوَجِّههُّ لَا يَأۡتِ بِخَيۡرٍ ﴾، بۆ هەر شوێنێك بینێرێ، هیچ چاکەیەکی لە دەست نایەت، (أَبْكَم)، واتە: (أَخْرَس) لاڵ، کەسێك کە حاڵەتی (بُكْم)ی هەیە، بەڵام لە زگماکەوە، (الكَلُّ: العِيالُ، وَالجَمْعُ الكُلُولُ كَلَّ السِّكِّينُ كَلاًّ: غَلَظَتْ شَفْرَتُهُ فَلَمْ يَقْطَع)، (كَلّ) واتە: بار بەسەر کەسێکەوەو، کۆیەکەی (كُلُول)ە، دەگوترێ: (كَلَّ السِّكِينُ)، چەقۆیەکە، تیغەکە کول بوو، واتە: دەمەکەی تیژ نەماوە و نابڕێ.

بەڵێ (كَلّ) واتە: کەسێك کە بارە بەسەر خەڵکەوە، وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ هاتوە، فەرموویەتی: {مَنْ تَرَكَ مَالاً فَلِوَرَثَتِهِ، وَمَنْ تَرَكَ كَلاًّ فَإِلَيْنَا} (أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ: ٢٢٦٨، وَمُسْلِمٌ: ٤٢٤٦، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه).

www.alibapir.net

واتـە: هـەر کـەس و مـاڵ و سـامانێکی جێهێشـت دوای خـۆی، ئـەوە بـۆ میراگرەکانیـەتی و، کەسـێکیش کـە مـاڵ و منداڵـی بەجێهێشـتوە، کـە بـارن، بـۆ بەڕێوەبـردن و ژیـان و گـوزەران، ئـەوە عایـدی ئێمەیـە.

ئەصڵـی وشـەی (کَلّ) لـە (ثِقَـل)ەوە هاتـوە، واتـە: قـورس، لەبەرئـەوەی دەبێتـە بـار بەسـەر غەیـری خۆیـەوە.

وشـەی (مَـوْلى): (الَّـذِي يَـلِي أَمْـرَ غَـيْرِهِ)، ئـەو کەسـەی کاروبـاری غەیـری خـۆی بەڕێـوە دەبـات، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَهُوَ كَلٌّ عَلَىٰ مَوْلَىٰهُ ﴾، (أَي: هُـوَ عَالَـةٌ عَـلَى كافِلِـهِ لا يُدَبِّـرُ أَمْـرَ نَفْسِـهِ)، بـارە بەسـەر سەرپەرشـتیارەکەیەوە، کاری خـۆی بـۆ بەڕێوەناچـێ و، بـۆ هەمـوو شـتێك چـاوی لـە دەسـتی ئـەوە.

٥- ﴿ أَيْنَمَا يُوَجِّههُّ لَا يَأْتِ بِخَيْرٍ ﴾، بۆ هەر شوێنێك بینێرێ و، هەر کارێکی پێ بسپێرێ، هیچ چاکەی لەدەست نایەت و هیچی باشی لێ هەڵناوەرێ، چونکە لاڵە و، هیچیشی لە دەست نایەت.

ئەمـە خوێندراویشـەتەوە: (أَيْنَـمَا يُوَجَّـهُ)، واتـە: بـۆ هـەر کوێیـەك بنێـررێ، ئـەم دوو خوێندنـەوەی هـەن.

ئنجـا بێگومـان کەسـێ لـە قسـە تـێ نـەگات و، نەتوانـێ خەڵـك تـێ بگەیەنـێ، هیـچ خێرێـکی پێـوە نیـەو، لـە حاڵێـك دا بنێـردرێ بـۆ ئەمـلاولا، مـادام نەتوانـێ خەڵـك تـێ بگەیەنـێ و، مانـای وایـە هیـچ لێـك تێگەیشـتنێکی بـۆ پەیـدا نابـێ و، ناتوانـێ هیـچ پەیامێـك بگەیەنـێ و، یاخـود قسـەو پەیامێـك بهێنێتـەوە.

٦- ﴿ هَلْ يَسْتَوِى هُوَ ﴾، ئایا ئەوەی کە حاڵی وایە یەکسانە.

٧- ﴿ وَمَن يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ ﴾، لەگەڵ کەسێك دا کە فەرمان دەکات بە دادگەریی.

٨- ﴿ وَهُوَ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾، هەروەها لەسەر ڕێیەکی ڕاستیشە؟ لەبەر ئەوەی: کە فەرمانکردن بە دادگەریی، لە بەرزترین جۆری قسەکردنەو، ڕۆیشتنیش لەسەر ڕێیەکی ڕاست، لە بەرزترین جۆری توانا و هەڵسوکەوتکردنە، واتە: کەسێك کە باشترین جۆری قسەکردنی هەیە، کە فەرمانکردنە بە دادگەریی و، باشترین جۆری هەڵسوکەوتکردنیشی هەیە، کە بریتیە لەسەر ڕێی ڕاست بوون، ئایا یەکسانە لەگەڵ کەسێکی لاڵی دەستە پاچەی بێخێری، بار بەسەر خەڵکەوە؟ بێگومان نەخێر.

www.alibapir.net

ئەم تەعبیرەی دوایی لە تەفسیری: (**أَوْلَى مَا قِيْلَ فِي آياتِ التنزيل**)[١]ەوە، هێناومە.

ئنجا (**القُرْطُبي**) دەڵێ: (**هَذَا مَثَل آخر، ضَرَبَهُ اللَّهُ تَعَالَى لِنَفْسِهِ وَلِلْوَثَن**)[٢]، واتە: ئەمە وێنەیەکە خوا بۆ خۆی و، بۆ ئەو بت و صەنەمەی دەپەرسترێ، هێناویەتەوە.

(**الطبري**) دەڵێ: (**يَقُولُ تَعَالَى ذِكرهُ: وَشَبَّهَ لَكُمْ شَبَهاً أَيُّهَا الناس! لِلْكافِرِ مِنْ عَبيدِهِ، وَالمُؤْمِنِ بِهِ مِنْهُمْ**)[٣].

{بە پێچەوانەی ئەوەوە کە (**قرطبي**) دەیڵێ}، (**الطَّبري**) دەڵێ: خوا ناوی بەرز بێ، دەفەرموێ: ئەی خەڵکینە! خوا وێنەیەکی بۆ هێناونەوە، بۆ کەسێك کە لە بەندەکانی بێبڕوایە و، بۆ کەسێك کە پێی بڕوادارە.

واتە: بابای بڕوادار وەك ئەوەیە کە فەرمان دەکات بە دادگەریی و لەسەر ڕێی ڕاستە و، بابای بێبڕواش وەك بابای لاڵی دەستە پاچەی هیچ لە دەست نەهاتوویە.

(**طبري**) بۆ وێنەی یەکەمیان دەڵێ: ئەمە بۆ ئینسانی بڕوادار و ئینسانی هاوبەش بۆ خوادانەرە.

ئنجا دوایی (**طبري**) ڕوونی کردۆتەوە، کە بۆچی ئەوەی یەکەمیان بۆ بڕوادار و بێبڕوایە، بەڵام ئەوەی دووەمیان بۆ خواو بت و صەنەمەکانە ؟

بەڵام من پێم وایە: ئەگەر بڵێین: ئەم دوو وێنەیە هەر کامیان بۆ جیاوازیی نێوان بڕوادار و بێبڕواو، خوا بەیەکگرو هاوبەش دانەرە، شتێکی گونجاوە، هەروەها ئەگەر بشڵێین: هەردووکیان، بە تایبەت هی دووەمیان بۆ بەراوردی نێوان پەرستراوە ساختەو پووچەکان، لەگەڵ پەرستراوی ڕاستەقینەدا، کە تەنیا خوای پەروەردگارە، ئەوەش هەر گونجاوە، بۆیەش زانایان تێیاندا کەوتوونە ڕاجیاییەوە.

---

(١) المؤلف: رَشيد الخَطيب الموصلي، ج ٤، ص ٤٨٥.

(٢) ج ١٠، ص ١٢٢.

(٣) جامع البيان: ج ١٤، ص ١٥٤.

www.alibapir.net

مەسەلەی دوازدەیەم:

خوای باڵادەست ڕایگەیاندوە، کە نهێنیی ئاسمانەکان و زەوی، بەس لە لای خۆیەتی و، هێنانی ئاخیر زەمان (ساعة)یش وەك چاوترووکانێك یان خێراتریشە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَلِلَّهِ غَيْبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَمَآ أَمْرُ ٱلسَّاعَةِ إِلَّا كَلَمْحِ ٱلْبَصَرِ أَوْ هُوَ أَقْرَبُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٧٧﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١- ﴿وَلِلَّهِ غَيْبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾، واتە: نهێنیی ئاسمانەکان و زەوی تەنیا هی خوایە، (وَلِلَّهِ) کە پێشخراوە، وەك زۆر جاران گوتوومانە: هەر کاتێ کە (**جارو مجرور**) پێشخران: کورت هەڵێنان (**حَصر**) دەگەیەنێ، واتە: نهێنیی ئاسمانەکان و زەوی تەنیا لە لای خوایە ﷻ.

(**الغَيْبُ: مَصْدَرٌ بِمَعْنَى اسْمِ الفَاعِلِ، أَي: الأَشْياءِ الغَائِبة**)، (**غیب**) لێرەدا چاوگە بە مانای (**اسم الفَاعِل**)ە، واتە: ئەو شتانەی کە پەنهانن و ونن.

٢- ﴿وَمَآ أَمْرُ ٱلسَّاعَةِ إِلَّا كَلَمْحِ ٱلْبَصَرِ﴾، هەروەها کاری (ٱلسَّاعَةِ) واتە: ئاخیر زەمان، ئەو کاتەی کە دنیای تێدا کۆتایی دێ، تەنیا وەك چاوترووکانێکە، (**لَمْحِ البَصَر: كَنَظْرَةٍ مِنَ البَصَر، اللَّمْحُ: النَّظر بسُرْعَة، يُقَالُ: لَمَحَهُ لَمْحاً وَلَمَحَاناً**)، (**لَمْح البَصَر**) واتە: چاوترووکان، بریتیە لە ڕوانینێکی چاو، یاخود بریتیە لەوە کە ئینسان بە خێرایی سەرنجی شتێك بدات، دەگوترێ: (**لَمَحَهُ لَمْحاً ولَمَحَاناً**)، سەرنجی دا ئێمە بە کوردیی دەڵێین: چاوترووکان.

(**الساعَة: عَلَمٌ بالغَلَبة عَلَى وَقْتِ فَناءِ العَالَم**)، واتە: (ساعة) ناوێکە بۆ لەبەینچوونی ئەم جیهانە و، کۆتایی پێهاتنی ئەم دنیایە.

بۆیە من (**ساعَة**)م، لە زۆربەی شوێنەکان دا بە ئاخیرزەمان و کۆتایی هاتنی ئەم ژیانی دنیایە لێکداوەتەوە، هەندێکیشان لێرەدا (السَاعَة)یان بە مانای قیامەت لێکداوەتەوە، واتە: هەڵسانەوە و زیندووبوونەوە.

لە قوڕئانیش دا بەگشتی بە سێ واتایان بەکارهاتوە:

www.alibapir.net

١) ئاخیرزەمان.

٢) هەڵسانەوەو زیندووکرانەوە (**قیامة**).

٣) ڕۆژی دوایی بە هەردووك قۆناغی (ئاخیرزەمان) و (هەڵسانەوە) وە.

٣- ﴿أَوْ هُوَ أَقْرَبُ﴾، (**أَو: للإضْرَابِ الإِنْتِقَالِي، أَي: أَسْرَعُ حُصُولاً**) واتە: خێراتریش پەیدادەبێ لە چاوترووکان، یاخود (**أَوْ القُربُ المَكانِيُّ كِناية عَنْ كَوْنِهِ فِي المَقْدُورية مِثْل الشيءِ القَرِيب**).

یاخود کە دەفەرموێ: ﴿أَوْ هُوَ أَقْرَبُ﴾، نیزیکترە، ئەمە کینایەیە بۆ ئەوە کە لە توانا بەسەرداشکان دا، وەك شتێکی نیزیکەو، شتی نزیکیش بە ئاسانیی دەستی دەگەیەنیە.

لێرەدا دەڵێ: (﴿أَوْ هُوَ أَقْرَبُ﴾ **أَي المُشَبَّه أَقْوَى مِنَ المُشَبَّه بِهِ، فَلاَ يُوجَدُ مَا يُشْبِهُهَا فِي سُرْعَةِ حُصُولِهَا**) واتە: وێچوێنراو، لەوشتەی کە پێ دەچوێنرێ، بەهێزترەو هیچ شتێك نیە پێی بچێ لە خێرا پەیدابون دا.

واتە هاتنی (**السَاعَة**)، وەك چاوترووکانێکە، یاخود لە چاوترووکانیش خێراترە، دیارە چاوترووکان: پێچوێنراو (**مشبَّهٌ بِهِ**)یەکەیەو، (**السَاعَة**) پێچوو، (**مُشبَّه**)ەکەیە، کە دەفەرموێ: ﴿أَوْ هُوَ أَقْرَبُ﴾ واتە: (**مُشبَّه**) کە ئەوەی دەتەوێ بە شتێکی بچوێنیی، بۆخۆی لەو شتەی کە پێی دەچوێنرێ، بەهێزترە، مانای وایە هیچ شتێك نیە هێندە خێرا بێ، چونکە: مادام لە چاوترووکانێك خێراتر بێ، کەواتە: هیچ شتێك نیە وەك (**ساعة**) بە خێرایی بێ و، هەر کاتێ خوا سبحانه وتعالى ویستی بیهێنێ دەیهێنێ.

٤- ﴿إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ٧٧﴾ واتە: بەدڵنیایی خوا بەتوانایە لەسەر هەموو شتێك، لە زانینی پەنهان و کاروباری دوا ڕۆژ و هێنانی ئاخر زەمان، کە بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك ئەصڵەن پێویستی بە کات نیە.

www.alibapir.net

مەسەلەی سێزدەیەم:

خوا ﷻ ڕایدەگەیەنێ کە کاتێ مرۆڤەکانی لە سکی دایکانیان دەرهێناون، هیچیان نەزانیوە، بەڵام بەهۆی چاوو گوێ و عەقڵەوە، ڕێی وەدەستهێنانی زانیاریی بۆ تەخت و هەموار کردوون:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ أَخۡرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ٧٨ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١- ﴿ وَٱللَّهُ أَخۡرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ ﴾، ئەم (و)ە، بادەرەوە (**عاطفة**)یەو ئەو قسانەی کە دێن دەیانگێڕێتەوەو، بایاندەداتەوە بۆ سەر ئەوانەی پێشێ باسکراون، واتە: (هەروەها)، وەك چۆن خوا ﷻ ئەو چاکەو نیعمەتانەی کە ڕابردن لەگەڵ ئێوەیدا کردوون و، بەسەر ئێوەیدا ڕشتوون، نیعمەتێکی دیکەشی ئەوەیە: کە ئێوەی لە سکی دایکتان دەرهێناوە.

(**بُطُونِ**) کۆی (**بَطن**)ە، (**بَطن**): بە کوردیی دەڵێین: (سك) یان (زگ) یان (ورگ)، دەڵێ: (**البَطنُ: مَا بَيْنَ ضُلُوعِ الصَّدْرِ إلى العَانَة، وَفِيهِ الأَمعاءُ وَالمَعِدَةُ وَالكَبِدُ وَالرَّحِمُ**)، واتە: (**بَطْن**): لە پەراسووەکانی سینەوە تاکو دەگاتە میزڵدان، کە ڕیخۆڵەکان و گەدەو جگەرو، {بەنسبەت ئافرەتەوە} منداڵدانیشی، گرتوونە نێو خۆی.

(**أُمَّهَات**)یش کۆی (**أُم**)ە، یانی: دایك، هەڵبەتە منداڵ و کۆرپە لە هەموو سکەکەدا نیە، بەڵکو لە نێو منداڵداندایە، کە منداڵدانیش لە نێو سك دایە.

٢- ﴿ لَا تَعۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا ﴾، کاتێك خوا ئێوەی دەرهێناوە هیچتان نەدەزانی، واتە: بە کردەوە هیچتان نەدەزانی، نەك لە تواناتاندا نەبێ هیچ فێر ببن، (**أَي: لا تَعْلَمُونَ شَيْئاً بالفِعْلِ لاَ بالقُوَّة**).

٣- ﴿ وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ ﴾، بیستن و چاوەکان و عەقڵەکانی بۆ ئێوە دانان، بۆ ئێوە پەیدا کردوون و، بە ئێوە داون.

(**سمْع**) لە قورئاندا هەمیشە بەتاك هاتوە، چونکە (**سمْع**) واتە: بیستن، چاوگە (**مصدر**)ە، بەڵام (**أَبصَار**) کە کۆی (**بَصر**)ە: چاو، هەمیشە بە کۆ هاتوە.

www.alibapir.net

هەڵبەتە جاری واش هەیە بە تاك هاتوە، وەك: ﴿إِنَّ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡبَصَرَ وَٱلۡفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنۡهُ مَسۡـُٔولٗا ٣٦﴾ الإسراء، (واتە: بێگومان بیستن و دیتن و عەقڵ)، هەر كام: لەمانە لێی دەپرسرێتەوە، بەڵام بە زۆریی (بَصر) بە كۆ هاتوە، (أبصَار)یش كۆی (بَصَر)ە، واتە: چاو، یان دیتن، (أَفئِدَة)ەش كۆی (فُؤاد)ە، كە زۆر لە زانایان دەڵێن: بە مانای (دڵ) دێ، بەڵام من وای تێدەگەم كە زیاتر (أَفئِدَة) كە بە (فؤاد) كۆدەكرێتەوە ، بە مانای عەقڵ دێ و، جار جاریش بە مانای (دڵ) دێ، كە پێم وایە پێشتر قسەمان لێكردوەو، ئێستا دەرفەتی ئەوەمان نیە، ئەگەرنا هەر تەماشای وشەی (أَفئِدَة) و (فؤاد) بكەین كە لە قورئاندا هاتوون، دەزانین كە زیاتر مانای عەقڵ دەگەیەنن[1].

ئنجا ئێستا زانایانی هاوچەرخ دەڵێن: بەڵێ ئینسان بەهۆی مێشكەوە، بەهۆی دەماغەوە، كە ئامڕازی ڕووحە، بۆ دەرككردنی شتەكان و، ئامڕازی عەقڵە، لە شت تێدەگات و، زانیارییەكان هەموویان پەیوەندییان بەوێوە هەیە، بەڵام: دڵیش جۆرێك لە پەیوەندیی هەیە بە زانینی شتەكانەوە، هەرچەندە تا ئێستا زۆر شتی مرۆڤ ڕوون نەبۆتەوەو، ئەوەش یەكێكە لەو شتانەی كە تا ئێستا ڕوون نەبۆتەوە، ئەگەرنا مەرج نیە زانینی شتەكان، هەمووی تەنیا پەیوەندیی بە مێشكەوە هەبێ، بەڵكو بەشێكیشی پەیوەندیی بە دڵەوە هەیە.

٤- ﴿لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ﴾، بەڵكو سوپاسگوزاریی بكەن، واتە: بەڵكو سوپاسگوزاریی بكەن لەسەر ئەوە كە هیچتان نەدەزانی، بەڵام خوا ﷻ لە ڕێی پێنج هەستەكان و، لە ڕێی عەقڵەوە، زەمینەی ئەوەی بۆ ڕەخساندوون كە زانیاریی، وەدەست بێنن و، شت فێربن.

(١) لە كتێبی دووەمی {موسوعة: الإسلام كما يتجلّى في كتاب اللّه} دا، بەدرێژیی باسی ئەو مەسەلەیەمان كردوە.

www.alibapir.net

کورتە باسێک لەبارەی چۆنیەتی پەیدابوونی زانستەوە[(١)]

لێرەدا کورتە باسێك لەبارەی چۆنیەتی پەیدا بوونی زانستەوە دەکەین، بەڵام زۆر بە کورتیی و، لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئایەتە موبارەکەدا، ئایەتی (٧٨)ی (النحل) و دەڵێین:

یەکەم: بێگومان سەرەتای دەستگیربوونی مرۆڤ، لە زانیاریی و، زانست و فێربوون، لە ڕێی پێنج هەستەکانەوەیە: دیتن، بیستن، تامکردن، بۆنکردن، دەست لێکوتان، یانی: (**البَصَرُ، وَالسَّمعُ، وَالذَّوقُ، والشَّمُّ، وَاللَّمسُ**)، لە ڕێی ئەو پێنج هەستانەوە، زانیاریی تاك تاك کۆ دەکەینەوە:

١) لە ڕێی چاوەوە، لە ڕێی دیتنەوە، دیمەنەکان و بیندراوەکان (**المُبصَرَات، المَرئِيات**)، کە دەبیندرێن، چاو کۆیان دەکاتەوە، هەڵبەتە عەقڵە چاو بەکاردێنێ و، کەسێك کە عەقڵەکەی باش ئیش نەکات، چاوی هەزاران دیمەن ببینێ، بایی فلسێکە.

٢) لە ڕێی گوێوە، لە ڕێی بیستنەوە، بیستراوەکان (**المَسمُوعات**) دەنگەکان کۆدەکرێنەوە.

٣) لە ڕێی زار (زمان)ەوە چێژراوەکان، تامەکان (**المَذوقات**).

٤) لە ڕێی لووتەوە بۆنکراوەکان، (**المَشمُومات**).

٥) لە ڕێی دەست و لە ڕێی پێستەوەش دەستلێدراوەکان (**المَلمُوسات**) و هەست پێکراوەکان بە پێست، ئەوە هەنگاوی یەکەمی بەدەست هێنانی زانیاریی و زانست و دەرککردنی دەوروبەرە، لە لایەن مرۆڤەوە.

دووەم: ئنجا دوایی عەقڵ ئەو زانراوان (**المَعلُومات**)ەی کە لە ڕێی پێنج هەستەکانەوە کۆی کردوونەوە، کە ئەوانە پێیان دەگوترێ: وێناکراوەکان (**التَصوُّرَات**)، یانی: کە مرۆڤ دیمەنی خۆری بینی، دوایی شێوەی خۆر (وێنەی خۆر) لە مێشکی دا دروست دەبێ، ئیدی کە گوترا: خۆر، یەکسەر عەقڵ دەرکی دەکات، خۆر یانی چی؟ با هەمیشە خۆریش نەبینێ، هەروەها بەنسبەت دەنگەکان و، بۆنەکان و، تامەکان و، دەست لێکوتراوەکانیشەوە، بە هەمان شێوە لە مێشکدا کۆدەکرێنەوەو، مێشك وەك زەخیرەیەك لەلای خۆی بەکاریان دێنێ، ئەوەش قۆناغی دووەم.

---

(١) بۆ نووسینی وێڕای بیرکردنەوەی خۆم، لە چەند سەرچاوەیەکیش سوودمەند بووم.

www.alibapir.net

سێیەم: قۆناغێکی دیکەی زانست ئەوەیە: ئنجا عەقڵ دێنێ ئەو زانراوانە، هەندێکیان لەگەڵ هەندێکیان پێکەوە بەراورد دەکات، کە ئەوەش پێی دەگوترێ: بەڕاستدانراوەکان (**التَّصدِيقَات**)، ئنجا ئەم بەڕاستدانراوانە (**تصدِيقَات**)یش دەبنەوە بە دوو بەش:

یەك: بەڵگە نەویستەکان (**البَدِيهيّات**)، وەك ئەوە کە:

١/ {هەموو لە بەشێکی گەورەترە} (**الكل أكبر من جزئه**).

٢/ {دوو شتی بەیەکەوە ناکۆك، لە هەموو ڕوویەکەوە، پێکەوە کۆنابنەوە} (**إستحالة إجتماع النَّقيضيْن**).

واتە: ناگونجێ شتێك هەبێ و نەشبێ، جوانیش بێ و ناشیرینیش بێ، لە هەموو ڕوویەکەوە، نەك بە دوو سێ ئیعتیباری جیا جیا، کە عەقڵ پێویستیی بە بەڵگە هێنانەوە ناکات، بۆ ئەوەی ڕاستی ئەوانەی بۆ دەربکەوێ، بۆ وێنە: {هەموو پەیدابوویێك پەیداکەرێکی هەیە}، {هەموو ڕێکخراوێك ڕێکخەرێکی هەیە}، {هەموو لە بەشەکەی گەورەترە}... هتد.

دوو: وەدەست هێنراوەکان (**الكَسبيّات**) یاخود (**النظريّات**)، ئەویش ئەوەیە کە عەقڵ دێنێ هەندێك لەو شتانەی کە زانیوونی، لەگەڵ ئەوانەی دیکەدا، پێکەوە بەراوردیان دەکات، بۆ وێنە:

أ / جەستە (**جسم**) چیە ؟

ب/ مادده چییە؟

ج/ پەیدا بوو چییە؟

دێنێ جەستە، یاخود مادده لەگەڵ پەیداکراودا، پێکەوە بەراورد دەکات، کەواتە: جەستە دەبێت پەیدا بکرێ، یانی: جەستە، یان مادده بۆخۆی نیە، بوونەکەی، زاتیی نیەو، دەبێ پەیدا بکرێ، ئنجا دوایی عەقڵ بە پشت بەستن بە یەکێ لە بەڵگە نەویستەکان، کە بریتیە لەوەی: {هەموو پەیدابوویێك پەیداکەرێکی هەیە}، عەقڵ دەگاتە ئەوە کە ئەو جیسمە، ئەو ماددەیە، ئەو ڕواڵەتانە کە پەیداکراون، بەپێی قانوونێك کە لە عەقڵدا هەیە، کە پێی دەگوترێ: یاسای هۆکاریی، یانی: {هەموو پەیداکراوێك پەیداکەرێکی هەیە} و، یاسای ڕێك و پێکیی، یانی: {ڕێکخراو پێویستی بە ڕێکخەر هەیە}، دەڵێ: کەواتە ئەو ماددانە، ئەو ڕواڵەتانە، پێویستییان بە پەیداکەرێك و ڕێکخەرێك هەیە،

www.alibapir.net

کـە خوایـە ﷻ، واتـە: عەقـڵ دێنـێ بـەراورد دەکات لـە نێـوان سـیفەتی جەسـتە و، سـیفەتی مـاددەو، وەسـفی پەیدابوونـدا و، لێکیـان دەدات و سـەرەنجام: دەگاتـە ئەنجامێـك.

دیـارە زانیارییـە بەڕاسـتزانراوەکان (**التَّصدِيقَـات**) کـە لـە جـۆری وەدەسـتهێنراوەکان (**کَسبِيات**) و (**نَظَريات**)ن، بەهـۆی بەڵگـە نەویسـتەکان (**البديهيات**)ەوە نەبـێ، بـە تەئکیـد بـۆی پەیدانابـن، بـەڵام بەڵگـە نەویسـتەکانیش کاتێـك بـۆ مـرۆڤ پەیـدا دەبـن، کـە وێناکـراوەکانی لە مێشـکدا هەبـن، وێناکراوەکانیـش بێگومـان لـە ڕێـی پێنـج هەسـتەکانەوە پەیـدا دەبـن.

کەواتـە: پێنـج هەسـتەکان بناغـەی پەیدابـوونی زانسـتن و، بناغـەی شـت زانینـن بـۆ مـرۆڤ، هـەر بۆیـەش خـوا ﷻ کـە بـاسی مرۆڤـان دەکات، دەفەرمـوێ: ﴿ وَٱللَّهُ أَخۡرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَـٰتِكُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ شَيۡـًٔا ﴾، کاتێـك کـە خـوا ئێـوەی لـە سـکی دایکتـان، دەرهێنـا، هیچتان نـەدەزانی، ئـەدی دوایـی چـۆن زانیاریـان بـۆ پەیـدا بـووو؟ ﴿ وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَـٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ ﴾، دوایـی بیسـتن و چـاوەکان و عەقڵـەکانی پێـدان، بـۆ ئـەوەی سوپاسـگوزار بـن، واتـە: بەهـۆی بەکارهێنـانی ئـەو هەسـتەوەرانەو عەقڵـەوە، زانیاریـی وەدەسـت بێنـن و، دوای ئـەوە کـە زانیارییتـان وەدەسـت هێنـا، لەسـەر ئـەو نیعمـەتی وەدەسـتهێنانی زانیارییـە، بەهـۆی ئـەو ئامرازانـەوە، کـە خـوا ﷻ بـۆی ڕەخسـاندووون، سوپاسـگوزاریی بـۆ خـوا ئەنجـام بـدەن.

مەسەلەی چواردەیەم:

خوا سەرنجی خەڵك ڕادەكێشێ بۆ دیاردەی ڕامكردنی باڵندان، لە هەوای ئاسماندا، كە جگە لە خۆی هیچ كەس نایانگرێ و، لەمەشدا نیشانە هەن بۆ كۆمەڵێك باوەڕ بێنن:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ يَرَوْا إِلَى الطَّيْرِ مُسَخَّرَاتٍ فِي جَوِّ السَّمَاءِ مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا اللَّهُ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٧٩﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١- ﴿ أَلَمْ يَرَوْا إِلَى الطَّيْرِ ﴾، ئایا سەرنجی باڵندەیان نەداوە؟ وشەی (**الطَّير**) ناوی كۆیە و بۆ جینسە، تاكەكەی بریتیە: لە (**طَائِر**) یەك باڵندە، (**طَيْر**) یانی: باڵندە بە گشتی، كە هەم بۆ تاكیش بەكاردێ، بۆ كۆش بەكاردێ، ئایا نەیانڕوانیوەتە باڵندە؟ سەرنجیان نەداوە ؟

ئنجا وەك پێشتر گوتوومانە: وشەی (**يَرَى**)، و (**يَرَوْا**) یان (**رَأَى**)، بۆخۆی بەركار دەخوازێ، وەك (**رَأَى مُحَمَّدٌ الشَّجَرَةَ**)، واتە: موحەممەد درەختەكەی بینی، بەڵام كە بە (**إلى**) تەعەددا دەكات، بۆ (**مَفعُول**) و بەركار دەخوازێ، ئەوە مانای سەرنج لێدان و لێوردبوونەوە دەگرێتە نێوخۆی.

واتە: وێڕای بینین، سەرنج لێدان و تێوەڕامانیش دەگرێتە نێوخۆی، بەهۆی پیتی (**إلى**)ەوە كە بەركاری پێ دەخوازێ، ئایا تەماشایان نەكردوەو وردنەبوونەوەو تێوەڕانەماون، لە باڵندان؟

٢- ﴿ مُسَخَّرَاتٍ فِي جَوِّ السَّمَاءِ ﴾، لە هەوای ئاسمانێ، لە هەوای سەرێدا ڕامكراون، ملیان پێ كەچكراوە، دەستەمۆ كراون، (**الجَوُّ: الفَضَاءُ الَّذِي بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرض**)، ئەو فەزاو بۆشاییەی ئەو هەوایەی كە لە نێوان ئاسمان و زەویدایە پێی دەگوترێ: (**جَوّ**).

٣- ﴿ مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا اللَّهُ ﴾، جگە لە خوا كەس ئەو باڵندانە ناگرێ، كێ دەیانگرێ؟ بێگومان خوا، خوا ڕاستەوخۆ ﷻ بۆخۆی دەیانگرێ؟ نەخێر بەڵكو بەهۆی ئەو یاسایانەوە كە بۆی داناون، بەپێی ئەو یاسایانەوە كە خوا دایناون، بە پێی ئەو تایبەتمەندییانەی، كە لە باڵنداندا داینناون، ئەو باڵندانە دەتوانن بە هەواوە بمێننەوەو بفڕن.

www.alibapir.net

(الإمساكُ: الشَدُّ مِن التَفَلُّت)، (إمساك): بریتیە: لە توند گرتنی شتێك نەهێڵێ بڕوات، ﴿ مَا يُمۡسِكُهُنَّ ﴾، واتە: هیچ كەسێك ڕایانناگرێ بە هەواوە، جگە لە خوا ﷻ.

٤- ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴾، بێگومان لەوەدا (واتە: لە دیاردەی فڕینی باڵندان و پەلەوەران دا بە ئاسمانەوە)، نیشانە هەن بۆ كۆمەڵێك بڕوا بێنن.

واتە: كەسێك كە بیەوێ بڕوا بێنێ، هەر سەرنجی باڵندان بدات، زۆر نیشانەو بەڵگەی پەروەردگارێتیی خواو، خاوەنداریێتیی خوا، پاشان تەنیا پەرستراوێتیی خوا لە دیاردەی باڵندان و فڕین و هاتن وچوونیان بە ئاسماندا، زۆر نیشانەو بەڵگەی دەست دەكەون، بەڵام كەسێك كە نەیەوێ بڕوا بێنێ، وەك گوتراوە: (كەسێك بە زۆریی بینێری بۆ مازووان، لە داری هەڵناڕوانێ)، واتە: تەماشا ناكات و دێتەوە بەدەستی خاڵیی و، دەڵێ: درەختەكان هیچیان پێوە نەبوو، چونكە نەیویستوە مازووان بكات، یان دەڵێ: (ئەگەر دز دز بێ، تاریكە شەو زۆرن).

ئەم مەسەلەی باسی باڵندان لە ئایەتی ژمارە (١٩)ی سوورەتی: (المُلك)یش دا هاتوە، بە تەعبیرێكی دیكە، خوا دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَى ٱلطَّيۡرِ فَوۡقَهُمۡ صَٰٓفَّٰتٖ وَيَقۡبِضۡنَۚ مَا يُمۡسِكُهُنَّ إِلَّا ٱلرَّحۡمَٰنُۚ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَيۡءِۢ بَصِيرٌ ١٩ ﴾.

واتە: ئایا سەرنجی باڵندیان نەداوە لە سەروویانەوە؟ كاتێك كە باڵیان پان ڕادەخەن و، باڵیش دێننەوە یەك، {كاتێك باڵ لێك دەدەن}، كە ئەوە دەگونجێ ئاماژە بێ بۆ ئەوە: كە باڵندە بە گشتی دوو جۆرە فڕینیان هەیە، یاخود ئاماژەیە بۆ هەردوو حاڵەتەكەی كە: باڵندە جاری وا هەیە باڵ لێكدەدا و، جاری واش هەیە باڵ ڕادەگرێ، بە هەواوە ڕادەوەستێ، ﴿ مَا يُمۡسِكُهُنَّ إِلَّا ٱلرَّحۡمَٰنُ ﴾، بێجگە لە خوای خاوەن بەزەیی هیچ كەسی دیكە نایانگرێ، بەهۆی ئەو یاسایانەوەو ئەو تایبەتمەندییانەوە كە خوا بە باڵندانی داون، دەتوانن بە هەواوە بمێننەوە، ﴿ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَيۡءِۢ بَصِيرٌ ﴾، بێگومان خوا بینەری هەموو شتێكە.

ئنجا: ﴿ أَلَمۡ يَرَوۡاْ ﴾، یان لە سوورەتی: (المُلك)دا: ﴿ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَى ٱلطَّيۡرِ ﴾، دەڵێ: (**الرُؤيةُ بَصَرِيةٌ وَفِعلُها يَتَعَدَّى بِنَفسِهِ فَتَعدِيَتُهُ بِ (إلى) لتضمينِ الفِعلِ مَعنَى: يَنظُرُوا، يَتَأَمَّلُوا**)، واتە: لێرەدا مەبەست لە (**رُؤية**) بینینی چاوە، {چونكە جاری واش هەیە مەبەست پێی بینینی عەقڵە، بەڵام لێرە مەبەست بینینی چاوە}، ئنجا (**رأى**) كردارەكەی بۆخۆی بەركار (**مفعول**) دەخوازێ، بەبێ ئەوەی یارمەتیی وەربگرێ لە پیتێكی دیكە، بەڵام لێرەدا كە بە (إِلَى) بەركار (**مفعول**)ی خواستوە، مانای سەرنج لێدان و بیرلێكردنەوەی خراوەتە نێو.

www.alibapir.net

﴿ أَلَمْ يَرَوْا ﴾، خوێنراویشەتەوە: (**أَلَم تَرَوا**)، ئایا سەرنجتان نەداوە؟ ئەو پرسیارکردنەش لێرەدا پرسیارکردنێکی نکووڵییلێکەرانەیە و، مانای لابردن (**نفي**) دەگەیەنێ، یانی: ئەوانە دیارە باڵندان نابینن؟ ﴿ أَلَمْ يَرَوْا إِلَى ٱلطَّيْرِ ﴾، ئایا باڵندەیان نەبینیون؟ بە سەرنج لێدانەوە لە هەوای ئاسماندا، واتە: ئەو بینینەیان نەبینیوە، کە عەقڵی لەگەڵدا بێ و، بیرکردنەوەو سەرنجدانی لەگەڵ دابێ، چونکە ئەو جۆرە بینینەی کە هیچ ئەنجامگیرییەکی لە دواوە نەبێ، لە حوکمی نەبینین دایە.

کورتە باسێک لەبارەی باڵندان (طیر)ەوە

لێرەدا کورتە باسێك دەکەین لەبارەی باڵندانەوە، چونکە جگە لەو ئایەتەی ژمارە (١٩)ەی سوورەتی: (**المُلك**)، لە شوێنی دیکەش دا خوا ﷻ باسی باڵندان دەکات، کورتە باسەکەشمان لە حەوت (٧) بڕگان دا دەخەینەڕوو، کە دیارە هەموویشم لە: (**اَلمَوسُوعَة العَرَبية**)[1] وەرگرتووە، من تەنیا خولاصەو کورتەیەکی دێنم:

١) پێناسەی باڵندان:

باڵندەکان بەگشتی لە جۆری بڕبڕەییەکان (**فقاریات**)ن، ئەو جۆرە ژیاندارانەی کە پێیان دەگوترێ: بڕبڕەییەکان (**فقاریات**)، بڕبڕەی پشت و هەیکەلی پەیکەری ئێسقانیان هەیە، هەروەها باڵندەکان لە جۆری خوێن گەرمەکانن، کە پلەی گەرمیی جەستەیان: (٣٨ - ٤٤)ی سەدییە و، جەستەی باڵندان بە پەڕ و تووك داپۆشراوەو، دەتوانن بفڕن، جگە لە هەندێکیان وەك (**بطريق**) و حوشترمەل (**نعامة**)، ئنجا لە زۆر ڕووەوە باڵندەکان وەك خشۆکەکان دەچن، لە زۆر سیفەتیاندا، بۆ وێنە: کە بە هێلکە زاوزێ دەکەن و، بەو شێوەیە بەچکەیان دەبێ، پاشان کۆئەندامەکانی نێو جەستەیان و، ئەوە کە ڕژێن (**غُدَّة**) لە پێستیاندا نیە، جگە لە ڕژێنی کلك، کە ئەویش بۆ هەموویان نا، بۆیە لە زۆر ڕووەوە، دەشوبهێنە خشۆکەکان.

٢) تووك، یان پەڕ (الرِّيش):

ئەوەی زۆر شتێکی دیارەو ئیمتیازێکی گەورەو گرنگی باڵندەیە، بریتیە لەو تووك و پەڕە، کە هەیەتی، بۆیە دەبێ تۆزێك قسەی لەبارەوە بکەین:

١/ باڵندەکان جەستەیان بە تووك، یان بە پەڕ داپۆشراوەو، ئەو پەڕانە، یان ئەو تووکە، کە لەسەر جەستەیانە، زۆر بەهێزەو، زۆریش نەرمەو کێشیشی زۆر کەمە، ئنجا ئەو پەڕو تووکە، بۆ باڵندان لە زۆر شتان لە دەیانپارێزی وەك: سەرماو گەرما، هەروەها یارمەتیشیان دەدا بۆ فڕین و، باڵندە بەبێ تووك و پەڕ ناتوانێ بفڕێ.

---

(١) ج ١٢، ص ٦٩٦ -٧٠٤.

www.alibapir.net

٢ / جۆرەکانی پەڕ، یان تووك:

١ - ئەو پەڕو تووکەی کە لە دەرەوە دەبینرێ و، بەسەر جەستەی باڵندەوەیە.

٢ - ئەو وردە تووکانەی کە لە ژێر تووك و پەڕە سەرەکییەکەوەن.

٣ - جۆرێکی دیکە، کە لەویش وردترە.

٤ - ئەو پەڕە درێژانەی کە پێیان دەفڕێ، کە پێیان دەگوترێ: پەڕی قەڵەمیی، کە هەم لەسەر کلکی هەن و، لەسەر باڵەکانی هەن، کە هەروەك ئەو پەڕ و تووکەیە، کە کۆی جەستەی باڵندە دادەپۆشێ، بەڵام بەهێزترو درێژترن و هەموومان دەزانین چۆنن!

٣/ گۆڕینی پەڕو تووکەکان:

باڵندە هەموو ساڵێك جارێك پەڕو تووکەکانی خۆی دەگۆڕێ، خوای زاناو شارەزا وایکردوە، کە وەك چۆن (مار) کاژ، توێخ دادەنێ، ئەوانیش پەڕو تووکەکەی خۆیان دەگۆڕن، بەڵکو هەیانە ساڵی دوو جاران ئەو پەڕو تووکەی خۆی دەگۆڕێ و، پەڕی نوێ و تووکی تازەی لێ دەڕوێتەوە .

٤/ پاککردنەوەی پەڕو تووکەکان:

حاڵەتێکی دیکە کە باڵندە هەیەتی بەنسبەت پەڕو تووکەکەیەوە، ئەوەیە کە: باڵندەکان گرنگیی زۆر دەدەن بە پەڕو تووکی خۆیان و، بەردەوام پاکیی دەکەنەوەو، بە زەیتێك کە لە غوددەیەك دایە لەلای کلکیان ، جۆرێك لە ڕژێنی تێدا هەیە، ئەو تووکەی خۆیانی پێ چەور دەکەن، ئەگەر تەماشای باڵندە بکەین: جارجار سەرێك دەباتەوە بۆ پشتەوەی خۆی بۆ لای کلکی، دوایی دەندووك بە پەڕو تووکەکانی خۆی دادێنێ، ئەوە پەڕو تووکەکەی خۆی چەور دەکات و پاکی دەکاتەوە.

٣) چۆنیەتیی میکانیزمی فڕینی باڵندان ؟

باڵندەکان بە گشتی، دوو جۆرە فڕینیان هەیە:

أ / فڕینێکیان کە ڕاستەوخۆیە، کە پێی دەگوترێ: خلیسکانیی چارۆگەیی (**الإِنزِلاقِي الشِّرَاعِي**): ئەوە سادەترین جۆری فڕینە، ئەویش ئەوەیە کە بەبێ ئەوەی باڵەکان لێك بدات، ڕێك لەسەرڕا دێتە خوارەوە، وەك باشو و و باز و ئەوانە، کە بە زۆریی بەو شێوەیە دەفڕن، هەڵبەتە هەموو

www.alibapir.net

باڵندەیەکیش ناتوانێ بەو شێوەیە بفڕێ، بەڵام هەندێکیشیان بە هەردوو جۆرەکە دەتوانن بفڕن، بەس هەندێکیان ئەو جۆرەیان زیاترە.

ب/ بریتیە لە فڕینی بە باڵ لێکدان، کە ئەویش میکانیزمێکی زۆر ئاڵۆزی هەیە، کە بەهۆی باڵ لێکدانەوەیە، وەك ئایەتەکە ئاماژەی بە هەردووك جۆرەکە کردوە: ﴿ صَٰٓفَّٰتٖ وَيَقۡبِضۡنَۚ ﴾، واتە: باڵەکانیان دێننەوە یەك و پانیان ڕادەخەن، هەڵبەتە ئەگەر سەرنجی پەیکەری ئێسکی باڵندە بدەین ئەوانەیان دەفڕن، دەبینین: لە نێو پەیکەری ئێسکییەکەیان دا، لە نێو ئێسکەکانیان دا بۆشایی هەیە، هەوای تێدایە، بۆ ئەوەی کێشیان سووك بێ، بەڵام هاوکات: ئێسکی باڵندە زۆر پتەوە، پاشان ماسوولکەکانی سینەیان زۆر بە قووەتەو، هەناسەدانیان زۆر ڕێك وپێکە.

ئنجا هەناسەدان و فڕینیان هەموویان لەگەڵ پڕۆسەی هەرسکردن و، سووڕی خوێن و، پاشەڕۆك لە خۆ فڕێدان و، شێوەی باڵەکانیان هەموویان پێکەوە گونجاون، هەر باڵندەیەك ئەو شتانەی پێکەوە گونجاون، ئنجا ئێسقانی باڵندە وێڕای ئەوە کە بۆشن، زۆریش دەوڵەمەندە بە هەموو جۆرە خوێیەکان و کالسیۆم، بەتایبەت ئەوەش وادەکات کە هەم بەهێز بێ و، هەم سووك بێ، لە یەك کاتدا.

٤) جۆرەکانی باڵندە بەپێی ژینگەکان:

بەپێی ئەو ژینگەو شوێنانەی کە باڵندەکان تێیاندا دەژین، دابەش دەکرێن بۆ شەش (٦) جۆری بنەڕەتیی:

یەکەم: باڵندە درەختییەکان (**طِيورٌ شَجَرِية**)، کە بە زۆریی لەسەر دارو درەخت و ئەوانە، هێلانەو دروست دەکەن و ژیانیان بەزۆریی لەسەر درەختەکانە.

دووەم: باڵندە زەمینییە درەختییەکان (**طِيورٌ أَرضِية شَجَرِية**)، کە هەم لەسەر درەخت و، هەم لەسەر زەویش، هێلانەو ماڵ بۆخۆیان دادەنێن.

سێیەم: باڵندە زەمینییەکان (**طِيورٌ أَرضِية**) کە بەزۆریی هێلانەی خۆی لەسەر زەوی دادەنێ.

چوارەم: باڵندە نیزیك ئاوییەکان (**طِيُور قُربَ مَائِية**)، یان: کەنار ئاوییەکان، کە هێلکەکانی لە دەرەوەی کەناری ڕووبارو دەریا دادەنێ، بەڵام ژیانەکەی بە زۆریی لە نێو ئاو دایە.

پێنجەم: باڵندە ئاوییەکان (**طِيُور مَائِية**)، کە بە زۆریی ژیانیان لەنێو ئاو دایەو، هێلانەشیان هەر لە نێو ئاو دایە.

www.alibapir.net

شەشەم: باڵندە هەواییەکان، (**الطُّيُور الَّتِي تَصطَادُ فِي الجَو**)، ئەوانەی بە زۆریی لە هەوادا ژیان بەسەر دەبەن و، خۆراکی خۆیان لە هەوادا دابین دەکەن، ئنجا ئەو نێچیرە: باڵندەی لە خۆیان بچووکترە، پەپوولەو کوللەو مێش و مەگەزە، زیندەوەرەکانی دیکەن، ڕاویان دەکەن، بە زۆریی خۆراکی خۆیان لە هەوادا دابین دەکەن.

٥) کۆچی باڵندەکان:

کۆچکـردن و سـەفەر و هاتـن وچوونـی باڵنـدەکان، پەلـەوەرەکان، لـە ڕووی جموجـۆڵ و هاتـن وچوونیانـەوە دەبـن بـە سـێ (٣) کۆمـەڵ:

یەکەم: ئەو باڵندانەی کە نیشتەجێن لە شوێنێکی دیارییکراودا (ناجووڵێن).

دووەم: ئەو باڵندانەی کە دەجووڵێن، بەڵام بە شێوەیەکی سنووردار.

سێیەم: ئەو باڵندانەی کە کۆچ دەکەن، (ساڵانە کۆچ دەکەن) گەرمێن و کوێستان دەکەن، یان لە شوێنێکەوە دەچن بۆ شوێنێکی دیکە، جاری وا هەیە لە قاڕەیەکەوە دەچن بۆ قاڕەیەکی دی و، هەزاران کیلۆمەتر دەبڕن.

٦) پرسیارێك: ئایا چۆن باڵندەکان بە شوێنی خۆیان دەزاننەوە؟

ئایـا ئـەو باڵندانـەی سـەفەر دەکـەن، بـە تایبـەتی ئەوانـەی گەرمیـان و کوێسـتان دەکـەن، بـۆ وێنـە: (حاجـی لـەق لـەق) کـە ئێمـە لەنێـو کوردەواریـدا دەزانیـن، هەروەهـا (قـاز و قورینـگ) و ئـەو باڵندانـەی دیکـە کـە دەزانیـن لـە بەهارانـدا سـەفەر دەکـەن و لـە پایزانـدا دێنـەوە، چـۆن بـە شـوێنی خۆیـان دەزاننـەوەو چـۆن ڕێ دەردەکـەن، کـە هـی وایـان هەیـە نـەك سـەدان، بگـرە هـەزاران کیلۆمەتـر ڕێ دەبـڕێ ؟!

هەتـا ئێسـتا زانایـان لەوبـارەوە حـەوت (٧) بیردۆزەیـان خسـتوونە ڕوو، بـەڵام هیچیـان وانیـن کـە دڵنیاکـەر بـن، کـە فـڵان باڵندەیـە بەهـۆی ئـەوەوە بـە شـوێنی خـۆی دەزانێتـەوە، چونکـە زۆر جێـی سـەرنجە کـە هـەزاران کیلۆمەتـر دەڕۆن و، هەنـدێ لـەو باڵندانـە لـە وڵاتێکـەوە دەچـن، بـۆ وڵاتێـکی دی، بـۆ وێنـە لـە هێڵـی یەکسـانییەوەو، لـە خـوار هێڵـی یەکسـانیی، لـە ئەفریقیـاوە دێـن بـۆ ئاسـیا دەچـن، بـۆ سـەرووی ئاسـیا، هـەزاران کیلۆمەتـر دەبـڕن:

www.alibapir.net

١/ یەكێ لە بیردۆزەكان دەڵێ: باڵندەكان پشت دەبەستن بە تیشكی خۆر و، ڕووناكی ئەستێرەكان، لە فڕینیان دا.

٢/ بیردۆزەیەكی دیكە دەڵێ: بەهۆی بەرزیی و نزمییە جوگڕافیەكانەوە، وەك زنجیرە چیاكان و، كەنار دەریاكان و ڕووبارەكان، بەڕێیە دەزاننەوە.

٣/ بیردۆزەیەكی دیكە دەڵێ: لە ڕێی هەستی بۆنكردنەوە، ڕێ دەردەكەن.

٤/ بیردۆزەی چوارەم دەڵێ: بەهۆی تیشكی ژێر سوور، یاخود شەپۆلە سەروو دەنگییەكانەوە باڵندەكان بە جێ و ڕێی خۆیان دەزاننەوە.

٥/ بیردۆزەی پێنجەم دەڵێ: بەهۆی هۆكارە كەشییەكانەوە (**العَوامِل الجَوِيَّة**)، بۆ وێنە: ئاڕاستەی با، هەروەها فشاری هەوا، پێ دەزاننەوە.

٦/ بیردۆزەی شەشەم دەڵێ: بەهۆی ئەوەوە كە شوێنەكەیان لەبیر دەمێنی و لە زاكیرەیاندا دەیپارێزن و، بە ڕێیەكەوە پێیەوە ڕاهاتوون، بۆیە پێی دەزاننەوە.

٧/ بیردۆزەی حەوتەم دەڵێ: باڵندە كۆچكەرەكان، قیبلەنومایەكی موگناتیسییان هەیە لە تۆڕی چاویان دا، بەهۆی ئەوەوە ڕێ دەردەكەن.

ئەو حەوت بیردۆزانە هەموویان هەن، بەڵام هیچیان وا نین كە تەواو دڵنیاكەر بن، دەشگونجێ بە هەموو ئەوانەوەو هەندێ شتی دیكەش، كە جارێ زانست پێی نەگەیشتوە، ئەو باڵندانە بەو ڕێ و بان و شوێنی هاتوچۆی خۆیان بزاننەوە.

٧) گەشەسەندنی باڵندەكان:

زانایانی بواری، پەلەوەرناسیی و باڵندەناسیی، دەڵێن: كاتێ خۆی باڵندەكان لە خشۆكەكانەوە هاتوون، نزیكەی سەدو پەنجا ملیۆن (١٥٠،٠٠٠،٠٠٠) ساڵ لەمەوپێش دوای ئەوەی كە گواندارەكان یان مەمكدارەكان (**الثَّدييّات**) جۆراو جۆریی (**تنوُّع**) لە نێودا پەیدابووە، باڵندەكان لەوێوە هاتوون! هەڵبەتە بۆ خوای پەروەردگار ئاسانە، هەموو ئەو زیندەوەرانەی بردبێتەوە سەر (ئەمیبا)، ژیانداری یەك خانەیی و، لەوێڕا هاتبن، بەڵام دیسان ئەوەش هەر بیردۆزەیەكە، هەروەها بۆ خوای پەروەردگاریش ئاسانە كە هەركام لەو: پەلەوەر و زیندەوەر و ئاژەڵ و دڕندەو ژیاندارانەی كە لەسەر زەوی

www.alibapir.net

دروستی کردوون، هەرکامێکیانیی سەربەخۆ دروست کردبێ، بەڵام بە تەئکید ئەگەر ئەو ژیاندارانە لە یەکدییەوە هاتبن، وەك بیردۆزەکەی (داروین) دەڵێ: کە ئێستا بووە بە ئەفسانە، بە تەئکید مرۆڤ هیچ پەیوەندیی نیە، بەوەوەو، هیچ پەیوەست نیە بەو ئاژەڵ و دروستکراوانەی دیکەوە، چونکە مرۆڤ یەك تایبەتمەندیی زۆر گەورەی هەیە، جگە لەوەی کە عەقڵی هەیەو قسەی هەیە، کە هەندێکیان بۆ پێناسەکەی گوتوویانە: (**حَيـوَانٌ ناطِـق**) (**أو حَيـوَانٌ عاقـل**) گیاندارێکی گۆیایە، یاخود ژیاندارێکی عاقڵە، هەروەها هەندێکیان گوتوویانە: (**حَيـوَانٌ ضَاحِـك وبـاكٍ**) ژیاندارێکە پێدەکەنێ و، دەگری! بەڵام هەموو ئەوانە بێگومان شوێنەواری ڕووحن، نا لە حەقیقەتدا مرۆڤ بە ڕووح لە ژیاندارانی دیکە جیابۆتەوە، ئەوانی دیکە هەموویان ژیانیان هەیە، حەیاتیان تێدایە، بەڵام تاکە دروستکراوێکی خوا کە بەهرەمەند بووبێ لە ڕووح، مرۆڤە [1]، کە خوای پەروەردگار دەفەرمووێ: ﴿ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي .... ﴿٢٩﴾ ﴾ الحجر، دەربارەی ڕووحیش دەفەرمووێ: ﴿ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي ... ﴿٨٥﴾ ﴾ الإسراء، کە ڕووح لە جیهانی فەرمان (**عالم الأمر**)، لە جیهانی خەلق نیە، تاکو ئێمە بتوانین بە پێنج هەستەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، ئنجا دەزانین کە جیهانی خەلق پلە پلە دروست دەبێ، بەڵام ڕووح جۆرە دروستکراوێکی تایبەتی خوایەو، وا پێدەچێ ڕێك بە فەرمانی ڕاستەوخۆی خوای بەرزو مەزن دروست بوو بێ.

٨) جۆرەکانی باڵندە:

زانایانی پەلەوەرناس و باڵندەناس دەڵێن: ئێستا جۆرەکانی باڵندە، لەم قۆناغەی ئێستای ژیانی بەشەردا، بە نۆ هەزار (٩٠٠٠) جۆر مەزەندە دەکرێ، بەڵام ئەو باڵندانەش کە فەوتاون، ئەویش بە هەشت سەد (٨٠٠) جۆر مەزەندە دەکرێن، دەڵێن: هەشت سەد (٨٠٠) جۆر لە باڵندان هەبوون، بەڵام فەوتاون.

---

(١) واپێدەچێ فریشتە (ملائكة) و جند (جِنّ)یش ڕووحیان هەبێ، بەڵام هیچ بەڵگەیەکم - تا ئێستا - پێ شك نایەت، جگە لەوەی هەردووکیان جەستەکەیان لە جۆرێك تیشك (نور - نار) دروستبووە و، مرۆڤیش جەستەکەی لە قوڕ (طين) دروست بووە.

www.alibapir.net

مەسەلەی پازدەیەم:

خوا ماڵەکانتانی گێڕاون بە مایەی نیشتەجێبوون و ئۆخژن و، لە پێستی ئاژەڵان ماڵانێکی سووکباری کاتی سەفەر و نیشتەجێبوونتانی بۆ ڕەخساندوون و، لە خوریی و تووك و مووییان، کەلوپەل و شمەکێکی بۆ ڕەخساندوون، تاکو ماوەیەك:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنۢ بُيُوتِكُمۡ سَكَنٗا وَجَعَلَ لَكُم مِّن جُلُودِ ٱلۡأَنۡعَٰمِ بُيُوتٗا تَسۡتَخِفُّونَهَا يَوۡمَ ظَعۡنِكُمۡ وَيَوۡمَ إِقَامَتِكُمۡ وَمِنۡ أَصۡوَافِهَا وَأَوۡبَارِهَا وَأَشۡعَارِهَآ أَثَٰثٗا وَمَتَٰعًا إِلَىٰ حِينٖ ٨٠﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١- ﴿وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنۢ بُيُوتِكُمۡ سَكَنٗا﴾، هەروەها خوا ﷻ لە ماڵەکانتاندا مایەی سوکنایی و ئیسڕاحەت و ئۆخژنی بۆ ڕەخساندوون.

خوێنراویشەتەوە: (بِیُوت)، واتە: هەم بە (بۆر) (بُیُوت)، هەم بە (ژێر) (بِیُوت)، کە بە تەئکید لێرەدا مەبەست لەو ماڵانە کە مایەی سوکنایی و، ئۆخژنن، ئەوانەن کە لە کەلوپەل و، لە کەرەستەی وەك بەرد و قوڕ و گەچ و ئەوانە دروست دەکرێن.

٢- ﴿وَجَعَلَ لَكُم مِّن جُلُودِ ٱلۡأَنۡعَٰمِ بُيُوتٗا﴾، وێڕای ئەو ماڵانە کە لە شارەکان و، دێیەکان دا بۆی ڕەخساندوون، بەو کەرەستانەی کە لەبەردەستتان دان، بە هەمان شێوە: ماڵانێکیش کە مایەی تێدا ئیسڕاحەتکردن و ئۆخژنتانن، لە پێست و کەوڵی ئاژەڵانیش: حوشتر و ڕەشەوڵاخ و مەڕ و بزن، دروست دەکەن و خوا بۆی ڕەخساندوون.

(جُلُودِ) کە کۆی (جِلْد)ە، واتە: پێست، یان کەوڵ، کە: بریتیە لەو پێستەی دەباغ دەکرێ و، خوریی و، موو و، تووکەکەی لێ دەکرێتەوە.

هەندێکیش گوتوویانە: مەبەست ئەوەیە کە: لەو خوریی و تووك و مووەی، لەسەر پێستەکەیانە، ئەو ماڵانە دروست دەکەن، وەك ڕەشماڵ و چادر و خێوەت.

هەڵبەتە هەردووکیشیان لە یەك کاتدا دەگونجێ مەبەست بن و، هەندێکیان - لەو ماڵانە - هەر لە خودی پێستەکانیان دروست دەکرێن، هەندێکیش لەو خوریی تووك و

www.alibapir.net

مووەی کە لە پێستەکانیان دەکرێنەوە، کە بە عەرەبی هەندێك جۆریان (**خیمة، قبة، خبيء**) یان پێ دەڵێن، کە (**خَيْمَة**) بە (**خِيام**) و، (**خِبيء**) بە (**أخبِية**)، و (**قُبَّة**) بە (**قِباب**) کۆ دەکرێنەوە کە ئێمە بە کوردیی چادر و ڕەشماڵ و تاوڵ و خێوەتیان پێ دەڵێین، ئنجا چ لە موو و تووك و خوورییەکەیان دروست بکرێن، چ لە خودی پێستەکەیان کە لە نێو کوردەواریی ئێمەدا عادەت نەبووە لە پێستەکەیان چادر و ڕەشماڵ و تاوڵ دروست بکرێن، بەڵام لە نێو عەرەب دا، ئەوە بووەو، ئێستاش هەیە.

٣- ﴿تَسْتَخِفُّونَهَا يَوْمَ ظَعْنِكُمْ وَيَوْمَ إِقَامَتِكُمْ﴾، هەم ڕۆژی سەفەرکردنتان (هاتن و چوونتان) و، هەم ڕۆژی نیشتەجێبوونتان (بۆ کاتی نیشتەجێبوونتان) ئەو ماڵانە کە لە پێست و کەوڵ و تووك و موو و خوریی ئەو ئاژەڵانە دروستیان دەکەن، سووك بە دەستتانەوە دێن.

(تَسْتَخِفُّونَهَا) یانی: (**تَجِدُونَهَا خَفِيفَةً**) سووکبارن، سووك و زەنگەڵن، سووك بە دەستتانەوە دێن، (**ظَعْن**) کە خوێنراویشەتەوە: (**ظَعَنْ**)، (**ظَعْن، ظَعَنْ**) کە بە مانای سەفەرو ڕۆیشتن، دێ، (**إقامة**)ش یانی: نیشتەجێبوون.

٤- ﴿وَمِنْ أَصْوَافِهَا وَأَوْبَارِهَا وَأَشْعَارِهَآ أَثَٰثًا وَمَتَٰعًا إِلَىٰ حِينٍ﴾، هەروەها لە خوورییەکانیان و، لە تووکەکانیان و، لە مووەکانیان، کۆمەڵێك کەلوپەل دروست دەکەن و، کۆمەڵێك پێداویستیی تاکو کاتێکی دیارییکراو.

(**الأَثَاثُ: إِسمُ جَمعٍ لِلأَشياءِ الَّتِي تُفْرَشُ فِي البُيُوتِ مِن وَسائِد وبُسُطٍ وَزَرَابِي، وَالمَتَاعُ أَعَمُّ مِنْ أَثَاثٍ، وَلا يَختَصُّ بالبَيْت**).

واتە: (**أَثَاثِ**) بریتییە لەو شتانەی کە لە ماڵدا ڕادەخرێن و، دادەنرێن، وەك: باڵنج و، بەڕەو، سەرین و... هتد، کە لە خوریی و لە تووك و موو دروست دەکرێن [(**أصوَاف**) کۆی (**صُوف**)ە، خوریی، کە هی مەڕ و بەرانە، (**أَوبار**) کۆی (**وَبَر**)ە، واتە: تووك، کە هی حوشترە، بە نێرو مێ وە: (**جَمَل، ناقة**)، (**أَشعَار**)یش کە کۆی (**شَعر**)ە، موو، کە هی بزن و نێریی یە، بەڵام ڕەشەوڵاخ (گاو مانگاو کەڵ و گامێش) هەر پێستەکەیان سوودی لێ دەبینرێ، ئەگەرنا ئەوەندەی موویان پێوە نیە لێی بکرێتەوە.

بەڵام چەمکی وشەی (**مَتَاع**) فراوانترە لە هی (**أثات**) ئەو کەلوپەلانەی کە لە ماڵدا هەبن، بەڵکو هەندێ شتی دیکەش دەگرێتەوە کە لە دەرەوەی ماڵیش سوودیان لێ وەردەگیرێ، کە لە خوریی و تووك و، مووی ئەو ئاژەڵانە دروستیان دەکەن، وەك تێر و

www.alibapir.net

جەواڵ و گوریس و کەژوو و بەڕەو، فەڕش و هەموو ئەو کەلوپەلانەی دیکە، کە لە ژیانی کۆچەریی و، لە ژیانی خەڵکی دەشتەکیی و بیابانشین و خێڵەکیی و، خەڵکی ئاژەڵداردا بەکاردەهێنرێن.

لەبارەی پێست (پێستی ئاژەڵان)ەوە، ئەو دوو فەرموودەیە دێنین:

فەرموودەی یەکەم: {أَيُّمَا إِهَابٍ دُبِغَ فَقَد طَهُرَ} (أَخْرَجَهُ مُسْلِم : ٣٦٦).

واتە: هەر پێستێك دەباغ کرابێ، پاك بۆتەوە، واتە: با ئەو ئاژەڵە مرداریش بوو بێ، کە پێستەکەی دەباغ کرا، پاك دەبێتەوە، ئەگەرنا مادام سەرببڕێ، پێستەکەی هەر بە پاك دادەنرێ، لە ڕووی شەرعییەوە، بەڵام لە ڕووی پزیشکیی و تەندروستییەوە، ئەگەر بۆنی لێبێ، یاخود زیانێکی هەبێ ئەوە شتێکی دیکەیە.

فەرموودەی دووەم: {لاَ تَنْتَفِعُوا مِنَ الْمَيْتة بإِهَابٍ وَلاَ عَصَبٍ} (أَخْرَجَهُ الطيالسي: ١٢٩٣، وَأَحْمَد: ١٨٨٠٤، وَابْنُ أَبِي شَيْبة: ٣٣٨٨٦، وَالتِّرمِذِيُّ: ١٧٢٩، وَقَالَ: حَسَنٌ، وَالنَّسائِيُّ: ٤٢٤٩، وَصَحَّحَهُ الألبانِي).

واتە: لە هیچ شتێکی مردارەوە بوو بەهرەمەند مەبن، نە پیست نە دەمار.

هەندێك لە زانایان گوتوویانە: ئەو دوو فەرمایشتە تێکدەگیرێن.

بەڵام مانایەکەی ئاوایە، لە هیچ شتێکی مردارەوە بوو بەهرەمەند مەبن، گۆشتەکەی ئەوە هیچ، بەڵام بۆ پێستەکەی، واتە: پێش ئەوەی دەباغی بکەن، لێی بەهرەمەند مەبن، بەڵام ئەگەر دەباغ کرا، بێگومان دواى دەباغ پاك دەبێتەوە.

www.alibapir.net

مەسەلەی شازدەیەم:

هەروەها خوا ﷻ لە دروستکراوەکان دا سێبەر و لە چیایەکاندا، پەناگاو مەئوای بۆ مرۆڤان ڕەخساندوون و، پۆشاکی پارێزەر لە سەرما و گەرما و، لە زەبری جەنگیشی بۆ ڕەخساندوون، ئاوا چاکەی خۆی لەسەر تەواو کردوون، تاکو ملکەچی بن:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّمَّا خَلَقَ ظِلَٰلًا وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلۡجِبَالِ أَكۡنَٰنًا وَجَعَلَ لَكُمۡ سَرَٰبِيلَ تَقِيكُمُ ٱلۡحَرَّ وَسَرَٰبِيلَ تَقِيكُم بَأۡسَكُمۡۚ كَذَٰلِكَ يُتِمُّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تُسۡلِمُونَ ٨١ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١- ﴿ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّمَّا خَلَقَ ظِلَٰلًا ﴾، هەروەها خوا لەوەی کە دروستی کردوە لە دیاردە ماددییەکان، سێبەری بۆ ڕەخساندوون.

لێرەدا خوا ﷻ دوو وشەی بەکارهێناون: (جَعَلَ) و (خَلَقَ)، ﴿ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّمَّا خَلَقَ ظِلَٰلًا ﴾، بەنسبەت سێبەرەوە (جَعَلَ)ی بەکارهێناوە، بەڵام بۆ شتەکان کە دروستیکردوون (خَلَقَ)ی بەکارهێناوە، چونکە: شتەکان پەیداکراون، بەڵام سێبەرەکان پێویستییان بە پەیداکردن نیە، سێبەر شتێك نیە پەیدا کرابێ، بەڵکو لە ئەنجامی نەمانی ڕووناکیی دا، سێبەر پەیدا دەبێ، واتە: کاتێك خۆر هەڵدێ لە خۆرهەڵاتەوە، ئەگەر بەرەو قیبلە بوەستی، یەکسەر لای ڕاستت دەبێتە سێبەر، لەبەر ئەوەی تیشکی خۆر نایگاتێ، چونکە دوایی کە خۆر وردە وردە خۆر دێتە نێوەڕاستی ئاسمان، ئەو سێبەرە نامێنێ، کە لەلای ڕاست بووە، بەڵکو ئنجا وردە وردە، کە خۆر دەکەوێتە لای خۆرئاواو بەرەو ئاوا بوون دەچێ، ئنجا سێبەر لەلای چەپەوە پەیدا دەبێ.

کەواتە: لە ڕاستییدا سێبەر شتێك نیە پەیدا کرابێ، بەڵکو لە ئەنجامی نەمانی تیشکدا، نەمانی ڕووناکیی دا، پەیدا دەبێ، بۆیە: (جَعَلَ)، واتە: خوا سێبەرەکانی بۆ گێڕاون، لەو شتانەی کە دروستیکردوون، (**الظِّلَال: جَمْعُ ظِلّ، وَهُوَ كُلُّ مَا يُستظَلُّ بِهِ مِنَ الجَبَلِ وَالبَيتِ والشَّجَرِ**)، واتە: (**ظِلَال**) کۆی (**ظِلّ**)ە، (**ظِلّ**)یش هەر شتێکە کە بە سێبەر لە قەڵەم دابنرێ و خەڵك بچێتە بنی {بۆ خۆ پەنهانکردن لە شتێکی خۆرو هەتاو} لە چیاو ماڵ و، دار و درەخت و... هتد.

www.alibapir.net

٢- ﴿ وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلۡجِبَالِ أَكۡنَٰنٗا ﴾، هەروەها خوا لە چیایەکانیش پەناگای بۆ ڕەخساندوون، ئەشکەوت و چاڵ و چۆڵ و شوێنانێك کە حەشارگە بن و خۆیان تێدا پەنهان بکەن.

(**أَكْنان: جَمْعُ كِنّ، فِعْلٌ بِمَعنَى مَفعُول، أَي: مَكنُونٍ فِيهِ: الغِيرَانُ وَالكُهُوف، غَارُ حِرَاء وغَارُ ثَور**)، (**أَكنان**) کۆی (**كِنّ**)ە، (**كِنّ**) لەسەر کێشی (**فِعل**)ە، بەڵام بە مانای (**مفعول**)ە، واتە: ئەو شوێنەی کە شتی تێدا شێردراوەتەوەو حەشار دراوە، کە مەبەست پێی ئەشکەوتەکان و پەناگاکان و نەدیوەکان و ئەنوایەکانن، لە چیایەکاندا، وەك لە سیرەدا هاتوە: ئەشکەوتی حیراء (**غَارُ حِرَاء**)، {ئەو ئەشکەوتەی کە پێغەمبەر ﷺ پێش ئەوەی خوا بە پێغەمبەر هەڵیبژێرێ و، وەحیی بۆ بنیرێ، خواپەرستیی تێدا دەکرد} و، ئەشکەوتی ثەور (**غَارُ ثَور**)، (ئەو ئەشکەوتەو حەشارگەیەی کە پێغەمبەر ﷺ، لەگەڵ ئەبووبەکری صیددیقی هاوەڵیدا، خوا لێی ڕازی بێ، سێ شەوو سێ ڕۆژان خۆیان تێدا پەنادا، لە کاتێکدا کە کۆچیان کرد بۆ مەدینە لە ترسی کافرەکان).

٣- ﴿ وَجَعَلَ لَكُمۡ سَرَٰبِيلَ تَقِيكُمُ ٱلۡحَرَّ ﴾، هەروەها خوا چەند پۆشاکێکی بۆ گێڕاون کە دەتانپارێزن لە گەرما.

(سَرَٰبِيلَ): (**جَمْعُ سِرْبَال، و السِّربَالُ: هُوَ القَمِيصُ مِنْ أَيِّ نَوْعٍ كان، أَوِ الشِّعَار تَحْتَ الدِّثَار**)، (**سِربَال**) بریتیە: لە کراس لە هەر جۆرێك بێ، ئنجا (**قَمِيص**) کراس ئەوەیە کە سەرتاپا بێ، یاخود لە پشتێن بەرەو ژووری ئینسان داپۆشێ، هەروەها بە ژێرکراسیش دەگوترێ، (**سَروَال**)یش ئەوەیە کە لە پشتێن بەرەو ژێری داپۆشێ، بەڵام جاری واش هەیە کە (**سِربَال**) - ئەگەر قەمیص تەنیا لە پشتێن بەرەو سەر بگرێتەوە - ئەو کات هەموو جەستەی ئینسان دەگرێتەوە، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلَ لَكُمۡ سَرَٰبِيلَ تَقِيكُمُ ٱلۡحَرَّ ﴾، پۆشاکێك کە لە گەرما دەتانپارێزێ، ئنجا لە گەرما بیانپارێزێ، دەبێ هەموو جەستەیان دابگرێ.

٤- ﴿ وَسَرَٰبِيلَ تَقِيكُم بَأۡسَكُمۡ ﴾، هەروەها (خوا) جۆرە پۆشاکانێکیشی بۆ ڕەخساندوون، کە لە کاتی ناڕەحەتیی و شەڕ و جەنگدا، دەتانپارێزێ، کە ئەویش مەبەست پێی زرێ بووە، یاخود ئەو جۆرە پۆشاکانەی ئێستا، کە گوللە نەبڕن و لەبەر دەکرێن، خوای پەروەردگار ئەوانەشی بۆ ڕەخساندوون.

www.alibapir.net

وشەی (بأس) لێرەدا بە مانای جەنگ دێ، بەڵام لە ئەسڵ دا بە مانای ناڕەحەتیی و سەختیی دێ، ئنجا جەنگیش لەبەر ئەوەی ناڕەحەتیی و سەختیی تێدا هەیە و، خەڵکەکە زەبر لە یەکدی دەوەشێنن، واتە: لە زەبر وەشاندنی کاتی جەنگ، دەتانپارێزێ.

٥- ﴿كَذَٰلِكَ يُتِمُّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكُمۡ﴾، ئاوا بەو شێوەیە خوا چاکەی خۆی لەسەر ئێوە تەواو دەکات، ئەمە خوێندراویشەتەوە: (**كَذَلِكَ تَتِمُّ نِعمَتُهُ عَلَيْكُم**)، ئاوا چاکەی خوا لەسەر ئێوە تەواو دەبێ.

٦- ﴿لَعَلَّكُمۡ تُسۡلِمُونَ﴾، بەڵکو ملکەچ بن، خوێنراویشەتەوە: (**لَعَلَّكُم تَسْلَمُون**)، کە ئەمە خوێندنەوەی: (**عكرمة وابن عباس**)ە، خوا لێیان ڕازی بێ، واتە: بەڵکو سەلامەت بن، واتە: تاکو بەهۆی ئەو نیعمەتانەی خواوە، سەلامەت بن، لە سەرماو لە گەرماو، لە کاتی جەنگیش دا، سەلامەت دەبن لە زەبری دوژمنان.

١ / (القرطبي) پرسیارێکی وروژاندوە لە تەفسیرەکەی خۆی دا[1]، دەڵێ: (**إِنْ قَالَ قَائِلٌ: كَيْفَ قَالَ: وَجَعَلَ لَكُم مِنَ الجِبالِ أَكناناً، وَلَم يَذْكر السَّهْلَ؟ وَقَالَ: تَقِيكُمُ الحَرَّ، وَلَم يَذْكر البَرْدَ؟ فالجَوَابُ: أَنَّ القَومَ كانُوا أَصْحَابَ جِبالٍ، وَلَم يَكُونوا أَصحَابَ سَهْلٍ، وَكانُوا أَهلَ حَرٍّ ، وَلَم يَكُونوا أَهلَ بَرِدٍ ، فَذَكر لَهُم نِعَمَهُ الَّتِي تَختَصُّ بِهِم، كَمَا خَصَّهُم بِذِكر الصُّوفِ وَغَيرِهِ، وَلَم يَذكر القُطنَ وَالكَتَّان وَذكر المطر والبَرَد، ولم يَذكر الثَّلجَ، فَإِنَّهُ لَم يَكُن بِبِلاَدِهِم**).

واتە: ئەگەر قسەکەرێك بڵێ: چۆن خوا ﷻ باسی کردوە کە لە چیاکاندا پەناگاو ئەشکەوتی بۆ ڕەخساندوون، بەڵام باسی دەشتی نەکردوە؟ هەروەها باسی ئەوەی کردوە کە لە سەرما دەتانپارێزێ، بەڵام باسی پارێزران لە سەرمای نەکردوە؟

وەڵامەکەی ئەوەیە: کە ئەو دوێنراوانەی یەکەمجار قورئانیان بۆ دابەزێنراوە، خاوەنی چیا بوون و، کەمتر لە پێ دەشتەکان ژیاون، هەروەها ژینگەکەیان، شوێنی گەرما بووەو، شوێنی سەرما نەبووە، تاکو باسی بکات لە سەرما بیانپارێزێ، بۆیە ئەو چاکانەی خۆی بۆ باسکردوون، کە تایبەتن بەوانەوە، هەروەك چۆن باسی خوریی و موو و تووکی کردوە، بەڵام باسی کەرستەکانی دیکەی نەکردوە، وەك لۆکەو کەتان، هەروەها باسی باران و تەرزەی کردوە، بەڵام باسی بەفری نەکردوە، چونکە لە وڵاتی ئەوان نەبووە.

ئنجا لەوبارەوە قسەیەك لە (**ابن عباس**)ەوە دێنێ، کە گوتوویەتی: (**الثَّلجُ شَيءٌ أَبيَضُ يَنزِلُ مِنَ السَّمَاءِ وَمَا رَأَيتُهُ قَطُّ**)، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ، گوتوویەتی: (ثَلج) شتێکی سپییە لە ئاسمانەوە دێتە خوار، بەڵام هەرگیز نەمبینیوە.

(١) الجامع لأحكام القرآن، ج١٠، ص١٥٣.

www.alibapir.net

خـوا ﷻ لـە قورئانـدا بـاسی: بـاران (وَدق) و، (مَطَـر)ی کـردوەو، بـاسی تـەرزە (بَرَد)یـشی کردوە، لـە سـوورەتی: (النـور)دا، بـەڵام بـاسی (ثَلْـج)ی نەکـردوە، لەبەرئـەوەی لـە وڵاتی ئەوانـدا نەبووە.

ئەمـە دەگونجـی وەك (القرطبـي) دەڵـێ: وابـێ و لەبـەر ئـەوە بـێ، خـوا ﷻ ڕەچـاوی حـاڵ واقیعـی ئـەوانی کـردوە، چونکـە ئەگـەر بـاسی (ثَلـج)ی کردبایـە، بۆیـان جێـی پرسـیار دەبـوو، (ثَلج) چیـە؟ هەروەهـا ئەگـەر بـاسی ئـەوەی کردبایـە کـە خـوا لـە سـەرما دەتانپارێـزێ، بۆیـان جێـی پرسـیار دەبـوو، کـوا خـۆ سـەرمامان نیـە، تاکـو لـە سـەرما بمانپارێـزێ ؟

هەرچەنـدە بێگومـان ئـەو شـوێنانەش بـەشی خۆیـان سـەرمایان لـێ هەیـە، بـەڵام بـە هەرحـاڵ ئەمـە وەڵامێکـە.

٢ / وەڵامێکی دیکە ئەوەیە: کە خوا ﷻ کاتێك لە دوو شتی دژو پێچەوانە، یەکێکیان باس دەکات، ئەویدیکەشی مەبەستە، بۆ وێنە:

لێـرەدا کـە دەفەرمـوێ: ﴿سَرَٰبِيلَ تَقِيكُمُ ٱلْحَرَّ﴾، واتـە: لـە گەرمـا دەتانپارێـزێ، هەروەهـا لـە سـەرماش، یـان: کـە دەفەرمـوێ: ﴿وَسَرَٰبِيلَ تَقِيكُم بَأْسَكُمْ﴾، لـە کاتی جەنـگ دا دەتانپارێـزێ، یـانی: لـە کاتی شێنەییشـدا هـەر داتاندەپۆشـێ و لێـی بەهرەمەنـد دەبـن، لەوبـارەوەش شـیعرێکیان هێنـاوە، دەڵـێ:

وَمَا أَدرِي إِذَا يَـمَّـمتُ أَرْضَاً ‌ ‌ ‌ أُرِيدُ الخَـــيْرَ أَيُّهُمَا يَلِينِي
ألخَـــــيرُ الَّذِي أَنا أَبتَغِيهِ ‌ ‌ ‌ أَمِ الشَّرُّ الَّذِي هُوَ يَبتَغِينِي؟

دەڵــێ:

ئەگەر ڕوومکردە ســەر زەمینێك ‌ ‌ ‌ بەهیوای چاکە، نازانم کام لە دووەکان دێ بۆ لام !

(جارێ باسی شەڕو خراپەی هەر نەکردوە، بەڵام یەکسەر دەڵێ:)

ئایا ئەو چاکەیەی کە من دەیخـــوازم ‌ ‌ ‌ یان ئەو خراپەیەی کە ئەو بە دوای من دادێ

واتـە: یەکسـەر کـە بـاسی خێـر دەکـرێ، شـەڕیش دێتـە زەینـەوە، هەروەهـا کـە بـاسی گەرما دەکـرێ، سـەرماش دێتـە زەینـەوە، دیسـان کـە بـاسی کاتی جەنـگ دەکـرێ، کاتی ئاشـتییش دێتـە زەینـەوە، ئـەوەش وەڵامێکی دیکـەی دووەم.

www.alibapir.net

٣ / وەڵامێکی دیکە ئەوەیە: لەبەر ئەوەی کە بەرهەڵستیی مرۆڤ لە بەرانبەر گەرمادا کەمترە، وەك لە سەرما، چونکە جەستە خوا ﷻ وای خوڵقاندوە، خۆی خۆی گەرم دەکاتەوەو، کونەکانی دەگرێ و، مێشك ڕێنمایی دەدا، کە جەستە لە بەرانبەر سەرمادا، بەرهەڵستیی بکات و، خۆی گەرم بکاتەوە.

بەڵام من ئەو وەڵامەم بە دڵ نیە، چونکە جەستە، خوا ﷻ وای خوڵقاندوە لە کاتی گەرماشدا بەبێ ئەوەی کە مرۆڤ بیری لێ بکاتەوە، یەکسەر مێشك فەرمان دەکات، کونەکانی پێست بکرێنەوەو، ئارەق دەربدرێ و، ئەو گەرمایەی کە لەنێو جەستەدا هەیە، وردە وردە بچێتە دەرێ، بۆ ئەوەی جەستە هاوسەنگ بێتەوە، لەگەڵ ئەو گەرمایەدا کە لە دەرەوەی جەستە هەیە.

٤/ منیش دەڵێم: زۆر ئاساییە خوا ﷻ لێرەدا زیاتر خەڵکی دەشتەکیی و بیابانشینی دواندبێ، لەم سێ چوار ئایەتەدا، ئنجا با ئەو سێ چوار ئایەتە تایبەت بن بە خەڵکی دەشتەکیی و بیابانشینەوە، کە لە هەموو دنیادا ئەو جۆرە خەڵکانە هەن، تەنیا لەنێو گەلی عەڕەب دا ئەو جۆرە کەسانە نین!

ئنجا **سبحان اللّٰه!** زۆر لە توێژەرەوانی قورئان لە سۆنگەی ئەوەوە کە لە ناوچەی عەڕەبستان بوون، یان هەر زیاتر وەك ئەوان بیریان کردۆتەوە، وایانزانیوە کە ئەو جۆرە خەڵکە، یان ئەو جۆرە کەلوپەلە، یان ئەو جۆرە ئاژەڵانە، هەر لەوێ هەن، بەڵام ئەوە لە (هیند)یش هەیەو، لە (چین)یش هەیەو، لە (ئەفریقیا)ش هەیەو، لەوپەڕی دنیاش هەیەو، لەوپەڕی دیکەشی هەیە.

کەواتە: خوا ﷻ لەم چەند ئایەتەدا، دەگونجێ کە تەنیا ئەو جۆرە خەڵکەی دواندبێ کە لە بیابانشینن و دەشتەکیی و ڕەوەندن و، ژیانیان لەگەڵ ئاژەڵان دایە، لەسەر کەوڵی ئاژەڵانن و، لێیان بەهرەمەند دەبن، دەگونجێ خوا ﷻ بە تایبەت ئەوانی دواندبێ، کە نەك هەر عەڕەب، بەڵکو هەموو ئەو گەل و نەتەوانەی کە لەو خاڵەدا، لەگەڵ عەڕەباندا هاوبەشن.

بەڵام وەڵامەکانی دیکەش هەر ڕێیان تێدەچێ، کە خوا ﷻ هەر باسی گەرمای کردوە، سەرماش لە بەرانبەری دا و، باسی هەندێ شتی کردوە، شتەکانی دیکەش، یەکسەر دێنە زەینەوە.

www.alibapir.net

مەسەلەی حەڤدەیەم:

خوا ﷻ بە پێغەمبەری خۆی ﷺ ڕایگەیاندوە: کە ئەگەر کافرەکان لامل بوون، ئەوە تۆ بەس گەیاندنی ڕوونی پەیامی خوات لەسەرە، نەك هێنانە سەرڕێیان:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّمَا عَلَيۡكَ ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ﴿٨٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١- ﴿ فَإِن تَوَلَّوۡاْ ﴾، ئنجا ئەگەر پشتیان هەڵکرد، پشتیان تێکردی و ڕوویان وەرگێڕا.

(التَوَلِّي: الإِعْرَاض) ڕوو وەرگێڕان، (أَي: فَلا تَقصِيرَ لَدَيْكَ، وَلا مُؤَاخَذَة عَلَيْكَ)، واتە: هیچ کەمتەرخەمیی لە تۆوە نیەو، هیچ لێپرسینەوەو سزات لەسەر نیە.

٢- ﴿ فَإِنَّمَا عَلَيۡكَ ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ﴾، بێگومان تۆ تەنیا گەیاندنی ڕوون و ئاشکرات لەسەرە، یاخود گەیاندنی ڕوونکەرەوەو ئاشکراکەرت لەسەرە.

شایانی باسە: وشەی: (بلاغ) سێ واتای هەن:

یەکەم: بریتیە لە گەیشتن، گەیشتن بە ئەوپەڕی ئامانج و، کۆتاییەکەی.

دووەم: واتە: (تَبلِيغ)، واتە: ڕاگەیاندن، ﴿ هَٰذَا بَلَٰغٞ لِّلنَّاسِ ﴿٥٢﴾ ﴾إبراهيم، ئەمە گەیاندن و ڕاگەیاندنە بۆ خەڵك.

سێیەم: (البَلاَغُ)، یانی: (الكِفَاية)، واتە: شتێك بەس بێ بۆ شتێك و کافی بێ بۆی، ﴿ إِنَّ فِي هَٰذَا لَبَلَٰغٗا لِّقَوۡمٍ عَٰبِدِينَ ﴿١٠٦﴾ ﴾الأنبياء، واتە: لەمەدا کیفایەت و بەس بوون هەیە، بۆ کۆمەڵێك کە بەندایەتیی بۆ خوا ﷻ بکەن.

www.alibapir.net

مەسەلەی هەژدەیەم و کۆتایی:

خوا ڕایگەیاندوە: کە بێبڕوایەکان چاکەی خوا دەزانن، بەڵام نکووڵیی لێ دەکەن و، زۆربەیان سپڵەو ناسوپاسن:

خوا عز و جلّ دەفەرموێ: ﴿ يَعۡرِفُونَ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا وَأَكۡثَرُهُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ٨٣ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١- ﴿ يَعۡرِفُونَ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ ﴾، (ئەوان) چاکەی خوا دەزانن، واتە: دەزانن کە لە خواوەیەو، خوا ئەو نیعمەتانەی بۆ ڕەخساندوون.

٢- ﴿ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا ﴾، کەچی دواییش نکووڵیی لێدەکەن، (ثُمَّ) ئەمە بۆ ڕیزبەندیی پلەپلە پلەییە، یانی: (التَّرتِيب الرُّتبِي)، یانی: لەگەڵ ئەوەش دا کە چاکەکانی خوا دەزانن، کەچی دەچن نکووڵییان لێدەکەن.

{الإنكَارُ: ضِدُّ العِرْفَان، أَنكرتُ كَذَا، وَنَكرتُهُ، وَأَصْلُهُ: أَن يَرِدَ عَلَى القَلْبِ، مَا لاَ يَتَصَوَّرُهُ وَذَلِكَ ضَرْبٌ مِنَ الجَهلِ: ﴿ فَلَمَّا رَءَآ أَيۡدِيَهُمۡ لَا تَصِلُ إِلَيۡهِ نَكِرَهُمۡ ٧٠ ﴾ هود، ﴿ فَدَخَلُواْ عَلَيۡهِ فَعَرَفَهُمۡ وَهُمۡ لَهُۥ مُنكِرُونَ ٥٨ ﴾ يوسف، وَلاَ يَستعمِلُ فِيمَا يُنكر باللِّسانِ، وَ سَبَبُ الإِنكارِ باللِّسانِ هُوَ الإِنكارُ بالقَلْبِ، وَلكِن رُبّمَا يُنكر اللِّسانُ الشَيءَ، وَصُورَتُهُ فِي القَلْبِ حَاصِلَةٌ، وَيَكُونُ فِي ذَلِكَ كاذِباً، وَعَلَى ذَلِكَ قَولُهُ تَعَالَى: ﴿ يَعۡرِفُونَ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا ٨٣ ﴾ النحل، ﴿ أَمۡ لَمۡ يَعۡرِفُواْ رَسُولَهُمۡ فَهُمۡ لَهُۥ مُنكِرُونَ ٦٩ ﴾ المؤمنون، ﴿ فَأَيَّ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ تُنكِرُونَ ٨١ ﴾ غافر}.

واتە: (إنكار)، یانی: نەزانین، نەناسین، پێچەوانەی عیرفانە، عیرفان، واتە: زانین و ناسین، (أَنكرتُ كَذَا وَنَكرتُهُ)، واتە: ئەو شتەم نەناسی، یان نەمزانی، ئەمیش لە ئەصڵدا ئەوەیە کە شتێك بەسەر دڵ و عەقڵی مرۆڤ دابێ، کە وێنای ناکات، کە ئەوە جۆرێکە لە نەزانین، وەك دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا رَءَآ أَيۡدِيَهُمۡ لَا تَصِلُ إِلَيۡهِ نَكِرَهُمۡ ٧٠ ﴾ هود، واتە: کاتێك ئیبراهیم عليه السلام دەستی فریشتەکانی بینیی بۆ خواردنەکە نەدەچوو، بە نامۆی هاتنە بەرچاو: نەناسراو.

www.alibapir.net

یـان بـە نسـبەت (یوسـوف)ەوە کـە برایـەکانی دەچـن بـۆ لای: ﴿فَدَخَلُواْ عَلَيْهِ فَعَرَفَهُمْ وَهُمْ لَهُۥ مُنكِرُونَ ﴿٥٨﴾﴾ یوسـف، برایـەکان لێـی وەژوور کەوتـن، ئـەو ناسـینی، بـەڵام ئـەوان بـۆ وی نەنـاس بـوون، نەیانناسی، کەواتـە: (عَرَفَهُم) واتـە: ئـەو پێیان ئاشنا بـوو، بـەڵام ﴿وَهُمْ لَهُۥ مُنكِرُونَ ﴿٥٨﴾﴾ یوسـف، ئـەوان نـا ئاشـنا بـوون بـەوی، واتـە: نەیاننـاسی.

جـاری وا هەیـە وشـەی (**إنـكار**)، یـان (**أَنكـرتُ**) یـان (**نَكـرتُ**)، بەکاردەهێـنرێ، بـۆ شـتێك کـە بـە زمـان نکووڵیـی لێدەکـرێ، هـۆکاری ئـەوەش کـە زمـان نکووڵیـی لـە شـتێك دەکات، لەبەرئـەوەی بـە دڵ نکووڵیـی لێـدەکات و، بـە دڵ نایناسـێ، پیـی ئاشـنا نیـە، بـە زمانیـش نکووڵیـی لێـدەکات، بـەڵام جاری واش هەیـە، زمان نکووڵیـی لـە شـتێك دەکات، کـە وێنەکـەی لـە دڵ و لـە عەقـڵ دا هەیـە، لـەو حاڵەتـەدا ئـەو کەسـە بـە درۆزن دادەنـرێ، وەك خـوای بـەرز دەفەرمـوێ: ﴿يَعْرِفُونَ نِعْمَتَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا﴾، چاکـەی خـوا دەناسـن، بـەڵام دوایـی نکووڵیـی لێدەکـەن، کـە ئەمـە لـەو جۆرەیانـە، واتـە: بـە عەقـڵ و دڵ دەزانـن: ئـەوە چاکـەی خوایـە، بـەڵام بـە زمـان نکووڵیـی لێدەکـەن و دانی پێداناهێنـن.

هەروەهـا کـە لـە سـوورەتی: (**المؤمنـون**)دا دەفەرمـوێ: ﴿أَمْ لَمْ يَعْرِفُواْ رَسُولَهُمْ فَهُمْ لَهُۥ مُنكِرُونَ ﴿٦٩﴾﴾، ئایـا ڕەوانەکراوەکەیـان ناناسـن بۆیـە نکووڵیـی لـێ دەکـەن؟ واتـە: بـە دڵ دەیناسـن، چونکـە ئـەم هەمـزە (أ)یـە، هەمـزەی ئیسـتیفهامی ئینکارییـە، واتـە: دەیناسـن، کـە ئـەوە پێغەمبـەری خوایـە ﷺ، بـەڵام بـە زمـان نکووڵیـی لێدەکـەن و دانی پێـدا ناهێنـن.

هەروەهـا لـە سـوورەتی (**غافـر**)دا کـە دەفەرمـوێ: ﴿فَأَيَّ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ تُنكِرُونَ ﴿٨١﴾﴾، کام لـە نیشـانەکانی خـوا نکووڵیـی لێدەکـەن، واتـە: هەموویـان دەزانـن بـە عەقـڵ و دڵتـان، بـەڵام بـە زمـان نکووڵییـان لـێ دەکـەن و، دانیـان پێداناهێنـن.

٣- ﴿وَأَكْثَرُهُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾، زۆربەیان کافرن، زۆربەی مانا لێکدەرەوانی قوڕئان، وشەی (ٱلْكَٰفِرُونَ)یان لێرەدا، بە (بێبڕوایان) لێکداوەتەوەو (**کفر**) یان (**کفر الإعتقاد**) مانا کردوە، بۆیە گوتوویانە: ئەوانە هەموویان کافر بوون، ئەدی بۆچی فەرموویەتی: زۆربەیان ؟

چەند وەڵامێکیان داونەوە:

١/ هەندێکیان گوتوویانە: (**أكثَر**) لێرەدا مانای (**جَميع**)ە، یانی: (**جَميعُهُم كافِرُون**)، کە ئەوە وەڵامێکی بێهێزە، چونکە خوا دەیتوانی بفەرموێ: (**وَكُلُّهُم كافِرُون**)، یان (**جَميعُهُم كافِرُون**)، بەڵام کە دەفەرموێ: (**أَكثَرُهُم**) دیارە (**أَكثَرُهُم**) لە (**كُلُّهُم**) و (**جَميعُهُم**) جیایە.

www.alibapir.net

٢/ هەندێکیان گوتوویانە: بۆیە فەرموویەتی: (**أَكْثَرُهُم**)، (**لأَنَّ فِيهِم مَنْ يُؤْمِنُ**)، چونکە تێیاندا هەیە، دوایی بڕوا دێنێ.

ئەمە ڕێی تێدەچێ.

٣/ گوتوویانە: (**أَكْثَرُهُم: لأَنَّ مِنهُم مَنْ لَم تَبلُغه الدعوَةُ فَيُنكرهَا كَي يُعتَبَرَ كافِراً: أَي ساتِراً لِلحَق**)، واتە: بۆیە فەرموویەتی: زۆربەیان چونکە هەیانبووە، بانگەوازی پێ نەگەیشتوە تاکو نکوولیی لێ بکات و، بەهۆی ئەوەوە بە (**کافر**) دابنرێ، چونکە (**کافِر**، **ساتر**) واتە: هەقی پێگەیشتوە، بەڵام داپۆشیوە.

٤/ وەڵامێکی دیکە کە هی (**محمد حسين الطَّباطَبائي**)یە، لە تەفسیری (**الميزان**)دا دەڵێ: ﴿ وَأَكۡثَرُهُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴾، (**أَي كامِلُونَ فِي الكُفرِ**)، زۆربەیان تەواویان کردوە لە کوفردا، یانی: کافری تەواون.

٥/ (**الشعراوي**) لە (**خواطر**)[1]دا، دەڵێ: (**هَذَا أُسلُوبٌ قُرآنِيٌّ لِصِيانة الإِحتِمَالِ وَللإِحتِياطِ لِلقِلَّةِ الَّتِي تُفَكر فِي الإِسْلَام... وَكَذَلِكَ مُرَاعَاةً لِهؤُلاءِ الَّذِيْنَ لَم يَبلُغُوا حَدَّ التَّكلِيفِ مِنْ أَبْنَاءِ الكُفَّار**)، ئەوەش وەڵامێکی بەجێیە.

واتە: ئەمە شێوازێکی قورئانییە بۆ پارێزگاریی لێکردنی (ئەگەر) و، بۆ دووربینیی بۆ ئەو کەمینەیەی کە مسوڵمان نین، بەڵام بیردەکەنەوە لە ئیسلام، هەروەها بۆ ڕەچاوکردن و لەبەرچاوگرتنی ئەوانەی لە ڕۆڵەکانی کافرەکان، نەگەیشتوونە ڕاددەی باڵغ بوون، تاکو بە کافر لە قەڵەم بدرێن و، جارێ تەکلیفی شەرعیی ڕووی تێ نەکردوون.

٦/ بەڵام من وای تێدەگەم کە: لێرەدا (**کفر**) مەبەست پێی کوفری ئیعتیقادیی نیە، چونکە سیاقەکەو هەموو ئایەتەکان باسی چاکەو نیعمەتەکانی خوا دەکەن و، هەر ئەم ئایەتەش: ﴿ يَعۡرِفُونَ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا وَأَكۡثَرُهُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴾، باس باسی بڕوا بە خوا نەهێنان و ئیعتیقاد نەبوون بە خواو ئەوانە نیە، بەڵکو باس باسی نیعمەتەکانی خوایە، واتە: چاکەکانی خوا دەناسن، بەڵام نکوولییان لێدەکەن و، زۆربەیان سپڵەن، ناسوپاسن.

کەواتە: لێرەدا مەبەست لە کوفر، کوفرانی نیعمەتە، نەك کوفری ئیعتیقادیی، ئنجا ئایا مەبەست لەوە چیە؟ مەبەست ئەوەیە کە هەندێك لە کافرەکان بەڵێ: هەموویان بێبڕوا بوون، نەك تەنیا زۆربەیان، بەڵام هەموویان سپڵەو ناسوپاس و بێ ئەمەگ نەبوون، هەیانبووە چاکەکانی خوای میهرەبان و چاکەکاری لەبەرچاوبوون، واتە: سپڵەو ناسوپاس نەبووە، ئنجا جاری وایە کەسێك کافرە، بەڵام سیفەتێکی باشی تێدایە، یانی: هەندێکیان

(١) بەرگی (١٣)، لاپەڕە: (٨١٣٨ - ٨١٣٩)دا.

www.alibapir.net

شوکرانە بژێر بوون و، سوپاسی خوایان کردوە، ئەو چاکەو نیعمەتانەیان لە خوا زانیوە و، تا ڕاددەیەك بە شوکری ئەو نیعمەتانە هەڵساون، بۆ وێنە: سەخاوەتیان کردوە، یارمەتیی خەڵکیان داوە، وەك (**حاتم الطائي**) و هەندێك لە پیاوانی دیکە کە لە نێو عەرەب دا بوون، هەیانبووە چەندان کچ، کە بابیان بە تەما بوون، زیندە بەچاڵیان بکەن، گوتوویەتی: بێنە ئەو کچە بدە بە من، بەخێوی دەکەم، کە گەورە بوو دەتدەمەوە !

کەواتە: ﴿وَأَكۡثَرُهُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾، یانی: زۆربەیان سپڵەو ناسوپاسن، بەڵام هەندێکیشیان تێدان کە شوکری نیعمەتی خوا دەکەن، ئەو وەڵامە کە مەرج نیە هەر من گوتبێتم، بەڵام لە تەفسیرەکان دا نەمبینی، ئەم وەڵامەم پێ بەهێزترە، هەڵبەتە: ئەوانی دیکەش وەك گوتم: زۆربەیان ڕێیان تێدەچێ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

www.alibapir.net

دەرسی حەوتەم

www.alibapir.net

www.alibapir.net

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان ئایەتـەکانی (٨٤ - ٨٩)، واتـە: شـەش (٦) ئایـەت دەگرێتـە خـۆی و، لـەو شـەش ئایەتـەدا، خـوا ﷻ بـاسی سـەرەنجامی شـوومی بێبـڕواو هاوبـەش دانـەران دەکات، لـە ڕۆژی دوایـی دا، کـە چـۆن پەشـێمان دەبنـەوەو، پەرسـتراوەکانیان لـێ بـزر دەبـن و، ملکەچیـی بـۆ خـوا دەردەبـڕن و، لـە نێـو خۆیانـدا، دەکەونـە دەمەقاڵـێ و قسـە بـە یەکـدی گوتـن و، سـەرکۆنەی یەکـدی کـردن.

لـە کۆتایـی دا خـوا ﷻ ڕایدەگەیەنـێ: کـە کتێبێـکی بـۆ پێغەمبـەری کۆتایـی موحەممـەد ﷺ نـاردوە، کتێبێـکی بـۆ دابەزانـدوە، کـە ڕۆشـنکەرەوەی هەمـوو شـتێك و، ڕێنمایـی و بەزەیـی و موژدەیـە بـۆ مسـوڵمانان، ڕوونکردنـەوەی هەمـوو شـتێك، واتـە: هەمـوو شـتێك وەك بەرنامـەی ژیـان و گوزەرانـی مـرۆڤ، کـە پەکـی لەسـەر وەحیـی بکـەوێ: ڕوونی دەکاتـەوە.

﴿ وَيَوْمَ نَبْعَثُ مِن كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا ثُمَّ لَا يُؤْذَنُ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ ﴿٨٤﴾ وَإِذَا
رَءَا ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ٱلْعَذَابَ فَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُمْ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ ﴿٨٥﴾ وَإِذَا رَءَا ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟
شُرَكَآءَهُمْ قَالُوا۟ رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ شُرَكَآؤُنَا ٱلَّذِينَ كُنَّا نَدْعُوا۟ مِن دُونِكَ ۖ فَأَلْقَوْا۟ إِلَيْهِمُ
ٱلْقَوْلَ إِنَّكُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿٨٦﴾ وَأَلْقَوْا۟ إِلَى ٱللَّهِ يَوْمَئِذٍ ٱلسَّلَمَ ۖ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟
يَفْتَرُونَ ﴿٨٧﴾ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ زِدْنَٰهُمْ عَذَابًا فَوْقَ ٱلْعَذَابِ بِمَا كَانُوا۟
يُفْسِدُونَ ﴿٨٨﴾ وَيَوْمَ نَبْعَثُ فِى كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا عَلَيْهِم مِّنْ أَنفُسِهِمْ ۖ وَجِئْنَا بِكَ شَهِيدًا عَلَىٰ
هَٰٓؤُلَآءِ ۚ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ تِبْيَٰنًا لِّكُلِّ شَىْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ ﴿٨٩﴾ ﴾

www.alibapir.net

مانای دەقا و دەقی ئایەتەكان

{هەروەها ئەو ڕۆژە (ڕۆژێكی زۆر مەزنە)، كە لە نێو هەر كۆمەڵێكدا شایەدێك دێنین (شایەدییان لەسەر بدات)، ئنجا ئەوانەی ستەمیان كرد بوو، مۆڵەتیان نادرێ (هیچ بڵێن) و، داواشیان لێ ناكرێ داوای لێبوردن بكەن (و خوا ڕازی بكەن) ﴿٨٤﴾ هەر كاتیش ئەوانەی ستەمیان كردوە، سزاو ئازاریان بینی، نە لەسەریان سووك دەكرێ و، نە مۆڵەتیشیان دەدرێ و دوادەخرێن ﴿٨٥﴾ هەروەها كاتێك ئەوانەی هاوبەشیان (بۆ خوا) داناوە، هاوبەشەكانیان دیتن، دەڵێن: پەروەردگارمان! ئەوانە ئەو هاوبەشانەمان بوون كە لە جیاتی تۆ لێیان دەپاڕاینەوە، ئەوانیش (هاوبەشەكان وەڵامیان دانەوەو) قسەكەیان بۆ فڕێدانەوە (و گوتیان): بێگومان ئێوە درۆكارن ﴿٨٦﴾ لەو ڕۆژەدا (هەموویان) مل كەچییان بۆ خوا دەربڕی و، ئەوەی هەڵیاندەبەست (لە هاوبەشان بۆ خوا) لێیان ون بوون ﴿٨٧﴾ ئەوانەی بێبڕوا بوون و، خەڵكیان لەڕێی خوا لادا، سزا لەسەر سزا بۆیان زێدە دەكەین، بەهۆی ئەوەوە كە تێكدانیان لە زەویدا دەكرد ﴿٨٨﴾ ئەو ڕۆژەش (ڕۆژێكی بیرەزایە) كە لە هەر كۆمەڵێك لە خۆیان شایەدێكیان بەسەرەوە دێنین، تۆش (ئەی موحەممەد!) بە شایەد بەسەر ئەوانەوە (كە تۆ بۆ لایان ڕەوانكراوی) دینین، كتێبیشمان دابەزاندۆتە سەرت، ڕوونكەرەوەی هەموو شتێكە، (كە پێویستیی بە ڕوونكردنەوەی خوا هەبێ) و، ڕێنمایی و بەزەیی و موژدەیە بۆ گەردنكەچان (بۆ خوا) ﴿٨٩﴾}.

www.alibapir.net

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(نَبْعَثُ): واتە: دەینێرین، یان زیندووی دەکەینەوە، (أَصْلُ البَعثِ: إثارَةُ الشَّيئِ وَتوجيهُهُ، وَيَخْتَلِفُ البَعْثُ بِحَسَبِ اخْتِلاَفِ مَا عَلَقَ بِهِ: بَعَثَ البَعِيرَ، بَعَثَ اللَّهُ المَوتَى..)، وشەی (بَعث) لە ڕیشەدا پەیداکردنی شتێك و ئاڕاستەکردنی شتێکەو، بە پێی ئەوەی پێیەوە پەیوەست دەبێ، ماناکەی دەگۆڕێ، (بَعَثَ البَعِيرَ)، واتە: حوشترەکەی هەڵساند، بەڵام (بَعَثَ اللَّهُ المَوتَى)، خوا مردووەکانی زیندوو کردەوە، کە لێرە مەبەست لە ﴿ وَيَوْمَ نَبْعَثُ ﴾، واتە: ئەو ڕۆژەی کە دوای مردنیان، زیندوویان دەکەینەوە، هەڵیان دەسێنینەوە.

(وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ): (عَتَب): هەر شوێنێکە، کە کەسێك بیەوێ لەسەری دابنیشێ و، بەرز بێ لە بنی دا، بۆیە (عَتَبة الباب)، واتە: شیپانەی دەرگا، ئەو کۆسپەی پێش دەرگا، (إستعتَبَ: طَلَبَ الإِعْتَابَ)، داوای (إِعتاب)ی کرد، (وَالإِعتَابُ: إِزَالَةُ الشَّكْوَى والعِتَاب)، (إعتاب)، بریتیە: لە لابردنی سکاڵاو لابردنی (عِتاب) و، (عُتبَى)ش ناوە لە (إعتاب)، (عُتبَى)، واتە: ڕازییکردن، ئنجا (وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ)، واتە: داوایان لێ ناکرێ، داوای لێبووردن بکەن، یان داوایان لێ ناکرێ کە خوا ڕازی بکەن و، عوزری بۆ بێننەوەو داوای لێبووردنی لێ بکەن و، خوا ڕازی بکەن، چونکە قیامەت شوێنی ئەوە نیە.

(فَأَلْقَوْا إِلَيْهِمُ الْقَوْلَ): واتە: قسەیان بۆ فڕێدان، (أَلْقَيْتُ الشَّيءَ: طَرَحْتُهُ، وَأَلْقَيتُ إِلَيْهِ القَولَ: أَبْلَغْتُهُ، وَأَلقَيتُ عَلَيهِ: أَمْلَيتُ عَلَيهِ)، (أَلْقَيْتُ الشَّيءَ)، واتە: شتەکەم فڕێدا، هاویشتم، (وَأَلقَيتُ إِلَيهِ القَولَ)، واتە: قسەکەم گەیاندێ، بەڵام (وَأَلْقَيْتُ عَلَيهِ)، واتە: بەسەرم دا خوێندەوە.

(السَّلَمَ): (سِلْمُ، وَسَلْمُ، سَلَم) هەرسێکیان بە مانای صوڵح و ئاشتەوایی و تەبایی و ملکەچیی دێن، بە (مُذَكَّر) دێن و، بە (مُؤَنَّث)یش.

(تِبْيَانًا): واتە: ڕوونکردنەوە، (بَيَّنَ الشَّيءَ، تَبيِيناً وَتبيانا: أَوْضَحَهُ تَوْضِيحاً)، (تِبْيَانًا): یانی: (بیان)، ڕوونکردنەوە، بەڵام دیارە ماناکەی بەهێزترە لە (بیان)، واتە: ڕوونکردنەوەیەکی باش، یان ڕوونکردنەوەیەك بە تۆخیی.

www.alibapir.net

مانای گشتی ئایەتەکان

خوا ﷻ لەم شەش ئایەتەدا وەك لە پێناسەکەیاندا گوتمان: باسی سەرەنجامی شوومی بێبڕوایان دەکات لە ڕۆژی دوایی دا، کە چۆن خوا ﷻ شایەدانیان بەسەرەوە دێنێ و، چۆن ڕێیان نادرێ کە نە داوای لێبوردن لە خوا بکەن، نە قسەیەك بکەن، نە خوا ڕازی بکەن و، پاشان لەنێو خۆیان دا، چۆن دەکەونە مشتومڕو گلەیی و بناشت لە یەکدی کردن.

خوا دەفەرمویٚ: ﴿ وَيَوْمَ نَبْعَثُ مِن كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا ﴾، ئەو ڕۆژە کە لە هەموو کۆمەڵگایەك، لە هەموو کۆمەڵە خەڵکێك، شایەدێکیان بەسەرەوە دێنین، واتە: ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی گەورەیە، یاخود یادی ئەو ڕۆژە بکەوە، ئەو ڕۆژە بێنە بەرچاوی خۆت، کە لە هەر کۆمەڵگایەك شایەدێکیان بەسەرەوە دێنین، کە وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا، باسی دەکەین، مەبەست لەو شایەدانە، پێغەمبەرانن (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، دەشگونجێ لە دوای پێغەمبەران، مەبەست میراتگرانی پێغەمبەرانیش بن، هەر کەسێك کە لە نێو کۆمەڵگاو ئوممەتێك دا، بەڵگەی خوایان لەسەر تەواو بکات و پەیامی خوایان پێ ڕابگەیەنێ، لە ڕۆژی دواییشدا لەسەریان دەبێتە شایەد، ﴿ ثُمَّ لَا يُؤْذَنُ لِلَّذِينَ كَفَرُوا ﴾، پاشان ئەوانەی کە بێبڕوا بوون، مۆڵەتیان نادرێ، مۆڵەتیان بەچی نادرێ؟ یانی: مۆڵەتیان نادرێ قسە بکەن، مۆڵەتیان نادرێ داوای لێبوردن بکەن، مۆڵەتیان نادرێ بەرگریی لە خۆ بکەن و، قسەی بێجێ بکەن، ﴿ وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ ﴾، هەروەها داواشیان لێ ناکرێ: داوای لێبوردن بکەن و، خوا ڕازی بکەن و، پۆزش بۆ خوا بێننەوە ﷻ.

﴿ وَإِذَا رَءَا الَّذِينَ ظَلَمُوا الْعَذَابَ ﴾، هەروەها کاتێك ئەوانەی ستەمیان کردوە، سزایان بینی، ئازاری خوایان بینی، ﴿ فَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُمْ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ ﴾، نە لەسەریان سووك دەکرێ و، نە مۆڵەتیش دەدرێن، چاوەڕوانییان ناکرێ و، دوا ناخرێن.

کە مەبەست لە: (الْعَذَابَ)، لێرەدا زیاتر وا پێدەچێ سزای ڕۆژی دوایی، (دۆزەخ بێ)، دەشگونجێ سزاو بەڵایەك بێ، کە خوا دەینێرێ بۆ لەبەینبردنی کۆمەڵگاکان، یاخود مەبەست پێی سزای سەرەمەرگ بێ، بۆ هەر مرۆڤێك کە لەسەر کوفر و زوڵم و خراپە دەمرێ.

www.alibapir.net

﴿ وَإِذَا رَءَا ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ شُرَكَآءَهُمْ ﴾، کاتێـك ئەوانـەی هاوبەشـیان دانـاوە، هاوبەشـەکانی خۆیـان دەبینـن، لـە ڕۆژی دواییـدا، ﴿ قَالُوا۟ رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ شُرَكَآؤُنَا ٱلَّذِينَ كُنَّا نَدْعُوا۟ مِن دُونِكَ ﴾، کاتێـك دەیانبینـن، چـی دەڵێـن؟ خـوا بـە کـرداری ڕابـردوو هێناویـەتی، هەرچەنـدە جـارێ ئـەو قیامەتـە نەهاتـوە، بـەڵام چونکـە بـۆ خـوا ﷻ ئاسـانە و هەمـوو شـتێك لەبەردەسـتی خوادایـەو، هیـچ شـتێکی لەبـەر عاسـێ نابـێ، بۆیـە: وەك هاتبـێ و تێپەڕیبـێ، گوتیـان: پەروەردگارمـان! ئـا ئەوانـە ئـەو هاوبەشـانەمان بـوون کـە لـە جیاتی تـۆ، لـە خـوار تـۆوە لێیـان دەپاڕاینـەوە، ﴿ فَأَلْقَوْا۟ إِلَيْهِمُ ٱلْقَوْلَ إِنَّكُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴾، کەچـی هاوبەشـەکانیان قسـەیان بـۆ فڕێدانـەوە، گوتیـان: بێگومـان ئێـوە درۆ کارن، درۆزنـن، واتـە: ئێـوە ئێمەتـان نەدەپەرسـت.

﴿ وَأَلْقَوْا۟ إِلَى ٱللَّهِ يَوْمَئِذٍ ٱلسَّلَمَ ﴾، هەروەهـا لـەو ڕۆژەدا، ملکەچییـان بـۆ خـوا فڕێـدا، ملکەچییـان بـۆ خـوا خسـتە ڕوو، وەك چـۆن کەسـێك لـە بەرانبـەر دوژمنەکەیـدا، تەسـلیم دەبـێ و چەکەکـەی بـۆ فـڕێ دەدا، ئەوانیـش ئـاوا تەسـلیم بـوون، خۆیـان بەدەسـتەوەدا، ﴿ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴾، ئـەوەش کـە هەڵیـان دەبەسـت، لێیـان ونبـوو، لێیـان بزربـوو، بێسـەر و شـوێن بـوو، ئایـا ئـەوەی هەڵیاندەبەسـت چـی بـوو؟ بریتـی بـوو لـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـان، چونکـە خـوا ﷻ نـە لـە دنیـا و نـە لـە دواڕۆژدا، هاوبـەشی نیـە (هـەر خـوا خوایـە، ئـەوی دیکـە هەمـووی کاو بایـە)، بۆیـە ئەوانـە بـەدوای وەهـم و گومـان کەوتبـوون، شـەیتان فێڵـی لێکـرد بـوون و، چـوو بـووە زەینیانـەوە، کـە ئەوانـە هاوبـەشی خـوان، بـەڵام موسـتەحیلە خـوا ﷻ هاوبـەشی هەبـێ، لـە نێـو دروسـتکراوەکانی دا، کـە خـۆی دروسـتی کـردوون! ﴿ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ زِدْنَٰهُمْ عَذَابًا فَوْقَ ٱلْعَذَابِ بِمَا كَانُوا۟ يُفْسِدُونَ ﴾، ئەوانـەی بێبـڕوا بـوون و، خەڵکیشـیان لـە ڕێـی خـوا لاداوە، سـزا لەسـەر سـزایان بـۆ زیـاد دەکەیـن، بەهـۆی ئـەو خراپەکارییـەوە کـە دەیانکـرد، بەهـۆی ئـەو تێکدانـەوە، کـە دەیانکـرد، بەوەنـدە ئیکتیفایـان نەکـرد بـوو کـە خۆیـان لەڕێـی خـوا لابـدەن، خەڵکیشـیان لـە ڕێـی خـوا لادەدا، بۆیـە خـوا ﷻ لـە سـەرووی سـزای خۆیانـەوە، سـزای دیکەشـیان بـۆ زیـاد دەکات.

لـە کۆتایـی دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَيَوْمَ نَبْعَثُ فِى كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا عَلَيْهِم مِّنْ أَنفُسِهِمْ ﴾، ئـەو ڕۆژەش کـە لـە هـەر کۆمەڵگایـەك لـە خۆیـان شـایەدێکیان بەسـەرەوە دەگریـن، ئـەو ڕۆژە ڕۆژێـکی مەزنـە، یاخـود یـادی ئـەو ڕۆژە بکـەوە، بیهێنـە بەرچـاوی خـۆت، ﴿ وَجِئْنَا بِكَ شَهِيدًا عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ ﴾، هەروەهـا ئـەو ڕۆژە کـە تۆشـمان هێنـا شـایەد بـی، بەسـەر ئەمانـەوە،

www.alibapir.net

(ئەوانەی کە پێغەمبەری خوا (موحەممەد) ﷺ بۆیان ڕەوانە کراوە)، کە هەم کافرەکانی ڕۆژگاری خۆی و، هەم هەمووو بەشەر تاکو تاکە مرۆڤێك لەسەر زەوی مابێ، ئەوانە هەموویان ئەو خەڵکەن کە پێغەمبەر ﷺ بەسەریانەوە دەبێتە شایەد.

﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ تِبْيَٰنًا لِّكُلِّ شَىْءٍ﴾، کتێبیشمان دابەزاندۆتە سەر تۆ، ڕوونکەرەوەی هەمووو شتێکە، زۆر چاکی ڕوون دەکاتەوە.

یەکێك بۆی هەیە بڵێ: کوا خوا ﷻ لە قورئان دا بۆی باس نەکردووین: چۆن کۆمپیوتەر دروست بکەین؟ چۆن فڕۆکە دروست بکەین؟ چۆن: ڕۆکێت دروست بکەین؟ بۆیە وەك دوایی باسی دەکەین لە مەسەلە گرنگەکاندا، واتە: هەمووو شتێك کە پێویستیی بە ڕوونکردنەوەی خوا هەبێ، بەڵام ئەوەی لە مەودای عەقڵی خۆتاندایەو، خۆتان دەتوانن دەرکی بکەن، خوا بە پێویستی نەزانیوە ئەوە ڕوون بکاتەوە، بەڵکو شتێك کە لە مەودای عەقڵی بەشەر بەدەر بێ و، مرۆڤ خۆی فیکری پێ نەشێ، خوا ئەو شتانەتان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

﴿وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ﴾، هەروەها (قورئان) ڕێنمایی و بەزەییەو، مژدەشە، بۆ بۆخوا ملکەچان، بۆ ئەوانەی گەردنکەچی خوان.

www.alibapir.net

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

لە ڕۆژی دوایی دا، خوا هەر کۆمەڵگایەك شایەدێکی لەسەر ڕاست دەکاتەوە، پاشان مۆڵەت نادرێتە بێبڕوایەکان، قسە بکەن و داوای لێبوردن بکەن و، داواشیان لێ ناکرێ: لۆمەو ڕەخنەی خوا لەسەر خۆیان لابەرن و، خوا لە خۆیان ڕازی بکەن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَيَوْمَ نَبْعَثُ مِن كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا ثُمَّ لَا يُؤْذَنُ لِلَّذِينَ كَفَرُوا وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ ﴿٨٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١- ﴿ وَيَوْمَ نَبْعَثُ فِي كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا ﴾، ئەو ڕۆژە کە لە هەر کۆمەڵگایەك شایەدێك دێنین، شایەدێکیان بۆ دەنێرین، {ڕۆژێکی مەزن و دژوارە}.

ئەمە لە چەند شوێنێکی قورئاندا هاتوە، بۆ وێنە:

أ) لە سوورەتی (**یونس**)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَلِكُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولٌ فَإِذَا جَاءَ رَسُولُهُمْ قُضِيَ بَيْنَهُم بِالْقِسْطِ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾.

واتە: بۆ هەر کۆمەڵگایەك ڕەوانەکراوێك هەیە، ئنجا کاتێك کە ڕەوانەکراوەکەیان دێ، دادوەرییان لە نێواندا دەکرێ، {مەبەستی پێ ڕۆژی دواییە}، بەبێ ئەوەی ستەمیان لێ بکرێ.

کەواتە: مەبەست لە (شهید)یش، ئەو پێغەمبەرەیانە، کە بۆیان ڕەوانە کراوە، ئەوە بەسەریانەوە دەبێتە چاودێرو شایەد.

ب) هەروەها لە سوورەتی (النساء)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰؤُلَاءِ شَهِيدًا ﴿٤١﴾ يَوْمَئِذٍ يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَعَصَوُا الرَّسُولَ لَوْ تُسَوَّىٰ بِهِمُ الْأَرْضُ وَلَا يَكْتُمُونَ اللَّهَ حَدِيثًا ﴿٤٢﴾ ﴾.

www.alibapir.net

واتە: چۆن دەبێ کاتێك كە لە هەر كۆمەڵگایەك شایەدێك دێنین و، تۆشمان بەسەر ئەوانەوە بە شایەد گرت؟ ئەو ڕۆژە ئەوانەی كە بێبڕوا بوون و سەرپێچییان لە پێغەمبەر ﷺ كردوە، خۆزگە دەخوازن كە لەگەڵ خاكدا یەكسان بن و، لەو ڕۆژەدا هیچ قسەیەك لە خوا پەنهان ناكەن.

٢- ﴿ ثُمَّ لَا يُؤْذَنُ لِلَّذِينَ كَفَرُوا ﴾، دوایی مۆڵەت نادرێ بەوانەی بێبڕوان.

لە سوورەتی (المرسلات)دا خوا دەفەرمووێ: ﴿ هَٰذَا يَوْمُ لَا يَنطِقُونَ ۝٣٥ وَلَا يُؤْذَنُ لَهُمْ فَيَعْتَذِرُونَ ۝٣٦ ﴾، واتە: كە لێرەدا دەفەرمووێ: ﴿ لَا يُؤْذَنُ لِلَّذِينَ كَفَرُوا ﴾، ئەمە لە سوورەتی: (المرسلات)دا ڕوونكراوەتەوە، مۆڵەتی چییان نادرێ؟ كە دەفەرمووێ: ﴿ هَٰذَا يَوْمُ لَا يَنطِقُونَ ۝٣٥ ﴾، ئەمە ڕۆژێكە كە قسەی تێدا ناكەن، ئاخاوتنی تێدا ناكەن، تێیدا نادوێن، ﴿ وَلَا يُؤْذَنُ لَهُمْ فَيَعْتَذِرُونَ ۝٣٦ ﴾، مۆڵەتیشیان نادرێ، داوای لێبوردن بكەن و، پۆزش بۆ خوا بێننەوە.

قوڕئان هەندێكی هەندێكی تەفسیر دەكات.

٣- ﴿ وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ ﴾، ئەمە تۆزێك پێویستی بە وردەكاریی هەیە، ڕاستە مانایەكەی ئەوەیە: داوایان لێ ناكرێ، داوای لێبوردن لە خوا بكەن، داوایان لێ ناكرێ، خوا لە خۆیان ڕازی بكەن.

بۆ ڕوونكردنەوەی چەمك و واتای ئەم ڕستەیە، قسەی چوار لە زانایان دێنین:

١- (**أَي لا يُطْلَبُ مِنْهُمُ العُتْبَى**)، واتە: داوایان لێناكرێ خوا ڕازی بكەن، دەڵێ: (**العُتْبَى: إِزَالَةُ عَتْبِ رَبِّهِم وَغَضَبِهِ**)، (**عُتبَى**) بریتیە لە لابردنی گلەیی و تووڕەیی خوا، (**وَالعُتبَى: الرِّضَا، وَهُوَ الرُّجُوعُ عَنِ الإِساءَةِ إِلَى مَا يُرْضِي العَاتِبَ، يُقَالُ: إِستعتَبَهُ: أَعْطَاهُ العُتْبَى بالرُّجُوعِ إِلَى مَسَرَّتِهِ، وَالعَتْبُ: لومُكَ الرَّجُلُ عَلَى إِساءَة كانَت لَهُ إِلَيْكَ، وَالمَرْءُ إِنَّمَا يَطْلُبُ العتابَ مِن خَصمِهِ ، لِيُزيلَ مَا فِي نَفسِهِ عَلَيهِ مِنَ المَوجِدَةِ وَالغَضَبِ، وَيَرجِعُ إِلَى الرضَا عَنهُ، فَإِذَا لَم يَطلُبِ العِتَابَ مِنهُ، دَلَّ ذَلِكَ عَلَى أَنَّهُ ثَابتٌ عَلَى غَضَبِهِ عَلَيهِ**)[1].

واتە: (عُتبَى)یان لێ داوا ناكرێ، یانی: لابردنی گلەیی و تووڕەیی خوا، (عُتبَی): بریتیە لە ڕەزامەندیی، ئەویش ئەوەیە كە كەسێك خراپەی كردوە، بگەڕێتەوەو كارێك بكات: ئەوەی گلەیی لێی هەبووە و ڕەخنەی لێی هەبووە، لێی تووڕە بووە، لێی ڕازی بێ، دەگوترێ: (إِستعتَبَهُ)، واتە: (عُتبَی)ی پێدا، بەوە كە تائێستاكە لێی تووڕە بووە، لەمەودوا

(١) مَحاسِن التَّاويل: ج ١٠، ص ١٤٦.

www.alibapir.net

لێی ڕازی بێ، (عَتب): بریتیە لەوە تۆ لۆمەی پیاوێك بكەی، كە خراپەی لەگەڵ تۆدا كردوە، ئنجا مرۆڤ كە داوا لە بەرانبەرەكەی دەكات، كە ناكۆكیی لەگەڵیدا هەیە، كە لۆمەی لێ بكات و پێی دەڵێ: گلەییم لێ بكە، لۆمەم بكە، تاكو ئەو تووڕەیی و لە دڵگرتنەی كە چۆتە دڵی، لە بەرانبەریدا لابچێ و، سەرەنجام لێی ڕازی بێ، بەڵام ئەگەر كەسێك داوا نەكات، لە كەسێك كە لێی تووڕە بووە، پێی بڵێ: لۆمەم بكەو، ڕەخنەم لێ بگرە و قسەم پێ بڵێ، ئەگەر داوای لێ نەكات، مانای وایە بەرانبەرەكەی چەسپاوە لەسەر تووڕەیی و گلەییەكەی خۆی.

٢/ (الشعراوي) دەڵێ: (**يُستعتَبون: مَادّة استعتَبَ مِنَ العِتَابِ وَالعِتَاب مَأخُوذ مِنَ العَتْبِ وَأَصلُهُ الغَضَبُ وَالمَوجِدَةُ، تَجِدُهَا عَلَى شَخصٍ آخَر صَدَرَ مِنهُ نَحُوكَ، ما لَم يَكُن مُتوقَّعًا مِنهُ، فَإن استقرَّ العَتبُ فِي النَّفسِ، فَأنتَ إمَّا أَن تَعتَبَ عَلى مَن أَساءَ إِلَيكَ وَتوضِّح لَهُ مَا أَغضَبَكَ، فَرُبَّمَا كَانَ لَهُ عُذرٌ، أَو أَساءَ عَن غيرِ قَصْدٍ مِنْهُ، فَإِن أَوضَحَ لَكَ المَسأَلَة وَأَرضَاكَ وَأَذهَبَ غَضَبَكَ، فَقَد أَعتَبَكَ فَنَقُولُ: عَتَبَ فُلانٌ عَلى فُلانٍ فَأَعتَبَهُ، أَي أَزَالَ عَتبَهُ ﴿وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ ﴿٨٤﴾﴾، أَي: لايَطلُبُ أَحَدٌ مِنهُم أَن يَرجِعُوا عمَّا أَوجَبَ العَتْبَ، وَهُو كُفرُهُم، فَلَم يَعُد هُناكَ وَقتٌ لِعِتَابٍ، لأَنَّ الآخِرَةَ دَارُ حِسَابٍ وَلَيسَ دَارَ عَمَلٍ وَتَوبَة**)[١].

دەڵێ: (**يَستعتِبون**) لە ماددەی (**إستعتَبَ**)ەوە هاتوە، كە ئەویش لە (**عِتَاب**)ەوە (**عِتَاب**)یش لە (**عَتب**)ەوە هاتوە، یانی: لۆمەكردن، ئەویش بریتیە لە تووڕە بوون و لە دڵگرتنێك كە دەچێتە دڵت بەرانبەر بە كەسێكی دیكە، شتێك لەوەوە دەرچووە بەرانبەر بە تۆ، كە لێت چاوەڕوان نەكردوە، ئنجا هەر كاتێك گلەیی لە دڵدا جێگیر بوو، تۆ یان ئەوەتا گلەیی دەكەی لەو كەسە كە خراپەی لەگەڵ تۆ كردوەو، بۆی ڕوون دەكەیەوە، ئەوەی كە تۆی تووڕە كردوە، كە ڕەنگە عوزرت بۆ بێنێتەوە، یاخود لەوانەیە بەبێ ئەوەی بیەوێ، خراپەی لەگەڵ تۆ كرد بێ، ئنجا ئەگەر ئەویش بۆی ڕوونكردیەوە، تۆی ڕازی كرد، تووڕەیی تۆی لابرد (**فَقَد أَعتبَكَ**)، ئەوە عیتابەكەی تۆی لابردوە، دەگوترێ: (**عَتَبَ فُلانٌ عَلى فُلانٍ، فَأَعتَبَهُ، أَي أَزال عَتْبَهُ**)، فلانكەس گلەیی لە فلانكەس كرد، ئەویش گلەییەكەی لابرد.

كەواتە ﴿وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ﴾، واتە: هیچ كەسێك داوایان لێ ناكات، كە ئەوەی مایەی گلەیی لێكرانیان بووە، كە كوفرەكەیانە، لابچێ، چونكە لەو كاتەدا مەجالی گلەیی كردن نەماوە، لەبەرئەوەی ڕۆژی دوایی شوێنی لێپرسینەوەو سزایە و، شوێنی كردار و گەڕانەوە نیە.

---

(١) تفسير الشعراوي: ج ١٣، ص (٨١٤٠ -٨١٤١).

www.alibapir.net

٣/ ﴿وَلَا هُمۡ يُسۡتَعۡتَبُونَ﴾، (لا تُطلَبُ مِنهُمُ العُتبَى بِمَعْنَى: لا يُكَلَّفُونَ أَن يُرضُوا رَبَّهُم)[١]، قسەی (الشَّنقيطي)یەو، بە دوو شێوە هێناویەتی دەڵێ:

یەکەم: (لاَ يُستعتَبون)، واتە: (عُتبَى)یان لێ داوا ناکرێ، واتە: داوایان لێناکرێ پەروەردگاریان ڕازی بکەن.

دووەم: هەروەها گوتوویەتی: (لا يُعتَبون بِمَعنَى: لا يُزَالُ عَنهُمُ العَتبُ، وَيُعْطونَ العُتبَى وَهِيَ الرِّضَا)، واتە: گلەییەك کە لەسەریانە، لاناچێ کە سەرەنجام عوتبایان پێ بدرێ، کە بریتیە: لە ڕەزامەندیی.

٤/ (محمد الطاهر بن عاشور)یش دەڵێ: (الإستعتَابُ: أَصلُهُ طَلَبُ العُتبَى، والعُتبَى: الرِّضَى بَعدَ الغَضَب)[٢]، (إِستعتَابُ): بریتیە لە داواکردنی (عتبى)، (عتبى)ش واتە: ڕازیبوونی دوای تووڕە بوون.

کەواتە: ﴿وَلَا هُمۡ يُسۡتَعۡتَبُونَ﴾، داوایان لێناکرێ کە خوا ڕازی بکەن و، گلەیی خوا لەسەر خۆیان لابەرن.

(١) (أَضواءُ البَيان) ج ٢، ص ٤٢٣، للشنقيطي.

(٢) (التَّحرِير وَالتَّنوِير) ج ١٤، ص ١٤٤.

www.alibapir.net

مەسەلەی دووەم:

لــە ڕۆژی دوایـی دا کاتێـك کافـرە سـتەمکارەکان سـزای خـوا دەبینـن، نـە لەسـەریان سـووك دەکـرێ و نــە مۆڵەتیشـیان دەدرێ:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِذَا رَءَا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ٱلْعَذَابَ فَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُمْ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ ﴿٨٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١- ﴿ وَإِذَا رَءَا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ٱلْعَذَابَ ﴾، کاتێك ئەوانەی ستەمیان کردوە سزاو ئازاری خوا دەبینن، لێرەدا نەیفەرمووە: (وَإِذَا رَأَوا)، چونکە پێشتر قسە لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان کراوە و، بە سیاق دەزانرێ کە مەبەست پێی ئەوانە، بەڵام بۆیە لێرەدا دەرخستن (**إظهار**) خراوەتە شوێن بەکارهێنانی ڕاناو و شاردنەوە (**إضمار**)، تاکو ئەو سیفەتانەی کە ئەوانە ئەو هاوبەش بۆ خوا دانەرانە، لە خۆیانیاندا هێناونە دی، دەربخرێن، تاکو بزانرێ کە وێڕای ئەوەی هاوبەش بۆ خوا دانەرن، ئەهلی ستەم (**ظُلم**)یشن، ﴿ وَإِذَا رَءَا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ٱلْعَذَابَ ﴾، ئەوانەی کە ستەمیان کردوە، کاتێك کە سزاو ئازاری خوایان بینی.

کە دەگونجێ مەبەست لە (ٱلْعَذَابَ)، سزای دواڕۆژی بێ، کە سزای دۆزەخە.

دەشـگونجێ مەبەسـت پێـی سـزای دنیایـی بـێ، یـانی: کاتێـك سـزای خـوا دێ، بـەڵای خـوا دێ، بـۆ لەبەینچوونیـان، یاخـود سـزای کاتی سـەرە مـەرگ دێ، بـەڵام زیاتـر واپێدەچـێ مەبەسـت پێـی سـزای دۆزەخ بـێ، (ئەلیـف و لامـی) سـەر (ٱلْعَذَابَ)یـش، کـە بـۆ ناسـاندن و (**تعریـف**)ە، بـۆ (**عهـد**) بـێ، یـانی: کاتێـك سـزایەکەیان بینـی، واتـە: ئـەو سـزایەی کـە دەزانـرێ کامەیـە کـە سـزای دۆزەخـە.

٢- ﴿ فَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُمْ ﴾، واتە: هەرچەند داوا بکەن لەسەریان سووك بکرێ، لەسەریان سووك ناکرێ، مەبەست ئەوەیە، یانی: سزایەکەیان لەسەر سووك ناکرێ.

٣- ﴿ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ ﴾، هەروەها چاوەڕوانییشیان ناکرێ، یان مۆڵەتیان نادرێ، یاخود دوا ناخرێن، دواناخرێن: (**أي: لا يُؤَخَّرُ إِقْحَامُهُم فيهِ**)، خستنە نێویان بۆ ئەو سزایەی خوا، دواناخرێ، بەڵکو یەکسەر دەخرێنە نێو سزای خوای دادگەرەوە، بەبێ دواخران.

www.alibapir.net

مەسەلەی سێیەم:

هاوبەش بۆ خوا دانەر و بە هاوبەش دانراوەکان لە ڕۆژی دوایی دا، دەبێتە مشتومڕ و دەمەقاڵێیان و، سەرەنجامیش هەموویان تەسلیمی خوا دەبن و، ئەوەی هەڵیان دەبەست، لێیان بزر دەبێ، کە مەبەست پێی ئەو شتانەیە کە کردوویاننە هاوبەشی خوا ﷻ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا رَءَا ٱلَّذِينَ أَشْرَكُواْ شُرَكَآءَهُمْ قَالُواْ رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ
شُرَكَآؤُنَا ٱلَّذِينَ كُنَّا نَدْعُواْ مِن دُونِكَ فَأَلْقَوْاْ إِلَيْهِمُ ٱلْقَوْلَ إِنَّكُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿٨٦﴾ وَأَلْقَوْاْ
إِلَى ٱللَّهِ يَوْمَئِذٍ ٱلسَّلَمَ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ ﴿٨٧﴾ ﴾:

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١- ﴿ وَإِذَا رَءَا ٱلَّذِينَ أَشْرَكُواْ شُرَكَآءَهُمْ ﴾، کاتێك ئەوانەی هاوبەشیان داناوە، هاوبەشەکانی خۆیانیان بینین.

یەکێك بۆی هەیە بڵێ: ئەوانە کوا هاوبەشی خوا بوون؟ دەڵێین: ئەمە دوو واتای هەیە:

یەکەم: ئەوانەی کە بەپێی ئیعتیقادی ئەوان و بە بۆچوونی ئەوان، هاوبەشی خوا بوون، ئەوانەیان بینی.

دووەم: یاخود لێرەدا وشەی (**شُرَكَاء**) یەکسەر بۆتە نازناوی بت و صەنەمانیان و، مانای هاوبەشی خوا بوونی لێ لابراوە، وەك گێڕراوەتەوە: جارێك هۆزێك بەسەر هۆزێك دادەدەن، ئنجا ئەو سەرۆك هۆزەی کە بەسەر هۆزەکەی دیکەیان داداوە، دەڵێ: فلان کەسیشم کوشت لە هۆزی بەرانبەر، دیارە مەجلیسێکی فراوان دەبێ و، ئەو کەسەش لە مەجلیسەکەدا دەبێ، (بەڵام واپێدەچێ نەیناسیبێ)، دەڵێ: (**مَهْلاً أَبا ثَورٍ قَتِيلُكَ يَسْمَعُ**)، واتە: ئەبوو ثەور لەسەرەخۆبە، کوژراوەکەت دەبیستێ، واتە: ئەوەی کە بە خەیاڵی خۆت کوشتووتە، گوێی لێیەو زیندووەیە، یانی: ئەوەی کە بە حیسابی تۆ کوژراوە، ئەگەرنا لە حەقیقەتدا کوژراو نیە، ئنجا (شُرَكَآءَهُمْ) واتە: ئەوەی بە بۆچوونی ئەوان هاوبەش بوون بۆ خوا.

ئنجا کاتێك هاوبەش دانەرەکان هاوبەشەکانی خۆیان دەبینن، چی دەڵێن ؟

www.alibapir.net

٢- ﴿ قَالُواْ رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ شُرَكَآؤُنَا ٱلَّذِينَ كُنَّا نَدۡعُواْ مِن دُونِكَ ﴾، گوتیان: پەروەردگارمان! ئا ئەو هاوبەشانە بوون کە ئێمە لە جیاتی تۆ لێیان دەپاڕاینەوەو، دەمانپەرستن، ئا ئەوانە بوون کە ئێمە کردبوومانن بە هاوبەشی تۆو، لە جیاتی تۆو، لە خوار تۆوە، لێیان دەپاڕاینەوە.

لێرەدا ئەگەر مەبەست پێی بت و صەنەمەکان بێ، دەڵێ: (**الجَمْعُ فِي اسْمِ الإِشَارَةِ، وَاسْمِ الْمَوصُولِ، جَمْعُ العُقَلاَءِ، جَرِياً عَلَى اعْتِقَادِهِم**)، ﴿ هَٰٓؤُلَآءِ شُرَكَآؤُنَا ٱلَّذِينَ ﴾، هەم ناوی ئاماژەکە، (**هؤلاء**) هەم ناوی (**موصول**) (ٱلَّذِينَ)، هەردووکیان بۆ کۆمەڵە عاقڵێکن کە خاوەنی هەست و ئیرادە بن، ئنجا بۆیە ئەوە بۆ بت و صەنەمەکان بەکارهێنراوە، هەرچەندە بت و صەنەمەکانیان دارو بەردو پەیکەری بێ گیان و بێ شعوور بوون، چونکە:

١/ بەپێی ئیعتیقادی ئەوان کە پێیان وابووە، ئەو بت و صەنەمانە هەستیان هەیە و، توانای دەرککردنیان هەیە و، بەپێی عەقڵی ئەوان، ناو لەو پەرستراوانە نراوەو، بەگوێرەی عەقڵ و عەقیدەی خۆیان دوێنراون.

٢/ دەشگونجێ مەبەست لە: ﴿ هَٰٓؤُلَآءِ شُرَكَآؤُنَا ٱلَّذِينَ ﴾، بت و صەنەمەکان نەبن و، ئەو بتەوانانە (**سَدَنة**)(١) بن کە خزمەتی بت و صەنەمەکانیان کردوە ، هەر بتێك کەسێکی هەبووە خزمەتی کردوەو، لەپشت بتەکەوە قسەی کردوەو، گوتوویەتی: ئاواو ئاوا دەڵێ.

٣/ یاخود مەبەست هەموو ئەو کەسانەیە لە شەیتانەکان و لە مرۆڤە لە خوا یاخییەکان، کە لە جیاتی خوا دەپەرسترێن.

٤/ یاخود مەبەست پێی هەموویان بێ، ئنجا خاوەن عەقڵ و شعوورەکان، زاڵ کرابن بەسەر بێ ژیان و بێ شعوورەکان دا، بەسەر بت و صەنەمەکاندا.

٣- ﴿ فَأَلۡقَوۡاْ إِلَيۡهِمُ ٱلۡقَوۡلَ ﴾، ئەو هاوبەشانەیان کە لە خەیاڵی ئەواندا هاوبەشی خوا بوون، ئەو پەرستراوانەیان: قسەیان بۆ فڕێدان، واتە: ئەو قسەیە، خوا فڕێی داوەتە سەر زمانی بت و صەنەمەکان، یان لە زاریان کەوتە خوارێ و، قسەکەیان بۆ هاویشتنەوە.

٤- ﴿ إِنَّكُمۡ لَكَٰذِبُونَ ﴾، گوتیان: بێگومان ئێوە درۆزنن، ئێوە درۆکارن، واتە: ئێوە لە ئێمە نەپاڕاونەوەو ئێمەتان نەپەرستوە.

---

(١) (سدنة) کۆی (سادِن)ە واتە: خزمەتچیی و سەرپەرشتیاری بت و صەنەم.

www.alibapir.net

٥- ﴿ وَأَلْقَوْاْ إِلَى ٱللَّهِ يَوْمَئِذٍ ٱلسَّلَمَ ﴾، لەو ڕۆژەدا ملکەچییان بۆ خوا فڕێدا، ملکەچییان بۆ خوا دەرخست، وشەی (ألقی) لێرەدا: (تَشبِيهٌ بِحَالِ المُحَارِبِ الَّذِي يُلْقِي سِلاَحَهُ بَيْنَ يَدَي غَالِبِهِ)، حاڵیان بە حاڵی جەنگاوەرێك چوێنراوە، کە لە بەردەم کەسێکدا کە بەسەریدا زاڵ بووەو، تێکی شکاندوە، چەکەکەی بۆ فڕێ دەداو، تەسلیمی دەبێ و، خۆی بەدەستەوە دەدات.

واتـە: لـەو ڕۆژەدا خۆیـان بەدەسـت خـواوەداو، بـۆ خـوا ملکەچبـوون، هـەم پەرسـتارەکان، هـەم پەرسـتراوەکان.

٦- ﴿ وَضَلَّ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ﴾، ئەوەش کە هەڵیان دەبەست، لێیان ون بوو.

(ئەوەی هەڵیان دەبەست):

أ) دەگونجێ مەبەست ئەوە بێ: هاوبەش بۆ خوا هەڵبەستنەکەیان لێ ون بوو.

ب) یاخود ئەوانەی کە درۆیان بۆ هەڵدەبەستن، کە ئەوانە پەرستراوی خوان، ئەوانەیان لێ ون بوو، واتە: ئەوانەی کە بە درۆ بە پەرستراویان دانا بوون، ئەوانەیان لێ ون بوو.

(ضَلَّ: أَي غَابَ، ضَاعَ) ونبوو، زایە بوو.

ج) ﴿ مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ﴾، لە ئەسڵ دا ئاوایە: (مَا كانُوا يَفْتَرُونَهُ)، ئەوەی کە هەڵیان دەبەست، واتە: ئەوەی بۆ بتەکانیان هەڵیان دەبەست، لە خەسڵەت و کارو کردەوەی ئەفسانەیی کە گوایە: دەبیستن و دەزانن و شیفایان دەدەن و، سەریان دەخەن... هتد.

دوو فەرموودەیە لەوبارەوە:

١/ فەرموودەی یەکەم:{عَن أَبِي هُرَيرَةَ ﵁ أَنَّ ناساً قَالُوا لِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ يا رَسُولَ اللَّهِ! هَلْ نَرَى رَبَّنا يَوْمَ الْقِيامَةِ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: (هَلْ تُضَارُّونَ فِي رُؤْيَةِ الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ)؟ قَالُوا: لاَ يا رَسُولَ اللَّهِ! قَالَ: (هَلْ تُضَارُّونَ فِي الشَّمْسِ لَيْسَ دُونَهَا سَحَابٌ)، قَالُوا: لاَ يا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: (فَإِنَّكُمْ تَرَوْنَهُ كَذَلِكَ، يَجْمَعُ اللَّهُ الناسَ يَوْمَ الْقِيامَةِ، فَيَقُولُ مَنْ كانَ يَعْبُدُ شَيْئاً فَلْيَتَّبِعْهُ، فَيَتَّبِعُ مَنْ كانَ يَعْبُدُ الشَّمْسَ الشَّمْسَ، وَيَتَّبِعُ مَنْ كانَ يَعْبُدُ الْقَمَرَ الْقَمَرَ، وَيَتَّبِعُ مَنْ كانَ يَعْبُدُ الطواغِيتَ الطواغِيتَ...) } (أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ: ٧٥٧٣، ٧٤٣٧، وَمُسْلِم: ٤٥٠، وَاللَّفْظُ لِمُسْلِم).

واتـە: ئەبـوو هورەیـرە ﵁، دەڵـێ: خەڵکێـك لـە پێغەمبـەری خوایـان ﷺ پرسـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا! ئایـا لـە ڕۆژی قیامەتـدا پەروەردگارمـان دەبینیـن؟ پێغەمبـەری خـوا ﷺ

www.alibapir.net

فەرمووی: ئایا لە شەوی بەدردا، (واتە: کە مانگ دەگاتە پازدەو جێخونکە دەکات)، زیانتان پێ دەگات لە دیتنی مانگدا؟ گوتیان: نا ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ. فەرمووی: ئەدی خۆر کە هیچ پەردەی لەبەر نەبێ، (واتە: هەور نەبێ و تەمومژ نەبێ و، تۆز و خۆڵ نەبێ)، زیانتان پێ دەگات لە دیتنی خۆردا؟ (واتە: زۆر بە ڕوونیی و بە چاکیی نایبینن؟) گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ زیانمان پێ ناگات و بە چاکیی دەیبینین، فەرمووی: ئێوەش پەروەردگارتان ئاوا دەبینن، (وەك خۆر لە ڕۆژێ داو، وەك مانگ، لە چواردەو پازدەی دا)، خوا لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا خەڵك كۆدەكاتەوە، دەفەرموێ: هەر کەسێك هەر شتێكی پەرستوە، با شوێنی بکەوێ، ئنجا ئەوەی خۆری پەرستوە شوێن خۆر دەکەوێ و، ئەوەی مانگی پەرستوە شوێن مانگ دەکەوێ و، ئەوەی طاغووتەکانی پەرستوون، شوێن طاغووتەکان دەکەوێ.

٢/ فەرموودەی دووەم: لەوبارەوە ئەم فەرموودەیەش هەیە، کە درێژەی هەیەو دوایی لە درێژەی فەرمایشتەکەدا هاتوە: {**فَيَتَمَثَّلُ لِصَاحِبِ الصَّلِيبِ صَلِيبُهُ، وَلِصَاحِبِ الصُّوَرِ صُوَرُهُ، وَلِصَاحِبِ النارِ نارُهُ، فَيَتَّبِعُونَ مَا كانُوا يَعْبُدُونَ**} (**أَخْرَجَهُ التِّرمِذِيُّ: ٢٥٥٧، وَصَحَّحَهُ الألباني فِي «صحيح الجامع»**: ٨٠٢٥).

واتە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: بۆ کەسێك کە خاچی پەرستوە (نەصرانییەکان)، خاچەکەی بۆ وێنا دەکرێ (بۆ بەرجەستە دەکرێ) و، بۆ کەسێك کە پەیکەرێکی پەرستوە پەیکەرەکەی (وێنەکەی) بۆ بەرجەستە دەکرێ و، بۆ کەسێك کە ئاگری پەرستوە ئاگرەکەی بۆ وێنا دەکرێ و، هەر کامێك لەوانە شوێن ئەوە دەکەوێ کە پەرستوویەتی.

www.alibapir.net

مەسەلەی چوارەم:

ئەوانەی بێبڕوا بوون و، خەڵکیان لە ڕێی خوا لاداوە، بەهۆی تێکدان و خراپەکارییانەوە، لە سەرووی سزای خۆیانەوە، سزای دیکەشیان بۆ دەخرێتە سەر:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ زِدۡنَٰهُمۡ عَذَابٗا فَوۡقَ ٱلۡعَذَابِ بِمَا كَانُواْ يُفۡسِدُونَ ٨٨﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١- ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾، واتە: ئەوانەی بێبڕوا بوون.

لێرەدا (ٱلَّذِينَ) (ال) ئەلیف و لامەکەی، بۆ ناساندنی جینسە، واتە: تێکڕای ئەوانەی کە بێبڕوا بوون.

٢- ﴿وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾، خەڵکیشیان لە ڕێی خوا لاداوە، یانی: ئەو ڕێیەی کە خەڵك لێیەوە دەگاتە ڕەزامەندیی خوا.

لێرەدا (**صَدُّوا**) دوو واتای هەن:

أ) بە مانای: (**حَرَّفُوا**) یان (**مَنَعُوا**) هاتوە، خەڵکیان لاداوە، یان ڕێگرییان لە خەڵك کردوە، لەوە کە شوێن ڕێی خوا بکەوێ.

ب) دەشگونجێ (صَدَّ) بە مانا (**مُتَعَدِّي**)یەکەی نەبێ، (صَدَّ) مانای خەڵکی لادا، بەڵکو بە مانای (**لازم**) کەی بێ، (**صَدُّوا**)، یانی: (**إِمتَنَعُوا عَن سَبِيلِ الله**) خۆیان لایانداوە لە ڕێی خوا، چونکە (صَدَّ) هەم بە حاڵەتی لازیم هاتوە، (**صَدَّ عَن سَبِيلِ الله**)، واتە: لایدا لە ڕێی خوا، هەم بە مانا موتەعەددیی، (**صَدَّ غَيْرَهُ عَنْ سَبِيلِ الله**)، یانی: خەڵکی لەڕێی خوا لادا.

٣- ﴿زِدۡنَٰهُمۡ عَذَابٗا فَوۡقَ ٱلۡعَذَابِ﴾، لە سەرووی سزاوە، سزای دیکەمان بۆ زیاد کردن، واتە: لە سەرووی سزایەك کە خۆیان شایستەی بوون، سزای دیکەشیان بۆ دەخەینە سەر، بۆیان دوو قات دەکەینەوە، یان بۆیان چەند بەرانبەر دەکەینەوە، بۆچی؟ ﴿بِمَا كَانُواْ يُفۡسِدُونَ﴾، بەهۆی ئەوەوە کە خراپەکارییان دەکرد، واتە: هەم سزای گوناهی خۆیان دەدرێن، هەم سزای گوناهی ئەوانەش کە لە ڕێیان لاداون و سەریان لێ شێواندوون.

www.alibapir.net

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَوۡقَ ٱلۡعَذَابِ ﴾، دیـارە (أل) ئەلیـف و لامی سـەر (ٱلۡعَذَابِ)، بۆ ناسـاندن (تَعرِیـف)ە و مەبەسـت پێـی (عهـد)ە، یـانی ئـەو سـزایەی کـە باسـکردنی پێشـتر ڕابـردوە، چونکـە پێشـتر خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِذَا رَءَا ٱلَّذِینَ ظَلَمُوا۟ ٱلۡعَذَابَ ﴾، ئەوانـەی کـە سـتەمیان کـردوە، کاتێـك سـزایەکەیان بینـی، (ئـەو سـزایەی کـە دەزانـرێ چییـە)، پێشـتریش باسـمان کـردووە کـە (أل)ی (عهـد) لـە بەرانبـەر (کە)یـە لـە زمـانی کوردیـی دا کەواتـە (ٱلۡعَذَابِ) یـانی: سـزاکە.

کەواتـە: ﴿ فَوۡقَ ٱلۡعَذَابِ ﴾، یـانی: سـزای دیکەیـان بـۆ زیـاد دەکـرێ، لـە سـەرووی ئـەو سـزایەوە کـە هـی خۆیـان بـووە، بـە تایبـەت، ئنجـا بۆیـەش دەفەرمـوێ: ﴿ زِدۡنَـٰهُمۡ عَذَابࣰا فَوۡقَ ٱلۡعَذَابِ ﴾، دەڵـێ: (**لأنَّ عَـذابَ صَدِّهِـمُ النـاسَ عَـن سَـبِيلِ اللّـه، لا يَخْطـرُ بالبـالِ، فَـكانَ مَجهُـولاً فَناسَـبَهُ التَّنكير**)، سـزای خەڵـك لادانیـان لەڕێـی خـوا، لـە خەیاڵیـان دا نەبـووە، لەسـەر ئەوە سـزا بدرێـن، بۆیـە بـۆ ئـەوان شـتێکی نامـۆ و نەزانـراو بـووە، بۆیـە بـە نەنـاسراو (**نكـرة**) هێناویـەتی.

کەواتـە: نابـێ وابزانـرێ، ئـەو ئایەتـە لەگـەڵ ئایـەتی: ﴿ ...وَمَن جَاۤءَ بِٱلسَّیِّئَةِ فَلَا یُجۡزَىٰۤ إِلَّا مِثۡلَهَا وَهُمۡ لَا یُظۡلَمُونَ ۝١٦٠ ﴾[1] الأنعـام، دا تێکدەگیـرێ! چونکـە لادانی خەڵکیـش لـە ڕێـی خـوا هـەر کـردەوەی خـراپ (**سيئة**)ی خۆیانـەو لەسـەری سـزا دەدرێـن.

٤- ﴿ بِمَا كَانُوا۟ یُفۡسِدُونَ ﴾، بە هۆی ئەوەوە کە خراپەکارییان دەکرد، یاخود بەهۆی ئەوەوە کە تێکدانیان دەکرد: (**أي إفسادُ الرَّاغِبِينَ فِي الإِسلام**)، بەهۆی ئەوەوە کە کەسانێك ئارەزوومەند بوون بۆ ئیسلام، لە ڕێیان لادەدان، بەهۆی ئەوەوە ئەو سزا زیادەیان بۆ دەخرێتە سەر.

وەك لە سیرەدا هاتوە:

أ) کە ئەبو زەڕی غیفاریی خوا لێی ڕازی بێ، کاتێك مسوڵمان دەبێ، - کە بەسەرهاتەکەی بە تەفصیل باسکراوەو پێشتر ئاماژەیەکمان پێدا، لە صەحیحی بوخارییدا هاتوە -، دوای ئەوە کە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان پێی دەزانن، زۆر ئەزیەتی دەدەن و نارەحەتی دەکەن، کە دەزانن مسوڵمان بووە، بۆئەوەی هەڵیگێڕنەوە، هەتا دوایی یەکێك دێ، هەڕەشە دەکات، هۆشدارییان دەداتێ، دەڵێ: ئێوە چۆن وا لەو کابرایە دەکەن! ئەدی نازانن هۆزی غیفار دوایی دەتوانن ڕێی کاروانتان لێ بگرن و بازرگانییتان لێ قەدەغە بکەن؟ ئەوجار لێی دەگەڕێن.

ب) هەروەها (**عامر بن طُفَيل الدَّوسي**) کە دەیەوێ بچێ بۆ مەککە، ئنجا ئایا هەر بۆ خواپەرستیی خۆی دەچێ، بەپێی ئایینی خۆیان، یاخود بۆ ئەوەی کە بزانێ پێغەمبەر (محمد) ﷺ کێیە؟ قوڕەیشییەکانیش زۆر دەیترسێنن لە پێغەمبەر ﷺ، کە هەڵنەخەڵەتێ و ئاگای لە خۆی بێ !

---

(١) واتـە: هەرکـەس خراپەیـەك بێنـێ (لـە ڕۆژی دوایـی دا) تەنیـا وەك خراپەکـەی سـزا دەدرێ و، ئـەوان سـتەمیان لـێ ناکـرێ٪

www.alibapir.net

ج) هەروەها هەمان هەوڵیان لەگەڵ (الأَعشَى)شدا، داوە کە شاعیرێك بووە، ئنجا بەهۆی ئەو تێکدانەوە کە کردوویانە، خەڵکیان لە ڕێی خوا لاداوەو، خراپەکارییان کردوە، بۆیە سزایان بۆ زیاد دەکرێ.

مەسەلەی پێنجەم و کۆتایی:

خوا ڕایگەیاندوە: کە ئەو ڕۆژەی بۆ سەر هەر کۆمەڵگایەك شایەدێك دێنێ، کە ڕۆژی دواییە، پێغەمبەر موحەممەدیش ﷺ بە شایەد دەگرێ لەسەر کافرانی ڕۆژگاری خۆی و، کتێبێکیش کە دایبەزاندۆتە سەری، ڕوونکەرەوەی هەموو شتێك و ڕێنمایی و بەزەیی و موژدەیە بۆ ملکەچان بۆ خوا:

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ وَيَوْمَ نَبْعَثُ فِي كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا عَلَيْهِم مِّنْ أَنفُسِهِمْ وَجِئْنَا بِكَ شَهِيدًا عَلَىٰ هَٰؤُلَاءِ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ ﴿٨٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١- ﴿ وَيَوْمَ نَبْعَثُ فِي كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا عَلَيْهِم مِّنْ أَنفُسِهِمْ ﴾، ئەو ڕۆژە کە لە هەر کۆمەڵێك لە خۆیان شایەدێکیان بەسەرەوە دەگرین.

ئەو ڕستەیە بۆیە دووبارە بۆتەوە کە پێشتریش فەرمووی: ﴿ وَيَوْمَ نَبْعَثُ مِن كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا ثُمَّ لَا يُؤْذَنُ لِلَّذِينَ كَفَرُوا ﴾، بۆ ئەوەی ئەو ڕستەیەی دیکەی لەسەر بنیات بنێ، کە دەفەرمووێ: ﴿ وَجِئْنَا بِكَ شَهِيدًا عَلَىٰ هَٰؤُلَاءِ ﴾، تۆشمان وەك شایەد هێنا لەسەر ئەمانە، (لەسەر ئەو خەڵکەی ڕۆژگاری خۆت).

ئنجا کە دەفەرمووێ: ﴿ شَهِيدًا عَلَيْهِم مِّنْ أَنفُسِهِمْ ﴾، لە هەر کۆمەڵگایەك شایەدێك دێنین لە خودی خۆیان، کەواتە: مادام لە خۆیان بێ، بواری تانەدانیان نیە، لە شایەدییدانەکەی، چونکە لە خۆیانە، خەڵکێکی بێگانە نیە، بڵێن: غەرەزی هەیەو دوژمنایەتییمان دەکات، هەر هی خۆیانە، کە بێگومان (**شهید**) بە پلەی یەکەم مەبەست پێی پێغەمبەرانە، وەك پێشتریش باسمانکرد.

www.alibapir.net

٢- ﴿ وَجِئۡنَا بِكَ شَهِيدًا عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ ﴾، هەروەها تۆشمان وەك شایەد هێنا بەسەر ئەمانەوە، بەسەر ئەو خەڵكەوە (خەڵكی ڕۆژگاری خۆی)، ئنجا ئەوە ئەو ڕاستییە لە سوورەتی: (النساء)دا، ڕوونتر هاتوە و لەوێ، تەفصیلی زیاتری دراوەتێ، كە دەفەرموێ: ﴿ فَكَيۡفَ إِذَا جِئۡنَا مِن كُلِّ أُمَّةِۭ بِشَهِيدٖ وَجِئۡنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ شَهِيدٗا ﴿٤١﴾ يَوۡمَئِذٖ يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَعَصَوُاْ ٱلرَّسُولَ لَوۡ تُسَوَّىٰ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضُ وَلَا يَكۡتُمُونَ ٱللَّهَ حَدِيثٗا ﴿٤٢﴾ ﴾.

واتە: چی دەبێ، چ دەقەومێ، چەند جێی سەرنجە! كاتێك كە لە هەر كۆمەڵگایەك شایەدێكیان بەسەرەوە دەگرین، تۆشمان وەك شایەد هێنا بەسەر ئەمانەوە، لەو ڕۆژەدا ئەوانەی كە بێبڕوا بوون و سەرپێچییان لە پێغەمبەر ﷺ كردوە، بە ئاوات دەخوازن، خۆزگە دەخوازن، كە لەگەڵ خاكدا یەكسان بن، لەگەڵ زەویدا تەخت بن و، هیچ قسەیەكیش لە خوا ﷻ ناشارنەوە، هەموو شتێكیان دەكەوێتە گۆڕێ.

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ يَوۡمَ تُبۡلَى ٱلسَّرَآئِرُ ﴿٩﴾ ﴾ الطارق، ئەو ڕۆژەی كە نهێنییەكان ئاشكرا دەبن.

٣- ﴿ وَنَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ تِبۡيَٰنٗا لِّكُلِّ شَيۡءٖ ﴾، كتێبیشمان دابەزاندۆتە سەر تۆ ڕوونكردنەوەیە بۆ هەموو شتێك.

(**كُلِّ شَيء: يُفِيدُ العُمُوم لَكِن عُمُومٌ عُرفِيٌّ فِي دَائِرَة خَاصَّة**)، (**كُلِّ شَيء**) هەموو شتێك، واتایەكەی گشتییە، بەڵام واتایەكی گشتی بەپێی باو و لە بازنەیەكی دیاریكراودا.

واتە: ڕوونكەرەوەیە بۆ هەموو شتێك كە ئێوە پێویستییتان پێی بێ و، پەكی لەسەر ڕوونكردنەوەی وەحیی و پەیامی خوای پەروەردگار كەوتبێ، بەڵام شتێك كە خۆتان دەركی بكەن و، لە مەودای عەقڵتاندا بێ، وەحیی خوای زاناو توانا نەهاتوە ئەو شتانە ڕوون بكاتەوە، كە مرۆڤ بۆخۆی دەتوانێ دەركیان بكات و، عەقڵی پێیان دەشكێ.

٤- ﴿ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ وَبُشۡرَىٰ لِلۡمُسۡلِمِينَ ﴾، لەم ئایەتەدا قوڕئان بە چوار وەسف پێناسە كراوە:

یەكەم: ﴿ تِبۡيَٰنٗا لِّكُلِّ شَيۡءٖ ﴾، ڕوونكەرەوەیە بۆ هەموو شتێك {كە پێویستیی بە ڕوونكردنەوە بێ لە لایەن خواوە}.

دووەم: ﴿ وَهُدٗى ﴾، ڕێنماییە، ڕاستە ڕێكەرە، یانی: وەك حاڵەتی تیۆریی (**نظري**) ڕوونكەرەوەیەو، وەك حاڵەتی كردەیی: ڕێ پیشاندەرو ڕاستەڕێ كەرە.

www.alibapir.net

سێیەم: ﴿ وَرَحۡمَةٗ ﴾، سەرەنجامەکەشی هۆکاری دابەزینی بەزەیی خوایە.

چوارم: ﴿ وَبُشۡرَىٰ ﴾، هەروەها موژدەو دڵخۆشییشە، بەڵام بۆ مسوڵمانان، ملکەچان بۆ خوا، ئەوانەی کە بۆ خوا تەسلیم و گەردنکەچن، کە لێرەدا مەبەست پێی مسوڵمانان نیە، بە چەمکە باوەکەی کە ئۆمەتی پێغەمبەرن ﷺ بەڵکو یانی: کەسانێك کە بۆ خوا ملکەچ دەبن، ئنجا بۆیەش ناو لە شوێنکەتووانی پێغەمبەری خاتەم نراوە (**مُسلِمِین، مُسلِمُون**)، لەبەرئەوەی بۆ خوا ملکەچن.

کەواتە: وەك ڕیزبەندییەکی لۆژیکیی ئەگەر تەماشای قورئان بکەین:

١) ڕوونکەرەوەیە.

٢) ئەو ڕوونکردنەوەیە دوایی دەبێتە هۆی ڕێ پێشاندان.

٣) ئەو ڕێ پێشاندانەش دەبێتە هۆی ئەوە کە ڕەحمەتی خوا دابەزێ بۆ سەر ئەو کەسانەی بەدوای ڕێنمایی خوا کەوتوون.

٤) سەرەنجام ئەویش دەبێتە هۆی شادمانیی و دڵخۆشیی و موژدەی بەهەشت و ڕەزامەندیی خوا، پێدران.

کورتە بەسەرهاتێك: کاتی خۆی کە شێخ (**محمد عبده**) لە فەڕەنسا دوورخراوە (**نفي**) دەبێ، ماوەیەك، لەگەڵ (**جمال الدین الأفغاني**)دا ڕەحمەتی خوایان لێبێ لەوێ بوون بە دوورخراوەیی، ئنجا ڕۆژێك ڕۆژهەڵاتناسێکی ئەورووپیی لێی دەپرسێ، ئێوە دەڵێن: قورئان هەموو شتێکی تێدایە و، خوا دەفەرموێ: ﴿ تِبۡيَٰنٗا لِّكُلِّ شَيۡءٖ ﴾، باشە من پرسیارت لێ دەکەم؟ ئایا ئێردەبێك گەنم چەند نانی تێدایە؟ {ئێردەب: بیست و چوار (٢٤) ڕبە (صاع) یەو، هەر صاعێکیش چوار مستە، مانای وایە چوار (٤) جارانی بیست و چواری بکە، (٢٤X٤ = ٩٦) مست، ئێردەبێك گەنم (٩٦) مستە، یانی: دەوری سەد (١٠٠) کیلۆ} مادام قورئان هەموو شتێکی تێدایە، کوا قورئان لە کوێدا باسی کردوە کە ئێردەبێك گەنم چەند نانی تێدان؟ شێخ محمد عەبدە دەڵێ: لە نانەوا دەپرسین، ئەویش دەڵێ: ئەدی ناڵێن قورئان هەموو شتێکی ڕوون کردۆتەوە؟ دەڵێ: بەڵێ ڕاستە ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە، چونکە قورئان دەفەرموێ: ﴿ فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٤٣﴾ ﴾ النحل، ئەگەر نازانن لە شارەزایان بپرسن، بابای نانەوا شارەزای ئەوەیە کە ئەوەندە گەنمە، چەند نانی تێدایە؟ ئێمەش بەپێی ڕێنمایی قورئان، ڕەفتار دەکەین لێرەش قورئان ڕێنماییمان دەکات کە لە هەر بوارێکدا، لە پسپۆڕان و شارەزایانی ئەو بوارە بپرسین !

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

www.alibapir.net

دەرسی هەشتەم

www.alibapir.net

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان ئایەتەکانی: (٩٠ - ٩٧) دەگرێتەوە، واتە: هەشت ئایەت، تەوەری سەرەکیی ئەم هەشت ئایەتە، فەرمانکردنی خوای بەرزی مەزنە، بە دادگەریی و چاکەکاریی و، بەخشین بە نیزیکان و خۆ پاراستن لە خراپەو تاوان و دەستدرێژیی، ئەمە لە ئایەتی ژمارە: (٩٠)دا هاتووە.

دوایی لە حەوت (٧) ئایەتەکەی دیکەدا، خوا ﷻ فەرمان دەکات بە وەفاداریی بە بەڵێن و پەیمان و، پاراستنی و، نەشکاندنی بەڵێن و پەیمانەکان، بە هیچ بیانو و پاساوێك.

دوایی باسی پاداشتی بەرزی خوا کراوە بۆ کەسانێك کە بەڵێن و پەیمانەکانیان دەپارێزن و، سوێندەکانیان دەپارێزن و نایانشکێنن.

سەرەنجام: ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە ئیمان و کرداری باش، کە لە پێشەوەی کرداری باش، بریتیە لە وەفاداریی بە بەڵێن و پەیمان، بەڵێن و پەیمانێك کە بە خوا دەدرێ و، بە خەڵك دەدرێ، بەڵێ ئیمان و کرداری باش، مایەی بەختەوەریی دنیاو، هۆکاریی سەرفرازیی دوارۆژن، بۆ پیاوان و ئافرەتان، واتە: بۆ هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ
وَٱلۡبَغۡيِۚ يَعِظُكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ﴿٩٠﴾ وَأَوۡفُواْ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ إِذَا عَٰهَدتُّمۡ وَلَا تَنقُضُواْ
ٱلۡأَيۡمَٰنَ بَعۡدَ تَوۡكِيدِهَا وَقَدۡ جَعَلۡتُمُ ٱللَّهَ عَلَيۡكُمۡ كَفِيلًاۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا تَفۡعَلُونَ ﴿٩١﴾
وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّتِي نَقَضَتۡ غَزۡلَهَا مِنۢ بَعۡدِ قُوَّةٍ أَنكَٰثٗا تَتَّخِذُونَ أَيۡمَٰنَكُمۡ دَخَلَۢا بَيۡنَكُمۡ
أَن تَكُونَ أُمَّةٌ هِيَ أَرۡبَىٰ مِنۡ أُمَّةٍۚ إِنَّمَا يَبۡلُوكُمُ ٱللَّهُ بِهِۦۚ وَلَيُبَيِّنَنَّ لَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ مَا كُنتُمۡ
فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ﴿٩٢﴾ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَلَٰكِن يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي
مَن يَشَآءُۚ وَلَتُسۡـَٔلُنَّ عَمَّا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٩٣﴾ وَلَا تَتَّخِذُوٓاْ أَيۡمَٰنَكُمۡ دَخَلَۢا بَيۡنَكُمۡ فَتَزِلَّ قَدَمُۢ بَعۡدَ

www.alibapir.net

ثُبُوتِهَا وَتَذُوقُوا۟ ٱلسُّوٓءَ بِمَا صَدَدتُّمْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۖ وَلَكُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٩٤﴾ وَلَا تَشْتَرُوا۟ بِعَهْدِ
ٱللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا ۚ إِنَّمَا عِندَ ٱللَّهِ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٩٥﴾ مَا عِندَكُمْ يَنفَدُ ۖ وَمَا
عِندَ ٱللَّهِ بَاقٍ ۗ وَلَنَجْزِيَنَّ ٱلَّذِينَ صَبَرُوٓا۟ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٦﴾ مَنْ عَمِلَ
صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ
مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٧﴾

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{بە دڵنیایی خوا فەرمان دەکات بە (ئەنجامدانی) دادگەریی و، چاکەکاریی و بەخشین، بە خاوەن نیزیکایەتییان (بە خزمان) و، ڕێگریی لە: هەر قسەو کردارێکی دزێوو بێزراو و، هەر قسەو کردارێکی نامۆ و خراپ و، سنوور شکێنیی، دەکات، ئامۆژگارییتان دەکات بەڵکو بێتەوە بیرتان (پەند وەربگرن) ﴿٩٠﴾ هەروەها (خوا فەرمانتان پێ دەکات) کە هەر کات پەیمانتان دا، پەیمانی خوا جێبەجێ بکەن و، سوێندەکانتان پاش جەخت لەسەر کرانەوەو پتەوکرانیان، هەڵمەوەشێننەوە، لە حاڵێکدا کە خواتان بەسەرەوە کردۆتە چاودێر، بێگومان خوا دەزانێ چی دەکەن! ﴿٩١﴾ هەروەها وەك ئەو ئافرەتە مەبن کە چنراوو ڕیسەکەی خۆی دوای پتەوکردنی، هەڵوەشاندۆتەوەو پس پسی کردوە، (با حاڵتان وانەبێ) کە (پەیمان و) سوێندەکانتان لە بەینی خۆتاندا، بکەنە مایەی ناپاکیی و موخەننەتیی، بەهۆی ئەوەوە کە کۆمەڵێك (کە دەویسترێ پەیمانیان بۆ هەڵبوەشێنرێتەوە) لە کۆمەڵێك (کە هاوپەیمانتانن) زیاترن! بە دڵنیایی خوا بەهۆی ئەوەوە، تاقیتان دەکاتەوەو، مسۆگەر ڕۆژی قیامەتیش ئەوەتان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە تێیدا دەکەونە ڕاجیایی و ناکۆکییەوە ﴿٩٢﴾ خواش ئەگەر ویستبای (تاقییتان نەکاتەوە) دەیکردنە یەك کۆمەڵ (ی کۆك لەسەر هەق و ڕاستیی)، بەڵام هەر کەسێکی بوێ (بەو ویستە ئازادەی پێیداوە) گومڕای دەکات و، هەر کەسێکیشی بوێ، دەیخاتە سەر ڕاستە ڕێ و، بێگومانیش لەوەی دەتانکرد (لە ژیانی دنیادا) لێتان دەپرسرێتەوە ﴿٩٣﴾ هەروەها (پەیمان و) سوێندەکانتان مەکەنە مایەی موخەننەتیی نێوانتان، کە سەرەنجام پێیەك دوای چەسپانی، بخلیسکێ (بۆ نێو باتڵاغی ناپاکیی) و بەهۆی (خەڵك) لادانتان لە ڕێی خواوە (سزای) خراپە بچێژن و ئازارێکی مەزنتان هەبێ! ﴿٩٤﴾ هەروەها بە پەیمانی خوا، نرخێکی کەم، مەکڕن، بێگومان ئەگەر

www.alibapir.net

بزانن ئەو پاداشتەی لەلای خوایە، بۆ ئێوە باشترە، (لە سوودێکی دنیایی کە بە پەیمان شکێنیی دەستی دەخەن) ﴿٩٥﴾ ئەوەی لەلاتانە (هەر چییەك و هەرچەند بێ) تەواو دەبێ و نامێنێ و، ئەوەی لەلای خوایە، لەبن نەهاتوویە و، مسۆگەر پاداشتی ئەوانەی خۆیان ڕاگرتوە {لەسەر جادەی شەریعەت} بەپێی باشترین کردەوەیان دەدەینەوە ﴿٩٦﴾ هەر کەس کردەوەی باش بکات و بڕوادار بێ، لە نێر یان مێ، بە ژیانێکی پاك و چاك دەیژیەنین و، بە پێی باشترین کردەوەشیان، پاداشتیان دەدەینەوە ﴿٩٧﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(**العَـدل**): وشەی (**عَـدْل**) و (**عَدَالَـة**) ئێمە بە داد دادگەریی، مانای دەکەین، (**العَدَالَـةُ وَالمُعَادَلَـةُ: لَفْـظٌ يَقْتَضِي مَعْنَـى المُسَاوَاةِ، وَالعَـدْلُ وَالعِدْلُ يَتَقَارَبَـانِ، لَكِنَّ العَـدْلَ يُستعْمَلُ فِيمَا يُـدْرَكُ بالبَصِـيرَةِ، كالأَحْـكَامِ، وَالعِـدْلُ فِيـمَا يُـدرَكُ بالحَاسَـةِ، كالمَوْزُونَـاتِ وَالمَعْـدُودَاتِ وَالمَكِيـلات**).

وشەی (**عَدَالَـة**) و (**مُعَادَلَـة**) وشەیەکە مانای یەکسانیی دەخوازێ و، وشەی (**عَـدل**) و (**عِـدل**) مانایان لێك نزیکە، بەڵام (**عَـدْل**) بۆ ئەو شتانەیە کە بە عەقڵ دەزاندرێن، وەك یاساکان، بەڵام (**عِـدْل**) بۆ شتێکە کە بە هەست بزاندرێ، چونکە (**عِـدل**) واتە: لابار، وەك کێشراوەکان و ژمێردراوەکان و پێوراوەکان، {ئەو شتانەی کە دەکێشرێن و دەژمێردرێن و دەپێورێن}، دەڵێن: ئا ئەوە بەرانبەری ئەوەیە، (**هَـذَا عِـدْلُ هَـذَا**)، ئنجا بار کە دەخرێتە سەر پشتی وڵاخ، دەگوترێ: (**عِـدْلَي الحِمْـل**)، هەردووك لا بارەکە، (**حِمْـل**)، واتە: بار، (**عِدْلان**)، واتە: دوو لا بارەکە.

(ٱلْفَحْشَآءِ): (**الفُحْـشُ وَالفَحْشَـاءُ وَالفَاحِشَـة: مَـا عَظُـمَ قُبْحُـهُ مِـنَ الأَفْعَـالِ وَالأَقْـوَال**)، هەر کام لە وشەکانی (**فُحْـش، فَحَشَـاءُ، فَاحِشَـة**)، بریتین لەو کردەوەو قسانەی کە زۆر ناقۆڵاو دزێوو ناشیرین بن، هەندێکیشیان گوتوویانە: بریتیە لەو گوناهانەی پەیوەندییان بە لایەنی جنسییەوە هەبێ.

(مُنكَرِ): (**كُلُّ فِعْلٍ تَحْكُمُ العُقُـولُ الصَحِيحَـةُ بِقُبحِـهِ، أَو تَتَوَقَّـفُ فِي اسـتقبَاحِهِ وَٱستحْسَانِهِ العُقُـولُ، فَتَحْكُمُ بِقُبحِـهِ الشَّرِيعَـةُ**).

(**مُنْکر**): هەر قسەیەکە، کە عەقڵە ڕاستەکان حوکم دەکەن، بەوە کە شتێکی خراپەو ناشیرینە، یاخود عەقڵەکان دەوەستن و بڕیار نادەن لەبارەی ناشیرین بوون، یاخود

www.alibapir.net

چـاك بوونیـەوە، بـەڵام شـەریعەت دێ، بڕیـاری ناشـیرین بـوونی بـۆ دەدات، {هەڵبەتـە ئـەو گوتوویـەتی: (**كُلُّ فِعْلٍ**)، بـەڵام (**مُنْكر**)یـش، هـەم قسـەو هـەم كـردەوە دەگرێتـەوە، واتە: قسـەو كـردەوەی خـراپ}.

(**وَٱلۡبَغۡيِ**): (**البَغْـيُ: طَلَـبُ تَجَـاوزُ الإقْتِصَـادِ فِيـمَا يُتَحَـرَّى، تَجَـاوَزَهُ أَم لَـمْ يَتَجَـاوَزهُ**)، (**بَغْـي**): بریتیـە لـە خەفتـان لـە تێپەڕانـدن لـە حاڵـەتی میانجیـی، لـە شـتێكدا كـە دەویسـترێ لێـی تێپەڕێـنرێ، ئنجا لێـی تێپـەڕێ یـان لێـی تێنەپـەڕێ، واتـە: زێدەڕۆیـی.

لـە ڕاسـتییدا (**بَغْـي**) دوایـی بـە مانـای دەسـتدرێژیی و، سـتەم و، سنوورشـكێنیی و، مـاف پێشـێلكردنی بەرانبـەر، هاتـوە.

(**نَقَضَتۡ غَزۡلَهَا**): (**النَّقْـضُ: إنْتِشَـارُ العَقْـدِ مِـنَ البِنـاءِ وَالحَبْـلِ وَالعِقـدِ، وَهُـوَ ضِـدُّ الإبْـرَامِ**)، (**نَقْـض**): بریتیـە لـە هەڵوەشـاندنەوەی شـتێك كـە پێكـەوە بەسـترابێ (گـرێ درابـێ)، ئنجـا خانـوو بـێ، یاخـود گوریسـێك بـێ، پەتێـك بـێ، یاخـود ملوانكەیـەك بـێ و، (**نَقـض**) پێچەوانـەی (**إبـرَام**)ە، (**إبـرَام**) واتـە: قایـم كـردن و، گرێـدان، (**نَقض**)یـش، واتـە: هەڵوەشـاندنەوە.

(**أَنكَـٰثٗا**): (**أَنْـكاث: جَمْـعُ نِكْـث، كالنَّقْـضِ، وَنَكَـثَ الأَكسِـية وَالغَـزْلَ، أَي: قَرِيـب مِـنَ النقـض وَاسـتعِيرَ لِنَقْـضِ العَهْـدِ**)، (**أَنـكاث**): كـۆی (**نِكْـث**)ە، (**نِكْـث**)، وەك (**نَقـض**) وایـە، (**نَقـض**) واتـە: هەڵوەشـاوە، یـان هەڵوەشـاندنەوە، (**نِكْث**)یـش بـە هەمـان شـێوە، كاتێك پۆشـاكێك، یاخود ڕیسـێك هەڵدەوەشـێنرێتەوەو شـیدەكرێتەوە، نزیكـە لـە مانـای (**نَقـض**)و هەڵوەشاندنەوەوە، بۆیـە وشـەی (**نَكـث**)، یاخـود (**نَقـض**) خوازراوەتـەوە بـۆ شـكاندنی پەیـمان، هەڵوەشـاندنەوەی پەیـمان، دیـارە (**أَكسِـيَة**) كـۆی (**كِسـاء**)ە، واتـە: پۆشـاكەكان، (**غَزْل**)یـش واتـە: ڕسـتراو، چـنراو.

(**دَخَلَۢا**): (**الدَّخَـلُ: كِنايَـة عَـنِ الفَسـادِ وَالعَـدَاوَةِ المُسـتبطَنَة كالدَّغَـلِ، دَخِـلَ: أَمْـرُهُ دَخَـلاً: فَسَـدَ، دُخِـلَ فُـلاَنٌ فَهُـوَ مَدْخُـولٌ: كِنايَـة عَـن بَلَـهٍ فِي عَقْلِـهِ وَفَسـادٍ فِي أَصْلِـهِ**).

وشـەی (**دَخَـل**) كینایەیـە بـۆ خراپەكاریـی، واتـە: لـە پەنـاڕا، ئـەو واتایـە دەگەیەنـێ و، بـۆ دوژمنایەتییـەكی پەنهانكـراو، ئنجـا (**دَخَـل**) وەك دەغـەڵ وایـە، یـانی: واتایـان لـە یـەك نزیكـە، دەگوتـرێ: (**دَخِـلَ: أَمْـرُهُ دَخَـلاً، أَي: فَسَـدَ**)، ئیشـەكەی خـراپ بـوو، تێكچـوو، دیسـان دەگوتـرێ: (**دُخِـلَ فُلاَنٌ فَهُـوَ مَدْخُـولٌ: كِنايَـة عَـن بَلَـهٍ فِي عَقْلِـهِ وَفَسـادٍ فِي أَصْلِـهِ**)، كینایەیـە كـە كەسـێك عەقڵـی تـەواو نەبـێ، یاخـود بناغـەو ڕیشـەكەی تـەواو نەبـێ، یـانی: پەروەردەكـەی تـەواو نەبـێ، (سروشـتەكەی تـەواو نەبـێ)، لـە كوردەواریـی خۆمانـدا هەنـدێ وشـە بەكاردێنیـن بـۆ وێنـە: فڵانكـەس تەختـەی نوقصانـە.

www.alibapir.net

(أَرۡبَىٰ): یانی: (أَزْيَد)، (أَرْبَى عَلَى الحِصَّةِ: زَادَه)، (أَرۡبَىٰ): یانی زیاتر، (أَرْبَى عَلَى الحِصَّةِ)، لەو بەشەی دانراوە، لێی زیاد کرد.

(فَتَزِلَّ قَدَمُۢ): پێیەك دوای ئەوەی كە چەسپاوە، بخلیسكێ، لابچێ لە شوێنی چەسپاوی خۆی، دەڵێ: (زَلَّ عَن مَكانِهِ: تَنَحَّى، وَالمَزَلَّةُ: المَكانُ الدَحضُ)، (زَلَّ عَن مَكانِهِ) واتە: لە شوێنەكەی خۆی لاچوو، (المَزَلَّةُ) بە شوێنێكی لووس دەگوترێ كە پێی لێ بخلیسكێ.

(يَنفَدُ): (نَفِدَ، يَنفَدُ: فَنيَ وَانقَطَعَ، وَأَنفَدتُهُ: أَفنَيتُهُ)، (نَفِدَ، يَنْفَدُ)، واتە: ئەو شتە تەواو بوو، بڕا، كۆتایی هات، (وَأَنفَدتُهُ)، یانی: خەلاسم كرد، تەواوم كرد.

(حَيَوٰةً طَيِّبَةً): واتە: ژیانێكی بەختەوەر، یان ژیانێكی پاك و چاك، دەگوترێ: (طَابَ الشيء يَطِيبُ طِيْبا: إِذَا كانَ لَذِيذاً، أو حَلالاً فَهُوَ طَيِّبٌ، طَابَت نَفسُهُ: إِنْبَسَطَت وَانشَرَحَت)، (طَابَ شَيء يَطِيبُ طِيبا)، شتەكە خۆش بوو، خۆش دەبێ، خۆش بوون، ئەگەر بەتام بێ، یاخود حەڵاڵ بێ، ئەوە پێی دەگوترێ: (طَيِّب)، (طَابَت نَفسُهُ)، واتە: دڵی خۆش بوو، شادمان بوو.

مانای گشتی ئایەتەكان

ئەوەی لەم دەرسەدا دەخرێتە ڕوو، باسێكی تازەیە لەم سووڕەتەدا، چونكە تەوەری سەرەكیی ئەم حەوت (٧) ئایەتە: باسی دادگەریی و، پابەندیی بە بەڵێن و پەیمان، پاشان پاداشتی خاوەن بەڵێنان و، وەفاداران بە پەیمان و، سزای بێ بەڵێنان و پەیمان شكێنان، بە هەر بیانوو و پاساوێك بێ، باسی ئەوەیە، كە ئەمە بابەتێكی تازەیە، بەڵێ لە سووڕەتە مەككەییەكاندا كەم و زۆر باسی دادگەریی كراوە، بەڵام ئێرە یەكەم شوێنە كە لە هەموو قورئانی مەككەییدا، بەو خەست و خۆڵییە، بەو تۆخییە، باسی بەڵێن و پەیمان بكرێ و، گرنگیی پابەندیی بە بەڵێن و پەیمانەوە، بخرێتەڕوو.

سەرەتا خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡبَغۡيِۚ يَعِظُكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ﴾، بێگومان خوا فەرمانتان پێ دەكات بە دادگەریی و، چاكەكاریی و، بە بەخشین بە نیزیكان (بەوانەی كە خاوەنی نزیكایەتیین)، واتە: خزمان و، خەڵك قەدەغە دەكات لە (ٱلۡفَحۡشَآءِ)، واتە: قسەو كرداری ناقۆڵاو ناشیرن و دزێو، (وَٱلۡمُنكَرِ) قسەو كرداری خراپ و

www.alibapir.net

ناپەسند، (وَٱلۡبَغۡيِ) لە دەستدرێژیی و سنوور بەزێنیی و، ماف پێشێلکردنی بەرانبەرەکان، ﴿يَعِظُكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ﴾ خوا ئامۆژگارییتان دەکات بەڵکو وەبیرتان بێتەوە، یان بەڵکو بیربکەنەوە، بیرکردنەوەیەك کە بتانگەیەنێ بە پەند وەرگرتن و، بەهرە وەرگرتن لەو بیرکردنەوەیەی خۆتان، ئەم ئایەتە وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا باسی دەکەین، گرنگییەکی تایبەتی هەیە، لە قورئاندا و، لە ئیسلامدا، بۆیە هاوەڵان و، زانایان زۆر قسەیان لەسەر کردوە و، ئێمەش ئەوەندەی کە لەگەڵ سروشتی ئەم تەفسیرەدا بگونجێ، قسە لەسەر ئەو ئایەتە موبارەکە دەکەین، چونکە خوا ﷻ لەم ئایەتەدا، سێ شتان فەرمان پێ دەکات و، سێ شتانیش قەدەغە دەکات، ئەو سێ شتەی فەرمانیان پێ دەکات:

١/ دادگەریی.

٢/ چاکەکاریی.

٣/ بەخشین بە خزمان.

ئەو شتانەش کە قەدەغەیان دەکات: -

١) (ٱلۡفَحۡشَآءِ)، واتە: کردار و قسەی ناقۆڵاو ناشیرین.

٢) (وَٱلۡمُنكَرِ)، واتە: کردار و قسەی ناپەسندو خراپ و زیانبەخش.

٣) (وَٱلۡبَغۡيِ) دەستدرێژیی و سنوور شکێنیی.

دواییش خوای کارزان، ئەمە بە ئامۆژگاریی خۆی دادەنێ، (يَعِظُكُمۡ) واتە: ئەوەی کە پێی فەرموون ئەو سێ فەرمانە و، ئەو سێ قەدەغەیە، ئەوە ئامۆژگاریی خوایە، ﴿لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ﴾، بەڵکو پەند وەربگرن، بەڵکو بیر بکەنەوە.

ئنجا دێتە سەر باسی بەڵێن و پەیمان بردنە سەر، دەفەرموێ: ﴿وَأَوۡفُواْ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ إِذَا عَٰهَدتُّمۡ﴾، هەر کاتێ پەیمانتان دا، وەفاداربن بە پەیمانی خواوە، پەیمانی خوا جێبەجێ بکەن، (**وفاء**) واتە: جێبەجێکردنی شتێك بە تەواویی، (**أوفوا**) واتە: بە تەواویی پەیمانی خوا جێبەجێ بکەن، باش پابەند بن پێیەوە، بۆیەش دەفەرموێ: ﴿بِعَهۡدِ ٱللَّهِ﴾، هەرچەندە پەیمانەکە لە نێوان مرۆڤەکان خۆشیان دابێ، چونکە بە ناوی خواوە ئەو پەیمانانە، تەواو دەکرێن، سوێندیان لەسەر دەخورێ، خوا دەکرێ بە شایەد، یاخود لەبەرئەوەی: خوا ﷻ وەفا کردن بە بەڵێن و پەیمانی، بە یەکێ لە بەها بەرزەکان

www.alibapir.net

داناوە، لە هەموو شەریعەتەکانی خۆیدا، بۆیە ئەو پەیمانە پاڵ دەداتە لای خوا، ئەگەرنا هەموو شتێك هەر هی خوایە، بەڵام ئەوە جۆرێك لە تەشریفە بۆ بەڵێن و پەیمان، یانی: ئەو بەڵێن و پەیمانەی کە پەیوەستە بە خواوەو، خوا بایەخێکی تایبەتی پێداوە، پێیەوە پابەندو وەفادار بن.

﴿ وَلَا تَنقُضُوا۟ ٱلْأَيْمَٰنَ بَعْدَ تَوْكِيدِهَا ﴾، سوێندەکان دوای ئەوەی جەختیان لەسەر کراوەتەوە، هەڵمەوەشێننەوە.

ئەمجارە وشەی (ٱلْأَيْمَٰنَ) بەکاردێنێ لە جیاتی بەڵێن و پەیمان، لەبەرئەوەی هەر بەڵێن و پەیمانێك کە دەدرێ، سوێندی لەسەر دەخورێ و، بە سوێند جەختی لەسەر دەکرێتەوەو داکۆکیی لەسەر دەکرێ.

کەواتە: کە دەفەرموێ: سوێندەکانتان هەڵمەوەشێننەوە، واتە: ئەو پەیمانانەی کە سوێندتان لەسەر خواردوون، دوای ئەوەی جەختتان لێ کردوونەوە ﴿ وَقَدْ جَعَلْتُمُ ٱللَّهَ عَلَيْكُمْ كَفِيلًا ﴾، لە حاڵێکدا کە خواتان بەسەر خۆتانەوە کردوە بە چاودێر، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ ﴾، بێگومان خوا دەزانێ چی دەکەن، چ بە ئاشکرا، چ بە پەنهان، وریا بن !

ئنجا خوا ﷻ بۆ ئەوەی پێشانمان بدات کە پەیمان شکاندن و هەڵوەشاندنەوەی بەڵێن، چەند شتێکی خراپ و، قێزەونە! بەمجۆرە بۆمان وێنا دەکات: دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّتِى نَقَضَتْ غَزْلَهَا مِنۢ بَعْدِ قُوَّةٍ أَنكَٰثًا ﴾، وەك ئەو ژنە مەبن کە ڕیسەکەی خۆی دەکردەوە بە خوری و هەڵیدەوەشاندەوە، دوای ئەوەی زۆر بە مەحکەمی دەیڕست و دەیهۆنیەوە !

(غَـزْل) یانی: چنراو، (مِغْزَل)یش تەشییە کە خوریی و مووی پێ دەڕێسرێ، پێی دەهۆنرێتەوەو، دەچنرێ، ﴿ مِنۢ بَعْدِ قُوَّةٍ ﴾، واتە: دوای ئەوەی کە زۆر چاك چنراوەو، ڕێسراوەو، توندو پەیت کراوە، ڕیسەکەی خۆتان مەکەنەوە بە خوریی، (أَنكَٰثًا): (أَنـكاث) کۆی (نِكْث)ە، واتە: ئەو شتەی کە چنیوتانەو ڕستووتانە پس پسی مەکەن، لە کوردییدا ڕیسێك کە دەکرێتەوە بە خوریی و، دەشکنرێتەوە، یاخود پەتێك کە دوای هۆنرانەوەی هەڵدەوەشێنرێتەوە، دەگوترێ: پس پسی کرد، واتە: بەش بەشی کردو پساندی.

www.alibapir.net

﴿ تَتَّخِذُونَ أَيْمَٰنَكُمْ دَخَلًۢا بَيْنَكُمْ ﴾، لە حاڵێکدا ئێوە پەیمان هەڵدەوەشێننەوە، کە پەیمانەکانی خۆتان لە بەینی خۆتاندا دەکەنە هۆکاری موخەننەتیی و ناپاکیی و فێڵ و فەرەج لە دژی یەکدی، ﴿ أَن تَكُونَ أُمَّةٌ هِىَ أَرْبَىٰ مِنْ أُمَّةٍ ﴾، ئنجا لە ئەنجامی ئەوەدا کە پەیمان هەڵدەوەشێننەوە: پەیمان و سوێندەکانی کە خواردووتن، لە بەینی خۆتاندا دەکەنە زەمینە سازیی بۆ موخەننەتیی و ناپاکیی و فێڵ و فەرەج لە دژی یەکدی، لە سۆنگەی ئەوەوە کە کۆمەڵێك زیاترە لە کۆمەڵێك، واتە: ئەو کۆمەڵەی کە دەتانەوێ پەیمانی تازەی لەگەڵ ببەستن، لەو کۆمەڵە زیاترن کە پێشتر پەیمانتان لەگەڵ بەستوون! بەڵام مەچن یەکسەر پەیمان لەگەڵ ئەوەی پێشێ هەڵمەوەشێننەوەو، ئەوانی دیکەیان لە جێ دانێن، هەر لەبەرئەوەی لەوان زیاترن، ﴿ إِنَّمَا يَبْلُوكُمُ ٱللَّهُ بِهِۦ ﴾، بێگومان خوا بەوە تاقیتان دەکاتەوە، کە ئایا لەبەر بەرژەوەندییەکی دنیایی (میکیا ڤیلیانە) بەڵێن و پەیمانە پێشووەکەتان دەشکێنن، لەبەرئەوەی چاوتان لەوەیە کە لەگەڵ لایەنێکی بەهێزتردا، کە ژمارەیان زیاترە، پەیمان ببەستن؟ خوا بەوە تاقیتان دەکاتەوە، ﴿ وَلَيُبَيِّنَنَّ لَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ مَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴾، لە ڕۆژی دواییشدا لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا، بێگومان ئەوەتان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە تێیدا کەوتوونە ڕاجیایی و کێشەو مشتومڕەوە، واتە: ئەوێ شوێنی تەصفیە حیساب و شوێنی (کا و دان) لە یەك جیا کردنەوەیە، ئێوە لە دنیادا ئەو جۆرە تەصفیەو حیسابانە بەیەکەوە مەکەن، پابەند بن بە بەڵێن و پەیمانی نێوانتانەوە.

﴿ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً ﴾، ئەگەر خواش ویستبای دەیکردن بە یەك کۆمەڵ، کە هەمووتان کۆمەڵێکی خواپەرست بن، لەسەر ڕێی هەق و لانەدەن، ﴿ وَلَٰكِن يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ ﴾، بەڵام خوا هەر کەسێکی بوێ، لە ڕێی لادەدات و سەرگەردانی دەکات و گومڕای دەکات، هەروەها هەر کەسێکیشی بوێ دەیخاتە سەر ڕێی ڕاست.

لێرەدا ئەو (**هداية**)ە، کە لە: (**يَهدِي**)دا هەیە، بە مانای ڕێ پێشاندان نیە، چونکە خوا ویستوویەتی و ڕێی پێشانی هەموو خەڵك داوە، بەڵکو بە مانای خستنە سەر ڕێیە، هەروەها (**يُضِلُّ**)ش بە مانای ئەوە نیە، کە خوا ڕێیان پێشان نەدات، خوا ڕێی پێشانی هەموو لایەك داوە، بەڵکو (**يُضِلُّ**) واتە: بێ بەشی دەکات لەوەی کە ڕێگای ڕاست بگرێ، هەر کەسێك کە خوا بیەوێ، بەڵام بە ویستی ئازادانەی خۆی، بێبەشی دەکات لەوەی کە ڕێگای ڕاست بگرێ، هەروەك ئەویدیکەش: خوا بە ویستی ئازادانەی خۆی، بەهرەمەندی دەکات، لەو ڕێیە ڕاستەی کە پێشانی داوە، کە بیگرێتە بەر، ﴿ وَلَتُسْـَٔلُنَّ عَمَّا

www.alibapir.net

﴿كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾، بە دڵنیاییەوە (سوێند بە خوا) لەوەی کە دەتانکرد لە دنیادا، لێتان دەپرسرێتەوە.

﴿وَلَا تَتَّخِذُوٓاْ أَيْمَٰنَكُمْ دَخَلًۢا بَيْنَكُمْ﴾، دووبارەی دەکاتەوە: سوێندەکانتان لە بەینی خۆتاندا مەکەنە مایەی موخەننەتیی و فێڵ و فەرەج و یەکدی هەڵخەڵەتاندن، ﴿فَتَزِلَّ قَدَمٌۢ بَعْدَ ثُبُوتِهَا﴾، کە لە ئەنجامی ئەوەدا: پێیەکی چەسپاو، بخلیسکێ، لێرەدا خوا پەیمان شکێنیی ئاوا وێنا کردوە: کەسێك لە شوێنێکی مەحکەم پێی داناوە، کەچی هەر هێندە دەزانێ، پێی دەخلیسکێ، کەسێکیش کە پابەندە بە بەڵێن و پەیمانی خۆیەوە، وەك کەسێکە پێی مەحکەم کردبێ و، پەیمان شکاندنەکەش وەك پێ خلیسکانێکە کە کەسێك ڕەتەڵێك دەبات دەخلیسکێ و، لە شوێنێکی بەرز دەکەوێتە خوار، یان دەکەوێتە نێو باتلاغێکەوە.

﴿وَتَذُوقُواْ ٱلسُّوٓءَ بِمَا صَدَدتُّمْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾، هەروەها سەرەنجام: خراپە بچێژن بەهۆی ئەوەوە کە خەڵکتان لە ڕێی خوا لاداوە، یان بۆخۆتان لاتانداوە لە ڕێی خوا، ﴿وَتَذُوقُواْ ٱلسُّوٓءَ﴾، واتە: (**تَذُوقُوا العَذَابَ السُّوء**)، یان (**عِقَابَ السُّوء**)، سزای خراپ بچێژن، یاخود تۆڵەی خراپ بچێژن، بەهۆی ئەوەوە کە لە ڕێتان لاداوە (لە ڕێی خوا)، یاخود خەڵکتان لە ڕێی خوا لاداوە، چونکە پەیمان شکێنیی و بێ بەڵێنیی، دەبێتە هۆی ئەوە، کە خەڵك متمانەی نەبێ بە ئیسلام و، ئیسلامی لە پێش چاو بێزرێ، هەروەك ئەو گرووپە پەڕگیرانەی کە لەم ڕۆژگارەدا پەیدا بوون، شتی وادەکەن، ڕێك پێچەوانەی ئیسلامە، ڕێك لەگەڵ سروشتی ئیسلامدا تێکدەگیرێ، لەگەڵ پەیامی پێغەمبەردا ﷺ تێکدەگیرێ، ئیدی سەرەنجام: بۆ خەڵکێکی سادەی نەزانی نەشارەزای ناشێ، دەبێتە پەردەیەك کە ڕووی ڕاستەقینەی ئیسلامی لە پێش چاو بشێوێ، یاخود ئیسلام هەر نەناسێ، یاخود بە پێچەوانەی سروشتی خۆیەوە، ئیسلام بناسێ.

ئیسلامێك کە بۆ ڕەحمەت هاتوە، پێی وابێ مایەی زەحمەتە، ئیسلامێك کە بۆ بەختەوەرکردنی خەڵك هاتوە، پێی وابێ مایەی بەدبەخت کردنیانە، ئیسلامێك کە بۆ ئاوەدانیی هاتوە، پێی وابێ کە ئیسلام مایەی ماڵ وێرانییە، چونکە شوێنەواری ئەو گرووپە پەڕگیرانە بەتایبەتی ئەو (داعش)ەی کە ملۆزمە، پێش هەموو کەس بۆ مسوڵمانان و بۆ ئیسلام، وەك دەبینین لە هەر شوێنێك دەستەڵاتیان بوو، بە تایبەت لە سووریاو عێراقدا، وەك چۆن دەڵێن: کوندەپەپوو لە هەر شوێنێك بخوێنێ، کاول دەبێ، ئەوانە پێیان بچێتە

www.alibapir.net

هەر شوێنێك كاول دەبێ، خوێنێكی زۆر دەڕێژن و، وڵاتەكەش كاول دەكەن و، خەڵكەكە تووشی سەغڵەتیی و ناڕەحەتییەكی زۆر دەكەن، ئنجا بە ناوی ئیسلامیشەوە دەیكەن، كە كردەوەكانیشیان پێچەوانەی ئیسلامن، پێچەوانەی ئەو هیدایەتەیە كە خوا ﷻ بە پێغەمبەری خاتەمدا ناردوویەتی، بۆ ئەوەی هەموو مرۆڤایەتیی پێ بەختەوەر بكات، بەڵام ئەوان پێشێ بەڵان بۆ ئیسلام و مسوڵمانان، ئنجا دوایی بەڵان بۆ خەڵكی دیكەی جیا لە مسوڵمانان، ئەگەرنا سەدا نەوەدی ئەوەی كە بە دەستی (داعش) لە بەین چووە لە عێراق و لە سووریا، مسوڵمانانن، ئنجا ئەگەر لە پەنای مسوڵمانانیشدا كە كەسێكی مەسیحیی، یان ئێزیدیی، ئەوانەش تووشی زیان و زەرەر بوون، بەڵام بەڵایەكە زیاتر بۆ ئیسلام و ئەهلی ئیسلامە، ئنجا بێگومان خوا دەفەرموێ: بەهۆی بێ پەیمانیی و بەڵێن شكێنییەوە خەڵك لە ڕێی خوا لادەدەن، كە ئەوە وایەو هەر مومارەسەیەكی هەڵە بە ناوی دینەوە بكرێ، دەبێتە هۆی ناشیرینكردنی ڕووی گەشی ئیسلام لەبەر چاوی خەڵك، هەڵبەتە خەڵكێك كە خۆیان شارەزای ئیسلام نین، ﴿وَلَكُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ﴾، سەرەنجام سزایەكی مەزنیشتان بۆ دەبێ.

﴿وَلَا تَشۡتَرُواْ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ ثَمَنٗا قَلِيلًا﴾، دووبارەی دەكاتەوە، دەفەرموێ: بە نرخێكی كەم، پەیمانی خوا مەكڕن، واتە: پەیمانی خوا وەك كاڵایەك مامەڵە پێ مەكەن، كە لە بەرانبەریدا نرخێكی كەم وەربگرن، ﴿إِنَّمَا عِندَ ٱللَّهِ هُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ﴾، بێگومان ئەوەی كە لە لای خوایە، باشترە بۆ ئێوە ئەگەر بزانن، ﴿مَا عِندَكُمۡ يَنفَدُ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ بَاقٖ﴾، ئەوەی لە لاتانە تەواو دەبێ و دەبڕێ، هەرچی بێ، ﴿وَمَا عِندَ ٱللَّهِ بَاقٖ﴾، بەڵام ئەوەی لەلای خوایە، كە بەهەشتی خوایە، ڕەزامەندیی خوایە، بەخششی خوایە، لە ڕۆژی دوایی دا، دەمێنێتەوەو، لەبن نایەت، ﴿وَلَنَجۡزِيَنَّ ٱلَّذِينَ صَبَرُوٓاْ أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾، بە دڵنیاییەوەش پاداشتی ئەوانەی كە خۆیان ڕاگرتووە {لەسەر جادەی شەریعەت}، پاداشتەكەیان دەدەینەوە، بەپێی باشترینی ئەوەی كە دەیانكرد، واتە: باشترینی كردەوەكانیان بۆ دەكەینە پێوەر بۆ پاداشت دانەوەیان.

لە كۆتایی دا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَنُحۡيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةٗ طَيِّبَةٗ﴾، هەر كەسێك كردەوەی باش بكات لە نێر یان مێ و، بڕواداریش بێ، بە دڵنیایی بە ژیانێكی پاك و چاك و بەختەوەرانە دەیژیەنین، واتە: لە دنیادا، ﴿وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾، بە دڵنیاییەوەش

www.alibapir.net

لە دواڕۆژیش دا پاداشتیان دەدەینەوە، بەپێی باشترینی ئەوەی ئەنجامیان دەدا، بەپێی باشترینی کردەوەکانیان.

کەواتە: ئیمان و کردەوەی باش، مایەی بەختەوەریی و، مایەی سەرفرازیی و، مایەی ژیانێکی پاك و چاك و، پڕ بەختەوەرییە، لە دنیادا، کە بە تەئکید مەبەست پێی ئەو حاڵەتە ئیمانییەیە، کە لە دڵ و دەروونـدا جێگیر دەبێ، کە ئینسان بەرچاوی ڕوونە، بە پاکیی دەژی، بەڕاستی دەژی، بە ساغیی دەژی، لەگەڵ خواو لەگەڵ خەڵك دا، هەست بە بەختەوەریی دەکات و، هەست بە دڵخۆشیی دەکات و، هەست بە سەرفرازیی و سەربەرزیی دەکات لە لای خواو خەڵك، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە هەست بە کامەرانیی و شادمانیی بکات.

لە دواڕۆژیشدا بە پێی باشترینی کردەوەیان پاداشتیان دەداتەوە، خوای پەروەردگار لەو کەسانەمان بگێڕێ، بە لوتف و کەرەمی خۆی.

www.alibapir.net

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بێگومان خوا فەرمان دەکات بە دادگەریی و چاکەکاریی و بەخشین بە خزم و نیزیکان و، ڕێگریی لە قسەو کرداری دزێوو ناشیرین و کاری خراپ و، سنوور شکێنیی دەکات:

خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡبَغۡيِۚ يَعِظُكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ﴿٩٠﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە حەوت بڕگەدا:

١- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ﴾، بە دڵنیایی، بە جەختکردنەوەوە، خوا فەرمان دەکات بە دادگەریی، ئنجا ئایا ئەو دادگەرییەی خوا فەرمانی پێ دەکات، زانایان چۆنیان شی کردۆتەوە ؟

(العَدْلُ: القَصْدُ فِي الأُمُورِ، وَهُوَ خِلَافُ الجَورِ، عَدَّلْتُهُ: سَوَّيْتُهُ، وَالعَدْلُ: الإِنْصَافُ، وَهُوَ إِعْطَاءُ المَرْءِ مَا لَهُ، وَأَخْذُ مَا عَلَيْهِ).

واتە: (**عَدل**) بریتیە لە نێوەنجیی بوون لە کاروبارەکاندا و، پێچەوانەی لادان (**جَور**)ە، {(**جَور**) واتە: لادان، بەڵام (**عَدل**) یانی: ڕێك ڕۆیشتن، ڕێك بوون}، (**عَدَّلْتُهُ سَوَّيْتُهُ**)، (**عَدَّلْتُهُ**)، واتە: یەکسانم کرد، ڕێکم کرد، تەختم کرد، {زەوییەك کە بەرزیی و نزمیی هەبێ، دەگوترێ: (**عَدَّلْتُها**)، زەوییەکەم ڕێکخست و بەرزو نزمییم تێدا نەهێشت}، هەروەها (**عَدْل**) بە ئینصاف لێك دراوەتەوە، ئینصاف ئەوەیە تۆ مافی خۆت وەربگری و مافی ئەوانەی دیکەش بسەلمێنی و، ئەگەر بەدەستت بێ بۆیان دابین بکەی.

هەروەها (**عَدل**) ئاواش پێناسە کراوە: بریتیە لەوەی هەر کەسە ئەوەی کە لەسەریەتی بیدات و، ئەوەی کە مافیەتی، وەریبگرێ.

هەڵبەتە دەگونجێ زیاتریش لەوبارەوە قسە بکرێ، بەڵام ئێمە ئێستا بە کورتی قسە دەکەین.

www.alibapir.net

٢- ﴿ وَٱلْإِحْسَـٰنِ ﴾، هەروەها خوا فەرمان دەکات بە چاکەکاریی.

(الحَسَـنُ: مَـا كانَ مَحْبُوبـاً عِنْـدَ المُعَامِـلِ بِـهِ، وَلَـم يَكُـن لازِمَـاً لِفَاعِلِـهِ، وَالإِحْسَـانُ: هُـوَ مُعَامَلَـةٌ بالحُسْـنَى مِمَّـن لاَ يَلْزمُـهُ إِلى مَـنْ هُـوَ أَهْلُهَـا).

وشـەی (حَسَـن) واتـە: هـەر شـتێکە کـە بـە چـاك دابـنرێ، لـەلای کەسـێك کـە مامەڵـە دەکات لەگـەڵ کەسێکدا، لەسـەر بکەرەکـەشی پێویسـت نەبـێ، ئـەوە پێـی دەگوتـرێ: (حَسَـن).

(إحسـان) یـانی: ئەنجامـدانی شـتی بـاش، ئەنجامـدانی ئـەو باشـەی کـە باسـمان کـرد، ئەویـش ئەوەیـە کـە بـە جۆرێـك مامەڵـە بکـەی لەگـەڵ کەسـێکدا کـە شایسـتەیەتی، بـە کام جـۆرە باشـترە، ئـاوا مامەڵـەی لەگـەڵ دابکـەی، (الأحسـان) زیاتـر لایـەنی مەعنەویـی دەگرێتـەوە.

٣- ﴿ وَإِيتَآيِٕ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ ﴾، هەروەها بەخشین بە نیزیکان، یان بە خزمان، کە بێگومان مەبەست پێی بەخشینی سەروەت و سامانە، هاوکاریی ماددییە، ﴿ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ ﴾، (ذِی) و (ذُو) یانی: خاوەن، (ٱلْقُرْبَىٰ) یانی: نیزیکایەتیی و خزمایەتیی، کەواتە: یانی: (صَاحِبِ القَرَابَة)، کەسێك کە بابای بەخشەر لەگەڵیدا خزم بێ و نزیك بێ.

لە چەند شوێنێکی دیکەش خوای بەخشەر باسی بەخشین بە خزمانی کردوە، بۆ وێنە:

أ / لە سوورەتی (الإسراء)دا دەفەرموێ: ﴿ وَءَاتِ ذَا ٱلْقُرْبَىٰ حَقَّهُۥ... ﴿٢٦﴾ ﴾الإسراء، واتە: هەروەها مافی خزم بدە، مافەکەی پێ بدە.

ب) هەروەها لە سوورەتی (الروم)دا دەفەرموێ: ﴿ فَـَٔاتِ ذَا ٱلْقُرْبَىٰ حَقَّهُۥ... ﴿٣٨﴾ ﴾، واتە: مافەکە بدە بە کەسێك کە خزمەو نزیکەو، خاوەنی خزمایەتییە لەگەڵت دا.

٤- ﴿ وَيَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ ﴾، وەك چۆن خوا فەرمان دەکات بەو سێیانە، بە دادگەریی و، بە چاکەکاریی و، بە پێدان و بەخشین بە خزمان، ئەم سێ شتانەش قەدەغە دەکات: (ٱلْفَحْشَآءِ)، (وَٱلْمُنكَرِ)، (وَٱلْبَغْيِ).

(الفَحْشَـاء: إِسْـمٌ جَامِـعٌ لِـكُلِّ قَولٍ أَو فِعلٍ تسـتفظِعُهُ النُّفُوسُ لِفَسـادِهِ)، (فَحْشَـاء) ناوێـکی کۆکەرەوەیە، بـۆ هـەر قسـەو کردەوەیـەك کـە نەفسـەکان پێیان شـتێکی ناقۆڵاو خـراپ و دزێـوە، لەبـەر خراپیی.

٥- ﴿ وَٱلْمُنكَرِ ﴾، (المُنكر: هُوَ مَا تَستنكِرهُ النُّفُوسُ المُعْتَدِلَة، وَتَكرهُهُ الشَّرِيعَةُ، مِن فِعْلٍ أَو قَول)، (مُنكر)یش هەر شتێکە کە نەفسە هاوسەنگەکان و، شەریعەت بە خراپی بزانێ، لە قسە یان کردەوە.

www.alibapir.net

٦- ﴿ وَٱلْبَغْيِ ﴾، (البَغي: هُوَ الإعْتِدَاءُ فِي المُعَامَلَة)، بریتیە لە سنوور شكێنیی، سنوور بەزێنیی {دەستدرێژیی بە هەموو شێوەكانیەوە} لە هەڵسوكەوت دا.

٧- ﴿ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴾، خوا ئامۆژگارییتان دەكات، بەڵكو بێتەوە بیرتان، بەڵكو چاو بەخۆتاندا بگێڕنەوە، (التّذَكُّر: مُرَاجَعَةُ المَنسِيِّ المَغفُولِ عَنْهُ)، (تَذَكرّ) بریتیە لە چاو پێداگێڕانەوەی شتێ كە لە بیر كراوەو ئاگات لێبڕاوە، وەبیر خۆتی بێنیەوە.

كورتە باسێك: چوار سەرنج لەبارەی ئەم ئایەتەوە: (النَّمل: ٩٠):

سەرنجی یەكەم: گرنگیی و گەورەیی ئەم ئایەتە:

١- لە عەبدوڵلای كوڕی مەسعوودەوە خوا لێی ڕازی بێ گێڕدراوەتەوە گوتوویەتی: (هَذِهِ أَجْمَعُ آية فِي القُرْآنِ لِخَيرٍ يُمْتَثَل، وَلشَرٍّ يُجْتَنَب)[1].

واتە: ئەم ئایەتە كۆكەرەوەترین ئایەتی قورئانە، بۆ هەر چاكەیەك كە ئەنجام بدرێ و، هەر خراپەیەك كە دووریی لێ بكرێ.

هەروەها (القُرطبي)یش لە تەفسیرەكەی خۆیدا[2] هەمان دەقی هێناوە.

٢ - هەروەها هەر لە عەبدوڵلای كوڕی مەسعوودەوە خوا لێی ڕازی بێ، وەك تەفسیری (المَرَاغِي)، كە هەر بە ناوی خاوەنەكەیەوەیەتی، دەڵێ:

{عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ ﷺ أَنَّهُ قَالَ: أَعْظَمُ آيَةٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ: ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْحَيُّ ٱلْقَيُّومُ ﴿٢٥٥﴾ ﴾ البَقَرَة، وَأَجْمَعُ آيَةٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ لِلْخَيرِ وَالشَّرِّ، الآية الَّتِي فِي النَّحْلِ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُ بِٱلْعَدْلِ وَٱلْإِحْسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ ﴾، وَأَكْثَرُ آيَةٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ تَفوِيضَاً: ﴿ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا ﴿٢﴾ وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ... ﴿٣﴾ ﴾ الطلاق، وَأَشَدُّ آيَةٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ رَجَاءً: ﴿ قُلْ يَٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ... ﴿٥٣﴾ ﴾ الزمر}[3].

---

(١) جامع البيان للطبري، ج ١٤، ص ١٦٩، رقم: ٢١٧٩٩.

(٢) الجامع لأحكام القرآن، ج ١٠، ص ١٣٦.

(٣) ج ٥، ص ١٣٠. ئەمە پاڵی داوەتە لای صەحیحی بوخاریی و ئیبنو لمونزیرو ئیبنو لجەریری تەبەریی و حاكیم و بەیهەقیی، بەڵام من لە تەفسیری (الطبري)دا تەنیا ئەو قسەیەی دەربارەی ئایەتەكەی سوورەتی: (النحل)ە، بینیم كە لە عەبدوڵلای كوڕی مەسعوودەوە خوا لێی ڕازی بێ هێناویەتی، ڕەنگە لە سەرچاوەكانی دیكەدا، لەبارەی هەر (٤) چوار ئایەتەكەوە، قسەكەی عەبدوڵلای كوڕی مەسعوود، خوا لێی ڕازی بێ، هاتبێ.

www.alibapir.net

واتـە: عەبدوڵڵای کـوڕی مەسـعوود خـوا لێـی ڕازی بـێ گوتوویـەتی: مەزنتریـن و گەورەتریـن ئایـەت لـە کتێبـی خـوادا: ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَیُّ ٱلۡقَیُّومُ ...﴿٢٥٥﴾ ﴾ە، ئـەوە لـە صەحیحـی بوخارییشـدا هاتـوە، کـە پێغەمبـەر ﷺ بـە گەورەتریـن ئایـەتی ناونـاوە، کۆکەرەوەتریـن ئایەتیـش بـۆ چاکـەو خراپـە ئـەو ئایەتـەی سـوورەتی (النّحـل)ە: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ یَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِیتَآیِٕ ذِی ٱلۡقُرۡبَىٰ ... ﴾ هەروەهـا ئایەتێـك کـە لـە هەمـوو ئایەتانـدا زیاتـر کاری خـۆ بـە خـوا سپاردنی تێدایـە، ئـەو ئایەتەیـە: ﴿ وَمَن یَتَّقِ ٱللَّهَ یَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجًا ﴿٢﴾ ﴾، {کـە لـە سـووڕەتی (الطلاق)دایـە، واتـە: هـەر کەسـێك پارێـز لـە خـوا بـکات، خـوا دەرووی لـێ دەکاتـەوە}، هەروەها ئایەتێـك کـە ئومێـد بەخشـترین ئایەتـە لـە کتێبـی خـوادا، ئایەتەکـەی سـوورەتی (الزمَـر)ە، ﴿ قُلۡ یَٰعِبَادِیَ ٱلَّذِینَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِ...﴿٥٣﴾ ﴾.

سەرنجی دووەم: دانرانی ئەم ئایەتە (**النحل: ٩٠**) لە لایەن (**عمر بن عبدالعزیز**)ەوە لە شوێنی جنێو گوتران بە (**علي بن أبي طالب**) لەسەر دوانگە:

ئەمـە (**جَـمَال الدِّیـن القَاسـِمِي**) و، تەفسـیرەکانی دیکـەش، کـەم و زۆر باسـیان کـردوە، (**جـمال الدِّیـن القاسـمي**) لـە (**محاسـن التّأویـل**)دا[1]، دەڵـێ: (**كَانَ بَنُـو أُمَیـة یَسُـبُّون عَلِیـاً عَـلَى الْمَنابِـرِ، فَلَـمَّا آلَ الأَمْـرَ إِلَى عُمَـرَ بْـنَ عَبـدُ العَزِیـز، وَضَـعَ هَـذِهِ الآیـة مَـكَانَ السَـبِّ**).

واتـە: بەنـو ئومەییـە عادەتیـان وابـوو لەسـەر مینبـەران، قسـەیان بـە عەلـی کـوڕی ئـەبی تاڵیـب (خـوا لێـی ڕازی بـێ) دەگـوت، کاتێـك کـە کاری حوکمڕانیـی کەوتـە دەسـتی عومـەری کـوڕی عەبدولعەزیـز خـوا لێـی ڕازی بـێ، ئـەم ئایەتـە موبارەکـەی لـە شـوێنی قسـە گوتـن و جنێـودان بـە عەلـی کـوڕی ئـەبی تاڵیـب خـوا لێـی ڕازی بـێ دانا، (کـە حوکمڕانـە ستەمکارەکانی بەنـو ئومەییـە، ئەوەیـان کـرد بـوو بـە عادەتێـکی خـراپ).

ئنجـا لـە (**محاسـن التّأویـل**)دا دەڵـێ: بـەڵام ئـەو جنێودانـە لـە سـەردەمی موعاویـەوە نەبـووە، بـەڵام لـە هەنـدێ سـەرچاواندا دەڵـێ: موعاویـە شـتەکەی داهێنـاوە، کـە ئەگـەر وابـێ، ئـەوە یەکێـك بـووە لـە هەڵـەکانی و، هەڵـەی دیکـەشی بـوون و، ئـەوەش یەکـێ بـووە لـە هەڵـەکانی، بـەڵام بێگومـان وەك چـۆن هەڵـەی هەبـوون، چاکـەشی هەبـوون، خـوا لێـی خـۆش بـێ لەوانـەدا کـە نەیپێـکاوەو، پاداشتیشـی بداتـەوە لەسـەر چاکـەکانی.

چونکـە گرفتـی شـیعان لەگـەڵ موعاویـەو، لەگـەڵ هەنـدێ لـە هـاوەڵان دا، ئەوەیـە کـە هـەر تەماشـای خاڵـە ڕەشـەکانیان دەکـەن، هـەر تەماشـای هەڵـەو کـەم و کوڕییەکانیـان

(١) ج ١٠، ص ١٥١.

www.alibapir.net

دەكەن، كە ڕەنگە هەندێ شتیشیان هەڵەو كەم و كوڕییش نەبێ، بەڵام بە چاوی ئەوان هەڵەو كەم و كوڕیی بێ، ئنجا بێگومان هاوەڵانیش بەشەر بوون، پارێزراو نەبوون لە هەڵە، ئەگەرنا دەیانبەینە ڕیزی پێغەمبەر ﷺ، بەڵام ئینصاف وا دەخوازێ، وەك گوتراوە: (**مِن فَضَائِلِ الرِّجَالِ أَن تُعَدَّ مَعَائِبُهُم**)، گەورەییە بۆ پیاوان و پایە بەرزییە بۆ پیاوان، كە عەیبەكانیان بژمێردرێن.

واتە: هاوەڵە، یان هەر كەسێك هەیە، بڵێی ئەو كەم و كوڕییەی بوو، ئەوەشی بوو، ئەوەشی بوو، مادام بژمێردرێن و سنووردار بن و، لە بەرانبەر ئەو هەڵەو كەم و كوڕییە سنووردارانەدا، چاكەی زۆریشی هەبن، ئەوە بۆیان بە فەزیلەت دادەندرێ، بە پێگەی بەرز، نەك بە ناتەواویی، بەڵام تۆ بێنی وەك مێشە ڕەشە تەنیا عەیب و كەم و كوڕییەكان ببینی، یان ئەو شتانەی كە تۆ بە عەیب و كەم و كوڕییان دەزانی، ئەوە پێچەوانەی دادگەریی و ئینصافە، ئنجا لەگەڵ هاوەڵاندا ئاوا مامەڵە بكەی، یان لەگەڵ هەر كەسێكی دیكەدا، هەروایە.

سەرنجی سێیەم: زێدە ڕوونكردنەوەی واتای:

١- الإحسان.

٢ - إيتاء ذي القربى.

٣- الفحشاء.

٤- المنكر.

٥- البغي:

بەڕێزان:

لە سۆنگەی ئەوەوە كە ئەم ئایەتە بەپێزە دادگەریی (**عَدل**) كردوە بە سەرڕشتەی خۆی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ ﴿٨٨﴾﴾، ئێمە پێشترو لە سەرەتاوە تیشكی باشمان خستە سەرچەمك و واتایەكەی، بۆیە لێرە دووبارەی ناكەینەوە، بەڵام سەرو تیشك دەخەینە سەر پێنج وشەكەی دیكەی ئەم ئایەتە:

١) الإحسان.

٢) إيتاء ذي القربى.

www.alibapir.net

٣) الفحشاء.

٤) المنكر.

٥) البغي.

١- الإِحسان: (اَلإِحْسانُ: مَصْدَرُ أَحْسَنَ يُحْسِنُ إِحْساناً، لَهُ مَعْنَيانِ أَحَدُهُمَا: مُتَعَدٍّ بِنَفسِهِ، أَحْسَنتُ كَذَا، أَي: حَسَّنْتُهُ وَكَمَّلْتُهُ، وَهُوَ مَنقُولٌ بالهَمْزَةِ مِن: حَسُنَ الشَّيء، وَثَانِيهُمَا: مُتَعَدٍّ بِحَرْفِ جَرٍّ: أَحْسَنتُ إِلى فُلاَنٍ، أَي: أَوْصَلْتُ إِلَيْهِ مَا يَنْتَفِعُ بِهِ).

واتـە: (**إِحْسـان**) چاوگـی (**أَحْسَـنَ يُحْسِـنُ إِحْسـاناً**)ە، لـەو (**فعـل**)ەوە هاتـوە، دوو واتـای هـەن: یەکێکیـان: بۆخـۆی تێپـەڕ دەکات بـۆ بـەرکار (**مفعـول بـە**)، دەگوتـرێ: (**أَحْسَـنتُ كَـذَا**)، ئـەو شـتەم چـاك كـرد، یـانی: چاکـم کـردو، تـەواوم کـرد، کـە لـە ئەسـڵدا بـە هەمـزە (أ) لـە (**حَسُـنَ الـشَّيء**)، وە هاتـوە، ئـەو شـتە چـاك بـوو، جـوان بـوو، ڕێـك بـوو، بـەڵام کـە دەڵێـی: (**أَحسَـنتُ هَـذَا الـشَّيء**)، واتـە: مـن چاکـم کـردو، ڕێکـم کـرد، واتـە: بـە هەمـزە بۆخـۆی بـەرکار (**مفعـول بـە**) دەخـوازێ.

مانـای دووەمـی: ئەوەیـە کـە بـە پیتـی ژێردارکـەر (**حـرف جـرّ**) بـەرکار دەخـوازێ، وەك: (**أَحسَـنتُ إِلى فُـلاَنٍ**)، چاکـەم لەگـەڵ فڵانکەسـدا کـرد، واتـە: شـتێکم پێگەیانـد کـە لێـی بەهرەمەنـد دەبـێ.

پوختـەی مەبەسـت: (**فَالإِحسـانُ: هُـوَ إِتقَـانُ العَمَـلِ وَإِجَادَتُهُ، وَإِيصَـالُ النَّفـعِ لِلأَخِريـن وَإِفَادَتِهِم**)، (**إِحسـان**): بریتیـە لـەوەی کارێـك لـە خـودی خۆیـدا بـە چاکیـی بکـرێ و بـە ڕێکیـی ئەنجـام بـدرێ، ئـەوە واتایـەکی.

واتایەکی دیکەی: یانی: سوود گەیاندن بەوانی دیکەو، بەهرەمەند کردنیان.

٢- البَغِي: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَيَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ وَٱلْبَغْيِ ﴾، با لەوبارەوە ئەو دوو فەرموودەیە بێنین:

أ - پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {**لا ذَنْبَ أَسْرَعُ عُقُوبةً مِن البَغِي**} (**أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ: ٤٩٠٢، وَالتِّرمِذِيُّ: ٢٥١١، وَابنُ مَاجَهْ: ٤٢١١ وَصَحَّحَهُ الأَلبَانِي فِي «صَحِيح الجَامِع»: ٥٧٠٤**).

واتـە: هیـچ گوناهێـك سـزای خێراتـر نیـە لـە (**بَغـي**) واتـە: سـنوور شـکێنیی و ستـەمکردن و مـاف پێشـێلکردنی ئـەوانی دیکـە.

www.alibapir.net

ب - {مَا من ذَّنبٍ أَجدَرُ أَن يُعَجِّلَ اللَّهُ تَعَالى لِصَاحِبِهِ العُقُوبة فِي الدُّنيا، مَعَ مَا يَدَّخِرهُ لَهُ فِي الأَخِرَة، مِنَ البَغْي وَقَطِيعَةِ الرَّحِيمِ} (صحَّحهُ الألباني فِي «صحيح الجامع»: ٥٧٠٤).

واتە: هیچ گوناهێك شایستەتر نیە لەوە كە خوای بەرز سزای دنیایی بۆ پێش بخات، وێڕای ئەو سزایەی كە لە دواڕۆژدا بۆی هەڵدەگرێ، لە دەستدرێژیی و سنوورشكێنیی و، پچڕاندنی پەیوەندیی خزمایەتیی.

٣- إيتاء ذي القربى: لەوبارەشەوە ئەم فەرموودەیە دێنین:

{إِنَّ اللَّـه خَلَقَ الخَلقَ حَتَّى إِذَا فَرَغَ مِنهُم قَامَت الرَّحِم، فَقَالَت: هَذَا مَقَامُ العَائِذِ بِكَ مِنَ القَطِيعَة، قَالَ: نَعَم، أَمَا تَرضَيْنَ أَن أَصِلَ مَن وَصَلَكِ، وَأَقطَعَ مَن قطَعَكِ؟ قَالَت: بَلى، قَالَ: فَذَلِكِ لَكِ} (أَخْرَجَهُ البخاري: ٤٨٣٠، ومسلم: ٢٥٥٤).

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: دوای ئەوەی خوای بەرزی مەزن دروستكراوەكانی دروستكردنی، تەواوی كردن، خزمایەتیی، هەڵسا گوتی: من لێرە پەنا بە تۆ دێنم، لەوە كە بپچڕێندرێم، خوا فەرمووی: بەڵێ: {ئەو مافە بە تۆ دەدەم}، ئایا ڕازی نابی كە هەر كەسێك تۆی گەیاند، بیگەیەنم و، هەر كەسێك تۆی پچڕاند، بیپچڕێنم؟ خزمایەتییش گوتی: با، خواش ﷻ فەرمووی: تۆ ئەو مافەت هەیە { كە هەر كەسێك خزمایەتیی پچڕاند، خوا بەزەیی خۆی لێ بپچڕێنێ و، هەر كەسێك خزمایەتیی گەیاند، خواش بەزەیی خۆی پێ بگەیەنێ}.

٣و٤- (الفحشاء) و (المنكر) : ئەم دوو وشەیە مانایان زۆر لێك نزیكە، بەڵام من وای تێدەگەم كە وشەی (**فَحشَاء**) زیاتر سەرنجی ناشرینیی و دزێوییەكەی دەدرێ، واتە: هەموو ئەو كردەوەو قسانەی كە ناقۆڵان و ناشیرین و دزێوو و قێزەونن، (**مُنكر**)یش هەموو ئەو كردەوەو قسانەن، كە سەرنجی لایەنە خراپییەكەیان و زیانەكەیان دەدرێ، هی (**فَحشَاء**) سەرنجی ئەوە دەدرێ، كە لە خودی خۆیاندا ناشیرین و ناقۆڵاو قێزەونن، بەڵام (**مُنكر**) سەرنجی زیان و خراپییەكەیان دەدرێ بۆ كۆمەڵگا.

هەندێك لە زانایان گوتوویانە:

أ - (**الفَحْشَاء: يُعَبِّرُ عَنِ الإِنحِرَاف فِي مَجَال القُوَّة الشهوَانِية**)، وشەی (**فَحْشَاء**) تەعبیر دەكات لە لادان لە بواری هێزی ئارەزوو و، لایەنی جینسیی دا.

ب - (**المُنكر: يُعبِّرُ عَنِ الإِنْحِرَافِ فِي مَجَال القُوَّة العَقْلِية**)، وشەی (مُنْكر) تەعبیر دەكات لەو گوناهو هەڵانەی، كە مرۆڤ لە ڕووی عەقڵییەوە، تووشی لادان دەبێ.

www.alibapir.net

ج - (**البَغْي: يُعَبِّرُ عَنِ الإِنْحِرَافِ فِي مَجَال القُوَّة الغَضَبِيَّة**): وشەی (بَغْي) تەعبیر دەكات لەو گوناهانەی كە لە بواری هێزی تووڕەیی دا ڕوو دەدەن، ئەو هێزەی خوا لە مرۆڤدا دایناوە، كە بەرگریی پێ لە خۆی بكات.

سەرنجی چوارەم: لە كۆتاییی توێژینەوەمان دا، لەبارەی ئەم ئایەتە (**النحل** - ٩٠ -) وە، دەڵێین:

ئەم ئایەتە خوا لە سەرەتاكەیەوە وشەی (إِنَّ)ی هێناوە، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ ...﴾، یانی: بێگومان، بە جەختكردنەوە خوا فەرمان دەكات بەو سێ شتانەو، ڕێگرییش دەكات لەو سێ شتانەی دیكە، فەرمان دەكات بە:

١) دادگەریی (**عدل**)، كە وادەكات وڵات بۆ هەموو لایەك فراوان بێ، لەسەر ئاستی حوكمڕانان و كۆمەڵگا، لەسەر ئاستی ماڵ و خێزان، وا دەكات هەموو لایەك خۆشنوودو شادمان بن، لەسەر ئاستی مرۆڤ خۆی كە ئینسان ئەگەر دادگەر بوو لەگەڵ خۆیدا، وا دەبێ: حەقی جەستەی بدات، حەقی ڕووحی بدات، ئاگای لە عەقڵی بێ، ئاگای لە عاطیفەی بێ، ئاگای لە مافی خوا بێ، ئاگای لە مافی خەڵك بێ، ئاگای لە ڕواڵەت و دیوی دەرەوەی خۆی بێ، ئاگای لە دیوی پەنهانی خۆی بێ، ئاگای لە دنیای خۆی بێ، ئاگای لە دواڕۆژی خۆی بێ، دادگەریی (**عدل**) لەسەر ئاستی تاك و، لەسەر ئاستی خێزان و، لەسەر ئاستی كۆمەڵایەتیی و، لەسەر ئاستی حوكمڕانیی، پێویستە.

٢) پاشان چاكەكاریی (**إحسان**)، قۆناغێكە لە دادگەریی بەولاوەتر، جاری وایە هەندێ كەس بە عەدل مافەكەی ناكەوێ، بەڵام تۆ دەبێ بە چاكە لەگەڵ كردن (**إحسان**) مامەڵەی لەگەڵ دا بكەی، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ﴾، یانی: نابێ ئینسان لە دادگەریی بچێتە خوار، بەڵام دەبێ هەوڵیش بدات بەرەو ئیحسان و چاكەكارییش بچێ، بەپێی دادگەریی ئەوە مافەكەتە، بەڵام بەپێی چاكەكاریی (**إحسان**) ئەوەشت بۆ دەخەمە سەر، یاخود ئەگەر بە دادگەریی مامەڵەت لەگەڵدا بكەم، مافەكەت ناكەوێ، لەبەرئەوەی تۆ خاوەن حەق نی، بەڵام بە چاكەكاریی مامەڵەت لەگەڵدا دەكەم، مەرج نیە ئینسان تەنیا بە دادگەریی ئیكتیفا بكات، نابێ لە دادگەریی بچێتە خوار، چونكە لە دادگەریی بچێتە خوار، دەچێتە نێو ستەم و جەورەوە، بەڵام دەبێ هەوڵ بدات لە دادگەرییش بە پشتەوەتر بچێ كە (چاكەكاریی)یە.

٣) ئنجا (**وإيتاء ذي القربى**)، بەخشین بە نیزیكان (**إيتاء ذي القربى**) جۆرێكە لە چاكەكاریی، بەڵام جۆرێكی زۆر چاكە، چونكە خزمان زیاتر چاوەڕوانییان هەیە لە مرۆڤ، بۆیە پێویستە هاوكاریان بێ و، دەستبارگریان بێ.

www.alibapir.net

بە نسبەت ئەو سێیانەشەوە، کە ڕێگرییان لێکراوە:

١/ (الفحشاء): هەر قسەو کردەوەو ڕەفتارێکی ناشیرین و قێزەون و دزێوە، کە خەڵك بە شتێکی خراپی دادەنێن، بە شتێکی بەدفەڕو نابەرچاو تەماشای دەکەن، بۆیە دەبێ ئینسان خۆی لێ دوور بگرێ.

٢/ (المنكر) هەر شتێکە لە قسەو کردەوە کە ناپەسند بێ و، عەقڵ بە ناپەسندی بزانێ و، زیانی هەبێ بۆ خەڵك.

٣/ (البغْيِ)یش بریتیە لە سنوور شکێنیی و سنوور بەزێنیی و، پێشێلکردنی مافەکانی ئەوانی دیکە.

دوایی خوا دەفەرموێ: ﴿يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾، کەواتە: ئەمە ئامۆژگاریی خوای پەروەردگارە بۆ مرۆڤەکان و، ئەگەر ئەو ئامۆژگارییەی خوا وەربگرن، ﴿لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾، حاڵەتی (تَذَكُّر) واتە: چاو بە خۆداگێڕانەوەو، بەخۆداچوونەوە، کە لە ئەنجام دا، ڕاستییەکانیان دەکەوێتەوە بیر و پەند وەردەگرن.

خوا لەو کەسانەمان بگێڕێ کە ئامۆژگارییەکانی خوا کە لەم ئایەتە موبارەکەدا هاتوون و، لە هەموو قورئاندا هاتوون، بە باشترین شێوە وەربگرین و، لێشیان بەهرەمەند بین.

www.alibapir.net

مەسەلەی دووەم:

خـوا فەرمـان بـە وەفاداریـی بـە بەڵێـن و پەیـمان دەكات و، هەڵوەشـاندنەوەی قەدەغـە دەكات و، بابـای پەیـمان شـكێن، بـە ژنێـك دەچوێنـێ، كـە ڕیسـەكەی دەكاتـەوە خوریـی و ڕایدەگەیەنـێ كـە نابـێ بـە هیـچ بیانوویـەك پەیـمان بشـكێنرێ و، لـە قیامەتیش دا كێشـەكانیان بـۆ ڕوون دەكاتـەوەو، ئەگـەر ویسـتباشی، دەیكردنـە یەك كۆمـەڵ و دواییش لێیان دەپرسـێتەوە:

خــوا ﷻ دەفەرمــوێ: ﴿ وَأَوۡفُواْ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ إِذَا عَٰهَدتُّمۡ وَلَا تَنقُضُواْ ٱلۡأَيۡمَٰنَ بَعۡدَ تَوۡكِيدِهَا وَقَدۡ جَعَلۡتُمُ ٱللَّهَ عَلَيۡكُمۡ كَفِيلًاۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا تَفۡعَلُونَ ﴿٩١﴾ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّتِي نَقَضَتۡ غَزۡلَهَا مِنۢ بَعۡدِ قُوَّةٍ أَنكَٰثٗا تَتَّخِذُونَ أَيۡمَٰنَكُمۡ دَخَلَۢا بَيۡنَكُمۡ أَن تَكُونَ أُمَّةٌ هِيَ أَرۡبَىٰ مِنۡ أُمَّةٍۚ إِنَّمَا يَبۡلُوكُمُ ٱللَّهُ بِهِۦۚ وَلَيُبَيِّنَنَّ لَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ مَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ﴿٩٢﴾ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَلَٰكِن يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَلَتُسۡـَٔلُنَّ عَمَّا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٩٣﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چواردە بڕگەدا:

١- ﴿ وَأَوۡفُواْ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ إِذَا عَٰهَدتُّمۡ ﴾، پەیمانی خواش جێبەجێ بكەن هەر كاتێك پەیمانتاندا، هەرچەندە خوا لێرەدا بە گشتی فەرموویەتی، بەڵام دوایی بۆمان دەردەكەوێ كە مەبەست پێی ئەو پەیمانانەیە، كە مرۆڤەكان، (تاكەكان)، یان توێژەكانی كۆمەڵگا، یان كۆمەڵگا جیاوازەكان لە بەینی خۆیاندا دەیاندەن، ئەو پەیمانانەی كە پێكەوە دەیانبەستن، بەڵام بۆچی پەیمانەكە پاڵدراوەتە لای خوا؟ دەڵێ: (إِضَافَةُ العَهْدِ إِلى اللّهِ، لِأَنَّ العَهْدَ يَتِمُّ باسْمِ اللّهِ تَعَالى)، بۆیە پەیمانەكە پاڵدراوەتە لای خوا، چونكە بە ناوی خواوە ﷻ ئەو پەیمانە دەبەسترێ و، ئەو بەڵێنە دەدرێ.

هۆكارێـكی دیكـەی ئەوەیـە {بۆیـە (بەڵێـن و پەیـمان) پاڵدراوەتـە لای خـوا ﷻ}، چونكـە هەمــوو ئــەو شــتانەی كــە باشــن، هەمــوو بەهــا بــەرزەكان خــوای پــەروەردگار فەرمــانی پێكـردوون، بۆیـە خـوا وەفاداریـی و جێبەجێكـردنی بەڵێـن و پەیـمان بەهـی خـۆی دەزانـێ، چونكـە هەمـوو چاكـەكان لـە خـواوەن: خـوا ﷻ نەهـی لـە هەمـوو خراپـەكان كـردووە، فەرمـانی بـە هەمـوو چاكـەكان كـردوە.

www.alibapir.net

٢- ﴿ وَلَا تَنقُضُواْ ٱلۡأَيۡمَٰنَ بَعۡدَ تَوۡكِيدِهَا ﴾، سوێندەکان هەڵمەوەشێننەوە، دوای پتەوکردنیان، دەڵێ: (النَّقْضُ: إِبطَالُ المَحْلُوفِ عَلَيْهِ، لاَ إِبْطَالُ القَسَمِ، فَجَعَلَ إِبطَالَ المَحْلُوفِ عَلَيْهِ إِبطَالاً لِلْقَسَمِ).

{(ٱلۡأَيۡمَٰنَ) کۆی (يَمِين)ە، یانی: سوێند، (ٱلۡأَيۡمَٰنَ) سوێندەکان، ﴿ بَعۡدَ تَوۡكِيدِهَا ﴾، (التَّوكِيدُ: التَّوْثِيقُ)، پتەوکردن، دەڵێ: (هـذَا لُغَـةُ الحِجَـازِ، وَأَهْـلُ نَجد: يَقُولُـونَ أَكَّدَ يُؤَكِّدُ تَأكِيـداً).

بەڵام ئەهلی حیجاز کاتی خۆی لەهجەکەیان وابووە گوتوویانە: (وَكَّدَ، يُوَكِّدُ، تَوْكِيـدَاً)، کە هەر یەك واتایان هەیە، واتە: سوێندەکان دوای ئەوەی داتانمەزراندوون مەحکەمتان کردوون هەڵیان مەوەشێننەوە}، واتە: لێرەدا هەڵوەشاندنەوەکە بۆ ئەو شتەیە کە سوێندی لەسەر خوراوەو، پەیمانی لەسەر دراوە، نەك خودی سوێندەکە، بەڵام خوا ﷻ ئەو شتەی کە پەیمانەکەی لەسەر دراوەو سوێندەکەی لەسەر خوراوە: (مَحلُوفِ عَليـهِ) هەڵوەشاندنەوەکەی بەستۆتەوە بەوەوە، چونکە سوێندەکە لەسەر ئەو خوراوە، واتە: کەسێك کە بەڵێنێك بە کەسێك دەدات و سوێندیش دەخوات، خوا دەفەرموێ: سوێندەکە هەڵمەوەشێننەوە، واتە: ئەو شتەی سوێندەکەتان لەسەر خواردوە ئەوە هەڵمەوەشێننەوە، بەڵام پاڵی داوەتە لای سوێندەکە.

٣- ﴿ وَقَدۡ جَعَلۡتُمُ ٱللَّهَ عَلَيۡكُمۡ كَفِيلًا ﴾، لە حاڵێکدا کە خواتان بەسەر خۆتانەوە کردۆتە چاودێر و شایەد، ئەو سوێندانەی، یان ئەو پەیمانانەی، خواتان بەسەرەوە کردوونە کەفیل و شایەدو چاودێر، هەڵیانمەوەشێننەوە.

٤- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا تَفۡعَلُونَ ﴾، بێگومان خوا دەزانێ چی دەکەن، واتە: چاودێریی خوا بەسەر خۆتانەوە ببینن و، بزانن کە ئەگەر حیلە شەرعێکتان دۆزییەوە، فێڵ و فەرەجێکتان دۆزییەوە بۆ خۆ لێ دەربازکردنی پەیمانەکەتان و، قۆرت و پێچێکتان کرد، خوا هەموو شتێك دەزانێ، پەنهان و ئاشکرا.

٥- ﴿ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّتِي نَقَضَتۡ غَزۡلَهَا مِنۢ بَعۡدِ قُوَّةٍ أَنكَٰثٗا ﴾، خوا ﷻ بۆ قێزەونیی و ناشیرینیی خستنە ڕووی پەیمان شکێنیی، وێنەیەکی بۆ دێنێتەوە، چونکە خوا ﷻ عادەتی وایە لە قورئاندا بۆ دەرخستنی مانایەکان، وێنە دێنێتەوە، بۆ ئەوەی کە لە شێوەی وێنەیەکدا بەرجەستەی بکات، ئەوکاتە بە عەقڵ و چاو و گوێ و خەیاڵ و... هتد تێوەی ڕادەمێنین و باشتر تێیدەگەین، دەفەرموێ: وەك ئەو ژنە مەبن کە ڕیسەکەی خۆی دەکردەوە خوریی، دوای ئەوەی کە چنیبووی و ڕستبووی.

www.alibapir.net

(**غَزْل**) واتە: ڕیس، شتێك كە چنراوەو هۆنراوەتەوە، ﴿مِنۢ بَعۡدِ قُوَّةٍ﴾، واتە: دوای ئەوەی كە چاك هۆنراوەو مەحكەم كراوە، چونكە پێشێ: ئنجا خورییە، موویە، تووكە، پێشێ پس پسە، پچڕ پچڕە، بەڵام دوایی بەهۆی هۆنران و چنرانەوە، مەحكەم دەبێ.

(**أَنْكاث: جَمْعُ نِكْثٍ بِمَعْنَى: مَنْكُوث، أَي: مَنْقُوض وَنَظِيرُهُ: نِقض وَأَنقَاض**)، (**أَنكاث**): كۆی (**نكث**)ە، (**نِكث**) بە مانای (**مَنكُوث**)، واتە: هەڵوەشێندراوە، وەك (**نِقض**) بە مانای (**مَنقُوض**)، كە (**نِقض**) بە (**أَنقَاض**) كۆ دەكرێتەوە، بەڵام بە مانای (**مَنقُوض**)ە، واتە: هەڵوەشێنراوە، بەڵام دیارە (**نِكْث**) بۆ شتی چنراوو هۆنراو بەكاردێ، بەڵام (**نِقْض**) زیاتر بۆ دەرو دیوار (**نَقضَ الجِدَارَ**) یان بۆ پەیمان و بەڵێن، بەكاردێ.

زانایان باسیان كردوە، كە ئافرەتێكی دیارییكراو بووە لە مەككە ناوی: (**رِيطة بِنتِ التَمِيمِية كانَت خَرقَاءَ مُخْتَلّةَ العَقلِ**) ناوی (**رِيطة**) بووە كچی تەمیمییە، ئافرەتێكی لە ڕووی هۆش و گۆشەوە، تەواو نەبووە، (گێل بووە)، گوتراوە: خۆی و چەند كەنیزەكێكی هەبوون، بە تەشی گەورە ئەگەر خوریی بووە، ئەگەر موو بووە، ئەگەر تووك بووە، دەیانڕست، لە بەیانی ڕا تاكو ئێواریْ، لە ئێواریْ دا دەیگوت: وەرن هەڵیوەشێننەوە!! لەبەرئەوەی عەقڵەكەی تەواو نەبووە، ئنجا خوا دەفەرموێ: ئەوانەی كە پەیمان هەڵدەوەشێننەوە، وەك ئەو ژنە گێل و، كەودەنە، یان ژنە شێتە، وان، كە ڕیسەكەی خۆی دەكردەوە بە خوریی، واتە: ئێوەش ڕیسی پەیمانەكانتان كە چنیوتانەو هۆنیوتانەتەوە، مەیكەنەوە بە خوریی و، پس پسی مەكەن.

٦- ﴿تَتَّخِذُونَ أَيۡمَٰنَكُمۡ دَخَلَۢا بَيۡنَكُمۡ﴾، كە سوێندەكانتان بكەنە مایەی فێڵ و فەرەج و موخەننەتیی لە بەینی خۆتاندا، واتە: كارێكی وا مەكەن.

(**دَخَل: اَلدَّخَلُ: الفَسادُ، وَالعَيبُ، والدَّاءُ، وَالرِّيبة، وَالخَدِيعَةُ، وَالخِيانة**) وشەی (**دَخَل**)یان بە چەند واتایەك هێناوە، خۆی (**دَخَل**) بریتییە لەوەی شتێكی نامۆ ڕەگەڵ شتێكی دیكە بكەویْ، لە خۆی نەبێ ڕەگەڵی بكەویْ، بچێتە نێوی و، تێكیبدات، بۆ وێنە: ئەگەر خواردنێكی پاك و چاكت هەیە، شتێكی پیسی ڕەگەڵ بكەویْ، یاخود خواردنێكت هەیە: جۆرە خواردنێكی دیكەی ڕەگەڵ بكەویْ، تامەكەی بگۆڕیْ و تێكیبدات.

ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ: پەیمانەكانتان مەكەنە هۆكاری شتێكی خراپ، كە بیخەنە نێو پەیوەندییەكانی نێوانتانەوە، با پەیوەندییەكانتان تێكنەچن، بەهۆی ئەو پەیمان و سوێندانەوە، كە پێیانەوە وەفادارنین، بەڵكو لە ژێر پەردەی ئەو پەیمان و بەڵێنانەدا،

www.alibapir.net

ناپاکیی و موخەننەتیی لەگەڵ یەكدیدا دەكەن، كەواتە: ﴿دَخَلًا بَيْنَكُمْ﴾، (أَي: سَبَبَ فَسَاد بَيْنَكُمْ)، هۆی تێكچوونی بەینتان.

٧- ﴿أَن تَكُونَ أُمَّةٌ هِيَ أَرْبَىٰ مِنْ أُمَّةٍ﴾، بەهۆی ئەوەوەو بە بیانووی ئەوە، یان بە پاڵنەری ئەوە، سوێندو پەیمانەكانتان بكەنە هۆكاری فێڵ و فەرەج لەگەڵ یەكدیداو، موخەننەتیی لەگەڵ یەكدی دا، كە كۆمەڵێك لە كۆمەڵێك زیاترن، واتە: ئەو كۆمەڵەی كە دەتانەوێ پەیمانیان لەگەڵ ببەستن، لەو كۆمەڵە كە پەیمانتان لەگەڵیاندا هەبووە، زیاتربن و پێتان وابێ: ئەوان زیاتر بەكەڵكتان دێن، مەچن یەكسەر پەیمان لەگەڵ ئەوان هەڵوەشێننەوەو، بەبێ ئاگادارکردنەوەیان، لەگەڵ ئەوانی دیكەدا پەیمان ببەستن، بەڵكو وەفادارو پابەند بە بەڵێن و پەیمانی خۆتانەوە و، چاوپۆشیی لەو بەرژەوەندییە بكەن، ئەگەر گریمان بەرژەوەندییش بێ، بەڵام زیانێكی گەورەی مەعنەویی لە خۆتان دەدەن، بەهۆی ئەوەوە كە بەڵێن و پەیمان لەگەڵ خەڵكێكی دیكەدا هەڵدەوەشێننەوە.

وشەی (أَرْبَىٰ)، (أَي أَزْيَد، إِسمُ تَفضِيلٍ مِنَ الرُبُوِّ بِوزْنِ العُلُوِّ، أَي: زِيادَة)، وشەی (أربى) یانی: زیاتر، ناوی (تَفضِيل)ە لە (رُبُو) لەسەر كێشی (علُو) یانی: زێدەیی، ئێمە دواتر لە پێشەوا (الطبري) ڕەحمەتی خوای لێ بێ، دەقێك دێنین، زیاتر ئەو چەمكەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە، بەڵام بە كورتیی مەبەست ئەوەیە كە كاتی خۆی هەندێ لە هۆزە عەرەبەكان پەیمانیان بەستوە لەگەڵ كۆمەڵێك دا، دوایی تەماشایان كردوە، هۆزێكی دیكە زیاتر بوون، یەكسەر بەبێ ئەوەی ئەو هۆزە كە پەیمان و بەڵێنیان لەگەڵیان دا بووە، ئاگاداریان بكەنەوە، چوون پەیمانێكی دیكەیان لەگەڵ ئەوان بەستوە لە دژی ئەوانی دیكەو، پێیان وابووە مادام بەرژەوەندییان وا دابین بێ، ئاساییە كە پابەند نەبن بە بەڵێنەكانیانەوە !! ئەوە عادەتێكی نەفامیی بووە، لە سەردەمی پێش ئیسلام داو، خوای دادگەر ئەو كۆمەڵگایەی وردە وردە بەرەو ئیسلام هێناوە، هەر ئەوە نەبووە بڵێ: بڕوا بە خوا بێنن و، بڕوا بە ڕۆژی دوایی بێنن و، بڕوا بە پێغەمبەر بێنن ﷺ و تەواو! بەڵكو هاوكات لەگەڵ ئەوەدا: كارێكی كردوە كە: ئەو بەها مرۆییە مەزن و گەورانەش لە نێویاندا بچەسپێنێ و، ئەو عادەت و نەریت و بەها ڕزیو و بەكەڵك نەهاتووانەی كە لەنێویشیاندا بوون، {كە یەكێك لەوانە پەیمان شكێنیی بووە}، لە نێویاندا بژار بكات و لایبانبەرێ.

٨- ﴿إِنَّمَا يَبْلُوكُمُ اللَّهُ بِهِ﴾، بێگومان خوا بەوە تاقیتان دەكاتەوە، واتە: كە كۆمەڵێكی دیكە هەن، زیاترن لەوانی دیكەی كە پەیمانتان لەگەڵیان دا هەیە، خوا بەوە تاقیتان دەكاتەوە: ئایا ئێوە پابەندیی بە پەیمانەوە زاڵ دەكەن، بەسەر بەرژەوەندییەك دا كە دێتە بەرچاوتان؟ یاخود لەپێناو دابینكردنی بەرژەوەندیی خۆتاندا، گوێ نادەنە بەها بەرزەكان و، گوێ نادەنە بەڵێن و پەیمان ؟!

www.alibapir.net

٩و١٠- ﴿ وَلَيُبَيِّنَنَّ لَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ مَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴾، بە دڵنیاییەوەش و سوێند بە خوا، لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا، ئەوەی کە ئێستا تێیدا دەکەونە ڕاجیایی و ناکۆکییەوە، خوا بۆتان ڕوون دەکاتەوە، واتە: ئەوەی کە ئێستا دەیکەن بە پاساوی موخەننەتیی و، پەیمان شکێنیی لە نێوان خۆتاندا، یاخود کۆی ئەو شتانەی کە تێیان دا دەکەونە ڕاجیایی، خوای دادوەر، بۆتان ڕوون دەکاتەوە.

١١- ﴿ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً ﴾، ئەگەر خوا ویستباشی دەیکردن بە یەك کۆمەڵ، واتە: یەك جۆر، کە هەمووتان لەسەر ڕێی ڕاست بن.

١٢و١٣- ﴿ وَلَـٰكِن يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ ﴾، بەڵام (خوا) هەر کەسێکی بوێ، گومڕای دەکات و، هەر کەسێکیشی بوێ، دەیخاتە سەر ڕاستە ڕێ.

هەڵبەتە خوا کە خەڵك گومڕا دەکات، لە گۆترە نیە و، کە ڕاستە ڕێشییان دەکات، هەر لە گۆترە نیە، بەڵکو بەپێی ویستی کار بەجێیانەو دادگەرنەی خۆیەتی، کە ئەویش لەمیانی یاساکانی دا، جێبەجێ دەبێ، خوا چەند یاسایەکی داناون، لە ژیانی بەشەردا، کە هەر کەسێك بەو شێوەیە بکات و، بەو شێوەیە بەرەو خوا بچێ، خوا ڕاستە ڕێی دەکات و، هەر کەسێك ئەو کردەوانە ئەنجام بدات و، بەو شێوەیە ڕەفتار بکات و، بەو شێوەیە بیر بکاتەوە، گومڕای دەکات، بەپێی ئەو یاسایانەی کە لە ژیانی بەشەردا دایناون، گرنگ ئەوەیە بزاندرێ کە (یَهدِي) لێرەدا بە مانای ڕێنمایی کردن نیە، چونکە خوا ویستوویەتی و، خەڵکی هەمووی ڕێنمایی کردوە، بەڵکو: ﴿ يَهْدِى ﴾، واتە: دەیخاتە سەر ڕاستەڕێ، دوای ئەوەی کە ڕێی پێشان داوە، هەر کەسێك بیەوێ، کە کەسانی شایستەن، خوا دەیانخاتە سەر ڕاستە ڕێ.

١٤- ﴿ وَلَتُسْـَٔلُنَّ عَمَّا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾، بەدڵنیاییەوەش لەوەی کە دەتانکرد لێتان دەپرسرێتەوە، ئنجا: کە لێتان بپرسرێ، مانای وایە، سزاو پاداشتیشتان دەبێ.

پێشەوا (الطبري) لەبارەی ئەم ئایەتانەوە دەڵێ: (وَالصَّوَابُ مِنَ القَوْلِ فِي ذَلِكَ أَنْ يُقَالَ: إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى أَمَرَ فِي هَذِهِ الآيَة عِبادَهُ بالوَفَاء بعُهودِهِ الَّتِي يَجْعَلُونَهَا عَلَى أَنْفُسِهِم، وَنَهَاهُمْ عَنْ نَقْضِ الأَيْمَانِ بَعْدَ تَوْكِيدِهَا عَلَى أَنْفُسِهِم لآخَرِينَ، بعقُودِ تَكُون بَيْنَهُمْ بحَقٍ، مِمَّا لاَ يَكرهه اللَّه، وَجَائِزٌ أَنْ تَكُونَ نَزَلَتْ فِي الَّذِينَ بايَعُوا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ بنَهْيِهِم عَنْ نَقْضِ بَيْعَتِهِم حَذَراً مِنْ قِلَّةِ عَدَدِ المُسْلِمِينَ وَكَثْرَةِ عَدَدِ المُشْرِكِين، وَأَنْ تَكُونَ نَزَلَت فِي الَّذِينَ أَرَادُوا الإنْتِقَالَ بحِلْفِهِم عَنْ حُلَفَائِهِم، لِقِلَّة عَدَدِهِم فِي آخَرِينَ

www.alibapir.net

لِكَثْرَةِ عَدَدِهِم، وَجَائِزٌ أَنْ تَكُونَ فِي غَيْرِ ذَلِكَ، وَلاَ خَبَرَ تَثْبُتُ بِهِ الحُجَّة أَنَّهَا نَزَلَتْ فِي شَيء مِنْ ذَلِكَ دُونَ شيء، وَلاَ دِلاَلَةَ فِي كِتَابٍ، وَلاَ حُجَّةِ عَقْلٍ، أَيّ ذَلِكَ عُنِيَ بِهَا...)[1].

واتە: قسەی ڕاست ئەوەیە کە بگوترێ: خوای بەرز لەم ئایەتەدا {ئایەتی (٩١)} فەرمانی بە بەندەکانی کردوە، کە بەڵێنەکانیان جێبەجێ بکەن، ئەو بەڵێنانەی کە لەسەر خۆیانیان پێویست دەکەن و، لێی قەدەغە کردوون کە ئەو سوێند و پەیمانانە، دوای ئەوەی مەحکەمیان کردوون، بەڵێن و پەیمانیان بە ئەوانی دیکە داوە، بەهۆی ئەو گرێبەستانەوە کە لەبەینیان دا هەن، بە شێوەیەکی هەق کە خوا پێی ناخۆش نیە {بۆ شتێك پەیمانیان پێکەوە داوە}، نەهی لێکردوە کە ئەو پەیمانانە بشکێنن.

ئنجا دەگونجێ ئەمە لەبارەی کەسانێکەوە هاتبێتە خوار کە پەیمانیان بە پێغەمبەری خوا داوە ﷺ، (واتە: کە مسوڵمان بوون، بەڵێن و پەیمانیشیان پێداوە)، خوا نەهی لێکردوون کە ئەو بەیعەت و پەیمانە هەڵبوەشێننەوە، لە ترسی ئەوەی کە ژمارەی مسوڵمانان کەمەو ژمارەی هاوبەش بۆ خوا دانەران، زۆرە.

دەشگونجێ لەبارەی ئەوانەوە هاتبێتە خوار، کە ویستوویانە پەیمانەکەیان لە هاوپەیمانەکانیانەوە {لەبەرئەوەی ژمارەیان کەمە}، بگوازنەوە بۆ کەسانی دیکە، لەبەرئەوەی ژمارەیان زۆرە، کە دژی ئەو هاوپەیمانانەیان بوون.

هەروەها دەشگونجێ مەبەست پێ غەیری ئەوەش بێ، بەڵام هیچ هەواڵێك نیە، (واتە: فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ) بەڵگەی پێ بچەسپێ کە لەبارەی یەکێك لەوانەوە هاتۆتە خوارێ، هەروەها قوڕئانیش ئەوە ناگەیەنێ و، بەڵگەیەکی عەقڵییش لەوبارەوە نیە، کە کام لەوانە مەبەستە.

کەواتە: چەمك و واتای ئایەتەکە دەبێ بە گشتی و فراوانیی بهێڵرێتەوە، کە ئەمە عادەتی (**الطبري**)یە ڕەحمەتی خوای لێ بێ، کە عادەتێکی زۆر چاکەو زۆر ڕاستە، هەمیشە چەمك و واتای ئایەتەکان بە فراوانیی دەهێڵێتەوە و، نایانبەستێتەوە بە شتی سنووردارەوە.

---

(١) جامعُ البَيان: ج١٤، ص١٧١.

www.alibapir.net

مەسەلەی سێیەم:

جارێکی دیکەش خوای کارزان، باسی ناڕەوایی پەیمان شکێنیی و موخەننەتیی دەکات و ڕایدەگەیەنێ: کە ئەو ڕەفتارە مایەی خلیسکانی مرۆڤە بەرەو زەلکاوی خیانەت و تاوان و، هۆکاری لادانی خەڵکە لە ڕێی خوا، (ئیسلامیان لە پێش چاو ناشیرین دەکات)، پاشان ئەو جۆرە ڕەفتارە بە گۆڕینەوەی پەیمانی خوا بە نرخێکی کەم دادەنێ و، ئەوەش ڕوون دەکاتەوە: کە سامانی دنیا هەر بەشی بڕانە، بەڵام پاداشتی لای خوا دەمێنێتەوەو، خۆ ڕاگرانیش لەسەر وەفاداریی بە بەڵێن و پەیمان، باشترین پاداشتیان هەیە.

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿وَلَا تَتَّخِذُوٓاْ أَيۡمَٰنَكُمۡ دَخَلَۢا بَيۡنَكُمۡ فَتَزِلَّ قَدَمُۢ بَعۡدَ ثُبُوتِهَا وَتَذُوقُواْ ٱلسُّوٓءَ بِمَا صَدَدتُّمۡ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۖ وَلَكُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴿٩٤﴾ وَلَا تَشۡتَرُواْ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ ثَمَنٗا قَلِيلًاۚ إِنَّمَا عِندَ ٱللَّهِ هُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿٩٥﴾ مَا عِندَكُمۡ يَنفَدُ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ بَاقٖۗ وَلَنَجۡزِيَنَّ ٱلَّذِينَ صَبَرُوٓاْ أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿٩٦﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

١- ﴿وَلَا تَتَّخِذُوٓاْ أَيۡمَٰنَكُمۡ دَخَلَۢا بَيۡنَكُمۡ﴾، واتە: سوێندەکانتان لە نێوان خۆتاندا، مەکەنە هۆکاری موخەننەتیی و ناپاکیی و فێڵ و فەرەج لەگەڵ یەکدی.

(دَخَلًا): (أَي: فَساداً وَخَدِيْعَةً)، وەك پێشتریش باسمان کرد، واتە: لە پەنای ئەو سوێندانەدا، کە لەسەر پەیمانە بەستراوەکان خواردووتانن و، ئەو پەیمانانەی کە بەهۆی سوێندەوە، مەحکەمتان کردوون، لە ژێر پەردەی ئەو پەیمانانەدا، مەچن، فێڵ و ناپاکیی و موخەننەتیی لەگەڵ یەکدی بکەن، بەهۆی سوێندەکانتان و بەهۆی پەیمانەکانتانەوە، پاشقول لە یەکدی مەگرن و، فێڵ لە یەکدی مەکەن و، موخەننەتیی بەرانبەر بە یەکدی مەکەن.

٢- ﴿فَتَزِلَّ قَدَمُۢ بَعۡدَ ثُبُوتِهَا﴾، ئەگەر وا بکەن: پێیەك کە چەسپاوە دەخلیسکێ، یان لە ئەنجامی ئەوەدا: پێیەك کە چەسپاوە بخلیسکێ، دەگوترێ: (زَلَّت قَدَمُهُ، يَزِلُّ زَلاًّ وَ زَلُولاً: أَي زَلِقَت، وَ زَلَّ فِي رَأْيِهِ: أَخْطَأَ)، کەسێك پێ دادەنێ، دیارە پێی مەحکەم دەکات، دەگوترێ: (زَلَّت قَدَمُهُ)، ئەگەر پێی

www.alibapir.net

خلیسکا هەروەها (زَلِقَت)، خلیسکا، هەروەك ئەمە بۆ بیروڕاش بەکاردێ، ئینسان لە ڕایەکدا بەهەڵەدا بچوو بێ، دەگوترێ: (زَلَّ فِي رَأيِهِ أَي: أَخطَأَ)، واتە: نەیپێکا.

(الثبُـوت: مَصْـدَرُ ثَبَـتَ کالثَّبـات)، (ثُبُـوت) وەك (ثَبـات) هەردووکیـان چاوگـی (ثَبَـتَ)ن، (ثَبَـتَ، يَثبُـتُ، ثُبُوتـاً، وَثَباتـاً)، (ثُبُـوت) واتـە: چەسـپاویی، دامەزراویـی، لێـرەدا خـوا ﷻ بەڵێـن و پەیمانێـك کـە لـە نێـوان خەڵکـدا دەدرێ، چواندوویـەتی بـە کەسـێك کـە پـێ دادەنـێ لـە شـوێنێك و پێـی دەچەسـپێنێ، هەروەهـا کەسـێك کـە پەیمانەکـە دەشـکێنێ، وەك ئـەو پێیـە چەسـپاوە بخلیسـکێ، وای تەشـبیهکردوە، واتـە: لـە ئەنجامـی ئـەوەدا کـە ئێـوە بەهـۆی سـوێندەکانتانەوە، فێـڵ لـە یەکـدی دەکـەن و، پاشـقول لـە یەکـدی دەگـرن، ئـەوە وەك ئـەو حاڵەتـە وایـە، کـە لـە شـوێنێك پێتـان دانـا بـێ، بـەڵام دوایـی پێتـان بخلیسـکێ !

٣- ﴿وَتَذُوقُواْ ٱلسُّوٓءَ﴾، کە سەرەنجام بەهۆی ئەوەوە، کە خەڵکتان لەڕێی خوا لاداوە، سزای خراپ بچێژن، {هەروەها ئازارێکی مەزنیشتان هەبێ، لە ڕۆژی دوایی دا}، وەك دوایی باس دەکرێ ﴿وَتَذُوقُواْ ٱلسُّوٓءَ﴾، (الذَّوْقُ: مُستعَارٌ لِلإحْساسِ القَوِيّ، وَالسُّوء: مَا يُؤْلِمُ)، (ذَوق): چێژتن، خوازراوەتەوە بۆ هەست کردنێکی بەهێزو، وشەی (سوء) هەر شتێکە، ئێش بگەیەنێ بە مرۆڤ.

٤- ﴿بِمَا صَدَدتُّمْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾، ئەمە:

أ - دەگونجێ لە (صَدَدتُم)ی (قَاصِر) یان (لازم) بێ، یانی: (بِمَا أَعرَضْتُم عَن سَبِيل اللّه)، یان (بِمَا انحرَفتُم عَن سَبِيل اللّه) بەهۆی ئەوەوە کە لە ڕێی خوا لاتانداوە، چونکە پەیمان شکێنیی بریتیە لە لادان لە ڕێی خوا، هەروەك وەفاداریی بریتیە لە پابەندیی بە ڕێی خواوە، بەڵێ ڕێی خوا هەمووی وەفایە و، پێچەوانەی ڕێی خوایە، مرۆڤ بێ وەفا بێ و، پەیمان شکێن و، بێ بەڵێن بێ.

ب - دەشگونجێ: ﴿صَدَدتُّمْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾، لە (صَدّ)ی تێپەڕ (مُتَعَدّي) بێ، (أَي: مَنَعْتُمُ الناسَ عَنْ دِيْنِ اللّه)، واتە: خەڵکتان لە دینی خوا گێڕاوەتەوە، چونکە لە ئەنجامی ئەوەدا کە کۆمەڵێك مسوڵمان بێ بەڵێن و بێ پەیمان دەبن، خەڵك ئەو ئایین و بەرنامەی خوایە، کە ئەوان بانگەشە دەکەن: شوێنکەوتوونی، لەبەر چاویان دەکەوێ، دەڵێن: دیارە ئیسلام پەیڕەوان و شوێنکەوتووانی خۆی، ڕێ لێناگرێ کە موخەننەتیی و ناپاکیی بکەن و، بێ بەڵێنیی و بێ پەیمانیی بکەن! سەرەنجام خەڵك ئەو ئایینەی لەبەرچاو دەکەوێ، کە بەو شێوەیە مومارەسە دەکرێ.

٥- ﴿وَلَكُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾، هەروەها ئازارێکی مەزنیشتان دەبێ، واتە: لە ڕۆژی دوایی دا.

www.alibapir.net

کەواتـە: ﴿ وَتَذُوقُواْ ٱلسُّوٓءَ ﴾، واتـە: هـەر لـە دنیـادا سـزای خـراپ دەچێـژن، کـە بریتیـە لـەوەی: کەسـانی بـێ بەڵێـن و بـێ پەیـمان، خەڵـك متمانەیـان پـێ نـاکات و، لەکـەدار و ناشـیرین دەبـن، هەروەهـا زۆرجـار تـووشی ئـەوەش دەبـن، ئەوانـەی کـە پەیمانیـان لەگـەڵ شـکاندوون، تۆڵەیـان لـێ بکەنـەوەو، سـزایان بـدەن و، خراپەیـان بەسـەر بێنـن.

٦- ﴿ وَلَا تَشۡتَرُواْ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ ثَمَنٗا قَلِيلًا ﴾، هەروەها بە نرخێکی کەم بە پەیمانی خوا مەکڕن، دەڵێ: (**الثَّمَنُ: العِوَضُ الَّذِي يأخُذُهُ المَعَاوِضُ**)، (**ثَمَن**) ئەو قەرەبووەیە بابایەك، کە شتێك دەدا لە بەرانبەریدا وەریدەگرێ، واتە: بەڵێن و پەیمانی خوا مەشکێنن، کە لە بەرانبەریدا نرخێکی کەم وەربگرن، نرخە کەمەکەش بریتیە لەو بەرژەوەندییە دنیاییەی کە دابینی دەکەن.

٧- ﴿ إِنَّمَا عِندَ ٱللَّهِ هُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ ﴾، بێگومان ئەوەی لەلای خوایە، بۆ ئێوە چاکترە.

ئـەو (إِنَّمَا)یـە هەرچەنـدە بـە سـەریەکەوەو نـووسراوە، لـە ئیمـلای موصحـەف دا، بـەڵام دوو وشـەیە: (إنَّ + مَـا) عِندَ ٱللَّهِ، بێگومـان ئـەوەی کـە لـەلای خوایـە، دەڵـێ: (**كُتِبَـتْ مُتَّصِلَـةً مُرَاعَـاةً لِلنُّطـقِ، وَإِلاّ فَحَقُّهَـا الفَصْـلُ**)، بۆیـە بەسـەر یەکـەوە نـووسراوە، چونکـە وا دەبێـژرێ، وا گـۆ دەکـرێ، دەگوتـرێ: (إِنَّمَا)، کـە لێـرەدا (مَـا) دەبێتـە (**مَوصُولَـة**)ە، یـانی: (**إنَّ الَّـذِي عِندَاللَّـه**)، ئـەوەی کـە لـەلای خوایـە، کـە پاداشـتی خوایـەو، ڕەزامەندیـی خوایـە، باشـترە بـۆ ئێـوە لـەو تـۆزە بەرژەوەندییـە وەهمییـە، یاخـود لـەو بەرژەوەندییـە ڕاسـتەقینە ناشـەرعییەی کـە بەهـۆی پەیـمان شـکێنییەوە، دابینـی دەکـەن.

٨- ﴿ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴾، ئەگەر ئێوە زانیباتان یانی: ئەگەر بزانن هەرگیز پاداشتی خوا و ڕەزامەندیی خوا، ئەوەی لەلای خوایە، نایگۆڕنەوە بە نرخ و بەهایەکی کەم، کە لە بەرانبەر پەیمان شکێنیی دا، یانی: دەستکەوتێکی کەم، کە بەهۆی پەیمانشکێنییەوە دەستگیرتان دەبێ.

دواییش خوا زیاتر ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

٩- ﴿ مَا عِندَكُمۡ يَنفَدُ ﴾، ئەوەی لەلای ئێوەیە دەبڕێ، کۆتایی دێ، دەڵێ: (**نَفِدَ: فَنِيَ، وَانقَضَى، نَفِدَ الشَّيء يَنفَدُ، نَفَاداً، وَنَفَداً، وَنُفُوداً، ذَهَبَ وفَنِيَ**)، ﴿ مَا عِندَكُمۡ يَنفَدُ ﴾ (**نَفِدَ الشَّيءُ**) شتەکە بڕاو نەماو کۆتایی هات، {**يَنفَدُ**} کۆتایی دێ. (**نَفَاد ونَفَد و نفود**) چاوگ (**مصدر**)ن.

١٠- ﴿ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ بَاقٖ ﴾، بەڵام ئەوەی لەلای خوایە، ماوەیە، هەر دەمێنێ، بەردەوامە، نابڕێ.

www.alibapir.net

١١- ﴿وَلَنَجۡزِيَنَّ ٱلَّذِينَ صَبَرُوٓاْ أَجۡرَهُم﴾ بە دڵنیاییەوەش ئەوانەی کە خۆیان ڕاگرتوە، پاداشتی خۆیانیان دەدەینەوە، لەسەر ئەوە کە خۆیان ڕاگرتوە لەسەر وەفاداریی بە بەڵێن و پەیمان.

ئنجا ئایا بە چی پاداشتیان دەداتەوە ؟

١٢- ﴿بِأَحۡسَنِ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾، بەپێی باشترینی ئەوە کە دەیانکرد.

وشەی ﴿وَلَنَجۡزِيَنَّ﴾ خوێندراویشەتەوە: (لَيَجزِيَـنَّ)، یانی: خوا پاداشتت دەداتەوە، هی ئەوانەی کە خۆیان ڕاگرتوە لەسەر پابەندیی بە پەیمانەوە، بەپێی باشترین کردەوەیان، وشەی (أَجۡرَهُم): (**مَنصُوبٌ عَلى المَفعُولِية الثانِية لِ(نَجزِيَنَّ) بِتَضمِينِ مَعنَى الإعطَاءِ المُتَعَدِّي إلى مَفعُولَينِ**)، (**جَزاهُ أَجْرَهُ**)، تەنیا یەك بەرکار (**مفعول**)ی دەوێ، بەڵام لێرەدا: ﴿وَلَنَجۡزِيَنَّ ٱلَّذِينَ صَبَرُوٓاْ أَجۡرَهُم﴾، (أَجۡرَهُم) (**مَنصُوب**)ە، کە بۆتە بەرکاری دووەم (**مَفعُول بِهِ الثاني**)، بۆ کردار (**فعل**)ی (**نَجزِيَنَّ**)، لەبەرئەوەی مانای (پێدان)ی خراوەتە نێو: (**أَعطَى مُحَمَّداً أَجرَهُ**)، پاداشتەکەی موحەممەدی دایەوە، دوو بەرکار (**مفعول**)ی دەوێت، بەڵام (**جَزَى مُحَمَّداً**)، پاداشتی موحەممەدی دایەوە، هەریەك بەرکار (**مفعول**)ی دەوێ، بەڵام لێرەدا (**نَجزِيَنَّ**)، یاخود (**يَجزِيَنَّ**)، مانای بەخشینی خراوەتە نێو، بۆیە دوو بەرکار (**مَفعُول بِهِ**)ی، ویستوون، یەکەمیان (**الّذين**) و دووەمیان (**أَجرَهُم**).

www.alibapir.net

كورتە باسێك لەبارەی گرنگیی وەفاداریی بە پەیمان و خراپی پەیمان شكاندنەوە

بەرێـــــزان !

ئەم كورتە باسە لە دوو بڕگەدا دەخەینە ڕوو:

بڕگەی یەكەم: پێنج تیشكی قورئـانی لەسـەر: وەفـاداریی و خراپیی بێ پەیمانیی

١ / ﴿ وَلَنَجْزِيَنَّ ٱلَّذِينَ صَبَرُوٓاْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴾:

پێشـەوا (الطَّبَري) دەڵـێ: (يَقُولُ تَعَالَى ذِكرهُ: وَلَيُثِيبَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَبَرُوا عَلَى طَاعَتِهُم إِيَاهُ، فِي السَّراءِ وَالضَّرَّاءِ، ثَوَابَهُمْ يَوْمَ القِيامَةِ عَلَى صَبْرِهِم عَلَيْهَا، وَمُسارَعَتِهِم فِي رِضَاهُ، بِأَحْسَنِ مَا كانُوا يَعْمَلُون مِنَ الأَعْمَالِ دُونَ أَسوَئِهَا، وَلَيَغْفِرَنَّ اللَّهَ لَهُمْ سَيِّئَهَا بفَضْلِهِ)[١].

واتـە: خـوا نـاوی بـەرز بـێ، دەفەرمـوێ: ئەوانـەی كـە خۆیـان ڕاگرتـوە لەسـەر فەرمانبەریی بـۆ خـوا، لـە خۆشـیی و لـە ناخۆشـیی دا، پاداشـتیان دەداتـەوە لـە ڕۆژی قیامەتـدا، بەهـۆی خۆڕاگرییـان لەسـەر طاعـەتی خـواو، بەهـۆی خێرایـی كردنیـان بـۆ ڕازییكـردنی خوا، بە باشـترینی ئـەو كردەوانـەی كـە دەیانكـرد، نـەك بەپێـی خراپترینیـان، {بەڵكـو باشـترینی كردەوەكانیـان دەكرێنـە پێـوەر (تـەرازوو)}، هەروەهـا خراپەكەشـیان بـە بەخششـی خـۆی، لـێ دەسـڕێتەوە.

٢ / ﴿ فَتَزِلَّ قَدَمُۢ بَعْدَ ثُبُوتِهَا ﴾:

وشـەی (قَدَمٌ) یـانی: پـێ، (تَزِلَّ) یـانی: دەخلیسـكێ، ﴿ بَعْدَ ثُبُوتِهَا ﴾، دوای چەسـپانی، لێـرەدا حاڵـەتی پەیـمان شـكێنیی، چوێـنراوە بـە حاڵـەتی كەسـێك كـە بـە پـێ چەسـپاویی بـە ڕێیەكـدا دەڕوات، مەحكـەم پێـی خـۆی دادەنـێ، بـەڵام لەنـاكاو دەخلیسـكێ و دەكـەوێ، هـەر بۆیـەش وشـەی (قَدَمٌ) پـێ، بـە تاكیـی هاتـوە، چونكـە مەبەسـت پێیـەكی دیارییكـراو، یـان چەنـد

---

(١) جَامِعُ البَيَان: ج١٤، ص١٧٥.

www.alibapir.net

پێیەك نیە، بەڵكو مەبەست تەشبیهكردنی بابای پەیمان شكێنە، بە كەسێك كە پێشێ پێ مەحكەم دادەنێ، بەڵام لەناكاو دەخلیسكێ، ئەویش بەهۆی پەیمان شكاندنەكەیەوە، كە وەك ئەوە وایە، خلیسكابێتە نێو باتڵاغی موخەننەتیی و ناپاكیی، ئەمە وەك ئەو تەعبیرەیە كە لە زمانی عەرەبی دا دەڵێ: یەكێك بە كۆمەڵێك دەڵێ:

(مَالِي أَرَاكُم تُقَدِّمُونَ رِجلاً، وَتُؤَخِّرُونَ أُخرَى؟ تَمْثِيلاً حَالَهم بِحَالِ المُتَرَدِّدِ فِي المَشْيِ إِلَى شَيْءٍ).

واتە: ئەوە چییە هەر پێیەك دێننە پێشێ و پێیەك دەبەنەوە دوایە؟ كە بێگومان مەبەست ئەوە نیە، لەو كاتەدا ئەوان پێیەك بێننە پێشێ و پێیەك ببەنە دواوە، بەڵكو حاڵیان دەشوبهێنێ بە حاڵی كەسێكەوە كە دوو دڵە لە ڕۆیشتنندا بەرەو شتێك، حاڵەكەیان بەوە دەشوبهێنێ، ئەگەرنا كۆمەڵێك خەڵك پێكەوە دانیشتبن، ئەو تەعبیرە بۆیان نەگونجاوە، بەڵام مەبەست ئەوەیە: حاڵتان وەك حاڵی ئەو كەسە وایە كە لە كاتی ڕۆیشتنێ دا، دڵ لە دڵ دەدات، دوو دڵە، ئایا بڕوات یان نەڕوات؟ بۆیە جارێك دەچێتە پێش و، جارێك دێتەوە دواوە.

٣ / دیارە ئەم ئایەتانە هەموویان بۆ جەختكردنەوە لەسەر: (پاراستنی بەڵێن و پەیمان) هاتوون، هەروەها پارێزگاریی كردن لەو سوێندانەی كە بەڵێن و پەیمانەكانیان پێ مەحكەم كراون، كە یەكێك لەو بەڵێن و پەیمانانە، ئەوە بووە، كە مسوڵمانان بە پێغەمبەری خوایان ﷺ دەدا كە كاتێك یەكێك مسوڵمان دەبوو، بەڵێنی بە پێغەمبەر ﷺ دەدا بەیعەتی پێ دەدا، هەر لە قۆناغی مەككەش دا هەر وابووە، پێش قۆناغی مەدینەش، چونكە: هەردووك پەیمانی یەكەم و دووەمیش كە لە عەقەبە لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ بەستران، لەلایەن نوێنەرانی (**یثرب**)ەوە كە جارێكیان دوازدە (١٢) كەس و، جارێكیان حەفتاو پێنج (٧٥) كەس بوون، حەفتاو سێ (٧٣) پیاوو، دوو (٢) ئافرەت بوون، ئەو دوو پەیمانەش هەر لە مەككە بەستراون.

٤/ وشەی (ٱلسُّوٓءَ)، كە دەفەرموێ: ﴿ وَتَذُوقُواْ ٱلسُّوٓءَ ﴾، دەڵێ: (**كُلُّ مَا يَغُمُّ الإنسانَ، وَكُلُّ مَا يَقبُحُ، وَاسمٌ جَامِعٌ لِلآفَاتِ**)، وشەی (**سوء**)، هەر شتێكە كە ئینسان ناڕەحەت بكات و، هەر شتێكە كە ناشیرین بێ، هەروەها ناوێكی كۆكەرەوەیە بۆ هەموو نەهامەتییەكان و تێكڕای خراپەكان.

٥/ ئنجا لێرەدا كە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَتَّخِذُوٓاْ أَيۡمَٰنَكُمۡ دَخَلَۢا بَيۡنَكُمۡ ﴾، دوایی سێ شت دادەنێ، واتە: سێ دەرهاویشتەی خراپ، سێ شوێنەواری خراپ:

یەكەم: ﴿ فَتَزِلَّ قَدَمُۢ بَعۡدَ ثُبُوتِهَا ﴾.

www.alibapir.net

دووەم: ﴿وَتَذُوقُواْ ٱلسُّوٓءَ بِمَا صَدَدتُّمۡ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾.

سێیەم: ﴿وَلَكُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ﴾، واتە: لە ئەنجامی ئەوەدا کەسێك، بەڵێن و پەیمانەکەی خۆی ناپاکیی بخاتە نێو، موخەننەتیی ڕەگەڵ بخات و، لە پەنای بەڵێن و پەیماندا، فێڵ و فەڕەج و پاشقول گرتن، بکاتە پیشە، بەرانبەر بەو کەسانەی کە پەیمانی لەگەڵ بەستوون، سێ شوێنەواری خراپ دێنە دی، لە ئەنجامی ئەو ڕەفتارەی دا:

یەك: پێی دەخلیسکێتە نێو باتڵاغی گوناهو تاوان و موخەننەتیی و ناپاکییەوە.

دوو: خراپە دەچێژێ، یاخود سزای خراپە دەچێژێ، بەوەی کە خەڵکی لە ڕێی خوادا لاداوە، کە ڕێی خوا بریتیە لە وەفاو، لادانە لە ڕێی خوا، کە پێچەوانەی وەفا بێ.

ئنجا ڕێی خواو شەریعەتەکەی کە فەرمان دەکات بە وەفاداریی و، بە بەڵێن و پەیمان بردنە سەر، بەڵام کەسێك مسوڵمان بێ، کەچی لە بن پەردەی ئیسلامدا، بێ بەڵێنیی و بێ پەیمانیی بکات، ئەوە خەڵك لەو ئیسلامە لادەدات و، ئیسلام لەبەرچاوی خەڵك دەخات.

سێ: ﴿وَلَكُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ﴾، سزایەکی مەزنیشتان دەبێ، کە بە تەئکید مەبەست پێی سزای دواڕۆژە.

چونکە وەك گوتمان: ئەو بەڵێن و پەیمان شکاندنە، درۆکردن و بێ پەیمانییە لە خزمەت خوادا، چونکە خوا هەر لە سەرەتاوە فەرموویەتی: ﴿وَأَوۡفُواْ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ إِذَا عَٰهَدتُّمۡ﴾، وەفاداربن، بە پەیمانی خوا، هەرکات پەیمانتان دا.

لێرەدا خوا پەیمانەکەی بە هی خۆی زانیوە، چونکە خوا لەگەڵ هەموو شتێکی چاك دایەو، شەریعەتی خوا لەگەڵ هەموو شتێکی باش و، لەگەڵ هەموو سیفەتێکی بەرزو جوان دایە، لەگەڵ هەموو بەهایەکی بەرز دایە، کە بە تەئکید بەڵێن و پەیمان بردنە سەرو، وەفادار بوون بە پەیمان، یەکێکە لەو بەها بەرزانەی شەریعەتی خوا، ئەو هەموو داکۆکییەی لەسەر دەکات و، لە زۆر جێی دیکەدا خوای پەروەردگار باسی ئەو مەسەلەیەی کردوە لە قورئاندا، بەڵام لە هیچ شوێنێك بە قەدەر ئەم چەند ئایەتەی سوورەتی (**النحل**) داکۆکی لەسەر نەکراوەتەوەو، پێگەو بەهای وەفاداریی بە بەڵێن و پەیمانەوە ئاوا ورد نەخراوەتە ڕوو.

www.alibapir.net

بڕگەی دووەم: چەند دەقێکی پەیوەندیداری سوننەت لەبارەی پابەندیی بە بەڵێن و پەیمانەوە

١) پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {**لاَ حِلْفَ فِي الإِسْلاَمِ، وَأَيُّمَا حِلْفٍ كانَ فِي الْجَاهِلِيةِ لَمْ يَزِدْهُ الإِسْلاَمُ إِلاَّ شِدَّةً**} (**أَخْرَجَهُ أَحْمَد: ١٦٨٠٧، وَمُسْلِمٌ: ٢٥٣٠، وَأَبُو دَاوُدَ: ٢٩٢٥، وَالنَّسائِي فِي (الكبرى): ٦٤١٨، وَابْنُ حِبان: ٤٣٧١**).

واتە: لە ئیسلامدا هیچ پەیمان بەستنێك نیەو، هەر پەیمانێك لە سەردەمی نەفامیی دا بوو بێ، ئیسلام هەر پتەوتری کردوە.

زانایان لێرەدا مشتومڕێکیان بووە، چونکە:

أ - پێغەمبەر ﷺ مسوڵمانان بەیعەتیان پێداوە.

ب - پاشان پەیمانی بەستوە لەگەڵ قوڕەیشدا لە حودەیبییە.

ج - پەیمانی بەستوە لەگەڵ هۆزی خوزاعە.

د - پاشان پەیمانی بەستوە لەگەڵ (**بَنو ضَمرَة**)داو، ئەوە هەمووی چەسپاوە !!

لێکۆڵەرەوەو ساغکەرەوان گوتوویانە: لێرەدا مەبەست لەوە کە: هیچ پەیمان بەستنێك لە ئیسلامدا نیە، واتە: پەیمان بەستنێك کە پێچەوانەی ئیسلام بێ، یاخود بە زیانی ئیسلام بێ و بەڵێن و پەیمانێکی ناشەرعیی بێ، ئەگەرنا هەر پەیمانێك لە سەردەمی نەفامیی دا بوو بێ، مادام پەیمانێکی شەرعیی بوو بێ و، بۆ ئامانجێکی باش بوو بێ، ئیسلام هەر مەحکەمی دەکات و، ئەو پەیمانانەی بۆ شتی باش بەستراون، لە سەردەمی نەفامییشدا، ئیسلام هەڵیاننناوەشێنێتەوە، مادام نێوەڕۆکەکەیان ناشەرعیی نەبێ.

٢) پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {**لَقَدْ شهِدْتُ فِي دَارِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ جُدْعَانَ حِلْفَاً مَا أُحِبُّ أَنَّ لِي بِهِ حُمْرَ النَّعَمِ، وَلَوِ أُدْعَى بهِ فِي الإِسْلاَمِ لأَجَبْتُ**} (**أَخْرَجَهُ البَيْهَقِيُّ فِي (الكُبرى): ١٣٤٦١، وَصَحَّحَهُ الألباني**).

واتە: لە ماڵی عەبدوڵڵای کوڕی جودعاندا ئامادەی پەیمانێك بووم، حەز ناکەم لە قەرەبووی ئەو پەیمانەدا، حوشتری سوورم هەبێ، (واتە: پەیمانەکە هەڵبوەشێنمەوە حوشتری[1] سوورو سپییم لە بەرانبەردا بدەنێ)، ئەگەر لە ئیسلامیش دا بۆ پەیمانێکی ئاوا بانگ بکرێم، وەڵام دەدەمەوە.

---

(١) حوشتری سوور (حُمْرُ النَّعَمِ) سامانێکی زۆر بەقیمەت بووە.

www.alibapir.net

کەواتـە ئـەوە کـە دەفەرمـوێ: {لاحِلـفَ فِي الإِسـلامِ}، واتـە: پەیمانێـك کـە بـۆ ناهەقیـی و ناشـەرعیی و سـتەم، لـە خەڵـكی دیکـە بـێ و، بـۆ ئامانجێـكی خـراپ بـێ.

٣) پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {**انْصُرْ أَخَاكَ ظَالِمَاً، أَوْ مَظْلُوماً قَالُوا: يا رَسُولَ اللَّهِ! هَذَا نَصْرُهُ مَظْلُوماً، فَكَيْفَ نَنْصُرُهُ ظَالِمَاً؟ قَالَ: تَمْنَعُهُ مِنَ الظُّلْمِ**} (**أَخْرَجَهُ أَحْمَد: ١٣١٠١، وَالبُخَارِيُّ: ٢٤٤٤، وَالتِّرمِذِيُّ: ٢٢٥٥**).

واتـە: برایەکـەت سـەر بخـە! ستەمکار بێ، یـان سـتەم لێکـراو، گوتیـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! ئـەوە ئەگـەر سـتەملێکراو بـێ سـەریدەخەین و پشـتی دەگریـن، بـەڵام ئەگـەر سـتەمکار بـێ، چـۆن سـەریبخەین؟ فەرمـووی: دەسـتی بگـرن لـە سـتەم کـردن.

٤) پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {**إِنَّ الناسَ إِذَا رَأَوُا الظَّالِمَ فَلَمْ يأخُذُوا عَلَى يَدَيْهِ، أوشَكَ أنْ يَعُمَّهُمُ اللَّهُ بِعِقَابٍ مِنْهُ**} (**أَخْرَجَهُ الحُمَيْدِي: ٣، وَأَبُو دَاوُدَ: ٤٣٣٨، وَالتِّرمِذِيُّ: ٢١٦٨، وَقَالَ: صَحِيحٌ، وَابْنُ مَاجَهْ: ٤٠٠٥، وَصَحَّحَهُ الأَلباني فِي صحيح سُنَن أَبِي دَاوُد**).

واتـە: خەڵـك کاتـێ سـتەمکاریان بینـی و دەسـتیان نەگـرت، نزیکـە خـوا لەلایـەن خۆیـەوە، سـزایەکی گشـتییان بـۆ بنێـرێ.

٥) دەربارەی پەیمان شکێنیی، ئەم فەرمایشتە هەیە: {**عَنِ ابْنِ عُمَرَ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صلى اللَّه عليه وسلم، قَالَ: إِنَّ الْغَادِرَ يُنْصَبُ لَهُ لِوَاءٌ يَوْمَ الْقِيامَةِ فَيُقَالُ: هذِهِ غَدْرَةُ فُلاَنٍ**} (**رواه البخاري: ٦١٧٨ و مسلم: ١٧٣٥، و أبوداود: ٢٧٥٦، و الترمذي: ١٥٨١**).

ئیبنـو عومـەر خـوا لـە خـۆی و بـابی ڕازی بـێ دەڵـێ: پێغەمبـەر دەفەرمـوێ ﷺ: لـە ڕۆژی هەڵسـانەوە (ڕۆژی قیامـەت)دا، ئاڵایـەك دەچەقێـنرێ، لـە پـاش هـەر کەسـێکەوە کـە پەیـمانی شـکاند بـێ و، بـێ بەڵێـن بـوو بـێ، دەگوتـرێ: ئـەوە پەیـمان شـکاندن و ناپاکیـی فڵان کەسـە.

یانـی: بـۆ ئـەوەی هەمـوو خەڵـك تێـی بـگات و، لـەوێ ئابـڕووی بچـێ، کـە ئـەوە بۆخـۆی سـزایەکی مەعنەویـی و، ئەدەبیـی زۆر خراپـە، کـە بابـای ناپـاك و موخەننـەت و پەیـمان شـکێن، پێـی سـزا دەدرێ.

www.alibapir.net

مەسەلەی چوارەم و کۆتایی:

خوا ڕایگەیاندوە کە: هەر کەسێك بڕوادار بێ و کردەوەی باش بکات لە نێر و مێ، بە ژیانێکی پاك و چاك دەیژیەنێ لە دنیادا و، لە دواڕۆژیشدا بە پێی باشترین کردەوەیان پاداشتیان دەداتەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١- ﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ ﴾، هەر کەسێك کردەوەی باش بکات لە نێر و مێ و بڕواداریش بێ، یانی: بەبێ جیاوازیی ڕەگەز.

٢- ﴿ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ﴾، بە دڵنیاییەوە بە ژیانێکی پاك و چاك (**طَيِّب**) دەیژیەنین، (**الطَّيِّب: مَا يَطِيبُ ويَحْسُن، وَضِدُّهُ الخَبِيثُ وَالسَّيء**)، (**طَيِّب**) شتێکە کە خۆش بێ و، چاك بێ، بە تام و بە چێژ بێ، ڕێك بێ، پێچەوانەکەشی بریتیە لە (**خَبيث**) واتە: زیانبەخش و پیس و خراپ و ناڕێك.

٣- ﴿ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾، پاداشتەکەشیان دەدەینەوە بەپێی باشترینی کردەوەکانیان، کە دەیانکردن، کەواتە: ئیمان و کردەوەی باش، چی بۆ مرۆڤ بەرهەم دەهێنن، بۆ تاك و بۆ کۆمەڵگا ؟

یەکەم: ژیانێکی دنیایی باش و، ڕێك و پێك و بەختەوەرانەو چاك و پاك.

دووەم: باشترین پاداشتی ڕۆژی دوایی.

(**جمال الدِّين القاسمي**) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]، پێناسەیەکی جوانی (**الحَياةُ الطَّيِّبة**) دەکات، دەڵێ: (**وَعِندِي أَنَّ الحَياةَ الطَّيِّبة، هِيَ الحَياة الَّتي فِيهَا ثَلْجُ الصُّدُورِ بِلَذَّة اليَقِينِ، وَحَلاوَةِ الإِيمَانِ، وَالرَّغْبة فِي المَوعُودِ، وَالرِّضا بالقَضَاءِ، وَعِتْقِ الرُّوحِ مِمَّا كانُوا يُستعبَدُونَ لَهُ، وَالإِستكانة إِلى مَعبُودٍ وَاحِدٍ، وَالتَّنَوُّرُ بِسِرِّ الوُجُودِ الَّذِي قَامَ بِهِ، وَغَيرُ ذَلِك**).

---

(١) محاسنُ التَّأويل: ج ١٠، ص ١٥٦.

www.alibapir.net

واتـە: (الحَیـاةُ طَیِّـبة) بریتیـە لـەو ژیانـەی کـە ئینسـان دڵ و سـینەی فێنـك دەبێتـەوە، بـە چێژی یەقیـن و، شـیرینایەتیی ئیـمان و، بـە ئارەزوومەنـد بـوون بـەوەی کـە خـوا بەڵێنی پێـداوەو، بـە ڕازی بـوون بـە بڕیـاری خـواو بـە نەخشـەی خـوا، هەروەهـا بـەوە کـە ڕووح ئـازاد دەبـێ، لـەوەی کـە (خەڵکـی بـێ ئیـمان) بـۆی دەبوونـە کۆیلـەو، بـەوە کـە خـۆی دادەبـڕێ بـەلای یـەك پەرسـتراودا، تەنیـا لـەو دەپارێتـەوە، تەنیـا بـۆ ئـەو ملکـەچ دەبـێ، هەروەهـا بـە ڕۆشـنبوونەوەی بـە نهێنیـی بـوون، کـە گـەردوونی پێـوە ڕاوەسـتاوەو، بـە جگـە لـەوەش کـە باسـکرا.

{نهێنیـی بـوون: بریتیـە لـە خاوەنداریێتیـی و، تەنیـا پەروەردگاریێتیـی و تەنیـا بەدیهێنەرایەتیـی و، تەنیـا پەرسـتراویێتیی خـوا لـە بوونـدا}[1].

مەبەسـتی ئەوەیـە کـە ئـەو (الحَیـاةُ الطَّیِّبـة)، ﴿فَلَنُحۡیِیَنَّهُۥ حَیَوٰةٗ طَیِّبَةٗ﴾، بـا کـەس وانەزانـێ کـە: ژیانێـکی دەبـێ: بـێ خـەم و بـێ گرفـت و بـێ ناڕەحەتیـی و بـێ دەردەسـەریی، یاخـود ژیانێـکی دەبـێ پـڕ عەیـش و نـۆش و گـوزەرانی خـۆش، نەخێـر مەبەسـت ئـەوە نیـە، چونکـە ئەصڵـەن خـوا ﷻ مەتاعـی دنیـا و لایەنـە ماددییەکـەی دنیـای پـێ هیـچ نیـە، بەڵکـو مەبەسـت لـەو ژیانـەی کـە خـوا بـە (طَیِّبـة)، نـاوی دەبـات، زیاتـر پەیوەندیـی بـە لایـەنی دەروونیـی و ئیمانیـی و، بەهـا بـەرزەکان و، بـۆ خـوا ژیـان و، پەیوەسـت بـوون بـە خـواوەو، بەندایەتیـی بـۆ خـوا کـردن و، پشـت بـە خـوا بەسـتن و، دڵخـۆش بـوون بـە پاداشـتی خـواوە، هەیـەو، ئـەو لایەنـە دەگرێتـەوە، قسـەکەشی جوانـەو هـەر وایـە.

ئەگەرنـا کەسـێك بـۆی هەبـوو بڵـێ: ئـەوە سـەدان و هـەزاران و بگـرە ملیۆنـان مسـوڵمان هـەن، ئیـمان و کـردەوەی باشیشـیان هەیـە، بـەڵام لـە کولەمەرگییـدا دەژیـن، لـە غـەم و ناسـۆرو ناڕەحەتییـدا دەژیـن، لـە زیندانـداو لـە دەربەدەریـی دا دەژیـن !

کـە ئـەوە ڕاسـتە، بـەڵام دەگونجـێ مـرۆڤ لـە زیندانیـش دابـێ، یـان دەربەدەریـش بـێ، هەروەهـا هـەژارو نەداریـش بـێ، بـەڵام دڵێـکی ئاسـوودەو مورتاحـی هەبـێ، دڵخـۆش و شـادمان بـێ، بـەوە کـە لـە دنیـادا بـە جۆرێـك دەژی، جۆرێـکی پـاك، گوناهبـاری لای خـوا نیـەو، عەیبـداری لای خەڵـك نیـە، دڵـی بـە ڕێـی خـۆی خۆشـە، دڵنیایـەو بەرچـاو ڕوونـە، (ئـەوەی پاکـە، بێباکـە)، (ئـەوەی پەرێـزی پاکـە، بەرچـاوی ڕووناکـە)، بێگومـان ئـا ئەوانەشـن کـە جێـگای گرنگیـی پیـدانی خـوای پـەروەردگارن و، ئـەوەش کـە لێـی بوەشـێتەوە خـوا بـە (طَیِّبـة)ی ناوبـەرێ، تەنیـا ئـەو جـۆرە ژیانەیـە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

---

(١) نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە.

www.alibapir.net

www.alibapir.net

دەرسی نۆیەم

www.alibapir.net

www.alibapir.net

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە هەشـت (٨) ئایـەت پێکـدێ ، ئایەتـەکانی: (٩٨ - ١٠٥)، تـەوەری سەرەکییشـی بـاسی قورئانـە ، خوێنـدنی قورئـان ، سـەرچاوەی لێـوە هاتنـی قورئـان ، (کـە خوایـە) ئامانجـی دابەزێـنرانی قورئـان ، پاشـان بەرپەرچدانـەوەی تۆمـەتی نەیـارانی و ، سـزای چاوەڕوانکراویـان لـە دنیـاو لـە دوارۆژدا.

﴿ فَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴿٩٨﴾ إِنَّهُۥ لَيْسَ لَهُۥ سُلْطَٰنٌ عَلَى ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوا۟ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٩٩﴾ إِنَّمَا سُلْطَٰنُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَوَلَّوْنَهُۥ وَٱلَّذِينَ هُم
بِهِۦ مُشْرِكُونَ ﴿١٠٠﴾ وَإِذَا بَدَّلْنَآ ءَايَةً مَّكَانَ ءَايَةٍ ۙ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يُنَزِّلُ قَالُوٓا۟
إِنَّمَآ أَنتَ مُفْتَرٍۭ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٠١﴾ قُلْ نَزَّلَهُۥ رُوحُ ٱلْقُدُسِ مِن رَّبِّكَ بِٱلْحَقِّ
لِيُثَبِّتَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ ﴿١٠٢﴾ وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ
إِنَّمَا يُعَلِّمُهُۥ بَشَرٌ ۗ لِّسَانُ ٱلَّذِى يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِىٌّ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِىٌّ
مُّبِينٌ ﴿١٠٣﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ لَا يَهْدِيهِمُ ٱللَّهُ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٠٤﴾ إِنَّمَا
يَفْتَرِى ٱلْكَذِبَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰذِبُونَ ﴿١٠٥﴾ ﴾.

www.alibapir.net

مانای دەقا و دەقی ئایەتەكان

{ئنجا (مادام قورئان ڕوونكەرەوەی هەموو شتێكە)، هەر كات ویستت قورئان بخوێنی، پەنا بە خوا بگرە لە شەیتانی دەركراو ﴿٩٨﴾ بە دڵنیایی ئەو دەستەڵاتی بەسەر ئەوانەدا نیە، كە بڕوایان هێناوەو پشتیان بە پەروەردگاریان دەبەستن ﴿٩٩﴾ بەڵكو بەس توانای بەسەر ئەوانەدا هەیەو ، پێیان دەوێرێ كە دۆستایەتیی دەكەن و، بەهۆیەوە هاوبەشدانەرن (بۆ خوا) ﴿١٠٠﴾ هەر كاتێكیش ئایەتێكمان لەجێی ئایەتێك دانا - هەر خواش زاناترە بەوەی دایدەبەزێنێ - (بێبڕوایەكان)، دەڵێن: بێگومان تۆ (ئەی موحەمەد!) هەڵبەستەری (قورئانی بەناوی خواوە)، بەڵكو (گرفتیان ئەوەیە) زۆربەیان نازانن (ئەگەرنا تۆ هەڵبەستەری قورئان نی)، ﴿١٠١﴾ بڵێ: گیانی پاك (جیبریل) لە پەروەردگارتەوە بە هەق دایبەزاندوە، تاكو ئەوانەی بڕوایان هێناوە (بەهۆیەوە) چەسپاویان بكات (لە دینداریياندا)، هەروەها ڕێنمایی و موژدەیە بۆ ملكەچان (بۆ خوا) ﴿١٠٢﴾ بە دڵنیاییش دەزانین كە دەڵێن: مسۆگەر (قورئان) بەشەرێك فێری (موحەممەدی) دەكات، بەڵام زمانی ئەو كەسەی بە لادانەوە ئاماژەی پێ دەكەن، عەجەمییە، كەچی ئەم قورئانە، بە زمانێكی عەرەبیی ڕۆشنە! ﴿١٠٣﴾ بێگومان ئەوانەی بڕوا بە ئایەتەكانی خوا ناهێنن، خوا ڕاستەڕێیان ناكات و، ئازارێكی بەئێشیان هەیە (لە ڕۆژی دواییدا) ﴿١٠٤﴾ تەنیا ئەوانەی بڕوا بە ئایەتەكانی خوا ناهێنن، درۆ هەڵدەبەستن، (كە گوایە قورئان خوا داینەبەزاندوە !)و، هەر ئەوانەشن درۆزنانی تەواو ﴿١٠٥﴾}.

www.alibapir.net

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِ): واتە: پەنا بە خوا بگرە، پەنا بەرە بەر خوا، (العَوْذُ: الإلتِجَاءُ إلى الغَيْرِ، وَالتَّعَلُّقُ بِهِ، عَاذ فُلاَنٌ بِفُلاَنٍ، عَوَّذَهُ: وَقَاهُ، وَالعُوذَةُ: مَا يُعَاذُ بِهِ مِنَ الشَّيءِ)، وشەی (عَوذ): بریتیە لە پەنا بردن بۆ یەکێکی دیکە و، پێوە پەیوەست بوونی، دەگوترێ: (عَاذَ فُلاَنٌ بِفُلاَنٍ) واتە: فڵان کەس پەنای بردە بەر فڵان کەس، هەروەها دەگوترێ: (عَوَّذَهُ: وَقَاهُ) واتە: پاراستی، (عُوذَة): یانی: دوعایەك، کەسێکی پێ بپارێزرێ لە خراپەیەك.

(ٱلرَّجِيمِ): (الرِّجَامُ: الحِجَارَةُ، وَالرَّجْمُ: الرَّمِيُ بالحِجَارَةِ، رُجِمَ: فَهُوَ مَرْجُومٌ، وَالرَّجِيمُ: المَطرُود)، (رِجَام): بەرد، یان وردەبەرد (رَجْم): بریتیە لەوە کەسێك بەردی بۆ بهاویشترێن، دەگوترێ: (رُجِمَ: فَهُوَ مَرْجُومٌ)، بەردباران کرا، ئەو بەردباران کراوە، (وَالرَّجِيمُ: المَطرُود)، هەروەها وێڕای ئەوە کە (ٱلرَّجِيمِ): مانای بەردباران کراو، دەگەیەنێ، بە مانای دەرکراویی و دوورخراوەییش دێ.

(سُلۡطَٰنٌ): (السَّلاَطة: التَّمَكُّنُ مِنَ القَهْرِ، وَالسُّلطَانُ، يُقَالُ: فِي السَّلاَطة)، (سَلاَطة): بریتیە لەوە کە کەسێك مل بە کەسێك کەچ بکات، (سُلطَان)یش لەوەوە هاتوە، یانی: دەسەڵات، جاری وایە (سُلطَان) بە دەسەڵاتی مەعنەویی دەگوترێ، کە بەڵگەیە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٍ ﴿٢٣﴾﴾ النجم، واتە: خوا هیچ بەڵگەی لەسەر دانەبەزاندوون، چونکە بەڵگە دەسەڵاتی هەیە بەسەر عەقڵ و دڵی مرۆڤدا، جاری واشە (سُلۡطَٰنٌ) واتە: دەسترۆیشتوویی بەگشتی.

(يَتَوَلَّوۡنَهُۥ): واتە: سەر بەو دەبن، لەگەڵیدا دەبن، بە قسەی دەکەن، (تَوَلَّى: إِذَا عُدِّيَ بِنَفسِهِ اقتَضَى مَعْنَى الوِلاَيَة)، (تَوَلَّى): ئەگەر بۆخۆی تێپەڕ (تعدِّي) بکات بۆ بەرکار (مَفعُول بِهِ) مانای سەرپەرشتییکردن دەخوازێ، کەواتە: (يَتَوَلَّوۡنَهُۥ): یانی: (يُطِيعُونَهُ)، بە قسەی دەکەن، پەیڕەویی لێدەکەن، فەرمانبەریی بۆ دەکەن.

(رُوحُ ٱلۡقُدُسِ): (التَّقْدِيسُ: التَّطهِيرُ، رُوحُ القُدُسِ: جِبرِيلُ لأَنَّهُ يَنْزِلُ بالقُدْسِ مِنَ اللَّهِ، أَي: بِمَا يُطَهِّرُ بِهِ نُفُوسَنا، مِنَ القُرآنِ وَالحِكْمَةِ وَالفَيض الإِلهِي)، (تقديس)، یانی: پاککردنەوە، (رُوحُ ٱلۡقُدُسِ): ناوە بۆ (جیبریل) یانی: گیانی پاککەرەوە، چونکە لەلایەن خواوە قودس

www.alibapir.net

دادەبەزێنێ، واتە: شتێك كە نەفسەكانی ئێمەی پێ پاكدەكاتەوە لە قورئان و حیكمەت و بەخششی خوایی.

(يُلۡحِدُونَ إِلَيۡهِ): واتە: بە لادانەوە ئاماژەی پێدەكەن، (اللَّحْدُ: حُفْرَةٌ مَائِلَةٌ عَنِ الوَسَطِ)، (لَحْد) بە كوردیی (لا گۆڕ)ی پێ دەڵێن، ئەویش ئەوەیە كە گۆڕەكە بە لایەكی دا هەڵبقەنرێ و جەنازەكە بخرێتە وێوە، چاڵێكە لە نێوەڕاستیەوە، لادەدرێ بە لایەكیاندا، دەگوترێ: (لَحَدَ القَبرَ: حَفَرَهُ وَكَذَا أَلْحَدَهُ، وَلَحَدَ بِلِسانِهِ: مَالَ، وَأَلْحَدَ فُلاَنٌ: مَالَ عَنِ الحَقِّ)، وەك گوتمان: (لَحَدَ القَبرَ)، واتە: قەبرەكەی بەلاگۆڕ هەڵقەند، هەروەها (أَلْحَدَ القَبر)، یانی: قەبرەكەی هەڵقەند بە لا گۆڕ، (لَحَدَ بِلِسانِهِ، وَأَلْحَدَ)، واتە: لە هەقی لادا، زمانی ناهەقی گوت.

(أَعۡجَمِيٌّ): (العُجْمَةُ: خِلاَفُ الإِبانة، وَالإِعْجَامُ: الإِبهَامُ، وَالعَجَمُ ، خِلاَفُ العَرَبِ، وَالعَجَمِيٌّ: المَنسُوبُ إِلى العَجَمِ، وَالأَعْجَم: مَنْ كانَ فِي لِسانِه عُجْمَةٌ عَرَبِياً، كانَ أو غَيرَ عَرَبِي).

(عُجمَة)، پێچەوانەی (إبانة)یە، (إبانة)، یانی: ڕۆشنیی، (عُجمَة)، واتە: ناڕۆشنیی، (إعْجَامُ)، واتە: ناڕۆشنیی، عەجەمیش پێچەوانەی عەرەبە، (عَجَمِي)، كەسێكە پاڵ بدرێتە لای عەجەم، (أَعجَم)یش كەسێكە كە زمانی ناڕۆشنیی تێدابێ، ئنجا خۆی عەرەب بێ، یان غەیری عەرەب.

شایانی باسە: هەر وشەی عەرەب، یانی: كەسێك كە زمانی ڕۆشن بێ، چونكە گەلی عەرەب زمانی خۆیان پێ ڕۆشن بووەو هی عەجەمییش، چونكە تێی نەگەیشتوون پێیان ناڕۆشن بووە، دیارە عەجەمیش واتە: غەیری عەرەبیش، هەر كەسێك كە شارەزای زمانی عەرەبی نیە، ئەو زمانەیان پێ ناڕۆشنەو زمانی خۆیان پێ ڕۆشنە، بابایەكی كورد، كوردییەكەی خۆی، پێ ڕۆشنە و، زمانی عەرەبی پێ عەجەمییە، یانی: پێی نا ڕۆشنە، هەروەها فارسێك و ئینگلیزێك و توركێك، یانی: ئەوە شتێكی ڕێژەییە، گرنگ ئەوەیە: عەرەب زمانی غەیری خۆیان بە عەجەمیی ناوناوە، لەبەرئەوەی كە تێی نەگەیشتوون و بۆ ئەوان ناڕۆشن بووە.

www.alibapir.net

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

بۆ هۆی هاتنە خواری ئەو ئایەتە کە دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدۡ نَعۡلَمُ أَنَّهُمۡ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُۥ بَشَرٞۗ لِّسَانُ ٱلَّذِي يُلۡحِدُونَ إِلَيۡهِ أَعۡجَمِيّٞ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِيّٞ مُّبِينٌ ١٠٣﴾.

ئەم گێڕراوەیە هاتوە:

{عَن عُبَيدِ بنِ مُسلِمِ الحَضرَمي، قَالَ: كَانَ لَنَا غُلَامَانِ نَصْرَانِيَّانِ مِنْ أَهْلِ عَيْنِ التَّمْرِ، يُسَمَّى أَحَدُهُمَا: يَسار، وَالآخَرُ: جَبر، وَكَانَ يَقْرَآنِ كِتَاباً لَهُمَا، فَرُبَّمَا مَرَّ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فَقَامَ عَلَيهِمَا، فَقَالَ: المُشْرِكُونَ: إِنَّمَا يَتَعَلَّمُ مُحَمَّدٌ مِنْهُمَا! فَأَنزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ هَذِهِ الآيَةَ:

﴿وَلَقَدۡ نَعۡلَمُ أَنَّهُمۡ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُۥ بَشَرٞۗ لِّسَانُ ٱلَّذِي يُلۡحِدُونَ إِلَيۡهِ أَعۡجَمِيّٞ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِيّٞ مُّبِينٌ ١٠٣﴾}[1].

واتە: عوبەیدی کوڕی موسلیمی حەضرەمیی، دەڵێ: ئێمە دوو کۆیلەی نەصرانییمان هەبوون، خەڵکی (عَيْنِ التَّمْر) بوون، یەکێکیان ناوی یەسار بوو، ئەوی دیکە ناوی جەبر بوو، کتێبێکیان هەبوو دەیانخوێندەوە، {دەبێ کتێبی ئایینیی خۆیان بوو بێ}، ئنجا جاری وا هەبوو، پێغەمبەری خوا ﷺ بەلایاندا ڕەت دەبوو، {لە لایان ڕادەوەستاو، قسەی لەگەڵدا دەکردن، کە بە تەئکید بانگی کردوون بۆ ئیسلام}، هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان گوتیان: موحەممەد ﷺ لەوانەوە فێر دەبێ! خوای زاڵی پایە بەرزیش ئەم ئایەتە موبارەکەی دابەزاند: ﴿وَلَقَدۡ نَعۡلَمُ أَنَّهُمۡ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُۥ بَشَرٞۗ لِّسَانُ ٱلَّذِي يُلۡحِدُونَ إِلَيۡهِ أَعۡجَمِيّٞ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِيّٞ مُّبِينٌ ١٠٣﴾.

---

(١) أَخْرَجَهُ الطَّبَرِي: ج ١٤، ص ١٢٠، والوَاحِدي: فِي أَسبَاب النّزُول: ص١٩٠، وَالبَيهَقِي فِي شِعَبِ الإِيمَان: ١٣٨، وابْنُ أَبِي حَاتَم، وأيضاً لبَاب النَّقُول: ص ١٣٤.

هەردوو نووسەری (الإستيعاب فِي بَيَانِ الأسبَاب)، لە بەرگی (٢) لاپەڕە (١٢٢)، گوتوویانە: (قُلنَا: وَسَنَدُهُ صَحِيحٌ، وَصَحَّحَهُ الحَافِظ فِي الإِصَابَة)، دەڵێین: سەنەدەکەی ڕاستەو، (الحافظ ابْنُ حَجَر) لە کتێبی: (الإِصَابَة)دا کە دەربارەی هاوەڵان نووسیویەتی، بە ڕاستی داناوە.

www.alibapir.net

مانای گشتی ئایەتەکان

خوا ﷻ ڕوو دەکاتە پێغەمبەری خاتەم ﷺ و، لەم هەشت (٨) ئایەتەدا، کە هەموویان دەربارەی قورئان دەدوێن: دەیدوێنێ، ئەم (ف)ی سەر، (فَإِذَا)، هەندێك دەڵێن: (**فاء الإستئنافية**)یە، یانی: بۆ دەستپێکردنە، بەڵام زۆربەیان دەڵێن: نا، بەڵکو ئەم (ف)یە، ئەو قسەیەی کە دێ، پەیوەستی دەکاتەوە، بەو ئایەتە موبارەکەوە، کە فەرمووی: ﴿ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ تِبْيَٰنًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ ﴾، پەیوەستی دەکاتەوە بەوێوە، واتە: مادام قورئانمان بۆ تۆ دابەزاندوە، ڕوونکەرەوەیە بۆ هەموو شتێك و، ڕێنماییە و، مایەی بەزەیی خوا و مژدەو دڵخۆشییە، بۆ ملکەچان بۆ خوا، کەواتە: قورئانێك وابێ، ﴿ فَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ ﴾، هەر کاتێك قورئانت خوێند! پەنا بە خوا بگرە لە شەیتانی نەفرینلێکراوو دوورخراوە لە بەزەیی خوا، واتە: هەر کاتێك ویستت قورئان بخوێنی، پەنا بە خوا بگرە، نەك قورئانەکە بخوێنی، ئنجا بڵێی: ﴿ أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴾، وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا باس دەکەین، کە هەندێك لە زانایان گوتوویانە: مەبەست پێی ئەوەیە، بەڵام بە تەئکید وانیە، بەڵکو: ﴿ فَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ ﴾، یانی: هەر کاتێك ویستت قورئان بخوێنی، ﴿ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴾، پەنا بە خوا بگرە لە شەیتانی دەرکراوو دوورخراوە لە ڕەحمەتی خواو، بڵێ:

١- ﴿ أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴾.

٢- یان بڵێ: (**أَعُوذُ باللَّهِ السَّمِيعِ العَلِيمِ مِنَ الشَّيطَانِ الرَّجِيم**).

٣- یان بڵێ: (**أَعُوذُ باللَّهِ مِنَ الشَّيطَانِ الرَّجِيم مِنْ هَمْزِهِ وَنَفْخِهِ وَنَفْثِهِ**)، بە چەند شێوەیەك هاتوە، وەك دوایی باسی دەکەین، ئەمە بۆچی؟ بۆ ئەوەی کە تۆ قورئان دەخوێنی و فەرمایشتی خوا دەخوێنی، بە دڵێکی پاك و، بە ئاگا لەخۆبوونێکی چاك و بە هۆشیارییەوە، بیخوێنیی، چونکە شەیتان ئیشی ئەوەیە: کاری خێر لە مرۆڤی مسوڵمان تێکبدات، ئنجا تۆ بێنە، قەڵغانێك لەسەر سەری خۆت هەڵگرە، بۆ ئەوەی وەسوەسەو خوتخوتەی خراپی شەیتانت لێ دووربخاتەوە، لە کاتێکدا کە تۆ خەریکی ئەو کارە گەورەو گرنگەی، کە بریتیە لە خوێندنەوەی قورئان.

www.alibapir.net

﴿ إِنَّهُۥ لَيۡسَ لَهُۥ سُلۡطَٰنٌ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئەو دەسەڵاتی بەسەر ئەواندا، نیە کە بڕوایان هێناوەو، تەنیا پشتیش بە پەروەردگاریان دەبەستن.

ئەو جۆرە کەسانە شەیتان پێیان ناوێرێ و، بەڕووەستیان نایەت و لە بەرانبەریاندا دەستەپاچەیە، کەواتە: تۆش پەنا بە خوا بگرە، هەڵبەتە کەسێکیش پەنا بە خوا دەگرێ و، کەسێکیش قورئان دەخوێنێ، کە ئیمانی بە خوا بێ و، پشتی بە خوا قایم بێ، کەسێکیش وابێ، شەیتان زەفەری پێنابات و، پێی ناوێرێ، ئەدی شەیتان بە کێ دەوێرێ و بەسەر کێدا زاڵ دەبێ؟ ﴿ إِنَّمَا سُلۡطَٰنُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَوَلَّوۡنَهُۥ وَٱلَّذِينَ هُم بِهِۦ مُشۡرِكُونَ ﴾، بێگومان ئەو (شەیتان) تەنیا دەسەڵاتی بەسەر ئەواندا هەیە، کە بە قسەی دەکەن و، فەرمانبەریی و گوێڕایەڵیی بۆ دەکەن و، شوێنی دەکەون، ﴿ وَٱلَّذِينَ هُم بِهِۦ مُشۡرِكُونَ ﴾، هەروەها ئەوانەی کە بەهۆی ئەوەوە ، هاوبەش دانەرن بۆ خوا ﷻ واتە: بەهۆی شەیتانەوە بوونە هاوبەشدانەر، بوونە هاوبەشدانەر بۆ خوا ﷻ.

﴿ وَإِذَا بَدَّلۡنَآ ءَايَةٗ مَّكَانَ ءَايَةٖ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا يُنَزِّلُ قَالُوٓاْ إِنَّمَآ أَنتَ مُفۡتَرِۭۚ ﴾، هەروەها کاتێك ئایەتێك لە شوێنی ئایەتێك دابنێین، خواش زاناترە بەوەی کە دایدەبەزێنێ، (کافرەکان) دەڵێن: بێگومان تۆ هەر قسە هەڵبەستەری بە ناوی خواوە، واتە: تۆ هەڵبەستەری ئەم قورئانەی بە ناوی خواوە!

هەڵبەتە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان وادەڵێن: دواتریش زیاتر ڕوونی دەکەینەوە کە مەبەست لە دانانی ئایەتێك لە شوێنی ئایەتێك، مەرج نیە بە مانای نەسخ بێ و، وەك هەموو تەفسیرەکان، هەر باسی نەسخییان کردوە، بەڵام لێرەدا باسی نەسخ نیە، ئایەتێك لە شوێنی ئایەتێك دانران، عەبدوڵڵای کوڕی عەباس خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ، جوانی ڕوونکردۆتەوە، واتە: ئایەتێك دێ، باسی توندیی دەکات، ئایەتێکی دیکە باسی نەرمیی دەکات، ئایەتێك باسی لێپرسینەوە دەکات، ئایەتێك دەفەرموێ: پرسیاریان لێناکرێ، ئایەتێکی دیکە دەڵێ: لێیان دەپرسرێ، ئایەتێك باسی مەسەلەیەك دەکات، ئایەتێکی دیکە دێ بە ڕواڵەت لەگەڵ ئەودا تێکدەگیرێ، بۆیە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان کە بە سەرکێڵانە تەماشای قورئانیان کردوە، تەماشای ئایەتەکانیان کردوە، گوتوویانە: ئەو کابرایە (موحەممەد) هەر ڕۆژە قسەیەك دەکات! کەواتە: خۆی هەڵیدەبەستێ!

www.alibapir.net

مەبەستیان پێی ئەوە بووە، نەك ئەوە كە نەسخ هەبێ، چونكە لە قۆناغی مەككەدا تەنانەت بەڕای ئەوانەش كە نەسخ هەیە لە قورئاندا هیچ ئایەتێك نەسخ نەبۆتەوەو، ئەم سوورەتەش، سوورەتێكی مەككەییە، بۆیە هیچ باسی نەسخ لە ئارادا نیە، ڕەزاو ڕەحمەتی خوا لە زانایان بێ، هەندێكیان زۆرباش سەرنجی ئەوەیان نەداوە، كە ئاخر ئەم سوورەتە مەككەییەو، نەسخ ئەصڵەن ئەگەر هەشبێ لە حوكمە شەرعییەكاندا هەیە، لەو ئایەتانەدا هەیە، كە حوكمە شەرعییەكانیان تێدان، كە ئایەتەكانی سوورەتە مەدینەییەكانن! كە من پێموایە: نەسخ لە قورئاندا هەر نیە، بەڵام دیارە لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هەیە شتێكی فەرمووە، دوایی لای بردوە، هەروەها لە قورئاندا هەیە، كە شتێك لە سوننەتدا هەبووە و خوا لایبردوەو نەسخی كردۆتەوە، وەك مەسەلەی گۆڕینی ڕووگە (**قبلة**) لە (**بيت المقدس**)ەوە بۆ (مزگەوتی حەڕام) لە مەككە، بەڵام ئەوە كە: لە قورئاندا ئایەتێك هەبێ، خوا شتێكی فەرموو بێ، دوایی لایبردبێ و، ئایەتەكەش مابێ، شتی وا لە قورئاندا نیە، وەك تاكو ئێستا هێناومانە، هیچ ئایەتێكمان لێ عاسێ نەبووە كە بڵێین: ئەو ئایەتە ئیشی پێناكرێ و مەنسووخە! بە هەر حاڵ ئێمە لە سوورەتی (**البقرة**)دا بە تەفصیل باسی ئەو مەسەلەیەمان كردوە.

دوایی خوا دەفەرمووێ: ﴿ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴾، بەڵكو زۆربەیان نازانن، واتە: زۆربەیان نازانن كە خوا شتێك دەفەرمووێ، دوایی شتێكی دیكە دەفەرمووێ، كە بە ڕواڵەت تێكدەگیرێن، تێكناگیرێن، بەڵام ئەوە بە دوو ئیعتیباری جیان، یاخود ئەوە پلە پلەییە، یاخود ئەوە لە ڕوویێكەوەیەو، ئەوی دیكە لە ڕوویێكی دیكەوەیە.

﴿ قُلْ نَزَّلَهُ رُوحُ الْقُدُسِ مِن رَّبِّكَ بِالْحَقِّ ﴾، بڵێ: ﴿ رُوحُ الْقُدُسِ ﴾، واتە: بڵێ: جیبریل لە پەروەردگارتەوە بە هەق دایبەزاندوە، یانی: بە هەق هاتووەو، بە ناهەق نەهاتووە، یاخود كە هاتووە حەقی لەنێو خۆیەوە گرتووە، ﴿ لِيُثَبِّتَ الَّذِينَ آمَنُوا وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ ﴾، بۆ ئەوەی ئەوانەی بڕوایان هێناوە، دامەزراو و چەسپاویان بكات، لەسەر ئەو ڕاستە شەقامەی خوا، هەروەها ڕێنمایی و شادمانیی و دڵخۆشییشە، بۆ ملكەچان، ئەوانەی كە بۆ خوا ملكەچ دەبن.

﴿ وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە دەزانین كە ئەوانە دەڵێن: مرۆڤێك فێری دەكات، بەشەرێك فێری دەكات، ﴿ لِّسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ ﴾، بەڵام زمانی ئەو كەسەی بەلادانەوە ئاماژەی پێدەكەن {كە

www.alibapir.net

گوایە تۆی فێر کردوە} ئەعجەمییە، واتە: زمانێکی ناڕۆشنە، بەنسبەت ئێوەی عەرەبەوە، ﴿ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُّبِينٌ ﴾، بەڵام ئەم (قورئان)ە، بە زمانێکی عەرەبیی ڕۆشنە (لِسَانٌ) لێرەدا بە مانای لوغەتە (لغة) بە زمانێکی عەرەبی ڕۆشنە، ئنجا کەسێك کە خۆی زمانی عەرەبی نەزانێ، چۆن دەتوانێ بە زمانێکی عەرەبی ڕۆشن قورئان فێری موحەممەد ﷺ بکات ؟!

لە کۆتاییدا خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ لَا يَهْدِيهِمُ ٱللَّهُ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی بڕوایان بە ئایەتەکانی خوا نیە، خوا ڕاستە ڕێیان ناکات، نایانخاتە سەر ڕێی ڕاست و، ئازارێکی بە ئێشیان بۆ هەیە.

واتە: هەر کەسێکت بینی، کە خوا ڕاستە ڕێی نەکرد بوو، ئەوە بەهۆی ئەوەوەیە کە بڕوای بە ئایەتەکانی خوا نەبووە، یانی: هەر لە ڕێوە بڕیاری داوە بڕوا بە ئایەتەکانی خوا نەکات، بۆیەش خوا ﷻ خوا نایخاتە سەر ڕێی ڕاست، لێرەشدا (هدى) لە ﴿ لَا يَهْدِيهِمُ ﴾دا، بە مانای ڕێنمایی کردن نیە، چونکە خوا ڕێنمایی هەموو کەسی کردوە، بە چاك و خراپەوە، ڕێی بۆ هەمووان ڕۆشن کردۆتەوە، بەڵام بێگومان هەموو کەس ناخاتە سەر ڕاستە ڕێ، کەسێك کە دوای ئەوەی خوا ڕێیەکەی بۆ ڕۆشن کردۆتەوەو پیشانی داوە بەڵام ئەو نایەت ڕێی خوا بگرێ، بێگومان خوا ﷻ بە شایستەی ئەوەی نازانێ هیدایەتی بدات، (هیدایەتی تایبەت)، هیدایەتە گشتییەکەی داوە (ڕێی بۆ ڕۆشن کردۆتەوە)، بەڵام بە شایستەی ئەوەی نازانێ کە هیدایەتی تایبەتی بدات و، بیخاتە سەر ڕاستە شەقامی خۆی.

﴿ إِنَّمَا يَفْتَرِي ٱلْكَذِبَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ ۖ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَـٰذِبُونَ ﴾

بێگومان هەر ئەوانە درۆ هەڵدەبەستن، کە بڕوایان بە ئایەتەکانی خوا نیە و، تەنیا ئەوانەش درۆزنانن، واتە: تەنیا ئەوانە بە ناوی خواوە درۆ هەڵدەبەستن، کە بڕوایان بە ئایەتەکانی خوا نیە.

کەواتە موحەممەدێك ﷺ کە لە لووتکەی بەرزی هەموو ڕەوشت و ئاکارێکی پەسندو جوان دایە، لێی ناوەشێتەوە: درۆ بە ناوی خواوە هەڵبەستێ و، ئەوانەی کە درۆ بەناوی خواوە هەڵدەبەستن، هەر ئەوانە درۆزنی ڕاستەقینەن، کە ئەو بێبڕواو ئەو هاوبەش بۆ خوا دانەرانەن: درۆ بە ناوی خواوە هەڵدەبەستن و دەڵێن: خوا هاوبەشی هەیە، بەڵام موحەممەد ﷺ ناگونجێ، بەناوی خواوە درۆ بکات! بۆیە یەکێك لە زانایان دەڵێ:

www.alibapir.net

موحەممەد ﷺ و هەر کام لە پێغەمبەرانی دیکەی خوا صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێ، هەر کەسێك بڵێ: من پێغەمبەرم، یان دەبێ خراپترین کەس بێ، یان دەبێ چاکترین کەس بێ، یانی چی؟ یانی: هەر کەسێك گوتی: من پێغەمبەری خوام، ئەگەر درۆ بکات، ئەوە دیارە خراپترین کەسە، چونکە درۆ بە ناوی خواوە هەڵدەبەستێ، ئەگەر پێغەمبەری خواش بێ، بێگومان ئەوە چاکترین کەسە، کەواتە: زۆر ئاسانە لێك جیاکردنەوەی کەسێك کە بەڕاستیی پێغەمبەرەو، کەسێك کە ئیددیعای پێغەمبەرایەتیی دەکات، وەك موسیلیمەی کەذذاب و ئەسوەدی عەنسیی و سەجاعی یەمامەو، غولام ئەحمەدی قادیانیی و، هەموو ئەوانەی کە بە درۆ و دەلەسە لافی پێغەمبەرایەتییان لێداوە، بەڵام دوایی لەجیاتی ئەوەی پێی بەرز ببنەوە، زۆر عەیبدار و ناشیرین بوون و، فڕێ دراونە زبڵدانی مێژووەوە، ئەو کەسەش کە بەڕاستیی پێغەمبەری خوا بووەو، کە گوتوویەتی: من پێغەمبەری خوام، ڕاستی کردوە، ئەوە دەبینی کە خاوەنی ڕێز و حورمەت و پایەی بەرز و ناوازەن، بەتایبەتی موحەممەد ﷺ پێغەمبەری کۆتایی و ڕەوانەکراوی هەرەمەزنی خاتەمی خوا ﷻ.

www.alibapir.net

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

خوا فەرمان بە پێغەمبەرەکەی دەکات ﷺ کە هەر کات ویستی قورئان بخوێنێ و، لە خوتخوتەی شەیتان پارێزراو بێ، با پەنا بە خوا بگرێ، چونکە شەیتان دەستەڵاتی بەسەر ئەوانەدا ناشکێ کە بڕوادارن و، پشت بە خوا دەبەستن، بەڵکو تەنیا بەوانە دەوێرێ، کە شوێنی دەکەون و دەیکەنە هاوبەشی خوا، یان بەهۆی ئەوەوە دەبنە هاوبەش بۆ خوا دانەر:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴿٩٨﴾ إِنَّهُۥ لَيْسَ لَهُۥ سُلْطَٰنٌ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٩٩﴾ إِنَّمَا سُلْطَٰنُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَوَلَّوْنَهُۥ وَٱلَّذِينَ هُم بِهِۦ مُشْرِكُونَ ﴿١٠٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١- کە دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ ﴾، هەر کاتێ قورئانت خوێند، واتە: هەر کاتێك ویستت قورئان بخوێنی.

ئەمە وەك ئایەتی ژمارە (٦)ی سووڕەتی: (المائدة)یە، کە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغْسِلُوا۟ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى ٱلْمَرَافِقِ وَٱمْسَحُوا۟ بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى ٱلْكَعْبَيْنِ ﴿٦﴾ ﴾.

واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! هەر کاتێ هەڵسان بۆ نوێژ، دەم و چاوتان بشۆن و، هەردووك دەستتان لەگەڵ ئانیشکتان و، دەستی تەڕ بەسەرتاندا بێنن و، پێیەکانیشتان بشۆن، تاکو گوێزینگان.

واتە: هەر کاتێك ویستتان نوێژ بکەن، ﴿ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ ﴾، واتە: هەر کاتێك ویستتان بۆ نوێژێ هەڵسن: (إِذَا أَرَدْتُم القِيامَ إلى الصّلاَة)، نەك ئەگەر هەڵسای بۆ نوێژ،

www.alibapir.net

چونکە لە میانی نوێژەکەدا، دەست نوێژ ناگیرێ و، پێشتر دەبێ دەست نوێژ بگری، لێرەشدا ﴿ فَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ ﴾، واتە: ئەگەر ویستت قورئان بخوێنی، بڵێ: ﴿ أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴾، پەنا بە خوا دەگرم لە شەیتانی دوور خراوە لە ڕەحمەتی خوا.

کەواتە: ئەو مانا ڕووالەتییە ڕوو کەشییەی کە هەندێکیان، وەك: (**النَّخَعِي، وإِبنُ سِيرِين، وَدَاوُد الظَّاهِرِي**)، ڕەحمەتی خوایان لێبێ، گوتوویانە: (**الإِستِعَاذَةُ بَعْدَ القِرَآءَة**)، پەنا بە خوا گرتن دوای خوێندنە! یانی: دوای ئەوەی قورئان دەخوێنی، دەبێ بڵێی: ﴿ أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴾!! لە ڕاستییدا نەیانپێکاوە !

چونکە خوای کارزان کە دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ ﴾، هەر بە سیاق و سەلیقە دیارە، یانی: ئەگەر ویستت قورئان بخوێنی....

ئەم (**ف**)ی سەر (فَإِذَا) کە دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ ﴾، ئەمە ئەو دوو ئایەتانە پێکەوە پەیوەست دەکات، کە پێشتر دەفەرموێ: ﴿ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ تِبْيَٰنًا لِّكُلِّ شَيْءٍ ﴾، واتە: مادام قورئانێك دابەزێنراوە بۆ سەر تۆ، کە ڕوونکەرەوەی هەموو شتێکە، هەر کاتێك ویستت قورئان بخوێنی پەنا بە خوا بگرە، لە شەیتانی دوور خراوە، لە شەیتانی دەرکراو، کەواتە: هەرچی لە نێوان ئەو دوو ڕستەیەدا هاتوە، هەمووی لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە، پێی دەگوترێ: (**جُمْلَة مُعْتَرَضَة**)، واتە: قسەیەکە کە نێواخن کراوە، لەگەڵ مەبەستە ئەصڵییەکەدا.

بەڵام (**إِبنُ عَطِية**) دەڵێ: {**الفَاءُ فِي (فَإِذَا) واصِلَةٌ بَيْنَ الكَلَامَينِ، وَالعَرَبُ تَستعْمِلُهَا فِي مِثْلِ هَذَا**}، واتە: (ف) لە (فَإِذَا)دا بۆ پێکەوە بەستنەوەی دوو قسەکانەو، عەرەب ئەوە بەکاردێنن، تەنیا بۆ ئەوەی کە دوو قسە پێکەوە ببەستنەوە، واتە: مەرج نیە ئەو (ف)ە، بچێتەوە بۆ: ﴿ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ تِبْيَٰنًا لِّكُلِّ شَيْءٍ ﴾، بە هەر حاڵ ئەمەشیان دەگونجێ و، ئەویش دەگونجێ.

٢- کە دەفەرموێ: ﴿ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴾، پەنا بە خوا بگرە لە شەیتانی دوور خراوە، یان دەرکراو، یان بەرد بارانکراو، ﴿ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ ﴾، واتە: (**إِلتَجِئ إِلى اللّه**)، پەنا بەرە بەر خوا، پەنا بە خوا بگرە، هانا بۆ خوا بەرە، (**عَاذَ، يَعُوذُ، عَوْذاً، وَعِياذاً: إِلتَجَأَ إِلَيهِ، وَاعتَصَمَ بِهِ، تَعَوَّذَ، وَاستَعَاذَ: لَجَأَ وَاعتَصَمَ، العُوذَةُ: التَمِيمَةُ، وَالعَوذُ: المَلْجَأُ**)، (**عَاذَ، يَعُوذُ، عَوذاً، وَعِياذاً**)، (**عَوذاً، وَعِياذاً**) هەردووکیان چاوگن، واتە: پەنا پێبردن، (**عَاذَ**) هانای بۆ برد، دەستی پێوەگرت، (**تَعَوَّذَ، وَاستَعَاذَ**)،

www.alibapir.net

هەردووکیان بە مانای (لَجَأَ، وَاعتَصَمَ)، پەنای پێبردو و، خۆی پێوە گرتەوە، (عُوذَة: التَّمِيمَةُ)، (عُوذَة) ئەو نوشتەیەی کە دەکرێ، (وَالعَوذُ: المَلجَأُ)، (عُوذَة) یانی: پەناگە، حەشارگە، ئەو شوێنەی کە پەنای پێ دەبردرێ.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ﴾، واتـە: بڵـێ: ﴿أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ﴾، پەنـا بـە خـوا دەگـرم، لـە شـەیتانی دوور خـراوە لـە بەزەیـی خـوا، بـا لەوبـارەوە ئـەم دوو دەقـە بێنیـن:

فەرمـوودەی یەکـەم: {عَـنْ أَبِي سَـعِيدٍ الْخُـدْرِيِّ، قَـالَ كانَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ إِذَا قَـامَ مِـنَ اللَّيْـلِ كَـبَّرَ ثُـمَّ يَقُـولُ: (سُـبْحَانَكَ اللَّهُـمَّ وَبِحَمْـدِكَ، وَتَبـارَكَ اسْـمُكَ، وَتَعَـالَى جَـدُّكَ، وَلاَ إِلَـهَ غَـيْرُكَ)، ثُـمَّ يَقُـولُ: (لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّـهُ)، ثَلاَثَـاً، ثُـمَّ يَقُـولُ: (اَللَّـهُ أَكْـبَرُ كَبِـيراً)، ثَلاَثَـاً (أَعُـوذُ باللَّـهِ السَّـمِيعِ الْعَلِيـمِ مِـنَ الشَّـيْطَانِ الرَّجِيـمِ مِـنْ هَمْـزِهِ[1] وَنَفْخِـهِ[2] وَنَفْثِـهِ[3])}، (أَخْرَجَـهُ أَبُـو دَاوُدَ: ٧٧٥، وَصَحَّحَـهُ الألبـانِي فِي «صَحِيـح سُـنَن أَبِي داود»: ٧٤٨).

واتـە: ئەبـو سـەعیدی خودریـی خـوا لێـی ڕازی بـێ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ کاتێـك شـەو هەڵدەسـتایەوە بـۆ نوێـژێ (اَللَّـهُ أَكْبَر)ی دەکـرد، پاشـان سـێ جـاران دەیفەرمـوو: پاکیـی و سـتایش بـۆ تـۆ ئـەی خوایـە! نـاوت بەپێـزو پێگـەت بـەرزە، هیـچ پەراسـتراوێك نیـە جگـە لـە تـۆ، دواتـر سـێ جـاران دەیفەرمـوو: خـوا گەورەتـرە بـە گەورەیـی، دواتـر سـێ جـاران دەیفەرمـوو: هیـچ پەرسـتراوێك نیـە بـە هـەق جگـە لـە خـوا، پەنـا بـە خـوای بیسـەری زانـا دەگـرم، لـە شـەیتانی دوور خـراوە: لـە خوتخوتـەی و، فـووی خـۆ بەزلگریـی پێداکـردنی و، شـیعرو قسـەی ناڕێـك فێرکـردنی.

فەرمـوودەی دووەم: {عَـنْ سُـلَيمَانِ بـنِ صُرَد ﵁ قَـالَ: إِسـتبَّ رَجُـلانِ عِنْـدَ النَّبِـيِّ ﷺ وَنَحْـنُ عِنـدَهُ جُلُـوسٌ، فَأَحَدُهُـمَا يَسُـبُّ صَاحِبَـهُ مُغضَبـاً، قَـدِ احمَـرَّ وَجْهُـهُ، فَقَـالَ النَّبـيُّ ﷺ: إِنِّي لَأَعلَـمُ كَلِمَـةً لَـو قَالَهَـا: لَذَهَـبَ عَنْـهُ مَـا يَجِـدُ، لَـو قَـالَ: أَعُـوذ باللَّـهِ مِـنَ الشَّـيْطَانِ الرَّجِيـم. فَقَالُـوا لِلرَّجُـلِ: أَلا تَسْـمَعُ مَـا يَقُـولُ: رَسُـولُ اللَّـه ﷺ؟ قَـالَ: إِنِّي لَسـت بِمَجْنُـونٍ} (أَخْرَجَـهُ أَحْمَـد: ٢٧٢٤٩، وَالبُخَـارِيُّ: ٣١٠٨، وَمُسْـلِمٌ: ٢٦١٠، وَأَبُـو دَاوُدَ: ٤٧٨١، وَالحَاكِـمُ: ٣٦٤٩).

---

(١) همز: خوتخوتە و دنەدان بۆ خراپە.

(٢) نفخ: فوو پێداکردن، فووی خۆ بەزلگریی.

(٣) نفث: شیعرو قسەی خراپ و ناڕێك فێرکردن.

www.alibapir.net

واتە: سولەیمانی کوڕی صوڕەد ﷺ دەڵێ: ئێمە لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ دانیشتبووین، دوو پیاو لە خزمەتی دا {کە لە کۆڕەکە بوون}، قسەیان بەیەکدی گوت، یەکێکیان قسەی بەوی دیکە دەگوت و زۆر تووڕە بوو بوو، دەم و چاوی سوور هەڵگەڕابوو، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:

من وشەیەك دەزانم ئەگەر بیڵێ: ئەو حاڵەتە تووڕەیی و پەستییەی هەیەتی، نایمێنێ، ئەگەر بڵێ: ﴿ أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴾، پەنا بە خوا دەگرم، لە شەیتانی دوور خراوە.

بە کابرایەکەیان گوت: گوێت لێ نیە پێغەمبەری خوا ﷺ چی دەفەرموێ ؟

گوتی: ئنجا خۆ من شێت نیم!

کە لە ڕاستیی دا ئەو هەڵوێستەی، هەڵوێستێکی شێتانە بووە، پێغەمبەر ﷺ ئامۆژگارییت بکات و ئامۆژگارییەکەی لێ وەرنەگری، بە بیانووی ئەوەی تۆ شێت نی، هەر ئەوە بۆخۆی هەڵوێستێکی شێتانەیە، کە ئینسان ئامۆژگاریی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕەت بکاتەوە.

٣- کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّهُۥ لَيْسَ لَهُۥ سُلْطَٰنٌ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴾، بێگومان ئەو دەستەڵاتی نیە بەسەر کەسانێکدا کە بڕوایان هێناوەو، پشتیشیان بە پەروەردگاریان دەبەستن، تەنیا پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن.

وشەی (سُلْطَٰنٌ): (**السُّلطَانُ: التَسَلُّطُ وَالإِستِيلاء**)، بریتیە لە دەست بەسەرداگرتن و خستنە ژێر ڕکێفی خۆ، واتە: پێیان ناوێرێ، بەڕووەستیان نایە، زەفەریان پێ نابات، ئەو دەستەڵاتی بەسەر ئەوانەدا نیە، کە بڕوادێنن و، تەنیا بە پەروەردگاریان پشت بەستوون، ئەدی شەیتان: دەستەڵاتی بەسەر کێ دایەو بە کێ دەوێرێ و زەفەر بە کێ دەبات ؟

٤- ﴿ إِنَّمَا سُلْطَٰنُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَوَلَّوْنَهُۥ ﴾، ئەو تەنیا دەستەڵاتی بەسەر ئەوانەدا هەیە، کە شوێنی دەکەون، دۆستایەتیی دەکەن، فەرمانبەریی بۆ دەکەن، بە قسەی دەکەن، (**يَتَوَلَّوْنَهُ: أَي يَجعَلُونَهُ وَالِياً عَلَيْهِم: فَيُحِبُّونَهُ وَيُطِيعُونَهُ وَيَستجِيبُونَ دَعْوَتَهُ**)، دەیکەنە سەرپەرشتیاری خۆیان، خۆشیاندەوێ و فەرمانبەریی بۆ دەکەن و، وەڵامی بانگەوازەکەی دەدەنەوە.

٥- ﴿ وَٱلَّذِينَ هُم بِهِۦ مُشْرِكُونَ ﴾، هەروەها دەستەڵاتی بەسەر ئەوانەدا هەیە، کە بەهۆی ئەوەوە، هاوبەش بۆ خوا دانەرن، دەڵێ: {(**الباء**) **لِلسَبَبِيّة: أَي أَشرَكُوا باللّهِ بِسَبَبِهِ، وَتَقدِيمُ المَجرُورِ:** ﴿ هُم بِهِۦ مُشْرِكُونَ ﴾، **لإِفَادَةِ الحَصرِ**}.

www.alibapir.net

ئـەم (ب)یـە، ﴿هُم بِهِۦ مُشۡرِكُونَ﴾، بـۆ هۆكارییـە، واتە: بەهۆی شـەیتانەوە، هاوبەشیان داناوە بـۆ خـواو، بوونەتـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەر، ئنجا كـە (الجارّ والمجرور)ەكـە ﴿هُم بِهِۦ﴾، پێـش خـراوە، لـە جیـاتی (هُـم مُشرِكُـون بِـهِ)، فەرموویـەتی: ﴿هُم بِهِۦ مُشۡرِكُونَ﴾، ئـەوە كـورت هەڵێنانـە، واتـە: تەنیـا بەهـۆی ئەوەوەیـە: كـە بوونەتـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەر.

هەندێكیـش گوتوویانـە: (أَي مُشرِكُـونَ الشَّـيطَانَ، وَيُشْرِكُونَـهُ فِي أَعمَالِهِـم !)، واتـە: هاوبـەش دانـەری شـەیتانن و، دەیكەنـە هاوبـەش لـە كردەوەكانیانـدا.

بـەڵام (الطـبري) ڕەحمـەتی خـوای لـێ بـێ دەڵـێ: (لَـو كانَ مَعنَـى الـكَلَامِ مَـا قَالَـهُ الرَّبِيـعُ، لَـكانَ التَّنزِيـلُ: الَّذِيـنَ هُـم مُشرِكُـون بـهِ)[1]، ئەگـەر ماناكـەی وا بوووایـە كـە ڕەبیـع گوتوویـەتی، ئایەتەكـە بـەم شـێوەیە دەبـوو: (الَّذِيـنَ هُـم مُشرِكُـون بِـهِ)، بـەڵام ئێسـتا دەفەرمـوێ: ﴿هُم بِهِۦ مُشۡرِكُونَ﴾، بەهـۆی ئـەوەوە بوونەتـە هاوبـەش بـۆ خوادانـەر، نـەك ئـەوان هاوبـەش دانـەری وی بـن، بـۆ خـوا.

---

(١) جامع البيان: ج ١٤، ص ١٨١.

www.alibapir.net

کورتە باسێک لەبارەی (إستعاذة)ەوە

(إسـتِعَاذَة): واتـە: گوتنـی: ﴿ أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴾، ئێمـە لـە حـەوت (٧) بڕگـەی کورتـدا، ئـەم کورتـە باسـە، پێشـکەش دەکەیـن:

یەکەم: چەند بۆچوونێك لەبارەی گوتنی: (إستِعَاذَة)ەوە:

١) زۆربەی زانایان دەڵێن: لە کاتی هەموو قوڕئان خوێندنێکدا، واتە: لە نێو نوێژداو، لە دەرەوەی نوێژدا، سوننەتەو، شتێکی پەسندە، کە (إستِعَاذَة) بکرێ، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴾، ئەو فەرمانە، سوننەت و پەسند دەگەیەنێ، لە نێو نوێژ و لە دەرەوەی نوێژیشدا، واتە: سوننەتە لە کاتێکدا کە قوڕئان دەخوێنی، ئنجا چ لە نێو نوێژدا، چ لە دەرەوەی نوێژ بڵێی: ﴿ أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴾، لە سەرەتایەوە.

٢) بەڵام هەندێك لە زانایان ڕایان وایە کە: تەنیا لە کاتی قوڕئان خوێندن دا، واتە: لە دەرەوەی نوێژ، شتێکی پەسند و سوننەتە: ﴿ أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴾ بکرێ.

٣) زۆربەی زانایان ڕایان وایە، کە تەنیا لە سەرەتای قوڕئان خوێندنی ڕکاتی یەکەمدا، گوتنی: ﴿ أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴾، شتێکی پەسندە.

٤) ڕایەکی دیکەش هەیە لەوبارەوە کە دەڵێ: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴾، (**الأَمْرُ لِلوجُوبِ فِي قِراءَةِ الصَّلاةِ خَاصَّة**)، ئەو فەرمانە بۆ فەرزبوونە، تەنیا بۆ قوڕئان خوێندن لە نێو نوێژداو، تەنیا لەوێدا فەرزە ئینسان بڵێ: ﴿ أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴾، گوتوویانە: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ ﴾، واتە: کە نوێژت کرد، ئنجا ئەوەیان بە بەڵگەی ئەو ڕایە هێناوەتەوە، کە خوا لە سوورەتی: (**الإسراء**)دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ قُرْءَانَ ٱلْفَجْرِ كَانَ مَشْهُودًا ﴿٧٨﴾ ﴾، دەڵێن: قوڕئان لێرەدا مەبەست پێی نوێژە، لەبەرئەوە کە قوڕئانی تێدا دەخوێنرێ، کەواتە: ﴿ فَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ ﴾، واتە: (**فَإِذَا قَرَأْتَ القُرآنَ فِي الصَّلاة**)، هەر کات لە نوێژێ دا قوڕئانت خوێند، ئەمە ڕای (**عطاء**)ە، کە یەکێکە لە زانایانی تابیعین، کە تەنیا لە نوێژدا (**إستِعَاذَة**) دەکرێ، ئەویش واجبە لە سەرەتای قوڕئان خوێندنی نێو نوێژدا دەگوترێ.

٥) بەڵام (**سفيان الثوري**) دەڵێ: (**الإِستِعَاذَةُ وَاجِبَةٌ فِي قِراءَةِ الصَّلاةِ وَغَيرِهَا**)، واتە: گوتنی: ﴿ أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴾، فەرزە لە قوڕئان خوێندنی نێو نوێژو دەرەوەی نوێژیش دا.

www.alibapir.net

٦) (إبنُ سِيرِين) دەڵێ: (**تَجِبُ الإستعَاذَةُ فِي العُمرِ مَرَّةً وَاحِدَة**)، لە تەمەندا یەكجار: ﴿أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ﴾، گوتن فەڕزە، واتە: یەكجار فەڕزە، بەڵام جارەكانی دیكە سوننەتە، (هەڵبەتە ڕایەكەی هیچ بە ڕاست ناچێ).

٧) مالیك ڕای وایە: (**الإستعَاذَةُ مَندُوبة لِلقِرَاءَةِ فِي غَيرِ الصَّلاَةِ، وَكرِهَهَا فِي قِراءَةِ صَلاَةِ الفَرِيضَة، وَأَباحَهَا بِلا نَدبٍ فِي قِرَاءَةِ صَلاةِ النافِلَه**)، واتە: گوتنی: ﴿أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ﴾، لە قوڕئان خوێندنی دەرەوەی نوێژدا سوننەتە، - وەك پێشتریش باسمانكرد - بەڵام لە نوێژی فەڕزدا شتێكی ناپەسندە، ﴿أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ﴾ بكرێ و، لە نوێژی سوننەتدا نوێژێ كە مەندووبە، گوتوویەتی: ڕەوایە، (شتێكی ڕەوایە)، بەڵام سوننەت نیە، ئەوە هیچ كە واجبیش نیە[١].

دووەم: ئایا گوتنی: ﴿أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ﴾، یان، (أَعُوذُ بِاللَّهِ السَّمِيعِ العَلِيم مِنَ الشَّيطَانِ الرَّجِيم)، یان: (أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيطَانِ الرَّجِيم مِن هَمْزِهِ وَنفخِهِ وَنَفثِهِ)، بە هەر كام لەو صیغانە كە پێشتر فەرمایشتەكانمان هێنان، لە پێش قوڕئان خوێندن، پێش دەستپێكردنی قوڕئان خوێندن، مەشڕووعە، - چ واجب بێ، چ سوننەت بێ، چ ڕەوا بێ - یان لە دوای قوڕئان خوێندن ؟

پێشتر ئاماژەمان پێدا، كە زۆربەی هەرە زۆری زانایان دەڵێن: ﴿فَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ﴾، واتە: (**فَإِذَا أَرَدْتَ قِرَاءَةَ القُرآنِ**)، ئەگەر ویستت قوڕئان بخوێنی، بەڵام ڕایەكی بێ هێز هەیە كە هی: (**النخعي، وإبن سيرين، و داود الظاهري**)یە، ئەوان دەڵێن: نەخێر، دەبێ كە قوڕئانت تەواو كرد، ئنجا بڵێی: ﴿أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ﴾.

كە لەگەڵ ڕێزم دا بۆ ئەو زانایانە، ئەو ڕایە ئەو پەندە كوردییەی بەسەردا دەچەسپێ كە دەڵێ: (پاش بارانان كەپەنەك)، مرۆڤ كە باران لێیدا، كەپەنەك[٢] بەخۆی دابدات یان نا، سوودی نیە!

گوتنی: ﴿أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ﴾، قەڵغانێكە لەسەر سەری خۆتی ڕادەگری، كاتێك كە تۆ لەگەڵ شەیتاندا ڕووبەڕوو دەبیەوە، كاتێك كە دەست بە قوڕئان خوێندن، یان دەست بە نوێژەكەت دەكەی، بۆ سەرەتاكەیەتی نەك دوایی.

---

(١) ئەم ڕایانەم لە تەفسیری: (التَّحرِير وَالتَّنوِير)ی (محمد الطاهر بن عاشور)، ج ١٤، ص (٢٧٧ - ٢٧٨)دا، هێناون.

(٢) كەپەنەك: پۆشاكێكی ئەستووری لە خوریی پەستراو دروستكراوە، شوان لەبەر باران و سەرما بەخۆی دا دەدات.

www.alibapir.net

سێیەم: (إستعَاذَة) کردن لە غەیری کاتی نوێژکردن و قوڕئان خوێندن دا سوننەت نیە:

زانایان هەموویان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، ئەوانەی کە لێکۆڵەرەوەو ڕۆچوون، دەڵێن: شتێکی ڕەواو نیەو مەشرووع نیە: ﴿أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ﴾، بگوترێ: لە کاتێکدا ئایەتێك دەخوێنی، یان چەند ئایەتێك لە قوڕئاندا دەخوێنی بۆ فێرکردن، یان بۆ ئامۆژگاریی، یان لە کاتی وتار و لە کۆڕ و مەجلیسدا، چونکە هەندێك مەلا، بە تایبەتی ئەوانەی لەسەر تەلەفزیۆن و ڕادیۆ قسە دەکەن، هەر ئایەتێك بڵێن، دەڵێن: ﴿أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ﴾، خوا وایفەرموو! نا، ئەوە لە کاتێك دایە کە تۆ بە نیەتی قوڕئان خوێندن، قوڕئان بخوێنی، یان لە نوێژدا، بەڵام کە تۆ وەك فێرکردن و وتاردان، یان ڕستەیەك لە قوڕئان وەردەگری و (**إقتباس**)ی دەکەی و، بە بەڵگە دەیهێنیەوە، پێویست بە گوتنی: ﴿أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ﴾ ناکات.

چوارەم: حیکمەتی ﴿أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ﴾ چییە ؟

دەڵێـن حیکمەتەکـە هـەر لـە خـودی ئایەتـە موبارەکەکەدا هەیـە، کـە دەفەرموێ: ﴿إِنَّهُۥ لَيْسَ لَهُۥ سُلْطَٰنٌ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾، بێگومـان ئـەو (شـەیتان)ە دەسـتەڵاتی بەسـەر ئەوانـەدا نیـە، کـە بڕوایـان هێنـاوەو پشـت بـە پەروەردگاریـان دەبەسـتن.

کەواتـە: کـە تـۆ دەڵێـی: ﴿أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ﴾، یەکـەم واتـە: بـڕوات بـە خـوا هەیـە و، ئـەوە تەعبیرکردنـە لـە ئیـمان بـە خـوا، دیسـان تەعبیرکردنیشـە لـە پشـت بـە خـوا بەسـتن، چونکـە کـە تـۆ دەڵێـی: خوایـە! پەنـا بـە تـۆ دێنـم، واتـە: پشـت بـە خـوا دەبەسـتی، ئنجـا شـەیتانیش دەسـتەڵاتی بەسـەر کەسـێکدا نیـەو، بەسـەر کەسـانێکدا نیـە، کـە خـاوەن ئیمانـن و، خـاوەنی پشـت بـە خـوا بەسـتن.

ئنجـا لـە سـوورەتی (ص)دا، شـەیتان ئـەوەی ڕاگەیانـدوە: کـە دەسـەڵاتی بەسـەر هەمـوو مرۆڤەکانـدا هەیـە، جگـە لەوانـەی کە بەنـدەی هەڵبـژاردەی خـوان: ﴿قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٨٢﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٨٣﴾﴾، واتـە: (ئیبلیـس گـوتی:) سـوێند بە عیززەتی تـۆ، تێکڕایـان سـەرگەردان و بێمـراد و بێئـاکام دەکـەم، جگـە لـە بەنـدە هەڵبژاردەکانـت، کـە خوێندراویشـەتەوە: (**مُخلَصِين**)، واتـە: ئـەو بەندانـەی کـە خۆیـان بـۆ تـۆ سـاغ کردۆتـەوە.

هەروەهـا لـە سـوورەتی (**الحجـر**)دا، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿قَالَ رَبِّ بِمَآ أَغْوَيْتَنِى لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٣٩﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٤٠﴾ قَالَ هَٰذَا صِرَٰطٌ عَلَىَّ مُسْتَقِيمٌ ﴿٤١﴾ إِنَّ عِبَادِى لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَٰنٌ إِلَّا مَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْغَاوِينَ

www.alibapir.net

﴿٤٢﴾، واتە: (ئیبلیس) گوتی: پەروەردگارم! بەهۆی ئەوەوە کە منت بێمرادو بێئاکام کرد، گوناهەکانیان لەسەر زەوی بۆ دەڕازێنمەوەو، تێکڕایان بێمراد و بێئاکام دەکەم، جگە لە بەندە هەڵبژاردەکانت، خوا فەرمووی: ئەوە ڕێیەکی ڕاستە لەسەر من، بەندەکانی من، تۆ دەسەڵاتت بەسەریاندا نیە، جگە لە بێمرادان و لە بەدبەختان کە شوێنت دەکەون.

پێنجەم: ئایا گوتنی: ﴿أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ﴾، یاخود بە صیغەکانی دیکە، تەنیا گوتنەکەی بەسە؟

بێگومان نەخێر، بەڵکو پێویستە بە بیرلێکردنەوەو تێگەیشتنەوە بێ، ئنجا کاریگەریی دەبێ، هەڵبەتە ئەمە تەنیا بۆ (إِستعَاذَة) کردن نیە، بەڵکو بۆ هەموو ئەو وشانەیە کە دەگوترێن: لە نوێژدا، ئنجا زیکرەکانی ڕکووع و سەجدە، قورئان خوێندنە، تەحییاتە، هەموو ئەوانە بە ئەندازەی ئەوەی کە ئینسان بیر لە واتاو ماناکەیان دەکاتەوەو، کارلێکیان لەگەڵدا دەکاو، لەگەڵیاندا ئاوێتە دەبێ، کاریگەریی لەسەر دادەنێن، ئەمما هەر گوتنی ڕووت بەس نیە، بۆ ئەوەی کە ئەو شوێنەوارەی هەبێ کە خوای زاناو شارەزا دەفەرمووێ.

شەشەم: بەپێی فەرمایشتی خوا: ﴿إِنَّهُ لَيْسَ لَهُ سُلْطَانٌ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾، ئەو دەسەڵاتی بەسەر ئەوانەدا نیە، کە بڕوایان هێناوەو پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن:

مرۆڤی مسوڵمان بە ئەندازەی هەبوونی ئیمان و عەقیدە لە دڵ و دەروونی داو، هەبوونی پشت بە خوا بەستن، لە دڵ و دەروونی دا، شەیتانی لێ دوور دەبێ.

کەواتە: بە ئەندازەی ئەوە کە ئینسان لە خوا نزیکە، لە شەیتان دوورە، ئەوە هیچ گومانی تێدانیەو، ئەوە شتێکی جەڕبێنراوو سەلمێنراوە.

حەوتەم: بەپێی فەرمایشتی خوا کە دەفەرمووێ: ﴿إِنَّمَا سُلْطَانُهُ عَلَى الَّذِينَ يَتَوَلَّوْنَهُ وَالَّذِينَ هُم بِهِ مُشْرِكُونَ﴾، ئەو تەنیا دەسەڵاتی بەسەر ئەوانەدا هەیە کە بە قسەی دەکەن، شوێنی دەکەون، پەیڕەویی لێدەکەن، بە سەرپەرشتیاری خۆیانی دادەنێن، ئەوانەی کە بەهۆی ئەوەوە بوونەتە هاوبەش بۆ خوا دانەر:

ئیبلیس تەنیا دەسەڵاتی لەسەر ئەوانەیەو، تەنیا لەوانەدا دەسەڵاتی کورتهەڵاتوە، کە شوێنی دەکەون و، خۆیان دەرفەتی بۆ دەڕەخسێنن و، خۆیان کەلێن دەدەن، کوردەواریی خۆشمان دەڵێن: (مریشك بۆخۆی خۆڵ بەسەر خۆیدا نەکات، بە کەس پێیدا ناکرێ)!

لە ڕاستییدا ئەوانەش خۆیان شەیتانیان بەسەر خۆیان دا زاڵ کردوەو، کردوویانە بە مڵۆزم.

www.alibapir.net

مەسەلەی دووەم:

خوا دەفەرموێ: ئەگەر ئایەتێك بخەینە شوێن ئایەتێكی دیكە، كافرەكان دەڵێن، تۆ هەڵبەستەری! {واتە: هەڵبەستەری قورئانی بە ناوی خواوە}، بەڵكو زۆربەیان نازانن، بڵێ: گیانی پاك لە پەروەردگارتەوە بە هەق دایبەزاندوە، تاكو ببێتە مایەی چەسپاوی بڕواداران و، بۆ گەردنكەچانیش ڕێنمایی و موژدەیە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا بَدَّلْنَآ ءَايَةً مَّكَانَ ءَايَةٍ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يُنَزِّلُ قَالُوٓاْ إِنَّمَآ أَنتَ مُفْتَرٍۭ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٠١﴾ قُلْ نَزَّلَهُۥ رُوحُ ٱلْقُدُسِ مِن رَّبِّكَ بِٱلْحَقِّ لِيُثَبِّتَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ ﴿١٠٢﴾﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١- ﴿وَإِذَا بَدَّلْنَآ ءَايَةً مَّكَانَ ءَايَةٍ﴾، هەر كاتێك ئایەتێكمان گۆڕی لە شوێن ئایەتێك، (الراغب الأصفهاني) گوتوویەتی: (الإِبْدَالُ، وَالتَّبْدِيلُ، وَالتَبَدُّلُ، وَلاِستِبدَالُ: جَعْلُ شَيءٍ مَكانَ آخَر، وَهُوَ أَعَمُّ مِنَ العِوَضِ، فَإِنَّ العِوَضَ هُوَ أَن يَصِيرَ لَكَ الثَانِيَ باعطاءِ الأَوَّل، وَالتَّبدِيلُ قَد يُقَالُ للتَغْيِيرِ مُطلَقاً، وَإِنْ لَمْ يأْتِ بِبَدَلِهِ، قَالَ تَعَالَى: ﴿فَبَدَّلَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ قَوْلًا غَيْرَ ٱلَّذِى قِيلَ لَهُمْ ...﴿٥٩﴾﴾البقرة، وَقَالَ: ﴿وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا...﴿٥٥﴾﴾النور، وَقَالَ: ﴿فَأُوْلَـٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَـٰتٍ...﴿٧٠﴾﴾الفرقان، وَقَالَ: ﴿فَمَنۢ بَدَّلَهُۥ بَعْدَ مَا سَمِعَهُۥ...﴿١٨١﴾﴾البقرة).

بە ڕاستیی ڕاغیبی ئەسفەهانیی خوا پاداشتی بداتەوە، جوان شیكردنەوە دەكات بۆ ماناو مەبەستی وشەكانی فەرمایشتی خوا، دەڵێ: هەر كام لە: (إِبدَال و تَبدِيل و تَبَدُّل و إِستبدَال) هەر چواریان، مانایان ئەوەیە كە شتێك بخەیە شوێنی شتێك، كە ئەوە ماناكەیەتی فراوانترە لە قەرەبوو، چونكە قەرەبوو: ئەوەیە كە دووەم بۆ تۆ بێ، لەبەرئەوەی تۆ یەكەم دەدەی {دەڵێی: من ئەو شتەت دەدەمێ، تۆش لە بەرانبەردا ئەوەم بدەیە}، بەڵام (تَبدِيلُ، تَبَدُّلُ، إِبدَالُ، إِستبدَالُ)، بریتیە لە گۆڕینی ڕەها، بەبێ ئەوەی كە جێگرەوەیەكی بۆ بێنی، وەك خوای بەرز لە سووڕەتی (البقرة) ئایەتی: (٥٩)دا دەفەرموێ: ئەوانەی ستەمیان كرد بوو، قسەكەیان گۆڕی جگە لەوەی پێیان گوترا بوو، (واتە: قسەیەكی دیكەیان لە شوێنی قسەی خوادا دانا)، هەروەها لە سووڕەتی: (النور)دا دەفەرموێ: ﴿وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ

www.alibapir.net

بَعۡدِ خَوۡفِهِمۡ أَمۡنٗا ﴿٥٥﴾ ﴾، واتە: لە دوای ترس، هێمنیی و ئاسایشیان بۆ دێنێ، هەروەها لە سوورەتی (الفرقان)دا دەفەرموێ: ﴿ فَأُوْلَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمۡ حَسَنَٰتٖۗ ﴿٧٠﴾ ﴾، واتە: ئا ئەوانە خوا خراپەکانیان بە چاکە بۆ دەگۆڕێ، هەروەها دەفەرموێ: ﴿ فَمَنۢ بَدَّلَهُۥ بَعۡدَ مَا سَمِعَهُۥ... ﴿١٨١﴾ ﴾البقرة، {لە مەسەلەی وەصیەت دا،} هەر کەسێك گۆڕی دوای ئەوەی بیستوویەتی، (گۆڕی) واتە: بە قسەیەکی دیکە، بە جۆرێکی دیکە وەصیەتەکەی خستە ڕوو، جگە لەوەی کە بیستبووی، {جگە لەوەی کە بابای وەصیەتکەر گوتبووی}.

٢- ﴿ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا يُنَزِّلُ ﴾، خواش زاناترە بەوەی کە دەینێرێتە خوار، (يُنَزِّلُ)، خوێنراویشەتەوە: (بِمَا يُنْزِلُ)، کە هەردووکیان لە مانادا هەر یەکن، واتە: بەوەی کە دەینێرێتە خوارێ، ئەمەش (جملةٌ معترَضةٌ)، ڕستەیەکی نێواخنە خراوەتە نێوان، ڕستەی: کاتێك ئایەتێك بە ئایەتێك دەگۆڕین و، ڕستەی: گوتیان تەنیا هەڵبەستەری.

٣- ﴿ قَالُوٓاْ إِنَّمَآ أَنتَ مُفۡتَرِۭۚ ﴾، گوتیان: تۆ بەس هەڵبەستەری، واتە: (أَنْتَ مُتَقَوِّلٌ وَمُخْتَلِقٌ عَلَى اللَّه)، تۆ هەر بە ناوی خواوە قسە دەکەی، بە ناوی خواوە قسە هەڵدەبەستی، (أَصْلُ الإفتِرَاءِ: الإخْتِرَاعُ وَغَلَبَ عَلى اخترَاعِ الخَبَرِ ، فَساوى الكَذِبَ فِي المَعنَى)، وشەی (إفتِرَاءِ)، لە ڕیشەدا بریتیە لە پەیداکردن، بەڵام دوایی مانای: (پەیداکردنی هەواڵ) تێدا زاڵ بووەو، ئەو کاتەش لەگەڵ درۆدا یەکسان دەبێتەوە لە واتادا، (إفتِرَاءِ)، واتە: درۆکردن، هەڵبەستنی درۆ.

٤- ﴿ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴾، بەڵکو زۆربەیان نازانن، واتە: نازانن کە خوا ﷻ شتێك دەفەرموێ: دوایی شتێکی دیکە دەفەرموێ: مەرج نیە تێکبگیرێن، بەڵام ئەوان وا دەزانن تێکدەگیرێ، یان وا دەزانن ئەوەی دوایی، ئەوەی پێشێی لابردوەو، خوا ئەوەی دوایی، لە شوێن ئەوەی پێشێ داناوە، (أَي: لا يَفهَمُونَ وَضْعَ الكَلَامِ مَوَاضِعَهُ وَحَملَهُ مَحَامِلَهُ، وقال: (أكثرهم) وَذَلِكَ لأَنَّ بَعَضَهُمْ كانَ يَعلَمُ أَنَّ القُرآنَ كَلَامُ اللَّهِ حَقّاً، وَلَيسَ افتِرَاءً، وَلَكِنَّهُم يَقُولُونَ ذَلِكَ تَلْبيساً وَبُهْتَاناً).

واتە: نازانن و لە قسە تێناگەن، کە لە شوێنی خۆیدا دایبنێن، بۆیەش دەفەرموێ: (زۆربەیان) چونکە هەندێکیان دەیانزانی کە قورئان بەڕاستی فەرمایشتی خوایە و، هەڵبەستراو نیە، بەڵام بۆیە وایان دەگوت، تاکو چاو بەست لە خەڵکەکە بکەن و بە سەهوویان بەرن و، چەواشەیان بکەن.

عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ، مانایەکی زۆر جوان دێنێ، بۆ ئەم مەسەلەیەی کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا بَدَّلۡنَآ ءَايَةٗ مَّكَانَ ءَايَةٖ وَٱللَّهُ

www.alibapir.net

أَعۡلَمُ بِمَا يُنَزِّلُ قَالُوٓاْ إِنَّمَآ أَنتَ مُفۡتَرِۢۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴾، دەڵێ: (كانَ إذَا نَزَلَت آيـةٌ فِيهَا شِدَّةٌ، ثُمَّ نَزَلَت ءَايَة أَلْيَنَ مِنهَا تقُولُ كُفَّارُ قُرَيْش: واللَّهِ مَا مُحَمَّدٌ إلاَّ يَسْخَرُ بأصْحَابِهِ، اليَومَ يأمُرُ بأمرٍ، وَغداً يَنهَى عَنهُ، وَإنَّهُ لا يَقُولُ هَذِهِ الأَشياء، إلاّ مِنْ عِنْدِ نَفسِهِ، فَأَنزَلَ اللَّهُ: ﴿ وَإِذَا بَدَّلۡنَآ ءَايَةٗ مَّكَانَ ءَايَةٖ ﴾).

واتە: كاتێك ئایەتێك دادەبەزی توندییەکی تێدا دەبوو، دوایی ئایەتێکی لەو نەرمتر دادەبەزی، کافرەکانی قورەیش دەیانگوت: بە خوا موحەممەد هەر گاڵتە بە هاوەڵانی دەکات، ئەمڕۆ شتێکیان فەرمان پێدەکات، بەیانیش ئەو شتەی کە دوێنێ فەرمانی پێکردوە، قەدەغەی دەکات، ئەو شتانەی کە دەیانڵێ: بەس لە لای خۆیەوە دەیانڵێ! - بەو بۆنەیەوە - خواش ﷻ ئەم ئایەتەی ناردە خوار: ﴿ وَإِذَا بَدَّلۡنَآ ءَايَةٗ مَّكَانَ ءَايَةٖ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا يُنَزِّلُ قَالُوٓاْ إِنَّمَآ أَنتَ مُفۡتَرِۢۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴾.

واتە: زۆربەیان نازانن و، لە قسە تێناگەن کەمێکیان تێدەگەن و، بڕواشیان بەو قسەیە نیە، بەڵام بۆ چەواشە کردن و کڵاو لەسەر نانی خەڵکە چەواشەکراوەکە، ئەو قسانە دەکەن.

www.alibapir.net

كورتە باسێك: پێنج سەرنج بۆ ڕوونكردنەوەی ئەوە كە: ئایەتی (١٠١) مەبەست پێی نەسخ نیە

١/ ناگونجێ ئەم ئایەتە باسی نەسخ بێ، هەرچەندە زۆربەی یاخود سەرجەم تەفسیرەكان، وایان داناوە! بەداخەوە، چونكە نەسخ گەر هەشبێ لە یاساكان (**الأَحكام**) دایە و، لە قورئانی مەككەیشدا حوكمە شەرعییە دیارییكراوەكان كەمن و، ئەو حوكمە شەرعییانەش كە لە قورئانی مەككەیی دا هاتوون، نەسخیان بەسەردا نەهاتوە، یانی: ناتوانین نموونەیەك بێنینەوە لە ئایەتە مەككەییەكان، كە نەسخ كراوەتەوە، یان حوكمێك، چونكە لە قورئانی مەككەیی دا، ئەو حوكمە شەرعییانەی كە دەهاتن، چ پەیوەندییان بە بووناسیی یەوە بووبێ، چ بە ئیمان و عەقیدەوە، چ بە عیبادەتەكانەوە، چ بە ڕەوشتەكانەوە، چ بە حەڵاڵ و حەڕامەوە، حوكمی گشتی بوون، نەك سنووردار و دیارییكراو، وەك لە قۆناغی مەدینەدا ئەو جۆرە حوكمانە هاتوونە خوار، بۆیەش ئەو حوكمە گشتییانە، پەیوەندییان بە هەر لایەكەوە بوو بێ، نەگونجاوە نەسخ و لابرانیان بێتە سەرێ.

٢/ بێگومان مەبەست لە (آیة)، هەر ئایەتی خوێنراوەیە: (**الآیة المَقرُوءةُ**)، نەك موعجیزە، چونكە هەندێك لە زانایان بۆ ئەوەی خۆیان لەوە دووربخەنەوە كە نەسخ لە قورئاندا نیە و، هیچ ئایەتێك لە قورئاندا نەسخ نەبۆتەوە، گوتوویانە: لێرەدا مەبەست لە ئایەت: موعجیزەو بەڵگەیە، بەڵام بۆیە ڕێی ئەوەمان نیە، چونكە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا بَدَّلۡنَآ ءَايَةٗ مَّكَانَ ءَايَةٖ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا يُنَزِّلُ ﴾، ئنجا مادام باسی دابەزاندن: (**یُنزِّل**)، كراوە، كەواتە: مەبەست پێی ئایەتی خوێنراوەیە، نەك ئایەتی موعجیزەو بەڵگە و، بە زۆر لەخۆكردن (**تَكَلُّف**)، دەگونجێ بڵێی: مەبەست موعجیزەیە، چونكە موعجیزەش هەر بە فەرمانی خوا دێ و، فەرمانەكەی خوای پەروەردگاریش لەسەرەوە دێت و دادەبەزێ!

٣ / ئەو ڕایەی زانایانیش كە گوایە ڕستەی: ﴿ وَلَا تَجۡهَرۡ بِصَلَاتِكَ وَلَا تُخَافِتۡ بِهَا وَٱبۡتَغِ بَيۡنَ ذَٰلِكَ سَبِيلٗا ١١٠ ﴾الإسراء، گوایە بە ڕستەی: ﴿ فَٱصۡدَعۡ بِمَا تُؤۡمَرُ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٩٤ ﴾الحجر، نەسخ بۆتەوە، وەك (**محمد الطاهر بن عاشور**) بەهەق گوتوویەتی: ڕاست نیە، چونكە ئەو ڕێنماییانە هەموویان پەیوەستن بە قۆناغە جیاجیاكانی بانگەوازوە و، هیچیان نەسخ نەكراونەوە!

www.alibapir.net

واتە: (**محمد الطاهر بن عاشور**) دەڵێ: ئەوەی کە لە کۆتایی سوورەتی: (**الإسراء**)دا، خوا دەفەرمووێ: نوێژەکەت یاخود پاڕانەوەکەت بە دەنگی بەرز مەڵێ و، زۆر بە دەنگی نزمیش مەیڵێ و، لەو نێوانەدا: ڕێیەك بدۆزەوە، واتە: با نە زۆر بەرز بێ، نە زۆر نزم بێ، گوایە بە ڕستەی: ﴿ فَٱصۡدَعۡ بِمَا تُؤۡمَرُ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٩٤ ﴾الحجر، یانی: بە دەنگی بەرز، ئەوەی فەرمانت پێکراوە، ڕایبگەیەنە و، پشت لە هاوبەش بۆ خوا دانەران بکە، گوایە ئەوەی (**الإسراء**) بەوەی (**الحجر**) نەسخ بۆتەوە!! ، (**محمد الطاهر بن عاشور**) قسەکەی جوانە، کە دەڵێ: ئەو ڕێنماییانە هەموویان پەیوەستن بە قۆناغە جیاجیاکانی بانگەوازەوەو، هیچیان نەسخ نەکراونەوە، قسەکەی جوانەو ئێمەش هەر ئەوەمان پێ ڕاستە.

٤ /ئەو قسەیەش کە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە هێنامان، باشترین تەفسیرە بۆ ئەو ڕستە قورئانییە، کە پێشتر باسمانکرد.

٥ /دەشگونجێ مەبەستی کافرەکان ئەو جۆرە ئایەتانە بووبن، بۆ وێنە:

یەك) خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ وَيَسۡتَغۡفِرُونَ لِمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ .. ٱلۡحَكِيمُ ٥ ﴾الشوری، واتە: فریشتەکان بە ستایشکردنەوە پەروەردگاریان بە پاك دەگرن و، بۆ ئەوانەی لەسەر زەویین داوای لێبوردن دەکەن، (بۆ ئەوانەی لەسەر زەویین، واتە: بۆ هەموویان).

بەڵام لە سوورەتی (**غافر**)دا، دەفەرمووێ: ﴿ ٱلَّذِينَ يَحۡمِلُونَ ٱلۡعَرۡشَ وَمَنۡ حَوۡلَهُۥ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ وَيُؤۡمِنُونَ بِهِۦ وَيَسۡتَغۡفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ ... ٧ ﴾، ئەوانەی عەرشی خوایان هەڵگرتووەو، ئەوانەی لە دەوریشینی، بە ستایشکردنەوە پەروەردگاریان بە پاك دەگرن و، بڕوای پێ دێنن و، داوای لێبوردن بۆ ئەوانە دەکەن، کە بڕوایان هێناوە.

دەگونجێ گوتبێتیان: پێشێ دەفەرموێ: فریشتەکان بۆ تێکڕای خەڵکی سەر زەوی داوای لێبوردن دەکەن، دوایی دەفەرموێ: بۆ ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە، ئەو دووەش تێکدەگیرێن!

بەڵام لە ڕاستییدا تێکناگیرێن، چونکە فریشتەکان ئەگەر {داوای لێبوردن کردن، بۆ مرۆڤەکان و جندیش} داوای هیدایەت و، داوای ئەوە بێ کە خوا بەزەیی بە بەندەکانی دابێ و هیدایەتیان بدات و، بەرنامەیان بۆ بنێرێ، ئەوە هەموویان دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر مەبەست ئەوەبێ کە: خوا لە گوناهیان ببوورێ و، هیدایەتی تایبەتیان بدات، بێگومان مەبەست پێی ئەوانەیە کە بڕوادارن، کەواتە: تێکگیران نیەو، هەر کامیان چەمکێکی جیاواز لەوی دیکەی هەیە.

www.alibapir.net

دەشگونجێ بگوترێ ﴿ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِمَن فِي الْأَرْضِ ﴿٥﴾ ﴾الشوری، واتە: (يَستغفِرُونَ لِمَـن فِي الأَرضِ مِـن أَهـلِ الإِيمَـان)، واتـە: داوای لێبـوردن بـۆ خەڵـكی سـەرزەوی دەكـەن، بـۆ ئەوانەیـان كـە بـڕواداران.

دوو) یاخود لەوانەیە كافرەكان مەبەستیان مەسەلەیەكی وەك ئەم دوو ئایەتە بێ، ئایەتی ژمارە: (١٨) لە سوورەتی: (**فاطر**): ﴿ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ كُلٌّ .. ﴿١٨﴾ ﴾، واتە: هیچ گوناهبارێك گوناهی یەكێكی دیكە هەڵناگرێ، هەروەها ئایەتی (٢٥) سوورەتی (**النحل**): ﴿ لِيَحْمِلُوٓاْ أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً يَوْمَ الْقِيَـٰمَةِ وَمِنْ أَوْزَارِ الَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴿٢٥﴾ ﴾، واتە: با گوناهەكانی خۆیان بە تەواویی هەڵبگرن لە ڕۆژی قیامەتداو، هەندێك لە گوناهی ئەوانەش كە بە نەزانیی گومڕایان دەكەن.

لـە سـوورەتی (**فاطر**)دا، دەفەرمـوێ: هیـچ گوناهبارێـك گوناهـی كەسـی دیكـە هەڵناگرێ و، لـە سـوورەتی (**النحل**)یشـدا دەفەرمـوێ: بـا گوناهـەكانی خۆیـان بـە تەواویـی هەڵبگـرن و، لـە گوناهـی ئەوانـەش كـە گومڕایـان دەكـەن!

دەڵێیـن: ئـەوەش دیسـان تێكگیـران نیـە، چونكـە لـە سـوورەتی (**فاطر**)دا، دەفەرمـوێ: هیـچ گوناهبارێـك گوناهـی كەسـێكی دیكـە هەڵناگـرێ، گوناهـەكانی لـە كـۆڵ بكاتـەوە، بەڵـێ: وەرە گوناهـەكانی خـۆت بخـە سـەر پشـتی مـن، وەك خـوا لـە سـوورەتی (**العنكبوت**)دا دەفەرمـوێ:

﴿ وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُواْ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ اتَّبِعُواْ سَبِيلَنَا وَلْنَحْمِلْ خَطَـٰيَـٰكُمْ وَمَا هُم بِحَـٰمِلِينَ مِنْ خَطَـٰيَـٰهُم مِّن شَىْءٍ إِنَّهُمْ لَكَـٰذِبُونَ ﴿١٢﴾ وَلَيَحْمِلُنَّ أَثْقَالَهُمْ وَأَثْقَالًا مَّعَ أَثْقَالِهِمْ وَلَيُسْـَٔلُنَّ يَوْمَ الْقِيَـٰمَةِ عَمَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ ﴿١٣﴾ ﴾.

واتـە: كافـرەكان بەوانەیـان گـوت كـە بڕوایـان هێنـاوە: شـوێن ڕێبازەكەمـان بكـەون و، گوناهەكانتـان لـە كـۆڵ دەكەینـەوە (بۆتـان لـە كـۆڵ دەنێیـن)، خـواش دەفەرمـوێ: گوناهەكانیـان لـە كۆڵیـان ناكـەن، لـە كۆڵیـان ناخـەن و، درۆ دەكـەن، دوایـی دەفەرمـوێ: قورسـاییەكانی خۆیـان هەڵدەگـرن و، لەگـەڵ قورسـاییەكانی خۆیانـدا، قورسـاییانی دیكـەش هەڵدەگـرن، واتـە: كـە پێشـێ دەفەرمـوێ: گوناهەكانیـان هەڵناگـرن، یـانی: لـە كـۆڵ وانیـان ناخـەن، كـە ئـەوان هیچیـان لەسـەر پشـتێ نەمێنـێ، دوایـی كـە دەفەرمـوێ: قورسـاییەكانی خۆیـان هەڵدەگـرن و، لەگـەڵ قورسـاییەكانی خۆیانـدا، قورسـایی دیكـەش هەڵدەگـرن، هەروەها لێـرەش دا كـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَمِنْ أَوْزَارِ الَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ ... ﴿٢٥﴾ ﴾النحـل، هەروەهـا لـە گوناهـە قورسـەكانی ئەوانـەش كـە بـە نەزانیـی گومڕایـان دەكـەن، هەڵدەگـرن...

www.alibapir.net

واتـە: ئـەو کەسـانەی کـە خەڵـك گومـڕا دەکـەن، گوناهـەکان لـە کـۆڵ وان ناخـەن، (لـە کـۆڵ گومـڕا کـراوەکان) بەڵکـو گومـڕا کـراوەکان، گوناهـەکانی خۆیـان هـەر لـە ئەسـتۆی خۆیانـن، بـەڵام گومڕاکـەرەکان بەهـۆی گومڕاکـردنی ئەوانـەوە، لـە گوناهـەکانی ئەوانـدا بەشـدارن، واتـە: گومڕاکراوەکان چەنـدە گوناهــ هەڵدەگـرن، هێنـدەش گوناهــ دەکەوێتـە سـەر پشـتی ئەوانەی کـە گومڕایـان کـردوون، بەبـێ ئـەوەی کـە لـە گوناهـی ئـەوان کـەم بێتـەوە، وەك پێشـتریش لەوبـارەوە فەرمایشـتی پێغەمبەرمـان ﷺ هێنـا، ئنجـا بـۆ چاکـەش هـەر وایـە: ئەوانـەی کـە ڕێنمایـی خەڵـك دەکـەن بـۆ چاکـە، خۆشـیان پاداشـتی چاکەکـەی خۆیـان هەیـە، کـە دەیکـەن و، دەبنـە سـەر مەشـق بـۆ خەڵـك و، لـە چاکـەی ئەوانـەش دا کـە شـوێنیان دەکـەون، پشـکدارو بەشـدارن، بـەڵام بەبـێ ئـەوەی کـە لـە چاکـەی ئـەوان کـەم بێتـەوە، هەروەهـا بـۆ خراپـەش: گوناهـەکانی خۆشـیان هەڵدەگـرن و، گوناهـی ئەوانـەش کـە گومڕایـان کـردوون، بەبـێ ئـەوەی کـە لـە گوناهـی ئەوانیـش کـەم بێتـەوە، بەڵکـو بـە قـەدەر ئـەوان گوناهیـان دەگاتـێ.

سێ) هەروەها دەگونجێ مەبەستیان پێ تێکگیرانی، ئەم دوو ئایەتە، بوو بێت:

أ / ﴿وَلَا يُسْـَٔلُ عَن ذُنُوبِهِمُ ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿٧٨﴾﴾ القصص، واتە: تاوانباران لە گوناهەکانیان لێیان ناپرسرێتەوە.

ب / سوورەتی: (**الصافات**)یشدا، خوا دەفەرموێ: ﴿وَقِفُوهُمْ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾﴾، واتە: ڕایان بگرن لێپرسراون، لێیان دەپرسرێتەوە.

لەوانەیـە وایـان زانیبـێ کـە ئـەو دوو ئایەتـە تێکدەگیرێـن، بـەڵام، نـا، بەڵکـو مانایەکەیـان بەمجۆرەیـە:

أ - تاوانباران لێیان ناپرسرێتەوە، ئایا ئەو گوناهەتان کردوە، یان نا ؟!، واتە: (**لا يُسألُونَ سُؤَالَ استِفْهَامٍ**)، ئایا گوناهت کردوە، یان نەتکردوە؟ ئەوەی لێی ناپرسرێ، چونکە فریشتەکان لەوسەری هاتوونەتەوە و، هەموو شتێکییان تۆمار کردوە.

ب - لە ئایەتەکەی سوورەتی (**الصافات**)یش دا کە دەفەرموێ: ﴿وَقِفُوهُمْ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾﴾، ڕایانگرن، لێپرسراون، بێگومان لێیان دەپرسرێتەوە، واتە: لێپرسینەوەی سەرزەنشتکردن و سەرکۆنەکردن، بەمجۆرە: ئەدی ئەوەت نەکرد؟ ئەوەشت نەکرد؟ ئەوەشت نەکرد؟ نەك مەبەست ئەوەبێ وەڵامەکەی وەربگرنەوە.

www.alibapir.net

چوار) هەروەها ڕەنگە مەبەستیان ئەو دوو ئایەتە بێ:

أ / لە سووڕەتی (**الأحقاف**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَدۡرِي مَا يُفۡعَلُ بِي وَلَا بِكُمۡۖ ..﴾ ﴿٩﴾، واتە: من نازانم ئێوەش و منیش چیمان پێ دەکرێ، سەرەنجامان چی دەبێ !

ب/ بەڵام لە سووڕەتی: (**القلم**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّ لَكَ لَأَجۡرًا غَيۡرَ مَمۡنُونٖ﴾ ﴿٣﴾، واتە: بە دڵنیایی تۆ پاداشتێکی نەبڕاوەت هەیە، ئەوە بەنسبەت (موحەممەد)ەوە، بەنسبەت تاوانبارەکانیشەوە، خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلۡمُجۡرِمِينَ فِي ضَلَٰلٖ وَسُعُرٖ﴾ ﴿٤٧﴾ القمر، واتە: بێگومان تاوانباران لە گومڕایی و لە بڵێسەدان، کەواتە: لەوێ دیاریی کردوە کە: تاوانباران لە گومڕایی و بڵێسە دان و، دیاریشی کردوە کە پێغەمبەر ﷺ پاداشتی نەبڕاوە هەیە، کەچی لە سووڕەتی (**الأحقاف**)دا دەفەرموێ: نازانم نە ئێوەو نە من، چیمان پێ دەکرێ! پێیان وابووە: ئەوە تێکگیرانە.

بەڵام: نا، بەڵکو یانی: وەك سەرەنجامی دنیایی، نازانین بەرەو چی دەچین و، سەرەنجامی کارە دنیاییەکەمان چی دەبێ! بەڵام بەنسبەت دوارۆژەوە، سەرەنجامەکە مسۆگەرو مەعلووم و عەیانە، کە پێغەمبەر ﷺ پاداشتی نەبڕاوەی هەیە و، ئیماندارانیش، بەڵام تاوانباران لە سزادان.

www.alibapir.net

٥- ﴿ قُلْ نَزَّلَهُۥ رُوحُ ٱلْقُدُسِ مِن رَّبِّكَ بِٱلْحَقِّ ﴾، بڵێ: ﴿ رُوحُ ٱلْقُدُسِ ﴾، لە پەروەردگارتەوە بە هەق دایبەزاندوە.

(بِٱلْحَقِّ): (**مُتَلَبِّسا بالحَقِّ لا شَائِبَة للباطِلِ فِيهِ**)، واتە: ئەو قورئانەی جیبریل دایبەزاندوە، ئاوێتەیە لەگەڵ هەق داو، هیچ خڵتەی ناهەقی تێدا تێکەڵ نەبووە.

﴿ رُوحُ ٱلْقُدُسِ ﴾، یانی: جیبریل (**القُدُسُ: الطُّهْرُ مِنْ إِضَافَةِ الصِّفَةِ إلى المَوصُوفِ مِثْلُ: حَاتَمِ الجُود، وَالمُرَادُ: حَاتَمُ الجَوَاد، فَالمَعَنَى الرُّوحُ المُقَدَّس، أو المَلَكُ المُقَدَّس**)، (**قُدُس**) واتە: پاکیی، ئەمە لە پاڵدانی سیفەتە بۆ لای وەسفکراو، وەك (**حَاتَمُ الجُود**)، کە مەبەست پێی (**حَاتَمُ الجَواد**)ە، حاتەمی بەخشندە، بەڵام لە زمانی عەرەبییدا ئەگەر بیانەوێ زۆر زێدەڕۆیی تێدا بکەن، گوتوویانە: (**حَاتَمُ الجُود**)، حاتەمی بەخشندەیی، کە لە ئەصڵدا (**حَاتَمُ الجَواد**)ە، حاتەمی بەخشندە.

لێرەشدا ﴿ رُوحُ ٱلْقُدُسِ ﴾، واتە: (**الرُوحُ المُقَدَّس**)، یانی: ئەو ڕووحەی پاکەو، بێ هەڵەو کەموکوڕییە، کە (**جبريل**)ە، (**عليه السلام**) و، فریشتەکانیش هەموویان بێ گوناهو بێ هەڵەن، خوا وای خوڵقاندوون.

٦- ﴿ لِيُثَبِّتَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، تاکو بەهۆی قورئانەوە، ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە، زیاتر دڵ دامەزراو و چەسپاویان بکات.

٧- ﴿ وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ ﴾، هەروەها قورئان و ڕێنمایی و، موژدەشە بۆ مسوڵمانان.

لێرەدا خوا **عزّ و جلّ** دەیتوانی بفەرموێ: (**وَهُدىً وَّ بُشرى لَهُم**)، چونکە پێشێ باسی بڕواداران کراوە: ﴿ لِيُثَبِّتَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، بەڵام خوا ﷻ لێرەدا لە جێی ڕاناو (**ضمير**) ناوێکی ئاشکرای داناوە، (**جَعَلَ المُظْهَرَ مَحَلَّ المُضْمَر**)، بۆ ئەوەی بزانرێ: ئەوانەی بڕوایان هێناوە، یەکێك لە سیفەتە بنچینەیەکانیشیان بریتیە لە ملکەچیی، ئەوانەی کە ملکەچن بۆ خوا، دەڵێ: (**الإِظْهَارُ لِزِيادَةِ مَدْحِهِم بِوَصْفٍ آَخَرَ شَرِيفٍ**)، بۆ ئەوەی بە وەسفێکی دیکەی بەرز مەددحیان بکات.

www.alibapir.net

مەسەلەی سێیەم:

خوا دەفەرموێ: بە دڵنیایی ئێمە دەزانین کە کافرەکان دەڵێن: بەشەرێك (موحەممەد) فێری قورئان دەکات! بەڵام زمانی ئەوەی لادانی بەلادا دەکەن: ئەعجەمییە، ئەم قورئانەش بە زمانێکی عەرەبی ڕۆشنە! {کەواتە: ناگونجێ قورئانێك بە زمانێکی عەرەبی ڕۆشن هاتبێ، کەسێك فێری پێغەمبەری ﷺ کردبێ کە خۆی عەرەبی نازانێ}:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُۥ بَشَرٌۗ لِّسَانُ ٱلَّذِى يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِىٌّ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِىٌّ مُّبِينٌ ﴿١٠٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١- ﴿ وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُۥ بَشَرٌۗ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە دەزانین کە ئەوان دەڵێن: مرۆڤێك فێری دەکات، شارەزایانی زمان گوتوویانە:{إِفتِتَاحُ الجُمْلَةِ بِلامِ القَسَمِ وَ (قَدْ) يُشِيرِ إِلَى أَنَّهُ كانَ هُناكَ نَوْعٌ مِنَ الإِخْفَاءِ لِهَذَا القَول}.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ نَعْلَمُ ﴾، هەم (ل) بۆ سوێند پێ خواردن، یان بۆ تەئکید کردنەوەیە، (قَد)یش دیسان بە هەمان شێوە، بۆ دڵنیا کردنەوەیە، ئنجا کە ئەو دووانەی خستۆتەسەر: ﴿ وَلَقَدْ نَعْلَمُ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە دەزانین: ﴿ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُۥ بَشَرٌۗ ﴾، کە ئەوان دەڵێن تەنیا مرۆڤێك فێری (قورئانی) دەکات، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە جۆرێك لە شاردنەوە هەبووە بۆ ئەو قسەیە، یانی: خوا ﷻ ویستوویەتی پەردە لەسەر ئەو قسەیە هەڵماڵێ، کە: ڕەنگە بە جۆرێك لە تاکتیك و فێڵ لە بەینی خۆیاندا گوتبێتیان: وەرن! با بزانین داخۆ باسی کێ بکەین، ڕێی تێبچێ، بۆ چەواشەکردنی خەڵکی عەوام، بڵێین: کە ئەو کەسە موحەممەدی فێری ئەو قورئانە کردوە ؟!

٢- ﴿ لِّسَانُ ٱلَّذِى يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِىٌّ ﴾، خوا ﷻ بە بەرپەرچدانەوەیەکی دداشکێن بەرپەرچیان دەداتەوە، دەفەرموێ: زمانی ئەوەی کە مەیلی بەلادا دەکەن، یان بەلایدا لادەدەن، زمانێکی ئەعجەمییە، واتە: غەیری عەرەبی، (أَعْجَمِىٌّ)، {مَنسُوبٌ إِلَى الأَعجَم}، (أَعجم)یش واتە: زمانێکی ناڕوون، بە نسبەت عەرەبانەوە، زمانێك کە غەیری عەرەبی بوو بێ، ناڕوون و نامۆ بووەو، تێی نەگەیشتوون.

www.alibapir.net

٣- ﴿وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُّبِينٌ﴾، بەڵام ئەمە، (واتە: ئەم قورئانە)، بە زمانێكی عەرەبی ڕۆشنە، لێرەدا (اللِّسان: الكَلامُ ، سُمِّيَ الكَلام باسمِ آلَتِهِ)، (لسان): ئەو زمانەیە كە ئینسان قسەی پێ دەكات و، شتی پێ دەخوات، بەڵام لێرەدا {قسەكردن} بە ناوی ئامڕازەكەی خۆیەوە كە زمانە، ناونراوە.

كە دەفەرموێ: (يُلۡحِدُونَ)، واتە: (يَعتَرِضُونَ وَيَعدِلُونَ إِلَيهِ)، ڕەخنەی پێدەگرن و بەلایدا لادەدەن، ئەمە دوو شێوە خوێندنەوەی هەن: (يُلۡحِدُونَ) و (يَلحِدُونَ)، هەردووكیان بە مانای (يَميلُونَ إِلَيهِ)، بەلایدا لادەدەن.

قسەیەك دەربارەی ئەو كەسەی گوایە: پێغەمبەری ﷺ فێری قورئان كردوە!

لە تەفسیرەكاندا ناوی چەند كەسێك هاتوە، بۆ وێنە:

١/(الطَّبَري) دەڵێ: (غُلَامٌ كانَ قَيْناً اسْمُهُ: بَلْعَام، كانَ نَصْرَانِياً)، واتە: (غوڵامێك) كۆیلەیەك بووە، ئاسنگەر بووە، ناوی بەلعام بووەو، نەصڕانیی بووە.

٢/ هەر (الطبري) لە ڕیوایەتێكی دیكەدا دەڵێ: (كانَ اسْمُهُ يَعِيش)، ناوی (يعيش) بووە ، واتە: دەژی.

٣/ هەر (الطبري) لە ڕیوایەتێكی دیكەدا دەڵێ: (كانَ اسْمُهُ جَبْر)، ناوی جەبر بووە.

٤/ دیسان (الطبري) لە ڕیوایەتێكی دیكەدا دەڵێ: دوو غوڵام بوون، یەكێكیان ناوی (يَسار) بووە، یەكێكیان ناوی (جَبْر) بووە، كە پێشتر لە هۆی هاتنە خوارەوەشیدا باسمانكرد.

٥/ هەروەها (الطبري) لە ڕیوایەتێكی دیكەدا دەڵێ: گوایە گوتوویانە: سەلمانی فارسیی فێری دەكات، بەڵام دەڵێ: ئەوەیان هەر ناگونجێ، چونكە سەلمانی فارسیی لە مەدینە مسوڵمان بووە، ئەمە هەمووی (الطبري) هێناویەتی[1].

٦/ (الشَّعراوي) یەكێكی دیكەش دێنێ، ئەویش هەر لە تەفسیرەكاندا هاتوە، كە دەڵێ: غوڵامێك بووە، ناوی (عَدّاس) بووەو، نەصڕانیی بووە.

بەڵام وەك گوتمان: خوا ﷻ بەرپەرچێكی ددان شكێنیان دەداتەوە، چونكە ئێستاش ئەو تۆمەتە هەر ئاڕاستەی قورئان و، پێغەمبەری خوا دەكرێ ﷺ گوایە: كەسێك لە مەككە بووە، {ئنجا ئاسنگەر بووە، نەصڕانیی بووە، هەر چی بووە، كەسێك بووە، دووان بوون، ناویان چی بووە؟ چۆن بووە ؟} ئەو كەسە قورئانی فێری پێغەمبەر كردوە ﷺ !!

---

(١) جَامِعُ البَيان: ج ١٤، ص ١٨٣ - ١٨٥.

www.alibapir.net

بەڵام لەڕاستییدا، ئەو قسانە هی کەسێکن کە شارەزای قورئان نەبێ و، قورئانی نەخوێند بێ، یان خوێندبێ و تێی نەگەیبێ، ئەگەرنا کەسێك لە قورئان شارەزا بێ، دەزانێ ئەو تۆمەتە هێندە پووچە، تەنیا بیستنی بەسە، بۆ زانیی پووچەتییەکەی، ئاخر: هەرچی ڕەوانبێژان و زمان پاراوانی عەرەب بوون، لە بەرانبەر قورئاندا بە چۆکدا هاتوون و، ئێستاش لە بەرانبەریدا بە چۆکدا دێن!

بەڵێ هەر کەسێك تەماشای قورئان بکات، دەزانێ کە: جگە لە خوا هیچ کەس ناتوانێ، فەرمایشتی وا بفەرموێ، لە هەموو ڕوویێکەوە:

١- لە ڕووی ئیعجازی مێژووییەوە، تەماشای دەکەی.

٢- لە ڕووی ئیعجازی عیلمیەوە ، تەماشای دەکەی.

٣- لە ڕووی ڕوانبێژیی (**بلاغة**)یەوە، تەماشای دەکەی.

٤- لە ڕەوانیی (**فصاحة**)یەوە، تەماشای دەکەی.

٥- لە ڕووی دەروونناسییەوە.

٦- لە ڕووی یاساناسییەوە.

٧- لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە.

٨- لە ڕووی یاسا عەقڵییەکانەوە.

٩- لە ڕووی تێرکردنی داخوازییە سروشتییەکانەوە... هتد.

وەك من لەو مەوسووعە عەرەبییەدا[1] کە لە زیندانی ئەمەریکاییەکاندا نوسیوومە، باسی ڕووەکانی ئیعجازی قورئانم کردوە، کە دە (١٠) ڕووم لە ڕووە ئیعجازییەکانی قورئان باس کردوون، بەڵام گوتوومە: ڕووەکانی ئیعجازی قورئان نایەنە ژمارە، چونکە: قورئان بۆ هەموو بەشەر هاتوە، کەواتە: دەبێ بۆ هەموو بەشەر دەستە و سانکەر بێ، هەر کەسە لە بواری شارەزایی و پسپۆڕیی خۆی دا، بەڵێ کەسێك تەماشای قورئان بکات و لێی تێ بگات، ئەوە زۆر بە ڕوونیی دەبینێ، کە: قورئانێکی ئاوا ناگونجێ بەشەر بیفەرموێ، نە موحەممەد ﷺ و، نە غەیری موحەممەدو، نە ئەعجەمیی و، نە عەرەبیی و، نە هیچ کەس.

---

(١) بڕوانە: {الكتاب الخامس: الإيمان بكتب الله عزّ وجلّ} ط ٢، ٢٠١٨ م.

www.alibapir.net

مەسەلەی چوارەم و کۆتایی:

خوا (عَزَّ وَجَلّ) ڕایگەیاندوە، کە ئەوانەی بڕوا بە ئایەتەکانی خوا ناهێنن، نایانخاتە سەر ڕێی ڕاست و، ئازارێکی بەئێشیان هەیە و، تەنیا ئەوانەش درۆ هەڵدەبەستن بەناوی خواوە کە بڕوایان بە ئایەتەکانی نیە و، هەر ئەوانەش درۆزنی ڕاستەقینەن:

خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ لَا يَهۡدِيهِمُ ٱللَّهُ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ١٠٤ إِنَّمَا يَفۡتَرِي ٱلۡكَذِبَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰذِبُونَ ١٠٥﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١- ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ لَا يَهۡدِيهِمُ ٱللَّهُ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی بڕوا بە ئایەتەکانی خوا ناهێنن، خوا نایانخاتە سەر ڕاستە ڕێ.

لێرەدا مەبەست لە هیدایەت، هیدایەتی تایبەتە، واتە: ڕاستە ڕێیان ناکات، نایانخاتە سەر ڕاستە ڕێ، ئەگەرنا کەسێك ئیمان بە ئایەتەکانی خوا بێنێ، یان ئیمان بە ئایەتەکانی خوا نەهێنێ، خوا بە واتای گشتی هیدایەت، هیدایەتی داون، بەرنامەی خۆی خستۆتە بەرچاویان، بەڵام یانی: هیدایەتی تایبەتییان نادات، ئاخر کەسێك ئیمان نەهێنێ، خوا چۆن ڕاستە ڕێی دەکات؟

٢- ﴿وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾، هەروەها ئەوانە ئازارێکی بە ئێشیان بۆ هەیە، واتە: ئەوانەی کە نایانەوێ مسوڵمان بن، خوا زۆریان لێناکات، ئەوانەی کە ئیمان بە ئایەتەکانی خوا ناهێنن و، ئارەزووی هەقیان نیە، ﴿لَا يَهۡدِيهِمُ ٱللَّهُ﴾، خوا نایانخاتە سەر ڕاستە ڕێ، بە زۆر مسوڵمانیان ناکات.

٣- ﴿إِنَّمَا يَفۡتَرِي ٱلۡكَذِبَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ﴾، بێگومان تەنیا ئەوانە درۆ هەڵدەبەستن بە ناوی خواوە، کە بڕوا بە ئایەتەکانی خوا ناهێنن.

٤- ﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰذِبُونَ﴾، هەر ئەوانەش درۆزنن، واتە: درۆزنی ڕاستەقینە هەر ئەوانەن، کە بە ناوی خواوە درۆ هەڵدەبەستن، پێغەمبەر ﷺ ناگونجێ، درۆ بکات و شت بەناوی خواوە هەڵبەستێ، چونکە:

یەکەم: بڕوا بە ئایەتەکانی خوا دێنێ.

www.alibapir.net

دووەم: پێغەمبەر ﷺ ئەصڵەن پێش پێغەمبەرایەتییش درۆی لێ ئەزموون نەکراوەو درۆی نەکردوە.

سێیەم: ئێستاش لە دوای پێغەمبەرایەتیی ﷺ ئەگەر تەماشای ژیانی بکرێ، هەموو ژیانی زۆر ڕوون و ئاشکرا و بێ گرێ و گۆڵە و، لەگەڵ خواو، لەگەڵ خۆی و لەگەڵ خەڵکدا، ڕێك و ڕاست بووە.

کەواتە:

١) ئەوە، دڵدانەوەیە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ.

٢) بەرچاو ڕوونییە بۆ ئیمانداران.

٣) بەرپەرچدانەوەیە بۆ ئەهلی کوفر، کە تەنیا ئەوانەی بڕوا بە ئایەتەکانی خوا ناهێنن، ئەوانەن دەتوانن درۆ هەڵبەستن بە ناوی خواوەو، هەر ئەوانەش درۆزنی ڕاستەقینەن، بەڵام بابایەکی وەك پێغەمبەری خاتەم ﷺ کە باشترین کەسەو، لە لووتکەی بەرزی ڕاستگۆیی و ڕێك و ڕاستیی دایە، لەگەڵ خۆی و، لەگەڵ خواو، لەگەڵ خەڵکدا، ناگونجێ درۆ بە ناوی خواوە هەڵبەستێ، ئنجا وەك پێشتریش گوتمان: ئەوانەی کە باسی پێغەمبەرایەتیی دەکەن:

أ - یان دەبێ خراپترین کەس بن.

ب - یان دەبێ باشترین کەس بن.

کە بەڕاستیی پێغەمبەرن بوون، باشترین ئەوانەش کە بە درۆ ئیدیعای پێغەمبەرایەتییان کردوە، بێگومان خراپترین کەس بوون.

دەشگونجێ ئەم ئایەتە موبارەکە مەبەست پێی ئەوانەبێ کە: هەر لە بیانوو دەگەڕێن، بۆ نموونە: وەلیدی کوڕی موغیرە، کە نەیویستوە ئیمان بێنێ، هەمیشە لە بیانوو گەڕاوە بۆ ئەوەی ئیمان نەهێنێ، بۆیە خواش نەیخستۆتە سەر ڕاستە ڕێ، بەڵام پیاوێکی وەك عومەری کوڕی خەتتاب، کە ئەویش وەك وەلیدی کوڕی موغیرە لە سەرەتاوە دژی ئیسلام بووەو، دژی پێغەمبەر ﷺ بووە، بەڵام چونکە بڕیاری نەداوە: کە ئەگەر هەقیش بناسێ، هەر شوێنی نەکەوێ و، بڕوای پێ نەهێنێ ، بۆیە کە هەقی نەناسیوەو، هەقی بۆ دەرکەوتوە، بێ وەخران[1]، تەماشا دەکەی یەکسەر لە باوەشی گرتوە، ئنجا ئا ئەوانەی کە ئیمان دێنن و لە ئیمانێ دەگەڕێن، لە ئیمانێ دەخەفتێن، خوا دەستیان دەگرێ و، دەیانخاتە سەر ڕاستە ڕێ، بەڵام کەسانێك کە نایانەوێ بڕوا بێنن، بێگومان خوا نایانخاتە سەر ڕاستە ڕێ و زۆریان لێ ناکات.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

---

(١) بێ وەخران: بێ دواکەوتن، بێ تاخیر بوون.

www.alibapir.net

www.alibapir.net

دەرسی دەیەم

www.alibapir.net

www.alibapir.net

پێناسەی ئەم دەرسە

لەم دەرسەماندا شەش (٦) ئایەت تەفسیر دەكەین، ئایەتەكانی (١٠٦ - ١١١)، كە تەوەری سەرەكییان بریتییە لە باسی هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام و، سەرەنجامی شوومی هەڵگەڕاوان لە دنیا و لە دوارۆژیشدا.

ئنجا خوا باسی ئیماندارانێكی ئەشكەنجەدراوی ناچاری كۆچ و كۆچباركرانی كردوە و، كراوەتە تەواوكەری ئەو بابەتە، چونكە بێگومان بەهۆی فشارو ئەشكەنجەی كافرە ستەمكارەكانەوە، كاتی خۆی دوو جاران مسوڵمانانی چەوسێنراوە، ناچاری كۆچ و كۆچبار كراون، لە مەككەوە بۆ (یثرب) كە سەرەنجام پێغەمبەریش بە یەكجاریی كۆچی كردوە، لەگەڵ ئەبووبەكریی هاوەڵی دا، خوا لێی ڕازی بێ و، سەرەنجام لەوێ: قەوارەی سیاسیی ئیسلام ڕاگەیەنراوە.

﴿ مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلۡكُفۡرِ صَدۡرٗا فَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴿١٠٦﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا عَلَى ٱلۡأٓخِرَةِ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿١٠٧﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ وَسَمۡعِهِمۡ وَأَبۡصَٰرِهِمۡۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡغَٰفِلُونَ ﴿١٠٨﴾ لَا جَرَمَ أَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ﴿١٠٩﴾ ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ هَاجَرُواْ مِنۢ بَعۡدِ مَا فُتِنُواْ ثُمَّ جَٰهَدُواْ وَصَبَرُوٓاْ إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعۡدِهَا لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿١١٠﴾ ۞يَوۡمَ تَأۡتِي كُلُّ نَفۡسٖ تُجَٰدِلُ عَن نَّفۡسِهَا وَتُوَفَّىٰ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا عَمِلَتۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ﴿١١١﴾ ﴾

www.alibapir.net

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{هەر کەس دوای بڕواهێنانی بە خوا، بێبڕوا بێتەوە، - مەگەر کەسێك ناچار بکرێ و، دڵیشی بە ئیمان ئۆقرە گرتوو بێ -، بەڵام هەر کەس سینەو دڵی خۆی بۆ کوفر ئاوەڵا بکات، ئەوانە تووڕەییان لە خواوە دێتە سەر و، سزایەکی مەزنیان بۆ هەیە (١٠٦) ئەویش لە سۆنگەی ئەوەوە کە ژیانی دنیایان خۆشتر ویستوە و هەڵبژاردوە بەسەر ژیانی دواڕۆژداو، (بەهۆی ئەوەشەوە) کە خوا کۆمەڵی کافران ڕاستە ڕێ ناکات، (و ئەوانەش بە کوفرەوە هاتوونە لای خوا) (١٠٧) ئەوانە کەسانێکن خوا مۆری بەسەر دڵەکانیان و بیستنیان و چاوەکانیانەوە ناوەو، هەر ئەوانەن بێ ئاگایان (١٠٨) بە دڵنیایی ئەوانە لە دواڕۆژیشدا هەر خۆیان زیانباری ڕاستەقینەن (١٠٩) ئنجا بە دڵنیایی، پەروەردگارت لەگەڵ ئەوانەدا، کە دوای ئەشکەنجەو ئازاردران، کۆچیان کردوە، پاشان تێکۆشاون و خۆڕاگر بوون، بێگومان پەروەردگارت دوای ئەو کۆچکردن و تێکۆشان و خۆڕاگرییە، لێبووردەی میهرەبانە بەرانبەریان (١١٠) یاد بکەنەوە! ڕۆژێك هەر کەسە دێ بۆ بەرگریی لە خۆ کردن مشتومڕ دەکات و، هەر کەسە چی کردوە، بە تەواویی پاداشت و سزای خۆی وەردەگرێتەوە و، ئەوان هیچ ستەمیان لێناکرێ (١١١)}.

www.alibapir.net

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(أُكۡرِهَ): واتە: زۆری لێکراوەو، تۆبزیی لێکراوە، ناچار کراوە، (**الإِكراه: حَمْلُ الإِنْسانِ عَلَى مَا يَكرهُهُ، الإِكراهُ: الإِلْجَاءُ إِلى فِعْلِ مَا يَكرهُ فِعْلَهُ**)، (إِکراه) بریتیە لەوە کە مرۆڤ شتێکی پێ بکرێ، کە پێی ناخۆش بێ، هەروەها (إِکراه) بریتیە لەوەی کەسێك کارێکی پێ بکرێ و، پێی ناخۆش بێ، ئەو کارە بکات.

(مُطۡمَئِنُّۢ): (**الطُّمَأْنِينَة وَالإِطْمِئنان: السكُونُ بَعْدَ الإِنْزِعَاجِ**)، وشەی (**طُمَأْنِينة وإِطْمِئنان**)، بریتیە لە ڕاوەستان و داسەکنان و ئۆقرە گرتن لە دوای جووڵەجووڵ.

(شَرَحَ بِٱلۡكُفۡرِ صَدۡرٗا): واتە: سینەی بۆ کوفر ئاوەڵا بۆتەوە، گوشاد بووە، (**أَصْلُ الشَّرْحِ: بَسْط اللَّحْمِ وَنَحْوِهِ، شَرَحْتُ اللَّحْمَ، وَشَرَّحْتُهُ، وَشَرْحُ الصَّدْرِ: بَسْطُهُ**) وشەی (شرح) لە ئەسڵدا ئەوەیە کە گۆشتێك لێك بکێشرێتەوە، پێشێ پێکەوە بێ، دواتر لێك جیابکرێتەوە، ئنجا گۆشت بێ، یان هەر شتێکی دیکە بێ، دەگوترێ: (**شَرْحْتُ اللَّحْمَ وَشَرَّحْتة**)، (**شَرْحُ الصَّدْر**) یش واتە: سینگ فراوان بوون، سینگ ئاوەڵا بوون، کە مەبەست پێی قبووڵکردنی ئەو شتەیە.

(ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا عَلَى ٱلۡأٓخِرَةِ): واتە: ژیانی دنیایان خۆشترویستوە لە دواڕۆژو بەسەریدا هەڵیانبژاردوە، {**استحَبُّوا: مُبالَغَةٌ فِي أَحَبُّوا، مِثْلُ: استأْخَرَ، وَضُمِّنَ استحَبُّوا مَعْنَى فَضَّلوا بحَرْف (عَلَى)**}.

(**استحَبُّوا**) زێدەڕۆییە لە (**أَحَبُّوا**)، (**أَحَبُّوا**) واتە: خۆشیانویستوە، (**استحَبُّوا**) واتە: زۆریان خۆشویستوە، وەك (**تَأَخَّرَ، وَاستأْخَرَ**) کە (**إِستأخَرَ**) ماناکەی بەهێزترە لە (**تأخَّر**)، (**وَضُمِّنَ استحَبُّوا مَعْنَى فَضَّلوا بحَرْفِ على**)، وشەی (**استحَبُّوا**) مانای (**فَضَّلوا**)ی خراوەتە نێو بەهۆی پیتی (**علىٰ**)ەوە، واتە: خۆشیانویستوەو هەڵیانبژاردوە، بەڵام چونکە وشەی (**استحَبُّوا**) بە پیتی (**على**) بەرکاری خواستوە، بەهۆی ئەوەوە ئەو مانایەی هەڵیانبژادوە (**آثَرُوا، أو فضَّلوا**)ی خراوەتە نێو.

(طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ): واتە: خوا مۆری بەسەر دڵەکانیانەوە ناوە، (**الطَّبْعُ: أَنْ تُصَوِّرَ الشيءَ بصُورةٍ مَا كَطَبْعِ السِّكَّة، وَهُوَ أَعَمُّ مِنَ الخَتْمِ وَأَخَصُّ مِنَ النَّقْشِ...، وَبهِ اعْتبِرَ**

www.alibapir.net

الطَّبْعُ وَالطَّبِيْعَة الَّتِي هِيَ السَّجية، فَإِنَّ ذَلِكَ هُوَ نَقْشُ النَّفْسِ بِصُورَةٍ، إِمَّا مِنْ حَيْثُ الخِلْقَة، أَو مِنْ حَيْثُ العَادَة...، وَيُتَجَوَّز بالخَتْمِ وَالطَّبْعِ فِي الإِسْتِيْثَاقِ مِنَ الشيءِ، وَالمَنْعُ مِنْهُ، اعْتِبَاراً بِمَا يَحْصُلُ مِنَ المَنْعِ بالخَتْمِ عَلَى الكُتُبِ وَالأَبْوَاب).

وشەی (طَبْع) ئەوەیە كە شتێك بە وێنەیەك وێنا بكەی، (وێنەیەكی لەسەر بكەی، وەك دراو كە نەخشی لەسەر دەكرێ) (طَبْع) لە (خَتْم) گشتییترەو لە (نَقْش) (واتە: نیگار و وێنە)، تایبەتترە، واتە: وشەی (طَبْع) لە نێوان (خَتْم، وَنَقْش) دایە، لە ڕووی مانـاوە، كەواتە: (نَقْش) ماناكەی زۆر فراوانترە، ئنجا لە دوای ئەو (طَبْع) و، دواتر (خَتْم).

وشەی (طبع، طبيعة)یش، واتە: سروشتێك، كە مرۆڤ لەسەریەتی و خوا لەسەری ڕسقاندوە، لەوێوە هاتوە، چونكە سروشتی مرۆڤیش، ئەو وێنەیەیە كە لەسەری دانراوە، چ لە ڕووی سروشتەوە، كە خوا وای خوڵقاندوە {كەسێك لە ڕووی سروشتەوە هەر بە تەبیعەت تەنگە پرێسكەیە، زوو تووڕە دەبێ، كەسێكی دیكەش ئارام و هێمنە، یەكێك پەلە دەكات، یەكێ بەكاوەخۆیە.

یاخود بەهۆی نەرێت و پەروەردەكردن و دەوروبەرو ژینگەوە {ئەو سروشتەی بۆ پەیدابووبێ، خەڵكی هەندێ شوێنان، هەندێ وڵاتان، هەندێ نەتەوان، هەندێ سیفەتیان تێدایە، بۆتە عادەت و نەریتێكی ڕۆچوو}.

وشەی (ختم، وطبع) بە ڕێپێدان (تجوُّز)، {واتە: وەك خواستنەوەیەك} بەكاردەهێنرێت بۆ مەحكەمكردنی شتێك و، ڕێ لێگرتنی، لەبەرئەوەی: بەهۆی خەتمەوە كە لە كتێب و نامان، یاخود لە دەرگایان دەدرێ، ڕێیان لێگیراوە بەكار بهێنرێن، واتە: نامەیەك كە خەتم كرا بێ و، نابێ تەماشا بكرێ، جگە لە لایەن كەسێكەوە كە بۆی ڕەوانەكراوە، هەروەها دەرگایەك خەتم كرابێ ڕێ لە چوونە ژووری گیراوە.

ئنجا كە خوا دەفەرموێ: خوا مۆری بەسەر دڵەوە ناون، واتە: دڵیانی داخستوەو وایلێكردوون كە ئیمان نەچێتە نێویان.

(﴿فُتِنُوا﴾): (أَصْلُ الفَتْنِ: إِدْخَالُ الذَّهَبِ النار لِتَظْهَرَ جَوْدَتُهُ مِنْ رَدَائَتِهِ، وَاستعْمِلَ فِي إِدْخَالِ الإِنْسَانِ النار: ﴿ذُوقُوا فِتْنَتَكُمْ ﴿١٤﴾﴾ الذاريات، أَي: عَذَابَكُمْ، وَتَارَةً فِي الإِخْتِبَار: ﴿وَفَتَنَّاكَ فُتُونًا ﴿٤٠﴾﴾ طه، وَجُعِلَتِ الفِتْنَة كالبَلَاءِ فِي أَنَّهَا يُستعْمَلَانِ فِيمَا يُدْفَعُ إِلَيْهِ الإِنْسَانُ، مِنْ شِدَّةٍ وَرَخَاءٍ وَهُمَا فِي الشدَّةِ أَظْهَرُ مَعْنَىً وَأَكْثَرُ استعْمَالاً).

www.alibapir.net

وشەی (فَتْن) لە ڕیشەدا بریتیە لەوە کە زێڕ بخرێتە نێو ئاگرەوە و، تاکو دەرکەوێ کە چەندەی ساغەو، چەندەشی خراپە ؟! (واتە: کانزای دیکەی ڕەگەڵ خراوە)، هەروەها وشەی (فَتْن) بەکارهێنراوە بۆ ئەوەش کە مرۆڤ بە ئاگر سزا بدرێ، ﴿ ذُوقُواْ فِتْنَتَكُمْ ﴿١٤﴾ ﴾ الذاریات، واتە: سزایەکەتان بچێژن، سزای چونە نێو ئاگر، دیسان بۆ تاقیکردنەوەش بەکاردێ، وەك لە سوورەتی (طه)دا خوا ﷻ بە مووسا دەفەرموێ: ﴿ وَفَتَنَّٰكَ فُتُونًا ﴿٤٠﴾ ﴾ واتە: تۆمان تاقیکردەوە بە زۆر تاقیکردنەوون، یانی: زۆر بەڵاو گرفتارییمان بەسەرت هێنان.

ئنجا وشەی (فِتْنة) لەگەڵ (بَلاَء) وەك یەك بەکاردەهێنرێن، لەوەدا کە مرۆڤ دەخرێتە نێو سەختیی، یاخود خۆشییەوە.

بەڵام هەم (فِتْنة) و، هەم (بَلاَء) لە سەختیی و ناڕەحەتییاندا زیاتر بەکاردەهێنرێن، تاکو لە خۆشیی و ئەو شتانەی مرۆڤ پێی هات بێ و پێی خۆش بێ.

(تُجَٰدِلُ): واتە: مشتومڕ دەکات، شەڕە قسە دەکات، **(أَصْلُ الجِدَالِ مِنْ: جَدَلْتُ الحَبْلَ، أَي: أَحْكَمْتُ فَتْلَهُ ... وَمِنْهُ الجِدَالُ فَكَأَنَّ المُتَجَادِلَيْنِ يَفْتِلُ كُلُّ وَاحِدٍ الآخَرَ عَنْ رَأْيِهِ...، وَقِيْلَ: الأَصْلُ فِي الجِدَالِ: الصِّرَاعُ وَإِسْقَاطُ الإِنْسَانِ صَاحِبَهُ عَلَى الجَدَالَةِ، وَهِيَ الأَرْضُ الصُّلْبَةُ)**.

واتە: وشەی (**جِدَال**) لە ڕیشەوە لەوەوە هاتوە: (**جَدَلْتُ الحَبْلَ، أَي: أَحْكَمْتُ فَتْلَهُ**) واتە: پەتەکەم باش چنیی، باشم هۆنیەوە، {(**فَتْل**) واتە: هۆنینەوەی شتێك، یان چنین و ڕستنی، (**جدَال**)یش لەوەوە هاتوە} یانی: ئەو دوو کەسە کە پێکەوە شەڕە قسە دەکەن، هەرکامێکیان بیەوێ ئەوی دیکە بسووڕێنێتەوە بۆ ڕای خۆی، وەك چۆن چەند داوەبەنێك تێك دەسووڕێن و تێك باهەڵدەدرێن، ئەویش بیەوێ تێکی باهەڵدا و[1] بیهێنێتە سەر ڕای خۆی.

هەندێکیش گوتوویانە: وشەی (**جِدَال**) ڕیشەکەی بریتیە لە ناکۆکیی کردن و، ئەوە کە مرۆڤ هەوڵبدات بەرانبەرەکەی بخاتە سەر (**جَدَالة**)، (**جَدَالة**)ش بریتیە لە زەوییەکی سەخت و پتەو.

(وَتُوَفَّىٰ): واتە: بە تەواویی وەردەگرێ و دەیدرێتێ، {**الوَافِي: الَّذِي بَلَغَ التَّمَام، وَتَوْفِيَة الشيءِ: بَذْلُهُ وَافِياً وَاستِيْفَاؤُهُ: تَنَاوُلُهُ وَافِياً**: ﴿ وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ بَيْنَهُمْ.. ﴿٢٥﴾ ﴾ آل عمران}، وشەی (**وَافِي**) ئەوەیە کە گەیبێتە ڕاددەی تەواو بوون، (**تَوْفِيَة الشيءِ: بَذْلُهُ وَافِياً**)، وشەی (**تَوْفِيَة**) بەوە دەگوترێ، کە شتێك بەتەواویی بدرێ، بەڵام (**إِستِيفَاء**)

---

(١) تێك با هەڵدان: پێکەوە پەیوەست کردن و گرێدان بەهۆی سووڕاندنەوە.

www.alibapir.net

ئەوەیە بە تەواویی وەربگیرێ، دەگوترێ: (**إستفى حَقَّه، استيفاء**)، واتە: بە تەواویی وەریگرت، بەڵام (**أَوْفَاهُ حَقَّهُ**) واتە: بە تەواوی هەقەکەی پێدا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِ ... ﴿١١١﴾ ﴾ التوبة، واتە: کێ لە خوا چاکتر پەیمانی خۆی بە تەواویی دەباتە سەرێ.

هەروەها لە سوورەتی (**النجم**)دا دەفەرموێ: ﴿ وَإِبْرَٰهِيمَ ٱلَّذِى وَفَّىٰٓ ﴿٣٧﴾ ﴾، واتە: ئەو ئیبراهیمەی کە بە تەواویی ئەرکی خۆی جێبەجێ کرد.

لە سوورەتی (**آل عمران**)یش دا دەفەرموێ: ﴿ وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ ... ﴿٢٥﴾ ﴾، واتە: واتە: هەر کەسە بە تەواویی ئەوەی کە کرد بووی وەریگرت، واتە: بەرهەمەکەی وەرگرتەوە، ئنجا سزایە یان پاداشت.

کەواتە: هەم (**أَوْفَى**) هەم (**وَفَّى**) هەردووکیان بە مانای بە تەواویی جێبەجێکردنی ئەرکێکن، ئەگەر پەیمانە، ئەگەر بەڵێنە، ئەگەر هەر ئەرکێکی شەرعییە.

www.alibapir.net

هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە

﴿مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلۡكُفۡرِ صَدۡرٗا فَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ١٠٦﴾:

لەبارەی ئەم ئایەتەوە، ئەم گێڕراوەیە هەیە:

{عَنْ أَبِي عُبَيْدَةَ بْنِ مُحَمَّدِ بْنِ عَمَّارِ بْنِ يَاسِرٍ فِي قَوْلِهِ تَعَالَى: ﴿مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ وَهَٰذَا .. ١٠٦﴾، **قَالَ: أَخَذَ الْمُشْرِكُونَ عَمَّارَ بْنَ يَاسِرٍ يُعَذِّبُوهُ فَقَارَبُوهُ فِي بَعْضِ مَا أَرَادُوا بِهِ، فَشَكَا ذَلِكَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: كَيْفَ تَجِدُ قَلْبَكَ؟ قَالَ ﷺ: مُطْمَئِنّاً بِالإِيمَانِ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: فَإِنْ عَادُوا فَعُدْ**}[١].

واتە: ئەبوو عوبەیدەی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەمماری کوڕی یاسر، (واتە: نەوەی عەمماری کوڕی یاسر)، دەربارەی قسەی خوای بەرز کە دەفەرمووێ: ﴿إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ﴾، واتە: مەگەر کەسێك زۆری لێکرا بێ و، دڵیشی بە ئیمان ئارامگرتوو بێ، ئەوە خوا ﷻ لێی ناگرێ و، سزای نادات، لەوبارەوە گوتوویەتی: ئەو بەسەرهاتە هەیە.

هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان عەمماری کوڕی یاسریان گرت، (لە مەککە)، ئەشکەنجەیان دا، زۆر ناڕەحەتیان کرد، هەتا هەندێك لەو شتانەی کە دەیانویست بۆی کردن، بۆی گوتن، (هەندێ قسە بە دڵی ئەوان)، دوای ئەوە سکاڵای بردە لای پێغەمبەری خوا ﷺ، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: دڵت چۆنە؟ (واتە: ئەو کاتەی کە ئەو قسانەت کردن، دڵت چۆن بوو؟) گوتی: دڵم ئارامگرتوویە بە ئیمان، دڵم پڕە لە ئیمان، {بەڵام بە ناچاریی ئەو قسانەم کرد، هەتا ئەوان دڵیان پێ خۆش بێ و لە کۆڵ خۆمیان بکەمەوە، دیارە ئازارو ئەشکەنجەکەی زۆر بووە و، بۆی تەحەممول نەکراوە}[٢] پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (**فَإِنْ عَادُوا فَعُدْ**)، ئەگەر ئەوان گەڕانەوە (بۆ ئەشکەنجەدانی تۆ، بۆ ئازاردانی تۆ)، تۆش

---

(١) أَخْرَجَهُ عَبْدُالرَّزَاق فِي تَفْسِيرِه: ج١، ص٣٦٠، وإبْنُ سَعْد فِي الطبقات الكبرى ج ٣، ص ٢٤٩، وَالطَّبَرِي فِي جامع البيان: ج ١٤، ص ١٢٢، وَأَخْرَجَهُ أَيْضاً الحَاكِمُ: ٣٣٦٢، وَقَالَ: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ الشَّيْخَيْنِ، وَلَمْ يُخْرِجَاهُ، وَوَافَقَهُ الذَّهبِي، قَالَ مُؤلِّفَا الإِسْتِيعَاب فِي بيان الأسباب: ج ٢، ص ٤٢٣، سَنَدُهُ ضَعِيفٌ.

(٢) نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە، بۆ ڕوونبوونەوەی مەبەست.

www.alibapir.net

بگەڕێوە (بۆ ئەو قسانە، بۆ ئەوەی دڵی ئەوانی پێ لە خۆت ڕازی بکەی و، لە کۆڵ خۆتیان بکەیەوە)، کە دوایی بە تەفصیل لەوبارەوە قسە دەکەین.

ئەم دەقە لە ڕووی سەنەدەوە، زانایان ڕاجیاییان لەسەری هەیە، هەرچی (**عبدالرزاق**)ە، لە تەفسیرەکەی خۆیدا هێناویەتی و، (**إِبْنُ سَعْد فِي الطبقات**)دا و، (**الطَّبري فِي جامع البيان**)دا، وایان هێناوە، کە بەڕاستیان داناوە، هەروەها (**الحاكم**) گوتوویەتی: کە ئەمە فەرموودەیەکە بەپێی مەرجەکانی بوخاریی و موسلیم ڕاستە، هەرچەندە نەشیانهێناوە و، (**الذهبي**)یش گوتوویەتی: (**الحاكم**) پێکاویەتی لەو حوکمەدا، بەڵام هەردوو نووسەری کتێبی: (**الإستيعاب فِي بيان الأسباب**) سەنەدەکەیان بە بێهێز داناوە.

هەڵبەتە لەوانەیە زانایەکی دیکەش بڵێ: نەخێر ئێوە نەتانپێکاوە، ئیدی گرنگ ئەوەیە لەڕووی سەنەدەوە، ئەو دەقە، مشتومڕی لەسەرە، بەڵام لە ڕووی واقیعییەوە، دیارە کە عەممارى کوڕی یاسر لە قۆناغی مەککەدا ئەویش و ژمارەیەك لە هاوەڵان، کە زەقترینیان: (**بیلال**)ە، هەڵبەتە (أبو بەکر)یش ئەزیەت دراوە و (**عبدالرحمن بن عوف**)یش ئەزیەت دراوە و، زۆر لە هاوەڵان ئەزیەت دراون، بەڵام ئەوەی عەممار زۆر ئاشکرایە، کە بە سەختیی سزاو ئازار و ئەشکەنجە دراوە، لەلایەن کافرەکانەوە.

www.alibapir.net

مانای گشتی ئایەتەكان

خوا ﷻ لە سیاقی: باسی دژایەتیی كافرەكان بۆ قورئان و، تۆمەت هەڵبەستنیان بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ و، بۆ قورئان كە كەسێكی دیكە قورئانی فێر كردوەو، بۆ پێغەمبەر كە قسەی بە ناوی خواوە هەڵبەستوە، لەو سیاقەدا، كە دیارە ئەو ناكۆكیی و دووبەرەكێیە ببێ لە نێوان كافران و ئیمانداران دا و، كافرەكانیش كە باڵادەستن و حوكمڕانن و، دیارە ئیماندارانێك كە بێ دەستەڵاتن و كەمینەن، كەم و زۆر دەكەونە بەر زەخت و فشاریان و، ئازاریان دەدەن و ئەشكەنجەیان دەدەن، لە ئەنجامی ئەوەش دا حاڵەتی هەڵگەڕانەوە (**إرتداد**) دروست دەبێ، ئنجا چ هەڵگەڕانەوەیەكی ڕاستەقینە، چ هەڵگەڕانەوەیەكی ڕووكەشیی، كە كابرا بە قسە هەندێ شت بڵێ، بەڵام لە دڵیدا وانەبێ، بۆ ڕازییكردنی ئەو كەسانەی كە ئەشكەنجەی دەدەن، بۆ ئەوەی لە كوڵ خۆییان بكاتەوە، هەم ئەوە دێتە پێش، هەم مەسەلەی كۆچكردن دێتە پێش، بەجێهێشتنی ماڵ و حاڵ و نیشتیمان، ئنجا خوا ﷻ لەم شەش ئایەتەدا، باسی ئەو دوو مەسەلەیە دەكات:

سەرەتا دەفەرموێ: ﴿ مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ ﴾، هەر كەسێك بێبڕوا بێ بە خوا، دوای ئیمان هێنانی {واتە: دوای ئیمان هێنانی، بێبڕوابێتەوە} مەگەر كەسێك زۆری لێ بكرێ و، دڵیشی ئارامگرتوو بێ بە ئیمان، {واتە: دڵی پڕ بێ لە ئیمان و، دڵی نەلەخشێ و نەلەرزێ، بەڵام بە قسە هەندێ شت بڵێ، یان بە كردەوە هەندێ شت بكات، پێچەوانەی ئەو ئیمانە بێ: كە لە دڵی دایە، لەبەرئەوەی كە زۆری لێ دەكرێ و ناچار دەكرێ} ئنجا خوا ﷻ باسی نەكردوە: ئەو حاڵەتە چۆنە؟ بەڵام كە دوایی دەفەرموێ: ﴿ وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلۡكُفۡرِ صَدۡرٗا فَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴾، بەڵام كەسێك سینەی گوشادو ئاوەڵابێ بۆ كوفر، ئەوانە تووڕەیی خوایان لەسەرەو، سزایەكی مەزنیان هەیە.

كەواتە: كەسێك كە ناچار دەكرێ و دڵیشی پڕە لە ئیمان و، دڵ و سینەی خۆی ئاوەڵا ناكات بۆ كوفر، ئا ئەوانە: نە تووڕەیی خوایان لەسەرەو، نە سزاشیان بۆ هەیە، بەڵام بۆیە خوا ﷻ باسی نەكردوە، چونكە: بە سیاق و سەلیقە دیارە، كە ئەگەر كەسێك بە دڵخۆشیی و بە ویستی خۆی و، بە دڵ بۆ كردنەوەوە، پێشوازیی لە كوفر بكات، شایستەی ئەوە بێ، خوا لێی تووڕەبێ و سزایەكی مەزنیشی هەبێ، بێگومان كەسێك ناچار

www.alibapir.net

بكرێ، دیارە حوكمەكەی پێچەوانەیە و، خوا، نە لێی تووڕە دەبێ و نە سزاشی دەدات، چونكە ناچار كراوە، كەواتە: مۆڵەتیشە كە كەسێك ناچار بكرێ لەسەر كوفر، هەندێ شت بڵێ و هەندێ شت بكات، بۆ ئەوەی ئەوانەی كە ناچاری دەكەن، لە كۆڵ خۆییان بكاتەوەو، ئەو ئازارو ناڕەحەتییەی كە دەیدەن، لە خۆی دووری بخاتەوە، وەك دوایی لە باسێكی سەربەخۆدا بە تەفصیل باسی ئەوە دەكەین.

دوایی خوا ﷻ هۆكاری ئەوە كە لێیان تووڕەیەو، سزای مەزنیشیان هەیە لە دواڕۆژدا، هۆكارەكەی دەخاتە ڕوو، دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا عَلَى ٱلۡأٓخِرَةِ ﴾، ئەویش بەهۆی ئەوەوە كە ژیانی دنیایان خۆشترویستوەو هەڵبژاردوە بەسەر ژیانی دواڕۆژدا، ﴿ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴾، هەروەها بەهۆی ئەوەشەوە: كە خوا كۆمەڵی كافران، ناخاتە سەر ڕاستە ڕێ، ئەوانەش ڕێی ڕاستیان نەگرتۆتەبەرو، بە ڕێی لاردا هاتوون و، بە كۆڵێك گوناهو تاوانەوە هاتوونەوە خزمەت خوا ﷻ، بۆیە خوا ﷻ لێیان تووڕەیە و، بۆیەش سزای مەزنیان بۆ هەیە.

﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ وَسَمۡعِهِمۡ وَأَبۡصَٰرِهِمۡ ﴾، ئا ئەوانە كەسانێكن كە خوا مۆری بەسەر دڵەكانیانەوە ناوەو، مۆری بەسەر بیستنیانەوە ناوەو، مۆری بەسەر چاوەكانیشیانەوە ناوە، واتە: نە دڵەكانیان وەك پێویست تێدەگەن، نە هەستی بیستنیان، وەك پێویست كاردەكات، كە هەق ببیستێ و، نە چاوەكانیشیان وەك پێویست كاردەكەن كە هەق ببینن، ﴿ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡغَٰفِلُونَ ﴾، ئا ئەوانە بێئاگایانن، ئەگەر بێئاگا نەبوونایە لە هەق، ئامادە نەدەبوون، وا بە ئاسانیی دەستبەرداری ئەو هەقە ببن، بە تۆزە ترسێك و تۆزە برسێك.

﴿ لَا جَرَمَ أَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ﴾،بە دڵنیاییەوە ئەوانە لە دواڕۆژدا، هەر ئەوانن زیانبار، زیانبارانی ڕاستەقینە هەر ئەوانەن، كە ڕێیان لە هەق هەڵدەكەوێ، خوا ڕێی ڕاستیان بۆ ڕۆشن دەكاتەوە، تێیدەگەن و لێی شارەزا دەبن، كەچی دواتر دەستبەرداری دەبن، لە ژێر زەخت و فشاری ئەهلی كوفردا.

ئنجا دێتە سەر باسی بابەتی دووەم، كە بریتیە لە كۆچكردن و، بەجێهێشتنی ماڵ و حاڵ و نیشتیمان لە ژێر زەخت و فشاری ئەهلی كوفردا، دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ هَاجَرُواْ مِنۢ بَعۡدِ مَا فُتِنُواْ ثُمَّ جَٰهَدُواْ وَصَبَرُوٓاْ إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعۡدِهَا لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴾، پاشان بێگومان پەروەردگارت بۆ كەسانێك كە كۆچیان كردوە، دوای ئەوەی كە ئەشكەنجە دراون، بەڵام دوایی تێكۆشاون و خۆڕاگربوو ون، {واتە:

www.alibapir.net

خۆڕاگر بوون لەسەر کۆچکردن، لەسەر تێکۆشان، لەسەر خەبات کردن} بە دڵنیاییەوە پەروەردگارت لە دوای ئەوە، {واتە: لە دوای ئەشکەنجەدرانیان و، لە دوای کۆچکردنیان و تێکۆشان و خۆڕاگرییان} پەروەردگارت لێبوردەی بە بەزەییە.

لە کۆتاییدا خودا باسی سەرەنجامی هەموو لایەك دەکات، چ چاکەکاران، چ خراپەکاران، چ ئەوانەی خۆڕاگربوون، چ ئەوانەی خۆڕانەگر بوون، چ ئەوانەی کاریان بە عەزیمەت کردوە و، قسەیەکی وایان نەکردوە کە ئەهلی کوفر دڵیان پێی خۆشبێ، چ ئەوانەی کاریان بە مۆڵەت کردوەو، چ ئەوانەی کە لە مۆڵەتیش بەولاوەتر چوون و، سینەی خۆیان کردۆتەوە و، دەروازەی دڵی خۆیان کردۆتەوە، بۆ کوفر و بێ دینیی، لەبەر زەخت و فشارێك کە لێیان کراوە، لە ترسان، لە برسان، بە هەر هۆکارێك، ئا ئەوانە، خوای دادگەرو کارزان بە یەك ئایەت باسی هەموویان دەکات.

﴿يَوۡمَ تَأۡتِي كُلُّ نَفۡسٖ تُجَٰدِلُ عَن نَّفۡسِهَا﴾، ڕۆژێك کە هەموو کەس دێ، بەرگریی لە خۆی دەکات بە شەڕە قسەو مشتومڕ، بەرگریی لە خۆی دەکات، ﴿وَتُوَفَّىٰ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا عَمِلَتۡ﴾، هەموو کەسێکیش بەپێی ئەوەی کە کردوویەتی و ئەنجامی داوە، پاداشت و سزای پڕ بە پێست و تەواوی دەدرێتەوە ﴿وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ﴾، لە حاڵێك دا کە ستەمیشیان لێناکرێ.

ئنجا ئەگەر چاکەکار بووبن، پاداشتیان دەدرێتەوەو، ئەگەر خراپەکار بووبن، سزایان دەدرێتەوە، بەڵام هیچ کامیان ستەمیان لێ ناکرێ، هەڵبەتە خوا ﷻ لەگەڵ ئەهلی ئیماندا، وێڕای عەدل بە فەزڵیش مامەڵە دەکات، واتە: زیاد لە شایستەیی خۆیان، مافیان پێدەدات و پاداشتیان دەداتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەهلی کوفردا، هەر بە دادگەریی مامەڵە دەکات و، زیاتر لەوەی کە شایستەی نین، زیاتر لەو سزایەی کە پڕ بە پێستی کردەوەکەی خۆیانە، سزایان نادات، بەڵکو بە دادگەریی لەگەڵیاندا مامەڵە دەکات، هەڵبەتە خوا ﷻ لە هەندێ شوێندا، باسی ئیماندارانیش دەکات: ﴿لِيَجۡزِيَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ بِٱلۡقِسۡطِ.. ﴿٤﴾﴾ یونس، بەڵام لەوێدا مەبەست ئەوەیە کە: سەرەتا خوا بەپێی تەرازووی دادگەرانەی دەفەرموێ: ئەوە پاداشتەکەتانە، بەڵام دواییش لە شوێنێکی دیکەدا، دەفەرموێ: ﴿لِيَجۡزِيَهُمُ ٱللَّهُ أَحۡسَنَ مَا عَمِلُواْ وَيَزِيدَهُم مِّن فَضۡلِهِۦۗ وَٱللَّهُ يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيۡرِ حِسَابٖ ﴿٣٨﴾﴾ النور، وەك بەخششی خۆی بۆیان زیاد دەکات، پێشێ مافی ڕەوای خۆیان بە تەواویی بە پێی دادگەریی، دەدرێتێ و دواییش وەك بەخشش (فَضل) پاداشتی دیکەشیان دەدرێتەوە، واتە: ئەوە کە دەفەرموێ: ﴿لِيَجۡزِيَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ بِٱلۡقِسۡطِ... ﴿٤﴾﴾ یونس، ڕێگر نیە لەوە کە: خوا جگە لەوەی بە دادگەریی و پڕ بە پێستی کردەوەکانی خۆیان دەیانکەوێ، زیادەشیان بۆ بخاتە سەر.

www.alibapir.net

مەسەلە گرنگەكان

مەسەلەی یەكەم:

هەر كەسێك پاش بڕواهێنانی بە خوا، بێبڕوا بێتەوە، - مەگەر ناچار بكرێ لەسەر كوفر - ئەوە خوا لێی تووڕە دەبێ و، ئەو كەسە سزایەكی مەزنی دەبێ، چونكە ژیانی دنیای بەسەر هی دواڕۆژدا هەڵبژاردوە و خۆشتری ویستوەو، ئەوانە خوا دڵ و گوێ و چاویانی مۆر كردوە و، ئەوانە بێئاگان و، بە دڵیایی لە دواڕۆژدا، هەر ئەوانە زیانباری ڕاستەقینەن:

خوا دەفەرموێ: ﴿مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلۡكُفۡرِ صَدۡرٗا فَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ١٠٦ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا عَلَى ٱلۡأٓخِرَةِ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ١٠٧ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ وَسَمۡعِهِمۡ وَأَبۡصَٰرِهِمۡۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡغَٰفِلُونَ ١٠٨ لَا جَرَمَ أَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ١٠٩﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١- ﴿مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِهِۦٓ﴾، واتە: هەر كەسێك لە دوای بڕواهێنانی، بێبڕوابێ بە خوا.

(مِنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِهِۦٓ)، (أَي: بَعْدَ تَمَكُّنِ الإِيمَانِ فِي قَلْبِهِ)، دوای ئەوەی ئیمان لە دڵیدا جێگیر بووە و، بڕوای هێناوە، بێبڕوابێتەوە و، كوفر بە خوا بكات، دوایی وەڵامەكەی دێ، بەڵام وەك قسەیەكی نێواخن و، وەك (الجُمْلَة المُعْتَرِضَة)، كە ڕستەیەكە دەخرێتە نێوان ڕستەكانی دیكەوە، دەفەرموێ:

٢- ﴿إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ﴾ واتە: مەگەر كەسێك بێبڕوابێ بە خوا، بە ڕواڵەت و بە قسە، بەڵام لەبەرئەوەی ناچاركراوە و، زۆری لێكراوە و، دڵیشی بە ئیمان ئارامگرتوو

www.alibapir.net

بێ، واتە: دڵی دامەزراو و، نەلەخشاو بێ، ئەو کەسە لەو حوکمەی کە دوایی خوا باسی دەکات، هەڵاوێردراوە و، جیاکراوەتەوە، واتە: ئەو کەسە مۆڵەتی بۆ هەیە و بەو مۆڵەتە کاری کردووە، بۆیە: نە تووڕەیی خوای دێتە سەرو، نە ئازاری مەزنیشی دەبێ لە دوا ڕۆژدا.

٣- ﴿وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلۡكُفۡرِ صَدۡرٗا﴾، بەڵام کەسێك سینەی گوشاد بێ بۆ کوفر، دڵی خۆی بۆ کوفر بکاتەوە، دەڵێ: (**شَرَحَ بالْكُفْرِ صَدْراً: وَسَّعَهُ لِقُبُولِ الكُفْرِ**)، دڵی خۆی فراوان بکات، بۆ ئەوەی کوفری بچێتێ، دەروازەی دڵی خۆی بۆ کوفر بکاتەوە، یانی: بە دڵکراوەیی و باخەڵ فەڕاحیی و سینگ فراوانیی، (**بِرَحابة الصدر**) بە دڵ پێخۆشبوونەوە، نەك بە ناچاریی.

٤- ﴿فَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ مِّنَ ٱللَّهِ﴾، کەسانێك سینە و دڵی خۆیان بۆ کوفر بکەنەوە، تووڕەیی خوایان دێتە سەر، دەڵێ: (**الجُمْلَةُ الإسْمِية تَدُلُّ عَلَى الدّوام والثُّبوت**)، کە دەفەرموێ: (فَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ مِّنَ ٱللَّهِ)، تووڕەیی خوایان لەسەرە، ڕستەی ناویی، بەردەوام بوون و چەسپاویی دەگەیەنێ.

٥- ﴿وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ﴾، واتە: هەروەها بۆ ئەوان سزایەکی مەزن هەیە، (**لَهُمْ**)، (**الجار والمجرور**)ە، دەڵێ: {**تَقْدِيمُ (لَهُمْ) عَلَى (عَذَابٍ عَظِيم) للإهْتِمام**}، هەمیشە کە (**الجار والمجرور**) پێش دەکەون، ئەوە بۆ گرنگیی پێدانە، واتە: سزایەکی مەزن بۆ ئەوان هەیە، بۆچی؟ دوایی هۆکارەکەی ڕوونکراوەتەوە:

٦- ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا عَلَى ٱلۡأٓخِرَةِ﴾، واتە: ئەوەش بەهۆی ئەوەوە کە ئەوانە ژیانی دنیایان خۆشتر ویستوە و {هەڵیانبژاردوە} بەسەر دواڕۆژدا، پێشتر باسمان کرد کە: (ٱسۡتَحَبُّواْ)، هەر (**أحَبُّوا**)یە، بەڵام (س و ت) خراونە سەر، بۆ زێدەڕۆیی تێداکران و تۆخکردنەوەی مانایەکەی، (ٱسۡتَحَبُّواْ)، واتە: زۆریان خۆشویستوە، چونکە کردار ئەگەر پیتەکانی زیاتر بن، مانایەکەشی بەهێزترە: (**زِيادَةُ المَبْنى تَدُلُّ عَلَى زِيادَة المَعْنى**)، کردار (**فعل**) ئەگەر پیتەکانی زیاتر بن، ماناکەشی بەهێزتر دەبێ، وەك (**تَأخَّرَ**) و (**استأخَرَ**)، (**تَقَدَّمَ**) و (**استقْدَمَ**)، دووەمەکان مانایەکەیان بەهێزتر دەبێ، لە یەکەمەکان.

کە دەفەرموێ: (ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا عَلَى ٱلۡأٓخِرَةِ)، (ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا)، یانی: (**أَحَبُّوا الحَيَاةَ الدُّنْيا**)، واتە: ژیانی دنیایان خۆشویستوە، یان زۆریان خۆشویستوە، ئنجا (ٱسۡتَحَبُّواْ) پێویستی بەوە ناکات، بە پیتێك بەرکار بخوازێ، بەڵام کە دەفەرموێ: (ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا عَلَى ٱلۡأٓخِرَةِ)، بەم (**على**)یە، تێپەڕی پێکراوە بۆ (**الآخرة**)،

www.alibapir.net

چونکە: (ضُمِّنَ مَعْنَى فَضَّلُوا وآثَرُوا)، یانی: هەڵیانبژاردوە و، بە باشتریان داناوە، خراوەتە نێو: (ٱسْتَحَبُّواْ)ەوە، بەهۆی ئەو پیتی (على)ەوە، چونکە بنچینەیەکی زمانی عەرەبییە هەر کردار (فعل) پێویستیی بە پیت (حرف)ێك نەبێ بۆ بەرکار خواستن و، بەرکار (مفعول)ی پێ بخوازێ، ئەوە وێڕای مانایەکەی خۆی، مانایەکی دیکەش بە پێی مانای پیتەکە دەگرێتە خۆی، ئەمەش پێی دەگوترێ: بنەمای وەگەڵ خستن (**قاعدة التضمين**).

٧- ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَـٰفِرِينَ﴾، هەروەها بەهۆی ئەوەشەوە، کە خوا کۆمەڵی کافران ڕاستەڕێ ناکات، ئەمە هۆکاری دووەمی تووڕەیی خوا و، سزای مەزنی خوایە، واتە: بەهۆی ئەوەوە کە خوا لە خستنە سەر ڕێ و، لە ڕاستەڕێ کردنی خۆی، بێبەشی کردوون، ئنجا ئەوانە کە لە هیدایەتی تایبەتی خوا بێبەش بوون، دیارە کەسێك کە لە هیدایەتی خوا بێبەش بێ، خوا لێی تووڕە دەبێ، بەڵام بێبەش بوون، لەبەرئەوەی خۆیان نەیانویستوە، وەك خوا **عزّ وجلّ** دەفەرموێ: ﴿وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَـٰهُمْ فَٱسْتَحَبُّواْ ٱلْعَمَىٰ عَلَى ٱلْهُدَىٰ ﴿١٧﴾﴾ فصلت، واتە: گەلی (**ثمود**)مان ڕێنمایی کرد، بەڵام ئەوان کوێرییان هەڵبژارد و، خۆشتر ویست، بەسەر ڕێنمایی و ڕێ دیتن دا.

٨- ﴿أُوْلَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَسَمْعِهِمْ وَأَبْصَـٰرِهِمْ﴾، واتە: ئا ئەوانە کەسانێکن، کە خوا مۆری بەسەر دڵیانەوەو، بەسەر بیستنیانەوە و، بەسەر چاوەکانیانەوە، ناوە.

(الطَّبْعُ مُسْتعارٌ لِمَنْعِ وصُولِ الإيمَانِ)، وەك پێشتریش لە شیکردنەوەی مانای (طَبْع) و، (خَتْم)دا باسمان کرد، (طَبْع)، خوازراوەتەوە بۆ ئەوە: کە خوا ڕێی لێ گرتوون، کە ئیمان بچێتە نێو دڵیان، هەڵبەتە خوا ڕێی لێ نەگرتوون، بەو واتایە کە ڕاستەوخۆ خوا ڕێیان لێ بگرێ، بەڵام یانی: بە پێی یاسای خوا، هەر کەسێك لەسەر ئەو گوناهانە بەردەوام بێ، دڵی دادەخرێ، لە بەرانبەر هیدایەتی خوادا، ئنجا لەبەرئەوەی ئەو پرۆسەیە بەپێی یاساکانی خوا ئەنجام دەدرێ و، بەپێی ویستی خوا، خوا **عزّ وجلّ** پاڵی داوەتە لای خۆی، ئەگەرنا خوا نەهاتوە بە تۆبزیی دڵیان بگرێ و، نەهێڵێ ئیمانیان بچێتێ !

٩- ﴿وَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْغَـٰفِلُونَ﴾، هەر ئەوانە بێئاگان، واتە: ئەوانە لە بێئاگایی دا، تەواو ڕۆچوون، بە جۆرێك کە وەك بێئاگایی (**غفلة**) لەوان دا کورت هەڵاتبێ.

١٠- ﴿لَا جَرَمَ أَنَّهُمْ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ هُمُ ٱلْخَـٰسِرُونَ﴾، (لَا جَرَمَ)، بە سێ چوار مانایان لێکدراوەتەوە، کە هەموویان، واتە: بە دڵنیایی، یاخود: چەسپاوە، یاخود: بەبێ دوودڵیی،

www.alibapir.net

(لا جَرَمَ أي لا مُحَالَة)، یان (لا بُدَّ)، یان (لا حَقّاً)، هەرسێکیان دەبنەوە بە یەك واتا، (لَا جَرَمَ)، واتە: هیچ گومانی تێدانیە، (أَنَّهُمْ فِي ٱلْأَخِرَةِ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ)، کە ئا ئەوانە لە دواڕۆژدا زیانبارن، ئنجا کە بە ڕاناوی (هُمُ) کە پێی دەگوترێ: (ضمیر الفصل) ڕاناوی جیاکردنەوە، پاشان (أل)یشی خستۆتە سەر (خاسرون)، (ٱلْخَٰسِرُونَ)، ئەمە یانی: لە دواڕۆژدا ئا ئەوانەن زیانبارانی ڕاستەقینە، کە لە زیانباریی دا نوقم بوون.

کورتە باسێک لە بارەی
حوکمی زۆر لێکرانەوە لەسەر کوفر و تاوان(١)

بەڕێـــزان! ئەم کورتە باسە لە پازدە (١٥) بڕگەدا دەخەینەڕوو:

بڕگـەی یەکـەم: دیـارە ئـەم ئایەتـە بەهـۆی ڕووداوێـك، یـان زیاتـرەوە هاتۆتـە خـوار، وەك لـە هـۆی هاتنـە خوارەوەکـەی دا باسـمان کـرد، کـە عەمـماری کـوڕی یـاسر خـوا لێـی ڕازی بـێ، هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان گرتوویانـە و، ئەشـکەنجەیان داوە و، ئەویـش لـە ژێـر زەخـت و گوشـاری ئەوانـدا، هەنـدێ شـتی گوتـوە، کـە ئەوانـی پـێ لـە کـۆڵ خـۆی بکاتـەوە و، بـەڵام هەر لەوبـارەوە ئـەم بەسـەرهاتەش هاتـوە، کـە ئەگـەر ئایەتەکـە لەبـارەی ئـەو بەسەرهاتەشـەوە نەهاتبێتـە خـوار، گرنـگ ئەوەیـە، بەسـەر ئـەو بەسـەرهاتەش دا دەچەسـپێ:

{أَنَّ عيُونـاً لِمُسَـيْلِمَة أَخَـذُوا رَجُلَـيْنِ مِـنْ أَصْحَـابِ النَّبـيِّ ﷺ، فَذَهبُـوا بِهِـمَا إِلى مُسَـيْلِمَةَ، فَقَـالَ لأَحَدِهِـمَا: أَتَشـهدُ أَنَّ مُحَمَّـدَاً رَسُـول اللّـه؟ قَـالَ: نَعَـمْ. قَـالَ: أَتَشـهدُ أَنِّي رَسُـولُ اللّـه؟ قَـالَ: نَعَـمْ، فَخَلَّى عَنْـهُ، وَقَـالَ للآخَـرِ: أَتَشـهدُ أَنَّ مُحَمَّـدَاً رَسُـولُ اللّـه؟ قَـالَ: نَعَـمْ، قَـالَ: وَتَشـهدُ أَنِّي رَسُـول اللّـه؟ قَـالَ: أَنـا أَصَـمُّ لاَ أَسْـمَعُ، فَقَدَّمَـهُ وَضَرَبَ عُنُقَـهُ، فَجَـاءَ هَـذَا إِلى النَّبـيِّ ﷺ، فَقَـالَ: هَلَكْـتُ، قَـالَ: (وَمَـا أَهْلَـكَكَ)؟ فَذَكَـر الحَدِيـثَ، قَـالَ: (أَمَّـا صَاحِبُـكَ فَأَخَـذَ بالثقـة، وَأَمَّـا أَنْـتَ فَأَخَـذْتَ بالرُّخْصَـة عَـلَى مَـا أَنْـتَ عَلَيْـهِ السـاعَة) قَـالَ: أَشـهدُ أَنَّـكَ رَسُـولُ اللّـه، قَـالَ: (أَنْـتَ عَـلَى مَـا أَنْـتَ عَلَيْـهِ)}(٢).

واتـە: دەڵـێ هەندێـك جاسووسـی موسـەیلەمەی درۆزن، دوو پیـاو لـە هاوەڵانـی پێغەمبـەر ﷺ دەگـرن، دەیانبـەن بـۆ لای موسـەیلەمە، بـە یەکێکیـان دەڵـێ: شـایەدیی دەدەی کـە موحەممـەد ﷺ، پێغەمبـەری خوایـە؟ دەڵـێ: بەڵـێ، دەڵـێ: شـایەدیی دەدەی کـە منیـش

---

(١) ئـەم باسـەمان زۆربـەی هـەرە زۆری لـە تەفسـیری (الجامـع لأحـكام القـرآن)ی (القرطبـي) بەرگـی (١٠)، لاپـەڕە: (١٤٨- ١٥٨)، وەرگرتـوە، بـەڵام بێگومـان جگـە لـەوەی دەقەکـەی خـۆی دێنـم، ئـەوی دیکـە هەندێکـی بـە داڕشـتنی خـۆم دادەڕێژمـەوە، بـەڵام دەسـتکاریی نێوەڕۆکـی قسـەکانی ئـەو ناکـەم، مەگـەر قسـەیەکم بـە دڵ نەبـێ، قسـەکەی دێنـم، دوایـی قسـەی خۆمـی لەسـەر دەکـەم.

(٢) (الجامـع لأحـكام القـرآن)، ج ١٠، ص ١٤٨، لێکۆڵـەرەوە و، (مخـرِّج)ی دەقـەکان گوتوویەتـی: (مَرْسَـلْ)ە یـانی: یەکسـەر لـە تابیعییـەوە دراوەتـە پـاڵ پێغەمبـەر ﷺ بـێ ئـەوەی بـاسی هـاوەڵ (صحـابي) بکـرێ.

www.alibapir.net

پێغەمبەری خوام؟ دەڵێ: بەڵێ، بەرەڵای دەکات، بە هی دووەمیشیان دەڵێ: شایەدیی دەدەی کە موحەممەد ﷺ، پێغەمبەری خوایە؟ دەڵێ: بەڵێ، دەڵێ: شایەدیی دەدەی کە منیش پێغەمبەری خوام؟ دەڵێ: من کەڕم، هیچ نابیستم، ئەویش دەیهێنێ و، لە گەردنی دەدا و، دەیکوژێ، ئەوەی دووەمیان کە دەربازی بووە، دەچێتەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ، دەڵێ: فەوتام، دەفەرمووێ: چ شتێك فەوتاندوویی؟ بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: هاوەڵەکەت کاری بە عەزیمەت کرد {یانی: پاداشتی لەلای خوا زۆر گەورەیە}، بەڵام تۆ ئیشت بە مۆڵەت کردوە، ئنجا لێی پرسی؟ ئێستا لەم کاتەدا کە هاتووی بۆ لای من، ئیمانت چۆنە؟ گوتی: شایەدیی دەدەم کە هەر تۆ پێغەمبەری خوای ﷺ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: تۆ هەر لەسەر حاڵی خۆتی {واتە: ئیمانەکەت لە جێی خۆیەتی، کارت بە مۆڵەت کردوە و، خوا لێت خۆش دەبێ}.

برگەی دووەم: دوو فەرموودە لەوبارەوە:

١/ فەرموودەی یەکەم: پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: {**مَا خُيِّرَ عَمَّارٌ بَيْنَ أَمْرَيْنِ إِلاَّ اخْتَارَ أَرْشَدَهُمَا**}[١]، واتە: عەممار سەرپشك نەکراوە، لە نێوان دوو کاراندا، مەگەر کامەیان باشترە، ئەوی هەڵبژاردوە.

کەواتە: کە کافرەکان سەرپشکیان کردوە، لە نێوان ئەوەدا لەسەر ئەشکەنجەدانی بەردەوام بن، تاکو دەیکوژن، یاخود قسەیەك بکات، کە دڵی ئەوان ڕازی بکات و، لە کۆڵ خۆییان بکاتەوە، مانای وایە شتێکی باشی کردوە، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: عەممار سەرپشك نەکراوە لە نێوان دوو کاراندا، مەگەر کامەیان باشە ئەوەی هەڵبژاردوە.

هەڵبەتە ئەمە ئەوەش دەگەیەنێ کە عەممار ﷺ، کاتی خۆی لە نێوانی عەلی و موعاویەدا، دەچێتە گەڵ عەلی خوا لە عەلی ڕازی بێ و، لە موعاویەش خۆشبێ، کە عەلی خەلیفەی چوارەمی پێغەمبەر ﷺ بووە، موعاویەش یاخیی بووە، بە دەقی فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرمووێ: {**وَيْحَ ابْنُ سُمَيَّةَ تَقْتُلُهُ الْفِئَةُ الْبَاغِيَةُ**}[٢]، واتە: هاوار بۆ کوڕی سومەییە، کە کۆمەڵی یاخییان دەیکوژن.

دواییش بە دەستی کۆمەڵەکەی موعاویە کوژرا.

---

(١) أَخْرَجَه التِّرمِذِيُّ: ٣٧٩٩، وَابْنُ مَاجَه: ١٤٨، وَصَحَّحَهُ الألباني في صحيح سنن الترمذي.

(٢) أَخْرَجَه أَحْمَد: ٢٦٥٢٥، تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط مسلم.

www.alibapir.net

کەواتـە: ئـەوان یاخیـی (باغي)یـن و، ئاشکراشـە کـە ئـەوان یاخییبـوون، چونکـە هـەر کەسێك لـە خەلیفەیـەك کـە مسـوڵمانان پەیـمان و بەڵێنیـان پێـداوە، هەڵگەڕێتـەوە، بـە یاخیی لـە قەڵـەم دەدرێ.

٢/ فەرموودەی دووەم: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {**إِنَّ اللَّهَ تَجَاوَزَ عَنْ أُمَّتِي: الخَطَأَ وَالنِّسيانَ وَمَا استكرهُوا عَلَيْهِ**}[١]، واتە: بێگومان خوا لە هەڵە و، لەبیرچوون و، ئەوە کە تۆبزییان لێ بکرێ، لەسەر ئەم ئۆممەتەم لایبردوە، واتە: هەر شتێ بکەن و بڵێن، بەهۆی ئەوەوە کە بە هەڵە کردوویانە، یان بەهۆی لەبیرچوونەوەوە، یان بەهۆی ناچارکرانەوە، لەسەریان نانووسرێ.

بڕگـەی سـێیەم: (القُرْطُبِي) دەڵـێ: (**أَجْمَـعَ أَهْـلُ العِلْـمِ عَـلَى أَنَّ مَـنْ أُكـرِهَ عَـلَى الكُفْـرِ، حَتَّـى خَـشِيَ عَـلَى نَفْسِـهِ القَتْـلَ، أَنَّـهُ لاَ إِثْـمَ عَلَيْـهِ، إِنَّ كَفَـرَ وَقَلْبُـهُ مُطْمَـئِنٌّ بالإِيْمَـانِ**)[٢].

واتـە: زانایـان لەسـەر ئـەوە یەکدەنگـن، کـە هـەر کەسێك لەسـەر بێبیڕوایـی، ناچـار بکـرێ، تاکـو مەترسیـی ئـەوەی هەبـێ کـە بکـوژرێ، {یاخـود بفەوتـێ لـە ژێـر ئەشـکەنجەدا}[٣]، ئەگەر کوفریـش بڵـێ، گوناهـی ناگاتـێ، بـە مەرجێـك، دڵەکـەی پـڕ بـێ لـە ئیـمان.

بڕگـەی چـوارەم: (**ذَهَبَـتْ طَائِفَـةٌ مِـنَ الْعُلَـمَاءِ إِلَى أَنَّ الرُّخْصَـةَ إِنَّـمَا جَـاءَتْ فِي الْقَـوْلِ، وَأَمَّـا فِي الْفِعْـلِ: فَلا رُخْصَـةَ فِيـهِ، مِثْـلَ أَنْ يُكرهُـوا عَـلَى السُّجُودِ لِغَـيْرِ اللَّـهِ، أَوِ الصَّـلاَةِ لِغَـيْرِ الْقِبْلَـةِ، وَالصَّحِيحُ أَنَّـهُ يَسْـجُدَ، وإِنْ كانَ لِغَـيْرِ قِبْلَـةٍ، وَقَالَـتْ طَائِفَـةٌ: الإِكـراهُ فِي الْفِعْـلِ وَالْقَـوْلِ سَـوَاءٌ، إِذَا أَسَرَّ الإِيمَـانَ، رُوِيَ ذَلِـكَ عَـنْ عُمَـرَ بْـنِ الْخَطَّـابِ وَمَكْحُـولٍ، وَهُـوَ قَـوْلُ مَالِـكٍ وَطَائِفَـةٍ مِـنْ أَهْـلِ الْعِـرَاقِ، رَوَى ابْـنُ الْقَاسِـمِ عَـنْ مَالِـكٍ أَنَّ مَـنْ أُكـرِهَ عَـلَى شُرْبِ الْخَمْـرِ، وَتَـرْكِ الصَّـلاةِ أَوِ الإِفْطَـارِ فِي رَمَضَـانَ، أَنَّ الْإِثْـمَ مَرْفُـوعٌ عَنْـهُ**)[٤].

واتـە: کۆمەڵێـك لـە زانایـان، ڕایـان وایـە کـە مۆڵـەت بـۆ کوفرکـردن، تەنیـا لـە قسـەدایە، (واتـە: بـە قسـەو بـە بـەزار شـتێك بڵـێ)، بـەڵام لـە کـردەوەدا، مۆڵەتـی تێـدا نیـە، بـۆ وێنـە: کـە ناچـار بکـرێ، کڕنـووش بـەرێ بـۆ جگـە لـە خـوا، یاخـود نوێژێـك بـکات بـۆ خـوا، بـەڵام بـەرەو قیبلـە نەبـێ، هەندێـك لـە زانایـان وایـان گوتـوە، (قُرْطُبِي)یـش دەڵـێ، بـەڵام ڕای ڕاسـت

---

(١) أَخْرَجَه إِبْنُ حِبَّان: ٧٢١٩، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط البخاري.

(٢) الجامع لأحكام القرآن: ج ١٠، ص ١٨٢.

(٣) هی ئێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە، چونکە مەرج نیە کوشتن یەکسەر ڕاستەوخۆ بێ.

(٤) (الجامع لأحكام القرآن): ج ١٠، ص ١٥١.

www.alibapir.net

ئەوەیە، کە ناچارکرا کڕنووش بۆ غەیری خوا بەرێ، بۆی هەیە کڕنووش بەرێ، هەروەها بۆی هەیە کە بە بێ ڕووکردنە قیبلە، نوێژ بکات، بۆیە زانایانی ئایین گوتوویانە: ناچارکران لە کردار و لە قسەدا، یەکسانە، بە مەرجێك ئیمان پەنهان بکات لە دڵی خۆیدا، ئەمە لە عومەری کوڕی خەتتابەوە خوای لێی ڕازی بێ، گێڕدراوەتەوە، هەروەها لە مەکحوولەوە گێڕدراوەتەوە {کە یەکێکە لە زانایانی تابعیین} و، ئەمە قسەی مالیکە و، قسەی کۆمەڵێك لە زانایانی عێراقە و، (إبْنُ القاسم)یش لە مالیکەوە هێناویەتی، کە هەر کەسێك ناچاربکرێ لەسەر خواردنەوەی مەی و، واز لە نوێژ هێنان و، یاخود ڕۆژوو شکاندن لە ڕەمەزان دا، گوناهی لەسەر لادەچێ.

واتە: بەهۆی ناچارکرانەوە، لەسەر ئەو شتانە گوناهبار نابێ.

برگەی پێنجەم: (**أَجْمَعَ الْعُلَمَاءُ عَلَى أَنَّ مَنْ أُكرِهَ عَلَى قَتْلِ غَيْرِهِ، أَنَّهُ لا يَجُوزُ لَهُ الإِقْدَامُ عَلَى قَتْلِهِ، وَلا انْتَهَاكُ حُرْمَتِهِ بِجَلْدٍ أَوْ غَيْرِهِ، وَيَصْبِرُ عَلَى الْبَلاَءِ الَّذِي نَزَلَ بِهِ، وَلا يَحِلُّ لَهُ أَنْ يَفْدِيَ نَفْسَهُ بِغَيْرِهِ**)[١].

واتە: زانایان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، (ڕاجیاییان نیە)، کە هەر کەسێك ناچاربکرێ، یەکێکی دیکە بکوژێ، بۆی نیە نە بیکوژێ و، نە بۆشی هەیە، قامچی لێبدات و، ئازاری بدات و، دەبێ خۆڕابگرێ، لەسەر ئەو تاقیکردنەوەیەی کە بەسەری هاتووە و، بۆی نیە کە جگە لە خۆی بکاتە بەلاگێڕەوەی خۆی، بۆ ئەوەی خۆی دەرباز بکات، {یەکێکی دیکە لەبەینبەرێ، یاخود ئازاری بدات}، هەروەها (القُرْطُبِي) گوتوویەتی: (**واخْتُلِفَ فِي الزِّنا، قال ابنُ العَرَبِي: الصَحِيحُ أَنَّهُ يَجُوزُ الإقْدامِ على الزِّنا وَلاَ حَدَّ عَلَيْهِ، قَالَ ابْنُ الْمُنْذِر لا حَدَّ عَلَيْهِ، وَلاَ فَرْقَ بَيْنَ سُلْطانٍ، وَغَيْرَ سُلْطانٍ**).

واتە: دەربارەی داوێن پیسیی (زیناکردن) کە بە ناچاریی پێی بکرێ، لەوبارەوە ڕاجیایی هەیە، (إبْنُ العَرَبِي) گوتوویەتی: ڕای ڕاست ئەوەیە: کە دروستە کەسێك ناچار بکرێ، لەسەر زینا، ئەگەر زیناشی کرد، سزای لەسەر نیە و، گوناهباریش نابێ، (إبْنُ المُنْذِر)یش گوتوویەتی: سزای لەسەر نیە و، جیاوازییش نیە، بۆ کەسێك کە ناچار دەکرێ لەسەر داوێن پیسیی و زینا، چ حوکمڕان بێ، چ جگە لە حوکمڕان بێ.

بۆ وێنە: کۆمەڵێك چەتە، لە شوێنێك کابرا بەبێ دەسەڵاتیی دەکەوێتە بەردەستیان و، ناچاری زیناکردنی دەکەن.

---

(١) (الجامع لأحكام القرآن)، ج ١٠، ص ١٥١.

www.alibapir.net

بـەڵام ڕای واش هەیـە، کـە نەخێـر گوناهبـار دەبـێ و، سـزای لەسـەرە، چونکـە ئـەوە پەیوەندیـی بـە ئـارەزوو جووڵانـەوە هەیـە، بـەڵام ئەوانـی دیکـە دەڵێـن: نا، جـاری وا هەیـە کابرا، کـە دەشـگونجێ ئارەزووشـی بجووڵێـت و، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە ناچارکـراوە، ئنجا بـە تەئکید ڕای ئەوانـە ڕاسـترە، کـە دەڵێـن: گوناهـی لەسـەر نیـە و، سزای لەسـەر نیـە، چونکـە ئەگـەر بـۆ کوفر گوتـن، یـان کوفرکـردن مۆڵـەت هەبـێ، دیـارە دەبـێ بـۆ ئـەوەش، مۆڵـەت هەبـێ.

برگـەی شەشـەم: (**إِخْتَلَـفَ الْعُلَمَاءُ فِي طَلَاقِ الْمُكْرَه وعِتاقِـهِ، رَأْيُ الْجُمْهُـور أَنَّـهُ لا يَلْزَمُـهُ شَيءٌ، هَـذَا رَأْيِ الشَّـافِعِيُّ وأَصْحَابِـهِ، وذَكَرهُ ابْـنُ المُنْـذِر، وابْـنِ الزبَـيْر، وابْـن عُمَـر، وابْـنِ عَبـاس، وعَطَـاء، وَطَـاوُس، وَالحَسَـن، والشُّرَيْـح، وَقَاسِـم، وَسـالِم، وَمَالِـك، وَالأَوْزَاعِـي، وَأَحْمَـد، وَإِسْـحَاق، وَأَبِي الثَّـوْر، وَأَجَـازَ طَائِفَـةٌ طَلَاقَـهُ، رُوِيَ ذَلِـكَ عَـنِ الشَّـعْبِي، والنَّخَعِـي، وَأَبِي قلابـة، والزُّهـري، وقَتَـادَة، وَهـو قَـوْلُ الكُوفِيِـينَ، وَقَـالَ أَبُـو حَنِيفَـة: طَـلَاقُ الْمُكْرَه يَـلْزَم**)[1].

واتــە: ڕاجیایـی لـە نێـوان زانایـان دا هەیـە، لەسـەر ئـەوە کـە کەسـێك ناچـار بکـرێ لەسـەر تـەڵاق دان، یاخـود ئەگـەر کۆیلـەی هەبـن، ناچـار بکـرێ لەسـەر ئازادکردنیـان، ڕای زۆربـەی زانایـان ئەوەیـە: نـە تەڵاقەکـەی دەکـەوێ، بـا بـە تۆبزیـی پێشـی تـەڵاق یـدەن، نـە بـە ئازادکردنەکەشـەوە پابەنـد دەکـرێ، هەرچەنـدە تۆبزیـی لێبکـەن و کۆیلەکانـی پـێ ئـازاد بکـەن، ئەمـە ڕای شـافیعیی و هاوەڵاکانیەتـی، (**ابْـنُ المُنْـذِر**) ئـەو ڕایـەی هێنـاوە، لـە عەبدوڵـڵای کـوڕی زوبەیـرو عەبدوڵـڵای کـوڕی عومـەرو، عەبدوڵـڵای کـوڕی عەبباسـەوە، (خـوا لـە خۆیـان و بابیـان ڕازی بـێ)، هەروەهـا لـە {(**عطـاء**) و (**طـاوس**) و (**حسـن**) و (**شَرَيـح**) و (**سـالم**)ەوە، ئەوانـەش هەموویـان زانایانـی تابیعینـن}، خـوا لێیـان ڕازی بـێ و، خـوا لێیـان خـۆش بـێ، هەروەهـا لـە مالیـك و ئەوزاعیـی و ئەحمـەد و ئیسـحاق و ئەبـی ثـەورەوە، لـە هەموویانـەوە ئـەو ڕایـە هاتـوە، بـەڵام کۆمەڵێـك گوتوویانـە: تەڵاقـی دەکـەوێ، ئەمـەش لـە شـەعبیی و نەخەعیـی و ئەبـی قولابـەو زوهریـی و قەتـادەوە هاتـوە و، قسـەی کوفییەکانیشـەو (**أَبـو حَنِيفَـه**)ش، گوتوویەتـی: بابـای ناچارکـراو، تەڵاقـی دەکـەوێ.

منیـش دەڵێـم: وایـە فەرمـوودەی: {**إِنَّمَا الأَعْـمَالُ بالنِّياتِ**}[2]، واتـە: کـردەوەکان بەپێـی نیەتن، بەڵگەیـە لەسـەریان و، پێـم وایـە قسـەکەی (**القُرْطُبي**)، ڕاسـت و تـەواوە، کەسـێك نیەتـی نیـە، ژنەکـەی تـەڵاق بـدات و، ناچـار دەکـرێ، یـان نیەتـی نیـە، کوفـر بـکات و، ناچـار دەکـرێ، مولـزەم ناکـرێ و، پابەنـد ناکـرێ بـەو شـتەوە، کـە بـە ناچاریـی پێـی دەکـرێ و، پێـی دەگوتـرێ.

---

(١) (الجامع لأحكام القرآن) ج ١٠، ص ١٥١.

(٢) رواه البخاري: ١، مسلم: ٩٠٧.

www.alibapir.net

بڕگەی حەوتەم: (وَأَمَّا بَيْع المُكْرَه والمضْغُوطِ، فَلَهُ حَالَتَان:

الأُوْلَى: أَن يبيع مَالَهُ فِي حَق وَجب عَلَيْهِ، فَذَلِكَ مَاض سائغ لا رجُوع فيهِ عِنْدَ الفُقَهَاء، لأَنَّهُ يلزمه أَدَاء الحَقّ إِلى رَبِّه مِنْ غَيْرِ المبيع، فَلَمَّا لَمْ يفعل ذَلِكَ، كانَ بَيْعه اختياراً مِنْهُ فَلزِمَهُ.

الثانية: وَأَمَّا بَيْعُ المكره ظُلْماً أَوْ قَهْراً، فَذَلِكَ بَيْع لاَ يَجُوزُ عَلَيْهِ، وَهُوَ أَوْلى بِمَتَاعِهِ يأخذُهُ بلاَ ثَمَن، وَيَتْبعُ المُشْتَرِيَ بالثَّمَنِ ذَلِكَ الظَّالِمَ)[١].

واتە: بەڵام زۆر لێكران، {كەسێك كە زۆری لێ دەكرێ} و، فشاری دەخرێتە سەر بۆ فرۆشتنی شتێك، ئەمە دوو حاڵەتی هەن:

یەكەمیان: ئەو شتە كە ناچار دەكرێ، بیفرۆشێ، بۆ هەقێك بێ، كە لەسەری پێویستە، {كابرا قەرزێكی لەسەرە، قەرزی كەسێك دێ، دەڵێ: دەبێ ئەو شتە بفرۆشی، (ئەو ماڵە، ئەو خانووە، ئەو سەیارە)، قەرزەكەم بدەیەوە}[٢]، ئەوە فرۆشتنەكەی مادام بە نرخی خۆی بێ و بەڕێ و جێ بێ، وەك شەرعزانان دەڵێن: فرۆشتنەكەی ڕەوایەو، نابێ تێیدا بگەڕێتەوە، چونكە بۆ دانەوەی هەقێك خاوەنەكەی شتەكە دەفرۆشێ، {كە قەرزاریەتی} كە بەبێ فرۆشتنیش پابەند بوو بیداتەوە، ئنجا كە ئەمەی نەكردوە، ئێستا فرۆشتنەكە بە هەڵبژاردنی خۆیەتی، مولزەمە كە ئەنجامی بدات.

دووەمیان: ئەوەیە كەسێك ناچار بكرێ بە فرۆشتنی شتێك، بە ستەم و ناچاركران، بێ ئەوەی هەقی كەسی لەسەر بێ، ئەو فرۆشتنە ئەو مامەڵەیەی كە بە تۆبزیی پێی دەكرێ، لەسەری تێناپەڕێ، {واتە: لەسەری حیساب ناكرێ} و، خۆی خاوەنی كەلوپەلەكەیەتی كە بە تۆبزیی پێی فرۆشراوەو، كەلوپەلەكەی خۆی، هەر كاتێك دەستی كەوت دەیباتەوە لای خۆی، بابای كڕیاریش كە پارەی پێداوە، پێی دەگوترێ: بچۆ پارەكەت لەو ستەمكارە بستێنەوە، كە كاتی خۆی شتەكەی لێ ستاندوە.

بڕگەی هەشتەم: هەر (القُرطُبي) باسی بابەتێكی دیكە دەكات، دەڵێ:

(وَأَمَّا نِكاح المُكْرَه، فَقَالَ سُحْنُون: أَجْمَعَ أَصْحَابُنا عَلَى إِبْطَالِ نِكاحِ المُكرَه وَالمُكْرَهَةِ، وَقَالُوا: لاَ يَجُوزُ المُقَامُ عَلَيْهِ، لأَنَّهُ لَمْ يَنْعَقِدْ، قَالَ مُحَمَّدُ بْنُ سُحْنُون: وَأَجَازَ أَهْلُ العِرَاقِ نِكاحَ المُكْرَه، وَقَوْلُهُمْ خِلاَفُ السُّنّة الثَّابِتة فِي حَدِيث خَنْساءِ بنْتِ خِذَامِ الأَنْصَارِية، وَلأَمْرِهِ ﷺ بالإِستِئْمَارِ فِي أَبْضَاعِهِنَّ، فَلاَ مَعْنَى لِقَوْلِهِم)[٣].

---

(١) جامع لأحكام القرآن: ج ١٠، ص ١٥٢.

(٢) نێوان كەوانەكان زیادەی خۆمە.

(٣) ج١٠، ص١٥٢.

www.alibapir.net

واتە: بەڵام کەسێك کە بە تۆبزیی ژنێکی لێ مارە دەکرێ، یاخود ژنێك بە تۆبزیی مارە دەکرێ لە پیاوێك (**سُحْنُون**) گوتوویەتی: هاوەڵانی ئێمە هەموو یەکدەنگن لەسەر ئەوە، کە بابای ناچارکراو لەسەر هاوسەرگیریی، هاوسەرگیرییەکەی بە تاڵە، ئنجا چ پیاو بێ، بە زۆریی هاوسەرگیریی پێ بکرێ، چ ئافرەت بێ بە زۆریی بە شوو بدرێ و بە تۆبزی بەبێ ئەوەی ڕای خۆی لەسەر بێ، گوتوویانە: دروستیش نیە، لەسەر ئەو هاوسەرگیرییە بەردەوام بن، چونکە دانەمەزراوە، موحەممەدی کوڕی سوحنون، دەڵێ: بەڵام زانایانی عێراق هاوسەرگیریی بابای ناچارکراویان بە دروست داناوە، بەڵام قسەکەیان پێچەوانەی سوننەتی چەسپاوە لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ، کە ئافرەتێك بە ناوی (**خَنْساء بِنْتِ خِذَام الأَنْصارِية**)یە {دەچێتە لای پێغەمبەر ﷺ دەڵێ: بابم منی بە شوو داوە[١]، (واتە: منی داوە بە برازایەکی خۆی، کە دەکاتە ئامۆزای کچەکە، منیش پێم ناخۆشە)، پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: ئەوەی کە بابت کردوویەتی، هەڵمانوەشاندەوە}[٢]، هەروەها لەبەرئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردوە، کە ئافرەتان ڕاوێژیان پێ بکرێ، دەربارەی بەشوودانیان و، هاوسەرگیرییان، بۆیە قسەکەیان هیچ مانایەکی نیە. {واتە: قسەی عێراقییەکان کە مەبەستی پێی مەزهەبی ئەبوو حەنیفەیە، هیچ واتایەکی نیە بگوترێ: کەسێك بە زۆریی هاوسەرگیری پێ کرابێ، هاوسەرگیرییەکەی لەسەر دەچەسپێ}.

ئەوە بە نسبەت ئەصڵی هاوسەرگیریی.

(**فَإِنْ وَطئَهَا المُكْرَهُ عَلَى النِّكاحِ غَيْرَ مُكرهٍ عَلَى الوَطءِ وَالرِّضَا بالنِّكاحِ، لَزِمَهُ النِّكاحُ عِنْدَنا عَلَى المُسَمَّى مِنَ الصَّدَاقِ وَدُرِئَ عَنْهُ الحَدُّ، وَإِنْ قَالَ: وَطِئْتُها عَلَى غَيْرِ رِضاً مِنِّي بالنِّكاحِ، فَعَلَيْهِ الحَدّ وَالصَّدَاق المُسَمَّى، وَتُحَدُّ المَرْأَةُ إِنْ أَقْدَمَت وَهِيَ عَالِمَة أَنَّهُ مُكْرَهٌ عَلَى النِّكاحِ، وَأَمَّا المُكرهَة عَلَى النِّكاحِ وَعَلَى الوَطءِ، فَلاَ حَدَّ عَلَيْهَا وَلَهَا الصَّدَاقُ، وَيُحَدُّ الوَاطِىءُ**)[٣].

واتە: ئنجا ئەگەر کەسێك کە ناچار کراوە لەسەر هاوسەرگیریی، {ئەگەر پیاوە، ئەگەر ئافرەتە}، ئەگەر چووە لای ئافرەتەکە و، لەگەڵی جووت بوو، بەڵام بۆ لەگەڵی جووت بوونەکە زۆری لێنەکرابوو، دواییش کە زۆری لێکرا، لەسەر هاوسەرگیرییەکە، ڕازی بوو بوو، ئەوە ئەو هاوسەرگیرییەی لەسەر حیساب دەبێ و، دەچێتە ئەستۆیەوە، دەبێ ئەو ئەندازە

---

(١) {عَنْ خَنْسَاءَ بِنْتِ خِذَامٍ الأَنْصَارِيَّةِ أَنَّ أَبَاهَا زَوَّجَهَا وَهْيَ ثَيِّبٌ، فَكَرِهَتْ ذَلِكَ، فَأَتَتْ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَرَدَّ نِكَاحَهُ} أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ: ٤٨٤٥.

(٢) نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە.

(٣) ج ١٠، ص١٥٣.

www.alibapir.net

مارەییەی کە ناوی هێنراوە، بیدات بە ئافرەتەکە، مارەییەکەشی دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام سزای لەسەر لادەچێ، بەڵام ئەگەر پیاوەکە بڵێ: من لەگەڵی جووت بووم، بەبێ ئەوەی کە من خۆم بە هاوسەرگیرییەکە ڕازی بم، (واتە: بە هاوسەرگیرییەکە ڕازی نەبووم، بەڵام بە ویستی خۆم لەگەڵی جووت بووم)، ئەوە سزاشی لەسەرە و، دەبێ مارەییەکەش بدات، هەروەها ئافرەتەکەش ئەگەر زانیبێتی: ئەو پیاوە ناچارکراوە لەسەر هاوسەرگیریی، بەڵام ئافرەتەکە خۆی دەست پێشخەر بێ بۆ جووت بوون، ئەویش دیسان سزا دەدرێ، {سزای شەرعیی دەکەوێتە سەری}، بەڵام ئافرەتێك کە ناچارکرا بێ لەسەر هاوسەرگیریی و، دواییش ناچارکرا بێ لەسەر جووت بوون، ئەوە سزای لەسەر نیە، بەڵام مارەیی خۆی دەکەوێ و، ئەو کەسەش کە لەگەڵی جووت بووە، دەبێ سزا بدرێ.

منیش هیچ ئیشکالێکم لەسەر ئەو ڕایە نیە و، پێم وایە لەگەڵ دەقەکان و ڕووحی شەریعەت دا، چاك دێتەوە.

برگەی نۆیەم: ئافرەت ئەگەر بە زۆر زینای لەگەڵ بکرێ، سزای لەسەر نیە، لەبەر فەرمووودەی خوا: ﴿ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُۥ مُطْمَئِنٌّۢ بِٱلْإِيمَٰنِ ﴾، ئنجا ئەگەر لەسەر کوفر ناچار بکرێ، بۆی هەبێ کوفر بڵێ و، سزای لەسەر نەبێ، بێگومان ئەگەر ناچاریش بکرێ، زینای لەگەڵ بکرێ، سزا نادرێ:

لەبەرئەوەی خوا لە سوورەتی (النور)دا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تُكْرِهُوا۟ فَتَيَٰتِكُمْ عَلَى ٱلْبِغَآءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِّتَبْتَغُوا۟ عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَمَن يُكْرِههُّنَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ مِنۢ بَعْدِ إِكْرَٰهِهِنَّ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ٣٣ ﴾، واتە: کچەکانتان (کە لێرەدا مەبەست پێی کەنیزەکەکانە)، ئەگەر ویستیان خۆیان پاك ڕابگرن، ئێوە ناچاریان مەکەن، لەسەر داوێن پیسیی و، هەر کەسێك ناچاریان بکات، بێگومان خوا دوای ناچارکرانیان، لێبووردەی میهرەبانە.

هەڵبەتە خوا کە دەفەرموێ: ﴿ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا ﴾، واتە: لە حاڵێکدا کە ئەوان داوێن پاکییان دەوێ و خۆ پاکڕاگرتنیان دەوێ، ئێوە داوێن پیسییان پێ مەکەن، بە ناچاریی، مانای وانیە کە ئەگەر ئەوان خۆیان بەدوای داوێن پیسیدا گەڕان، ئێوەش داوێن پیسییان پێ بکەن! نا، بەڵکو ئەمە بۆ دەرخستنی ناقۆڵایی و ناشیرینی هەڵویستی کەسێکە، کە کەنیزەکەکەی خۆی، لە حاڵێکدا کە دەیەوێ خۆی پاك ڕاگرێ، کەچی ئەو ناچاری دەکات لەسەر داوێن پیسیی، بۆ ئەوەی ناشیرینی و ناقۆڵایی هەڵویستەکەی ئەو دەربخات، ئەگەرنا بێگومان ئەوان ئەگەر نەشیانەوێ خۆیان پاك ڕابگرن، خاوەنەکەیان هەر بۆی نیە، داوێن پیسییان پێ بکات.

www.alibapir.net

هەروەها لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموێ: {إِنَّ اللَّـهَ تَجَاوَزَ عَـنْ أُمَّتِـي: الْخَطَـأَ، وَالنِّسْـيانَ، وَمَـا اسـتكرهُوا عَلَيْـهِ} (أَخْرَجَـهُ اِبْـنُ مَاجَـهْ: ٢٠٤٣، وَصَحَّحَـهُ الألبـاني في «صحيح الجامـع»: ١٧٣١).

واتـە: خـوا چاوپۆشـیی کـردوە لـە ئوممەتـم، لەسـەر شـتێك کـە بەهـۆی هەڵـەوە، یـان بەهـۆی لەبیرچوونـەوەوە، یاخـود بـە ناچاریـی پێیـان دەکـرێ، ئەنجامـی بـدەن.

(القُرطُبي) دەڵـێ: (والعُلَمَاءُ مُتَّفِقُونَ عَلَى أَنَّـهُ لاَ حَـدَّ عَلَى امْرَأَةٍ مُستكرهة)[١]، واتـە: زانایـان لەسـەر ئـەوە یەکدەنگـن: کـە ئافرەتێـك زۆری لێکرابـێ، سـزای لەسـەر نیـە، واتـە: زۆری لێکرابـێ بـۆ داوێـن پیسـیی.

برگـەی دەیـەم: (وَاخْتَلَفُـوا فِي وُجُـوبِ الصَّـدَاقِ لِلْمُسْـتَكْرَهَةِ: فَقَـالَ عَطَـاءُ وَالزُّهْـرِيُّ: لَهَـا صَـدَاقُ مِثْلِهَـا، وَهُـوَ قَـوْلُ مَالِـك وَالشَّـافِعِي وَأَحْمـد وَإِسْـحَاق وَأَبِي ثَـورٍ، وَقَـالَ الثَّـوْرِيُّ: إِذَا أُقِيـم الحَـدُّ عَـلَى الَّـذِي زَنَى بِهَـا بَطَـلَ الصَّـدَاقُ، وَرُوِيَ ذَلِـكَ عَـنِ الشـعبي، وَبِـهِ قَـالَ: أَصْحَـابُ مَالِـك وَأَصْحَـابُ الـرَّأْيِ، قَـالَ: ابْـنُ المُنْـذِر: القَـوْلُ الأَوَّل: صَحِيـحٌ).

واتـە: زانایـان ڕاجیـان لەسـەر ئـەوە کـە: ئایـا ئافرەتێـك ناچارکـرا بـێ لەسـەر زینـا، مارەیـی دەکـەوێ و، بـۆی پێویسـت دەبـێ یـان نـا؟ (عَطَـاء والزُّهْـرِي) دەڵێـن: مارەیـی هـاو وێنـە (مهر المثل)ی هەیـە، (واتـە: هـاو وێنـەی ئـەو لـە خزمـانی کـە هاوکـوفی ئـەون، چەندیـان مارەیـی بـۆ دانـراوە ئەویـش دەبـێ ئەوەنـدەی پـێ بـدرێ)، ئەمـە قسـەی (مالیـك و ئیسـحاق و شـافیعیی و ئەحمـەد و ئەبـوو ئـەورە)، بـەڵام (الثوري) دەڵـێ: ئەگـەر ئـەو کەسـە کـە زینـای کـردوە، لەگـەڵ ئـەو ئافرەتـەدا، کـە ناچـار کـراوە، سـزادرا، ئـەو کاتـە مارەییەکـەش بەتـاڵ دەبێتـەوە، چونکـە سـزای خـۆی وەرگرتـوە، ئەمـە لـە (الشعبي)یشـەوە گێردراوەتـەوەو، هـاوەڵانی مالیـك و خاوەنانـی ڕەئـی، {واتـە: ئەبـوو حەنیفـەو هـاوەڵانی ڕەحمـەتی خوایـان لـێ بـێ}، ئەوانیـش هـەر بۆچوونیـان وایـە، بـەڵام (إِبْـنُ المُنْـذِر) دەڵـێ: قسـەی یەکـەم ڕاسـتە.

کەواتـە: دەبـێ بابـای زینـاکار بـە زۆرکـردن لـە ئافرەتەکـە، سـزا بـدرێ و، دەبـێ مارەییـش بـدات بـە ئـەو ئافرەتـەی بـە زۆر زینـای لەگـەڵ کـردوە.

برگـەی یازدەیـەم: (إِذَا أُكْـرِهَ الإِنْسَـانُ عَـلَى إِسْـلاَمِ أَهْلِـهِ لِـمَا لَـمْ يَحِـلّ، أَسْـلَمَهَا، وَلَـمْ يَقْتُـلْ نَفْسَـهُ دُونَهَـا، وَلاَ احْتَمَـلَ أَذِيـةً فِي تَخْليصهـا، وَالأَصْـلُ فِي ذَلِـكَ مَـا خَرَّجَـهُ البُخَـارِيُّ:

---

(١) الجامع لأحكام القُرآن: ج ١٠، ص١٥٣.

www.alibapir.net

{عَنْ أَبِي هُرَيْـرَةَ ﷺ، قَـالَ: قَـالَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ: هَاجَـرَ إِبْرَاهِيـمُ بِسـارَةَ، وَدَخَـلَ بِهَـا قَرْيَـة فِيهَـا مَلِكٌ مِـنَ الْمُلُـوكِ، أَوْ جَبّارٌ مِـنْ الْجَبابِـرَة، فَأَرْسَـلَ إِلَيْـهِ أَنْ أَرْسِـلْ إِلَيَّ بِهَـا، فَقَـامَ إِلَيْهَـا، فَقَامَـتْ تَتَوَضَّـأُ وَتُصَـلِّي، فَقَالَـتْ: أَللَّهُـمَّ إِنْ كُنْـتُ آمَنْـتُ بِـكَ وَبِرَسُـولِكَ، فَـلاَ تُسَـلِّطْ عَـلَيَّ الْكافِـرَ، فَغُـطَّ حَتَّـى رَكَـضَ بِرِجْلِـهِ} (أَخْرَجَـهُ البُخَـارِيُّ: ٦٨٣٠، وَمُسْـلِم: ١٦٩١)[1].

واتـە: ئەگـەر کەسـێك ناچـار کـرا: هاوسـەری خـۆی تەسـلیم بـکات بـە کەسـێکی دیکـە، بـۆ شـتێك کـە ڕەوا نیـە، {مەبەسـتی پـێ ئەوەیـە: کـە لەگەڵـی ڕابوێـرێ و داوێـن پیسـی لەگـەڵ دا بـکات}، ئـەوە دەبـێ تەسـلیمی بـکات، ئەگـەر ناچـار کـراو، لەسـەری پێویسـت نیـە، خـۆی بەکوشـت بـدات، {وەك بەرگریـی لێکـردنی} هەروەهـا لەسـەریشی پێویسـت نیـە، کـە خـۆی تـووشی ئـازارو ئەشـکەنجە بـکات، بـۆ ئـەوەی دەربـازی بـکات، بەڵگـەو بناغـەش لـەوەدا ئەوەیـە، کـە بوخاریـی هێناویـەتی:

ئەبـو هورەیـرەوە خـوا لێـی ڕازی بـێ، گوتوویـەتی: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی: ئیبراهیـم کۆچـی کـردو، سـارای لەگـەڵ خـۆی بـردو، چـووە ئاوەدانییەکـەوە کـە پادشـایەکی لێبـوو، لـە پادشـایان (یاخـود سـتەمکارێك لـە سـتەمکارەکان)، وەڵامـی بـۆ ئیبراهیـم نـارد: ئـەو ئافرەتـەم بـۆ بنێـرە، ئەویـش بـۆی نـارد (سـارای بـۆ نـارد)، کابـرا هەڵسـا بـۆی {واتـە: هەڵسـا بـۆ سـارا، دیـارە بـۆ خراپـە لەگـەڵ کـردنی}، سـاراش هەڵسـا دەسـت نوێـژی گـرت و دەسـتی کـرد بـە پاڕانـەوە، گـوتی: ئـەی خوایـە! ئەگـەر مـن بـڕوام بـە تـۆ و بـە پێغەمبەرەکـەت هێنـاوە، ئـەم کافـرەم بەسـەردا زاڵ مەکـە، {مەهێڵـە دەسـتدرێژیم لـێ بـکات}، ئیـدی کابـرا لـە هـۆش خـۆی چـوو، کەوتـە پەلەکوتـە.

(**القرطبـي**) زۆربـەی حوکمـە شـەرعییەکان لـە (**إبـن العـربي**) وەردەگـرێ، ئنجـا ئـەم بەسـەرهاتە (**إبـن العـربي المالـكي**) لـە کتێبـی: (**أحـكام القـرآن**)دا[2]، ئەویـش هێناویـەتی.

بـەڵام مـن دەڵێـم: بـە هیـچ جۆرێك ئـەوەم ناچێتـە عەقـڵ و دڵـەوەو، بـە زۆر لەخۆکردنیش پێـم هـەزم ناکـرێ و، پێـم وایـە ئـەم[3] حوکمـە، پێچەوانـەی کـۆی ئـەو ئایـەت و فەرموودانەیـە کـە فەرمـان بـە مرۆڤـی بـڕوادار دەکـەن خـاوەنی عیـززەت بـێ و، ملکەچیـی قبـووڵ نـەکات و، زەبوونیـی قبـووڵ نـەکات، ئـەدی چـۆن کەسـێك تەعـدای نامووسـی لـێ بکـرێ! (**القرطبي**)یـش

---

(١) جامع لأحكام: ج ١٠، ص ١٥٣.

(٢) ج ٣، ص ١٦٥.

(٣) ئەو حوکمەی (القرطبي) لە (ابن العربي) یەوە هێناویەتی.

www.alibapir.net

بڵێ: لەسەری پێویست نیە، کە نەك خۆی لەنێو ببات، بەڵکو خۆی تووشی ئەزیەتیش بکات بۆ دەربازکردنی !!، بە ڕاستیی ئەمە قسەیەکی بێجێیەو، زۆریشم پێ سەیرە کە هەم (**إبن العربي**) هێناویەتی، هەم (**القرطبي**)یش! دوایش هەم ئەوانەی کە کتێبەکەی (**إبن العربي**)یان چاپ کردوە، هەم ئەوانەی کە تەفسیرەکەی (**القرطبي**)یان چاپ کردوە، واتە: (**مُحَقّق**)ەکان، هیچ تەعلیقیان لەسەر ئەو قسەیە نەداوە !! کە بێگومان ئەوە حوکمێکی بێجێیە، ئنجا ئەوە کە بەسەرهاتەکەی ئیبراهیم دەکەنە بەڵگەی ئەو قسەیە، لەوبارەوە دەڵێم: یان دەبێ ئەو دەقە لە بنەڕەتەوە ڕەد بکەینەوەو بڵێین: پێغەمبەر ﷺ شتی وای نەفەرمووە، یان بڵێین ئیبراهیم عليه السلام بەڵێ چووە بۆ میسر - چونکە ئەو شوێنە مەبەست پێی میصرە، وەك لە بەسەرهاتی ئیبراهیمدا بە تەفصیل باسمان کرد -، هەروەها ساراخانیشی پێ بووەو، دەشگونجێ ئەو ستەمکارەش لە دوای نارد بێ، بەڵام خوا ﷻ دڵنیای کردۆتەوە کە سارا سەلامەت دەبێ و، سەربەرزانە دەردەچێ، بەڵکو بۆ ئیبراهیمیش بە خێر دەگەڕێ، کە (**هاجر**)یش وەك دیاریی و خەڵاتێك دەدات بە (**سارا**) و، دواییش لە (هاجەر)ە ئیسماعیلیشی دەبێ، واتە: ئیبراهیم عليه السلام دەبێ دڵنیا بوو بێ لەوە، ئەگەرنا نە لە ئیبراهیم، نە لە مسوڵمانێکی عادەتیش ناوەشێتەوە، چ جای لە (**خلیل اللّە**)!! کە بزانێ کەسێك تەماعی لە هاوسەری کردوە، کەچی - بەبێ دڵنیایی پێدان لەلایەن خواوە کە سەلامەت دەبێ - هیچ کاردانەوەیەکی نەبێ !

بۆیە بەڕاستیی زۆر لەسەر دڵم قورسە، کە مرۆڤ شتێکی ئاوا لەو تەفسیرانەدا دەبینێ، کە زانایانیش نەقڵیان کردوە، جیل بە جیل، تاکو گەیشتۆتە دەستی ئێمە، وەك گوتم: ئەوانەش کە تەفسیری (**القرطبي**)یان تەحقیق کردوە، هیچ هەڵوەستەیەکیان لە بەرانبەریدا نەبووە، هەروەها ئەوانەی (**أحكام القرآن**)ی (**إبن العربي**)شیان چاپ و تەحقیق کردوە، هیچ هەڵوەستەیەکیان لە بەرانبەر ئەو قسەیەدا نەکردوە !! کە بێگومان ئەو قسەیە شتێکی پێچەوانەیە لەگەڵ ڕووحی شەریعەتداو، لەگەڵ پایەی بەرزی پێغەمبەراندا (**علیهم الصلاة والسلام**) ئنجا ئیبراهیم عليه السلام ئەگەر بەرگریی لە هاوسەرو ناموسی خۆی نەکات و، لەسەری خۆی نەخاتە ئەزیەتیشەوە، چ جای خۆی بە کوشت بدات! پێموایە ئەوە ڕێك پێچەوانەی عیززەت و جوامێریی و نەفس بەرزییە، کە بۆ هەر بڕوادارێك پێویستە، چ جای بۆ پێغەمبەران (**علیهم الصلاة والسلام**).

www.alibapir.net

بڕگەی دوازدەیەم: باسی سوێند دەکات و، دەڵێ:

(وَأَمَّا يَمِين المُكرَه فَغيرُ لازِمَة عِنْدَ مَالِك والشَّافِعِي وَأَبِي ثَور وَأَكْثَرُ العُلَمَاء، سَوَاءٌ حُلِّف عَلَى مَا هُو طَاعَةٌ أَو مَعْصية، وَقِيلَ: إِنْ حُلِّفَ مُكْرَهاً عَلَى مَا هُوَ مَعْصِية، أَو لَيْسَ فِيهِ طَاعَةٌ وَلاَ مَعْصِيةٌ فيهِ، ساقِطةٌ، وَإِنَّ أُكرهَ عَلَى اليَمِينِ، فِيمَا هُوَ طَاعَةٌ، مِثْلُ أَنْ يأخُذ الوَالِي رَجُلاً فَاسِقاً فَيُكرِهَهُ عَلَى أَن يَحْلِفَ بالطَّلَاقِ: لا يَشْرَبُ خَمْراً، وَلاَ يفسُقُ، وَلاَ يَغُشُّ فِي عَمَلِهِ، أَو الوالد يُحَلِّفُ وَلَدَهُ تَأْدِيباً لَهُ، فَإِنَّ اليَمين تَلْزَمُ، قَالَ ابْنُ العَرَبِي: وَمِنْ غَرِيبِ الأَمْر أَنَّ عُلمَاءَنا اخْتَلَفُوا فِي الإِكراهِ عَلَى الحِنْثِ هَلْ يَقَعُ بِهِ، أَم لاَ؟ وَهَذِهِ مَسأَلَة عِرَاقِية سَرَتْ إِلَينا مِنْهُمْ... أَيُّمَا فَرْقٍ يا مَعْشَرَ أَصْحَابنا! بَيْنَ الإِكراهِ عَلَى اليَمِينِ فِي أَنَّهَا لا تَلْزَمُ، وَبَيْنَ الحِنْثِ فِي أَنَّهُ لاَ يَقَعُ! فَاتَّقُوا اللَّه وَرَاجِعُوا بصائِرَكُمْ، وَلاَ تَغْتَرُّوا بِهَذِهِ الرِّوَايَة، فَإِنَّهَا وَصْمَةٌ فِي الدِّرَايَة).

واتە: بەڵام سوێندی بابای ناچارکراو، کە بە زۆر سوێند دەدرێ، (پێی بگوترێ: سوێند بخۆ کە دەبێ ئاوا بکەی، یان سوێند بخۆ کە ئاوا ناکەی)، سوێندەکەی ناکەوێتە سەرو پێوەی پابەند ناکرێ لە لای: (مالك والشافعي وأبو الثور)و زۆربەی زانایان، یەکسانە ئەو سوێند پێ خورانە، لەسەر شتێك بێ، کە فەرمانبەرییە بۆ خوا و، لە سنووری شەرعدا دەبێ، یاخود شتێك بێ کە سەرپێچیی بێ، بەڵام هەندێك گوتوویانە: ئەگەر لەسەر شتێك سوێند درا بە ناچاریی کە گوناهە، یان شتێك بێ نە فەرمانبەریی بێ نەگوناهـ بێ، ئەوە سوێندەکەی ناکەوێتە سەر، بەڵام ئەگەر لەسەر شتێك ناچار کرا، سوێند بخوا، کە فەرمانبەرییە، بۆ وێنە: حوکمڕانێك پیاوێکی خراپەکار ناچار بکات کە سوێند بە تەڵاق بخوات: شەڕاب ناخواتەوە لەمەودوا، یاخود زینا ناکات، یاخود لەو کارەی کە پێی دەسپێردرێ، خیانەت و موخەننەتیی ناکات، یاخود باب ئەگەر منداڵەکەی خۆی سوێند بدات {کوڕ بێ، یان کچ بێ} بۆ ئەوەی تەمبێ (تأديب)ی بکات، ئەوە سوێندەکەیان دەکەوێتە سەر.

(إبن العربي) لە (أحكام القرآن)ەکەی خۆیدا کە (القرطبي) لێیەوە دەخوازێتەوە[1]، دەڵێ: شتێکی سەیر هەیە لێرەدا کە هەندێ لە زانایانمان ڕاجیاییان هەیە، لەوەدا کە کەسێك ناچار بکرێ لەسەر سوێند شکاندن، (سوێندی خواردوە لەسەر شتێ، ناچار بکرێ و سوێندەکەی بشکێنێ) ئایا سوێند شکاندنەکەی دەکەوێ، یان ناکەوێ؟ ئەمە مەسەلەیەکی عێراقییە، {واتە: لە ئەبوو حەنیفەو هاوەڵانیەوە} بۆ ئێمە هاتوە، ئەگەرنا

---

(١) ج ١٠، ص ١٥٤.

www.alibapir.net

ئەی هاوەڵانمان! (واتە: ئەی شوێنکەوتووانی مەزهەبی مالیك !)، جیاوازیی چیە لە نێوان ئەوەدا کە ئینسان ناچار بکرێ لەسەر سوێند کە پێیەوە پابەند نەکرێ، یاخود پابەند بکرێ، یانی: لەسەر شکاندنی سوێندەکەی: کە ئایا دەکەوێ، یان ناکەوێ ؟

{منیش دەڵێم: قسەکەی جوانە: مادام ڕاتان وابێ کە: ئەگەر ناچار بکرێ سوێند بخوات سوێندەکەی نەکەوێتە سەر، دەبێ ئەگەر ناچاریش بکرێ تاکو سوێندێکی بشکێنێ ئەنجامەکەی نەکەوێتە سەرو پێویستی نەدەکرد ڕاجیایی بکەن}، ئنجا پارێز لە خوا بکەن و چاو بە عەقڵی خۆتاندا بگێڕنەوەو، بەو ڕیوایەتە فریو مەخۆن، چونکە ئەوە پەڵەیە بە عەقڵ و تێگەیشتنەوە.

واتە: وەرگرتنی ئەو ڕیوایەتە، نوقسانییە لە عەقڵی کەسێکدا کە بڕوا بە ڕیوایەت و قسەی ئاوا دەکات، قسەکەشیم پێ جوانە: چونکە جیاوازیی لە نێوان سوێند پێخوران بە ناچاریی و، بە تۆبزیی سوێند پێ شکێنران دا نیە.

برگەی سیێزدەیەم: (**إِذَا أُكْرِهَ الرَّجُلُ عَلَى أَنْ يَحْلِفَ، وَإِلاَّ أُخِذَ لَهُ مَالٌ، كَأَصْحَابِ المَكْسِ وَظَلَمَةِ السُّعَاة وَأَهْلِ الإِعْتِدَاء، فَقَالَ مَالِكُ: لاَ تَقِيَّةَ لَهُ فِي ذَلِكَ، وَإِنَّمَا يَدْرَأُ المَرْءُ بِيَمِينِهِ عَنْ بَدَنِهِ لاَ مَالِهِ، وَقَالَ ابْنُ المَاجشون: لاَ يَحْنُثُ وَإِنْ دَرَأَ عَنْ مَالِهِ، وَلَمْ يَخَفْ عَلَى بَدَنِهِ، وَقَالَ ابْنُ القَاسِم بِقَوْلِ مُطَرِّف، وَرَوَاهُ عَنْ مَالِك، وَقَالَهُ ابْنُ عَبْدالحَكَم وَأَصْبَغ، وقَوْلُ ابْنُ المَاجشون صَحِيحٌ، لأَنَّ المُدَافَعَة عَنِ المَالِ كالمُدَافَعَةِ عَنِ النَّفْس، وَهُوَ قَوْل الحَسَنِ وَقَتَادَةَ**).

واتە: ئەگەر پیاوێك ناچارکرا لەسەر ئەوەی کە سوێند بخوات، دەنا ماڵێکی لێ بستێنرێ، بۆ وێنە: ئەوانەی کە گومرگ بە زۆر دەستێنن، یان ئەوانەی بە زۆر زەکات کۆ دەکەنەوە، یان ئەوانەی بە زۆری دەستدرێژیی دەکەنە سەر کەسێك {دەڵێن: ئەو سوێندەمان بۆ نەخۆی ئەو ماڵەت لێ دەستێنین}، (مالیك) گوتوویەتی: لەوەدا نابێ سوێند بخوات و، دەبێ ماڵەکەیان بداتێ، چونکە سوێند خواردنی بە ناچاریی، تەنیا بۆ ئازار دوورخستنەوە لە جەستەی، یاخود مەترسیی مەرگ لە خۆی دووربخاتەوە، ڕەوایە، نەك لە ماڵ و سامانەکەی، بەڵام (**إبن الماجشون**) دەڵێ: ئەگەر سوێندیشی بە ناچاریی پێ بخورێ بۆ بەرگریی کردن لە ماڵ و سامانەکەی، گوناهبار نابێ و، سوێندیشی ناکەوێتە سەرێ، با لە جەستەی خۆیشی نەترسێ، (**إبن القاسم**)یش هەروەك موتڕەف قسە دەکات { کە یەکێکە لە زانایان} و، لە مالیکیشەوە گێڕاویەتەوەو، (**إبن عبدالحكم**) و (**أصبغ**) یش، هەروایان گوتوە، (**القرطبي**)ش دەڵێ: قسەی (**إبن الماجشون**) ڕاستە، چونکە بەرگریی

www.alibapir.net

کردن لە ماڵ و سامان، وەك بەرگریی کردنە لە نەفس و، ئەمە قسەی حەسەنی بەصڕایی و قەتادەشە، ڕەحمەتی خوایان لێبێ.

ئنجا لەوبارەوە ئەم فەرموودەیەش دێنێ: {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَقَالَ: يا رَسُولَ اللَّهِ! أَرَأَيْتَ إِنْ جَاءَ رَجُلٌ يُرِيدُ أَخْذَ مَالِي؟ قَالَ: فَلاَ تُعْطِهِ مَالَكَ، قَالَ: أَرَأَيْتَ إِنْ قَاتَلَنِي؟ قَالَ: قَاتِلْهُ، قَالَ: أَرَأَيْتَ إِنْ قَتَلَنِي؟ قَالَ: فَأَنْتَ شَهِيدٌ؟ قَالَ: أَرَأَيْتَ إِنْ قَتَلْتُهُ؟ قَالَ: هُوَ فِي النَّارِ} (أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ: ١٤٠).

واتە: ئەبوو هوڕەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە، دەڵێ: پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەگەر پیاوێك هات ویستی ماڵ و سامانەکەم لێ بستێنێ چی بکەم؟ فەرمووی: ماڵ و سامانەکەتی مەدەیە، گوتی: ئەدی ئەگەر جەنگی لەگەڵ کردم؟ فەرمووی: تۆش شەڕی لەگەڵ بکە، گوتی: ئەدی ئەگەر ئەو منی کوشت؟ فەرمووی: تۆ شەهیدی، گوتی: ئەدی ئەگەر من ئەوم کوشت؟ فەرمووی: ئەو لە ئاگردایە، (واتە: ئەو بە هیلاك دەچێ).

کەواتە: ئەم فەرمایشتە ئەوە یەکلایی دەکاتەوە، کە لە بڕگەی سێزدەیەمدا هات و، مرۆڤ بە هەر جۆرێك ناچار بکرێ، چ لەسەر شتێك زیانی جەستەی تێدا بێ، چ زیانی ماڵیی تێدا بێ، ناچێتە ژێر باری ئەو ناچارکرانەو هیچی ناکەوێتە سەر، با سوێندیشی لەسەر خوارد بێ، یان سوێندیشی لەسەر شکاند بێ.

بڕگەی چواردەیەم: (أَجْمَعَ العُلَمَاءُ عَلَى أَنَّ مَنْ أُكرِهَ عَلَى الكُفْرِ، فَاخْتَارَ القَتْلَ، أَنَّهُ أَعْظَمُ أَجْراً عِنْدَ اللَّهِ مِمَّن اخْتَارَ الرُّخْصَةَ، وَاخْتَلَفُوا فِيمَن أُكرهَ عَلَى غَيْرِ القَتْلِ، مِنْ فِعْلِ مَا لاَ يَحِلُّ لَهُ، وَهَذَا الحَديث دَلِيل مَنْ رَأَى أَنَّ العَزِيمَةَ وَاجِبٌ أَو أَفْضَل فِي الأَقَل: عَنْ خَبابِ بْنِ الأَرَتِّ ﷺ، قَالَ: شَكَوْنا إِلَى رسولِ اللَّه ﷺ وَهُوَ متَوَسِّدٌ بُرْدَةً لَهُ فِي ظِلِّ الكَعْبة، فقُلْنا: أَلاَ تَستنْصِرُ لَنا، أَلاَ تَدْعُو لَنا؟ فَقَالَ: قَدْ كانَ مَنْ قَبْلَكُمْ يُؤْخَذُ الرَّجُلُ فَيُحْفَرُ لَهُ فِي الأَرْضِ فَيُجْعَلُ فِيهَا، ثُمَّ يُؤْتَى بالمِنْشَارِ فَيُوضَعُ عَلَى رَأْسِهِ، فَيُجْعَلُ نصفَينِ، وَيُمْشَطُ بأَمْشَاطِ الحَديدِ، مَا دُونَ لَحْمِه وَعَظْمِهِ، مَا يَصُدُّهُ ذلِكَ عَنْ دِينِهِ، وَاللَّهِ لَيُتِمَّنَّ اللَّه هَذَا الأَمْر، حَتَّى يَسيرَ الرَّاكِبُ مِنْ صَنْعَاءَ إِلَى حَضْرَموتَ، لاَ يَخَافُ إِلاَّ اللَّهَ وَالذِّئْب عَلَى غَنَمِهِ، وَلَكِنَّكُمْ تَستعجِلُونَ} (أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ: ٣٦١٢).

واتە: زانایان لەسەر ئەوە یەك دەنگن، کە ئەگەر کەسێك لەسەر کوفر ناچار بکرێ، ئەویش ئەوە هەڵبژێرێ کە بکوژرێ، بەڵام کوفر نەکات، ئەوە پاداشتی لەلای خوا زۆر مەزنترە، لە کەسێك کە مۆڵەت وەردەگرێ و، کوفر دەکات و خۆی دەرباز دەکات، بەڵام

www.alibapir.net

کەوتوونـە ڕاجیایـی لـە: جگـە لـە کوشـتندا، ئەنجامـدانی کارێـك کـە بـۆی حـەڵاڵ نیـە، (واتـە: ئەگـەر بڵێـن: زینـا بکـە، یـان دزیـی بکـە، شـتێك بکـە کـە گوناهــ بـێ، بـەڵام کوفـر نەبـێ)، ئایا وا باشـە گوناهەکـە نـەکات و بکـوژرێ، یاخـود بـۆ ئـەوەی کوشـتن لـە خـۆی دووربخاتـەوە، گوناهەکـە بـکات؟ لـەوەدا ڕاجیاییـان هەیـە، ئـەم فەرموودەیـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوە کـە کارکـردن بـە عەزیمـەت و وەرنەگرتنـی مۆڵـەت باشـترە، بـەلای کەمـەوە.

خەببـابی کـوڕی ئـەڕەت ﷺ دەڵـێ: سـکاڵامان بـردە لای پێغەمبـەر ﷺ کـە لـەو کاتـەدا پاڵـی وە بوردەیـەکی دابـوو، لـە سـێبەری کەعبـەدا (عەبایەکـەی کـە بەسـەر شـان دادەدرێ، خـڕی کردۆتـەوە، وەك سـەرینێك)، گوتمـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا! ئایـا داوای یارمەتییـمان بـۆ لـە خـوا ناکـەی، ئایا بۆمـان ناپاڕێیـەوە؟ ئەویـش فەرمـووی: لـە (ئۆممەتـەکانی) پێـش ئێـوەدا پیـاوی وا دەهێـنرا، چاڵێـکی لـە زەوی بـۆ هەڵدەقەنـرا، لـەو چاڵـەدا دادەنـرا، دوای مشـار دەهێنرا لەسـەر سـەری دادەنـراو، بـە مشـار لەتیـان دەکـرد، دەیانکـردە دوو بـەش، هـی واش هەبـوو کـە بـە شـانەی ئاسـن گۆشـت و ئێسـقانیان لێـك جیادەکـردەوە، {ئەشـکەنجەدانێکی زۆر خـراپ}، کـە چـی ئـەوە لـە ئایینەکـەی هەڵینەدەگێڕایـەوە، سـوێند بـە خـوا، خـوا ئـەم ئایینـە تـەواو دەکات، تاکـو سـوارێك لـە صەنعـاوە دەچێتـە حەزرەمـەوت {ئەوانـە دوو دەڤـەری لێـك دوورن و هەردووکیـان لـە یەمەنـن} جگـە لـە خـوا لـە کـەس ناترسـێ و، مەگـەر مەترسـیی گورگیـشی هەبـێ لـە مەڕەکـەی، {واتـە: ئـاوا هێمنیـی و ئاسـایش سـەقامگیر دەبـێ}، بـەڵام ئێـوە پەلـە دەکـەن.

هەروەهـا ئـەو ڕووداوەی موسـەیلیەی درۆزن کـە پێشـتر هێنامـان و (**القرطبي**)یـش بـە ژمـارە: (٣٦٩٨)، هێناویـەتی، ئەویـش بەڵگەیـە.

دوایـی (**القرطبي**) دەڵـێ: (**وَهَـذِهِ حُجَّـةُ مَـنْ آثَـرَ الـضَرْبَ وَالقَتْـلَ وَالهَـوَانَ عَـلَى الرُّخْصَـة وَالمُقَـامِ بـدَارِ الجنـان**).

واتـە: ئەمـە بەڵگـەی ئـەو کەسـەیە کـە لێـدران و کـوژران و سـووکایەتیی پێکـران، هەڵدەبژێـرێ، بەسـەر ئـەوەدا کـە مۆڵـەت وەربگـرێ، بـۆ ئـەوە کـە نیشـتەجێ بـێ لـە مەنزڵـگای پـڕ بـاغ و بێسـتان و گـوڵ و گوڵـزاری بەهەشـتدا.

واتـە: ئـەوە هەڵدەبژێـرێ کـە بەهـۆی هەڵبـژاردنی عەزیمەتـەوە، لەوێـدا نیشـتەجێ بـێ، نـەك کار بـە مۆڵـەت بـکات.

www.alibapir.net

برگەی پازدەیەم: سنووری زۆر لێکران:

(القرطبي) دەڵێ: (**وَاخْتَلَفَ العُلَمَاءُ فِي حَدِّ الإِكراهِ: فَرُوِيَ عَنْ عُمَر أَنَّهُ قالَ: لَيْسَ الرَّجُلُ آمِنٌ عَلَى نَفْسِهِ إِذَا أَخَفْتَهُ أَو أَوْثَقْتَهُ أَو ضَرَبْتَهُ، وَقَالَ النَّخَعِيُّ: القَيْدُ إِكراه، والسِّجْن إِكراه، وَهَذَا قَوْلُ مَالِك، إلاَّ أَنَّهُ قَالَ: وَالوَعِيدُ المَخُوف إِكراه، وَإِنْ لَمْ يَقَعْ، إِذَا تَحَقَّقَ ظُلْمُ ذَلِكَ المُتَعَدِّي وَإِنْفَاذُهُ، لِمَا يَتَوَعَّد بِهِ**)[١].

واتە: زانایان ڕایان جیایە لە بارەی سنووری زۆر لێکرانەوە، لە عومەرەوە ﷺ، گێڕدراوەتەوە گوتوویەتی: کەسێك لەخۆی ئەمین نەبێ {بکوژرێ}، ئەگەر بترسێنرێ، یاخود بگیرێ، یاخود لێی بدرێ.

{یانی: مادام لەخۆی دڵنیا نەبێ، هەر کامێك لەوانە: گیران و ترسێنران و لێدران، ئەوە بە زۆر لێکران دادەنرێ}.

(**النخعي**)ش گوتوویەتی: کەلەپچە کران، هەروەها گیران و زیندانیی کران، بە زۆر لێکران دادەنرێن، ئەمە قسەی مالیکیشە، بەڵام مالیك گوتوویەتی: هەروەها هەڕەشەلێکرانێکی مەترسیداریش، بە زۆرلێکران دادەنرێ، با ئەو شتەی هەڕەشەشی پێ دەکات جارێ نەقەومابێ، مادام دڵنیا بێ لەوەی کە ئەو دەستدرێژکارە کە هەڕەشەکە دەکات، هەڕەشەکە جێبەجێ دەکات.

واتە: پێی بڵێ: ئەگەر ئەوە نەکەی، دەتکوژم، با جارێ هیچیشی لێ نەکردبێ، مادام دڵنیابێ لەوەی کە ئەنجامی دەدات، ئەوە بە زۆرلێکران دادەنرێ.

منیش ئەو قسەیەم پێ ڕاستە، کە مەرج نیە مرۆڤ بە کردەوە هێنرابێتە سەر کوژران، بەڵکو هەڕەشە لێکران، یاخود ئەو جۆرە فشار لێکرانانەی دیکە، ئەوانەش بە زۆر لێکران دادەنرێن.

بەڵام بێگومان ئەوەش هەر لە جێی خۆیەتی، کە مرۆڤ ئیش بە عەزیمەت بکات، باشترە لەوەی ئیش بە مۆڵەت بکات، ئنجا ئیشکردن بە مۆڵەتیش - وەك زۆربەی زانایان گوتوویانە - بۆ هەمووکەس نیە، هەرچەندە (**القرطبي**) باسی نەکردوە، بەڵام لە شوێنەکانی دیکەدا هاتوە، کە کەسێك خەڵك چاوی لێ بکات و پێشەواو پێشڕەوی خەڵك بێ و، سەرمەشقی خەڵك بێ، بۆی نیە ئیش بە مۆڵەت بکات و، دەبێ ئیش

---

(١) **الجامع لأحكام القرآن: ج ١٠، ص ١٥٧.**

www.alibapir.net

بـە عەزیمـەت بـكات، هەڵبەتـە ئەگـەر ئیـشی بـە مۆڵـەت كـرد، مـەرج نیـە گوناهبـار بـێ، بـەڵام گرنگـە ئەوەیـە: بـۆ كەسـێك كـە چـاوی لـێ دەكـرێ و دەكرێتـە سەرمەشـق، دەبـێ زیاتـر هـەوڵ بـدات ئیـش بـە عەزیمـەت بـكات و، لای قورسیـی بگـرێ، نـەك لای ئاسـانیی و سـووكیی.

بەسـەرهاتێكیش هەیـە لێـرەدا كـە خـاوەنی: (**محاسـن التأویـل**)[1]، تەفسیرەكەیدا هێناویـەتی، ئەویـش ئـەوە دەگرێتـەوە كـە ئیشـكردن بـە مۆڵـەت بـۆ كەسـێكیش كـە جێـی تەماشـا بـێ، بـە مەرجـێ بزانـێ ئـەو ئیشـكردن بـەو مۆڵەتـە، سـوودێكی گـەورەی هەیـە، بـۆ خـۆی و بـۆ كۆمەڵێـك لـە مسـوڵمانان، ئـەوەش هـەر دروسـتە: (**الحافـظ ابْـنُ عَسـاكر**) لـە كتێبەكـەی خۆیـدا لـە بـاسی (**عبـد اللّـه بـن حذافـة السَّـهمي**)دا، كـە یەكێـك بـووە لـە هـاوەڵان و، خەڵـكی مەدینـە بـووە خـوا لێیـان ڕازی بـێ، دەگێڕێتـەوە، دەڵـێ:

ڕۆمـەكان كۆمەڵێـك دیـل دەگـرن لـە هـاوەڵان یەكێكیـان عەبدوڵـڵای كـوڕی حوزافـەی سـەهمیی دەبـێ، ئایـا هیرەقـڵ بۆخـۆی، یـان كەسـێك لەلایـەن هیرەقڵـەوە ڕاسـپێردراوە، داوا لـە عەبدوڵـڵا دەكات، دەڵـێ: ئەگـەر هەڵگەڕێیـەوە لـە ئیسـلام، مـن كچەكـەی خۆشـمت دەدەمـێ و، لـە حوكمڕانییشـدا بەشـدارت دەكـەم، ئەویـش دەڵـێ: نەخێـر مـن ئامـادە نیـم! ئنجـا لەبەرچـاوی وی، كەسـێك دەهێنـن و دەیخەنـە مەنجەڵێكـەوە، كـە لەسـەر ئاگـر دانـراوەو، دەكوڵـێ بـە كوڵینێـكی بەشـیددەت، یەكێـك لـە هـاوەڵان كـە لەگـەڵ وی گیـراوە، دەیخەنـە نێـو ئـەو مەنجەڵـە ئـاوە كـوڵاوەوە، یەكسـەر ئێسـقانەكانی لـێ جیـا دەبنـەوە، دوای ئـەوەی گۆشـتەكەی دەكوڵـێ و دادەماڵـرێ، دەڵێـن: تـۆش ئـاوا لێدەكەیـن، ئەگـەر هەڵنەگەڕێیـەوە! ئەویـش دەڵـێ: بێمنەتـم، دوایـی هـەر لەوێـدا بـە دارێكـەوە هەڵیدەواسـن، تیـری تێدەگـرن، لـە لای ڕاسـت و لای چەپـی دەدەن، بـۆ ترسـاندنی، ئەویـش هـەر لەسـەر قسـەی خـۆی دەبـێ، دوای دایدەبەزێنـن.

ئنجـا ئـەو هاوەڵـە بـەم شـێوەیە بـەرز دەكەنـەوە تاكـو بیخەنـە نێـو مەنجەڵێكـەوە، بـەڵام هـەر لەسـەر قسـەی خـۆی سـوور دەبـێ، {دیـارە ئەوانـەی بەرزیـان كردۆتـەوە بـە ئامرازێـك، تاكـو بیخەنـە نێـو مەنجەڵەكـەوە، چونكـە مەنجەڵێـكی گـەورە، هێنـدە ئـاوە بگـرێ و، بكوڵـێ خۆشـیان لێـی نزیـك نەكەوتوونەتـەوە}، ئنجـا كـە بـەرزی دەكەنـەوە بـۆ ئـەوەی بیخەنـە نێـو مەنجەڵەكـە دەگـری و، فرمێسـكی بـە چـاو دادێ، هـەواڵ دەدەنـە بەرپرسـەكە، دەڵێـن: ئـەوە

(١) ج ١٠، ص ١٦٥ - ١٦٦.

www.alibapir.net

عەبدوڵڵا فرمێسكی بە چاو داهاتە خوارێ، بەرپرسەكە دەڵێ: دایگرن لەوانەیە پەشێمان بوو بێتەوە، بۆیە فرمێسكی بەچاو دادێ، لە ترسی مردنێ! دایدەگرن، دەڵێ: فەرموو: ئێستا دڵت نەرم بوو؟ دەڵێ: نەخێر، گریانەكەم بۆ ئەوە نەبوو، دەڵێ: بۆچی بوو؟ دەڵێ: گریانەكەم بۆ ئەوە بوو كە گوتم: من یەك نەفسم هەیە، ئێستا كە منتان خستە نێو ئەو ئاوەوە، نەفسەكەم دەڕوات! پێم خۆش بوو، چەند مووە بەسەرمەوە هەبوون، ئەوەندە نەفسەم هەبوونایە، هەموویان ئاوا لە پێناوی خوادا ڕۆیشتبان !!

كە بەرپرسەكە ئاوا دەبینێ، دەڵێ: باشە من بەرت دەدەم، مادام تۆ هێندە ئازای، بەڵام یەك داوام هەیە، دەڵێ: چییە؟ دەڵێ: سەرم ماچ بكە! ئەویش بیر دەكاتەوەو، دەڵێ: باشە، بەڵام بە مەرجێك هاوەڵەكانیشم لەگەڵ بەربدەی، دەڵێ: هاوەڵەكانیشت بەردەدەم، ئەویش سەری حوكمڕانەكە ماچ دەكات و خۆی و هاوەڵەكانی بەردەدەن و، دەچێتەوە بۆ مەدینەو بەسەرهاتەكە دەگێڕێتەوە، عومەر خوا لێی ڕازی بێ، (دیارە لە سەردەمی خەلیفایەتیی عومەری كوڕی خەتتابدا بووە)، دەڵێ: ئەوە من سەری عەبدوڵڵای كوڕی حوزافەی كوڕی سەهم ماچ دەكەم، ئێوەش لەسەرتان پێویستە سەری ماچ بكەن، لەبەرئەوەی بۆتە هۆی دەربازكردنی خۆی و هاوەڵەكانیشی و، ئەو پاڵەوانێتییەی نواندوە!

كەواتە: مۆڵەت وەرگرتنێك بۆ كەسێك، كە ببێتە هۆی هێنانەدی بەرژەوەندییەكی گشتی، بواری تێدا هەیە، ئنجا بەرپرس بێ، یاخود جگە لە بەرپرس.

www.alibapir.net

مەسەلەی دووەم:

خوای بەخشندە بەرانبەر بە کەسانێك کە بەهۆی ئازاردرانەوە، ناچاری کۆچکردن دەبن، پاشان تێکۆشان و خۆڕاگریی دەکەنە پیشە، لێبوردە و میهرەبانە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ هَاجَرُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا فُتِنُوا۟ ثُمَّ جَـٰهَدُوا۟ وَصَبَرُوٓا۟ إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعْدِهَا لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١١٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١- ﴿ ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ هَاجَرُوا۟ ﴾، دوایی پەروەردگارت بۆ کەسانێك کە کۆچیان کردوە.

(**ثُمَّ للتَرْتِيب الرُّتْبي**)، (**ثُمَّ**) بۆ ڕیزبەندیی پلە پلەییە.

(**هَاجَرُوا: فَارَقُوا الوَطَنَ وَالأَهْلَ لأَجْلِ المحَافَظَةِ عَلَى الدِّين**)، وازیان لە خزم و کەس و نیشتمان هێناوە لە پێناوی ئایینەکەیاندا.

٢- ﴿ مِنۢ بَعْدِ مَا فُتِنُوا۟ ﴾، دوای ئەوەی ئازارو ئەشکەنجە دراون.

(**الفِتْنَة العَذَابُ وَالأَذَى المتَكَرِّر**)، (**فِتْنَة**) بریتییە لە سزاو ئازارێکی بەردەوام و دووبارە بووەوە.

٣- ﴿ ثُمَّ جَـٰهَدُوا۟ وَصَبَرُوٓا۟ ﴾، دوایی تێکۆشانیان کردوەو خۆڕاگر بوون، (**المجَاهَدَةُ: المقَاوَمَةُ بالجُهْدِ أَي الطَّاقَةِ عَنْ أَنْ يَرُدُّوهُم إِلى الكُفْر**)، (**جَاهَدُوا**) واتە: تێکۆشاون و خۆڕاگر بوون، وزەیان سەرف کردوە، لە دژی ئەوە بگێڕدرێنەوە بۆ کوفر.

﴿ وَصَبَرُوٓا۟ ﴾، هەروەها خۆڕاگر بوون، دامەزراو نەلەخشاو بوون..

٤- ﴿ إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعْدِهَا لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١١٠﴾ ﴾، بێگومان پەروەردگارت دوای ئەوانە، واتە: دوای ئەشکەنجەدران و، کۆچ کردن و، تێکۆشان و، خۆڕاگریی، پەروەردگارت لێبوردەی میهرەبانە، ڕاناوی (ها) لە وشەی ﴿ مِنۢ بَعْدِهَا ﴾دا، دەگونجێ بچێتەوە بۆ هیجرەت (**مِنْ بَعْدِ الهِجْرَةِ**)، دەشگونجێ بگەڕێتەوە بۆ کۆی ئەو کارانە (**تِلْكَ الأَعْمَالِ المذْكُورَة**)، کە من ڕای دووەمیانم پێ

www.alibapir.net

ڕاسترە، واتە: دوای ئەوەی کە ئەشکەنجەدراون و دەستبەرداری ئاینەکەییان نەبوون، هەروەها دوای ئەوەی کۆچیان کردوەو خۆڕاگر بوون، دوایی تێکۆشانیان کردوە، نەك بەس کۆچ بکەن و خۆیان دەرباز بکەن و، دەستەو ئەژنۆ دابنیشن، دوای هەموو ئەوانە، پەروەردگارت لێبوردەی میهرەبانە، کەواتە: لێبوردەیی و میهرەبانیی خوای پەروەردگار لەگۆترە نیە و، بۆ هەموو کەس نیە، بەڵکو بۆ کەسانێکە کە شایستەی بن.

لەوبارەوە (إِبْنُ إِسْحَاق) لە (فِي السيرة النبويّة لإِبـن هِشـام)دا، ئەمە باس دەکات، دەڵێ: {فَلَمّا رَأَى رَسُولُ اللّهِ صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ مَا يُصِيبُ أَصْحَابَهُ مِنَ الْبَلاَءِ، وَمَا هُوَ فِيهِ مِنَ الْعَافِيَةِ بِمَكَانِهِ مِنَ اللّهِ، وَمِنْ عَمِّهِ أَبِي طَالِبٍ، وَأَنّهُ لاَ يَقْدِرُ عَلَى أَنْ يَمْنَعَهُمْ مِمّا هُمْ فِيهِ مِنَ الْبَلاَءِ، قَالَ لَهُمْ: لَوْ خَرَجْتُمْ إِلَى أَرْضِ الْحَبَشَةِ، فَإِنّ بِهَا مَلِكاً لاَ يُظْلَمُ عِنْدَهُ أَحَدٌ، وَهِيَ أَرْضُ صِدْقٍ، حَتّى يَجْعَلَ اللّهُ لَكُمْ فَرَجاً، فَخَرَجَ عِنْدَ ذَلِكَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللّهِ صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ إِلَى أَرْضِ الْحَبَشَةِ، مَخَافَةَ الْفِتْنَةِ وَفِرَاراً إِلَى اللّهِ بِدِينِهِمْ}[١].

واتە: کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ بینیی: هاوەڵانی تووشی چ گرفتاریی و ناڕەحەتیی و ئەشکەنجەو ئازارێك دەبن، خۆشی سەلامەت بوو بەهۆی پێگەی لای خواو، بەهۆی ئەبوو طاڵیبی مامیشیەوە، {یانی: لە چاو ئەوان سەلامەت بوو، ئازاری جەستەیی نەدەدرا، ئەگەرنا ئازاری دەروونیی و، قسە پێگوتران، کە ئەو شتانە لە ئازاری جەستەیی بۆ وی ناڕەحەتتر بوون}[٢]، ئنجا نەشیدەتوانی، کە ئەوان بپارێزێ، لەو گرفتاریی و ناڕەحەتیی و بەڵاو موصیبەتانەی کە کافرەکان بەسەریان دێنن، بۆیە پێی فەرموون: ئەگەر بچن بۆ سەرزەمینی حەبەشە، پادشایەکی لێیە، هیچ کەس لەلای وی ستەمی لێ ناکرێ، (دیارە ناوی بیستوە کە پیاوێکی دادگەرە)، ئەوێش سەرزەمینێکی باشە، {واتە: خێر و بێری لێیە و، لەوێ دەحەوێنەوە}، تاکو خوا دەروویێکی خێرتان لێدەکاتەوە، بحەسێنەوە تێیدا، لەو کاتەدا مسوڵمانان و هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ چوون بۆ سەرزەمینی حەبەشە، لە ترسی ئەشکەنجەدران و، بۆ ئەوەی کە ئایینەکەیان (یانی: دینداریەکەیان) سەلامەت بکەن.

بەڵێ ئەم ئایەتە بێگومان باسی کۆچی مسوڵمانان بۆ حەبەشە دەکات، تاکو دڵیان بداتەوەو، وانەزانن کە ناتەواوییان هاتۆتە سەر، هەڵبەتە مسوڵمانان دوو جاران کۆچیان کردوە بۆ حەبەشە، جارێك کۆچیان کردوەو، جاری دووەم کە هەواڵیان بیست: قورەیش

---

(١) ج١، ص٣٢١.

(٢) نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە.

www.alibapir.net

مسوڵمان بوون، هاتنەوە، بەڵام کە هەواڵەکە ڕاست نەبوو، دووبارە کۆچیان کردەوەو، ژمارەیەکی زیاتریشیان لەگەڵ چوونەوە.

ئنجا ئەم ئایەتە دڵدانەوەیە بۆیان، چونکە هەندێك لە هاوەڵان پێیان وابووە: ئەوانەی کۆچیان کردوە بۆ حەبەشە، پاداشتیان کەمترە لەوانەی کە ماونەوە لە مەککە، ئەم بەسەرهاتەش کە لە صەحیحی بوخارییدا هاتوە ئەوە دەگەیەنێ:

{عَنْ أَبِي مُوسى ﵁، أَنَّ أَسْمَاء بِنْتِ عُمَيْسٍ، وَهِيَ مِمَّنْ قَدِمَ مَعَنا، دَخَلَتْ عَلَى حَفْصَةَ، زَوْجِ النَّبِيِّ ﷺ، زَائِرةً، وَقَدْ كانَتْ هَاجَرَتْ إِلَى النَّجَاشِيِّ فِيمَنْ هَاجَرَ، فَدَخَلَ عُمَرُ عَلَى حَفْصَةَ، وَأَسْمَاءُ عِنْدَهَا، فقَالَ عُمَرُ، حِينَ رَأَى أَسْمَاءَ: مَنْ هٰذِهِ؟ قَالَتْ: أَسْمَاءُ بِنْتُ عُمَيْسٍ، قَالَ عُمَرُ: الْحَبَشِية هٰذِهِ الْبَحْرِية هٰذِهِ؟ قَالَتْ أَسْمَاءُ: نَعَم، قَالَ: سَبَقْناكُمْ بالْهِجْرَةِ، فَنَحْنُ أَحَقُّ بِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ، مِنْكُمْ فَغَضِبَتْ، وَقَالَتْ: كَلاَّ وَاللَّهِ كُنْتمْ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، يُطْعِمُ جَائِعَكُمْ، وَيَعِظُ جَاهِلَكُمْ، وَكُنّا فِي دَارِ، (أَوْ) فِي أَرْضِ الْبُعَدَاءِ الْبُغَضَاءِ بالْحَبَشة، وَذَلِكَ فِي اللَّهِ وَفِي رَسُولِهِ ﷺ وَأَيْمُ اللَّهِ لاَ أَطْعَمُ طَعَامًا، وَلاَ أَشْرَبُ شَرَاباً، حَتَّى أَذْكر مَا قُلْتَ لرَسُولِ اللَّهِ ﷺ وَنَحْنُ كُنا نُؤْذَى وَنُخَافُ، وَسأَذْكر ذَلِكَ لِلنَّبِيِّ ﷺ، وَأَسالُهُ، وَاللَّهِ لاَ أَكْذِبُ، وَلاَ أَزِيغُ، وَلاَ أَزِيدُ عَلَيْهِ، فَلَمَّا جَاءَ النَّبِيُّ ﷺ، قَالَتْ: يا نَبِيَّ اللَّهِ! إِنَّ عُمَرَ قَالَ كَذَا وَكَذَا، قَالَ: فَمَا قُلْتِ لَهُ؟ قَالَتْ: قلْتُ لَهُ كَذَا وَكَذَا، قَالَ: لَيْسَ بأحَقَّ بِي مِنْكُمْ، وَلَهُ وَلأَصْحَابِهِ هِجْرَةٌ وَاحِدَةٌ، وَلَكُمْ أَنْتُمْ، أَهْلَ السَّفِينة، هِجْرَتَانِ} (أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ: ٣٩٩٠، وَمُسْلِمُ: ٦٥٦٧).

ئەبوو مووسا ﵁ دەڵێ: ئەسمائی کچی عومەیس کە یەکێ بووە لەوانەی کە لە سەرزەمینی حەبەشە گەڕاونەوە، چوو بۆ لای حەفصە، (کچی عومەر خوا لێی ڕازی بێ، هاوسەری پێغەمبەر ﷺ)، عومەریش چووە لای حەفصە لە حاڵێك دا کە ئەسمائی لەلابوو، عومەر کە ئەسمائی دی، گوتی: ئەوە کێیە؟ (حەفصە) گوتی: ئەسمائی کچی عومەیسە، عومەر گوتی: حەبەشییەکە! دەریاییەکە ؟! گوتی: بەڵێ، پێی گوت: ئێمە پێش ئێوە کۆچمان کرد بۆ مەدینە، ئێمە لە ئێوە نیزیکرو شایستەترین بە پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەسمائیش تووڕە بوو، گوتی: سوێند بە خوا وانیە، ئێوە لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ بوون، کەسێکتان برسی بووایە، خۆراکی بۆ پەیدا دەکرد و، ئامۆژگاریی نەزانەکانتانی دەکرد، {دەرسی پێ دەگوتن} بەڵام ئێمە لە سەرزەمینێکی دوور بووین، لە سەرزەمینی دوژمنان بووین، لە حەبەشە، ئنجا ئێمە لەوێ ئازار دەدراین و، دەترسێنراین، ئەوەش هەمووی لە پێناوی خواو ڕێبازی پێغەمبەردا ﷺ، سوێند بە خوا، نە خواردنێ دەخۆم، نە هیچ

www.alibapir.net

دەخۆمەوە، تاكو ئەوەی باستكرد بۆ پێغەمبەری ﷺ باس نەكەم و پرسیاری لێ نەكەم بە خوا درۆ ناكەم، لە قسەكەت لانادەم و هیچی لێ زیاد ناكەم (وەك خۆی دەیگێڕمەوە)، پێغەمبەری خواش ﷺ هاتە ماڵی حەفصە، ئەسمائیش {لەو كاتەدا دەبێ لەوێ بووبێ}، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! عومەر ئاوا و ئاوای گوت، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەدی تۆ چیت پێ گوت؟ گوتی: منیش ئاواو ئاوام، پێ گوت، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەو لە ئێوە لە من نزیكترو شایستەتر نیە، ئنجا عومەر خۆی و هاوەڵەكانی، یەك كۆچیان بۆ هەیە، (كۆچیان لە مەككەوە بۆ مەدینە كرد)، بەڵام ئێوە هاوەڵانی كەشتییەكە (بەسواری كەشتی چوون بۆ حەبەشە)، كە لە حەبەشەوە گەڕاونەوە، دوو كۆچتان هەن، (واتە: جارێك كە لە مەككەوە كۆچتان كردوە بۆ حەبەشە، جارێكی دیكە كە لە حەبەشەوە كۆچتان كردوە بۆ مەدینە).

مەسەلەی سێیەم و کۆتایی:

خوا فەرموویەتی: ڕۆژێك دێ، کە ڕۆژی قیامەتە، هەر کەسە بەرگریی لە خۆی دەکات و مشتومڕ دەکات و، هەر کەسە چی کردوە، سزاو پاداشتی خۆی بەتەواویی دەدرێتەوە و، هیچ ستەمیان لێ ناکرێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿يَوْمَ تَأْتِي كُلُّ نَفْسٍ تُجَٰدِلُ عَن نَّفْسِهَا وَتُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ١١١﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١- ﴿يَوْمَ تَأْتِي كُلُّ نَفْسٍ﴾، واتە: یادبکەوە! ئەو ڕۆژەی، هەر کەسێك دێ.

کە دەفەرموێ: ﴿يَوْمَ تَأْتِي كُلُّ نَفْسٍ﴾، یانی: (**أُذكر يوم تأتي كل نفسٍ**)، یاخود پەیوەستە بە پێشووەوە، کە فەرمووی: ﴿إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعۡدِهَا لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾، کە (**یوم**) پەیوەست دەبێ بەوییەوە، واتە: پەروەردگارت لێبوردەی بە بەزەییە، لە ڕۆژێکدا کە هەر کەسێك دێ، بەرگریی لەخۆی دەکات و شەڕەقسە دەکات، بۆ بەرگریی لەخۆکردنی.

٢- ﴿تُجَٰدِلُ عَن نَّفْسِهَا﴾، مشتومڕ دەکات لەسەر خۆی، بەرگریی لەخۆی دەکات، شەڕەقسە دەکات.

دەڵێ: (**المجَادَلَةُ: دِفَاعٌ بالقَوْلِ للتَخَلُّصِ مَنْ تَبِعَةِ فِعْلٍ**)، واتە: (**مُجَادَلَة**) بەرگریی لەخۆکردنە بە قسە بۆ خۆ دەربازکردن لە شوێنەواری کردەوەیەك.

٣- ﴿وَتُوَفَّىٰ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا عَمِلَتۡ﴾، هەر کەسەش چی کردوە، هەر نەفسە چی کردوە، بەتەواویی دەیدرێتەوە، یانی: سزا یان پاداشتی کردەوەکەی دەدرێتەوە، (**تُوَفَّى: أَي تُعْطى كامِلاً**)، بە تەواویی دەیدرێتەوە، ئنجا هەرچەندە فەرموویەتی: کردەوەکەی دەدرێتەوە، بەڵام مەبەست پێی پاداشتی کردەوەکەیەتی، یاخود بەرانبەرو قەرەبووی کردەوەکەی دەدرێتەوە، ئەگەر چاك بێ، چاك و، ئەگەر خراپ بێ، خراپ، بۆیەش وشەی (**جزاء و عوض**) باس نەکراون، چونکە بە سیاق و سەلیقە زانراوە.

www.alibapir.net

٤- ﴿وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ﴾ لە حاڵێك دا ئەوان ستەمیان لێ ناكرێ، چونكە (و) لە ﴿وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ﴾دا بۆ حاڵە (**واو الحالية**)، ئنجا ئایا بۆچی فەرموویەتی:؟ (وَهُمۡ - لَا يُظۡلَمُونَ) كە (وَهُمۡ) و (لَا يُظۡلَمُونَ) هەردووكیان بۆ كۆ (**جمع**) دەگەڕێتەوە؟

وەڵامەكەی ئەوەیە كە: لە وشەی ﴿كُلُّ نَفۡسٍ﴾دا، سەرنجی ماناكەی دراوە، نەك بێژە (**لفظ**)ەكەی: ﴿تَأۡتِي كُلُّ نَفۡسٍ﴾، چونكە: (كُلُّ) بۆ كۆیەو (كُلُّ نَفۡسٍ) بە ئیعتیباری مانایەكەی یانی: كۆمەڵێك، یانی: ئەو خەڵكە هەمووی دێ، ﴿وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ﴾، هەر كەسە بەپێی كردەوەی خۆی، سزا، یان پاداشتی دەدرێتەوەو، ستەمیشیان لێ ناكرێ، واتە: ئەم دوو ڕاناوە: (**هُم**) و (**لاَ يظۡلَمُون**) پەیوەست دەبن بە مانای: (كُلُّ نَفۡسٍ)ەوە، نەك بە (نَفۡسٍ) ئەگەرنا دەبوایە فەرمووبای: (**لا تُظلم**)، ستەمیشی لێ ناكرێ، بەڵام تەماشای مانایەكەی كراوە، مانایەكەشی یانی: لە كۆی ئەو خەڵكە كە دێ و، هەركامێكیان خاوەنی نەفسێكە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

www.alibapir.net

www.alibapir.net

دەرسی یازدەم

له تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵتانین
Stay in touch on social media
نحن معكم عبر مواقع التواصل الاجتماعي
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
عەلی باپیر/AliBapir
archive.org/details/@alibapir
PDF
عەلی باپیر/AliBapir
AliBapir
GET IT ON Google Play
Download on the App Store
www.alibapir.net
English - عربي - كوردی
کەناڵی
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان نـۆ (٩) ئایـەت دەگرێتـە خـۆی، ئایەتـەکانی: (١١٢- ١١٩)، تـەوەری سـەرەکیی ئـەم (٩) ئایەتـەش، بیرخسـتنەوەی چاکـەو نیعمەتـەکانی خوایـە، بـە تایبـەت بـۆ کافـرو هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکانی مەککـە و، بـە گشـتی بـۆ هەمـوو مرۆڤایـەتی، هـەر لـە دابینکـردنی هێمنیـی و ئارامیـی و بژیـوی باشـەوە، تاکـو دەگاتـە نـاردنی پێغەمبـەری کۆتایـی موحەممـەد ﷺ.

ئنجـا بـەو بۆنەیەشـەوە: خـوا ﷻ بـاسی سپڵەیی کافـران و، دەسـتکاریی کردنیـان بـۆ حـەڵاڵ و حەرامـی خـواو، درۆ هەڵبەسـتنیان بـە نـاوی خـواوەی، کـردوە.

پاشـان ئاماژەیەکیـش بـەو خواردنانـە کـراوە، کـە کاتی خـۆی لـە جوولەکـەکان قەدەغـە کرابـوون.

لـە کۆتاییشـدا بـاسی لێبوردەیـی و بەزەیـی خـوا کـراوە، بـۆ کەسـانێك کـە بـە نەزانیـی تـووشی هەڵـەو لادان و تـاوان دەبـن و، دوایـی دەگەڕێنـەوە بـۆ لای خـواو، هەڵدەسـتن بـە چاککردنـەوەی ئـەوەی کـە پێشـتر تێکیـان داوە.

﴿ وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا قَرۡيَةً كَانَتۡ ءَامِنَةً مُّطۡمَئِنَّةً يَأۡتِيهَا رِزۡقُهَا رَغَدًا مِّن كُلِّ مَكَانٍ
فَكَفَرَتۡ بِأَنۡعُمِ ٱللَّهِ فَأَذَٰقَهَا ٱللَّهُ لِبَاسَ ٱلۡجُوعِ وَٱلۡخَوۡفِ بِمَا كَانُواْ يَصۡنَعُونَ ﴿١١٢﴾
وَلَقَدۡ جَآءَهُمۡ رَسُولٌ مِّنۡهُمۡ فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَهُمُ ٱلۡعَذَابُ وَهُمۡ ظَٰلِمُونَ ﴿١١٣﴾ فَكُلُواْ مِمَّا
رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ حَلَٰلًا طَيِّبًا وَٱشۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ إِيَّاهُ تَعۡبُدُونَ ﴿١١٤﴾ إِنَّمَا
حَرَّمَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحۡمَ ٱلۡخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦۖ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ
بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿١١٥﴾ وَلَا تَقُولُواْ لِمَا تَصِفُ أَلۡسِنَتُكُمُ ٱلۡكَذِبَ هَٰذَا
حَلَٰلٞ وَهَٰذَا حَرَامٞ لِّتَفۡتَرُواْ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ لَا يُفۡلِحُونَ ﴿١١٦﴾

www.alibapir.net

مَتَٰعٞ قَلِيلٞ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿١١٧﴾ وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمۡنَا مَا قَصَصۡنَا عَلَيۡكَ مِن قَبۡلُۖ وَمَا ظَلَمۡنَٰهُمۡ
وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ﴿١١٨﴾ ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ عَمِلُواْ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٖ ثُمَّ تَابُواْ
مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ وَأَصۡلَحُوٓاْ إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعۡدِهَا لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿١١٩﴾ ﴾

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{هەروەها خوا وێنەیەکی هێنایەوە: ئاوەدانییەك هێمن و ئارام و سەقامگیر بوو، لە هەموو لایەکەوە بژێوی خۆی بە فراوانیی بۆ دەهات، کەچی ناسوپاسیی کرد بەرانبەر بە چاکەکانی خوا، خواش بەهۆی ئەو کردەوە (خراپ)انەوە، کە کارامانە دەیانکرد، لە پۆشاکی برسیەتیی و ترسی پێ چێژتن، (وەك پۆشاکێك برسیەتیی و ترس و لەرزی بەبەردا کردن) ﴿١١٢﴾ بە دڵنیاییش (ئەو ئاوەدانییە) لە خۆیان ڕەوانەکراوێکیان بۆ هات، کەچی بە درۆیان دانا، بۆیە لە حاڵێکدا کە ستەمیان لە خۆیان کرد بوو، سزای خوا گرتنی ﴿١١٣﴾ (ئەی خەڵکینە !) لەو بژیوە حەڵاڵ و چاك و سوودبەخشانەی خوا پێی داون، بخۆن و سوپاسی چاکەی خوا بکەن بەسەرتانەوە ﴿١١٤﴾ بە دڵنیایی خوا تەنیا: مردارو، خوێن و، گۆشتی بەرازو، سەربڕاو بۆ جگە لە خوا (ناوی جگە لە خوا لەسەر هێنراو، لە کاتی سەربڕیندا)ی لێ قەدەغە کردوون، ئنجا هەر کەسیش تێگیراو (ناچار بوو، لێیان بخوات) لە حاڵێکدا کە ئارەزوومەندو خوازیاری لێ خواردنیان نیە و، لە سنووری (پێویستی)یش دەرناچێ، ئەوە بێگومان خوا لێبووردەی بە بەزەییە {بەرانبەر بە کەسانی ئاوا} ﴿١١٥﴾ هەروەها (ئەی هاوبەشدانەرەکان !) بە زمانی بە درۆوە مەڵێن: ئەمە حەڵاڵەو ئەمە حەرامە، کە سەرەنجام درۆ بە ناوی خواوە (کە فلان شتەی حەڵاڵ و، فیسار شتەی قەدەغە کردوە)، بە دڵنیایی ئەوانەی درۆ بە ناوی خواوە هەڵدەبەستن، سەرفراز نابن ﴿١١٦﴾ گوزەرانێکی کەمیان (لە دنیادا) دەبێ و (لە ڕۆژی دوایی)دا ئازارێکی بە ئێشیان دەبێ ﴿١١٧﴾ ئەوەشمان لە جوولەکەکان قەدەغە کرد بوو، کە پێشتر بۆمان باسکردوون و، ستەمیشمان لێ نەکردن، بەڵکو ئەوان ستەمیان لە خۆیان دەکرد (و بەهۆی ستەم و خراپەیانەوە، هەندێك خواردنمان لێ قەدەغە کردن) ﴿١١٨﴾ ئنجا بێگومان پەروەردگارت لەگەڵ ئەوانەدا، کە نەزانانە خراپەیان کردوە، ئنجا دوای ئەوە گەڕاونەوەو چاکسازییان کردوە، بە دڵنیایی پەروەردگارت پاش ئەو گەڕانەوەو چاکسازییە، لێبووردەی بە بەزەییە لەگەڵیان ﴿١١٩﴾}.

www.alibapir.net

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ءَامِنَةً): واتـە: هێمـن و بـێ تـرس، (أَصْلُ الأَمْـنِ: طُمَأْنِيْنـة النَّفْـسِ وَزَوَالُ الخَـوْفِ)، وشـەی (أَمْـن) لـە ڕیشـەدا، ئارامگرتنـی نەفسـەو، لاچـوونی ترسـە.

(مُّطْمَئِنَّةً): (إطْـمَأنَّ: سَـكَنَ وَثَبَـتَ وَاسـتقَرَّ، الطُّمَأنِيْنـة: وَالإِطْـمِئْنـانُ: الثِّقَـةُ وَعَـدَمُ القَلَـق)، واتە: ئـەو شـتە چەسـپاو داسـەکناو سـەقامگیر بـوو، (طمأنينـة، وإطمئنـان)، بريتيـە لـە متمانـەو، نەبـوونی دڵەڕاوکـەو تـرس.

(رَغَدًا): (عَيْـشٌ رَغَـدٌ وَرَغِيـد: طَيِّـب وَاسِـع)، دەگوتـرێ: (عَيْـشٌ رَغَـد، وَعَيْـشٍ رَغِيـد) هەردووکیـان بـە مانـای ژیانێـکی خـۆش و فـراوان و بەختەوەرانـە و، پـڕ نـازو نیعمـەت دێ.

(فَأَذَاقَهَا ٱللَّهُ لِبَاسَ ٱلْجُوعِ وَٱلْخَوْفِ)، خـوا پۆشـاکی برسـیەتیی و ترسـیی، پـێ چێژتـن، دەڵـێ: (الـذَّوْقُ: وجُـودُ الطَّعْـمِ بالفَـمِ، وَآختِـيرَ فِي القُـرْآنِ لَفْـظُ الـذَّوْقِ، فِي العَـذَابِ)، (ذَوق) بريتيـە لـە تامکـردنی خـواردن بـە زمـان (زار)، بـەڵام لـە قورئانـدا: وشـەی (ذَوق) واتـە: چێژتـن، بەکارهێـنراوە بـۆ سـزا.

(يَصْنَعُونَ): (الصُّنْـعُ: إجَـادَةُ الفِعْـلِ، فَـكُلُّ صُنْـعٍ فِعْـلٌ، وَلَيْـسَ العَكْـس) (صُنْـع) بريتيـە لـەوەی کـە کارێـك بـە کارامەیـی و لێزانیـی بـە وردەکاریـی بکـرێ، بۆیـە هەمـوو (صُنْع)ێـك (فعـل)ە، هەمـوو کارامەییـەك کردەوەیـە، بـەڵام مـەرج نیـە هەمـوو کردەوەیـەك، بـە کارامەیـی ئەنجـام درابێ.

(غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ): (أَي: غَـيْر طَالِـبٍ مَـا لَيْـسَ لَـهُ طَلَبُـهُ، وَلاَ مُتَجَـاوِزٍ لِمَا رُسِـمَ لَـهُ)، خوازیاری شـتێك نەبـێ، کـە بـۆی نەبـێ، لـەو سـنوورەش تێنەپەڕێنـێ کـە بـۆی دیاریـی کـراوە، کەواتـە: (غَيْرَ بَاغٍ) واتە:

یەکەم: ئەو چوار خۆراکە قەدەغە کراوە: (مردار و، خوێن و، گۆشتی بەراز و، بۆ غەیری خوا سەربڕاو) کە بابای ناچار و تێگیراو، لێیان دەخۆن، مەبەستی لێ خواردن نەبێ، بە ئارەزووەوە.

دووەم: سنووری ئەوە کە پێویستیی پێیەتی و، پەکی لەسەر کەوتوە، پێی لە مەرگ دەرباز بێ، ئەو سنوورەش نەبەزێنێ و زێدەڕۆیی بکات.

www.alibapir.net

مانای گشتی ئایەتەکان

خـوا ﷻ لـە دوا دوای ئـەو ئایەتـە موبارەکانـەدا، کـە سـوورەتی (**النحل**)یـان لـێ پێکـدێ، کـە وەك لـە سـەرەتاوە گوتمـان، ئـەم سـوورەتە ناوێکی زۆر پـڕ بـە پێسـتە، کـە پێـی بگوتـرێ: سـوورەتی نیعمەتـەکان، (**سـورة النحـل**) چونکـە خـوا ﷻ زیاتـر لـە پەنجـا - شەسـت (٥٠ - ٦٠) نیعمـەتی سـەرەکیی خـۆی، لـەم سـوورەتە موبارەکـەدا خسـتوونە ڕوو، ئنجـا لـە دوا دوای ئـەم ئایەتـە موبارەکانـەدا، نموونـە دێنێتـەوە بـە ئاوەدانییـەك کـە خـوا نـازو نیعمەتێـکی زۆری بەسـەردا ڕشـتوە، کەچـی خەڵـکی ئـەو ئاوەدانییـە نـا سوپاسـیی و سـپڵەیی دەکـەن، بەرانبـەر بـە خـواو، خـوای دادگـەرو کارزانیـش سـزایان دەدات، دەفەرمـوێ:

﴿ وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا قَرْيَةً كَانَتْ ءَامِنَةً ﴾، هەروەهـا خـوا وێنـەی هێنایـەوە بـە ئاوەدانییـەك کـە هێمـن و سـەقامگیر بـوو، ﴿ مُّطْمَئِنَّةً ﴾، خەڵکەکـەی دڵ داسـەکناوو بـێ تـرس و بیـم بـوو، ﴿ يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَدًا مِّن كُلِّ مَكَانٍ ﴾، ئـەو بژیـوەی کـە پێویسـتیی پێیـەتی، لـە هەمـوو لایەکـەوە بـۆی دەهـات، ﴿ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ ٱللَّهِ ﴾، کەچـی ئـەو بەرانبـەر بـە چاکـەکانی خـوا سـپڵەیی و ناسوپاسـیی کـرد، ﴿ فَأَذَاقَهَا ٱللَّهُ لِبَاسَ ٱلْجُوعِ وَٱلْخَوْفِ بِمَا كَانُوا۟ يَصْنَعُونَ ﴾، خـواش ﷻ بەهـۆی ئـەوەوە کـە زۆر کارامـەو وردەکارییانـە دەیانکـرد، لـە کـردەوەی خـراپ:

أ) هەم ئەو گوناهو تاوانانەی لە خودی خۆیان دا دەیانکردن.

ب) هەم ئەو گوناهو تاوانانەی لە دەرەوەی خۆیان دا دەیانکردن، وەك پێشێلکردنی مافی ئەوانی دیکەو، ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی پەیامی خوا لەسەر هەموو ئەو کردەوە خراپانەی کە لە خودی خۆیانداو، لەگەڵ دەوروبەری خۆیاندا، بە کارامەیی دەیانکردن.

خـوا پۆشـاکی برسـیەتیی و تـرسی پـێ چێژتـن، واتـە: برسـیەتیی و تـرس بـە جۆرێـك پێیانـەوە چەسـپا، وەك چـۆن کەسـێك پۆشـاکێك لەبـەردەکات، بـە بەدەنیـەوە دەچەسـپێ، ئەوانیـش ئـاوا برسـیەتیی و تـرس پێیانـەوە چەسـپاو، لێیـان چێـژت و، تامیـان کـرد، کـە دوایـی ئـەم تەعبیـرە، لـە مەسـەلە گرنگەکانـدا، زیاتـر شی دەکەینـەوە.

www.alibapir.net

ئنجا خوا ﷻ {وێڕای ئەو هەموو نازو نیعمەتە ماددییانە، کە لە هەموو لایەکەوە بۆ ئەو ئاوەدانییە دەهاتن، کەچی خەڵکەکەی ناسوپاس و سپڵە بوون بەرانبەریان}، باسی نیعمەتێکی دیکەی زۆر گەورەی خۆی دەکات، کە لە هەموو ئەو نیعمەتانە گەورەترەو، نیعمەتێکی مەعنەوییە، ئەویش بریتیە لەوە کە پێغەمبەرێکیان لە خۆیان بۆ لا نێردراوە: ﴿ وَلَقَدْ جَآءَهُمْ رَسُولٌ مِّنْهُمْ ﴾، هەروەها بە دڵنیاییەوە لە خۆیان، ڕەوانەکراو و پێغەمبەرێکیان بۆ هات، ﴿ فَكَذَّبُوهُ ﴾، کەچی ئەوان بە درۆیان دانا، پێی بێبڕوا بوون، ﴿ فَأَخَذَهُمُ ٱلْعَذَابُ وَهُمْ ظَٰلِمُونَ ﴾، سەرەنجام سزا گرتنی، لە حاڵێکدا کە ئەوان ستەمکار بوون، دیارە - لێرەدا سزای خوا تبارك و تعالى وەك دڕندەیەك کە بە دوای نێچیرێکەوەیە، وێناکراوە - ئەو سزایەی خوا گرتنی، لە حاڵێکدا کە ستەمیشیان لە خۆیان کرد بوو، واتە: سزا دران، بەهۆی ستەمەکەیانەوە، نەك ستەمیان لێ بکرێ.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر باسی بابەتێکی دیکە دەفەرموێ: ﴿ فَكُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ حَلَٰلًا طَيِّبًا ﴾، خەڵکینە! ئەو بژیوەی کە خوا پێیداون، لە حاڵێکدا کە حەڵاڵ و ڕەوایە لە ڕووی شەرعییەوەو، سوودبەخش و بەتام و خۆشیشە، لە خودی خۆیدا، لێی بخۆن، لێی بەرهەمەند بن.

﴿ وَٱشْكُرُواْ نِعْمَتَ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴾، سوپاسی چاکەی خواش بکەن، ئەگەر تەنیا ئەو دەپەرستن، ئەگەر ئێوە دەتانەوێ بەتەنیا بەندایەتیی بۆ خوا بکەن، سوپاسی چاکەکانی خوا بکەن، یاخود: ئەگەر ئێوە خواپەرستن، سوپاسی چاکەکانی خوا بکەن، کەواتە: بەندایەتیی کردن بۆ خواو، سوپاسکردنی چاکەکانی خوا، دوو شتی تێکهەڵکێشن، ئەگەر خوا پەرست بی، سوپاسگوزاریش دەبێ بۆ خوا، هەروەها ئەگەر سوپاسگوزارییش بکەی بۆ خوا، بەندایەتیی بۆ خوا دەکەی، ئەم دووانە شتی تێکهەڵکێشن و لێك جیانابنەوە، واتە: ناگونجێ مرۆڤ بەندایەتیی بۆ خوا بکات و، بۆشی سوپاسگوزار نەبێ، دیسان ناگونجێ مرۆڤ سوپاسگوزار بێ بۆ خواو، بەندایەتیشی بۆ نەکات.

ئنجا باسی ئەوە دەکات: کە ئایا خوا چی لێ قەدەغە کردوون؟ ﴿ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحْمَ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ﴾، بێگومان (خوا) تەنیا: مردارەوە بوو و، خوێن و، گۆشتی بەرازو، ئەوەی بۆ جگە لە خوا سەربڕاوەو، بۆ جگە لە خوا دەنگی لەسەر بەرز کراوەتەوەو، ناوی جگە لە خوای لەسەر هێنراوە، تەنیا ئەوەی لەسەر قەدەغە کردوون، ﴿ فَمَنِ ٱضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾، بە نسبەت ئەو چوارانەشەوە، هەر کەسێك ناچارکرا و تێگیرا، با لێیان بخوات، بەڵام بە دوو مەرجان:

www.alibapir.net

أ) مەبەستی نەبێ و عەودالی لێخواردنی یەکێ لەو چوار شتانەی نەبێ.

ب) سنووریش نەبەزێنێ لە لێخواردنیاندا، واتە: بە ئەندازەی ئەوە کە زۆر پێویستیی پێیەتی و پەکی لەسەری کەوتوەو، پێی لە مەرگ دەرباز دەبێ، لەو ئەندازەیە تێنەپەڕێنێ، ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾، هەر کەسێك ئاوا بە ناچاریی و بە تێکگیراویی لە: یەکێك لەو چوارانە، یان زیاتریش بخوات، بەو دوو مەرجە کە باسمان کردن:

یەکەم: مەبەستی لێخواردن نەبێ و، بە ئارەزووەوە نەبێ، یانی: لەبەرئەوە لێیان نەخوات کە عەودال و تامەزرۆیە.

دووەم: لە سنوور تێنەپەڕێنێ، لە سنووری: پەك لەسەر کەوتن و پێویستیی.

بێگومان خوا لێبوردەی بە بەزەییە، بەرانبەر بە کەسێکی ئاوا.

ئنجا خوا ﷻ ڕوو لە کافرو هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان دەکات، کە هەر لە خۆوە پۆلێنی بژێوەکان دەکەن، پۆلێنی ئەو شتانە دەکەن، کە خوا بۆ مرۆڤەکانی داناون و، هەر لەخۆوە دەڵێن: ئەوە حەڵاڵەو ئەوە حەڕامە، دەفەرموێ:

﴿وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ ٱلْكَذِبَ هَٰذَا حَلَٰلٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ إِنَّ﴾، هەر بەوە کە زمانتان وەسفی دەکات، مەڵێن: ئەوە حەڵاڵەو، ئەوە حەڕام و قەدەغەکراوە، ﴿لِّتَفْتَرُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ﴾، کە سەرەنجام درۆ بە ناوی خواوە بکەن، ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ﴾، بێگومان ئەوانەی درۆ بە ناوی خواوە دەکەن، سەرفراز نابن، لە زمانی کوردیی دا ئەم تەعبیرە ئاوا بەکاردێ: (بە زمانی بەدرۆ)، واتە: زمانێك کە زۆر بە درۆ ڕاهاتوە، لێرەش خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ ٱلْكَذِبَ﴾، بەوە کە زمانتان بە درۆ وەسفی دەکات، مەڵێن: ئەمە حەڵاڵەو ئەمەش حەڕامە! کە سەرەنجام درۆ بە ناوی خواوە بکەن.

دوایی دەفەرموێ: بێگومان ئەوانەی درۆ بە ناوی خواوە دەکەن، سەرفراز نابن، لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێ، ئەدی بۆچی کەسانێك هەن بە درۆ بە ناوی خواوە دەکەن و، دەستکاریی حەڵاڵ و حەڕامیش دەکەن، بەڵام لە ژیان و گوزەرانێکی خۆشیش دان، لە ڕووی دنیاییەوە؟

www.alibapir.net

بۆیە دەفەرموێ: ﴿ مَتَٰعٞ قَلِيلٞ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴾، ئەوانەش کە بە ڕواڵەت بەختەوەرو کامەرانن، هەرچەندە بێ فەرمانیی خوا دەکەن و، دەستکاریی حەڵاڵ و حەرامەکانی خوا دەکەن، ئەوە گوزەرانێکی کەمە و، ئەوانە دوایی ئازارو سزایەکی بەئێشیان بۆ هەیە.

ئنجا دێتە سەر بابەتێکی دیکە: ئایا جوولەکەکان چییان لێ قەدەغە کراوە؟ چونکە جوولەکەکان جار جار مسوڵمانەکانیان سەغڵەت دەکرد و دەیانگوت: فڵان شتەش قەدەغەیەو، فڵان شتەش قەدەغەیەو، فڵان شتەش قەدەغەیە، ئەدی ئێوە بۆچی بە قەدەغەیان دانانێن؟ خوا ﷻ ڕوونی کردۆتەوە، هەم لێرەدا هەم لە سوورەتی (**النساء**)داو، هەم لە سوورەتی (**آل عمران**)یش دا، کە: بەڵکو خوا ﷻ هەندێ شتی لە جوولەکەکان قەدەغە کردوە، لەسەر ستەمکاریی و لادانی خۆیان، ئەگەرنا ئەو شتانە لە ئەسڵدا قەدەغە نین و، پیس و زیان بەخش نین، تاکو مسوڵمانان مولزەم بن، بەوەی خۆیان لە بەکارهێنانی ئەو شتانە بە دوور بگرن، کە لە جوولەکەکان قەدەغە کراون، بە تایبەت کە بەهۆی لادان و تاوان و ستەمی خۆیانەوە، خوا لێی قەدەغەکردوون، نەك لە خودی خۆیاندا خراپ و پیس و زیانبەخش بن، تاکو خوا قەدەغەیان بکات، دەفەرموێ:

﴿ وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمۡنَا مَا قَصَصۡنَا عَلَيۡكَ مِن قَبۡلُ ﴾، هەروەها لەسەر ئەوانەی کە گەڕاونەوە، ئەوەمان لێ قەدەغە کردبوون، کە پێشتر بەسەرت دا خوێندوومانەتەوەو، بۆمان گێڕاویەوە.

(**هَادُواْ**) واتە: جوولەکەکان، ئەویش لەوەوە هاتوە، کاتی خۆی جوولەکان گەڕاونەوە بۆ لای خوا {**إنـا هُدْنـا إلَيْك: إنـا رَجَعْنـا إلَيْك**} {یانی: ئێمە بۆ لات گەڕاینەوە} ئەو ناوەیان لەوەوە بۆ هاتوە.

کە دەفەرموێ: ئەوەی لە جوولەکانمان قەدەغە کردبوو، پێشتر بەسەر تۆماندا خوێندۆتەوە، لە کوێدا؟ لە سوورەتی (**الأنعام**)دایە، وەك دوایی باسی دەکەین: ﴿ وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمۡنَا كُلَّ ذِي ظُفُرٖۖ وَمِنَ ٱلۡبَقَرِ وَٱلۡغَنَمِ حَرَّمۡنَا عَلَيۡهِمۡ شُحُومَهُمَآ إِلَّا مَا حَمَلَتۡ ظُهُورُهُمَآ أَوِ ٱلۡحَوَايَآ أَوۡ مَا ٱخۡتَلَطَ بِعَظۡمٖۚ ذَٰلِكَ جَزَيۡنَٰهُم بِبَغۡيِهِمۡۖ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ١٤٦ ﴾الأنعام.

هەروەها لە سوورەتی (**النساء**) (١٦٠ - ١٦١)یش دا، هۆکاری ئەوە کە لێیان قەدەغە کراوە، ڕوونکراوەتەوە، دوایی لە مەسەلە گرنگەکان دا باسی دەکەین.

www.alibapir.net

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا ظَلَمۡنَٰهُمۡ ﴾، واتە: ئێمە ستەممان لێ نەكردبوون، كە ئەو شتانەمان لێ قەدەغە كردن، چونكە لە خودی خۆیاندا پیس و زیانبەخش نین، ﴿ وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ﴾، {ئێمە ستەممان لێ نەكردن}، بەڵكو ئەوان خۆیان ستەمیان لەخۆیان دەكرد و، لە ئەنجامی ئەم ستەم و تاوان و خراپانەیاندا، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ فَبِظُلۡمٖ مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمۡنَا عَلَيۡهِمۡ طَيِّبَٰتٍ أُحِلَّتۡ لَهُمۡ وَبِصَدِّهِمۡ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ كَثِيرٗا ١٦٠ وَأَخۡذِهِمُ ٱلرِّبَوٰاْ وَقَدۡ نُهُواْ عَنۡهُ ... ١٦١ ﴾ النساء، واتە: بەهۆی ستەمێك كە جوولەكەكان دەیانكرد، هەندێك لەو ڕزقە بەتام و خۆش و سوودبەخشانەمان، لێ قەدەغە كردن، هەروەها بەهۆی ئەوەوە كە خەڵكیان لەڕێی خوا لادەدا، هەروەها بەهۆی ئەوەوە كە سوودیان دەخوارد، {مامەڵەیان بە ڕیبا دەكرد}، كە لێشیان قەدەغە كرا بوو.

دوایی خوا ﷻ دێتە سەر بابەتی كۆتایی لەم دەرسەماندا، ئەویش بریتیە لەوە كە كەسانێك بە نەزانیی و نەفامیی، گوناهو تاوان و خراپەیەك بكەن، بەڵام دوایی بگەڕێنەوە و، چاكسازیی بكەن، بێگومان خوا میهرەبانیی و لێبوردەیی هەیە بەرانبەریان: ﴿ ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ عَمِلُواْ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٖ ثُمَّ تَابُواْ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ وَأَصۡلَحُوٓاْ إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعۡدِهَا لَغَفُورٞ رَّحِيمٌ ﴾، ئنجا بە دڵنیایی پەروەردگارت بۆ كەسانێ كە خراپە دەكەن، بە نەفامیی، دوای دەگەڕێنەوە و چاكسازیی دەكەن، {چییان خراپ كردوە و تێكداوە، چاكی دەكەنەوە} بە دڵنیایی پەروەردگارت دوای ئەوە، واتە: دوایی ئەو گەڕانەوە بۆ لای خواو چاكسازیی كردنە، یان ﴿ لَغَفُورٞ رَّحِيمٌ ﴾، لێبوردەی میهرەبانە.

www.alibapir.net

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

خوا وێنەیەکی هێناوەتەوە کە وەك پەندێك عیبرەتی لێ وەربگیرێ: ئاوەدانییەکی هێمن و ئارام و سەقامگیرو گوزەران خۆش، بەهۆی ناسوپاسیی بەرانبەر بە چاکەکانی خوا و، بێبڕوایی بەرانبەر بە پێغەمبەری خواوە، خوای دادگەر، ترس و برسیەتی پێ چێژتن و، وەك پۆشاکێك ترس و برسیەتیی بە بەرداکردن و پێیانەوە چەسپا:

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا قَرْيَةً كَانَتْ ءَامِنَةً مُّطْمَئِنَّةً يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَدًا مِّن كُلِّ مَكَانٍ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ ٱللَّهِ فَأَذَاقَهَا ٱللَّهُ لِبَاسَ ٱلْجُوعِ وَٱلْخَوْفِ بِمَا كَانُوا۟ يَصْنَعُونَ ﴿١١٢﴾ وَلَقَدْ جَآءَهُمْ رَسُولٌ مِّنْهُمْ فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَهُمُ ٱلْعَذَابُ وَهُمْ ظَٰلِمُونَ ﴿١١٣﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١- ﴿وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا قَرْيَةً﴾، خوا وێنەیەکی هێناوەتەوە بە ئاوەدانییەك.

{قَرْيةٌ: بَدَلٌ لـ (مَثَلاً)} وشەی ﴿قَرْيَةً﴾ جێدار (بدل)ە، بۆ: ﴿مَثَلًا﴾، واتە: ئاوەدانییەکی بە وێنە هێناوەتەوە، ئەوە لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە، یاخود: {ضُمِّنَ (ضَرَبَ) مَعْنَى (جَعَلَ)}، وشەی (ضَرَبَ) مانای (جَعَلَ)ی خراوەتە نێو، چونکە: ﴿وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا﴾، (ضَرَبَ) تەنیا یەك بەرکار (مفعول)ی دەوێ، بەڵام ئەگەر (ضَرَبَ) مانای (جَعَلَ)ی بخرێتە نێو، ئەو کاتە (ضربَ) دوو بەرکاری دەوێن، ئەو کاتە دەڵێی:

(ضَرَبَ)، (فِعْلٌ مَاضٍ).

(أَللّه) ﷻ (فاعل).

﴿مَثَلًا﴾، یان: (المفعول بهِ الأول)ەو، لە شوێنی خۆیەتی و، ﴿قَرْيَةً﴾ (المفعول بهِ الثاني)یە، یاخود ﴿قَرْيَةً﴾، (المفعول به الأول)ەو دواکەوتووە، ﴿مَثَلًا﴾، (المفعول به الثاني)یەو، پێش

www.alibapir.net

کەوتـوە، زانایـان هـەردووك ڕایەکەیـان هـەن، کەواتـە: خـوا ئاوەدانییـەکی هێناوەتـەوە بـە نموونـە، وەك پەنـد و عیبرەتێـك خسـتوویەتە بەرچـاو، ئنجـا بـا بزانیـن ئـەو ئاوەدانییـە چـۆن بـوو ؟

٢- ﴿ كَانَتْ ءَامِنَةً مُّطْمَئِنَّةً ﴾، هەم بەهرەمەند بوو لە هێمنیی و ئاسایش و، هەم لە ئۆخژن و دڵ ئارامیی.

(الأَمْـنُ: السَّلاَمَةُ مِـنْ تسَـلُّطِ العَـدُوّ)، (أَمْـن) بریتیـە لـە پارێزراویی لـەوە کە دوژمن بەسـەریدا زاڵ بـێ، سـەلامەت بـێ، لـەوەی دوژمـن بەسـەریدا زاڵ بـێ، بـەڵام لێـرەدا: (الإِطْمِئْنـان: الدَّعَـةُ وَهُـدُوءِ البالِ) بریتیـە لـە خۆشـگوزەرانیی و بـێ باکیـی و بـێ خەمیـی، واتـە: ئـەو ئاوەدانییـە، هـەم لـە ڕووی دوژمنـی دەرەکییـەوە بـێ تـرس بـوو، هـەم لـە نێـو خۆیـدا، بەهرەمەنـد بـوو، لـە حاڵـەتی خۆشـگوزەرانیی و بەختەوەریـی و بـێ گرفـت و کێشـەیی.

٣- ﴿ يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَدًا مِّن كُلِّ مَكَانٍ ﴾، بژیوی خۆی بۆ دەهات لە هەموو شوێنێکەوە، واتە: لە زۆر جێگایانەوە (أي: مِنْ أَمْكِنة كَثِيرَة) یاخود لە هەر چوار لاوە، کە - وەك دوایی باسی دەکەین - زۆرێك لە زانایان گوتوویانە: مەبەست لێرەدا شاری مەککەیە، چونکە مەککە لەپێش ئیسلامیش دا لە هەموو لاوە خەڵك ڕووی تێکردوە، ئنجا کە خەڵك هاتوون بۆ مەککە، هەم بەرهەم و بەروبوومی خۆیان هێناوە بۆ بازرگانیی و ساغکردنەوەو، هەم هاتوون لەوێ دا بەندایەتییان بۆ خوا ئەنجام داوەو، مەسرەفیان کردوە، بۆیە ئەوێ بۆتە شوێنێکی گرنگی بازرگانیی و مامەڵەو کارو کەسابەت و، خەڵکەکەی بەهرەمەند بوون و، لە هەموو جۆرە ڕزق و بژیوێکیشی لەملاولا بۆ هاتوە.

(الرَّغَـد: الوَافِـرُ الهَنِيء)، (رغَـد) بریتیـە لـە شـتێك کـە زۆر بـێ و، مایـەی خۆشـگوزەرانییش بـێ، هەروەهـا (رغـد)، بـە مانـای ڕزقێـکی فـراوان و چـاك و پاکیـش دێ.

٤- ﴿ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ اللَّهِ ﴾، کەچی: خەڵکی ئەو ئاوەدانییە، بەرانبەر بە چاکەکانی خوا، نا سوپاس بوون، (الأَنْعُم: جَمْعُ نِعْمَة) (أَنْعُم) کۆی (نِعْمَة)یە، ئنجا (نِعْمَة) هەم بە (نِعَم)و، هەم بە (أَنْعُم)یش کۆدەبێتەوە.

لێـرەدا کـە بـاسی ئاوەدانییەکـە دەکات، دەفەرمـوێ: ﴿ فَكَفَرَتْ ﴾، بـەڵام ئـەوە مەجـازە ئەگەرنـا: خانـوو و بـەرەکانی بەرانبـەر بـە چاکـەکانی خـوا، سـپڵە نەبـوون، بەڵکـو واتـە: خەڵـکی ئـەو دێیـە، وەك لـە ئایـەتی (٨٢)ی سـوورەتی (یوسـف)دا هاتـوە: ﴿ وَسْئَلِ الْقَرْيَةَ الَّتِي كُنَّا فِيهَا ﴾، لـە ئاوەدانییەکـە بپرسـە! واتـە: لـە خەڵـکی ئاوەدانییەکـە بپرسـە!

www.alibapir.net

سپڵەیی بەرانبەر بە چاکەکانی خواش، بریتیە لە سپڵەیی بەرانبەر بە بەخشەری چاکەکان، (**الکُفْرُ: بِانْعُمِ اللَّهِ هُوَ الکُفْرُ بِالمُنْعِم**)، ناسوپاسیی بەرانبەر بە چاکەکانی خوا، ناسوپاسییە بەرانبەر بە چاکەکارێك کە چاکەو نیعمەتەکانی ڕەخساندوون.

٥- ﴿فَأَذَاقَهَا ٱللَّهُ لِبَاسَ ٱلْجُوعِ وَٱلْخَوْفِ﴾، خوا پۆشاکی برسیەتیی و ترسی پێ چێژتن.

وشەی (الذوق)یش: (**الذَّوْقُ: إِحْسَاسُ اللّسان بأحْوَالِ الطّعُوم، وَهُنا استعِيرَ لِإِحْساسِ الأَلَمِ وَالأذَى إِحْساساً كَتَمَكُّنِ ذوق الطَّعَامِ مِنْ فَمِ ذَائِقِهِ، لا يَجِدُ لَهُ مَدْفَعَاً**)، (**ذَوق**)، بریتیە لە هەستکردنی زمان بە حاڵەتەکانی خواردن، بە تامەکانی خواردن و، لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ هەستکردن بە ئازارو ناڕەحەتیی، وەك هەستکردنی کەسێك کە خواردنێك دەچێتە نێو زاری، چۆن تامی لێدەکات، بە بێ ئەوەی کە بتوانێ لە خۆی دووری بخاتەوە، [کە خواردنەکە چۆتە نێو زاری، تازە تامی دەکات، بەدەست خۆی نیە]، ئەوانیش بە هەمان شێوە، خوا برسیەتیی و ترسی و پێ چێژتن، لێرەدا ترس و برس و تەشبیهکراون بە پۆشاکێك کە بەبەر کەسێك دا دەکرێ و، بە جەستەیەوە دەنووسێ و دەچەسپێ، واتە: ئەو ترس و برسیەتییە وا پێیانەوە چەسپا، کە لێیان نەبێتەوە، وەك چۆن پۆشاکێك بە جەستەی خاوەنەکەیەوە دەچەسپێ و لێی نابێتەوە، بەڵام ئایا خوای کارزان، بۆچی وای پێکردن ؟

٦- ﴿بِمَا كَانُوا۟ يَصْنَعُونَ﴾، بەهۆی ئەوەوە کە بە کارامەیی ئەنجامیان دەدا، لە کاری خراپ، ئنجا ئەو کارە خراپە:

أ) چ لە خودی خۆیاندا، وەك ئەو قەتڵ و زیناو مەیخۆریی و خراپەکارییەی کە لە خودی خۆیاندا کردوویانە.

ب) یاخود دەرەوەی خۆیاندا، وەك ماف پێشێلکردنی ستەملێکراوان و چەوسێنراوان و، ڕێگرتن لە پەیام و بەرنامەی خوای پەروەردگار، کە بە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺدا ناردوویەتی.

٧- ﴿وَلَقَدْ جَآءَهُمْ رَسُولٌ مِّنْهُمْ﴾، بە دڵنیایی لە خۆشیان پێغەمبەرێکیان بۆ هات، ڕەوانەکراوێکیان بۆ هات، ئەگەر مەبەست مەککە بێ، دیارە کە ڕەوانەکراوەکە پێغەمبەری خاتەمە ﷺ، بەڵام ئەگەر مەبەست هەر ئاوەدانییەك بێ، کە خوا ناوی نەهێناوە، بێگومان هیچ ئاوەدانییەکی گەورە نەبووە، هیچ کۆمەڵگایەکی بەرچاوو قەڵەباڵغ نەبووە، کە پێغەمبەرێکی بۆ نەنێرێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ ﴿٢٤﴾﴾ فاطر، واتە: هیچ

www.alibapir.net

کۆمەڵگایەك نەبووە، ترسێنەرو وریاکەرەوەیەك {کە مەبەست پێی پێغەمبەرانە (**علیهم الصلاة والسلام**)} تێیدا ڕانە بردبێ و نەهاتبێ.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ جَآءَهُمْ رَسُولٌ مِّنْهُمْ ﴾، واتە: هەر لە خۆیان، لەلایەن خواوە پێغەمبەرێکیان بۆ هات، یانی: جگە لە خۆیان نەبوو، تاکو دەمارگیرییان بۆ کۆمەڵگاو خەڵکی خۆیان وایان لێ بکات، کە بڕوای پێ نەهێنن، بەڵکو پێغەمبەرەکە لە خۆیان بوو، لە ڕووی ڕەچەڵەکەوە لە خۆیان بوو، هەروەها لە ڕووی زمانەوە، ئنجا لە نێو خۆیاندا گەورە بوو بو و، لە نزیکەوە دەیانناسی و بە نەسەب و ڕەچەڵەکی ئاشنا بوون، لە نەتەوەی خۆشیان بوو: قازانجی وی، قازانجی وان بوو، زیانی وی زیانی وان بوو !

٨- کەچی ﴿ فَكَذَّبُوهُ ﴾، واتە: بەدرۆیان دانا، (**نَسَبُوهُ لِلْكَذِبِ**) واتە: بە خاوەن درۆیان دانا، پاڵیان دایە لای درۆ.

٩- ﴿ فَأَخَذَهُمُ الْعَذَابُ ﴾، لە ئەنجامی ئەوەش دا، سزا گرتنی، (**الأَخْذُ: اسْتِعِيرَ لِلإِهْلَاكِ**)، گرتن خوازراوەتەوە بۆ فەوتێنران، لێرەدا سزاو ئازارێك کە خوا دەینێرێ، تۆڵەو سزایەك کە خوا دەینێرێ، تەشبیهکراوە بە دڕندەیەکەوە، کە دەگەڕێ بە دوای نێچیرێك دا و دەیگرێ.

کە دەفەرموێ: ﴿ فَأَخَذَهُمُ الْعَذَابُ ﴾، (**ال**)ی سەر (**العذاب**) بۆ ناساندن (تعریف)ە و، مەبەست پێی ناساندنی جینسە، یانی: جینسی سزایەك کە خوا بۆ ئەو جۆرە کەسانەی داناوە، گرتنی، چونکە پێشتر باسی ئەو سزایە نەکراوە، تاکو بڵێین: بۆ عەهدە و، یانی: سزایەکە[1] گرتنی، بەڵکو دەبێ بڵێین: ئەو سزایەی کە خوا دایناوە بۆ ئەهلی کوفر، ئەوە گرتنی.

١٠- ﴿ وَهُمْ ظَٰلِمُونَ ﴾، لە حاڵێکدا کە ئەوان ستەمکار بوون، (و) لە: (**وهم کافرون**) دا، (**واو الحالیة**) یە، یانی: سزای پڕ بە پێست دیارییکراو لە لایەن خواوە گرتنی، لە حاڵێك دا کە ستەمکار بوون.

---

(١) پێشتریش گوتوومانە: (أل)ی (العهد) لە زمانی کوردیی دا (کە)یە، وەك: (الکتاب) کتێبەکە.

www.alibapir.net

وەڵامی ئیشکالێك و پرسیارێك:

ئیشکالێك و وەڵامەکەی:

لەبارەی ئەو ڕستە موبارەکەوە، کە دەفەرموێ: ﴿فَأَذَٰقَهَا ٱللَّهُ لِبَاسَ ٱلْجُوعِ وَٱلْخَوْفِ﴾، خوا پۆشاکی برسیەتیی و ترسی پێ چێژتن، ئەم دەقە هەیە: (**رُوِيَ أَنَّ ابْنَ الرَاوَنْدِي الزِّنْدِيق قَالَ: لِإبْنِ الأعْرَابِي إِمَام اللُّغَةِ وَالأَدَب: هَلْ يُذَاقُ اللِّبَاسُ؟ فَقَالَ لَهُ ابْنُ الأَعْرَابِيِّ: لاَ بَاسَ أَيُّهَا النَّسْنَاس! هَبْ أَنَّ مُحَمَّداً مَا كَانَ نَبِيّاً، أَمَا كَانَ عَرَبِياً؟!**)[1].

واتە: گێڕدراوەتەوە کە ئیبنو ڕاوەندیی [شاعیرو فەیلەسووفێکی زەندیق بووە، بڕوای بە ئیسلام نەبووە، بەڵام لە نێو کۆمەڵگای ئیسلامیشدا بووەو، ڕێگاشی پێدراوەو، قسەی خۆی کردوە}، ڕۆژێك بە ئیبنو لئەعرابیی، کە پێشەوای زمان و ئەدەب بووە، لە ڕۆژگاری خۆیدا، دەڵێ {وەك ڕەخنە گرتن لە قوڕئان}:

ئایا پۆشاك دەچێژرێ؟ تام دەکرێ؟ ئەویش (وەڵامێکی ددان شکێنی دەداتەوە)، دەڵێ: ئەی ئەو کەسەی خوتخوتە دەکات! یان ئەی ئەو کەسەی بە ناهەق موناقەشە دەکات! گریمان موحەممەد پێغەمبەر ﷺ نەبووە، ئەدی عەڕەب نەبووە؟ واتە: ئەگەر پێغەمبەریش نەبوو بێ و، ئەو فەرمایشتەی لە خواوە بۆ نەهاتبێ، خۆ عەڕەب بووە و زمانی عەڕەبی چاك زانیوە، ئنجا ئەگەر ئەم جۆرە تەعبیرە لە زمانی عەڕەبی دا نەهاتبایە، لێرەدا نەدەهات، کە بە عەقیدەی وی، دەڵێ: موحەممەد ﷺ بۆخۆی قوڕئانی داناوە! ئنجا گریمان قوڕئانیشی لە خواوە بۆ نەهاتبێ، بەڵام خۆ عەڕەبی زانیوە، ئنجا ئەگەر ئەم تەعبیرە لە زمانی عەڕەبیدا بەکارنەهاتبایە، بەکاری نەدەهێنا !

دیارە ڕەخنەکەی ئیبنو ڕاوەندیی بەو جۆرە بووە: {**طَعَنَ فِي الآيَة بِأنَّ المناسِبَ أَنْ يُقَالَ: فَكَسَاهَا اللَّهُ لِبَاسَ الجُوعِ وَالخَوْفِ**}، تانەی لە ئایەتەکەداوە کە: وا گونجاوتر بوو، ئەو ڕستەیە بەو شێوەیە بووایە: (**فَكَسَاهَا اللَّهُ لِبَاس الجُوْعِ وَالخَوْف**) واتە: خوا پۆشاکی برسیەتیی و ترسی بە بەرداکردن، لە جیاتی بفەرموێ: (**فَأَذَاقَهَا**) پێیچێژتن، بەڵام (**محي الدين الدرويش**) دەڵێ: (**وَقَدْ أَجَابَ عُلَمَاء البَلاَغَةِ أَنَّ هَذَا مِنْ تَجْرِيد الإِستِعَارَة، وَذَلِكَ أَنَّهُ استَعَارَ اللِّبَاسَ لِمَا غَشِيَ الإِنْسَانَ مِنْ بَعْضِ الحَوَادِثِ، كالجُوعِ وَالخَوْفِ، لاشْتِمَالِهِ عَلَيْهِ اشْتِمَالَ**

---

(١) إعراب القرآن و بيانه، محي الدين الدرويش: ج ٥، ص ٣٧٨.

www.alibapir.net

الثَّوْبِ عَلَى اللاَّبِسِ، ثُمَّ ذَكَر الوَصْفَ مَلاَئِمَاً لِلْمُستَعَارِ لَهُ، وَهُوَ الجُوعُ وَالخَوْفُ، لأَنَّ إِطْلاَق الذَّوقِ عَلَى إِدْرَاكِ الجُوعِ وَالخَوْفِ، جَرَى عِنْدَهُم مَجْرَى الحَقِيْقَةِ، فَيَقُولُونَ ذَاقَ فُلانٌ البُؤْسَ وَالضُّرَّ، وَأَذَاقَهُ غَيْرَهُ، فَكَانَتِ الإِستِعَارَة مجردة، ولو قال: فكساها كانت مُرَشَّحَة).

واتە: زانایانی ڕەوانبێژیی گوتوویانە: ئەم تەعبیرە لە زاراوی ڕەوانبێژییدا پێی دەگوترێ: (**تَجرِيد الإِستِعَارَة**)[1]، لێرەدا وشەی (لباس) پۆشاك، خوازراوەتەوە بۆ شتێك كە مرۆڤ دادەپۆشێ لەو ڕووداوانەی بەسەری دێن، وەك: برسیەتیی و ترس، چونكە ئەو ڕووداوە كە بەسەر مرۆڤ دێ، ئنجا ترسە، یان برسیەتییە، خاوەنەكەی دادەپۆشێ، وەك چۆن پۆشاك ئەو كەسە دادەپۆشێ كە لەبەری دەكات، دوایی وەسفێك كە گونجاوە، لەگەڵ ئەوەی كە بۆی خوازراوەتەوە، ئەوەی هێناوە كە بریتیە لە ترس و برسیەتیی، چونكە هەستكردن بە برسیەتیی و ترس و، چێژتنی، ئەمە لە زمانی عەرەبیدا بەكاریان هێناوە، وەك حەقیقەت، نەك وەك وشەیەك كە خوازراوەتەوە، بەڵكو وەك وشەیەك كە بەڕاستیی بۆ ئەو واتایە بەكاردێ، گوتوویانە: (**ذَاقَ فُلاَنٌ البُؤْس وَالضر**)، فڵانكەس هەژاریی و ناخۆشیی چێژت، هەروەها گوتوویانە: (**وَأَذَاقَهُ غيرهُ**) فڵانكەس هەژاریی و ناخۆشیی بە فڵان كەس چێژت، ، ئنجا لێرەدا بۆتە: (**الإِستِعَارَة المُجَرَّدة**)ە، بەڵام ئەگەر فەرمووبای: (**كَسَاهَا اللَّهُ**) ئەو كاتە دەبوو بە جۆری: (**الإِستِعَارَة المُرَشَّحة**)[2]، كە ئەوانەی شارەزای ڕەوانبێژیین زیاتر لە وردەكارییەكانی ئەوە تێدەگەن.

پرسیارێك و وەڵامەكەی:

كە دەفەرموێ: ﴿ وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا قَرۡيَةً ﴾، ئایا مەبەست لەو ئاوەدانییە، كوێیە ؟

(**الشوكاني**) لە (**الفتح القدير**)[3]دا، دەڵێ: ئایا ئەم ئاوەدانییە، ئاوەدانییەكی دیاریی كراوە، یاخود دیاریی نەكراوە؟ زۆربەیان گوتوویانە دیاریی كراوەو، مەبەست پێی شاری مەككەیە، چونكە پێغەمبەر ﷺ كاتی خۆی تووڕە و قەڵس بووە، لە خەڵكی مەككە و تووكی لێكردوون، نزای لێكردوون و، فەرموویەتی: {**أَللَّهُمَّ اشْدُدْ وَطْأَتَكَ عَلَى مُضَرَ، أَللَّهُمَّ اجْعَلْهَا عَلَيْهِمْ سِنِينَ كَسِنِي يُوسُفَ**}، (**أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ: ٤٠٨١، وَمُسْلِمٌ: ٢١٥٦**).

---

(١) (إستعارة) دیارە خواستنەوەی وشەیەكە لە حاڵێكەوە بۆ حاڵێكی دیكە كە لەوێدا بەكارنایەت، بەڵام دەخوازرێتەوە لەبەر حیكمەتێك یان زیاتر، كە بە واتایەكی دیكە بەكاربهێندرێ، (تجرید)یش، واتە: ڕووتكردنەوە، یانی: یەكلاكردنەوەو، ساغكردنەوەی بۆ ئەو مەبەستە.

(٢) {(الإستعارة المرشَّحة) (عند البيانيين): ذكرُ ما يُلائمُ المُشبَّه بهِ تقويةً لها}.

(٣) ج ٣، ص ٢٣٩.

www.alibapir.net

واتە: ئەی خوایە! سزای خۆت توند بکە لەسەر (**مضر**)، {واتە: ئەو بەشە عەرەبەی کە لەو ناوچەیەن، چونکە عەرەب دەبنەوە بە دوو بەشی سەرەکیی (**ربیعة، ومضر**)} بارودۆخیان لەسەر قورس بکە، وەك ئەوە ساڵانەی کە لە بەسەرهاتی یوسفدا هاتوون، [ئەو حەوت ساڵەی گرانیی و قات و قڕیی بەسەر خەڵکی میسڕدا هاتن، خوایە! ئاوا لە ڕووی ئابوورییەوە، سەغڵەتیان بکەو تەنگ دەستیان بکە، با لووتیان بشکێ و چی دیکە لەخۆبایی و ملهوڕ نەبن، لە بەرانبەر خەڵك و خوادا].

هەڵبەتە ئەمە لە چەند شوێنێکی دیکەش، لە قورئاندا هاتوە، کە خوا ﷻ خەڵکی مەککەی زۆر ڕەچاو کردوە بەهۆی کەعبەوە، بەهۆی ئەوە ماڵە تایبەتەی خۆیەوە، کە لەوێیە، خوا خاتری خەڵکەکەشی گرتوە، بۆیە لە سوورەتی (القصص)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿أَوَلَمْ نُمَكِّن لَّهُمْ حَرَمًا ءَامِنًا يُجْبَىٰٓ إِلَيْهِ ثَمَرَٰتُ كُلِّ شَىْءٍ رِّزْقًا مِّن لَّدُنَّا وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٥٧﴾﴾، واتە: ئایا ئێمە حەرەمێکیی هێمن و ئاراممان بۆ نەڕەخساندوون، کە لە میوەو بەروبوومی هەموو شتێکی بۆ دێتەوە، [هەموو ئەو شتانەی کە خوا ﷻ کردوونی بە بژێو و بۆ خەڵك]، وەك ڕزقێك لەلایەن ئێمەوە، بەڵام زۆربەیان نازانن.

هەروەها سوورەتی (**القريش**)یش هەر لەوبارەوەیە: ﴿لِإِيلَٰفِ قُرَيْشٍ ﴿١﴾ إِۦلَٰفِهِمْ رِحْلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيْفِ ﴿٢﴾ فَلْيَعْبُدُوا۟ رَبَّ هَٰذَا ٱلْبَيْتِ ﴿٣﴾ ٱلَّذِىٓ أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَءَامَنَهُم مِّنْ خَوْفٍۭ ﴿٤﴾﴾، واتە: بەهۆی خووگرتنی قورەیشەوە، خوو گرتنیان بە سەفەری هاوینەو زستانە، [هاوینان بەرەو شام دەچوون، زستانان بەرەو یەمەن دەچوون، بەهۆی ئەوەوە کە خوا ئەوەی بۆ ڕەخساندوون، ئەو سەفەری هاوینەو زستانە بەرەو شام و یەمەن]، با پەروەردگاری ئەو ماڵە بپەرستن، کە لە برسیەتیدا، خۆراکیی بۆ ڕەخساندوون، [برسیەتییەکەی لێ لابردوون]، هەروەها ترس و بیمیشی بۆ گۆڕیوون بە هێمنیی و ئاسایش.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵتانین
Stay in touch on social media
نحن معكم عبر مواقع التواصل الاجتماعي
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
عەلی باپیر/AliBapir
archive.org/details/@alibapir
PDF
عەلی باپیر/AliBapir
کەناڵی
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
AliBapir
Google Play
App Store
www.alibapir.net
کوردی - عربي - English
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
www.alibapir.net

مەسەلەی دووەم:

خوای بەخشەر فەرمان بە مرۆڤەکان دەکات کە لەو بژێوە حەڵاڵ و بە سوودانەی پێیداون بخۆن و، سوپاسی چاکەی خوا بکەن، ئەگەر دەیانەوێ خوا بپەرستن، پاشان پێیان ڕادەگەیەنێ کە: تەنیا چوار جۆرە خواردنی سەرەکیی لێ قەدەغە کردوون: مردارو، خوێن و، گۆشتی بەراز و، بۆ جگە لە خوا سەربڕاو، کە ئەوانیش بۆ بابای تێگیراو، هەر ڕەوان، مادام بە ئارەزووەوە لێیان نەخوات و، سنووری بە ناچاریی لێخواردن نەبەزێنێ:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ فَكُلُوا۟ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ حَلَٰلًا طَيِّبًا وَٱشْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴿١١٤﴾ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحْمَ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ۖ فَمَنِ ٱضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١١٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١- ﴿ فَكُلُوا۟ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ ﴾، دەجا بخۆن لەوەی خوا پێیداون، لەو بژیوەی خوا بۆی ڕەخساندوون.

٢- ﴿ حَلَٰلًا ﴾، لە حاڵێکدا کە حەڵاڵ بێ:

أ - (الحَلاَلُ: المَأْذُونُ فِيهِ شَرْعَاً)، حەڵاڵ ئەوەیە کە لە ڕووی شەرعییەوە مۆڵەتی درابێ، یانی: بە شێوەیەکی حەڵاڵ وەدەستهێنرابێ.

ب - ﴿ طَيِّبًا ﴾، (**الطَّيِّبُ: مَا يَطِيبُ للناسِ طَعْمُهُ وَيَنْفَعُهُمْ قُوْتُهُ**)، (**طَيِّبٌ**) ئەوەیە کە خواردنەکەی بۆ خەڵك سوودبەخش بێ و، هێزو پێزییان پێ بدات.

یانی هەر شتێك لە خواردن، کە بە شێوەیەکی حەڵاڵ و ڕەوا بەدەستتان هێناوە و، لە خودی خۆشیدا سوودبەخشە و، خۆش و بەتامە، لێی بخۆن.

٣- ﴿ وَٱشْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ ﴾، هەروەها سوپاسی چاکەی خواش بکەن، واتە: سوپاسی جینسی چاکەی خوا بکەن، چونکە شارەزایانی زمان گوتوویانە: هەرچەندە (**نعمة الله**) لێرەدا تاك (**مفرد**)ە، بەڵام مەبەست پێی تێکڕای چاکەو نیعمەتەکانی خوایە.

www.alibapir.net

٤- ﴿إِن كُنتُمۡ إِيَّاهُ تَعۡبُدُونَ﴾، ئەگەر ئێوە تەنیا هەر ئەو دەپەرستن.

ئەمـە وەك پێشـتریش باسـمان کـرد: ئـەوە دەگەیەنـێ، کـە تەنیـا خواپەرسـتیی، خوازیـاری سوپاسـکردنە بـۆ خـوا، سوپاسـکردنیش بـۆ خـوا، خوازیـاری خـوا پەرسـتییە بـە تەنیـا، کەسـێك خوا بپەرستێ، سـوپاسی دەکات و بۆ چاکەکانی سوپاسـگوزار دەبێ، کەسـێکیش سوپاسـگوزاربێ بـۆ خـوا و، چاکـەکانی خـوا بەسـەر خۆیـەوە ببینـێ، بێگومـان تەنیـا خـواش دەپەرسـتێ، واتـە: شـوکرو عیبـادەت، دوو شـتی تێکهەڵکێشـن، هـەر کامێکیـان ئـەوی دیکـە پەلکێـش دەکات، هـەر کامێکیـان خوازیـاری ئـەوی دیکەیـە.

٥- ﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحۡمَ ٱلۡخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ﴾، بێگومان (خوا) تەنیا ئەوانەی لێ قەدەغە کردوون: مردارو، خوێن و، گۆشتی بەرازو، بۆ جگە لە خوا سەربڕاو، یاخود ناوی غەیری خوا لەسەر هێنراو.

کە ئەم ڕستەیە: بە تۆزێك گۆڕانکارییەوە لە چوار شوێناندا هاتوە:

١/ سووڕەتی (**البقرة**) ئایەتی: (١٧٣).

٢/ سووڕەتی (**المائدة**) ئایەتی (٣).

٣/ سووڕەتی (**الأنعام**)دا ئایەتی (١٤٥).

٤/ سووڕەتی (**النحل**) ئایەتی (١١٥).

واتـە: لـە چـوار شـوێندا ئـەم ڕسـتەیە دووبـارە بۆتـەوە، ئنجـا هـەر ڕسـتەیەك و، هـەر ڕاسـتییەك لـە یـەك ئایەتـدا هاتبـێ، ئـەوە تەنیا بۆخـۆی: ئـەو حوکمـەی دەیگرێتـە نێوخـۆی، بـۆ هەمـوو لایـەك یەکلاییکەرەوەیـە، بـەڵام شـتێك کـە خـوا لـە چـوار شـوێن دا هێناویـەتی یـان کەمتر یـان زیاتـر، بێگومـان بایـی ئەوەنـدە کـە دووبـارە دەبێتـەوە، لـە شـوێنە جـۆرا و جۆرەکانـدا و، لـە ئایەتەکانـدا، دیـارە خـوا ویسـتوویەتی: بایـی ئەوەنـدە گرنگیـی و بایەخـی پـێ بـدات و، ئێمـە بزانیـن کـە ئەمـە بـەلای خـوای پـەروەردگار و کارزانـەوە، ئـەو ڕاسـتییە بـەو ئەندازەیـە جێـی گرنگیـی و بایەخـە، ئنجـا جێـی سـەرنج و ڕامانـە: ئـەم ڕاسـتییە لـە دوو سـووڕەتی مەککەیـی: (**النحـل** و **الأنعـام**)و، لـە دوو سـووڕەتی مەدینەییشـدا: (**البقـرة** و **المائـدة**)دا هاتـوەو، ئێمـە کاتی خـۆی لـە تەفسـیرکردنی ئایـەتی ژمـارە (١٤٥)ی سـووڕەتی (**الأنعـام**)دا، زۆر بـە تەفصیـڵ بابەتێکـمان هێنـاوە لەبارەی ئـەو چـوار جـۆرە گۆشـت و خواردەمەنییانـەوە، کـە خـوا قەدەغـەی کـردوون، بۆیـە لێـرەدا لـەوە زیاتـر بـەدوای ناکەویـن.

www.alibapir.net

٦- ﴿فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ﴾، کەسێکیش کە تێگیرا، بە مەرجێك عەوداڵ و خوازیاری لێخواردنی یەکێ لەو چوار شتانە نەبێ و، بە ئارەزووەوە لێیان نەخوات، ﴿وَلَا عَادٖ﴾، هەروەها سنووریش نە بەزێنێ، سنووری ئەوەندەی پەکی لەسەر کەوتوە.

أ / ﴿غَيۡرَ بَاغٖ﴾ (أَي: غَيْرَ طَالِبٍ لِلْمُحَرَّمِ، لِلَذَّةٍ أَوِ استِئْثَارٍ)، واتە: عەوداڵی ئەو قەدەغەیە نەبێ، بۆ چێژ لێوەرگرتن، یان چونکە بەلایەوە شتێکی چاك و پەسەندو هەڵبژێردراوە.

ب / ﴿وَلَا عَادٖ﴾ (وَلاَ مُتَجَاوِزٍ مَا يَسُدُّ الرَّمَق)، هەروەها تێنەپەڕێنێ لەو ئەندازەیەی پشتی پێوەی ڕاوەستابێ و، پەکی لەسەر کەوتبێ تاکو لە مەرگ ڕزگاری بکات، ئەگەرنا: مادام پەکی لەسەر نەکەوتبێ و پێویستی پێی نەبێ و هەڕەشەی مەرگی لەسەر نەبێ، بۆی نیە لەو چوارانە بخوات.

کەواتە: کەسێك ناچاربێ و تێبگیرێ، بەو دوو مەرجەوە: نە مەبەستی لەززەت وەرگرتن بێ و، نە لە سنووری پەك لەسەر کەوتنیش تێپەڕێنێ، کەسی بەو شێوەیە:

٧- ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾، بە دڵنیایی خوا (بەرانبەری) لێبوردەی بە بەزەییە.

أ - (غَفُورٞ) لێبوردەیە، ئەگەر ئەو کەسە لەو بوارەدا: هەڵەو کەمتەرخەمییەکی بووبێ.

ب - (رَّحِيمٞ) بە بەزەییە، چونکە لە کاتی ناچاریی و سەغڵەتیی دا، ئەو چوار خۆراکە پیس و زیانبەخشەی: بایی دەربازبوونی لە مەترسیی مەرگ، بۆ ڕەوا کردوون.

www.alibapir.net

تیشکێک لەسەر چەمکی: ﴿ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ﴾

ئەم تەعبیرە لێرە، {لە سوورەتی (النحل)دا} و، لە سوورەتەکانی (المائدة، والأنعام) یشدا هەر بەو جۆرە هاتوە: ﴿ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ﴾، واتە: ئەوەی کە سەربڕاوەو، ناوی جگە لە خوای لەسەر هێنراوە، چونکە (أَهَلَّ) یانی: دەنگی بەرز کردەوە، ئەو وشەیەش لەوەوە هاتوە عەرەب کە (هِلَال)یان بینیوە گوتوویانە: (هَذَا هِلَال هَذَا هِلَال) کاتێك مانگی یەك شەوەیان بینیوە، کە مانگ تازە بۆتەوە، دوایی هەر دەنگ بەرزکردنەوەیەکیان ناوناوە (إهلال)، ئنجا کاتێك شتێکیان سەربڕیوە، ئەگەر خواپەرست بووبن، ناوی خوا، ئەگەرنا ناوی بتەکانیان لەسەر هێناوە، ئەگەر بت پەرست بوو بن، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ﴾، ئەو ئاژەڵەی کە سەردەبڕدرێ و، ناوی جگە لە خوای لەسەر دەهێنرێ و، دەنگی پێ بەرزدەکرێتەوە، قەدەغەیە.

شایانی باسیشە تەنیا لە سوورەتی (البقرة)دا، دەفەرموێ: ﴿ ... وَمَآ أُهِلَّ بِهِۦ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ ... ﴿١٧٣﴾ ﴾، بەڵام لە سێ شوێنەکەی دیکەدا، دەفەرموێ: ﴿ ... وَمَآ أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ... ﴾، واتە: لە یەك شوێن دا (البقرة - ١٧٣) ڕاناوی سەربڕاو (مذبوح)ەکە، کە بۆ جگە لە خوا سەربڕاوە، پێشخراوە: ﴿ ... وَمَآ أُهِلَّ بِهِۦ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ ... ﴿١٧٣﴾ ﴾ بەڵام لە سێ شوێناندا: (الأنعام ١٤٥- و النَّمل - ١١٥ - و المائدة - ٣ -) ئەوەی کە سەربڕاوەکەی بۆ سەربڕاوە (مذبوح له) پێشخراوە، کە بریتیە لە (غیر اللّه): ﴿ ... وَمَآ أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ... ﴾، چونکە: ئەوەی زیاتر جێی بایەخ و گرنگیی پێدانە: بۆ سەربڕاوەکە (مذبوح له)یە، نەك خودی سەربڕاو (مذبوح)ەکە، هەر بۆیەش:

ئەگەر جارێك گرنگیی بە، سەربڕاوەکە دراوە، سێ جاران گرنگیی بە، بۆ سەربڕاوەکە دراوە.

www.alibapir.net

مەسەلەی سێیەم:

خوا ﷻ بە کافرەکان دەفەرموێ: هەر لەخۆڕاو بە زمانی بە درۆوە مەڵێن: ئەمە حەلاڵەو ئەمە حەرامە، کە سەرەنجام درۆ بە ناوی خواوە بکەن و، ئەگەر وا بکەن سەرفراز نابن، ژیانی بێ بڕوایانیش گوزەرانێکی دنیایی کەمە و، پاشان گیرۆدەی سزاو ئازاری بە ئێش دەبن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ ٱلْكَذِبَ هَٰذَا حَلَٰلٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ ﴿١١٦﴾ مَتَٰعٌ قَلِيلٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١١٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١- ﴿ وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ ٱلْكَذِبَ هَٰذَا حَلَٰلٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ ﴾ واتە: هەروەها (ئەی بێبڕواینە !) بەوەی کە زمانتان بە درۆ باسی دەکات، مەڵێن: ئەمە حەڵاڵەو ئەمە قەدەغەیە.

(**الكَذِب مَنْصُوبٌ عَلَى المَفْعُول المُطْلَق، أَي: وَصْفاً كَذِباً**)، (**الكذِب**) (**منصوب**)ە و، لە حاڵەتی بەرکاری ڕەها (**المفعول المطلق**) دایە، کەواتە: ﴿ وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ ٱلْكَذِبَ ﴾ یانی: (وَصفاً كَذِباً)، زمانتان بە وەسفێکی درۆ، وەسفی دەکات.

٢- مەڵێن: ﴿ هَٰذَا حَلَٰلٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ ﴾، ئەمە حەڵاڵەو ئەمە حەڕامە، (﴿ هَٰذَا حَلَٰلٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ ﴾: **هِيَ مَقُول: تَقُولُوا**)، ئەم ڕستەیە: گوتراوی ئەوەیە کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَقُولُوا۟ ﴾.

٣- ﴿ لِّتَفْتَرُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ﴾ واتە: کە سەرەنجام درۆ بە ناوی خواوە بکەن.

ئەم (ل)ەی سەر: ﴿ لِّتَفْتَرُوا۟ ﴾، (**لِتَفتروا: عِلَّة ل(تقولوا) باعْتِبارِ كَوْنِ الإِفْتِراءِ حَاصِلاً، لاباعتِبارِ كَوْنِهِ مَقْصُوداً للقَائِلِيْنَ، فَهِيَ لَامَ العَاقِبة، وَلَيْست لَامَ العِلَّة**).

﴿ لِّتَفْتَرُوا۟ ﴾، ئەم (ل)ە، (**لام التعليل**)ە، بەڵام مەبەست پێی سەرنجام (**عاقبة**)ە، واتە: کە سەرەنجام ئاوای لێ بکەوێتەوە، بەو ئیعتیبارەی کە درۆ هەڵبەستنەکە، لە ئەنجامی ئەو قسەیەدا پەیدا دەبێ، نەك بەو ئیعتیبارەی کە ئەوانە ئەو قسەیە دەکەن، مەبەستیان

www.alibapir.net

بێ، ئامانجیان بێ درۆ هەڵبەستن، بەڵکو بە ئیعتیباری ئەوە کە ئەگەر ئەو قسەیەتان کرد، سەرەنجام درۆ هەڵبەستن پەیدا دەبێ.

کەواتە: ئەم (ل)ە، هەرچەندە (ل)ی (عِلّة)یە، بە ڕواڵەت، بەڵام لە ڕاستییدا دەبێتە **(لام العاقِبة)**، ﴿لِّتَفۡتَرُواْ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ﴾، چونکە سەرەنجام ئەوەی لێ دەکەوێتەوە.

٤- ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ لَا يُفۡلِحُونَ﴾ واتە: بێگومان ئەوانەی درۆ بە ناوی خواوە هەڵدەبەستن، سەرفراز نابن، درۆ هەڵبەستن بە ناوی خواوە، یانی: دەستکارییکردنی حەڵاڵ و حەڕامی خواو، دەستکارییکردنی شەریعەتی خوا ﷻ، ئەوەش سیفەتێکی زۆر خراپ و، کردەوەیەکی زۆر خراپە و، وەك خۆ بردنە ئاستی خوایە ﷻ.

٥و٦- ﴿مَتَٰعٞ قَلِيلٞ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ﴾: واتە: ژیانی دنیای وان: گوزەران و ڕابواردن و خۆشیی وەرگرتنێکی کەمە و، دوایی سزایەکی بەئێشیان بۆ هەیە، کە دەفەرموێ: ﴿مَتَٰعٞ قَلِيلٞ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ﴾، ئەم ڕستەیە لێرەدا: **(جَوَابٌ لِسُؤَالٍ مُحْتَمَلٍ: كَيْفَ لاَ يُفْلِحُونَ، وَكَثِيرٌ مِنْهُم فِي حَالَةِ فَلاَحٍ؟ فَأُجِيبَ: بِأَنَّ هَذَا تَمْتِيعٌ قَلِيْلٌ وَقَصِيرُ الأَجَلِ)**.

واتە: ئەمە وەڵامی پرسیارێکی چاوەڕوانکراوە، کە یەکێ بڵێ: چۆن سەرفراز نابن، کە زۆرێك لە کافرەکانیش لە حاڵەتی خۆشگوزەرانیی و بەختەوەریی و کامەرانیی دان ؟!

وەڵام دراوەتەوە، کە ئەمە پێ گوزەراندن و پێ ڕابواردنێکی کەم و ماوە کورتە، بەڵام دوایی سزاو ئازارێکی بە ئێش چاوەڕێیان دەکات.

www.alibapir.net

کورتە باسێك لە دوو بڕگەدا

بڕگەی یەکەم: تیشکێکی زیادە بۆ سەر چەمك و واتای: ﴿ وَلَا تَقُولُواْ لِمَا تَصِفُ أَلۡسِنَتُكُمُ ٱلۡكَذِبَ ﴾

ئەم ڕستە موبارەکە: ﴿ وَلَا تَقُولُواْ لِمَا تَصِفُ أَلۡسِنَتُكُمُ ٱلۡكَذِبَ ﴾، کە پێشتریش هەر قسەمان لێکرد، لێرەش جارێکی دیکە قسەی لێدەکەینەوە: (**محي الدين الدرويش**)، دەڵێ:

(المعْنَى: وَلاَ تقولوا هذا حلال، وهذا حرام، لِوَصْفِ أَلْسِنَتِكُم الكَذِبَ، أَي: لِتَعَوُّدِهَا عَلَيْهَا وَجَرَيانِهَا بِهِ، أَي: لاَ تُحَلِّلوا وَلاَ تُحَرِّمُوا، لأَجْلِ قَوْلٍ تَنْطِقُ بِهِ أَلْسِنَتِكُمْ، وَهُوَ قَوْلٌ مَدْفُوع لاَ تَقُوم بِهِ حُجَّة، ووَصْفُ الأَلسنة للكَذِبِ، تَعْبير عَرَبِيٌّ مُبين للمُبالَغَة: جُعِلَتِ الأَلْسِنة لِإستساغَتِهَا الكَذِبَ وَجَرَيانِهِ عَلَيْهَا وَتَرَدُّدِهِ فِيمَا تَنْطقُ بِهِ دَائِمَاً، كأنَّهَا تَصِفهُ وَتُجَسِّدُهُ للسامِعِ، وَمِنْ ذَلِكَ قَوْلُهُم:

وَجهَهَا يَصِفُ الجَمَالُ　　　وَعَيْنُهَا تُوحِي بالسِّحْر

أَو كانَّ الكَذِبَ أَمْرٌ مَجْهُولٌ، وَعَلَيْهِم تِبيانُهُ للناسِ، وَكَشْفُ الغِطَاءِ عَنْ خوافِيهِ، فَهُوَ مَجَازٌ عَقْلِيٌّ)[1].

واتە: ماناکەی ئاوایە کە دەفەرموێ: مەڵێن: ئەوە حەڵاڵەو ئەوە حەرامە، بەهۆی ئەوەوە کە زمانتان باسی درۆ بکات، واتە: لە ئەنجامی ئەوەدا کە زمانتان خووی گرتوە، بە درۆ کردنەوەو، زۆر بە درۆ کردنەوە ڕاهاتوە، ئەوە مەڵێن، یانی: شت حەڵاڵ مەکەن و شت قەدەغە مەکەن، هەر بەهۆی ئەوەوە کە زمانتان دەیڵێ، بە بێ ئەوەی ئەو قسەیەی دەیکەن: بەڵگەیەکی لەسەربێ، بەڵکو بەس بەسەر زمانتان دادێ.

ئەوەش کە زمانەکان وەصفی درۆ بکەن، ئەمە دەربڕینێکی عەرەبی زۆر ڕۆشنە، بۆ زێدەڕۆیی کردن: زمانەکان وا وێناکراون، کە لە ئەنجامی ئەوەدا، درۆ بە ڕەوا دەزانن و، بە درۆوە ڕاهاتوون و، زۆر درۆیان بەسەردا دێ، ئەو زمانانە وەسفی درۆ دەکەن و، بۆ بابای بیسەر، درۆ بەرجەستە دەکەن، وەك لەوبارەوە گوتراوە: (**وجهها يصف الجمال**) ڕووی

(١) إعراب القرآن و بيانه: ج ٥، ص ٣٨٠ - ٣٨١.

www.alibapir.net

ئەو ئافرەتە وەسفی جوانیی دەکات، یان گوتراوە: (**وعینُها تُوحي بالسحر**)، چاوی ئەو ئافرەتە ئاماژە دەکات بە جادوو.

یاخود وەك: (درۆ کردن) شتێکی نەزانراو بێ و، لەسەر وان پێویست بێ کە ڕوونی بکەنەوە بۆ خەڵك و پەردەی بەسەر لابدەن و، دیوە حەشار و پەنهانەکانی ئاشکرا بکەن، ئنجا ئەوان بەهۆی زمانیانەوە، درۆ پێناسە و وەسف دەکەن و، بەرجەستەی دەکەن، ئەمەش لەو حاڵەتەدا دەبێتە مەجازێکی عەقڵیی.

(**محمد متولي الشعراوي**) لە تەفسیرەکەیدا بە ناوی: (**خواطر الشعراوي**)[1]، دەڵێ: (**مَعْنَى: {تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الكَذِبَ}: تُظْهِرُهُ عَلَى أَوْضَحِ وَجُوهِهِ، فَلَيْسَ كَلاَمُهُمْ كَذِباً فَقَط، بَلْ يَصِفُهُ، فَمَنْ لاَ يَعْرِفِ الكَذِبَ، فَلْيَعْرِفْهُ مِنْ كَلاَمِ هَؤُلاَء**): بێگومان ئەم تەعبیرە پوختتر مەبەستەکە بەدەستەوە دەدات، دەڵێ: ﴿لِمَا تَصِفُ أَلۡسِنَتُكُمُ ٱلۡكَذِبَ﴾، واتە: بە جوانترین شێوە درۆ دەردەخات، قسەکەیان نەك هەر درۆ بێ، بەڵکو وەسفی درۆ دەکات، کەسێك کە نەزانێ درۆ چییە؟ با لە قسەی وانەوە بیزانێ.

بڕگەی دووەم: هۆشیاری دان بە مسوڵمانان: کە بە بێ بەڵگەی شەرعیی ڕوون، باسێ قەدەغەکردن نەکەن:

ئەم ئایەتە ئاگادارکردنەوەیە بۆ مسوڵمانان، وەك (**القرطبي**) دەڵێ: (**الآيةُ تَحْذِيرٌ للمُسْلِمِينَ أَن يَقُولُوا عَلَى اللَّهِ، مَا لَمْ يَقولُهُ بنَصٍّ قَاطِعٍ وَاضِحٍ فِي مجَالِ التحْرِيم**)، ئەم ئایەتە ئاگادارکردنەوە و ترساندنی مسوڵمانانە، کە نەکەن شتێك بە ناوی خواوە بڵێن، کە نەیفەرمووبێ، بە دەقێکی یەکلاییکەرەوەی ڕۆشن، لە بواری قەدەغەکردندا {بۆیان نیە لەوبارەوە قسە بکەن، مەگەر خوا زۆر جوان نوختەی تێدا خستبێتە سەر پیت}.

ئنجا (**القرطبي**) لە تەفسیرەکەی خۆی (**الجامع لأحكام القُرْآن**)[2]دا، دەڵێ: (**أَسْنَدَ الدَّارِمِيُّ... عَنِ الأَعْمَش قَالَ: مَا سَمِعْتُ إِبْرَاهِيم قَط يَقُولُ: حَلاَلٌ وَلاَ حَرَام، وَلَكِنْ كانَ يَقُولُ: كانُوا يَكرهُون، وَكانُوا يَستحِبُّون، وَقَالَ ابْنُ وَهَبْ قَالَ مَالِك: لَمْ يَكُنْ مَنْ فُتيا الناسِ أَنْ يَقُولُوا: هَذَا حَلاَلٌ وَهَذَا حَرَام، وَلَكِنْ يَقُولوا: إِياكُمْ كَذَا وَكَذَا، وَلَمْ أَكُنْ لأَصْنَعُ هَذَا، وَمَعْنَى هَذَا: أَنَّ**

---

(١) ج ١٣، ص ٨٢٦٢.

(٢) ج ١٠، ص ١٦٢.

www.alibapir.net

التَّحْلِيْلَ وَالتَّحْرِيـمَ إِنَّمَا هُـوَ للـهِ عَـزَّ وَجَـلَّ، وَلَيْـسَ لأَحَـدٍ أَنْ يَقُـولُ أَو يُـصَرِّحَ بهَـذَا، فِي عَـيْنٍ مِـنَ الأَعْيـانِ، إلاَّ أَنْ يَكُـونُ البـارِئ تَعَـالى يُخْبِرُ بذَلِـكَ عَنْـهُ، وَمَـا يُـؤَدّي إِلَيْـهِ الإِجْتِهَـاد فِي أَنَّـهُ حَـرَامٌ، يَقُـولُ: إِنِّي أَكْـرَهُ كَـذَا، وَكَذَلِـكَ كانَ مَالِـك يَفْعَـل، اقْتِـدَاءً بِمَـنْ تَقَـدَّم مِـنْ أَهْـلِ الفَتْـوَى).

واتـە: داریمیـی لـە موسـنەدەكەی خۆیـدا، ئـەم قسـەیەی پاڵداوەتـە لای (**أعمـش**)، {ئەعمـەش یەكێكـە لـە زانایانـی تابیعیـن}، گوتوویەتـی: هەرگیـز گوێـم لـە ئیبراهیـم نەبـووە، {ئیبراهیـم یەكێكـە لـە زانایانـی تابیعیـن و ئەعمـەش زانیاریـی لـێ وەرگرتـوە} بڵـێ: ئـەوە حەڵاڵـەو ئـەوە حەرامـە، بەڵكـو هـەر دەیگـوت ئەوەیـان پـێ ناخـۆش بـووە و، ئەوەیـان پـێ چـاك و پەسـند بـووە، هەروەهـا (**ابْـنُ وَهَـبْ**) گوتوویەتـی: مالیـك گوتوویەتـی: كاتـی خـۆی خەڵـك لـە فەتوادانیانـدا عادەتیـان نەبـووە بڵێـن: ئەمـە حەڵاڵـەو ئەمـە حەرامـە، بەڵكـو عادەتیـان وابـوو، دەیانگـوت: خۆتـان لـەو شـتەو لـەو شـتە بپارێـزن! مـن ئـەو شـتە ناكـەم، ئەوەندەیـان دەگـوت.

(**القرطبي**) دەڵـێ: ئـەوەش مانـای وایـە: بـە حـەڵاڵ دانـان و بـە قەدەغـە دانـان، تەنیـا هـی خـوای زاڵـی پایـە بـەرزەو، هیـچ كەسـێك بـۆی نیـە لـە شـتێك لـە شـتەكاندا بـە ڕاشـكاویی بڵـێ: ئـەوە حەڵاڵـەو ئـەوە حەرامـە، مەگـەر خـوای بـەرز لەوبـارەوە هەواڵـی دابـێ، واتـە: دەقێكـی یەكلاییكـەرەوەی ڕوونـی بـێ چەنـد و چـوون هەبـێ، ئەگەرنا ئـەوەی بە ئیجتیهـاد و بە تێرامـان و هەڵهێنجانـی زانایـان دەردەكـەوێ، كـە قەدەغەیـە، دەبـێ تەنیا بڵـێ: مـن ئـەوەم پـێ ناخۆشـە، ئـەوە بـە ناپەسـند دەزانـم، مالیكیش هـەر وایدەكـرد، وەك چاولێكـردن و شـوێنكەوتنی ئەهلـی فەتـوا لـە پێـش خۆیـدا.

ئنجـا بـە ڕاسـتیی ئەمـە ڕێـك پێچەوانـەی عادەتـی ژمارەیـەك لـە وتاربێـژو قسـەكەرانە بـە نـاوی ئیسـلامەوە، - كـە زۆرێكیـان شـۆرەتی سـەلەفییان هەڵگرتـوە - لـەم ڕۆژگارەمـان دا - كـە زمانیـان زۆر بـەوەوە ڕاهاتـوە، هـەر ئـەوەی ڕێـك پێچەوانـەی ئایەتەكـەی خوایـە: ئـەوە حەڵاڵـەو، ئـەوە حەرامـە، بەتایبەتـی لـە بـواری قەدەغەكردنـدا، زۆرجـار دنیـا لـە خەڵكـی دەكەنـە چەرمـی چۆلەكـە! لـە حاڵێكـدا كـە خـوا لـە چەنـدان ئایەتـدا دەفەرموێ: خـوا هەرچـی لەسـەر زەوییـە، بـۆ ئێـوەی دروسـت كـردوە، بەڵكـو دەفەرمـوێ: هەرچـی لـە ئاسـمانەكان و زەوی دایـە، بـۆ ئێـوەی ڕام و دەسـتەمۆ كـردوە.

كەواتـە: لـە ئەسـڵدا هەمـوو شـتێك ڕەوایـە، زانایـان گوتوویانـە: (**الأَصْـلُ فِي الأَشْـياء الإِباحَـة، والأَصْـلُ فِي الأَشْـياء الحلِّيـةُ، وَالأَصْـلُ فِي الأَشْـياءِ الطَّهَـارَة**)، یانـی: بناغـە و بنـەڕەت لـە شـتەكاندا، ڕەوایـی و

www.alibapir.net

حەڵاڵی و، پاکییە، یانی: دەبێ بەڵگە هەبێ لەسەر پیسیی و، لەسەر ناڕەوایی و، لەسەر قەدەغە بوون، کەچی هەندێك کەس وادەزانن: بناغە بریتیە لە: قەدەغە کران و، ناڕەوایی و، پیسیی و، دەبێ بەڵگە هەبێ بۆ ئیسپاتی: پاکیی و ڕەوایی و حەڵاڵیی: کە ئەوە ڕێك پێچەوانەی ئایەتەکانەو، پێچەوانەی عادەتی پێغەمبەریشە ﷺ، کە زۆر پێی ناخۆش بووە، پرسیاری لێ بکەن، نەوەك لە ئەنجامی پرسیارکردنی ئەوان دا شتێك قەدەغە بکرێ لە مسوڵمانان، زۆر گرنگە ئینسان خۆی لە شوێنکەوتنی ئارەزوو و لاساییکردنەوەی کوێرانە، بپارێزێ، دینداریی نابێ، بە پێی میزاج و سروشتی خۆت بێ، بەڵکو دەبێ ملکەچی شەریعەت بی، بەتایبەت لە بواری بە قەدەغەدانانەدا، نابێ ئینسان دنیا لە خەڵك بکاتە چەرمی چۆلەکە[1] نەتوانن بە هیچ لایەکدا خۆیان بجووڵێنن، ئەوە قەدەغەیەو، ئەوەش قەدەغەیە...هتد، چونکە: بەبێ بەڵگەیەکی یەکلاییکەرەوە و ڕوون و بێ چەند و چوون، بۆت نیە، بڵێی: ئەوە قەدەغەیە، لەبەرئەوەی ئەصڵ لە هەموو شتەکاندا، بریتیە لە حەڵاڵ بوون و، ڕەوا بوون، پاك بوون، چونکە خوا لە ئەصڵدا هەموو شتەکانی بۆ مرۆڤەکان هێناونە دی، کەواتە: هەر شتێك کە بۆ مرۆڤەکان سوودبەخش بێ و، لێی بەهرەمەند بن و، بە چاکی بزانن و، بەرژەوەندییان بۆ دابین بکات، بۆیان ڕەوایە و حەڵاڵە، چونکە لە ئەصڵدا خوا شتەکانی بۆ ئەوان خولقاندوون:

أ - ﴿ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ﴿٢٩﴾ ﴾ البقرة، واته: ئەو (خوا) کەسێکە هەرچی لە زەویدایە بۆ ئێوەی دروستکردوە.

ب - ﴿ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ ﴿١٣﴾ ﴾الجاثية، واته هەروەها (خوا): هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، هەمووی تێکڕا لەلایەن خۆیەوە، بۆ ئێوە ملکەچ و دەستەمۆ کردوە.

کەواتە: دەبێ بەڵگە هەبێ لەسەر قەدەغە بوون، ئەگەر نا ئەصڵ لە شتەکاندا بریتیە لە ڕەوا بوون و حەڵاڵ بوونیان.

---

(١) دنیای لێکردن بە چەرمی چۆلەکە: یانی دنیای لێ تەنگ و تەسك کردەوە و سەغڵەتی کرد.

www.alibapir.net

مەسەلەی چوارەم:

خوا ﷻ هەواڵ بە پێغەمبەرەکەی خۆی دەدات، کە ئەوەی لە جوولەکەکانی قەدەغە کردوە، پێشتر لە {سووڕەتی (الأنعام)دا}، بۆی باسکردوە و تەنیا خۆشیان ستەمیان لە خۆیان کرد و، بوونە هۆکاری لێ قەدەغە کرانی ئەو شتانە، نەك خوا ستەمی لێکردبن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُوا۟ حَرَّمْنَا مَا قَصَصْنَا عَلَيْكَ مِن قَبْلُ ۖ وَمَا ظَلَمْنَـٰهُمْ وَلَـٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿١١٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١- ﴿ وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُوا۟ حَرَّمْنَا مَا قَصَصْنَا عَلَيْكَ مِن قَبْلُ ﴾، لەسەر جوولەکەکانمان قەدەغە کرد بوو، ئەوەی کە پێشتر بۆ تۆمان گێڕاوەتەوەو، بۆمان باسکردووی، ئەوەمان لە جوولەکەکان قەدەغەکردبوو، بێگومان لێرەدا مەبەست ئایەتی (١٤٦)ی سووڕەتی (الأنعام)ە، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُوا۟ حَرَّمْنَا كُلَّ ذِى ظُفُرٍ ۖ وَمِنَ ٱلْبَقَرِ وَٱلْغَنَمِ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ شُحُومَهُمَآ إِلَّا مَا حَمَلَتْ ظُهُورُهُمَآ أَوِ ٱلْحَوَايَآ أَوْ مَا ٱخْتَلَطَ بِعَظْمٍ ۚ ذَٰلِكَ جَزَيْنَـٰهُم بِبَغْيِهِمْ ۖ وَإِنَّا لَصَـٰدِقُونَ ﴿١٤٦﴾ ﴾، واتە: هەروەها لەسەر جوولەکەکانمان قەدەغە کردبوو، هەر خاوەن نینۆکێك و، لە ڕەشەوڵاخ و لە مەڕ و بزنیش، بەز و پیوەکەنیانمان قەدەغە کرد بوو، مەگەر ئەوەی کە بە پشتیانەوە نووسا بوو، یاخود لەگەڵ ڕیخۆڵەکانیان تێکەڵ بوو بوو، یاخود لەگەڵ ئیسقانیان ئاوێتە بوو بوو، ئەوەش بەهۆی ستەم و دەستدرێژییانەوە، ئاوا سزامان دان و، ئێمە لە ڕاستانین.

ئنجا لە سووڕەتی (النساء) - ١٦٠، ١٦١- دا، خوا ئاماژەی بەو دەستدرێژیی و سنوورشکێنییەی جوولەکەکان کردوە، کە بەهۆیەوە هەندێك شتیان لێ قەدەغە کراوە، لەو دوو ئایەتەدا خوا ﷻ ئەوەی ڕوون کردۆتەوە: ﴿ فَبِظُلْمٍ مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُوا۟ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَـٰتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ وَبِصَدِّهِمْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ كَثِيرًا ﴿١٦٠﴾ وَأَخْذِهِمُ ٱلرِّبَوٰا۟ وَقَدْ نُهُوا۟ عَنْهُ وَأَكْلِهِمْ أَمْوَٰلَ ٱلنَّاسِ بِٱلْبَـٰطِلِ ۚ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَـٰفِرِينَ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٦١﴾ ﴾، واتە: بەهۆی ستەمێك لەلایان ئەوانەوە کە جوولەکە بوون، (بووبوونە جوولەکە)، هەندێك بژیوی چاك و پاك، کە خوا پێشتر بۆی حەڵاڵ کردبوون، لێمان قەدەغەکردن، هەروەها بەهۆی ئەوەوە

www.alibapir.net

کە خەڵکیان زۆر لە ڕێی خوا لادەدا، هەروەها بەهۆی ئەوەوە کە سوود (ربا)یان وەردەگرت، لە حاڵێکدا کە لێی قەدەغە کرا بوون، دیسان بەهۆی ئەوەوە کە ماڵ و سامانی خەڵکیان بە ناهەق و بە ناشەرعیی دەخوارد، {بەهۆی هەموو ئەو شتانەوە، هەندێك لەو ڕزق و بژێوە پاك و چاکانەی لە ئەصڵدا ڕەوان، لێمان قەدەغە کرد بوون} و، بۆ بێبڕوایان، لەوان، ئازار و سزایەکی بەئێشمان ئامادە کردوە.

٢- دوایی دەفەرموێ: ﴿وَمَا ظَلَمۡنَٰهُمۡ وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ﴾، ئێمەش ستەممان لێ نەکردن، بەڵکو خۆیان ستەمیان لە خۆیان کرد.

لە ئەنجامی ئەو ستەم و دەستدرێژیی و ئەو خراپەکارییانەی خۆیاندا، خوا ﷻ هەندێك لەو ڕزق و ڕۆزییە پاك و چاك و سوودبەخشانە، کە لە ئەصڵدا ڕەوان، لە جوولەکانی بەتایبەت قەدەغە کردبوون، بەڵام بۆ خەڵکی دیکە، هەر حەڵاڵ و ڕەوان و، ئەوان وەك: سزایەك، ئەو شتانەیان لێ قەدەغە کرابوون.

جوولەکەکان هەمیشە گوتوویانە ئەو شتانەی کە لە ئێمە قەدەغە کراون، هەر لە ئەصڵدا لەلای خوا قەدەغەن، زۆرجار لەوبارەوە موناقەشەو شەڕەقسەیان لەگەڵ مسوڵمانان دا کردوە، بۆیە خوا ﷻ ڕوونی کردۆتەوە کە ئەو شتانەمان بەهۆی هەڵەو تاوان و لادانی خۆتانەوە - کاتی خۆی - لێ قەدەغە کردوون، ئەگەرنا لە ئەصڵدا ڕەوان، چونکە سوودبەخش و باشن، خوای پەروەردگاریش هیچ کاتێ شتی سوودبەخش و بەکەڵك و خۆش و بەتام، قەدەغە ناکات.

وشەی: ﴿هَادُواْ﴾ لە چییەوە هاتوە ؟

(الهَوْدُ: الرّجُوعُ برِفْقٍ، وَمِنْهُ: التهْوِيدُ، وَهُوَ مَشِيٌّ كالدَّبِيبِ، وَصَارَ الهَوْدُ فِي التَّعَارُفِ التَّوْبَةَ، قَالَ تعالَى: ﴿إِنَّا هُدۡنَآ إِلَيۡكَ ١٥٦﴾ الأعراف، أَي: تُبْنَا، قَالَ بَعْضُهُمْ: يَهُود فِي الأَصْلِ مِنْ قَوْلِهِم: هُدْنَا إِلَيْكَ، وَكَانَ اسْمَ مَدْحٍ، ثُمَّ صَارَ بَعْدَ نَسْخِ شَرِيْعَتِهِم، لاَزِمَاً لَهُمْ، وَإِنْ لَمْ يَكُنْ فِيهِ مَعْنَى المَدْحِ، كَمَا أَنَّ النَّصَارَى فِي الأَصْلِ مِنْ قَوْلِهِ: ﴿مَنۡ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِۖ ١٤﴾ الصف، ثُمَّ صَارَ لاَزِمَاً لَهُمْ بَعْدَ نَسْخِ شَرِيْعَتِهِم، وَيُقَالُ: هَادَ فُلاَنٌ: إِذَا تَحَرَّى طَرِيقَةِ اليَهُودِ فِي الدِّينِ، قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ﴾)[1].

---

(١) مفردات ألفاظ القرآن: ص ٨٤٦ و ٨٤٧.

www.alibapir.net

واتــە: وشــەی (هَــود) واتــە: گەڕانــەوە بــە نەرمیــی، وشــەی (تَهْوید)یــش لــەوەوە هاتــوە، (وَهُــوَ مَــشْيٌ كالدَّبيــبِ) ڕۆیشــتنێکە زۆر بــە لەســەرخۆیی، ئنجـا وشـەی (هَـود) لـە بـاوی زانایانـی شـارەزایی زمانـدا بـە مانای (التوبة)یـە، کە جوولەکـەکان گوتوویانـە: ﴿إِنَّا هُدْنَآ إِلَيْكَ﴾، ئێمە بـۆ لای تـۆ گەڕاینـەوە، (أي: تُبْنـا) واتـە: گەڕاینـەوە و پەشـێمان بووینـەوە، زانایـان هەندێکیـان گوتوویانـە: وشـەی (يَهـود) لـە ڕیشـەدا لـەوەوە هاتـوە، کـە گوتوویانـە: ﴿إِنَّا هُدْنَآ إِلَيْكَ﴾، کەواتـە: (يَهـود) یـانی: ئەوانـەی کـە دەگەڕێنـەوە بـۆ لای خـوا، گەڕاونـەوە بـۆ لای خـوا، کـە لـە ئەصڵـدا نـاوی مـەدح و سـتایش کـردن بـووە، بـەڵام دوای ئـەوەی شـەریعەتەکەیان نەسـخ کراوەتـەوە، وشـەی (يَهـود) بۆتـە ناوێکـی پەیوەسـت بـە جوولەکەکانـەوە، بـەڵام مانـای مـەدح ناگەیەنـێ، {چونکـە ئێسـتا نەگەڕاونـەوە بـۆ لای خـوا، بەڵکـو ئێسـتا لـە خـوا هەڵگەڕاونـەوە، لـە پێغەمبـەری کۆتایـی خـوا هەڵگەڕاونـەوە و، پشـتیان لـە شـەریعەتی پێغەمبـەری کۆتایـی ﷺ کـردوە، بـەڵام هـەر ناوەکەیـان وا هاتـوە، تـازە ناوەکـە بۆتـە نازناوێـك، نـەك مانـای مـەدح بگەیەنـێ}[1]، هـەروەك چـۆن (نَصَارَى)لـە ڕیشـەدا لـە قسـەی خـواوە ﷻ هاتـوە، کـە کاتـی خـۆی مەسـیح ؈ گوتـی: ﴿مَنْ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِ﴾ (١٤) الصـف، کێـن پشـتیوانانی مـن، بۆ لای خـوا؟ {(نصـارى) ئەوانـەن کـە پشـتیوانییان لـە مەسـیح کـرد، بـەڵام دوایـی بۆتـە وەصفێـك کـە بەوانـەوە پەیوەسـتە، وەك نازناوێـك، بـەڵام دوای ئـەوەی شـەریعەتەکەیان نەسـخ کراوەتـەوە، ئێسـتا مانـای مـەدح ناگەیەنـێ بـۆ ئـەوان، [چونکـە ئەوانیـش کاتێـك بـڕوا بـە پێغەمبـەری کۆتایـی (محمـد) ناهێنـن، مانـای وایـە لـە تەعلیـمات و ڕێنماییەکانـی عیسـاش هەڵگەڕاونـەوە، هـەر وەك جوولەکـەکان ئەگـەر بـڕوا بـە عیسـا و بـە موحەممەدیـش نەکـەن، مانـای وایـە لـە تەعلیـمات و بەرنامەکـەی مووسـاش هەڵگەڕاونـەوە]}[2]، دەگوتـرێ: (هَـادَ فُلاَنٌ)، ئەگـەر خەفتا لـەوەی، کـە بزانـێ ڕێبـازی جوولەکـەکان چۆنـە لـە دینداریـی دا، خـوای پـەروەردگار دەفەرمـوێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ﴾، بێگومـان ئەوانـەی ئیمانیـان هێنـاوە و ئەوانـەی کـە بوونـە جوولەکـە، {بوونـە یەهوودیـی}.

(١) نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە.

(٢) نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە.

www.alibapir.net

مەسەلەی پێنجەم:

خوای پەروەردگار یەکجار لێبووردەی بە بەزەییە، بەرانبەر بە کەسانێك کە بە نەزانیی خراپە دەکەن، پاشان دەگەڕێنەوەو چاکسازیی دەکەن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ عَمِلُوا۟ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٍ ثُمَّ تَابُوا۟ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ وَأَصْلَحُوٓا۟ إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعْدِهَا لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١١٩﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١- ﴿ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ عَمِلُوا۟ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٍ ثُمَّ تَابُوا۟ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ وَأَصْلَحُوٓا۟﴾، ئنجا بێگومان پەروەردگارت بۆ کەسانێك کە خراپە بە نەفامیی دەکەن، بە نەفامیی و بە نەزانیی خراپە دەکەن، دوای ئەوە دەگەڕێنەوە و چاکسازیی دەکەن.

کە دەفەرموێ: ﴿عَمِلُوا۟ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٍ﴾، زانایان چەند واتایەکیان بۆ وشەی (بِجَهَٰلَةٍ) لێکداوەتەوە:

١/ (الشعراوي) لە (**الخواطر**)ەکەی خۆیدا، دەڵێ: (**أي: بطَيْشٍ وَحُمْقٍ وَسَفَهٍ**)[1]، واتە: بە نەزانیی و بە نەفامیی و بە کەودەنیی {هەڵەیەك دەکەن}.

٢/ (**راغب الأصفهاني**) لەبارەی چەمك و واتای وشەی (**الجَهْل**)ەوە، دەڵێ:

{الجَهْلُ عَلَى ثَلاَثة أَضْربٍ:

الأَوَّلُ: وَهُوَ خُلُوُّ النَّفْسِ مِنَ العِلْمِ، هَذَا هُوَ الأَصْل.

والثَّانِي: اعْتِقَادُ الشيء بخِلاَفِ مَا هُوَ عَلَيْهِ.

والثَّالِث: فِعْلُ الشيءِ بخِلاَفِ مَا حَقُّهُ أَنْ يُفْعَلَ، سَوَاءٌ اعْتَقَدَ فِيهِ اعْتِقَاداً صَحِيْحاً أَو فَاسِداً، كَمَنْ يَتْرُكُ الصَّلاَةَ مُتعَمِّداً، وَعَلَى ذَلِكَ قَوْلُهُ تَعالى: ﴿قَالُوٓا۟ أَتَتَّخِذُنَا هُزُوًا ۖ قَالَ أَعُوذُ بِٱللَّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿٦٧﴾﴾**البقرة، فَجَعَلَ فِعْلَ الهزْوِ جَهْلاً}**[2].

---

(١) ج ١٣، ص ٨٢٧٧، المكتبة الشاملة.

(٢) مفردات ألفاظ القرآن، ص ٢٠٩.

www.alibapir.net

واتە: وشەی نەزانین (**جهل**) سێ جۆرە:

یەکەمیان: ئەوەیە کە نەفس زانیاریی تێدا نەبێ، واتە: بێئاگایی و نەزانیی، ئەوە ئەصڵەکەیەتی.

دووەمیان: ئەوەیە کە بڕوابێنی بە شتێك، بە پێچەوانەی حاڵەتی خۆیەوە، کە لەسەریەتی.

سێیەمیان: بریتیە لە ئەنجامدانی شتێك، کارێك بکرێ بە پێچەوانەی ئەوەوە کە شایستەیەتی، ئەو کارەی دەکرێ، چ ئەو کەسە بڕوایەکی ڕاستی بەرانبەری هەبێ، چ بڕوایەکی خراپ، وەك کەسێك کە بە ئانقەست نوێژ ناکات، {جا چ بە بڕوا پێ بوونەوە، چ بە بڕوا پێ نەبوونەوە} ئەوە نەفامیی و نەزانیی کردوە. وەك فەرموودەی خوای بەرز: کاتێك مووسا ﷺ بە بەنی ئیسرائیلی گوت: مانگایەك سەرببڕن، گوتیان: ئایا گاڵتەمان پێ دەکەی؟ ئەویش گوتی: پەنا بە خوا دەگرم کە من لە نەفامان {واتە: گاڵتەکردن بە خەڵك، کردەوەی نەفامانە} گاڵتە بە خەڵك کردنەکەی بە نەفامیی داناوە.

کەواتە: یەکێك لە ماناکانی نەفامیی و نەزانیی، بریتیە لە کردەوەی خراپ.

٣/ (**إِبْنُ كَثِير**) لە تەفسیرەکەی خۆیدا {خولاصەی تەفسیرەکە}[١] دەڵێ: (**قَالَ بَعْضُ السَّلَفِ: كُلُّ مَنْ عَصَى اللّٰه فَهُوَ جَاهِلٌ**)، هەندێك لە زانایانی پێشین گوتوویانە: هەر کەسێك بێ فەرمانیی خوا بکات { و سەرپێچیی لە بەرنامەو شەریعەتی خوا بکات}، ئەوە نەفام و نەزانە.

٢- ﴿ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ عَمِلُواْ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٖ ثُمَّ تَابُواْ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ وَأَصۡلَحُوٓاْ إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعۡدِهَا لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾... ئنجا بێگومان پەروەردگارت بۆ کەسانێك کە بە نەفامیی خراپەیان کردوە، پاشان دوای ئەوە گەڕاونەوەو چاکسازییان کردوە، بە دڵنیایی پەروەردگارت دوای ئەوە، لێبوردەی بە بەزەییە.

هەردووك ئنجا ﴿ثُمَّ﴾ەکان، بۆ ڕیزبەندیی پلەپلەیی(**للترتيب الرتبي**)ن، لە نزمییەوە بۆ بەرزیی دەچێ، پێشێ خراپە دەکەن، بەڵام دوایی دەگەڕێنەوە، پەروەردگاریشت لەگەڵیان لێبوردەی میهرەبانە.

هەروەها کە دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ تَابُواْ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ وَأَصۡلَحُوٓاْ﴾، ئەوەش دیسان هەر بۆ ڕیزبەندیی پلەپلەییە، واتە: ئنجا لە دوای ئەوە {یانی: (**مِن بعد فعل السوء بجهالة**)} دەگەڕێنەوەو چاکسازیی دەکەن، ﴿إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعۡدِهَا لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ ١١٩﴾، بێگومان پەروەردگارت لە دوای ئەوە، لێبوردەی بە بەزەییە.

---

(١) المصباح المنير في تهذيب تفسير ابن كثير، ص٧٤٨.

www.alibapir.net

بۆیەش پێشی دەفەرموێ: ﴿مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ﴾، واتە: لە دوای ئەو گوناهانە کە کردوویانن، بەڵام دوایی دەفەرموێ: ﴿مِنۢ بَعۡدِهَا﴾، چونکە ڕاناوی (ها)ی سەر ﴿مِنۢ بَعۡدِهَا﴾ دەگەڕێتەوە بۆ (توبة) کە لە مانای وشەی ﴿ثُمَّ تَابُواْ﴾ وەرگیراوەو فامراوەتەوە.

دوای ئەوەی کە گەڕاونەوەو چاکسازییان کردوە، پەروەدگارت (بەرانبەریان) لێبوردەی بە بەزەییە چونکە: پێشتر سەرپێچییان کردوە، خۆشیان و خەڵکیشیان خراپ کردوە، بەڵام دوایی لەجیاتی سەرپێچیی، دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا، بۆ فەرمانبەریی و، لەجیاتی تێکدان و خراپەکاریی، چاکسازیی دەکەن، هەم لە خودی خۆیاندا، خۆیان چاك دەکەن، هەم ئەو خەڵکەش کە تێکیانداون و سەریان لێ شێواندوون، هەوڵدەدەن بیانگێڕنەوەو ڕاستیان بکەنەوەو، واتە: هەرچی خراپیان کردوە، هەوڵدەدەن چاکی بکەنەوەو بنیادی بنێنەوە، لە خودی خۆیان و لە خەڵك و دەوروبەریان دا.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

www.alibapir.net

www.alibapir.net

دەرسی دوازدەم

www.alibapir.net

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان، نـۆ (٩) ئایەتـە، ئایەتـەکانی: (١٢٠ - ١٢٨) دەگرێتـە خـۆی، کـە ئایەتـەکانی کۆتایـی سـوورەتی (**النحـل**)ن، ئـەم نـۆ ئایەتـەش دوو تـەوەری سـەرەکیی دەگرنـە خۆیـان:

یەکەم: باسی پێشەوایەتیی ئیبراهیم (خلیل اللّٰه) علیه السلام، بۆ مرۆڤایەتیی بە گشتی و، بۆ ئەهلی ئیمان و ئیسلام بەتایبەت و، باسی ژمارەیەك لە خەسڵەتە بەرزو پەسەندەکانی ئیبراهیم کراوە و، باسی ئەوە کە شەممە هیچ پەیوەندیی بە ئیبراهیمەوە نەبووە، بەڵکو تایبەتە بە جوولەکەکانەوەو کە کاتی خۆی تێیدا کەوتبوونە ڕاجیایی و دووبەرەکێ وە.

دووەم: باسی شێوازی بنەڕەتیی بانگەوازی خەڵکە، بۆ لای خوا و، هەروەها میکانیزمە گرنگەکانی و، چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ نەیاران و دوژمن و ناحەزاندا، بە تایبەت لە بەرانبەر خراپەکاریی و ئازاریان دا، کە بابای بانگەوازکار کاتێك خەڵك بۆ لای خوا بانگ بکات، دەبێ چۆن مامەڵە بکات.

﴿ إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِّلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٢٠﴾ شَاكِرًا لِّأَنْعُمِهِۚ
ٱجْتَبَىٰهُ وَهَدَىٰهُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿١٢١﴾ وَءَاتَيْنَٰهُ فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةًۖ وَإِنَّهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ
﴿١٢٢﴾ ثُمَّ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ أَنِ ٱتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًاۖ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٢٣﴾ إِنَّمَا
جُعِلَ ٱلسَّبْتُ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِۚ وَإِنَّ رَبَّكَ لَيَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ فِيمَا
كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿١٢٤﴾ ٱدْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلْحِكْمَةِ وَٱلْمَوْعِظَةِ ٱلْحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلْهُم
بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦۖ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ﴿١٢٥﴾ وَإِنْ
عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُوا۟ بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُم بِهِۦۖ وَلَئِن صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِّلصَّٰبِرِينَ ﴿١٢٦﴾ وَٱصْبِرْ
وَمَا صَبْرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلَا تَكُ فِى ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ ﴿١٢٧﴾ إِنَّ
ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوا۟ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ ﴿١٢٨﴾ ﴾

www.alibapir.net

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{بە دڵنیایی ئیبراهیم ئۆممەتێك بوو (بۆخۆی)، فەرمانبەر و ملکەچی خوا بوو، لە ناهەق دوورو عەودالی هەق بوو و، لە هاوبەش (بۆ خوا) دانەران نەبوو ﴿١٢٠﴾ سوپاسگوزاری چاکەکانی (خوا) بوو، ئەویش هەڵیبژارد و خستیە سەر ڕاستە ڕێ ﴿١٢١﴾ لە دنیاشدا چاکە (یەکی مەزن)مان پێداو، لە دواڕۆژیشدا لە بەندە چاك و پەسەندەکانە ﴿١٢٢﴾ ئنجا سروشمان بۆ تۆ کرد (ئەی موحەممەد ﷺ!) کە بە پاکیی و چاکیی شوێن بەرنامە و ڕێبازی ئیبراهیم بکەوە و، ئەو (بە پێچەوانەی قسەی هاوبەشدانەرەکانە وە) لە هاوبەش دانەران (بۆ خوا) نەبوو ﴿١٢٣﴾ بە دڵنیایی (ڕۆژی) شەممە (کە پشوو بێ و کاری تێدا نەکرێ) بۆ ئەوانە دانرا کە تێیدا کەوتنە ناکۆکیی و ڕاجیاییەوە، مسۆگەر پەروەردگاریشت لەوبارەوە کە تێیدا کەوتوونە ڕاجیاییەوە، دادوەرییان لە نێواندا دەکات ﴿١٢٤﴾ بە حیکمەت و لێزانیی و ئامۆژگاریی باش، بانگەواز بۆ لای ڕێبازی پەروەردگارت بکەو (ئەوانەش کە لەگەڵتدا تێك دەگیرێن) بە باشترین شێواز، شەڕەقسەیان لەگەڵدا بکە، بێگومان پەروەردگارت خۆی بەوانەی لە ڕێی وی لایان داوە زاناترەو، هەر ئەویش بە ڕێی ڕاستگرتووان، زاناترە ﴿١٢٥﴾ هەر کاتێکیش سزاتان چەسپاند (بەسەر نەیارەکانتان دا لەبەر ئازاریان) تەنیا بارتەقای ئەوەی پێی سزا و ئازار دراون، سزایان بدەن و، ئەگەر خۆڕاگریش بن (و چاوپۆشیی لە خراپەیان بکەن) بە دڵنیایی ئەوە بۆ خۆڕاگران باشترە ﴿١٢٦﴾ کەواتە: خۆڕات بگرە (و چاوت لە تۆڵەو سزادان نەبێ) و خۆڕاگرییشت، تەنیا بە (یارمەتی) خواوە ، بۆ مەیسەر دەبێ و، بەهۆی (ئازارو خراپەی) ئەوانەوە، خەمبار مەبەو، مەکەوە سەغڵەتییەوەش بەهۆی پیلان گێڕانیانەوە ﴿١٢٧﴾ بە دڵنیایی خوا لەگەڵ ئەوانە دایە کە پارێزیان کردووەو، ئەوانەی چاکەکاریشن (خوایان لەگەڵدایە بە لەگەڵدابوونێکی تایبەت) ﴿١٢٨﴾}.

www.alibapir.net

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(أُمَّةً): (أَي: كانَ أُمَّةً وَحْدَهُ إِذْ كانَ عِنْدَهُ مِنَ الخَيْرِ مَا كانَ عِنْدَ أُمَّةٍ بِأَسْرِهَا، أَو: كانَ مُنْفَرِداً بالإِيْمَانِ فِي وَقْتِهِ مُدَّةً مَا)(١)، واتە: ئیبراهیم بۆخۆی کۆمەڵك بوو، هێندەی چاکە لە لابوو، هێندەی سیفەتی باش لەلای خۆی کۆکردبوونەوە، کە لە نێو کۆمەڵگاو ئۆممەتێکدا کۆدەبنەوە، یاخود لە کاتێکدا کە ئەو پێغەمبەر بووە، خۆی بە تەنیا ئەهلی ئیمان بووەو، بۆتە پێشەوای ئیمانداران.

(قَانِتًا): (القُنُوتُ: لزُومُ الطَّاعَةِ مَعَ الخُضُوعِ)، (قنوت) بریتیە لە: فەرمانبەریی لەگەڵ ملکەچییدا، یان ملکەچیی لە ناخەوە.

(حَنِيفًا): (الحَنَفُ: هُوَ مَيْلٌ عَنِ الضَّلاَلِ إِلى الإِستِقَامَةِ، وَالجَنَفُ عَكْسُهُ، وَجَمْعُهُ: حُنَفَاء)، (حَنَف) بریتیە لە لادان لە گومڕاییەوە بەرەو ڕێك وەستاویی، بە پێچەوانەی (جَنَف)ەوە، [کە بریتیە لە: لادان لە ڕاستە ڕێ وە بەرەو ڕێی چەوت]، کۆی (حَنِيف)یش (حُنَفَاء)ە، واتە: ڕێی ڕاستگرتووان، یاخود لادەران لە ڕێی چەوت، بەرەو ڕێی ڕاست.

(بِالْحِكْمَةِ): (الحِكْمَةُ: إِصَابَةُ الحَقِّ بالعِلْمِ وَالعَمَلِ، أَو مَعْرِفَةُ المَوجُودَاتِ وَفِعْلُ الخَيْرَات)، (حِكْمَة) یەکێك لە پێناسەکانی بریتیە لەوە کە تۆ لە هەق بدەی (پێکانی هەق) لە ڕووی زانیاریی و لە ڕووی کردەوەوە، هەم وەك ناسین، هەق بناسی، هەم کردەوەشت بە پێی ئەو ناسینە ڕاستە بێ.

هەروەها ئاواش پێناسە کراوە: زانیاریی و ناسینی دروستکراوەکان و، ئەنجامدانی چاکەکان.

دواتریش زیاتر تیشك دەخەینە سەر چەمك و واتای وشەی (حِكْمَة).

(وَالْمَوْعِظَةِ): (الوَعْظُ: زَجْرٌ مُقْتَرِنٌ بتخْوِيف)، (وَعْظ) تێوە خوڕین و سەرزەنشتێکە، کە جووت بێ لەگەڵ ترساندندا، هەندێکیش گوتوویانە: (هُوَ التَّذْكِير بالخَيْرِ فِيمَا يَرِقُّ لَهُ القَلْبُ)، بریتیە لە بیرخستنەوەی چاکە بۆ کەسێك، بە شێوەیەك کە دڵی بۆی نەرم بێ، واتە: هەست و نەستی بجووڵێنێ.

---

(١) (صفوة البيان لمعاني القرآن)، ص ١٥٨.

www.alibapir.net

(وَجَٰدِلۡهُم): واتە: شەڕە قسەو مشت و مڕیان لەگەڵدا بکە، دەگوترێ: (**جَدِلَ الرَّجُلُ جَدَلاً، فَهُوَ جَدِلٌ، إِذَا اشْتَدَّتْ خصُومَتُهُ**)، ئەگەر کەسێك زۆر مشتومڕ بکات و شەڕەقسە بکات، ناوی (**جَدِلْ**) بۆ بەکاردێ: (**جَادَلَ مُجَادَلَةً وَجدَالاً: إِذَا خَاصَمَ بِمَا يَشْغُلُ عَنْ ظُهُورِ الحَقِّ وَوضُوحِ الصَّوَابِ**)، (**جَادَلَ مُجَادَلَةً وَجدَالاً**) ئەوەیە کەسێك شەڕەقسە بکات و مشتومڕ بکات، بە شێوەیەك کە ڕێ بگرێ لەوەی هەق دەربکەوێ و، ڕێ بگرێ لەوەی ڕێك و ڕاستیی ئاشکرا بێ، چونکە لە ئەنجامی شەڕەقسەدا، عاتیفەو سۆزو ئارەزوو، دێنە ئاراوەو، هەق و ناهەق تێکەڵ دەبن.

(ضَيِّقٖ): (**ضَاقَ الشيءُ ضَيْقاً وَالإِسْمُ: ضَيِّق، وَضَاقَ صَدْرُهُ: حَرِجَ**)، واتە: شتەکە تەنگ بوو، تەسك بوو، ناوەکەشی بریتیە لە (**ضَيِّق**) واتە: تەنگ، تەسك، (**ضَاقَ صَدْرُهُ**)، یانی: دڵ و سینەی هاتەوە یەك و، سینەی سەغڵەت بوو.

مانای گشتی ئایەتەکان

خوای پەروەردگار کۆتایی سوورەتی (**النحل**)، بەم چەند ئایەتە دێنێ، کە سەرەتا باسی ئیبراهیم علیه السلام دەکات و، دەفەرمویٚ:

﴿ إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِّلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴾، واتە: بە دڵنیایی ئیبراهیم کۆمەڵێك بوو، ملکەچ و گەردنکەچ بۆ خوا، لادەر و وازهێنەر لە ڕێی گومڕایی و چەوت و، هاتوو بەرەو ڕێی ڕاست و، لە هاوبەش (بۆ خوا) دانەران نەبوو.

لەم چەند ئایەتەدا خوای پەروەردگار چەند مەدح و ستایشێکی زۆر بەرزی ئیبراهیم دەکات، ئیبراهیم: دۆستی تایبەتیی خوا، خۆشەویستی تایبەتیی خوا، کە واپێدەچێ: لە دوای پێغەمبەری خۆمان موحەممەد ﷺ، لە هەموو پێغەمبەران پایە بەرزتر ئیبراهیم بێ، چونکە: ئەو مەدحانەی کە خوا بۆ ئیبراهیم کردوونی، بۆ هیچ لە پیغەمبەرانی دیکە بەو ڕێژەیەو بەو ئەندازەو بەو ئاستە، ئەو مەدحانەی نەکردوون.

ئنجا لەسەر پێناسەکردنی ئیبراهیم و، باسی سیفەتە بەرزەکانی، بەردەوام دەبێ، ﴿ شَاكِرًا لِّأَنْعُمِهِ ٱجْتَبَىٰهُ وَهَدَىٰهُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾، شوکرانە بژێرو سوپاسگوزار بوو، بۆ چاکەکانی خوا، بۆیە خوا هەڵیبژارد و خستیە سەر ڕاستە شەقامی خۆی.

﴿ وَءَاتَيْنَٰهُ فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً ﴾، لە دنیادا چاکەیەکی مەزنمان پێدا، بێگومان چاکەی مەزنی خوا، کە بە ئیبراهیمی داوە، ئەو خستنە سەر ڕاستە ڕێیەیە، ئەو بەندایەتییە ساغ و بێ خلتەیە کە بۆ خوای کردوە، ئەو پێشەوایەتییەتی لە دوای خۆی بۆ ئەهلی ئیمان، ﴿ وَإِنَّهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴾، هەروەها لە ڕۆژی دواییشدا لە ڕیزی چاکان دایە، ئەو بەندانەی کە لە لای خوا چاك و پەسندن.

﴿ ثُمَّ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ أَنِ ٱتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا ﴾، دوایی (ئەی موحەممەد!) سروشمان بۆ تۆ کرد کە شوێن ڕێبازی ئیبراهیم بکەوە، بە پاکیی، بە وازهێنانەوە لە ڕێی چەوت و هەڵەو، گەڕاوە بۆ ڕێی ساغ و ڕاست، ﴿ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴾، ئەویش لە هاوبەش (بۆ خوا) دانەران نەبوو.

www.alibapir.net

ئەمە بە تەوس و توانجەوەیە، توانج گرتنە لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان و کافرەکان، کە دەیانگوت: ئێمە لەسەر ڕێبازی (ئیبراهیم)ین، نەخێر، ئیبراهیم هاوبەش بۆ خوا دانەر نەبوو، تەنیا خوا پەرست بوو.

ئنجا خوا ﷻ باسی مەسەلەیەکی دیکە دەکات کە هەر پەیوەستە بە مشتومڕی نێوان جوولەکەکان و ئەهلی کیتابەوە بەگشتی، لەگەڵ مسوڵمانان دا، کە مەسەلەی شەممەیە، دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا جُعِلَ ٱلسَّبْتُ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱخْتَلَفُواْ فِيهِ ﴾، بێگومان شەممە تەنیا لەسەر ئەوانە دانرا، کە تێیدا کەوتنە ناکۆکیی و ڕاجیایی {کە جوولەکەکانن} ﴿ وَإِنَّ رَبَّكَ لَيَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴾، بێگومانیش پەروەردگارت لە ڕۆژی قیامەتدا، دادوەرییان لە نێوان دەکات، لەوەدا کە تێیدا کەوتوونە ڕاجیاییەوە.

واتە: جوولەکەکان ئەو ڕۆژە بە پیرۆز دەزانن، کە ڕۆژی شەممەیە و، نەصرانییەکان ڕۆژی یەك شەممە بە ڕۆژی مۆڵەت و، ڕۆژێکی پیرۆز دەزانن، مسوڵمانانیش ڕۆژی هەینی، ئنجا جوولەکەکان چاویان لەوە بووە، کە مسوڵمانان شوێنیان بکەون لە پیرۆزکردنی ڕۆژی شەممەدا، بۆیە خوا دەفەرموێ: ڕۆژی شەممە تەنیا لەسەر جوولەکەکانە، کە لەویش دا کەوتنە ڕاجیایی و مشتومڕەوە، تەنیا بۆ ئەوان دانرا بوو.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر تەوەری دووەم کە لەم چەند ئایەتەدا هاتوە، دەفەرموێ: ﴿ ٱدْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلْحِكْمَةِ وَٱلْمَوْعِظَةِ ٱلْحَسَنَةِ ﴾، بانگەواز بۆ لای ڕێبازی پەروەردگارت بکە، بە لێزانیی و کارامەیی و وەستایی و دانایی.

﴿ وَٱلْمَوْعِظَةِ ٱلْحَسَنَةِ ﴾، هەروەها بە ئامۆژگاریی چاك، قسەیەك کە هەست و نەستیان بجووڵێنێ و عاتفە و سۆزیان بجووڵێنێ، بەڵام بەرە و خێر و چاکە و بە شێوەیەکی چاك، با ئامۆژگارییەکە بە شێوەیەکی چاك بێ.

﴿ وَجَـٰدِلْهُم بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ﴾، هەروەها مشتومڕو شەڕە قسەشیان لەگەڵدا بکە، بەڵام بە باشتین شێوە.

حیکمەت پێویستی نەکردوە بە هیچ وەسفێك وەسف بکرێ، چونکە حیکمەت، یانی: دانایی و لێزانیی و وەستایی و کارامەیی، بەڵام ﴿ وَٱلْمَوْعِظَةِ ﴾، بە وەسفی باش ﴿ ٱلْحَسَنَةِ ﴾، وەسفکراوە، چونکە دەگونجێ ئامۆژگاریی بکرێ، بەڵام ئامۆژگارییەکی باش نەبێ، بۆ وێنە لە نێو خەڵکی دابێ، یان شکاندنەوەی تێدا بێ، یان دڵ بریندار کردنی

www.alibapir.net

تێدابێ، بۆیە خوا فەرموویەتی: ﴿ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِ ﴾، ئامۆژگاریی پەیوەست کردوە بەوەوە، کە دەبێ بە شێوەیەکی چاك بێ، بەڵام شەڕەقسەو مشتومڕی پەیوەست کردوە، بەوەوە کە دەبێ بە باشترین شێوە بێ، چونکە شەڕەقسەو مشتومڕ، شوێنی تووڕە بوون و تێکگیرانە، بۆیە دەبێ باشترین شێوازی بۆ هەڵبژێردرێ، لەلایەن ئەهلی ئیمانەوە، ﴿ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ ﴾، بێگومان پەروەردگارت زاناترە بەوەی لە ڕێی وی لایداوە، ﴿ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ﴾، هەروەها زاناتریشە بەڕێی ڕاستگرتووان.

کەواتە: لە کەس نائومێد مەبە، هەر خوا دەزانێ، کێ گومڕایەو نایەتەوە سەر ڕێ، لە کەس نائومێد مەبەو، بە هەموو کەس ئومێدەوار بە، کاتێك کە بانگەواز دەکەی، بە گەشبینییەوە، بە کراوەییەوە، بە متمانە بەخۆبوونەوە، بە ئومێدی خێر بە خەڵك بوونەوە، بانگەواز بکە.

﴿ وَإِنۡ عَاقَبۡتُمۡ فَعَاقِبُواْ بِمِثۡلِ مَا عُوقِبۡتُم بِهِۦ ﴾، ئەگەر سزاتان چەسپاند (بەسەر کەسانێکی نەیارو دژو خراپەکاردا) تەنیا وەك ئەوەی پێی سزادراون، سزایان بدەن.

کەسێك قسەیەکتان پێ دەڵێ، یان ئازارێکتان دەدات، هەر ئەوەندە مۆڵەتە، کە بە ئەندازەی خۆی سزاو ئازاری بدەنەوە.

وەك لە ئایەتی (٤٠)ی سوورەتی (**الشورى**)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَا ﴾، سزای هەر خراپەیەکیش خراپەیەکی وەك خۆیەتی، نابێ تێپەڕێنی! ﴿ وَلَئِن صَبَرۡتُمۡ لَهُوَ خَيۡرٞ لِّلصَّٰبِرِينَ ﴾، بەڵام ئەگەر خۆتان ڕابگرن لە بەرانبەر سزاو ئازاریان دا، ئازاریان نەدەنەوە، ئەوە بۆ خۆڕاگران باشترە، وەك لە سوورەتی (**الشورى**)دا دەفەرموێ: ﴿ فَمَنۡ عَفَا وَأَصۡلَحَ فَأَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۚ ﴿٤٠﴾ ﴾، واتە: هەرکەس لێ ببوورێ و چاکسازیی بکات، پاداشتی لەسەر خوایە، قورئان هەندێکی هەندێکی تەفسیر دەکات،

هەروەها لە سوورەتی (**الشورى**) دا دەفەرموێ: ﴿ وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَا ﴿٤٠﴾ ﴾، سزای هەر خراپەیەك، {یانی قسەیەکی ناشیرین، کردەوەیەکی بەدو زیانبەخش} خراپەیەکی وەك خۆیەتی، لێرەش دەفەرموێ: ﴿ وَإِنۡ عَاقَبۡتُمۡ فَعَاقِبُواْ بِمِثۡلِ مَا عُوقِبۡتُم بِهِۦ ﴾. هەر کات سزاشتان چەسپاند، تەنیا بە ئەندازەی ئەوە کە پێی سزا دراون، سزا بدەنەوە.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَلَئِن صَبَرۡتُمۡ لَهُوَ خَيۡرٞ لِّلصَّٰبِرِينَ ﴾، ئەگەر خۆڕاگربن، ئەوە باشترە بۆ خۆڕاگران.

www.alibapir.net

یانی: خۆڕاگربن لەسەر ئەوەی: ئێوە قسەی وەك هی وان نەڵێن و چاوپۆشییان لێ بکەن و، لێبوردنیان لەگەڵدا بکەن، ﴿وَٱصۡبِرۡ وَمَا صَبۡرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِ﴾، خۆڕاگریش بە، خۆڕاگرتنیش تەنیا بە خوا دەبێ، دەبێ خوا دڵت بەهێز بکات و، یارمەتییت بدات و کارئاسانییت بۆ بکات، کە لە بەرانبەر خراپەی خراپەکاران دا خۆڕاگربی و، لەگەڵ ئەواندا نەچیە تەرازووەوە و نەچیە ئاستی نزمی ئەوانەوە، ﴿وَلَا تَحۡزَنۡ عَلَيۡهِمۡ﴾، بە هۆیانەوە خەمبار مەبە و، خەمیان لێ مەخۆ، واتە: هێندە خەمبار و دڵتەنگ مەبە، کە لەگەڵ بانگەوازکارێك دا نەگونجێ، کە خەڵك بۆ لای خوا بانگ دەکات، کەسێك خەڵك بۆ لای خوا بانگ بکات، دەبێ زۆر سینگ فراوان و دڵ گەورە بێ و، نابێ دڵی وەك شارە مێرووڵە وابێ، بە دڵۆپە ئاوێك وێران بێ، دەبێ وەك بەحر بێ و، بە ئاسانیی شلوێ نەبێ، ﴿وَلَا تَكُ فِي ضَيۡقٖ مِّمَّا يَمۡكُرُونَ ١٢٧﴾، هەروەها لە سەغڵەتییدا مەبە، بەهۆی ئەو پیلانگێڕییەوە کە لە دژی تۆ و، لە دژی پەیام و بەرنامەکەت، دەیکەن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ ١٢٨﴾، بێگومان خوا لەگەڵ ئەوانەدایە کە پارێزیان کردووە، لەگەڵ ئەوانەشدایە کە چاکەکارن.

پارێزیان کردوە، وەك نێوان خۆیان و خواو، چاکەکارن، وەك و نێوان خۆیان و خەڵك.

هەڵبەتە ئەم لەگەڵدابوونەی خوا، لەگەڵدابوونێکی تایبەتە، ئەگەر نا، خوا لەگەڵ هەموو دروستکراوەکانی دا هەیە، بە زانیاریی خۆی و بە دەسەڵاتی خۆی و، بە ویستی خۆی و، بە سەرپەرشتییکردنی خۆی، بەڵام ئەم لەگەڵدابوونەی بۆ ئەوانەی کە ئەهلی پارێزکاریی و ئەهلی چاکەکاریین، لەگەڵدابوونێکی تایبەتە **(مَعيّة خاصّة)**

خوا لەو کەسانەمان بگێڕێ، کە خوا بە شێوەیەکی تایبەت لەگەڵماندا دەبێ و، لە خزمەتی دابین و، بە جۆرێك بین کە بۆخۆی: سەرپەرشتییمان دەکات و، ئاگای لێمان دەبێ.

www.alibapir.net

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بـە دڵنیایـی ئیبڕاهیـم پێشـەوایەك بـوو، بارتەقـای ئۆممەتێـك بـوو، ملکەچـی خـوا بـوو، عەوداڵـی پاکیـی و چاکیـی بـوو، هاوبەشـدانەر نەبـوو، سوپاسـگوزاری خـوا بـوو لەسـەر چاکەکانی، خوا هەڵیبـژارد بـوو و، خستبوویە سـەر ڕێـی ڕاسـت و، لـە دنیـادا چاکـەی هـەرە مـەزنی پێـدا بـوو، لـە دواڕۆژیـش دا لـە ڕیـزی بەنـدە پەسـندەکانی خوادایـە:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِّلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٢٠﴾ شَاكِرًا لِّأَنْعُمِهِ ٱجْتَبَىٰهُ وَهَدَىٰهُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿١٢١﴾ وَءَاتَيْنَٰهُ فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَإِنَّهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٢٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةً ﴾، بە دڵنیایی ئیبڕاهیم ئۆممەتێك بوو، واتە:

أ- لە جێی کۆمەڵێکی گەورە بوو، یانی: پێشەوا بوو لە ئیمان هێنان و لە دینداریی و چاکەکاریی دا، گوتراوە: (كانَ فِي الفَضْلِ وَالكَمَالِ بِمَنْزِلَةِ أُمَّةٍ كامِلَةٍ)، لە چاکەکاریی و تەواویی دا، وەك ئۆممەتێکی تەواو بوو.

ب- یاخود: ئەو کاتە لە دینداریی دا بە تەنیا خۆی بوو، خوا بە یەکگر و خواپەرست و، بوو بە پێشەوای خواپەرستان، بەڵێ: لەو کاتی دا کە ئەو ڕەوانەکرا، لە ڕۆژگاری ئەودا، هیچ خوا بە یەکگرێکی دیکە، کە تەنیا خوا بپەرستێ، نەبوو جگە لەو.

٢)- ﴿ قَانِتًا لِّلَّهِ ﴾، (القَانِتُ: المُطِيع الخَاضِع)، (قَانِت) واتە: فەرمانبەری ملکەچ بۆ خوا، بۆ خوا ملکەچ بوو، هەم دەری و هەم دەروونی، هەم ڕواڵەتی و هەم پەنهانی، بۆ خوا ملکەچ بوو.

٣)- ﴿ حَنِيفًا ﴾، (الحنيف) (المُجَانِبُ للباطِلِ وَالمَائِلُ نَحْوَ الحَقِّ)، (حَنِيف) کەسێکە خۆی لە باطیڵ دوور بگرێ و بە لای هەقدا بشکێتەوە و، ڕوو لە هەق بکات.

www.alibapir.net

٤)- ﴿ وَلَمْ يَكُ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴾، لە هاوبەش (بۆ خوا) دانەران نەبوو، ئەمە توانج دانە لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، کە لافی ئەوەیان لێدەدا: ئەوان شوێنکەوتووی ئیبراهیم عليه السلامن، لەسەر ڕێبازی ئیبراهیمن، ئنجا خوا دەفەرموێ: نەخێر ئەو لە هاوبەش بۆ خوا دانەران نەبوو، یانی: هیچ شتێك و هیچ کەسێکی لە هیچ شتێکدا، کە تایبەتە بە خواوە، نەدەهێنایە ئاستی خوا سبحانه وتعالى چونکە شیرك وەك لە باسێکی سەربەخۆدا لە کۆتایی سوورەتی (**یوسف**)دا گوتوومانە: کرۆك و جەوهەری شیرك ئەوەیە: کە غەیری خوا بهێنرێتە ئاستی خوا، لە شتێك لەو شتانەدا کە تایبەتن بە خواوە، وەك لە سوورەتی (**الشعراء**)دا، موشریکەکان دەڵێن: ﴿ تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٩٧﴾ إِذْ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٩٨﴾ ﴾.

واتە: سوێند بە خوا ئێمە لە گومڕاییەکی ئاشکرا دابووین، کە ئێوەمان یەکسان دەکرد لەگەڵ پەروەردگاری جیهانییان دا.

بەڵێ: شیرك یەکسانکردنی جگە لە خوایە لەگەڵ خوادا، هەر کات کەسێك، یان دروستکراوێك، لە شتێکدا یاخود لە چەند شتێکدا، یەکسان بکرێ لەگەڵ خوادا، ئەوە پێی دەگوترێ: شیرك {هاوبەش بۆ خوا دانان}.

٥)- ﴿ شَاكِرًا لِّأَنْعُمِهِ ﴾، ئیبراهیم سوپاسگوزار بوو بۆ چاکەکانی خوا، شوکریش وەك زۆر جاری دیکە گوتوومانە، بە سێ شتان دەکرێ:

یەکەم: بە عەقڵ و دڵ دەکرێ، کە چاکەکان لە خوا بزانی: ﴿ وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ كُنتُمْ.. ﴿٥٣﴾ ﴾النحل، واتە: هەر چاکەیەك لە ئێوەدا هەیە لە خواوەیە.

دووەم: هەروەها بە زمان دەکرێ: ﴿ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ ﴿١١﴾ ﴾الضحى، واتە: چاکەی پەروەردگارت باس بکە، یانی: چاکەکە بۆ خوا بگێڕەوە، بە زمان.

سێیەم: هەروەها بە ئەندامەکان دەکرێ: ﴿ ٱعْمَلُوٓا۟ ءَالَ دَاوُۥدَ شُكْرًا ﴿١٣﴾ ﴾سبأ، واتە: ئەی بنەماڵەی داوود! شوێنکەوتووانی داوود! سوپاسگوزاریی بۆ خوا ئەنجام بدەن، کەواتە: شوکر بە کردەوەش دەکرێ، ئەویش ئەوەیە کە نیعمەتەکانی خوا لە ڕەزامەندیی خوادا بەکاربێن.

٦)- ﴿ ٱجْتَبَـٰهُ ﴾، (خوا) هەڵیبژارد بوو، (**الإجْتباء: الإخْتيار، إفْتِعَالٌ مِنْ جَبَى، أي: جَمَعَ**)، (**إجْتباء**) لەسەر کێشی (**إفْتِعَالٌ**)ە، یانی: هەڵبژاردن، لە (**جبى**)وە هاتوە، یانی: کۆی کردەوە.

www.alibapir.net

(**جابية**) بە حەوزی ئاو دەگوترێ کە ئاوی تێدا کۆ کرابێتەوە، وەك دەفەرموێ: ﴿وَجِفَانٍ كَالْجَوَابِ ﴿١٣﴾﴾ سبا، دەفرە زلەکان، وەك حەوزە گەورەکانی ئاو، کەواتە: (**إِجْتباه**) یانی: خوا هەڵیبژاردبوو و، گوڵبژێری کردبوو، لەبەرئەوەی شایستە بوو.

٧)- ﴿وَهَدَىٰهُ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ﴾، خستبووشیە سەر ڕێی ڕاست، (**جَعَلَهُ عَلَى الصِّرَاطِ الْمُستقِيم**).

٨)- ﴿وَءَاتَيۡنَٰهُ فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗ﴾، لە دنیادا چاکەیەکی هەرە مەزنمان پێدا بوو، ئەو چاکە هەرە مەزنەش، ئەوە بووە، کە خوا هەڵیبژارد بە پلەی پێغەمبەرایەتیی (**نبوّة**)، دوایی پلەی ڕەوانەکراوێتیی (**رسالة**) و، دوایی پلەی دۆستی تایبەت (**خُلَّة**)، چونکە ئیبراهیم دۆست و نزیك و خۆشەویستی خوای پەروەردگار بووە، پاشان ئەو هەموو نیعمەتانەی دیکە کە پێی داون.

٩)- ﴿وَإِنَّهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾، بێگومان ئەو لە دوارۆژیشدا لە چاکانە.

(**الصَّلاَحُ: تَمَامُ الإِستِقَامَةِ فِي دِينِ الحَقِّ**)، (**صَلاَح**) بریتیە لەوە کە بە ڕێکیی و بە تەواویی ئینسان پابەندبێ بە پەیام و بەرنامەی هەقەوە.

ئنجا ئەمە قبووڵ و وەڵامدانەوەی دوعایەکەیەتی کە لە سوورەتی (**الشعراء**)دا، دەڵێ: ﴿رَبِّ هَبۡ لِي حُكۡمٗا وَأَلۡحِقۡنِي بِٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٨٣﴾﴾، واتە: پەروەردگارم! حیکمەتم پێ بدە و بمخە گەڵ صاڵحان، بە چاکانەوەم پەیوەست بکە.

ئێمە پێشتر لە تەفسیری سوورەتی (**إبراهيم**)دا، باسی ژیان و بەسەرهات و، هەڵوێستەکان و، پێگە و تایبەتمەندییەکانی، ئیبراهیمان کردوە، بۆیە لێرەدا ئاوا بە خێرایی بەسەر ئەو وەسفە گەورانەی دا تێپەڕین، کە خوای پەروەردگار ئیبراهیمیان پێ پێناسە دەکات.

www.alibapir.net

مەسەلەی دووەم:

خوا فەرموویەتی: دوایی ئەی موحەممەد ﷺ! سروشمان بۆ کردی، کە بە پاکیی و بە چاکیی پەیڕەویی لە ڕێبازی ئیبڕاهیم بکەو، بە دڵنیایی ئەو لە هاوبەشدانەرانیش نەبوو.

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ أَنِ ٱتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا ۖ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٢٣﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ثُمَّ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ﴾، دوایی سروشمان بۆ لای تۆ کرد، پەیاممان بۆ لای تۆ نارد بە شێوەی پەنهان، بە دڵنیایی لێرەدا دوێنراو (**خاطب**) پێغەمبەری خاتەمە، موحەممەد ﷺ، چونکە هەموو قوڕئان سەرەتا پێغەمبەری خاتەمی پێ دوێنراوە، بۆیە بە پێی سیاق و بە سەلیقەش دیارە، ئەو کەسەی وەحیی بۆ کراوە، کە بە دوای ڕێبازی ئیبڕاهیم بکەوێ، بێگومان ئەو کەسەیە کە قوڕئانی بۆ دابەزیوە.

٢)- ﴿أَنِ ٱتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا ۖ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾، کە بە ساغیی و پاکیی بە دوای ڕێبازی ئیبڕاهیم بکەوە، پێشتر باسی مانای: (**حَنِيف**)مان کرد، کە بریتیە لەوەی کەسێك لە باتیڵ بەرەو هەق بێتەوەو، واز لە چەوت و لاریی بێنێ و، بێتە سەر ڕاستە شەقام.

(**راغب الأصفهاني**) گوتوویەتی:

(المِلَّةُ كالدِّيْنِ، وَهُوَ اسْمٌ لِمَا شَرَعَهُ اللَّهُ تَعَالى لِعِبادِهِ عَلَى لِسانِ الأَنْبياءِ ليتوصَّلُوا بِهِ إلى جوَارِ اللَّهِ، وَالفَرْقُ بَيْنَهَا وَبَيْنَ الدِّيْنِ، أَنَّ المِلَّةَ لاَ تُضَافُ إلاَّ إلى النَّبيِّ الَّذي تُسْنَدُ إِلَيْهِ).

واتە: (**مِلَّة**) وەك دین وایە، ناوە بۆئەوەی خوا لەسەر زمانی پێغەمبەران بۆ بەندەکانی کردوویەتە بەرنامە، تاکو بەهۆیەوە بگەنە نزیکیی خوا، جیاوازیی نێوان (**دین**) و (**مِلَّة**)یش ئەوەیە کە (**مِلَّة**) تەنیا پاڵ دەدرێتە لای ئەو پێغەمبەرەی ﷺ کە پێیەوە تایبەت کراوە.

بەڵام دین پاڵدەدرێتە لای خوای پەروەردگار، دەگوترێ: (**دین اللە**)، بەڵام دەگوترێ: (**مِلَّة إبرهيم**) و (**مِلَّة مُحَمَّد**)، یان (**مِلَّة عیسى**) واتە: ئەو ڕێبازەی کە ئەو پێغەمبەرە ﷺ گرتوویەتەبەر.

www.alibapir.net

منیش دەڵێم:

لە ڕاستییدا (**دین**) بریتییە لەو هەقە موتڵەقەی، خوا بە شێوە تیۆریی (**نظري**) دەینێرێ و، (**ملّة**)یش هەر ئەو هەقەیە، بەڵام پێغەمبەر ﷺ پراکتیزەی دەکات لەسەر ئەرزی واقیع، کە دوای جێبەجێکرانی پێی دەگوترێ: ڕێباز (مِلَّة) هەر وەك سوننەتیش، لەگەڵ قورئان دا بە هەمان شێوەیە، سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بە مانا ڕاستییەکەی، ئەو ڕێبازەیە کە پێغەمبەر ﷺ لەسەری ڕۆیشتوە، دینی خواش کە لە قورئان دا بەرجەستەیەو، لە لایەن پێغەمبەرەوە ﷺ جێبەجێ کراوە، پێی دەگوترێ: سوننەت[1].

ئنجا میللەتی هەر پێغەمبەرێك (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام): نووح، ئیبراهیم، مووسا، عیسا، موحەممەد - واتە: ئەو ڕێبازەی کە پێیدا ڕۆیشتوون - هەر بریتی بووە لە دینی خوا ﷻ، بەڵام ئەگەر پاڵبدرێتە لای پێغەمبەرێك، ئەوە پێی دەگوترێ: ئەو ڕێبازە، ئەو ئایینە پراکتیزەو جێبەجێکراوە، لە لایەن ئەوە پێغەمبەرەوە ﷺ، و کاتێك پاڵدەدرێتە لای خوای پەروەردگار، پێی دەگوترێ: (دین) ئایین و بەرنامە.

کە دەفەرمویّ: ﴿ أَنِ ٱتَّبِعۡ مِلَّةَ إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗا ﴾، واتە: لە هێڵە گشتییەکاندا بە دوای ڕێبازی ئیبراهیم بکەوە، نەك لە وردەکارییەکانداو، لەو شتانەدا کە تایبەتن بە ژینگەو بارودۆخێك کە ئیبراهیم تێیدا ژیاوە، هەر لێرەشدایە کە خوا دەفەرمویّ: ﴿ لِكُلّٖ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗاۚ ﴿٤٨﴾ ﴾المائدة، واتە: بۆ هەرکامێکتان بەرنامەو شێوازێکمان داناوە، بۆ هەر کام لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) بە پێی حاڵەتی ژینگەیی و جوگرافیی و، بە پێی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی و سیایی و، ئەو قۆناغ و حاڵەتەی کە ئەوان تێیدا ژیاون، لە وردەکارییەکاندا، جیاوازیی هەبووە، لە نێوان بەرنامەکانیاندا، بەڵام لە هێڵە گشتییەکانیاندا، هەموویان یەك بوون.

٣)- ﴿ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴾، هەروەها ئیبراهیم لە هاوبەش دانەران نەبوو، ئەمە جارێکی دیکەش توانج گرتنە لە کافرەکان و هاوبەش بۆ خوادانەرەکانی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ کە بانگەشەی ئەوەیان دەکردو لافی ئەوەیان لێدەدا: کە بە دوای ڕێبازی ئیبراهیم ﷺ کەوتوون، بۆیە هەمیشە خوا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئیبراهیم لە هاوبەش دانەران نەبوو، لە حاڵێکدا کە ئەوان هاوبەشیان بۆ خوا دادەنا، مەنات و لات و عوززاو هوبەل و، ئەو بت و صەنەمانەیان

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر لەوبارەوە، دەتوانێ سەرنجی کتێبی:{پێناسەو گرنگیی و پێویستیی ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ} بدەی، چاپی دووەم / ٢٠١٨ ز.

www.alibapir.net

دەپەرست، هەواو ئارەزووی خۆیان دەپەرست، زۆربەی دروستکراوەکانی خوا ﷻ، کەم و زۆر لە نیوە دوورگەی عەرەبییدا، وەك خۆرو مانگ و ئەستێرەو دارو بەردو پەیکەرو طاغووتەکان، دەپەرستران، وەك هەموو گەلانی دیکەی دنیا، بەڵام ئیبراهیم ﷺ جگە لە خوا، هیچ کەس و هیچ شتێکی دیکەی نەپەرستوە.

کەواتە: ئەو کەسەی بەڕاستیی بەرگریی لە ڕێبازی پێغەمبەر ئیبراهیم ﷺ دەکات و، بەڕاستیی ڕێبازی ئەوی گرتوە، کەسێکە کە جگە لە خوا هیچ شتێکی دیکە پەرستراوی نەبێ.

زۆرجاری دیکەش گوتوومانە، پەرستراوە (**معبود / إله**) کەسێکە ئەوپەڕی خۆشویستن و، ئەوپەڕی بە گەورەگرتن و، ئەوپەڕی شەرم و، ئەوپەڕی سام و هەیبەتی بۆ دەربڕین و، ئەوپەڕی پشت پێبەستن و، ئەوپەڕی مل بۆ کەچکردن و، ئەوپەڕی لێترسانی بەرانبەر ئەنجام بدرێ، واتە: هەر کەسێك و، هەر شتێك، ئەوپەڕی خۆشویستنت بۆی هەبێ، یان ئەوپەڕی بەگەورە گرتنت بۆی هەبێ، یان ئەوپەڕی بە بەرزگرتنت بۆی هەبێ، یان ئەوپەڕی پشت پێبەستنت بۆی هەبێ، یان ئەوپەڕی سام و هەیبەتت لێی هەبێ، ئەو کەسە، یان ئەو شتە پەرستراوی تۆیە !

بەڵام خوا ﷻ بە تاکەپەرستراو (**الإله الوحيد**)ی تۆ دادەنرێ، تاکو هەموو ئەوانەت وێکڕاو تێکڕا بۆی نەبێ، وێکڕا: پێکەوە، تێکڕا: هەموویان.

www.alibapir.net

مەسەلەی سێیەم:

شەممە تایبەتە بەو جوولەکانەوە، کە تێیدا کەوتبوونە ڕاجیایی و ناکۆکیی و، هیچ پەیوەندیی بە ئیبراهیمەوە نەبووەو، خواش دادوەرییان لە نێواندا دەکات، لە ڕۆژی دوایی دا:

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّمَا جُعِلَ ٱلسَّبْتُ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ ۚ وَإِنَّ رَبَّكَ لَيَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ فِيمَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿١٢٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّمَا جُعِلَ ٱلسَّبْتُ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ ﴾، بێگومان شەممە تەنیا لەسەر ئەوانە دانرابوو کە تێیدا کەوتبوونە ڕاجیاییەوە.

{عُدِّيَ (جَعَلَ) ب (عَلَى) لِتَضْمِينِهِ مَعْنَى: فُرِضَ}، واتە: (جعل) بە (على) بەرکاری خواستوە، تاکو مانای پێویستبوو (فُرِضَ)ەی بخرێتە نێو، (جُعِل) یانی: گێڕاو، دانرا، بەڵام کاتێك کردارێك بە پیتێکی دیکە، کە لە حاڵەتی ئاسایی دا بەرکاری پێناخوازێ، بەرکار دەخوازێ، مانای وشەیەکی دیکەشی دەخرێتە نێو، وێڕای مانا ئەسڵییەکەی خۆی.

ئنجا ئێستا لێرەدا کە خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّمَا جُعِلَ ٱلسَّبْتُ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ... ﴾، یانی: بێگومان شەممە فەرز کراوەو پێویست کراوە لەسەر ئەوانەی کە تێدا کەوتوونە ڕاجیایی، واتە: هیچ پەیوەندیی نیە بە ئیبراهیم ﷵەوە، تاکو مسوڵمانانێك کە شوێنکەوتووی ئیبراهیم ﷵن و، پێغەمبەری خاتەم ﷺ یش، مولزەم بن، بە ڕەچاوکردنی شە ممە !

٢)- ﴿ وَإِنَّ رَبَّكَ لَيَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ﴾، بێگومانیش پەروەردگارت لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا، دادوەرییان لە نێواندا دەکات.

٣)- ﴿ فِيمَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴾، لەوەدا کە تێیدا کەوتبوونە ڕاجیایی و ناکۆکییەوە.

www.alibapir.net

حیکمەت و چۆنیەتی پەیوەست بوونی ئەم ئایەتە، بە ئایەتەکانی پێش خۆیەوە چیە ؟

دوای ئەوەی پێشتر بەرپەرچی هاوبەشدانەرەکان درایەوە، کە ئیبراهیم لەوان نەبووە! ئەمجارە بەرچی جوولەکەکان دەدرێتەوە، کە لافی پەیڕەویی لێکردنی ئیبراهیم لێدەدەن.

پێشتر خوا ﷻ فەرمووی: ئیبراهیم هاوبەش بۆ خوا دانەر نەبووە، ئەمجار بەرپەرچی جوولەکەکان دەداتەوە، کە نەخێر، ئیبراهیم ﷺ وەك ئێوە بانگەشە دەکەن، وانەبووە، بەڵکو ڕێبازەکەی جیابووە لە ڕێبازی ئێوە، بە بەڵگەی ئەوە کە: شەممە کە تایبەتمەندییەکی زەقی جوولەکەکانە، هیچ پەیوەندیی نەبووە بە ئیبراهیم ﷺەوە، بەڵکو تایبەت بووە بە جوولەکەکانەوە.

هەڵبەتە ئێمە لە تەفسیری سوورەتی **(الأعراف)** ئایەتەکانی (١٦٣ - ١٦٦)دا، بە تەفصیل باسی بەسەرهاتی شەممە شکاندنی جوولەکەکانمان کردە، ئەمەش دەقی ئەو چوار ئایەتە موبارەکەیە:

﴿ وَسْئَلْهُمْ عَنِ ٱلْقَرْيَةِ ٱلَّتِى كَانَتْ حَاضِرَةَ ٱلْبَحْرِ إِذْ يَعْدُونَ فِى ٱلسَّبْتِ إِذْ تَأْتِيهِمْ حِيتَانُهُمْ يَوْمَ سَبْتِهِمْ شُرَّعًا وَيَوْمَ لَا يَسْبِتُونَ لَا تَأْتِيهِمْ كَذَٰلِكَ نَبْلُوهُم بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ ﴿١٦٣﴾ وَإِذْ قَالَتْ أُمَّةٌ مِّنْهُمْ لِمَ تَعِظُونَ قَوْمًا ٱللَّهُ مُهْلِكُهُمْ أَوْ مُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا قَالُوا۟ مَعْذِرَةً إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿١٦٤﴾ فَلَمَّا نَسُوا۟ مَا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦٓ أَنجَيْنَا ٱلَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ ٱلسُّوٓءِ وَأَخَذْنَا ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ بِعَذَابٍۭ بَـِٔيسٍۭ بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ ﴿١٦٥﴾ فَلَمَّا عَتَوْا۟ عَن مَّا نُهُوا۟ عَنْهُ قُلْنَا لَهُمْ كُونُوا۟ قِرَدَةً خَٰسِـِٔينَ ﴿١٦٦﴾ ﴾.

خوڵاسەی ئەو بەسەرهاتەش، بەمجۆرەیە بوو:

جوولەکەکان داوایان لە مووسا ﷺ کردوە، کە ڕۆژێکیان لە حەفتەدا بۆ داوا لە خوا بکات، تاکو پشووی تێدا بدەن و هیچ کارێك نەکەن، ئەویش ڕۆژی شەممەی بۆ داناون، بەڵام خەڵکی ئەو ئاوەدانییە، کە شارێکە گەورە بووە، لەسەر دەریایەك بووە، ئیشیان بریتی بووە لە ڕاوە ماسیی، کە دەبووایە ڕۆژانی شەممە ئیش نەکەن، خواش ﷻ وەك تاقیکردنەوەی ئەوان وای کردبوو، کە لە ڕۆژانی شەممەدا ماسییەکان دەهاتن،

www.alibapir.net

سەریان دەردەهێنا، بەڵام لە ڕۆژەكانی دیكەی حەفتەدا دیار نەدەمان، ئەوانیش هەڵسان حیلە شەرعێكیان كرد، گوتیان: ڕۆژی شەممە ڕاو ناكەین، بۆ ئەوەی شەممە نەشكێنین، بەڵام ڕۆژانی شەممە ماسییەكانیان دەهێنایە تەنكاوان، دوایی بەربەستیان دروست دەكرد، بۆئەوەی مەجالیان نەبێ بگەڕێنەوە نێو دەریا، ئنجا ڕۆژانی دیكەی هەفتە دەچوون، بە كاوەخۆ[1] ماسییەكانیان دەگرت، كە ئەوەش بۆ شكاندنی شەممە فێڵێك بوو، بۆیە خوا لەسەر ئەوە سزای دان، وەك لە درێژەی ئایەتەكان دا دەفەرموێ: خوا سزای دان و كردنی بە مەیموون.

هەندێك لە زانایان گوتوویانە:

گەورەكانیان بوون بە بەرازو، گچكەكانیشان بوون بە مەیموون، بەراز ئاژەڵێكە زۆر ئارەزوو بازو، چڵێسە، مەیموونیش زۆر لاساییكەرەوەیە، ئنجا گەورەكانیان بوونە بەراز، چونكە بەهۆی تەماع و چڵێسییەوە، بێ فەرمانییان كردوەو فێڵبازانە شەممەیان شكاندوە، گەنجەكانیشیان لەبەرئەوەی شوێن گەورەكانیان كەوتن و، لاساییان كردنەوە، وەك چۆن مەیموون لاسایی مرۆڤ دەكاتەوە، ئەوانیش بەوە سزادران كە كران بە مەیموون.

دەربارەی بەرپەرچدانەوەی هاوبەش پەیداكەرو، جوولەكە و نەصرانییەكان، كە ئیبراهیم ڕێبازەكەی جیابووە لە جوولەیەتیی و گاورایەتیی، خوا دەفەرموێ:

﴿ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تُحَآجُّونَ فِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمَآ أُنزِلَتِ ٱلتَّوۡرَىٰةُ وَٱلۡإِنجِيلُ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِهِۦٓۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴿٦٥﴾ هَٰٓأَنتُمۡ هَٰٓؤُلَآءِ حَٰجَجۡتُمۡ فِيمَا لَكُم بِهِۦ عِلۡمٞ فَلِمَ تُحَآجُّونَ فِيمَا لَيۡسَ لَكُم بِهِۦ عِلۡمٞۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٦٦﴾ مَا كَانَ إِبۡرَٰهِيمُ يَهُودِيّٗا وَلَا نَصۡرَانِيّٗا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفٗا مُّسۡلِمٗا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿٦٧﴾ إِنَّ أَوۡلَى ٱلنَّاسِ بِإِبۡرَٰهِيمَ لَلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ وَهَٰذَا ٱلنَّبِيُّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۗ وَٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٦٨﴾ ﴾ آل عمران.

لێرەدا خوا ﷻ زۆر بە ڕوونیی گلەیی و سەرزەنشت ئاڕاستەی جوولەكەو نەصرانییەكان دەكات و، دەفەرموێ: ئەی خاوەن كتێبینە! بۆچی لەبارەی ئیبراهیمەوە مشتومڕ دەكەن؟ خۆ تەورات و ئینجیل لە دوای وی دابەزیون، ئایا نافامن، ئەوە داماننا ئێوە لەبارەی شتێكەوە كە زانیارییتان هەیە مشتومڕو موناقەشە دەكەن، بەڵام شتێك كە زانیارییتان

(١) بەكاوەخۆ: بە شێنەیی، بە بێ پەلەپەل كردن .

www.alibapir.net

لەبارەیەوە نیە بۆچی موناقەشە دەکەن ؟.... ئیبراهیمێك ﷺ نزیکەی بە لای کەمەوە پێنجسەد، شەشسەد (٥٠٠ – ٦٠٠) ساڵ پێش مووسا ﷺو بەلای کەمەوە هەزارو پێنجسەد (١٥٠٠) ساڵ پێش عیسا ﷺ ژیابێ و، خوا (صُحُف)ی بۆ ناردبێ، هیچ مەعقووڵ نیە، بڵێن: ڕێبازەکەی ئەو هی ئێمە بووە، چونکە بێگومان ئەو ڕێبازو بەرنامەی تایبەت بەخۆی بووەو، گونجاو بووە لەگەڵ بارودۆخ و هەلومەرجی ئەو کاتدا.

پاشان ئیبراهیم (**علیه الصلاة والسلام**) پێغەمبەرێکی نێو دەوڵەتیی و نێو نەتەوەیی بووە، لەو شوێنانە بووە: (عێراق، شام، میسر، حیجاز)، بەڵام هەر کام لە مووساو عیسا (**علیهما السلام**)و پێغەمبەرەکانی دیکەی بەنی ئیسرائیل، پێغەمبەری هۆزو نەتەوەیەکی دیاریکراو بوون، کە گەلی {بەنی ئیسرائیل} بووە، لەوبارەوە ئەم فەرمایشتە هەیە:

{عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: نَحْنُ الآخِرُونَ السابِقُونَ يَوْمَ الْقِيامَةِ، بَيْدَ أَنَّهُمْ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِنا، وَأُوتِيناهُ مِنْ بَعْدِهِمْ، ثُمَّ هَذَا يَوْمُهُمُ الَّذِي فَرَضَهُ اللَّهُ عَلَيْهِمْ، فَاخْتَلَفُوا فِيهِ، فَهَدَانا اللَّهُ لَهُ، الناسُ لَنا فِيهِ تَبَعٌ، الْيَهُودُ غَداً، وَالنَّصَارَى بَعْدَ غَدٍ} (أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ: ٧٠٣ وَمُسْلِمٌ: ٨٥٥).

واتە: ئەبوو هورەیرە ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئێمە دوایەمینە پێشکەوتووەکانین لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا، هەرچەندە ئەوان لە پێش ئێمەدا کتێبیان پێدرابوو و، ئێمە دوای ئەوان کتێبمان پێدرابوو، کەچی ئەوە ڕۆژەکەیانە (واتە: ڕۆژی هەینی) کە لەسەریان پێویست کرا، بەڵام ئەوان تێیدا کەوتنە ڕاجیایی، بەڵام خوا ئێمەی بۆ ڕێنمایی کرد، بۆیە خەڵك (واتە: خاوەن کتێبەکان) شوێنکەوتووی ئێمەن: جوولەکە بەیانی و، نەصرانییەکانیش دوای بەیانی.

چونکە هەینی، دێ، ئنجا شەممەو یەك شەممە دێن، کە ڕۆژانێکن بۆ پشوودانی شوێنکەوتووانی سێ ئایینە ئاسمانییەکان:

{جوولەکایەتیی، نەصرانییەت، ئیسلام}[1].

---

(١) لە ڕاستیی دا تەنیا یەك ئایینی خوایی و ئاسمانیی هەیە کە ناوی (ئیسلام)ە، بەڵام هەندێك جاران بە مەبەستی حاڵیکردن وشەی (ئایینە ئاسمانییەکان) بەکار دێنین .

www.alibapir.net

مەسەلەی چوارەم:

خوا فەرمان دەكات بە بانگەوازكردن بۆ ڕێبازی خۆی بە لێزانیی و، ئامۆژگاریی باش و، مشتومڕو قسەكردن بە باشترین شێوازو، ڕایدەگەیەنێ، كە هەر خۆی زاناترە بە گومڕایان و ڕێی ڕاستگرتووان، پاشان لەبارەی بەرپەرچدانەوەی خراپەی نەیارانەوە، لە كاتی بانگەوازدا فەرمانبەر بە خۆڕاگریی و سینە فراوانیی و پارێزكاریی و چاكەكاریی دەكات، بۆ سەرجەم بانگەوازكاران، بەتایبەت سەرووەریان موحەممەد ﷺ:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦۖ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ﴿١٢٥﴾ وَإِنۡ عَاقَبۡتُمۡ فَعَاقِبُواْ بِمِثۡلِ مَا عُوقِبۡتُم بِهِۦۖ وَلَئِن صَبَرۡتُمۡ لَهُوَ خَيۡرٞ لِّلصَّٰبِرِينَ ﴿١٢٦﴾ وَٱصۡبِرۡ وَمَا صَبۡرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ وَلَا تَحۡزَنۡ عَلَيۡهِمۡ وَلَا تَكُ فِي ضَيۡقٖ مِّمَّا يَمۡكُرُونَ ﴿١٢٧﴾ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ ﴿١٢٨﴾ ﴾:

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پازدە بڕگەدا:

لە دوو توێی ئەم چوار ئایەتەدا، خوا ﷻ پازدە (١٥) ڕاستیی ڕادەگەیەنێ، كە ئێمە لە پازدە بڕگەدا دەیانخەینە ڕوو:

١)- ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ ﴾، بانگەواز بكە بۆ لای ڕێبازی پەروەردگارت، خەڵك بانگ بكە، واتە: ئەو كەسەی كە خاوەنی تۆیە، پەروەردەكەری تۆیە، ژیێنەرو بژیوەدەری تۆیە، مرێنەری تۆیە، خەڵك بۆ لای ڕێبازی ئەو پەروەردگارەت بانگ بكە، بەڵام ئایا چۆنیان بانگ بكات ؟!

٢)- ﴿ بِٱلۡحِكۡمَةِ ﴾، بە حیكمەت.

پێشتر تۆزێك پێناسەی حیكمەمان كرد، ئێستاش دەڵێین:

أ/ (الحِكْمَةُ: المَعْرِفَةُ المُحْكَمَةُ الصَّائِبة المُجَرَّدَةُ عَنِ الخَطَأ)، (حِكْمَة) بریتیە لە زانستێكی پتەوی ڕاستی ڕووت لە هەڵە، {هیچ هەڵەو پەڵەی ڕەگەڵ نەكەوتبێ}.

www.alibapir.net

ب/ هەروەها بۆ پێناسەی (**حِكْمَة**) گوتراوە: (**الحِكْمَةُ: اسْمٌ جَامِعٌ لِكُلِّ كَلاَمٍ أَوْ عِلْمٍ يُرَادُ فِيهِ إِصْلاَحُ حَالِ الناسِ إِصْلاَحاً مُستمِرّاً لاَ يَتغَيَّر**)، (**حِكْمَة**) بریتیە لە ناوێکی کۆکەرەوە بۆ هەر قسەیەك و، هەر زانیارییەك کە چاککردنی کاروباری خەڵکی تێدا ڕەچاو کرابێ، حاڵەکەیان بە شێوەیەك چاك بکرێ، کە بەردەوام بێ و نەگۆڕێ.

پێشتریش گوتمان: (**حِكْمَة**) بە مانای زانایی، دانایی، لیزانیی، دێ، هەروەها (**حِكْمَة**) ئەوەیە کە ئینسان لە ڕووی زانیاریی و، کردەوە، ئامانج بپێکێ.

٣)- ﴿ وَٱلْمَوْعِظَةِ ٱلْحَسَنَةِ ﴾، هەروەها بە ئامۆژگاریی باش بانگەواز بۆ ڕێی پەروەردگارت بکە.

(**الوَعْظُ: القَوْلُ الَّذِي يَلِينُ نَفْسُ المَقُولِ لَهُ لِعَمَلِ الخَيْرِ**)، (**وَعْظ**) قسەیەکە کە بابای قسەلەگەڵکراو، دڵی نەرم بێ بۆ کاری چاکە و، بە دەم بانگەوازکارەوە بێ.

حیکمەت زیاتر دواندنی عەقڵ و هۆشە، بەڵام (**موعظة**) زیاتر جەختکردنەوەیە لەسەر هەست و نەست و دڵ و دەروون و حاڵەتی سۆزداریی مرۆڤ.

٤)- ﴿ وَجَٰدِلْهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ﴾، هەروەها بە شێوازێك کە باشترە، شەڕە قسەو مشتومڕیان لەگەڵ دا بکە، واتە: لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە کاتی بانگردنیان دا تێکدەگیرێن، (**الجِدَالُ: الإِحْتِجَاجُ لِتَصْوِيبِ رَأْيٍ، وَإِبْطَالِ مَا يُخَالِفُهُ أَوْ عَمَلِ ذَلِكَ**)، (**جدَال**) بریتیە لە بەڵگە هێنانەوە بۆ سەلماندنی ڕاستیی ڕایەك، یاخود پووچەڵکردنەوەی ڕایەك کە پێچەوانەی ئەو ڕایە ڕاستەیە، یاخود ئەنجامدانی ئەوە.

٥)- ﴿ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ ﴾، بە دڵنیایی پەروەردگارت زاناترە بەو کەسەی کە لە ڕێی وی لایداوە، ون بووە، سەرگەردان بووە.

واتە: لە کەس نا ئومێد مەبەو، هەمیشە گەشبین و ئومێدەواربە و، هەمیشە خێر لە خەڵك چاوەڕێ بکە.

٦)- ﴿ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ﴾، هەر ئەویش زاناترە بە ڕێی ڕاست گرتووان، ئەوانەی کە ڕێی ڕاست دەگرن، هەر خوا زاناترە پێیان، کەواتە: هەر لە ڕێوە: زەڕب (x) بەسەر کەسدا مەهێنەو، هەر لە ڕێوە: کەس حوکم مەدە، بەوە کە گومڕایەو نایەتە سەر ڕێ!

٧)- ﴿ وَإِنْ عَاقَبْتُمْ ﴾، ئەگەر سزاتاندا، واتە: کەسانی لاڕێ و نەیاری دەستدرێژکار، (**المُعَاقَبة: الجَزَاء عَلَى فِعْلِ السُّوءِ**)، (**مُعاقَبة**) بریتیە لە سزادان لەسەر کردەوەی خراپ، بە شێوەیەك کە ئەنجامدەری خراپەکە، بۆی خراپ بێت و حاڵی پێی تێکبچێ، خوا دەفەرموێ: ئەگەر خەڵکتان سزادا ...

www.alibapir.net

٨)- ﴿ فَعَاقِبُواْ بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُم بِهِۦ ﴾، بەو شێوەیە کە پێی سزادراون، سزا بدەن.

لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە لە کاتی بانگ کردن و بانگەوازدا، جاری وایە لەگەڵ کەسانێك دا تێکدەگیرێی، کە بە شێوەیەکی ناشایست مامەڵە دەکەن، ڕەفتارو گوفتارێکی ناشایستیان لێ دەبیستی و دەبینی، ئنجا خوا دەفەرموێ: وەك خۆیان مامەڵە بکەنەوە، چونکە سزای خراپە، خراپەیەکی وەك خۆیەتی ﴿ وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَاۖ فَمَنۡ عَفَا وَأَصۡلَحَ فَأَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٠ ﴾الشورى.

کە دەفەرموێ: ﴿ فَعَاقِبُواْ بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُم بِهِۦ ﴾، ئەوە بۆ (مُشَاكَلَة)یە و، وەك ئەو ئایەتەیە کە لە سوورەتی (البقرة)دا دەفەرموێ: ﴿ فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡ فَٱعۡتَدُواْ عَلَيۡهِ بِمِثۡلِ مَا ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡۚ ١٩٤ ﴾، واتە: ئەگەر یەکێك دەستدرێژیی کردنە سەر، بە وێنەی ئەوە کە دەستدرێژیی کردوونە سەر، دەستدرێژیی بکەنەوە سەر.

هەروەها یان وەك ئایەتەی سوورەتی (الشورى)یە کە دەفەرموێ: ﴿ وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَاۖ فَمَنۡ عَفَا وَأَصۡلَحَ فَأَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٠ ﴾، واتە: سزای خراپەیەك خراپەیەکی وەك خۆیەتی، کە بێگومان کەسێك کە لە بەرانبەر دەستدرێژیی دا، خۆی بێدەنگ ناکات و، دەستدرێژییەکە پاڵ پێوەدەنێ، کارەکەی بە دەستدرێژیی دانانرێ، هەروەها کەسێك کە خراپەیەکی لەگەڵ دەکرێ، ئەویش سزای بابای خراپەکار دەدات، سزادانەکەی وی بە خراپە لە قەڵەم نادرێ، کەواتە: لێرەش کە دەفەرموێ: (فَعَاقِبُواْ) دیسان بەرپەرچدانەوەی سزا، بە سزا دانانرێ، بەڵکو بە بەرپەرچدانەوەی سزا دادەنرێ، بەڵام بنچینەیەك هەیە لە زمانی عەرەبیی دا، پێی دەگوترێ: (المُشَاكَلَة) واتە: وشەیەك، تەعبیرێك کە لە پێشەوە دێ، تەعبیرەکەی دواییش لەبەرئەوەی کە وێك دەچن، {واتە: لە ڕواڵەتدا وێك دەچن، با لە نێوەڕۆکیشدا جیابن}، دروستە هەمان وشە بەکاربێتەوە، بۆ وێنە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ ...وَيَمۡكُرُونَ وَيَمۡكُرُ ٱللَّهُۖ وَٱللَّهُ خَيۡرُ ٱلۡمَٰكِرِينَ ٣٠ ﴾الأنفال، واتە: ئەوان فێڵ دەکەن و، خواش فێڵ دەکات! بە تەئکید فێڵی ئەوان بریتیە لە پیلان و تەڵەکەو خراپەکارییەك کە دەکرێ بەرانبەر بە مسوڵمانان، بەڵام ئەوەی خوا سزادانی ئەو خراپەکارییەی ئەوانە.

یان دەفەرموێ: ﴿ إِنَّهُمۡ يَكِيدُونَ كَيۡدٗا ١٥ وَأَكِيدُ كَيۡدٗا ١٦ ﴾الطارق، واتە: ئەوان فێڵ دەکەن و، منیش فێڵ دەکەم! کە بێگومان ئەوەی خوای بەرزو مەزن تەنها لە ناوو

www.alibapir.net

شێوەو فۆڕمداو بە ڕواڵەت وەك فێڵ دەچێ، ئەگەرنا لە ئەسڵدا بریتیە لە نەخشەو پلاندانان بۆ هەڵوەشاندنەوەی فێڵ و پیلانی کافرانێك کە ستەم لە بڕواداران دەکەن.

لێرەدا هەندێك لە زانایان مەسەلەیەکیان باسکردوە بە ناوی: (**مسألة الظَّفر**) واتە: پرسی زەفەر پێبردن، لێهەڵکەوتن، قۆستنەوە، بۆ وێنە:

ئەگەر کەسێك ستەمی لێکردی، دوایی تۆ زەفەرت پێبردەوە، ئایا دروستە: هەقێك کەوتۆتە لای وی، وەری بگریەوە، ئەگەر بە پەنامەکیی، یان دزییش بێت ؟

قسەی ڕاستتر ئەوەیە: بەڵێ، بۆت هەیە، بە مەرجێك کە عەیبداریی و ناشرینیی تێدا نە بێ.

بەڵام مالیك و کۆمەڵێك دەڵێن: نەخێر دروست نیە[1].

٩)- ﴿ وَلَئِن صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِّلصَّـٰبِرِينَ ﴾، بەڵام ئەگەر خۆڕابگرن، ئەوە باشترە بۆ خۆڕاگران، واتە: باشترە لە دنیاو دواڕۆژدا.

لێرە ئاوا دەفەرموێ، لە سوورەتی (**الشورى**)ش دا، دوای ئەوەی دەفەرموێ: ﴿ وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا ﴿٤٠﴾ ﴾، ئنجا دەفەرموێ: ﴿ فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٤٠﴾ ﴾، واتە: هەر کەسێك چاوپۆشیی کردو چاکسازیی کرد، ئەوە پاداشتی لەسەر خوایە، بێگومان ئەو ستەمکارانی خۆشناوێن.

کەواتە: لێرەشدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَئِن صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِّلصَّـٰبِرِينَ ﴾، واتە: ئەگەر لەجیاتی ئەوەی خراپە لەگەڵ بابای خراپەکار بکەنەوە و سزای بدەنەوە، خۆتان ڕاگرت و، چاوپۆشییتان کرد، لێتانبورد، ئائەوە بۆ خۆڕاگرانێك کە چاکسازیی دەکەن، خۆڕاگرانێك کە لێبوردن دەکەنە پیشە، باشترە بۆیان لە دنیاو دواڕۆژدا.

ئنجا لە ئایەتی دواتردا، خوا ﷻ پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ پابەند (**مُلْزَم**) دەکات، بە خۆڕاگرییەوەو، دەفەرموێ:

١٠)- ﴿ وَٱصْبِرْ ﴾، خۆت ڕابگرە، {ئەوە بۆ تۆ شایستەیە}.

١١)- ﴿ وَمَا صَبْرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِ ﴾، خۆڕاگریی تۆش تەنیا بە خوایە، یانی ئەگەر خوا یارمەتییت بدات و بۆت ئاسان بکات، دەتوانی خۆت ڕابگری، چونکە صەبر پێش هەموو شت پەیوەندیی

(١) أضواء البيان ج ٢، ص ٤٦٧، للشنقيطي.

www.alibapir.net

بە دڵ و دەروونەوە هەیە، دەبێ ئینسان باخەڵی فراوان بێ و، حەوسەڵەی زۆر بێ، ئەوەش دەبێ، خوا وات لێ بکات کە سینەت فراوان بێ، دڵت گەورە بێ، هەر بۆیە مووسا ﷺ دوای ئەوەی خوا داوای لێکرد: بچێ بۆ لای فیرعەون، پێش هەموو شتێك ئەو داوایەی کرد: ﴿ قَالَ رَبِّ ٱشۡرَحۡ لِي صَدۡرِي ﴿٢٥﴾ ﴾طه، فەرمووی: پەروەردگارم! سینەم فراوان بکە، دوایی، فەرمووی: ﴿ وَيَسِّرۡ لِيٓ أَمۡرِي ﴿٢٦﴾ ﴾طه، کاریشم ئاسان بکە، چونکە ئینسان کە سینەی فراوان بوو، کاریشی ئاسان دەبێ، ئنجا دوایی فەرمووی: ﴿ وَٱحۡلُلۡ عُقۡدَةٗ مِّن لِّسَانِي ﴿٢٧﴾ ﴾طه، گرێیەك کە لە زمانم هەیە بیکەوە، تاکو لێم تێبگەن.

چونکە ئینسان ئەگەر سینەی فراوان بوو، کاری ئاسان دەبێ و، ئەگەر کاریشی لەبەر ڕۆیشت و، کارەکەی لەبەر ئاسان بوو، زمانەکەشی باشتر دێتە گۆ، قسەی باشتری بۆ دەکرێ.

١٢)- ﴿ وَلَا تَحۡزَنۡ عَلَيۡهِمۡ ﴾، خەمیان لێ مەخۆ، بەهۆی ئەوانەوە پەژارەدارو، خەمبار مەبە.

١٣)- ﴿ وَلَا تَكُ فِي ضَيۡقٖ مِّمَّا يَمۡكُرُونَ ﴾، هەروەها بەهۆی ئەو پیلان و فێڵ و تەڵەکەیەوە، کە سازی دەکەن لە دژی تۆو پەیامەکەت و، لە سەغڵەتیی دا مەبە و، با پشووت سوارو سینەت تەنگ نەبێ.

(**الضَّيْق: مَصْدَر، ضَاقَ**)، (**ضَيق**) و (**ضِيق**) هەرووکیان خوێنراونەوە، بە مانای سەغڵەتیی و ناڕەحەتیی، لە (**ضَاقَ، يَضيق، ضَيْقَاً وضيقاً**)ەوە هاتوە، (**ضَيِّق**)یش ناوەکەیەتی، یانی: تەسك و تەنگەبەر.

١٤)- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ ﴾، بێگومان خوا لەگەڵ ئەوەنەدایە، کە پارێزیان کردوە، واتە: لە ڕابردوودا پارێزیان کردوە، لە گیرۆدە بوون بە شیرك و کوفرو نیفاق و ئیلحادەوە، خۆیان لەوانە پاراستوە.

١٥)- ﴿ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ ﴾، هەروەها لەگەڵ ئەوانەش دایە، کە چاکەکاران، واتە: لە چاکەکاریی دا چەسپاوو دامەزراون.

لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ ﴾، بێگومان خوا لەگەڵ ئەوانەدایە کە پارێزیان کردوەو، لەگەڵ ئەوانەش دایە کە چاکەکارن، مەبەست پێی لەگەڵدابوونی تایبەتە، ئەگەرنا لەگەڵدابوونی گشتیی، خوا لەگەڵ هەموو دروستکراوەکانی خۆیەتی، بە زانیاریی و دەستەڵات و ویست و، مشوورخۆریی خۆی و،

www.alibapir.net

هەموویـان لـە ژێـر هەیمەنـەو ڕکێفـی دەسـتەڵاتی بێسـنووری خـوای پـەروەردگاردان و، لەسـەر هەموویـان بـە توانایـە و، هیچیـان لـە ژێـر چەتـری لوتـف و دەسـتەڵاتی بێسـنووری خـوا دەرناچـن.

ئایا بۆچی خوا باسی: ١/ (حِكْمَة) و ٢/ (مَوْعِظَة الحَسَنة) و ٣/ (مُجَادَلَة)ی کردوە ؟

زانایانی کۆمەڵناس دەڵێن:

خەڵکی کۆمەڵگاکان بە گشتی سێ بەش و سێ جۆرە:

یەکەم: ئەهلی عەقڵ و ئینصافە: ئەوانە دەبێ، بە حیکمەت بدوێنرێن.

دووەم: ئەهلی دڵ و ویژدانن: ئەوانە دەبێ، بە ئامۆژگاریی باش بدوێنرێن.

سێیەم: ئەهلی ناکۆکیی و مشتومڕن: ئەوانە: دەبێ، بە باشترین شێوە، مشتومڕو شەڕە قسەیان لەگەڵ بکرێ.

ئێمە لێرەدا کۆتاییمان بە تەفسیرکردی ئایەتەکانی سوورەتی (النحل) هێنا، بەڵام بەباشمانزانی، لە کۆتایی تەفسیرکردنی چوار ئایەتی کۆتایی دا کورتە باسێك بکەین بەناوونیشانی:

کورتە باسێك لەبارەی: بنەما گرنگەکانی بانگەوازەوە.

www.alibapir.net

کورتە باسێک(١) لەبارەی
بنەما گرنگەکانی بانگەواز (الأصول المهمة للدعوة)ە وە

بەڕێـــــزان !

دەگونجێ زۆر شت وەك بنەما و، پایەی گرنگی بانگەواز بخەینە ڕوو، بەڵام ئێمە دە (١٠) دانەمان هێناون، لەو بنەما گرنگانەی کە پێویستە لە بانگەواز کردندا، بۆ لای خوا ﷻ و ئایین و، بەرنامەی خوا، ڕەچاو بکرێن:

١ - نیاز و مەبەستی ساغ (الإخلاص).

٢ - شارەزایی بە ئایین و، ئاشنایی بە ژین.

٣ - سێ کوچکەی: هەبوونی نەخشە و بەرنامە + کاری دامەزراوەیی + ڕاوێژکردن.

٤ - ڕەچاو کردنی: پلە پلەیی و، دیارییکردنی لە پێشترەکان (مراعاة التدرّج وتحديد الأولويات).

٥ - دڵخۆشکردن و ئاسانکردن (التبشير والتيسير).

٦ - ئیقناع کردنی عەقڵ و جووڵاندنی دڵ.

٧ - بیرخستنەوەی چاکەکانی خوا (التذكير بنِعَمِ اللّه).

٨ - هۆشداریی پێدان و ترساندن.

٩ - جەختکردنەوە لەسەر واقیعی ئێستای خەڵك و، پێویستیی خەڵك لە ئێستادا.

١٠ - جەستاندنی پەیام و بەرنامەی خواو، بوونە سەر مەشق بۆ خەڵك.

---

(١) بۆ نووسینی ئەم باسە لە کتێبی یازدەمی مەوسووعەی: {الإسلام كما يتجلّى في كتاب اللّه} سوودمەندبووم، کە کاتی خۆی لە سجنی (کروپر)ی ئەمریکادا نووسیومە، شایانی باسیشە لە کتێبی (بەرەو بانگەوازێکی ڕاست و ڕەسەن)دا بە درێژیی باسی بانگەوازمان کردووە، ئەم کورتە باسەش (تەوەری حەوتەم)ی ئەو کتێبەیە.

www.alibapir.net

یەکەم: نیاز و مەبەستی ساغ (الإخلاص):

برا و خوشکە خۆشەویستەکانم !

گرنگترین و یەکەمین پایەو بنەما، بۆ ئەنجامدانی بانگەوازێکی ئیسلامیی ڕاست و ڕەسەن، بریتیە لە نیاز و مەبەستی ساغ (**الإِخْلاص**)، وشەی (**إخلاص**)یش لەسەر کێشی (**إِفْعَال**)ە، (**أَخْلَصَ يُخْلِصُ إِخْلَاصًا**) واتە: دەربازی کرد، دەربازی دەکات، دەربازکردن، واتە: کردەوەکانی خۆت دەربازبکەی، لەوە کە بەشی غەیری خوایان پێوەبێ، خاڵیصیان بکەیەوە، ساغیان بکەیەوە، بەشی غەیری خوایان پێوە نەهێڵی.

ئێمە کە کتێبە فیقهییەکان دەخوێنین، مەگەر چۆن دەنا هەموو کتێبێکی فیقهیی بە: (**كتاب الطَّهَارة**) (باسی پاك و خاوێنیی) دەست پێدەکات، چونکە بۆ هەموو پەرستشەکان (بەتایبەت نوێژ)، دەبێ جەستەت خاوێنبێ، پۆشاکت خاوێنبێ، شوێنت خاوێن بێ، ئەوجار وەبەردەکەون، ئنجا بۆ کردەوەکانیش بە هەمان شێوە، دەبێ دڵ دەروونت خاوێن بێ، ئنجا خوای پەروەردگار لێتیان وەردەگرێ و، قبووڵیان دەکات، با تەماشای چەند دەقێکی شەریعەت بکەین:

١) خوای پەروەردگار لە سوورەتی (**البينة**)دا دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُواْ ٱلزَّكَوٰةَۚ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلۡقَيِّمَةِ ٥ ﴾.

واتە: (خەڵك) فەرمانیان پێ نەکرا بوو، مەگەر بەوە کە بەندایەتیی بۆ خوا بکەن، ملکەچیی خۆیان بۆ خوا ساغ بکەنەوە، بە پاکیی و، نوێژ بەرپا بکەن و زەکات بدەن، ئا ئەوەش ئایینی کۆمەڵێکی ڕێك و ڕاستە.

وشەی (دین) لە ڕستەی: ﴿ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ﴾دا، بە مانای ئیسلام نیە، بەڵکو لێرەدا (دین) بە مانای ملکەچیی دێ، یانی: تاعەتی خۆیان بۆ خوا ساغ بکەنەوە، واتە: وەك بۆ خوا ملکەچ و گوێڕایەڵ و فەرمانبەرن، ئەو جۆرە فەرمانبەریی و گوێڕایەڵییە، بۆ کەسی دیکە نەکەن.

(حُنَفَآءَ) کۆی (**حنيف**)ە، واتە: کەسێك وازی لە بەتاڵ پووچ هێنابێ و، بەرە و هەق گەڕابێتەوە[١].

---

(١) مفردات ألفاظ القرآن، ص ١٤٩، المطبعة العصرية، ٢٠١٢ م.

www.alibapir.net

﴿ وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ ﴾، نوێـژ بەرپـا بکـەن و زەکات بـدەن، ﴿ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلْقَيِّمَةِ ﴾، ئـا ئـەوە ئایینـی ئۆممەتێـکی ڕێـك و ڕاسـتە.

٢) لە سووڕەتی (**الزمر**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ فَٱعْبُدِ ٱللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ ﴿٢﴾ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلْخَالِصُ ﴿٣﴾ ﴾.

واتـە: ئێمـە کتێبـمان بـۆ تـۆ دابەزانـدوە بـە هـەق، بەندایەتیـی بـۆ خـوا بکـە، ملکەچـی خـۆتی سـاغ بکـەوە، ئاگاداربـن! ملکەچیـی سـاغ تەنیـا بـۆ خوایـە (یـان: تەنیـا ملکەچیـی سـاغ بـۆ خوایـە)، واتـە: تاعەتێـك کـە سـاغ نەکرابێتـەوەو، خڵتـەی ڕیـا و ڕووەدربایـسی پێوەبـێ، خـوا نایـەوێ.

پێغەمبەریـش ﷺ لـەم فەرمایشـتەدا دەفەرمـوێ: {**إِنَّمَـا الأَعْـمَالُ بالنِّيـاتِ، وَإِنَّمَـا لِـكُلِّ امْـرِئٍ مَـا نَـوَى...**}[1].

واتـە: بـە دڵنیایـی کـردەوەکان تەنیـا بـە پێـی نیـاز و مەبەسـتەکانن و، هـەر مرۆڤێـك بەپێـی نیـاز و مەبەسـتەکەی نێـو دڵـی کـە هەیبـووە، کردەوەکـەی بـۆ بەردەکـەوێ.

بـەڵام ئایـا ئەگـەر کەسێك کردەوەیـەکی خـراپ بـکات، بـەڵام نیـەتی بـاشی لـێ بێنـێ، بـۆی حیسـابە؟ نەخێر، «**إِنَّمَا الأَعْمَالُ**» وشـەی «**الأَعْمَال**» ئەلیف و لام (أل) تەعریفی لەسـەرەو مەبەسـت پێـی (عهـد)ە، یـانی (**جنـس الأعـمال الصالحـة**)، هەمـوو ئـەو کردەوانـەی کـە لـە شـەریعەتدا بـە چـاك دەزانرێـن، نـەك هـەر کردەوەیـەك چـاك بـێ، یـان خـراپ بـێ! یـانی: کـردەوە چاکـەکان بـە پێـی نیەتـن، ئەگەرنـا کـردەوەی خـراپ، هـەر خراپـەو، نیەتیشـت چـاك بـێ، هیـچ نیـە، بەڵکـو کـردەوەی چاکیـش، ئەگـەر نیـەتی سـاغ و چـاك نەبـێ، وەرناگیـرێ و قبـووڵ ناکـرێ.

ئنجـا بـا تەماشـا بکەیـن: ئایـا لـە ئەنجامـی ئیخـڵاص و تەنیـا خوا پـێ مەبەسـت بـوون و، دڵـی خـۆ بـۆ خـوا سـاغکردنەوەدا، چیـمان دەسـت دەکـەوێ؟ سـێ بەرهەمـی گرنـگ و مەزنـمان دەسـتگیر دەبن:

١ / بەرەکەت دەکەوێتە کارمان و، خوا کارەکەمان لێ قبووڵ دەکات.

٢ / خوا ڕێنماییمان دەکات و سەر ڕاستمان دەکات.

٣ / کارمان ئاسان دەکات، دەرووی خێرمان لێدەکاتەوە.

---

(١) أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ: ٦٥٥٣، وَمُسْلِم: ١٩٠٧.

www.alibapir.net

بەم بەڵگانەی خـــوارێ:

١- خوا دەفەرموێ: ﴿قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٢٧﴾﴾المائدة، واتە: خوا تەنیا لە پارێزکاران قبووڵ دەکات.

پارێـزکار: کەسـێکە پێـش هەمـوو شـتێك خـۆی لـە شـیرك و ڕیـا بپارێـزێ، دڵـی خـۆی ساغ و ساف بـکات بـۆ خـواو، دڵەکـەی جگـە لـە خـوا ڕازیـی کـردن و، غەیـری خـۆ لـە خـوا نزیککردنـەوەی، تێـدا نەبـێ و، هیـچ هاندەرێـکی دیکـەی نەبـێ.

٢- خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٦٩﴾﴾العنكبوت، واتە: ئەوانەی لە پێناوی ئێمەدا تێدەکۆشن، ڕێبازەکانی خۆمانیان پێشان دەدەین و، بە دڵنیاییەوە خوا لەگەڵ چاکەکاراندایە.

کەواتـە: لـە ئەنجامـی ئـەوەدا کـە بـە ساغیی لـە پێنـاوی خـوا تێبکـۆشی، خـوا ڕاسـتە ڕێـت دەکات و لەگەڵتـدا دەبـێ و، پشـتت دەگـرێ.

٣- هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مِنْ أَمْرِهِۦ يُسْرًا ﴿٤﴾﴾الطلاق، واتە: هەر کەسێك پارێز لە خوا بکات، خوا کاری بۆ ئاسان دەکات.

پارێز لە خوا کردنیش پێش هەموو شتێك، بناغەکەی بریتیە لە ساغیی (إخلاص).

(أحمـد ابـن عطـاء اللّـه الأسـكندري) کـە عاریفێـکی گەورەیـە، کتێبێـکی بچـووکی هەیـە بـە نـاوی (**الحِكَـمْ**)، کـە بـە (**الحِكَـمُ العَطَائِيـة**) مەشـهوورە، قسـەی زۆر نەسـتەق و جـوانی تێـدان، یەکێـك لـە قسـەکانی ئەوەیـە دەڵـێ:

(**الأَعْـمَالُ أَشْـباحٌ أَرْوَاحُهَـا وَجُـودُ سِرِّ الإِخْـلَاصِ فِيْهَـا**)، واتـە: کـردەوەکان وەك تارمایـی و کەلەشـێك وان، ڕووحـی کـردەوەکان، بریتیـە لـە هەبـوونی ئیخـڵاص لـەو کردەوانـەدا.

ئنجـا وەك برایـەکی دڵسـۆزی خۆتـان پێتـان دەڵێـم: بـڕوا بکـەن، نهێنیـی بەرەکـەت لـە ژیـانی مرۆڤـدا، ئـەوە کـە خـوا لەگـەڵ ئینسـاندابێ و، پشـتی بگـرێ و کاری بـۆ ئاسـان بـکات، ئەوەیـە کـە ڕووی دڵـی بکاتـە خـوا، ئێمـە چـۆن دەسـت بـە نوێـژ کـردن دەکەیـن؟ یەکێـك لـە دوعایـەکانی دەسـتپێکردنی نوێـژ (**أدعيـة الإسـتفتاح**)، ئەوەیـە: {**وَجَّهْـتُ وَجْهِـيَ لِلَّـذِي فَطَـرَ السَّـمَوَاتِ وَالأَرْضَ حَنِيفًـا وَمَـا أَنَـا مِـنَ الْمُشْرِكِـينَ**}[1]، واتـە: بـە پاکیـی و سـاغیی ڕووی خـۆم (ڕووی

---

(١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد: ١٥٠٦٤، وَأَبُو دَاوُد: ٢٧٩٥، وَابْنُ مَاجَهْ: ٣١٢١، وَالحَاكِمُ: ١٧١٦، وَقَالَ: صَحِيحٌ عَلَى شُرطِ مُسْلِم.

www.alibapir.net

دڵـی خـۆم) کـردە ئـەو کەسـەی کـە ئاسـمانەکان و زەوی هێناونـەدی و، مـن لـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەران نیـم.

(وَجْهِـي) یـانی: ڕووی دڵـی خـۆم، چونکـە تـۆ ڕووی جەسـتەت دەکەیـە قیبلـە! بـەڵام کـە دەڵێـی: ڕووی خـۆم، واتـە: ئـەو نوێـژ و تاعەتـە، کـە دەیکـەم، تەنیـا مەبەسـتم پێـی ئەوەیـە: کـە خـوا لێـم ڕازی بـێ.

ئنجـا پایـەو بنەمـای یەکەمـی سـەروبەرگرتن و، بەرەکـەت تێکەوتنـی کاری بانگـەواز، ئەوەیـە کـە ئیخـڵاص و خـوا پـێ مەبەسـت بـوون، هەوێـن و هەنـاوو هانـدەری بـێ.

دوو: شارەزایی بە ئایین و ئاشنایی بە ژین:

ئایـا ئەگـەر ئینسـان لـە ئاییـن و بەرنامـەی خـوا شـارەزانەبێ، خەڵـکی بـۆ کـوێ بانـگ دەکات؟ بـا وەك شـتێکی خـۆش بۆتـان بگێڕمـەوە، جـار جـار قسـەیەکی خۆشـتان بـۆ بکـەم باشـە:

دەگێڕنـەوە کاتی خـۆی مسـوڵمانێك تەمـاع لـە مـاڵ و سـامانی جوولەکەیەکی بـازرگان دەکات، لـە ڕێـگادا بۆسـەی بـۆ دادەنـێ و، دەڵـێ: ڕووتبـەوەو کەلوپەلـەکان دابنـێ! ئەویـش دەڵـێ: بۆچـی؟ مسـوڵمانەکە دەڵـێ: یـان دەبـێ ڕووت بی، یـان دەبـێ مسـوڵمان بـی !

کابرای جوولەکەش دەڵێ: دەی باشە، مەمکوژە کاکە، مسوڵمان دەبم.

مسوڵمانەکە دەڵێ: دەی مسوڵمان بە !

جوولەکەکە دەڵێ: باشە، چی بڵێم ؟

مسوڵمانەکە دەڵێ: وەڵڵا نازانم!

یانی: بۆخۆی نازانێ مسوڵمانەتیی چییە، تاکو ئەو مسوڵمان بکات !

بـە تەئکیـد، ئینسـان دەبـێ بۆخـۆی بەرچـاوڕوون و شـارەزا بـێ بـە دیـن، ئنجـا دەتوانـێ خەڵـکی بـۆلا بانـگ بـکات، (**إبـن البنـا السرقطـي**) لـە شـیعرێکی دا کـە (**إبـن عجيبـة**) شـەرحی دەکات، زۆر جـوان دەڵـێ:

وَإِنَّمَـــا القَـــوْمُ مُســـافِرونَ
لِحَضْرَةِ الحَـــقِّ وَظـــاعِنُونَ

www.alibapir.net

فَـــافْتَـقِروا فِيهِ إلى دَلِيـــلِ

ذِي بَصَـرٍ بالسَّــيْرِ وَالْمَقِيــلِ

قَـدْ سَـــلَكَ الطَّرِيقَ ثُمَّ عَـادا !

لِيُخْبِرَ القَـــوْمَ بِمَـا استفَادَا

باسی ئەوانە دەکات کە دەیانەوی لە خوا نزیك ببنەوە، دەڵێ:

ئەوانە ڕێبوارن، بەرەو لای پەروەردگاری هەق دەچن و، لە هەندێ شوێن دەبێ بارگەو بنە بخەن.

پێویستییان بە ڕێ پێشاندەرێك هەیە، کە شارەزا بێ لە کوێ بڕۆن و لە کوێش قەیلوولە بکەن و پشوو بدەن ؟!

کەسێك کە ڕێیەکەی بڕیوەو گەیشتۆتە ئەوسەری، ئنجا گەڕاوەتەوە، بۆ ئەوەی هەواڵ بە خەڵکی دیکە بدات و، خەڵکی لەگەڵ خۆی بەرێ.

عادەت وایە: ئەو کەسەی کە دەبێتە دەلیل و ڕێ پێشاندەر، دەبێ بۆخۆی بە هەموو ڕێیەکاندا شارەزا بێت، کەواتە: بەبێ شارەزایی لە دین، ئینسان ناتوانێ بانگەواز بۆ بکات.

ئنجا ئاشنایی بە ژین، مەبەستم پێی ئەوەیە: کە ئینسان لەو کۆمەڵگایەدا کە تێیدا دەژی، دەبێ بە خێرو شەڕی ئەو کۆمەڵگایە، بە تەوژمە فیکرییەکانی و لایەنە سیاسییەکانی، ئنجا پاشخانی فیکریی و سیاسیی ئەو خەڵك و کۆمەڵگایە، کە دەیەوێ قسەیان بۆ بکات و، بەرەو خوایان بهێنێت، دەبێ شارەزای هەموو ئەوانە بێت.

ئەمیش ئایەتێکی موبارەك کە هەردووکیان دەگرێتە خۆی: خوا بە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ دەفەرموێ: ﴿ قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِىۖ وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٨﴾ ﴾يوسف، واتە: تۆ بفەرموو: ئەوە ڕێبازی منە، لەبەر ڕۆشنایی دا خەڵك بۆ لای خوا بانگ دەکەم، خۆم و شوێنکەوتووانم و، پاکیی بۆ خوا، من لە هاوبەشدانەران نیم.

یەکێك لە سیفەتەکانی هاوبەش بۆ خوا دانەران، ئەوەیە کە بە نەزانیی و بە لاساییکردنەوەی کوێرانە، شوێن شتان دەکەون.

www.alibapir.net

وشەی: (عَلَىٰ بَصِيرَةٍ) واتە: لەبەر ڕۆشنایی دا، یانی:

١- شارەزای خۆم و شوێنکەوتووانم.

٢- لە واقیع شارەزام.

٣- لە ڕێبازەکەم شارەزام، هەموویان دەگرێتەوە.

سێیەم: هەبوونی نەخشەو بەرنامە + کاری دامەزراوەیی + ڕاوێژکردن:

١- بۆ بەڵگەی ئیسپاتی پێویست بوونی هەبوونی نەخشەو کار بە بەرنامە، تەماشای ئەم ئایەتە موبارەکە بکەن: خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٦٩ ﴾العنكبوت، واتە: بە دڵنیایی ئەوانەی لەپێناوی ئێمەدا تێدەکۆشن، ڕێبازەکانی خۆمانیان پێشان دەدەین.

لە هەموو قورئاندا، وشەی (سُبُل) پاڵدرابێتە لای خوا، لێرەدایە، ئەگەرنا هەر بە (سَبيل) هاتوە، چونکە کارکردن بۆ ئایینی خوا، چۆنیەتیی و شێوازو ئامرازی زۆر و جۆراو جۆری هەن، هەڵبەتە مەبەست لە (سَبيل) لە قورئاندا: ئیسلامە، کە یەك ڕێبازەو کۆناکرێتەوە، بەڵام مەبەست لە (سُبُل) لێرەدا: شێوازەکانی بانگەوازکردنە، یانی: ئەو شێوازانەی کە بە ڕەزامەندیی ئێمەیان دەگەیەنن، هەر کەسێك بە ئیخلاصەوە لەپێناوی ئێمەدا تێبکۆشێ، لەو شێوازانەی شارەزا دەکەین.

٢- کاری بە دامەزراوەیی:

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ اللَّه يُحِبُّ إِذَا عَمِلَ أَحَدُكُمْ عَمَلاً أَنْ يُتْقِنَهُ}[١]. واتە: بە دڵنیایی خوا حەز دەکات، هەرکات یەکێك لە ئێوە کارێکی کرد، بە وردەکاریی بیکات.

٣- ڕاوێژکردن:

خوای زاناو شارەزا فەرموویەتی: ﴿ وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ ٣٨ ﴾الشورى، واتە: کاروباری بڕواداران بە ڕاوێژە، کاروباری سیاسیەتیان، هی بانگەوازیان، هەر جموجۆڵ و چالاکییەکیان.

---

(١) أَخْرَجَهُ البَيْهَقِي فِي شعب الإيمان: ٥٣١٢، وَأَبُو يَعْلَى: ٤٣٨٦.

www.alibapir.net

ئێستاش با ئەو سێکوچکەیە: {نەخشەو بەرنامە + دامەزراوە + ڕاوێژ} تۆزێك شی بکەینەوە:

یەکەم: مەبەستمان لە: (کار بە نەخشەو بەرنامە)، واتە: کاری بانگەواز، ئەوەیە کە نەخشەو بەرنامەیەکی وردو واقیع بینانە دابنرێ، یانی: ئێمە وەك تەوژمی ئیسلامیی، ئایا دەبێ هەر کەسێکمان لە ڕاست خۆی هەڵسێتەوەو، چی پێ باش بێت باسی بکات؟ نەخێر، بەڵکو:

پێویستە سەرەتا لەسەر بناغەی ڕاوێژ، نەخشەو بەرنامەیەك دابنرێ، قۆناغ بە قۆناغی ئەم کاری بانگەوازە، دیاریی بکرێ، پێشێ خەڵك بانگ بکرێ بۆ تێگەیاندن و پێگەیاندیان، ئنجا دوایی هۆنینەوەو ئامادەکردنیان، نەك هەر قسەی خێر بۆ خەڵك بکەی و بڕۆی، ئەوە وەك ئەوە وایە، کەسێك دەغڵێك دا بچێنێ، بەڵام دوایی لێی نەپێچێتەوە، داخۆ بزن و مەڕی خەڵك دەیخوات، ملە لێی دەدات، چۆلەکە دەیخوات، چی لێ دێت ؟! ئاوا نابێت، پێغەمبەری خواش ﷺ وا نەبووە ئامۆژگاریی خەڵك بکات و دوایی وازیان لێ بێنێ! چونکە هەندێك کەس ئەوە لە ئێمە بە ڕەخنە دەگرن، دەڵێن: ئێوە ئامۆژگاریی خۆتان بکەن و بڕۆن، نەخێر، دەبێ دواتر کاریان لەسەر بکرێ، پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانی بانگ کرد، هۆشیاری کردنەوە، دوایی ئەوانەی کە هۆشیار بووبوونەوە، مشووری لێخواردن و پەروەردەی کردن و ئامادەی کردن، ئەگەرنا دوای خۆی، پێغەمبەری خاتەم ﷺ کێ بوو بە هاوکاری؟ هەڵبەتە ئەو هاوەڵە بەڕێزانەی بوون، ئنجا ئەگەر پەروەردە نەکرابان و تێنەگەیەنرابان و پێنەگەیەنرابان، چۆن درێژەیان بە کاروانەکەی دەدا؟! ئنجا ئەمە چەمکی کار بە نەخشەو بەرنامەیە.

دووەم: مەبەستیشمان لە: (کاری دامەزراوەیی) ئەوەیە کارەکان بەسەر پسپۆڕان و شارەزایان دا دابەش بکرێن، نەك بە شێوەیەکی هەڕەمەکیی و کەس ئاگای لە کەس نەبێت.

بۆ وێنە: ئێستا ئێمە کەسانێکمان هەن کە بە تایبەت خەڵك فێری قورئان بکەن و، هەندێك بە تایبەت خەریکی فەرمایشتەکانی پێغەمبەرن و، هەندێکی دیکە خەریکی فێرکردنی زانستە شەرعییەکانن، هەندێکی دیکە خەریکی کاری ڕاگەیاندنن، ئنجا ئەوە دەبێ زیاتر تۆخی بکەینەوە.

هەم نەخشەو بەرنامەکە وردتر دابنێین، هەم دامەزراوەکانی کاری بانگ کردنمان بۆ لای خواو بۆ لای ئیسلام، باشترو تۆکمەترو پسپۆڕانەتربن.

www.alibapir.net

سێیەم: مەبەستیشمان لە ڕاوێژکردن، ئەوەیە کە لە هەموو کارو قۆناغەکان بکۆڵرێتەوە، لەسەر بناغەی ڕاوێژکردن و، بڕیاری تاکەکەسیی و سەرپێی و نەکوڵێنراوو کرچ و کاڵ، نەدرێ، کە ئەوەش لە ڕاستیی دا، ئەگەر بویستریٚ هەقی خۆی پێبدرێ، وەك مسوڵمانەتیی و دینداریی، دەبێ لە کەوڵ و چوارچێوەی حیزبێکی دیارییکراو بێینە دەرێ، چونکە خوا کە دەفەرموێ: ﴿وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ ٣٨﴾ الشورى، خوا نەیفەرمووە: با کاروباری (فڵان لایەن و فڵان حیزب) بە ڕاوێژبێ، بەڵکو مەبەست هەموو مسوڵمانانە، بەتایبەت لە بواری بانگەوازو خەڵك هۆشیارکردنەوەدا، دەبێ زیاتر کار بکەین و هاوکاربین، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کە خەڵك بۆ لای خوا بانگ دەکەن، پێویستە هاوکاریی و لێکتێگەیشتنمان هەبێ، پشتی یەکدی گرتنمان هەبێ.

هەنـدێ جـار هەنـدێ کـەس قسـان دەکات، پێموایـە ئیسـلام زۆر لەسـەری قـەرزدار دەبێتـەوە، پێموایـە ئـەو کـەس و بەرنامانـە دانـراون، بـۆ ئـەوەی بەلبەلـە بنێنـەوەو، دڵەڕاوکـە بخەنـە دڵـی مسـوڵمانانەوە، بەرانبـەر بـە ئایینەکەیـان، کـە هـەر جـارە بابەتێـك دەورووژێنـن، بـە نەزانیـی و ناشایسـتەیی، کـە بـە شـایانی ئەوەیـان نازانـم: نـە ئامـاژە بـە بابەتـەکان بکـەم، نـە ئامـاژە بـە کەسـەکان بکـەم، کـە پێموایـە زۆرزانانـە، یـان نەزانانـەو کڵاو لەسـەرنراوانە بـە کـرێ گیـراون و، دەسـتیان لـە پشـت دەدرێ، ئەگەرنـا ئـەو هەمـوو بابەتانـەی ئیسـلام هـەن، ئـەو هەمـوو ئایەتانـەی قورئـان و فەرمایشـتانەی پێغەمبـەر ﷺ، کـە مسـوڵمانان پێویسـتیانە بۆیـان بـاس بکرێـن، کابـرا! چیـت داوە لـە دوو سـێ مەسـەلە، کـە مشـتومڕێکیان لەسـەرە، یاخـود باسـکردنیان بـەو شـێوازە ناشـێیە، بـۆ مسـوڵمانان دەبێتـە ئیشـکالێك، ئەگـەر ڕاسـتە مەبەسـتت ئەوەیـە خەڵـك لـە دیـن تێبـگات !

ئنجـا لـەو قسـەیەم دا کـە دەڵێـم: پێویسـتە بـۆ کاری بانگـەواز ڕاوێـژ هەبـێ، مەبەسـتم ئەوانـە نیـە، بەڵکـو مەبەسـتم هەنـدێ کـەسی دیکەیـە، کـە بـە نەزایـی و ناشـێیی، لـە ئەنجامی شـارەزا نەبـوون لـە دیـن و ئاشـنا نەبـوون بـە ژیـن و، لـە ئەنجامـی ئـەوەدا کـە ڕاوێژکـردن نیـە و، کاری دامەزراوەیـی نیـە، هەڵـەو پەڵـەو کـرچ و کاڵیـی زۆر پەیدادەبـێ.

www.alibapir.net

چوارەم: ڕەچاوکردنی پلەپلەیی و، دیارییکردنی لەپێشترەکان:

ئەمەش بنەمایەکی زۆر گرنگەو، دەبێ لە کاری بانگەوازماندا: هەم پلەپلەیی ڕەچاو بکرێ، هەم دیارییکردنی لەپێشترەکان، گرنگیی پێبدرێ، ئایا چ شتێك لە پێش چ شتێکەوەیە؟ هەرچەندە جاری دیکەش باسمان کردوە، بەڵام ئەو مەسەلەیە هەرچەندە باسی بکەین، هەر دەیهێنێ، ئەمەش حەوت نموونە لە ئایەتەکانی قورئان و، دەقەکانی سوننەت، کە زۆر بە ڕوونیی پێویستبوونی هەر کام لە:

أ / ڕەچاوکردنی پلەپلەیی.

ب / دیارییکردنی لەپێشترەکان.

تێیاندا دەدرەوشێنەوە:

١) لە سووڕەتی (**الأعراف**) لە ئایەتەکانی: (٥٩ و ٦٥ و ٧٣ و ٨٥)دا هەر کام لە {نووح و هوودو صالح و شوعەیب} (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمِ) یەك ڕستە دووبارە دەکەنەوە، دەڵێن: ﴿يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓ ۝٥٩﴾، واتە: ئەی گەلەکەم! بەندایەتیی بۆ خوا بکەن، جگە لەو هیچ پەرستراوێکی دیکەتان نیە.

پێغەمبەران هەموویان لێرەوە (لە خوا بە یەکگرتن و تەنیا خواپەرستن (توحید)ەوە} دەستیان پێکردەوە، ئەوە بناغەیە: خەڵك بانگ کردن بۆ تەنیا خواپەرستیی، بناغەو جەوهەری بەرنامەو پەیامی خوای پەروەردگارە.

٢ - {**عَنْ عَبْدُالرَّحْمَنِ بْنُ أَبِي الزِّنَادِ عَنْ أَبِيهِ، قَالَ أَخْبَرَنِي رَجُلٌ يُقَالُ لَهُ: رَبِيعَةُ بْنُ عَبَّادٍ مِنْ بَنِي الدِّيلِ وَكَانَ جَاهِلِياً، قَالَ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ ﷺ فِي الْجَاهِلِيةِ فِي سُوقِ ذِي الْمَجَازِ وَهُوَ يَقُولُ: يا أَيُّهَا الناسُ! قُولُوا: لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ تُفْلِحُوا**}[1].

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ بینی لە بازاڕی زیلمەجاز (کە بازاڕێکی سەردەمی نەفامیی بووە) بەسەر خەڵکەوە دەگەڕا، دەیفەرموو: ئەی خەڵکینە! بڵێن: تەنیا خوا پەرستراوە، سەرفراز دەبن.

---

(١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد: ١٦٠٢٣، تعليق شعيب الأرنؤوط: صحيح لغيره وهذا إسناد حسن من أجل عبد الرحمن بن أبي الزناد.

www.alibapir.net

پێغەمبەری خوا (**محمد**)یش ﷺ، هەر بەوە دەستی پێکردوە.

٣ - {عَنْ عَائِشة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، قَالَتْ: فُرِضَتْ الصَّلاةُ رَكْعَتَيْنِ، ثُمَّ هَاجَرَ النَّبِيُّ ﷺ فَفُرِضَتْ أَرْبَعاً، وَتُرِكَتْ صَلاَةُ السَّفَرِ عَلَى الأُولَى}(١).

واتە: دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ نوێژ کە فەرز کرا، دوو ڕکات دوو ڕکات بوو، بەڵام دوایی کە پێغەمبەر ﷺ کۆچی کرد بۆ مەدینە، نوێژە چوار ڕکاتییەکان فەرز کران، بەڵام نوێژی سەفەرێ هەر لەسەر حاڵەتی پێشێی مایەوە.

٤ - {عَنِ ابْنِ عَباسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ لَمَّا بَعَثَ مُعَاذاً ﷺ عَلَى الْيَمنِ، قَالَ: إِنَّكَ تَقْدَمُ عَلَى قَوْمٍ أَهْلِ كِتَابٍ، فَلْيَكُنْ أَوَّلَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ عِبادَةُ اللَّهِ، فَإِذَا عَرَفُوا اللَّهَ، فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّ اللَّهَ قَدْ فَرَضَ عَلَيْهِمْ خَمْسَ صَلَواتٍ فِي يَوْمِهِمْ وَلَيْلَتِهِمْ، فَإِذا فَعَلُوا، فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّ اللَّهَ فَرَضَ عَلَيْهِمْ زَكاةً مِنْ أَمْوالِهِمْ، وَتَرِدُّ عَلَى فُقَرائِهِمْ}(٢).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لێیان ڕازی بێ، دەڵێ: کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ موعازی کوڕی جەبەلی ﷺ نارد بۆ یەمەن پێی فەرموو: تۆ دەچیە لای کۆمەڵە خەڵکێك، کە خاوەن کتێبن، با یەکەمین شتێك کە ئەوانی بۆ بانگ دەکەی، ئەوەبێ کە خوا بپەرستن (کە پێشتر بە هەڵە پەرستوویانە)، ئنجا ئەگەر خوایان ناسی، پێیان ڕابگەیەنە کە خوا پێنج نوێژی لە ڕۆژوو شەویکدا لەسەر پێویست کردوون، ئنجا ئەگەر ئەوەشیان کرد، هەواڵیان پێبدە کە خوا زەکاتی لە ماڵ و سامانیاندا لەسەر پێویست کردوون، کە بگێڕرێتەوە بۆ هەژارەکانیان.

٥ - {عَنْ عَائِشة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا: إِنَّمَا نَزَلَ أَوَّلَ مَا نَزَلَ مِنْهُ: سُورَةٌ مِنْ الْمُفَصَّلِ فِيهَا ذِكر الْجَنة وَالنارِ، حَتَّى إِذَا ثَابَ الناسُ إِلَى الإِسْلَامِ، نَزَلَ الْحَلاَلُ وَالْحَرَامُ وَلَوْ نَزَلَ أَوَّلَ شَيْءٍ: لاَ تَشْرَبوا الْخَمْرَ، لَقَالُوا: لاَ نَدَعُ الْخَمْرَ أَبَداً، وَلَوْ نَزَلَ لاَ تَزْنُوا، لَقَالُوا: لاَ نَدَعُ الزِّنا أَبَدًا}(٣).

(ڕۆژێك پیاوێکی عێراقیی چووە بۆ لای دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، گوتی: دایکی بڕواداران موصحەفەکەی خۆتم پیشان دەدەی؟ گوتی: بۆچیتە ڕۆڵە؟ گوتی: دەمەوێ نوسخەکی لەبەر بگرمەوە، ئەویش گوتی: لە کوێوە بیخوێنیەوە هەر تەواوە)، دوایی

---

(١) أَخْرَجَهُ البُخَارِيّ: ٣٩٣٥.

(٢) أَخْرَجَهُ البُخَارِيّ: ١٤٥٨.

(٣) أَخْرَجَهُ البُخَارِيّ: ٤٩٩٣.

www.alibapir.net

گـوتی: یەکەمیـن شـتێك کـە خـوا دایبەزانـد لـە قورئـان، سـوورەتە کورتـەکان بـوون، کـە بـاسی دۆزەخ و بەهەشـت (و بابەتـە عەقیدەییـەکان) دەکات، هەتـا کاتێـك خەڵـك بـۆ ئیسلام گەڕایـەوە (واتـە: بووناسـیی و ئیـمان و عەقیدەیـان بـۆ دروسـت بـوو) ئنجا بـاسی حـەڵاڵ و حـەرام دابـەزی، ئەگـەر یەکەمجار خـوا فەرمووبـای: شـەراب مەخۆنـەوە، دەیانگـوت: هەرگیـز وازی لێناهێنیـن، هەروەهـا ئەگـەر یەکەمجـار فەرمووبـای: زینـا مەکـەن، دەیانگـوت: هەرگیـز وازی لێناهێنیـن.

بـەڵام پێشـێ بووناسـیی و ئیـمان و عەقیـدە، لـە دڵ و عەقڵیانـدا جێگیـر بـوو، ئنجـا دوایـی تەکلیفـە شـەرعییەکانی دیکـە دابەزیـن.

٦ - **{عَنْ وَهْبٍ قَالَ سأَلْتُ جَابِرًا عَنْ شَأْنِ ثَقِيفٍ إِذْ بايَعَت قَالَ: اشْتَرَطَتْ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ أَنْ لاَ صَدَقَةَ عَلَيْهَا وَلاَ جِهَادَ، وَأَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ ﷺ بَعْدَ ذَلِكَ يَقُولُ: (سَيَتَصَدَّقُونَ وَيُجَاهِدُونَ، إِذَا أَسْلَمُوا)}**[(١)].

واتـە: وەهبـی کـوڕی مونەببیـە دەڵـێ: پرسـیارم لـە جابـر کـرد دەربـارەی هـۆزە سـەقیف کاتـێ پەیمانیـان بـە پێغەمبـەردا ﷺ، کـە مسـوڵمان بـوون چـۆن بـوو؟ گوتـی: لەسـەر پێغەمبەریـان ﷺ بـە مـەرج گـرت، زەکاتـێ نـادەن و، جیهادیـش ناکـەن، پێغەمبەریـش ﷺ، لێـی قبـووڵ کـردن، بـەڵام دوایـی، پێغەمبـەر ﷺ فەرمـووی: ئەگـەر مسـوڵمان بـوون، زەکاتێـش دەدەن و جیهادیـش دەکـەن.

کە بێگومان هەر واش بوو.

٧ - **{عَنْ نَصْرِ بْنِ عَاصِمٍ اللَّيْثِيِّ عَنْ رَجُلٍ مِنْهُمْ، أَنَّهُ أَتَى النَّبِيَّ ﷺ فَأَسْلَمَ عَلَى أَنْ يُصَلِّيَ صَلاتَيْنِ، فَقَبِلَ مِنْهُ}**[(٢)].

واتـە: نەصـڕی کـوڕی عاصیمـی لەیثیـی لـە پیاوێـك لـە خۆیانـەوە، دەگێڕێتـەوە، کـە چۆتـە لای پێغەمبـەر ﷺو، مسـوڵمان بـووە، بـەو مەرجـە، تەنیـا دوو نوێـژان بـکات، (شـە وو ڕۆژێـك دوو نوێـژان بـکات)، پێغەمبەریـش ﷺ، ئـەوەی لـێ قبـووڵ کـردوە !

خوشك و برا بەڕێزو خۆشەویستەکانم !

بێگومـان هیـچ کەسـێك، بـۆی نیـە موزایـەدەی دینداریـی بەسـەر پێغەمبـەرەوە ﷺ بـکات، پێغەمبـەری خـوا ﷺ، کـە خـوای زانـاو شـارەزا پێـی فەرمـووە، بڵـێ: ﴿وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ ١٦٣﴾ الأنعـام، واتـە: مـن یەکەمـی مسـوڵمانانم، بـەڵام تەماشـا دەکەیـن، پێغەمبـەر ﷺ، لـە هـۆزی

---

(١) أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ: ٣٠٢٥، وَصَحَّحَهُ الأَلْبَانِي فِي «الصَّحِيحَة»: ١٨٨٨.
(٢) أَخْرَجَهُ أَحْمَد: ٢٠٣٠٢.

www.alibapir.net

سەقیفی قبووڵ کردوە، زەکات نەدەن و جیهاد نەکەن، هەروەها لەو پیاوەی قبووڵ کردوە، کە گوتوویەتی: تەنیا دوو نوێژان دەکەم! لەوانەیە کابرا گوتبێتی: تەنیا ئەو دووانە دەکەم، ئنجا ئەگەر دەڵێی مسوڵمان دەبم، ئەگەرنا مسوڵمان نابم؟ ئەویش فەرموویەتی: مسوڵمان بە، بۆچی؟ چونکە با مسوڵمان بێ، ئەگەر تەنیا دوو نوێژانیش بکات، باشترە لەوەی مسوڵمان نەبێ و نوێژ نەکات و، سەجدە نەبات و ڕکووع بۆ خوای بەرزو بێ هاوتا نەبات!

ئنجا ئێمە لەم دەقانە هەروەها لەوانی دیکەش، ئەوەیان لێوەردەگرین، کە لە بواری بانگەوازدا، دەبێ هەم پلەپلەیی ڕەچاو بکەین، هەم لە گرنگترەوە بۆ گرنگتر چوون، واتە چ شتێك لەپێش چ شتێکەوەیە؟ هەروەها چ شتێك ئەسڵی دینە و، چ شتێك فەرعی دینە؟ بەبێ ئەوە لە کارەکەماندا سەرکەوتوو نابین و، لەوبارەشەوە، هەڵە و پەڵەی زۆر هەیە، کە پێویستی بە شوێنی تایبەت دەکات[١].

پێنجەم: دڵخۆشکردن و ئاسانکردن:

خەڵك بانگکردن بۆ لای خوا، بە کەسێك دەکرێ، بە ڕاستیی بتوانێ: هەم خەڵکی دڵخۆش بکات، هەم بۆیان ئاسان بکات، سەرنجیان ڕابکێشێ و، وایان لێبکات، کە متمانەیان پێی بێ و، وایان لێبکات، ئەوان، ئەو بە دڵسۆز بزانن، ئەگەر وانەبێ، گوێی بۆ ناگرن و، قسەی لێوەرناگرن:

با لەوبارەوەش سەرنجی چەند دەقێکی شەریعەت بدەین:

١) خوا سبحانه وتعالى لە سوورەتی (النساء)دا، ناوی دوازدە (١٢) لە پێغەمبەران (**عليهم الصلاة والسلام**) دێنێ و، هەمووشیان بە دڵخۆشکەرو ترسێنەر (**مبشّر ومُنْذِر**) وەسف دەکات، دەفەرموێ:

﴿إِنَّآ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ كَمَآ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ نُوحٍ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعْدِهِۦ ۚ وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْمَـٰعِيلَ وَإِسْحَـٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطِ وَعِيسَىٰ وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَـٰرُونَ وَسُلَيْمَـٰنَ ۚ وَءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ زَبُورًا ﴿١٦٣﴾ وَرُسُلًا قَدْ قَصَصْنَـٰهُمْ عَلَيْكَ مِن قَبْلُ وَرُسُلًا لَّمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ ۚ وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكْلِيمًا ﴿١٦٤﴾ رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةٌۢ بَعْدَ ٱلرُّسُلِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٦٥﴾﴾ النساء.

---

(١) لە تەوەری نۆیەمی کتێبی: {بەرەو بانگەوازێکی ڕاست و ڕەسەن}دا، لەوبارەوە، ڕوونکردنەوەی باشمان داوە.

www.alibapir.net

واتـە: ئێمـە سروشـمان بـۆ لای تۆ نـاردوە، وەك چۆن سروشـمان بـۆ لای نـووح و پێغەمبەرانی دوای ویـش نـارد، هەروەهـا سروشـمان کـرد بـۆ لای ئیبراهیـم و ئیسـماعیل و ئیسـحاق و یەعقووب و ئەسـباط و عیسـا و ئەییـوب و یونـوس و هـارۆون و سـولەیمان نـاردو، زەبووریشـمان بـە داوود دا، هەروەهـا پێغەمبەرانێـك کـە پێشـتر بەسـەرهاتیانمان بەسـەرتدا خوێندۆتـەوەو، پێغەمبەرانێك کـە بەسـەرهاتیانمان بەسـەرتدا نەخوێندۆتـەوە و، خوا بە قسـەکردن فەرمایشـتی لەگـەڵ مووسـادا کـرد، پێغەمبەرانێکی مـوژدەدەرو ترسـێنەرن، تاکـو دوای هاتنـی پێغەمبـەران، خەڵـك بەڵگـەی لەسـەر خـوا نەبـێ و، خـوا زاڵـی کارزانـە.

واتـە: ئەوانـە پێغەمبەرانێکـی دڵخۆشـکەر و ترسـێنەر بـوون، یاخـود: مـوژدە دەر و وریاکـەرەوە بـوون، بۆچـی؟ تاکـو لـە دوای هاتنـی پێغەمبـەران، خەڵـك بەڵگـەی نەبـێ لەسـەر خـوا.

کەواتـە: پێغەمبـەران هەموویـان **(علیهـم الصـلاة والسـلام)**، سـیفەتی بنچینەییـان ئـەوە بـووە، خەڵـك دڵخـۆش بکـەن، بـە پاداشـتی خـوا، خەڵـك دڵخـۆش بکـەن، بـەوە کـە دینداریـی لـە دنیـادا، بەرهەمـی باشـی دەبـێ و، دڵخۆشیشـیان بکـەن بـەوەی کـە خواپەرسـتییەکەیان لـە دوارۆژیشـدا، بەرهەمـی باشـی دەبـێ، ئایـا دەزانـن، پێغەمبـەر ﷺ، کـە قورەیشـییەکانی بـۆ ئیسـلام بانـگ دەکـرد، چـی پـێ دەفەرمـوون: کاتێـك مامـی پرسـیاری لێکـرد، چـی لێیـان دەوێ؟ دەیفەرمـوو: {**یـا عَـمِّ! أُرِیدُهُـمْ عَـلَی کَلِمَـةٍ تَدِیـنُ لَهُـمْ بهـا الْعَـرَبُ وَتُـؤَدِّی إِلَیْهِـمُ الْعَجَـمُ الْجِزْیَـة، قَـالَ: مَـا هِـيَ؟ قَـالَ: شَـهادَةُ أَنْ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّـهُ**} (**أخرجـه الترمـذي: ٣٢٣٢، قـال: حسـن، والبيهقـي فـي الكبرى: ١٩١٢٠، وضعَّفَـهُ الألبـاني**).

واتـە: ئـەی مامـە گیـان! تەنیـا وشـەیەکم لێیـان دەوێ، کـە حکومڕانیـی بەسـەر گـەلی عەرەبـدا، پێدەکـەن و، عەجەمیـش سـەرانەیان دەدەنـێ و بۆیـان ملکـەچ دەبـن.

واتـە: ئـەم دینـە، هەرچەنـدە بەرهـەم و بەرەکەتەکـەی، بـە شـێوەی سـەرەکیی، لـە دوارۆژدایـە، چونکـە ژیـانی دنیـا شـتێکی وا نیـە، لەچـاو دوارۆژداو شـتێکی کەمۆکەیـە، وەك خـوا دەفەرمـوێ: ﴿فَمَا مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ ٣٨﴾ التوبـة، واتـە: ڕابـواردنی ژیـانی دنیـا، لەچـاو هـی دوارۆژدا کەمۆکەیـە.

بـەڵام ئـەم دینـە، وەك چـۆن دوارۆژمـان بـاش دەکات و، دنیاشـمان بـاش دەکات، لـە دنیاشـدا خێـر و بەرەکەتـی پێوەیـە بـۆ خەڵـك، بانگـەوازکار دەبـێ لێـی بزانـێ و، خەڵـك دڵخـۆش بـکات، بـۆ وێنـە: بڵـێ فڵانکـەس وەرە مسـوڵمان بـە، هـەم خـوا لێـت ڕازیـی دەبـێ،

www.alibapir.net

هـەم لـە دنیاشـدا لەشـت سـاغ دەبـێ، مـاڵ و خێزانـت چـاك دەبـێ، لـە عەیبداریـی دوور دەبێ، لـە گوناهباریـی دوور دەبـی، سـاغ و سـەلامەت دەبـی... هتـد.

هەروەهـا ئاگادارکردنـەوە و ترسـاندنی خەڵکیـش، ئەویـش بـە تەئکیـد، یەکێکـە لـە لایەنـە ئەساسـییەکانی دینداریی.

٢) دیسان خوا عز وجل دەفەرموێ: ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلۡيُسۡرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلۡعُسۡرَ ﴿١٨٥﴾﴾البقرة، واتە: خوا ئاسانیی بۆتان دەوێ و، زەحمەتی بۆتان ناوێ، ئەم ئایەتە لە سیاقی باسی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزاندا هاتوە، کە لە کاتی نەخۆشیی و سەفەردا، بۆتان هەیە، ڕۆژوو نەگرن و، دوایی بیگێڕنەوە، لەو سیاقەدا، خوا دەفەرموێ: خوا ئاسانیی بۆتان دەوێ، زەحمەتی بۆتان ناوێ.

کەچـی - وەك دوایـی بـاس دەکەیـن - هەندێـك کـەس هەمیشـە ئەگـەر مەسـەلەیەکی شـەرعیی، دوو بـاری هەبـن، بارێکـی زەحمـەت و بارێکـی ئاسـان، تەنیـا ملـی بـارە زەحمەتەکـە دەگـرن، کـە ئـەوە ڕێـك پێچەوانـەی ئـەم ئایەتەیـە، هەروەهـا پێچەوانـەی ئەوەشـە کـە، دایکـمان عائیشـە، خـوا لێـی ڕازی بـێ، لـە پێغەمبـەری ﷺ دەگێڕێتـەوە:

٣) {**مَا خُيِّرَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بَيْنَ أَمْرَيْنِ أَحَدُهُمَا أَيْسَرُ مِنَ الآخَرِ، إِلاَّ اخْتَارَ أَيْسَرَهُمَا، مَا لَمْ يَكُنْ إِثْماً، فَإِنْ كَانَ إِثْماً، كَانَ أَبْعَدَ النَّاسِ مِنْهُ**}[1].

واتـە: پێغەمبـەری خـوا ﷺ، هیـچ کات سەرپشـك نەکـراوە، لـە نێـوان دوو ئیشـاندا، کـە یەکێکیـان لـەوی دیکەیـان سـێناتر بووبـێ، مەگـەر کامـەی ئاسـانە، ئـەوی هەڵبـژاردوە، ئەگـەر گونـاح نەبووبـێ، بـەڵام ئەگـەر گونـاح بووبـێ، لـە هەمـوو کـەس لێـی دوورتـر بـووە.

بـۆ وێنـە: ئافـرەت بـۆی هەیـە، نیقـاب بـکات و، بۆشـی هەیـە نەیـکات و، دەموچـاوی دیـار بـێ، کەچـی ئـەوان دەڵێـن: هـەر دەبـێ پێچـە (**نقـاب**) بکات.

بە ڕاستیی سەیرە !

لـە هەندێـك وڵاتانـی عەرەبییـدا، شـتی بچـووکی وەك پێچەگرتنـەوە (**إنتقـاب**) و، دامێـن هەڵپێچـان (**تشـمیر الثـوب**) زۆر بـە سـەختیی دەگـرن، بەڵام شـتی گـەورە گەورەیـان، زۆر ئیهمال کـردوە، بـۆ نموونـە: ئایـا حوکمڕانیـی شـووڕاییە، وەك قوڕئـان فەرموویـەتی و پێغەمبـەری خـوا کردوویـەتی، یـان بنەماڵەیـی و، میراتییـە، وەك ڕۆژگاری نەفامیـی ؟! هیـچ لـەوە ناپێچنـەوە.

---

(١) أَخْرَجَهُ البُخَارِيّ: ٣٥٦٠، وَمُسْلِمٌ: ٢٣٢٧.

www.alibapir.net

بـرای موفتـی! ئەگـەر بـە تەنـگ دینـی خـواوەی، بۆچی لـەوەش ناپێچیـەوە، کـە چارەنووسی عیبـادو بیـلادی پێوە گرێـدراوە ؟!

٤) هەروەها پێغەمبەر ﷺ، زۆر بە ڕوونیی و بە ڕاشكاویی، دەفەرموێ: {**بَشِّرُوا ولا تُنَفِّروا، ويَسِّرُوا ولا تُعَسِّرُوا**}[1].

واتـە: خەڵـك دڵخـۆش بکـەن و مەیانسـڵەمێننەوە، {خەڵـك مەسـڵەمێننەوە، خەڵـك دوور مەخەنـەوە} هەروەهـا ئاسـان بکـەن و، وەزەحمـەت مەخـەن، {واتـە: دینداریـی بـۆ خەڵـك ئاسـان بکـەن و لێیـان وەزەحمـەت مەخـەن و لەسـەریان قـورس مەکـەن}.

شەشەم: ئیقناع کردنی عەقڵ و جووڵاندنی دڵ:

پێشـتر باسـمان کـرد، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِ ١٢٥ ﴾ النحـل، حیکمەتەکـە بـۆ عەقـڵ، ئامۆژگاریـی چاکیـش بـۆ دڵ و دەروون، مرۆڤ هـەم عەقڵەکـەی دەبـێ ئیشـباع و تێـر بکـرێ و، ئیقنـاع بکـرێ، هـەم دڵ و دەروونەکـەی، پێویسـتە بجووڵێـنرێ، چونکـە جـاری وایـە، مـرۆڤ بـە عەقـڵ شـتێك دەزانـێ، بـەڵام هەتـا ئـەو زانیارییـە، لـە عەقڵـەوە تەحویـل نەبـێ بـۆ دڵ، نایجووڵێنـێ، پێغەمبـەر ﷺ، دەربـارەی خەواریـج دەفەرمـوێ: {**يَقْرَؤُونَ الْقُرْآنَ، لاَ يُجَاوِزُ حَناجِرَهُـمْ**}[2] واتـە: قورئـان دەخوێنـن، بـەڵام، لـە گەروویـان، ئەودیـو نابـێ، واتـە: نایەتـە نێـو دڵ و دەروون، نەبۆتـە هـۆی ئـەوەی دڵ و دەروونیـان: ڕووناکیـی ئیمان و، تامـی تەقـوا و، تـەزووی بەهـاو ئـاکارە بـەرزەکانی، وەك: میهرەبانیـی و بەزەیـی و پـەرۆش و... هتـدی تێکـەڵ بـێ، هـەروا بـە وشـکیی، ئایەتەکانیـان گرتـوون.

هەڵبەتـە، ئیقناعکردنـی عەقـڵ و، جووڵاندنـی دڵ، نـەك هـەر مەنهەجـی پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ، بووبـێ، بەڵکـو هەمـوو پێغەمبـەران (**عليهـم الصلاة والسلام**)، وا بـوون، بـۆ وێنـە:

لـە سـوورەتی (**إبراهیـم**)دا، کـە خـوا سـبحانه و تعالـی، لـە یـەك شـوێنداو پێکـەوەو وێکـڕا، باسـی هەمـوو پێغەمبـەران (**عليهم الصلاة والسلام**)، دەکات، دەفەرموێ: ﴿ قَالَتۡ رُسُلُهُمۡ أَفِي ٱللَّهِ شَكّٞ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ يَدۡعُوكُمۡ لِيَغۡفِرَ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمۡ ١٠ ﴾ إبراهيم.

---

(١) أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ: ٦٩، وَمُسْلِمٌ: ١٧٣٤.

(٢) أَخْرَجَهُ البُخَاري: ٦٥٣١، وَمُسْلِمٌ: ١٠٦٦.

www.alibapir.net

کە لێرەدا هەم عەقڵیان، دەدوێنن، هەم دڵیان دەجووڵێنن:

أ / عەقڵیان دەدوێنن و، ئیقناع دەکەن، بەوە کە دەفەرموون: (أَفِي ٱللَّهِ شَكّٞ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ)، واتە، ئایا دوو دڵیی هەیە لە خوادا، کە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە؟ واتە: ئاشکرایە کە ئەم ئاسمان و زەوییە، وەدیهاتوون و، دەبێ بەدیهێنەرێکیان هەبێ، ئنجا ئایا لەم ڕاستییەدا، دوو دڵیی هەیە؟ ئەدی نابێ هەموو پەیداکراوێك، پەیداکەرێکی هەبێ، ئەوە بۆ عەقڵ.

ب/ بۆ دڵیشیان دەفەرموون: (يَدۡعُوكُمۡ لِيَغۡفِرَ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمۡ)، ئەو پەروەردگارەتان، بانگتان دەکات، تاکو لە گوناهەکانتان بتانبوورێ، یانی: کە بانگتان دەکات، بۆ بەرژەوەندیی خۆتانە و، هیچ ئیشی خۆی بە ئێوە نیە، بەڵکو ئیشی خۆتانی بە خۆتانە.

حەوتەم: بیرخستنەوەی چاکەکانی خوا:

برا و خوشکەکانم !

پێویستە ئەم بنەمایەش زۆر زۆر گرنگیی پێبدەین، چونکە خوا لە قورئاندا سبحانە و تعالی، زۆر گرنگیی پێداوەو، زۆری باس کردوە، بۆ وێنە:

١) ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡۚ هَلۡ مِنۡ خَٰلِقٍ غَيۡرُ ٱللَّهِ يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُؤۡفَكُونَ ٣﴾ فاطر.

واتە: ئەی خەڵکینە! یادی چاکەی خوا بکەنەوە، بەسەر خۆتانەوە، ئایا جگە لە خوا، بەدیهێنەرێکی دیکە، لە ئاسمان و زەوی، {واتە: لە سەرو خوارەوە}، بژیوتان دەدا؟ (لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ)، جگە لەو هیچ پەرستراوێك نیە و، هەر ئەو پەرستراوە، (فَأَنَّىٰ تُؤۡفَكُونَ)، بۆ کوێ لادەدرێن! یانی: کۆنترۆڵی خۆتانتان، لەدەست داوە.

٢) ﴿أَلَمۡ تَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةٗ وَبَاطِنَةٗۗ ... ٢٠﴾ لقمان.

واتە: خوا هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، بۆ ئێوەی دەستەمۆ کردوەو، چاکەکانی خۆی، بە ئاشکراو پەنهان، لەسەر ئێوە تەواو کردوون.

www.alibapir.net

٣) هەروەها بەڕێزان! تەماشای ئەم سێ ئایەتە بکەن، چەند ڕاچڵەکێنەرن! خوا دەفەرموێ:
﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ ٱلۡكَرِيمِ ٦ ٱلَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّىٰكَ فَعَدَلَكَ ٧ فِيٓ أَيِّ صُورَةٖ مَّا
شَآءَ رَكَّبَكَ ٨﴾الإنفطار.

واتە: ئەی مرۆڤ! (من، تۆ، هەموومان، چ مسوڵمان، چ کافر) چ شتێك، لە بەرانبەری پەروەردگاری بەخشندەتدا، تۆی بوغرا کردوە، {(غَرَّكَ)، یانی: فریوی داوی، بوغرای کردووی، لە کەوڵی خۆتی دەرچواندووی؟} ئنجا ئەو پەروەردگارە، بەخشندە و بەڕێزەت، چی کردوە؟

١ - قۆناغی یەکەم: (ٱلَّذِي خَلَقَكَ)، تۆی بەدیهێناوە، تۆی هێناوەتە دی و، بوونی پێداوی.

٢ - قۆناغی دووەم: (فَسَوَّىٰكَ)، ڕێکی خستووی، چونکە دەگونجێ، مرۆڤ پارچە گۆشتێك بێ، بەڵام خوا ئەندامەکانی بۆ دروست کردووی.

٣ - قۆناغی سێیەم: (فَعَدَلَكَ)، ئنجا، هاوسەنگی کردووی، دەگونجێ، دەستێکت لە دەستێکت، یان قاچێکت لە قاچێکت، درێژتر بێ، یان چاوێکت لە چاوێکت گەورەتر بێ، بەڵام خوا تەعدیلی کردووی !

٤ - قۆناغی چوارەم: (فِيٓ أَيِّ صُورَةٖ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ)، لە هەر وێنەیەکدا، لە هەر دیمەنێکدا، کە ویستوویەتی، تۆی پێکهێناوە، کەواتە: خوا بە چوار قۆناغ، تۆی هێناوەتە دی، بۆچی بەرانبەر بە پەروەردگارت، ئاوا لەخۆبایی؟ یاخود ئاوا فریو دراوی ؟

بەڵێ نیعمەت و چاکەکانی خوا، گرنگە ئینسان بیانخاتەوە بیر خەڵك، لە هەر شوێنەو، لە هەر مەقامە، بە شێوازی گونجاوی خۆی.

www.alibapir.net

هەشتەم: هۆشداریی پێدان و ترساندنی خەڵك:

ئەوانەی بۆ لای خوا بانگ دەکرێن، وێڕای دڵخۆشکردن، پێویستە هۆشدارییان پێ بدرێ و، بشترسێنرێن، بە دڵنیایی من کە دەڵێم: دەبێ دڵیان خۆش بکرێ، ناڵێم: حەڕامیان بۆ حەڵاڵ بکرێ، هەروەها کە دەڵێم ئاسانکاریی بکرێ، مەبەستم ئەوە نیە، سنوورەکانی شەرعیان بۆ ببەزێنرێن، چونکە ئەسڵەن تۆ بۆ لای شەریعەتیان بانگ دەکەی، ئنجا ئەگەر سنوورەکانی شەرع، لەبەر وان ببەزێنی، مانای وایە هیچت نەکرد، پێغەمبەر ﷺیش، کە لەو پیاوەی قبووڵ کردوە، ڕۆژێ دوو نوێژان بکات، نەیفەرمووە: تەنیا دوو نوێژی فەڕزن، فەرموویەتی: پێنج (٥) نوێژی فەڕزن، بەڵام تۆ تەنیا دووان دەکەی و، فەرموویەتی: دووانیش بکات، باشترە لەوەی هەر مسوڵمان نەبێ! یان هۆزی سەقیف کە گوتوویانە: زەکات نادەین و جیهادیش ناکەین و، لێی قبووڵ کردوون، نەیفەرمووە: ئەوانە فەڕز نین، دەبێ وریا بین! کەواتە: وێڕای خەڵك دڵخۆشکردن و، دینداریی ئاسانکردن بۆ خەڵك، کە ئەوە بنەمایەکی بانگەوازە، هۆشداریی پێدانی خەڵك و ترساندنیشیان، ئەویش دیسان، یەکی دیکەیە، لە بنەمایەکانی خەڵك بانگکردن بۆ لای خوا، با تەماشای ئەم ئایەتە موبارەکە بکەین:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ ٥ ﴾ فاطر.

واتە: ئەی خەڵکینە! بە دڵنیایی، بەڵێنی خوا ڕاستە و، مسۆگەر بن، بەڵێنی خوا ڕاستە، کە دەفەرموێ: زیندوو دەبنەوە و، لێپرسینەوە هەیە، (فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا)، ئنجا با ژیانی دنیا، فریوتان نەدا، (وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ)، هەروەها با فریودەر، بەرانبەر بە خوا، فریوتان نەدات، فریودەر کێیە؟ شەیتانە.

لێرەدا شتێکم هاتەوە یاد:

لە سوورەتی (**الذاريات**)دا، خوای پەروەردگار کە دەفەرموێ: ﴿ وَفِي ٱلۡأَرۡضِ ءَايَٰتٞ لِّلۡمُوقِنِينَ ٢٠ وَفِيٓ أَنفُسِكُمۡۚ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ ٢١ وَفِي ٱلسَّمَآءِ رِزۡقُكُمۡ وَمَا تُوعَدُونَ ٢٢ فَوَرَبِّ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ إِنَّهُۥ لَحَقّٞ مِّثۡلَ مَآ أَنَّكُمۡ تَنطِقُونَ ٢٣ ﴾، هەندێك لە زانایان دەڵێن: (وَمَا تُوعَدُونَ)، پەیوەست نابێتەوە بە پێشەوەی، تاکو ماناکەی ئاوای لێ بێ: {بژیوتان لە ئاسمانە و، ئەوەش کە بەڵێنتان پێ دەدرێ - ئەویش هەر لە ئاسمانە}. بەڵکو (وَمَا تُوعَدُونَ) پەیوەستە بە دوای خۆیەوە بەمجۆرە:

www.alibapir.net

{... وَمَا تُوعَدُونَ، فَوَرَبِّ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ إِنَّهُۥ لَحَقٌّ مِّثْلَ مَآ أَنَّكُمْ تَنطِقُونَ } واتە: ئەوەی بەڵێنتان پێ دەدرێ، سوێند بە پەروەردگاری ئاسمان و زەوی، هەقە، وەك چۆن قسە دەكەن.

یانی: قسەكردنەكەتان چۆن ڕاست و چەسپاوەو، نكوولیی لێناكرێ، ئەوەی بەڵێنیشتان پێ دەدرێ، ئاوا هەق و ڕاستە !

بەسەرهاتێك دەربارەی ئەم ئایەتانە :

(**الأصْمَعِي**) لێرەدا، شتێك دەگێڕێتەوە، دەڵێ: كابرایەكی عەرەبیی دەشتەكی جارێك هات، گوتی: ئەرێ، لەوەی خوا دایبەزاندوە، شتێكم فێر ناكەن! منیش ئەو ئایەتانەی سەرەتای سووڕەتی (**الذاريات**)م فێركردن: ﴿ إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿١٥﴾ ءَاخِذِينَ مَآ ءَاتَىٰهُمْ رَبُّهُمْ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَبْلَ ذَٰلِكَ مُحْسِنِينَ ﴿١٦﴾ كَانُوا۟ قَلِيلًا مِّنَ ٱلَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ ﴿١٧﴾ وَبِٱلْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ ﴿١٨﴾ وَفِىٓ أَمْوَٰلِهِمْ حَقٌّ لِّلسَّآئِلِ وَٱلْمَحْرُومِ ﴿١٩﴾ ﴾.

ئنجا یەكسەر دوای گوێ بیستبوونی ئایەتەكان: حوشترەكەی سەربڕی و گۆشتەكەی كردە خێرو ڕۆیشت، ئیدی ساڵێك پێچوو، هاتەوە، زۆر كز و لاواز بوو بوو، گوتمان: ئەوە چیت كردوە؟ بۆ وات لێهاتوە؟ گوتی: ئەو ئایەتانەم جێبەجێ كردوون، كە خوا دەفەرموێ: ﴿ كَانُوا۟ قَلِيلًا مِّنَ ٱلَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ ﴿١٧﴾ وَبِٱلْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ ﴿١٨﴾ وَفِىٓ أَمْوَٰلِهِمْ حَقٌّ لِّلسَّآئِلِ وَٱلْمَحْرُومِ ﴿١٩﴾ ﴾ الذاريات، دوای ئەوەی حوشترەكەی كردبووە خێر، وەك جێبەجێكردنی فەرمانی خوا كە دەبێ ماڵەكەت بدەی، بە سواڵكەر و بێبەشان، ئنجا شەوێش زۆر كەم خەوتبوو، هەتا پێش بەرەبەیان (**سَحَر**) و، ئەو كاتەش هەر داوای لێبوردن (**إستغفار**)ی كردبوو، زۆر بە سەختیی گرتبووی و، تەواو كز و لاواز بوو بوو، ئنجا گوتی: هاتووم ئەمجارەش هەندێكی دیكەش فەرمایشتی خوام بۆ بخوێنی، دەڵێ: منیش هەر تەواوكەر (**تكملة**)ی ئەو ئایەتانەی (**الذاريات**)م بۆ خوێند: ﴿ وَفِى ٱلْأَرْضِ ءَايَٰتٌ لِّلْمُوقِنِينَ ﴿٢٠﴾ وَفِىٓ أَنفُسِكُمْ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ﴿٢١﴾ وَفِى ٱلسَّمَآءِ رِزْقُكُمْ وَمَا تُوعَدُونَ ﴿٢٢﴾ فَوَرَبِّ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ إِنَّهُۥ لَحَقٌّ مِّثْلَ مَآ أَنَّكُمْ تَنطِقُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾ الذاريات، ئیدی كە ئەو ئایەتانەم بەسەردا خوێندنەوە:

كابرا یەك چریكەی لێداو، گوتی: ئەوە كێ پەروەردگاری جیهانی تووڕە كردوە، كە دەبێ سوێندی بۆ بخوات، ئنجا بڕوای پێبكات ؟! چریكەیەكی لێدا و، وەفاتی كرد!

www.alibapir.net

بەڵێ: وریاکردنەوە و هۆشداریی پێدانی خەڵك و، ترساندنیشیان، یەكێكە لە بنەماكانی بانگەوازكردنی خەڵك، بۆ لای خوا، كەسی وا هەیە، ڕەنگە سەد جار بۆی باسی بەهەشتی بكەی، زۆر كاریگەریی نەبێ، بەڵام بەهۆی سزاو جەزرەبەی خواوە، لە دۆزەخداو، پێش دۆزەخیش، لە عالەمی بەرزەخدا، ڕادەچڵەكێ و هۆشیار دەبێتەوە.

یاخود هی وا هەیە، لەبەر سزای خوا، لە قیامەتدا، لە گوناهان ناپرینگێتەوە، بەڵام كە زانی لە دنیاشدا زیانی هەیە، لێی دەپرینگێتەوە! نەفەرم بینیوە، گوتوومە: جگەرە حەڕامە، بەڵام هەر لەسەری بەردەوام بووە، كەچی دوایی كە چووە بۆ لای پزیشك و، گوتوویەتی: تووشی سەڕەتانت دەكات، ئەگەر وازی لێنەهێنی، وازی لێهێناوە !

نۆیەم: جەختكردنەوە لەسەر واقیعی ئێستامان و، كێشە و گرفتەكانی كۆمەڵگا:

هەندێك لە بانگەوازكاران، - وەك دواییش باسی دەكەین - زیاتر لە مێژوودا دەژین، یان مێژوو هەڵدەكۆڵن، بزانن داخۆ چ گرفت و كێشەیەكی تێدا بووە، كاتی خۆی باسكراوە، مشتومڕی لەسەر بووە! دەیهێنن بۆ ئێرە، بەڵام ئێمە كاتێك تەماشای سیرەی پێغەمبەران (**علیهم الصلاة والسلام**) دەكەین، وایاننەكردوە، بۆ وێنە:

١- لە سووڕەتی (**الأعراف**)دا، هەر كام لە (**نُوح، هُود، صالِح، لُوط، شُعَیْب**)[١].

٢- هەروەها لە سووڕەتی (**هود**)دا، دیسان ئەو پێنجە (٥)یان[٢].

٣ - لە سووڕەتی (**الشعراء**)یش دا، دیسان ئەو پێنجەیان (٥)[٣].

هەر كامێكیان، ئەوەی بۆ كۆمەڵگایەكەی خۆی باسكردوە، كە پێویستیی بووە، **نووح علیه السلام** زیاتر باسی دیكتاتۆریەتیی سیاسیی كردوە، **هوود علیه السلام** لە ڕووی ئابووریی و كۆمەڵایەتییەوە، دواوە، صاڵح **علیه السلام**، دیسان لە ڕووی كۆمەڵایەتیی و گوزەرانەوە، **لووط علیه السلام** لە ڕووی ڕەوشتییە وە، چونكە گەلەكەی ڕەوشتیان تێكچووە، شوعەیب **علیه السلام** لە ڕووی ئابووریی و هێمنیی و ئاسایشی خەڵك و، ڕێ لە خەڵك نەگرتنەوە، هەر كام لە پێغەمبەران (**علیهم الصلاة والسلام**)، كۆمەڵگایەكەی، چ دەردێكی هەبووە،

---

(١) ئایەتەكانی: ٥٩ - ٩٣.

(٢) ئایەتەكانی: ٢٥ - ٩٥.

(٣) ئایەتەكانی: ١٠٥ - ١٩١.

www.alibapir.net

باسی ئەو دەردەی بۆ کردوون، بۆیە گرفت و کێشەکانی ئێستای ئێمەش، کە جیان لە هی کۆمەڵگایەکانی ڕابردوو، دەبێ قسەو گوتاریشمان جیاواز بێ.

با یەك وێنەتان بۆ بێنمەوە: ئەو زانستەی لە {ئیمان و عەقیدە} دەکۆڵێتەوە، پێی گوتراوە: (**علم التوحيد**)، دوایی پێیان گوتوە: (**الفِقْهُ الأكْبَر**)، بەڵام لە سەردەمێکدا، ناوی لێنرا: (**عِلْمُ الكَلام**)، ئایا دەزانن ئەو ناوە لە چییەوە هاتوە؟ کێشەی هەرە گەورە، کە مشتومڕی زۆری لەسەر بووە، ئەوە بووە کە ئایا: (**كلام اللّه**)، قورئان، دروستکراوی خوایە؟ یاخود خوا دروستی نەکردوە، هەر فەرموویەتی؟ کێشەیەکی زۆر لەسەر ئەوە بووەو، ئیمام ئەحمەد، لەسەر ئەوە چەند ئەزیەت درا، ئنجا ئەوە کێشەیەك بوو، کاتی خۆی و، ئیمام ئەحمەد چاکی کرد، دیفاعی کرد، بەڵام، ئێستا ئێمە کێشەمان ئەوە نیە خەڵکێك بڵێ: قورئان مەخلووقە ؟، یان مەخلووق نیە؟ ئێستا کێشەمان ئەوەیە، کە دەڵێن: قورئان، هەر لە خواوە نەهاتوە، بەڵکو هەندێك هەر بڕوایان بە خوا نیە، کێشەمان لەگەڵ ئەوانەدا هەیە! دەبێ بزانین، کێشەکانی ڕۆژگاری ئێمە چین؟ نەخۆشییەکانی ڕۆژگاری خۆمان چین؟ نەك بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، هەر لە مێژوودا بژین و، ئاگامان لە واقیعی ئێستامان نەمێنێ، کە بە داخەوە، زۆرێك لەوانەی کە لەسەر تەوژمی ئیسلامیی حیسابن، لە مێژوودا دەژین و، کەم پەیوەستن بە ڕۆژگارو واقیعی ئێستاوە.

www.alibapir.net

دەیەم و کۆتایی: جەستاندنی پەیام و بەرنامەی خواو، بوونە سەرمەشق بۆ خەڵك:

بەڕێـــــزان !

لێتـان دووبـارە دەکەمـەوە: زمانـی کـردەوە و حـاڵ، باشـترین شـێوازی بانگـەوازە، تەماشـا بکـەن، خـوا **سـبحانە وتعـالى**، بـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ، چـی دەفەرمـوێ؟ ﴿ نٓۚ وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ ﴿١﴾ مَآ أَنتَ بِنِعۡمَةِ رَبِّكَ بِمَجۡنُونٖ ﴿٢﴾ وَإِنَّ لَكَ لَأَجۡرًا غَيۡرَ مَمۡنُونٖ ﴿٣﴾ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٖ ﴿٤﴾ فَسَتُبۡصِرُ وَيُبۡصِرُونَ ﴿٥﴾ بِأَييِّكُمُ ٱلۡمَفۡتُونُ ﴿٦﴾ ﴾القلـم.

واتـە: (نٓ)، سـوێند بـە قەڵـەم و، بـەوەی، کـە پێـی دەنووسـن، {دێـڕەکان}، تـۆ بەهـۆی چاکـەی پەروەردگارتـەوە، شـێت نـی و، تـۆ پاداشـتێکی نەبـڕاوەت هەیـە و، تـۆ لەسـەر ڕەوشـتێکی مەزنـی، دوایـی تـۆش دەبینـی و ئەوانیـش دەبینـن، کامەتـان شـێتن.

خـوای پـەروەردگار، چەنـد بـە بێباکیـی، وا دەفەرمـوێ! ئـەو شـتانە زۆر جێـی سـەرەنجن و، ئیعجـازی مێژوویین.

هەروەهـا لـە سـووڕەتی (ص)دا، دەفەرمـوێ: ﴿ قُلۡ مَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُتَكَلِّفِينَ ﴿٨٦﴾ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴿٨٧﴾ وَلَتَعۡلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعۡدَ حِينِۭ ﴿٨٨﴾ ﴾، واتـە: بڵـێ: هیـچ کرێتـان لەسـەری لـێ داواناکـەم و، مـن لـە زۆر لەخۆکـەران و بارگرانکـەران نیـم، ئـەم قوڕئانـە، یادخەرەوەیـە، بـۆ هەمـوو جیهانییـان، دوای ماوەیەکـی دیکـەش، هەواڵەکـەی دەزانـن.

چونکـە خـوا زانیوەیەتـی، ئیسـلام، چـی لێـدێ و چـۆن دەبـێ! کاتێـك ئـەو ئایەتـە دابەزیـوە، قۆناغـی مەککـە بـووە، پێغەمبـەر ﷺ، چەوسـێنراوەتەوە، هاوەڵـەکان ئـازارو ئەشـکەنجە دراون، کـەس بـە تەمـای سـەری خـۆی نەبـووە، بـەڵام خـوا دەفەرمـوێ: پێیـان بڵـێ: دوای پێچێکـی دیکـە، دوای ماوەیەکـی دیکـە، هەواڵەکـەی دەزانـن، واتـە: ئـەم ئیسـلامە چـۆن دنیـا دادەگـرێ و بڵاودەبێتـەوە !

مەبەستمان ئەوەیە:

خـوای پـەروەردگار کـە باسـی ڕەوشـتی مەزنـی پێغەمبـەر ﷺ دەکات، لـە بەرانبـەر بانگەشـە و، پـڕ وپاگەنـدەی کافرەکانـدا، کـە دەیانگـوت: شـێتە و جادووگـەرە و پێغەمبـەر نیـە،

www.alibapir.net

دەفەرموێ: تۆ بەهۆی چاکەی پەروەردگارتەوە - کە پلەو پایەی پێغەمبەرایەتیی پێداوی - شێت نی و پێغەمبەری، بە بەڵگەی ئەوەی کە لەسەر ڕەوشت و ئاکارێکی بەرزو مەزنی.

بەڵێ خوشك و برا عەزیزەکانم !

ئێمەش باشترین بەڵگەی ئیسپاتکردنی مسوڵمانەتیی و ڕاست و ساغییمان و، لە هەمان کاتیشدا چاکترین و کاریگەرترین شێوازی بانگەوازیشمان بۆ خەڵك بەرەو ئیسلام، ئەوەیە: ڕەوشتمان بەرزو ئاکارمان پەسند بێ، ئائەوە پێوەرو تەرازووێکە، زۆر ڕاست و دادگەرەو زۆر هەقە، ئایا کێ دەتوانێ هەتا سەر ڕەوشتی بەرز و پەسند بێ، وەڵڵاهی تەنیا کەسێك، دڵەکەی پەیوەست بێ بە خواوە، کەسێك دواڕۆژ بەسەر دنیادا هەڵبژێرێ و، دنیای لەلا بچووك بێ و، دواڕۆژی لەلا مەزن بێ، تەنیا بابای وا دەتوانێ تاکو سەر ڕاستگۆ بێ، تاکو سەر ئەمین بێ، تاکو سەر پاك و چاك بێ، تاکو سەر بە ڕەحم بێ، دادگەر بێ... هتد، بەڵام خەڵکی دیکە، بەڕواڵەت، لەبەرچاوی خەڵك شتێك دەکات و، دوایی شتێکی دیکە دەکات !

ئنجا با قسەیەکی دایکمان عائیشە، خوا لێی ڕازی بێ، ببینین، کە دەیکەمە کۆتایی قسەکانم:

کاتێك پرسیاری لێدەکرێ، دەربارەی ڕەوشتی پێغەمبەر ﷺ، یەکێك پرسیاری لێ دەکات، گەنجێك دەڵێ: ئایا ڕەوشتی پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن بووە؟ ئەویش دەڵێ: ڕۆڵە گیان! قورئانێ ناخوێنی؟ دەڵێ: با، دەڵێ: {**كَانَ خُلُقُ نَبِيِّ اللَّهِ ﷺ الْقُرْآن**}[1]، واتە: ڕەوشتی پێغەمبەری خوا ﷺ، قورئان بوو.

یانی: چی؟ یانی: قورئان چی دەفەرموو: پێغەمبەر ﷺ، وایدەکرد.

خوشك و برا بەڕێز و خۆشەویستەکانم!

زمانی کردار، فەصیحترین و گۆیاترین زمانە و، باشترین شێوازە، ئەگەر دەمانەوێ: خەڵك فێری دینداریی بکەین، با بۆخۆمان دیندار (**مُتَدیِّن**) بین، دەمانەوێ: فێری ڕاستگۆیيان بکەین، با خۆمان ڕاستگۆ بین، دەمانەوێ: فێری زوهد و قەناعەتیان بکەین، دەبێ خۆمان دنیا بەکەمگر و بەقەناعەت بین، دەمانەوێ: فێری میهرەبانییان بکەین، با خۆمان بە ڕەحم و میهرەبان بین، دەمانەوێ: فێری خاکیی بوونیان بکەین، با خۆمان خاکیی بین و ،... هتد.

---

(١) أَخْرَجَهُ مُسْلِم: ١٣٩.

www.alibapir.net

ئەگەرنا، با دڵنیابین: نەداری شتێك، ئەوشتەی پێ نابەخشرێ، (**فَاقِدُ الشَّيءِ لاَ يُعْطِيهِ**)و ئاسنی ساردیش بە فوو گەرم نابێ.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی یارمەتییمان بدات، کە زۆر ڕازاوە بین، بە ڕەوشتە بەرز و پەسندەکان، بە شێوەیەك کە شایستەی، ئەوە بین، بڵێین: ئێمەش شوێنکەوتووی پێغەمبەرێکین ﷺ، کە لە لووتکەی هەموو ڕەوشتێکی بەرز و ئاکارێکی جوان و پەسندا بووە، کە هەر بۆیەش پێغەمبەری خوا ﷺ، بۆخۆی، باشترین بەڵگەی ڕاستیی ئایینەکەیەتی، هەر کەسێك تەماشای پێغەمبەری خوا ﷺ بکات، ئنجا دەزانێ، کە ئایین و بەرنامەکەی زۆر ڕاستە، چونکە ئەو زاتە لە لووتکەی ڕەوشتی بەرز و ئاکاری پەسەند دایە، کەواتە: دیارە ئایینەکەشی وایە.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی ئێمەش وا لێبکات، کە بە کردەوەو حاڵمان، مایەی لەلای خەڵك شیرینکردنی ئیسلام و، سەرنجڕاکێشانیان بین، بە لای خواو پێغەمبەرەکەی (موحەممەد) ﷺ و ڕێبازەکەیدا.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

www.alibapir.net

نێوەڕۆک

پێشەکی ئەم تەفسیرە بەگشتی... ٥
بەرچاو ڕوونییەکی گرنگ ٩
لەبارەی ئەم تەفسیرەوە ٩
پێشەکی ئەم بەرگە ١٠
دەستپێک ١٥
پێناسەی سووڕەتی (النحل) و بابەتەکانی ١٥
١) نـــاوی ئەم سووڕەتە: ١٥
٢) شـوێنی دابـەزینی ئەم سووڕەتە: ١٥
٣) ڕیـــزبەنـدیی ئەم سووڕەتە لە موصحەف و دابەزین دا: ١٧
٤) نێوەڕۆکی ئەم ســووڕەتە:... ١٨
دابەشکردنی ئەم سوورەتە بۆ بیست و دوو (٢٢) بابەت ١٩
٥) دابەشکردنی دەرسەکانی ئەم سووڕەتە: ٢٢
دەرسی یەکەم ٢٥
پێناسەی ئەم دەرسە ٢٧
مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان ٢٨
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان ٢٩
مانای گشتی ئایەتەکان... ٣١
مەسەلە گرنگەکان ٣٨
حوکمی خواردنی کوشتی وڵاخە بەرزە و ئێستر و کەر ٥٢
مەبەست لە (خوا شتی وا دروست دەکات، کە نایزانن) چییە؟... ٥٥
دەرسی دووەم... ٦١
پێناسەی ئەم دەرسە ٦٣
مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان ٦٤
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان ٦٥
مانای گشتی ئایەتەکان... ٦٧
مەسەلە گرنگەکان ٧٤

www.alibapir.net

کورتە باسێك لەبارەی زەیتوونەوە ٧٨
حوکمی گۆشتی دەریا ٩٢
جیاوازییەکانی ئەو دوو ئایەتە و حیکمەتەکەیان: ٩٣
قەبارەی توێکڵی زەوی و دەریاکان ٩٥
سووڕانەوەکانی زەوی ٩٨
دەرسی سێیەم ١٠٥
پێناسەی ئەم دەرسە ١٠٧
مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان ١٠٨
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان ١٠٩
مانای گشتی ئایەتەکان ١١٢
مەسەلە گرنگەکان ١١٩
قسەیەکی کورت و گوشراو لە بارەی بەهەشت و پاداشتی خواوە ١٣٧
دەرسی چوارەم ١٤٣
پێناسەی ئەم دەرسە ١٤٥
مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان ١٤٦
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان ١٤٨
مانای گشتی ئایەتەکان ١٥٠
مەسەلە گرنگەکان ١٥٨
دەرسی پێنجەم ١٨٧
پێناسەی ئەم دەرسە ١٨٩
مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان ١٩٠
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان ١٩١
مانای گشتی ئایەتەکان ١٩٣
مەسەلە گرنگەکان ١٩٩
بەسەرهاتێك : ٢٠٨
چوار وردە سەرنجی گرنگ لەو دوو ئایەتە بەپێزە ٢١٢
دەرسی شەشەم ٢٢٣
پێناسەی ئەم دەرسە ٢٢٥
مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان ٢٢٨

www.alibapir.net

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان ٢٣٠
مانای گشتی ئایەتەكان........................ ٢٣٥
مەسەلە گرنگەكان ٢٤٦
كورتە باسێك لەبارەی شیری ئاژەڵەوە ٢٥٢
تەوەری یەكەم: شـــیـر........................ ٢٥٣
یەك: پێنـــاسە: ٢٥٣
دوو: پێكهاتەكانی شیر: ٢٥٣
سێ: ئەندازەی بەرهەمی شیر: ٢٥٤
تەوەری دووەم: ماســـت ٢٥٥
یەك: پێنـــاسە:........................ ٢٥٥
دوو: پێكهاتەی ماست:........................ ٢٥٥
سێ: تایبەتمەندییەكانی ماست چین ؟........................ ٢٥٦
چوار: بەكارهێنانی ماست:........................ ٢٥٦
تەوەری سێیەم: چەند زانیارییەك لەبارەی ٢٥٧
ئاژەڵە شیردەرەكان و بەرهەمەكانیانەوە........................ ٢٥٧
كورتە باسێك لەبارەی (خورما)وە ٢٦٤
یەكەم: پێناسە:........................ ٢٦٤
دووەم: بەهای خۆراكیی و تەندروستیی خورما (القیمة الغِذَائیة والصِحِّیة للتمر):........ ٢٦٤
سێیەم: پێكهاتەی خورماو سوودەكانی:........................ ٢٦٥
چوارەم: جۆرەكانی دارخورما لە دنیادا: ٢٦٦
كورتە باسێك لە بارەی درەختی مێو و ترێ وە........................ ٢٦٧
یەكەم: پێناسە:........................ ٢٦٧
دووەم: جوگرافیای درەختی ترێ لە جیهان دا: ٢٦٧
سێیەم: ژمارەی درەختی ترێ:........................ ٢٦٨
چوارەم: بەهای خۆراكیی ترێ: ٢٦٨
پێنجەم: پێكهاتەی ترێ:........................ ٢٦٨
كورتە باسێك لەبارەی (هەنك و هەنگوین)ەوە ٢٧٣
تەوەری یەكەم: لەبارەی هەنگەوە:........................ ٢٧٣
تەوەری دووەم: لەبارەی هەنگوینەوە: ٢٨٠

www.alibapir.net

یەك: پێناسە:.. ٢٨٠
دوو: گرنگیی خۆراكیی و تەندروستیی، هەنگوین()........ ٢٨٠
سێ: چەند تایبەتمەندییەكی هەنگوین:........................ ٢٨٣
شیكردنەوەی ئەم ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:........................ ٢٨٥
بەراوردێكی نێوان ٢٨٧
ئایەتی (٧٠)ی (النحل) و (٥)ی الحج........................ ٢٨٧
كورتە باسێك لەبارەی چۆنیەتی پەیدابوونی زانستەوە ٣١١
كورتە باسێك لەبارەی باڵندان (طير)ەوە........................ ٣١٧
١) پێناسەی باڵندان:........................ ٣١٧
٢) تووك، یان پەڕ (الرِّيش):........................ ٣١٧
٣) چۆنیەتیی میكانیزمی فڕینی باڵندان ؟ ٣١٨
٤) جۆرەكانی باڵندە بەپێی ژینگەكان: ٣١٩
٥) كۆچی باڵندەكان:........................ ٣٢٠
٦) پرسیارێك: ئایا چۆن باڵندەكان بە شوێنی خۆیان دەزاننەوە؟........................ ٣٢٠
٧) گەشەسەندنی باڵندەكان:........................ ٣٢١
٨) جۆرەكانی باڵندە:........................ ٣٢٢
دەرسی حەوتەم........................ ٣٣٧
پێناسەی ئەم دەرسە........................ ٣٣٩
مانای دەقا و دەقی ئایەتەكان ٣٤٠
شیكردنەوەی هەندێك لە وشەكان ٣٤١
مانای گشتی ئایەتەكان........................ ٣٤٢
مەسەلە گرنگەكان ٣٤٥
دەرسی هەشتەم........................ ٣٥٩
پێناسەی ئەم دەرسە ٣٦١
مانای دەقا و دەقی ئایەتەكان ٣٦٢
شیكردنەوەی هەندێك لە وشەكان ٣٦٣
مانای گشتی ئایەتەكان........................ ٣٦٥
مەسەلە گرنگەكان ٣٧٢
كورتە باسێك: چوار سەرنج لەبارەی ئەم ئایەتەوە: (النَّمل: ٩٠): ٣٧٤

www.alibapir.net

کورتە باسێك لەبارەی گرنگیی وەفاداریی بە پەیمان و خراپیی پەیمان شکاندنەوە ٣٩١
بڕگەی یەکەم: پێنج تیشکی قورئانی لەسەر: وەفاداریی و خراپیی بێ پەیمانیی ٣٩١
بڕگەی دووەم: چەند دەقێکی پەیوەندیداری سوننەت لەبارەی پابەندیی بە بەڵێن و پەیمانەوە ... ٣٩٤
دەرسی نۆیەم ٣٩٩
پێناسەی ئەم دەرسە ٤٠١
مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان ٤٠٢
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان ٤٠٣
هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان ٤٠٥
مانای گشتی ئایەتەکان ٤٠٦
مەسەلە گرنگەکان ٤١١
کورتە باسێك لەبارەی (إستعاذة)ەوە ٤١٦
کورتە باسێک: پێنج سەرنج بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە کە: ٤٢٣
ئایەتی (١٠١) مەبەست پێی نەسخ نیە ٤٢٣
قسەیەك دەربارەی ئەو کەسەی گوایە: پێغەمبەری ﷺ فێری قورئان کردوە!.. ٤٣٠
دەرسی دەیەم ٤٣٥
پێناسەی ئەم دەرسە ٤٣٧
مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان ٤٣٨
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان ٤٣٩
هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە.. ٤٤٣
مانای گشتی ئایەتەکان.. ٤٤٥
مەسەلە گرنگەکان ٤٤٨
کورتە باسێك لە بارەی حوکمی زۆر لێکرانەوە لەسەر کوفر و تاوان ٤٥٢
دەرسی یازدەم ٤٧٧
پێناسەی ئەم دەرسە ٤٧٩
مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان ٤٨٠
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان ٤٨١
مانای گشتی ئایەتەکان.. ٤٨٢
مەسەلە گرنگەکان ٤٨٧
وەڵامی ئیشکالێك و پرسیارێك:.. ٤٩١

www.alibapir.net

تیشکێك لەسەر چەمكی: ﴿وَمَآ أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ﴾ ٤٩٧
وشەی: ﴿هَادُواْ﴾ لە چییەوە هاتوە ؟ ٥٠٥
دەرسی دوازدەم ٥١١
پێناسەی ئەم دەرسە ٥١٣
مانای دەقا و دەقی ئایەتەكان ٥١٤
شیكردنەوەی هەندێك لە وشەكان ٥١٥
مانای گشتی ئایەتەكان ٥١٧
مەسەلە گرنگەكان ٥٢١
حیكمەت و چۆنیەتی پەیوەست بوونی ئەم ئایەتە، بە ئایەتەكانی پێش خۆیەوە چیە ؟ ٥٢٨
كورتە باسێك لەبارەی بنەما گرنگەكانی بانگەواز (الأصول المهمة للدعوة)ە وە ٥٣٧
یەكەم: نیاز و مەبەستی ساغ (الإخلاص): ٥٣٨
دوو: شارەزایی بە ئایین و ئاشنایی بە ژین: ٥٤١
سێیەم: هەبوونی نەخشەو بەرنامە + كاری دامەزراوەیی + ڕاوێژكردن: ٥٤٣
چوارەم: ڕەچاوكردنی پلەپلەیی و، دیارییكردنی لەپێشترەكان: ٥٤٦
پێنجەم: دڵخۆشكردن و ئاسانكردن: ٥٤٩
شەشەم: ئیقناع كردنی عەقڵ و جووڵاندنی دڵ: ٥٥٢
حەوتەم: بیرخستنەوەی چاكەكانی خوا: ٥٥٣
هەشتەم: هۆشداریی پێدان و ترساندنی خەڵك: ٥٥٥
نۆیەم: جەختكردنەوە لەسەر واقیعی ئێستامان و، كێشە و گرفتەكانی كۆمەڵگا: ٥٥٧
دەیەم و كۆتایی: جەستاندنی پەیام و بەرنامەی خواو، بوونە سەرمەشق بۆ خەڵك: ٥٥٩

www.alibapir.net